نوێ
٢٠٠٦

فەرهەنگی
سیاسی

ئامادەکردنی:

زاهیر محەممەدی

یاسین حاجی زادە

فەرهەنگی سیاسیی

ئارەش

ئامادەکردنی:

زاهیر محەممەدی　　　　یاسین حاجی زادە

فەرهەنگی سیاسیی

ئارەش

ئامادەکردنی:

زاهیر محەممەدی　　　　　　　　یاسین حاجی زادە

Rojhalat Printing

چاپخانەی ڕۆژهەڵات

Tel: ٠٧٥٠٤٤٩٢٥٦١

Email: h.daneshfar@yahoo.com

ناوی کتێب: قامووسی سیاسیی ئارەش

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زامیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە

بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی

تایپ: چنوور ئەکبەر پوور

سەرپەرشتی چاپ: ئەمرۆ مەحموود

نرخ: ١٢٠٠٠

ژمارەی سپاردن (٦١٨) ی ساڵی ٢٠٠٦دراوەتێ

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە –هەولێر

پێرست

پێشەکی وەرگێڕەکان ٥

ئـ ٧-٣٠

ا ٣١-٥٠

ب ٥١-٨٤

ت ٨٥- ١٢٢

پ ١٢٣- ١٦٢

ج ١٦٣- ١٦٨

ح ١٦٩- ١٨٢

خ ١٨٣- ١٩٨

د ١٩٩- ٢٥٠

ژ ٢٥١- ٢٥٦

ر ٢٥٧- ٣٦٨

ز ٣٦٩- ٣٧٢

س ٣٧٣- ٤٢٢

ش ٤٢٣- ٤٧٦

ع ٤٧٧- ٤٨٠

چ ٤٨١- ٤٩٠

گ ٤٩١- ٥١٤

ک ٥١٥- ٦١٨

ڤ ٦١٩- ٦٢٦

ف ٦٢٧- ٦٥٢

ق ٦٥٣- ٦٥٦

ل ٦٥٧- ٦٧٢

م ٦٧٣- ٧١٢

ن ٧١٣- ٧٣٠

هـ ٧٣١- ٧٤٦

و ٧٤٧- ٧٥٨

ی ٧٥٩- ٧٨٢

www.perawipepwle.com

پێشەکی وەرگێڕەکان

خوێنەرانی بەرێز:

وەرگێرانی قامووس بە پێچەوانەی وەرگێرانی بابەتەکانی دیکە، کارێکی ئەستەمە. چوونکە لە راستیدا ئەو قامووسە تایبەت بەو زمانە دارێژراوە و ئەو چەمک و زاراوانە شی دەکاتەوە کە لەو زمانەدا کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ. بۆیە یەکەم ئاستەنگ لە بەردەم وەرگێرانی قامووسدا، وەرگێرانی خوودی چەمک و زاراوەکانە. ئەوە کێشەیەکی گەورەی بەردەم ئێمەش بوو. بۆیە ناچار بووین هێندێک زاراوە داتاشین. بۆ داتاشینی ئەو چەمک و زاراوانەش زیاتر پشتمان بە زمانی فارسی بەستووە، چوونکە زیاتر لە زمانی کوردی نزیکترە و لە هێندێک حاڵەتیشدا پشتمان بە هاوواتا ئینگلیزییەکان بەستووە. تا ئەو جێگایەی کە لە تواناماندا بووە و بەسەریدا زاڵ بووین، هەوڵمانداوە بە زمانێکی ساکار، بەرگێکی خۆماڵییانە بەبەر وەرگێڕانە کوردییەکەدا بکەین.

لە لایەکی دیکەشەوە، چوونکە قامووس تەنیا تایبەت بە بوارێک نیە، ئەرکێکی زیاتر دەخاتە ئەستۆی وەرگێر. لەم حاڵەتانەشدا هەوڵمان داوە لەگەڵ پاراستنی نێوەرۆک و واتای رستەو زاراوەکان، بە شێوەیەکی ساکار دایانرێژینەوە.

هێندێک زاراوەمان وەرنەگێراوەتەوە. چوونکە نووسەری قامووسەکە لە پێوەندی لەگەڵ هێندێک چەمک و زاراوە، بە جێگای ئەوەی واتاکەیان بۆ خۆێنەر روون کاتەوە، زیاتر شیکردوونەوە و، شیکردنەوەکەش بەپێی بیروبۆچوونی خۆی بووە. ئەو چەمک و زاراوانەش یان تایبەت بە وڵاتی

ئێران بوون یان تایبەت بە ئایدۆلۆژییا و سیاسەت و لێکدانەوکانی حکومەتی ئەو وڵاتە بوون. لە هێندێک شوێندا کە دەبوایە نووسەر بێلایەنانە شتەکانی نووسیبایەن، لایەنگری لە بیروبۆچوونێکی تایبەتی کردووە و لە راستیدا بە لایەنگریکردن لە راڤە و خوێندنەویەکی تایبەتی، هێندێک چەمکی روون کردۆتەوە کە ئەو راڤە و خۆێندنەوانە لە چوارچێوەی سنوورەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران تێ ناپەڕن. بەڵام سەرەرای ئەوەش لە زۆر شوێندا وەک پاراستنی مافی نووسەر، شتەکانمان وەک خۆیان وەرگێراوەتەوە. هەڵبەت ئەوە نابێ بە بڕیارێک و بە تەواوەتی کەسایەتیی نووسەری بێ بخەینە ژێر پرسیارەوە. قامووسی ئارەش سەرجەم، قامووسێکی دەوڵەمەندی زمانی فارسیە .

أ

أ

ئەی سی ئان
ASEAN (Association Of South East Asian Nations)

" یەکیەتیی نەتەوەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا" کە بە کورتی" ئەی سیّ ئان"ی پیّ دەگوترێ؛ لە ساڵی ١٩٦٧ بەمەبەستی گەشەپێدان بە هاوکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان وڵاتانی غەیرە کۆمۆنیست دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە خاوەنی سکرتاریایەکی هەمیشەییە کە لە جاکارتای پایتەختی ئەندەنۆسیا دایە. هەروەها ئەی سیّ ئان خاوەنی یازدە کۆمیتەیە کە لە بوارەکانی بازرگانی، گواستنەوە و گەیاندن، پێوەندییەکان، کشت و کاڵ، زانستەکان، دارایی و کولتوور چالاکی دەکەن. ئەندامانی ئەم یەکیەتیە بریتین لە : ئەندەنۆسیا، برۆنئی (لە ٧ کانوونی دووهەمی ١٩٨٤)، سەنگاپوور، فیلیپین، مالیزیا و ڤیتنام(لە ١٩٩٥).

ئەفریکانێر
Afrikaner

ئەفریکانێر یان بوئێر(Boer) بە خەڵکی سپی پێستی ئەفریقی زمانی وڵاتی ئەفریقیای باشوور دەگوترێ کە نەوەی کۆچبەرە هۆڵەندی، ئەڵمانی و فەرەنسەییەکانن و، بەرلە ساڵی ١٨٠٦، واتە بەر لە داگیرکردنی ئەفریقیای باشوور لە لایەن بەریتانیەکان، هاتوونەتە ئەم وڵاتە.

Agreement

ئەگریمێنت

زاراوەیەکی فەرەنسیە بە واتای رازیبوون و ریگاپێدانە.

لە عورفی دیپلۆماتێکدا بەو مانایە دێ، کە کاتێک ولاتێک بیهەوێ بالوێزێک بۆ ولاتێکی دیکە بنێرێ، دەبێ سەرەتا پێخۆشبوونی ئەو ولاتە لە هەناردنی ئەو بالوێزە، وەدەست بێنێ. ئەگەر ولاتی خانەخوێ نارازی بێ، ناچار نیە هۆکاری نارازیبوونی خۆی بۆ ولاتی بەرامبەر روون کاتەوە.

ئەلمان، ئەلمانی بەرزتر لە هەمووان

Deutschland, Deutschland Uber Alles

شێعرێکی هۆفمەن فۆن فالێزر لێبنە کە لە سالی ١٨٤١ هۆنیویەتیەوە و، لەگەل مۆسیقای هایدێن لە سالی ١٩٢٣دا، بوو بە سروودی نیشتمانی ئەلمانیا .

برگەی یەکەمی ئەم سروودە سەبارەت ئەلمانیای گەورەیە، لە " چۆمی ولاتی فەرەنسا" وە بگرە تا دەگاتە " لیتوانی "؛ لە " ولاتی ئیتالیاوە تا دەگاتە چەند بەشێک لە دانیمارک". برگەکانی دوو و سێی ئەم سروودە لە باری " شەرەف، یەکسانی و ئازادی" لە هەموو جیهان دایە کە لە سەردەمی حکوومەتی "رایخی سێهەم" ، ئەو برگانەیان قرتاند.

ئەلمان راپەرە

Deutschland Erwache (Germany Awake)

یەکێک لە دروشمە بەهێزەکانی سەردەمی حکومەتی نازیەکان بوو کە کەلکی زۆری لێ وەرگیرا، بۆ ئەوەی گرێ دەروونیەکانی رێککەوتننامەی ڤێرسای کوێر بکاتەوە.

Opportunism

ئۆپۆرتۆنیزم / هەلپەرستی

لە زاراوەی لاتینی Opportunus وەرگیراوە.

هەلپەرەستی لە گۆرەپانی سیاسەتدا، هەلسووکەوتێکی سازشکارانەیە کە لەگەل هەل و مەرج و بارودۆخی زالدا، بە مەبەستی وەدیهاتنی بەرژەوەندی بە ئامانجێکی تایبەتی و، بێ گوێدان بە کەم و کورییە باوەکانە، هەرچەندە کە لەگەل بنەما و بیروبۆچوونە سەرەتاییەکانیشدا نەگونجێ.

هەلپەرستی بەمانا نێگەتیڤەکەی، لە ژێر پێ نانی ئامانجەکان و بنەما ئایدۆلۆژییە تاکەکەسییەکان، لە پێناوی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانە.

www.perawipepwle.com

ئێتاتیزم — Etatisme

زاراوەیەکی فەڕەنسیە کە بەشێوازی راستەقینەی ئابووریی دەوڵەتی دەگوترێ. ئەم قوتابخانەیە پێشنیاری بە ئاراستەدابردن و رێبەرایەتیکردنی ئابوورییەکی بەرنامە داڕێژراو دەکا، بەلاّم هەتاکوو سنووری سۆسیالیزمێکی تەواو دەوڵەتی ناچیتە پێش .

ئێتاژنیرۆ — Etats Generaux

زاراوەیەکی فەڕنسیە بە واتای ئەنجوومەنی گشتیە.

لە رژێمی کۆندا هەتا بەر لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، ئەو ولاّتە خاوەنی دوو ئەنجوومەن یان پەڕلەمان بوو؛ یەکیان ئەنجوومەنی هەرێم و ئەویتریان ئەنجوومەنی گشتی (ئێتاژینرۆ) بوو. ئەنجوومەنی هەرێم لە هەرێمەکانی فەڕەنسا پێک دەهات و تایبەت بە هەمان هەرێم بوو، بەلاّم ئەنجوومەنی گشتی لە پایتەخت پێک دەهات. بەهەر دوو ئەنجوومەنەکەیان دەگووت: ئەنجوومەنی چینایەتی.

ئۆتۆریتاریانیزم — Autoritarianism

جۆرێک لە سیستەمی حکومەتیە کە لەو سیستەمەدا، ئازادییە تاکەکەسیەکان هەم لە بواری تیۆری و هەم لە بواری پراکتیکیەوە و، هەم لە رواڵەتدا و هەم لە ناخدا، بە تەواوەتی بکەونە ژێر رەنگدانەوەی دەسەلاّتی دەوڵەت. رژێمی دیکتاتۆر یەکێک لە شێوە توندڕەوەکانی ئەم جۆرە حکومەتەیە.

ئۆتۆکراسی — Autocracy

بە رژێم یان بە سیستەمێک دەگوترێ کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەبێ:

١. زاڵبوونی بە ئاشکرای کەسێک لە سەرەوەی هیەرەمی (هیرارکیەت) دەسەلاّت دا.

٢. نەبوونی یاسا یان نەریتێک کە بەسەر ئەرک و کردەوەکانی دەسەلاّتداردا چاوەدێری بکا.

٣. بێ سنووربوونی دەسەلاّتی دەسەلاّتدار لە پراکتیکدا.

Autonomy — ***ئۆتۆنۆمی / خودمختاری***

ئەم زاراوەیە بە واتای ئازادبوون و رزگاربوون لەهەر جۆرە زۆر و چەوساندنەوەیەکی دەرەکیە.

Ethiopianism — ***ئیتیۆپیانیزم***

زاراوەیەکە کە ئەو بزووتنەوانە لە خۆ دەگرێ:

١ ــ بزووتنەوە نیمچە ناسیۆنالیستەکان بەبیروبۆچوونی گەڕانەوەی مەسیح لە نێو رەش پێستەکانی ئەمریکادا؛

٢ ــ بزووتنەوەی دروستکردنی کلیسا گشتییەکان لە نێو رەش پێستەکانی ئەمەریکادا؛

٣ ــ کلیسای سەربەخۆی رەش پێستەکانی ئەفریقی کە لە مەسیحیەت جیابوونەوە.

Moslem Brotherhood — ***ئیخوانولموسلمین***

ئیخوانولموسلمین حیزبێک (یان بە واتایەکی وردتر بزووتنەوەیەک) بوو کەلە ساڵی ١٩٢٩ لە لایان " حەسەن ئەلبەنا" لە میسر دامەزرا و، ئامانجەکەشی پیرەویکردن لە بیروباوەڕە ئیسلامیەکان بە شێوازی سەدەی هەشتەم واتە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامە. ئەم بزووتنەوە لە نێو موسوڵمانانندا لایەنگرێکی زۆری پەیدا کردووە و، لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی نزیک بە دوو میلیۆن ئەندامی هەبوو و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر حکومەتە عەرەبیەکان و بەتایبەتی لەسەر دەوڵەتی میسردا هەبوو . لایەنگرانی ئیخوانولموسلمین، سەرۆک وەزیری میسریان کە لە ساڵی ١٩٤٨دا بزوتنەوەکەیانی بە نایاسایی لە قەڵەم دابوو، تیرۆر کردو؛ بەدوای ئەمەش دا" حەسەن ئەلبەنا" کوژرا، بەڵام حکومەتی وەفد مۆڵەتی بە ئیخوانولموسلمین دا کە چالاکی بکەن. ئیخوانولموسلمین لە سەرەتادا پشتیوانی لە شۆرشی ١٩٥١ ی میسر کرد بەڵام دواتر لەگەڵ هەوڵی میسر بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ رۆژئاوادا دژایەتیان کرد. لە ساڵی ١٩٥٤دا ئیخوانولموسلمین هەوڵی ئەوەیاندا کە ناسر، سەرۆک کۆماری میسر لە نێو بەرن، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن و، ناسر ئیخوانولموسلمینی هەڵوەشاندەوە، دەستی بەسەر سامانەکەیان

داگرت. دوای ئەو رووداوە، بنکە و ناوەندی ئیخوانولموسلمین لە قاهیرەوە بۆ دیمەشق گوازرایەوە و، بوو بە ڕێکخراوێکی نهێنی.

کۆمەڵەی ئیخوانولموسلمین کە لە ساڵی ١٩٢٨دا لە ئیسماعیلیە دامەزرا بوو، لە ١٩٤٨دا بۆ ماوەیەک هەڵوەشایەوە، بەڵام دواتر دەستی بە چالاکیەکانی کردەوە. ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٥٤دا، واتە دوای هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی ناسر، سەرۆک کۆماری میسر، بە نایاسایی لەقەڵەم درا.

هەرچەندە کە دەوڵەتی " عەبدولناسر " لە بەرامبەر ئیخواندا راوەستا و سەرکوتی کردن، بەڵام دروشمە سیاسیەکانی ئەوانی پەسند کردو بە ناوی خۆی کردن. ئەم فێڵ و تەکتیکە (کە ئەمڕۆکە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەڵکی لێ وەردەگرن) بنەمای بانگەشەی کۆمەڵەکەی وەک تەنیا دەنگی " ویژدانی میسر" لە رزۆک کردو، سەیر لەوەدایە کە بەرگری دەوڵەتی میسر لە سیاسەتی سۆسیالیستیی خۆی لە بەرامبەر کەسایەتیە ئایینیە نەیارەکاندا، زیاتر لە سەر بنەمای بیروباوەڕەکانی مستەفا سەباعی، سەرکردەی کۆچکردووی ئیخوانی سووریا، بوو کە لە کتێبەکەیدا بەناوی سۆسیالیزمی ئیسلامی هەوڵی داوە تاکوو ئیسلام و سۆسیالیزم تێکەڵ بکا.

ئۆردوگا زۆرە ملییەکان ***Concentration Camps***ئەم

زاراوەیە بەو ناوەندە دەگوترێ کە بۆ دەستبەسەرکردنی گیراوە سیاسییەکان، گرووپەکانی کەمینە رەگەزی و نەتەوەییەکان و تاقمی هاوشێوەی ئەو گرووپانە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. ئەو کاتە کە شەڕی بۆئێرەکان بەرەو کۆتایی دەرۆیی، بەرپرسانی ئەو وڵاتە بۆ بڕینی پێوەندییە هەواڵگرییەکان و خۆراکی مارێترە بوئێرییەکان، خەڵکی ئاسایی یان رەوانەی ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانە دەکرد. بەرێوەبەرییەکی گەندەڵ و لاواز و هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی، گرفتێکی زۆری بۆ کار بەدەستان نابۆوە.

ئەم زاراوەیەی سەرەوە دواتر بە ئۆردوگای ئەڵمانیای نازی و یەکیەتیی سۆڤیەت دەگوترا کە ئامانجیان لە نێوبردنی دوژمنان و نەیارانی سیاسیی دەوڵەت لە ریگای کاری زۆرەملێ بوو . ئۆردوگاکانی زۆرەملێی ئەڵمانیای نازی لە ریزی دڕندانەترین ناوەندەکانی کاری زۆرەملێ دا بوو.

لەو ئۆردوگایەدا چەندین میلیۆن کەس بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیە ماڵوێرانکەرەکان یان بە هۆی برسیەتی گیانی خۆیان لە دەست دا.

ئەورووپای رۆژهەڵات Eastern Europe

بە تاقمێک لەو وڵاتانە دەگوترێ کە ئەندامی رێککەوتننامەی فەرشۆ وکۆمکۆن بوون (پۆڵەندا، یەکیەتی سۆڤیەت، ئەڵمانیای رۆژهەڵات، چیکسلۆڤاکیا، هەنگاریا، بولگاریا و رۆمانی). وڵاتانی کۆمۆنیست بەلاّم بێ لایەن واتە یۆگوسلاڤیا و ئەلبانیاش بەبەشێک لە ئەورووپای رۆژهەڵات دادەنران.

ئێس . ئەی . S.A.(Sturmabteilung)

بە لایەنگرانی حیزبی نازی دەگوترێ کە لە ساڵی ١٩٢١ لە میونیخ، لە لایەن "ئەرنێست رۆهم" دامەزرا. ئەم کەسانە بە " کراس قاوەیی"ەکانیش ناوبانگیان دەرکردبوو.

ئێس . ئەی ، لە سەردەمی گەشەسەندنی خۆیدا بەدەسەلاّتێکی ئەو تۆگەیشت کە دەسەلاّتدارانی حیزبی نازی ناچار بوون چالاکییەکانیان بەرتەسک بکەنەوە و لە ئەنجامدا قڵت و بریان تێ بخەن و، هێزەکانی ئێس. ئێس، لە زنجیرە چالاکیەک بە ناوی " شەری چەقۆ درێژەکان" (حوزەیرانی ١٩٣٤)، ناوەندەکانی کراس قاوەییەکانیان تێک شکاند و کۆتایی یان بە چالاکیەکانی ئەوان هێنا.

ئێس. ئێس. چەکدار Armed SS

ئەو زاراوەیە بە یەکە شەرکەرەکانی "ئێس. ئێس." ی ئەڵمانیای نازی دەگوترا.

ستارت(وتووێژەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی چەک و چۆڵە ستراتیژییەکان START(Strategic Arms Readution Tolks)

ئەم وتووێژانە لە ساڵی ١٩٨٢ لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت بەمەبەستی کەمکردنەوەی چەک و چۆڵە ستراتیژییەکانی دوو وڵات دەستیان پێکرد و، سەرەنجام دوای تێپەرینی ٩ ساڵ، گرێبەستێک بە ناوی ستارتی ـ١،لە ٣١ی تەمووزی ١٩٩١ لە نێوان بۆش، سەرۆک کۆماری

ئەمەریکا (١٩٩٣-١٩٨٩) و گۆرباچۆف، سەرۆک کۆماری یەکیەتیی سۆڤیەت (١٩٩١-١٩٨٥) و لە مۆسکۆدا مۆر کرا.

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامە، سۆڤیەت بەڵێنی دا کە ژمارەی کلاّوەی مووشەکە دوور هاوێژەکانی خۆی لە ١١/٠١٢ دانە بۆ٦/١٦٣ دانە و ئەمەریکاش لە ١٢/٦٤٦ دانەوە بۆ ٨/٥٥٦ دانە کەم بکاتەوە. لە گرێبەستێکی تردا بە ناوی ستارت ٢ کە لەرێکەوتی سێهەمی کانوونی دووهەمی ١٩٩٣دا لە نێوان بۆش و یەڵتسین دوو سەرۆک کۆماری ئەمریکا و فیدراسیۆنی رووسیا مۆرکرا، بریاردرا، رادەی چەک وچۆلە ستراتیژییەکانی دوو ولاّت هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەک لە سێی کاتی مۆرکردنی گرێبەستەکە کەم بکرێتەوە. بەپێی ئە رێککەوتنە، ژمارەی کلاّوە ناوەکی و بۆمبە ئەتۆمییەکانی ئەمەریکا بوو بە ٣٥٠٠ دانەو، هی رووسیا بوو بە ٣٠٠٠ دانە و ئەویتریشی بەپێی رێنماییەکان لە نێو دەچوون. رێککەوتنی ناوبراو لە ٢٧ی کانوونی دووهەمی ١٩٩٦ دا لە سەنای ئەمریکا و لە ١٤ی نیسانی ٢٠٠٠دا لە لایان دۆمای رووسیاوە پەسندکرا.

ئیسکۆرت **Convoy**

جۆرێک لە تەکتیکی هێزی دەریاوانیە کە پاپۆرە بازرگانیەکان بە پشتیوانی ناوە شەرکەرە دەریاوانیەکان وەرێ دەکەون.

پشتیوانیی ناوە شەرکەرەکانی ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت لە پاپۆرە نەوت هەڵگرەکانی کوێت لە ماوەی شەری ئێران و عێراقدا (١٩٨٨-١٩٨٠) بە نموونەی زەق و بەرچاوی ئەم تەکتیکە دەژمێردرێ.

ئێف.ئێل.ئێن(بەرەی رزگاریدەری نیشتمانی_ ئەلجەزایر) **F.L.N**

رێکخراوێکی ناسیونالیستی ئەلجەزایرە کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە حیزبی یاسایی ناسیۆنالیستی ئەلجەزایر کە ئەو کاتە کۆلۆنی فەرەنسا بوو، جیا بۆوە تاکوو دەست بە کاری تیرۆریستی بکا. ئەم کارە بە دژی دامەزاوە کۆلۆنیالیستیەکانی فەرەنسا و بەدژی تووخمە سەرەکیەکانی نێو کۆمەڵگای ئیسلامی بوو کە بە بەشێک لە دەزگای کۆلۆنیالی دەژمێردرا. ئەم کارە بوو بە هۆی درێژە کێشانی شەری پارتیزانی لە ئەلجەزایرو، لە ئاکامدا ژەنەراڵ دۆگۆلی ناچار بە وتووێژ لە بارەی چارەسەری

www.perawipepwle.com

شەڕو وەدەرنانی هێزەکان و هاووڵاتیانی فەڕەنسی لە ئەلجەزایر بە پێی ڕێککەوتنامەکانی ١٩٦٢ی ئیڤیان (Évian Ageements) کرد.

F.B.I. (Federal Burean Of Investigation) ئێف.بی.ئای .

بەڕێوەبەریی فیدڕاڵی لێکۆڵینەوەکان"ی ئەمەریکایە کە سەر بە وەزارەتی دادی ئەم وڵاتەیە. ئەم ئیدارەیە لە پێشدا ئەرکی لێکۆڵینەوەی کاروباری وەزارەتی دادی لەئەستۆدا بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٥ بە دواوە ئەرکی دیکەی وەک پێراگەیشتن بە سەرپێچییەکانی پێوەندیدار بە یاساکانی فیدڕاڵ و تاوانەکانی دژی ئاسایشی نێوخۆیی ئەمریکای پێ ئەسپێردرا.

ئیکۆ (ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری)
ECO(Economic Cooperation Organ)

ئیکۆ یان ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری، ڕێکخستنێکە کە لە مانگی کانوونی دووهەمی ١٩٨٥ جێگای "ڕێکخراوی هاوکاری ئاوەدانکردنەوەی ناوچەیی" (RCD) گرتەوە. ڕێکخراوی RCD لە کۆبوونەوەی ڕیبەرانی وڵاتانی ئێران، پاکستان و تورکیا لە تەمموزی ساڵی ١٩٦٣، لە ئیستامبۆڵ دامەزرا.

دوای رووخانی رژیمی، پاشایەتی لە ئێران (١٩٧٩)، چالاکییەکانی ڕێکخراوی هاوکاری ئاوادەانکردنەوە ناوچەیی " بەکردەوە ڕاوەستا. بە سەرنجادان بە پێویستی هاوکارییە ئابوورییەکانی نێوان ئەو سێ وڵاتە، ڕێکخستنی ئاڕ.سی.دی جارێکی تر ، بەڵام بە ناوی "ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری " لە کانوونی دووهەمی ١٩٨٥، سەری هەڵدایەوە. دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت (کانوونی یەکەمی ١٩٩١)، ژمارەیەک لە وڵاتانی موسوڵمانی ئاسیای نێوەڕاست پێخۆشبوونی خۆیان بۆ چوونە نێو ئەم ڕێکخراوە ڕاگەیاند، بەم شێوەیە یەکەمین کۆبوونەوەی ڕیبەرانی ئیکۆ لە مانگی شوباتی ١٩٩٢ لە تاران پێک هات و، لەو کۆبوونەوەدا پشتیوانی لە ئەندامەتیی وڵاتانی ئازربایجان، ئوزبەکستان، تاجیکستان، تورکەمەنستان وقرقیزستان کرا.

هەروەها لە کۆبوونەوەی تاراندا پێشوازی لە پێشنیاری ئەنجوومەنی قایمقامان سەبارەت بە بەشداریی کۆمەڵگای موسوڵمانانی تورک لە قبریس لە چالاکییە ئابووری، تەکنیکی و کولتوورییەکانی ئیکۆدا، بە بێ ئەوەیکە زیان لە هەڵوێستی هەر یەک لە دەوڵەتانی ئەندام بۆ چارەسەری کۆتایی کێشەی قبریس بەپێی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەوێ، کرا.

لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەش دا کە لە ٢٨ی تشرینی دووهەمی ١٩٩٢دا ئیسلام ئابادی پاکستان بەڕێوەچوو، وڵاتانی قرقیزستان و ئەفغانستانیش وەک نۆیەمین و دەیەمین ئەندامی ئیکۆ وەرگیران.

AL-Qaida (the Base) ئەلقاعیدە

ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایان ئوسامە بن لادنەوە دامەزرا. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دامەزراندنی سیستەمی خەلافەت لە وڵاتانی ئیسلامی دایە. ئەو ڕێکخراوە لە ٤٠ هەتا ٥٠ وڵاتی دنیادا لقی هەیە. لە ئەمەریکا، فەڕەنساو ئەڵمانیاوە بگرە تاکوو دەگاتە دوورترین وڵاتانی ئاسیایی، کە ٣ هەتا ٥ هەزار ئەندامی هەیە. واپێدەچێ کە بتوانێ سەرنج و پشتیوانی ٦ هەتا ٧ میلیۆن موسوڵمانی دەرمارگرژ و لە نێوان ١٠٠ هەتا ١٢٠ هەزار پارتیزانی چەکدار بۆ لای خۆی ڕابکێشێ کە پێوەندییان بە جیهادو جەماعەتی ئیسلامیی میسر، جەماعەتی ئیسلامی پاکستان و بزووتنەوەی جیهادی بەنگلادیشەوە هەیە. ئەیمەن ئەلزەواهری لە سەرکردەکانی جیهادی ئیسلامیی میسر کە بەرپرسیارەتی کوشتنی ئەنوەر ساداتی بە ئەستۆ گرت (١٩٨٢)، بە تیۆری داڕێژ و گەلاڵە داڕێژی ئەلقاعیدە دەژمێردرێ، دوای سێ ساڵ زیندانی کران، لە میسرەوە چوو بۆ پاکستان و، پاشان چوو بۆ سوودان و ئەفغانستان. دادگای میسر ناوبراوی بە تاوانی تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی میسر لە پاکستان (١٩٩٥) بە ئیعدام مەحکووم کرد. هەروەها ناوبراو بەرپرسی داڕشتنی گەلاڵەی تەقاندنەوەی باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا لە کینیا وتانزانیا دایە.

واپێدەچێ کە ڕووداوی ٩/١١ بۆتە هۆی ئەوەی کە پاندۆڕا باکسی ترۆریزم هەروا یەک لەدوای یەک کارەساتی دیکە بخوڵقێنێ. ساڵێک دوای هێرش بۆسەر ئەفغانستان، دەگوترێ کە لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە دوورترین شوێنەکانی دنیا خەریکی هێرشی تیرۆڕستین و، لەگەڵ تاقمە توندڕۆکانی کەشمیری، میسری،ئەفغانی، پاکستانی، فلیپینی و ئەلجەزایریدا پێوەندییان هەیە. جیاوازی

ئەلقاعیدە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستیەکانی وەک بریگادی سووری ئیتالیا لەوە دایە کە ئەلقاعیدە ڕێکخستنێکی تاڕادەیەک چڕنەبۆوەی هەیە.

ئەلقاعیدە وەک خانەیەکی گەورە هەمووکات گۆڕانی بە سەردادێ و، لە هەموو شوێنێکیش ئامادەیە. دەگوترێ کە لە بواری بیروباوەڕەوە لە ڕواڵەتدا یەکێک لە لقەکانی ئیخوانولموسلمینە. ئەگەرچی ئەوان تەنیا وەک دروشم باسیان لە شەهیدبوون دەکرد، بەڵام ئەلقاعیدە بەکردەوە تیۆری شەهید بوونی پیادە کردووە و، وەک ئەوان ڕێگای ئاشتیانەی نەگرتۆتە بەر. لە بواری ڕێکخراوییەوە خاوەنی شانەی ٤هەتا ١٥ کەسیە. یەکە ئەوروپی و ئەمەریکیەکانی ئەلقاعیدە فرەرەگەزن.

لە بواری پێکهاتەییەوە، ڕێکخراوێکی فرەرەهەندە کە ڕکابەر لە بوارە سەربازی، سیاسی و ئابووری ــ کۆمەڵایەتیەکاندا، لایەنی بەرامبەری خۆی تووشی گرفت دەکا. لەم کاتەدا شەڕ لەگەڵ ئەلقاعیدە وەک پرۆسەیەکی بێ کۆتایی لێ هاتووەو، شەڕی ئەلقاعیدە شەڕێک نیە کە وەکوو شەڕەکانی دیکە بڵێی لایەنێک سەرکەوتووە و لایەنێکیش دۆڕاوە.

Oligarchy

ئۆلیگاریشی

لەسەرچاوەی وشەی یۆنانیی ئۆلیگۆس (Oligos) بە واتای کەم وەرگیراوە. ئەم زاراوەیە لە وشەدا بەمانای سەروەری ژمارەیەکی کەم دێ و، لە زانستی سیاسەتدا بە واتای دەسەڵاتدارەتیی سیاسی و ئابووری تاقمێکی بچووک لە دەوڵەمەندان، چەوسێنەران و داگیرکاران و دەسترۆیشتووەکانە و، بە یەکێک لە شێوەکانی دەسەڵاتداریێ لە ڕژێمە چەوسێنەرەکان دەژمێردرێ.

MI-٥

ئیم. ئای. پێنج

بە بەڕێوەبەریی پێنجەمی هەواڵگری سەربازیی بەریتانیا دەگوترێ و، لە ساڵی ١٩١٦دا بە جێگای (M.O- ٥) دامەزرا تاکوو ئەرکی دژە سیخووری لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵاتدا وەئەستۆ بگرێ. ئەو بەڕێوەبەریە لە ساڵی ١٩٠٤ دا دامەزرا.

MI. ٦ ئیم. ئای. شەش

"دەزگای هەواڵگری" بەریتانیا کە بە ئیس.ئای. ئیس بە ناوبانگەو، ئەرکی سیخووڕی و کۆکردنەوەی هەواڵی لە وڵاتانی دەرەوە لە ئەستۆدایە.

ئەمپریالیزم *Imperialism*

لە سەرچاوەی وشەی لاتینی Imperiaum بە واتای دەسەڵاتی رەها، مافی دەسەڵاتدارەتی و ئیمپراتۆری وەرگیراوە.

زاراوەی ئەمپریالیزم بەمانای پیادە کردنی سیاسەتی زۆر خوازانەی ئابووری و هێژمۆنیی سیاسی دەوڵەتە زلهێزەکان بەسەر نەتەوە یان نەتەوەکانی تر دایە. ئەم زاراوەیە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "ئەمپریالیزم وەک بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" لە لایەن لینینەوە، کارتێکەرییەکی سیاسی تایبەتی بە دەست هێنا.

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئەمپریالیزم بوو بە پەناگایەکی بەهێز بۆ هەردوو بەرەی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم ـ کۆمۆنیستەکان سیاسەتەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و بە تایبەتی ئامەریکایان بە ئەمپریالیزم " نادەبردو، لە بەرامبەریشدا، نووسەرانی رۆژئاوایی سیاسەتە کۆمۆنیستیەکانیان بە جۆرێک لە "ئەمپریالیزمی نوێ" نادەبرد. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هێندێک لە تیۆری داڕێژە کۆمۆنیستەکان، سەرهەڵدانی ئەمپریالیزم بە مەرجی سەرەکیی گەشەی سەرمایەداری دەزانن. بە بڕوای لینین، "ئەمپریالیزم دوایین قۆناغی سەرمایەداری یان قۆناغی کۆتایی سەرمایەدارییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدە نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەستی پێکردووە. ئەم قۆناغە درێژەی حەتمیی هەموو گۆڕانکارییەکانی پێشووی سەرمایەدارییە".

بە بڕوای لینین تایبەتمەندیی سەرەکی و نێوەرۆکی ئەمپریالیزم لە بواری ئابووری دایە کە دەستبەسەرداگرتنی پاوانخوازانە، رۆڵی دیاریکەرو بڕیاردەر لە ئابووری و سیاسەتی وڵاتانی سەرمایەداریدا دەگێڕێ.

ئەنتەرناسیۆناڵ *Internationale*

لە زمانی فەڕەنسیدا بەمانای نێونەتەوەییە. ناوی رێکخراوەی کرێکارانی جیهانە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تاکوو نیوەڕاستی سەدەی بیستەم لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەی کۆمەڵگادا دامەزرا.

ئەنتەرناسیۆنالیزم Internationalism

زاراوەیەکە بە واتای ئەو بیروباوەڕ و سیاسەتانەیە کە پشت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەتنۆس و نەتەوەکان دەبەستن و، دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگن.

ئەنترناسیۆنالیستەکان پێیانوایە کە ئەگەر دەرەتانی هاوکاریی ئاشتیخوازانە لە نێوان دەوڵەتەکاندا لە ئارا دانیە ، بەڵام نەتەوەکان دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.

ئەنگیزاسیۆن *Inguisition*

ئەنگیزاسیۆن لەسەرچاوەی لاتینیی Inguisition بەمانای "لێکۆڵینەوە" و"پشکنین" وەرگیراوە. مەبەست لەو پشکنینەش، گەڕان بە دوای بیروبۆچوونەکان و دەرخستنی ئەو بیروبۆچوونانەیە، کە بە تایبەتی لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، بەرامبەر بە نەیارانی بیروبۆچوونەکانی کلیسا (کلیسای کاتۆلیک) بەڕێوە دەچوو و، سزای قورسی بەدواوە بوو.

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دامودەزگا و ڕێکخراوی بەربلاّو (ئاشکراو نهێنی)، بە مەبەستی پشکنینی ڕاو بیروبۆچوونی خەڵک، لە ئەورووپا دامەزرا بوون.

ئەم دامودزگا و ڕێکخستنانە (کلیسای کاتۆلیکی ڕۆم) _ لە ژێر چاوەدێری پاپ و قەشەکان _ بەمەبەستی پێشگیری لە هاتنە ئاراو و گەشەسەندنی هەرجۆرە بیروبۆچونێکی نوێ دامەزران. تەنانەت پێرستی کتێبە قەدەغەکراوەکانیش بلاّوکرایەوە. بە بڕوای کلیسا، پێشگیری لە بلاّوبوونەوەی بیروبۆچوون و کتێبی پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی مەسیح، ئەرکی سەرشانی ئەوانە. بەڕێوەبەران و پشکێنەرانی ڕاوبۆچوونەکان لەسەر و ئاشکرابوون و سەرهەڵدانی بیروهرزو دەنگی نوێ ڕانەدەوەستان، بەڵکوو دەیانویست سەرچاوەو بناغەی پێکهاتن و سەرهەڵدانی ئەو جۆرە بیروبۆچوون و هزرانە بدۆزنەوە و لە نێویان بەرن، کەیەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەو هەنگاوە کلیسا، سانسۆڕ بوو. سانسۆڕ لەسەرچاوەی لاتینی سانسۆرا (پشکنین و هەڵسەنگاندن)وەرگیراوە کە لە دوای داهێنانی دەزگای چاپ، لە لایەن دەسەلاّتدارە سیاسی و ئایینییەکانەوە زیاتر لە ڕابردوو بە مەبەستی پێشگیریکردن لە بلاّوبوونەوەی ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و پێشگرتن بە دەربڕینی ڕاستیەکان کەڵکی لێ وەرگیرا. هەوەها چەندین سزاش بۆ داهێنەرە فیکری و هزرییەکان لە بەرچاو گیرا بوو؛

www.perawipepwle.com

وەک: بێ بەش بوونی لە مافی هاوولاّتیبوون، دوورخستنەوە،دەستبەسەرداگرتنی سامان، سووتاندن و لەت لەت کردن و .... هتد.

ڕێکخراوە پشکنیەرەکانی بیروباوەڕ، زۆر بەهێز بوون؛ فەرمانبەرێکی پشکنین، چەندین کەسی بۆ ئەم مەبەستە لە بەردەست دابوو.

لە ئەورووپادا دوو تێروانینی دژبەیەک، لە ئارادا بوو، یەکیان لە باکووری ئەورووپاو بەریتانیا و ولاّتانی سکەندیناڤیادا بوو کە پێیانوابوو: مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتی بێ تاوان و پاک و خاوێنە، مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێندرێ و؛ ئەویتریش لە باشووری ئەورووپا ، واتە ناوەندە بەهێزەکانی کلیسای کاتۆلیک کە لە سەر ئەو باوەڕە بوون:

مرۆڤ بەشێوەیەکی زاتی تاوانبار و هەڵەکارە، هەتا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێندرێ.بۆیە لەو ناوچانەدا سیستەمی لێکۆڵینەوە و پشکنین زۆر بە هێزو چالاک بوو. دیارە کێشەی سووتاندنی کتێب رابردوویەکی کۆنی هەیە. لە سەردەمی ژۆڵ سیزار (٤٤-١٠١ ب.ز) ئیمپراتۆری ڕۆم، بەبڕیاری ناوبراو، کتێبخانەی گشتی دەکرانەوەو، تەنانەت دەبوایە کۆیلەکانیش کەڵک لەو کتێبخانانە وەربگرن. بەلاّم لەسەردەمی نرۆندا (٦٨_٣٧ ز) کە لە ماوەی ساڵەکانی ٦٨-٥٤دا بوو بە ئیمپراتۆری ڕۆم، ئەو کتێبخانانە سووتێنران.

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا (لە ساڵی ٣٩٤ تاکوو دەستپێکی ڕێنیسانس یان ژیانەوە ١٤٥٣) کلیسا، دروشمی "کتێبەکان لە نێو بەرن و نووسەران سزا بدەن". کردبووە سەردێڕی پلانەکانی خۆی.

لە سەدەی ١٥، لەگەڵ داهێنانی چاپدا، پاپ (١٤٨٧) بڕیاریدا کە بەبێ ئیزنی ناوبراو، نابێ هیچ کتێبێک چاپ بکرێ و، لە ساڵی ١٥٦٤دا پێرستی کتێبە قەدەغەکراوەکان بلاّو کرایەوە. بەلاّم ئەم بڕیارە هاوکات بوو لەگەڵ دارمان و لاواز بوونی کلیسا پێکهاتەکانی کلیسا، بەلاّم بەو حاڵەش، لە ساڵی ١٦١٦دا کۆنگرەی ئەندۆکس بۆ جارێکی تر پێرستی کتێبە قەدەغەکراو و بەلارێدا بەرەکانی بلاّو کردەوە. کتێبی زانای ئەستێرەناسی واتە کوپێرنێک (١٥٤٣-١٤٧٣) بە ناوی "سوورانی گەردوونە ئاسمانیەکان "لە ریزی کتێبە قەدەغە کراوەکاندا بوو.

لە بەرامبەر پاپدا، کەسانی وەک جۆن کالڤین و مارتین لۆتەر قسەیان لە ئازادیی ویژدان و مرۆڤ کرد و، ڕێنیسانس زۆر بە خێرایی گەشەی کرد.

له ساڵی ١٦٤٤دا، جۆن میلتۆن نامیلکەی باس لەسەر ئازادی (بەبێ مۆڵەتی چاپ) بڵاو کردەوەو، باسی له زیانەکانی پشکنینی بیرو باوەڕەکان کردو، ئازادیی لێکۆڵینەوە ورادەربڕینی بەرزنرخاند. لوتکەی توندوتیژی کلیسای کاتۆلیک بەرامبەر بە داهێنان و نوێخوازییەکان، له کوشتاری سەن بارتێلمی (له ٢٤ی ئاب هەتاکوو ٢٦ی ئابی ١٥٧٣، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ)دا دەرکەوت که لەو سێ ڕۆژەدا بە هەزاران پڕۆتستانی (ناڕازی) کوژران، که تەنانەت منداڵ و شیرەخۆرەکانیش له نێوبران و، کوژران.

له سەردەمی پشکنینی بیروڕاکاندا نزیک بە پێنج ملیۆن کەس بە تاوانی هەبوونی فکر و هزری نوێ و جیاوازەوە له سێدارە دران. له ساڵی ١٤٨١ هەتا ١٤٩٩ (هەژدە ساڵ)، دەهەزار و دووسەد و بیست کەسیان سووتاند، شەش هەزار و هەشت سەدو شەست کەسیان لەت لەت کردو نەودو حەوت هەزار و بیست وسێ کەسیان له ژێر ئەشکەنجەدا کوشت. کۆندێرسە(١٧٩٤ـ ١٧٤٣)، بیرکاری زان و فەیلەسۆفی فەرەنسی، پێیوابوو کە داهێنانی چاپ کاریگەری لەسەر شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (١٧٨٩)دا هەبوو. سەبارەت بە کتێب سووتاندن، بە درێژای مێژوو کارەساتی زۆر روویان داوە و، ئەمەش زیاتر بەمەبەستی ئەنگیزاسیۆن و پشکنینی بیروڕاکان بووە. کتێب سووتاندنەکانی سۆلتان مەحموودی غەزنەوی له ئێران بە دنەدانی تاقمێکی دەمارگرژ و، سووتاندنی کتێبخانەی مەزنی ئەسکەندەریە و زۆری تر و، سووتاندنی کتێبخانەی (ێاحب بن عباد) له شاری ڕەی (سەدو هەڤدە هەزار کتێبی نایاب و دەستنووس کەدە بەرگ تەنیا تایەت بە پێرستی کتێبەکان بوو) له لایەن سوڵتان مەحموود و، سووتاندنی کتێبخانەی (دارالعم)ی (شاپوور بن ئەردەشێر) (دەهەزار بەرگی دەسنووس) له بەغدا له لایەن(گغرل) ی سەلجوقی (له ساڵی ١٠٦٨).

ئۆ ئەی پێک (ڕێکخراوی وڵاتانی عەرەبیی هەناردەی نەوت)
OAPEC(Organization Of Arab Petroleum Exporting Countries

ئەم ڕێکخراوە له ساڵی ١٩٦٨ و بە ئەندامەتیی سێ وڵاتی عەرەبستان، کوێت و لیبیا دامەزراو، پێرەو پرۆگرامەکەی له هەمان ساڵ داو له بەیروت بەواژۆی سێ وڵاتی ئەندام گەیشت. وڵاتانی ئەبووزەبی، ئەلجەزایەر، بەحرەین، دوبەی و قەتەر له ساڵی ١٩٧٠ و، میسر و سووریا له

ساڵی ١٩٧١دا هاتنە نێو ئەم ڕێکخراوەیە. لە کارە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراوە، بردنەسەری نرخی نەوت بوو کە لە دەرئەنجام دا بوو بە هۆی شۆکی یەکەمی نەوتی و، ڕێکخراوی ئۆپێک پاشان درێژەی بەم ڕەوتە دا. ڕێکخراوی ناوبراو بە ڕێکخراوێکی سەرەتایی بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندی عەرەبەکان دەژمێردرێ.

ئۆپێک(ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت)

OPEC (Organization Of Petroleum Exporting Countries)

ئەم ڕێکخراوە دوای هەوڵێکی زۆر و دووروودرێژی وڵاتانی هەناردەی نەوت، لە ساڵی ١٩٦٠دا دامەزرا. هۆکارەکانی دامەزراندنی ئۆپێک بریتی بوون لە:

١_دیاریکردن و دانانی نرخی هاوبەش.

٢_ پاراستنی سەرچاوەی نەوتیەکان.

٣_ پاراستنی ئاسایشی ئەو نەوتەی کە بۆ دەرەوە بەڕێ دەکرێ.

یەکەمین ئەندامانی ئۆپێک وڵاتەکانی عێراق، عەرەبستان، ڤەنزۆئیلا، ئێران وکوێت بوون، ئەندامانی واتا قەتەر، لیبیا، ئەندەنۆسیا، ئەبووزەبی، ئیکوادۆر، ئەلجەزایر، گابۆن و نیجریا دواتر هاتنە نێو ئەم ڕێکخراوە. ئیکڤادۆر لە سەرەتای دەیەی ٩٠دا، خۆی کشاندەوە.

ئووتارکی (سەربەخۆیی ئابووری) **Autarky**

ئەم زاراوەیە لە چەمکی یۆنانیی Autarkeia بە مانای سەربەخۆیی و پشت بە خۆبەستن وەرگیراوە.

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان بە نەهێشتنی هەموو پێداویستیەکانی وڵات لە ڕێگای دابینکردنی سەرچاوە نێوخۆییەکان و کەمکردنەوەی هاوردە لە ڕێگای دانانی یاسای گومرگی وباجی زۆر هەیە.

ئۆلترا ئەمپریالیزم *Ultra –Impreialism*

بەپێی تێۆری ئۆلترا ئەمپریالیزم، " ئەمپریالیزم لە پرۆسەی گەشەسەندن و پەرەگرتنی خۆیدا لە پێناوی مۆنۆپۆڵ و پاوانکردنی هەرچی زیاتر، بە قۆناغێک دەگا کە کۆتایی بە ململانێی نێوان ئەمپریالیستەکان دێ و، کەڵک وەرگرتنی هاوبەش لە جیهان لە لایەن تاقە سەرمایەیەکی ماددییەوە لە ئاستێکی یەکگرتووی نێودەوڵەتی دا وەدی دێ".

ئۆلتیماتۆم Ultimatum

زاراویەکە کە لە ریشەی لاتینی Ultimum بە واتای "دوایین" و، لە عورفی سیاسیدا بە دوایین وتە دەگوترێ کە سەبارەت بە بابەتێکەوە دەربڕدرێ.

ئۆلتیماتۆم یان دووایین قسە بریتیە لەو بەلگەیەی کە لەلایەن دەولەتێکەوە بە دەولەتێکی تر دەدرێ. لەو بەلگەدا لانیکەمی ئەو ئیمتیازانەی کە دەولەتی یەکەم داوایان دەکا و هەروەها لانی زۆری ئەو ئیمتیازانەی کە دەتوانێ بیدات بە دەولەتی دووهەم، گونجێنراوە. لەو بەلگەیەدا پێشنیارەکان و مەرجەکانی ئەو دەولەتەی کە بەلگەکە پێشکەش دەکا بە شێوەیەکی شێلگیرانە باس دەکرێن. بەلگەی ئۆلتیماتۆم، بەلگەیەکی جیددیەوشتەکان بە روون و ئاشکرایی دەنووسرێن.

ئۆمانیزم Humanism

بە هەموو ئەو تیۆرانە دەگوترێ کەبڕوایان بە بەختەوەری و رێزدانان بۆ کەسایەتی مرۆڤ، پێشکەوتنی هەمەلایەنەی مرۆڤ و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ هەیە. بزووتنەوەی مرۆڤدۆستی لە رێنێسانسەوە لە نێوان سەدەکانی چواردە و شازدەدا پەرەی گرت و، دروشمە سەرەکیەکانی بریتی بوون لە : ئازادیی عەقڵ و دژایەتی لەگەڵ گۆشە گیریە ئاینیەکان. نوێنەرانی ناسراوی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە: پیترارک، دانتە، بووکاچیۆ،لیۆناردۆداڤینچی، ئاراسمۆس، برۆنۆ، رابلە، مونیتێ، کوپێرنیک، شکسپێر و فرانسیس بیکێن. دەتوانین لوتکەی بزوتنەوەی ئۆمانیزم لە بەرهەمەکانی رۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمدا ببینینەوە کە دروشمەکانیان ئەوانە بوون: ئازادی، یەکسانی، برایەتی. ئۆگۆست کۆنت لە سەدەی نۆزدەهەمدا بزوتنەووەیەکی ئاکاری و ئاینی بە ناوی " پەرستنی مرۆڤایەتی" دامەزراند. هەربەم شێوەیە، لە بەریتانیا، ئەمەریکا و رووسیا .... چەندین تیۆری مرۆڤ تەوەری دارێژران.

ئۆڤێرلۆرد Overloard

ناوی نهێنی هێرشی نۆرماندی لە حوزیرەانی ١٩٤٤ لە، لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بوو.

لە مانگی ئابی ١٩٤٣دا، گەلآڵەی هێرشی ناسراو بە ئۆڤێرلۆرد لە کۆنفرانسێکدا بە بەشداری فرانکلین رۆزڤەلت، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا و چەرچیل، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە شاری کێبکی کانادا لە لایەن ژەنەراڵ سێرفرێدریک مۆرگان و ئەندامانی ناوەندی

فەرماندەیی ناوبراو، تاوتوێ کرا. ئەم گەڵاڵەیە لە ماوەی نیوان مانگی کانوونی دووهەم هەتا حوزەیرانی ١٩٤٤ جارێکی تاوتوێ کرایەوە و مۆنتێگمێری وەک فەرماندەری تاقمی بیست ویەک واتا فەرماندەری گۆڕەپانی شەڕ دیاری کرا. هەوەها ئایزینهاڤێریش وەک فەرماندەی باڵای هاوپەیمانان کە کۆنترۆلی هەمە لایەنەی لە دەست دا بوو، هەڵبژێردرا.

لە رۆژی دەسپێکی هێرشدا، زیاتر لە چوار هەزار پاپۆر لێوارەکانی بەریتانیایان بەرەو لێوارەکانی نۆرماندی ، بەجێهێشت. زیاتر لە یەک و نیو ملیۆن کەس لە سەربازانی ئەمەریکی بۆ بەریتانیا گوازرانەوە تاکوو لە هێرشەکەدا بەشداری بکەن. لە یەکەمین کاتژمێرەکانی شەڕەکەدا (١)، دامەزراوەکانی لێوار ئاوی ئەڵمانیەکان لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە تەفروتوونا کران. مین هەڵگرەوەکان ڕێگایان بۆ پاپۆرە شەڕکەرەکان کردەوە.

بەم شێوەیە تاکوو رۆژی ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٤، ٣٢٦٠٠٠ کەس لە سەرپردێک بە پانایی ٥٠میل سەقامگیر بوون، و تاکوو بەر لە دووی تەمووز زیاتر لە یەک میلیۆن کەس لە سەربازانی هاوپەیمانان چوونە نێو خاکی فەرەنساوە. لە رێکەوتی پازدەی ئابی ١٩٤٤دا لەشکرێکی تری ئەمەریکا لە باشووری فەرەنسا دابەزی و، بەم شێوەیە، بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ بەشێکی گەورە لە خاکی فەرەنسا و بەلژیکا لە دەستی سەربازانی ئەڵمانیای نازی رزگار کرا.

ئۆڤێنیزم — *Owenism*

رێبازێکە کە بۆ "رابێرت ئۆڤێن"ی دامەزرێنەری سۆسیالیزمی نوێ دەگەڕێتەوە. بیروباوەڕەکانی مارکس لە گەڵاڵەکانی ئۆڤێن سەرچاوەیان گرتووە.

ئیدئۆلۆگ — *Ideologue*

ئیدئۆلۆگ لە زاراوەی فەلسەفەی سیاسیدا بەو بیرمەند، فەیلەسوف وتیۆری دارێژانە دەگوترێ کە خەریکی ئاراستەکردن، رێکخستن ودارشتنی ئایدۆلۆژییەک بوون و، لە راستیدا خوڵقێنەری ئایدۆلۆژییەک بوون.

www.perawipepwle.com

ئیزڤێستیا
Izvestia

زاراوەیەکی رووسیە بە واتای "هەواڵ". ئیزڤێستیا رۆژنامەی رەسمیی ئەنجوومەنی بەرزی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە بەشێکی زۆری بابەتەکانی خۆی بۆ راڤەکردنی یاسا پەسندکراوەکانی ئەنجوومەنی بەرز و بڕیارە ئیدارییەکانی حکومەتی سۆڤیەت و شیکردنەوەی ئەم بڕیارانە، تەرخان دەکرد.

ئەشکەنجە/ ئازاردان — Tor Ture

بە پێی ماددەی یەکی کۆنڤانسیۆنی قەدغە کردنی ئەشکەنجە لە رێکەوتی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەشکەنجە کردەویەکە کە بە هۆی ئەم کردەوە ئازار و ژانێکی زۆر، چ جەستەیی و چ دەروونی تووشی کەسەکە دەبێ. ئەم ئێش و ژانە بە تایبەتی بەو مەبەستە جێبەجێ دەبێ کە لەو کەسە یان لە کەسێکی سێهەم، زانیاری یا دان پێدانان سەبارەت بە شتێک دەرکێشن کە بتوانن ئەو کەسە یان کەسی سێهەم بە هۆی ئەو کارەی کە کردوویەتی یان گومانی لێدەکرێ کە کردبێتی، سزا بدەن، بیترسێنن یان بیخەنە ژێر گوشار یان کەسێکی سیهەم بترسێنن و بیخەنەژێر گوشارەوە.

بۆ بەرین کردنی پێناسەی کۆنڤانسیۆن سەبارەت بە ئازاردان، پێویستە کە ئەشکەنجە بەمەبەستی دان پێدانان و وەرگرتنی زانیاری بێ و لەلایەن کار بەدەستانی دەوڵەت یان کەسانی رەسمیەوە جێبەجێ بکرێ، لە خۆوەنەبێ و بەمەبەستی سزادانیش نەبێ. بەشی کۆتایی بەندی ١ی ماددەی یەکی کۆانڤانسیۆن بەراشکاوی ئاماژە بەم خاڵە دەکا:

" زاراوەی ئەشکەنجە ئەو ئێش و ژانانە ناگرێتەوە کە بە تایبەتی لە سزادانە یاساییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و یان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم سزایانەدان یان بە هۆی ئەم سزایانەوە روویان داوە".

بۆ پێش گرتن لە بەرتەسک کردنەوەی دەوڵەتەکان بەو پێناسەیە، بەندی ٢ ی ماددەی ١ دەڵێ کەئەم ماددە؛ پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیەکان و نێوخۆییەکان ناکا کە ئازاردانێکی بەرفراوانتر لە خۆیان دەگرن. لەسەر ئەو بنەمایەیی کە ئازاردان لە لایەن کەسە رەسمیەکان یان دەست و پێوەندەکانی دەوڵەتەوە جێبەجێ دەبێ؛ دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە، لەم بوارەدا ئەرکی

جیاوازییان لە ئەستۆ دایە. ماددەکانی ٢تا١٦ کۆنفانسیۆن ئەو مەسەلانەی کە دەبێ دەوڵەتەکان ڕەچاوی بکەن؛ دیاری کردووە. جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەرکی دەوڵەتەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە، گەرەنتیەکی وردو کاریگەری نیە، بەلاّم چونکە ئەو دەوڵەتانەی کە کۆنفانسیۆنە نێو دەوڵەتیەکانیان مۆر کردووە، تارادەیەک دەیانەوێ سیمایەکی ئازادیخوازی و دادپەروەرانە لە خۆیان نیشان بدەن، لە بەر ئەمە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتەکان بەڵێنێکی ئەخلاقیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم کۆنفانسیۆنە هەیە.

بە پێی ماددەی ٢ ی کۆانفانسیۆن ، هەر دەوڵەتێکی ئەندام، هەوڵی یاسا دانان، ئیداری، دادو هەوڵی وکاریگەری دیکە بۆ پێشگرتن لە ئازاردان لە هەموو بەشەکانی وڵات دا وەگەڕ دەخا (بەندی ١). هیچ هەلومەرجێکی نائاسایی، هەر هەلومەرجێک بێ وەکووشەڕ، یان هەڕەشەی شەڕ، نەبوونی سەقامگرتوویی سیاسی نێو خۆیی یان هەر حاڵەتێکی نائاسایی دیکە، پاسا و بۆ ئازاردان ناهێننەوە(بەندی ٢)؛ هەروەها دەستووری کەسی سەرەوەتر یان هیچ هێزێکی حکومەتی، ناتوانێ پاساو بۆ ئازاردان بهێنیتەوە.

ئەنجوومەنی جیهانی کلیساکان

World Councill of Churches

ئەم ئەنجوومەنە کە لە کلیساکانی پرۆتستان و ئورتودۆکس پێکهاتووە لە ساڵی ١٩٤٨دا هاتە ئاراوەو لە دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڤاتیکان -٢ (١٩٦٩)، ئەنجوومەنی کلیسای کاتولیکی رۆمیش بوو بە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە. ئەم ئەنجوومەنە لە بوارە سیاسی، ئابووری، کۆمەلاّیەتی و ئایینەکان دا باس وراوێژ دەکا و بایەخێکی تایبەتی بە کێشەکانی جیهانیی سێهەم دەدا. پشتیوانی ئەم ئەنجوومەنە لە بزاڤە رزگایدەرە چەکدارەکان لە هێندێک شوێن دا بەرادەیەکە کە دەبێتە هۆی ریسوا بوونی ئەم ئەنجوومەنە. ئەم ئەنجوومەنە دژی سیاسەتی ئاپارتایدە.

ئەنجوومەنی باکوور (نۆردیک)

ئەنجوومەنی باکوور یان ئەنجوومەنی سکەندیناڤیا؛ کۆبوونەوەی نوێنەرانی دانیمارک، سوئید، ئیسلەند، فینلەند و نەرویجە کەئامانجەکەی پەرەپێدانی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی سکەندیناڤیا لە بوارە جیاوازەکان دایە.

ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداوی فارس
Persian Gulf Cooperative Council

بەرێکخراوەیێک دەگوترێ کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨١ لە ئەبووزەبی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند. ئەندامانی ئەم ئەنجوومە بریتین لە ولاّتانی کوێت، بەحرەین، قەتەر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، عەممان و عەرەبستانی سعودیا. ئامانجی ئەم ئەنجوومەنە پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری و سەربازی ئەندامەکانی خۆیەتی.

ئەنجوومەنی هاوکاری عەرەب
Arab Cooperation Council (ACC)

ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکەوتی ٦ی شوباتی ١٩٨٩ دامەزراوە بۆئەوەی پێوەندی ئابووری نێوان ئەندامەکانی خۆی بەهێز بکا. ئەندامەکانی ACC بریتین لە: میسر، عێراق، یەمەن و ئۆردن. ئەگەرچی بەپێی پێرەوپرۆگرامی ئەم ئەنجوومەنە ولاّتانیی دیکەش دەیانتوانی ببنە ئەندام؛ بەلاّم عێراق ئەم مافەی بۆی خۆی پاراستبوو هەتا هەموو هەوڵەکانی سووریا بۆ بوون بە ئەندامی لەم ئەنجوومەنەدا " ڤیتۆ" بکا. ئەنجوومەنی هاوکاری عەرەب لەدوای شەڕی دووهەمی کەنداوەوە بە شێوەی کردەیی هیچ تێکۆشانێکی نەماوە.

ئەنتەرناسیۆناڵ — The International

ناوی کۆمەڵەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و گرووپ و حیزبە سۆسیالیستیەکانە، کە بۆ گەیشتن بە هاوکاریی جیهانی و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهاندا هەوڵ دەدەن. ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم لە ساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن و لە ژێر ناوی " کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران" دامەزرا. ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم لە ساڵی ١٨٨٩ وەک ڕێکخراوی هاوبەشی حیزبەسۆسیالیستیەکان" و ئەنتەرناسیۆنالی سێهەمیش لە ساڵی ١٩١٩ لە مۆسکۆ دامەزرا. ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم لە سەرەتادا ناوی کۆمینتێرن و دواتر بوو بە کۆمینفۆرم. ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن لایەنگرانی ترۆتسکی دامەزرا.

ئەنتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیست کە لە ساڵی ١٩٥١ و لە فرانکفۆرت دامەزرا، لە چل حیزبی سۆسیال دیمۆکرات پێک هاتبوو کە ناوەندەکەی لە لەندەن بوو.

ئەسپاردنی خاک Cession

یەکێک لە شێوە ناسەرەکیەکانی بەدەست هێنانی خاک لە لایەن ولاتێکەوەیە. ئەسپاردنی خاک بەپێی رێککەوتننامە جێبەجێ دەبێ. ئەسپاردن لەگەڵ داگیرکردندا جیاوازی هەیە. ئەسپاردن بەپێی رێوورەسمێکی تایبەتی بۆ گواستنەوەی دەسەلاتدارەتی لایەنێک بۆ لایەنێکی دیکەیە، بەلام داگیرکردنی بەزۆر بە بێ رێککەوتننامە نیە. ئەسپاردن دەتوانێ لە رێگای کرین، گۆرینەوە، دیاری، جیاوازی، تیکەلاوبوونی دڵخوازانە و یان شێوە سەربەستانەکانی دیکە جێبەجێ بکرێ، یان دەتوانێ ئاکامی سەپاندنی زۆر بەسەرولاتێکدا بێ کە ئەو بەشەی خۆی بەو ولاتە سپێرێ، ئەم شێوازە لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە بە کردەوەیەکی نایاسایی دادەنرێ.

ئێلیتیزم Elitism

بە پێی ئەم تیۆرە، سروشتی هەرکۆمەڵگایەک چ دینامیکی و چ میکانیکی، رەوا یان نارەوا لە لایەن هەڵبژاردەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دیاری دەکرێ. هەرچەندە رابردووی ئێلیتزم دەگەرێتەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوون، ماکیاڤێلی و . . .هتد، بەلام ئێلیتیزم وەکوو تیۆرێکی هێزی کۆمەلایەتیی لە لایەن ڤیلفێردۆ پاریتوو (Vilferdo Pareto)، گائێتا موسکا و روبێرت میشلێز هاتۆتە ئاراوە. ئێلیتیزم لەسەر سێ بنەما راوەستاوە:

١ــ بروا بە حەتمی بوونی حکومەتی بژاردەکان و جێبەجێ نەبوونی لیبراڵ دێموکراسی.

٢ــ حاشاکردن لە چەمکی ئێکومینیزمی مارکسیزم بەو واتایەی کە ئابووری دیاریکەری دینامیزمی کۆمەلایەتی بێ.

٣ــ بروابە سەربەخۆیی شاراوەی دەوڵەت لە هێزە کۆمەلایەتیی و ئابوورییەکاندا.

ئەستێرە و هێڵ *Strars And Strips*

بە ئالای ئەمەریکا دەگوترێ کە سێزدە هێڵکەی ، نیشانەی سێزدە ویلایەتی یەکگرتووی سەرەتای دامەزرانی ئەم ولاتەو و پەنجا ئەستێرکەش نیشانەی پەنجا ویلایەتی ئێستاکەی ئەمەریکایە.

أ

www.perawipepwle.com

ئابڤهێر Abwehr

زاراوەیەکی ئەڵمانیە، بە واتای بەرگریکردنە؛ کە بە ڕێکخستنی سوپای ئەڵمانیای هیتلەری دەگوترا. ئەم ڕێکخستنە لەپێنج بەش پێکهاتووە:

١ــ دەزگای هەواڵگری و سیخوڕی هێزەکانی سێ کوچکە.

٢ــ دەزگای تێکدەری.

٣ــ دەزگای دژە سیخووڕی.

٤ــ دەزگای دەرەکی.

٥ــ یەکەی ناوەندیی ڕێکخستنی هەواڵگری.

ئاپاترید Apatride

بەکەسێک دەگوترێ کە بە واتای تایبەتی، هاووڵاتی هیچ وڵاتێکی دیاریکراو نیە. ئاپاترید لەم حاڵەتانەدا سەرهەڵدەدا:

١ــ کۆچکردن.

٢- بەپێی یاسای هێندێک لە وڵاتان کە مافی هاووڵاتی بوون بە بیانیەکان نادەن.

Apartheid ئاپارتاید

وشەیەکی ئەفریقیە، بە واتای جیاوازی دانانە (Segregation)، کە لە ڕاستیدا بە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی حیزبی نەتەوەیی ئەفریقیای باشوور دەگوترا، کە لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا ساڵی ١٩٩٤ لەم وڵاتە، پیادە دەکرا.

سیاسەتی ئاپارتاید بڕوای بە زاڵبوونی ڕەهای تەواوەتی ڕەگەزی سپی و جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەهای هەڵاواردن سەبارەت بە ڕەش پێستەکان لەلایەن سپی پێستەکانەوە هەیە. ئاپارتاید، لە بواری تیۆرییەوە بڕوای بە نایەکسانیی ڕەگەزەکان هەیە.

Attace ئاتاشە

زاراوەیەکی فەڕنسیە بە واتای بەستراوە، کە زیاتر بە نزمترین ئاستی پلەی دیپلۆماتیک دەگوترێ.

Cease –Fire ئاگربەست

ئاگربەست یەکەمین ئەڵقەی زنجیرێکە کە لە شەڕەوە هەتا کاتی ئاشتی درێژەی دەخایەنێ.

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئاگربەست بریتین لە:

١ــ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە لایەن هەر دوو لایەنی شەڕ بە هێزەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

٢ــ هەردوو لایەن دەتوانن هەڵوێستە بەرگرییەکانی خۆیان لە پشتی هێڵەکانی ئاگربەست ڕێک بخەن؛ بەڵام دامەزراندنی هێزەکان یان چەک وچۆڵی نوێ قەدەغەیە.

٣ــ لایەنەکانی شەڕ بۆ پێشگیریکردن لە تێکهەڵچوونی هێزەکانیان، پێوەندییان بەیەکەوە دەبێ و،سەبارەت بە هەر ئاڵوگۆڕێکی بچووکی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن و یەکتر ئاگادار دەکەنەوە.

٤ــ دیاریکردنی هێڵێکی کاتیی جیاکەرەوەی هێزەکان و، ئەگەری دیاریکردنی ناوچەیەکی ناسەربازی[بێ لایەن .و].

٥ـ چاوەدێرانی سەربازی کە لە بەرامبەر ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەرپرسیارن و، چاوەدێری بەڕێوەچوونی ئاگربەستەکە دەکەن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئاگربەست توخمێکی پێویست بۆ وازهێنان (دووهەمین ئەڵقەی زەنجیری سێ ئاڵقەیی ئاگربەست، وازهێنان و کۆتایی دووژمنایەتی)یە و، هەم دەتوانێ پێش وازهێنان و هەم دەتوانێ لەگەڵ وازهێناندا، هاوکات بێ.

ئادۆمید **Adomide**

ئادۆمید بە کەسێک دەگوترێ کە خاوەنی شوێنێکی نیشتەجێ بوونی دیاریکراو نەبێ.

ئاریا / ئاریەن ***Arya & Aryan***

سەرچاوەی ئاریا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سەنسکریتی. تایفەیەکی هیندوئەورووپین کە لە سەردەمی زۆر کۆندا بەیەکەوە دەژیان و، دواتر بەسەر دووبەشی گەورەدا دابەش بوون. بەشێکیان چوون بۆ هیندو، بەشێکیشیان چوون بۆ ئێران و، بە خۆیان دەگوت"ئاریا" (واتا: هاورێ یان بەوەفا) و، وشەی "ئێران" لەو ناوە وەرگیراوە. ئەو خەڵکە لە سەردەمەکانی دواتردا بەسەر چەند لقی تردا دابەش بوون و، هەریەک چوون بۆ لایەک. پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە هێندێک لە زانایانی ئەڵمانی بە هەموو هیندو ئەورووپیەکانیان دەگووت "ئاریا".

ئاریانای گەورە ***Greater Aryana***

بە تیۆرێک دەگوترێ کە لایەنگری لە یەکیەتیی وڵاتە فارسی زمانەکان دەکا. ئەو وڵاتانە بریتین لە ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستان.

ئاریستۆکراسی ***Aristocracy***

زاراوەیەکە کە لە ریشەی یۆنانیی Aristokratio (حکوومەتی باشترینەکان) وەرگیراوە کە لە زمانی سیاسەتدا بەواتای حکوومەتی پیاوماقوڵان بەکاردێ.

لە یۆنانی کۆندا مەبەست لە ئەریستۆکراسی جۆرێک لە حکومەت بوو کە کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی ئەم سیستەمە پیاوماقوڵان بوون، بەڵام مەبەست لە ئەریستۆکراسی لە چاخی نوێدا، حکومەتی چینی باڵادەست بە زیانی جەماوەری خەڵکە.

ئازادی Liberty

ئەم زاراوەیە هاوواتای چەمکی لیبێرتەی (Liberte) فەرەنسیەو، سەرچاوە لاتینیەکەی Libertas یە، کە بە واتای نەبوونی کۆت وبەند و زۆرە.

"ئازادی"، رەوش و هەلومەرجێکە کە مرۆڤ لەو رەوشەدا، هەست بە قورسایی دەسەڵات ناکا، و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ بەربەست بێ لەبەردەم جم و جۆڵی زاتی و سروشتیی مرۆڤەکاندا.

چەمکی ئازادی لە زمانی فارسیدا لە وشەی پەهلەوی " ئازات" بەمانای سەربەست، رەسەن و جوامێر وەرگیراوە. لە بواری کۆمەڵایەتیەوە، ئازادی چەندین جۆری جیاوازی هەیە، ئازادی سیاسی، ئازادی ئابووری، ئازادی کولتووری و .... هتدو، هەروەها لایەنی جۆراوجۆری هەیە. ئازادی رادەربرین، ئازادی نووسین، ئازادی کار وکردەوە و... هتد. ئازادی؛ ئازادیی هزر، ئازادیی بیروباوەڕ و نەترسان لە دەربڕینی ئەم ئازادییانە لە کۆمەڵگادا لە خۆ دەگرێ و، بەیەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی دەژمێردرێ.

ئازادی بە واتای ئانارشیزم و بەربەرەڵڵایی نیە. ئازادی بەبێ دسیپلینی ناوخۆیی و دەرەکی، جۆرێک لە ئانارشیزمە کە لەگەڵ زات و ئامانجەکانی ئازادیدا ناگونجێ.

ئازادییە چوار کوچکەکان Four Freedoms

لە مێژووی هاوچەرخی ئەمەریکادا، رابردووی ئەم زاراوەیە بۆ شەشەمی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٤١ دەگەڕێتەوە کە فرانکلین رۆزڤەڵت، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا لەو رۆژەدا لە وتارێک بۆ کۆنگرەی ئەمەریکا، بنەماکانی ئەم ئازادییەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

١. ئازادیی قسە و رادەربڕین

٢. رزگار بوون له دەستەندەخواری (پێویستی)
٣. رزگار بوون له ترس
٤. ئازادی خواپەرەستی

ئازادییە تاکەکسییەکان *Individual Liberties*

ئازادییە تاکەکسییەکان بریتین لەو مافانەی کە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بە تاکەکان دراون و، مسۆگەر کراون؛ وەک ئازادی چاپەمەنی، ئەنجوومەنەکان، بازرگانی، ئایین، نیشتەجێ بوون و کاروکاسبی. بەگشتی دەستووری وڵاتان، ئەو مافانە مسۆگەر دەکەن.

ئاژانسی زانیارییە بەرگرییەکان *Defence Intelligence Agency(D.I.A)*

رێکخراوی سیخوورِیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بواری کاروباری شەرِ دایە کە لە ساڵی ١٩٦١ لە لایان رابێرت مەک نامارا، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی جۆن کەنەدی (١٩٦٣_١٩٦١) دامەزرا. ئەم رێکخراوە بە شێوەیەکی نهێنی چاوەدێری بەسەر کارەکانی "سیا" دا دەکا.

ئاژانسی ئاسایشی بەرامبەرانە *Mutual Security Agency*

ناوی رێکخراوێکی ئەمەریکیە کە بەپێی یاسای ساڵی١٩٥١ بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوکارییە ئابووری، تەکنیکی و سەربازییەکانی وڵاتانی دۆست، بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیی جیهانی دامەزراوە.

ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی *National Security Agency*

رێکخراوی سیخوورِیی ئەلیکترۆنیی ئەمەریکایە کە بۆ هێزە زەبروەشێنەکانی ئەمەریکا دامەزراوە و لە چوار بەرێوەبەری پێکهاتووە: بەرێوەبەری کۆد (رەمز) و دۆزینەوەی دەوڵەتی،بەرێوەبەری دیپلۆماتیک، بەرێوەبەری لێکۆڵینەوە و تەکمیل و بەرێوەبەری کاروباری فەرمانبەران. ناوەندی ئاژانسەکە لە مێریلەندی ئەمریکایە.

www.perawipepwle.com

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی
International Atomic Energy Agency (IAEA)

بیرۆکەی پێکهێنان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جیهانی بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی، لە دەیەی ١٩٥٠دا سەریهەڵدا. لە ساڵی ١٩٥٣، بە دوای پێشنیاری ئایزنهاڤیر، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا، بە کۆمەڵەی گشتی un و داکۆکی کۆمەڵەی گشتیش لە سەر پێشنیارەکەی ئایزێنهاڤیر، بەرنامەی ڕێکخستن و پێکهێنانی ناوەندێک لەو بوارەدا دەستی پێکردو، هێڵە سەرەکیەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دارێژرا. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٤دا، کۆمەڵەی گشتی بڕیارنامەی "ئەتۆم بۆ ئاشتی " پەسند کردو، لە دەرئەنجامدا، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦، ڕەشنووسی پێرەوپڕۆگرامی ئاژانس لە کۆنفڕانسێکی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە ٢٩ی حوزیران بەڕەسمی هاتە ئاراوە.

لە چواردەی تشرینی دووهەمی هەمان ساڵدا، کۆمەڵەی گشتی ڕێککەوتننامەیەکی سەبارەت بە پێوەندییەکان و هاوکاریی ئاژانس لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا مۆر کرد.

لەوکاتەوە، ئاژانس وەک ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆ، کە ئەرکی ڕێنوێنی کردنی کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی لە پێناوی خۆشگوزەرانی زیاتری لە ئەستۆ دایە، چالاکی خۆی دەست پێکردووە. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەپێی پێرەوپڕۆگرام، لەگەڵ ڕێکخراوە پڕۆفیشناڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکەدا پێوەندی هەیە و، ساڵانە ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵەی گشتی دەکا.

ئامانجەکانی ئاژانس بەپێی پێرەوی نێوخۆیی :

١ــ هاندان و هاوکاریکردن بۆ لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە وزەی ئەتۆمی بەمەبەستی کەڵک وەرگرتنی ئاشتییانە لە هەموو جیهاندا، پێکهێنانی ئاسانکاری لە وڵاتانی ئەندام، دابینکردنی پێداویستیەکان و پشتیوانیکردن لە لێکۆڵینەوەکان، یان پەرەپێدانی پێشنیاری زانستی بەمەبستی کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی لە کاروباری ناسەربازیدا؛

٢ــ خستنەڕووی پێشنیاری ئاسانکاریی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە و، پێشنیاری پێویست بۆ کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی لە پێناوی ئاشتی و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا؛

٣ــ کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە گۆڕانکارییە زانستی و تەکنیکیەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیانە لەئەتۆم؛

٤ــ پەروەردەکردنی شارەزایانی لێهاتوو و پسپۆر بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیانە لە وزەی ئەتۆمی؛

٥ــ رەچاوکردنی خاڵی پێشگیرانە بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی کەرەسەکان، خزمەتگوزارییەکان، ئاسانکاری و زانیاری سەبارەت بە وزەی ئەتۆمی بۆ کەڵکی ئاشتیخوازانە؛

٦- دابینکردنی پێویستیەکان، راوێژکردن و پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە پسپۆڕییەکانی پێوەندیدار بە رێکخراوەکە لە بارەی ستانداردە پێشیگرانەکان بۆ پارێزگاری کردن لە سلامەتی مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەو هۆکارانەی کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکەن و، ئاراستەکردنی پێشنیار سەبارەت بەم خاڵە. هەروەها ئاژانس دەبێ داوا لە وڵاتانی ئەندام بکا، کە لەم پێوەندییەدا، هەوڵەکانی خۆیان لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی رێک بخەن.

٧ــ ئاسانکاریکردن و دابینکردنی کەرەسە پێویستەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە ئەتۆم لە ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرو.... هتددا.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ئامانجی ئاژانس لە سەر دوو تەوەری گشتی دارێژراوە: یەکیان کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی و پەرەپێدان و برەودان بە وزەی ئەتۆمی لە پێناوی ئاشتی، تەندروستی، پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لە هەمووی جیهان و، دووهەم، دڵنیابوون لەوە کە هاوکاری و زانیارییەکانی ئاژانس لە بواری وزەی ئەتۆمییەوە، بۆ مەبەست و ئامانجە سەربازییەکان کەڵکیان لێ وەرناگیردرێ.

بە سەرنجدان بەو ئامانجانە، دەبێ ئاژانس چالاکییەکانی خۆی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە خزمەت بە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکەن، پەرە پێ بدا. بۆ ئەم مەبەستە، ئاژانس سیستەمی کۆنترۆڵی بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ئاشتیانە لە کەرەسە ئەتۆمییەکان پێک هێناوەو، سەرەڕای ئەوەی راپۆرت بە کۆمەڵەی گشتی دەدا، لە کاتی پێویستدا، ئەنجوومەنی ئاسایش کە ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی لە ئەستۆ دایە، لە رەوتی کار و شێوازی چالاکیەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە.

ئاژانس وەک نێوبەندێک بۆ دابینکردنی کەرەسە، خزمەتگوزاری، کەل وپەل، ئاسانکاری، پەرەپێدانی ئاڵ گۆڕی زانیاریی زانستی و تەکنیکی و، هاندانی ئاڵ وگۆڕ و راهێنانی زانایان و شارەزایان لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا کاردەکا. سەرەڕای ئەمانە، بە گرتنەبەری رێ وشوێنی گونجاو، پێکهێنانی ناوەندی چاوەدێریکردن بەمەبەستی بەربەرەکانێکردن لە خراپ کەڵک وەرگرتن لە هاوکارییەکانی ئاژانس بۆ ئامانجی سەربازی، تێدەکۆشێ. لە گرنگترین کارەکانی ئاژانس، بەرنامەی هاوکارییە تەکنیکیەکان بۆ بەرزکردنەوەی گواستنەوەی لێهاتووییەکان و تەکنەلۆژیا و دابینکردنی خولی راهێنان بۆ وڵاتانی ئەندامە کە لەو بوارەدا زیاتر وڵاتانی جیهانی سیهەمی لە بەرچاو گرتووە و، هاوکاری کردوون.

هەروەها ئەم ئەرکە بە ئاژانس سپێردراوە کە پێش بە بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان بگرێ، واتە رێککەوتننامەی پێشگیریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان Non Prolferation Treaty(NPT) جێبەجێ بکا. جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامە یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەرک و رۆڵی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی پێک دێنێ. مەبەست لەو رێککەوتننامە، هاوکاریکردنی دەوڵەتەکانە لە بواری جێبەجێکردنی بەڵێنە نێونەتەوەییەکان بۆ پێشگیریکردن لە بڵاوبوونەوەی هەرچی زیاتری چەکە ناوەکیەکان. ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوە و ئۆرگانەکانی دیکە لە ژێر چاوەدێریی ئەم ئاژانسە دان. ئەم چاوەدێرییە نزیک بە٥٩% کەرەسە ناوەکیەکانی جیهان لە خۆ دەگرێ(جگە لە کەرەسەکانی ٥ وڵات نەبێ کە خاوەنی چەکی ناوەکین). ئەرکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە بواری چاوەدێریکردن، بەڕادەی بەرنامەکانی هێزی ناوەکی زیادی کردووە و، ئێستاش رای گشتی زیاتر بایەخ بە لایەنە چاوەدێرییەکانی ئەو ئاژانسە دەدا.

ئاژانسی جوولەکە — *Jewish Agency*

رێکخراوێکی جوولەکەیە کە ئیسرایل بە جوولەکەکانی سەرانسەری دنیاوە دەبەستێتەوە. دامەزراندنی ئەو رێکخراوە یەکێک لە مەرجەکانی سەرپەرەستیاری فەلەستین لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان بە بەریتانیا بوو.

Agitation ئاژیتاسیۆن

ئامرازێکە بۆ کارتێکردنی سیاسی لە جەماوەر لە ڕێگای وتاردان و وتووێژ، ڕۆژنامەکان، کتێبەکان، نامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیەنە گشتیەکانی دیکە. هەروەها ئاژیتاسیۆنیان بە چالاکیی پڕوپاگەندەیی بۆ تێگەیاندنی بیروبۆچوونە سیاسییەکان بەخەڵک پێناسە کردووە.

Auschwitz ئاشڤیتس

گەورەترین و ترسناکترین کوورە مرۆڤ سووستێنەکانی نازییەکان بوو کە لە ١٥٠مایلی ڤەرشۆ پایتەختی پۆلۆنیا هەڵکەوتووە. ئەم ئۆردوگایە بۆ یەکەم جار لە مانگی مایسی ١٩٤٠ و وەک ئۆردوگای کاری زۆرەملی بۆ پۆلۆنیەکان دروست کرا.

دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، زۆربەی ئەڵمانیەکان دەیانگووت کە ئاگایان لە هەبوونی ئەم کوورانە بە تایبەتی لە دەرەوەی ئەڵمانیادا، نەبووە. بەڵام بڵاوبوونەوەی کتێبی سپیی بەریتانیا پەردەی لە سەر زۆربەی هێنیەکان هەڵدایەوە.

ڕەنگە ئەو دروشمە لە ئاوازی " ئەڵمان ڕاپەڕە"ی بەرهەمی ریشارد ڤاگنێر، مۆسیقاژەنی بە ناوبانگی ئەڵمانی وەرگیرا بێ، کە لە ئەڵمانیادا، زۆر بەناوبانگە.

Amoralism ئامووڕالیزم

ئەم زاراوەیە بە گشتی بەمانای ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە پرەنسیپێکی ڕەوشتیەو؛ ڕێبازێکە کە پاساو بۆ کردەوە دژە مرۆییەکان و تێکشکاندنی هەستە ڕەوشتیەکان دەهێنێتەوە.

ئامووڕالیزم یەکێک لە تایبەتمەندییە تایبەتیەکانی فاشیزم و ئایدۆلۆژی و دۆکتورینە کۆنەپەرستیەکانە.

Anabaptism ئانابابتیزم

پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی گرووپێکی ئایینی بوو کە لە سەردەمی لوتەر (سەدەی ١٦) لە ئەڵماندا هاتە ئاراوە و، پاشان لایەنگرانی ئەم لقە ئایینیە بە سویسرا، هۆڵەندا و موراڤی، نەمسا،

بوهیمیا و شوێنەکانی تری ئەوروپادا بڵاوبوونەوە. لە ساڵی ١٨٧٤دا، لایەنگرانی ئەم بیروباوەڕە لە رووسیا کۆچیان کرد بۆ داکوتای باشور لە ئەمەریکا و، لەوێ نیشتەجێ بوون. بزووتنەوەکەیان ئامانجێکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی هەبوو، بەڵام چوونکە ئەندامەکانی پەرتەوازە بوون، نەیانتوانییوو رێکخستنێکی پتەو رێک وپێک و سانترالیست پێک بێنن.

بۆیە بەمانە دەڵێن بابتیست، چوونکە دژی " غسل تعمید"ی (رێورەسمێکی ئایینی مەسیحی) منداڵان بوون و، دیانگووت کە پاش گەورەبوون ئەگەر بۆخۆیان ئایینی مەسیحیان قبووڵ کرد، دەبێ خاوێن بکرێنەوە و، ئەم ئەمانە پێیانوابوو کە لە کتێبی پیرۆزدا هیچ ئاماژەیەک بە "غسل تعمید" نەکراوە. لایەنێکی تر ئەوەیە کە لایەنگریان لە چاکسازیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکرد. لە نێوخۆیاندا بیروبڕاوی جۆراوجۆر و جیاواز سەریان هەڵدا، هەربۆیە نەیانتوانی یەکرێزی دەستەبەر بکەن. بەڵام لە سەر هێندێک پرەنسیپی گشتی، بۆوێنە هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە رۆحی هەرکەس لە بەرامبەر خوادا وڵامدەرەو هەروەها بڕوایان بە برایەتیکی رەها لە مەسیحیەتدا هەبوو.

بابتیستەکان وەرگرتنی سوود و ربایان لە نێو خۆیاندا، قەدەغە کردبوو. لایەنگریان لە ئاشتی دەکرد، و بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرێک لە کۆمۆنیزم تێدەکۆشان. سۆێندیان نەدخواردو، دیانگووت پەیڕەویکردن لە دەوڵەت کارێکی دزێو و نگریسە. ئەو تاقمە دەکەوتنە بەر رق و بێزاری و گاڵتە جاڕی خەڵکی تر، یەکێک لە پێشەوایانی ئەو تاقمە تۆماس مونزەر، قەشەی ساکسۆینە کە بە هۆی وانەو داهێنانە سۆسیالیستیەکانی، لایەنگرێکی زۆری پەیدا کردو، رۆڵێکی گرنگی لە شەڕی جوتیارانی ساڵی ١٥٢٥دا هەبوو کە لە پاش شکستی جوتیارەکان، دەستبەسەر کرا و لە سێدارە درا.

دوای مۆنزەر، کە لە گوندی ڕەن، کەسێک لەو تاقمە بە ناوی مەلکوور هوفمەن بانگەشەی ئەوەی کرد کە مەسیح زیندوو بۆتەوەو گەڕاوەتەوە، لە ساڵی ١٥٣٣دا، لە ئیستراسبۆرگدا بەند کرا. هەر لەو کاتەدا، ئەندامانی گرووپەکە لە مونستەر کۆبوونەوە و، سەرەتا دەوڵەتێکی تیئۆکراسیان لە ژێر سەرکردایەتی وتاربێژێک بەناوی بێرنارد راتمەن و نانەوایەکی دەمارگرژی هۆڵەندی بە ناوی یوهان ماتلیزۆن پێک هێنا. لە ساڵی١٥٣٤دا، جۆن ئیف لیدن پۆستەکەی بەدەستەوە گرت و، ناوی لێنا شانشینی زیون . لەو شانشینەدا هاوسەرگیری و یاسا و

www.perawipepwle.com

خاوەندارێتی سامانەکان هەڵوشاوە. ئەم شێوازە توندڕۆییانەی ڕێبازی ئاناباپتیزم (یان کۆمۆنیزمی مەسیحی)لە ساڵی ١٥٣٥دوای ئەوی هێرشیان کردە سەر مۆنتسێر و داگیریان کرد و ڕێبەرانی ئەو گرووپەیانلە سێدارەدا، بە بڕیاری شازادە قەشەی مونتسێر کۆتایی بە حکومەتی ئەم گرووپە هات.، بەڵام ئەندامەکانی ئەو گرووپە بیروراکانی خۆیان پاراست و بزووتنەوەکە لە ناو نەچوو. ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو گرووپە بە ڕێبەرایەتی منۆسیمۆنز، بە منۆنیتەکان بەناوبانگ بوون. ئەندامانی دیکەی ئەم گرووپەش سویسرایان بەجێ هێشت و لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا پرش و بڵاو بوون.

بزووتنەوەی ئاناباپتیزم هەمووکات لەگەڵ دژایەتیی کەنیسەی کاتۆلیک و پرۆتستاندا بەرەوروو بۆتەوە. چوونکە ڕێ و شوێن و پرەنسیپەکانی ئەوانیان بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی مەسیحیەت دەزانی.

ئانارشیزم *Anarchism*

لە وشەی یۆنانیی Anarch(os) وەرگیراوە، بە کەسێک دەگوترێ کە ڕێبەر و سەرکردەی نەبێ.

مانای سیاسیی زاراوەی ئانارشیزم ئەو تێزە تایبەتە دەگرێتەوە کە خوازیاری هەڵوشانەوەی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی ڕێکخراوە وپێیوایە کە هەر ڕێکخراو و دەسەڵاتێک دەبێتەهۆی گەندەڵی و بە زیانی مرۆڤەکانە.

ئانارشیستەکان پێیانوایە کە هەر شێوازێکی حکومەتی دزێو ونگریسە وسەرچاوەی گەندەڵی و سەرەڕۆییە. بە بڕوای ئەوان، حکومەت گەورەترین و خراپترین نموونەی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ڕێکخراوی سیاسییە. هەر بۆیە هەموو کاتێک ئامانجی سەرەکی ئانارشیەکان لە ناوبردنی هەرجۆرە حکومەتێک بووە.

ئاناکرۆنیزم *Anachronism*

لە وشەی یۆنانیی "ئانا" بە واتای گەڕانەوە و" کرۆنووسی" بە واتای کات وەرگیراوە. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، ئاناکرۆنیزم لەگەڵ نەریتخوازیدا بە یەک واتا نین و جیاوازییان هەیە.

ئانتاگۆنیزم / لە ئاشتی نەهاتوو **Antagonism**

لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە، بە واتای مشتومڕ وشەڕ لە دژی یەکترە. ئانتاگۆنیزم تایبەتمەندیی کۆمەڵێک لە دژایەتیەکانە کە لە ئاشتیی نەهاتوون. ئەو چەمکە لە زمانی سیاسیدا بەمانای دژایەتیکردنێکی لە ئاشتی نەهاتووە.

ئینتانت / هاوڕایی **Entente**

زاراوەیەکی فەرەنسییە، بە واتای لێک تێگەیشتن و هاوڕاییە. لە عورفی سیاسیدا بە ڕێککەوتنی نێوان دوو یان چەند دەوڵەت لە ڕێگای گرێدانی گرێبەست و ڕێککەوتننامە دەگوترێ.

ئاوارە **Refugee**

بە کەسێک دەگوترێ کە لە وڵاتی خۆی دەرکەرابێ، یان لە ژێر کاریگەریی ڕووداوێکی وەکوو شەڕدا لە نیشتمانی خۆی ڕای کردبێ.
پێڕاگەیشتن بە کاروباری ئاوارەکان لە ئەستۆی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکوو کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دایە.

ئاڤاکس
AWACS (Airborne Warning And Control system)

بە " سیستەمی هۆشداری و کۆنترۆڵی ئاسمان بڕ " دەگوترێ کە لە نێو فڕۆکە فەرماندیی و سیخوورییەکان دایە و، بە یەکێک لە دیاردەکانی شەڕی ئەلکترۆنی دەژمێردرێ.

ئاڤانگارد **Avant _garde**

زاراوەیەکی سەربازیی فەرەنسییە کە لە پێش ساڵی ١٨٤٨، سەبارەت بەهەر تاقمێکی سیاسی کۆماریخواز یان سۆسیالیستیی پێشڕەو کەڵکی لێ وەردەگیرا.
ئەم زاراوەیە لە دوای ساڵی ١٩١٠ لە زۆربەی وڵاتاندا بە تاقمیکی داهێنەری کولتووری دەگوترا کە جیاواز لە یەکگرتوویە سیاسییەکەیان، خەڵک بەو شێوە لێیان تێ نەدەگەیشت.

Ausgleish (Ompromise) ئاوس گلێیش

زاراوەیەکی ئەڵمانییە بە واتای سازان و پێکهاتنە. لە بواری مێژووییەوە بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە لە ساڵی ١٨٦٧ لە نێوان دەوڵەتی نەمسا و سیاسەتڤانە نەرمڕۆکانی هەنگاریادا گرێدرا و، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە، ئیمپراتۆری نەمسا بوو بە شانشینی دوو وڵاتەی نەمسا ———— هەنگاریا. ئەو سیستەمە سەرەڕای ئەو کێشانەی کە بەهۆی یەکیەتی بازرگانی و ڕەخنەی ناسیۆنالیستەکانی نەمساوە هاتبووە ئاراوە، تا ساڵی ١٩١٨هەروا بەردەوام بوو. ناسیۆنالیستەکانی نەمسا پێیانوابوو کە هەنگاریا زیاتر قازانجی کردووە.

Ahimsa ئاهیمسا

وشەیەکی هیندییە، بەواتای ئازارنەدانە. ئەم زاراوەیە یەکێک لە پەروەردە بەرزەکانی گرووپی جین (Jain Sect) لە هیندە کە لە سەر بنەمای پیرۆزبوونی ژیان و خۆبواردن لە توندوتیژی ڕاوەستاوە.

ئاهیمسا لە سیاسەتدا بە واتای ناتوندوتیژی و شێوازی ئاشتیخوازانەیە.

Notification ئاگادار کردنەوە

کردەیەکە کە دەوڵەتێک؛ دەوڵەتێکی دیکە لە مەسەلەیەکی گرنگ ئاگادار دەکاتەوە. مەبەست لەو کردەوەیە ئەوەیە کە لایەنەکە بە شێوەیەکی یاسایی لە مەسەلەکە ئاگادار بێ. ئاگادارکردنەوە ڕەنگە بە دڵخوازانە ، یان بە زۆری و یان بە ناچاری بێ.

Apologism ئاپۆلۆژیزم

بە ڕێبازی تاقمێک لەو فەیلەسوفانەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی دەگوترێ کە پێیانوابوو لە بەرامبەر نەیارانی مەسیحیەتدا دەبێ پشت بە بەڵگە ببەسترێ و، لە سەپاندنی بەزۆرەملێی ئایین خۆ بوێرن.

ئاسایشی نێونەتەوەیی International Security

حاڵەتێکی ئاسایی و هاوسەنگی نێوان دەوڵەتەکانە. لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوەی رەوش و بارودۆخی جیهان نەکەوێتە مەترسیەوە، دەوڵەتەکان هێرش ناکەنە سەر خاکی یەکتر. هەرکاتێک دەوڵەتێک پێی لە بەرەی خۆی زیاتر رابکێشێ، لە روانگەی دەوڵەتە نەیارەکانەوە، ئاسایشی نێونەتەوەیی " کەوتۆتە مەترسیەوە".

ئاسایشی گشتی Collective Security

ئەو زاراوە بە بنەمای پاراستنی ئاشتیی نێونەتەوەیی لە رێگای هەوڵی هاوبەشی نەتەوەکان، بە تایبەتی لە رێگای هەوڵی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک کۆمەڵەی گشتی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەگوترێ.

ئاسایشی نەتەوەیی National Security

بە حاڵەتێکی ئاسایی دەگوترێ کە نەتەوەیەک بەبێ ئەوەی هەست بە ترس، یان هەست بە مەترسی لە دەستدانی هەموو یان بەشێک لە حەشیمەت، سامان، یان لە دەستدانی خاکی خۆی بکا، لەو پەڕی ئارامیدا دەژی. ئەمرۆکە یاسا نێونەتەوەییەکان سنووری ماف وئازادیەکانی دەوڵەتەکانیان پێناسە و دیاری کردووە کە بە گەرەنتی پێشگیریکردن لە دەستدرێژیی وڵاتەکان بۆ سەر مافەکانی یەکتر دادەنرێ.

ئایدۆلۆژیا Ideology

لە وشەی لاتینی "ئایدیا" بە مانای بیر، ڕا و زەین وەرگیراوە. ئایدۆلۆژیا زانستێکی بەرپرسیارە. زانستێکە کە ئامانجەکەی خزمەت بە مرۆڤایەتی و پاراستن و پشتیوانی لە مرۆڤ و رزگارکردنی زەینی مرۆڤ لە دەمارگرژی و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ قبووڵی حکومەتی عەقڵە.

زاراوەی ئایدۆلۆژیا دواتر لە مانایەکی بەرفراوانتردا کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەگشتی، هەرشێوە بیرکردنەوە و تیۆرێک کە بە دوای ئامانجێکی کردەیی تایبەتیەوە بێ و، بە تیۆرێکی رووت

و ئابستراكت نەبەستریتەوە و، بە لێكدانەوەی ماركس، جگە لە راڤە و شیكردنەوە، گۆڕینی جیهانیش بكات بە ئامانج، ئایدۆلۆژیای پێ دەگوترێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە ئایدۆلۆژیا بۆ پێناسەكردنی سیستەمە فیكری و فەلسەفی و ئایینیەكان كە بە شێوەیەك لە شێوەكان لە سەر دیاریكردنی ڕێباز، كردەوە و هەڵوێستی لایەنگرەكانیان سەبارەت بە بابەتە سیاسی و كۆمەلایەتیەكان كاریگەری هەبێ، كەڵكی لێ وەردەگیرێ.

ئایدیالیست Idealist

بەو فەیلەسۆف و سیاسەتڤانانە دەگوترێ كە بۆ پێكهێنانی كۆمەڵگایەك یان حكومەتێكی ئایدیال (نموونەیی) تێكۆشاون و تێدەكۆشن.

ئاڵای بەرژەوەندییانە Flag Of Conveniece

ئاڵای وڵاتێكە كە یاسای ئە وڵاتە لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە یان كرێدا، مۆڵەتی تۆماركردن و پاشانیش مافی هاووڵاتیبوون و مافی هەڵكردنی ئاڵا بە زۆربەی پاپۆڕەكان دەدا، بەبێ ئەوەی شتی دیكەی وەكوو هاووڵاتیبوونی خاوەنی پاپۆڕەكە یان بەڕێوەبەران یان وڵاتی دروستكەری پاپۆڕەكە لە بەرچاو بگرێ. پاناما و هێندۆراس لە سەردەمێكیش كۆستاریكا) یەكەمین وڵات بوون كە رەوتی "تۆماری ئازاد" انەیان بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەست پێكرد. بەڵام لە دوای شەڕ، لیبریا یەكەم وڵات بوو كە مافی هەڵدانی ئاڵای بەرژەوەندییانەی بەخشی. بەرادەیەك كە لە ساڵی ١٩٦٧ بەملاوە بە لەبەرچاوگرتنی توناژی تۆماركراو بوو بە یەكێك لە گەورەترین وڵاتانی خاوەن پاپۆڕ لە جیهاندا. لەم دەیانەی دواییدا قوبرس، سەنگافوور، سۆمالی، سریلانكاو فلیپین رەوتی تۆماركردنی ئازادیان دەست پێكردووە، هیچ كام لەو وڵاتانە ئەندامی كۆنڤانسیۆنی ساڵی ١٩٤٨ سەبارەت بە دەریای ئازاد نین. بەپێی ئەم كۆنڤانسیۆنە، دەبێ "پێوەندییەكی راستەقینە" (كە ئەویش پێناسەیەكی روونی نیە) لە نێوان پاپۆڕو وڵاتی تۆماركەردا هەبێ بۆ ئەوەی كە بتوانێ سەلاحییەتێكی كاریگەر كاروباری ئیداری، تەكنیكی و كۆمەلایەتی لەسەر ئەو پاپۆڕانەی كە ئاڵای ئەم وڵاتەیان هەڵداوە، پیادە بكا. دیوانی نێونەتەوەیی دادوەری لە رایەكی راوێژكارانەی خۆیدا سەبارەت بە پێرەوپرۆگرامی

www.perawipepwle.com

کۆمیتەی پاراستنی دەریایی ئیمکۆ (ریکخراوی نێودەوڵەتیی راوێژکاری دەریایی کە ئەمڕۆکە بە ریکخراوی نێونەتەوەیی دەریایی ناودەبرێ) لە ساڵی ١٩٦٠ دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داکۆکی لە مافە لیبریاو پاناما لە جێبەجێکردنی رەوتی تۆمارکردنی ئازاد کردو، دەنگی بەوەدا کە واتای پێوەندیی راستەقینە کاریگەری لە سەر دیاریکردنی مانای رستەی " گەورەترین وڵاتانی خاوەن پاپۆڕ بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی پاراستنی دەریایی ئیمکۆ (بەشێوەیەک کە لە کۆنفانسیۆنی دامەزراندنی ریکخراوەکە داهاتووە)، نیە. دیوان دەنگی بەوەدا کە ئەم رستەیە تەنیا ئاماژە بەو وڵاتانە دەکا کە زۆرترین رادەی توناژی تۆمار کراوی هەیە، بە بێ ئەوی کە سەرنج بە هەرجۆرە پێوەندییەکی نێوان پاپۆڕەکان و وڵاتی خاوەن پاپۆڕەکان بدا؛ کە ئەمەش خۆی بەو مانایەیە کە خاوەندارەتیی خۆی توخمێکی بێ کاریگەرەو، هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی نیە. لە روانگەی نێونەتەوەییەوە، بوونی ئاڵای بەرژەوەندی پرسیاری زۆر دینێتە ئاراوە، وەک : ئایا وڵاتی خاوەنداری پاپۆڕی هەڵگری ئاڵای بەرژەوەندی مافی پشتیوانیکردن یان لە حاڵەتی هەلومەرجی نائاسایی نیشتمانیدا، بەپێی تیۆری کۆنترۆلی کاریگەر، مافی دەستبەسەرداگرتنی هەیە یان نا؟ ئایا یاساکانی کاری وڵاتی خاوەن پاپۆڕەکە دەتوانن پاپۆڕەکانی هەڵگری ئاڵای بەرژەوەندییانە لە خۆبگرن یان نا؟ هەرچۆنێک بێ، بەگشتی، هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کەرەوتی ئاڵا بەرژەوەندییەکان لەگەڵ یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا ناتەبا نیە.

ئاشتی چەکدارانە

لە ساڵی ١٨٧١ ەوە کە ئەڵمانیەکان بەسەر فەڕەنسیەکان دا سەرکەوتن تا ساڵی ١٩١٤ کە شەڕی یەکەمیی جیهانیی دەستی پێکرد، لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەورووپادا هیچ شەڕێک رووی نەداو، بەڵام وڵاتانی ناوچەکە لەم ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا کە قۆناغی ئاشتی چەکداری پێ دەگوترێ، بەگەرم و گووڕی خەریکی خۆ ئامادە کردن و پۆشتەکردنی سوپاکانیان بوون.

ئاسانکاری جیهانیی ژینگە (جێف)

Global Enviornment Facility (GEF)

ریکخراوێکی نێونەتەوەییە کە لە ساڵی ١٩٩١ وەک پلانێکی تاقیکاریی سێ ساڵە و وەک میکانیزمێکی ماڵی دامەزرا، تاکوو هاوکارییە بێ بەرامبەرەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی چالاکی لە

پێناوی پاراستنی ژینگەی جیهانی بدا بە ولاّتانی لە حاڵی پەرەسەندندا. ئەم ئاسانکارییە دوابەدوای بڕیارنامەی بەرپرسانی بەڕێوەبەریی بانکی جیهانی لەگەڵ "پلانی ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان"، "پلانی ژینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان" و"بانکی جیهانی"، هاتە ئاراوە. بۆوێنە هاوکارییەکانی "جێف" بریتین لە دابینکردنی دارایی پرۆژە سەرمایەگوزارییەکان و بەخشینی هاوکارییە تەکنیکیەکان بە ولاّتانی لە حاڵی پەرەسەندن.

پێکهاتەی گشتی جێف بریتیە لە کۆمەڵە، ئەنجوومەن و سکرتاریایەک و؛ گرووپێکی راوێژکاریی تەکنیکی و زانستی کە پێشنیارو راوێژە پێوەیستەکانی خۆی ئاراستەی ناوەندەکانی سەرەوە دەکا.

ئەرکەکانی کۆمەڵە بریتین لە، هەڵسەنگاندنی سیاسەتەگشتییەکانی جێف، هەڵسەنگاندن و تاوتۆیکردنی کارو کردەوەکانی جێف بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە پێشکەش دەکرێن و، چاوەدێریکردن بەسەر ئەندامەتی لە ئاسانکاری، هەڵسەنگاندن وپەسندکردنی پێداچوونەوەکان بەسەر بەڵگەی پێکهاتەی جێف بەپێی پێشنیارەکانی ئەنجوومەن. جێف بە پشت بەستن بە هاوکاری سێ دەزگای بەڕێوەبەری خۆیدا، وەکوو میکانیزمێک بۆ هاوکاری نێونەتەوەیی، خەرجی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی پلانە پێشبینی کراوەکان لەو بوارانەدا، دابین دەکا:

١ــ گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا

٢ــ جۆراجۆریی شێوازەکانی ژیان

٣ــ ئاوە نێودەوڵەتیەکان

٤ــ تێکچوونی تۆیکانی ئۆزۆن

ئاڵوگۆڕە پۆزتیڤ و نێگەتیڤەکان

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە کۆمەڵگا بۆ یەکخستنەوەی توخمەکانی خۆی پێکیان دێنێ یان پۆزەتیڤن، یان نیگەتیڤ:

١ــ ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤ بە بەرەو پێشبردنی ئەو توخمانە دەگوترێ کە داواکەوتوون، بەشێوەیەک کە ئەو توخمانە، بە توخمە پێشکەوتووەکان بگەن و لەگەڵیان دا بگونجێن.

٢ـ ئاڵوگۆڕی نیگەتیف بە بەدواوە گەڕاندنەوەی ئەو توخمانە دەگوترێ کە پێشکەوتوون، بە شێوەیەک کە بگەڕێنەوە ڕەوشی پێشووی خۆیان و لەگەڵ ئەو توخمانەدا کە دوا کەوتوون، بگونجێن.

ئاڵوگۆڕی پۆزەتیف پێویستی بە داهێنانی نوێ هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕی نێگەتیف ئەو داهێنانانەی کە پێشتر هاتوونەتە ئاراوە،ڕەت دەکاتەوە. کۆمەڵگا گەورە مرۆییەکان ڕەهەندێکی گەشەخوازیان هەیە و تەنیا لە هێندێک لە قۆناغەکانی مێژوویی خۆیانداو لە هێندێک بواردا بە شێوەیەکی کاتی بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، کە ئەمەش کۆنەپەرەستی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە دەبێ هەموومان ئەوە پەسند بکەین کە لە کۆمەڵگا گەورەکان و لە مێژووی گشتی مرۆڤ، بەرەوپێشچوون، بنەمایە و بۆ دواوە گەڕانەوەش حاڵەتێکی کەم و دەگمەنە.

ئەو هەوڵە پۆزەتیڤانەی کە کۆمەڵگا بۆ نۆژەنکردنەوەی خۆی وڕێکخستنەوەی دووبارەی خۆی دەیاندا، بە دووشێوە بەڕێوە دەچن: بزووتنەوە لەسەرەخۆ یان چاکسازییەکان و بزووتنەوە توند یان شۆڕشگێڕییەکان.

ب

ب

Bugging *بەدزی گوێ راداشتن*

به دانانی کەرەستە ئەلەکترۆنیە شاراوەکان ، به مەبەستی گوێ گرتن یان تۆمارکردنی ئاخاوتنە شاراوەکان دەڵێن بەدزی گوێ راداشتن. ئەم کارە بەکەڵک وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ جێبەجێ دەکرێ. لەم سەردەمەدا بە کەڵک وەرگرتن لەو کەرەسانە، کاری سیخوڕیی سیاسی و پشەسازی بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا زۆر ئاسانتر بۆتەوە.

Credential letter *بڕوانامە*

بە بڕیاری سەرۆکی وڵات دەگوترێ کە بەو باڵوێز و راسپێردراوە سیاسییانە دەدرێ کە دەنێردرێنە وڵاتانی دیکە، بۆ ئەوەی کە پلەو پایەی ئەوان لە لای سەرۆکی ئەو دەوڵەتانە بەهێزتر بکا. وێنەی ئەم بڕیارەلە پێشدا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی وەرگر دەدرێ و پاشان رێکەوتی سپاردنی ئەم بڕیارە بە سەرۆکی وڵات دیاری دەکرێ و رادەگەیەنرێ. جاران بە بڕوانامە دەگوترا مەتمانە نامە.

Continuity Of States *بنەمای بەردەوامیی وڵاتەکان*

بەپێی ئەو بنەمایە، هەر کاتێک وڵاتێک بوو بە خاوەنی شوناسێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆ وجێگیر، گۆرانکارییەکانی دوایی ، لە ناو دەوڵەت یان لەناو دەستووردا، کاریگەرییەکیان لەسەر بوونی سەربەخۆی ئەو وڵاتە نابێ. بەردەوامیی وڵاتەکان، ئاماژە بە مانەوەی بەردەوامی دەوڵەتەکان

www.perawipepwle.com

وەک سووزە و رەچاوکەرانی یاسا نێودەوڵەتیەکان دەکا. شوناس و بەردەوامیی وڵاتێک دەبێ لە مەسەلەی جێنشینی وڵاتان جیا بکرێتەوە، چوونکە لەو هەلومەرجەی دواییدا، کەسایەتیەکی نێونەتەوەیی (دەوڵەتێک)، جێگای کەسایەتیەکی نێو نەتەوەیی تر دەگرێتەوە.

بنەمای بەردەوامیی وڵاتەکان لە هێندێک بواردا کە گۆڕینی ناو یان گۆڕینی دەسەڵات لە رێگای خستنە سەر، تێکەڵ کردن یان بەخشێن جێبەجێ بکرێ، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بەردەوامیی ناوی وڵاتێک یان گۆڕینی ناوەکەی رەنگە لەسەرکەسایەتیی نێونەتەوەیی ئەو وڵاتە کاریگەری هەبێ. بەو حاڵە، لە رەوتی نێونەتەوەییدا، چەمکی بەردەوامی بە شێوەیەکی یەکسان پیادە نەکراوە. "کۆماری نەمسا" کەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی هاتە ئاراوە، بە هیچ شێوەیەک هاووڵاتای ئیمپراتۆریی نەمسا ـ کە هەنگاریای لێ جیا ببۆوە ـ نەبوو، بەڵام ئەو نەمسایەی کە لە لایەن رایخی سێهەمی ئەڵمانیاوە داگیر کرابوو و، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ جارێکی تر سەری هەڵداوە، بە بەردەوامیی وڵاتی نەمسا بەر لە ئەنشەلۆس دەژمێردرا. سیربستان دوای شەڕی لە یەکەمی جیهانی وەک پاشایەتیی سیربەکان، کرۆاتەکان و سلۆڤانەکان بەردەوام بوو و، دواتر وەک یۆگۆسلاڤیا ناسرا. سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی میسر و سوریا لە ساڵی ١٩٥٨دا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندبوو، بەڵام بە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانیان ـ لە روانگەی ئەندامانی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکان ـ کاریگەرییەکی لە سەر راگەیاندنی سەربەخۆییەکان دانەنا.

بنەمای سووربوون لەسەر بەڵێن — *Pacta Sunt Servanda*

"پێویستیی سووربوون لەسەر بەڵێن" بە بنەمای سەرەکیی رێککەوتنەکان دەژمێردرێ و، بە بڕوای هێندێک کەس، بنەمای سەرەکیی مافی نەتەوەکان پێک دێنێ. ئەم بنەمایە لە پێشەکی جاڕنامەی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێکراوە و، لە پێشەکی و ماددەی ٢٦ی کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە رێوشوێنی رێککەوتنەکانی ساڵی ١٩٦٩ش بەم شێوەیەی باس لەو بنەمایە کراوە: " دەبێ هەر دوولایەنی رێککەوتنەکە بڕیارە پێویستەکان جێبەجێ بکەن و بەنیازپاکیەوە بەڕێوەی ببەن". هەروەها یەکێک لە رێوشوێنە کۆنەکانی مافە نێونەتەوەییەکان ئەوەیە کە بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەم بنەمایە ناکرێ پشت بە یاسای نێوخۆیی ببەستێن و، ئەمەش لە

کۆنڤانسیۆنی ڤیەننادا نووسراوە. زۆر جار گریمانەیەکسەبارەت بە راست بوونی ریککەوتنەکان لە ئارا دایە. بۆوێنە گریدانی ریککەوتنامەیەک کاتێک لە جێی خۆی دایە کە دژی یاسا نێوخۆییەکانی ولاتەکە نەبێ.

بنەمای سێ لایەنەی (سوون یاتسێن) **Three Principles**

بە کۆمەڵە بیرو باوەڕی سوون یاتسێن (١٩٢٥ ـ١٨٦٧) ناسیۆنالیست و شۆڕشگێری بەناوبانگی چین دەگوترێ کە بریتین لە :

١ــ ناسیۆنالیزم (کۆ ایی هێنان بە دەسەلاتی داگیر کەران لە چین).

٢ــ دیموکراسی.

٣ــ بژێوی (هە ،سێک مافی ژیان و بەدەستهینانی پێوەرێکی لۆژیکی بۆ گەیشتن بە ژیانی خۆی، هەیە).

بەستراوەکان **Satellites**

زاراوەیەکە کە لە لایەن رۆژئاواییەکانەوە بە ولاتانی سۆسیالیستی ئەورووپای رۆژهەلات دەگوترا. بەلگەی رۆژئاواییەکان ئەوە بوو کە ولاتانی ناوبراو بەکردەوە لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت بوون.

بازەکان **Hawks**

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بازەکان (لە بەرانبەر کۆترەکان دا) بەو کاربەدەستانە دەگوترێ کە خوازیاری هەلایساندنی شەڕو درێژەدان بە شەڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازی ــ سیاسیەکانن. ئەم زاراوەیە بە سیاسەتمەداره توندڕۆکانیش دەگوترێ.

باکۆنینیزم ***Bakuninism***

بیروباوەڕێکی سیاسیە کە پێوەندی بە باکۆنینەوە Bakunin (١٨٧٦-١٨١٤) هەیە. باکۆنین نووسەری ئانارشی رووس کەلە سالی ١٨٦١ هەتا ١٨٧٦ ریبەری حیزبی ئانارشیستی لە ئەورووپا لە ئەستۆدا بوو. ناوبراو هاوکاریی مارکس و ئەنگێلزیشی دەکرد، بەلام لە سالی ١٨٧٢دا لە

ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم دەرکراو، ڕێبازی باکۆنینیزمی دارِشت و، لە کتێبی خۆی بە ناوی "خوا و دەوڵەت " (God and the State) خستەڕوو.

بنەماکانی بیروباوەڕی ناوبراو بریتین لە: پێویستیی ڕووخاندنی دەوڵەت و پاراستنی مافی تاکایەتی لەو پەڕی خۆیدا. ناوبراو بە دامەزرێنەی قوتابخانەی "نەهیلیزم"یش دەژمێردرێ.

بەباڵکانی کردن *Balkanization*

چەمکی باڵکان لە زاراوەی تورکی بە مانای "چیای شەڕانی" وەرگیراوە.

ئەم ناوە بەدوای لێک هەڵوەشانەوەو دابەشبوونی ئیمپراتۆریی نەمسا_هەنگاریا بۆ وڵاتە بچووک و ئاڵۆزە سیاسییەکانی وەک ئەوەی کە لە باڵکان دامەزراوە، هاتۆتە ئاراوەو؛ بەگشتی ئاماژە بە دابەشبوونی ناوچەیەک بۆ سەر چەندین وڵاتی بچووک، دەکا. مەبەست لە باڵکانی کردن پێشگیری لە دامەزران و جێگرتنی وڵاتێکی سەقامگرتوویە، بۆ کەمکردنەوە لە ئاستی مەترسیی ئەو وڵاتە بۆ سەریان بە دژی ئەو وڵاتەی کە ئەم سیاسەتە پیادە دەکا. دوای هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٦، واتای " بەڵکانی کردن" لەگەڵ ژینۆساید و پاکتاوکردنی ڕەگەزی تێکەڵ بووە.

بەبرەکانی ئاسیا *Asian Tigers*

بەژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگوترێ کە ئابوورییەکەیان لەم دەیانەی دواییدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم وڵاتانە بریتین لە: ژاپۆن، تایوان، سەنگاپوور، کۆریای باشوور و هۆنگکۆنگ. زاراوەی "بەچکە بەبرەکان"یش بە وڵاتانی ئەندەنۆسیا، تایلەند ومالیزیا دەگوترێ. دوای ئەوەی کە هۆنگ کۆنگ بوو بە بەشێک لە وڵاتی چین، ئەم وڵاتە بە "ئەژدیهای ئاسیا"(Asian Dragon) ناوبانگی دەکرد.

بەربەریزم *Barbarism*

لە زاراوەی لاتینی بەربەری Barbari(a) و Barbarism (us) وەرگیراوە. زاراوەیەکە کە بۆ هۆزە بەربەڕ و زیاتر غەیرە لاتینیەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە بەگشتی لە ناوچەکانی باکووری ئەفریقیادا نیشتەجێن. ئەمرۆکە بەربەریزم بە واتایەکی گشتی، بیروباوەڕو داب و نەریت و شێوازی ڕەفتاریی هەموو هۆزە وەحشیەکان لە خۆ دەگرێ.

بریگاردی نێونەتەوەیی

بەو گیانفیدا کۆمۆنیستانە و باڵی چەپ دەگوترێ کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە بۆ لایەنگریکردن لە کۆماریخوازان بە دژی ژەنەراڵ فرەنکۆی دیکتاتۆری بەناوبانگی ئیسپانیا و هێزە دەستەڕاستیەکان لە کاتی شەڕە نێوخۆییەکانی ئیسپانیا (٣٩ ـ١٩٣٦) دا شەڕیان دەکرد. هێندێک لە سەکردە ناسراوە کۆمۆنیستەکانی جیهان وەک تیتۆ و ئوڵبریێشت لەو گیانفیدایانە بوون.

بۆلشڤیزم **bolshevism**

وشەیەکی رووسیە بەمانای زۆرینە، بەو تاقمە لە حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی کرێکارانی رووسیا دەگوترا کە لە کۆتایی دووهەمین کۆنگرەی حیزب لە ساڵی ١٩٠٣دا زۆرینەی حیزبیان بەدەست هێنا(لەبەرامبەر مۆنشڤیکەکان کە "کەمینە" بوون) و، ئەم ناوەش بۆ ئاماژەکردن بە ئەوان و بیروبۆ چوونەکانیان بوو. لە روانگەی بۆلشڤیکەکانەوە، بۆلشڤیزم بریتیە لە لایەنگریکردن لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە بەرامبەر رۆیزیۆنیزمداو، رێکخراوێکی چەقبەستووی حیزبی بە پێکهاتەیەکی هیرارکیەت و شانەیەک لە شۆڕشگێرە لێهاتووەکان وەک رێبەرانی حیزب لە بەرامبەر حیزبەکانی دیکە کە نارێکخراون و هەروەها بۆلشڤیکەکان لە بەرامبەر حیزبەکانی دیکەدا خاوەنی تاکتیکی شۆڕشگێرین.

نازناوی بۆلشڤیکەکان لە ساڵی ١٩١٢ هەتا ١٩٥٢ یەکێک لە ناوە رەسمییەکانی حیزبی کۆمۆنیستیی سۆڤیەتی بوو.بیرمەندانی رۆژئاوا لە ساڵەکانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٤٠ بۆلشڤیزمیان لە دەرەوەی سۆڤیەتدا بە توندڕەوترین بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی چەپ دەژمارد؛ دواتر لەریزی جۆرەکانی تۆتالیتاریزمیان دانا.

بۆلشڤیزمی نەتەوەیی **National Bolshevism**

زاراوەیەکە کە لەنێوان دوو شەڕی جیهانی لە ئەڵمان دا کەڵکی لێ وەردەگیرا تاکوو سیاسەتی بەرگریی ناسیونالیستانەی لە بەرانبەر "رێککەوتننامەی ڤێرسای" و رۆژئاوای پشت بەستوو بە یەکیەتیی لەگەڵ سۆڤیەتی بۆلشویک لە دژی دوژمنە هاوبەشەکانی دا پێناسە بکاو لێک بداتەوە.

هێزی پاڕادۆکسیکاڵی ئەم زاراوە گرووپەکان لە هەردوو بیروبۆچوونی جیاوازی سیاسی بۆ لای خۆی رادەکێشێ واتا ناسیونالیستەکان لە باڵی راست و کۆمۆنیست و سۆسیالیستە نەیارەکان لە باڵی چەپ دا. لە دوای هاتنە سەرکاری نازییەکان ئەم زاراوەیە لە نێو چوو.

Bloc **بلۆک**

بە ئەندامانی دامەزراوەیەکی یاسا دارێژی دەگوترێ کە بە ناچاری سەر بە حیزبێک نین بەلآم خاوەنی ئاوات و ئامانجی هاوبەشن. زاراوەی ئاماژە پێکراو هەروەها بە تاقمی ئەو ولآتانە دەگوترێ کە بۆ دەستەبەر کردنی یەک ئامانج تێدەکۆشن.

Eastern Bloc **بلۆکی رۆژهەلآت**

ئەم بلۆکە لەم ولآتانە پێک دەهات کە بەگشتی لە بواری سیاسی و کۆمەلآیەتیەوە خاوەنی رێبازێک بوون، پەیرەویان لە سیستەمی سۆسیالیستی دەکرد. یەکیەتیی سۆڤیەت ئالبانی، پۆلۆنیا، چیکۆسلۆڤاکیا، رۆمانی، یۆگۆسلاڤیا، هەنگاریا بولگارستان و ئەلمانیای رۆژهەلآت لە کیشوەری ئەورووپاو، کۆریای باکوور و ڤیێتنام لە کیشوەری ئاسیاو، کوبا لە کیشوەری ئەمریکا ولاتانی پێکهینەری ئەم بلۆکە بوون.

Western Bloc **بلۆکی رۆژئاوا**

بە ولآتانی ئەمەریکا و رۆژئاوای ئەورووپا دەگوترێ کە خاوەنی سیستەمە سەرمایەدارییەکان بوون و، زۆربەیان ئەندامی ناتۆن. ئەم ولآتانە زیاتر لەبەرامبەر بلۆکی رۆژهەلآتدا سیاسەتێکی یەکدەستیان دادەڕشت و پەیڕەویان لێ دەکرد.

Bonapartism **بۆناپارتیزم**

رژێمی سیاسی ــ سەربازیی ناپلیۆنی یەکەم (١٨٢١ ــ ١٧٦٩)، ئیمپراتۆری فەڕەنسایە کە لە بە هۆی پەرەسەندنی خێرای سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەهەمدا و بەپشت بەستن بە خولقاندنی رووداوە سەربازییەکان، گەشەی کرد. ناپلیۆن کەلکی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا وەرگرت و، گەردەلوولی شۆڕشی دامرکاند. بەرژەوەندی و بەستە ئیمپریالیستیەکانی فەڕەنسا، ناوبراوی بە دژی ولآتانی ئەورووپی هان داو، دنیای نیمچە فیۆدالیش نەیتوانی لە بەرامبەریدا راوەستێ. بەهای هەولەکانی ناپلیۆن لەوەدا بوو کەتوانی دروستترین شێوازەکانی تاکتیکی و ستراتیژیی کەلک وەرگرتن لە کۆمەلە گەورە چەکدارەکان بدۆزێتەوە. بەلآم تێکشکانی ناوبراو لە شەڕەکانی ١٨١٤ و ١٨١٥دا و سەرکەوتنی مەزنی هێزەکانی هاوپەیمانە ئەورووپیەکان لەو شەڕانەدا تەنیا بەو هۆیە بوو

www.perawipepwle.com

که نەتەوەیەک بە هۆی چارەگە سەدەیەک شەڕ لاواز ببووو و، ئیتر نەدەیتوانی لە بەرامبەر هێرشی دنیایەک کە لە دژی ئەو چەکدار ببوو، خۆڕاگرێ و بەرگری بکا.

بناژۆ **Fundamentalist**

ئەم زاراوەیە بە کەسێک دەگوترێ کە بڕوای بە دەقی ئینجیل هەیە و خۆی بە راڤە و شیکردنەوەی ئەو کتێبانە نابەستێتەوە. بۆ وێنە گێرانەوەی ئینجیل لە خۆلقانی مرۆڤ دەکا، دەبێتە هۆی رەتکردنەوەی تیۆری دارفین. بناژۆیی لە ویلاتەکانی باشووریی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ژێر ناوی هێلی ئینجیل دا باوە.

ئەمرۆکە، بناژۆیی ئیسلامی بڕوای بە پێرەویکردن و جێبەجێکردنی وردی شەرعی پیرۆزی ئیسلام هەیە.

بۆربۆنەکان **Bourbons**

١ـ بنەماڵەیەکی پاشایەتی بوون کە حکومەتیان بە سەر ئیسپانیا، فەرەنسا وناپلدا دەکردو، شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەم بنەماڵەیە هێنا. لۆیی شازدەهەم (١٧٩٣ ـ١٧٥٤) دوایین پاشای ئەم بنەماڵە لە سێدارە درا (١٧٩٣).

٢ـ سیستەمی پاشایەتیی بۆربۆنەکان لە دوای وازهێنانی ناپلیۆن، ئیمپراتۆری فەرنسا دووبارە دامەزرایەوە (١٨١٥)، بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٨٣٠ لە بەریەک هەڵوەشایەوەو، لۆیی فیلیپ، شارلی دەیەمی لە سەر تەختی دەسەڵات لادا. لۆیی سەر بە هۆزی بۆربۆنەکانی ئۆرلێئان بوو و، بۆخۆشی لە ساڵی ١٨٤٨ لە دەسەڵات لادرا. سیستەمی پاشایەتی بەدامەزرانی کۆماری سێهەمی فەرەنسا لە نێوچوو (١٨٧١). پاشایەتی خوازانی فەرەنسا دوولەت بوون. تاقمێکیان کە خۆیان بە مەشروعەخواز ناودەبردو، پیرەوی رێبازی پاشایەتی خوازە کۆنەکان و، تاقمەکەی تر پیرەوی تاقمی پاشایەتیی ئۆرلێئان بوون، لایەنگرنی پاشایەتی خوازەکۆنەکان لە دەیەی نەوەدی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نێو چوون. ئێستاکە زۆربەی پاشایەتی خوازانی پیرەوی لە رێبازی پاشایەتی خوازە نوێکان (تاقمی ئۆڕالیتان) بە سەرکردایەتی کۆنت دووپاری (کۆنتی پاریس) دەکەن.

بۆربۆرەکانی ئیسپانیا لە پاشماوەکانی بنەماڵەی پاشایەتی خوازە کۆنەکانن. لەساڵی ١٩٣١دا ئیسپانیا رایگەیاند کە سیستەمی دەسەلاتی ئەو وڵاتە پاشایەتیەو، لە ساڵی ١٩٧٥یشدا، شازادەخوان کارلۆس بۆربۆن ـ پاراما بوو بە شای ئەم وڵاتە.

بۆربۆنە نیئۆپلیتەکان لقێک لە بنەماڵەکانی ئیسپانیا بوون کە لە ساڵی ١٧٣٨ هەتا ١٨٦٠ بەسەر ناپل و سیسیلدا حکومەتیان دەکرد.

٣ـ ئەم زاراوەیە بە کۆنەپەرستە توندرۆکانیش دەگوترێ. ئەم زاراوە لە دوای ساڵی ١٨١٥ بۆ جارێکی تر هاتە ئاراوە، هۆکارەش ئەمە بوو کە زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەی بۆربۆنەکان ولایەنگرەکانیان، بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد کە دەتگووت شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا هەر رووی نەداوە.

بۆرژوازی — ***Bourgeoisie***

زاراوەیەکە کە لە وشەی Bourg بە واتای شار وەرگیراوە، کە لە سەرەتادا بە چینی شاری دەوڵەمەند وخوشگوزەرانیان دەگووت.

لەروانگەی مارکسیەکانەوە، بۆرژوازی لە هەناوی کۆمەڵگای فیۆدالی و لەرەوتی هەوڵی بەرهەمهێنانی وردەشتومەک سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە؛ لە قۆناغی کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایەدا، وەک چینێک وەدەرکەوت و، لە ماوەی چەندین سەدە خەباتدا، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

لە زاراوەی زانستیدا بۆرژوازی بریتیە لە چینی سەرمایەداران، واتە ئەو کەسانەی خاوەنی سەرکیی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی وەک کارگەکان، بانکەکان، کەرەسەکانی گواستنەوە و گەیاندن، بلاوکردنەوە و... هتدن.

بۆرژوازی بەپێی ئەوەی کە سەرمایەکەی خۆی لەکام یەک لە بەشەکانی کاروپیشەدا وەگەڕ خستووە، بەسەر بۆرژوازیی پیشەسازی (خاوەن کارەکان)، بۆرژوازیی بازرگانی (بازرگانە مەزنەکان)، بۆرژوازیی بانکی(بانکدارەکان)و بۆرژوازیی لادێ دابەش دەبێ.

پۆلین بەندییەکی تری بۆرژوازی بەپێی هێزی مالّی و کارتێکەریی ئابووری وسیاسیەکەیەتی، کە بەسەر بۆرژوازیی گەورە، بۆرژوازیی ناوەندو وردە بۆرژوازی دابەش دەبێ. لە بواری چەندایەتیەوە رێژەی وردەبۆرژوازێ و بۆرژوازی ناوەند لە بۆروازی گەورە زیاترە، بەلاّم توانایە ئابووری و کۆمەلاّیەتیەکان لە دەستێ بۆرژوازیی گەورەدایە کە ئەگەرچی لە بواری چەندایەتیەوە کەمنیەیە، بەلاّم زۆربەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و مالّی و دەسەلاّتی سیاسی لە بەردەست دایە. بۆرژوازیی ناوەندو وردە هەرکات لەبەردەم شکستهێنان دان و، و دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی گەورەدا.

وردە بۆرژوازی ***Betty Bourgeoisie***

بە بەرهەمهێنەرە بچووکەکانی شتومەک دەگوترێ کە لە لایەک خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانن و، لە لایەکی تر زۆربەیان خۆیان کاری بەرهەمهێنان دەکەن و کەس ناچەوسێنەوە.

بۆرژوازیی کۆمپرادۆر ***Comprador Bourgeoisie***

بە توێژی بالاّ و دەولّەمەندی بۆرژوازی دەگوترێ کە پێوەندییەکی پتەوی لەگەلّ مۆنۆپۆلە بیانیەکاندا هەیە. بۆرژوازیی کۆمپرادۆر دەبێتە هۆی پاراستن و سەروەری سەرمایە بیانیەکان.

بۆرژوازی نەتەوەیی ***National Bourgeoisie***

بە توێژێک دەگوترێ کە لە هەولومەرجی داگیرکاریی ئەمپریالیزم بەسەر کۆمەلّگا کۆلۆنی و بەستراوەکاندا بە هۆی کۆمەلّێک کێشەی نەتەوەیی و بەسترانە مۆنۆپۆلیەکان پشت بە بەرهەمە نێوخۆییەکان دەبەستێ و، بەرژەوەندییەکانی لەگەلّ مۆنۆپۆلە بیانیەکان یەک ناگرێتەوە و لە دژایەتی دایە.

بیرۆکراتی ***Bureaucracy***

لە وشەی لاتینی (Burra) وەرگیراوەو، بۆ یەکەمین جار لە سەدەی هەژدەهەم وەک Bureaucratie لە لایەن یەکێک لە وەزیرانی بازرگانیی فەرەنسا بە واتای حکومەت کەلّکی لێوەرگیرا. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم وشەیە بە شێوەی Burokratie هاتە نێو زمانی ئەلّمانی و، ئیتر لەوەبەدواوە کەلّک وەرگرتن لەو وشەیە لە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەدا پەرەی گرت.

بیرۆکراتی ئەمرۆکە ئاماژە بە توێژی ئیداری و چینی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوە و بە تایبەتی ڕێکخراوی دەوڵەتی دەکاو، بەگشتی، بە واتای حکومەتی فەرمانبەران بە شێوەیەکی ڕێک خراو و پێکهاتەیەکی پتەو و یەکگرتووە.

بیرۆکراتی وەک یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دەسەڵات، لە هەرکۆمەڵگایەک دا دەتوانێ ببێ بە نوێنگەی حکومەتی عەقل و لۆژیک و، کارگێری کاریزماتیک و هەست و سۆزی تاکەکەسی کە لە زۆربەی بڕیارە ئیداری و تەنانەت ڕێباز و یاسا و سیاسەتە گشتیەکانی کۆمەڵگای مرۆییدا خۆی دەنوێنێ، کۆنترۆڵ بکا و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا وەگەڕیان بخا. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ شێوەی چەکێکی ڕووخێنەر و ترسناک بە خۆیەوە بگرێ و، بە پێچەوانەی ویست و بەرژەوەندییەکانی خەڵک وەکار کەوێ.

هێندێکیش وەک کارڵ مارکس، ڕابێرت میشێل وگیدن جوبێرگ بە چاوێکی نیگەتیڤ سەیری ئەم دیاردەیان کردووە.

مارکس بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بیرۆکراتی وێرای باسکردن لە بیروبۆچوونەکانی هیگڵ، دەردەبڕێ. بە بڕوای هیگڵ، بیرۆکراتی لە ڕاستیدا وەک پردێک لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا وایەو؛ کۆمەڵگاش لە گرووپەکان پێک دێ بە بەرژەوەندیی جیاوازەوەو، دەوڵەت پارێزەری بەرژەوەندییە هاوبەشە گشتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە. بیرۆکراتی ئامرازێکە کە لە ڕێگایەوە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی گرووپەکان دەگوازرێتەوە بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشە گشتیەکان. مارکس بۆچوونی هیگڵ لەو بارەوە کە دەوڵەت نوێنەری بەرژەوەندییە هاوبەشە گشتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ کە دەوڵەت پارێزەری بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی چینی دەسەڵاتدارە. بیرۆکراتی خۆی بوار بۆ لە خۆ نامۆ بون (اغتراب) دەرەخسێنێ.

ڕابێرت میشێل پێیوایە کە ڕێکخراوە بەرفروان و گەورەکان بەپێی پێویستیی سروشتی شێوازو کارەکەیان، بە ناچاری وەک دیکتاتۆرییەک بەڕێوە دەبرێن.

بە بڕوای جوبێرگ، کۆمەڵناسی ئەمەریکی، بیرۆکراتی ئامرازێکە کە چینی خۆشگوزەران بە کەڵک وەرگرتن لەو ئامرازە، بارودۆخی لەبار و گونجاوی خۆیان لە بەرامبەر چینی خوارەوەی کۆمەڵگادا دەپارێزن.

بیرۆکراتی لە روانگەی ئەو کەسانەی کە بە چاوێکی پۆزەتیڤەوە لێی دەڕوانن بریتیە لە: جۆرێک رێکخستن بە ئەوپەری لێهاتوویی و کارامەیی؛ لەو رێکخستنەدا بەشەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی و عەقلانی لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی کە رێکخراوێک بۆ خۆی دیاری کردووە،بە باشترین شێوە دەستەبەر بن.

بیرۆکراتی لە روانگەی ماکس ڤیبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانی: سەبارەت بە ڤیبەر دەبێ لە پێشدا لەگەڵ بۆ چوونەکانی ڤیبەر سەبارەت بە دەسەلات و پیادەکردنی دەسەلات ئاگادار بین. چوونکە جۆری بیرۆکراتیەت پێوەندی بە چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەلات لە کۆمەڵگادا هەیە. بەواتایەکی تر، پیادەکردنی دەسەلات لە کۆمەڵگایەکدا بە سیستەمی فیکری و بەها کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە بەستراوەتەوە.

بەپێی بۆچوونەکانی ڤیبەر، پیادەکردنی دەسەلات بە سێ شێوە رەوایی پەیدا دەکا:

١ـ پیادەکردنی دەسەلات لە سەربنەمای نەریتەکان: لەم حاڵەتەدا رەوایی بوونی پیادەکردنی دەسەلات لە سەر بنەمای پیرۆزیی داب نەریتەکانی جێی پەسندی کۆمەڵگایەو، دەسەلاتی گەورەی خێزانەکان بەپێی سیستەمی باوکسالاریە.

٢ـ پیادەکردنی دەسەلات لە سەربنەمای کاریزما(Charisma):لە هێندیک بواردا، دەسەلاتەکانی رێکخراوە بیرۆکراتیەکان لە کاریزماوە سەرچاوە دەگرێ. کاریزما لە وشەدا بەمانای "دیاریەکی خواپێداوی"یە. سەرکردەیەک خاوەنی تایبەتمەندیەکی میتافیزیکی بێ، بە کاریزما ناودەبردێ. بیرۆکراتیی کاریزماتیک لەگەڵ سەرکردە لە دایک دەبێ و لەگەڵ ئەو لە نێو دەچێ.

٣ـ پیادەکردنی دەسەلات بەپێی یاسا: لەم حاڵەتەدا، بڕوای تاکەکانی کۆمەڵگا بە بەجێ بوونی رێوشوێنە یاساییەکان دەبێتە بنەمای رەوایی بوونی پیادەکردنی دەسەلات. لەم حاڵەتەدا خەڵک بە هۆی ئەوەی کە یاسا بەپێی شێواز و لۆژیکێکی گونجاو بە پەسندی کەسانێک دەگا کە بەپێی یاسا ورێوشوێنەکان هەڵبژێردراون، پیرەوی دەکەن.

بە بڕوای ماکس ڤیبەر، بیرۆکراتیەکی لۆژیکی خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیە:

١-کارەکان بەپێی پسپۆری فەرمانبەرانی ناو رێکخراو دابەش دەبێ.

٢-پێوەندیی نێوان تاکەکان و پۆستەکان، بەپێی هیرارکیەتی ئیداریە.

www.perawipepwle.com

٣-چالاکیەکانی ڕێکخراو بەپێی ڕێوشوێنە دارێژراوەکان کۆنترۆڵ وجێ بەجێ دەکرێن.

٤_چالاکیی هەرکام لە فەرمانبەران بەپێی لۆژیکی ڕێکخراوەیی، نەک لۆژیکی تاکەکەسی بەڕێوە دەچی و، بیروبۆچوونی تاکەکەس لەبەرچاو ناگیردرێ.

٥_ لێهاتوویی و پسپۆڕی، هۆکارو فاکتەری سەرەکی دامەزراندنی کەسەکان و بردنەسەری پلەی فەرمانبەرانە.

٦_ تۆمار کردن و ڕاگرتنی بڕیارە ئیدارییەکان و پێکهێنانی دۆسیە بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی پێش بینی کاروبارەکان و چاوەدێری بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و بڕیاری بەجێ لەو جۆرە بیرۆکراتیەتەدا حەتمی و پێویستە.

بۆلانژیست ***Boulangiste***

بە لایەنگرانی ژەنەڕاڵ ژۆرژ بۆلانژ (٩١ ــــ ١٨٣٨) لە فەرەنسادا دەگوترێ. بۆلانژە لە ساڵی ١٨٨٨دا دەستی دایە جموجۆڵ بۆ نۆیکردنەوەی دەستوور و دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز لە فەرەنسا. بۆلانژە لە نیسانی ١٨٨٩ لە فەرەنسا ڕای کرد و پاشملە بە خیانەت مەحکوم کرا و ئەو بزووتنەوەش لێک هەڵوەشاوە.

بووندیسڤێهر ***Bundeswehr***

زاراوەیەکی ئەڵمانیە، بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ ئەو وڵاتە دەگوترێ.

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، دامەزراندنی سوپای ئەڵمان بابەتێکی زۆر ئاڵۆز بوو و ئەڵمانیەکان زۆریان بیر لێدەکردەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو کە جارێکی تر ڕۆحی میلیتاریستی لەناو ئەڵمانیەکاندا ببوژێنێتەوە. بەڵام هەڕەشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی و قبوولکردنی بەڕەسمیی ڕێوشوێنە دیمۆکراسیەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە، کۆتایی بەو ئاڵۆزییە هێنا و، بواری بۆ دامەزراندنی هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە خۆش کرد.

بۆیارەکان ***Boyars***

زاراوەیەکی ڕووسیە کە لە سەدەی یازدەهەمدا بە چینی ئاریستۆکراتی ڕووسیا دەگوترا. لە سەدەی پانزدە و شانزدەدا بە تێکەڵاوبوونی نۆکەر و کۆیلە خۆماڵییەکان لەگەڵ ئەو چینەدا، بۆیارەکان، بوون بە چینێکی ئاسایی. لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەم تێکەڵاوییە ئەوەندە زۆر بوو کە جیاکردنەوەی

ئاریستۆکراتەکان لە کۆیلەکان زۆر ئەستەم بوو، چوونکە بۆیارەکان بۆخۆشیان کاری خزمەتگوزاریان دەکرد.

Spring Of Prague بەهاری پراگ

بە ڕەوتێکی لیبڕاڵ لە چیکسلۆڤاکیا دەگوترێ کە لە لایەن "ئەلیکساندر دووبچێک"، سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە پێک هات. سەرکردەکانی سۆڤیەت بۆ ئەوەی کە ئەم بزوتنەوە تەشەنە نەکاتە وڵاتانی تر، بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێک کە ئاماژەی بە ، "پاراستن و بەرگری لەو دەسکەوتانەی کە بە هەوڵی قارەمانانەو لە خۆبردووییەکی زۆری خەڵک بەدەست هاتووە، ئەرکی هاوبەش و نێونەتەوەیی هەموو وڵاتانی سۆسیالیستە " دەکرد، بە ناردنی ٢٤ لەشکر لە سوپای ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ، لە هاوینی ١٩٦٨دا، کۆتاییان بە بەهاری پراگ هێنا. لە دوای ئاڵوگۆڕەکانی پاییزی ١٩٨٩ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، سۆڤیەت دەستێوەردانی خۆی لە بەهاری پراگدا بە هەنگاوێکی هەڵە لە قەڵەم دا.

Neutrality بێلایەنی

بێلایەنی بریتیە لە بەشداری نەکردن لە شەڕی نێوان وڵاتانی دیکەدا. ئەگەر دەوڵەتێک بیهەوێ بێلایەن بێ و مافی بێلایەنی بیگرێتەوە، دەبێ چەندین بەڵێنی وەئەستۆ بگرێ و،بەتایبەتی لە دەستێوەردان لە کاروباری شەڕخۆی ببوێرێ. وڵاتی بێلایەن نابێ لایەنگری یان دژایەتی لە هیچ لایەنێکی شەڕەکە بکاو، ڕێگا نەدا کە لایەنەکانی شەڕ لە خاکی ئەو کەڵک وەربگرن و دەبێ داکۆکی لە بێلایەنی خۆی بکا. نابێ هیچ جۆرە کێشە و ناکۆکیەک لە ناوچە یان ئاوەکانی وڵاتی بێلایەنەکاندا روو بدا. ڕەنگە بیروڕای گشتی، ڕاگەیەنە گشتیەکان و تەنانەت دەوڵەتی وڵاتی بێلایەن لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ هاوسۆزی بکەن، بەڵام هاوسۆزییەکە نابێ سنووری بێلایەنی بەزێنێ. بێلایەنی بەردەوام کاتێک پێکدێ کە وڵاتێکی وەک سویسرا لە ڕێگای ڕێککەوتنێکی تایبەتیەوە بێلایەنی خۆی ڕابگەیەنێ. بێلایەنیی سنووردار زاراوەیەکە کە لە هێندێک لە ڕێککەوتنەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ، وڵاتی بێلایەن بەڵێن دەدا کە بە کردەوە نەچێتە نێو شەڕەکەوە، بەڵام دەتوانی هاوکاری لایەنێک بکا، لە سەردەمی ئیستادا کارێکی لەم چەشنە بەکردەوە بە پێشێلکردنی بێلایەنی دەژمێردرێ. بێلایەنیی ناوچەیی ئەوەیە کە وڵاتێک بەشێک لە خاکەکەی خۆی وەک بێلایەن ڕابگەیەنێ.

Armed Neutrality **بێلایەنیی چەکدارانە**

ئەم زاراوە بە ڕێچکە و هەڵوێستی دەوڵەتێک لە سەردەمی شەڕ یان لە قەیرانێکی نێونەتەوەییدا دەگوترێ. بەو واتایەی کە لەگەڵ ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانێکی لەم چەشنەدا، دەوڵەتی بێلایەن هەوڵ دەدا تاکوو لە تێوەگلانی بەکردەیی هێزە چەکدارەکانی خۆی لە کێشەکەدا خۆی ببوێرێ. بەڵام ئەو مافە بۆ خۆی دەپارێزێ کە لە کاتی پێویستدا لە سەرچاوەکان و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی لە بەرامبەر دەوڵەتە شەڕخوازەکان بەرگری بکا.

Xenocentrism **بێگانەویستی**

بریتیە لە حاڵەتێک کە بەپێی ئەم حاڵەتە، ئەو گرووپانەی کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگاکەیاندا خۆ بگونجێنن، هۆگری کۆمەڵگاکانی تر دەبن.

Pact **بەڵێن**

بە ڕێککەوتنێکی نێونەتەوەیی دەگوترێ. ئەم چەمکە لەگەڵ ئەم زاراوانەدا، کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە بریتین لە :

بەڵێننامەی یەکیەتیی: بەڵێننامەیەکە کە بەپێی ئەو بەڵێننامە، دوو یان چەند دەوڵەت بەڵێن بە یەکتر دەدەن کە بۆ گەیشتن بە هێندێک لە ئامانجە سیاسییەکان لە ڕێگای دزەکردن یان هەڵکوتانەسەر هاوکاری یەکتر بکەن.

بەڵێننامەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی: یەکیەتیی نێوان چەند دەوڵەتێکە کە بەڵێن دەدەن وڵاتەکانیان لە کاروباری پێوەندیدار بە بابەتی ڕێککەوتنەکە سیستەمێکی هاوبەشیان هەبێ؛ وەک یەکیەتیی پۆستەو گەیاندن.

بەڵێننامەی یەکیەتیی بەرگری: جۆرێک لە ڕێککەوتننامەی یەکیەتیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دەوڵەتانی دیکە و پاراستنی بارودۆخی باو دەبەسترێ.

بەڵێننامەی یەکیەتیی هێرشکردن: جۆرێک لە ڕێککەوتننامەی یەکیەتیە، بەمەبەستی داگیرکاری یان زاڵبوون بە سەر دەوڵەتاندا.

بەڵێننامەی یەکیەتیی گشتی: بە بەڵێننامەیەک دەگوترێ کە لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەتێک بە مەبەستی گرتنەبەری شێوازێک لە هێندێک بواردا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی هاوبەش دێتە ئاراوە.

بەڵێننامەی یەکیەتیی سەربازی: رێککەوتننامەیەکی یەکیەتیی بەرگری و رێککەوتننامەی یەکیەتیی هێرشبەر یان بە هەردووکی ئەوانە دەگوترێ.

بەڵێننامەی بێلایەنی: بێلایەنیەک کە لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەت بەپێی بەڵێننامەیەک دێتە ئاراوە، بە نێوەڕۆکی بەڵێننامەکە دەگوترێ رێککەوتننامەی بێلایەن.

بەڵێننامەی بێلایەنیی هەمیشەیی: بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، یەکەم: دەوڵەتی بێلایەن بەڵێن دەدا کە جگە لە بەرگریکردن لە خۆی، پەنا بۆ شەڕ نابا. دووهەم: دەوڵەتەکانی تر بەڵێن دەدەن کە رێزلە بێلایەنی ئەو وڵاتە بگرن و، هەر دەوڵەتێک رێز لەو بێلایەنیە نەگرێ یان ئەم بێ لایەنیەی ئەو وڵاتە نەپارێزی، هەوڵ دەدەن ناچار بە پاراستنی بێلایەنیی ئەم وڵاتەی بکەن. واتە ناچاری دەکەن رێز لە بێلایەنیەکەی بگرن.

بەڵێننامەی بێلایەنیی کاتی: بەپێی ئەم بەڵێننامە، دەوڵەتە بەڵێندەرەکان دەبێ دەست لە شەڕێک وەرنەدەن، کە لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەتێک لە ئارادایە.

بەڵێننامەی وەستاندنی شەڕ بە شێوەیەکی رەها: بەڵێننامەیەکی سیاسییە کە بەپێی ئەم بەڵێننامە لایەنەکانی شەڕ بۆ وەستاندنی شەڕ و پێکدادان لە شوێنێک یان هەموو شوێنەکانی وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەپێی نووسراوێک رێک دەکەون.

بەڵێننامەی وەستاندنی شەڕ بە شێوەیەکی کاتی: بەڵێننامەیەکی سەربازییە کە لە نێوان فەرماندەرانی سوپای لایەنەکانی شەڕ بەمەبەستی ڕاگرتنی کاتی شەڕ (زیاتر لە رۆژێک تێناپەڕێ و، مەبەست لەم رێککەوتنەش زیاتر بۆ کۆکردنەوەی تەرمی کوژراوان و وەرگرتنی دەستوور لە کاربەدەستانی سەرەوەیە) جێ بەجێ دەکرێ.

بەڵێننامەی سیاسی: رێککەوتنێکە کە لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەت دەبەسترێ کە بابەتی رێککەوتننامەکە پێوەندی بەمان و سەربەخۆیی و رێزدانان و یەکپارچەیی خاکی ئەوانەوە هەیە وەک: رێککەوتننامەی ئاشتی، رێککەوتننامەی یەکیەتیی، رێککەوتننامەی گرەنتی، رێککەوتننامەی هاوکاری، رێککەوتننامەی بێلایەنی، رێککەوتننامەی دیاریکردنی سنوورو...هتد.

بەڵێننامەی ئاشتی:لەم ڕێککەوتننامەدا هەلومەرج و مەرجەکانی کۆتایی هێنان بە شەڕی تێدا دەنووسرێ.

بەڵێننامەی هاوکاری : بە بەڵێننامەیەک دەگوترێ کە دەوڵەتێک لەگەڵ ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕدا بەڵێنی هاوکاری لە بواری هێزی سەربازی یان هاوکاری لە بواری تفاقی شەڕ و داراییەوە بە وڵاتێک دەدا، کە لە بەرامبەر ئەم بەڵێننامەدا شتێک وەردەگرێ. دەوڵەتی یارمەتیدەر ناکرێ وەک وڵاتێکی بێلایەن سەیر بکرێ.

بازرگانیی چەک و چۆڵ Arms Trade

بە گواستنەوەی چەک وچۆڵ و تەقەمەنی و کەرەسەکانی شەڕ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوترێ. ئەم گواستنەوەیە لە چوارچێوەی بازرگانی یان بەرنامەی هاوکارییە سەربازییەکاندا جێبەجێ دەکرێ. لایەنەکانی سات و سەوداکە زیاتر دەوڵەتەکانن، ئەگەرچی تۆڕی جۆراوجۆر لە بازاڕی ڕەشدا ڕۆڵیان لە ناردنی چەک وچۆڵ بۆ تاقمە شۆڕشگێڕەکان، جیاییخوازەکان یان ڕێکخراوە میلیشیاکان هەیە.

بەگشتی کڕیارانی چەک وچۆڵ زیاتر وڵاتانی جیهانی سێهەمن، کە دوو لە سێی بازرگانیی چەک وچۆڵی جیهانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە. ئیسرائیل، عەرەبستان و کوێت بە گرنگترین کڕیارەکانی چەک وچۆڵ لە ڕۆژئاوا دەژمێردرێن. پێنج وڵاتی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرووی وڵاتانی هەناردەی چەک و چۆڵ دان. لە نێو ئەوانیشدا ئەمەریکا گەورەترین وڵاتی هەناردەی چەک وچۆڵ بووە و، زیاتر لە نیوەی بازاڕە ڕەشەکانی چەک و چۆڵی لە بەردەست دایە. ئاستی ئەم بازرگانیە لە ساڵدا دەگا بە ٢٠ ملیارد دۆلار. ڕووسەکان بەڕادەی یەک لە دەی ئەو بازاڕەیان لە بەردەست دایە. جگە لە ئەمەریکا و ڕووسیا، بەریتانیاو فەڕەنساش ڕۆڵێکی بەرچاو لەو بازرگانیەدا دەگێڕن. کۆتایی شەڕی سارد زەبرێکی گەورەی لە بازرگانیی چەک وچۆڵ داوە. سەرەڕای ئەمەش، ژمارەیەک لە گروپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ دژی کڕین و فرۆشتنی چەک وچۆڵ بوون.

کوژرانی نزیک بە ٨٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ڕڤاندا لە ساڵی ١٩٩٤ نیشانەی بوونی بەلێشاوی چەک وچۆڵ بوو. لەبەرامبەردا فرۆشیارانی چەک وچۆڵ دەڵێن کە خەڵکی ڕڤاندا بە چەکی ساکار و سەرەتایی کوژراون نەک بە چەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو.

www.perawipepwle.com

چەک و چۆڵ وەک شەمشێرێکی دوو دمە وایە کە دەبێتە هۆی سەقامگرتوویی، چوونکە سەرچاوەی هۆکارەکانی ناسەقامگرتوویی دەگەڕێنەوە بۆ کێشە سیاسییەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا چەندین ڕێگاچارە بۆ کۆنترۆڵی هەناردنی چەک وچۆڵ بەتایبەتی موشەکە بالستیکە دوورهاوێژەکان و مینەکان دانراون.

بەرەی ڕۆژهەڵات *Eastern Front*

بە بەرەی شەڕی نێوان سۆڤیەت و ئەڵمانیا لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا دەگوترێ.

بزوتنەوەی چاکسازی *Reform Movement*

بزووتنەوە یان جووڵانەوە بریتیە لە جموجۆڵ یان چالاکی گرووپێکی تارادەیەک ڕێکخراو و بەبەرنامە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی تاڕادەیەک روون و دیاریکراو، بەپێی گەڵاڵە لە پێشدا دارێژراوەکان. بزووتنەوەی چاکسازی بزووتنەوەیەکی هێدی و هەنگاو بە هەنگاوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێک داهێنان، کە بنە هۆی لابردن و نەهێشتنی کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چاکسازی پێویستی بەو مەرجانە هەیە:

١_ داهێنان لە هێندێک لە بوارە کۆمەڵایەتیەکان دا.

٢_ دواکەتنی لایەنەکانی تری کۆمەڵایەتی و ناتەبابوونی کۆمەڵگا.

٣_ گەیشتن بەو بابەتە کە بۆ نۆژنکردنەوەی کۆمەڵگا پێویستن.

٤_ دەستنیشانکردنی داهێنانە پێویستەکان بۆ نوژەنکردنەوەی کومەڵگا.

٥_ دابینکردنی کەرەسە پێویستەکان.

بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی **Revolutionary Movement**

بزووتنەوە یان جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی بزوتنەوەیەکی توند و لە ناکاوە، بۆ پێکهێنانی ئەو داهێنانانەی کە بە ئامرازەکانی نەهێشتنی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان دەژمێردرێن.

بزووتنەوەی شۆڕشگێری کاتێک روو دەدا، کە، یەکەم: ناکۆکیەکانی کۆمەڵگا بە هۆی نەبوونی بزووتنەوەی چاکسازی یان کەم وکورییەکانی ئەم بزووتنەوە بەوپەڕی خۆی بگا؛ دووهەم: خەڵکی بە لەدەست ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان وەزاڵە هاتبن. لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دایە کە تەقینەوە

روو دەداو، گۆڕانکارییەکی گەورە کە زۆر قووڵتر و بەرفراوانتر لە بزووتنەوەی چاکسازی دەبێ، پێکدێنێ. بێگومان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەڕادەی بزووتنە چاکسازییخوازەکان نین. مەزەندە کراوە کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا، ماوەی نێوان دوو شۆڕش (ڕاپەڕین) لە سێ بەرە کەمتر نەبووە.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چەندین جۆری هەیە. هێندێک جار زۆر توندو، هێندێک جاریش تاڕادەیەک هێدی و ئارامە. شۆڕشی بەریتانیا زۆر توند نەبوو، بەڵام شۆڕشی فەڕەنسا زۆر توند بوو و، شۆڕشی رووسیا لەویش توندتر. هێندێک لە شۆڕشەکان، وەک بزووتنەوە چاکسازییەکان، تەنیا چاوەدێری بەسەر لایەنێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و، هێندێکی تریش هەموو کۆمەڵگا لەخۆ دەگرن. هەردوو جۆری شۆڕش، بە تایبەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی مەزن کە هەموو کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێ. تایبەتمەندی چینایەتی هەیە. هەروەک چۆن شۆڕشەکانی بەریتانیا یان فەڕەنسا یان رووسیا یان چین، شۆڕشی چینێک بە دژی چینێکی تر بوون.

بزوتنەوەی جیایی خوازیی باسک
Basqus Separatist Movement

بە بزووتنەوەیەک دەگوترێ کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی باسک لە باکووری ئیسپانیا تێدەکۆشی و، تا ئێستا چەندین کردەوەی تێکدەرانەشی بەڕێوە بردووە.

کۆماری باسک لە ڕێکەوتی حەوتی ١٩٣٦ دامەزرا، بەڵام تەمەنی کورتی ئەم کۆمارە بە هێرشی هێزە دەستە ڕاستیەکانی ژەنەڕاڵ فرەنکۆ (١٨٩٢ـ ١٩٧٥) لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٣٧ کۆتایی پێهات.

بزوتنەوەی چواری ئایار (١٩١٩) May Fourth Movement

ئەم زاراوە بە ڕێپێوانی چوارهەزار خوێندکاری چینی دەگوترێ کە لە ڕۆژی چواری مانگی ئایاری ١٩١٩دا بە دژی یەکێک لە مەرجەکانی ناو ڕێککەوتنامەی ڤێرسای سەبارەت بە بەکرێدانی بەندەری کیاچۆ بە ژاپۆنیەکان، بەڕێوەچوو. لە ویۆیی ئەم خۆپێشاندان و مانگرتنانە تەشەنەیان کردە شانگهای و، شت ومەکەکانی ژاپۆن لە لایەن خەڵکی چینەوە گەمارۆی خرایە سەر. چینیەکان لە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەکە خۆیان بواردو، ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتەش دەستیان بە

ڕەتکردنەوەی فەلسەفە کۆنەکان کرد کە پشتیوانی و بەرگریان لە بیانیەکان دەکرد، ئەم مەسەلە بۆو بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاشتی وشیاری سیاسیی خەڵکی چین.

بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن Non - Alignment Movement

بە ڕەوتێک دەگوترێ کە لە لایەن ژمارەیەک لەو وڵاتانەی کە ئەندامی دوو پەیمانی سەربازیی (ناتۆ و ڤەرشۆ) و هەروەها ڕێککەوتنە ناوچەییە سەربازییەکانی وەک سنتۆ و سیتۆ نەبوون و، لە سیاسەتی دەرەوەدا پیڕەویان لە سیاسەتی بێلایەنی یان سیاسەتی سەربەخۆ لە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەکرد، دامەزرا. پێشەنگی "سیاسەتی بێلایەنانە" لە جیهاندا وڵاتی هیند و پاشان یۆگۆسلاڤیا بوون و، پاشان وڵاتانی میسر و ئەندەنۆسیا و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووی ئاسیاو ئەفریقیا چوونە نێو ئەو بەرەوە. ڕێبەرانی ئەو وڵاتانە لە دوو کۆبوونەوەی گەورەدا واتە کۆنفرانسی باندۆنگ (١٩٥٥) وکۆنفرانسی بیلگراد (١٩٦١) لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و، ئامانجەکانی خۆیان لە بوارەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم ڕاگەیاند. کۆبوونەوەی ساڵڕۆژی دامەزراندن (کۆبوونەوەی ١٤) بە بەشداریی ١٠٢ وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقی لە نیسانی ٢٠٠٥دا لە ئەندەنۆسیا بەڕێوە چوو. دەکرێ بنەما گشتییەکانی ڕوانگەکانی وڵاتانی ئەندامی بزوتنەوەی بێلایەن بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١ــ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و ناکۆکی لە پێوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا.

٢ــ پەرەپێدان و هاندان و کەڵک وەرگرتن لە ڕێگا ئاشتی خوازانەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکان (وتووێژ، دانوسان و ناوبژیوانی).

٣ــ دامەزراندنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەربنەمای یەکسانیی نەتەوەکان و ڕێز بۆ یەکپارچەیی خاک و سەروەریی نەتەوەیی.

٤ــ پەرەپێدانی هاوکاری لە نێوان نەتەوەکاندا.

٥ــ دژایەتیکردن لەگەڵ کۆلۆنیالیزم.

٦ــ دژایەتیکردن لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزیدا.

٧ــ پشتیوانیکردن لە ئاشتی.

٨ــ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

٩_پشتیوانیکردن لە جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و بنەما سەرەکیەکانی یاسا نێو نەتەوەییەکان.

١٠_ ڕێزدانان بۆ هێرش نەکردن و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی ولأتانی تردا.

١١_ بەشداری نەکردن لە یەکیەتیە نێونەتەوەییە سەربازییەکاندا.

بزووتنەوەکانی ئاشتی Peace Movements

هەرچەندە ئەمجۆرە بزووتنەوانە رابردوویەکی دووروودرێژیان هەیە، بەلاّم هیچکات وەک سەردەمی ئێستاکە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی مرۆڤ نەبووە.

بزووتنەوەکانی ئاشتی لە دەیەی ١٩٨٠، دوابەدوای زیاتر بوون و توندتر بوونی پێشبڕکێی چەکداربوون لە نێوان زلهێزەکاندا، بە بەڕێوە بردنی خۆپیشاندان و ڕێکخستنی کۆبوونەوە ئاشتیخوازانەکان و وەبیرهێنانەوەی مەترسیی شەڕە ئەتۆمیەکان؛ بیروڕای گشتیان لە دژی دامەزراندنی موشەکە ئەتۆمیەکان وروژاند. بڕیاری ڕێکخراوی ناتۆ لە ساڵی ١٩٧٩دا سەبارەت بە دامەزراندنی ١٠٨ موشەکی پرشنگ _٢و، ٤٦٤ مووشەکی تەماهاوک (موشەکی کرۆزی زەوی بە زەوی) نارەزایەتیەکی بەربلاّوی لە ئەوروپا بۆوێنە لەئەڵمانیای فیدراڵ، هۆڵەنداو بەریتانیا لێ کەوتەوە.

هەڵبژاردنی رۆناڵد ریگان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی ئەمەریکا و راگەیاندنی پلانە چەک و چۆڵەکانی ناوبراو بوو بە هۆی دامەزرانی " بزووتنەوەی مەیین "واتە گەورەترین بزووتنەوەی ئاشتی لە مێژووی ئەمەریکادا.

بزووتنەوەکانی ئاشتی لە ئەڵمانیای رۆژئاوا، بە بەراورد لەگەڵ ولأتانی تری ئەورووپی ڕێکخستنێکی بەرفراوانتری هەبوو. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو موشەکەکانی پرشینگ و بەشێکی زۆر لە موشەکەکانی تۆماهاوک لە خاکی ئەو ولأتەدا سەقامگیرکرابوون.

ترس لەوەی کە رەنگە ئەڵمانیا "یەکەم ئامانج"ی سۆڤیەت لە هێرشی وەک" هێرشەپێشگیرانەکان" بێ و، هەروەها ترس و نیگەرانی لە ئاکامەکانی شەرێکی ئەتۆمی بوو بە هۆی پەرەگرتنی بزووتنەوەکانی ئاشتی و "حیزبی سەوز" کە شانبەشانی یەکتر لە دژی پێشبرکێی چەک و چۆڵ تێدەکۆشان.

بە دوای دامەزراندنی موشەکەکان، خۆپیشاندانەکان پەرەی گرت. بەیاننامەکانی گرووپەکان و سیاسەتڤانان درێژەیان بە پشتیوانیی خۆیان لە بزوتنەوەکانی ئاشتی دا. ئەوان بە دروشمی وەک: "نەکرۆز، نەپرشینگ"، خوازیاری پێکهێنانی بەرگرییەکی ناسەربازی و ناوچەیەکی پارێزراو لە چەکە ناوەکیەکان بوون.

بەجیهانیبوون **Globalization**

ئەگەرچی زاراوەی جیهانی (global) مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی هەیە، بەڵام چەندین زاراوەی وەک globalization ,globalize, globalizing، بە گشتی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە برەویان پەیدا کردووە. گۆڤاری ئیکۆنۆمیست لەرێکەوتی ١٩٥٩/٤/٤ کەڵکی لە زاراوەی globalized guota (پشکی جیهانی) وەرگرت. قامووسی ڤیبستێر یەکەمین قامووسێکی دەوڵەمەند بوو کە لە ساڵی ١٩٦١دا چەندین پێناسەی بۆ زاراوەکانی globalization , globalism خستە ڕوو. بەوحاڵەش چەمکی "جیهانی بوون" بە رادەیەک بەربڵاوە، کە پێناسەیەکی چڕوپڕی لەو چەمکە ئەستەم کردووە. ئەم پێناسەش بەپێی پێناسە و روانگەی چەندین تیۆرڤانی لێهاتووی "بە جیهانی بوون" ئاراستە کراوە:

"بەجیهانیبوون بریتیە لە پرۆسەی چڕبوونەوەی کات و شوێن کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی دنیا کەم و زۆر بە شێوەیەکی ئارادەیەک وشیارانە لە ناو کۆمەڵگای جیهانیدا بتوێنەوە". بەواتایەکی تر، بەجیهانیبوون بریتیە لە پرۆسەیەک کە تاک و کۆمەڵگا لە پانتایەکی جیهانیدا پێکەوە دەبەسترێنەوە. لە لایەکی تر ئەو تیۆرڤانانەی کە بروایان بەتێزەکانی مارکس هەیە، دان بە گەیشتنی قۆناغێکی نوێ لە گەشەکردنی سیستەمی جیهانیی سەرمایەداری دادەنێن. هێندێک لە مارکسیەکان و نیۆمارکسیەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەمڕۆ رەوتی نەپساوەی سەرمایەداری و خۆرێکخستنەوە پەیتاپەیتاکانی ئەو سیستەمە، سەرمایەداریی بە جیهانی بووی تووشی گرفتی جیددیی کەڵەکە بوون و توانایی لە رادەبەدەر کردووە.

ئانتۆنی گیدێنز پرۆسەی بە جیهانی بوون بە بەرهەمی تێکچوونی تەکووزی لە مێژینەی شوێن وکات دەزانێ. بەبڕوای ناوبراو، ناکرێ بە هیچ شێوەیەک بەجیهانیبوون تەنیا بە دیاردەیەکی ئابووری بزانرێ، هەرچەندە کە خۆگرتنی ئابوورییەکی جیهانی بە یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی

www.perawipepwle.com

بەجیهانیبوون دەژمێردرێ. لەراستیدا ئانتۆنی گیدێنز لەو تیورڤانانەیە کە زیاتر لەسەر لایەنە کولتووری و کۆمەلآیەتیەکانی پرۆسەی بەجیهانیبوون پێدادەگرێ.

پرۆسە بەجیهانیبوون (لانیکەم لە بواری مێژووییەوە) گۆڕانێکە کە گەڕانەوەی بۆ نیە. نەک تەنیا ناکرێ هەلومەرجی بەر لە قۆناغی سەرهەلّدانی بەجیهانیبوون زیندوو بکرێتەوە، بەلّکوو راگرتنی ئەو پرۆسەو تەنانەت هێورکردنەوەی خێراییەکەشی جێبەجێ ناکرێ.

بە تێپەڕبوونی کات بەرفراوانی و خێرایی پرۆسەی بەجیهانیبوون زیاتر دەبێ و، تاکەکان و گرووپە جۆراوجۆرەکان زیاتر دەکەونە ژێرکاریگەریی ئەم پرۆسەو، ناتوانن خۆی لێ دەرباز بکەن.بۆیە سەرهەلّدانی جۆرێک لە قەیرانی شوناس و واتاش شتێکی حاشاهەلّنەگرە.

بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە **Great Leap For Ward**

دروشمی بەناوبانگی چینیەکان لە نێوان سالّەکانی ١٩٥٨ هەتا ١٩٦١دا بوو، کە بوو بە هۆی کۆمەلّێک گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتە کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکانی چین، بۆ خێراترکردنی رەوتی دامەزراندنی کۆمەلّگای راستەقینەی کۆمۆنیستی لە چیندا.

بالّوێزخانە ***Embassy***

بالوێزخانە بە نوێنەرایەتیی بەرزی سیاسیی ولآتێک لە ولآتێکی دیکەدا و بە شوێنی مانەوەی رەسمیی و نووسینگەکانی بالّوێزی ئەو ولآتە دەگوترێ. بالّوێزخانە لە پاش دامەزرانی کۆنسولخانە هاتۆتە ئاراوە. مێژووکەی بەم شێوە بووە کە لە دوای قەومانی هەرشەڕێک دا ولآتە دوژمنەکان چەند کەسیان بۆ وتووێژ رادەسپارد. ئەرکی ئەم راسپاردانە بەرەبەرە وای لێهات تا چارەسەرێک بۆ پێشگیری کردن لە هەلآیسانی شەڕ بدۆزنەوە. بۆ ئەوەی ئەم نوێنەرانەبتوانن ئەرکە ئەستەم و هەستیارەکانیان بە شێوەیەکی شیاو و لە پەڕی سەربەستی و بێ هیچ ئاستەنگێک بەرێوە ببەن، مەسەلەی پارێزراوی هاتە ئاراوە. لە پێوەندییە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستادا، مافی بالّوێزخانە لە یاسا نێو دەولّەتیەکان دا، لە تایبەتمەندییەکانی دەولّەتە سەربەخۆ و سەربەستەکانە. کەواتە ئەو دەولّەتانەی کە تەواو سەربەخۆنین یان لە ژێر سەرپەرستی دەولّەتانی دیکەدان،ناتوانن بالوێزخانەی تەواو سەربەخۆیان هەبێ.

ئەم دوڵەتانە دەتوانن نوێنەری سیاسی دەوڵەتانی دیکە قبووڵ بکەن، بەڵام ناتوانن نۆێنەری سیاسی بنێرنە وڵاتانی دیکە، لە کاتێک دا کە دەوڵەتە سەربەخۆ و سەربەستەکان دەتوانن نوێنەری سیاسی بنێرنە دەرەوە و هەم نوێنەری سیاسی وڵاتانی دیکەش قبووڵ بکەن. مافی کردنەوەی باڵوێزخانە، مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەموو دەوڵەتێکەو هەموو دەوڵەتێکیش ناچارە نوێنەری سیاسی دەوڵەتانی دیکە قبووڵ بکا کە بە رەسمیی ناسیوون.

هەکاتێک دەوڵەتێک بەبێ ئەوەی لەگەڵ وڵاتێک دا بەشەڕ هاتبێ یان پێوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پچراندبێ، ئەگەر لە قبووڵکردنی نوێنەری سیاسی ئەو وڵاتە خۆببوێرێ، لە بواری نێودەوڵەتیەوە هێرشی کردۆتە سەر مافی ئەودەوڵەتە.

ماددەی یەکەمی رێککەوتننامەی لاهاوان کە لە بیستی مانگی شوباتی ١٩٢٨ دا مۆرکراوە، سەبارەت بە مافی باڵوێزخانە بڕیاری داوە: " دەوڵەتەکان ئەو مافەیان هەیە کە نوێنەری سیاسی بنێرنە وڵاتانی دیکە". یەکەمین باڵوێزخانەی هەمیشەیی لە لایەن ریشیلیۆ، راوێژکاری لۆئی سیزدەهەم دامەزرا و دەوڵەتەکانی دیکەش ئەم یاسایەیان رەچاوکرد. کەواتە دەتوانین بڵێین کە باڵوێزخانەی هەمیشەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧ لە جیهان دا دامەزراوە.

باڵوێز — *Ambassador*

باڵوێز، بەرزترین پلەی نوێنەری وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکەدایە. لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەر لەو کاتەش، چەند باڵوێزیک، بە شێوەی کاتی دەناردرانە وڵاتێکی دیکە، بەڵام لە سەدەی پانزدەهەم دا بوو کە دەیاریکردنی باڵوێزی هەمیشەیی یا نیشتەجێ لە وڵاتێکی دیکەدا وەکوو نوێنەری سەرۆکی وڵات سەری هەڵدا. ئەو وڵاتانەی کە بۆ یەکەم جار باڵوێزیان ناردە وڵاتانی دیکە دەوڵەت_ شارەچکۆلەکانی ئیتالیای ئەوسەردەمە بوون. لە سەدەی ١٦ و ١٧ دا هێندێک جار جگە لە باڵوێزی هەمیشەیی، نوێنەرێکی نائاسایی بۆ ئەرکی تایبەتی دەنێردرا کە دەسەڵاتی لە باڵوێزی نیشتەجێ یان رەسمی زۆرتر بوو و پاشانیش بۆئەوەی باڵوێزە رەسمەکان پێگەیەکی باشتریان هەبێ، بە باڵوێزە رەسمیەکانیان دەگووت، ،باڵوێزی نائاسایی. باڵوێز پیرەوی لە یاسای ئەو وڵاتە ناکا کە تێیدا نیشتەجێیە و وڵاتی خانەخۆی، دەتوانی تەنیا داوا لە وڵاتەکەی بکا کە بانگهێشتی بکاتەوە.

لە ئێران باڵوێزی رەسمی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە هاتە ئاراوەو بەر لەمە وەزیری موختار دەنێردرایە وڵاتانی دیکە کە لە راستیدا ئەرکی باڵوێزی بەرێوەدەبرد. باڵوێز لەلایەن

سەرۆکی ولاّتەوە هەڵدەبژێردرێ. بەڵام لەم پیوەندییەدا دەبێ ئەو ولاّتەی کە بالویزی بۆ دەچێ، بالویزەکە قبوول بکات و دەبێ ولاّتی یەکەم داوای قبوولکردنی بالویز لە ولاّتی دووهەم بکا. لە دوای پەسند کردنی سەرۆکی ئەو ولاّتەی کەباڵویزی بۆ دەنێردرێ، بالویز دەبێ لە ولاّتی خۆیەوە بەڵگەیەک بە ناوی"بڕوانامە" وەرگرێ. ئەم بەڵگەنامەیە بالویز دەناسێنێ کە راستەخۆ لە لایەن خۆیەوەو بە پێی بەرنامەیەکی رەسمی پێشکەشی سەرۆکی ئەو ولاّتە دەکرێ. پێش لەوەی بالویز بڕوانامەی خۆی پێشکەشی سەرۆکی ولاّت بکا، دەبێ وێنەیە کی بڕوانامەکەی بداتە وەزارەتی دەرەوەی ئەو ولاّتە. لەگەڵ پێشکەش کردنی بڕوانامە بە سەرۆکی ولاّت، تێکوشانی رەسمی باڵویز لەو ولاّتەدا دەست پێدەکا.

Accredited Ambassador باڵویزی ئاکرێدیتە

کاتێک دوو ولاّت، کە لەگەڵ یەکتردا پێوەندی سیاسیان هەیە، بەڵام تا ئێستا ئاڵوگۆڕی باڵویزیان نەکردبێ، لە حاڵەتی ئاوادا، زۆربەی کاتەکان باڵویزی خۆیان لە یەکێک لەو ولاّتانەی کە لەو ولاّتەوە نزیکن، وەکوو باڵویزی ئاکریدیتە بەیەکتر دەناسێنن. ئەم بالویزە لە راستیدا لە دوو ولاّت دا ئەرکی بالویزی بەرێوە دەبا، رێورەسمی ناساندن و پێشکەش کردنیبڕوانامەی بالویزی ئاکریدیتە وەکوو بالویزی نیشتەجێ وایە.

Attaché بەستراوە

ئەم زاراوەیە بە نزمترین پلەی دیپلۆماتێکی دەگوترێ، لە عوورفی سیاسییدا بەستراوە جیاوازەکانی وەکوو بەستراوەی سەربازی (زەمینی، ئاسمانی، دەیایی)؛ بازرگانی، کولتووری و ئابووری لە ئارا دان. ئەم بەستراوانە پێش لەوەی ئەم پۆستەیان پێ بدرێ، لە ولاّتی خۆیاندا پلەی گرنگی سەربازی و سیاسییان هەبووە.

One Hundred Flowers Movement بزوتنەوی سەد گوڵ

لە سەرەتاکانی دەیەی ۱۹۵۰دا کۆمەڵێک هەوڵ لە پێناوی " چاکسازی هزری" لە چینی کۆمۆنیست لەئارادا بوون بۆ ئەوەی رووناکبیران و خاوەن پیشەکان بێننە سەر رێبازی سۆسیالیزم. چوونکە ئەمانە سووکایەتیان بەو کادیرە بوێرانە دەکرد کە لە بە پۆستاڵە قوڕاوییەوە بۆ ئێرە و ئەوێ دەچوون و کاروباری خەڵکیان رادەپەڕاند، بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیست پێیانوا بوو کە بە جێگەی

ئەوەی لە شێوازی سەرەتایی و توندوتیژیی "چاکسازی هزریی " کەڵک وەگیردرێ، دەبێ لەرێگایەکی ناسکتر بۆ قەناعەت پێ هێنانی ئەوان کەڵک وەرگیردرێ. بۆیە کەڵکیان لە شێوەیەکی نوێی بزووتنەوەکانی سەد گوولی" ساڵەکانی ١٩٥٦_٥٧ وەرگرت. داوایان لە هەموو خەڵک کرد کە لە پێشبێرکێی" سەد چەپکە گوڵ و سەد رێبازی هزری"دا بە شداری بکەن. بە واتایەکی دیکە رژێم بدەنە بەر رەخنە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا، پاڵاوتنێکی حیزبی لە دژی بیرۆکراتی ئیداری لە نێو کادیرەکاندا پێکهات.

ماو لە شوباتی ١٩٧٥ دا جارێکی دیکە بانگەوازەکەی خۆی راگەیاندەوە و لەناکاو لافاوی رەخنەکان بە هۆی بڵاوکردنەوەی وتارەکان و لێدوانەکان هەموو چینی گرتەوە. ئەم رەخنانە زۆر بە توندی دژە حیزبی و دژە سۆسیالیستی بوون و نزیک بوو چوارچێوەی رژێم بدەنە بەر پەلامار، بۆیە وازیان لە بزووتنەوەی سەد گوولّ هێناو جارێکی دیکە لە شێوازی توندو تیژی "چاکسازی هزری" کەڵکیان وەرگرت.

بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی وکولتوورییەکان (١٩٦٦)

Social and International Covenant On Economic Cultural Rights

یەکێک لە دوو رێککەوتننامە بنەرەتیە نێودەوڵەتیانەیە کە مافەکانی ناو راگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک یاساکە دەبێ جێبەجێ بکرێن. بەڵێننامە هەمووئەو مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و کولتوورییانەی کە شیاوی مرۆڤەکانن دارشتووە و دەوڵەتەکانی ناچار کردووە کە بۆ بردنەسەری ئەم مافانە هەوڵ بدەن و دابینیشیان بکەن. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەویەکگرتووەکان هەوڵی سەرەتایی بۆ دارشتنی بەڵێننامە دا ولە ساڵی ١٩٥٤دا ئاراستەی کۆمەڵەی گشتی un کرا، بەڵام تاساڵی ١٩٦٦ بەڵێننامە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە پەسند نەکرا و لە ساڵی ١٩٧٦دا بە پەسندکردنی لەلایەن ٣٥ دەوڵەتەوە، دەوڵەتەکان ناچار کراون کە جێبەجێی بکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی ترس و نیگەرانیی سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتە فیدراڵەکان بەپێی دەستوور، ئەم بەڵێننامەی مۆر نەکردووە.

ئەوەی لە شێوازی سەرەتایی و توندوتیژیی "چاکسازی هزریی " کەڵک وەگیردرێ، دەبێ لەرێگایەکی ناسکتر بۆ قەناعەت پێ هێنانی ئەوان کەڵک وەرگیردرێ. بۆیە کەڵکیان لە شێوەیەکی نوێی بزووتنەوەکانی سەد گوولی" ساڵەکانی ٥٧_١٩٥٦ وەرگرت. داوایان لە هەموو خەڵک کرد کە لە پێشبێرکێی" سەد چەپکە گوڵ و سەد رێبازی هزری"دا بە شداری بکەن. بە واتایەکی دیکە رژێم بدەنە بەر رەخنە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا، پالاوتنێکی حیزبی لە دژی بیرۆکراتی ئیداری لە نێو کادیرەکاندا پێکهات.

ماو لە شوباتی ١٩٧٥ دا جارێکی دیکە بانگەوازەکەی خۆی راگەیاندەوە و لەناکاو لافاوی رەخنەکان بە هۆی بلاوکردنەوەی وتارەکان و لێدوانەکان هەموو چین گرتەوە. ئەم رەخنانە زۆر بە توندی دژە حیزبی و دژە سۆسیالیستی بوون و نزیک بوو چوارچێوەی رژێم بدەنە بەر پەلامار، بۆیە وازیان لە بزووتنەوەی سەد گوول هێناو جارێکی دیکە لە شێوازی توندو تیژی "چاکسازی هزری" کەڵکیان وەرگرت.

بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی وکولتوورییەکان (١٩٦٦)

Social and ،International Covenant On Economic Cultural Rights

یەکێک لە دوو رێککەوتننامە بنەڕەتیە نێودەوڵەتیانەیە کە مافەکانی ناو راگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک یاساکە دەبێ جێبەجێ بکرێن. بەڵێننامە هەمووئەو مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و کولتوورییانەی کە شیاوی مرۆڤەکانن دارشتووە و دەوڵەتەکانی ناچار کردووە کە بۆ بردنەسەری ئەم مافانە هەوڵ بدەن و دابینیشیان بکەن. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەویەکگرتووەکان هەوڵی سەرەتایی بۆ دارشتنی بەڵێننامە دا ولە ساڵی ١٩٥٤دا ئاراستەی کۆمەڵەی گشتی un کرا، بەلام تاساڵی ١٩٦٦ بەڵێننامە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە پەسند نەکرا و لە ساڵی ١٩٧٦دا بە پەسندکردنی لەلایەن ٣٥ دەوڵەتەوە، دەوڵەتەکان ناچار کراون کە جێبەجێی بکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی ترس و نیگەرانیی سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەلاتەکانی دەوڵەتە فیدراڵەکان بەپێی دەستوور، ئەم بەڵێننامەی مۆر نەکردووە.

www.perawipepwle.com

بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦)
International Covenant On Civil and Political Rights

یەکێک لە دوو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتیەیە کەمافەکانی ناو ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک یاسا کە دەبێ جێبەجێ بکرێن. بەڵێننامە کۆمەڵێک مافی مەدەنی و سیاسی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤەکان لەخۆ دەگرێ کە دەوڵەتەکان بەڵێن دەدەن بۆ بردنەسەری ئەم مافانە هەوڵ بدەن و گەرەنتیان بکەن. ئەم مافانە: مافی ژیان و ئاسایش، ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە، ئازادی بیروڕا، ئایین و قەدەغەکردنی کۆیلەداری وئەشکەنجە لەخۆ دەگرێ. ئەم بەڵێننامە لە سەرەتادا لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی UN لە ساڵی ١٩٥٤دا نووسرا و لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە پەسند کرا. لە ساڵی ١٩٧٦ دا بە پەسند کردنی نێوخۆیی لە لایەن سی وپێنج دەوڵەتەوە، دەوڵەتەکان ناچار کران کە جێبەجێی بکەن. ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی ترس و نیگەرانیی سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ بە پێی دەستوور، ئەم بەڵێننامەی پەسند نەکرد.

بەڵێننامەی نیشتمانی (١٩٤٣) National Convenant

ڕێککەوتنێکی نێوان یەکەمین سەرۆک کۆماریی لوبنان (بشارە ئەلخۆری) و یەکەمین سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە (ریاز سولح) بوو کە یەکەمیان مەسیحیەکی مارۆنی بوو و دووهەمیشیان ناسیۆنالیستێکی سوننەی لایەنگری پان عەربیسم بوو. ئەم بەڵێننامە لوبنان بە وڵاتێکی سەربەخۆ، خاوەن سەروەری، وبێلایەن دەناسێ. ئەم بەڵێننامە هەروەها دیاری کردبوو کە مارۆنیەکان خوازیاری پشتیوانیی ڕۆژئاوا و موسڵمانەکانیش بە تایبەتی سوونەکان خوازیاری توانەوە لە کیانێکی عەرەبیی گەورەتردا نابن و لوبنان پێوەندی مەعنەوی و هزریی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا ناپچڕێنێ. بەڵێننامە خوازیاری هەڵوەشانەوە و نەهێشتی بەرەبەرەی سیستەمی تایەفی بوو. پۆستە دەوڵەتیەکان بە شێوەی یەکسان لە نێوان گرووپە ئایینیە ناسراوەکاندا، دابەش دەکران، بەڵام لە پوستە تەکنیکیەکاندا شارەزایی و لێهاتوویی کەسەکان پێویستە. جگە لەمە سێ پۆستی بەرزی دەوڵەتیش بەم شێوە دابەش دەبن

١ـ سەرۆک کۆمار ـ مەسیحی مارۆنی

٢ـ سەرۆک وەزیر ـ موسلمانی سووننە

٣ـ سەرۆکی پەرلەمان ـ موسڵمانی شیعە

بەڵێننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان

League Of Notions Convenat

لە بابەتە گرنگەکانی بەرنامەی کاری کۆنفرانسی پاریس لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، مەسەلەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو کە دەبوایە زوو وەکوو یەکەمین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی جیهان، پاراستنی ئاشتی و ئاسایش بۆ نەتەوەکانی جیهان مسۆگەر بکا. لە ماوەی ساڵەکانی شەڕدا، لە زۆربەی وڵاتەکاندا گەڵاڵەی جیاواز بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی بەم شێوەیە دارێژرابوون و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لەم پێناوەدا هەوڵیان دەدا. ئەم وڵاتانە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە بۆ پێشگرتن لە هەر شەڕێکی کارەساتباری هاوشێوە، ڕێکخستنێکی جیهانی پێک بێنن. بەریتانیا، فەڕەنسە و ئەمەریکا وێڕای ئەوەی باسی پاراستنی ئاشتی لە جیهان و گەرەنتی ئاسایشی "هەموو نەتەوەکان" یان دەکرد، هەوڵیان دەدا گەڵاڵەیەک ئاراستە بکەن کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکا و نفووزی ئەوان لە جیهاندا زیاتر بکا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە لە هەموو وڵاتانی دیکە دەسەڵات و سامانی زۆرتر ببوو، ڕاشکاوانە لە پێناوی گرتنەدەستی ڕێبەرایەتیی دامەزراندنی سیستەمی پێوەندی نێودەوڵەتیی لە ساڵەکانی پاش شەڕدا تێدە کۆشا. بە بڕوای ڤیلسۆن (سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا) ڕەشنووسی بەڵێننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە لایەن خۆیەوە ئاراستەی کۆنفرانسی پاریس کرابوو و بۆ خۆشی داوای کردبوو کە لە کۆنفرانسی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا ئاماژە بەم بەڵێننامە بکرێ، دەبێتە هۆی بە هێزکردنی ئەم ئامانجانە. بەڵام بەرنامەکانی ڤیلسۆن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی لە ژێر ساباتی پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لەلایەن بەریتانیاو فەڕەنساوە دژایەتیی لەگەڵدا کرا. ئەگەرچی نوێنەرانی بەریتانیا و فەڕەنسا ڕاشکاوانە لەگەڵ بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا دژایەتیان نەدەکرد (و بۆخۆشیان لەم پێوەندییەدا چەند پێشنیاریان دابوو بە کۆنفرانس) ئەوەی لە دەستیان هات، بۆ وەدواخستنی پەسند کردنی ڕەشنووسەکە کردیان و کۆمەڵێک بڕیاری نوێیان لە کۆبوونەوەکاندا هێنایە گۆڕێ و گۆرانکارییەکی زۆریان لەڕەشنووسەکەدا پێکهێنا و لەگەڵ هێنانە بەرباسی ئەم

ڕەشنووسە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتیدا دژایەتیان کرد. لە هەمان حاڵدا بەریتانیا و فەڕەنسا نەیانتوانی لە سەر هێندێک لە ماددەکانی ئەم بەڵێننامە ڕێککەون لە کۆتاییدا ڕەشنووسی بەڵێننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بە هاوبەشی بەریتانیا و ئەمەریکا ولە دوای وتووێژە نارەسمیەکانی ئەم دوو هێزە دارێژرا بوو، وەکوو بناغەی بەڵێننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان پەسندکرا.

بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان *National Interest*

بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان، ئامانجی سەرەکیی و چارەنووسسازی سیاسیەتی دەرەوەی وڵاتێک پێکدێنن. بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان، بنەما سەرەکیەکانی وڵاتێک پێکدێنن. پاراستنی کیان، سەربەخۆیی، یەکپارچەیی وڵات، ئاسایشی سەربازی و خۆشگوزەرانی ئابووریی لەو بنەما سەرەکیانەن کە بۆ هەر وڵاتێک پێویستن. ئەو کاتەی کە بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵاتانی لە یەک ئاراستەدان، ئەم وڵاتانە پێکەوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان تێدەکۆشن، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییەکانیان لە یەک ئاراستەدا نەبوو، کێبەرکێ، گرژی، ترس و لە دوایشدا شەڕ سەرهەڵدەدا. دەوڵەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەم شێوازانە کەڵک وەردەگرن: : پەنابردنە بەردیپلۆماسی، کۆتاییهێنان بە کێشەکان بە ڕێگاچارەی ئاشتیانە ، یاسا نێودەوڵەتیەکان، ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان.

جۆرەکانی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان: بەرژەوەندییە هاوتەریبەکان، بەرژەوەندییە دژەکان، بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بەرژەوەندییە کێشە خولقێنەکان.

لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، تاقمێک بەرژەوەندی گشتی لە چوارچێوەی عەینی و عەقڵانی و بە پێی تەکتیکە زانستیەکان لێک دەدەنەوە، بەڵام تاقمێکی دیکە بە پێی ناکۆکی نێوان ڕوانگە زەینیەکان و پێویستیە سەرەکیەکان لیکی دەدەنەوە و وێڕای ئاماژەکردن بە بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان بە شێوەی دەرئەنجامە (داتا)سیاسییەکان وەکوو شێوازێکی هونەری تاوتوێی دەکەن.

هەرچۆنێک بێ، دەبێ ئەم چەمکە بە پێی سەنتێزێک لە دوو تەکتیکی عەینی و زەینی تاوتوێ بکرێ.

هانس مۆرگەنتا، وەکوو یەکێک لە لایەنگرانی ڕێبازی ڕئیالیزم، بەرژەوەندییە گشتیەکان بە هاوواتای هێز، وەکوو ئامانجی دەوڵەتێک دادەنێ. ڕئیالیستەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی

دەوڵەتەکان، هێز بە شتێکی پێویست دادەنێن. سەرەڕای ئەوەی کە یەکە سیاسییەکان بە دوای ئامانجێکی دیکە لە سیاسەتی دەرەوەدان، بەڵام بە پێی ئەم تیۆرە، هێز، هەموو ئەو ئامانجانە دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. ئەم ڕێبازە لەسەر ناهاوسەنگ بوون و لێکنەچوونی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان راوەستاوە. بە بڕوای مورگەنتا لانیکەمی داخوازییەکانی دەوڵەتێک، پاراستن و پارێزگاریکردن لە شوناسی فیزیکی (یەکپارچەیی وڵات)، سیاسی (پاراستنی حکوومەت) و کولتوورییە (پاراستنی شوناسی نۆرمە مێژوویی و بە هاکان) کە بە هۆی توانایی هێزی پێویستەوە دەتوانی دابینیان بکا مورگەنتا بە هۆی ورد نەبوونەوە لە کەڵک وەرگرتن لە دوو چەمکی ئابستراکتی هێزو بەرژەوەندییەکان، لە لایەن ڕێبازی زانستگەریی لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کەوتە بەر رەخنەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەو رەخنانەدا، ئەو پێیوابوو کە ئەم چەمکانە لە ناخی خۆیاندا تایبەتمەندییەکی ئابستراکتیان هەیە و نابێ بە پێی پێوەرە ئامارییەکان لێک بدرێنەوە. بەدرێژایی زەمان، سەبارەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان چەند پرسیار هاتوونە گۆڕێ و کۆمەڵێک بابەتیش لەم پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاراوە کە ئاماژە بەهێندێکیان دەکەین:

١ـ کەڵک وەرگرتن لە چەمکی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان، رەوایی دەدا بە ئەرک و رۆڵی سیستەمی سیاسی؛ بەو واتایەی کە لە سەردەمی پێکهێنانی حکوومەتە نەتەوەییەکاندا (نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨دا) هەموو هەڵبژاردە سیاسییەکان (ئیلیتەکان) بێ سەرنجدانە پێکهاتەی حکوومەتەکانیان، پاساویان بۆ چالاکیی دەوڵەتەکان بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هێناوەتەوە. هەرچەندە شیکردنەوەی هێندێک لە سیستەمە سیاسیەکان، لە بواری جموجۆل و پێکهاتەییەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لەم سیستەمانەدا بەرژەوەندییەتاکەکەسی و گرووپیەکان و بەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانیەکاندا زاڵن.

٢ـ چەمکی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان لایەنی ئەخلاقی هەیە، چوونکە هەرکام لە دەوڵەتەکان خوێندنەوەی تایبەتیان لە سەرئەم چەمکە هەیە. واتە رەنگە دابینبوونی بەرژەوەندی دەوڵەتی "a" بە زیانی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی "b" تەواو بێ (ئاکامی یارییەکەش سفر دەبێ).

٣ــ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان ورادەی توانایی و هێزی دەوڵەتەکاندا هەیە. لەم پرۆسەدا، ڕەنگە بە چوونە سەری ئاستی تواناییەکانی سیستەم (دەوڵەت)، پێناسەیەکی دیکە لە سەر ئامانجەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان بێتە ئاراوە.

٤ــبەرژەوندییە گشتییەکان بەپێی تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و تایبەتمەندیی سیستەمی ئایدۆلۆژی لێک دەدرێنەوە.

بە گشتی، سیاسەتی دەرەوە درێژەی سیاسەتی نێوخۆییە. لە سەر ئەم بنەمایە، تایبەتمەندیی سیستەمی سیاسی لە بواری پێکهاتەیی و جموجۆڵەوە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر لە چۆنیەتی لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکان، ستراتیژییەکان و ئامانجەکاندا بگێڕێ.

بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتی
International Responsibility

بریتییە لە ئەرک و بەرپۆسیارەتیەک کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بەسەر دەوڵەتێک دادەسەپێ، تاوەکوو قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە بە هۆی پێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەوکان یان خۆبواردن یان ڕەچاونەکردنی ئەو ئەرکانە تووشی وڵاتێکی دیکە بووە. بە پێی پێناسەی پرۆفیسۆر بادڤان؛ بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتیی دامەزراوەیەکی یاساییە کە بە پێی ئەم بنەمایە ئەو وڵاتەی کە بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەکان جووڵاوەتەوە، دەبێ بە پێی ئەم یاسایانە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە تووشی وڵاتێکی دیکە بووە.

بەرپرسیارەتیی وڵات — State Responsibility

بە ئەرک وبەرپرسیارەتی وڵاتێک دەگوترێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەهۆی کەمتەرخەمی یان جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان هاتۆتە ئاراوە. بەرپرسیارەتیی وڵات بریتییە لە کردەوە یان جێبەجێ نەکردنی ئەرکێکی نێودەوڵەتیی کە بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە وڵاتی داواکار. ئەگەرچی بەرپرسیارەتیی وڵاتەکان زیاتر سەبارەت بە بەرپرسیارەتیی لە هەمبەر ئەو زیانانە دێ کە لە هاوڵاتیانی بیانی دەکەون، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە زۆر بوارەکانی دیکەی جگە لە یاسا نێودەوڵەتیەکانیشدا، بەکەڵکن (بۆ وێنە بنەمای قەدەغە بوونی پەنابردنە بەر هێز لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا). بەرپرسیارەتیی وڵات یان بە هۆی ئەو کردەوانە

www.perawipepwle.com

سەر هەڵدەدا کە لە ڕێگای نوێنەری وولاتەوە ڕاستەوخۆ دەدرێنە پاڵ ئەو ولاتەوە (بەرپرسیارەیێ سەرەکیی)یان لەو کردەوانە سەرچاوە دەگرێ کە ناڕاستەوخۆ ئەو ولاتەی تێوەگلێ (بەرپرسیارەیێ سەرەکیی). ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی هاتنە ئارای بەرپرسیارەیێ سەرەکیی: کردەوەکانی دەسەلاتەکانی داد، بەرێوەبەری و یاسادارشتن لە خۆ دەگرن. بەرپرسیارەیێ ناسەرەکیی بە هۆی ئەو کردەوە نایاساییانەوە دێتە ئاراوە کە لە لایەن کاربەدەستەکانی پلەنزمی حکومەت، یان لە لایەن کەسە ئاساییەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

بەکرێگیراو *Mercenary*

بە هاوولاتی ولاتێکی سێهەم دەگوترێ؛ کە بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی چەکدارانە، لە لایەن ولاتێکی دیکەوە بەکرێ دەگیردرێ. ئەو کەسە تەنیا لەبەر پارە ڕاستەوخۆ لە شەڕی نێوان ئەو دوو ولاتەدا بەشداری دەکا. بەپێی یاسا عورفیە گشتیەکان و ڕێوشوێنەکانی کۆنڤانسیۆنی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٠٧ (و کۆنڤانسیۆنی هاوشێوەی ساڵی ١٨٩٩) وکۆنڤانسیۆنی ژمارە ٢٠ی ژنیف(١٩٤٩)، لەگەڵ بەکرێگیراون و ئەوکەسە بیانیانەش کە بە دڵخوازی خۆیان لە شەڕەکاندا بەشداری دەکەن، وەکوو شۆڕشگێڕەکانی دیکە (ڕێکخراو نارێکخراو) هەڵسوکەوت دەکرێ، بەومەرجەی ڕەچاوی یاسا و عورفی شەڕەکانیان کرد بێ. بەڵام بە پێی پرۆتۆکۆلی ژمارەیەکی (١٩٧٧)، بەکرێگیراو (نەکەسی بیانیی)، بە شۆڕشگێڕ نایەتە ئەژمار و لە کاتی دیل کردندا، یاسای دیلەکانی شەڕ نایگرێتەوە. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەکرێگیراو (جگە لەو توخمانەی سەرەوە) دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەش بێ:

١ـ دەبێ بەڵێنی بەخشیش و خەلاتی ماددی پێدرابێ و ئەم بەخشیش و خەلاتە دەبێ زۆرتربێ لەو ڕادەیەی کە بە کەسەخۆمانەکان دەدرێ.

٢ـ ئەم کەسە نابێ هاوولاتی، نیشتەجێ یان ئەندامی یەکێک لە هێزە چەکدارەکانی لایەنەکانی شەڕی بێ

٣ـ نابێ لە لایەن ولاتێکی سێهەمەوە ئەرکی پێ سپێردرابێ کە ببێتە ئەندامی ئەم هێزانە (بەڵکوو بە دڵخوازی خۆی چووبێ).

بەرەی یەکگرتووەکان *Axis Power*

بە هاوپەیمانەتیی نێوان ئەڵمانیا، ئیتالیا، ژاپۆن و دۆستەکانیان لە ماوەی شەر دووهەمی جیهانیدا دەگوترێ.

بڕوانامە *Exequature*

بە بەڵگەی رەسمیی دان پێدانان و پەسندکردنی (هاوتای وەرگرتنی باڵوێزەکان) سەرۆکی ئەرکە کۆنسولیەکان دەگوترێ.

بە ڕووسی کردن *Russification*

بریتیە لە بە رووسی کردنی کولتوور، زمان، داب و نەریتی کۆمەڵگا جیاوازەکانی رووسیا لە سەردەمی پاشایەتیی تەزارەکان و شۆرشی سوور، بۆ پێشگرتن لە ناوچەگەرایی و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان نەتەوەکانی نێو ئیمپراتۆریای رووسیا .

ت

ت

تیۆری دوو شمشێر

The Theory Of Two Swords

ئەم زاراوەیە بە زنجیرە بیروباوەڕێکی تایبەتی دەگوترێ کە بە قۆناغی باوکانی کەنیسە بەناوبانگەو، دەرئەنجامی هزرو بیروبۆچوونەکانی بیریارانی مەسیحیە.

ئەم تیۆرە جۆرێک لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵی دووفاقیێتی لە بەرامبەر کۆمەڵگای ئەوروپی و دەوروبەری مەدیتەرانە پێک هێنا، کە بەپێی ئەم تیۆرە، کلیسا بەرژەوەندیەکانی پیاوانی ئایینی دەپاراست، بۆ ئەوەی بتوانن مرۆڤەکان بگەیەننە ڕزگاری هەتاهەتایی. ئەم ڕێبازە کۆمەڵێک ڕێ و شوێنی تایبەتی گرتەبەر کە جیبەجێکردنیان لە ئەستۆی قەشەکان دابوو. هەروەها پاراستنی ویست و حەزە دنیایەکان و پیادەکردنی تەکوز و دادپەروەری چووە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی حکومەتی وڵات، کە کاربەدەستانی سیاسی و بەڕێوەبەرانی وڵات دەبوایە جێبەجێیان بکردایە.

لە کاتی سەرهەڵدانی هەرکێشەیەک لە نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسیدا، دەبوایە مافێک کە خوا بۆ دەسەڵاتەکەی تری لە بەرچاو گرتبوو، بپارێزرایە.

تائۆئیزم / دائۆئیزم Taoism

ڕێبازێکی فەلسەفە ـ سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە سەرچاوەی بنەماکانی ئەم بیروبۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمەکانی لائۆتسە، فەیلەسوفی چینی (٥٠١ـ٦٠٤ب.ز). لائۆتسە لە بەرهەمی بەناوبانگی خۆیدا بە ناوی تائۆتێ چینگ (Tao Tching) لەسەر گرنگی سروشت و بێ بەهابوونی هونەر (پیشەسازی و تەکنیک) پێداگری دەکا. ناوبراو دەڵێ کە مرۆڤ لە سەرەتادا بەختەوەرە، بەڵام لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کۆمەڵگا پێکی دێنێ، پەرێشان دەبێ و؛ باشترین ڕێگای بەختەوەری ئەوەیە کە مرۆڤ لە شارستانیەتی ئێستاکە ڕا بکا و پەنا بۆ سروشت بەرێ. چوونکە ئەگەر شتەکان و کاروبارەکان لە جووڵە و گەڕانی سروشتیی خۆیاندا سەربەست بن، بە هاوئاهەنگی و بێ کەم و کورتی دەجوڵێن و درێژە بەمانەوەی خۆیان دەدەن. لە بواری سیاسیەوە، لائۆتسە هەر ئەو واتا هزرییەی خزاندۆتە نێو چوارچێوەی حکومەتەوە و، دەڵێ کە بشێویە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە دوو شت سەرچاوە دەگرن:

١ـ ئاڵۆزبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان

٢ـ زاڵبوون و چەوسانەوەی چینە خوارترەکان لە لایەن چینە باڵادەستەکان. لەو بارەوە دەڵێ:

"خەڵک لە دەست برسیەتی دەناڵێن چوونکە کاربەدەستان باجێکی زۆر لە خەڵک وەردەگرن. چوونکە حکومەت دەست لە کاروباری خەڵک وەردەدا، پاڵەپەستۆ دەخاتە سەرخەڵک".

بیروبڕواکانی ڕێبازی تائۆئیزم کاریگەرییان لە سەر بیروبۆچوونەکانی ژان ژاک رۆسۆ (پەیمانی کۆمەڵایەتی) و هێندێک لە ئەگزیستانسیالیستەکان (وەک ئالبێرکامۆ) و ڕێبازی ئانارشیزمدا هەبووە.

تاچێریزم Thatcherism

بە زاراوەیەک دەگوترێ کە لە ناوی مارگاریت تاچێر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (٩٠-١٩٧٩) وەرگیراوە. تاچێریزم بیربۆچوون، ڕێبازو شێوازە سیاسیەکانی ناوبراو لە خۆدەگرێ. بەر لە دەسەڵات گەیشتنی تاچێر، بەریتانیا لەگەڵ دابەزینی گەشەی ئابووری، زۆر بوونی بێکاری، ناکارامەیی بازرگانی، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان، کەمبوونەوەی سەرمایەگوزاری، بەرزبوونەوەی

www.perawipepwle.com

ئاستی هەڵاوسان و مانگرتن لەبەشە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیدا بەرەوڕوو بوو. ناوبراو بە گرتنەبەری سیاسەتێکی چەند لایەنەی وەک کۆنترۆڵی خستنە ڕووی پارە بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسان، بەتایبەتیکردنی پیشەسازییە دەوڵەتیەکان، کەمکردنەوەی خەرجیەکانی دەوڵەت، کەمکردنەوەی باجەکان و لابردنی گرفتەکانی بەردەم سەرمایەگوزاری لە بەشی تایبەتیدا هەوڵیدا لەگەڵ گرفتەکانی وڵاتەکەیدا شەڕ بکاو لە ناویان بەرێ.

گرتنەبەری ئەم سیاسەتانە لە دوو ساڵی یەکەمی حکومەتەکەی ناوبراودا ناڕەزایەتیەکی زۆری دروست کرد. ئاستی بێکاری هەروا بەرز بوو، خۆشەویستی ناوبراویش بە نزمترین ئاستی خۆی (لە سەردەمی "چێمبرلین" ەوە) گەیشت.

زۆربەی خەڵک لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ناوبراو لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکانی خۆی لەدەست دەدا، بەڵام ڕوودانی شەڕی فالکەند (کانوونی دووهەمی١٩٨٢) کە بە سەرکەوتنی بەریتانیا کۆتایی هات، تاچێری کرد بە کەسایەتیەکی دژە کۆمۆنیستی و بە "خاتوونی ئاسنین" بەناوبانگ بوو. لە هەڵبژاردنەکانی کانونی دووهەمی ١٩٨٣دا هەڵاوسان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیبوو، بەڵام ئاستی بێکاری هەروا بەرزبوو. تاچێر لە درێژەدان بەو بەرنامە سیاسیانە لە بەرامبەر سۆسیالیستەکان و لە داماڵینی چەکی ناوەکی، مانگرتنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و دەوڵەتانی کۆمەڵەی ئەورووپی سەرکەوتوو بوو. تاچێر درێژەی بە بەرنامەکانی خۆی لە بوارەکانی خۆشگوزەرانیی گشتی، خزمەتگوزاریی تەندروستی و خاوەنداریتی تایبەتی دا.

تاچێریزم دژی سۆسیالیزم و دیریژیزم بوو، بە بڕوای هێندێک لە چاوەدێران، بەرنامەکانی تاچێر، نیشانەی لە پەلەقاژەدابوونی سۆسیالیزم لە بەریتانیادا بوو. بەڵام بەو حاڵەش، ئەم هۆکارانە بونە هۆی ئەوی کە تاچێریزم بەرەو تێکشکان خلۆربێتەوە:

زۆر بوونی ڕێژەی سوود بەرادەی ١٥/٤%؛ بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان بەڕێژەی ٧/٥%و زیاتر؛ گرتنە بەری سیاسەتی خۆتەریک خستنەوە لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپادا؛ گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات؛ دارمانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان؛ گەڵاڵە توندڕۆکان لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیە نیشتمانیەکان و، ڕیفورمە پەروەردەییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکاندا کە هیچ دەرەنجامێکیان لێ نەکەوتەوە.

دەرکەوتنی تاچێریزم دەرەنجامی کۆمۆنیزمێکی دەمارگرژ و توندڕۆ بوو کە لەگەڵ لەبەریەک هەڵوەشانەوەی رژێمە کۆمۆنیستەکان و هەروەها کۆتایی شەڕی سارد، تارادەیەکی زۆر فەلسەفەی مانەوە و رەوایی خۆی لەدەست و، رێگای بۆ سەرکەوتنی تۆنی بلێر (سەرۆکی حیزبی کرێکار) خۆش کرد(١٩٩٧).

تاکتیک Tactics

وشەیەکی یۆنانیە بە واتای "دارشتن و رێکخستن"ە، ئەمرۆکە بە دوو مانا کەڵکی لێ وەردەگیرێ:

١ــ لێوەشاوەیی و هونەری فەرمانداندەیی لە گۆڕپانی شەڕدا

٢ــ ئەو ئامرازو گەڵاڵە شیاو و بەجێیانە کە بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.بۆیە دەتوانین Tactical Conduct بە رێبەرایەتیی لێهاتووانە" پێناسە بکەین و لە واتای یەکەمدا کورتکراوەی وشەی "زانستی شەڕ"ە.

تاکتیک بە پێچەوانەی ستراتیژی، بە هەڵکشان و داکشانی گۆڕانکارییەکان بەستراوەتەوە، بەپێی گۆڕانکارییەکان، گۆڕانی بە سەردادێ. واتە بەپێی پێویستی دەگۆڕێ. لەراستیدا، تاکتیک بە بەشێک لە ستراتژی دادەنرێ.

تاکتیکی سالامی Salami Tactics

ئەو شێوازانەی کە لە رێگایانەوە لایەنێک لە لایەنەکانە پێکهێنەرەکانی هاوپەیمانەتیی دەوڵەتی بە لە نێوبردنی یەکەیەکەی لایەنە بەشدارەکانی نێو هاوپەیمانەتیەکە، دەسەڵات دەخاتە پاوانی خۆیەوە. ئەم تاکتیکە بە شێوەیەکی تایبەتی دوای ساڵی ١٩٤٥ سەبارەت بە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەم ناوە لە راپۆرتی راشکاوانەی " ماتیاش راکوشی"، سەرۆکی کۆمۆنیستی هەنگاریا وەرگیراوە کەنیشان دەدا کە زۆرینەی "حیزبی خاوەن سەرمایە بچووکەکان" و حیزبی سۆسیال دیمۆکرات هەرکام بە نۆرەی خۆیان لە نێو دەبران؛ واتە بەو شێوەیە کە سەرەتا باڵی راستی ئەوان و، پاشان ئەندامە ناوەندگەراکانیان لە نێو دەبران، هەتا ئەو رادەیە کە تەنیا هاوکارە نزیکەکانی کۆمۆنیستەکان دەمانەوە.

Thalweg تاڵڤێگ

بە قووڵترین شوێنی رووباردا تێدەپەڕێ. ئەمجۆرە هێڵە بۆ دیاریکردنی سنوور لە رووبارە سنوورییەکانی نێوان وڵاتان دا، شێوازێکی باش و گونجاوە، چوونکە لەم رێگایەوە هەر دوو وڵاتەکە دەتوانن بۆ هاتووچۆی پاپۆڕەکانیان لەو رووبارە کەڵک وەرگرن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەگەر سنوورەکە لە نێوەڕاستی رووبارەکە دەستنیشان بکرێ، ئەوا رەنگە بەشە قووڵەکە تەنیا وەبەر لایەنێک بکەوێ و، پاپۆڕەکانی لایەنەکەی تر نەتوانن بەم رووبارە دا هاتووچۆ بکەن.

Thômism تۆمیزم

ئەم زاراوە بۆ "تۆماس ئەکویناس (١٢٧٣_١٢٢٥)، فەیلەسۆفی بە ناوبانگ و یەکیک لە گەورەکانی کلیسای کاتۆلیکی رۆم دەگەڕێتەوە.

ئەم رێبازە پێیوایە کە : مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە؛ ئامانجی دەوڵەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایە؛ سەرچاوەی دەسەڵاتی لە لایەن خواوەیە؛ لە پێوەندیی تاک و دەوڵەت دا، دەوڵەت یان حکومەت نابێ زۆڵم لە خەڵکی خۆی بکاو بیانچەوسێنێتەوە؛ باشترین جۆری حکومەت سیستەمی پاشایەتیە، بەمەرجێک کە یاسا باڵادەست بێ و جێبەجێ بکرێ؛ خەڵک بەگژ حکومەتدا نەچنەوە، کلیسا بەسەر دەوڵەت دا زاڵ بێ، و بڕوا بەوەی کە شەڕ شتێکی ڕەوایەو، رەوایی شەڕیش لەسەر بنەمای شەڕی کاتۆلیکی رۆم ڕاوەستاوە. بەڵام درۆ و شکاندنی بەڵێن و پێشێلکردنی بەڵێن و کوشتنی ژن و منداڵ لەشەڕدا قەدەغەیە.

Thêory تیۆری

بریتیەلە :

١_ کۆمەڵێک لە بیروبۆچوونە رێ نیشاندەرەکان لە بواری زانیارییەکانی مرۆڤدا.

٢_ روونکردنەوەو شیکردنەوەی زانستیانەی یاساکانی گەشەسەندن لە سرۆشت یان لە کۆمەڵگادا.

تیۆکراسی Teocracy

تیۆرێکی سیاسی و ئایینیەو پێیوایە تەنیا حکومەتی ئایینی، حکومەتێکی رەوایە و یاسای بەجێ و راست، ئەو یاسایەیە کە لەلایەن پێغەمبەرانەوە بە خەڵک راگەیەنراوە و خوا دایڕشتووە. بەپێی ئەم تیۆرە، ئایین وسیاسەت لە یەکتر جیا نین و، دەبێ یاساکانی خوا بەسەر خەڵک دا جێبەجێ بکرێن.

تراستی مێشکەکان Brains Trust

ئەم زاراوەیە بەو ئابووریزان و بازرگانە ئەمریکیانە دەگوترا کە راوێژکاری رۆزڤەڵت، سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بوون (١٩٤٥ــ ١٨٨٢). ئەو راوێژکارانە رۆڵێکی بەرچاویان لە رێکخستنی سیاسەتی نیودیلدا (سات وسەودای نوێ)هەبوو.

ئەمڕۆکە ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی بەربلاو بەو تاقمە لە پسپۆڕ و شارەزایانە دەگوترێ کە کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگریان لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتێکدا هەیە.

تێرمیدۆر *Thermidor*

لە وشەی یۆنانیThérmé بە واتای گەرما وەرگیراوە. لە رۆژژمێری شۆڕشگێری فەڕەنسادا بە یازدەیەمین مانگی ساڵ دەگوترا کە بەپێی رۆژژمێری گریگووری هاوکات بوو لەگەڵ نۆزدەی تەممووز هەتا حەڤدەی مانگی ئاب . ئەم زاراوەیە لە مێژووی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسادا بە کودەتای نۆیی تێرمیدۆر (٢٧ی تەممووزی ١٧٩٤) دەگوترێ کە کۆتایی بە سەردەمی زەبرو زەنگ و سەرکوتی ژاکۆبینەکان هێناو، بەدوای ئەودا، قۆناغی کۆنەپەرستیی بە ئاشکرای بۆرژوازی لە بەرامبەر چەمکە شۆڕشگێرییەکانی روبیسپەرو چینی کرێکاری پاریس دەستی پێکرد. ترۆتسکی شۆڕشگێری بە ناوبانگی رووسیا ئەم زاراوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٣ دا بەکارهێنا. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە، سەپاندنی کۆنترۆڵێکی ناوەندیی توند بەسەر حیزبی دیمۆکراتی رووسیا لە لایەن لنینەوە رێگا بۆ تێرمیدۆرە هەلپەرستە سۆسیالیستەکان خۆش دەکا. یەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پۆست و دەسەڵات لە دەزگای بەرێوەبەریی سۆڤیەتدا

(دوای مردنی لنین) ئەو مەترسیە بوو کە ترۆتسکی و لایەنگرەکانی بە "تێرمیدۆر"ێکی نوێ ناویان دەبرد؛ واتە خیانەتی دەوڵەتی نوێ و بیرۆکراتیی حیزب بە شۆڕشی رووسیا و چینی کرێکاری رووسیا.

ترۆتسکیزم Trotskism

ترۆتسکیزم بە تیۆرێک و بزووتنەوەیەک دەگوترێ کە لە لایەن لیئۆن ترۆتسکی (١٨٧٩-١٩٤٠) هاتە ئاراوە و خۆی گرت. ترۆتسکیستەکان بە پشت بەستن بە وانەکانی مارکس، ئەنگێلز و لنین و هەروەها ئەزموونەکانی شۆڕشی رووسیا کە تروتسکی بۆخۆی رۆڵێکی بەرچاوی تێدا هەبوو، خۆیان بە مارکسیە شۆڕشگێڕەکان دەزانن. ئەوان خوازیاری نەهێشتنی سەرمایەداری لە رێگای شۆڕشێکی کرێکارین. لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەکەن کە دەبێ رێگای گەیشتن بە کۆمەڵگای سۆسیالیستی خۆش بکا کە لەودا دەسەلاٌت لە دەستی چینی چەوسێنەردا نەمێنێ و حکومەتی زەحمەتکێش و چەوساوەکان بە شێوەی سیستەمێکی سۆسیالیستیی فرەحیزبی دابمەزرێ؛ دیارە هەر ئەو حیزبانە دەتوانن بە دەسەلاٌت بگەن کە بروایان بە سۆسیالیزم هەیە. ئەوان ئەگەرچی پێکهاتەی کۆمەلاٌیەتیی ولاٌتانی بەرەی رۆژهەلاٌتیان قبووڵە، بەلاٌم سیستەمی بیرۆکراتیانەی ئەوان پرۆتستۆ دەکەن. لەم رووەوە لە ولاٌتانی رۆژهەلاٌتدا، خوازیاری شۆڕشێکی سیاسین کە گۆڕانکاریە سۆسیالیستیەکان مسۆگەر بکا.

ترۆتسکی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٠٦، لە وتارێکدا بە ناوی "شۆڕشی ئێمە"، بۆچوونی خۆی لە بارەی شۆڕشی بەردەوام خستە روو. دواتر، لە دەیەکانی بیست وسی دا، جارێکی تر بە پێداگریەوە بەرگری لە بۆ چوونی خۆی کردو، لەم بەستێنەدا، دیاریکەری ئەو فیکرە بوو کە لە شۆڕشدا کێشە لەسەر رووداوێکی یەکجارەکی نیە، بەلکوو کێشە لەسەر زنجیرە گورانکاریەکی کۆمەلاٌیەتی و سیاسی وەک شۆڕشێکی بێ پسانەوەیە کە بۆ شۆڕشێکی کرێکاری _ تەنانەت لە دوورترین شوێندا _ ئەو هەلە پێک دێنێ کە سەربەخۆ لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی خۆی شۆڕش هەلگیرسێنێ و بەرەوپێشی ببا. چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ لە ولاٌتێکی دواکەوتوودا کاتێک دەتوانێ دەسەلاٌتی خۆی بسەپێنێ و کۆمەلگایەکی سۆسیالیستی دابمەزرێنێ کە ئەم شۆڕشە نەقیزەیەک بێ بۆ شۆڕشی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی. سەرکەوتنی چینی کرێکار لە ولاٌتێکی دواکەوتوودا کاتێک دەتوانێ مسۆگەر بێ کە شۆڕش لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەربکەوێ. بەبێ

www.perawipepwle.com

پشتیوانیی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاران، گۆڕانکاری سۆسیالیستی ناتوانێ بە سەرکەوتوویی کۆتایی بێ و، کۆمەڵگای سۆسیالیستی دابمەزرێ.

لە خاڵی بەرامبەری تیۆری "شۆڕشی بەردەوام"ی ترۆتسکی دا، تیۆری ستالین سەبارەت بە "سۆسیالیزم لە ولاتێک دا" هەبوو.

لەم پێناوەدا ، ترۆتسکی لە پاییزی ساڵی ١٩٢٣ لە زنجیرە وتارە بە ناوبانگەکانی دا ناوی " ئاراستەی نوێ" دژایەتی خۆی لەگەڵ بیرۆکراتی دەست پێکرد.

ناوبراو هەر لەو رۆژانەدا رەخنەی لەوەگرت کە بڕیارەکانی حیزب لە لایەن کادیرە پلە بەرزەکانەوە دەدرێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەندامانی حیزب لە ریزەکانی خوارەوەدا تەنیا لە بڕیارە دەرچووەکان ئاگادار دەکرێنەوە. ناوبراو رەخنەی توندی لە لوت بەرزیی بیرۆکراتیانەی کادیرەکان و دوورکەوتنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەو کادیرانە لە خەڵکی ئاسایی دەگرت. ترۆتسکی لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣دا ئاماژەی بەوەکرد کە بیرۆکراتی بە هیچ شێوەیەک جۆرێک لە " بینەوبەرە پێکردن" یان پاشماوەی بارودۆخی رابردوو نیە، بەڵکوو رێچکەیەکی بنەڕەتیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی دژە شۆڕشێک. ئەو هەروەها رەخنەی لە مەیینی ئایدۆلۆژی دەکرد کە بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا.

ترۆتسکی پێشنیاری کرد کە حیزب دێمۆکراتی بکرێ. چالاکی حیزبی لە سەرەوە بۆ خوارێ و بۆ ریکخراوەکانی خوارەوە بگوازرێتەوە. ترۆتسکی پێیوابوو کە دەستەبەربوونی دێمۆکراسیی نێو حیزبی تەنیا رێگای زاڵبوون بەسەر ورەی چینایەتی کادیرەکانە. دیارە دەبێ یەکگرتوویی حیزب بپارێزرێ، بەلام لە هەر حاڵدا دەبێ دەرەتانی ئەوە هەبێ کە مرۆڤ بەرگری لە بیروبۆچوونی خۆی بکا و، هەر نەیارێک هەلی دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکەی هەبێ، هەرچەندە کە لە کەمینەش دا بێ. ترۆتسکی دەیگووت، لنینیزم پێویستی بە هزری رەخنەگرانە وبوێریی ئایدۆلۆژییانە هەیە.

ترۆتسکی لە کتێبەکەیدا بە ناوی " شۆڕشێک کە خیانەتی پێ کرا" دەڵێ کە: " یەکیەتیی سۆڤیەت وەک ولاتێکی کرێکاری، ئاکامی شۆڕشی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ بوو، بەدەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆتە هۆی گەشەی خێرای ئابووری ئەم ولاتە. بەلام لە ژێردەسەلاتی ستالینیزمدا، دەوڵەت بەتەواوەتی گۆڕاوە. دەوڵەت لە ئامرازێک کە دەبێ لە خزمەتی چینی کریکار

دابێ، بۆتەئامرازێک بۆ چەوسانەوەی چینی کرێکار؛ بیرۆکراتی بۆتە توێژێکی خاوەن ئیمتیاز کە هەرچی پێی خۆش بێ دەیکا. دەوڵەت لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا گۆڕاوە و، رووی ناشیرینی دەوڵەتێکی کرێکاری بە خۆیەوە گرتووە. بنەماکانی دەوڵەتی کرێکاری پارێزراون، بەلام بیرۆکراتی بۆتە بەربەستێک لە بەردەم گۆڕانکارییە سۆسیالیستیەکاندا. تەنیا شۆڕشێکی سیاسی دەتوانێ بیرۆکراتی لەنێو بەرێ. تەنیا لەم رێگایەوە دەکرێ بنەماکانی سۆسیالیزم بپارێزرێ و، بەر بە گەڕانەوەی سەرمایەداری بگیردرێ".

بە بڕوای ترۆتسکی"، دەبێ پرۆسەی شۆڕشگێڕی بەدژی نایەکسانی کۆمەلاَتی و سەرکوتی سیاسی بێ. دەبێ سەندیکاکان و کومیتەکانی کارخانەکان سەربەستی خۆیان بەدەست بێننەوە. دەبێ ئیمتیازی تایبەتی نەمێنێ و، پۆستە ئاریستۆکراتیەکانی سۆڤیەت بێ سەروشوێن بکرێن. دەبێ بۆ جارێکی تر ئەنجوومەنەکان (سۆڤیەتەکان) ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی زەحمەتکێشان بن، حیزبە سیاسیەکان ـ ئەوانەی بڕوایان بە سۆسیالیزم و هێزو رۆلی ئەنجوومەنەکان هەیەـ یاسایی بکرێن، دەبێ ئابووری بەپێی پلان بە قازانجی بەرهەمهێنەران و رکاربەران بۆ جارێکی تر رێک بخرێتەوە. دەبێ کۆمیتەی کارخانە مافی چاوەدێریکردنی بەسەر بەرهەمهێناندا هەبێ. کشتوکالیی هاوبەش دەبێ لەگەلّ ویستی وەزێرە کەلّخۆزەکاندا بگونجێ و، هەر لەم پێناوەشدا گۆڕانی بەسەر دابێ و دووبارە رێک بخرێتەوە، دەبێ بە هەموو رێوشوێنە سیاسیەکاندا بچنەوەو، ئەوانەی دەنگۆ چەوت و هەلّەکان بلاو دەکەنەوەو دادگایی بەروالّەتی پێک دێنن، سزابدرێن. لە سیاسەتی دەرەوەدا، دەبێ خۆبەزلزانی بەرتەسک و ناسیۆنالیستی نەمێنێ و، شوێنی خۆی بدا بە گرۆتێنیدان بە شۆڕشی جیهانی لە رێگای ناسەربازییەوە.

دەبێ نامە دیپلۆماتیکەکان بلاو بکرێتەوە، حیزبە کۆمۆنیستەکان دەبێ لە ژێر دەسەلاتی مۆسکۆ رزگار بن، چوونکە تەنیا ئەو شۆڕشە دەتوانێ بمێنێتەوە کە بە پشت بەستن بە هێزەکانی خۆی سەرکەوتبێ".

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە دەیەکانی دواییدا بزووتنەوەی ترۆتسکیستی لە هێندێک بواردا لایەنگرە گەنجەکانی "چەپی نوێ" بۆ لای خۆی راکێشا، کە هۆگرێکیان بە کۆمۆنیزمی لە جۆری سۆڤیەت نەبوو و، خۆشیان لە ماویزمدا نەدەبینیەوە. ترۆتسکیزم لە شۆڕشەکانی مانگی ئایاری سالّی ١٩٦٨ ی فەرەنسادا رۆلّی گێڕا. لە ئەورووپای رۆژهەلاتیشدا، بنکەو ناوەندی نایاسایی

ترۆتسکیستی دامەزرابوون (وەک ئەڵتەرناتیڤی چەپی" شۆڕشگێڕ _ مارکسی " لە بەرامبەر سیستەمی جێگر توودا). بەهەرحاڵ، تاقمی لەمجۆرە لە پۆڵەندا و هەنگاریاش خەریکی چالاکی بوون. "حیزبی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی " چیکسلۆڤاکیاش بڕوای بە ترۆتسکیزم هەبوو.

Terror *تیرۆر*

لە وشەی لاتینیی Terrere بە مانای ترس و تۆقاندن وەرگیراوە.

ئەم وشەیە لە مێژووی شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا واتایەکی تایبەتی هەیە و دوو مەبەست دەگەیەنێ: یەکەم، بە واتای گرتنەبەری ڕێوشوین و شێوازی توندو تیژ لە بەرامبەر ئەو کەسانە دایە کە دژی شۆڕش رادەوەستان (دژە شۆڕش).

دووهەم، ناوی چەند قۆناغ لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسایەکە لەو قۆناغانەدا تیرۆر بەو واتایە کەڵکی لێ وەرگیراوە. دەستپێکی قۆناغی یەکەم لە ١٠ی ئاب هەتا ٢٠ی ئەیلوولی ١٧٩٢ لە خۆ دەگرێ. دوای رووخانی کۆشکی توئیلری و تاکوو پێش لە دامەزرانی کۆنڤانسیۆن، دەسەڵات لە نێوان ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی کاتی و کۆمۆنی شۆڕشگێردا دابەش کرا.

دووهەمین قۆناغ، قۆناغێکە کە ژاکۆبینەکان لەسەر دەسەڵات بوون. ئەم قۆناغە تاکوو ٥ی ئەیلوولی ١٧٩٣ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا ژاکۆبینەکان چەندین کاریان جێبەجێ کردو، هێندێک یاساشیان پەسند کرد. ئەوان درێژەیان بەسەرکوتی خەڵک و بە توندی لەگەڵ دژی دژە شۆڕشە ئاریستۆکرات و کەڵەکەکارە بۆرژواکان دەجووڵانەوە.

Red Terror *تیرۆری سوور*

ئەم زاراوەیە بە زیندانی کردن یان لە سێدارەدانی نەیارانی دەوڵەتی بولشڤیک دەگوترێ کە دوای شۆڕشی تشرینی یەکەم (١٩١٧)ی رووسیا پەرەی گرت.

White Terror *تیرۆری سپی*

بە بزووتنەوەیەکی دژە شۆڕش و توندوتیژ دەگوترێ کە لە لایەن لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی لە دژی نەیارەکانیان لە هەرێمەکانی باشووری رۆژهەڵاتی فەرەنسادا بەڕێوە دەچوو. ئەم بزووتنەوە نەیارەکانی خۆی بە دزێوترین شێوە دەکوشت. تیرۆری سپی لە مانگی ئایاری ١٧٩٥ لە پاریس رووی دا.

Terrorism

تیرۆریزم

چەمکی تیرۆر (Terror) لە ریشەی لاتینیی Terrere بە مانای ترس وتۆقاندن وەرگیراوە. ئەم چەمکە (تیرۆر / Terrur) بۆیەکەمین جار (لە ساڵی ١٧٩٦) لە پێوەلکاوی فەرهەنگی وشەی " فەرهەنگستانی زانستەکانی فەڕەنسا"دا هاتە ئاراوە و، تیرۆریزم بە مانای "رژێم یان سیستەمی تۆقاندن" دادەنێ.

قامووسی فەڕەنسیی رۆبێر (Robert) دوو پێناسە بۆ تیرۆریزم دەخاتە ڕوو:

١_ پیادە کردنی بەردەوامی توندوتیژی لە پێناوی ئامانجێکی سیاسی و، ئەو کردەوە توندو تیژییانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جێبەجێ دەبن.

٢_ ئەو هەڵسوکەوت وکردەوانەی کە نیشانەی پێکەوە هەڵنەکردن و نەسازانن و دەبنە هۆی ترساندن و تۆقاندن.

قامووسی فەڕەنسیی لارووس (Larousse) تیرۆریزم بە دوو شێوە وێنا دەکا:

شێوەی یەکەم) کۆی ئەو کردەوە توندوتیژانەی کە ڕێکخراوێک بە مەبەستی خوڵقاندنی بشێوی، یان بۆ رووخاندنی دەوڵەتێکی سەقامگرتوو بەڕێوەیان دەبا.

شێوەی دووهەم) سیستەم و شێوازی توندوتیژانەی دەوڵەتێک.

قامووسی زاراوە سیاسییەکانی داڵۆز (Dalloz) تیرۆریزم بە کردەویەکی سیاسیی توندوتیژانەی تاکەکان یان کەمینە ڕێکخراوەکان بە دژی ئەو تاکەکەس، دارایی و دامەزراوانە دادەنێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی وەک، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە دەوڵەتێک، رووخاندنی رژێمی دەسەلاتدارو شەڕ لە دژی هێندێک لە لایەنە سیاسیەکانی دەوڵەتێک، بەڕێوە دەچن.

قامووسی زاراوە سەربازییەکان (ناوەندی هاوبەشی سوپا و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا) تیرۆریزم بەم شێوەیە پێناسە دەکا:

" کەڵک وەرگرتنی ڕێکخراو لە توندوتیژی نایاسایی یان هەرەشەی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی، بە مەبەستی ترساندن ؛ یان سەرکوت؛ یان تۆقاندنی حکومەتەکان یان کۆمەڵگاکان، لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەی کەبە گشتی سیاسی، ئایینی یان ئایدۆلۆژین".

پێناسەی کۆنگرەی ئەمەریکا لە تیرۆریزم لە یاسایەکدا بە ناوی یاسای "چاوەدێری بەسەر زانیارییەکانی دەرەوە"دا:

١ــ لە چوارچێوەی سەلاحییەتی دادوەری ئەمەریکا دا بێ و، یاساکانی ئەویی پێشێل کردبێ؛ یان

٢ــ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکادا هەڵکەوتبێ؛

٣ــ خاوەنی یەکێک لەو ئامانجانە بێ؛

الف) بەکارهێنانی هەڕەشە و زۆرو هێز بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل

ب) بە کارهێنانی هەڕەشە و هێز بەرامبەر بە سیاسەتە دەوڵەتیەکان

ج) هەوڵدان بۆ کاریگەری دانان لەسەرهەڵسوکەوتی دەوڵەت لە ڕێگای مرۆڤ رفاندن یان کوشتنی خەڵک.

دەوڵەتی کەنەداش بەپێی گەلاڵەی ١٦٩ی پەسندکراوی ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ پێناسەیەک لە تیرۆر دەخاتە ڕوو. بەپێی پێناسەی نوێ، کردەوەی تیرۆریستی بریتیە لە:

ــ چالاکیەک کە لە نێوخۆ یان لە دەرەوەی کەنەدا بەڕێوە بچێ و دژی کۆنڤانسیۆن و پرۆتۆکۆلە دژە تیرۆریستیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ؛

ــ بە ئامانجی سیاسی، ئایینی و ئایدولۆژیی بەڕێوە چووبێ و، ڕێگای کوشتنی بەئەنقەست، زەربەلیدان و لە مەترسی هاویشتنی بەجیددیی ژیانی کەسێک ترس بنێتەوە، یان دەوڵەت ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی ترس هێنەر بکا.

ــ زیانێکی بەرچاو لە سامانی گشتی بدا.

ــ بەهۆی دەستێوەردان یان بشێوی نانەوە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئیمکانات و بناغە پێویستەکان، زیانی کاریگەر لە خەڵک بکەوێ. بۆ جیاکردنەوەی هێندێک لە هەوڵە تیرۆریستیەکان لە روونکردنەوەیکدا ئاماژە بەوە کراوە کە تەنیا دەربڕینی بیروراسیاسی، ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان، بە کردەوەی تیرۆریستی دانانرێ، بەڵام ئەگەر بەشێکی چکۆلە لە هەوڵێکی تیرۆریستی گەورەتر بێ، کە بچێتە خانەی تیرۆریزمەوە، بە تیرۆریستی دادەنرێ. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە لە کارخستنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بە مەبەستی کوشتن یان زیان گەیاندنی بنەرەتیی بە خەڵک بەڕێوە نەچووبێ، بە کردەوەی تیرۆریستی دانانرێ.

www.perawipepwle.com

وەزیرانی دادی یەکیەتیی ئەوروپا تیرۆریزم بەم شێوە پێناسە دەکەن:

- "تیرۆریزم کردەوەیەکە کە ببێتە هۆی پێکهێنانی ئالۆزی، ترساندن و تۆقاندن و؛ پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی و؛ یان ببێتە هۆی شێواندنی باری سیاسی یان کۆمەڵایەتیی دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی".
- "هەرکردەیەکی تاوانکارانە بە ئامانجی تیرۆر و، هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەبێ بە توندترین شێوە سزا بدرێن".
- "بڕیاردەران و پشتیوانانی کردەوەکانی وەک کوشتن، بارمتەگرتن، ڕفاندنی فڕۆکەو هەڵگرتنی چەک بەمەبەستی تیرۆرکردن، هەروەها ئەندامانی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان سزا دەدرێن".

چەند تێبینی سەبارەت بە چەمکە جۆراوجۆرەکان: لە پێناسەکانی پێشوودا کە نوێترین پێناسە، بۆ بەریتانیەکان دەگەڕێتەوە، هۆکاری سیاسی وەک هۆکارو پاڵنەری تیرۆریزم دەستنیشان کراوەو، هەرجۆرە کردەوەیەکی توندوتیژ بەهەر مەبەستێکەوە، پرۆتستۆکراوە بەڵام هۆکارو پاڵنەرەکانیش لەبەرچاو گیراون. لە هەڵوێستی تازەی یەکیەتیی ئەوروپا و ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپادا، هۆکارو پاڵنەر بەگشتی لادراون و، کە لە ڕواڵەتدا وڵامێکی ناڕاستەوخۆ بوو بە هەڵوێستی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی سەبارەت بە هۆکارو پاڵنەرەکانی خەباتی فەلەستینیەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی.

بە پێی ماددەی یەکی " کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم "دا، تیرۆریزم بەهەر کردەوەیەکی توندوتیژانە یان هەڕەشە بۆ کەڵک وەرگرتن لەمجۆرە کردەوانە دەگوترێ کە ـ بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرانی ئەم کردەوانە ـ بەمەبەستی ترساندن یان هەڕەشە لە خەڵک بەڕێوە بچێ و، ببێتە هۆی لەمەترسی خستنی گیان یان ئاسایشی ئەوان یان زەربەلێدان لە ژینگە یان لە یەکێک لە دامەزراوەکان یان سامانە تایبەتی گشتیەکان.

دوای قۆناغی تیرۆر و تۆقاندن لە فەرەنسا (ئەیلوولی ١٧٩٣ هەتا حوزەیرانی ١٧٩٤)، تیرۆریزم بوو بە بەشێک لە زمانی سیاسیی ئەوروپاو، بەپێی تێپەڕ بوونی کات، مانا و ڕۆڵ و ئەرکی جۆراوجۆری بەخۆوە گرت؛ بە شێوەیەک کە هێندیک لە واتاکان دژی یەکتر بوون. بە واتایەکی

تر، ئەو کەسەی لە روانگەی هێندێک کەسەوە بە" تیرۆریست" دادەنرا، لە روانگەی هێندێکی ترەوە "بە تێکۆشەری رێگای ئازادی " سەیر دەکرا، واتە ناودانانەکان پێوەندی بە روانگەو و ئایدۆلۆژیای کەسەکەوە هەبوو، ئەوەی کە لەگەڵ ئەم یان ئەو لایەنی کێشەکەدا دۆستە یان یان دوژمنە.

تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزم: تیرۆریزم بەگشتی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە:

١_تێکەڵ بە توندوتیژییەکی فیزیکی یان جەستەیی بەمەبەستی ترساندن و تۆقاندنە.

٢_ کتوپڕ ولە ناکاو بەڕێوە دەچێ.

٣_ ئامانج و پاڵنەرێکی سیاسی لەپشتە.

٤_ لە کەشێکی دەرەوەی شەڕی رەسمیی نێوان دوو گرووپی نەیاری یەکتر روودەدا.

بەم پێیە کردەوەی بە دوور لە توندوتیژی یان توندوتیژی جەستەیی، ناچێتە چوارچێوەی پێناسەی تیرۆریزم ، بەم شێوەیە، ئەو پێک هەڵپرژانانەی کە زۆرجار بە "تیرۆری کەسایەتی" ناودەبرێن، ناچنە چوارچێوەی تیرۆرەوە.

تایبەتمەندیی دووهەم، تیرۆر لە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژییە باوەکانی وەک ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی رەسمیی جیا دەکاتەوە؛

هەروەها، هێرشی شەوانە لە شەڕێک دا کەهەم لە ناکاوەو، هەم توندوتیژی تێدایە، بە کردەیەکی تیرۆریستی ناژمێردرێ چوونکە ئەم کارە لە نێوان دوو گرووپی دژبەیەک و دوژمن و لە شەڕێکی رەسمیدا بەڕێوە دەچێ، هەربۆیە دەبێ لە چوارچێوەی چەمکێکی تر دابنرێ.

تیرۆریزم زیاتر لە کەش و هەل ومەرجێکدا روو دەدا کە دەسەڵات بە شێوەیەکینایەکسانانە دابەش کرابێ. لەم هەلومەرجەدا لایەنێک خاوەنی هێزێکی سیاسی، سەربازی، ئابووری یان کۆمەڵایەتیی زیاترەو، لایەنەکەی تر بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازییەکەی خۆی، پەنا بۆ چەکی تیرۆر دەبا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکاندا بە زەقی دەبینرێ. لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکانیشدا هێندێک جار کەڵەکە بوونی دەسەڵات لە هێندێک لە بەشەکان و ئۆرگانەکان و گرووپەکانی نێو کۆمەڵگادا بە ئاستێک دەگا کە تاقمە نەیارەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئایدیاکانی خۆیان، لە تیرۆر کەڵک وەردەگرن.

بە هۆی ئەوی کە تیرۆریزم لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکی رەوشتی هەیە، پێناسەکردنەکەی کارێکی زۆر دژوارە. چوونکە هێندێک لە پۆلێن بەندیەکانی " توندوتیژی سیاسی" پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە و هێندێکی تر بۆ ئەوە نابن کە پاساویان بۆ بێتەوە. بۆ دیاریکردنی چەمکی تیرۆریزم و پێناسەیەکی گشتگیرانە دەبێ پاڵنەرە تاکەکەسییەکان، پێگە کۆمەڵایەتی و ئامانجە سیاسییەکان لەبەرچاو بگیرێن.

هێندێک زۆر بە ئاسانی کردەوەیەک بە تیرۆریستی ناودەبەن و، لە بەرامبەردا هێندێکی دیکە هەمان کردەوە بە هیچ شێوەیەک بە کردەوەیەکی تیرۆریستی نازانن.

رێکخراوی فەتح لە روانگەی هێندێک کەسەوە دامەزراوەیەکی تیرۆریستییە، کە هیچ رەوایەتیەکی نیەو، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵک لە کۆمەڵە شێوازێکی توندوتیژانە و"ناپەسند" وەردەگرێ. بە پێچەوانەوە، ژمارەیەکی تر لە ولاتان، رێکخراوی ناوبراو بە نوێنەری یاسایی خەڵکی زوڵم لێکراو دەزانن و، کردەوەکانی بەشتێکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکان دادەنێن.

جۆرەکانی تیرۆریزم: تیرۆریزم شێوازی جۆراوجۆری هەیە کە باوترینیان بریتین لە:

***تیرۆریزمی پێشێلکاری یاسا گشتیەکان* (Terrorismede Droit Commune):** بە تیرۆریزمێک دەگوترێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەرێوە دەچێ وەک، کردەوەکانی مافیا لە ئیتالیا و تیرۆریزمی ماددە سڕکەرەکان (نارکۆتیرۆریزم) لە ئەمەریکای لاتیندا، ئەمجۆرە تیرۆریزمە بە هۆی نەبوونی بیروباوەڕێکی تایبەتی دیار، بە دوای ئازادیی کردەیی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی حاکم دایە.

تیرۆریزمی مارجینالی (پەراوێزی) (Marginal Terrorism): ئەم تیۆرە کە وەبیرهێنەرەوەی تیۆری پارتیزانی گیڤارایە، بەمەبەستی راکێشانی پشتیوانیی جەماوەری بەهۆی کردەوەی تیرۆریستیی وەک دانانەوەی بۆمب، بەڕێوە دەچێ. تاقمەکانی وەک بادێرماینهۆف، فراکسیۆنی سوپای سوور، بریگاردە سوورەکان لەو نموونانەن.

***تیرۆریزمی سیاسی* (Political Terrorism):** تیرۆریزمی سیاسی بریتیە لە بەکارهێنانی سیستماتیکی کوشتن و لە نێوبردن و هەڕەشە بە کوشتن بۆ ترساندنی تاکەکەسەکان،

گرووپەکان، کۆمەڵگاکان و دەوڵەتەکان بەمەبەستی ملکەچ کردنیان لە بەرامبەر ویستی سیاسی تیرۆریستەکاندا.

بەبڕوای ویلکینسۆن (Wilkin Son) تیرۆریزمی سیاسی سێ جۆرە:

١ــ تیرۆریزمی شۆڕشگێڕی

٢ــ تیرۆریزمی نیمچە شۆڕشگێڕی

٣ــ تیرۆریزمی سەرکوتکەر.

تیرۆریزمی شۆڕشگێڕی بریتیە لە بەکارهێنانی سیستماتیکی تاکتیکە توندوتیژە تیرۆریستیەکان بەمەبەستی پێکهێنانی شۆڕشێکی سیاسی. ئەمجۆرە تیرۆریزمە خاوەنی چوار تایبەتمەندی بەر چاوە:

الف) دیاردەیەکی گرووپیە، نەک تاکەکەسی؛ هەرچەندە گرووپەکان زۆر بچووکیش بن.

ب) کەڵک وەرگرتن لە تیرۆر بە هۆی ئایدۆلۆژیا یان پلانێکی شۆڕشگێڕییەوە پاساو هەڵناگرێ.

ج) سەرکردەکانی تیرۆریزمی سیاسی دەتوانن پشتیوانی جەماوەر بۆ پلانەکانی خۆیان رابکێشن.

د) بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خاوەنی پێکهاتە جێگرتووە ئەڵتەرناتیڤەکانن.

لەم سۆنگەوە کە تیرۆریزمی شۆڕشگێر خوازیاری پێکهاتنی " ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی" لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتێک دایە، نیمچە تیرۆریزم بە ئامانجی کەمتر و بەرتەسکتری وەک ناچار کردنی دەوڵەت بە گۆڕینی هێندێک لە سیاسەتەکانی، هۆشداری دان یان سزادانی هێندێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی یان تۆڵەئەستاندنەوە لە هێندێک کارو کردەوەی دەوڵەت قەناعەت دەکا.

تیرۆریزمی سەرکوتکەر بریتیە لە کەڵک وەرگرتنی سیستماتێک لە کردەوەی تیرۆریستی توندوتیژانە بۆ سەرکوت، بێدەنگ کردن، دامرکاندن یان کەمکردنەوەی چالاکی تاقمەکان یان تاکەکەسەکان، یان پێشگیری لەو هەڵسوکەوتە جۆراوجۆرانەی کە بە دڵی دەسەڵاتی سەرکوتکەر نیە. ئەمجۆرە لە تیرۆریزم بە توندی پشت بە دەزگا سیخوورییەکان دەبەستێ و، ئەندامەکانی بۆکردەوە، ئەشکەنجە، کوشتن و فریودان راهێنراون.

تیرۆریزمی راستی توندڕەو (Extreme –Right Terrorism): ئەمجۆرە تیرۆریزمە بە مەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی دیکتاتۆری بەڕێوە دەچێ. وەک ستراتیژیی "تیرۆریزمی ڕەش" لە ئیتالیا لە دەیەی ۱۹۸۰دا.

تیرۆریزمی گەریلایی (Guerrilla Terrorism): ئەمجۆرە لە پرۆسەی شۆڕشگێری یان شەڕ رزگاریدەرەکاندا دەبینرێ کە ئامانج لەم کارە راکێشانی پشتیوانی جەماوەرە. لە رەوتە ناشۆڕشگێرەکاندا ئامانج یارمەتی گەیاندن بە بزووتنەوە بەرگرییەکانە، وەک تەقینەوە ئۆردوگاکانی ئەڵمانیای نازی، لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیی.

تیرۆریزمی ئاینی (Religious Terrorism): لە تیرۆریزمی سیاسی نزیکە، بەڵام توندوتیژییەکی زیاتری تێدایە. تاقمی تیرۆریستی شین ری کیۆ (Shinri kyo) لە ژاپۆن و، لایەنگرانی هەزارەی زایینی سەربەم جۆرە تیرۆریزمەن.

تیرۆریزمی دەوڵەتی (State Terrorism): ئەم چەمکە کە سەرچاوەکەی لە مارکسیزم دایە، نیشاندەری سیاسەتەکانی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکانە کە بە پشت بەستن بە پۆلیسی نهێنی و کردەوەی سەرکوتکەرانە، خەریکی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆیانن.

ئەمڕۆکە تیرۆریزمی دەوڵەتی (State – Sponsored Terrorism) بریتیە لە شێوازێک لە تیرۆریزم کە دەوڵەتێک لە ستراتیژی خۆی بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی پشت بە کردەوە تیرۆریستیەکان دەبەستێ. پشتیوانیی سیاسی و ئابووری (ماددی و مەعنەوەی) نموونەی ئەم شێوە تیرۆریزمەن. ئەمجۆرە لە تیرۆریزم کاتێک بەڕێوە دەچێ کە دەوڵەتێک بە پشت بەستن بە هێرشە سەربازییە کلاسیکەکان نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەرەو پێشەوە ببا.

تیرۆریزمی نێودەوڵەتی (International Terrorism): بە هاوکاری بزووتنەوە تیرۆریستیەکانی دەیەی ٦٠ (هاوکاری نێوان رووسیەکان و کوبیەکان) لە سەردەمی شەڕی ساردا لە رێگای بەخشینی هاوکاریە ماددی و مەعنەوییەکان بە تاقمە راست و چەپە توندڕەوەکان، دەگوترێ. هاوکاری توندوتۆلی بادێرماینهۆف و سوپای سوور و، گۆڕینەوەی سرویسە پشتیوانیەکان و "فرەرەگەزکردنی تیرۆریزم "یش بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەژمێردرێ.

www.perawipepwle.com

تیرۆریزمی ئەنفۆرماتیک (Terrorism Informatiquy Computer Terrorisme)

بە پێکهێنانی ئاڵۆزی لە تۆڕە ئەنفۆرماتیکەکانی وڵاتێک دەگوترێ کە بە مەبەستی پاڵەپەستۆ یان شێواندنی دەوڵەتێک بەرێوە دەچێ. ئەم هێرشە دەرئەنجامی خێرای نابێ. تیرۆریزمی ئەنفۆرماتیک ئامانجێکی ستراتیژی و درێژخایەنی هەیە . لەم پێوەندییەدا سێ جۆر هێرشی ئەنفۆرماتیک لە ئارا دایە:

١ـ هەوڵی نێوخۆ؛

٢ـ کەڵک وەرگرتن لەتووندوتیژی بەمەبەستی لێدانی دەرەوەی تەرمیناڵە ئەنفۆرماتیکەکان؛

٣ـ هێرشکردنە سەر تۆڕەکان بە هۆی دزەکردنی هۆکارە دەرەکیەکان و لە کارخستنی هاوکاری ئەوان بە هەناردنی ڤایرۆس، پێکهێنانی ترافیکی قورس لە تۆڕە پێوەندییەکان و شێوازە هاوشێوەکانی.

تیرۆریستەکان رەنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پەنا بۆ ئەم سێ رێگایە بەرن:

١ـ هێرشی جەستەیی بەمەبەستی زەربەلیدان لە کەرەسە ئەنفۆرماتیکەکان لە رێگای دانانەوەی بۆمب، سووتاندن و .... هتد.

٢ـ هێرشی جۆری (سین تاکسیک Syntaxique) لە رێگای ناردنی ڤایرۆس، وەک ڤایرۆسی ئەسپی ترۆی.

٣ـ هێرشی سیمانتیک (Semantique) بە هۆی شێواندنی پرۆگرام سازی .

سۆپەر تیرۆریزم (Super Terrorism): سۆپەر تیرۆریزم بە کەڵک وەرگرتنی لە رادەبەدەر لە ماددە کیمیایی، بایۆلۆجی، رادیۆلۆجی و ناوەکیەکان بە رێوە دەچێ.

مەبەست لە بجۆرە تیرۆریزمە:

١ـ زەبروەشاندنێکی کاریگەر بەمەبەستی بردنە سەری ئاستی زیانی گیانی؛

٢ـ نانەوەی ترسێکی زۆر؛

٣ـ نیشاندانی هێز و توانایی

٤ـ بە دەستهێنانی ئاوانتاژی رووحی

٥_ پێکهێنانی زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. (بۆ وێنە هەرەشەی گریلاکانی تامیل لە دەوڵەتی سینهالی لە سریلانکاکە رایانگەیاند نەخۆشیەکی نەناسراو بەناو زەویزارەکانی چاندنی چایی ئەو وڵاتەدا بڵاو دەکەنەوە. ئامانجی ئەوان لەو کردەوە پەکخستنی ئابووری ئەو وڵاتە بوو.

تیرۆریزمی بایۆلۆجی (Biological Terrorism): شێوازی جۆراوجۆری هەیە:

١_ دابینکردنی هۆکارێکی بایۆلۆجی لە بانکە میکرۆبیەکان

٢_ دزی لە تاقیگاکان

٣_ چاندنی باکتریا لە رێگای سەرچاوە سروشتیەکان

٤_ کڕینی مادده پیس و مەترسیدارەکان لە رژێمێکی سەرەڕۆ.

تیرۆریزمی کیمیایی(Chemical Terrorism): ئەمجۆرە تیرۆریزمە بەکەڵک وەرگرتن لەو مادده کیمیاییانە بەڕێوە دەچێ.

١_ گازە خنکێنەرەکانی وەک فۆشرین (Phosgene) وکۆلۆرین(Cholorine)

٢_خوێن: سیانید هیدۆژەن و کۆلۆرید سیانۆژەن

٣_ گازی خەردەل

٤_ گازەکانی تابوون (Tabun) و سارین(Sarin)

٥_ (VX) تێکدانی دەمار.

تیرۆریزمی رادیۆلۆجی (Radiological Terrorism): ئەمجۆرە تیرۆریزمە خەڵک لەبەرامبەر سیستەمە کوشندەکانی شەپۆلەکانی رادیۆ ئەکتیفیتەدا دادەنێ کە لە سیزیۆم_ ١٣ (Cesium)، ئیرریدیۆم_ ١٩٢(Irridium) و کۆباڵت_ ٦٠(Cobalt) پێکدێ.

گەورە تیرۆریزم (Hyper Terrorism): لەمجۆرە تیرۆریزمەدا کە رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بە نموونە بەرچاوەکەی دەژمێردرێ، تیرۆریستەکان بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکە نەفرهەڵگرەکان و بە هۆکارو پاڵنەری سیاسی، دەستیان بە کوشتنی مرۆڤەکان بە مەبەستی نانەوەی "ترسێکی گەورە" کرد.

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و تیرۆریزم: رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەوڵەکانی خۆی بەمەبەستی پێناسەکردنی تیرۆریزم لە ساڵی ١٩٧٢دا دەست پێکردو، سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٩دا راپۆرتی خۆی بە بێ هیچ جۆرە پێناسەیەک لە تیرۆریزم پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی کرد. ئەم

ڕێکخراوە دوای هەڵسەنگاندنێکی زۆر لە ساڵی ١٩٨٩ و بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک پێداگری خۆی لەسەر سروشتی بوونی ماف دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە داگیرکەرو ڕەگەزپەرست و شێوازەکانی تری دەسەڵاتی بێگانە وداگیرکاریی دەرەکیدا بەسەر دەبەن، ڕاگەیاند و، هەوڵی ئەو خەڵکەی ، بەتایبەتی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی کە لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە ئاراستەیەکدان، بەرەسمی و ڕەوا دانا. کۆمەڵەی گشتی UN هەموو کاروکردەوەو شێوازە تیرۆرستییەکانی لە هەرشوێنێک لە لایەن هەر کەسێکەوە کە بەڕێوە بچێ پرۆتستۆ کردو، ئەوانی بە تاوانبار زانی.

نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماوەی دەرکرنی ئەو بڕیارنامە، تاکوو دەرکردنی بڕیارنامەی ١٣٦٨ (١٢ ئەیلوولی ٢٠٠١) واتە دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، هەوڵی زۆری بۆ پرۆتستۆکردنی کردەوە تیرۆریستییەکان، کوشتنی دیپلۆماتەکانی ئێرانی ئەفغانستان و کردەوەکانی تالیبان دا.

بڕیارنامەی ١٣٦٨: لە دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١دا ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەی ١٣٦٨ی بە کۆی دەنگ پەسند کرد کە لەودا پێداگری لەسەر "بەرەسمی ناسینی مافی زاتیی بەرگری ڕەوای تاکەکەسی یان بەکۆیی بەپێی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان " کراوە. لە ڕاستیدا نەتەوەیەکگرتووەکان بە شێوەیەکی نارەسمی داکۆکی لە ڕوانگەی ئەمەریکا و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەبارەت بەوەی کە کردەوە تیرۆریستییەکان بە جۆرێک لە "هێرشی چەکدارانە"، یان "هێرشی سەربازی" دەزانن ، کرد. ناساندنی تیرۆریزم وەک هێرشی چەکدارانە، ڕێگا بە دەوڵەتی قوربانی ئەم کارە دەدا کە بەپێی ماددەی ٥١ی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆی پەنا بۆ هێزی سەربازی ببا.

بڕیارنامەی ١٣٧٣: ئەم بڕیارنامەیە کە بە دەنگی ئەریی هەر ١٥ ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش پەسند کرا، لە چوارچێوەی بەشی حەوتەمی جاڕنامەدا ڕاگەیەنراو، و ئاماژەی بەوە کردبوو کە "هەموو کردەوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتیەکان و بۆوێنە کردەوەی ١١ی ئەیلوول بە هەڕەشەیەک بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی دەژمێردرێ".

ئەم بڕیارنامەیە لە بواری بەرفروانی و بەبلاوییەوە بە گرنگترین بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش دەژمێردرێ کە سەرچاوە ماڵی و بنەما ئابوورییەکانیش دەکاتە ئامانج و، داوا لە دەوڵەتەکان دەکا

کە بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندییە توندوتۆڵەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لەگەڵ تاوانە دارێژراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک قاچاغی ماددە سڕکەرەکان، پارەی ساختە، قاچاغی نایاسایی چەک وچۆڵ، هەڵگرتن و گواستنەوەی نایاسایانەی ماددە ئەتۆمی، کیمیایی وبیایۆلۆجی و ماددە مەترسیدارەکانی تر، هەوڵەکانی خۆیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی تیرۆریزمدا رێک بخەن.

تیرۆریزمی کوێر Blind Terrorism

مەبەست لەم جۆرە تیرۆریزمە ئەوەیە کە کۆمەڵە کردەوەیەک بەمەبەستی پروپاگەندە و نانەوەی دەنگ و هەڵلایەکی زۆر بە قازانجی تاقم یان بزووتنەوەی ئەنجامدەری ئەم کارەو، راکێشانی رای خەڵک بە لای کارێک دا یان راکێشانی پشتیوانی توخمە لەبارو ئامادەکان بۆلای ئەم تاقمە یان بزووتنەوەیە. ئەمجۆرە هێرشانە خاوەنی پلانێکی وردو هەڵسەنگێندراو نین.

ترۆیکا Troika

زاراوەیەکی رووسیە، بەمانای کەژاوەی سێ ئەسپەیەو؛ لە عورفی سیاسی دا بە دامەزراوەیەک دەگوترێ کە هاوکات لە لایان سێ کەسەوە کە بە "سێ کوچکەی دەسەلات" ناو دەبرێ، بەڕێوە دەچێ.

تەزار Tsar (Czar)

زاراوەیەکی رووسیە بەواتای ئیمپراتۆرە.
تەزار نازناوی ئیڤانی چوارەم بوو کە لە ساڵی ١٥٤٧دا لە لایەن ناوبراوەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەم نازناوە هاوواتای "ئیمپراتۆری رۆمی پیرۆز" بوو کە تاکوو وازهێنان و لە سێدارەدانی نیکۆلای دووهەم لە رووسیا (ساڵی ١٩١٧) کەڵکی لێ وەردەگیرا. بە کوڕی گەورەی تەزار دەگوترا تەزارڤیچ و بە هاوسەرەکەی دەگوترا تەزارینا.

تاک جەمسەری Unipolarity

سیستەمێکە کە جەمسەرێک یان بکەرێکی هەیە کە ئەو بکەرە بە بکەری باڵادەست دەناسێندرێ.
لە سیستەمی تاک جەمسەریدا پێویست نیە کە بەهێزترین بکەر دەوڵەت بێ و، لە راستیدا لە بواری مێژووییەوە ئەو سیستەمە تاک جەمسەریانەی کە لە ئارادا بوون، زیاتر ئیمپراتۆرە فرەڕەگەزەکان

بوون. بەپێی گریمانە، هۆکاری بەرتەسکردنەوەی سیستەمی تاک جەمسەری حکومەتێکی جیهانیی دەبێ کە لەودا بەپێی پێناسەی وردە سیستەمەکان (Sub-Systems) هەموو لایەنەک پێرەوی لە پێکهاتەی سیستەمی گشتی دەکەن. لە سیستەمە تاک جەمسەرییەکاندا ئەگەر بکری بالآدەست بتوانێ ڕێوشوێنێکی توندوتۆڵ و بنەمایی دابڕێژێ کە لە هەموو سیستەمەکەدا پەسند بکرێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە بەسەرچاوەی سەقامگرتوویی بژمێردرێن. تەنانەت سیستەمە ئیمپراتۆرییەکانیش لەم بوارەدا ناتوانن تەنیا بە زۆرەملێ درێژە بە دەسەلأت و مانەوەی خۆیان بدەن. بکەری بالآدەست رەنگە لە دارشتن و پاراستنی ڕێوشوێنە بنەماییەکاندا ناچاربێ نرخێکی بەرچاو بدات.

بە کۆتایی سەردەمی شەڕی سارد لە سیاسەتی جیهانیدا، زۆرجار گوتراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا زلهێزی جیهانەو، ئەم ڕووداوەش "هەلی تاک جەمسەری بوونی" بۆ ئەمەریکا رەخساندووە، بەلأم سیستەمی تاک جەمسەری تەنیا لە هزروخەیاڵ دا بوونی هەیە.

لیبرالیزمی ئابووری و بەرادەیەکی کەمتریش دیمۆکراسیی بەشداری، ئەمرۆکە تارادەیەک پێگەیەکی گرنگیان بەدەست هێناوە. سەرەرای ئەوەی کە ئەو ئایدیایانە بە هەمان ئاست کە بناغەی چەندلایەنەگەرایی پێک دێنن، رەنگە بە هێزکەری [سیستەمی] تاک جەمسەریش بن.

تەکنۆکرات Technocrat

بەکەسێک دەگوترێ کە نوێڵی فەرماندەرییەکی کاریگەری بەسەر میکانیزمی دەسەلأتی لەدەست دایە. بە مانایەکی گشتیتر، چ لە چوارچێوەی گشتی و چ لە بواری ئابووریی تایبەتیدا، ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ بەبێ سەرنجدان و رەچاوکردنی ڕێوشوێنەکانی هیرارکیەت، بۆگەیشتن بە ئامانجی دووانەی سەربەخۆیی و بەرپرسایەتی بە مەبەستی بەشداری لە دەسەلأتدا، رەوتی ڕووداوەکان نەک تەنیا، لە چوارچێوەی خۆی بەڵکوو لە روانگەیەکی بەرفراوانتروگشتیترەوە دیاری بکاو، ئیرادەی خۆی وەگەڕ بخا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیە کە هەلومەرجی سەرهەڵدانی تەکنۆکراتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو خاوەنی تایبەتمەندییەکی هەمیشەیین و، ئەم گۆڕانکارییانەی کە لەم حاڵەتەوە سەرچاوە دەگرن لە

www.perawipepwle.com

زۆر لە ولاّتاندا لە دارەدارە دایە، ئەوان لە پێگەو نفووزی خۆیان بۆ پەرەپێدانی پێگەی فەرماندەری و چاوەدێری و بالاّدەستیان بەسەر سەرچاوەکانی ئابووری، سیاسی و تەنانەت کۆمەڵگادا کەڵک وەردەگرن. ئەم کارە وەک پێویستییەک ئەو مانایە ناگەیەنێ کە ئەوان سیستەمی تەکنۆکراتی بە یاساو ڕێسا وڕێوشوێن و ئامانجی روونەوە دانامەزرێنن.

تەکنۆکراتی Technocracy

تەکنۆکراتی بە حکومەتی تەکنیککاران دەگوترێ. دەبێ ئەمجۆرە حکومەتانە بە بەرهەمی پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنیک لە جیهان دابنرێ، چونکە ئەم پێشکەوتنە بەتەواوەتی کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونە سیاسییەکانی کاربەدەستان و وهەڵسوکەوتی سیاسەتڤانان دادەنێ. تیۆری تەکنۆکراتی پێیوایە کە بەسەرنجدان بە پرۆسەی روو لە گەشەی زانست، دەبێ بەرێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی کاروباری ولاّت لە نێو زانا و خاوەن تەکنیک و شارەزایان هەڵبژێردرێن.

تۆپامارۆکان *Tupamaros*

لە ناوی تۆپاک ئامارۆ، سەرکردەی سەدەی هەژدەی "ئینکا"یەکان وەرگیراوە. زیاتر بەو گریلا شارییانەی ئۆرگۆواو و شۆڕشگێرەکانی باڵی چەپ بۆ رفاندنی کەسایەتیە گرنگەکانی دەرەوە و دەستبەسەرکردنیان بە مەبەستی وەرگرتنی پارە، دەگوترێ.

تۆپامارۆکان لە ساڵی ١٩٦٩دا زۆر چالاک بوون، بەلاّم لە ساڵی ١٩٧٤ دا سەرکوت کران و لە نێو بران. کۆمەڵێک تاقمی گریلا لە ئەمەریکای لاتیندا و بەتایبەتی لە ئەرژەنتین بە کەڵک وەرگرتن لە تاکتیکەکانی وەک تاکتیکەکانی تۆپامارۆکان چەندین کوشتاری سیاسی جۆراوجۆریان بەرێوە برد.

تۆتالیتەر *Totalitaire*

زاراوەی تۆتالیتەر لە وشەی لاتینیی Totus بە مانای" "هەموو"، وەرگیراوە.
لەوشەدا بەمانای "گشتگیر" و "هەمەلایەن" بوونە و، لە سیاسەتدا بەو رژێمانە دەگوترێ کە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێ:

١_ چاوەدێری دەوڵەت بەسەر هەموو لایەن و کەلێن وقوژبنە ئابووری وکۆمەلاّیەتیەکان.
٢_قۆرخکردنی دەسەلاّتی سیاسی لە لایەن حیزبی دەسەلاّتدارەوە.
٣_ نەهێشتنی هەرجۆرە چاوەدێرییەکی دیمۆکراتیکی کۆمەڵگا

٤ـ پەنابردن بۆ تیرۆر بۆ سەرکوتی هەرجۆرە نەیاری و دژایەتیەک.

٥ـ بالاْدەستیی تاکەکەسێک لە هەرەمی حیزب و دەوڵەتدا.

٦ـ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا بەپێی ئایدۆلۆژیای حیزبی

٧ـ کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی ئامانجەکانی حیزب و دەوڵەت و، لە نێوبردنی سەربەخۆیی تاکەکەسی.

جەماوەر Mass

جەماوەر هاوواتای Masse لە زمانی فەڕەنسی دایەو، کە لە زاراوەی لاتینی Massa (هەویر و شتی تێکئالاو) وەرگیراوە.

جەماوەر لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلاْیەتیەکاندا بە جێگیربوونی ژمارەیەکی لە خەڵکێک لە شوێن و ناوچەیەکدا، دەگوترێ. لە واتای گشتیدا بە کۆی سروشتیی بوونەوەرەکان و بەگشتایەتیی کەڵەکەبووی هۆکارکان و ئەم توخمانەی بە چوارچێوەیەک دەژمێردرێن، گوتراوە.

لە جەماوەردا تەنیا سەرنج بە گشتایەتی و چوارچێوەی گشتی دەردێ ، نەک بە بەشەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی؛ هەربۆیە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گرووپدا هەیە.

لە جەماوەردا، زیاتر بیروبۆچوون، حەزەکان وداهێنانە تاکەکەسی و گرووپیەکان یان شێوازە هەڵبژاوەکانی ژیان دەرناکەون، بەڵکوو ئەوانە لە کۆی شێوازەکان و کارو کردەوە و بیروبۆچوونە گشتییەکاندا دەتوێنەوە. لە جەماوەردا وزە و هێزی شاراوە هەیە، تێکەلاْویی لاسەنگی ویژدان و هەڵسو کەوتی ناوشیارانە بەرچاوترەو، بابەتە دژبەیەکەکان شان بە شانی یەکترن.

جەماوەر، گرووپ نیەو، خولقاوی تایبەتمەندی و هاوپێوەندییەکانی ئیرادەی گرووپ و پلەکانی دەروونیی گرووپیش نیە. لەجەماوەردا هەست کردن بە فشار کەمتر، نفووزو کارتێکردن لە جەماوەری خەڵک دا ئاسانترەو، بەئاسانی دەکرێ جەماوەرێکی ناڕازی بکرێ بە جەماوەرێکی ڕازی.

تیتۆئیزم Titoism

ئەم زاراوەیە بە ڕێبازە سیاسییەکانی مارشال تیتۆ (١٨٩٢-١٩٨٠)ی سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا دەگوترێ و، بەگشتی ئایدۆلۆژیایەکی دارێژراو و روون نیە.

تیتۆئیزم له دوای شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی له یۆگۆسلاڤیا به سه‌رکردایه‌تی•تیتۆ پێکهات.

یۆگۆسلاڤیا به پێچه‌وانه ولاّتانی دیکه‌ی ڕۆژهه‌لاّت، له لایه‌ن سوپای سووره‌وه‌ئازاد نه‌کرا، به‌ڵکوو له لایه‌ن ناسیۆنالیسته‌کانه‌وه رزگارکرا، بۆیه ئه‌م ولاّته هه‌روا کۆیرکوێرانه پشتیوانی له سۆڤیه‌ت نه‌کرد و وه‌دوای نه‌که‌وت و چه‌ند جارێکیش له به‌ره‌ی سۆسیالیزم ده‌رکرا. تیتۆ پێوابوو که ده‌بێ ته‌نیا به‌و ڕاده‌یه که‌ڵک له سۆسیالیزمی سۆڤیه‌تی وه‌ربگیرێ که له‌گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی ولاّتدا یه‌ک بگرێته‌وه. تیتۆ به‌ره‌نگاری سیاسه‌تی به‌ناو "برایه‌تی سۆسیالیستی " بۆوه که به‌رواڵه‌ت هه‌له‌کانی به شێوه‌یه‌کی یه‌کسان له نێو براکاندا دابه‌ش ده‌کردو، له ڕاستیدا ئامانجی پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی سۆڤیه‌ت بوو. به‌پێی ئه‌م سیاسه‌ته، سۆڤیه‌ت پێویستییه پیشه‌سازییه‌کانی خۆی به‌سه‌ر ولاّتانی ئه‌ورووپای ڕۆژهه‌لاّتدا ده‌سه‌پاند. تیتۆئیزم به‌و مانایه‌یه که یۆگۆسلاڤیا ده‌توانێ له ده‌ره‌وه‌ی به‌ره‌ی سۆڤیه‌ت و به‌بێ چوونه نێو ڕیزی سه‌رمایه‌داریش درێژه به ژیانی خۆی بدا و، به‌بێ ئه‌وه‌ی که پشت به یه‌کێک له‌و به‌رانه ببه‌ستێ، سۆسیالیزم بپارێزێ.

تاوانی سیاسی — *Political Offence*

به‌کرده‌یه‌کی تاوانکارانه ده‌گوترێ که ئامانجه‌که‌ی ڕووخاندنی سیسته‌می سیاسی و کۆمه‌لاّیه‌تی و بشێوی نانه‌وه له به‌ڕێوه‌بردنی ولاّت و زیان گه‌یاندن به ده‌سه‌لاّتدارانی ولاّته، یان هه‌ر کرده‌یه‌کی تاوانکارانه‌یه که ئاکامه‌که‌ی ڕووخانی سیسته‌می سیاسی و کۆمه‌لاّیه‌تی و زیان گه‌یاندن به به‌رپرسانی سیاسی و سه‌رۆکی ولاّت بێ.

ڕوودانی تاوانی سیاسی وه‌ک ڕوودانی هه‌ر تاوانێکی تر به‌ده‌سته‌به‌ر بوونی سێ بناغه‌ی ماددی، یاسایی و مه‌عنه‌وی به‌ستراوه‌ته‌وه که ئه‌گه‌ر یه‌کێک له‌و سێ بناغه‌یه ده‌سته‌به‌ر نه‌بووبێ، کرده‌وه‌که به تاوان ناژمێردرێ. ده‌سته‌به‌ربوونی بناغه‌کانی تاوانی سیاسی ڕه‌خنه‌یان دێته‌وه سه‌ر، هه‌ربۆیه له‌سه‌ر پێناسه‌ی تاوانی سیاسی شک و گومان له ئارا دایه. گرنگترین ڕێوشوێن بۆ ده‌ستنیشانکردنی تاوانی سیاسی، ڕێوشوێنی زه‌ینی و عه‌ینیه.

له‌ڕێوشوێنی زه‌ینیدا که‌سی تاوانبار و ئامانجه‌که‌ی به پێوه‌ری کرده‌که داده‌نرێ، نه‌ک تاوان و ئه‌و کاریگه‌رییه‌ی که له پاش خۆی به جێی دێڵێ. به‌پێی ئه‌م شێوازه، تاوانی سیاسی ئه‌وه‌یه که تاوانبار کرده‌که به پاڵنه‌ری سیاسی و به‌مه‌به‌ستی زه‌ربه‌لێدان له ده‌زگای به‌ڕێوه‌به‌ری حکومه‌ت

بەڕێوە بیا، هەرچەندە سروشتی کردەکە وەک ئەو تاوانە نەبێ کە زۆرجار بە تاوانی سیاسی ناو دەبرێن.

لە ڕێوشوێنی عەینیدا پێوەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانی سیاسی ئەو دەرئەنجامەیە کە لە دوای تاوان دەمێنێتەوە. ئەگەر تاوانی بەڕێوەچوو زەربە لە سەروەریی وڕێکخستنی حکومەت و ئازادییە گشتیەکان بدا، ئەوا لە چوارچێوەی تاوانی سیاسی دادەنرێ.

تاوانەکانی شەڕ *Warcrimes*

بە پێشێلکردنی یاسا و عۆرفەکانی شەڕ دەگوترێ کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێ. بەپێی ماددەی ٦ی پێرەوپرۆگرامی دادگا سەربازییە نێودەوڵەتیەکانی ساڵی ١٩٤٥وپێداگریی دووبارەی کۆمیسیۆنی یاسا نێونەتەوەییەکان و کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٠دا ، بەم شێوەیە باس لەو کردەوانە دەکا کە بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێن :"کوشتن، هەڵسوکەوتی خراپ یان ڕاگواستنی خەڵکی سڤیل لە شوێنە داگیرکراوەکان، یان بۆ شوێنە داگیرکراوەکان بەمەبەستی کاری زۆرەملێ یان هەر کارێکی تر؛ کوشتن یاهەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ دیلەکانی شەڕ یان هەرکەسێک لە دەریادا؛ کوشتنی بارمتەکان؛ بە تالأنبردنی سامانە تایبەتی و گشتیەکان؛ خاپوورکردنی دوژمنکارانەی شارەکان، شارۆچکە و گوندەکان یان هەر خاپوورکردنێک کە بە بیانووی پێویستی سەربازی جێبەجێ دەکرێ. "هەروەها ئەو کردەوانەی تر کە بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێن: "کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ئاڵای سپی یان مانگی سوور یان ئاماژەیەکی لەمجۆرە؛ پۆشینی جلو بەرگی مەدەنی یان جلی دوژمن لەکاتی شەڕدا؛ ژەهرکردنە ناو ئاوی ڕووبارەکان و بیرەکان؛ کوشتنی ئەو دوژمنەی کە چەکەکەی فڕی داوە؛ تیرۆر؛ پێشێلکردنی مافەکانی ئەو کەسەی خۆی بەدەستەوە داوە، پێشێلکردنی "بارودۆخی ئازادیی مەرجدا ڕو؛ شێواندنی بەئەنقەستی ئەو دەسکەوتانەی کە دوژمن لە شەڕ وەدەستی هێناون.

ئەو کردەوە دوژمنکارانەی کە لە لایەن تاقمە میلیشیا تێکدەرەکانەوە(بەمانای ڕەهای خۆی)ەوە بەڕێوە دەچن بە تاوانەکانی شەڕ دەژمێردرێن کە ئەگەر بە شێوەیەکی واقیع بینانە سەیری بکەین تەنیا لەلایەن دادگاکانی دوژمنەوە سزا دەدرێن. سیخووڕی بە تاوانێکی شەڕ ناژمێردرێ.

بەپێی پێناسەی دادگای نۆرێنبێرگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی (کوشتاری بەکۆمەڵ) بە خراپتر لە تاوانەکانی شەڕ دادەنرێ، چوونکە دەکرێ هەم بەر لەشەر وهەم پاش شەڕ بەڕێوە بچن و، ڕووبەڕووی هەر گرووپ و کۆمەڵێک ببنەوە. ئەم پێناسە بە جۆرێک ئەوە روون دەکاتەوە کە تاوان لە دژی مرۆڤایەتیش، کە لە کاتی ڕوودان یان لە پێوەندی لەگەڵ شەڕ لە دژی دانیشتوانی دوژمن بەڕێوە دەچێ، دەبێ بە بەشێک لە تاوانەکانی شەڕ بژمێردرێ. بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان، بەشداری لە بەڕێوەبردنی تاوانەکانی شەڕیش بە تاوان دەژمێردرێ. کەسێک ناتوانێ بە بیانووی ئەوەی کە بەرپرسیار بووە یان داکۆکی و پارێزگاری لە حکومەت کردووە، پاساو بۆ تاوانەکانی خۆی بێنێتەوە. یان کەسێک کە تاوانی شەری ئەنجام داوە، لە کاتی دادگاییکردندا، ناتوانێ پاساو بۆ تاوانەکەی خۆی بەوە بێنێتەوە کە لە کەسی سەرووتر، بۆوێنە لە سەرۆک حکوومەت یان هەرکەسێکی تر دەستووری وەرگرتووە؛ واتا لە دادگادا ئەم بەڵگەو پاساوانە پەسند ناکرێن. هەرچەندە ڕەنگە لە کەمکردنەوەی سزاداندا ڕۆڵی هەبێ. پێوەری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا تاوانبار لە ڕووی هەڵبژاردنێکی وشیارانە ورەوشیتیەوە کارەکەی بەڕێوەبردووە یان نا. بە بڕوای زۆربەی یاساناسەکان، تاوانەکانی شەڕو هەروەها تاوان لە دژی مرۆڤایەتی پێوەندی بە تێپەڕ بوونی کاتەوە نیە؛ واتە ناکرێ بە هۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بەسەر تاوانێکی شەڕ یان تاوانی لە دژی مرۆڤایەتی چاوپۆشی لە دادگاییکردنی تاوانباران بکرێ یان واز لە تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی ئەوان بهێنرێ. ئەم بابەتە بەتایبەتی سەبارەت بە دادگاییکردنی تاوانەکانی شەڕ لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی " کۆنڤانسیۆنی نەگرتنەوەی تێپەڕبوونی کات بەسەرتاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی "ی پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا، دروستە. ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکێک لەو دەوڵەتانە بوو کە دژی پەسندکرانی ئەم کۆنڤانسیۆنە بوو.

تاوانەکانی دژی ئاشتی — *Crimes Against Peace*

تاوانەکانی دژی ئاشتی بریتین لە دارشتنی پلان؛ خۆرێکخستن، دەستپێکردن یان وەرێخستنی شەڕێکی هێرشکارانە؛ یان شەڕێک کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامە یان بەڵێننامە نێونەتەوەییەکان؛ یان بەشداریکردن لەگەڵلایەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی هەرکام لەو

www.perawipepwle.com

کردەوە ئاماژەپێکراوانە، یان ئەو خالانەی کە بەپێی ڕێککەوتنی پاریس (کلۆگ بریان) و بەتایبەتی پیرەوپرۆگرامی Un، ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان کە بە مەبەستی پاراستن و گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی، لە بەرامبەر هەر جۆرە هەڕەشە یان پێشێلکردنی ئاشتی نێونەتەوەیی یان کردەوەی هێرشکارانە، بڕیاری پێویست دەربکا. تاوانەکانی دژی ئاشتی یەکێک لەو سێ دەستە تاوانانە بوو کە دادگا سەربازییە نێونەتەوەییەکانی تۆکیۆ ونۆرێنبێرگ لە داوای شەڕی دووهەمی جیهانی بڕیاریان دا، لێی بکۆڵنەوە. دادگای نۆرێنبێرگ بەم هەوڵی دەدا کە ئەو پرەنسیپانەی کە لە جاڕنامەدا گونجێنراون، نیشانەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی ئەوکاتە بوون کە ئەو دادگایە دامەزراوە. ئەم پرەنسیپانە پێناسەی تاوانەکانی دژی ئاشتی لە خۆ دەگرت. لە ساڵی ١٩٤٦دا، کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە پێداگری لەسەر پرەنسیپەکانی یاسا نێونەتەوەییەکان دەکرد. ئەم یاسایانە لە لایەن جاڕنامەی دادگای نۆرێنبێرگ و بڕیاری دادگا بەڕەسمی ناسرا بوون.

ڕەنگە تاوانەکان لە دژی ئاشتی یەکێک لەو سێ دەستە تاوانانەی ناو جاڕنامەی دادگای سەربازیی نێونەتەوەیی بێ. دوو تاقمەکەی تر بریتی بوون لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ. بەرلە جاڕنامەی نۆرێنبێرگ، پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان وپەیمانی کلۆگ بریان، شەڕیان جگە لە حاڵەتی بەرگری لە خۆکردن (بەرگریی ڕەوا) قەدەغە کردبوو؛ بەڵام ڕێک ئەم ناوەیان لەسەر دانەنابوو. جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان پەنابردنی بۆ هێزی قەدەغە کردبوو و، بە نایاسایی دەزانی. بەڵام بە ئاشکرا ناوی تاوانی لەسەر دانەنابوو. بەو حاڵە، پرەنسیپەکانی جاڕنامەی دادگای سەربازی نێونەتەوەیی بە چەندین جار لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داکۆکی و پێداگری لە سەر کراوەتەوە، چەند بابەتی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ تاوانەکانی دژی ئاشتیدا گرنگییەکی تایبەتیەکان هەیە. یەکەم بابەت ئەوەیە کە ئایا دەکرێ کردەوە هێرشبەرانەکانی هێزە دۆڕاوەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا بە پێشێلکردنی یاسا عورفیەکان یان ڕێککەوتنەکانی ئەو سەردەمە بژمێردرێ یان نا؟ لە حاڵێکدا کە ڕێبازێکی فیکریی دیکەحاشا لە قەدەغە بوونی هێرش دەکاو؛ هەروەها بابەتی گشتیی دووهەم واتە ئەوە کە هیچکات لەبارەی پێناسەی هێرشەوە ڕێککەوتنێک لە ئارادانە بووە. ڕەنگە بابەتی یەکەم هیچکات بە شێوەیەکی حەتمی یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام بابەتی دووهەم بەپێی بڕیارنامەی ١٣١٤ لە ٢٩یەمین دانیشتنی

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ وڵام دراوەتەوە. هێرش بەم شێوەیە پێناسە کراوەکە: "پەنابردنی وڵاتێک بۆ هێزی سەربازی لە دژی سەروەری، سەربەخۆیی ویەکپارچەی خاکی وڵاتێکی تر، یان هەر شێوەیەکی تر کە بە پێچەوانەو لە دژی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێ". پاشان ئەو کردەوانەی کە بە هێرشکارانە دەژمێردرێن، باس دەکرێن. ئەم پێناسەیە گشتگیر نەبووەو، ناتوانێ گشتگیریش بێ. لە ئاکامدا، بەپێی ماددەی ٣٩ی جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرچاوەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بۆ دیاریکردنی هێرشبەر، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

تاڵیبان *Taliban*

تاڵیبان لە گرووپە سیاسی ـ سەربازییەکانی دواکەوتووی توندڕۆی ئەفغانستانە کە لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٤ بە هاوکاری ڕاستەخۆی وڵاتانی ناوچە و لەوانە پاکستان، بوونی خۆیان ڕاگەیاند. زۆربەی "تەلەبەکان " (فەقێ کان) لە "قوتابخانە ئایینەکانی" پاکستان دا، لە بواری ئایینی و سەربازییەوە ڕاهێنرابوون.

بە دوای ئەو بشێوی و ئاڵۆزییە سیاسییە کە لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت کەوتە ئەفغانستانەوە، تاڵیبان توانی بە پشتیوانی ماددی عەرەبستان و یارمەتیە سەربازییەکانی پاکستان لە ئەیلوولی ١٩٩٦دا، کابول بگرێ و نەجیبوڵڵاخان، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەم وڵاتە لە گۆڕەپانی ئاریانای کابۆل لە سێدارە بدەن.

تاڵیبان لە درێژەی هێرشەکانی خۆیاندا توانیان شاری مەزارشەریف لە مانگی ئابی ١٩٩٨دا داگیر بکەن و هەزاران کەس لە شیعەکانی ئەم وڵاتە بکووژن.

ڕژێمی تاڵیبان سەرەڕای هەوڵە چڕەکانی بۆ بەرەسمیی ناسینی نێو دەوڵەتیی، تەنیا لە لایەن پشتیوانەکانیانەوە، واتە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، عەرەبستانی سعوودیا و پاکستانەوە بە ڕەسمی ناسران. تاڵیبان لە دوای ئەوەی دەستی بەسەر ٩٠% لە خاکی ئەفغانستان داگرت، ناوی ئەفغانستانیان بۆ "ئیماراتی ئیسلامی ئەفغانستان گۆڕی و" مەلامحەممەد عومەر" بەناوی "ئەمیری موسڵمانان" ەوە لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. سیاسەتە توندڕۆکانی نێوخۆو دەرەوەی ئەم

رژێمە شەپۆلێک لە ترسی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەفغانستان دا پێکهێنا و ئەو کوشتارەی کە لە دوای داگیرکردنی شارە جیاوازەکان دا دەیانکرد، رق و بێزاری جیهانی لەم رژێمە زیاتر کرد.

لە دوای رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ لە ئەمەریکا، ویلایەتە یەکگرتووکان قامکی تۆمەتیان بۆلای ئوسامەبن لادەن، نەیاری عەرەبستانی سعوودیە راکێشا کە بە پشتیوانی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا، هەوڵی پێکهێنانی بنکەی سەربازی و راهێنانی پارتیزانی بۆ هێرشکردنەسەر ئەمەریکا دەدا کە ئەو بەزەبروەشاندن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمپریالیسمی دادەنا.

تاڵیبان کە لە بەدەستەوەرانی بن لادن و داخستنی بنکەکانی " القاعدە" خۆی بوارد، کەوتە بەرهەڕەشەی ئەمەریکا و لە حەوتی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١دا، سوپای ئەمەریکا ناوچە جیاوازەکانی ئەفغانستانی بەموشەکەکانی کرۆز و فرۆکە سەربازییەکانی کوتا و رێگای بۆ نەیارانی تاڵیبان خۆش کرد. لەم نێوەدا، یەکیەتیی باکوور کە لە رێکەوتی ٩ی ئەیلوولدا، ئەحمەد شامەسعوود، رێبەری سیاسی و سەربازی خۆی لە دەست دابوو، توانی بە رێکخستنی هێزەکانی خۆی و پشتیوانی نێو دەوڵەتیی، جارێکی دیکە کابول بگرێتەوە. (تشرینی دووهەمی ٢٠٠١).

تاڵیبان کە جگە لە راکردن چارەیەکیان نەمابوو، شوێنەکانی خۆیان بە جێدەهێشت و رایان دەکرد بۆ چیاکان. ئەو بەشە لە هێزە سەربازییەکانی پاکستان کە نەیاری تاڵیبان بوون، وایان بڵاوکردەوە کە تاڵیبان بەرنامەیەک بوو کە لە لایەن بەریتانیاوە دارێژرا بوو، ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا رێبەرایەتی کرد، عەرەبستانی سعوودیا پشتیوانی ماددی کرد و پاکستان لە نەبووە هێنای بوو، تا بتوانێ بە ئامانجە لەمێژینەکانی خۆی وەکوو هێنانە سەر دەسەڵاتی رژێمێکی لایەنگری خۆی لە ئەفغانستان، ناسینی هێڵی سنووری دیوراند و پێکهێنانی قووڵایەکی ستراتیژیی بگا.

چینە کۆمەڵایەتیەکان

سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتیەکان پێناسەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنە لە ئارادا نیە، چونکە هەر پێناسەیەک بە رژێمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیەوە بەستراوەتەوە. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی چینە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان دا، پێویستە ئەم چەند خاڵە لەبەرچاو بگرین:

الف_ لەو وڵاتانەی کە پیشەسازی نین؛ جیاوازی ئاستی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی نێوان توێژە کۆمەڵایەتیەکان بە جۆرێکە کە بە تەواوەتیی چینەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە.

ب_ لە رۆژئاوا دا باسی" چینە جیاوازە کۆمەلایەتیەکان" لەئارادایە، بەلاّم ئەوان بۆ شیکردنەوەی چینەکان، لە چەمکەکانی چینی رووناکبیر، خاوەن کار و دەرەبەگە خاوەن زەوی و زارەکان کەلّک وەرناگرن. بە پێچەوانەوە باس لە چینی هەژاران، چینی پرۆلتاریا، چینی بۆرژوا و بە تایبەتی چینی کرێکار و کەم و زۆر باس لە چینەکانی ناوەراست دەکەن.

دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە واتای چینی کۆمەلاّیەتیی لە زمانی ئاسایی و زمانی مارکسیەکان و هێندێک لە کۆمەلّناسان وەکوو یەک وانیە.

١_ لە زمانی ئاساییدا، لەرووی حەزو ئیرادەوە، ئەو واقعییەتە کۆمەلاّیەتیە تارادەیەک ناروونانە بە چینی کۆمەلاّیتی دادەنرێن. بۆ وێنە سەبارەت بە داهاتەکان، پێگەی گرووپەکان لە هیرەمی کۆمەلاّیتی و رۆلّی گرووپە کۆمەلاّیەتەکانیش بە نیسبەت دەسەلاّت و شێوەی ژیان لەم چەمکە کەلّک وەردەگرن.

٢_ لە قامووسی مارکسیەکاندا: ئەوکاتەی کەرادەی بەرهەمی هەرکەسێک بەشی بژێوی ژیانی خۆی دەکرد، کۆمەلّگا بەسەر چینەکان دا دابەش نەبیوو. بەلاّم لە ئاکامی گەشەکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا، هەرکەسێک دەیتوانی زیاتر لە نەمر نەژی بەرهەم بێنێ. بەواتایەکی دیکە جگە لە نەمرنەژی، برێک بەرهەمی زیادەش بەرهەم دەهات. بەلاّم ئێستاش ئەو بەرهەمە بەشی خۆشگوزەرانی هەموو کەسەکانی کۆمەلّگای نەدەکرد. لەوکاتەوە چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ دەستی پێکرد و پاشان قۆناغی کۆیلایەتی، دەرەبەگیی و لەکۆتاییش دا سەرمایەداری سەری هەلّدا.

لە هەموو ئەم قۆناغانەدا، چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ و چینی چەوسێنەر و چینە چەوساوە لە ئارادایە. کەواتە چینی پرۆلتاریا کە خاوەنداری هیچ شتێک نەبوو، سەری هەلّدا. پرۆلتاریا دەگاتە ئەو وشیارییەی کە ئەوە هێزو سامانی ئەوە کە گەیشتۆتە چینە بالاّ دەستەکان. کەواتە خەباتی چینایەتی کە لە درێژایی مێژوودا هەبووە، گەرم و گوورتر دەبێ. لە قۆناغی سەرمایەداریدا دەرەفەتی، زانستی و ئابووری بۆ لە ناو بردنی چینەکان دەرەخسێ، چونکە پێشکەوتنە تەکنیکی و زانستیەکان دەبنە هۆی ئەوەی کەبەرهەم هێنان بەرادەی پێویست بێ و پێداویستیەکانی هەموو کەسەکانی کۆمەلّگا بە بەرنامەیەکی زانستی کۆمەلّگا دابین دەبێ. کەواتە خەبات بۆ

دامەزراندنی کۆمەڵگای بێ چینایەتی پێدەکا، تا لە کۆتاییدا چینی کرێکار بە پێی دیالکتیکی مێژوو سەردەکەوێ.

٣_ لەمانای کۆمەڵناسەکان دا.

لە نێو کۆمەڵناسەکان دا بە پێی بیرو بۆچوون و ئەو کۆمەڵگایەی کەشی دەکەنەوە، پێناسەی چینی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەیە.بەڵام ئەم پێناسانە کەم و زۆر رەنگ و بۆنێکی ئایدۆلۆژیان بەخۆگرتووە: لێرەدا ئاماژە بە دوو پێناسە دەکەین:

الف)_ چینی کۆمەڵایەتی گرووپێکی ناو کۆمەڵگایە کە بە یەکەیەکی جوگرافیاییەوە نەبەستراوەتەوە(یانی ئەندامانی ئەم گرووپە لە تەواوی شوێنەکانی وڵات وله ئاستی نێو دەوڵەتیش داهەن). ئەوان ئەم هەست بەوە دەکەن کەلە ژیانیان دا لایەنیکی هاوبەشی ئابووریان پێکەوە هەیە و هەروەها ئەو هەستە هاوبەشەشیان هەیە کە لەگەڵ گرووپێکی دیکە لە کۆمەڵگادا دوژمنن(دوژمنی چینایەتی).

ب)_ گرۆپێکی کۆمەڵایەتی چالاک و پرجموجۆڵە کە لە هەلومەرجێکی یەکساندا دەژین و هەست بە چارەنووسی هاوبەشی خۆیان دەکەن و بڕواشیان بەوە هەیە کە دەبێ لە کۆمەڵگادا رۆڵیان هەبێ. چینی کۆمەڵایەتی ئەو کات هەست بە بوونی خۆی دەکا کە پێگەو رۆلی خۆی بە نیسبەت کۆمەڵگاوە هەڵدەسەنگێنێ و پێکەوە هەست بە پلەو پێگەی خۆیان دەکەن. چینی کۆمەلایەتیی ئەو کاتە سەر هەڵدەدا کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی _ ئابووری لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپێکی دیکە لە کۆمەڵگادا دەکەوێتە دژایەتیەوە و نێوەرۆک و بنەمای رژێمی کۆمەڵایەتی ئیستا دەخاتە بەررەخنە وژێر پرسیارەوە. کاتێک رژێمی کۆمەڵایەتیی لە خزمەتی چینێکی تایبەتی دایە، ئەو گرووپە یان گرووپەکانی دیکە کاتێک هەست بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکەن، چینی کۆمەڵایەتی خەباتگێر پێک دێنن و دەسەڵاتی ئیستا و یاساو پێوەندییە کۆمەلایەتیەکانی دەسەڵاتدار دەخەنە بەر رەخنە و بەم شێوە خەباتی چینایەتی دەست پێدەکا. هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کە جیاوازی و خەباتی چینایەتی لە ئارادایە، بەڵام هێندێک لە رێبازەکان پێیانوایە، خەباتی چینایەتی لە سروشتی کۆمەڵگای دابەشبوو بە سەر چینەکان دا سەرچاوەی گرتووە و هەتا هاتنەئارای کۆمەڵگای بێ چین درێژە دەکێشێ. یانی دەبێ لە کۆتاییدا زۆرینەی گەورەی بەرهەم هێنەکان، گرووپ یان چینە مشەخۆرە چکۆلەکان لە

www.perawipepwle.com

ناوببەن تا کۆمەڵگای بێ چین و خەباتی چینایەتی پێک بێ. بەڵام هێندیکی دیکە پێیانوایە کە خەباتی چینایەتی ئاکامی سروشتی کۆمەڵگا نیە . کەواتە ئاشتی لە نێوان چینە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەکان وچینە چەوسێنەرو چەوساوەکان، بە کەمکردنەوەی پلەی چەوسانەوە پێک دێ.

تاک گەریێتی **Individuaism**

تاک گەریێتی بەمانای بایەخدان بە تاک لە بەرامبەر کۆدایە. ئەم رێبازە بڕوای بە گرنگیی و بایەخی تاک لە بەرامبەر کۆ دا هەیە.

فەلسەفەکانی ئەگزیستانسیالیزم، پراگماتیزم و پێسۆلیزم هەموویان لە سەر بنەمای فەلسەفەی تاک گەریێتی داوەستاون.

تێکەڵ پێکەڵ **Eclectism**

بە لێکدان و تێکەڵاوکردنی نابەجێی چەند بیروبۆچوون و تیۆری لێک جیاواز دەگوترێ کە هیچ فرێکیان بەسەر یەکترەوە نیە.

تۆڵەی ئاسایی **Conventional Rrtaliation**

پێشنیارێک بوو کە لە ساڵی ١٩٨٣دا لە لایەن سامۆئێل هانتینگتۆنەوە ئاراستە کرا. بەپێی ئەم تیۆرە، گەلاڵەی هێرشی پێشگیرانە بە چەکە ئاساییەکان لە دژی ئەورووپای رۆژهەڵات بە جێگای" وەڵامی نەرم" پێشنیار کرا بوو.

تۆڵەی هەمەلایەنە **Massive Retaliation**

ئەو زاراوەیە کە لە دوای شەڕی کۆریا لە لایەن حکومەتی ئایزنهاوێر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی کۆمۆنیزمدا کەڵکی لێ وەرگیرا، بریتی بوو لەوەی کە ئەمەریکا لە پێشەوە مافی تۆڵەی هەمەلایەنەی بۆ خۆی لە هەرکات و شوێنێک کە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەمەریکا بخوازێ، دەپارێزێ و، ئەم کارەش تەنیا بە هێرش بۆ سەر ئەو شوێنەی کە هێرشی دەکرێتە سەر، بەرتەسک نابێتەوە. ئەمەریکا و سۆڤیەت هەردووکیان دەزانن کە هیچکامیان ناتوانن لە "زەبری یەکەم" دا یەکتر لە نێو بەرن و، و لایەنی بەرامبەر دەتوانێ لە "تۆڵەی هەمەلایەنە" کەڵک وەرگرێ. لە دەیەی پەنجادا پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لە لایەن ئەمەریکاوە، چەندین جار هەردوو زلهێزەکانی ـ ئەمەریکا و سۆڤیەت_ تاکوو لێواری شەڕ برد. دروستکردنی موشەکە ناوەکیە دوور هاوێژەکان لە لایەن سۆڤیەتەوە، بایەخی تێزی " تۆڵەی هەمەلایەنە"ی ئەمریکا خستە ژێر پرسیارەوە.

سیاسەتی حکومەتەکانی کەنێدی و جۆنسۆن لەسەر ئەو ڕێبازە سیاسیە ڕاوەستا بوو کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕدا، لە هەموو هێزەکانی خۆیان هەتا ئەو پەڕی توانا بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی شەڕ یان کۆتایی هێنان بە شەڕ لە ناوچەکەدا کەڵک وەرگرن.

تۆری ئینتلیجێنس *Intelligence Service*

ناوی ڕێکخراوی سیخووڕی بەریتانیایە کە ڕێکخستنەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ناوەندی لەندەن لە سەدەی شازدەهەم (ساڵی ١٥٧٣) لە لایەن یەکێک لە وەزیرانی حکومەتی پاشایەتیی، شاژن ئەلیزابێتی یەکەم بە ناوی " فرانسێس ڤاتینگهام" کە ڕاوێژکاری سیاسی ناوبراویش بوو، دامەزرا.

ڕێکخراوی سیخووڕیی بەریتانیا لە بنەڕەتدا، خاوەنی ٦ بەڕێوەبەرییە کە بریتین لە:

١ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی سیاسی دەرەوە.

٢ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی دەریایی.

٣ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی سەربازی.

٤ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی بازرگانی و پیشەسازی.

٥ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی نێوخۆیی.

٦ــ بەڕێوەبەریی هەواڵگریی کۆلۆنیەکان.

سەرکەوتنی ڕێکخراوی سیخووڕی بەریتانیا و هێژمۆنی تەکتیکەکانی ئەم ڕێکخراوە بە سەر ڕێکخراوە سیخووڕەییەکانی جیهاندا تەنیا بۆ تەمەنی دوورو درێژو ئەزموونەکانی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو هەموو شاکان و سەرۆکەکانی دەوڵەتی بەریتانیا پێشتیوانیان لە توندتر بوون و بەرفراوانبوونی مەودای چالاکیەکانی ئەوڕێکخراوە دەکرد.

تیۆری یاری *Game Theory*

ئەم تیۆرە لە سەربنەمای جۆرێک بەڵگەوتەی ئابستراکت، کە ئاکامی لێکدانی بیرکاری و لۆژیکە، راوەستاوە. زۆربەی هەرە زۆری داڕێژەرانی تیۆری یارییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاراستەی ئەم ئەو هەڵسوکەوتانە نین کەکەسەکان لە کاتی شەڕو کێشەدا دەیانکەن، بەڵکوو ئاماژە بەو هەڵسووکەوتە "عەقڵانیە بەجێ" یانەی حاڵەتی شەڕ و کێشەکان دەکەن کە لایەنەکانی شەڕەکە

هەوڵ دەدەن شەڕەکە ببەنەوە. مرۆڤەکان لە کاتی شەڕو ناکۆکیدا، بە شێوەی ناعەقڵانی دەجووڵێنەوە و هەڵدەچن و تووڕە دەبن

تیۆری سێ جیهان — Three World Theory

بەپێی ئەم تیۆرە ماو، دونیای ئێستاکە بە سەرسێ جیهاندا دابەش دەبێ:

١ــ دوو زلهێزی ئەمەریکا و سۆڤیەت کە ئەمەریکا ئەمپریالیست و سۆڤیەتیش سۆسیال ئەمپریالیستە.

٢ــ وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری وەکوو بەریتانیا، ئەڵمانیا، ژاپۆن و وڵاتانی تری سۆسیالیستی.

٣ــ وڵاتانی هەژار و پەرەنە گرتوو. بەڕای ماو جیهانی سێهەم دەبێ لە دژی جیهانی یەکەم لەگەڵ جیهانی دووهەمدا یەک بگرێ.

تەوەری بەرلین ــ رۆم — Berlin – Rome Axisc

ئەم زاراوە ئاماژە بە روانگە و خوێندنەوەی نازی ــ فاشیستی سەبارەت بە کێشە نێودەوڵەتیەکان دەکا کە لە دوای مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی تشرینی یەکەم لە لایەن موسۆلینەوە هاتە ئاراوە (تشرینی یەکەمیی ١٩٣٦). ئەڵمانیا و ئیتالیا بە پێی ئەم پرۆتۆکۆلە بەڵێنیان دا کە لە بەرامبەر دەوڵەتیی کۆماری ئیسپانیا و بەگشتی لەگەڵ کۆمۆنیزمی جیهانیدا بەرەنگاری بکەن. ئەم شتە بە واتایەکی روونتر لە " رێککەوتننامەی پۆلا"ی نێوان ئیتالیا و ئەڵمانیا (١٩٣٩) ئاماژەی پێکرا بوو. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم رێککەوتننامەیان مۆر کردبوو بەڵێنیان دا کە لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕدا، هاوکاری یەکتر بکەن. تەوەری بەرلین ــرۆم بە بوونە ئەندامی ژاپۆن کە ئەندامی رێککەوتنی بەرەنگاری لەگەڵ کۆمۆنیزمی جیهانیشدا بوو (تشرینی دووهەمی ١٩٣٦) پەرەی گرت و یەکیەتیی سێ کوچکە پێکهات (ئەیلوولی ١٩٤٠). سۆڤیەت لە رابردوودا نە ببووە ئەندامی ئەم رێککەوتننامەیە.

تەوەری شەڕ — Axis Of Eril

جۆرج ــWــ بۆش لەوتارێکدا لە کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆنگرەو سەنای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کانوونی دووهەمی ٢٠٠٢دا، ئاماژەی بە وڵاتانی ئێران، عێراق و

کۆریای باکوور کرد کە ئەمەریکا ئەم دەوڵەتانەی بە هەبوونی چەک و چۆلی کوشتاری بەکۆمەل تاوانبار کرد.

تابووری پێنجەم *Fifth Coloumn*

بەو دەستە شاراوە نێوخۆییانە دەگوترێ کەدەستیان لەگەڵ دوژمن دا تێکەڵ کردووە و لەو دیوی بەرەی شەڕەوە خەریکی کاری تێکدرانەن. ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەکاتی شەڕە نێوخۆییەکانی ئیسپانیا لە ساڵەکانی ١٩٣٩-١٩٣٦ دا هاتە ئاراوە. لەم کاتەدا ژەنەراڵ فەرەنکۆ بە پشتیوانی هێزەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە دژی خەڵکی ئیسپانیا و دەوڵەتی کۆماریی تازە دامەزراودا شەڕی دەکرد. ژەنەراڵ مۆلی، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای فرەنکۆ بە چوار لە شکری سوپاوە بەرەو مەدرید وەڕێکەوت تاکۆماریخوازەکان تێک شکێنێ. لەم کاتەدا رایگەیاند کە لەمن لەشکری " تابوورێک"ی پێنجەمم لە ناو مەدریدا هەیە. مەبەستی ئەو لە تابووری پێنجەم، ئەو خائینانە بوون کە لە ناو شاردا لە دژی خەڵک و بە قازانجی دوژمن کاریان دەکرد. زاراوەی تابووری پێنجەم ئەمرۆکە بە خائین و دەست وپێوەندەکانی دوژمن لە ناو حیزبێک، یان رێکخراوێک یان وڵاتێک دا دەگوترێ.

پ

پ

www.perawipepwle.com

پلانی ستراتیژی *Strategic Planninig*

پلانی درێژماوه له دوو توخمی سه‌ره‌کی پێک دێ:

پلانی ستراتژیی و پلانی تاکتیکی.

پلانی ستراتژیی :

١ـ له ئاستێکی باڵاتر له به‌ڕێوه‌به‌ریدا راده‌وه‌ستێ و، ته‌نیا سه‌باره‌ت به بڕیاره‌کان له ئاستی به‌ڕێوه‌به‌ری دایه.

٢ـ بۆ دابینکردنی ئامانجه سه‌رکیه‌کانی یه‌که‌ی ئابووری و رێکخستنی سه‌رچاوه پێویسته‌کان بۆ گه‌یشتن به‌و ئامانجانه هه‌نگاو ده‌نێ.

٣ـ پێوه‌ندی به بڕیاره کورت خایه‌ن و درێژخایه‌نه‌کان هه‌یه‌و، پێ له سه‌ر بڕیاره درێژخایه‌نه‌کان داده‌گرێ. به‌بێ ئه‌وی که ته‌نیا بایه‌خ به‌و لایه‌نه بدا.

٤ـ سه‌رجه‌م سه‌باره‌ت به نرخی یه‌که‌ی ئابووری که‌ڵکی لێ وه‌رده‌گیردرێ.

٥ـ چالاکیه‌کی به‌رده‌وام (وه‌کوو ره‌وتێک) و چالاکیه‌کی نارێکخراو (وه‌کوو نێوه‌ڕۆک).

٦ـ زیاتر پێویستی به‌و زانیارییانه هه‌یه که له ده‌ره‌وه‌ی چوارچێوه‌یه‌ی ئه‌م یه‌که‌یه‌دا به‌ده‌ست دێ.

پلانی تاکتیکی — Tactical Planning

ئەم پلانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە ستراتیژییانەیە کە:

١ــ لە چوارچێوەی پلانە ستراتژیکەکان وەرێ دەخرێن.

٢ــ تەرخانکردنی عەقلانیی سەرچاوەکان لە پرۆسەیەکی تێروتەسەل دا.

٣ــ لە قۆناغە کورت خایەنەکان دا بەرینترە (یەک مانگە، سێ مانگە، یەک ساڵە)

٤ــ لە هەموو خزمەتگوزارییەکانی پلانە ستراتیژییەکاندا هاوبەشە.

٥ــ لەسەر بنەمای ڕێژەیی و ژمارەیەکە لە یەکەیەکی ئابووریدا کۆ بۆتەوە.

٦ــ چاوەڕوانی ئەوەی هەیەکە کەسانێکی زۆر لە ئامادەکردنی پلانە تاکتیکیەکاندا بەشداری بکەن.

٧ــ بە بەراورد لەگەڵ پلانی ستراتیژیدا ئاسایی تر و دواکەوتووترە.

پاتت لاو — Pathet Lao

ناوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی لائۆسە. ئەم وڵاتە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٤ هەتا ١٩٧٣ گیرۆدەی شەڕی نێوخۆی لە نێوان رژێمی پاشایەتی، هێزەکانی لایەنگری ئەمەریکا و هێزەکانی پاتت لاو بە سەرکردایەتیی شازادەی پێشوو سووفانۆڕۆنگ بوو. هێزەکانی پاتت لاو توانیان هەتا شوباتی ١٩٧٣ بەشێکی گەورە لە وڵات بکێشنە ژێر رکێفی خۆیان. ئاگر بەستێک لە نێوان هێزەکانی دوو لایەندا مۆر کراو، لە مانگی ئەیلوولدا دەوڵەتێکی هاوبەشیان پێکهێنا کە لە پاشایەتیی خوازان و کۆمۆنیستەکان، پێکهاتبوو و، دەسەڵاتی وڵاتەکەیان بەدەستەوە گرت. بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ڤێتنام (١٩٧٥) بوو بە هۆی سەرکەوتنی رەهای هێزەکانی پاتت لاو لە لائۆس و، لە رێکەوتی دووی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥دا رژێمی پاشایەتی بە تەواوەتی لەوڵاتدا بەهەڵوەشاوە راگەیەنراو، بە جێگای ئەو رژێمە، کۆماری دیمۆکراتیکی گەلی لائۆس دامەزرا.

پاتریمۆنیالیزم / دەسەلاتی بەرەبابی Patrimonialism

ئەم زاراوەیە لە لایەن ماکس ڤیبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانی داهێنراوە. پاتریمۆنی لە وشەی Paterی لاتینی واتە باوک وەرگیراوەو، بریتیە لەو ملک و سامانەی کە لە باب و باپیرانەوە بە میرات گەیشتبێ. ڤیبەر پاتریمۆنیالیزم بە جۆرێک لە حکومەت دەزانێ کە دەسەڵاتدارەکەی، وەک مولکی تایبەتی خۆی سەیری حکومەت دەکا.

مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەمجۆرە حکوومەتە، دابینکردنی پێداویستیەکانی بنەماڵە یان خێزانی دەسەڵاتدارە. کاربەدەستانی دەوڵەت هەموویان لەراستیدا نۆکەران و نوێنەرانی دەسەڵاتدارن.

پاراڵیلزم Parallelism

گریمانەی پاراڵیلزم ناوی بەشێک لە فەلسەفەی ئەفلاتونە، لە ژێر ناوی چینە کۆمەڵایەتیەکان یان سێ رۆحەکە کە لە کتێبی " کۆماری"ی ناوبراودا، ئاماژەی پێکراوە. ئەفلاتون کۆمەڵ لە سەربنەمای دابینکردنی سێ پێداویستی (دابینکردنی پێویستیەکانی جەستەیی مرۆڤ، پاراستنی کۆمەڵگا و دەسەڵاتکردن بەسەر وڵاتدا) دابەش دەکاو، هاوسەنگیەک لە نێوان توانایی و لێهاتوویی تاکەکەسەکان لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتیەکان هاوسەنگیەک دادەنێ.

پارتۆکراسی / حیزب سالاری Partocrac

پارتۆکراسی زاراوەیەکە کە بە دەسەڵاتدارەتیی حیزبەکان و، بە باوەڕی کۆمۆنیستیەکان بە "دێمۆکراسیی حیزبی " دەگوترێ کە لە سەدەی بیستەمدا لە دوای شۆڕشی کۆمۆنیستی هاتە ئاراوە.

لە سیستەمی پارتۆکراسیدا شێوازەکانی حکومەتی تاکەکەسی، دەسەڵاتدارەتیی رێبەرانی حیزبی و دەسەڵاتدارەتیی حیزب یاندەسەڵاتدارەتیی "چینی نوێ" لە کۆمەڵگا دادەمەزرێ.

Partisan پارتیزان

ئەم زاراوەیە لە راستیدا بەو بەشە لە خەڵکی رووسیا دەگوترا کە لە ماوەی هێرشی ناپلیۆن، ئیمپراتۆری فەرەنسا بۆ سەر رووسیا، هێرشیان دەکردە سەر هێڵەکانی لۆجستیکی فەرەنسا (١٨١٢). ئەمرۆکە ئەم زاراوەیە بەو گرووپە چەکدارانە دەگوترێ کە لە پشتی هێڵەکانی دوژمنەوە هێرشی دەبەنە سەر دوژمن و، یەکەی بەرگری پێک دێنن.

لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زاراوەی پارتیزان بە چەند تاقم لە گرووپەکانی چەپ دەگوترا کە بە پێی دەستووری ستالین لەو شوێنانەی کە لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە داگیر کرابوو، هێرشیان دەکردە سەر ئەڵمانیەکان (٤٢ـ١٩٤١). هەر لەو کاتەدا پارتیزانە کۆمۆنیستەکان لە ئەڵبانیا، سلۆڤاکیا و یۆنانیشدا لە دەوری یەک کۆبوونەوە. پارتیزانە کۆمۆنیستەکان لە یۆگوسلاڤیا بە سەرکردایەتی مارشاڵ تیتۆ لە کانوونی دووهەمی ١٩٤١ دامەزران و،بەم شێوەیە لە چینیەکان جیا کرانەوە. پارتیزانە کۆمۆنیستەکان لەو شوێنانەی کە لە لایەن سوپای ئەڵمانیاوە داگیر کرابوون هاوکارییەکی بەرچاو و کاریگەرییان لە گەڵ سوپای سووردا دەکرد.

Parliament پەرلەمان

پەرلەمان ئەو واتایانە لەخۆ دەگرێ:

١ـ ئەو کۆڕو ناوەندە رسمیانەی کە سەلاحییەتی دەرکردنی بڕیارێکیان هەبێ و، ئەرکی سەرەکیان تاوتوێکردن و پەسندکردنی یاسا و بوودجەیە.

٢ـ بەواتای ئەنجوومەنە.

Long Parliament پەرلەمانی درێژماوە

لە مێژووی بەریتانیادا بە ئەنجوومەنێک دەگوترێ کە ماوەکەی لە ٣ی تشرینی دووهەمی ١٦٤٠ هەتا ١٦ی مارتی ١٦٦٠ درێژەی کێشا.

Short Parlament
پەرلەمانی کورت ماوە

ئەم زاراوەیە لە مێژووی بەریتانیادا بە ئەنجوومەنێک دەگوترێ کە لە ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ساڵی ١٦٤٠ دامەزراو، لە ٥ی مانگی مایسی ئەوساڵەدا لە لایەن چارلزی یەکەم، پاشای ئەوکاتی بەریتانیا هەڵوەشایەوە.

Parliamentarism
پەرلەمانتاریزم

پەرلەمانتاریزم لە وشەی فەڕەنسیی Parler (قسە کردن و بڕیاردان) وەرگیراوە. پەرلەمانParlement (شوێن و ئەنجوومەنی شوڕا) بە دەستەیەک دەگوترێ کە لە لایەن خەڵکەوە (بەدەنگی ڕاستەو خۆ و شاراوە) هەڵدەبژێردرێن تاکوو خەریکی دارشتن و پەسندکردنی یاساکان بن و، بەسەر جێبەجێ کردنی یاساکانیشدا چاوەدێری بکەن. لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتەکان لێک جیا کراونەتەوە (بەڕێوەبردن، یاسا دارێژیی و دادوەری)، پەرلەمان هەمان هێزی یاسادارێژییەو، بە نوێنگەی دیمۆکراسیی ناڕاستەوخۆ دەژمێردرێ. لە یۆنانی کۆن و کانتۆنەکانی سویسرادا دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ لە ئارادا بووە، کە لەودا خەڵک ڕاستەوخۆ لەدارشتن وپەسندکردنی یاساکاندا بەشداریان کردووە.

پەرلەمانتاریزم، بە بیروبۆچوونێک دەگوترێ کە بڕوای بەیاسادارشتن لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەیەو پێوایە دەبێ پەرلەمان بە سەر کاروباری دەوڵەت و حکوومەتدا چاوەدێری بکا. هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرو وەزیرەکان بەدەنگی لە لایەن نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەماندا دەنگی متمانەیان پێدەدرێ. سەرۆک وەزیرو وەزیران لە بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرسیار و وڵامدەرن. بە واتایەکی دیکە، ئەنجوومەنی وەزیران بە تێکرایی و ئەندامانی حکوومەت (وەزیران) بە تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادارێژی (پەرلەمان)دا بەرپرسیارن و، پەرلەمان دەتوانێ و ئەو سەربەستیەی هەیە کە دەنگی متمانەیان پێ بدا یان پێیان نەدا. ئەگەر دەنگی بێ متمانەیی بە حکوومەت یان وەزیرێک درا ئەوا ئەو حکوومەتە یان ئەو وەزیرە لەسەر کار لادەدرێ.

هەڵسەنگاندن و پەسندکردنی بووجە، پێدا چوونەوە بە گەڵاڵەکان لە کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان بەر لە پەسندکردنی کۆتایی، لە ئەرکەکانی پەرلەمانە. بوونی پەرلەمان نیشانەی ئیرادەی گەل و دەسەڵاتی نەتەوەییە. لە پەرلەمانتاریزمدا، پەرلەمان دەسەڵاتداری ڕاستەقینەو سەرەکیە و،

www.perawipepwle.com

نوێنەری خەڵکەو، حکومەت تەنیا پەسندکراوەکانی پەرلەمان جێبەجێ دەکا. لە حکومەتە تۆتالیتێرەکاندا پەرلەمان بێ هێزو لاوازەو، زۆر هەڵدەوەشێتەوە.

بۆ یەکەمین جار پەرلەمان لە سەدەی ١٣ لە بەریتانیا دا دەستی بەکار کرد (لەساڵی ١٢١٥). بەو پێشنیارانەی کە ژمارەیەک لە نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەمان دا ئاراستە دەکەن، بۆ ئەوەی کە پەسند بکرێن و ببن بە یاسا، گەلاڵ"ەی پێ دەگوترێ و؛ بەو پێشنیارانەش کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران (حکوومەت)ەوە دەدرێ بە پارلەمان، تاکوو پەسند بکرێ و ببێ بە یاسا، پێی دەگوترێ "لایحە".

پاسیفیزم / ئاشتی خوازی — *Pacifism*

پاسیفیک (Pacific) لە زاراوەی لاتینی(Pacific (us بە مانای سۆلح وئاشتی وەرگیراوە. زاراوەی پاسیفیزم لە زمانی فەڕەنسیشدا هەر بەو مانایە دێ وو، بۆ ئاماژە بە لایەنگریکردن لە ئاشتی و هێمنایەتی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لایەنگرانی پاسیفیزم دژی هەرجۆرە شەڕێکن و، پێیانوایە کە دەکرێ لە ڕێگای بانگەشەو ئامۆژگارییەوە ئاشتیی گشتی جێبەجێ بکرێ. لایەنگرانی ئەو ڕێبازە زۆر جار ڕۆڵێکی گەورە لە دەربڕینی ویستەکانی خەڵک بە دژی پلانە شەڕخوازانەکان دەگێڕن.

پاڵاوتنی نەتەوەیی — *Ethnic Cleansing*

لێکدانەویەکی مۆدێرنە بۆ سڕینەوەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراو، بەئەنقەست و زۆرەملێ و دڕندانەی گرووپێکی ئەتنی لە وڵاتێکدا کە گرووپێکی ئەتنی دیکە ئەو شوێنە بە هی خۆی دەزانێ. لە بواری تیۆرییەوە، دەکرێ جیاوازی نێوان ئەم زاراوەیە و کوشتنی بە کۆمەڵ و ژینۆساید کە ئامانجەکەی لە نێو بردن وخاشەبڕکردنی کردنی گرووپێکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراوە، دابنرێ؛ بەڵام لە کردەوەدا ناکرێ لێک جیا بکرێنەوە. ئەو چەمکانەی کە هاوتای ئەو زاراوەیەن، بریتین لە: "دژایەتیی ئەتنی / هەرێمی"، دژایەتیی کولتووری"، "دژایەتیی نەتەوەیی_ ئەتنی"، کە هەموویان جۆرێکی نوێ لە ڕەگەزپەرستی تێکەڵ بە ئایدۆلۆژیایی

ناسیۆنالیستین. لە ساڵی ١٩٩٢هەتا ١٩٩٦ لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا، پالاوتنی نەتەوەیی لە لایەن میسرییەکان و کرۆڤاتەکان لە دژی یەکتر و بەتایبەتی لەدژی موسوڵمانەکانی بۆسنیا پیادە دەکرا. پلانەکەش بریتی بوو لە کەڵک وەرگرتنێکی ڕێکخراو لە تۆقاندن، دەستدرێژیکردن بۆ سەر ناموس، برسیکردن و کوشتن بۆ ناچارکردنی [کەسەکان] بۆ چۆڵکردنی شوێنەکە. مەبەست لەم هەنگاوانە، گۆڕینی نەخشەی بۆسنیا_هێرزیگۆڤین بە قازانجی بەڕێوەبەرانی ئەم سیاسەتە بوو. ئەگەرچی ئەو هێرشانە بۆ سەر مافی مرۆڤ، وەک جینایەتەکانی شەڕ ناسراون و، دیوانی نێونەتەوەیی داد لە لاهەدا کەسە دەستبەسەر کراوەکانی دادگایی کردووە، بەڵام زۆر کەس پێیانوایە کە ڕێککەوتننامەی دەیتۆن (Dayton Agreement) بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی بۆسنیا (١٩٩٥)، چاوی لە دەرئەنجامەکانی پالاوتنی نەتەوەیی لە ڕێگای دان پێدانان بە سنووورە نوێکان کە هەر لە ڕێگای ئەم پالاوتنەوە پێکهاتووە، پۆشیوە.

پالاوتنی نەتەویی بە یەکێک لە جۆرەکانی "شەڕی پۆست مۆدێرن" دەژمێردرێ کە دژایەتی و شەڕی نێوان نەتەوەکان، شوێنی خۆی بە دژایەتی و شەڕی نێوان هێزە نیمچەچەکدارەکان، باڵەکان و گرووپە ئەتنیە نارەسمیە رکابەرەکان دەبەخشێ. قوربانیەکان [لەوشەڕانەدا] زیاتر خەڵکی سڤیل و ئاسایین کە بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن دراوسێ و هاونیشتمانەکانی پێشووی خۆیان دەکوژرێن. لە نموونەی نوێترلە بۆسنیا، دەکرێ ئاماژە بە لیبریا، ڕڤاندا، سریلانکا، سۆمالی، سودان، هائیتی، کامبۆج وئەفغانستان بکرێ بەوتەی رابێرت کاپلان، شەڕی پۆست مۆدێرن، ژینۆسایدو پالاوتنی نەتەوەیی بەرهەمی دەوڵەت _نەتەوە شکست خواردووەکانی دوای شەڕی ساردە؛ واتە ئەو دەوڵەت_ نەتەوانەی کە شایەدی "لاوازیی لە ڕادەبەدەری حکومەتە ناوەندییەکان، سەرهەڵدانی ناوچە خێڵەکی و هەرێمیەکان، بڵاوبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نەخۆشی و پەرەگرتنێکی زۆری شەڕ بوون." لەم "ئانارشیە ڕوو لەگەشەیە"دا، نەقشە سیاسیە باوەکان ناڕوونن، چوونکە "تۆڕی پۆلین بەندیی دەوڵەت _ نەتەوە شوێنی خۆی بە نموونەیەکی نارێک لە دەوڵەت شارەکان، گەرەکە هەژارەکانی قەراغ شارەکان و ناوچەگەراییە ناڕوون و ئانارشیەکان دەبەخشێ".

کۆتایی شەڕی سارد خێرایی بەم پرۆسە داوە. نەمانی ململانێی نێوان دوو زلهێزەکە و لەگەڵ ئەویشدا نەمانی هاوکاری و کۆنترۆڵی سەربازی و ئابووری، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی رق و

ململانێ هەڵچووە ناوچەییەکان لە زۆربەی ئەو دەوڵەت و ناوچانەی کە فرە ئەتنین و پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لەو دوو زلهێزە دابوون. پێکهەڵپرژانە ئەتنی ـ نەتەوەییەکان جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالی، سەربەخۆی خوازی و جیایی خوازییەکانی پێشوودا هەیە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە بیانووی گرێمانەکانی رێککەوتننامەی وێستفالی کە وڵاتان نابێ دەست لە کاروباری نێو خۆیی یەکتر وەربدەن، تائیستا نەیتوانیوە وڵامێکی گونجاو ورێک بەم دیاردە بداتەوە.

Panchashila — پانچاشیلا

ئەم زاراوەیە سەنسکریتیە بە واتای ٥ بنەمایە.. ئەم زاراوەیە لە ئایینی بودا بۆ هەڵسوکەوت و رەوشتی گشتی کە ٥ بنەمای هەیە، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ، کە بریتین لە: خۆبواردن لە کوشتن، خۆبواردن لە دزی، خۆبواردن لە درۆکردن، خۆبواردن لە داوێن پیسی و خۆبواردن لە ماددەی سرکەرەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا ئەم زاراوەیە بۆ دەرخستنی سیاسەتی دەرەوەی هیند کەڵکی لێ وەرگیراوە کە خاوەنی ٥ بنچینەی سەرەکیە:

الف) رێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان

ب) هێرش نەکردن

ج) دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان

د) پیادەکردنی یەکسانی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و، رێزی دوولایەنە

ه) پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی وڵاتان لەگەڵ حکومەتە جۆراوجۆرەکاندا

ئەم ٥ بنەمایە لە کۆنفرانسی باندۆنگدا، وەک پێنج بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە لایەن وڵاتانی بەشدار، پەسند کرا.

لە ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە وڵاتی ئەندەنۆسیاش لە بنەماکانی پانچاشیلا، وەک سیاسەتی دەرەوەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە.

Pan –Geramanism — پان ژێرمەنیزم

پان ژێرمەنیزم بە بزووتنەوەیەکی ئەمپریالیستی دەگوترێ کە ئامانجەکەی یەکخستنی هەموو ئەڵمانی زمانەکان و کۆکردنەوەیان لە ئیمپراتۆرییەک دایە. ئەم بیروبۆچوونە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٩٤) و یەکەمین دەیەی سەدەی بیستەم لە لایەن ئەنجوومەنی پان ـ ژێرمەن بە سەرکردایەتی هێزیش کلاس پەرەی پێدرا.

پان ژێرمەنیزم بە ئامرازی سەرەکیی حکومەتی نازییەکان دەژمێردرێ.

پێگەی کۆمەلاّیەتی — *Social Status*

پێگەی کۆمەلاّیەتی بریتیە لە: "پێگەی تایبەتی کەس یان کەسەکان، گرووپ یان گرووپەکان، لە هەموو سیستەمێکی کۆمەلاّیەتی، بە هەموو تایبەتمەندییە یاسایی و کۆمەلاّیەتیەکانیەوە".

هەرکاتێک کە رۆڵێکی کۆمەلاّیەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە هەڵدەسەنگێندرێ، پێگەی کۆمەلاّیەتیی ئەو رۆڵە دەردەکەوێ. پێگەی کۆمەلاّیەتی بەهایەکە کە گرووپێک بە رۆڵێکی کۆمەلاّیەتی دەبەخشێ.هەر کۆمەڵگایەک بەپێی پێویستیەکانی خۆی رۆڵە کۆمەلاّیەتیەکان پۆلێن بەندی دەکا. لەم رووەوە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا هێندێک لە رۆڵەکان بەگرنگتر لە رۆڵەکانی تر دەمێژدرێن و و پێگەیەکی کۆمەلاّیەتیی بەرزتریان هەیە.

پراگماتیزم — *Pragmatism*

پراگماتیزم لە زاراوەی یۆنانیی Pragmatos و Pragma (کردە) وەرگیراوە.

پراگماتیزم تیۆرێکە کە لەراستیدا بیرلە هەنگاو وکردەوە دەکاتەوە. واتە ئەو شتەی کە بەکەڵک و بەقازانجە، حەقیقەتی هەیە، شایانی ئەوەیە بەدوای دابچی و، هەوڵی بۆ بدرێ. دەڵێ: بزانم لەوبگرەو بەردەیەی ژیاندا چ لە بەرژەوەندی مرۆڤ دایە کە بیکات؟ دواتر درێژە دەدا: مرۆڤ دەبێ ئەوکارە بکات کەباش بێ و بەقازانج بێ.

ئەم فەلسەفە و روانگەیە بەدوای حەقیقەتێکی ئابستراکتەوە نیە، بەڵکوو بەرژەوەندییەکی کردەیی دەخوازێ. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٨ لە لایەن ڤیلیام جیمز (١٩١٠-١٨٤٢) فەیلەسوف و دەروونناسی ئەمریکایی کەڵکی لێ وەرگیرا. بە بڕوای ناوبراو، دەبێ مرۆڤ

زۆر بایەخ بە تیۆرە ئابستراکتەکان کە قازانجیکی کردەییان نیە، نەداو، هەروەها نابێ گوێ بداتە بوارە تیۆرییەکان کە هیچ ئاکام و دەرئەنجامێکی عەینی و هەستپێکراو و بەرێوەبەریان نیە. بەپێی ئەو بیروبۆچوونە ئەگەر کارو کردەوەیەک دەرئەنجامێکی هەبێ و، ئەگەر هەولێکی زانستی، ئابووری، سیاسی و کولتووری سوود بەخش بێ، ئەوکاتە شایانی ئەوەیە بەدوای دابچی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

پراگماتیزم لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کولتووریی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری هەبووە.

لە نێو پراگماتیزمدا بیروبۆچوون و روانگەیەکی بەریتانی، لە ژێر ناوی "قازانج بینی و قازانج ویستی" هەیە کە بۆ یەکەمجار لە لایەن جۆن ستوارت میل (١٨٧٣-١٨٠٦) فەیلەسۆف و ئابووریناسی بەریتانی، لە باسی ئابووری سیاسیدا بە شێوەیەک حستیە روو و، لە لایەن ڤیلیام جیمز (١٩١٠-١٨٤٢)، فەیلەسۆفی ئەمەریکی وەک بیروبۆچوونێکی گشتی و بنەڕەتی خرایە روو؛ پاشان جۆن دیڤیی (١٩٥٢-١٨٥٩)ی ئەمەریکی پەرەی بەم بۆچوونە دا، بەڵام ئەوەی خستە سەر کە: ناکرێ واز لە هەموو ئەو شتانە بێنین کە قازانجێکی کردەییان نیە.

هێندێک جار پێویستە تیۆر وّ کردە پێکەوە بن.ژۆرژ سورێل (١٩٢٢_ ١٨٤٧)، کۆمەڵناسی توندڕۆی فەرەنسی و سەرکردەی شۆڕشگێری سەندیکالیستی لە ساڵی ١٩٢١دا چەند وتارێکی لە ژێر ناوی "قازانجی پراگماتیزم" بلاّوکردەوە کە لە ئیتالیا لایەنگری زۆری پەیدا کرد، بۆ وێنە مۆسۆلینی (١٩٤٥-١٨٨٣) لە ژێر کاریگەریی ناوبراو، گوتی " کردەوە، نەک قسە". هێنری بریگسۆن (١٩٤١_١٨٥٩) قازانج ویستی بە پاڵنەرێک ناوبرد نەک بە حقیقەت، لە هەمان کاتدا، حەزیشی لە پراگماتیزم دەکرد.

پراگماتیزم جگە لەوەی کە کاریگەری لە سەر لایەنە ماددی و عەینیەکانی ژیانی کۆمەڵاّیەتیی رۆژئاواو بە تایبەتی ئەمەریکادا هەبوو، کاریگەرییەکی بەرچاویشی لەسەر بیروبۆچوونە سیاسیەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا هەبووە.

پراگماتیزم، عەقڵی کردەیی لە بەرامبەر عەقڵی تیۆری و میتافیزیک دادەنێ.

www.perawipepwle.com

پراڤدا *Pravda*

زاراوەیەکی رووسییە بەواتای حەقیقەتە. پراڤدا، رۆژنامەی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١٢بە سەرنووسەری و جیگریی مۆلۆتۆف دامەزرا.

پەردەی ئاسنین *Iron Curtain*

سنوورێک بوو کە سۆڤیەتی (پێشوو) و وڵاتانی سەر بە سۆڤیەتی (بولگاریا، چکلۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، پۆڵەندا، رۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا) لە بەشەکەی تری ئەورووپا جیا دەکردەوە.

ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژە بە نەبوونی ئازادیی رادەربڕین و هاتن و چوون بۆ ناوەوە یان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانە کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئەگەرچی دەڵێن یەکەمین جار چەرچیل لە قسەکانی خۆیدا لە فوڵتەن (١٩٤٦/٢/٥) لەم زاراوە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام بەر لە چەرچیل، دکتۆر گۆبلێز، وەزیری راگەیاندنی دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی لە وتارە دژە بۆلشڤیکیەکانی خۆیدا کەڵکی لەو زاراوە وەرگرتووە.

پەردەی خەیزەرانی *Bamboo Curtain*

زاراوەیەکی هاوواتای پەردەی ئاسنینە کە سەبارەت بە چینی کۆمۆنیست کەڵکی لێ وەردەگیرێ و، ئاماژە بەو بەربەستە جەستەیی و ئایدۆلۆژییانە دەکا کە دەوڵەتی چین لە بەردەمی ئازادیخوازانی دادەنێ. لە نیسانی ١٩٥٥و لە ماوەی کۆنفرانسی ئەفریقایی ـئاسیاییدا کە لە شاری باندۆنگی ئەندەنۆسیا بەرێوەچوو، چوئین لای سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی چینی کۆمۆنیست هەبوونی پەردەی خەیزەرانی رەت کردەوە، داوای لە لیژنە بەشداربووەکانی ئەو کۆنفرانسە کرد کە سەردانێکی ئەم وڵاتە بکەن. وا پێدەچووکە دوای ئەوەی کە ئەمەریکا گەمارۆکەی لەسەر چین هەڵگرت، ئەم بەربەستانە لادران. لە ساڵی ١٩٧١دا چین بوو بە ئەندامی رێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان و، نیکسۆن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکاش سەردانی ئەم وڵاتەی کرد. لە ساڵی ١٩٧٥دا پێوەندیی رەسمیی نێوان چین و بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا دامەزراو، بەگشتی پێوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ رۆژئاوادا بەرەو باشی رۆیشت.

Presidium (Lat.Defence) پرێزیدیۆم

زاراوەیەکی لاتینیە بە مانای بەرگری و؛ لە عۆرفی سیاسیدا بە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەنجوومەنی بەرزی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی دەگوترا.

Perestroika پرۆسترۆیکا

زاراوەیەکی رووسییە کە بە واتای نۆژەنکردنەوەی بینایە. پێشگری Pere لە زمانی رووسیدا بە واتای "نۆژەنکردنەوە"و Stroikaبە واتای بینایە. بەم شێوەیە، ئەم زاراوەیە بە واتای نۆژەنکردنەوە و رێک خستنەوەیە. بەلاّم مەبەستی داهێنەرانی ئەم زاراوەیە، "پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە کۆمەڵگای سۆڤیەت" دا بوو.

گۆرباچۆف پرۆسترۆیکای بە هاوواتای "شۆڕش" دەزانی. بە بروای ناوبراو، "ئەگەر ئیمە بتوانین لە نێو هەموو هاواتاکانی پرۆسترۆیکا، گرنگترینەکەیان هەڵبژێرین کە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەکانی پرۆسترۆیکا بە شێوەیەکی پوخت باس بکا، دەڵێین: پرۆسترۆیکا شۆڕشێکەو، بەبێ شک کاتالیزۆرێکی زۆر گرنگ و کاریگەر لە گەشەی ئابووری، کۆمەلاّیەتی و کولتووریی کۆمەڵگای سۆڤیەت دایە کە بریتیە لە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێک بە شێوازێکی نوێ".

گۆرباچۆف دەیگووت: "ئەو هەمووە سیستەمە جۆراوجۆرەی کە لە دنیادا پێکهاتوون، هیچ کات بەرهەمی شۆڕشێک نەبوون، بەڵکوو شۆڕشە جۆراوجۆرەکان بوونە هۆی پێکهاتنی گۆڕانکاری لەو سیستەمانەدا". ناوبراو بەو دەرئەنجامە دەگا کە،شۆڕشی سەرمایەداری لە رێگای چەندین شۆڕشەوە دروست بووو، لەم بوارەوە هانا بۆ لنین دەبا. لنین لە سەردەمێکدا نوسیبووی کە فەرەنسا، وڵاتی شۆڕشی بۆرژوازیی پێشکەوتوو، لە دوای شۆڕشی مەزنی ساڵەکانی ١٧٩٣-

١٧٨٩ پێویستی بە سێ شۆڕشی دیکە، واتا شۆڕشی ١٨٤٨، ١٨٣٠و١٨٧١ بوو تاکوو ئامانجەکانی خۆی دەستەبەر بکا. لەبارەی بەریتانیاشەوە ئەم قسەیە درووستە کە دوای شۆڕشی کرامۆل لە ساڵی ١٦٤٩، شۆڕشی مەزن (١٦٨٩-١٦٨٨) و ریفۆرمی ساڵی ١٨٣٢ پێویست بوو. لە ئەڵمانیاشدا دوو شۆڕشی بۆرژوازیی ١٨٤٨و ١٩١٨ پێک هات.

گۆرباچۆف لە لێکدانەوەکانی خۆیدا بەم ئاکامە دەگا کە سۆسیالیزمیش ناتوانێ تەنیا لەیەک شۆڕش دا کورت بێتەوە و، پێویستی بە کردەوەی لە شێوەی شۆڕش هەیە تاکوو بارودۆخی قەیراناوی یان بارودۆخی بەرلە قەیران چارەسەر بکا. بەم شێوەیە گۆرباچۆف پرۆستڕۆیکا بە پرۆسەی شۆڕش ناو دەبا.

ئەمە واتایەکە کە گۆرباچۆف لە پرۆستڕۆیکا دەیخاتە ڕوو. بەڵام لەروانگەی ناوبراوەوە، شۆرش ئامرازێکە بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆن کە ڕەوایەتی مێژوویی خۆی لە دەست داوە. کاتێک کە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە سیستەمێکی کۆندا، دەبن بە بەربەست لەبەردەم گەشەی هێزە داهێنەرەکاندا، ئەوکاتە شۆڕش پێویستە. ئەگەر —— بەوتەی لنین —— لە فەرەنسا، بەریتانیاو ئەڵمانیادا چەندین شۆڕش ڕوویان داوە. چوونکە ئێستاکە سیستەمی فیۆدالی بە تەواوەتی بۆ سیستەمی سەرمایەداری نەگوازرابۆوە.

پرۆستڕۆیکا هەروەها بەپێی بانگەشەی دامەزرێنەکەی "شۆرشێکی لە سەرەوەڕا" بوو. بەڵام شۆڕشێک بوو کە خەڵکی لە خوارەوەشڕا وەجموجۆڵ خست.

ئەگەر لنین کوڕی نەهیلیزمی رووسیا و میراتگری ڕەوتی رۆشنگەریی دەیەی هەشتای سەدەی نۆزدەهەمی ئەو وڵاتە بوو، ئەوا پرۆستڕۆیکاش کوڕی شۆڕشی لنین بوو، بەڵام کوڕێک کە لە دنیایەکی جیاواز لە سەردەمی باوکی خۆی دادەژی و، لە هەوڵی ئەوە دایە کە میراتی باوکی خۆی هەتا ئەوەی بۆی دەکرێ، بەبێ کەمترین زیان، بە شێوەی ئەورۆیی بیدا بە دەستی جیلی نوێ.

بە بڕوای سەرکردەکانی سۆڤیەت دوو هۆکاری سەرەکی بوون بە هۆی هێنانە ئارای سیاسەتە ئابوورییەکانی پرۆستڕۆیکا:

١ـ دابەزینی بەرچاوی گەشەی ئابووریی سۆڤیەت لە دوو دەیەی رابردوودا.

٢ـ دابەزینی چالاکیە ئابوورییەکان کە ڕەنگدانەوەی پرۆسەیەکی گشتی تر بوو.

بەبڕوای ڕێبەرانی سۆڤیەت، کێشەی سەرەکی ئەوە بوو کە شێوازی بەڕێوەبەریی ئابووری وڵات ئیتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو وڵاتەدا نەدەگونجاو، شێوازە کۆنەکان و پێداویستیە ڕاستەقینەکانی ئێستای کۆمەڵگادا ناتەبا بوون.

لایەنی ئابووریی پرۆسترۆیکا ئەو بوارانەی گرتەوە:

١ـ دەستەبەرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان (شوێنی نیشتەجێ بوون، خۆراک و تەندروستی گشتی).

٢ـ گواستنەوە لە پەرەپێدان لە رووکەش دا (Extensive Growth) بۆ پەرەپێدان لە ناخ دا (Intensive Growth).

٣ـ چاکسازی لە بەڕێوەبەری دا، واتە گواستنەوە لە شێوازە ئیدارییەکان بۆ شێوازو ڕێوشوێنە ئابوورییەکان.

پرۆسترۆیکا بوو بە هۆی شلەژانێکی پێکهاتەی سیاسیی کۆمارەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی سەر بەم بەرەی سۆڤیەت و لە ئاکامدا ڕێگای بۆ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت خۆش کرد(کانوونی یەکەمی ١٩٩١).

پرۆسێس *Process*

زاراوەیەکی فەرەنسیە کە لە سیاسەتدا بە پرۆسەی گۆڕانگاری و ئاڵ و گۆڕەکانی بزووتنەوەکان و دەوڵەتەکان دەگوترێ. پرۆسێس لە زاراوەی لاتینی Processus وەرگیراوە.

پرۆکیسنۆس *Proxenos*

لە سەردەمی کۆندا بەو کەسە دەگوترا کە بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیانی بیانی دەست نیشان دەکرا، کە خەڵکی وڵاتی خانە خوێ بوو و، هاووڵاتی ئەو بیانیانە نەبوو کە لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوون. ئەو کەسە ئەو ئەرکانەی لە سەرشان بوو کە کۆنسول بەڕێوەی دەبردن، بەڵام ئەو کەسە بۆخۆی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو و، ئەم ئەرک و پۆستەش لە لایەن دەوڵەتی بیانیەوە

پێی نەدەدرا، بەڵکوو دەوڵەتی خانەخوێ لە بەرامبەر چەند ئیمتیازێکدا پێی دەدا، هەروەک چۆن ئێستا هەیە و لە سەدەکانی نێوەڕاستیش دا هەبوو.

Protocol

پرۆتۆکۆل

لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە. بەو لاپەڕە بچووکە دەگوترا کە لە سەر فایل دەدراو، کورتکراوە و پوختەی کێشەی نێو فایلەکەی تێدا دەنوسرا. بەڵام ئەمڕۆکە ئەم وشەیە واتای جۆراوجۆری هەیە وەک:

١_ ڕێورەسم : بەو پرەنسیپ و ڕێوشوێنانە دەگوترێ لە پێوەندییە ڕەسمیەکانی نێوان دەوڵەتەکان لە ئارادایە، وەک ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێوەندییان بە دابونەریتی نێونەتەوەیی و دیپلۆماتیەوە هەیە کە لە چاوپێکەوتنە سیاسی و نووسینە ڕەسمیە دیپلۆماتیەکاندا ڕەچاو دەکرێن.

٢_ بەرنامەی کۆنفرانس، کورتەی وتووێژەکان: کەڵک وەرگرتن لە پرۆتۆکۆل بەو دوو مانایە لە کۆنگرەی ڤیەننا (١٨١٤-١٨٥١) بوو بە کارێکی باو. هەر کاتێک بەرنامەی کۆنفرانس، وەکوو خۆی و وشە بەوشە تۆمار نەکرێ، Minutesی پێ دەگوترێ و ئەگەر بەرنامەی کاری ئەو وتووێژانەی کە سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانن، ئەگەر وەکوو خۆیان و وشە بە وشەش تۆمار بکرێن، پێیان دەڵێن " ڕاپۆرتی تێروتەسەڵ یان ڕاپۆرتی وشە بە وشە".

٣_ مانای نوێی ئەو وشەیە لە ڕاستیدا شتێکی وەک " ڕێککەوتننامەو ڕێککەوتنە"ە، ئەمەش زیاتر ئەوکاتەیە کە ئەو دەوڵەتانەی ڕێککەوتنی خۆیان لە بەڵگەیەکی لەم چەشنەدا تۆمار دەکەن (لە ڕاستی دا بەڵگەیەک بەو ناوە)، حەزدەکەن کە ئەو ڕێککەوتنە گرنگیەکی کەمتری لە ڕێککەوتننامەکە هەبێ. هەرچەندە زۆر جاری واش هەیە کە ڕێککەوتنی زۆر گرنگ لە نێوان دەوڵەتان لە ژێر ئەو ناوەدا پێک دێ.

٤_ هێندێک جار ئەم وشەیە بەو بەڵگەنامەش دەگوترێ کە پوختەو خاڵە سەرکیەکانی کە دوولایەن لەسەریان ڕێککەوتوون، تێدا تۆمار دەکرێ و، پاشان دەخرێتەسەر دەقی ڕێککەوتننامەکە. کە دەتوانین پێی بڵێین "ڕێککەوتننامەی سەرەتایی" یان " ڕەشنووسی ڕێککەوتننامە". هێندێک جار ئەم وشەیە بەو بەڵگەیە دەگوترێ کە نێوەرۆکی ڕێککەوتننامە شی دەکاتەوە کە "تەواوکەر"یشی پێ دەڵێن. هێندێک جاریش ئەم وشەیە بەو ڕێککەوتنە سەربەخۆ

www.perawipepwle.com

و جیاوازە دەگوترێ کە بوارەکانی وەک کێشە سنوورییەکان یان دامەزراندنەوەی دووبارەی پێوەندییە سیاسیەکان لە خۆ دەگرێ کە لەم حاڵەتەدا بە "رێککەوتننامە" وەرگێردراوە. پرۆتۆکۆڵ لەم حاڵەتەدا، چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە: رێککەوتننامەی واژۆ (Of Signature): بەڵگەیەکە کە لەو بەڵگەدا، بە کورتی ئاماژە بە واژۆی رێککەوتننامە و هەموو ئەوشتانە دەکرێ کە دوو لایەن لەسەریان رێککەوتوون؛ وەک گەرەنتی و بەڵێنەکانی دوولایەن و... هتد. بەڵام ئەو بەڵگەیە هیچ شتێک جگە لە ناوەڕۆکی سەرەکی رێککەوتننامەکە لەخۆ ناگرێ.

رێککەوتننامەی تەواوکەر(Additional): بە بەڵگەیەک دەگوترێ کە بە رێککەوتننامەی سەرەکیەوە زیاد دەکرێ و ئامانج لەم کارەش تەواوکردن یان هاوسەنگ کردن یان راستکردنەوە یان روونکردنەوەی هێندێک لە ماددەکانی رێککەوتننامە سەرەکیەکەیەو، بە بەشێک لە رێککەوتننامە سەرەکیەش دادەنرێ.

رێککەوتننامەی کۆتایی (Final): بەڵگەیەکە کە لەپاڵ رێکخستنی رێککەوتننامە سەرەکیەکەدا رێک دەخرێ و، روونکردنەوەی دەرەنجامەکان و شیکردنەوەی خاڵە لێڵەکان و روونکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان لە خۆدەگرێ و، رەنگە لە هێندێک حاڵەتیشدا بڕیارە تەواکەرەکانیش لە خۆبگرێ کە لەو حاڵەتەدا بە بەشێک لە رێککەوتننامەکە دادەنرێ. رەنگەئەو بەڵگەیە ئاماژە بە ژمارەی بەشدار بووان لە کۆنفرانس یان دەرئەنجامەکانی وتووێژەکانی ئەو کۆنفرانسە بکا کە لەم حاڵەتەدا جیاوازییەکی لەگەڵ Final act دا نابێ.

پرۆلتاریا *Prolétariat*

لە وشەی لاتینی Proles بە واتای منداڵ وەرگیراوە. لە رۆمی کۆندا پرۆلتاریا بەو کەسانە دەگوترا کە هیچ مافێکیان نەبوو، لەوانە مافی خاوەنداریێتی و جگە لە وەچەنانەوە لە کۆمەڵگادا هیچ رۆڵ و ئەرکێکی کۆمەڵایەتیان نەبوو. لە ساڵی ١٨٣٨دا " سیسمۆندی ئەم زاراوەی سەر لە نوێ زیندوو کردەوە و، بەوو کەسانەی دەگووت پرۆلتاریا کە " هیچ پشکێکیان لە سامانی کۆمەڵگادا نەبوو و هیچ کەس و لایەنێکیش پشتوانی لێ نەدەکردن کە ژیانێکی نەمر نەژیان

هەبێ و هیچ رابردوو داهاتوویەکیشیان نیە" ئەم وشەیە ئیستاش لە ئاخاوتندا هەر بەو واتایە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ئامانجەکەشی پێناسەکردنی چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگا دایە.

دەکرێ هەلومەرجی ژیانی پرۆلتاری بە دابین نەکردنی ژیان، کەمیی داهات و کەمیی حەقدەستی کار و هەروەها بە دابین نەکردنی کار و بێ بەش بوون لە بیمە لە بەرامبەر مەترسیەکانی سەر ژیان و پیشەکەیان پێناسە بکەین. کاری بەردەوام و درێژماوەش نیشانەیەکی گرنگی دیکەی ژیانی پرۆلتاریاییە. هەروەها دژواری هەلومەرجی دەرەوەی شوێنی کار، واتە هەلومەرجی ژیانی ئاسایی. زاراوەی خوار پرۆلتاریاش هەیە کە بە نزمترین توێژی لە حاڵی هەڵبەزدابەز و بێ بەش تر و هەژارتر لە پرۆلتاریا دەگوترێ. مارکس زاراوەی پرۆلتاریا و چۆنیەتی پێکهاتن و گەشەی پرۆلتاریا لە پرۆسێسی مێژوویی و ململانێی چینایەتیدا راڤە دەکا. بە بڕوای ناوبراو، "پرۆلتاریا بە چینێک دەگوترێ کە هەموو ئەرک و باری کۆمەڵگای لە سەرشانە، بەبێ ئەوەی کە هیچ ئیمتیازێکی لەو کارەدا هەبێ و، بە ناچاری دەکەوێتە دژایەتیکردن لەگەڵ چینەکانی تردا... پرۆلتاریا وێنەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی هەموو چینەکان و هەموو نەتەوەکانە". هەروەها مارکس لە بەرهەمە فەلسەفیەکانی خۆیدا دەنووسێ: "پرۆلتاریا بریتیە لەو ژینگە مرۆییەی کە مرۆڤ خۆی بە تەواوەتی لە دەست داوە و خۆی لێ بزر بووە و، ناتوانێ سەرلە نوێ خۆی بدوزێتەوە مەگەر ئەوەی سەر لە نوێ و بە تەواوەتیی هەل و مەرجی مرۆیی خۆی وەدەست بێنێتەوە".

پرۆلتاریا بەپێی سروشتی خۆی هێزێکی سەربزێوە. بەرهەمێکە کە بۆرژوازی، بە نیشانەی زیندووی کۆمەڵگایەکی دابەش کراو، بەرهەمی هێناوە. ئەم یاریە دیالیکتیکیە حەتمیەی دژبە یەکەکان، (پرۆلتیار و بۆرژوازی)دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سەنتێزی ئەم دوو دژ بە یەکە، واتە، کۆمەڵگای بەبێ چین".

دیکتاتۆری پرۆلتاریا: تێپەڕبوون یان چوون بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین بەبێ تێپەڕینی قۆناغی نێوبەند جێبەجێ نابێ."یەکەم قۆناغی شۆڕشی کرێکاری، هاتنە ئارای پرۆلتاریا وەک چینی دەسەڵاتدار یان وەک چینی باڵادەستە "(مانیفێستی کۆمۆنیست). "دیکتاتۆریی شۆڕشگێری پرۆلتاریا" بۆ مارکس وەکوو شێوازێک وایە کە لەو قۆناغەدا دەوڵەت دەگۆڕێ بۆ ئەو شێوازە. واتە لە قۆناغی گواستنەوەی شۆڕشگێریی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیست، سەرەتا دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دێتە ئاراوە تاکوو دەوڵەت لە نێو دەچێ، بۆ ئەوی کە بە جێگای ئەوەی

حکومەت بەسەر تاکەکەساندا حکومەت بکا، بەرێوەبردنی شتومەکان دابمەزرێ. (ڕەخنە لە پلانی گووتا).

ناپرۆلتاریایی بوون: بەگشتی ناپرۆلتاریی بوون بریتیە لە رزگارکردنی چینی کرێکار لە هەل ومەرجی پرۆلتاریایی. بە بڕوای کۆمۆنیستەکان کردەی ناپرۆلتاریایی بوون بەبێ ڕووخاندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا جێبەجێ نابێ.

پرۆنیزم Peronism

زاراوەیەکە کە لە ناوی خوان پرۆن (١٨٩٥-١٩٧٤)ی دیکتاتۆری بە ناوبانگی ئەرژەنتین (٥٥-١٩٤٦و ٧٤-١٩٧٣) و هاوسەرەکەی ئیڤا پرۆن وەرگیراوە و بە پلان و بەرنامە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی خوان پرۆن دەگوترێ.

پرۆن بە ڕێکخستنی جەماوەریی چینی کرێکاری ئەرژەنتین لە ڕێکخراوە کرێکاری ومیلیشیا کرێکارییەکاندا بە دژی تاقمی بژاردەی توێژی باڵای ناوەندو شێوازەکانی جێبەجێکردن و پیادە کردنی دەسەڵات لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوەداو، هاندانی هەستی ئەرژەنتینەکان بە دژی ئەمەریکا و، ئەوەی کە ئەرژەنتینیەکان دەبێ سەرکردایەتی ئەمەریکای لاتین بەدەستەوە بگرن، توانی سەرنجی خەڵکی دنیا بۆلای خۆی رابکێشێ. ناوبراو توانای چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی ولاتەکەی نەبوو، بەلام بەو حاڵەش خاوەنی ڕێز و خۆشەویستیەکی تایبەتی بوو. دوای مردنی ناوبراو، سەرکردایەتی ئایدیەکانی پێرۆنیستی کەوتەدەستی هاوسەرەکەی، واتا ئیڤا پێرۆن. ناوبراو دوای ئەوەی کە لە لایەن ژەنەڕاڵە ئەرژەنتینیەکانەوە لەسەر دەسەڵات لابرا (١٩٧٦)، کەسایەتی و ڕێزی پێشووی خۆی لە دەست دا.

پۆست مۆدێرنیزم Post – Modernism

لە بواری سیاسیدا، ئەم ڕێبازە پێیوایە کە خەباتی چینی کرێکار بەرەو کوژانەوە یان دامرکان چووەو، چینی کرێکار لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا لە نێو هەناوی بەرژەوندییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا تواوەتەوە. بە بڕوای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، ویستەکان و

خەباتی بان چینایەتیی وەک بزووتنەوەی پاراستنی ژینگەو بەرگری لە مافەکانی هیمۆسیکسشاڵەکان جێگای خەباتی چینایەتی گرتۆتەوە. بە بڕوای دانیەل بێل، کۆمەڵناسی ئەمەریکی، قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم، قۆناغ یان سەردەمی دژە نۆرمەکانی بۆرژوایی و حاشاکردن لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، تاکەیەتیی لە رادەبەدەر، چێژوەرگرتنی تێپەڕو کوێر و راوەستان لە دژی کولتووری مۆدێرنیزم، سیاسەتی دیمۆکراتیک و ئابووریی سەرمایەداری و بەها ئایینییەکانە. هێندێک کەس پۆست مۆدێرنیزم بە دژکردەوەیەکی کولتووری بە دوایین گۆڕانکارییە سیستماتیکەکانی سەرمایەداریی جیهانی دەزانن. هێندێکیش پێیانوایە کە ئەم سەردەمە هیچ دەسکەوت و بەرهەمێکی فیکری و سیاسی نەبووە، واتە لە هیچ پانتاییەکی کردەیی و تیۆریدا دەسکەوتێکی بەهادار و بەنرخیان پێ نەبووە و؛ پێیانوایە تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێرنیزم بریتین لە لە هەژاریی فیکری، سازان و پێکهاتن، تێکەڵ پێکەڵی و، خۆبواردن لە دۆزینەوەی رێگا چارە.

Black Panthers

پڵنگە رەشەکان

یەکێک لە رێکخراوە ناسراوەکانی رەش پێستەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە کە پرۆپاگەندەی بۆ خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵە رەش پێستەکان دەکرد. ئەم رێکخراوە دوای کوژرانی مارتین لۆسەرکینگ (١٩٦٨)دامەزرا.

بە هۆی ئەوەی پڵنگە رەشەکان چەکیان هەڵگرتبوو، پۆلیسی ئەمەریکا لێیان بە گومان بوو. ئەم بزووتنەوەیە بڕوای بە هەوڵی هاوبەشی رەش و سپی پێست و سپی پێستەکان لە خەباتی چینایەتیدا هەبوو.

Plenum

پلینۆم

لە وشەی پلینۆسی لاتینی بە مانای تژی وەرگیراوە. لە راستیدا پلینۆم بە کۆبوونەوەیەک دەگوترێ کە سەرکردایەتی یان دەستەی بەڕێوەبەریی رێکخراو یان حیزبێکی سیاسی پێکی هێناوە.

بە کۆبوونەوەی گشتیی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، پلینۆمی کۆمیتەی ناوندیی ئەو حیزبە دەگوترێ. لە پلینۆمە بەرفروانەکاندا جگە لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی یان کۆمیتەی

ناوەندی، ژمارەیەک پسپۆر و شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکانەوە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری دەکەن.

پلۆتۆکراسی / حکومەتی دەوڵەمەندەکان **Plutocracy**

بە رژێمێکی سیاسی دەگوترێ کە کەسانی دەوڵەمەندی نێو کۆمەڵگا، دەسەڵاتی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن. دەکرێ پلۆتۆکراسی بە حکومەتی دەوڵەمەندەکان ناو ببەین. ئەم زاراوەیە هێندێک جار بە دەوڵەمەندترین کەسەکانی نێو کۆمەڵگایەکیش دەگوترێ.

پلۆرالیزم **Pluralism**

زاراوەی پلۆرالیزم لە چەمکی لاتینیی Pluralis (چەند یەکە) وەرگیراوەو، بە بیروبۆچوونێک دەگوترێ کە بڕوای بە فرەیی، فرەچەشن بوون و چوونە سەری ژمارەی حیزبە سیاسیەکان، کۆمەڵەکان، ئەنجوومەنەکان و جیاوازی بیروڕا و بۆچوونەکان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و لە ئاکام دا بڕوای بە فرەیی دەسەڵات لە هەموو بوارەکاندا هەیە. پلۆرالیزم داکۆکی لەو خاڵانە دەکا کە ئاماژەمان پێکرد و، خەڵک هان دەدا کە بڕوایان بە فرەحیزبی، یەکیەتی و کۆمەڵە جیاوازە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردەوفێرکردنی کولتووری، یەکیەتیی و سەندیکا پیشەییەکان بێ، تاکوو لە ڕێگای بەشداریی هەمەلایەنەی خەڵک لە کاروباری گشتیدا بەرژەوەندی گشتی دابین بێ و، بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا لە پانتایەکی بەرفراوانتردا بەجێ بکرێ.

زاراوەی پلۆرالیزم لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، تەندروستی، داد و... هتددا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. مۆنتسکیۆ (١٧٥٥_١٦٨٩) نووسەر و فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی سیاسیی فەڕەنسی پێیوایە کە پلۆرالیزم کاتێک دەتوانێ ئاکام و دەسکەوتی هەبێ کە ئەندامانی حیزبەکان، کۆمەڵەکان، ئەنجوومەنەکان، یەکیەتیەکان، ڕێکخراوەکان وسەندیکاکان و تەنانەت کەمینە ئایینیەکان هەڵسەکەوتێکی نەرم و نیانیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ و ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتر بگرن. ناوبراو دژی هەر جۆرە چەقبەستوویی و چڕبوونەوەیەک بوو و، پێشنیاری دەکرد کە دامودەزگا ناحکومیەکان دڵخوازانە لە کاروباری حکومەتدا بەشداری بکەن.

www.perawipepwle.com

"ئانارشیه‌كان" خوازیاری پلۆڕالیزمێكی زۆر و له‌ڕاده‌به‌ده‌رن. تاقمه ئایینی و كه‌مینه‌كانی هێندێک له ولاّتان كه خوازیاری دامه‌زراندنی قوتابخانه، دامه‌زراوه‌و، ڕێكخراوه دادوه‌رییه تایبه‌تیه‌كانی خۆیانن، له‌ریزی ئه‌و كه‌سانه‌دان كه خوازیاری پلۆڕالیزمن. لایه‌نگرانی لێک جیاكردنه‌وه‌ی هێزه‌كانی یاسادارێژی، داد و به‌ڕێوه‌به‌ری و فیدراڵی خوازه‌كان به پشتیوانانی پلۆڕالیزم ده‌ژمێردرێن.

پلۆڕالیزم، دوژمنی كه‌ڵه‌كه‌بوونی هێز و دژی حكومه‌تی چه‌قبه‌ستووی دیكتاتۆرییه. له به‌رامبه‌ر پلۆڕالیزمدا سیسته‌می فه‌لسه‌فیی مۆنیزم هه‌یه. پلۆڕالیزم داكۆكی له فیدراڵیزم ده‌كا وفره‌یی ده‌سه‌لاّت به مه‌رجی ده‌سته‌به‌ربوونی ئازادی ده‌ژمێردرێ. ڕێزدانان له بیروبۆچوونه‌كان له سه‌ربنه‌مای په‌روه‌رده‌یه‌كی وردو هه‌ڵسه‌نگێنراو و عه‌قلاّنی، فیدراڵیزم له خه‌ساره‌كان ده‌پارێزێ.

Secret Police

پۆلیسی نهێنی

به‌هێزێكی تایبه‌تی ده‌گوترێ كه به‌مه‌به‌ستی كرده‌وه نهێنیه نایاساییه‌كانی به‌دواداگه‌ران و چاوه‌دێریكردن و لێكۆڵینه‌وه وسه‌ركوتی به ناو "دوژمنانی ده‌وڵه‌ت" كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گیردرێ. له‌و كۆمه‌ڵگایانه‌ی كه خاوه‌نی سیسته‌مێكی ڕاسته‌قینه‌ی دیمۆكراتین، پێویستیه‌كی ئه‌وتۆیان به‌م داموده‌زگایانه نیه؛ به‌لاّم ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی كه ئایدۆلۆژیای نه‌یاره سیاسیه‌كانیان پێ ته‌حه‌مول ناكرێ، به پشت به‌ستن به‌م داموده‌زگایانه خۆیان و ده‌سه‌لاّته‌كه‌یان له مه‌ترسی و هه‌ڕشه‌كان ده‌پارێزن.

پۆلیسی نهێنی به ئامرازێكی سه‌ره‌كیی سه‌ركوت و پیاده كردنی ده‌سه‌لاّتی تاک حیزبی له‌ولاّتێكدا ده‌ژمێردرێ. گۆستاپۆی ئه‌ڵمانیای نازی و K.G.B ی یه‌كیه‌تیی سۆڤیه‌ت له ریزی ئه‌م دامودزگایانه‌ن.

Asylum

په‌نابه‌ری

له ساڵی ۱۹۵۰دا، دوای ئه‌و گۆڕانكارییه یه‌ک له دوای یه‌كانه‌ی كه له بواری په‌نابه‌رییه‌وه له ماوه‌ی بیست وپێنج سه‌ده‌ی ڕابردوودا ڕوویان دابوو، داڕێژه‌رانی پێره‌وپرۆگرامی یاسای به‌ڕێوه‌به‌ری كۆمیسیاری به‌رزی په‌نابه‌ران، زاراوه‌ی "په‌نابه‌ری" به‌و شێوه پێناسه ده‌كه‌ن:

په‌نابه‌ر به كه‌سێک ده‌گوترێ كه، " به هۆی ترسێكی به‌جێ كه هه‌یبووه یان هه‌یه‌تی، یان به هۆی ڕه‌گه‌ز، ئایین، نه‌ته‌وه یان بیروباوه‌ڕی مه‌ترسی له‌سه‌ره، له ولاّتی خۆی یان ئه‌گه‌ر هاوولاّتی هیچ ولاّتێک نه‌بێ، له ولاّتێک كه پێشتر به پێی عاده‌ت تیی دا نیشته‌جێ بووه بچێته ده‌رو، به هۆی

ئەو ترسە نەیهەویێ بگەڕێتەوە ولاّتی خۆی؛ یان ئەگەر هاوولاّتی هیچ ولاّتێک نەبووبێ و نەیهەوێ بۆ ئەو شوێنە یان ولاّتەی کە پێشتر تێدا نیشتەجێ بووە، بگەڕێتەوە"؛ (بڕیاری ژمارە ٤٢٨ی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕێکەوتی چواردەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠).

بەپێی پێناسەی دیوانی نێونەتەوەیی داد، پەنابەر بریتیە لەو کەسەی کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە چاوەدێری دەکرێ و مەترسی لە سەرەو، ولاّتێکی تر پشتیوانی لێ دەکا و لە ڕێگای چەندین کەناڵەوە لەم مەترسی و چاوەدێرییە دەیپارێزێ. پەنابەری چەندین جۆری هەیە کە باوترین حاڵەتەکانی پەنابەری، پەنابەری سیاسی یان دەرەکیە. ئەمجۆرە پەنابەریە ڕەنگە لە لایەن دەوڵەتێک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی یان لەو شوێنانەی کە یاسا نێودەوڵەتیەکان بەر بە پیادەکردنی دەسەلاّتی بەرپرسانی دەوڵەتی چاوەدێریکەر دەگرێ، جێبەجێ دەکرێ. پەنابەری، تاوانبارانی ماف و یاسا گشتیەکان ناگرێتەوە. جۆرێکی تری پەنابەری، پەنابەری نێوخۆییە کە بەپێی ئەمجۆرە، دەوڵەتێک لە نێوخۆدا پەنابەری بەکەسێک دەبەخشێ.

هیچ ڕێوشوێنێک و یاسایەکی نێونەتەوەیی دەوڵەتێک ناچار بە بەخشیی مافی پەنابەری بە کەسێک ناکا.

مەرجەکانی پەنابەری:

بەپێی ڕێککەوتننامەی گشتی و پێڕەوپرۆگرامی کۆمیسیاریای بەرزی پەنابەران، دەبێ کەسێک، خاوەنی یەکێک لەو مەرجانە بێ، تاکوو کەسەکە بە پەنابەر بناسرێ. ئەم دوو مەرجە بریتین لەوەی کە ئەم کەسە "نەتوانێ" یان بە هۆی ترسێکی بەجێ "نەیهەوێ" لە ولاّتی خۆی یان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بمێنێتەوە.

"نەتوانین" Unable لە چەند شێوەدا خۆی دەنوێنێ:

- لە دەست دانی مافی هاوولاّتی بوون
- نەبوونی پێوەندیی سیاسی لە نێوان ئەو ولاّتەی کە مافی پەنابەری بەخشیوە لەگەڵ ئەو ولاّتەی کە پەنابەر لەوێوە ڕای کردووە.
- نەبوونی نیشتمان، کە ئەم حاڵە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نیشتمانیان نیە.

"نەویستن " Unwilling کاتێک دروستەکە دەوڵەتێک لە پشتیوانیکردنی هاووڵاتیەکی خۆی کە هاووڵاتیی وڵاتێکی ترە، خۆی نەبواردبێ بەڵام هاووڵاتیەکە لە بارودۆخی پەنابەریدا بەسەردەبا و دەزانێ کە ئەگەر ئەم پشتیوانیەی وڵاتەکەی قبووڵ بکا ئەوا بارودۆخەکەی لە مەترسی دەکەوێ و مەرجەکانی پەنابەری نایگرێتەوە، هەر بۆیە ئەم پشتیوانیە رەت دەکاتەوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە هەرکاتێک دەوڵەتەکە بە شێوەیەکی یەک لایەنە ئەم پشتیوانیەی بەرەسمی زانێ و، هاووڵاتیەکەی بە ژێرکۆمەڵەی پشتیوانیی خۆی لە قەڵەم دا، بە بێ ئەوەی کە ویست و حەزی هاووڵاتیەکە لەبەر چاوگیرابێ، ئەم کارە هیچ زیانێک بە پێگە و بارودۆخی پەنابەرەکە ناگەیەنێ. بۆ ئەو کەسانەی کە هاووڵاتیی زیاتر لەوڵاتێکیان هەیە، مەرجی تایبەتیی دیکە هەیە کە بریتیە لە: " زاراوەی هاووڵاتی هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە مافی هاووڵاتی بوونیان بەکەسێک داوە". کەوایە بۆ کەسانی لەمجۆرە، دەبێ هەموو ئەو وڵاتانەی کە ناوبراو مافی هاوڵاتی بوونی تێیان دا هەیە دەبێ ترسێکی بەجێی لە سەربێ واتە مەترسی چاوەدێری لەسەربێ، دەنا ئەگەر ئەم ترسەی لەسەر نەبێ ناتوانێ داوای هاووڵاتی بوون لە وڵاتێکی تر بکات.

Pentagon *پێنتاگۆن*

زاراوەی پێنتاگۆن بە مانای پێنج کوچکەیە، کە ناوی بینایەکی پێنج کوچکەیە کە لە ڤێرجینیای ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دایەو، ناوەندی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکایە. ئەم بینایە لە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا کەوتە بەرهێرش و، بەشێکی زۆری تێک ڕووخا. لەم ڕووداوەدا بە دەیان فەرمانبەری ئەم وەزارتخانە کوژران و بریندار بوون. زاراوەی پێنتاگۆنیزم بە شێوەیەکی مەجازی بە مانای هێزی سەربازیی ویلایەتەیەکگرتووەکان و سیاسەتەکانی ئەم ناوەندە لە بەرامبەر کێشە جیهانیەکان کەڵکی لێ وردەگیردرێ.

Black Thursday *پێنج شەممەی ڕەش (١٩٢٩/١٠/٢٤)*

بە ڕۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ دەگوترێ کە سەرەتای دەستپێکی قەیرانی ڤاڵ ستریت بوو کە بازاڕەکانی ئەمەریکای بە توندی شڵەژاند. ئەو هەوڵانەی کە بۆ بوژاندنەوەو گەڕانەوەی متمانە هاتنە ئاراوە، هیچ بەرهەمێکی نەبوو و؛ Stocke Value لە ڕۆژی سێ شەممە

٢٩ تشرینی یەکەم داگەیشتە پلەی سیفر. ئەم قەیرانە لە ئاکام دا بوو بە، هۆی دابەزینی بە ناوبانگی دەیەی ١٩٣٠.

پۆپۆلیزم *Populism*

پۆپۆلیزم لە زاراوەی لاتینیی Populus (جەماوەری خەڵک) وەرگیراوە. لە پۆپۆلیزمدا ئامانجە سیاسیەکان لە ڕێگای جەماوەر و پاڵەپەستۆی خەڵک بۆسەر حکومەت، بەبێ هیچ نێوبەندییەکی تاقم، حیزب یان ڕێکخراوێک،جێبەجێ دەکرێن. ئەم ڕوانگەیە زیاتر لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە لە ڕێگای خەڵک و بیروڕای گشتییەوە داخوازییە گشتییەکان بەسەر حکومەتدا بسەپێنرێن.

لە پۆپولیزمدا ئیرادەی جەماوەری خەڵک زیاتر بەلای یەکسانی و دادپەروەری دایە، میکانیزمی ئەم ئیرادەیەش کاریگەرترە لە میکانیزمەکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و؛ حکومەتەکانیش ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، زیاتر دەکەونە ژێر گوشار و کاریگەری ویستی گشتیی خەڵک و، لە ئاکامدا ڕێکخستن و داڕشتنەوەی کاروبارو دیاریکردنی سیاست و ئەرکەکانیان دا ناچارن ئەم ئاراستەیە لە بەرچاو بگرن، یان بە سیاسەتەکانیان دا بچنەوە.

بەگشتی، پەرەگرتنی گەندەڵی لە دەزگای بەڕێوەبەریدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جموجۆڵی پۆپولیستی. هەمووکات پۆپۆلیستەکان بە دوای سەرەداوێکدا دەگەڕێن کە گەندەڵی حکومەت لەقاو بدەن. ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٨٥- ١٨٠٢) نووسەری کتێبی بێنەوایان پێیوا بوو : حکوومەتێک کە خاوەنی پشتیوانیی جەماوەری نەبێ، حکوومەتی سەرەڕۆیی و زۆردارییە. ئەڵێکساندێر، برای لنین (١٩٢٤-١٨٧٠) یەکێک لە پۆپولیستە توندڕۆکان بوو کە لە سێدارە درا. ماکیاڤێلی (١٥٢٧- ١٤٦٩) پێیوابوو کە چوونکە لە نێو هێندێک لە جەماوەری خەڵکدا دەستپیسی و نادادپەروەری، پەرەگرتنی بێ سەرەوبەری، زیاد بوونی دووبەرەکی و چاوچنۆکی و کۆمەڵێک لادانی تر هەن ، بۆیە نابێ بەهایەک بە ویست و ڕاو بۆچوونی گشتی خەڵک بدرێ. لەبەرامبەر ئەمەدا، لە سەدەکانی ١٦،١٧و١٨دا ڕای زۆربەی فەیلەسۆف و نووسەران ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و، خەڵک مافی بەربەرەکانیان لە بەرامبەر حکوومەتدا هەیە و، دەتوانن پاڵەپەستۆ

بخەنە سەر حکومەتە چەقبەستووەکان. بە بڕوای پۆل تاگارێت، پۆپولیزم دژکردەوەیە کە لە بەرامبەر بیروبۆچوون ، دامودەزگا و شێوازەکانی سیستەمە پەرلەمانیەکانە و؛کاتێکیش کە هەست بە قەیران دەکا، پەنا دەباتە بەر زەقکردنەوەو گەورەکردنەوەی نموونەی یۆتۆپیایی خۆی. هەروەها بە هۆی ئەوی کە خاوەنی بەهای بنچینەیی گشتی نیە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و، تایبەتمەندییەکانی دەوروبەری خۆی بە خۆیەوە دەگرێ و، لە کردەوەدا دەبێ بە دیاردەیەکی کاتی و تێپەڕ.

پۆلیت بۆرو / مەکتەبی سیاسی — *Politbureau*

ئەم زاراوەیە بە مانای مەکتەبی سیاسییە و، لە هەمان کاتیشدا بە دەستەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کە سەرکردایەتی سیاسی و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەدەست دابوو، دەگوترا.

پێشنیاری "ئاسمانی کراوە" — *Open Sky Proposal*

ناوی گەڵاڵەیەکە کە لە ساڵی ١٩٥٥، لە لایەن ژەنەراڵ ئایزنهاڤێر، سی و چوارەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا ـ لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنفرانسی ژنێڤدا پێشکەش بە نیکیتا خرۆشچۆف ـسەرۆک وەزیرانی یەکیەتیی سۆڤیەتـ کرا تاکوو ترس لە هێرشێکی لە ناکاوی ئەتۆمی کەم بکاتەوە و، کۆتایی بە بۆنبەستی وتووێژەکانی کەم کردنەوە و نەهێشتنی چەک وچۆڵ بێنێ. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە، ئەرکی ئەمەریکا و سۆڤیەت ئەوە بوو کە گەڵاڵەکانی خۆیان لە بواری سەربازییەوە بخەنە ڕوو، درێژە بە چاوەدێرییە ئاسمانیەکانی خۆیان لەسەر خاک و وڵاتی یەکتر بدەن.

پێشەوا — *Führer*

ئەم زاراوەیە کە لە زمانی ئەڵمانیدا پێی دەگوترێ "فوهرێر"، نازناوی ئادۆلف هیتلەر بوو. لە ڕاستیدا ناوبراو بە چاولێکەری لە مۆسۆلینی، سەرکردەی فاشیستەکانی ئیتالیا کە ناوی خۆی نابوو "دووچە"، ئەم نازناوەی لەسەر خۆی دانا.

www.perawipepwle.com

لە ئابی ١٩٣٤دا واتە دوای مردنی هیندینبۆرگ، هیتلەر پۆستەکانی راوێژکاری و سەرۆک کۆماریی ئەڵمانیای تێکەڵ بە یەکتر کردو، لەو ریکەوتە بە دواوە، پێشەوا بوو بە نازناوی رەسمی و دەوڵەتیی هیتلەر.

پێکەوەنووسان Association

ئەم چەمکە لە رەوتی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە برەوی پەیدا کرد. پێکەوەنووسان رێوشوێنێکی رەسمیە لەنێوان هەرێمێکی ناخودموختار و وڵاتێکی سەربەخۆ (حکومەتی ناوەندی) کە، هەرێمی ناخودموختار وەک دەوڵەتێکی پێوەنووساو، لە بەرێوەبردنی کاروباری نێوخۆییدا خودموختارە، بەڵام دەوڵەتی ناوەندی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەو بەرگریی ئەو دەوڵەتە پێوەنووساوە دەبێ. بەپێی بریارنامەی ژمارە ١٥٤١ی کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێککەوتی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠، بۆ ئەوی کە پێوەنووسان باری یاسایی بەخۆوە بگرێ،جگە لە دان پێدانان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەبێ خاوەنی دوو مەرجی گشتیی دیکەش بێ:

١ــ دانیشتوانی ئەو هەرێمە دەبێ رازیبوونی خۆیان بۆ ئەم پێوەنووسانە دەرببڕن؛

٢ــ دەبێ پێوەنووسان ببێتە هۆی گەشە و بوژانەوەی خۆشگوزەرانی و پەرەسەندنی هەرێمی پێوەنووساو.

مەرجی یەکەم، پێوەنووسان لە سیستەمی ژێر کۆنترۆڵ (تحت الحمایه) جیا دەکاتەوە، چوونکە سیستەمی (تحت الحمایه) بەپێی ویست و ئیرادەی پاشا یان بژاردەکانی دەسەڵات پێکدەهات. مەرجی دووهەم، رەنگدانەوەی ئامانجەکانی سیستەمی سەرپەرستیاری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

پاڵاوتن Liquidation

ئەم زاراوە لە عۆرفی سیاسی دا بەواتای دەرکردنی ئەندامانی حیزب، رێکخراو، یان دەوڵەت دەگوترێ کە ئەو کەسانە لەبەر هۆکاری سیاسی وەدەردەنرێن. پاڵاوتن بە هۆی ئیعدام یان زیندانی کردن لە شوێنێکی نادیار جێبەجێ دەبێ.

پالاوتنەکانی ستالین لە دەیەی ١٩٣٠ (ڕادان، بەندکردن یان کوشتنی نەیارانی ستالین) و پالاوتنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی سۆڤیەت لە لایەن خرۆشچۆف لە ساڵی ١٩٥٥، بە دوو نموونەی زەقی ئەم کارە دەژمێردرێن.

Blood Purge
پالاوتنی خوێناوی (١٩٣٤)

لەو پالاوتنە خوێناوییەدا ژمارەیەک لە بەرپرسانی (SA) و، لە سەرووی هەمووانەوە ئەرنێست ڕۆهم (١٨٨٧-١٩٣٤) لە لایەن تاقمەکانی مەرگی SS کوژران (حوزیران و تەمووزی ١٩٣٤).

Ratification
پەسندکردن

پەسندکردن، بە قبوولکردنی ڕەسمیی ئەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە لە لایەن نوێنەری وڵاتێکەوە مۆر کراوە. ئەم کارە لە ڕێگای گۆڕینەوەی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە قبوولکردنی ڕەسمیی ڕێککەوتننامەکانی نێوان دەوڵەتەکانی لایەنی ڕێککەوتنەکە بەڕێوە دەچێ. لە پەسندکردنی ڕێککەوتننامەکان بەتایبەتی لە وڵاتە دێمۆکراتیکەکاندا ئەو هەلە بە خەڵک دەدەرێ کە ڕای خۆیان سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە دەربڕن.

Sustainable Development
پەرەگرتوویی جێگر

ئەم زاراوەیە بە واتا بەرفراوانەکەی، بەڕێوەبردن و کەڵک وەرگرتنێکی دروست و کارامە لە سەرچاوە سەرکیەکان، سەرچاوە سروشتی، سەرچاوە ماڵی و هێزە مرۆییەکان بۆ گەیشتن بە نموونەی کەڵک وەرگرتنی گونجاو وێڕای بە کارهێنانی کەرەسە تەکنیکی و پێکهاتە و ڕێکخستنە گونجاوەکان بۆ دابینکردنی پێویستی جیلەکانی ئەمڕۆ داهاتوو، بە شێوەیەکی بەردەوام، لە خۆ دەگرێ.

پەرەگرتوویی جێگیر بە پەرەگرتووییەک دەگوترێ کە پێویستیەکانی جیلی ئەمڕۆ بەبێ زەربەلێدان لە توانای بەرەکانی داهاتوو لە دابینکردنی پێداوێستییەکانی خۆیاندا، دابین بکا. واتای ئێستای پەرەگرتوویی جێگیر، بەرهەمی سەرەکیی کۆنفرانسی جیهانیی ١٩٩٢ی ڕیودۆژانیرۆ بوو. لە ڕوانگەیەکەوە دەکرێ سەرهەڵدانی مانای گەشەی جێگیر بە بەرهەمی داهێنانی سێ چەمک لە

سێ ڕاپۆرتی جیاوازی جیهانی واتە ڕاپۆرتی "ئاسایشی هاوبەش"ی کۆمیسیۆنی پالمە، ڕاپۆرتی "قەیرانە هاوبەشەکانی "ی کۆمیسیۆنی برانت و ڕاپۆرتی "داهاتووی هاوبەشی ئێمە"ی کۆمیسیۆنی برانت لەند، بزانرێ.

پەرەگرتوویی سیاسی — *Political Development*

بە چوونەسەری ئاستی توانایی و لێهاتوویی سیستەمێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە تاکەکەسی و گشتیەکان، پێکهاتەی جەماوەری و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگایەکدا دەگوترێ. پەرەگرتوویی سیاسی پێویستی بە گەشەی دیمۆکراسی هەیە. هەرچەندە سیستەمێکی سیاسی لە چەقبەستوویی بۆ نەرمی، لە سادەیی بۆ ئالۆزی، لە شوێن کەوتن بۆ خودموختاری و لە پەرش و بلاوی بۆ یەکگرتوویی بچێ، بەهەمان ڕادەش پەرەگرتوویی سیاسیش لەو سیستەمەدا زیاد دەبێ. نۆژەنکرنەوەی سیاسی زیاتر ئاماژە بە جوانکاریەکانی سیاسی دەکا، ئەوە لە حاڵێک دایە کە پەرەگرتوویی سیاسی پێوەندی بە گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکانەوە هەیە. سێ هۆکاری ڕێکخراو، کارامەیی، عەقلانیەتی زانستی و یەکگرتوویی ئایدۆلۆژیای سەرکردەکان، بە پێویستیەکانی پەرەگرتوویی سیاسی دانراون.

پەرەگرتوویی نەتەوەیی — *National Development*

بە چوونەسەری ئاستی کارامەیی ماددی و مەعنەویی سیستەمی نەتەوەیی وبە گەیشتن بە ئاستێکی نوێی ئایدۆلۆژی، ڕێکخستن و داهێنان لە بواری ئابووریی دەگوترێ. پەرەگرتوویی نەتەوەیی پێویستی بە چوونەسەری ئاستی کارامەیی و زیاد بوونی خۆشگوزەرانیی کۆمەلایەتی و پێکهێنانی دادپەروەری کۆمەلایەتیە. لە بواری سیاسیەوە، پەرەگرتوویی نەتەوەیی پێویستی بە چارەسەری ناکۆکیی بەرژەوندیەکانی تاکەکەسی و گشتی هەیە. لە بواری کولتوورییەوە، پەرەگرتوویی نەتەوەیی پێویستی بە تێپەربوون لە کولتووری داخراوی نەریتی بۆ کولتووری کراوەی عەقلانی و مۆدێڕن هەیە.

Use Of Force — پەنابردن بۆ هێز

ئەم زاراوەیە دەکرێ بە دوو شێوە پێناسە بکرێ: پەنابردن بۆ هێز بریتیە لە هەرجۆرە کردەیەکی توندوتیژانە کە ناچێتە چوارچێوەی کردەوە سەربازییەکان. بەڵام لە پێناسەی دووهەم دا، هەموو رێوشوێن و کردەوە سەربازییەکان، بۆ وێنە شەڕ لە خۆدەگرێ.

Plot — پیلان

بە کردەویەکی زۆر هێنی دەگوترێ کە لە لایەن تاقمێکی بەرهەڵستکار بۆ رووخاندنی ناوەندی سەرکردایەتی بەڕێوە دەچێ. لەم بارەوە دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونە بکرێ: پیلان لە دژی هیتلەر (١٩٤٤)؛ لە دژی "نوری السعید" و مەلەک فەیسەڵ عێراق (١٩٥٨)؛ و لە دژی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم لە عێراقدا (١٩٦٣).

Northern Tier — پشتێنە (ئاڵقە)ی باکوور

ئاڵقەی باکوور یان پشتێنەی باکوور زاراوەیەکی رۆژئاوایە کە بۆ ئاماژە بە وڵاتانی تورکیا، ئێران و پاکستان کە بە بەربەستێک لە بەردەم پەرەگرتنی نفووزی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژمێردران، کەڵکی لێ وەردەگیردرا. ئەم سێ وڵاتە وێڕای بەریتانیا ئەندامی رێکخراوی پەیمانی ناوەندی (سەنتۆ) بوون.

Diplomatic Protection — پشتیوانی سیاسی

بریتیە لە ئەرک و هەوڵی دەوڵەتێک لە لای دەوڵەتێکی تر بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافی هاوڵاتیانی خۆی و پشتیوانیکردن لەوان، کە لە لایەن وڵاتێکی بیانیەوە، مافیان پێشێل کراوە یان دەستدرێژی کراوەتەسەر ماڵ و گیانیان.

Credibility — پێگە (مەتمانە)

ئەو ڕادە چاوەڕوانیەی کە هۆکارەکانی پێوەندیدار بە بەڵێنێک لە مێشکی کەسێکی دیکەدا پێکی دێنێ و، ئەو چاوەڕوانیەش، کاتێک دێتە دی کە هەل ودەرفەتی بۆ برەخسێ. ناکامی

لە جێبەجێ کردنی ئەم چاوەڕوانیەدا، زۆرجار بە کەڵێنی پێگە ناودێر کراوە. زاراوەی شیاوبوونی مەتمانە لە ڕاڤە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە دەیەی ۱۹۵۰دا پێک هات. واتە وەک چەمکێک لە ستراتیژیی کاریگەری پێشگیرانە لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەت و چین لە بواری ئاسایشی ویلایەتەیەکگرتووەکان و بەڵێنیەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا و ئاسیادا هاتە ئاراوە.

پێکدادانی شارستانیەتەکان؟ ***The Clash Of Civilizations***

تیۆری سامۆئیل هانتینگتۆن، مامۆستای زانکۆی هارڤارده.

ناوبراو کۆتایی شەڕی سارد بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی "پێکدادانی شارستانیەتەکان" دەزانێ و، بەپێی ئەم تیورە، زۆر لە ڕووداوەکانی ئێستا بە شێوەیەک ڕاڤە دەکا کە لە خزمەت بەهێزبوونی گریمانەکانی تیۆرە نوێیەکەی دابێ. ناوبراو شارستانیەتەکان بە سەر شارستانیەتی ڕۆژئاوا، کۆنفۆسیۆسی، ژاپۆنی، سلاڤی، هیندۆ، ئۆرتۆدۆکس، ئەمەریکای لاتین و لە پەراوێزیشدا، شارستانیەتی ئەفریقیی دابەش دەکا. بە بڕوای هانتینگتۆن، دژایەتیی نێوان ئەو شارستانیەتانە دەبێتە سەرچاوەی شەڕ لە داهاتوودا و جێگای یەکەی سیاسی دەوڵەت _ نەتەوە دەگرێتەوە. بە بڕوای هانتینگتۆن، پێکدادانی شارستانیەتەکان، سیاسەتی زاڵی جیهانی و دوایین قۆناغی گەشەی پێک هەڵپژانەکانی چاخی نوێ پێک دێنێ، چوونکە:

- ✱کێشەی شارستانیەتەکان بنەڕەتیە
- ✱وشیاریی شارستانیەتی بەرەو زیاد بوون دەڕوا
- ✱ژیانەوەی ئایین وەک ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی "بۆشایی شوناس" روو لە گەشە کردنە؛
- ✱ هەڵسوکەوتی ڕۆژئاوا بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی وشیاریی شارستانیەتی (لەلای ئەوانیتر)؛
- ✱تایبەتمەندییەکان و ناکۆکیە کولتوورییەکان نەگۆڕن؛
- ✱ ناوچەگەریی ئابووری و ڕۆڵی هاوپێوەندییە کولتوورییەکان روو لە گەشەیە؛
- ✱ئێستاکە هێڵی ترازانی نێوان شارستانیەتەکان جێگای سنووره سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی شەڕی ساردی گرتۆتەوەو، ئەم هێڵانە وەک بروسکە بۆ قەیران و خوێنڕشتن وان.

دوای ڕووداوی ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱، گریمانەی پێکدادانی شارستانیەکان پێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

www.perawipepwle.com

پێکەوە ژیانی ئاشتیانە *Peace Ful Coexitace*

زاراوەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە یەکێک لە بنەما گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە هەمبەر وڵاتانی سەرمایەداری لە پاش شەڕی یەکەمی ودووهەمی جیهانی بوو. یەکەمین نیشانەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بۆ یەکەمجار لە دەیەی ١٩٢٠دا سەری هەڵدا. ئەو کات لنین ئاماژەی بە پێویستی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و شەڕنەکردنی کاتی لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداری کرد، بەڵام لنین بڕوای بە پێکەوە ژیانی بەردەوام و هەمیشەیی نەبوو. ئەم حاڵە لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ خرۆشچۆف و دەزگای ڕێبەری سۆڤیەت گەورەترین ڕاستی جیهان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. دوو بەرەی دژ بە یەک نەیان دەتوانی لەگەڵ یەکتردا شەڕی ئەتۆمی بکەن، بۆیە ناچار بوون فێری پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ یەکتردا بن، لە سەرەتاکانی دەیە ١٩٧٠دا، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە گەشەی سەند و بوو بە سیاسەتی سڕینەوەی گرژی و ئاڵۆزی. وا پێدەچێ کە تیۆری "پێکەوە ژیانی ئاشتیانە"، تیۆرەکانی مارکسی ــــ لنینی سەبارەت بە دژایەتیی شێلگیرانەی نێوان کۆمۆنیزم و کاپیتالیزمی وەلا نابێ، لە سەردەمی خرۆشچۆفدا دەیانگووت کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، وازهێنان لە ئامانجی دوا ڕۆژی جیهانی سۆسیالیستی نیە، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک ڕێگاچارەی دیکە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمە. سۆسیالیزم لە ڕێگای شەڕەوە سەرناکەوێ، بەڵکوو سوسیالیزم بە هۆی کێبەرکێی ئاشتیانەی ئابووری بە ئامانجەکانی خۆی دەگا. دەستکەوتە ئابوورییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت، بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵک تا ئەو پەڕی خۆی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دەبنە هۆی ئەوەی کە سۆسیالیزم لە هەموو جیهاندا لایەنگر و دۆست پەیدا بکا، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە ڕۆژئاوا تووشی قەیرانێکی قووڵی ئابووری بوو بێ و نەتوانێ خۆی لێ دەربازکا، خرۆشچۆف لە بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٥٦دا، جگە لە ڕاگەیاندنی سڕینەوەی ستالینیزم، سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتیشی لە سەربنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و تیۆری "ڕێگا جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم"ی داڕشت. بەپێی ئەم سیاسەتە پێویست ناکا حیزبە کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنەکاندا بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت، لە ڕێگا شۆڕشگێرانەکانی مارکس و شەڕە نێوخۆییەکان کەڵک وەرگرن. بۆ وێنە حیزبە کۆمۆنیستە گرنگەکانی جیهان لە ئیتالیاو

فەڕەنسا، دەتوانن لە ڕێگای پەرلەمانەوە بگەنە دەسەلاّت و تەنانەت لە ولاّتانی جیهانی سێهەمیشدا شەڕە ڕزگایدەرە نەتەوەییەکان تەنیا ڕێگای گەیشتن بە دەسەلاّت نین. بە گشتی نابێ ئەوەندە لایەنگری لەم شەڕانە بکرێ کە ببنە هۆی کێشەو ئاژاوە نانەوە لە جیهاندا.

سیاسەتە نوێکانی خرۆشچۆف بوون بە هۆی تووڕەبوونی ڕێبەرانی چین. ماو سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی ڕەخنەی لە هەڵەکانی ستالین دەگرت، بەلاّم هێرشکردنی خرۆشچۆفی بۆ سەر ستالین بەلاوە پەسند نەبوو. لە ڕوانگەی ماو، قسەکانی خرۆشچۆف بوون بە هۆی هەڵگەڕانەوەی پۆلۆنیاو هەنگاریا لە بەرەی سۆسیالیزم و بەرەی سەرمایەدارییان دڵخۆش کردووە. جگە لەمە، هێرشکردن بۆ سەر ستالین بەبێ لەبەرچاونەگرتنی هەل و مەرج و سەردەم و بەبێ تاوانبارنەکردنی ڕێبەرانی دیکەی سۆڤیەت، نادادپەروەرانە بوو. لە ڕوانگەی چینیەکانەوە ستالین هەرچی بێ، ڕێبەرێکی سۆسیالیستی ئەو قۆناغە بووە.

لەمەش گرنگتر، پێداچوونەوەی خرۆشچۆف بەسەر مارکسیزم ـــــــ لنینیزم دابوو. لنین دەیگووت مادام چەوسانەوەی ئەمپریالیستی ـ کاپیتالیستی لە ئارادایە، هیچ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە ناتوانێ لە گۆڕێ دابێ. لە حاڵێکدا ئێستا کە گەورەترین و گرنگترین حیزبی کۆمۆنیستی جیهانی، باسی لە " جیهانی بە بێ شەڕ" دەکرد کە لەم جیهانەدا، تەنانەت شەڕە نێوخۆییەکانیش کۆتاییان پێ دێ.

ولاّتانی بەرەی سۆڤیەت چۆن دەیانتوانی پشت لەو چەندها میلیۆن دۆستانەی خۆیان بکەن کە لە پێناوی ڕزگاری ولاّتی خۆیاندا خەباتیان دەکرد؟ بە تایبەتی لە جیهانی سێهەمدا ئەم قوربانیانەی ئەمپریالیزم بۆ ڕزگاربوونی خۆیان هیچ هیوایەکیان جگە لە شێوازە تاقیکراوەکانی خەباتی شۆڕشگێرانە نەبوو.

ئەم کێشانە لە کۆنگرەی حیزبە کۆمۆنیستیەکان کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆدا بەڕێوە چوو، هاتنە بەرباس. کۆنگرە لە کۆتایی کارەکانی خۆیدا بەپێی ڕەوشی ناو کۆنگرە، ڕاگەیەنراوێکی سازشکارانەی دەرکرد کەهەم دانی بە شێوازی " پەرلەمانی" و هەم دانی بە شێوازی "شۆڕشگێرانە" بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت دانا.

بیروڕاکانی دەوڵەتی کۆمۆنیستی چینیش لەمبارەوە گرنگن: مەبەستی ماو لەم باس و خواسانە شەڕێکی هەمەلایەنە لەگەڵ سەرمایەداری نەبوو، بەڵکوو مەبەستی ماو ئەوە بوو کە دەبێ

یەکیەتیی سۆڤیەت لە دەسەڵات و هێزی خۆی بۆ بەرنگاری کردنەوەی شێلگیرانە لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە قازانجی بەرەی سۆسیالیزم و لەوانەش چین کەڵک وەرگری. بەڵام ڕێک لەو کاتەدا کە ماو لەسەر پێویستی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا، پێی دادەگرت، خرۆشچۆف بەتەمای ڕێگایەکی نەرم و هێمنانەتر بۆ گەیشتن بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ئەمەریکادا بوو، خرۆشچۆف زیاتر بیری لە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت وەکوو بەرلین و . . . هتد، دەکردەوە و نەی دەویست بە نوێنەرایەتیی لە لایەن چینەوە، دوژمنی سوێند خواردووی ئەمەریکا لە دژی واشینگتۆن بدوێ و پێوەندییەکە بشێوێنێ. کەواتە شتێکی ئاسایی بوو کە کە بە خۆشتربوونی پێوەندیی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا، پێوەندی نێوان چین و سۆڤیەت بەرەو کزی بڕوا.

لە تەمموزی ١٩٥٨دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا هێزەکانی خۆیان بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتە دەستە ڕاستیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، ناردە ئەم ناوچە. چینیش لە بەرامبەر ئەم کردەوەدا هەڕەشەی لە ئەمەریکا و لە بەریتانیا کرد کە ئەگەر پاشەکشە نکەن، زەربەیان وێ دەکەوێ، بەڵام دژکردەوەی سۆڤیەت هێمنانە بوو و خرۆشچۆف بە تەما نەبوو تووڕە ببێ!

لە مانگی ئابی ١٩٥٨دا چین تەقەی لە دوورگەکانی کومۆی و ماتسۆ کرد (لە نێوان چین و تایوان) کە ئیستا هەر لە ژێر دەستی کومین تانگدا بوون، ئەمەریکا تووڕە بوو و ڕایگەیاند کە هەروا پشتیوانی لە کومین تانگ دەکا، بەڵام کاتێک سۆڤیەت ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە چینی ئاژاوەگێڕ ناکا، چین دەستی لە بۆمبارانکردنی ئەو دوورگانە هەڵگرت.

لە حوزیرانی ١٩٥٩دا، یەکیەتیی سۆڤیەت ڕێککەوتننامەی خۆی لەگەڵ چیندا کە سەبارەت بە پەرەپێدانی چەکە ناوەکیەکان بوو هەڵوەشاندەوە، بۆ ئەوەی بەرواڵەت سیمای ئاشتی خوازانەی خۆی بە ئەمەریکا پێش لە کۆبوونەوەی خرۆشچۆف لەگەڵ ئایزینهاڤێر لە کەمپ دەیڤیددا پیشان بدا.

لە مانگی ئایاری ١٩٦٠یشدا، ڕووداوی U-٢ (فڕۆکەی سیخوڕی ئەمەریکا) بەرووسەکانی سەلماند کە ناکرێ بڕوا بە ئەمەریکا بکرێ. خرۆشچۆف بە بەجێ هێشتنی کۆبوونەوەی کۆنفرانسی سەرۆکان لە پاریسدا، تووڕەیی و نارەزایەتیی خۆی دەربڕی، بەڵام چینیەکان پێیانوابوو خرۆشچۆف هەلی لەدەست داوە و دەیتوانی ئیمتیازی زیاتر لە ئەمەریکا

وەرگرێ. خرۆشچۆف پێیوابوو کە شەڕخوازی ماو لە بەرامبەر رۆژئاوادا زۆر مەترسیدارە و، دەیگووت: "ئەوانەی کە دەڵێن ئەمەریکا بەبرێکی ناسکە ، چاک لەوە تێدەگەن کەئەم بەبرە ناسکە، خاوەنی ددانی ئەتۆمیە". سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە سەردەمی خرۆشچۆفەوە تا هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، یەکێک لە بناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە بوو.

پارێزراویی سیاسی *Diplomatic Immunity*

پارێزراوی بەم واتایەیە کە خاوەنەکەی لە بەدوادا گەڕان و چاوەدێریکردنی یاسا و بەڕێوبەرانی دەوڵەتێکی دیکە پارێزراوە. لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا، شوێنی نیشتەجێ بوون و ئەرکی دیپلۆماتەکان لە پشکنین و چاوەدێریکردنی بەڕێوەبەرانی وڵاتی خانە خوێ، پارێزراوە. پارێزراوی دیپلۆماسی دوو شێوەی گشتی هەیە: یەکیان پارێزراوی لە بەرامبەر هەڵکوتانەسەر یان هێرش کردنە سەر Iniolability دووهەمیشیان پارێزراوی لە بواری دادە Judical Immunity. لە زاراوەی یاسای نێودەوڵەتیدا پارێزراوی لە هەڵکوتانەسەر بە واتای پێشێل نەکردنی رێزی شوێنێک یان کەسێکە. رێزی شوێن بە واتای نەچوونە ژوورەوەی بێ مۆڵەت و رێزی کەسیش بە واتای پێشێل نەکردنی ئازادی و مافەکانیەتیی. راسپێردراوی دیپلۆماتێک لە دەست بەسەرکردن پارێزراوە و بە پێی ماددەی ٢٩ی رێککەوتننامەی ڤیەننا (١٩٦١)، دەوڵەتیی خانەخوێ دەبێ رەچاوی رێزی دیپلۆماتی بکا، و پێش بە هێرشکردنە سەر ئازادی و کەسایەتیی دیپلۆماتی بگرێ. هەڵبەت ئەمە نابێ بێ سنوور بێ، چوونکە پاراستنی ئاسایشی وڵاتی خانەخوێش گرنگە، بۆیە پارێزراویی سیاسی چوارچێوەی هەیە. کۆمیسیۆنی یاسایی کۆنفرانسی ڤیەننا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ئەم چوارچێوەی تاوتوێ کردووە، بەڵام نە خراوەتە ناو دەقی رێککەوتننامەی ١٩٦١ وەوە. ئەو شتەی کە لە لێکدانەوەی وتووێژەکانی کۆمیسیۆن جێگەی سەرنجە، ئەو حاڵانەن سەبارەت بە سیخوڕی و جینایەتن. بەگشتی ژماردن و دیاریکردنی هەموو ئەو حاڵانەی کە دەبنە هۆی سڕینەوەی پارێزراویی، رەنگە کارێکی زۆر ئەستەم بێ. بەڵام دەبێ خاوەنی دوو تایبەتمەندیی بن تاکوو بنەمای پارێزراویی تووشی چەواشە نەکرێ. ئەم دوو تایبەتمەندییە بریتین لە : "گرنگیی کردەوە لە روانگەی ئاسایشی وڵات و کەسەکان" و " دەستبەجێ بوون". " تاوانی ئاشکرا" پێوەری هەڵسەنگاندنی هەر

دوو تایبەتمەندییەکەیە. گومان لەوەدانیە کە نابێ پۆلیس بە بیانووی ئەوەی کە کەسێک پارێزراوی سیاسی هەیە، تەنیا سەیری جیناتە کە بکاو هیچی کارێکی دیکە نەکا. ئەرکی پۆلیسە کە پێش بە تاوان بگرێ و پۆلیس دەتوانێ دیپلۆمات دەستبەسەر بکا. بۆ ئەوەی هیچ جۆرە کێشەیەک نەیاتە ئاراوە، پۆلیس لە دوای دڵنیابوون لە ناسنامەی ئەو دیپلۆماتەی کە بە پێچەوانەی یاساوە جووڵاوەتەوە، کەسەکە ئازاد دەکا وشتەکە دەگەیەننە وەزارەتی کاروباری دەرەوە. وەزارەتی دەرەوە دەتوانێ دیپلۆمات ئاگادار بکاتەوە یان هێندێک جار کە تاوانەکە گەورەیە رەنگە ئەو دیپلۆماتە وەدەرنرێ.

جۆرێکی دیکەی پارێزراویی، پارێزراویی دادە. واتە یاساکانی وڵاتی خانەخوێ، بە پێچەوانەی خەڵکی ئەو وڵاتەو هاووڵاتیانی بیانی دیکەش، راسپێردراوە دیپلۆماتیکەکان ناگرێتەوە. ئەو کردەوانەی کە دیپلۆمات بە بۆنەی پۆست یان بە ناوی دەوڵەتی خۆیەوە ئەنجامیان دەدا، پێوەندییان بە سیستەمی یاسایی وڵاتی خۆیەوە هەیە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دادگای وڵاتی خانەخوێ، ناتوانێ دیپلۆمات دادگایی بکا. بەڵام لە پاڵ ئەم کارانەشدا، راسپێردراوی دیپلۆماتی کۆمەڵێک کاری تاکەکەسیی دەکا کە سەبارەت بە هەرکام لەم کارانە دەبێ سنووری پارێزراوی لە بەدواداگەڕان و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان روون بکرێنەوە.

پارێزراوی سیاسی لە بواری یاساکانی سزادا، بە شێوەی رەهایە (پارێزرروایی سزادان) نە پۆلیس و نە بەرپرسانی داد ناتوانن لێکۆڵینەوە لە دیپلۆمات بکەن. رێککەوتننامەی ڤیەننای ١٩٦١ لەمبارەوە بەراشکاوی دواوە و ڕای زانایانی بواری یاسا و هەروەها رەوتی دادیش هەر لەم ئاراستەدایە. بەرپرسانی داد یان پۆلیس بەپێی تاوانەکە، کێشەکە بە ئاگاداری وەزارەتی دەرەوە دەگەیەنن تاکوو ئەوانیش باڵوێز ئاگاداربکەنەوە.

راسپێردراوە دیپلۆماتیەکان تووشی کردەی یاسایی تایبەتیش دەبن، بەڵام بە پێچەوانەی پارێزراویی بواری سزادان کە رای گشتی لە سەری کۆکە؛ پارێزراویی شارستانی دژایەتی زۆری لەگەڵ دادەکرێ. زۆربەی وڵاتەکان پارێزراوی داد بەسەر هەموو کردە یاساییەکانی راسپێردراوی دیپلۆماتی پەرە پێدەدەن، بەڵام چوارچێوەیەکیش بۆ ئەم پارێزراوییە دیاری کراوە. کە کێشەکانی سەبارەت بە خاوەندارێتی، کڕینی سامانە نەگوازراوەکان، کێشەکانی سەبارەت بە میرات و تێکۆشان و چالاکیی سەربەستانەی تاکەکەسیی دیپلۆمات لە خۆدەگرێ. سامانە نەگوازراوەکان لە

www.perawipepwle.com

ژێردەسەلاّتی یاساکانی ئەو وڵاتەدان. ئەگەر سامانی نەگوازراوە لە وڵاتی خانەخوێدا بە ناوی وڵاتی راسپاردەوە کرابێ، لەم حاڵەتەدا دەبێتە سامانی وڵاتی بیانی (راسپاردە)، کە پارێزراویی داد دەیگرێتەوە. بەلاّم ئەگەر دیپلۆمات شتێکی نەگوازراوەی بە ناوی خۆیەوە کرد بێ، لە حاڵەتی سەرهەڵدانی کێشەدا پارێزراوی نایگرێتەوە. ماددەی ٣١ی رێککەوتننامەی ڤیەننا بە راشکاوی باسی ئەوەی کردووە کە پارێزراوی ئەم حاڵەتە ناگرێتەوە، مەگەر ئەوەی راسپێردراوی دیپلۆماتیک ئەم سامانە نەگوازراوەی بە ناوی وڵاتی خۆیەوە کردبێ یان بۆ باڵوێزخانەی کڕیبێ.

ئەگەر هات و راسپێردراوی دیپلۆماتێک میراتگر یان بەرێوەبەری ئیدارەی تەرەکە یان پارێزەری بەرژەوەندی سامانی نەگوازراوەی وڵاتی خانەخوێ بێ، پارێزراویی داد نایگرێتەوە. هەرکاتێک کە راسپێردراوی سیاسی بۆخۆی (نەوەکوو دیپلۆمات) جگە لە ئەرکی رەسمیی خۆی خەریکی بازرگانی کردن و شتی دیکە لە ناو وڵاتی خانە خوێدا بێ، لەو کێشانەی کەلەم پێوەندییەدا تووشیان دەبێ، ناتوانێ لە پارێزراوی دیپلۆماسی کەڵک وەرگرێ. لەو سێ حاڵەتانەی کە ئاماژەیان پێکرا بڕیارەکانی دادگای وڵاتی خانەخوێ لەسەر دیپلۆمات جێبەجێ دەبێ. بەو مەرجەی کە لەو بڕیارانەدا پارێزراویی تاکەکەسیی دیپلۆمات و ماڵەکەی هیچ زیانێکیان لێ نەکەوێ.

خۆبواردن لە پارێزراوی دەبێ بەپێی رەزایەتیی دەوڵەتی راسپاردە بێ (ماددەی ١ی رێکەوتننامەی ڤیەننا). تەنانەت ئەگەر راسپێردراوێکی دیپلۆماتی ئامادە بێ بۆ بەرگری کردن بچێتە دادگا، دەبێ رازیبوونی دەوڵەتەکەی خۆی کە لە لایەن باڵوێزەوە رادەگەیەنرێ، ئاراستە بکا، بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە، دادگا گوێ ناداتە قسەی راسپێردراو. چوونکە پارێزراویی داد لە بوارەکانی " بەشداریکردن لە دادگا" و جێبەجێکردنی بڕیارەکان" لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە، بۆیە خۆش بوون لە پارێزراویی بۆبەشداریکردن لە دادگادا، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە خۆناگرێ و دەوڵەتی راسپاردە دەبێ بە جیا لەگەڵ بەشی دووهەمدا، رازیبوونی خۆی دەربڕێ.

پێشبڕکێی چەک و چۆڵ

بە کێبەرکێی چەک وچۆڵیی نێوان (لانیکەم)دوو لایەنی شەڕێک دەگوترێ. پرۆسەی بنەرەتیی کێبەرکێیەکی چەک و چوڵ، " پارادایمی کردەوە ـ دژکردەوە"یە. ئەم کێبەرکێیانە بە

توندرتیژی دەست پێدەکەن و بەشەڕیش کۆتاییان پێدێ. کێبەرکێی دەریایی نێوان ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و بەریتانیا، بوو بە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیی.

پێشبڕکێی چەک و چۆڵ تەنیا، مەرجی پێویست و سەرەکی دەست پێکردنی شەڕنیە. لەلایەکی دیکەوە ئەو تیۆرانەی بەتووندی لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ستراتیژی "گێرانەوە"دان، بڕوایان بەوە هەیە کە بۆ پێشگیری کردن لە هەلایسانی شەڕ، هەبوونی چەک وچۆڵ لە رادەیەکی کەمدا، شتێکی پێویستە. بەواتایەکی دیکە هاوسەنگیی چەک وچۆڵ لە نێوان دوو رکابەردا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو رکابەرە پێکەوە شەڕ نەکەن و ئەوە لە دەستراگەیشتنی گرنگترە لە دەستڕاگەیشتنی لایەنەکان بە چەک وچۆڵ لە رادەیەکی کەمدا گرنگترە و، لاسەنگی لە نێوان دوو هێزە، ئەگەری دەست پێکردنی شەڕ زۆرتر دەکا.

پاسپۆرت **Passport**

بەڵگەیەکە کە لە لایەن دەوڵەتی وڵاتێکەوە دەدرێتە هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتە و رێگا بەو کەسە دەدا کە لە وڵات بچێتە دەرەوە. ئەم بەڵگە دەیسەلمێنێ کە ئەو کەسە خەڵکی ئەو وڵاتەیە.

پاسپۆرت چەند جۆری هەیە:

١_ پاسپۆرتی سیاسی (Diplomatic Passport)، تایبەت بە بەرپرسانی پایەبەرزی وڵات و ستافی دیپلۆماسی ئەو وڵاتەیە.

٢_ پاسپۆرتی ئەرک بەرێوەبردن (Serrice Passport) تایبەتە بە راسپێردراوە دەوڵەتیەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لە دەرەوەی وڵات.

٣_ پاسپۆرتی ئاسایی (نیشتمانی) تایبەتە بە هاووڵاتیانی ئاسایی وڵات.

ئەوانەی کە پاسپۆرتی سیاسی و ئەرک بەرێوە بردنیان هەیە، خاوەنی ماف و ئیمتیازی تایبەتی و مافی پارێزراوی وڵاتە بیانیەکانن.

پاسپۆرتی سیاسی و ئەرک بەرێوەبردن لەلایەن وەزارتی کاروباری دەرەوە و پاسپۆرتی ئاساییش لە لایەن پۆلیسەوە دەردەچێ کە سەربە وەزارتی نێوخۆیە.

پێکهاتن(سازان) **Conciliation**

پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەیەکی نێودەوڵەتیی لە لایەن، لایەنێکی سێهەمەوەیە کە لەلایەن کۆمیسیۆنێکی هەمیشەیی یان کۆمیسیۆنێکی تایبەتیی پێکهاتن کە هەدوولا لەسەری کۆکن، دیاری دەکرێ و راستیەکان بەتەواوەتی و بێلایەنانە روون دەکاتەوە راپۆرتێک بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە دەکا (دوولایەنی کێشەکە ناچار ناکرێن کە دەبێ پێشنیارەکان جێبەجێ بکەن). پێکهاتن لە نێوبژیوانی رەسمیترو نەگۆڕترە.

ج

ج

جیهاد Jihad (Holy War)

زاراوەی جیهاد بەو واتایانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ یان پێناسە دەکرێ:

١ـ شەڕ لەگەڵ کافرەکان لە پێناو پاراستنی ئاییندا کە، لە قورئاندا زیاتر بە "قتال" باسکراوە. جیهاد لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیدا تایبەتە بە سەردەمی پێغەمبەر و ئیمامەکانە.

٢ـ "قتال" بۆ پشتیوانی لە دین ، کردەوەیەکی رەوایە.

٣ـ شەڕی موسوڵمانان لەگەڵ لایەنەکان بەمەبەستی بانگهێشتی ئەوان بۆ ئایینی ئیسلام یان بەمەبەستی بەرگری لە سەربەخویی حکومەتی ئیسلام و موسوڵمانان و، هەروەها شەڕ لەگەڵ ئەو سەرهەڵداوە نێوخۆییانەی کە شەڕی بە کۆیی و چەکدارانە لە دژی حکومەتی یاسایی ئیسلام وەڕێ دەخەن.

٣ـ بەخشینی گیان وماڵ بو بەرزکردنەوەی ئیسلام و بەڕێوەبردنی رێوشوێنە ئایینیەکان.

٥ـ هەوڵ و ماندوو بوون لە رێگای خوادا، واتە پروپاگەندەی ئیمان و بڵاوکردنەوەی بیری خوا پەرستی و بوژاندنەوە و بەرزراگرتنی وشەی حەق لە جیهاندا.

www.perawipepwle.com

جگە لەو واتایانە، جیهاد بە واتای ڕێنوێنی کردن و خۆراهێنانی دەرونیش دەگوترێ. جێهاد "واجب کفای"یە. جیهادی ئیسلامی دووجۆرە: شەڕی بەرگری لە بەرامبەر ئەو دوژمنانەی کە داگیرکارن و، هەروەها شەڕی ڕزگاریدەر بە مەبەستی بانگهێشتی کەسانی تر بۆ ئیسلام و بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری نەتەوە ژێر دەستەکان لە ڕێگای لاواز کردنی پاڵپشتە ئایدۆلۆژییەکانی ڕژێمە سیاسیە داگیر کەرەکانیان.

زاراوەی تر کە لەو پێوەندییەدا هەن، بریتین لە:

جیهادی سەرەتایی: جیهادێک کە بە مەبەستی بەرگری نەبێ و، لە جۆری شەڕە دەرەکیەکان بێ.

جیهادی بچووک : بەمانای شەڕ لەگەڵ کافرەکان و پێکدادانێکی بچووک.

جیهادی گەورە: بەمانای شەڕی گەورەو؛ بەمەبەست لەمەش شەڕ لەگەڵ نەفس و هەوڵدان لە پێناوی پێکهێنانی چاکسازی لە خوودی مرۆڤدایە.

جیهادی بانگهێشت: جۆرێک لە شەڕی هێرشبەرانەیە بەمەبەستی بڵاوکردنەوە وپەرەپێدان بە ئایینی ئیسلام. کە بەمەبەستی بەرگریکردن لە ناوچەی ژێردەسەلاتی ئیسلام و پێشگیری لە داگیرکران و پاراستنی گیانی دانیشتووانی وڵاتانی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ.

جیهانی سێهەم — The Third World

زاراوەی جیهانی سێهەم بۆیەکەمین جار لە لایەن ئابووریزانێکی فەرەنسی بە ناوی "ئاڵفرێد سووی" کەڵکی لێ وەرگیرا. بەو وڵاتانە دەگوترێ کە لە بواری ئاستی گەشەکردنەوە لە بارودۆخێکی خوارتر لە دەسەڵاتە گەورە و ناوەندەکانی جیهاندان.

زۆربەی ئەو وڵاتانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا بوون و، تا ئێستاش نەیانتوانیوە ئاسەوارەکانی ئەم دەسەڵاتە لە نێو بەرن.

جانتای دیپلۆماسی — *Diplomatic Bag*

جانتای دیپلۆماسی بە کۆی ئەوشتانە دەگوترێ کە لە ڕێگای پۆستەوە بۆ دیپلۆماتە سیاسییەکان بەرێ دەکرێن. بە پێی ماددەی ٢٧ی ڕێککەوتننامەی ١٩٦١ ڤیەننا، دەوڵەتەکان دەبێ

ریگا بۆ گەیاندنی ئازاد و بە بێ ئاستەنگ بۆ راسپێردراوە سیاسییەکانی ولاّتانی دیکە لە ولاّتی خۆیاندا لەگەلّ بەرپرسانی ولاّتی دیپلۆماتەکاندا خۆش بکەن. بالّوێزخانە دەتوانێ لە هەر ئامرازێکی گەیاندن کە دەستی ویێ رابگا، کەلّک وەربگرێ. ئیستاکەش هێندێک لە دەولّەتەکان لە راسپاردەی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە کەلّک وەردەگرن و ئەم راسپاردە دەبێ پارێزراو بن. پارێزراویی راسپاردەی سیاسی بەم واتایەیە کە بارەکەشی (ئەو شتەی کە دەیهەوەێ بیگەیە نێ) دەبێ پارێزراو بێ و نابێ لە لایەن پۆلیسی ئەو ولاّتەوە یان هەر ولاّتێکی دیکە، کە ئەم کەسە بە پێیدا تێدەپەرێ و لەگەلّ ئەو ولاّتەدا پێوەندی دۆستانەی هەیە، بپشکێنرێ.

جیهانی ئازاد **Free World**

سیاسەتڤانانی رۆژئاوا بۆ پێناسەو راڤەی جیهانی غەیرە کۆمۆنیست کەلّکیان لێ وەرگرتووە.

ح

حیزب Party

ڕێکخراوێکی سیاسیە کە هاوبیران و لایەنگرانی ئایدیایەک، بە پێی ویستی خۆیان، کۆ دەبنەوە و؛ ئاساییشە کە وشیارترین کەسەکانی چین یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش لەدەوری یەکتر کۆدەکاتەوە؛ دەربڕی ویست و بۆچوونەکانی ئەو چین یان توێژەیەو، دەبێتە ڕێبەری ئەو کەسانە لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا. لەو پێوەندییەدا "پالۆمبراف"و "ڤانیر" پێیانوایە کە:

١ــ حیزب دەبێ خاوەنی ڕێکخراوە ناوەندی، ڕێنوێنیکەر ، جێگرتوو وبەردەوامەکان بێ.

٢ــ دەبێ حیزب خاوەنی ڕێکخراوە ناوچەییە جێگرتووەکان بێ و، لەگەڵ ڕێکخراوە ناوندییەکاندا پێوەندییەکی بەردەوامی هەبێ.

٣ــ دەبێ ڕێبەرە سەرەکی و ناوچەییەکانی حیزب سوور بن لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو وڵات ــ بەتەنیایی یان بە هاوکاری حیزبەکانی تر ــ بەدەستەوە بگرن.

٤ــ دەبێ حیزب خاوەنی پشتیوانی جەماوەری خەڵک بێ.

کورتە مێژوو: حیزبە سیاسیەکان هاوکات لەگەڵ ڕێوشوێنی سیستەمی هەڵبژاردن و پەرلەمانیدا لە دایک بوون و پەرەیان گرت. ئەوانە سەرەتا لە ژێر ناوی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن سەریان هەڵدا و، ئەرکی ئەوان، کۆکردنەوەی متمانەی پێویست بۆ پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنەکان بوو. هەروەها لە

چوارچێوەی پەرلەمانیشدا گرووپی پەرلەمانی لە نوێنەرانی بیروبۆچوونێکی هاوبەش بە مەبەستی کارێکی هاوبەش پێک دێنن. ئەو نزیکایەتیەی نوێنەران لە ئاستێکی بەرزدا بە شێوەیەکی سروشتی بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆمیتەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ یەکتردا رێک بکەون. بەم شێوە یەکەمین حیزبە سیاسیەکان هاتنە ئاراوە. پاشان ئەو رژێمانەش کە پەرلەمان و سیستەمی هەڵبژاردنیان نەبوو، یان ئەو رژێمانەی کە سیستەمێکی نیمچە هەڵبژاردن یان نیمچە پەرلەمانیان بوون، یان ئەو کاتە کە پالێوراوێک لە بەرامبەر دەنگی دەنگداراندا رادەوەستا، یان ئەو کاتە کە حیزبێک هەموو کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەست دەهێنا، لە حیزبە سیاسیەکان کەڵک وەرگیرا. سەرهەڵدانی حیزبەکان بە پەرەگرتنی هەڵبژاردنەکان و پەرلەمان بەستراوەتەوە. تاک حیزبی، بە شێوەیەکی روون، ئامرازێکە بۆ دیکتاتۆری، بۆ ئەوی کە رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن و پەرلەمان دابڕێژێ ورووخسارێکی دێمۆکراتێک بە خۆی ببەخشێ. وا پێ دەچێ کە سنووری نێوان رژێمە تاک حیزبی و رژێمە فرەحیزبیەکان بە شێوەیەکی روون دیاری نەکرا بێ. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبدا چەندین زاراوە کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ، کە گرنگترینیان بریتین لە:

پێڕەوی نێوخۆ : بریتیە لە کۆی ئەو یاسا و رێوشوێنانەی کە بەسەر نێوخوی حیزب یان رێکخراوێک دا زاڵن و، پێکهاتە و بینا و شێوازی کار و هیرارکیەت و چالاکیی ئەو حیزب یان رێکخراوە بەپێی ئامانجەکانیان دیاری دەکا. کە واتە لە پێڕەو وپرۆگرامی حیزبدا، کۆی رێوشوێن و پرەنسیپەکانی حیزب رەنگ دەداتەوە.

لە پێڕەوپرۆگرامدا شێوازی کارکردنی رێکخراوەکانی حیزب، شێوازی پێکهاتنی ئۆرگانەکان ورێبەرایەتیی حیزب، کۆنگرەکان وکۆنفرانسەکان و کۆبوونەوەکانیش باس دەکرێ.

حیزبی کەمینە و حیزبی زۆرینە: زاراوەی زۆرینەو کەمینە زیاتر بە حیزبی باڵادەست و حیزبی نەیاری ئەو لە سیستەمێکی سیاسیدا دەگوترێ. ئەمە ئاکام و نیشانەی رژێمە پەرلەمانیەکانە کە هەر حیزبێک کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ، دەوڵەت پێکدێنێ و، حیزبێک کە زۆرینەی پەرلەمانی لەبەردەستدا نەبێ، ناتوانێ دەوڵەت پێک بێنێ.

سۆسیال دێمۆکرات: ناوی ژمارەیەک لە حیزبە مارکسیەکانە کە لە ئەورووپای ناوەندی، رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەر لە شەری یەکەمی جیهانی خەریکی چالاکی بوون.

www.perawipepwle.com

یەکەمین حیزبی سۆسیال دیمۆکرات هی ئەڵمانیا بوو کە لە ژێر ناوی "حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی چینی کرێکار " لە کونگرەی گشتی گرووپە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا لە ئیزنباخ لە ساڵی ١٨٦٩ لە لایەن ڤیلهێلم لیب کۆنشت و ئۆگۆست بیبل دامەزرا.

سۆسیال دیمۆکراسی: سوسیال دیمۆکراسی بزوتنەوەیەکی سیاسی و رەوتێکی تایبەتیی حیزبیە کە لە ولاّتە جۆراوجۆرەکان و بەناوی جیاواز سەریان هەڵدا. بەڵام بەگشتی لە هەوڵی دەستبەرکردنی ئامانج و پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم و دیمۆکراسی دان.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەڵمانیا کەسانێک خۆیان بە "سۆسیال دیمۆکرات " ناودەبرد کە جگە لە چاکسازیی سیاسی، خوازیاری چاکسازیی کۆمەڵایەتیش بوون؛ وەک گرووپی "چاکسازیخوازە کۆمەڵایەتیە دیمۆکراتیکەکان". لەبەرامبەر ئەوانیشدا، کۆمۆنیستەکان خۆیان بەلایەنگری شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەزانی.

فالاّنژ : فالاّنژ زاراوەیەکی یۆنانیەو، بە بەشێک لە سوپای یۆنان دەگوترا. لە عورفی سیاسیدا، مەبەست لە فالاّنژ، گرووپێکە کە بە شێوەیەکی زۆر پتەو بەیەکەوە گرێ دراون و، خاوەنی جۆرێک لە هەستی پتەوی گرووپین. حیزبی فالاّنژ لە لوبنان و پێشتریش لە ئیسپانیادا هەبووە.

دروشمی حیزبی: بریتیە لە پەیامێکی کورت کە بەروونی و بەکورتی ئامانج وبابەتێکی گرنگ لە قۆناغ یان کاتێکی دیاریکراوی مێژوویدا کە لە بەردەم حیزبێک دایە، دەردەبڕێ. دەکرێ دروشم ئابووری یان سیاسی، ستراتیژی یان تاکتیکی بێ.

کۆمیتەی ناوەندی: ئۆرگانێکی هەمیشەیی و هەڵبژێردراوە کە لە ماوەی نێوان دوو کونگرەدا بە بەرزترین ئۆرگانی حیزبی دژمێردرێ و، چالاکیە سیاسی و رێکخراوەییەکانی حیزب بەڕێوە دەباو، لەبەرامبەر کۆنگرەدا بەرپرس و وەڵامدەرە.

مانیفێست: ئەم زاراوە چەندین واتای تایبەتی هەیە. باوترین واتای ئەم زاراوە دەربڕینی بۆچوون و پەیامێکی دوورودرێژە کە دەکرێ لە لایەن حیزبێک یان گرووپێک، کەسایەتیەکان یان رێکخراوەکانەوە بلاّو بکرێتەوە. لە مانیفێستێکدا زیاتر ئەو دنیابینی، ئامانج و پرۆگرامی کارو بڕیارو پێشنیارانەی کە دەبێ جێبەجێ بکرێن، دەگونجێنرێ.

ئەو زاراوە هەروەها لە هێندێک بواردا بە واتای دەقێکی سیاسی کە ئامانجەکەی بابەتێکی روون و هەستیارە ولە نێو خەڵکدا بلاّو دەکرێتەوە، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

خەباتی حیزبی: خەباتی حیزبی دووجۆرە: دەرەوەی حیزب و نێوخۆی حیزب. خەباتی دەرەوەی حیزب بە خەباتێک دەگوترێ کە حیزب بە مەبەستی ئامانجەکانی خۆی و بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کە لە پرۆگرامەکەیدا رەنگی داوەتەوە، بەڕێوەی دەباو؛ لە سێ جۆری گشتیی ئایدۆلۆژیک، سیاسی و ئابووریدا خۆی دەنوێنێ و، بە دوو شێوەی ئاشکراو نەهێنی بەڕێوە دەچێ.

خەباتی نێوخۆی حیزبی بە خەباتێک دەگوترێ کە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی حیزب؛ بەرگری لە ئایدۆلۆژیاو ڕێبازی سیاسی و ڕێوشوێنەکانی ڕێکخستن بەڕێوە دەچێ و، وەک خەباتی دەرەوەی حیزب بە دوو شێوەی ئاشکراو هێنی بەڕێوە دەچێ.

ڕێباز: یان پرۆگرامی حیزبێک بریتیە لە بەڵگەیەکی سەرەکی کە ئامانج و ئەرکەکانی حیزبی تێدا گونجێنراوە.

لە پرۆگرامدا ئاماژە بە ڕێگاچارەی گۆرانکاریيە بنەڕەتی و شۆڕشگێرانەکان و شێواز و کەرەسەکانی گەیشتن بە ئامانج دەکرێ و، لە هێڵە گشتیەکانی خۆیدا، بەشێوەیەکی روون، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ئامانجانەی کە دەبێ پێی بگات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک کشتوکاڵ وپێکهاتەی دەوڵەتی و کاروباری پێوەندیدار بە بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و کاروباری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی وپیشکەوتن و... هتد، شی دەکاتەوە.

لە زۆربەی پرۆگرامەکاندا بەشێکی تیۆری هەیە کە باس لە بنەما ئایدۆلۆژیەکان دەکا یان دیاردە سەرەکیەکانی قۆناغی هاوچەرخ شی دەکاتەوە.

میتینگ: زاراوەیەکە بە واتای چاوپێکەوتن بۆ وتووێژ لەسەر بابەتێک. میتینگ بە کۆبوونەوەیەکی تاڕادەیەک بەرفراوان دەگوترێ کە بۆ باس و دەربرینی بۆچوون لەسەر بابەتێک یان ڕووداوێکی سیاسی پێکدێ. یان بە واتای کۆبوونەوەی بەرفراوانی خەڵک لە شوێنێک بۆ گوێگرتن لە قسەو ڕای ئەو کەسانەی کە لە سەر ڕووداو و بابەتێک قسە دەکەن و، بەم شێوەش خەڵک ڕاو بۆچوونی خۆیان دەردەبرن.

حیزبە تاکەکەسیەکان: ئەمجۆرە حیزبانە لە لایان کەسایەتیە بەتوانا و لێهاتوو و بەرپرسانی حکومەت دادەمەزرێن.

هێندێک جار گرووپ و حیزبەکان لە دەوری ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی کە پۆستی ڕەسمی و دەوڵەتیان نیە، پێکدێن. ئەمجۆرە حیزبانە زیاتر دوای مردنی سەرکردەکانیان لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە.

حیزبە وەرزییەکان: ئەو حیزبانەن کە لەگەڵ ڕووداوی ڕووداوێک یان هۆی ڕووداوێک پێکدێن و دەست بە چالاکی دەکەن. بارودۆخی وەک ڕاپەڕین، شەڕ، قەیران، شەڕی نێوخۆیی یان هێرشی وڵاتێکی دەرەکی دەبێتە هۆی ئەوی کە گرووپەکان وحیزبە سیاسیەکانی ناو نێو گۆرەپانی سیاسیی وڵات لە یەکتر نزیک ببنەوە و، زۆرجاریش یەک بگرن.

زاراوەکانی وەک: "بەرە" ، "یەکیەتیی"، "ڕێکخراو"، "هاوپەیمانی" وشتی لەم بابەتە لە مجۆرە بارودۆخانەدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێ.

حیزبە ئایدۆلۆژییەکان: ئەم حیزبانە کەمتر لە حیزبەکانی تر ئامانجی بەرژەوەندی خوازانەیان هەیە و، زیاتر بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی لەسەر بنەمای بیرۆکەو پرۆگرامە تایبەتی خەریکی چالاکین.

حیزبە کرێکارییەکان: ئەم حیزبانە زیاتر لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی (کرێکاران) پێکدێن و، بۆ بە دەستهێنانی ئیمتیازە کۆمەڵایەتی، ئابووری، و سیاسیەکان تێدەکۆشن. لایەنگران و ئەندامانی ئەم حیزبانە، هەموویان کرێکار نین، ئەندامانی کۆمەڵگایەک بە پەسندکردنی ، پێرەوپرۆگرامی نێو خۆ و بنەما و بەرنامە و ڕێکخستنی حیزب، و بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە داخوازییەکان و ئامانجی کرێکاران، دەچینە نێو ڕیزی ئەم حیزبانەوە.

سیستەمی تاک حیزبی: ڕژێمە تاک حیزبیەکان دەسکەوت و داهێنانی سەدەی بیستەمەن. ئەم حیزبە بنەمای دەوڵەت پێکدێنێ و، لەڕێکخستن وپێکهاتەکانی حکومەتدا، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ.

یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامبوون لەو حیزبەدا ئەوەیە کە داواکار ناتوانێ سەربەستانە ئەندامەتیەکە قبووڵ بکاو، ئەندامەتیەکەی شانازییە کە تەنیا دەتوانێ بە کەسانی بژاردە ببڕێ. مەرجێکی تری بوونە ئەندام لەو حیزبانەدا ئەوەیە کە داواکار دەبێ لە کۆمەڵێک ڕێورەسمی پێشبڕکێی بوون بە ئەندام دەربچێ.

لە تایبەتمەندییەکانی رژێمە تاک حیزبیەکان بەڕێوەچوونی یەک ئایدۆلۆژیاو پیادەکردنی سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن و کەڵەکەبوونی دەسەلآت لە دەست تاکەکەسێک دایە. نموونەی بەرچاوی رژێمی تاک حیزبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا " ناسیۆنال سۆسیالیزم " و "فاشیزم" بوو.

سیستەمی دووحیزبی: رژێمی دوو حیزبی رژێمێکە کە دوو حیزبی بەهێز حکوومەت دەکەن. لە سیستەمە دوو حیزبیەکاندا رەنگە حیزبی دیکەش هەبن.

لە ولآتی بەریتانیادا جگە لە دوو حیزبی "پاریزگاران" و "کرێکار"، حیزبەکانی دیکەی وەک حیزبی "لیبرال" و حیزبی "کۆمۆنیست" هەن. ئەم حیزبانە لە پەرلەمانیشدا نوێنەریان هەیە، بەلآم حکومەت لە بەردەست دوو حیزبی بەهێزی "پاریزگاران"و"کرێکار" دایە. لە رژێمی دوو حیزبیدا "حیزبی زۆرینە" هەموو کات بالآدەستەو، حیزبی کەمینەش رەخنە دەگرێ و چاوەدێری دەکا. لە ئەمەریکادا جگە لە دوو حیزبی دێموکرات و کۆماریخواز، حیزبی دیکەش هەن کە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە، بەلآم زۆرینەی کۆنگرە و زۆرینەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری هی یەکێک لە دوو حیزبی "دێموکرات" و " کۆماریخواز"ە.

لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی دوو حیزبی ئەوەیە کە ئاستی چاوەدێری و کۆنترۆل و نفووزی دەزگای حیزبی بۆ دیاریکردنی پاڵیوراوەکان و هەروەها سەبارەت بە دانان و دابەشکردنی پۆستە ئیداری و دەوڵەتیەکان، زۆر بەرزە.

سیستەمی فرەحیزبی: سیستەمە حیزبیەکان ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە.

١-لە هەڵبژاردنەکاندا گرووپەکان و حیزبەکان و تاکەکەسەکان و تاقمە جۆراوجۆرەکان بەشداری دەکەن و، نوێنەرانی پەرلەمان بەدەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و: سەرۆک کۆماری بەپێی هەڵبژاردنێکی تایبەت هەڵدەبژێردرێ، وەزیرەکان دیاری دەکا، نوێنەرانی دوو پەرلەمانیش لە رێگای هەڵبژاردنێکی ترەوە، هەڵدەبژێردرێن.

٢-بوونی دوویان چەند حیزب و، چالاکیی گرووپەکان و حیزبەکان لە هەڵبژاردنەکان و پەرلەمان و کاروباری حکومەتدا بە بنەمای رژێم دەژمێردرێ.

حیزبی نازی — Nazi Party

ئەم زاراوەیە لەو ناوە وەرگیراوە:

Der National Sozialistische Deutsche Arbeiter Partie (the National Socialist German Worker's party.)

بە واتای حیزبی کرێکارانی ناسیونالْ سوسیالیستی ئەڵمانیایە.

حیزبی نازی، بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو کە لە ساڵی ۱۹۱۹دا دامەزراو، لە سەرەتای دەیەی ۱۹۳۰دا ئادۆڵف هیتلەر گەیشتە لوتکەی ئەم ڕێکخستنە.

ناوبراو لە ساڵی ۱۹۳۳دا بە هاوپەیمانی لەگەڵ باڵی ڕاست بەشداری لە حکومەتدا کردو، بە خێرایی هاوپەیمانەکانی خۆی لە نێو بردو، ڕژێمێکی تاکڕەوی پێکهێنا کە دەسەڵاتی بۆخۆی قۆرخ کردبوو.

تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبە بریتی بوون لە:

١- باوەڕ بە بەرزتربوونی ڕەگەزی ئاریا.

٢- خوازیاری بێ ئەملاوئەولا بەرامبەر شوێنی ژیان (لەنبرزێوم).

٣- دژایەتی لەگەڵ جوولەکەو، باوەڕبە " ڕێگاچارەی کۆتایی" بۆ ناوبردنی هەمەلایەنەی جوولەکەکان.

٤- پشتیوانی لە دەسەڵاتی سەربازیی ئەڵمانیا بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕایخی سێهەم.

حەشاشین — *Hassásin*

ئەم زاراوە عەرەبییە کە لە زمانە لاتینیەکاندا بە شێوەی Assassins دەنووسرێ، بە لایەنگرانی حەسەنی سەبباح دەگوترێ کە لە نزیکەی ساڵی ۱۰۹۰ لە "قەلاّی الموت"ی قەزوێندا جێگر بوون، نزیک بە دوو سەددەی حکومەتی تیرۆر و ڕەشەکوژییان لە ئێران و شامدا پیادە کرد. ڕۆژئاواییەکان پێیانوایە کە ئەندامانی ئەم بزوتنەوە بە خواردنی حەشیشە نەیارەکانی خۆیان دەکوشت.

لقی ئێرانیی ئەم گرووپە لە ساڵی ۱۲۵٦دا بە دەستی مەغولەکان و لقی شامی ئەم گرووپە لە ساڵی ۱۲۷۰ دا بەدەستی دەسەلاّتدارنی میسر لە نێو چوون.

www.perawipepwle.com

حکومەت Government

حکومەت بریتیە لە کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان کە بۆ دابینکردنی پێوەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتیەکان و پاراستنی ڕێکخستنی کۆمەڵگا پێکدێن. کۆمەڵگا سەرتاییەکان، خاوەنی ئەو ڕێکخراوانە نین. کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە هۆی یەکگرتوویی و لێکچوونی پتەوی خۆیان، بەبێ پێرەوی لە تاکەکەس یان ڕێکخراوێکی دیاریکراو هەڵدەسووڕێن و، تەنیا لە کاتی ڕووداوە گرنگەکانی وەک شەڕدا کەس یان کەسانێک کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە هێزو توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە، بە سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێن. بەڵام ئەم سەرۆکایەتیە درێژماوەو هەتاهەتایی نیە بەڵکوو لەگەڵ تێپەڕبوون و کۆتایی هاتنی ڕووداوەکە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک ئەم سەرۆکایەتیەش کۆتایی دێ. سەرکردەی کاتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هێندێک جار ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان بە هاوکاری کەسانی تر و بەتایبەتی بە هاوکاری پیاوماقوڵانی کۆمەڵگا کە ڕادەپەڕێنن. بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە نەریتەکانی کۆمەڵگا تێپەڕ ناکا و ناگاتە ئاستی تۆتالیتەری.

کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە چەندین هۆ پێویستیان بە حکومەت نەبوو:

١ـ بچووک بوونی گرووپ.

٢ـ نەبوونی خاوەنداریتیی گشتی.

٣ـ نەریت پەرستی.

تایبەتمەندییەکانی حکومەت لە کاتی ئێستادا:

لە چاخی ئێستادا حکومەت زۆر ئاڵۆز بووەو، ئەرکی زۆر مەترسیدارو بەرفراوانی کەوتۆتە ئەستۆ. سێ هۆکاری گرنگ، لەم ئاڵوزییەدا ڕۆڵیان هەیە:

١ـ بەرفراوانیی وڵات: داگیرکارییەکانی هێندێک لە دەوڵەتەکان و، لکان وگرێدرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە یەکترەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتە زۆر بەرفراوانەکان.

٢ـ ئاڵۆزبوونی ژیان کۆمەڵایەتی : کەمتر دەوڵەتێک هەیە کە تەنیا نەتەویەک لە خۆ بگرێ، واتە نەتەوەیەک بە پێشینەی مێژوویی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و زمان و کولتووری

هاوبەش. هێندێک لە دەوڵەتە نوێکان، خەڵێکی زۆر کە لە بواری رەگەزی و نەتەوایەتی و ئاینی وشتی ترەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لە خۆ دەگرن.

٣ــ گۆڕانی بەردەوام: کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، هەمووکات لە حاڵی گۆڕان و نوێ بوونەوەدان و، ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامانە کێشەیەکی زۆر بۆ حکوومەت دەنێنەوە.

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئالۆزی و دژواریی ئەرکەکانی حکومەت. زۆر لە حکومەتەکانی ئەم سەردەمە ناتوانن وەک حکومەتەکانی پێشوو بە ئاسانی ژیانی کۆمەلاّیەتی رێک بخەن و، نەیەڵن تووشی بشێوی بێ. لادان لە نۆرمە کۆمەلاّیەتیەکان و شۆڕش و راپەڕین کە لە زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بەرەو زیادبوون دەڕۆن، پاراستنی نەزمی کۆمەلاّیەتی زۆر دژوار کردووە.

لە دەرەنجامی ئالۆزبوونی کاری حکومەتەکاندا، ژمارەی رێکخراوەکان و فەرمانبەرانی ئیداری زیاد بووە، هەربۆیە خەڵک بە توندی گیرۆدەی بیرۆکراتی بوون. حکومەت بەزیادکردنی ژمارەی فەرمانبەرانی ئیداری، بە شێوەیەکی باشتر دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێ.

حکومەتی سەد رۆژە (١٨١٥) The Hundred days

لە مێژووی فەڕەنسادا بە حکومەتی سەدرۆژەی ناپلیۆن (مارت هەتا حوزیرانی ١٨١٥) دەگوترێ.

لە مانگی مارتی ١٨١٥ هەواڵێک لە کۆنگرەی ڤیەننادا بلاّو بۆوە سەبارەت بەوەی کە ناپلیۆن لە دورگەی ئالپ رای کردووە و، لە رۆژی یەکەمی مانگی مارتدا چۆتە نێو فەڕەنساو، بەرەو پاریس دەڕوا. ئەم هەواڵە زۆر زوو پشت ڕاست کرایەوە. بێزاریی خەڵک لە لوّیی هەژدەهەم کە بەزەبری نێزە بە دەسەلاّت گەیشتبوو، هەروەها لەو ئاریستۆکراتە تاراوگە نشینانەی کە لەگەڵ ناوبراودا گەڕابوونەوە، ئەوەندە زۆر بوو کە ناپلیۆن توانی بە بێ تەقاندنی تەنیا فیشەکێک لە ماوەی سێ حەوتوودا دەست بەسەر هەموو وڵات دابگرێ و، بەرەو پاریس بەڕێ بکەوێ.

ئەم هەواڵە لە هەموو ئەورووپادا تەقییەوە. دەگێڕنەوە و دەڵێن کاتێک کە هەواڵی گەیشتنی ناپلیۆن بۆ کەنداوی ژوان، گەیشتە پرۆسی رۆژهەلاّت، خاوەن زەوییەکانی ، پرۆس بە شڵەژاوی بریاریاندا ڕابکەن بۆ قوولاّیی سیبریا. لە ڤیەننا کۆتایی بە هەموو ناکۆکیەکان هات،

نوێنەرانی هەشت وڵات کە لەوێ ئامادە بوون، ڕاگەیەنراوێکیان سەبارەت بە پرۆتستۆکردنی کاری نایاساییانەی ناپلیۆن مۆر کرد. هەر لەو شوێنەو کەمتر لە مانگێک، هاوپەیمانیەتیەکی دیکەی دژی فەرەنسا پێکهات و، سوپاکانی ئەورووپای یەکگرتەوە و بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ناپلیۆن بەرێ کەوتن.

ناپلیۆن کە لەگەڵ یەکیەتیەکی بەهێزدا بەرەوڕوو بوو، تەنیا یەک ڕێگای لە بەردەم بوو کە ئەویش پشت بەستن بە پشتیوانی خەڵک و دەستپێکردنی شەڕێکی شۆڕشگێڕانە بە دژی حکومەتەپاشایەتیەکانی ئەورووپا بوو. گەلی فەرەنسا زیاتر لە هەرکاتێکی تر بۆ ئەم کارە ئامادە و گیان لەسەر دەست بوون. بەڵام ناپلیۆن وەک خۆی لە هیواو ئامانجی خەڵک و لەم شەڕە شۆڕشگێڕییە دەترسا. هەر بۆیە ناپلیۆن بە قبووڵنەکردنی شەڕی شۆڕشگێرانە، کە تەنیا شێوازی زاڵچبوون بەسەر سوپای هاوپەیمانانداببوو، کە لە بواری ڕادەی کەسەکانەوە لە سوپای فەرەنسا زۆرتر بوون، هەلەکەی لە دەست داو، بۆ دوایین جار لە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٨١٥ لە شەڕی واتێرلۆدا تێکشکاو، لە ٢٢ی حوزەیراندا دەست لەکارکێشانەوەیەکی دیکەی مۆر کرد. قۆناغی دووهەمی دەسەڵاتدارەتی ناپلیۆن سەد ڕۆژ دەوامی هەبوو و، دوای ئەوە، دوورخرایەوە بۆ دوورگەی دوورە دەستی سێنت هێلێن و لە ساڵی ١٨٢١دا لەو شوێنەدا مرد.

حکومەتی ناڕاستەو خۆ Indirect Rule

بە سیستەمێک لە حکومەتی کۆلۆنیالیستی دەگوترێ کە هێندێک لە دەسەڵات و سەڵاحییەتەکان بە دامەزراوە خۆماڵیەکان دەدرێن کە گۆڕانکاری و نۆژەنکردنەوەی پێویستیان تێدا بەڕێوە چووە. ئەم شێوازە بۆ یەکەم جار لە لایەن لۆرد لۆگارد لە نیجیریا لە ساڵی ١٨٤٨دا بەڕێوە چوو. حکومەتی ناڕاستەوخۆ لە هەموو ئیمپراتۆریی بەریتانیاو تارادەیەکیش لە لایەن فەرەنسیەکان و دواتر هۆڵەندییەکان کەڵکی لێ وەرگیردرا.

حاڵەتی نائاسایی Martial Law

بریتیە لە پیادەکردنی ئۆتۆریتە و کۆنترۆڵ و چاودێری سەربازیی دەوڵەتێک بەسەر هاووڵاتیانی سڤیلی وڵات، لە ماوەی شەڕ یان لەکاتی پێویست دا.

لەکاتی راگەیاندنی حاڵەتی نائاساییدا بەجیگای ریوشوینی مەدەنی، لە یاسا و ریوشوین و بریارە سەربازییەکان کەڵک وەردەگیردرێ و، دادگا سەربازییەکان بە جیگای دادگا مەدەنیەکان بریار دەردەکەن.

حکوومەتی ڤیشی (١٩٤٠ _٤٥) **Vichy Gouernment**

ئەم زاراوە لە ئەدەبیاتی سیاسیی فەرەنسا بە حکومەتێک دەگوترێ کە دوای هێرشی سوپای ئەڵمانیای نازی بۆسەر فەرەنسا بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ پیتن لە ناوچەی ڤیشی ــ یەکێک لە پارێزگاکانی فەرەنسا_ دامەزرا. پایتەختی ئەم حکومەتە لە ١٩٤٠ هەتا تەمموزی ١٩٤٤ هەر لەو شارەبوو. ئەم رژێمە، سەرەرۆو کۆماری بوو و، هاوکارییەکی تەواوی لەگەڵ ئەڵمانییەکاندا هەبوو. دەوڵەتانی هاوپەیمان هیچکات حکومەتی ڤیشیان بە رەسمی نەناسی و دانیان پێدا نەنا.

دوای رزگاربوونی فەرەنسا لە ژێردەستی سوپای نازی، حکومەتی ڤیشی بۆ سیگمارینگێن لە ئەڵمانیا گوازراوە و، دوای رووخانی نازییەکان (١٩٤٥) بە تەواوەتی لەبەریەک هەڵوەشاوە.

بەرپرسانی ئەم رژێمە دوای کۆتایی شەڕ دادگایی کران و، مارشاڵ پیتن بەمەرگ مەحکوم کرا (١٩٤٥). ئەم بریارە بە پێی بریاری مارشاڵ دووگۆل گەورەپیاوی سەربازی ــ سیاسی فەرەنسا، بە پلەیەک خوارتر کەمکرایەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی. ناوبراو ئەوەندە لە بەندیخانەدا مایەوە تاکوو لە ساڵی ١٩٥١دا مرد.

خ

www.perawipepwle.com

Khmer Rouge خمێرە سوورەکان

بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیی کامبۆجیا دەگوترێ کە ناوی خۆیان لە کۆماری خمێر وەرگرتووە. لە مانگی مارتی ١٩٧٠دا رژێمی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی شازادە نورودۆم سیهانووک لە شۆڕشێکی سەربازیدا بە سەرۆکایەتی مارشاڵ لۆن نوول، رووخا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە سیاسەتی بێلایەنیی کامبۆج بە پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی کۆمۆنیستی ڤیێتنامی باکوور کۆتایی دێ. لەم رووەوە پشتیوانی لە ژەنەڕاڵ لۆن نوول و رژێمی تازە دامەزراوی کۆماری خمێر کرد. لە ساڵی ١٩٧٥دا، خمێرە سوورەکان توانیان پنیۆم پێن (پایتەختی کامبۆج)داگیر بکەن. راپەرینی مارکسی لەوڵاتدا رووی داو، سیهانووک وەک سەرۆکی وڵات لە ئەیلوولی ١٩٧٥ دا گەڕایەوە بۆ کامبوج.

Junta خوونتا

زاراوەیەکی ئیسپانی و پۆرتوگالیە کە لە سەرچاوەی لاتینی Juncata بە مانای "پێکەوە بەستراو"، وەرگیراوە. لە قامووسی سیاسیدا زیاتر بە ئەنجوومەنە سەربازییەکان دەگوترێ کە بەرهەم دەرەنجامی کودیتا سەربازییەکانن. وەک: خونتای ئەرژەنتین و خونتای شیلی.

خەباتی من Mein Kampf

کتێبی خەباتی من یان ئینجیلی نازیسم، نووسراوەی ئادۆڵف هیتلەر، پێشەوای (ڕێبەری) ئەڵمانیا، بە یەکێک لە بەرهەمە سیاسیە کلاسیکەکانی هاوچەرخ دادەنرێ و دەربڕی کۆمەڵێک بیروبۆچوونە کە دونیایان لە شەڕی دووهەمی جیهانیەوە گلاند. ئادۆڵف هیتلەر لە سەرەتای ئەم کتێبەدا کە لە ڕێکەوتی ١٦ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ و لە گرتووخانەی شاری لەندێسبێرگدا نووسیویەتی و ڕۆدۆڵف هیس تایپی کردووە، دەڵێ: بۆ ڕێز گرتن لە بیرەوەری هاوبەشمان، بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە پێشکەش بەم قارەمانانە دەکەم. (شازدە کەس لە هاوڕێکانی کە لە کودەتای بیرە فرۆشی میونیخدا کوژران). هەروەها لە سەرەتای بەرگی دووهەمیشدا کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە برچێسگاداندا تەواوی کرد، دەڵێ " بۆ ڕێبازێک کە دەبێ بە شێوەیەکی یەکسان و پێکەوە گرێدراو گەشە بکا، لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە کە بنەماسەرەکیەکانی دارێژێ. بەم بۆنەوە حەزدەکەم لەم بەرهەمە دوو بەرگیە وەکوو بەردی بناغەی بزووتنە مەزنەکەمان کەڵک وەرگرم...".

کتێبی پیرۆزی نازییەکان ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بوو کە تا ساڵی ١٩٤٠، شەش میلیۆن دانەی لێ فرۆشرا. لە ئەڵمانیای هیتلەریدا بەهەر ژن و پیاوێک کە تازە ژیانی هاوبەشیان پێکدێنا، کتێبکیان بە خۆڕایی پێدەدان و هەموو ئەندامێکی حیزبی نازیش دەبوایە نوسخەیەک لەم کتێبەی پێ بوایە. لە چاپەکانی تری ئەم کتێبە لە ئەڵمانیادا، هیتلەر بۆ شاردنەوەی ئامانجەکانی خۆی و بۆ خافڵاندنی دوژمنە بەهێزەکانی خۆی، بڕیاریدا ئەو بەشەی کتێبەکە کە هێرشی کرد بووە سەر رووسیاو فەڕەنسا، بسڕنەوە. هیتلەر ئەم کتێبەی لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی جیاوازدا نووسیوە: سیاسەتی ماکیاڤێلی، نیشتمانپەروەری و فەنتازیای عیرفانی ڤاگنێر، تیۆری گەشەسەندنی گیانلەبەرەکانی دارڤین، ڕەگەز پەرەستیی کۆفت گۆبینۆ و هۆستون ئیستوارت چەمبرلین، لە چاوەڕوانی مەسیحی فیختە و هیگڵ، گڤە سەربازییەکانی ترایچکە و بێرنهاردی و پیلانەکانی چینی ئاریستۆکراتی پرۆس.

ئوتۆلیشتۆس نێوەرکی کتێبی "خەباتی من" بە "١٠% ژیاننامە، ٩٠%شتی دۆگم و چەقبەستوو ١٠٠% بە پروپاگەندە" دەزانێ. زۆر ئەستەمە بڕوابکەی کە ئەم کتێبە توانیبێتی هەستی نەتەوەیەکی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانیەت بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام دەڵێن زەمانە بۆ خۆشەویستی و بازاڕ گەرمیی ئەم کتێبە گونجاو بوو. لێکدانەوەکانی لۆدڤیگ ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن: " خەڵکی

ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٣دا، لە رەوشێکدا دەژیان کە ئامادە بوون لە باستیلی (زیندانی بەناوبانگی فەرەنسا) فاشیزمدا دیل بکرێن. ئەوان بە دوای رێگایەکەوە بوون بۆ دابینکردنی ژیانێکی شیاو و ژیاندنەوەی گەورەیی رۆڵی نیشتمانی . بەڵام بە سەر رێگایەکی نەشیاودا کەوتن. نەتەوە گەورەکان تەنیا حەزیان لەوە بوو ئەڵمانیا زیاتر قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە، حیزبە کرێکارییەکانی ئەڵمانیاش کە شتێکیان لەدەست دەهات، تووشی دووبەرەکیی ببوون و لە گیانی یەکتر بەر ببوون. هەمووی ئەم کردنەوانە لەگەڵ سەدەیەک نێشتمانپەروەری پرکەف و کووڵ و هەستی بەهێزی ناسیونالیزمی خەڵکی ئەڵمانیادا نەدەگونجان و نەتەوەی ئەڵمانیا وای لێهاتبوو کە ئارامی و ئاسایشی لە ئازادی سیاسی (کە هاوواتای ئاژاوە و خوێن رشتن بوو) بەلاوە گرنگتر بێ. هیتلەر بەم رازەی زانی و بە هۆی ئەو لێهاتووییەی کە لە رێکخستن و پرۆپاگەندەکردندا هەیبوو و، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامادەیی پیشەسازییە گەورەکانی ئەڵمانیا بۆ دابینکردنی پێداویستیە ماددییەکانی خەباتی خۆی، لەم دەرفەتە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکی وەرگرت".

نێوەرۆکی بنەرِەتیی کتێبی " خەباتی من" کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە بریتیە لە، رەگەز، خاوێنی رەگەز و بەرزتربوونی رەگەز ـ ئەگەرچی هیتلەر لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەدا پێناسەی رەگەز ناکا ـ هیتلەر دەیگووت مرۆڤەکان سێ دەستەن: خۆلقێنەرانی کولتوور و شارستانیەت کە تەنیا نموویەکی لە جیهاندا هەیە ئەوانیش رەگەز ئاریان (بەتایبەتی نەتەوەی ئاڵمانیا)، ئەوانەی کولتوور وەردەگرن، وەکوو: ژاپۆنیەکان و رووخێنەرانی کولتوور، وەکوو جوولەکەکان و رەش پێستەکان. هیتلەر دەیگووت: لە سروشتدا هیچ کاتێک رەگەزەکان وەکوو یەک نەخولقێنراون، وەک چۆن مرۆڤەکانیش یەکسان نەخووڵقاون؛ هێندێک لە رەگەزەکان لە رەگەزەکانی دیکە گەورەترن. ئەڵمانیەکان وەکوو بەرزترین رەگەزەکان، دەبێ بەسەر " رەگەزە خوارووتر"ەکاندا حکومەت بکەن.

هێندێک بەشی " خەباتی من" بیروراکانی هیتلەر سەبارەت بە " رەگەزەکانی خوارەوە" روون دەکاتەوە.

هیتلەر سەبارەت بە ئیمپراتۆریای نەمسا دەڵێ:

" تێکەڵاویی ڕەگەزەکان لە پایتەختی نەمسادا تێکی دام ، لەم چێشتی مجێورەی چیک و پۆڵۆنی و هەنگار و سیربی و کرۆڤاتی و لەم کوارگەی (کارگ) هەمیشەیی ڕەگەزی مرۆڤ، واتە جوولەکە بێزم هەڵدەستا" و سەبارەت بە ئەفریقیەکانیش دەڵێ:

"شێتایەتیەکی تاوانبارانەیە کە ئێمە کەسێک کە بە نیوەمەیموونی لە دایک بووە، وای بەخێو کەین کە خەڵک پێیان وابێ دەکرێ ببێتە مافناسێکی گەورە، لە حاڵێکدا کە بە میلیۆن کەس لە ڕەگەزی بەرزتری شارستانیەکان دەبێ هەروا لە خوارترین پۆست و پلەکاندا بمێننەوە .... ئەمە گوناحێکە لە بەرامبەر ئیرادەی خوایدا کە سەدان هەزار کەس لە بە تواناترین کەسەکان لە گەرداوی پرۆلیتاریای ئێستاکەدا بخنکێن و ئەو کاتەش کافرەکانی زۆلۆ (هۆزێکی ڕەش پێستی ئەفریقی) بۆ ئەرک وپۆستی بەرگریکردن ڕابهێنرێن.

خەڵکی نەتەوەی هیند، هەمیشە بە لامەوە زۆربلێی فشەکەر بوون کە قسەکانیان هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەیان نەبووە. پۆلۆنیەکان، چیکەکان، جوولەکەکان، ڕەشەکان و ئاسیاییەکان بەدڵنیاییەوە ڕایەیان ناکەوێ کە ببنە هاوولاتی ئەڵمانیا، هەرچەندە لە ئاڵمانیاشدا لە دایک بووبێتن و بتوانن بە زمانی ئەڵمانیش قسە بکەن".

هەروەها بە سووکی باسی فەڕەنسیەکان دەکا:

" لە بواری ڕەگەزییەوە، ڕەشەکان بەرادەیەک لە فەڕەنسادا تەشەنەیان کردووە کە دەتوانین فەڕەنسا بە وڵاتێکی ڕەش پێست دابنێین. سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ئێستای فەڕەنسە لەگەڵ سیاسەتی پێشووی ئەڵماندا بەراورد ناکرێن. ئەگەر تاکوو سێ سەد ساڵی دیکە ئەم ڕەوشە هەروا بەردەوام بێ، دوایین دڵۆپەکانی خوێنی ڕەگەزی فەڕەنسی لە دەوڵەتی دووڕەگەی ئەورووپی ـ ئەفریقیدا کە لە حاڵی تەشەنەکردن دایە، دەتوێتەوە و نامێنێ".

سەبارەت بە جوولەکەکان، دەمارگرژیی هیتلەر دەگاتە ئەوپەڕی شێتایەتی:

" بیروڕای جولەکەکان لەم پێوەندییەدا زۆر روون و ئاشکرایە، مەبەست لە بۆلشفیک کردنی ئەڵمانیا واتە لە ناوبردنی ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی جوولەکە بۆ ئەوەی چینی کرێکاری ئەڵمانیا کە لە ژێر کۆت و بەندی ئابووریی و ماددی جولەکەکاندا گیان بسپێرێن ـ ئەمە یەکەمین هەنگاو هەڵێنانی جوولەکەکانە بۆ داگیرکردنی جیهان. هەروەکوو ئەوەی کە لە مێژوودا زۆرجاران ڕووی داوە. ئاڵمان تەوەری سەرەکیی ئەم بەرەنگاریانە بووە. و ئەگەر خەڵک و دەوڵەتی ئێمە ببنە پاروی

زۆرداره خوێنخۆر و چاوچنۆکه جووله‌که‌کان، هه‌موو خه‌ڵکی جیهان ده‌که‌ونه دوای ئه‌م هه‌ژدیها حه‌وت سه‌ره‌وه. ئه‌گه‌ر ئه‌ڵمانیا خۆی له‌ ته‌شقه‌ڵه‌ی جووله‌که‌کان رزگار بکا، ئه‌م گه‌وره‌ترین هه‌ڕه‌شه و مه‌ترسیه‌ی که‌ له‌ سه‌ر خه‌ڵکی جیهانه‌، له‌ ناو ده‌چێ. بۆ خاوێن راگرتنی خوێنی ئارییه‌کان، واته‌ بۆ خاوێن راگرتنی ره‌گه‌زی ئه‌ڵمانی، ده‌بێ پێش به‌ " زۆڵایه‌تی " بگیردرێ که‌ ئاکامی تێکه‌ڵاوبوون له‌گه‌ڵ ره‌گه‌زه‌ خوارتره‌کانه".

هیتله‌ر ده‌یگووت دارمان و هه‌ره‌سهێنانی نه‌ته‌وه‌ گه‌وره‌کانی پێشووتر بێ هیچ گومانێک، ئاکامی تێکه‌ڵاوبوونی خوێن و نه‌مانی ره‌سه‌نایه‌تی ره‌گه‌زی بووه. بۆ پێشگرتن له‌م نه‌هامه‌تیه ده‌بێ ده‌وڵه‌ت ده‌ستبه‌کار بێ هه‌رچه‌نده‌ " مرۆڤه‌ ترسنوک و لاوازکان" ره‌خنه‌ بگرن که‌ هێرش کراوته‌ سه‌ر مافه‌کانی ئه‌وان. ده‌وڵه‌ت ده‌بێ: "ئاگادار بێ که‌ خوێنی نه‌ته‌وه‌ به‌ خاوێنی رابگرێ، تا مرۆڤایه‌تی بگاته‌ به‌رزترین ترۆپکه‌ی گه‌شه‌سه‌ندن. ده‌وڵه‌ت ده‌بێ پێکهێنانی ژیانی هاوبه‌ش له‌ گه‌رداوی سه‌رشۆڕیی ره‌گه‌زایه‌تی رزگار بکا و ژیانی هاوبه‌ش وه‌کوو هۆکارێک بۆ دروستکردنی مرۆڤه‌کان به‌ شێوه‌ی خوایی، پیرۆز بکا".

" ژیانی هاوبه‌ش نابێ ببێته‌ هۆی دروستکردنی زه‌به‌لاحه‌کان که‌ له‌ تێکه‌ڵاو بوونی مه‌یموون و مرۆڤ خوڵقاون". هیتله‌ر که‌ ده‌مارگژانه‌ بڕوای به‌ به‌رزتربوونی زاتی ره‌گه‌زی ئاریا هه‌بوو؛ ئامۆژگاری ده‌کرد که‌ ماف و ئه‌رکی ره‌گه‌زی به‌رزتر ئه‌وه‌یه‌ که‌ شوێنه‌کانی دیکه‌ داگیر بکا و بیانچه‌وسێنێته‌وه‌، و ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر بۆ پاراستنی سه‌رچاوه‌کانی خۆشی بێ، ده‌توانێ ره‌گه‌زه‌کانی دیکه‌ له‌ ناو ببا. چوونکه‌ رێژه‌ی دانیشتوانی ئه‌ڵمانیا زۆر بووه‌ و پێویستیان به‌ له‌نبرزیۆمێکی (شوێنی ژیان) زیاتر هه‌بوو، هیتله‌ر ئه‌و مافه‌ی به‌ ئه‌ڵمانیا ده‌دا که‌ وه‌کوو گه‌وره‌ترین ده‌سه‌ڵاتی سکه‌ندیناڤی ، وڵاتی سلاڤه‌کان داگیر بکا و له‌وێیان بگوازێته‌وه‌ و ئه‌ڵمانیه‌کان له‌وێ نیشته‌جێ بکا. له‌گه‌ڵ به‌رفراوان بوونی شوێنی ژیانی به‌رزترین ره‌گه‌ز و یه‌کگرتوویی نه‌ته‌وه‌ ئه‌ڵمانیه‌کان له‌ ژێر ئاڵایه‌کدا، ته‌نانه‌ت هه‌موو ره‌گه‌زی مرۆڤ قازانج ده‌کا. "ته‌نیا وڵاتێک که‌ راده‌ی پێویست پان و به‌رینه‌، ئازادیی ژیانی نه‌ته‌وه‌یه‌ک دابین ده‌کا. ده‌بێ ئه‌ڵمانیا هێزێکی جیهانیی بێ، ده‌نا نه‌بوونی باشتره‌ و شیاوی ئه‌وه‌ نیه‌ که‌ بژی". ئه‌م وڵاته‌ پان و به‌رینه‌شی که‌ هیتله‌ر ئاواتی بۆ ده‌خواست، ته‌نیا به‌ داگیرکردنی رووسیا وه‌دی ده‌هات. هیتله‌ر به‌ تامه‌زرۆییه‌وه‌ چاوی بڕیبووه‌ رۆژهه‌ڵات و پێیوابوو: " ئه‌گه‌ر ئۆراڵ به‌ که‌ره‌سه‌ خاوه‌کانی و ئۆکرایناش به‌زه‌ی وزاره‌ پان و به‌رینه‌کانیه‌وه‌ بکه‌وێته‌ ده‌ست

www.perawipepwle.com

ئەڵمانیا، چ شتێک دمێنێتەوە کە نەتوانی بیکەی! بۆیە دەبوایە ئاڵمانیا خەڵکی رووسیا لە شەڕی ڕێبەرە بۆ لشڤیکەکان رزگار بکا. هیتلەر دەڵێ: " ئەگەر ئەمرۆکە باسی وڵاتێک لە ئەورووپادا دەکەم، لە پێش هەموو شوێنێکی دیکەدا، مەبەستم لە رووسیا و ئەو دەوڵەتانەیە کە سەر بە رووسیان و دراوسێی ئەو وڵاتەن. لێرەدا چارەنووس پێمان دەڵێ " چونکە دەسەڵاتدارەیێ بۆلشڤیزم بەسەر رووسیادا ، نەتەوەی رووسیای لەو رووناکبیرانە بێبەش کرد کە جاران هەیانبوو، بۆلشڤیزم وەکوو حکوومەتێک بنجی داکوتا . . . کاتێ ئەوە هاتووە ئەم ئیمپراتۆرییە مەزنەی رۆژهەڵات هەڵتەکێ".

هیتلەر پێیوابوو کە هێز و دەسەڵات، پاساو بۆ هێرش و داگیرکردن دێننەوە. "سنوورەکانی وڵاتێک لە لایەن مرۆڤەوە دیاری دەکرێن و لە لایەن مرۆڤیشەوە دەگۆڕێن. ئەم راستیەی کە نەتەوەیەک توانیویەتیی وڵاتێکی پان و بەرین داگیر بکا، نابێ ببێ بەهۆی ئەوەی کە تاسەر ئەم وڵاتە بەرفراوانە، ملکی هەمیشەیی ئەم نەتەوە بێ. گەورەترین کارێک کە نەتەوەیەک دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە ئازایەتیی داگیرکەرانی خۆی و بێ هێزی نەتەوەکانی دیکە بسەلمێنێ و لەم نێوەشدا راستێ تەنیا بە هۆی هێزەوە مسۆگەر دەبێ".

هیتلەر بەو راستیە گەیشتبوو کە جگە لە داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بۆ چارەسەری کێشەی زیاد بوونی دانیشتوان، رێگا چارە دیکەش هەن. یەکێک لەم رێگا چارانە کەمکردنەوەی رادەی زاوزێیە. بەڵام هیتلەر ئەم رێگا چارەی بەلاوە پەسندنەبوو، چوونکە لەگەڵ تیۆری بەرزتربوونی رەگەزیدا نەدەگونجا. رێگایەکی دیکە کە دەسەڵاتدارەکان پێش لە شەڕی ئاڵمان رەچاویان دەکرد، زۆرترکردنی رێژەی بەرهەمهێنانی کارخانەکان بۆ هەناردنی بەرهەمەکان بۆ بازارەکانی جیهان بوو. هیتلەر ئەم رێگاچارەشی پەسند نەبوو، چوونکە ئەو دەیهەویست ئەڵمانیا لەسەر پێی خۆی رابوەستێ و بۆ خۆی،خۆی بەخێو بکا.

هەروەها هیتلەر لەگەڵ سەرهەڵدانی چینێکی گەورەی کرێکاری کە لە ئاکامی زۆرتربوونی کارخانەکان سەری هەڵدابوو، بە توندی دژایەتێ دەکرد. رێگاچارەی سێهەم ئەوە بوو کە رادەی بە پیت بوونی زەوی وزارەکان بچێتە سەرەوە، بەڵام هیتلەر پێیوابوو ئەمە رێگاچارەیەکی کاتیە و کێشەکە چارەسەر ناکا. کەواتە تاقانە چارەسەری ئەوە بوو کە ئەڵمانیا ئەم سنوورانەی ئێستای

بەزێنێ وشوێنێ دیکە داگیر بکا تا ژمارەیەکی زۆرتر لە ئەڵمانیەکان لەم شوێنانەدا نیشتەجێ بکرێن.

هیتلەر وای چاوەڕوانی دەکرد کە ڕێژەی دانیشتوانی ئەڵمانیا لە ماوەی سەد ساڵی داهاتوودا زیاتر لە سێ هێندە دەبێتەوە و هەرکەسێکیش زیاتر لە دوو هێندەی ئێستاکەی جێگای لەبەردەست دا دەبێ. تیۆری دانیشتوانی پەرتەوازەش لە وڵاتێکی پان و بەریندا لەبەر هۆکارە سەربازی و جوگرافیەکان، سەرنجی هیتلەری ڕاکێشابوو، چوونکە نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی بەریندا دەژی، لە بەرامبەر هێرشی دوژمندا زیاتر پارێزراوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، هیتلەر سێ ڕێگا پێشنیاردەکا کە بریتین لە پروپاگەندە، دیپلۆماسی و سەپاندنی زۆر. لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا هیتلەر خۆیی و تاکتیکەکانی خۆی بەقەد ئەو شوێنەی کە باسی تەککتیکەکانی پروپاگەندە دەکا، دەرنەخستووە. هیتلەر بە چاکی بەو ئاکامە گەیشتبوو کە پروپاگەندەکردن یەکێک لە کاریگەرترین و ترسێنەرترین چەکەکانە، هیتلەر بۆ تەواوکردنی لێهاتوویی خۆی لە تەکنیکی پروپاگەندەکردندا؛ خەریکی خوێندنەوەی میتودەکانی پروپاگەندەی مارکسیەکان، ڕێکخراو و شێوازەکانی کلیسای کاتۆلیکی، پروپاگەندەی بەریتانیەکان لە شەری یەکەمی جیهانیی و شێوازەکانی پروپاگەندە لە ئەمەریکا و دەروونناسیی فرۆید بووە. بۆخۆی دەڵێ" ئەرکی پروپاگەندە هەڵسەنگاندنی مافەکانی خەڵکی جیاواز نیە، بەڵکوو تەنیا پێداگرتن و سەپاندنی ئەو مافەیە کە بۆ خۆت دەتهەوێ. ئامانجی پروپاگەندە ئەوە نیە کە ببێتە هۆی سەرگەرم کردنی گەنجە داماوەکان، بەڵکوو ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر بە قەناعەت بگەیەنین و مەبەستی من لە لایەنی بەرامبەر، کۆمەڵانی خەڵکن".

ڕادەی بڕوای هیتلەر بە پڕۆپاگەندەکردنئەم قسەی هیتلەر، ڕادەی بڕوای هیتلەر بە پروپاگەندە دەردەخا: "بە هۆی پروپاگەندەی شیلگیرو وەستایانە دەتوانی بڕوا بە خەڵک بێنی کە بەهەشت، جەهەننەم و جەهەننەمیش بەهەشتە. بۆ ئەوەی پروپاگەندە کاریگەرییەکی زۆرتری هەبێ دەبێ زیاتر لە عەقڵەوە دوور بێ و پێش لە هەموو شتێک بایەخ بە هەست و سۆزی خەڵک بدەین و زۆر کەم بڕوا بە عەقڵی درۆزنانەی خەڵک بکەین، پروپاگەندە هیچ پێوەندییەکی بە وردبینی زانستیەوە نیە، هەروەک چۆن ڕاگەیەنراوێکی سەر دیوار، هیچ پێوەندییەکی بە هونەرەوە نیە . . .، ئەگەر بمانەوێ جەماوەرێکی زۆرتر بخەینە ژێر کاریگەری خۆمانەوە، دەبێ ئاستی پروپاگەندە ببەینە سەرەوە".

هیتلەر کۆمەڵانی خەڵکی بە مێگەلێکی بێ مێشک و نەزان دەزانی، کە رادەی بەک زانینی کۆمەڵانی خەڵک بەلای هیتلەرەوە دەردەخا. هیتلەر بەردەوام باسی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤەکان وەکوو کۆمەڵێکی تەوەزەل و ترسنۆک و هەستیار و بێعەقڵن وەکوو ژن وان. ئامانجی کۆتایی لە تەکنیکی پروپاگەندەی هیتلەریدا، بنەمای درۆی گەورەیە. بەڕای ئەو " گەورە بوونی درۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر بڕوا بە قسەکانت بکا. . .، ساویلکەبوونی خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە درۆی گەورەتر، لە درۆی چکۆلەتر کاریگەرتر بێ. چوونکە کۆمەڵانی خەڵک لە شتی چکۆلەدا لەگەڵ یەکتردا درۆدەکەن و ئەگەر درۆی گەورەتر بکەن، تەریق دەبنەوە. بۆیە هیچ کاتێک گومان لەدرۆی گەورە ناکەن. باوەڕ ناکەن کە کەسێک لەوپەڕی لە خۆرادیوییەوە درۆیەکی ئاوا گەورە بکا و تائەم رادەیە راستی چەواشەبکا. بە کورتی هەرچی درۆکە گەورەتر بێ، ئەگەری ئەوە زیاترە کە کۆمەڵانی خەڵک زیاتر بڕوای پێ بکەن".

بنەمایەکی بنەڕەتی دیکە لە پروپاگەندەدا؛ داتاشینی مۆتەکەیەکە. هیتلەر دەڵێ، مەهێڵین خەڵک لە یەک کات و ساتدا، رقیان لە چەند دوژمن بێتەوە، چوونکە ئەمە مێشکیان سەرقاڵ دەکا. هەموو هەوڵی خۆتان لە سەر دوژمنێک چڕبکەنەوە و کارێکی واش بکەن خەڵک تەنیا رقیان لەم دوژمنە بێتەوە. هیتلەر جوولەکەکانی کردە مۆتەکەو دوژمنی بابمردووی ئەڵمانیا.

لەو ساتانەشدا کە هیتلەر لە دژی دێموکراسی، مارکسیزم، رێککەوتننامەی ڤێرسای، فەرەنسا یان ئامانجەکانی دیکە دەدوا، جیاواز لە هێرشکردنەسەر بۆ سەر ئەوانە، بە بڕوای ئەو جوولەکە لە هەموو شوێن و لە هەموو کاتێکیشدا هەن و لە هەموو حاڵەتەکاندا خەریکی پیلان گێرانن. جوولەکەکان بە کردەوە دزێو و نگریسەکانیان، هەوڵ دەدەن کولتووری ئارییەکان لە ناو ببەن. نموونەی رقی هیتلەر ئەم وتارەیە:

"فەرەنسا دڕندەترین دوژمن بووە و ئیستاش هەرگەورەترین دوژمنە، خەڵکی ئەم وڵاتە کە زیاتر لە جاران رەش پێست دەبن، بە هۆی پێڕەویکردن لە جوولەکەکان کە بە تەمای داگیرکردنی جیهانن، بوون بە مەترسیەکی بەردەوام بۆ سەر رەگەزی سپی لە ئەورووپادا. چوونکە پیس بوون بە هۆی خوێنی رەشەکانەوە لە راین کە ناوجەرگەی ئەورووپایە و کەف و کۆڵی سادیستی (خەڵک ئازاردان) ئەم دوژمنە بابمردووەی خەڵکی ئەڵمانیا، بە تەمای تۆڵە کردنەوەیە کە بە بەرنامەیەکی ورد و هێمنانە خەریکی زۆڵ کردنی ناوەڕاستی ئەورووپایە و، لەم رێگایەوە دەیهەوێ بەهۆی

پیسکردنی خوێنی ڕەگەزی سپی بە خوێنی مرۆڤە لە خوارترەوەکان، ئەم ڕەگەزە لە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بێبەش بکا".

بیروبۆچوونەکانی هیتلەر سەبارەت بە پەروەردەی گشتی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بە دیموکراسی لە یەک ئاراستە دان. و هیتلەر لە هەردەرفەتێک بۆ کوتانی دیموکراسی کەڵکی وەردەگرت:

" دیموکراسی ڕۆژئاوا لەم سەردەمەدا، پێشەنگی دیموکراسیە. بە بێ مارکسیزم ئەم دیموکراسیە وێنا ناکرێ، دیموکراسی هاوچەرخ بۆ ئەم پەتا جیهانگەرەوە، بوارێکی ڕەخساندوە کە مێکرۆبەکانی ئەم پەتایەی تێیدا بگورێن و بلاّو ببێتەوە. حکومەتیی پەرلەمانی لە زەقترین شێوازی خۆیدا، زەبەلاحێکی لە پیسایی و لە ئاور هێناوەتە ئاراوە کە بەداخەوە بەڕای من ئاگرەکەی بەرەو کوژانەوە دەچێ". هیتلەر دیموکراسی بە " تیۆرێکی هەڵخەڵەتێن" دادەنێ کە جوولەکەکان هێناویانەتە ئاراوە تا بانگەشەی ئەوەی پێ بکەن کە هەموو مرۆڤەکان یەکسان خولقاون و بە پێچەوانەوە هەر بیروبۆچوونێک سەبارەت بە مافی دەنگدانی گشتی و مافی یەکسان، بێ کەڵک و تێکدەرە".

هیتلەر بنەمای پێشەوایی (ڕێبەرایەتیی) کردە ئەلتەرناتیڤی دیموکراسی و کۆمەڵێک پیشەوای لە سەروەوەی کۆمەلاّنی خەڵک دانا و ڕایگەیاند کە دەبێ کۆمەلاّنی خەڵک بێ ئەملاوئەولا بڕیاری ئەم پێشەوایانە جێبەجێ بکەن. لە سەرەوەی هەموو پێشەواکانیشدا، کاریزما هەبوو کە بۆ هەموو ئەوکارانەی کەدەیکردن یان لە بەرامبەر هەموو ئەو بوارانەی کە ناسەرکەوتوو دەبوو، بەرپرسیارەتی تەواوەتیی وەئەستۆی خۆی دەگرت.

سەبارەت بە " خەباتی من" نووسیویانە: "یەکێک لە کاریگەرترین کتێبەکانی سەدەی بیستەمە . . . ، چوونکە بۆ هەر وشەیەکی ئەم کتێبە ١٢٥ کەس، بۆ هەر لاپەرەیەکی ٤٧٠٠ کەس و بۆ هەر بەشێکیش زیاتر لە ١/٢٠٠/٠٠٠ کەس تێدا چوون". کاریگەری ئەم کتێبە بەرادەیەک بوو کە وەکوو ئینجیلی سیاسی خەڵکی ئەڵمانی لێهاتبوو و سیاسەتی "ڕایخی سێهەم" لە ساڵی ١٩٣٣ەوە تاکۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بە پێی نووسینەکانی ئەم کتێبە بەڕێوە دەچوو.

خۆماڵیکردن — *Nationaliziation*

بە بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە دەگوترێ کە لە رابردوودا لە بەردەست کەسەکان یان دامەزراوە تایبەتیەکان یان لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێم (کە لە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی حکوومەتی ناوەندیدا نەبێ) ویان لە بەردەست بیانیەکاندا بووە. لە پرۆسەی خۆماڵیکردندا، دەوڵەت دەبێ بە خاوەنداریی یەکە ئابوورییەکانی وڵات. ئەو کاتەی کەمەبەست لە خۆماڵیکردن گۆڕانی رەهای سیستەمی ئابووری وڵات بێ، خۆماڵیکردن بریتیە لە گواستنەوەی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئالوگۆڕپێکردن لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵ، واتە ئەو ئامرازانە لە کەسەکان دەستێنرێنەوە و بە قازانجی گشتی کۆمەڵگا تەرخان دەکرێن، نەک بۆ بەرژەوەندی خاوەندارەتی تایبەتیی. بەڵام لەو وڵاتانەی کە سیستەمی ئابووری بە شێوەی رەها خۆماڵی نەکراوە، رەنگە بەپێی کۆمەڵێک هۆکار، پیشەسازییەک یان چالاکیەکی تایبەتیی خۆماڵی بکرێ. لە ناو هەموو ئەوپێناسانەدا کە لە سەر خۆماڵیکردن کراون، ئەم پێناسە لە هەموویان چڕو پڕترە:

"خۆماڵیکردن پرۆسەیەکە لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکی بەرزی گشتی بە هۆی گواستنەوەی چالاکی کەرتی تایبەت بۆ کەرتی گشتی، بە قازانجی کۆمەڵگا. کەرتی گشتیش یان دەوڵەتە یان ئەنجوومەنێکی هەرێم یان دامەزراوەیەکی هەرەوەزییە بۆ ئەوەی دەستبەجێ یان لە داهاتوودا چالاکیە ئابوورییەکان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگادا، وەگەڕ کەون.بەم پێناسەدا دەردەکەوێ کە خۆماڵیکردن دوو بنەمای سەرەکیی هەیە؛ یەکیان گۆڕینی خاوەندارێتی تایبەتیی بە خاوەندارێتی گشتی و ئەوی دیکەشیان دەستبەسەرداگرتن و کەڵک وەرگرتن لە سامانە خۆماڵی کراوەکان لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگادایە (کۆنترۆڵ کردنی نیشتمانی).

خاوەندارێتی سامانەکان و بەڕێوەبردنی هێندێک لە پیشەسازییەکان و دەستبەسەرداگرتن بە هێندێک کاروباری ئابووریدا لە لایەن دەوڵەتەوە، رابردوویەکی لەمێژینەی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە.بەڵام لە رابردوودا ئازادیی خاوەندارێتی تایبەتی و چالاکیە ئابوورییەکان بەپێی سیستەمە یاساییەکان بە مافی سروشتی کەسەکان دادەنران و تەنیا لە هێندێک حاڵەتی دەگمەندا کە ئەم ئازادییانە زیانیان لە بەرژەوەندی گشتی دەدا، بەرتەسک دەکرانەوە. بەڵام سیستەمە ئابوورییە سۆسیالیستیەکان بە شێوەی رەها و سیستەمەکانی دیکە لە هێندێک حاڵەتی تایبەتیدا، ئەو بنەمایەیان

www.perawipepwle.com

ئاوەژوو کردۆتەوە. سۆسیالیستەکان پێیانوایە سامانەکان هیی هەموو کۆمەڵگان و دەوڵەت دەبێ بە قازانجی کۆمەڵگا دەست بەسەر هەموو سامانەکاندا بگرێ. سۆسیالیستەکان لە ئاستێکی زۆر بەتەسکدا بڕوایان بە خاوەندارێتی تاکەکەسی هەیە. بەواتایەکی دیکە بەڵگەی سۆسیالیستەکان بۆ ئەم بیروبۆچوونەی خۆیان، دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگایە. بیرۆکەی خۆماڵی کردن ئاکامی لێکدان و ناکۆکی لە نێوان دوو غەریزەی مرۆڤ، واتە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسیە. سەرچاوەی ویستی خۆپسک و سروشتی مرۆڤ بۆ خاوەندارێتی و پاراستنی سامان و پێشگرتن لە هێرشی خەڵک بۆ سەر سامانی تاکەکەسی، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ، بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگا.

بە شێوەیەک کە لە کۆنترین سیستەمە یاساییەکاندا بنەمای خاوەندارێتی تایبەتیی و مافی خاوەندارێتی وەکوو مافێکی سروشتی و پیرۆز بەرەسمیی ناسراون. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا، ڕەوشی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا زەقتر بۆتەوە. کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئێستا بە هێندێک کۆت و بەندەوە بەستراونەوە کە هەر تاکێک بەرژەوەندی خۆی بەم کۆت و بەندانەوە بەستۆتەوە ورەچاوکردنی ئەم کۆت و بەندانەش لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندی گشتیدا بە پێویست دەزانن. بە کورتی بنەمای سەرەکیی یاسای کۆمەڵ، پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە بەرامبەر بەرژەوەندی تایبەتی دایە.

خۆماڵیکردن چەمکێکی تارادەیەک نوێیە کە نزیکەی سەدەیەک لەوەوپێش هاتۆتە ئاراوە و لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکاندا گەشەی کردووە و لەم چەند دەیەی دوواییدا بە گەرم و گوڕی باسی لێدەکرێ. لە سەدەی بیستەمدا، جگە لە پاڵنەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، فەلسەفە سیاسی و ئەخلاقیەکانیش کاریگەریان لە گۆڕانی ئەم چەمکەدا هەبووە و لایەنگرانی خۆماڵیکردن پێیانوایە کە خۆماڵیکردن جگە لە دابینکردنی پێداویستیە ماددییەکان، دەبێتە هۆی یەکسانیی و دادپەروەری و کۆتایی بە کێشەی چینایەتیی و چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دێنێ و، ڕێگا بۆ پێکهێنانی ئاشتیی گشتیی خۆش دەکا.

خەباتی چینایەتی — *Class Struggle*

بە پێی تیۆری مەتریالیزمی مێژوویی، هەتا ئەوکاتەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی نەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای بێ چین وەدی نەهاتبێ، بەردەوام لە نێوان چینە زۆرلێکراو چینەزۆردارەکان، کرێکار و خاوەن کار، دەرەبەگ و جوتیاردا ناکۆکی وکێشەی چینایەتی هەیە. هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگایەکدا کە خاوەنی کێشەی چینایەتیە، لە هەناوی خۆیدا، گەرای دژی خۆی پەروەردەدەکا، تا ئەوکاتەی کە چینە لاوازەکان ڕێک دەخرێن و سیستەمی کۆمەڵایەتیی دەڕوخێنن و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دێننە ئاراوە.

خۆدزینەوە — ***Escapism***

خۆدزینەوە بەبەشداری نەکردنی کۆمپانیاکان لە کارە کۆمەڵایەتیەکان، بەشداری نەکردن لە باس و ڕاوێژە سیاسیەکان و قبووڵ نەکردنی بەرپرسیارەتی دەوڵەتیی لە لایەن کەسێکەوە دەگوترێ. خۆدزینەوە لە یۆنانی کۆندا گوناحێکی گەورە بوو و ئەم کەسانە بەلادەری کۆمەڵگا دادەنران. بە هۆی شکستە سەربازییەکانی یۆنان و سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی،نارەزایەتیی لە ناوچینەکاندا و ڕەش بینی سەبارەت بە حکومەت پەرەیان گرت و هەر لەبەر ئەمەش بوو کە گومانکەرەکان، کەلبیەکان و ئەبیکۆرییەکان لایەنگری دوورەپەرێزی و تەریک بوونەوە بوون.

خاچی شکاو/ سڤاستیکا — ***Swastika***

سڤاستیکا لە زمانی سەنسکریتی دا بە جۆرە خاچێکی شکاو دەگوترێ (کە ددانە شکاوەکانی بە پێچەوانەی سووڕانی چرکەژمێرەکانی کاتژمێرە). ئەم خاچە ڕەمزی ئایینی هیندووەکان بوو و ڕەمزی خۆر و چاکە و بەختەوەری بوو.

لە مێژووی هاوچەرخ دا، خاچی شکاو لە قامووسی نازیسم دا، نیشانەی ڕایخی، سێهەم و ڕەمزی شەری ڕەگەزی ئاریا لە دژی ڕەگەزی سامی بوو.

خۆپیشاندان — **Demonstrations**

خۆپیشاندان بە کۆبوونەوە و وەڕێکەوتن لە شەقامەکان و گۆڕەپانەکان، و بە دەربڕینی ویست و داخوازییەکان لە ڕێگای دروشمە نووسراو وزارەکیەکان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر کردەوە و بڕیار و سیاسەتی دەوڵەت یان بە هێنانە گۆڕی یەکێک لە ویستە سیاسی و ئابوورییەکان، دەگوترێ.

Uhconditional Surrender خۆبەدەستەوەدانی بێ کۆت و بەند

بە یەکێک شێوازەکانی کۆتایی هێنان بە شەڕ دەژمێردرێ کە بەپێی ئەمە، هیچ سنوورێک بۆ ئازادیی کردەی لایەنی سەرکەوتوو بەسەر چارەنووسی دوژمنی شکست خواردوو دانانرێ. خۆبەدەستەوەدانی بێ کۆت و بەند، تایبەتمەندی رێککەوتننامەیەکی نیە، هەربۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان رێککەوتننامەو خۆبەدەستەوەدان و وازهێنان لە دوژمنایەتی ــ کە هەردوو بە رێککەوتنێک لە نێوان نوێنەرانی دوژمنەکان دادەنرێن ــ دابنرێ. لە بواری یاساییەوە، خۆبەدەستەوەدانی بێ کوت وبەند، کۆتایی بەشەڕ ناهێنێ مەگەر ئەوی کە لایەنی سەرکەوتوو بۆ خۆی حەز بکا.

Separatism جیایی خوازی

بەویستی گرووپێکی تایبەتی دەگوترێ کە دەیهەوێ لە خاک و دەسەلاتدارەتیی سیاسیی ولاتێک جیا بێتەوە کە خۆی بەشێک لەو ولاتە پێک دێنێ؛ وەک داخوازیی شۆڕشگێرانی باسکی ئیسپانیا بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ.

Escalation Of War *خۆشبوونی شەڕ*

بە زیادکردن، بەرفراوانکردن یان خەست و خۆلترکردن، یان پەرەپێدان بە فاکتەر و مەودای شەڕ دەگوترێ. خۆشبوونی شەڕ بە بردنەسەری ئاستی ژمارەی ئەندامانی سوپا، دەستێوەردانی لایەنی سێهەم، کەلک وەرگرتن لە چەکە کۆمەلکوژەکان یان گۆڕینی ئامانجە سیاسی و سەربازییەکان جێبەجێ دەبێ. خۆش بوونی شەڕ بە دووشێوەی ئاسۆیی و ئەستوونی بەڕێوە دەچێ.

خۆش بوونی ئەستوونی بریتیە لە قوولترکردن و ئالۆزترکردنی کێشەیەک، کە بە کەلک وەرگرتن لە چاکە ئاساییەکان دەست پێدەکا و بەکەلک وەرگرتنی تاکتیکی یان ستراتیژیی لە شەڕی ناوەکی درێژەی دەخایەنێ. وەک کەلک وەرگرتنی ستراتیژیی "دژکردەوەی نەرم"ی ناتۆ. خۆش بوونی ئاسۆیی بریتیە لەبەرفراوانبوونی جوگرافی گۆڕپانەکانی شەڕ، وەک کەلک وەرگرتنی

هاوکات لە "هێز دژکردەوە بەدەست و بردەکان"ی ئەمەریکا (لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتاو سەرەتاکانی دەیەی هەشتادا)و هێزە دەریاوانیەکانی ئەو ولاّتە بۆ وەلاّمدانەوە بە هێرشی سۆڤیەت لە گۆڕەپان و، خزاندنی شەڕ بەرەولای دوژمن لەڕێگای هەڕەشەی راستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لە شوێنەکانی تر و، لە ڕێگای کەلک وەرگرتن لە ژێر دەریاییەکان.

د

www.perawipepwle.com

Prisoners Of War

دیلەکانی شەڕ

بە ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی لایەنێکی شەڕی چەکدارانە دەگوترێ کە لە لایەن دوژمنەوە دیل کرابن. بارودۆخی یاسایی دیلەکانی شەڕ کە لە ڕێوشوێنەکانی کۆنڤانسیونی ژمارە چواری لاهە (هەروەها کۆنوانسیۆنی ساڵی ١٨٩٩)دا باس کراوە، بە درێژی لە کۆنڤانسیۆنی ژمارە سێی ساڵی ١٩٤٩ی ژنێڤ سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکانی شەڕ (بەدیلی کۆنوانسیونی ١٩٢٩) ڕێک خراوەو، پەرەیان بە هێندێک لە ڕێوشوێنەکانی پرۆتۆکۆلەکانی ژمارە یەک و دووی ساڵی ١٩٧٧ داوە. بارودۆخی دیلەکانی شەڕ لە سەر ئەمجۆرە کەسانەی خوارەوە پیادە دەکرێ: ئەندامانی هێزە چەکدارە ڕێکخراو و نارێکخراوەکان، بو وێنە ئەو کەسانەی کە لە بەرامبەر حکوومەت یان مەرجەعێکدا وەفاداریی خۆیان رادەگەیەنن (کە ئەو دەسەڵاتەی ئەوانی دەستبەسەر کردووە بەشەرعی و و ڕەسمی ناناسێ)؛ ئەو کەسە مەدەنیانەی کە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانن، وەکوو ئەو کەسانەی کە لە بەشە ناسەربازییەکاندا کار دەکەن، پەیامنێرانی شەڕ و کەسانی لەم چەشنە، کارگوزرانی پاپۆڕە بازرگانیەکان و فڕۆکە ناسەربازییەکان؛ ئەندامانی هێزی بەرگری و پشتیوانی پێرسنێلی بەرزی حکوومەتی ناسەربازی، پێرسنێلی پزیشکی و کەسایەتیە ئاییینیەکان دەکەونە بەر پشتیوانی حاڵەکانی کۆنڤانسیۆنی ژمارە سێی ژنێڤ. سیخوورەکان، تێکدەران و کەسانی لەم شێوە، ڕێوشوێن و بارودۆخی دیلەکانی شەڕ نایانگرێتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ دەبێ بە شێوەیەکی مرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێن.

کۆنڤانسیۆنی هەڵسوکەوتی مرۆیی لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، ئەرکی قورس بەسەر ئەو هێزەی کە دیلەکانی دەستبەسەر کردووە، دادەسەپێنێ. کاتێک لە بارەی بابەتێکەوە پرسیار لە دیلێکی شەڕ دەکرێ، دیلەکە دەبێ تەنیا ناو و ناوبانگ، پلە، ڕێکەوتی لە دایکبوون و ژمارەی ریزی خۆی بدرکێنێ و، نابێ ئەو دیلە بە درکاندن و دانی زانیاری بەکەڵک بە لایەنی بەرامبەر ناچار بکرێ. دیلەکانی شەڕ دەتوانن شتە تایبەتیەکانی خۆیان بپارێزن و، دەبێ خاوەنی هەموو مافێکی سەربازی ئەو وڵاتە بن کە دیلەکەی دەستبەسەر کردووە. ئەو هێزەی کە دیلێک دەستبەسەر دەکا، دەتوانێ لە هێزی دیلەکە لە بوارە تایبەتیەکانی ئابووریدا کەڵک وەربگرێ، بەڵام خاوەنی پلە سەربازییەکان تەنیا دەتوانن وەک چاوەدێر کار بکەن. لە هیچ هەل و مەرجێکدا، ناکرێ ئەفسەران ناچار بە ئیش بکرێن بەڵام دەتوانن داوای کارێکی گونجاو بۆ خۆیان بکەن.

دوورەپەرێزی — *Isolationism*

ئاراستەیەکی سیاسیە، کە بۆ پێناسە و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. واتای ڕوونی ئەم زاراوە، هەبوونی پێوەندییەکی بەرتەسک لەگەڵ دونیای دەرەوە دایە. هەر بۆیە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە پێویستی بەچەند پێوەرێکی ڕوون هەیە. بە تایبەتی، هەڵبرانی جوگرافی لە ناوەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، پشت بەخۆبەستن ، ڕێبەرایەتیەکی سیاسی کە لە پەرەپێدان و بەرفراوان کردنی نەتەوەیی وەک ئامانجێکی گرنگ لە داڕشتنی سیاسەتەکانی، خۆش ببێ. دوورەپەرێزی لە کردەوەدا خۆی لە بەڵێن دانی سیاسی، دیپلۆماتیک یان سەربازی بە وڵاتانی تر خۆ دەبوێرێ. چین و ژاپۆن لە وڵاتانە بوون کە ئەم سیاسەتەیان جێبەجێ کردووە. لە چاخی نۆێدا، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی تایبەتی پێوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەبووە، بەڵام بۆ پێناسەی هێندێک لە قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیاش کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە بەریتانیادا ئەم تێڕوانینە لە ئارادا بوو کە پیڕەوی لە دروشمی" نەدۆستایەتی هەتا سەر، نە دوژمنایەتیش هەتا سەر، تەنیا بەرژەوەندی هەتا سەر"، پەرەی بە دورەپەرێزیی دیپلۆماتیکی وڵات دەدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بە باشترین شێوە سیاسەتی دوورەپەرێزیان کردۆتە بنەمایەکی دۆگمی و پێوەرێکی دەگمەنی سیاسی. لە پاش دەوڵەتی جۆرج واشینگتۆن (٩٧-١٧٨٩) ئەم بڕوایە لە ئارادابوو کە یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا فاکتەرەکانی دوورەپەرێزی لە وتاریماڵئاوایی

خۆیدا دەستنیشان کردووە. واشینگتۆن لە هاونیشتمانانی خۆی دەخوازێ کە خۆیان لە " هاوپەیمانەتی هەمیشەیی" بوێرن، بەڵام لە هەلومەرجە زۆر پێویستەکاندا هاوپەیمانەتی کاتی بە ڕەسمی بناسن و رەوایی پێ بدەن. ئەم قسانەی واشینگتۆن _بەهەڵە_ والێک درانەوە کە ناوبراو بە تەواوەتیی لایەنگری لە قەدەغەکردنی هەوڵە دەرەکیەکان بووە. کاتێک کە سێهەمین سەرۆک کۆمار [ئەمریکا] واتە تامس جیفرسۆن لە وتاری دەسپێکردنی سەرۆک کۆماریدا لە ساڵی ١٨٠١ هێرشی کردە سەر "هاوپەیمانەتیە بێکەڵکەکان"، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. بەم شێوەیە، دوورەپەرێزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بوو بە هۆی دابڕان لە ناوەندە سەرەکیەکانی چالاکی سیاسی، دەگمەن بوون و تاقانەبوونی ئەمەریکا وەک دەوڵەتێکی لیبراڵ و بڕوا بە زاڵبوون و بەرزتربوونی شێوازی ژیانی ئەمەریکی. سیاسەتی دوورەپەرێزی تەنیا سەبارەت بە ئەرووپا جێبەجێ دەکرا و، نیوەگۆی رۆژئاوا و ناوچەکانی زەریای ئارام یان رۆژهەڵاتی دووری نەدەگرتەوە. لەراستیدا، دۆکترینی مۆنرۆ لە کیشوەری ئەمەریکادا، زیاتر لە هەر شتێکی تر نیشانەی دەستێوەردانی ئەمەریکا بوو. تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەوروپاشدا، بە پێچەوانەی چین و ژاپۆن کە ئاماژەیان پێکرا، دوورەپەرێزی ئەمەریکا بەواتای دابڕانی بازرگانی و کولتووری یان دابڕانی بیر وهزر نەبوو.

کەڵک وەرگرتن لەم چەمکە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی مشتومڕێکی زۆر لە نێو مێژوونووسانی بواری دیپلۆماسی و سەرکردە سیاسیەکان و بیروڕای گشتی. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، تێڕوانینی "واشینگتۆنی" و "جیفرسۆنی" لە سەر دوورەپەرێزی جیاوازییەکی وردیان بەیەکەوە هەبوو. یەکیان خوێندنەوەیەکی ریئالیانەی هەیە و بایەخ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەداو، ئەویتر تایبەتمەندییەکی ئایدۆلۆژیای لیبراڵانەو ریزپەڕانەی هەیە. مێژوونووسانی دیپلۆماسی پێیانوایە کە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٧٨٣ بەدواوە لە سەربنەمای کێشەی بەردەوامی نێوان لایەنگرانی " دوورەپەرێزی"و لایەنگرانی "دەستێوەردان" راوەستاوە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە پرسیارێک لە بارەی گرنگی رێژەیی دوو روانگە لەسەر دوورەپەرێزی دەخوڵقێنێ.

زۆرکەس پێیانوایە لوتکەی دوورەپەرێزی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەمدا، ڕەتکردنەوەی رێککەوتنامەی ڤێرسای لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ لە لایەن سەناوە بوو. بەڵام بە سەرنجدان بەرۆڵی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە کۆنترۆڵی چەک و چۆڵ و دیپلۆماسیی قەرەبووکردنەوەی شەڕ

کە هەموو زلهێزە سەرەکیەکانی لەخۆ دەگرت، ناکرێ بە ئاسانی سیاسەتی ئەمریکا لە دەیەی ۱۹۲۰دا، بە سیاسەتی دوورەپەرێزانە دابنێین. سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە دوای دابەزینی گەورەی ئابووری (۱۹۳۳ـ ۱۹۲۹) و گەلاڵەی "نیودیل" لە دەیەی ۱۹۳۰دا لە دژایەتیکردن لەگەڵ دەستێوەردان و چەند لایەنەگەری ، ڕەوتێکی توندوتۆڵتری بە خۆیەوە گرت. ئەم سیاسەتە بە یاسا بێلایەنەکانی ساڵەکانی (۱۹۳۷ـ۱۹۳۵) و لۆبی گرووپە هاوبەشەکانی وەکوو "سەرەتا ئەمەریکا" گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەمەریکا بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانیەوە بوو بە ڕێبەری سیاسەتی جیهانی و، کاریگەری گواستنەوەی ئەم ڕێبەرایەتیە لە سیاسەتی دژایەتیکردنی هەمەلایەنە لە بەرامبەر تەشەنەکردندا لە قۆناغی شەڕی ساردا هەست دەکرێ. شەڕی ڤێتنام بوو بە هۆی هێنانەگۆری جارێکی تری دوورەپەرێزی و ئەم سیاسەتە ئێستاش هەروا یەکەمین و جێگیرترین هەڵوێستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە.

Black hand — دەستی ڕەش

ئەم زاراوە بە ئەنجوومەنێکی زۆر نهێنی دەگوترێ، کە لە سوپای سیربەکاندا چالاکی دەنواند (۱۹۱۱). ئامانجی ئەم ڕێکخستنە ڕزگارکردنی سیربەکان لە ژێر دەسەڵاتی نەمسا ـ هەنگاریا و تورکیا بوو. دەستی ڕەش لە سەردەمی شەڕەکانی باڵکان دا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی سیربیاندا هەبوو و، خەریکی ڕاهێنان و ناردنی تیرۆریستەکان بوو. ئارشیدۆک فرانتێز فرێدیناند لە لایەن دەست و پێوەندیەکانی ئەنجوومەنی دەستی ڕەشەوە کوژراو، ئەم کارەش بوو بە بیانووی سەرهەڵدان و دەسپێکی یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم واتا شەڕی یەکەمی جیهانی(۱۹۱۸-۱۹۱٤). بە دوای ئەم ڕووداوە، بەرپرسانی سیربیا کەوتنە گرتن وراوەدونانی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنەو، بە تاوانی هەڵیساندنی ئاژاوە و کوشتنی جێگیری پاشای نەمسا، ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم ئەنجوومەنە دەستبەسەر کران و لە سێدارەدان.

Divide and Rule — دووبەرەکی بنێوە و حکومەت بکە

یەکێک لە دروشمە ناسراوو کۆنەکانی کۆلۆنیالیزمە کە کۆلۆنیالیستەکان بەهۆی دووبەرەکیی نانەوە لە نێوخەڵکی وڵاتێکدا درێژەیان بە چەوسانەوە لەو وڵاتەدا دەدا.

World Outlook — دنیا بینی

بریتیه له سیستەمی بۆچوونەکان، چەمکەکان و وێناکان سەبارەت بە جیهان. ئەم زاراوە لە واتا بەرفراوانەکەی خۆیدا هەموو بۆ چوونەکانی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان لەخۆ دەگرێ ـ واتە ڕا وبیروبۆچوونە فەلسەفی و کۆمەلاّیەتی و سیاسی ورەوشتی و هونەری و بابەتەکانی پێوەندیدار بە زانستە سروشتیەکان و.... هتد. مانای بەرتەسکتری زاراوەی دنیابینی بریتیە لە را و بیروبۆچوونە فەلسەفیەکان.

بەگشتی دەکرێ جۆرەکانی دنیابینی بەسەر سێ جور دابەش بکەین:

١ـ دنیا بینیی زانستی

٢ـ دنیا بینیی فەلسەفی

٣ـ دنیا بینیی ئایینی

European Caurt Of Human Rights — دادگای ئەورووپیی مافی مرۆڤ

بە دەزگای دادوەریی کۆنڤانسیۆنی ئەورووپیی مافی مرۆڤ دەگوترێ کە سەلاحییەتی پێراگەیشتن بە فایلی ئەو سکالاّ تۆمارکراوانەی کە سەبارەت بە مافی مرۆڤن، پێ سپێردراوە. ئەم فایلانە لەلایەن ولاّتانەی کە مۆریان کردووە یان لە لایەن کۆمیسیۆنی ئەورووپیی مافی مرۆڤ بۆ ئەم ناوەندە دەنێردرێن. ئەم دادگایە بەپێی پرۆتۆکۆلێک کە بە کۆنڤانسیۆنی مافی مرۆڤەوە لکێندراوە، پێک هاتووەو، لە چەندین دادوەر پێکدێ کە بۆ ماوەی نۆ سالّ لەلایەن کۆڕی ئەنجوومەنی ئەورووپا لە نێو ئەو ناوانەی کە پێشکەش بەم ئەنجوومەنە دەکرێ، هەلّدەبژێردرێن. سەلاحییەتی دادگا سەربەستانەیە، واتا ئەو ولاّتەی کە کۆنڤانسیۆنی ئەورووپیی مۆر کردووە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک سەلاحییەتی دادگا قبوولّ ناکا، بەلّکوو دەبێ سەرەڕای قبوولکردنی پرۆتۆکۆلی گرێدراو بە کۆنڤانسیۆن، ڕاگەیەنراوێکیش بۆ ئەم مەبەستە دەربکا. بڕیاری دادگا پێویستە لەلایەن لایەنەکانەوە جێبەجێ بکرێ.

www.perawipepwle.com

داس و چەکوچ **Hammer and Sickle**

رەمزێک بوو کە لەسەر ئاڵای سووری یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی بە نیشانەی یەکیەتیی جوتیاران و پرۆلتاریای پیشەسازی کێشرابۆوە. ئەو رەمزە هەروەها لەسەر گرنگی هاوشانی کشتوکاڵ و پشەسازی پێی دادەگرت.

دیتانت / سڕینەوەی قەیران **Détente**

زاراوەیەکی سیاسیە کە بۆ ئاماژەکردن بە رەوشی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ، یان گرژی و ئاڵۆزی نێوان دوویان چەند وڵات کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. رەنگە قۆناغی دیتانت لە ئەنجامی گرێدانی پەیماننامەیەکی رەسمی یان لە ئەنجامی گۆڕانکاریی ستراتیژیی نەتەوەیی لە ماوەی چەندین ساڵدا پێک بێ. بۆوێنە، رێککەوتننامەی لوکارنۆ (١٩٢٠)، قۆناغێکی تا رادەیەک سەقامگرتوو و ئارامی لە ئەورووپادا پێکهێنا. قۆناغێکی دیتانتیش لە پێوەندییەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەتدا پێکهات کە بەپێی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بوو و، ئەم قۆناغە بە تێگەیشتن لەو راستیە کە شەڕێکی هەمەلایەنە دەتوانێ لە ئاکامدا لە نێو چوونی هەردوولای لێ بکەوێتەوە، پێک هاتبوو.

دەستێوەردان **Intervetion**

دەستێوەردان بە کردەیەک دەگوترێ کە دەوڵەتێک بە حەزو ئیرادەی خۆی و بەبێ هیچ بەڵگە و مافێکی یاسایی، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیکە ناچاردەکا لە کاروبارەکانی پێوەندار بە سیاسەتی دەرەوەو نێوخۆییدا پێڕەوی لە بۆچوونەکانی ئەو دەوڵەتە بکا.

توخمە پێکهێنەرەکانی دەستێوەردان : بەپێی ئەم پێناسە، بۆ ئەوەی کە بتوانین کارێک بە دەستێوەردان ناوبەرین دەبێ سێ مەرجی تێدابێ:

یەکەم: دەستێوەردان دەبێ لە کاروباری دەوڵەتێکی سەربەخۆ وخاوەن سەروەریدا بەڕێوە چووبێ. هەربۆیە، هەرکارێک کە لە دەرەنجامی هاوکاری ویەکیەتی و هاوبەشیەوە بەڕێوەچووبێ، ناکرێ بە دەستێوەردان یان خۆتێهەڵقورتاندن ناوبرێ. بۆوێنە، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی هەرکام لە دەوڵەتەکان ئەرکی دەوڵەتەیەکگرتووەکانە، یان رێو شوێنەکانی پاراستنی دەستوور بە حکومەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکان سپێردراوە، هەربۆیە ئەگەر خاک یان

دەستووری یەکێک لەو ولاّتانە بکەوێتە مەترسیەوە، خۆتێهەڵقورتاندن بۆ دەوڵەتی یەکگرتوو نەک تەنیا مافە، بەڵکوو بە ئەرکیش دەژمێردرێ. هەروەها ئەگەر بێلایەنی دەوڵەتێک کە بێلایەنیەکەی لە لایەن دەوڵەتانی تردا دانی پێدانراوە، بکەوێتە بەر هێرش و دەستدرێژی، ئەوا ئەو دەوڵەتانەی کە دانیان بە بێلایەنی ئەو دەوڵەتەدا ناوە، لە کاتی ئەو هێرش و دەستدرێژییەدا، نەک تەنیا مافی خۆیانە، بەڵکوو ئەرکی سەرشانیانە کە بەرگری لە بێلایەنیی ئەو ولاّتە بکەن و، ئەمەش بە خۆتێهەڵقورتاندن دانانرێ.

دووهەم دەستێوەردان یان خۆتێهەڵقورتاندن دەبێ تەنیا بەپێی حەزو ئیرادەی دەوڵەتی خۆتێهەڵقوتێنەر بەڕێوە بچێ.

ئەگەر دەوڵەتێک بۆخۆی داوا لە دەوڵەتێکی دیکە بکا کە بە قازانجی ئەو دەوڵەتە شتێک بکا، یان لە حاڵەتێکدا کە بەپێی رێککەوتننامە یان بە پێی یاسایەکی نێودەوڵەتیی، ئەرکێک بە ولاتێکی دیکە بسپێردرێ، ئەوە بە دەستێوەردان دانانرێ.

سێهەم: دەستێوەردان یان خۆتێهەڵقورتاندن دەبێ بۆ سەپاندنی حەزو ئیرادەی دەوڵەتی خۆتێهەڵقورتێنەر بەڕێوە بچێ. هەرکاتێک دەوڵەتی خۆتێهەڵقوتێنەر تەنیا پێشنیار ئاراستە بکا یان راوبۆچوونی خۆی دەربڕێ و لایەنی بەرامبەر سەرپشک بکا کە پێشنیارەکان پەسند بکا یان رەتیان بکاتەوە، ئەو کارە بە دەستێوەردان دانانرێ.

جۆرەکانی دەستێوەردان: دەستێوەردان رەنگە تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی یان چەکدارانە بێ. رەنگە دەستێوەردانی سیاسیش دۆستانە بێ یان رەسمی بێ. لە ساڵی ١٨١٥دا دەوڵەتەکانی پرۆس و نەمسا دەستێوەردانێکی سیاسیی دۆستانەیان لە دەوڵەتی "پیەمۆن"دا بەڕێوە برد، واتا بە ناردنی راسپاردەیەکی تایبەتی بۆ دەرباری ڤێکتۆر ئیمانوئێل، پاشای ئەم ولاّتە، ناوبراویان لە بیرو بۆچوونەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە، پێیان راگەیاند کە ئەگەر ئەم دەوڵەتە درێژە بەم سیاسەتەی خۆی بدا، ئەوا دەبێتە هۆی نیگەرانی ئەو دوو ولاّتە؛ بەلاّم پاشای پیەمۆن گوێی بەم ئامۆژگاری وپێشنیارانە نەدا و، ئاڵوگۆڕی لە سیاسەتەکەی خۆیدا پێک نەهێنا.

بە پێچەوانە، دەوڵەتەکانی فەڕەنساو بەریتانیا لە ساڵی ١٨٥٦دا دەستێوەردانێکی سیاسیی رەسمییان لە دەرباری "ناپڵ"دا کرد، تاکوو ئەم دەوڵەتە ناچار بکەن گۆڕان لە سیاسەتەکانی خۆیدا

پێک بێنێ، خۆی لەگەڵ سیاسەت و بیروبۆچوونی ئەواندا ڕێک بخا؛ بەڵام چوونکە دەوڵەتی ناوبراو گوێی بەم داواکارییەی ئەم دەوڵەتانە نەدا، ئەوا هەردوو دەوڵەتی فەڕەنساو بەریتانیا نوێنەرانی سیاسی خۆیان لەم وڵاتە بانگ کردەوەو، پێوەندییە سیاسیەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناپڵ دا پچڕاند.

دەریای خەزەر، باری یاسایی

Legal Status Of The Caspian Sea

دوای لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەربەخۆیی وڵاتانی دەوروبەری دەریای خەزەر، مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئەو دەریایە، گرنگیەکی تایبەتی پەیدا کردووە. ئەم دەریایە خاڵی بەیەک گەیشتنی ٥ی وڵاتی گرنگ، واتە ئێران، ڕووسیا، قەزاقستان، تورکەمەنستان وئازەربایجانەو، دوای ناوچەی خاوەن نەوتی کەنداوی فارس و سیبریا، بە گەورەترین سەرچاوەی نەوت و گازی دنیا ناسراوە.

یەکێک لە کێشەکانی پێوەندیدار بە دەریای خەزەر، چۆنیەتی دیاریکردنی باری یاسایی ئەو دەریایەیە کە ئەم تۆخمانە لە خۆدەگرێ:

١ـ کێشەی هاتوچۆی پاپۆرەکان؛

٢ـ کێشەی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە زیندووەکانی ناو دەریا؛

٣ـ کێشەی ژینگە، بۆوێنە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا؛

٤ـ کێشەی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە کانزاییەکان؛

٥ـ دیاریکردنی سنوور و ئاستی دەسەڵات و سەلاحییەتی دەوڵەتەکانی لێوار دەریای خەزەر بەسەر ئەو دەریایەدا.

دەریای خەزەر بارێکی تایبەتیی یاسایی تایبەت بە خۆی هەبووە. ئەم دەریایە تەنیا لە ڕێگای کەناڵە دەستکردەکانەوە لە ڕێگای ڕووباری ڤۆلگا ـ دەن، دەگاتەوە دەریای ڕەش و دەریای باڵتیک و، تەنیا پاپۆرەکانی وڵاتانی لێواری ئەم دەریایە مافیان هەیە هاتوچۆی تێدا بکەن. ڕێوشوێنەکانی ئێستای یاسای نێونەتەوەیی گشتی سەبارەت بە دەریای ئازاد و ناوچە دەریاییەکانی دەوڵەتەکانی جیهانی ئازاد ئەم دەریایە لە خۆ ناگرێ. سەرەکیترین سەرچاوەی یاسایی کە دەکرێ لە وتووێژە سیاسیەکاندا پشتی پێ ببەسترێ، تەنیا ئەو ڕێککەوتننامانەن کە ئێستا لەبەر دەست دان.

ئەوەی کە لە پێناسەی کۆنڤانسیۆنەکانی ئێستادا سەبارەت بە یاسای دەریاکان دەردەکەوێ ئەوەیە کە دەریای خەزەر بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافی، ناچێتە خانەی دەریا داخراو ونیوە داخراوەکانەوە.

گرنگترین ئەو ڕێککەوتننانەی کە لەو پێوەندییەدا هاتوونە ئاراوە، بڕیتین لە ڕێککەوتننامەی ۱۹۲۱ و، ڕێککەوتننامەی هاتوچۆی پاپۆڕەکان و بازرگانیی ساڵی ۱۹٤۰ کە لە نێوان ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەتدا گرێدراون. لە فەسڵی یازدەی ڕێککەوتنی ۱۹۲۱ی نێوان ئێران و شۆڤیەت مافی وەک یەک بۆ هاتوچۆی پاپۆڕەکانی شەڕ و پاپۆڕەکانی بازرگانی لە بەرچاو گیراوەو، ماددەی ۱۳ی ڕێککەوتنی هاتوچۆی پاپۆڕەکان و بازرگانیی ساڵی ۱۹٤۰ بە ڕوونی باس لەوە دەکا کە : " هەردوو لایەنی ڕێککەوتنەکە (ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت)، بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کە لە ڕێککەوتننامەی ۲٦ی شوباتی ۱۹۲۱دا ڕاگەیەنراوە، کۆکن لەسەر ئەوی کە تەنیا پاپۆڕەکانی ئەو دوو وڵاتەو ئەو پاپۆڕانەی وڵاتانی دەرەوە کە کار بۆ بازرگانیی ئەو دوو وڵاتە دەکەن و لەژێر ئالآی ئەواندا هاتوچۆدەکەن،بتوانن لە دەریای خەزەردا هاتووچۆ بکەن".

بەگشتی سێ سیناریۆ سەبارەت بە ڕژێمی یاسایی دەریای خەزەر لە ئارا دایە:

سیناریۆی یەکەم: کۆنڤانسیۆنی یاسای دەریاکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ۱۹۸۲ (Unclos III.۱۹۸۲)، بۆ هەر وڵاتێکی لێواری دەریای خەزەر، ئاوی سەرزەوی و چوارچێوە و ناوچەی تایبەتی ئابووری و ڕۆخی دەریا لەبەرچاو گیراوە. ماددەی سێی کۆنڤانسیۆن ناوچەیەکی بە پانایی ۱۲میلی دەریایی لە هێڵی سەرەکی (Baseline) بۆ ئاوی ژێرزەوی لەبەرچاو گرت و، دەکرێ ۱۲ میلی دیکە، وەک ناوچەی تەنیشت بخرێتەسەر ئەو دوازدە میلەی پێشوو (ماددەی ۳۳). هەروەها بە پێی ماددەی ٥۷ی کۆنڤانسیۆن دەکرێ ناوچەی تایبەتی ئابووری هەتا ۲۰۰ میلی دەریایی درێژەی هەبێ. بەسەرنجدان بەوی کە پانایی دەریای خەزەر زیاتر لە ۲۰۰ میل نیە هەر بۆیە شوێنێک بە ناوی دەریای ئازاد نامێنێتەوە. سەرەڕای ئەمە، تێکەڵبوونی ناوچەی تایبەتی ئابووریی ئەو وڵاتانە لەگەڵ یەکتر، بارودۆخێکی دژوار دەنێتەوە کە تەنیا بەگرێدانی ڕێککەوتننامەی تایبەت دەبێ چارەسەر بکرێ.

سیناریۆی دووهەم: بەپێی ئەم سیناریۆیە کە ئازەربایجان لە هەموو لایەک زیاتر لایەنگری لێ دەکا، دەریای خەزەر دەبێ بەپێی سنووری ئاویی هەروڵاتێک لە نێو ئەو پێنج وڵاتەدا دابەش

بکرێ. ئەم سیناریۆیە، بەپێچەوانەی ڕواڵەتە دادپەروەرانەی کە، ڕەنگە بە زیانی هێندێک لە وڵاتان لە پێوەندی لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە هیدرۆکەربۆری، تەواو بێ. یەکێک لەو بابەتانەی کە گرنگی دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی دەریای خەزەر دوو هێندە دەکا، کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە و کانزاکانی هیرۆکەربۆرییە.

سیناریۆی سێهەم: بەپێی ئەم سیناریۆیە، چوارچێوە یان بەشێکی دیاریکراو لە ئاوەکانی لێواری دەریا بۆ هەروڵاتێک تەرخان دەکرێ و تایبەت بەو وڵاتە دەبێ و، ئەویتریش بە شێوەی خاوەندارێتی هاوبەش (Res Communis) کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. خاوەندارەتیی هاوبەش بە سەلاحییەت و دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان دوو یان چەند دەوڵەت بەسەر ناوچەیەکدا دەگوترێ.

دوای گرێدانی یەکەم ڕێککەوتننامەی دەستنیشانکردنی سنوورە ئاوییەکانی نێوان ڕووسیاو ئازەربایجان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ دا، سێ وڵاتی قەزاقستان، ئازەربایجان و ڕووسیا لە ١٤ی ئایاری ٢٠٠٣دا، ڕێککەوتنێکی سێ لایەنەیان لە کۆبوونەوەی تایبەت بە نوێنەرانی وڵاتانی لێواری دەریای خەزەر لە ئەڵماتی قەزاقستاندا مۆر کرد. بەم شێوە و بە سەرنجدان بە درێژایی لێوارەکان و بەکەڵک وەرگرتن لە هێڵی نێوەڕاست، بەشی قەزاقستان ٢٧ لە سەد و هی ڕووسیا ١٩ لە سەد و ئازەربایجان ١٨ لەسەد دەستنیشان کرا؛ واتە بەگشتی چارەنووسی ٦٤ لە سەدی ئاوەکانی دەریای خەزەر یەکلا کراوەتەوە.

دیسپۆتیزم Despotism

ئەم زاراوە لە وشەی یۆنانیی Despotés (fmواتای "ئاغا"و"خودان") وەرگیراوەو، بە دەسەڵات و ئۆتۆریتەیەک دەگوترێ کە هیچ سنوورێکی یاسایی نەبێ و سەرەڕۆیانە پیادە بکرێ. دیسپۆتیزم بە واتای دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆش کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بەڵام مەبەست لە دیسپۆتیومی ڕۆشنبیرانە جۆرێک لە حکومەتی ئایدیالە کە ئەفلاتۆن و کۆمەڵێک لە بیرمەندانی چاخی نوێ بانگەشەیان بۆ کردووە.

بەپێی تیۆری کارڵ ڤیتفۆگێل (Witfogel)، دیسپۆتیزمی ڕۆژهەڵات کە واتایەکی نوێ لە دیسپۆتیزمە، بەکۆمەڵگایەک دەگوترێ کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بێ:

١ـ حکومەتی تاکەکەسی (ئوتوکراسی).

www.perawipepwle.com

٢_ بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن ڕێکخراوێکی ئیداریی چەقبەستوو.

٣_ نەبوونی ئاریستۆکراتیەتێکی جێگرتوو.

٤_ بێ بایەخ بوونی کۆیلەداری.

٦_ کشتوکاڵێک بە ئاودێرییەکی بەرفراوان.

بە بڕوای ڤیتفۆگل، کشتوکاڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە دیسپۆتیزمداهەیە.

دۆکترین/ ڕێبازی سیاسی **Doctrine**

لەزاراوەی لاتینیی Doctrina وەرگیراوە. دۆکترین بریتیە لە تیۆر و ڕاهێنانە زانستی، فەلسەفی، سیاسی و ئاینیەکان و، کۆمەڵێک لە سیستەمە فیکرییەکان کە بنەمای روون و دیاریکراویان هەیە. دۆکترین جۆرێک لە دونیابینیە کە پرۆگرامە سیاسیەکانی لەسەر دارێژرابن. هەروەها دۆکترین بەو پرەنسیپانە دەگوترێ کە دەوڵەتەکان ڕێبازەکانی خۆیان، بە تایەتی پێوەندییە نێونەتەوەیەکانیان بەپێی ئەو ڕێبازە دیاری دەکەن. زاراوەی دۆکترینێر Doctrinaire بەکەسێک دەگوترێ کە پشتیوانی لە دۆکترینێکی روون و دیاریکراو دەکا.

دۆکترینی پیڕەویی کوێرکوێرانە
Doctrine Of Passive Obedience

سەرچاوەی ئەم زاراوە بەسەردەمی باڵادەستیی تیۆری "مافی خوایی پاشاکان" دەگەڕێتەوە کە بەپێی ئەم تیۆرە، مل نەدان و پیڕەوی نەکردن لە بڕیارەکانی پاشا بە تاوانێکی گەورەو نەبەخشراو دەژمێردرا. ئەم تیۆرە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی چارڵزی یەکەم (١٦٤٩_ ١٦٢٥) لە لایەن قەشەکانی بەریتانیاوە پەرەی پێدرا.

دۆکترینی پێویستیی سەربازی
Doctrine Of Military Necessity

بەو دۆکترینانە دەگوترێ کە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن هێندێک لە یاساناسانی ئەڵمانیا خرانەڕوو و، تەنیا لە لایەن ئەڵمانیا و هێندێک وڵاتی تر پیڕەو دەکران. بەپێی ئەم دۆکترینانە، لە کاتی زۆر پێویستی سەربازیدا، یاساکانی شەڕ گرنگیی خۆیان لە دەست دەدەن. یاسا

نێونەتەوەییەکان دۆکترینی پێویستی سەربازی رەت دەکەنەوە و بە یاسایی نازانن. رێوشوێن و یاساکانی لاهە (کۆنڤانسیۆنی ژمارە ٤ی ساڵی ۱۹۷۰ و کۆنڤانسیۆنی هاوشێوەیەو کۆنڤانسیۆنە لە ساڵی ۱۸۹۹دا) بە روونی دەڵێن کە مافی لایەنی شەڕ بۆ هەڵبژاردنی ئامرازی زەربەلێدان لە دوژمن بێ سنوور نیە و، یاساکانی شەڕ لە کاتی پێویستیی سەربازیدا گرنگیی خۆیان لە دەست نادەن. هەروەها، خوودی یاساکانی شەڕ بە شێوەیەک رێکخراون کە پێشتر، مانای پێویستی سەربازییان لەبەرچاو گرتووە.

دۆکترینی فرانک سیناترا Frank Sinatra Doctrine

ئەم زاراوە لە گۆرانی فرانک سیناترا، گۆرانی بێژی بە ناوبانگی ئەمەریکی و ئەکتەری پێشووی هۆلیڤود، بە ناوی "من بە شێوازی خۆم کاردەکەم" (I did it my way) وەرگیراوە. ئەم زاراوە لە کانوونی یەکەمی ۱۹۸۹دا لەلایەن "گۆنادی گراسیمۆف"، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت بۆ پاساوی سیاسەتە نوێکانی سۆڤیەت سەبارەت بە گۆڕانکارییە خێراکانی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات کەڵکی لێ وەرگیرا. ناوبراو وتی: " لەمەو بە دوا یەکیەتیی سۆڤیەت پیرەوی لە دۆکترینی فرانک سیناترا لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی رێککەوتننامەی ڤەرشۆدا دەکا. بەو واتایە کە ئەوان هەرکارێک کە پێیان خۆشە بیکەن. بەم پێیە، هەر وڵاتێک مافی ئەوەی هەیە کە بڕیارە سەربەخۆکانی خۆی لەهەر رێگایەکەوە کە پێی خۆشە، بەڕێوە ببا. هەروەها، دەبێ پێکهاتە و سیستەمە سیاسیەکانی هەر وڵاتێک لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە دیاری بکرێ و بەڕێوەبچێ".

دۆکترینی پەرداخێک ئاو One Glass Of Water Doctrine

ئەو دۆکترینە دوای سەرکەوتنی شۆڕشگێڕکانی رووس لە لایەن لنینەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. بەپێی ئەم بۆچوونە، دەبێ کۆمۆنیستێک بە شێوەیەک سەیری بابەتە جنسیەکان (سێکسییەکان) بکا وەک ئەوە وابێ کە بەقەد پەرداخێک ئاو گرنگیان پێدەدا. کۆمۆنیستە شۆڕشگێرەکان لە قۆناغی سەرەتایی شۆڕشی رووسیا و شۆڕشی چیندا باوەڕیان بەم تێزە هەبوو. ئەم رێبازە لە چیندا بە یاسای

"پێی ـ شووئی ـ چوو ـ ئی" به ناوبانگەو، چینیەکان باوەڕیان پێیەتی. شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستەکان لە دنیای رۆژئاوادا باوەڕیان بەم دۆکترینە نیە.

demagogy

دۆگماتیزم

دۆگماتیزم لە زاراوەی یۆنانیی Dogma بەواتای بڕیار و بیروبۆچوون وەرگیراوە. ئەم زاراوە لە قامووسە فەلسەفی و ئایینیەکاندا بە هەر پرەنسیپێکی بیروبوچوونی ئایینی یان غەیرە ئایینی دەگوترێ کە لە روانگەی لایەنگرەکانیەوە بە شتێکی حاشاهەڵنەگر، رەها، گومان هەڵنەگر و نەگۆڕ دادەنرێ.

هەر سیستەم یان رێبازێکی ئایدۆلۆژی لەسەر زنجیرە پرەنسیپێک دامەزراوە کە بە دوگمەکانی ئەو سیستەمە یان رێبازە دادەنرێن، بڕوا پێ بوون یان بڕوا پێ نەبوون بەو دوگمانە، بە پێوەری بەستراوەیی یان نەبەستراوەیی کەسێک بەو رێبازە ئایدۆلۆژییە دادەنرێ.

Demagogy

دیماگۆژی

دیماگۆژی لە زاراوەی یۆنانیی Demagogia وەرگیراوە. ئەم زاراوە لە دوو بەشی demos بە واتای خەڵک و agogos بە واتای ئەو کەسەی کە رێنوێنی دەکا، پێکهاتووە. لە زمانی سیاسیی ئەورۆکەدا، ئەم زاراوە بە واتای خەڵک فریودان و چەواشەکردنی خەڵک لە رێگای بەڵێن و دروشمی سەرنج راکێش و درۆزنانە، کەڵکی لێوەردەگیرێ. دیماگۆگ بەو کەسە دەگوترێ کە هەوڵ دەدا لە رێگای بەڵێنی بەدرۆ و بێ بنەماو هەروەها لە رێگای هەڵگێڕانەوەی راستیەکان سەرنجی خەڵک بۆلای خۆی رابکێشێ بۆ ئەوەی کە لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانی لێ بکرێ.

شایانی باسە کە لە یۆنانی کۆن و هەروەها لە رۆمی کۆندا دیماگۆژی بە مانای "سەرکردایەتی کردنی خەڵک" بووەو، مانایەکی پیرۆزی هەبووە.

Democrats

دیموکراتەکان

لە کۆمەڵگا کۆمۆنیستیەکاندا بەو گرووپە لە " رۆژئاواچیەکان " دەگوترێ کە وانە و راهێنانە مارکسیەکان رەت دەکەنەوەو، لەسەر ئەو بڕوایەن کە مارکس و ئەنگێلز لە سەردەمێکدا دەژیان کە کاپیتالیزم تازە قۆناغی سەرەتایی خۆیی تێپەڕ دەکردو؛ خوێندنەوەو بۆچوونەکانی ئەوان سەبارەت بە سەرمایەوە بە هەڵە دەزانن.

دیمۆکراتەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە، " نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێوەندی بە قۆناغی گەشەی سەرمایەدارییەوە هەیە کە ئەویش چارەسەر دەکرێ و، ئەم سیستەمە دەتوانێ لە دەست نەخۆشیەکانی وەک قەیرانی بەرهەمی زیادی، بێکاری و رەگەزپەرەستی رزگار بێ".

دیمۆکراسی Democracy

زاراوەیەکە کە لە چەمکی یۆنانیی Démokratiaوەرگیراوە، کە پێشگری دیمۆس بە واتای "بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی وڵات"ە. دیمۆس دواتر بەمانای هەژار و لێقەوماو و گوندییەکان و لە ئاکامدا بە واتای "خەڵک " کەڵکی لێوەرگیراوە.

"کراسیا"ش لە کراتۆس Kratos وەرگیراوە و، بەمانای دەسەڵات و ئۆتۆریتە و هەروەها بە واتای دەسەڵاتدارەتی و حکومەت کردنیشە.

زاراوەی دیمۆکراسیا بۆیەکەمین جار لە ئەسینا ولە سەردەمی کلێستیندا هاتە ئاراوە. ناوبراو لە ساڵی ٥١٠ی بەر لە زایین کۆتایی بە حکومەتی هیپارک و براکەی هیپاس هێناو، بە پێکهێنانی چەندین چاکسازیی یاسایی، حکومەت کەوتە دەست گوندییەکان و هەژارەکان؛ ئەم حکومەتە بە دیمۆکراسیا بەناوبانگ بوو و، "کلێستین"یش بە دامەزرێنەری دیمۆکراسی ناسرا.

دواتر لە یۆنانی کۆندا زاراوەی دیموکراسی بە حکومەتی گشتی وئاریستۆکراتی بە حکومەتی چینە تایبەتەکان دەگوترا.

هێردۆت، مێژوونووسی یۆنانی دەنووسێ: " ئەگەرچی دیمۆکراسی هەموو کەس لە بەرامبەر یاسا بە یەکسان دەزانێ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کەبە ئاسانی دەتوانێ ببێ بە مۆبۆکراسی یان حکومەتی نەزان و نالێهاتووەکان کە بە دڵنیاییەوە حکومەتی زانا و کەسە لێهاتووەکان لە حکومەتی نەزانەکان باشترە".

دیموکراسی بەمانایی ئەوڕۆیی ولە زمانی سیاسەتدا بە واتای " بەڕێوەبردنی حکومەت لەلایەن خەڵک" کەڵچکی لێوەردەگیردرێ. هەر ئەو مانایە لە لایەن ئابراهام لینکۆڵن (١٨٦٥-١٨٠٩)، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە ساڵەکانی ١٨٥٩ و ١٨٦٤دا بەم شێوە راگەیەنراوە:

"دیموکراسی بە واتای حکومەتی خەڵک، بەدەستی خەڵک و بۆخەڵک".

دیموکراسی له بنەڕەتدا بە واتای "حکومەتی گشت خەڵک"ە، بەڵام چوونکە حکومەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە هەلومەرجی ژیانی ئەورۆیی و بەهۆی گەورەبوونەوەی شارەکان و زۆربوونی حەشیمەتی وڵاتەکان نایەتەدی، هەر بۆیە دیمۆکراسی لە ڕێگای ناڕاستەوخۆ، واتە لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەران و بەخشینی دەسەڵاتی حکومەت بەدەستی ئەوان، بەڕێوە دەچێ. ئەم کەسانە کە بەپێی دەستوور و یاسا باوەکان و بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردنە گشتیەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەرکی نوێنەرایەتی لە ئەستۆ دەگرن، بە جێگای دەنگدەران ئایدیاکانی ئەوان بەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی جێبەجێ دەکەن.

بەڵام هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوە بەڕێوە دەچن تا دەرکەوێ کە چ ئایدیاو بیروبۆچوون و چ پرۆگرام وچ حیزبێ لە نێو خەڵکدا برەوی هەیە، واتە کام یەک لەوانە بەپێی ویست و حەزی خەڵکەو، کام بیروبۆچوون توانیویەتی لە نێو خەڵکداجێی خۆی بکاتەوە. یەکێک لە ڕێگاکانی پیادەکردنی دیمۆکراسی ئەوەیە کە ڕێز لە ئازادیە بنەڕتیەکان وبە تایبەتی ڕێز لە ئازادیی دەربڕینی بیروبۆچوون، ئازادییە چاپەمەنیەکان، ئازادیی کۆبوونەوەکان، ئازادیی پروپاگەندە وراهێنانەکان و...هتد بگیرێ و، لە کردەوەدا جێبەجێ بکرێ. ئەگەر ئەم ئازادییانە لە دیمۆکراسی دانەبڕن و دیمۆکراسیش بەم شێوە جێبەجێ نەکرێ، دەبێ بڵێین کە نە ڕێز لە بیروبۆچوونە گشتی و تاکەکەسیەکان و حیزبەکان دەگیرێ ونە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی هیچ یەک لەوانەش لە ئارادایە. بە پێچەوانە، بە دەستەبەربوونی هەلومەرجی دیمۆکراسی دەکرێ بگوترێ کە حکوومەتی خەڵک دەستەبەر بووە.

لە حکوومەتی دیمۆکراسیدا بابەتی زۆرینە شتێکی حاشاهەڵنەگرە. حکومەتی خەڵک لە ڕێگای خوودی خەڵکەوە، حکومەتی هەموو نوێنەرانی خەڵک لە خۆ دەگرێ کە هیچکات کێشە و ناکۆکیەکانی خۆیان ناشارنەوەو، بیروبۆچوونی جیاواز دەخەنە ڕوو بە بێ ئەوی کە پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە بۆچوونی ئەوان، لە هەموویان باشترە.

هەربۆیە دەکرێ بگوترێ کە دیمۆکراسی حکومەتی ژمارەیەو، دەربڕی دەنگی زۆرینەیەو، هیچکات ئەم حکومەتە پێک نایا، مەگەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی سەربەستانەو بە بەهای یەکسانی هەموو ڕاوبیروبۆچوونەکان بێتە ئاراوە.

www.perawipepwle.com

دێموکراسیی سۆسیالیستی Socialist Democracy

بەپێی بۆچوونی مارکسیەکان، " دێموکراسیی رۆژئاوایی، دێمۆکراسیی بورژواییە کە لەخزمەتی چینی سەرمایەداری دایە. لە حاڵێکدا کە جۆری بەرزی دێمۆکراسی، دێمۆکراسیی سۆسیالیستیە؛ چوونکە بە قازانجی زۆربەی زەحمەتکێشان و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوانەو، بناغەی ئابووریی ئەمجۆرە سیستەمە لەسەر خاوەندارەتیی گشتی وەستاوە".

هەر بەپێی ئەم بۆچوونە، " لە سیستەمی سۆسیالیستیدا یەکسانیی راستەقینەی تاکەکەسەکان _ بە بێ لە بەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە، ئاین و.... هتد_ لە هەموو بوارەکاندا دابین دەبێ".

دێموکراسیی پیشەسازی Industrial Democracy

بەپێی ئەم فەلسەفە، دەبێ کرێکاران لە بریارەکانی پیشەسازییەکاندا رۆڵیان هەبێ. لەم بوارەدا رای جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو کە دوایین جۆری ئەم بیروبۆچوونانە، خوازیاری رووخاندنی کاپیتالیزم و دامەزراندنی حکومەتی کرێکارانە.

تیۆرێکی نوێی دیکە کە سەبارەت بە دێموکراسیی پیشەسازی خراوەتە ڕوو، ئەوەیە کە ئەم سیستەمە، کاپیتالیزم و بەڕێوەبەرەکانیشی قبووڵ کردووەو، دانی بەوە داناوە کە کرێکاران نەیانتوانیوە بەباشی رۆڵی بەڕێوەبەریی پیشەسازی بەڕێوە بەرن و، ناتوانن بە باشیش بەڕێوەی ببەن.

دووچە I L Duce

سەرچاوەی ئەم زاراوە ئیتالیە، بەواتای رێبەر یان سەرۆکە. لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئیتاڵیادا نازناوی بنیتۆ مۆسۆلینی (١٩٤٥-١٨٨٣)، سەرۆکی هاوپەیمانیی فاشیست _ ناسیۆنالیستی ئیتاڵیاو دیکتاتۆری بە ناوبانگی ئەو وڵاتە بوو.

دووجەمسەری Bipolarity

بیروبۆچوونێک بوو کە هەریەک لە دوو بلۆکی سەرەکی واتە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی بە زلهێز دەزانی.

دوای لەبەریەک هەڵوەشانی سۆڤیەت (کانوونی یەکەمی ١٩٩١) زۆر لە تیورڤانەکان ئەمەریکا بە "تەنیا زلهێز"ی جیهان دەزانن.

دەوڵەت State

ئەم زاراوە کە هاوواتا ئینگلیزییەکەی Statee و لاتینیەکەی Statusە، لە چەمکی Stare بە واتای "راوەستاو" وەرگیراوە.

دەوڵەت لە واتا بەرفراوانەکەیدا بریتیە لە کۆمەڵگایەک کە دەسەڵاتی سیاسی بەپێی "دەستوور" دیاری کراوە. لە واتا بەرتەسکەکەیدا، دەوڵەت بریتیە لە دەسەڵاتێک کە چارەنووسی کۆمەڵگایەکی لەبەردەست دایە. لە واتا گشتیەکەیدا، دەوڵەت بە واتای کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەڕێوەبەرییە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا یان پێ سپێردراوە. دەوڵەت لەو بەشانە پێکهاتووە:

الف_ پەرلەمان، پاشا، یان هەر دوو لا؛

ب_ حکومەت یان کۆی سەرۆک وەزیرو کابینەکەی؛

ج_ دەزگای ئیداری، پۆلیس و هێزە چەکدارەکان؛

د_ دادوەری یان دەسەڵاتی داد.

دەوڵەتی بەمانای یەکەم، بەگشتی سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەیە کە بریتین لە : شوێنی جوگرافی، حەشیمەت وسەروەری.

شوێنی جوگرافی: شوێنی جوگرافی دەوڵەتێک بریتیە لە چوارچێوەیەک لەزەوی، دەریا و ئاسمان کە دەوڵەتێک دەسەڵاتی خۆی تێدا بەڕێوە دەبا. هەبوونی شوێنی جوگرافی بە مەرجی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەت دەژمێردرێ. شوێنی جوگرافی دەوڵەتێک نابێ دابەش بێ و لەبەریەک هەڵوەشێتەوە و، ئەم بابەتە بنەمایەکی روونی نێو یاسای نێودەوڵەتیەکانە.

دیارە دەوڵەتێک دەتوانێ بەشێک لە جوگرافیای خۆی بدات بە دەوڵەتێکی تر، یان پێی بفرۆشێ یان بەکرێی بدات. زۆرجار دەوڵەتێکی تێکشکاو لەشەردا و لە کاتی گرێبەستی ئاشتی، بەشێک لە خاکی خۆی بە دەوڵەتی بەرامبەر دەبەخشێ و ئەو بەشە بە خاکی دەوڵەتی سەرکەوتووە دەلکێت. یان رەنگە بە هۆی راپەرینێک بەشێک لە خاکی دەوڵەتێک جیا بێتەوەو، ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

بەلژیکا لە ساڵی ١٨٣٠دا لە هۆڵەندا جیا بۆوەو، یۆنانیش لە ساڵی ١٨٢٩ لە عوسمانی جیا بۆوە.

دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەتوانێ بەشێک لە خاکی خۆی بە دەوڵەتێکی تر بفرۆشێ، وەک فرۆشتنی ناوچەی ئالاسکا لە لایەن رووسیای تیزاری بە ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٧٦ بە نرخی

۷,۲۰۰,۰۰۰ دۆلار، یان فرۆشتنی فیلیپین لە لایەن ئیسپانیاوە بە ئەمەریکا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، یان فرۆشتنی دوورگەکانی ماریان، کارۆلینا و مارشال لە لایەن ئیسپانیاوە بە ئەڵمانیا.

لە مێژووی رابردووی جیهاندا سەبارەت بە بەکرێدانی بەشێک لە خاکی دەوڵەتێک بە دەوڵەتێکی تر، نموونەی بەرچاو هەیە: دەوڵەتی چین لەساڵی ۱۸۹۸ دا "بەندەری کیا چۆ"ی بە ئەڵمانیا و "پێرت ئارتوور"ی بە رووسیا و"بەندەری هۆنگ کۆنگ"ی بەریتانیا و ناوچەی " کووانگ چووان"ی بە فەرەنسا بەکرێدا. تەنانەت رەنگە دوو دەوڵەت بەشێک لە خاکی خۆیان بگۆرنەو. بۆوێنە لە ساڵی ۱۸۹۰ دا بەریتانیا دوورگەی هێلگۆلەند (لە دەریای باکوور)ی بە دەوڵەتی ئەڵمانیا بەخشی و، لەبەرامبەردا بوو بە خاوەنی بەشێک لە کۆلۆنیەکانی ئەڵمانیا لە لێوارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا. دەوڵەتی ئێرانیش بەپێی رێککەوتنی ۲۳ی کانوونی دووهەمی ۱۹۳۲ هێندێک لە ناوچە سنوورییەکانی خۆی بۆ دەوڵەتی تورکیا گواستەوەوە و لە بەرامبەردا بەشێک لە ناوچەکانی دەوڵەتی تورکیای بەدەست هێنا.

حەشیمەت: حەشیمەت بریتیە لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە وڵاتێکدا نیشتەجێن. بە سەرنجدان بەو پێناسە، دەبێ ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن:

- هاووڵاتیە بیانیەکانی نیشتەجێی وڵاتێک بە بەشێک لە حەشیمەتی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن و، لە ژێر سیستەمێکی یاسایی تایبەتی دان.
- حەشیمەتی وڵاتێک رەنگە لە چەندین توخم پێک بێ کە لە بواری رەگەز و زمان و ئایین و مەزهەب و شارستانیەت جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبێ: وەک ئیمپراتۆریی عوسمانی کەلە توخمەکانی تورک، عەرەب، سلاڤی، ئەرمەنی و.... هتد پێک دەهات؛ یان دەوڵەتی نەمسا ـهەنگاریا لە توخمە جۆراوجۆرەکانی ئەڵمانی، مەجاری، چیک، سەرب، کرۆڤات، سلۆن، تورک، و...هتد پێک دەهات و، دەوڵەتی رووسیای تیزاری (سۆڤیەت)یش لە توخمە جۆر وجۆرەکانی سلاڤی، پۆڵەندی، تاتار، گورجی، ئەرمەنی و... هتد پێک دەهات.

سەروەری : سەروەری بە دەسەڵاتی سەربەخۆی دەوڵەتێ ، بۆ بەرێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتەکەی خۆی (پیادە کردنی سەروەری) دەگوترێ، کە دەبێ ئەم رجانە ، تێدا بێ :

- خاوەنی هێزی ماددیی پیادەکردنی سەروەری بێ، وەک هێزە چەکدارەکان، ڕێکخراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان.
- دەبێ هەمیشەیی و ڕێک وپێک بێ.
- دەبێ لە بواری ئیدارەی کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی دا سەربەخۆێ.

واتای فەلسەفی ـــــ سیاسیی دەوڵەت لە ڕێبازە جۆراوجۆرەکاندا

واتای فەلسەفەی ـ سیاسیی دەوڵەت بە سەرچاوەی دەوڵەت بەستراوەتەوە:

تیۆری سەرچاوەی نەتەوەیی دەوڵەت: بەپێی ئەم تیۆرە، دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی بە سەرچاوەگرتوو لە خەڵک و نەتەوە دەزانێ و، بەم شێوە مەسەلەی سەروەری نەتەوەیی دێنێتە گۆرێ.

تیۆری مارکسیزم: مارکس لە ڕاستیدا شێواز ونێوەڕۆکی دەوڵەت بە سەرچاوەگرتوو لە سیستەمی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ بەسەردەوڵەتێکدا دەزانێ. لنین ومارکسیە نوێکانی تر، بە پشت بەستن بە تیۆری مارکس ، لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەڕاستیدا دەوڵەتە غەیرە سۆسیالیست و غەیرە کۆمۆنیستەکانی جیهان، نوێنەری چینی سەرمایەدارن و، بەزیانی گەلان دەجووڵێنەوە. حکومەتی ئایدیال و خوازراوی ئەوان دەوڵەتی شووڕاکان و پڕۆلتاریایە.

تیۆری ئیسلام: لە ئیسلامدا دەسەڵاتی دەوڵەت لە خوارەوە سەرچاوە دەگرێ و لەڕاستیدا بابەتی سەرەکی بۆ " حکومەتی خوایی و حکومەتی ئیسلامی" دەگەڕێتەوە.

دەوڵەتی پۆلیسی police state

بەو ڕژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرانە دەگوترێ کە هێزەکانی نەیاری ڕژێم سەرکوت دەکرێن و، ناڕازییەکانیشی لەلایان پۆلیسەوە ــتەنیا بە هۆی سیاسیــ دەخرێنە زیندانەوە.

دەوڵەتی شەڕکەر **War State**

دەوڵەتێک لە کاتی قەیران و بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا بۆ ئەوی کە بتوانێ بە خێرایی و یەکیەتی و پتەوەکی زۆرەوە بجووڵێتەوە، ناچار دەبێ ببێ بە دەوڵەتێکی شەڕکەرو، لە دەرەنجامدا پەرە بە سنووری ڕێکخراوە بەڕێوەبەرییەکانی خۆی بدا. هەروەها ناچار دەبێ چوارچێوەی چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی تایبەتی و ئازادییە تاکەکەسیەکان بەرتەسک بکاتەوە.

دەوڵەتی یاسایی **Recht State**

چەمکی دەوڵەتی یاسایی دەرەنجامی بۆچوونە نەریتیەکانی ئەڵمانی و سویسرایییەکانە.

"فریدریش یۆلیۆس شتال"، سیاسەتڤانی پارێزگاری ئەڵمانی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: " دەوڵەت دەبێ بەستێن و سنووری کاری خۆی و شوێنی جموجۆل و چالاکیی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی یاسایی دەستنیشان بکاو، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ پارێزگاریان لێ بکا".

تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دەوڵەتی یاسایی:

١ـ بوونی دەستوورێک کە دابەشبوونی هێزەکان و سەلاحیەتەکانی تێدا روون کرابێتەوە.

٢ـ دیاریکردنی مافە ئازادی و کۆمەڵایەتیەکانی هاووڵاتیان لە دەستووردا کە دەبنە بنەما بۆ دارشتنی یاسای نوێ.

دەوڵەتی تاراوگە **Government in Exile**

بە دەوڵەتێک دەگوترێ کە لە دەرەوەی وڵات پێکهاتووە. دەوڵەتی تاراوگە، کە دەوڵەتی "دوژووره"ی وڵاتێکی داگیرکراوە و، هەتا ئەو کاتە تاراوگەبوونی خۆی بە مەسەلەیەکی کاتی بزانێ ، لە روانگەی ئەو ولاتانەی کە وەک دەوڵەتی "دوژووره" دانیان پێداناوە، وەک دەوڵەتی دوژووره دەمێنێتەوە. دەوڵەتێک کە لە تاراوگە دامەزرابێ، هیچ پێوەندییەکی بە حکومەتی پێشووە نیە. دەوڵەتی تاراوگەی نوێ بەر لەوەی کە دەسەڵاتی پێویستی بۆ بەدەستەوەگرتنی نوێنەرایەتی وڵاتەکەی هەبێ، دەبێ لەلایەن وڵاتانی دیکەوە بەرەسمی بناسرێ. لەم حاڵەتدا دەوڵەت لە تاراوگەدا پێش بینی ئەوە دەکا کە لە ئاکام دا دەبێتە حکومەتی راستەقینە ویاسایی ئەو وڵاتە.

نموونەی جۆراوجۆر لەسەر حکومەتی لە تاراوگەدا هەبووە کە لە ئاکامی هێرشی نازییەکان لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆوڵاتێکی دیکە گوازراونەتەوە یان لە دەرەوەی سنوورەکانیان دامەزراون. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە دەوڵەتەکانی چیکسلۆڤاکیا، ئەتیۆپی، یۆنان، هۆڵەندا، نەرویج، پۆڵەنداو یوگۆسلاڤیا بکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە ئۆتۆریتەی حکومەت لە تاراوگەدا بە شێوەیەکی کاتی لە وڵاتی خۆیدا هەڵپەسێردراوە (هەرچەندە رەنگە ئۆتۆریتەیەکیان بە شێوەی نهێنی و بە هۆی رێکخستنەوە هەبێ)، بەڵام ئەم حکومەتە بەلای ئەو ولاتانەی کە هەروا بە رەسمی دەناسن، بە

www.perawipepwle.com

نوێنەری یاسایی دەژمێردرێ. لە حاڵەتێکدا کە ئەم دەوڵەتانە واز لە دان پێدانان بە حکومەتە بێنن، ئیتر یاسایی بوونی خۆیان لەدەست دەدەن.

دەوڵەت شار **Polis**

دەوڵەت شار بەو حکومەتانە دەگوترا کە لە لە یۆنانی کۆندا لە ئارادا بوون. هەروەها لە سەدەکانی نێوەڕاست و نوێدا بە شارانەی ئەوروپا دەگوترا کە خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان بوون . دەوڵەت شارە کۆنەکان لە یۆناندا خاوەنی دامودەزگا و دامەزراوەی ئەوتۆ بوون کە بەگشتی دەزگایەکی حکومی یان " دەوڵەت" یان پێک دەهێنا. ئەم دەوڵەتانە لە بواری گەورەیی و حەشیمەتەوە زۆر بچوک بوون.

دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین **Independent Palestinian**

ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستین لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی ١٥ی تشرینی دووهەمی ١٩٨٨ی خۆی لە ئەلجەزایر، دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی ڕاگەیاند و، یاسر عەرەفاتی وەک سەرۆکی دەوڵەتی تازە دامەزراو هەڵبژارد.

عەرەفات بەئاماژە بەبڕیارنامەی ژمارە١٨١ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕێکەوتی ١٩٤٧ کە باس لە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەب و ئیسرائیل دەکا، ڕایگەیاند کە ناوبراو بڕیارنامەکانی ٢٤٢و ٣٣٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەسند کردووە. (بڕیارنامەی ٢٤٢ داوا لە ئیسرائیل دەکا کە کۆتایی بە داگیرکردنی ئەو شوێنانە بێنێ کە لە شەڕی شەش ڕۆژەدا داگیری کردوون و ئەو مافە بە وڵاتانی ناوچە کە بدات کە لە ئاشتی و ئارامیدا بژین. هەروەها، بڕیارنامەی ٣٣٨ یش داوای پێکهێنانی کۆنفرانسێکی ئاشتیی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردبوو.

عەرەفات سەرەڕای پرۆتستۆکردنی تیرۆریزم بە هەر شێوەیەکی گونجاو و، هەروەها بەڕەسمی ناسینی مافی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەکردەوە وازی لە بۆچوونەکانی ڕابردووی هێنا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دا، ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆک کۆماری ئەمریکا (٨٩-١٩٨١) ڕایگەیاند کە بزاڤی ڕزگاریدەری فەلەستین هەموو مەرجەکانی ئەمەریکای قبووڵ کردووە، هەربۆیە

مۆڵەتی بە وەزارەتی دەرەوە داوە هەتاکوو چەند وتووێژێک لەگەڵ بەرپرسانی ئەم بزاڤەدا بکات. لە نێوەڕاستەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ۱۹۸۸دا یەکێک لە دیپلۆماتەکانی ئەمەریکا لە تونس چاوی بە نوێنەرانی بزاڤی رزگاریدەری فەلەستین کەوت. ئەمەریکا لە ساڵی ۱۹۷۵ بەملاوە هەر جۆرە وتووێژێکی لەگەڵ ئەم بزاڤەدا قەدەغە کرد.

دەوڵەتە بێزراوەکان / سەربزێوەکان Pariah/ Rogue States

ئەو دەوڵەتانە کە بە دەوڵەتە سەربزێوەکانیش دەناسرێن، ئەکتەرێکی نێودەوڵەتین کە بە هۆی سیستەمە سیاسیەکانیان، روانگە و ئایدۆلۆژییە رێبەرایەتیی یان هەلسوکەوتەکانیان، تووشی تەریک بوونەوەی دیپلۆماتیک و بێ متمانەیی جیهانی بوون، رەوایی ئەم دەوڵەتانە لە ژێر پرسیار دایە، چونکە وایدەچێ کە ئەمجۆرە ولاتانە رێوشوێن و کۆنڤانسیۆنە رەسمیەکانی یاسا نێونەتەوەیی و دیپلۆماسیەکان، یان نۆرمە رەوشتیەکان رەچاو ناکەن. نموونەی ئەمجۆرە ئەکتەرە، ئەفریقیای باشوور لە ساڵی ۱۹۸٤ هەتا ۱۹۹٤ه. ئاپارتاید و رەوتی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەو ولاتە دژایەتیەکی راشکاوانەی لەگەڵ پێوەرە رەسمیەکانی مافی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەنووس و سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا هەبوو.

بێزراوی (Pariahood) بەهیچ جۆرێک دیاردەیەکی نێونەتەوەیی هاوچەرخ نیە. بۆ وێنە ئیمپراتۆری عوسمانی لە لایەن دەوڵەتە ئەورووپیەکان لە رێنێسانسەوە هەتا سەدەی نۆزدە ــ لەبەر لایەنی ئایینی ــ بە دەوڵەتێکی بێزراو دادەنرا. رووسیای بۆلشڤیک و کۆماری ڤەیمەری ئەڵمانیا کە لە دەیەی ۱۹۲۰دا خاوەنی رەوشێکی لەم چەشنە بوون، هەردوولا لە ئەندامەتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێ بەشکران. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی بابەتی بەدەستهێنانی چەکە ناوەکیەکان، تایبەتمەندیەکی تایبەتی پەیدا کردووە. دەوڵەتە بێزراوەکان بە توندی هەوڵی بەدەستهێنانی چەکە ناوەکیەکان وەک تەنیا رێگا مانەوە لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی دەوڵەتانی دنیادا، دەدەن.

ئەگەرچی زۆرجار بە شێوەی هاوواتای یەکتر لە زاراوەکانی دەوڵەتی سەربزێو (Rogue) و بێزراو (pariah) کەلک وەردەگیردرێ. بەڵام لەگەڵ یەکتردا جیاوازیان هەیە. بۆیە زاراوەی سەربزێو بە وردی ئاماژە بە سیستەمی سەرکردایەتیی Leadership دەکا، ئاماژە بە سیستەمە

سیاسیەکان، خەڵک یان نەتەوەکان ناکا. بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئاماژەکردن بەو سەرکردانەی Leader نالۆژیکی، نایاسایی، فێڵباز، کێشەخوڵقێن، شەڕانی یان بە گشتی سەرشێتن،کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە لایەکی تر بێزراو زیاتر ئاماژە بە حاڵە لاوازەکانی سەرکردایەتی Leadership دەکا. ئەم چەمکە ئاماژە بەو دەوڵەتانە دەکا کە پێگە یان رەوایەتیەکەیان، هەڵسوکەوت و ئایدۆلۆژیاکانیان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە لە ژێر پرسیار دان.

Duma
دۆما

زاراوەیەکی رووسیە بە واتای، هزر و ئەنجوومەنە. دۆما ناوی پەرلەمانی رووسیا لە قۆناغی بەر لە شۆرشی ئۆکتۆبەرە کە لە ١٩٠٦ تا کانوونی یەکەمی ١٩١٧ لە ئارادا بوو و لە چوار قۆناغدا پێکهات:

دۆمای یەکەم: ئەم پەرلەمانە لە ئاکامی شۆرشی سیاسی ١٩٠٥ (شۆرشی مەشرووتەی رووسیا) پێکهات و بریاری دامەزرانی لە لایەن نیکۆلای دووهەمەوە دەرچوو. ئەم پەرلەمانە لە ١٠ی مانگی ئایاری ١٩٠٦ هەتا بیست و یەکی تەمموزی ئەو ساڵەی (کەمتر لە سێ مانگ) خایاند. بە هۆی ئەوەی کە لە دەستووری نوێدا، ئیمپراتۆری رووسیا ئەو مافەی بۆخۆی پاراستبوو کە لە کاتی پێویستدا پەسندکراوە پاشایەتیەکان (کە دەسەڵات و رەوایی یاسایی هەبوو) دەربکا وهەورەها بە هۆی ئەوەی کە دارایی دۆما بەپێی دەستوور بەرتەسک کرابۆوە، بۆیە دۆمای یەکەم لەسەر دەستبەرکردنی مافەکانی خۆی پێداگری دەکرد و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیمپراتۆر دوای حەفتا رۆژ بریاری هەڵوەشانەوەی دۆما دەربکا.

دۆمای دووهەم کەلە پێنجی مارتی ١٩٠٧ تا شازدەی حوزەیرانی ١٩٠٧ی خایاند،بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی لە دۆمای یەکەم زیاتر پێداگری دەکرد. کێشەی نێوان دەوڵەت و خەڵک زۆر بوو و نیکۆلای دووهەم ناچار بوو کە دۆمای دووهەمیش هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام بەر لەوەی کە هەڵبژاردنی گشتی بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی پەرلەمانی نوێ دەست پێ بکا، دەوڵەت دەستوورێکی نوێی دارشت کە ئامانجەکەی بردنەسەری ئاستی ژمارەی نوێنەرانی چینە بەرزەکان بۆ پەرلەمان بوو، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دەستووری پێشوو زیاتر رێگای بۆ نوێنەرانی چینی نزمی کۆمەڵگا ئاوەڵا کردبوو.

دۆمای سێهەم: کە ئەندامەکانی بەپێی یاسای نوێ هەڵبژێردرابوون زیاتر لە دوو پەرلەمانی پێشوو بەردەوام بوو ونزیک بە پێنج ساڵ درێژەی کێشا (لە ساڵی ۱۹۰۷ هەتا ۱۹۱۲). ئەم پەرلەمانە توانی کۆمەڵێک چاکسازی بنەڕەتی جێبەجێ بکا.

دۆمای چوارەم: ئەم پەرلەمانە هەتا شوباتی ۱۹۱۷ درێژەی کێشا، بە رادەی دۆمای سێهەم بەتوانا و کاریگەر نەبوو، چوونکە بەشێکی زۆری لە تەمەنی هاوکات بو لەگەڵ کێشە و قەیرانە نێونەتەوەییەکان، کە لە ئاکامدا شەڕی یەکەمی جیهانی لێکەوتەوە. ئەم پەرلەمانە بەر لە یەک ساڵ لە رووداوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷، دەوڵەتی لەوە ئاگادار کردبۆوە کە ئەگەر چاکسازیی پێویست جێبەجێ نەکا، ناتوانێ پێش بەو شۆڕشە بگرێ کە لە رێدایە. لە دوای شۆڕشی شوباتی ۱۹۱۷، تیزار بە دەرکردنی بڕیارێک، دۆمای هەڵوەشاندەوە و حکومەتی کاتی رووسیا کاروبارەکانی بەرێوە دەبرد.

دۆمینۆی بلۆکی رۆژهەڵات East-Bloc Domino

ئەو زاراوە بەو گۆرانکارییانە دەگوترێ کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۹۸۹ لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا قەومان وبە خێرایی هەموو ئەو وڵاتانەی تەنیەوە. ئەو گۆرانانە زیاتر لەو ئاڵوگۆرانە سەرچاوەیان دەگرت کە لە ناو یەکیەتیی شۆڤیەتدا روویاندابوو. هەڵوەشانەوەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆتایی هێنان بە تەراتێنی کۆمۆنیستەکان، ئازادیی سەفەرکردن بۆ رۆژئاوا، هەڵگرتنی سنووری نێوان وڵاتان، رووخانی دیواری بەرلین و سپاردنی پۆستە گرنگەکان بە غەیرە کۆمۆنیستەکان لە نموونەی ئەو ئاڵوگۆرانە بوون. یەکێک لە خوێناویترین ئەو ئاڵوگۆرانە رووخاندنی حکومەتی چائۆشێسکۆ لە رۆمانیا بوو (کانوونی یەکەمی ۱۹۸۹)

دۆمینیۆن Dominon

دۆمینیۆن لە وشەی لاتینی Dominium و Dominos وەرگیراوە، بە واتای دەسەڵات، چاوەدێریکردن، مافی سەروەری، دەسەڵاتی حکومەت و هەروەها زەوی وزاری فیۆدالەکان، ناوچەی ژێردەسەڵاتی پاشا و دەوڵەت کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە بەریتانیادا چەمکی دۆمینیۆن واتای تایبەتی هەبوو و بە ناوچەکانی ئەودیو دەریاکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەگوترا. لە ساڵی ۱۹۰۷ بەدواوەوە، دۆمینیۆن بەو کۆلۆنیانە دەگوترا کە خاوەنی حکومەتی خودموختاری خۆیان بوون

وخەڵکەکەشیان بەریتانی رەسەن و ئینگلیزی زمان بوون.ولآتانی کەنەدا، ئوستراليا، ئەفریڤیای باشوور و لە ساڵی ١٩٢١ ولآتی ئایرلەندی ئازادیش بارودۆخێکی لەم چەشنەیان هەبوو.لە ساڵی ١٩٢٦ لە کۆنفرانسی پاشایەتیدا باردۆخی دۆمینیۆکانی ئاماژەپێکراو روون کرایەوەو، لە ساڵی ١٩٣١دا دۆمیێونەکان بەپێی یاسای ڤێست مێنیستێر دەسەلآتی یاسایی و بەڕێوەبەریان پەیدا کرد. لەوکاتە بەدواوە، دۆمینیۆن بریتی بوو لەو ولآتەی کە بارودۆخی یاسایی یەکسانی لەگەڵ بەریتانیادا هەبوو و، وەفادار بە " پاشایەتی " بەریتانیا وئەندامەتی لە کومەڵەی ولآتانی هاوبەرژەوەندیدا مایەوە. بەم شێوە، جیاوازی لە نێوان دۆمیێون وکۆلۆنیەکانی بەریتانیادا پێکهات.

لە ساڵی ١٩٤٧دا بارودۆخی دۆمیێون بە هیندستان، پاکستان وسەیلان بەخشرا؛ بەلآم لەم رێکەوتە بەدواوە ئیتر چەمکی دۆمینیۆن تەنیا سەبارەت بە ئوستراليا و نیوزلەندا کەڵکی لێ وەرگیراو، بۆ ولآتانی تر بە جێگای کەڵک وەرگرتن لە چەمکی دۆمینیۆن کەڵک لە ئەندامی ولآتانی هاوبەرژەوەندی وەرگیرا.

جێگای باسە کە زاراوەی دۆمیێونی هاوبەش بەمانای دەسەلآتی چەند ولآت بەسەر ولآتێک دایە، وەک سوودان کە دۆمینیۆنی هاوبەشی میسر و بەریتانیا بووە.

Diaechy
دیارشی

زاراوەیەکی یۆنانیە کە لە di بەواتای "دوو" و، archy بەمانای حکومەت وەرگیراوە. لە عورفی سیاسیدا دیارشی بە مانای حکومەتی هاوبەشە. دیارشی لە ئیمپراتۆری بەریتانیادا کەڵکی لێ وەرگیردرا، بەو مانایە کە دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەیەک، ئەو ناوچەی بە سەر دوو بەشدا، دابەش دەکرد. بەشێک لەو ناوچە لە لایەن کاربەدەستانی پاشایەتی کە لە لایەن پاشاوە دیاری دەکران، بەڕێوە دەچوو و، لە بەرانبەر پەرلەمانی بەریتانیادا وڵامدەر بوون. بەشەکەی تر لە لایەن ئەو وەزیرانەوە بەڕێوە دەچوو کە لە لایەن دەسەلآتی یاسادارێژیی هەرێمەوە هەڵدەبژێردران و، لە بەرامبەر خوودی ئەو دامەزاوەشدا وڵامدەر بوون.

Dialectic
دیالکتیک

دیالکتیک لە سەرچاوەی لاتینیی dialect (us) و لە سەرچاوەی یۆنانیی (os) dialect بەواتای "قسە"، "مشت ومڕ" ، "زمان" و" زاراوە"، وەرگیراوە. ئەم زاراوە هاوواتای

www.perawipepwle.com

(dialeg (esthai ە کە خۆی لە پێشگیری dia بە واتای "دوولایەنە بوون" و (in) log بە واتای "قسەکردن" ە.

دوو واتای سەرەکیی ئەم دیالۆگ بریتیە لە: "قسە" یان " ئاخاوتن" و "بەڵگە" . زاراوەی دیالکتیک dialectic لە سەرچاوەی لاتینیی (dialectic (a و چەمکی یۆنانیی dialektik (techne) بە واتای هونەری "مشت ومڕ، وتوویژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا" یە.

بەم شێوەیە، دیالکتیک لە بواری وشەیی یەوە دوو واتای هەیە:

١ــ هونەری " ئاخاوتن" کە لایەنی بەرامبەر لەو شتەی کە دەڤەوێ تێی دەگەیەنی.

٢- هونەری مشت ومڕ لەسەر بابەتێک.

لەمانای دووهەمدا دیالکتیک هونەری سەلماندن و ڕەتکردنەوەی بابەتێک لە خۆ دەگرێ. بەم شێوە، دیالکتیک پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ لۆژیکدا هەیە. بەڵام لۆژیک زیاتر شێوازێکی هزری عەقلانی یە، کەچی دیالکتیک بریتیە لە هونەری گونجاندنی ناسینی ڕێوشوێنە لۆژیکیەکان لەسەر مشت ومڕ.

نوێلی سەرەکی چالاکیی لۆژیک زان، بنەمای "شوناس" (identity)ە، کە حاڵەتە نێگەتیڤەکەی بنەمای " نەبوونی پاڕادۆکس"ە. بنەمای نەبوونی پاڕادۆکس تاکوو سەردەمی هیگڵ بە کۆڵەکەی سەرەکیی دیالکتیک و لۆژیک دەژمێردرا، بەڵام دیالکتیک لە درێژایی مێژووی چەندین مانای جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە.

ئەرستۆ، فەیلەسۆفی یۆنانی دیالکتیک بە داهێنانی زەنون ئیلیایی، قوتابی پارمنیدۆس دەزانێ. فەلسەفەی ڕاوەستان و یەکسانیی ئیلیایی لە بەرامبەر فەلسەفەی گۆڕان و پاڕادۆکسی هیراکلیتۆس دایە. پارمنیدۆس لە ڕێگای بەراوردکاری و بەپێی هزری بوون دەڵێ کە زەنون دەیهەوێ نیشان بدا کە بیروبۆچوونەکانی دژ بە ناوبراو بە دەرەنجامی پاڕادۆکس دەگەن. ڕاهێنەری دیالکتیک کۆڵەکەی خۆی لەسەر بنەمای پاڕادۆکس دادەمەزرێنێ.

تایبەتمەندی سەرەکی دیالکتیکی زەنون؛ یەکەم ئەوەیە کە نایهەوێ دەزگایەکی فیکری یان سەلماندنی تیوری دامەزرێنێ، بەڵکوو دەیهەوێ تیۆری دژی خۆی تێک بشکێنێ و، ئەمە دیالکتیکی نیگەتیڤە. دووهەم ئەوەیە کە دەیهەوێ باسەکە بەو پێشەکیە دەست پێ بکا کە لەلایەن

نەیار یان لایەنی بەرامبەرەوە قبووڵ کراوە یان سەلمێندراوە، نەک بە پێشەکیەک کە بەتەواوەتی لێی دڵنیا بێ. واتە بەکەڵک وەرگرتن لەهۆکارەکانی لایەنی بەرامبەر بەڵگە دێنێتەوە.

دیالکتیک لە هزری سوفەستاییەکاندا: دیالکتیک لەلای سوفەستاییەکان بوو بە تەکنیکی دواندەری و وتاربێژی و بەڵگەهێنانەوە. بەپێی نووسراوی ئەفلاتۆن، سوفەستایی بە کەسێک دەگوترێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەردەوام هەوڵ دەدا بەڵگەی بە درۆ بێنێتەوە کە تەنیا لەرواڵەتدا بەکەڵک دێن کە پێی دەڵێن سەفسەتە.

دیالکتیک لە هزری سوقراتیەکاندا: بە بڕوای سوقرات، لەڕاستیدا مشتومڕ بە واتای یاریکردن بە وشەکان و لێهاتوویی لە قسەکردندا نیە، بەڵکوو مەبەست دۆزینەوەی ڕاستیەکانە. دیالکتیکی سۆقرات بە پێچەوانەی دیالکتیکی زەنون نێگەتیف نیە، بەڵکوو پۆزتیفە و، بە دیالکتیکی سوقراتی ناو دەبرێ.

دیالکتیکی ئەفلاتۆنی: دوو جۆرە دیالکتیک لە هزری ئەفلاتۆن دایە؛ یەکەم شێوازی مشتومڕ، کە لە سوقرات وەری گرتووەو، ئەویتر شێوازی میتافیزیکیە، کە تایبەت بە خۆیەتی.

دیالکتیکی ئەرەستۆیی: دیالکتیکی ئەرەستۆیی، ڕێک و پێک کردن، سیستماتیک کردن، ڕێکخستن و پەرەپێدانی شێوازەکانی مشتومڕ و ئاخاوتنە، کە لە دیالکتیکی ئەفلاتۆنی دا هەیە.

دیالکتیک لەلای ڕەواقییەکان: بە پێچەوانەی ئەرەستۆ کە دیالکتیکی لەبەرامبەر لۆژیکدا دادەنا؛ بەڵام داهینەری دیالکتیکی ڕەواقی بەکردەوە دیالکتیکی لەگەڵ مانا و دەربرین و ڕێزمان بە یەکەوە دانا.

هێندێک لەفەیلەسووفەکان ماناو دەبڕینی دیالکتیکیان بە دووبەش لە لۆژیک دەزانی کە ئامانجی ئەم لۆژیکە دۆزینەوەی ڕاستی بوو. لەو دۆزینەوەدا دیالکتیک بە دوو جۆر بەشدار بوو. یەکەم بە دانانی ڕێوشوێنی بەراوردکاریی بەڵگەوتە (ئەوشتەی کە تایبەت بە لۆژیکی ئەرەستۆ بوو) و، پاشان بە فێرکردنی هونەری مشت ومڕوئاخاوتن (شتێک کەدیالکتیکی سەرەتایی زەنونی دەردەخست).

دیالکتیک لە چاخەکانی نێوەڕاست دا: دیالکتیک یەکێک لە گرنگترین وانەکان بوو؛ واتاو دەربڕینی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆی، هەروەها لە ڕێزمانیشدا نفووزی کردبوو.

دیالکتیک لە چاخەکانی نێوەڕاستدا لە لۆژیکی سەوری کە لەلای ئەرەستۆدا هاوواتا بوون، زۆر زیاتر پەرەی گرت.

لە سەدە هاوچەرخەکاندا (لە دوای ڕینێسانس) وشەی دیالکتیک وردە وردە لە قامووسە فەلسەفیەکان دەسڕێتەوەو، "لۆژیک" جێگای دەگرێتەوە. کانت لە ڕێگای شیکردنەوەی دیالکتیک تارادیەک دیالکتیک زیندوو دەکاتەوە، بەڵام ئەو واتاو شیکردنەوە تایبەت بە فەلسەفەی خودی خۆیەتی.

دیکارت زۆر جار دیالکتیک بە هاوواتای "لۆژیک" بەکاردەبا. بەڵام بەو حاڵەش، ناڕازاییبوونی تەواوی خۆی بە دیالکتیک نیشان دەدا.

دیالکتیک لە قامووسە جۆراوجۆرەکان دا:

"بوایە" لە قامووسی فەلسەفی خۆیدا، دیالکتیک ولۆژیک بە هاوواتای یەکتر دەزانێ.

قامووسی لارۆس دیالکتیک بە "هونەری بەڵگەوتە هێناوە بەپێی شێواز و بە دروستی" دەزانێ.قامووسی مێژوویی و ڕەخنەیی بێل کە لە ساڵەکانی ١٦٩٦ هەتا ١٧٠٢ بڵاوبۆوە، باسێکی لە دیالکتیک نەکردووە. ئەنیسکلۆپیدیای داڵامبێر و دیدرۆ (١٧٦٦-١٧٥١) دیالکتیکی بە " هونەری بەڵگەوتە ومشتومڕو ئاخاوتن " ناو بردووە.

لەم ڕێکەوتە بەدواوە ئەم جیاوازییە لە بیر کراوەو، دیالکتیک تەنیا بە " هونەری بەڵگەوتە" باس کراوەو؛ بەم شێوە بە هاوواتای لوژیک هاتووە.

لە قامووسی لیترە (١٨٨٥)، دوای باس لە دیالکتیکی زەنون و ئەفلاتۆن، بەو شێوە پێناسەکراوە: "لەروانگەی ئەرەستۆوە دیالکتیک بەمانای هونەری مشتومڕو ئاخاوتن بووەو، ئەم مانایە هەتا ئەمڕۆکەش پارێزراوە".

لارۆسی سەدەی بیستەم بەم شێوە دیالکتیک پێناسە دەکا:"هونەری بەڵگەوتە هێنانەوە بەپێی شێواز و بەدروستی ".

قامووسە نوێکانی دیکە بەم شێوە باس لە دیالکتیک دەکەن: " هونەری ئاخاوتن".

بەم شێوە، مانای هاوچەرخی دیالکتیک هەرئەوەیە کە لە سەرەتادا هەبووە.

دیالکتیکی هیگڵ: بە بۆچوونی هیگڵ پرۆسێسی دیالکتیکی کە "ئایدیا" لەلایەن ئەمەوە لە سروشت و لە زەیندا دەستەبەر دەبێ، لە سەربنەمای پاڕادۆکس دامەزراوە.

هیگڵ لەو ڕەوتەدا ئاماژە بە سێ قۆناغ دەکا: تێز، ئانتی تێزو سەنتێز، کە لە ڕاستیدا دەکرێ سەلماندن، ڕەتکردنەوەی و ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوە بن.

بۆوێنە دەکرێ بەم شێوە لەبارەی کۆمەڵگای سیاسیی فەڕەنسا ئەم سێ قۆناغە باس بکرێن: قۆناغی یەکەم کە قۆناغی تێزە، سیستەمی پاشایەتی لە وڵاتی فەڕەنسادا جێگیر بوو؛ لە قۆناغی دووهەمدا واتە، ئانتی تێز، شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا ڕووی داو؛ لە قۆناغی سێهەمدا واتە قۆناغی سەنتێز، هیگڵ ، " ئیمپراتۆریی ناپلیۆن" ـ کە زۆر لە ژێر کاریگەریی کەسایەتی ئەو دابووە_ بە سەنتێز دەزانێ.

دیالکتیکی مارکسی: کارڵ مارکس کە کەسێکی مەتریالیستە، بۆدژایەتی لەگەڵ ئایدیالیزمی هیگڵ خەبات دەکا. مەتریالیزمی مارکسی زیاتر لێکدانەوەیەکی مێژووییە هەتاکوو فەلسەفی بێ، واتە مەتریالیزمی مێژووییە. بەپێی بۆچوونی مارکس، " ئەوە هزر نیە کە دنیا هەڵدەسووڕێنێ، بەڵکوو هزر ملکەچی بارودۆخ و کەشی ئابووری و لە دەرەنجامیشدا، ملکەچی ماددەیە؛ لە ئاکامدا، مادده دیاریکەری مێژووە و، ئابووری بنەمای سەرەکیی پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی پێک دێنێ و، ئایدۆلۆژییەکان، جگە لە رووکەش هیچی تر نین".

مەتریالیزمی مارکسی بەر لە هەر شتێک دژی ئایدیالیزمە. تیۆرە سەرەکیەکەی ئەوەیە "ڕاستییەکی عەینی سەبەرخۆ لە وشیاریی مرۆڤ کە وشیاری مرۆڤ ڕەنگدانەوە ئەو ڕاستیەیە، لە ئارا دایە ".

ئەو دیالکتیکە لە ئەدەبیاتی مارکسیدا، بەڕەسمی وەک، " قووڵترین وگشتگیرترین فێرکردنی جووڵە و گەشەسەندن"، لەقەڵەم دەدرێ. دیالکتیکی ئاماژەپێکراو، یاسامەندیی سیاسیی هەمەلایەنەی هەر جووڵە، هەرگۆڕان و هەر گەشەیەک هەڵدەسەنگێنێ. لە ناوەندی دیالکتیکی مارکسیدا سێ یاسا هەیە: یاسای گۆڕینی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی، یاسای یەکیەتیی ناکۆکیی دژەکان و، یاسای "ڕەتکردنەوە لە ڕەتکردنەوەدا".

مەتریالیزمی دیالکتیک: بەپێی بۆچوونەکانی مارکس، " مادده وەک ئەوەی کە فیزیکی کلاسیک و هزری گشتیی زەمان پێیانوابوو، ڕاستییەکی پاسیڤ و ڕاوەستاو نیە کە تەنیا لە ژێر کاریگەریی ئەو هێزانەی کە پێی دەکەوێ، بگۆڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە لە نێوەڕۆکدا جیاوازی لەگەڵ دیالکتیکی هیگڵیدا کە لە سەربنەمای ئایدیالیزم ڕاوەستاوە، هەیە.

مارکس دەڵێ: " شێوازی دیالکتیکی هەتا ئەوکاتە جیاوازی هەیە کە میتۆدی هیگڵی دێتە ئاراوە؛ ڕێبازی من راستەوخۆ دژی ڕێبازی هیگڵە."

سەرەوخونبوونی دیالکتیکی هیگڵ لە لایەن مارکس و ئەنگێلسەوە بەم شێوە وێنا کراوە: " ڕێبازی فەلسەفیی هیگڵ لەسەر سەر ڕاوەستاوەو، دەبێ بیهێنیەوە سەر پێکانی."

دیپلۆمات — Diplomat

بەفەرمانبەرێکی سیاسی دەگوترێ کە ولاتێکی بیانیدا ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبا. هەرچەندە لەبارەی پۆلێن کردنی نازناوە سیاسیەکاندا ڕێوشوێنێکی دیاریکراوی نێونەتەوەیی لە ئارادا نیە، بەلام یاسای نێونەتەوەیی عورفی لەم بوارەدا لە ئارادایەو، ئەمڕۆ کە زۆربەی ولاتان ئەم پۆلێنەیان قبوول کردووە.

دیپلۆماتەکان بەپێی پلە، دوای باڵوێز یان وەزیری موختار ئەم نازناوانەیان هەیە: راوێژکار (پلە١، پلە٢، پلە ٣)، سکرتێری یەکەم، سکرتێری دووهەم، سکرتێری سێهەم و، بەستراوە (ئاتاشە). بەستراوەکان (ئاتاشە) ئەگەر فەرمانبەری سیاسیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بن، ئەوا نازناوی "بەستراوەی سیاسی" یان دەبێ. بەلام ئەگەر فەرمانبەری ڕێکخراوەکانی تری دەوڵەت بن ئەوا رەنگە نازناوی "بەستراوەی سەربازی" یان " بەستراوەی ئابووری " یان " بەستراوەی کولتووری " یان هەبێ. ئەم تاقمە لە بەستراوەکان خاوەنی ئیمتیازەکان و پارێزراوییەکانی بەستراوە سیاسییەکانن.

هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کارێک بەپێی ڕای سەرۆکی کارەکە و بڕیاری وەزیری کاروباری دەرەوە بەڕێوە دەچێ کە ژمارەیان بە سەرنجدان بە قەبارەی کارو ڕێکخراو ورێکخستنەکانی باڵوێزخانە دیاری دەکرێ.

دیپلۆمات کاریری — *Diplomat de Carriére (fr)*

زاراوەیەکی فەڕەنسیی، بە مانای دیپلۆماتی پرۆفیشناڵ و لێهاتووە .

www.perawipepwle.com

دیپلۆماتیک *Diplomatic*

ئەم وشە یۆنانیە لە دیپلۆما Diploma وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا بە واتای لاپەڕە یان لاپەڕەیەکی لولدراو یان نوشتاوە دێ و، بە هەر بەڵگەیەک دەگوترا کە بەپێی ئەم بەڵگەیە نازناوێک یان ئیمتازێک بەکەسێک دەدراو، ئەم بەڵگەیە بۆیە "دیپلۆما"ی پێ دەگوترا چوونکە دەنوشتایەوە.

دواتر ئەم زاراوە بۆ ئەو بڕیارانە کەڵکی لێ وەردەگیرا کە بەپێی ئەو بڕیارانە، ئیمتیازێک بە دامەزراوەیەک یان زیاتر بە شارێک دەدراو، ئەم بەڵگەیە ئەو مافەی بە خاوەنداری بەڵگەکە دەدا کە کەڵک لەو ئیمتیاز یان مافانە وەربگرێ. دیپلۆم (لە فەرەنسا) و دیپلۆما (لە زمانەکانی تری ئەوروپایی) و..... "دیپلۆماتیک " و وشەکانی "دیپلۆماسی" و "دیپلۆمات" هەموویان لە سەرچاوە یۆنانیەکە وەرگیراون. ئاوەڵناوی دیپلۆماتیک لە واتا گشتیەکەیدا بە پێوەندییە گشتیەکانی نێوان دوو دەوڵەت دەگوترێ. پێوەندییە دیپلۆماتیەکان، ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێکن.

بۆ وشەی دیپلۆماسی پێناسەی جۆراوجۆر کراوە، وەک؛

١_ بەڕێوەبردنی کاروباری نێونەتەوەیی لە ڕێگای باڵوێز و فەرمانبەرە دیپلۆماتیکەکانی تر؛

٢_ بەڕێوەبردنی کاروباری نێوان دەوڵەتەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانە؛

٣_ پیشەی دیپلۆمات؛

٤_ هونەری دیپلۆمات لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی دەوڵەت لە ڕێگای ئاشتیخوازنە، بە تایبەتی لە ڕێگای دانوسان و وتووێژ.

دیپلۆماسیی پێشگیرانە *Preventive Diplomacy*

بەو هەوڵانە دەگوترێ کە بە مەبەستی پێشگیری لە ڕوودانی کێشە لە نێوان دوو لایەن، پیشگیری کردن لەو ناکۆکیانە کە دەبنە هۆی تیکهەڵچوون و، بەرتەسک کردنەوەی تێکهەلچوونەکان (ئەگەر ڕوویان دا)، دێنە ئاراوە. پێناسەیەکی کورتتر لەم زاراوەیە بەم شێوەیە: " پێشگیری کردن لە پەرەگرتنی ئەو ناکۆکیانەی کە دەبنە هۆی تێکهەڵچوونە چەکدارییەکان."

بە بڕوای پێترۆس غالی سکرتێری گشتیی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەگەرەکانی ئاماژەپێکراو ڕەنگە لە ڕێگای ئۆرگانەکان و پرۆگرامە پسپۆڕییەکان یان لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی و لە ئاکامدا لەلایەن ڕێکخراوە ناوچەییەکان بە هاوکاری

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە جێبەجێ بکرێن و، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئەگەرانە، دەکرێ لەکەرەسەی وەک هەوڵی دڵنیاکەرەوە، وریا کردنەوە لە ڕێگای ئەو زانیارییانەی کە بەدەست هاتوون، لە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستیە ڕەسمی و نارەسمیەکان، دامەزراندنی هێز و لە هێندێک حاڵەتیشدا پێکهێنانی ناوچەیەکی ناسەربازی، کەڵک وەربگیرێ. هەروەها سکرتێری گشتی باس لە گۆڕینەوەی ڕێکوپێکی دەستە سەربازییەکان، پێکهێنانی ناوەندێک بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا و، پێشبینی ڕێوشوێنێک بۆ گۆڕینەوەی سەربەستانەی زانیارییەکان، بۆوێنە چاوەدێری بەسەر ڕێککەوتنەکانی چەک و چۆڵی ناوچەیی وەک ڕێوشوێنێک بۆ پێکهێنانی متمانە، لە " بەرنامەیەک بۆ ئاشتی "دا دەکا.

دیپڵۆماسیی پینگ پۆنگ / تۆپی سەرمێز *Ping –pong Diplomacy*

ئاماژە بەو هەوڵانە دەکا کە لە پێناوی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئەمەریکا و چین لە ڕێگای ئەمجۆرە دیپڵۆماسییە لە ساڵی ١٩٧١دا بەڕێوە چوو، کە ئەم کارەش بوو بە هۆی سەردانی نیکسۆن سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا لە پەکین لە شوباتی ١٩٧٢؛ کەئەویش بەنۆرەی خۆی بوو بە هۆی هەڵگیرانی کۆمەڵێک سنوور و چوارچێوە لەسەر پێوەندییە سیاسی و بازرگانیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە. واتا سەرەتا گرووپێک لە یاریزانانی پینگ پۆنگی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی پێشبڕکێ چوون بۆ چین و، ئەم سەفەرە بواری بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ڕەخساند. لە قۆناغی دواتر، کەیسنجێر بە شێوەیەکی نهێنی لە ئیسلام ئاباد (پایتەختی پاکستان)ەوە چوو بۆ پەکین و، چەند چاوپێکەوتنێکی پێک هێنا. لە قۆناغی کۆتاییدا ریچارد نیکسۆن سەرۆک کۆماری ئەمەریکا سەردانی چینی کردو، ڕاگەیەنراوی بەناوبانگی شانگهای واژۆ کرد کە بوو بە هۆی پێکهاتنی پێوەندییە ڕەسمیەکان لە نێوان دوو وڵات دا.

دیپڵۆماسیی هاتن و چوون *Shuttle Diplomacy*

زاراوەیەکە کە بە ناوبژیوانیی نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەگوترێ کە لە ڕێگای هاتن و چوونی نوێنەرانی ناوبژیوان لە نێوان پایتەختەکانی دوو وڵات بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێگای چارەیەکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە، جێبەجێ دەکرێ.

Summit Diplomacy دیپڵۆماسیی سەرۆکەکان

ئەم زاراوە لە وتاری هەڵبژاردنی ١٥ی شوباتی ١٩٥٠ی ڤینستۆن چەرچیل سەرۆک وەزیرانی ناسراوی بەریتانیا وەرگیراوە کە لەم وتارەدا خوازیاری بەڕێوەچوونی وتوویژەکان لە "ئاستی سەرۆکەکان" دابوو.

ئەمڕۆکەش ئەم زاراوە بە وتوویژی شەخسی و دوولایەنەی سەرۆکی دەوڵەتەکان و حکومەتی دەسەلاتە گەورەکان، بەمەبەستی چارەسەری کێشەی نێوانیان، دەگوترێ.

دیپڵۆماسیی سەرۆکەکان لە سەرەتادا بەمانای دژایەتی لەگەڵ شێوازە نەریتیەکانی وتوویژی دیپڵۆماتیک بوو، ئەو شێوازانەی کە نەک تەنیا ناکۆکیەکانی کەم نەدەکردەوە بەڵکوو بواری تێکچوونی پێوەندییەکانی لەبارتر دەکردو، بە بڕوای زۆر لە لیبڕاڵەکان ئەم شێوازانە بەسەرچاوەی هەرچی زیاتری ناکۆکیە نێونەتەوەییەکان دەژمێردران.

Conference Diplomacy دیپڵۆماسیی کۆنفرانس

بەو وتوویژە چەند لایەنانە دەگوترێ کە لە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا بەڕێوە دەچێ. نموونەی بەرچاوی دیپڵۆماسیی کۆنفرانس " کۆنگرەی وێستڤالی " (١٦٤٨-١٦٤٢)یە کە کۆتایی بە شەڕە سی ساڵەکان هێنا. دامەزرانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩١٩ لەراستیدا درێژەی دیپڵۆماسیی کۆنفرانس بوو کە بە دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان درێژەی کیشا. ئەم دیپڵۆماسیە لە ئاستێکی بەرتەسکی بابەتی یان جوگرافیشدا بەڕێوە دەچێ. وەک، سندوقی نێونەتەوەیی دراو، ڕێکخراوی ناتۆ، ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقیا، هەروەها کۆنفرانسی سەرۆکی وڵاتانی بێلایەن (کە لە ساڵی ١٩٥٥دا لە باندۆک بەڕێوە چوو). ئەم دیپڵۆماسیە بۆیە گرنگی خۆی هەیە، چونکە بە جۆرێک لە "دیپڵۆماسیی کراوە" لە بەرامبەر "دیپڵۆماسی نهێنی" دا دەژمێردرێ. لایەنی پۆزەتیفی ئەمجۆرە دیپڵۆماسیە لەوە دایە کە دەوڵەتەکان دەتوانن سکاڵا، گرفتەکان و بابەتەکانی خۆیان بە شێوەی "کراوە" بیننە گۆڕێ و، بە گۆڕینەوەی بیروڕا، وتوویژو دانوسان چارەسەریان بکەن.

دیپڵۆماسیی نوێ — New Diplomacy

ئەم زاراوە بۆ پێناسەی شێوازەکان و لایەنگری لە " دیپڵۆماسیی کراوە" لەبەرامبەر " دیپڵۆماسیی داخراو" یان "نهێنی" لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٨-١٩١٤) داو، هەروەها دوای ئەم ڕێکەوتەش، کەڵکی وەردەگیرا. ئەم دیپڵۆماسیە لایەنگری وتووێژی بە ئاشکرا لەسەر بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوە و دژی هەرجۆرە ڕێکەوتنێکی نهێنی بوو.

دیراکتۆر(١٧٩٩-١٧٩٥) — Directory

حکومەتی دیراکتۆر یان لیژنەی بەڕێوەبەری لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٧٩٥ هەتا ١٩ی تشرینی دووهەمی ١٧٩٩ ئیدارەی کاروباری فەڕەنسای لە ئەستۆدا بوو و، لەم قۆناغەدا ئەرکی یاسادارێژی لە ئەستۆی دوو ئەنجوومەن بەناوی ئەنجوومەنی پێنج سەد کەسی و ئەنجوومەنی پیراندا بوو. دیراکتۆر کارێکی کۆنەپەرستانەی کردو کودیتای "فرۆکتیدۆر"ی وەڕێخست و، لەئاکامدا شکستی بە دەسەڵاتی یاسا دارێژی هێنا و، خۆیشی لە نێو چوو و، شوێنی خۆی بە حکومەتی کۆنسوڵی بەخشی.

ئەنجوومەنی پێنج سەدکەسی ئەنجوومەنێک بوو کە پێکەوە ئەنجوومەنی پیرانی دەسەڵاتی یاسادارێژیی فەڕەنسای لە ساڵی ١٧٩٥ هەتا ١٧٩٩ پێک دەهێنا.

ئەنجوومەنی پیران یەکێک لە دوو ئەنجوومەنی یاسا دارێژی بوو کە لە ساڵی ١٧٩٥ دا دامەزراو، دوو سەدو پەنجا ئەندامی هەبوو و، ئەو یاسایانەی کە لە لایان ئەنجوومەنی پێنج سەدکەسیەوە پەسند دەکران ئەنجوومەنی پیران هەڵی دەسەنگاندن و باسی لەسەر دەکردن.

دیراکتۆری ئەورووپی — European Directory

دیراکتۆری ئەورووپی ڕێکخراوێک بوو لە نێوان دەسەڵاتە گەورەکاندا، کە لە سەردەمی خەبات لە دژی ناپلیۆن، ئیمپراتۆری فەڕەنسا دامەزراو، مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو کە هەل و دەرفەتی پێویستی بۆ ڕەخسابوو.

دیکتات / سەپاندن Diktat

زاراوەیەکی ئەڵمانییە بە مانای بڕیارە. دیکتات بە ڕێگا چارەیەکی سەربازی و سیاسی دەگوترێ کە بە ناچار بەسەر دوژمنی دۆڕاودا دەسەپێنرێ. دیکتات زۆر جار بە هاوواتای ڕێککەوتننامەی ١٩١٩ی ڤێرسای کەڵکی وەردەگیرێ.

دیکتاتۆری Dictatorship

زاراوەی دیکتاتۆری لە سەرچاوەی لاتینی dictator وەرگیراوە، کە لە ڕۆمی کۆندا بە کاربەدەستێکی پایەبەرز دەگوترا کە بە هێزو ئۆتۆریتەیەکی زۆر و لە رادەبەدەرەو، کۆنترۆڵی کاروبارەکانی وڵاتی بەدەستەوەگرتبوو. لە قامووسی سیاسیدا ئەمڕۆکە دیکتاتۆری بەو ڕژێمانە دەگوترێ کە تاکەکەس یان حیزبێک بەر بە ململانێی گرووپەکانی تر دەگرێ و، بەڕێوەبردنی هێزە گشتیەکانی وڵات بە بێ ڕکابەر، لەبەر دەست تاکەکەس یان ڕێکخراوی خۆیدا کەڵەکە دەکا.

لەسەدەی بیستەمدا هیتلەر، مۆسۆلینی وستالین و حیزبە تاک ڕەهەندە ناسیۆناڵ سۆسیالیست، فاشیست و کۆمۆنیستەکان بە نوێنگەی حکومەتە دیکتاتۆرە تاکەکەسی و حیزبییەکان دەژمێردران.

لە ڕۆمی کۆندا سیستەمی دیکتاتۆری بە بیانووی پێشگیری لە مەترسیی هێرش دەرەکی یان شۆڕشی نێوخۆیی و کودیتا بە دامەزراوەیەکی یاسایی دادەنرو؛ ئەمڕۆکەش ئەم پاساوانە لە زۆربەی سیستەمە دیکتاتۆری و ئایدۆلۆژیا حیزبیەکاندا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە.

ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە بنەڕەتدا بە سەر سێ جۆری کۆنەپەرست، شۆڕشگێرو تێکەڵاو دابەش دەبن.

دیکتاتۆریی کۆنەپەرست هەوڵ دەدا پێش بە گۆڕانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان بگرێ، بەڵام بە پێچەوانە، دیکتاتۆریی شۆڕشگێر خێرایی بە گۆڕانی دامەزراوەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەبەخشێ. بەڵام هەموو کات ئەم لێک جیاکردنەوە کارێکی ئاسان نیە، چوونکە زۆربەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بەکردەوە خۆیان بە شۆڕشگێر دەناسێنن و دەڵێن کە لە سەر کۆمەڵگای کاولی کۆندا، کۆمەڵگایەکی نوێ دادەمەزرێنن؛ بەڵام هێندێک جار کردەوەی کۆنەپەرەستانەیان هەیە و، هێندێک لە چالاکیەکانیشیان شۆڕشگێرانەو لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵگا

www.perawipepwle.com

دایه. له دەرەنجامدا دەبێ ئەم پۆلێن کردنه سێ کۆچکەییە قبووڵ بکەین و، دیکتاتۆری تێکەڵاو بە هەڵبژاردەی سێهەم دابنێین و، بۆ نموونەی بەرچاوی ئەم جۆره دیکتاتۆریەش دەکرێ ئاماژە بە رژێمی ناپلیۆن بکەین.

لەسەردەمی کۆنەکانیشدا لێک جیاکردنەوەی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕو کۆنەپەرست ئاسان نەبوو چوونکە هێندێک له رژێمەکان لایەن و شێوەی تێکەڵاوییان هەبوو. له دیکتاتۆرییە کۆنەپەرەستەکاندا دۆکترینە کۆنسەرڤاتیڤ و بیروبۆچوونە کۆنەکان رۆڵێکی گرنگیان سەبارەت بە فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسی هەبوو، بەڵام له دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕدا ئایدۆلۆژیای نوێ وپرۆگرام و شێوازە نوێکان رۆڵیان له گۆڕان و گۆڕانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە و، هەر بەم هۆیە تیۆرییەکانی رژێمی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ له تێزەکانی سیستەمی کۆنەپەرست مۆدێرنترو روونترن.

روبیسپێر له ساڵەکانی ١٧٩٢و ١٧٩٤ بە ئیلهام وەرگرتن له روانگەو بۆچوونەکانی رۆسۆ حکومەتی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕی له فەڕەنسادا دامەزراند و، رایگەیاند: له وڵاتێکدا کە ٨٠لەسەدی حەشیمەتەکەی جوتیارن، بەڵام ئاریستۆکراتەکان خاوەنی هێزێکی تایبەتین، تەنیا له رێگای دیکتاتۆریی بەردەوامەوە دەکرێ چەند کارێکی کاریگەر وبەسوود بە قازانجی چینە زەحمەتکێشەکان بکرێ. تیۆرەمارکسیەکان لەسەدەی بیستەمدا دیکتاتۆریی پرۆلتاریایان وەک قۆناغی نێوەڕاستی نێوان حکومەتی کرێکاران و پێکهێنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی راگەیاندو، داکۆکی لەو تیۆرە دەکەن کە کاتێک شۆڕشێک روو دەدا، چینە باڵادەستەکانی رژێمی پێشوو بە هەموو توانایانەوە هەوڵی تێکشکاندنی رژێمی نوێ دەدەن و، لەم هەلومەرجەدا، تەنیا دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەتوانێ کردەوەکانی چینی باڵادەست تێک بشکێنێ و درێژە بە پێکهێنانی کۆمەڵگای نوێ بدا. دیکتاتۆریی شۆڕشگێر له هێندێک کۆمەڵگادا بۆ ئامادەکردنی خەڵک بەرەو دێمۆکراسی کەڵکی لێ وەرگیراوە.

جیاوازیی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرست له چوارچێوەی تیۆرەکان و ئایدۆلۆژییەکانیاندا دەردەکەوێ و، له زۆر بواردا ئەم جیاوازییە زەق و بەرچاوە. بەڵام ئەو ئامرازانەی کە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرست کەڵکی لێ وەردەگرن هێندێک جار ئەوەندە له یەک دەچن کە نەیارانی دیکتاتۆرییەکان هەوڵ دەدەن بە پشت بەستن بە شێوازی کارکردن (تاک حیزبی ـــ نەبوونی ئازادیی ئەنجوومەنەکان ـــ نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی ـــ نەبوونی ئازادیی

چاپەمەنیەکان ـ نەبوونی ململانێی سیاسی لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکان حاشا لە هەرجۆرە جیاوازییەکی نێوان دیکتاتۆرییە کۆنەپەرەست و شۆڕشگێڕەکان بکەن و، هەموو جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان ئایدۆلۆژییەکان لەبەرچاو نەگرن و، بەیەک چاو سەیری هەمو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان و حیزبە فاشیست و ناسیۆنالْ سۆسیالیستەکان دەکەن.

ئەوە لە حالێک دایە کە دەبێ جیاوازی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو پرۆگرامەکانی ئەم دوو جۆرە لە دیکتاتۆری دابنرێ. لە سەدەی بیستەمدا هەر دوو جۆری دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرەست هەولیان داوە سیستەمی تاک حیزبی پیادە بکەن، بەلام چۆنیەتی دامەزراندنی شانەکانی رێکخستن و راهێنانی کادر و شێوازی پروپاگەندە و چەقبەستوێی رێکخراو لە هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەکاندا وەکوو یەک وانەبووە.

هەموو رژێمە دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم و بەر لەو سەدەیەش، ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە.

١ـ کەلەکە بوونی دەسەلات لە ناوەندا.

٢ـ نەهێشتنی ئازادییە تاکەکەسییەکان.

رژێمی دیکتاتۆری هێرش دەکاتە سەر ئازادییە تاکەکەسیەکان و، پێشێلیان دەکاو، پەرە بە دەسەلات و ئیمتیازەکانی دەزگای حکومەتی دەداو؛ بە کردەوە ئیدارەی دەسەلاتەکانی ولات لە رێکخراوێکی دەولەتیدا کەلەکە دەکا.

هاتنە سەرکاری رژێمی دیکتاتۆری لە رێگای کودیتا یان شۆڕش و بەکورتی بە شێوازێک دەبێ کە لەگەلْ یاسا سەرەکیەکانی رژێمی پێشوودا یەک ناگرێتەوە. بەلام هەرکاتێک رژێمی دیکتاتۆری وەک رژێمێکی نوێ سەقامگیر بوو، هەولْ دەدا خۆی بە نوێنگەی ئیرادە و ویست خەلک بنوێنێ و، لە شەڕی نێوان لایەنگرانی رژێمی پێشوو و لایەنگرانی حکومەتی نوێدا، تاقمی یەکەم رژێمی نوێ بە نایاسایی و زەوتکەر دەناسێنن و دەلێن کە حکومەتی نوێ بە پەنابردنەبەر هێزو دەسەلاتی نایاسایی دەسەلاتیان بەدەستەوە گرتووەو، لە بەرامبەر ئەم هێرشانەشدا، لایەنگرانی رژێمی نوێ هەولْ دەدەن کە دەسەلات بۆ خۆیان بەڕەوا و یاسایی و سەرچاوە گرتوو لە ویست و ئیرادەی خەلک لەقەلەم بدەن.

دیکتاتۆریی پرۆلتاریا Dictatorship Of Proletariat

لە قاموسی مارکسیزمدا "دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەوڵەتی تایبەت بەو کۆمەڵگایانەیە کە تێیدا پرۆلتاریا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێناوە و، لە پێناوەو، لە پێناوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا هەنگاو دەنێ."

بە بڕوای مارکس، لە نێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا قۆناغێک هەیە کە قۆناغی گۆڕینی شۆڕشی یەکەم بۆ شۆڕشی دووهەمە. هاوکات لەگەڵ ئەم قۆناغەدا قۆناغێکی تێپەڕی سیاسیش هەیە کە دەوڵەت لەو قۆناغە شتێک نیە جگە لە دیکتاتۆریی شۆڕشگێری پرۆلتاریا."

بەبڕوای مارکسیەکان دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بەدەستی پرۆلتاریا و بە هۆی شەڕێکی شۆڕشگێرانە جێ دەگرێ.

بەپێی بۆ چوونی ئەوان، لە بواری مێژوویەوە، کۆمۆنی پاریس بە یەکەمین جۆری دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەژمێردرێ.

دیواری بەرلین *Berlin Wall*

ئەم زاراوە کە لە نیشانەی سەردەمی شەڕی سارد بوو، بە بینایەک دەگوترا کە لە بەرەبەیانی ١٣ی ئابی ١٩٦١دا هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە بڕیاری رووسەکان دەستیان بە دروستکردنی کرد. کاری هەڵچنینی دیوارەکە بە داخستنی شەست و هەشت خاڵ لە هەشتا خاڵی سەر سنوور دەستی پێکردو، هەر لەوکاتەوە دژکردەوەی توندی بەریتانیاو ئەمەریکای بەدواوە بوو کە دامەزراندنی لەشکرێکی تانکەکانی ئەمەریکای لە بەشی ڕۆژئاوای دیوارەکە لێکەوتەوە.

دیواری بەرلین سەرەتا بە تێل دڕوو پاشان بە چیمەنتۆ ڕێک لەسەر ئەو هێڵەی کە بەرلینی بە دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش دەکرد، دامەزرا؛ درێژاییەکەی چل وشەش کیلۆمەتر بوو. دیواری بەرلین پێوەندیی وشکایی خەڵکی بەرلینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەتەواوەتی دەپچڕی و، بەری بە کۆچی نێوان دوو ئەڵمانەکان دەگرت.

دوای شەپۆلی بەرفراوانی گۆڕانکارییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتداو، هاتنەگۆڕی مەسەلەی یەکگرتنەوەی دووبارەی ئەڵمانەکان، دیواری بەرلین لە لایەن خەڵکی هەر دوو ئەڵمانەوە

روخێنراو، سنووری نێوان دوو وڵاتیش بەرەسمی. لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١١/١٨ کرایەوە و، بەم شێوەیە کۆتایی بەتەمەنی ٢٨ساڵەی ئەم دیوارە هات.

دیوانی نێونەتەوەیی دادوەری

Intenational Court of Justice (ICJ)

ئەم دیوانە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزراو، بە بەرفراوانترین هەوڵ دەژمێردرێ کە تاکوو ئیستا بۆ پیادەکردنی سەروەری یاسا بەسەر کێشە نێونەتەوەییەکاندا جێبەجێ کراوە. پێڕەوی نێوخۆیی ئەم دیوانە کە پاشکۆی جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانە وەک دیوانی هەمیشەیی دادوەریی نێونەتەوەیی دەچێ و هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک بە ئەندامی ئەم دیوانە دەژمێردرێن. دیوان پازدە دادوەری هەیە کە بە دەنگی جیای کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵدەبژێردرێن. بۆ دڵنیابوون کە بەردەوامیی کار، هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا بەڕێوە دەچێ و، دادوەرەکان بۆ خولێکی نۆساڵە هەڵدەبژێردرێن. ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ هەمیشە خاوەنی کورسیەک لە دادوەرەکانن، واتە هەمیشە یەک دادوەری خۆیان لە نێو ئەو ١٥ دادوەرەدا هەیە. بەڵام ئەگەر هیچکام لە دادوەرەکان خاوەنی سیتیزەنی ئەم دەوڵەتە نەبوو کەتێیدا ئەندامە، ئەوکاتە ئەم دەوڵەتە دەتوانێ دادوەرێکی تایبەتی دەستنیشان بکا. دیوان، سەرۆک و جێگری سەرۆک بۆ خولێکی سێ ساڵە هەڵدەبژێرێ و، ناوەندەکەشی لە لاهەیە.

دیوان دوو سەلاحییەتی هەیە: چارەسەری کێشەنێودەوڵەتیەکان و خستنە ڕووی ڕاکانیان بۆ پێشنیاری ورا‌وێژ. تەنیا دەوڵەتەکان دەتوانن لە دیواندا لایەنی سکاڵا بن، بەڵام بکەرانی ناحکومی وەک کەسە تایبەتیەکان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەتوانن داوای ڕای ڕاوێژکارانە بکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نین، دەتوانن لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا پەنا بۆ پێڕەو پرۆگرامی ئەم دیوانە بەرن. بەندی بەناو دڵخوازی (مادده ٣٦) بۆ بەهێزکردنی سەلاحیەتی دیوان داڕێژرا بوو. ئەو بەندە هەموو ئەو لایەنانەی کە واژۆیان کردبوو، ناچار دەکرد کە سەلاحییەتی دیوان وەک شتێکی حەتمی بە ڕەسمی بناسن. ئەم کارە تارادەیەک نەیتوانیوە

سەرکەوتوو بێ، چوونکە هەتا دەیەی ١٩٨٠ نزیک بە کەمتر لە نیوەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم بەندەیان پەسند کردبوو.

ماددەی ٣٨ی پێڕەوی دیوان دەڵێ کە ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە کەڵکیان لێ وەردەگرێ بریتین لە: ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی عورفی نێونەتەوەیی و"ئەوپرەنسیپە گشتیانەی کە جێگای پەسندی نەتەوە پێشکەوتووەکانن ". دیوان لە کردەوەدا بە توندی لەکارپێکردن بەو سەرچاوە سێهەمەی یاساکان لەو کێشانەی کە دەنێردرێتە دیوان، بەپارێز بووە. دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێ کە لە کاتی دامەزرانی دیوانەوە تاکوو ئێستا ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سێ هێندە بۆتەوەو، لەم هەلومەرجەدا گەیشتن بە ڕێککەوتن سەبارەت بە پرەنسیپە گشتیەکان زۆر دژوارتر بووە.

دیوان چەندین کێشەی ئاڵۆزی تۆمار کردووە و بڕیاری لە بارەیانەوە دەرکردووە، بەڵام زۆرجار پێڕەوی لە بڕیارەکانی نەکراوە. بۆ وێنە، لە کێشەی نێوان بەریتانیاو ئەڵبانیادا سەبارەت بە زیانی پاپۆرەکان و زیانی کەناڵی کۆرفۆ، دیوان ڕادەی زیانەکانی بەریتانیای بە یەک میلیۆن پۆند خەملاند و، بڕیاریدا کەئەڵبانیا ئەم زیانە قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام ئەڵبانیا بەردەوام لە قبوولکردنی ئەم بڕیارە و دانی بڕی قەرەبووەکە خۆی بواردووە. ئەگەرچی گومانێکی زۆر لە بارەی بەهای هێنانەگۆڕی کێشەگرنگە نێونەتەوەییەکان لە لای دیوانی نێونەتەوەیی دادوەری لە ئارادایە، بەڵام دیوان سەرکەوتنێکی زۆری لە دیاریکردن و داڕشتنی ئەو پرەنسیپانەی کە دەکرێ لە سەربنەمای ئەوان کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەدەست هێناوە.

بۆ وێنە پرەنسیپە بەرچاوەکان لەم بوارەدا بریتین لە : پرەنسیپی کێشانی هێڵی سەرەکی سەبارەت بە ئاوە ژێرزەوییەکان، مافی ڕاوکردنی ماسی و شێوازی دیاریکردنی سنووری ژێر دەریایی بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرمایەکانی ژێر دەریا. بەڵام بەگشتی ڕابردووی دیوان لە چارەسەری کێشە زۆر ئاڵۆزەکان تێکەڵاوییەک لە خاڵە لاواز و بەهێزەکان بووە. جگە لەمانە، دیوان چەند ڕایەکی ڕاوێژکارانەشی داوە کە ڕۆڵی لە دیاریکردنی پرۆسەی کاروباری نێونەتەوەیی لە قۆناغی دوای شەڕدا هەبووە. گرنگترینی ئەم ڕا ڕاوێژکارانەی دیوان، سەبارەت بە ئەفریقیای باشووری ڕۆژئاوا / نامیبیا بوو. لە ساڵی ١٩٧١دا دیوان، لە پێداچوونەوە بە بڕیارێکی خۆی، ڕایگەیاند کە بوونی ئەفریقیای باشوور لە نامیبیا کارێکی نایاساییەو، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانی دیکەیە کە بە هیچ

www.perawipepwle.com

شێوەیەک کارێک نەکەن کە رەسمیەت بە دەسەڵاتی یاسایی ئەفریقیای باشوور لەم شوێنە بدەن. ئەفریقیای باشوور درێژەی بە دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەم روانگەیە داو، دەیگوت کە رێکخراوی نەتەوەکان کە جێگای کۆمەڵەی نەتەوەکانی گرتۆتەوە و، سەلاحییەتی مافی چاوەدێریکردنی بەسەر ناوچەی ژێر سەرپەرستیی ئەفریقیای باشووردا، نیە. بەڵام لەساڵی ١٩٨٩دا ئەفریقیای باشوور لە ئاکامدا ملی بۆ قبوولکردنی بڕیارنامەی ٤٣٥ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان راکێشا، کە داوای لە ئەفریقیای باشوور دەکرد سەربەخۆیی نامیبیا بەرەسمی بناسێ. لەم پێوەندییەدا، هۆکارە سیاسیە لاوەکیەکانی وەک دۆکترینی گۆرباچۆف و سیاسەتی بەشداریی بنیاتنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە هۆی گۆڕانی سیاسەتی ئەفریقیای باشوور نەک بڕیارو فشاری دیوانی نێونەتەوەیی دادوەری.

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی "پەرەپێدانی" یاسا نێودەوڵەتیەکانی لە ئەستۆیە (ماددەی ١٣)و، دەکرێ بگوترێ کە تارادەیەک گومان لەوە دانیە کە دیوان بە یەکێک لە توخمە پێکهێنەرە زۆر گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە دەژمێردرێ. دیارە هێندێک رەخنەی گرنگ و هۆکاری بەرتەسککەرەوە بەربەستیان لە بەردەم پەرەگرتنی ئەم پرۆسەیە پێک هێناوە. تەنیا چەند کێشەیەکی کەم بۆ چارەسەر دەبرێنە لای دیوان ـ واتە بە گشتی ئەو کێشانەی کە زەربە لە بەرژەوەندییە سەرەکیەکان نادەن. لەو بابەتانەی کە رەنگە بووبانە هۆی دروستبوونی کێشەی نێونەتەوەیی ـ بۆ وێنە، بابەتەکانی پێوەندیدار بە شەڕی سارد ـ دیوان نەدەکێشرایە نێو یاریەکەوە. بەبێ شک، نەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بە یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازیی دیوان دەژمێردرێ؛ هەرچەندە کە ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی ماددەی ٩٤ سەلاحییەتی ئەوەی هەیە کە بڕیارەکانی دیوان جێبەجێ بکا، بەڵام هیچکات شتی وای نەکردووە. لە چالاکیەکانی دیوان و تەنانەت لە پێکهاتەی ئەندامەکانیدا، وا پێدەچێ کە توخمە "سیاسی" و "یاسایی"یەکان لە دژایەتیکردنی یەکتر دابن لەم بوارەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی، دەوڵەتە لە حاڵی پەرەئەستێنەکان رەخنەگرانی دیوان بوون و، دیوانیان بە ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی جیهانی یەکەم یان وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا ناو بردووە. سەرەڕای ئەم هەمووە رەخنە و گازندانە، کەم کەس هەیە کە گومانی لەوە هەبێ کە دیوانی نێونەتەوەیی دادوەری یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکان لە مێژووی نێونەتەوەیی بۆ سەقامگیرکردنی سەروەریی یاسا لە چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتیەکاندا بووە.

دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانی
Permanent Court Of Arbitration

دەستەی هەمیشەیی یاساناسان کە لە سالّی ١٩٠٩ بەپێی کۆنڤانسیۆنی سالّی ١٨٩٩ی لاهە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێونەتەوەییەکان (کە لە سالّی ١٩٠٧ پێداچوونەوەی بەسەردا کرا) دامەزرا. ولاّتان دەتوانن بۆ چارەسەری کێشەکانیان کەسانێک لە نێو ئەو ناوبژیوانانە هەلّبژێرن. ناوی "دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانی" ناوێکی بەلارێدا بەرە، چوونکە لە راستیدا جگە لە دامەزراندنی ناوەندێکی هەمیشەیی لە لاهەدا، کۆنڤانسیۆنی ١٨٩٩، هیچ دیوانێکی دانەمەزراند، بەلّکوو بۆ ئاسانکاریی پێکهێنانی دیوانەکانی ناوبژیوانی، (ئەگەر پێویست بێ) میکانیزمێکی هێنایە ئاراوە، کە هەر "لایەنێکی بەشداربوو لە دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانی" دەتوانێ بە لانی زۆر ٤ کەس وەک ناوبژیوانانی داهاتوو بۆ ماوەی ٦سالّ (کە دەکرێ پێداچوونەوەشی بەسەردا بکرێ) وەک "ئەندامی دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانی " هەلّبژێرن . ئەو ولاّتانەی کەرازی دەبن کێشەی خۆیان بۆ چارەسەری بنرێنە دیوان، دەتوانن لە نێو دەستەی دیوان چەند ناوبژیوانێک هەلّبژێرن، ئەگەر نەیانتوانی لەسەر پێکهاتەی دادگا رێک بکەون، هەرلایەنێک دەتوانێ دوو ناوبژیوان کە تەنیا یەک ناوبژیوان دەتوانێ سەر بە ولاّتی خۆیان بێ یان لە نێو ئەو ناوبژیوانانە بێ کە "ئەندامی" دیوانن، دیاری بکەن. پاشان چوار ناوبژیوان، بەرپرسێک لە نێوخۆیاندا هەلّدەبژێرن. چەند پرۆسەیەکی هەلّبژاردنیی تایبەتیش بۆئەوکاتەی کە لە سەر هەلّبژاردنی بەرپرس، بە رێککەوتنێک ناگەن، جێبەجێ دەبێ.

دیکتاتۆریی پرشنگدار — *Enlightened Despotism*

ئەم زاراوە بە شێوازێک لە دەسەلاّت دەگوترێ کە لە سەدەی هەژدەهەمدا پێکهات. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم حکومەتە کە دیکتاتۆرێک لە لوتکەی دەسەلاّتدا، دەسەلاّتدارەتی دەکرد، دابینکردنی خۆشگوزەرانیی گشتی بۆ هاوولاّتیەکانی ولاّتەکەی بوو نەک بەرژەوەندییە تاکەکەسیەکانی خۆی. تایبەتمەندییەکانی دیکەی دیکتاتۆریی پرشنگدار بریتی بوون لە چاکسازیی ئیداری، کەمکردنەوەی ئیمتیازەکانی فیۆدالی، پێکهێنانی تۆلۆرانسی ئایینی و پەرەپێدانی ئابووری.

هێندێک لەو دیکتاتۆرانە بریتین لە کاترینی گەورە، فریدریکی گەورە، لیئۆپۆلدی دووهەم، توسکانی و ژۆزێفی دووهەم.

Recognition دان پێدانان

دان پێدانان شێوازو رێورەسمێکە کە لە سەدەی ١٨ بەملاوە لە پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکان دا بۆتەباو و بریتیە لە دان پێدانان بە وڵاتێکی تازە دامەزراو، لە لایەن وڵاتانی دیکەوە.

دان پێدانان دەبێ لە دوای دامەزراندن و پێکهاتنی وڵاتەوە بێ. چونکە ئەمە بە مانای دان پێدانان بە شتێکە کە تازە دامەزراوە. بەڵام ئەمرۆکە رەنگە دان پێدانان لە لایەن وڵاتێکەوە وەدرەنگ کەوێ.(بۆ وێنە حکوومەتی پاکستان هەتا رێکەوتی ٢٢ی شوباتی ١٩٧٤ لە دان پێدانان بە بەنگلادیش خۆی بوارد) یان ئەوەتا پێش لەوەی وڵاتێک دامەزرێ؛ جیبەجێ دەبێ(ناسینی ئەلجەزایر لە لایەن هێندێک ولاتەوە؛ پێش لە سەربەخۆیی).

Anti_Semitism دژە سامی / دژە جوولەکە

ئەم زاراوەیە بە دوژمنایەتیی یان رق و بێزاری گەلی جوولەکە دەگوترێ کە لە سەدەی بیستەم دا بە جێگای ئەوەی لایەنی ئایینی هەبێ، بۆن و بەرامەیەکی رەگەزپەرەستی هەیە. بنکەی سەرەکی ئەم بیروبۆچوونە، ئەڵمانیای ژێر دەسەڵاتی نازییەکان (٤٥_١٩٣٣) بوو. لایەنی رەگەزپەرەستی ئەم بیروبۆچوونە لە ناوەراستەکانی سەدەی ١٩ لەگەڵ تیۆرەکانی بەرزتر بوونی رەگەزی ئارییایی یان نۆردیک کە هیچ بنەمایەکی زانستی نەبوو، سەری هەڵدا، ئەم بیروبۆچوونە تارادەیەک، بە هۆی ئیرەیی بردن بە جوولەکەکان سەری هەڵدا کە زۆربەی پیشەسازییە هەستیار و گرنگەکانیان لە بوارە بازرگانی و پیشەئازادەکان لە بەردەستدابوو و تارادەیەکیش بە هۆی

هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەوە کە دەیانویست گرووپێکی تایبەتی بە بەرپرسیاری شکستەکانی ئەڵمانیا دابنێن.

هیتلەر لە ئەڵمانیای نازیدا، بۆ پێشگرتن لە تێکەڵاوبوونی رەگەزی ئاریا لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەدا، کۆمەڵە یاسایەکی دەرکرد. بە پێی ئەم یاسایانە جوولەکەکان بەرەگەزی بێگانە و خوێری دانران کە خوێنییان پیسە و لە دەرئەنجام دا ئەمانا لە زگماکەوە تاوانبارن. بەم شێوەیە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و تەنانەت خۆشەویستی کردنیش لەگەڵ جوولەکەکاندا قەدەغەکرا. هەوڵەکانی دیکەی هیتلەر لەم پێوەندییەدا بریتی بوون لە: دوور خستنەوەی زانا جوولەکەکان، قەدەغەکردنی مۆزیکی مەندێلسۆن و ئۆفن باخ، بێبەش کردن لە مافە مەدەنیەکان و مافی کار و پیشە و پاشانیش بەرێ کردنیان بۆ ئوردوگا بەکۆمەڵەکان کە ٦ میلیۆن کەس لەم ئۆردوگایانەدا کوژران.

ئەورووپای رۆژهەڵات لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ەوە ناوەندی بیروبۆچوونی دژە سامی بوو .

دەستوورەکانی دوای ساڵی ١٩٤٥ یەکسانیی نێوان رەگەزەکانیان مسۆگەر کرد، بەڵام بیروبۆچوونی دژە سامی بە رێژەیەکی کەم لە رژێمە کومۆنیستەکان دا هەبوو. رادەی ئەو جوولەکانەی کە لە دوای شەڕ لە کابینەکان دا بەشدار بوون لەسەریەک کەمی کردەوە. لە دوای شۆرشی ١٩١٧ لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا بەڵێنی خودموختاریان پێدرا، بەڵام لە دواییدا تەنانەت کتێب، رۆژنامە، گۆڤار و هۆڵەکانی شانۆی جوولەکەکانیش بەتەواوەتی لە ناو چوون.

دەرەوە سنووری — Extraterritoriality

یاسایەکە کە بە پێی ئەو یاسایە، دیپلۆماتە بێگانەکان و نوێنەرە سیاسیەکانی وەک باڵوێزخانەکان و نووسینگە سیاسیەکانی دەوڵەتەکان، سەرەڕای بوونی فیزیکی لە وڵاتانی خانە خوێدا، بەڵام بە خەڵکی ئەو وڵاتە ناژمێردرێن بەڵکوو وەک دەرەوە سنووریی ئەو وڵاتانە سەیر دەکرێن، هەر بۆیە نێردراوە سیاسیەکان لە هەر جۆرە هەڵکوتانە سەرێک پارێزراون و، نوێنەرە سیاسیەکانیش لەبەر هۆکارە جیاوازە یاساییەکان، پێرەوی لە یاسا و رێوشوێنەکانی وڵاتی خانەخوێ نین. چوون بۆ نێو باڵوێزخانەکان بە توندی قەدەغەیەو،تەنانەت ئەم یاسایە هێزەکانی پۆلیسیش دەگرێتەوە. شوێنە تایبەتی و کەرەسە تایبەتیەکانیشیان تەنیا یاسا و رێوشوێنەکانی نێو کۆنڤانسیۆنە

دیپلۆماتیکەکان و کۆنسوڵی ڤیەننا دەیانگرێتەوە. ناکرێ دیپلۆماتەکان دەستگیر بکەین. تەنانەت ئەوان باج و گومرگیش نادەن. کۆنڤانسیۆنەکانی ڤیەننا چاوەدێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتیەکان دەکەن. پێشێلکردنی بنەمای دەرەوەی سنووری بە لادان لە یاسا نێو دەوڵەتیەکان دەژمێردرێ.

دەستووری ستالین Stalin's Constitution

دەستووری ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٦ ی سۆڤیەتی پێشوو کە زیاتر بە :"دەستووری ستالین"، بەناوبانگە. ئەم دەستوورە لە لایەن کۆنگرەی یەکیەتیی سۆڤێتەوە دارێژرا و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە، ئەم دەستوورە، دیموکراتیکترین دەستووری جیهانە. یەکەم بەشی ئەم دەستوورە بریتیە لە:

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی:

ماددەی یەک:

یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی؛ دەوڵەتی سۆسیالیستی کرێکاران و جووتیارانە.

ماددەی دوو:

ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیی زەحمەتکێشان، بناغەی سیاسی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی پێک دێنن کە بە هۆی رووخاندنی حکومەتە دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان و دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلتاریا سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە بەهێز بوون.

ماددی سێ:

لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا، دەسەڵات بە تەواوی هیی زەحمەتکێشانی شار و گوندەکانە کە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیی، نوێنەرایەتیان دەکەن.

ماددەی چوار:

بناغەی ئابووری یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی؛ سیستەمی سۆسیالیستی ئابووری و خاوەندارێتی سۆسیالیستی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە کە بە هۆی هەڵوەشانەوەی سیستەمی

www.perawipepwle.com

سەرمایەداری ئابووری و هەڵوەشانەوەی خاوەنداریتی تایبەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی چەوسانەوەی کەسێک لە لایەن کەسێکی دیکەوە دامەزراوە.

ماددەی پێنج:

خاوەنداریتی سۆسیالیستی لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی یان بە شێوەی خاوەنداریتی دەوڵەتی یان بە شێوەی خاوەنداریتی کۆمپانیا هەرەوەزییەکانی کەلخووزەیە.

ماددەی شەش:

زەوی، سامانە ژێر زەوییەکان، ئاوەکان، دارستانەکان، کارخانەکان، سەرچاوەو کانزاکان، ئامرازەکانی هاتوچۆ، گواستنەوەی دەریایی و ئاسمانی ، بانکەکان، پۆست، تەلەگراف و تەلەفۆن، ناوەندە گەورەکانی کشتووکاڵ کە لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراون (سوخۆزەکان، ناوەندی ئامێرەکانی کشتووکاڵ، تراکتۆرو...) و هەروها ناوەند و دامەزراوەکانی شارەوانی، و پاشەکەوتی سەرەکی ماڵەکان لە شارەکان و شوێنە پیشەسازییەکان، سامانی دەوڵەتە، یانی سامانی تێکرای گەلە.

ماددەی حەوت:

ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان لە کەلخووز و رێکخستنە هەرەوەزییەکان بە ئاژەڵ و شتە پێویستەکانیەوە، ئەو بەرهەمەی لە لایەن کەلخووز و رێکخراوە هەرەوەزییەکان بەرهەم دێ و هەروەها بناغە کۆمەڵایەتیەکەشیان، خاوەنداریتی سۆسیالیستی کەلخووز و رێکخستنە هەرەوەزییەکان پێک دێنێ.

بە پێی بەرنامەوپێڕەوی کشتووکاڵی هەرخێزانێکی کەلخووز جگە لە شتە تاکەکەسیەکانی خۆی، پارچە زەوییەکی چکۆلەی لە تەنیشت ماڵی خۆی هەیە و وەکوو خاوەنداریتی تایبەتی، خاوەنی ئابوورییەکی چکۆلە لەم پارچە زەوییەی تەنیشت ماڵەکەی خۆی، ماڵ، خۆراک و ئاژەڵ، مریشک و ئامێری چکۆلەی کشتووکاڵیە.

ماددەی هەشت :

زەوی کە لە بەردەست کەلخووزەکان دایە، بە خۆڕایی و بە بێ دیاریکردنی کات یانی بۆ هەمیشە پێیان دراوە.

ماددەی نۆ:

بە پێی یاسا جگە لە سیستەمی سۆسیالیستی ئابووری، کە شێوازی بنەڕەتی وزاڵی ئابووری لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستیە، ئابووریە چکۆلە تاکە کەسیە جووتیاریەکان و خاوەن پیشەکان لە حاڵەتێکدا کە لە سەر بنەمای کار تاکەکەسی بن و کەسی تر نە چەوسێننەوە، ئازادن.

ماددەی دە:

مافی خاوەندارێتی تایبەتی کەسەکان بە سەرداهات و حەق دەستەکانیان، ماڵ و ئابووری خێزانی، کەرەسەکانی ناوماڵ، پێداویستیە بەکاربەریە تاکەکەسیەکان و ئامرازەکانی خۆشگوزرانی و مافی (میرات)ی کەسەکان بە هۆی یاساوە دەپارێزرێ.

دەستێوەردانی مرۆڤدوستانە *Humanitarian Intervention*

بە دەستێوەردانی زۆرەملێی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکەدا دەگوترێ. ئامانج لەم دەستێوەردانە، پاراستنی گیانی مرۆڤەکان و هەروەها بەرەنگاریکردن لەگەڵ هەڵسوکەوتی دڕندانە و نامرۆڤانە یان ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکە. لە نێوان دەستێوەردانی مرۆڤدوستانەی ئەو وڵاتەی کە بەمەبەستی پاراستنی هاووڵاتیانی خۆی لەو وڵاتەدا، لەگەڵ ئەو دەستێوەردانەی کە بە مەستی داکۆکیکردن لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەی کە تووشی کارەساتەکە بوون، بەردەوام جیاوازی دانراوە. ئەم جۆرە دەستێوەردانەی دوایی جارجارە، "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە"شی پێ دەگوترێ. بەڵام هەردووشێوازی دەستێوەردانەکە، لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا مشتومڕی زۆریان لێکەوتۆتەوە. وڵاتانی جیهانی سێهەم هەدوو شێوازی دەستێوەردانەکە ڕەت دەکەنەوە و بە پێشێل کردنی سەروەری خۆیانی دادەنێن. لە ڕۆژئاوادا بیروڕای زانایانی بواری یاساو دوەڵەتەکان جیاوازە. ڕوانگەیەک پێیوایە دەستێوەردانی بە زۆری هێز، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە هاولاتیان لە هێندێک حاڵەتدا بە جێیە. بۆ وێنە هاووڵاتیان مەترسیەکی گەورەیان لە سەرە و حکوومەتی ئەو وڵاتە ناتوانێ بە پێی پێوەرە پەسندکراوە ئەخلاقیەکان پشتیوانیان لێ بکا. لەم حاڵەتەدا دەستێوەردان تەنیا بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانە. ڕوانگەی دژی ئەم بۆ چوونە پێیوایە، ئەگەرچی دەستێوەردان بەمەبەستی

پشتیوانیکردن لە هاوولاّتیان پێش لە دارشتنی پێرەوپرۆگرامی UN کارێکی یاسایی بوو، بەلاّم بە پێی بەندی ٤ی ماددەی ٢ی پێرەو پرۆگرامی UN، پەنابردنەبەر زۆر و هێز لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا قەدەغە و نایاسایە. هەروەها ئەم دەستێوەردانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان ئەمە بکەنە بیانوویەک بۆ وەدیهێنانی بە رژەوەندیەکانی خۆیان، نەک بۆ بەرژەوەندی مرۆڤدۆستانە. ئەگەرچی کێشەکە تا ئیستاش چارەسەر نەکراوە، بەلاّم زۆربەی کەس پێیانوایە کە دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە هاوولاّتیان بیانی، شتێکی نایاساییە.

دادگایی کردنەکانی نۆرنبێرگ (٤٦-١٩٤٥)

Nuremberg Trials

بە دوای ئاشکرابوونی جینایەتەکانی نازییەکان لە ئۆردوگاکانی دیلەکانی شەڕ و ئەو کوشتارە بێ بەزەییانەی کە لە ناوچە داگیر کراوەکانی خۆیاندا لە ناو چەند جیلدا کروبوویانن، لە ماوەی ساڵەکانی ٤٦-١٩٤٥ زۆربەی ڕێبەرانی نازی کە نەیانتوانیبوو رابکەن یان خۆیان بشارنەوە، لە دادگا جیاوازەکاندا وەکوو تاوانباری شەڕ دادگایی کران و سزا دران. یەکێک لە دادگاییەکان لە دادگای " نۆرنبێرگ"ی ئەڵماندا پێکهات. هۆی هەڵبژاردنی نۆرنبێرگ، لایەنی رەمزیی ئەم شارە بوو، چوونکە هیتلەر و نازییەکان زۆربەی کۆڕوکۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانی خۆیان لە سەرەتادا لە نۆرنبێرگ یان لە میونیخ، لە باشووری ئەڵمانیادا بەرێوە دەبرد.

دادوەرە نێودەوڵەتیەکان لە چوار وڵاتی سۆڤیەت، ئەمەریکا، فەرەنسا و بەریتانیا و چەندین راوێژکار و پارێزەر لە وڵاتانی دیکە ئەرکی دادگایی کردن و داکۆکیکردن لە تاوانبارانیان لە ئەستۆ گرتبوو. لە ئاکامدا ڕێبەرە پلەیە یەکەکانی نازی ئیعدام کران و ئەوانەی دیکەش، وەکوو "هێس"، جێگری هیتلەر بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کران.

دەسەڵاتە ناوەندییەکان — Central Power

دەسەلاّتە ناوەندییەکان لە بنەڕەتدا بریتی بوون لە سێ ئەندامی " یەکیەتیی سێ کوچکە" کە لە لایەن بیسمارک لە ساڵی ١٨٨٢دا پێکهات. یەکیەتیی سێ کوچکە لە ئەڵمانیا نەمسا ـ هەنگاریا و ئیتالیا پێکهاتبوو.

له دوای دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا(١٩١٤) و بێلایەنی ئیتالیا ئەم زاراوەیە تەنیا یەکیەتیی نێوان ئەڵمانیاو نەمسا ــ هەنگاریاو هاوپەیمانەکانی واتە تورکیا و بولگاریای دەگرتەوە.

دەسەڵاتی نەتەوەیی — Notional Power

بە کۆمەڵێک توانایی ماددی و مەعنەوی وڵاتێک دەگوترێ. ئەم کۆمەڵە تواناییە بریتین لە:

١ ــ پان و بەرینی، بارودۆخ، کەش و هەوا، وتۆپۆگرافی شوینەکە.

٢ ــ سەرچاوە سروشتیەکان، وزە، و بەرهەم هێنانی خۆراک....

دەسەڵات — Power

لە چەمکە بنەڕەتیەکانی زانستی سیاسەتە کە بە توانایی کەسێک بۆ ناچارکردنی کەسانی دیکە دەگوترێ، کە مل بۆ داواکاری و ویستی ئەو دانەوێنن. ئەو کەسە بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی لە هەموو شێوازەکان کەڵک وەردەگرێ. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەبوونی ئوتۆریتەیە، کە نەریت یان یاساکان دانیان پێداناوەو ڕەوایە و سەرکردایەتی لە کۆمەڵگادا، بەهۆی دان پێدانان بە تواناییەکەوەیە، کە لەکەسێک یان لە بەرپرسێکدا شاراوەتەوە.

دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە پێوەندییەکی دەروونی لە ناو بژاردە سیاسییەکان و ئەوکەسانەدا هەیە کە لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتدان. سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی، تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمێکی سیاسی لە کاتی سەرهەڵدانی چەمکی سەرەوەرییە.

دان پێدانانی دیپلۆماتیک — Diplomatic Recognition

بە پێی ئەو پرۆسەیە دەوڵەتێک بەرەسمیی دان بە مەشرووعییەتی دەوڵەتێکی دیکەدا دێنێ.

ث

www.perawipepwle.com

ژاكۆبینەكان

حیزبێكی بە هێزی سیاسی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسابوو كە ئەندامانی ئەم حیزبە، لەسەر شۆڕش و ئامانجی نیشتمانیی پێداگریان دەكرد. ژاكۆبینەكان لە پەرستگەیەك بە مناوە لە كۆڵانی سەنت ئونورەی پاریس دا كۆبوونەوەكانی خۆیان پێك دەهێنا و بە مناوە بەناوبانگ بوون و چوونكە لە پەرلەمان دا لە لای چەپ و لە سەرەوەی پارلماندا دادەنیشتن، بە مۆنتانیارەكانیش بەناوبانگن. پێكهێنانی كومیتەی رزگاری نیشتمانی و دادگا شۆرشگێرانەكان و پاراستنی نەریتە شۆرشگێرییەكان و پێشگیریكردن لە هەوڵە كۆنە پەرستانەكان، لە هەوڵەكانی ژاكۆبینەكانن. روبسپیر كە بەشۆڕشگێری قارەمان بەناوبانگ بوو، لە سەركردەو و رێبەرە بەناوبانگەكانی ژاكۆبینەكان بوو.

ژاكۆبینیزم — *Jacobinism*

زراوەیەكی فەڕەنسیە كە بە بزوتنەوەی توندڕۆی ناو شۆڕشی گەورەی فەڕەنسە دەگوترێ. سووربوون لە سەر رەوتی شۆرشگێڕانە(بە هەر جۆرێک بێ) و مل نەدان بۆ پێكهاتن و سازان لە تایبەتمەندییە دیارەكانی ژاكۆبنیزمە. ئەم زاراوەیە لە مانا بەربڵاوەكەی دا بۆ پێناسەی بیروبۆچوونی توندڕۆیانە لە بزووتنەوە شۆرشگێرییەكانی دیكەشدا كەڵكی لێ وەردەگیردرێ. بە

هێند نەگرتنی داوای زۆرینە، دیکتاتۆری کەمایەتیەکی پیداگری شۆرشگێڕ، "کۆمیتەکانی ئاسایش گشتی"، وەکوو دام و دەزگاکانی ترساندن و تۆقاندن، هێندیک لە تایبەتمەندیە مێژوویەکانی ژاکۆبینیزمن.

لنین، ڕێبەری شۆڕشی ئوکتۆبەر (تشرینی یەکەم)ی رووسیا بە لایەنگرەکانی خۆی دەگووت: "ژاکۆبینەکانی سەربە چینی کرێکار".

ژیئۆپۆلۆتیک — *Gio politiks*

زاراوەی ژیئۆپۆلۆتیک کە ئەمرۆکە بە مانای لێکۆڵینەوەی جوگرافیای سیاسییە، یەکەمین جار لە لایەن جوگرافی زانێکی سویدی بە ناوی رودۆلف کیلن Rodolf Kejellen (١٨٦٤-١٩٢٢)هاتە ئاراوەو کەڵکی لێ وەرگیردرا. بەڕای کیلن، مەبەست لەم زاراوەیە لێکۆڵینەوەی ژینگەی سروشتی یەکەیەکی سیاسی وەکوو وڵاتە. ئەو لە لایەنگرانی ئەو تیۆرە بوو کە پێیانوابوو وڵاتەکانیش وەکوو بوونەوەرە زیندووەکان وان. کیلن لە جوگرافیای سیاسیدا، وڵاتی لە چەند لایەنەوە لێک داوەتەوە و ئەم پۆلێن بەندییەی کردووە:

١. ژیئۆپۆلۆتیک (Geo politik) یان لێکۆڵینەوەی جوگرافیای وڵات.
٢. دیمۆپۆلۆتیک (Demo politik)یان لێکۆڵینەوەی دانیشتوانی وڵات.
٣. ئۆئیکۆپۆلۆتیک (Oeco politik) یان لێکۆڵینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵات.
٤. سۆسیۆپۆلۆتیک (Socio politik) یان لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتیی وڵات.
٥. کراتۆپۆلۆتیک (Kroto politik) یان لێکۆڵینەوەی باری سیاسی وڵات.

پاشان ئەڵمانیەکان، بایەخێکی تایبەتیان بە بیروبۆچوونەکانی کیلن دا و، لە سەردەمی هیتلەردا ژیئۆپۆلۆتیک هێندێک چەمکی ناجوگرافی وەکوو بەرزتر بوونی رەگەزی نازییەکانی گرتەوەو بەم پێیە وەکوو جاران نەماو بەو کەڵکە نابەجێیەی کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا لەم زانستە بۆ وەدیهاتنی ئامانجی نازییەکان، وەرگیردرا، زاراوەی ژیئۆپۆلۆتیک ئەو بایەخەی جارانی نەما و جێگای خۆی دایە جوگرافیای سیاسی. ئەمرۆکە مەبەست لە ژیئۆپۆلۆتیک زیاتر هەڵسەنگاندنی

دەسەڵاتی نیشتمانیی بە پێی هۆکارە جوگرافیاییەکانە کە بەتایبەتی لەسەر ئەو سیاسەتانە پێدادەگرێ کە لە وڵاتان بەرێوە دەچێ.

Genocide
ژینۆساید / پاکتاوی ڕەگەزی

بە قڕکردنی گرووپە نیشتمانی و ڕەگەزی، ئەتنی و ئایینییەکان بە پیلانێکی لە پێش داڕێژراودا دەگوترێ. لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی پێشگیری لە ژینۆساید لە ڕێکەوتی ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، ژینۆساید بەم کردەوانەی خوارەوە دەگوترێ:

قڕ کردنی تەواو یان بەشێک لە گرووپێکی ڕەگەزی یان ئایینی، کوشتنی ئەندامانی گرووپ، ئازاری جەستەیی یان دەروونیی ئەندامانی گرووپ، خستنە ناو باری نالەباری ژیان بە ئەنقەست. پێشگیری لە منالبوونی ئەندامانی گرووپ، گواستنەوەی زۆرەملێی منالانی گرووپ بۆ گرووپێکی دیکە.

Jus Jentium
ژۆس ژانتیۆم

بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا کە لە لایەن دادوەرانی ڕۆمیی کۆنەوە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان هاوڵاتیانی ڕۆم و هاوڵاتیانی بیانیی داڕێژرابوون .

Girondins
ژیرۆندینەکان

ژیرۆندینەکان ئەندامی حیزبێکی سیاسی بەناوبانگی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا بوون. ئەم حیزبە بە ناوی یەکێک لە ڕێبەرانی خۆیەوە بە ناوی بریسو، بریسۆتینیشی پێ دەگوترا. ژیرۆندینەکان لە لای ڕاستی هۆڵی پەرلەمان و مونتانیارەکانیش (ژاکوبینەکان) لە سەرەوەو لە لای چەپ و میانڕۆکانیش لە ناوەڕاستی پارلماندا دادەنیشتن. نزیکەی زۆربەی هەرەزۆری نوێنەرانی باشووری فەڕەنسا،لایەنگری حیزبی ژیرۆندین بوون.

ژیروندنیەکان لە سەرەتادا نەیاری ڕژێمی پاشایەتیی بوون و هەر لە بەر ئەمەش لە ساڵی ١٧٩٢ دا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. بەڵام لەدوای ڕووخانی لویی شازدەهەم، دژی کوشت وبڕی مانگی ئەیلوول هەڵوێستیان گرت ومارا دادگایی کرا. بەڵام هێزی نیشتمانیی لەگەڵ ئەم

کردەوەدا دژایەتیی کرد و کومیتەی پاریس لەدژیان راوەستاو، زۆربەیان بە گیوتین کوژران (٣١ ئایار تا ٣١ تشرینی یەکەم ١٧٦٣).

سابوتاژ / تیک دان Sabotage

سابۆتاژ (کە لە سالّی ١٨٤٢ کەلّکی وەرگیردرا) لەزاراوەی فەرەنسی Saboter (سەدەی١٣) وەرگیراوە و بریتیە لە دەنگەدەنگ و هەراهەرا کردن بە سابووت (ئەوپێلاّوە دارینانەی کەجووتیارانی فەرەنسا لە پێیان دەکرد.)

ئەم زاراوەیە ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە لە رۆژگارانی پێشوودا، هێندێک لە کرێکارە ئەورووپیەکان بە مەبەستی تێکدان، پێلاّوە دارینەکانی خۆیانیان دەخستەبەر ئامێری کارخانەکان و ئامێرەکانیان رادەوەستاند وبەم شێوە دەستیان لەکارکردن هەلّدەگرت.

واژەی ساباتو هەروەها بە مانای گۆی نەدان و قۆرت تێخستن و تێکدانی ئامێرەکان و بەرهەمەکان کەلّکی لێ وەرگیردراوە و ئامانجەکەی پێشگیری کردن لە کاری دامەزراوەیەک یان کارخانەیەک بوو. سابو بە واتا سیاسییەکەی بریتیە لە هەولّدان بۆ کاری تێکدەرانە لە دامەزراوە و شوێنە حکوومەتی، گشتی و تایبەتیەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی تێکدەرانەو نایاسایی.سابوتاژ هەروەها بە "رووخاندن " یش دەگوترێ کە بە لەوەبەپێش پلانی بۆ دارژابێ.

ر

www.perawipepwle.com

ڕێبازی سیاسیی ئایزنهاڤێر *Eisenhower Doctrine*

دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە، ژەنەڕاڵ دڤایت ئایزێنهاڤێر، سی وچوارەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە حیزبی کۆماریخوازی ئەو وڵاتەیە.

ناوبراو فەرماندەریی هێزەکانی هاوپەیمانانی لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئەستۆدا بوو وتوانییووی لەم ڕێگایەوە خۆشەویستیەکی زۆر لە نێو خەڵکی ئەمەریکادا بەدەست بێنێ، سەرکەوتنی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٢ی ئەو وڵاتە، تارادەیەکی زۆر قەرزداری ئەم شتە بوو.

هەروەها گەندەڵبوونی دەوڵەتی ترومێن و قسەکانی سیناتۆر مەک کارتی سەبارەت بە دزەکردنی مۆرەکانی کۆمۆنیزم لە دەوڵەتی ترۆمێندا، دوو هۆکاری دیکە بوون بۆ سەرکەوتنی ئایزنهاڤێر.(یەکێک لە قۆڵەکان بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە حیزب کۆماریخواز، هیچ کۆمۆنیستێکی تێدا نیە).

هۆکارێکی تری سەرکەوتنی ئایزنهاڤێر،سەردانی ناوبراو لە کۆریا و کۆتایی پێهێنان بە شەڕی ئەو وڵاتە لە ڕێگای وتووێژەوە بوو. ناوبراو بەو تایبەتمەندییانە هاتە نێو دنیای سیاسەتەوە. ئایزنهاڤێر لە ماوەی دەسەڵاتداریتی خۆیدا سیاسەتی " ڕوانگەی نوێ "ی گرتەبەر. بەپێی ئەم سیاسەتە ناوبراو، وازی لە سیاسەتی پێشووی خۆی هێنا کە لەسەر بنەمای ڕاهێنانی سەربازی و پێداگرتن لەسەر ئەوە بوو کە شەڕی دواتر وەک شەڕی دووهەمی جیهانی دەبێ، لە تێکهەڵچوونی زیاتری ئەمەریکا لە شەڕ لەگەڵ کۆریادا خۆی بوارد. سیاسەتی ئەمەریکا، هەم لەسەر گرنگیی چەکە

ناوەکیە تەکتیکیەکان و هەم لەسەر رۆڵی هێزی ئاسمانیی ئیستراتژیک، وەک هۆکاری گۆمارۆدان، پێداگری دەکرد. بەم شێوە دروستکردنی چەکە ناوەکیە تەکتیکیەکان تەشەنەی کرد.

ئایزنهۆڤێر وتبووی کە "ئەگەر ئەو کەرەسانە تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجی سەربازیدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی کە لەم کەرەسانە وەک فیشەکی تفەنگ یان هەرشتێکی لەم چەشنە کەڵک وەرنەگرین".

لە ئەمەریکادا، ئەم سیاسەتە وەک " تۆڵەی هەمەلایەنە" ناوبانگی دەرکرد.

ئایزنهاڤێر وەک کەسانی پێش لە خۆی لە سەر "ئازادی" پێداگری دەکرد و، بڕیاریدا لە بەرامبەر" مەترسیی کۆمۆنیزم" دا بەربەستێک دروست بکا.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی دوولیتل (Doolittle Committee) کە لە ساڵی ١٩٥٥ لەلایان ناوبراوەوە ئەرکی لێکۆڵینەوە وراپۆرتی هێرشەکانی "سیا "ی پێ سپێردرابوو، دەڵێ: " ئێستا دەرکەوتووە کە ئێمە لەگەڵ دوژمنێکی کەللە ڕەقدا بەرەورووین، کە ئامانجی ئاشکرای ئەم دوژمنە، دەستبەسەر داگرتنی هەموو جیهان لە هەررێگایەک و بە هەر نرخێکە. لەو یارییەدا، هیچ یاسایەک باڵادەست نیە. ئەو سەرچاوانەی کە تاکوو ئێستا بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ بەکەڵک بوون، ئیتر ئێستا جێبەجێ ناکرێن. ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کە تۆڕە سیخووڕی و دژەسیخوڕە کاریگەرەکان پەرە پێ بدەین و، دەبێ فێربین کە دوژمنانی خۆمان بە شێوەیەکی وشیارانەتر، ئاڵۆزتر و کاریگەرتر لەو شێوازانەی کە ئەوان لە دژی ئێمەی بە کاری دێنن، بڕووخێنین و، هێرشیان بکەینە سەرو، لە نێویان بەرین."

تێزەکانی ئایزنهاڤێر تارادەیەک لە بەرامبەر قەیرانی سوئێزدا (١٩٥٦)، وڵامدەر بوو. بەپێی ئەم ڕێبازە، سەرۆک کۆمار بەڵێنی پشتیوانی بەو وڵاتانەی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەدا کە لە بەرامبەرمەترسیی داگیرکاریی دەرەکی کۆمۆنیزم یان تێکدەرانی نێوخۆییدا، خوازیاری پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەیانن.

ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانیان لەم سیاسەتەی ئەمەریکا دەکرد، بەپێی بەرنامەی هاوکاریی دوو لایەنانە، هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی ئەمەریکا دەیگرتنەوە.

له ئەنجامی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتەدا بوو کە هێزەکانی ئەمەریکا لە سەرکامیل شەمعون _ سەرۆک کۆماری ئەوکات _ نێردرانە لوبنان (١٩٥٨). بەپێی ئەم ڕێبازە، بوار بۆ گۆڕینی ڕێککەوتننامەی بەغدا بۆ سینتۆ بە ئەندامەتی وڵاتانی ئێران، پاکستان و تورکیا ڕەخسا.

ڕێبازی سیاسیی ئیسترادا — *Estrada Doctrine*

بەپێی ڕێبازی سیاسی ئیسترادا، دەوڵەتەکان مافی ئەوەیان نیە کە ڕەوا بوون یان ناڕەوا بوونی حکومەت یان دەوڵەتێکی سێهەم تاوتوێ کەن و هەڵی سەنگێنن. ئەگەر ئەو دەوڵەتەیان بە نایاسایی زانی ئەوا لە بەڕەسمی ناسینی خۆببوێرن، چوونکە ئەم کارە زەربە لە کەسایەتی و سەروەریی ئەو دەوڵەتە دەدا.

ئەم تیۆرە لە لایەن ئیستردا، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی مەکسیک لە بەیاننامەیەکدا، لە دوای چەندین شۆرش و ڕاپەڕین لە ساڵەکانی ٣١ -١٩٣٠ لە وڵاتانی ئەرژەنتین، بەرازیل، پیرۆ، شیلی وبۆلیڤیا و پاناما ڕاگەیەنرا.

ڕێبازی سیاسیی بێرژنێف — *Brezhnev Doctrine*

بە ڕێچکە سیاسیەکانی لیئۆنید بێرژنێف سەرۆکی یەکیەتیی سۆڤیەت (١٩٨٢ _ ١٩٦٤) لە هەمبەر وڵاتانی سەربە بەرەی سۆسیالیستی دەگوترا.

ئەم ڕێبازە سیاسییە هەروەها ڕاگەیەنراوە جۆراوجۆرەکانی بێرژنێفیش لە دوای داگیرکردنی چیکسلۆڤاکیا لە ڕووداوی بەناوبانگی " بەهاری پراگ" لە لایان سوپاکانی پێنج دەوڵەتی ئەندامی پەیمانی" ڤەرشۆ" لە خۆ دەگرێ.

ڕێبازی سیاسیی بێرژنێف بەرتەسک کردنەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەروەریی نەتەوەیی وڵاتانی سۆسیالیستیی سەر بە سۆڤیەتیشی لەخۆ دەگرت. بەپێی ئەم ڕێبازە " ناکرێ مافی سەروەریی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی سۆسیالیزمی جیهانی دابنرێن. ڕێساکانی مافە نێونەتەوەییەکان ملکەچی یاساکانی خەباتی چینایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتین". بەشێک لەو ڕێبازە تەنانەت پێش لە داگیرکردنی چیکسلۆڤاکیاش لە " نووسراوەی ڤەرشۆ"دا بەم شێوەیە هاتبووە بەر باس : " ناکرێ ئێزن بدرێ کە سیستەمی سۆسیالیستی لە ڕێگای

ئاشتیخوازانه یان لە ڕێگای توندو تیژی تووشی گۆڕان و ئاڵ وگۆڕ بێ. ئەوە ئەرکی هاوبەش و نێونەتەوەیی هەموو ولاّتانی سۆسیالیستیە کە بەرگری لە دەسکەوتەکانی سۆسیالیزم بکەن. ولاّتێکی سۆسیالیستی تەنیا دەتوانێ لە سەربەخۆیی خۆی وەک ئەندامێک لە کۆمەلّگای سۆسیالیستی بەرگری بکات و، بیپارێزێ".

ولاّتانی ئەلّبانیا، چینی کۆمۆنیست، ڕۆمانیا و یوگۆسلاڤیا بە پشت بەستن بە مافی سەروەریی بێ سنوور، ڕێبازە سیاسییەکانی بێرژنێڤیان ڕەت کردەوە.

بەپێی راڤەکانی کۆمۆنیستیەکانی چین و ئۆرگانە ڕەسمییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەو ولاّتە، ڕێبازەکانی بێرژنێڤ نەک تەنیا بەرتەسک کردنەوەی مافی سەروەریی نەتەوەیی ولاّتانی سۆسیالیستی لەخۆ دەگرت، بە لّکوو ئامانجی تری وەک دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی لە کۆمەلّگای سۆسیالیستی جیهانیشی لە خۆ دەگرت کە ئەمەخۆی هێژمۆنی خوازیی ـ سۆڤیەت و سەپاندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای بەدواوە بوو.

ڕێبازی سیاسیی بۆشی یەکەم (۱۹۸۹_۱۹۹۳) Bush Doctrine

ئەم زاراوەیە کە زۆر جار بە هاوواتای " تەکوزی نوێی جیهانی " دادەنرێ، کۆمەلّێک بیروبۆچوون لە خۆ دەگرێ کە مانا و واتای روون و ئاشکرایان نیە. بەلاّم سەرەڕای ئەوەش، ئەو کۆمەلّە ڕووداوەی کە لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینی لە هەموو جیهاندا ڕوویان داوە، بیرمەندان و خاوەنرایانی ناچار کردووە تاکوو ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی " تەکوزی نوێی نێونەتەوەیی" هەلّسەنگێنن. ڕووداوەکانی بەرەی کۆمۆنیزم و بەدوای ئەویشدا، گۆڕانی سیستەمەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت، ڕووخانی دیواری بەرلّین، کوتایی شەڕی سارد، هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر پاناما و هێرش بۆ سەر ولاّتی کوێت بۆ تێکشکاندنی هێزی سەربازیی سوپای عێراق و هێرشکردنە سەر عەرەبستان لە نموونەی ئەم ڕووداوانەن. لەڕێکەوتی ۱۱ی سێپتەمبەری ۱۹۹۰، جۆرج بوش (یەکەم) سەرۆک کۆماری ئەمەریکا دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە (ئابی ۱۹۹۰) لە وتارێکدا لە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمەریکا، تەکوزی نوێی جیهانی بەم شێوە پێناسە کرد:

" جیهانێکی زۆر جیاواز لەو جیهانەی کە ئێمە ناسیومانە. جیهانێک کە لەودا دەسەلاتی یاسا، جێگای یاسای دارستان دەگرێتەوە .جیهانێک کە لەودا ولاّتان ئەرکی هاوبەش بۆ ئازادی و دادپەروەری بەرەسمی دەناسن و، جیهانێک کە لەودا بە هێزەکان رێز لە بێ هێزەکان دەگرن"

بەباوەڕی ئالن دۆبنوا ـ بیرمەندی فەرەنسی ـ مەبەست لە پێکهێنانی نەزمی نوێی جیهانی ئەوە بوو کە فاکتەری سیاسی دەچێتە ژێر رکێفی فاکتەری یاسایی و، لە ئاکام دا فاکتەری یاسایی لە خزمەت رەوشتێکی تایبەتی دادەبێ کە ئامانجەکەی پاراستن و رەوایی دان بە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوایە.

ڕێبازی سیاسیی بوشی دووهەم (۲۰۰۱) Bush (Gr) Doctrine

بە تیۆر و دژکردەوەکانی جۆرج دەبلیۆ بۆش؛ چل وسێهەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، سەبارەت بە کێشە جیهانیەکان دەگوترێ. ناوبراو لە کاتێکدا بوو بە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، کە نزیک بەیەک دەیە لە کۆتایی شەڕی سارد و رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت تێپەڕ ببوو و، ئەمەریکا بە کەڵک وەرگرتن لە هەلێک کە بۆی رەخسا بوو، بەدوای سەقامگیر کردنی دەسەلاّتی سیاسی و سەربازیی ریزپەڕانەی (دەگمەن وتایبەتی) خۆی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بوو تاکوو ببێ بە تاقە هێزی جیهان. رووداوی تێرۆریستیی یازدەی سێپتەمبەر بوو بە هۆی ئەوەی کە دەسەلاّتدارانی ئەمەریکا بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی کە رەخساوە، ئاواتەکانی ڤیلسۆن لە کردەوەدا، وەدی بێنن.

"بۆش"یش وەک ڤودرۆ ڤیلسون پێیوابوو ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆیە، کە بۆ بەرفراوانکردنی نەزمی نوێی جیهانی جۆرێک ئەرکی مەعنەوی بەسەر کاربەدستانی ئەمەریکادا دەسەپێنێ. رێبازی سیاسیی بۆش بەر لەوەی کە بنەمایەکی رۆشنبیری هەبێ، سەرچاوەیەکی ئایینی هەیە.

بۆش کە سەرکردەی پارێزگارە نوێکانی ئەمەریکایە، لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی لیبراڵەکان و تەنانەت لەگەڵ سیاسەتی لیبراڵە کۆماریخوازەکانیشدا دژایەتی دەکاو، پێیوایە دەبێ بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی و یەکلایەنەگەری، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەڕێوە ببا. وا پێدەچێ کە دوو ئامانجی سەرەکی خۆیان لە ناخی ئیستراتیژی ئەمریکا حەشاردابێ:

١ ـ بەدەستەوەگرتنی سەرچاوەکانی وزە.

www.perawipepwle.com

٢ــ کۆنترۆڵی سەربازیی ناوچە ستراتژییەکانی جیهان.

ئێستاکە ئەمەریکا زیاتر لەهەر بوارێکی دیکە، بایەخ بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەدا، کە لە روانگەی واشینگتۆنەوە سەربزێو (Rouge States) ن. تیۆری پێکدادانی شارستانیەتەکانی سامۆئێل هانتینگتۆنیش رەواییەکی ئایدۆلۆژیانە بەم ستراتژییە دەبەخشێ.

رێبازی سیاسیی بوش دەکرێ لە چوارلایەنی سیاسی، ئابووری، یاسایی و سەربازی هەڵسەنگێندرێ.

لە روانگەی سیاسییەوە، بەسەرنجدان بە بەستراوەبوونی ئەندامانی دەوڵەتی بوش بە تاقمی پارێزگارە نوێکان و سەرهەڵدانی دیاردەی راستی نوێ کە رادیکالیزمێکی دەستەراستی و توندرۆیانە و بنەماکانی لە لیبرالیزم و پارێزگاری سەرچاوەیان گرتووە ـــــ هەم بۆ پێناسەی نیۆلیبرالەکان و هەم بۆ پێناسەی پارێزگارە نۆییەکانیش کەڵکی لێ وەردەگرن ـــــ ، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە پێوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی پارێزگارە نوێیەکان لەگەڵ بزوتنەوەی ڕاستی ئایینیدا رۆژ بە رۆژ بە هێزتر ببێ. لەو پێوەندییەدا، ئەم رێبازە لە بنەڕەتەوە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسییەوە رێگای لیبڕالی گرتۆتە بەر، بەڵام لە بواری رەوشتی و کولتووری و کۆمەڵایەتیەوە پارێزگارتر دەبێ.

لە بواری ئابوورییەوە، دۆکتورینی بوش هەوڵ دەدا تاکوو بە کەمکردنەوەی ٦٠٠ملیارد دۆلار لە باجەکان، بوار بۆ جووڵەی هەرچی زیاتری مەکینەی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان برەخسێنێ.

بەستراوەیی بێ ئەملاوئەولای تاقمی بوش بە کارتێلە گەورەکانی نەوتی، ماددی، بانکی و ناوەندە سەربازی و پیشەسازییەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە بەپشت بەستن بە رووداوی ١١ی سێپتەمبەر، لە بواری سیاسی، رەوشتی و پروپاگەندییەوە، پاساو بۆ سیاسەتەکانی ئەمەریکا بێننەوە.

٢ــ لە بواری یاساییەوە، ئەمەریکا لە پێناوی جێبەجێکردنی رێبازە سیاسییەکانی بۆش بەچەندین جار پرەنسیپەکانی یاسا نێونەتەوەییەکانی پێشێل کرد. هێندێک لەو بابەتانە بریتیین لە:

٣ــ پابەند نەبوون بە پرەنسیپەکانی رێککەوتننامەی کیۆتۆو، زۆر دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو بریارانەی کە سەبارەت بە ژینگەن، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵێنجانی سەرچاوەکانی نەوت، توێی ئۆزۆن و گازە گوڵخانەییەکان.

٤_ خۆکێشانەوەی بە ڕەسمی لە ڕێککەوتننامەی دژەموشەکیی بالستیک (ABM) بە هۆی ئەوەی کە ئامانجی ئەمەریکا بەرگریکردن لە ئاسایشی خەڵکە نەک پشتیوانیکردن لە گرێبەستە هەڵوەشاوەکان.

٥_ ڕەتکردنەوەی ئیمزای ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی چەکە ناوەکیەکان.

٦_ دژایەتی لە گەڵ دادگای سزای نێونەتەوەیی.

٧_ پێشێلکردنی ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیەوە هەیە. بۆ وێنە؛ بەرزکردنەوەی نرخی گومرک بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە بەرهەمهێنەرانی پۆڵا(مای ٢٠٠٢).

٨_ پێشێلکردنی پرۆتۆکۆلی ١٩٨٩ کە تەواوکەری ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی لە سێدارەدانی تاوانبارانی ژێر ١٨ساڵە (کە ئێستاش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، عەرەبستان، نیجیریا، کۆماری کۆنگۆ، و ..... هتددا بەڕێوە دەچێ).

دوای داگیرکردنی عێراق (نیسانی ٢٠٠٣)، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادە نەبوو هیچ ئیمتیازێکی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و نۆژەنکردنەوە بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بداو، ڕێکخراوەکەی بە ناکارامە و لێنەهاتوو لە بەڕێوەبردنی کارفەرمانی خۆی واتە دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایش تاوانبار کرد.

لایەنی سەربازیی دۆکتورینی بۆش کە بە گرنگترین لایەنی ئەو دۆکتورینە دەژمێردرێ، ئەو توانایە بە ئەمەریکا دەبەخشێ، تاکوو بە پشت بەستن بە هێزی سەربازی و کۆگا سەربازی ـ پیشەسازییەکان، هەرجۆرە خۆڕاگرییەکی ئەو سوپایانە تێک بشکێنێ کە بەچەکە ئاسایی و نائاساییەکان پۆشتە کراون.

لەو پێوەندییەدا کۆشکی سپی لە ئەیلوولی ٢٠٠٢دا بەڵگەیەکی بڵاوکردەوە، کە بەپێی ئەو بەڵگەیە دەوڵەت، دەوڵەت دەیتوانی لەچوارچێوەی شەڕی پێشگیرانە، هێرشی سەربازی بکاتە سەرئەو وڵاتەی کە دەیویست. بەپێی ئەم تیۆرە کردەوەی پێشگیرانە بۆ ئەوەی بتوانی لەخۆت بەرگری بکەی، گرنگترە، تەنانەت ئەگەر لەوەش دڵنیا نەبی کە دوژمن لە چ سات و کاتێکدا و لە کوێوە هێرش دەکا.

بۆ پێشگیری لە ڕوودانی کردەوەیەکی لەم چەشنە،ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاتی پێویستدا، مافی کردەوەی پێشگیرانە بۆ خۆی دەپارێزێ. بە واتایەکی تر، هەرئەوەندەی کە

واشینگتۆن پێیوابێ ولاّتێکی تایبەتی هەڕەشە ومەترسیەکە لە سەر ئەمەریکا، ئەمەریکا دەتوانێ هێرش بکاتە سەر ئەو ولاّتە. تەنانەت ملکەچ بوونی ئەو ولاّتەش، بەر بە هێرشی ئەمەریکا ناگرێ.

ـ لە شەڕی پێشگیرانە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێی مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاناوەستێ.

ـ نۆژنکردنەوەی توانایی سەربازی ئەمەریکا بە جۆرێکە کە بتوانێ لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵ دوو تێکهەڵچوونی گەورە و، لە دوای ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لەگەڵ چوار تێکهەڵچوونی مام ناوەندی، هاوکات لەگەڵ هێرشێکی گرنگ و داگیرکردنی پایتەختی دوژمن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، بەربەرەکانی بکا، تێزەکانی شەڕی پێشگیرانە، زەربە پێکەوتوونەکان بە پرەنسیپی سەروەریی دەوڵەتەکانیش پێش بینی دەکا.

ـ کەڵک وەرگرتن لە چەکی ئەتۆمی: لە حاڵێک دا کە تێزەکانی پێشوو کەڵک وەرگرتن لەمجۆرە چەکانەیان تەنیا تایبەت بە هێرشە ئەتۆمیەکان دەزانی، بەلاّم تێزە نوێنەکان لەمەوبەدوا کەڵک وەرگرتن ل هێزی ئەتۆمی لە هەل و مەرجی شەڕە کلاسیکیەکان بە دژی ئەو ولاّتانەی کە ئەم چەکەیان لە بەردەست دانیە، پێش بینی دەکا.

بەشێک لە پلانە سەربازییەکانی ئەمریکا لەڕاستای تێزەکانی بوش بریتین لە :

ـ پشتیوانیکردن لە بەرنامەی موشەکیی شەڕی ئەستێرەکان و زیادکردنی بوودجەی ئەم بوارە بە ڕێژەی ٤٠%.

ـ پشتیوانیکردن لە سیستەمە نوێیەکانی بەرگری موشەکی، رادارە لیزەرییەکانی سەرزەوی، ئاسمان، دەریا و بۆشایی.

ـ پێشنیاری بوش بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کلاّوە ئەتۆمیەکان (کۆنەکان)ن نابێتە هۆی دابەزینی ئاستی توانایی ئەتۆمی ئەمریکا. چوونکە ئەم ولاّتە دەیهەوێ کلاّوەزۆر وردتر ولە هەمان کاتدا بە هێزترەکان لە جێگای موشەکە کۆنەکان دابنێ.

ـ چوونە دەری ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی دژەموشەکی بالستیک (ABM) و، پیڕەویکردن لە پلانە بەرزەفڕانەکانی شەڕی ئەستێرەکان.

هەروەها دەوڵەتی ئەمەریکا لە بەرنامەی دایە تاکوو:

- کلاّوە بچووکە ئەتۆمیەکان بۆ کارتێکردن لە ئامانجە پتەوەکان بەرهەم بێنێ و کەڵکیان لێ وەربگرێ.
- دەست بە بەرهەمهێنانی موشەکی بالستیکی بەرەی نوێی ترایدێنت ـ٣ بکا.
- کەمکردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بە کەمکردنەوەی ئەم جۆرە چەکانە لە لایەن رووسیاوە ببەستێیەوە.

ڕێبازی بوش لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهان وڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان:

دەکرێ ئەم ڕێبازە لە دوو قۆناغ دا هەڵبەسەنگێندرێ:

١ـ لە ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەر تاکوو هێرش بۆ سەر ئەفغانستان .

٢ـ دوای داگیرکردنی ئەفغانستان تاکوو کێشەی عێراق.

بە دوای ڕووداوی ٩/١١، ئەمەریکا دەستی بە جۆرێکی تر لە هاوپەیمانەتی سیاسی لە ئاستی جیهاندا کردووە، بە دروشمی :" یان لەگەڵ ئێمەن، یان دژی ئێمەن"، هەوڵی ئەوەیدا تاکوو وڵاتانی جیهان بکات بە لایەنگری سیاسەتەکانی خۆی. وڵاتانی ئەورووپی کە بە توندی کەوتبوونە ژێر کاریگەری قوولی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ٩/١١ ، هاوپێوەندی و هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکادا ڕاگەیاند. ئەمەریکا لە ڕێگای تێکهەڵکێشکردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیدا، توانی هەم پشتیوانی ئەم وڵاتانەو هەم ئیجازەنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەم پشتیوانی زلهێزەکان بۆ هێرش بۆ سەر ئەفغانستان بەدەست بێنێ. بەڵام یەک لایەنەگەریی لە ڕادەبەدەری ئەمەریکا بە پێشێل کردنی مافە نێونەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ شەڕدا، بوو بە هۆی ئەوەی کە هاوپەیمانە دێرینەکانی ئەمەریکا (جگە لە بەریتانیا) لە ئەمەریکا دوور کەونەوە، بە شێوەیەک کە لە سەر هێرش بۆ سەر عێراق، درزێکی گەورە کەوتە ناو پێوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا و چین.

لەو نێوەدا فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە توندی دژایەتیان لەگەڵ یەک لایەنەگەری ئەمەریکا لە هێرش بۆ سەر عێراقدا کردو، ئەمەریکاش لە بەرامبەردا هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لەو وڵاتانە کرد.

لە بەرامبەر ڕووسیادا، ئەمەریکا لە ڕێگای بەئەندامکردنی کۆمارەکانی پێشووی ڕووسیا و هاوپەیمانیەکانی ئەم وڵاتە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە ڕێکخراوی ناتۆ دا، درێژە بە سیاسەتی

گەمارۆی رکابەر دەدا دەداو، هەنگاو بە هەنگاو لە داماڵینی چەکی ئەتۆمی ئەو وڵاتە نزیک بۆتەوە. وا پێدەچی کە رووسیا بۆ ئاستی هێزیکی پلە دوو دابەزیێ.

رێبازی سیاسی بوش سیاسەتێکی توندتری لە بەرامبەر ئێران، عێراق و کۆریای باکوور گرتۆتە بەرو، ئەم سێ وڵاتەی لە بەرەی شەتیانی دانا(کانوونی دووهەمی ٢٠٠٢). وابێدەچێ کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی باردۆخی ژیئۆپۆلۆتیک و ژیئۆستراتیژیی خۆیان، لە سەرەوەی ئەو وڵاتانە دابن کە ئەمەریکا بە دوای گۆڕینی رەفتاری سیاسی سیستەمە داخراوەکانی وڵاتانی عەرەبیدا بێ و، تەنانەت رووخاندنی ئەو رژێمانەش لە خۆبگرێ کە بە باوەڕی ئەمەریکا ناوەندێکی لەبار بۆ گەشەکردنی تیرۆریزم بن و، دەبێ لە بناغەوە بگۆڕدرێن. ئەم گۆڕانکارییە سووریا، لوبنان، عەرەبستان، میسر و تەنانەت ئیسرائیلیش لە خۆ دەگرێ.[ئێرانیش لە ریزی ئەو وڵاتانە دایە. و]

کێشەی عێراق لوتکەی دۆکترینی بۆش بوو کە بە بیانووی چەک داماڵینی ئەو وڵاتە، ئەمەریکا لە ٢٠ مارسی ٢٠٠٢دا، بەبێ مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایش هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە و داگیری کرد. لە هەمان کاتدا هەڕەشەی لە سووریا کرد کە لە داڵدەدانی کاربەدەستانی بەعسی عێراقی لە خاکی خۆیدا خۆ ببوێرێ.

لە بارەی عەرەبستانەوە، ئەگەرچی ئەو وڵاتە بە یەکێک لە هاوپەیمانە دێرین و بەوەفاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەژمێردرێ، بەڵام بەشداریی بەرفراوانی هاووڵاتیانی عەرەبستان لە رووداوی ١١ سێپتەمبەردا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا چاوێک بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا بخشێنێتەوە. داگیرکردنی عێراق بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا بەشێک لە هێزە سەربازییەکانی خۆی لە خاکی عەرەبستان بۆ قەتەرو عێراق بگوازێتەوە.

لە بارەی فەلەستینەوە، لە دوکترینی بوش دا ئەگەرچی پێخۆش بوونی ئەمەریکا بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستین (هەتا ساڵی ٢٠٠٥) راگەیەنراوە، بەڵام زیاتر لایەنگری لە ئیسرایل کراوە. دوای هەڵبژێرانی ئەبومەئزەن بە سەرۆکایەتی فەلەستین، ئەمەریکا پلانێکی لە ژێر ناوی نەخشەی رێگا (Road Map)دا، بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی پێشنیار کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستان، دوای رووداوی ١١سێپتەمبەر، ئەمەریکا بە تاوانبارکردنی ئۆسامە بن لادن و رژێمی تالیبان بە ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠١دا،

www.perawipepwle.com

هێرشی کردە سەر ئەو ولاتەو، داگیری کرد. بەرووخاندنی رژێمی تالیبان، حامد کارزای کردە سەرۆک کۆماری ئەفغانستان.

لە بارەی پاکستانەوە، سیاسەتی تۆقاندن و خۆخۆشەویست کردنی گرتەبەرو، ئەم ولاتەی ناچار کرد کە لە هێرشکردن بۆ سەر ئەفغانستان، هاوکاری ئەمەریکا بکا. لە بەرامبەریشدا لە کۆمەڵێک قەرزی پاکستان خۆش بوو. هەروەها سەبارەت بە کێشەی کەشمیریش، پاکستانی بە پاراستنی بارودۆخی ئێستای کەشمیر، لە بەرامبەر هێند دا رازی کرد.

هەروەها سەبارەت بە چینیش، سیاسەتی " رکابەری ستراتیژیی "ی لە جێگای سیاسەتی "هاوپەیمانەتی ستراتیژیی" دانا.

لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەرچی ئەم دامەزراوەیە دوای رووداوی ١١ سێپتەمبەر کۆمەڵێک بریارنامەی دژە تیرۆریستی پەسند کردووە و، هەروەها لەبارەی ئەفغانستانیشەوە هەنگاوی پۆزەتیڤی لە بارەی گەیاندنی بەپەلەی خۆراک، گەڕاندنەوەی پەنابەران، پاراستنی ئاشتی، نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و نووسینی دەستوور هەڵێناوە، بەلام ئەو ناکۆکیانەی کە لەسەر پەسندکردنی بریارنامەی ژمارە ١٤٤١ لەو ناوەندەدا پێکهات، نەیارانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کابینەی دەوڵەتی ئەمەریکادا رایانگەیاند کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بریارداندا لە سەرەخۆیە، حەز ناکا کێشەکە لە رێگای هێزی سەربازییەوە چارەسەر بکرێ و لە بواری دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکە، دیلی بیرۆکراسیەو، ئەوەندە سەرقاڵی کێشەو ناکۆکییەکانی رابردووە، کە ئیتر ناتوانێ ئەرک و بەرپرسیارەتێکی نوێ بە ئەستۆوە بگرێ. لە پێوەندی لەگەڵ عێراق دا، بەرپرسانی دەوڵەتی بۆش بە سەرنجدان بە پێداگری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی هێرش بۆ سەر ئەو ولاتە، قۆڵی تۆڵەیان لەو رێکخراوە هەڵماڵی و، بەکردەوە لە دوای شەڕ، ئەم رێکخراوەیان خستە پەراوێزەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ناتۆ، ئەگەرچی ئەم رێکخراوە لە سەرەتادا، رووداوی ٩/١١ی بە هێرش بۆ سەر خاکی ئەمەریکا داناو ، بەپێی پێڕەوپرۆگرامی نێوخۆی رێکخراوەکە، ئەم هێرشەی بە هێرش بۆ سەر خاکی گشت ولاتانی ئەندام لە قەڵەم دا، لە هێرش بۆ سەر ئەفغانستاندا بەشداری کرد؛ بەلام پشتیوانی لە شەڕی عێراق نەکرد. بە هۆی ئەوەی کە چەند ناکۆکیەک لە نێوان

ئەمەریکا و بەریتانیا لەگەڵ دوو ئەندامی گرنگی دیکەی ناتۆ و یەکیەتیی ئەورووپا واتا فەرەنسا و ئەڵمانیا سەری هەڵدا، هیچ رۆڵێک بە ناتۆ نەدرا.

ڕێبازی سیاسیی ترۆمێن (١٩٤٥_١٩٥٣) Trumar Doctrine

ئەم زاراوە بە ڕێبازی سیاسیی ترۆمێن، سی و سێهەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە حیزبی دیموکراتی ئەو وڵاتە دەگوترێ.

ناوبراو لە هەل ومەرجێکی ئاڵۆزدا کە لە تێکهەڵچوونەکانی سوپای ئەمەریکا لە شەڕی دووهەمی جیهانیەوە سەرچاوەی دەگرت، دەسەڵاتی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەدەستەوە گرت؛ بەڵام کارتێکی براوە بەهێزی لەبەردەست دا بوو. ئەم کارتەش گەڵاڵەی مەفەتەن بوو کە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی لەخۆ دەگرت و، ترۆمێن بەپشت بەستن بەو گەڵاڵەیە، هەستی بە هێزێکی زۆر لە خۆیدا دەکرد کە سەرکردەکانی پێشوو هیچکامیان ئەم هەستەیان لە خۆیاندا بەدی نەکردبوو.

بنەماکانی ڕێبازی ترۆمێن لە بنەڕەتەوە لە ترسی گشتیی ئەمریکا لە تێوگلان لە دابەزینێکی ئابووریی دیکەوە سەرچاوەی دەگرت و، هەربۆیە ئەمەریکیەکان هیچکات پێیان خۆش نەبوو ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان وەک ئەورووپای رۆژهەلات یەک بە دوای یەکدا بچنە نێو باوەشی سۆڤیەتەوە.

ترۆمێن دوای تاقیکردنەوەی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی، هەنگاوی بەرەوشەقامی ستراتیژیی تۆڵەی هەمەلایەنە هەڵێنایەوە، کە ئەمەخۆی بەشێک لە ڕێبازی سیاسیی ناوبراوی پێک دەهێنا.

ئەم ستراتیژیە لە کردەوەدا، لەگەڵ چەند گرفتی بنەڕەتی بەرەورووبوو:

١_ژمارەی بۆمبە ئەتۆمیەکانی ئەمەریکا زۆر کەم بوو؛

٢_ بۆمبەکانی نێو جبەخانەی ستراتیژیی خاوەنی هێزێکی بەرچاو نەبوون؛

٣_ لەگەڵ ئەگەری هێرشێکی ئەتۆمی و کوژرانی دەیان هەزار کەسی ئاسایی سۆڤیەت، سووپای سووری ئەم وڵاتە هەروەک خۆی دەمایەوەو، دەیتوانی لە بەرامبەر هێرشی ئاماژە پێکراو، ئەورووپای رۆژئاوا داگیر بکا.

تیروانینەکانی ترۆمێن چەندین رەهەندی جۆراجۆری هەبوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٧دا وتبووی: دەبێ هەر نەتەوەیەک ڕێگایەک بۆ خۆی هەڵبژێرێ، یەکێک لە ڕێگاکان لە سەر ویستی

زۆرینه وەستاوەو، تایبەتمەندیی ئەم ڕێگایەش بوونی دامەزراوەی سەربەخۆ، دەوڵەتی هەڵبژێراوی خەڵک، هەڵبژاردنی ئازاد، دابینکردنی ئازادیی تاکەکەسی، ئازادیی ڕادەربڕین و ئایین و ڕزگاربوون لە سەرەڕۆیی سیاسییە.

دووهەمین ڕێگاش لە سەرویستی کەمینەیەک ڕاوەستاوە کە لە ڕێگای فشار بە سەر زۆرینەدا حکوومەت دەکا. بناغەی ئەمجۆرە حکومەتانە لە سەر تیرۆر و سەرکوتی ئازادییە تاکەکەسییەکان ڕاوەستاوە. ئەمەریکا دەبێ هەوڵی بدا، پشتیوانی لەو خەڵکە بکا کە یان لە حاڵی بەربەرەکانی لەگەڵ کەمینە چەکدارەکان دان یان لە ژێر فەرمانڕەوایی دەرەکی دان". سیاسەتی دەرەوی ترۆمێن بە شێوەیەک بوو کە لە هەر شوێنێک هەڕەشەیەک لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە ئارا دابوایە، بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرد؛ بەڵام ئەمەریکییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم هەڕەشەیە شتێکی جگە لە بۆمبی ئەتۆمیان لە بەردەست دانەبوو. ئەمەریکا بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ هەڕەشە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە ئەورووپا، سیاسەتی چەکدارکردنی وڵاتان و دانی قەرز بە ئەورووپیەکانی گرتەبەر.

ئەمەریکا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە کۆمۆنیزم لە حاڵەتی قەیران و هەژاریدا گەشەدەکاو، تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزم، بەخشینی هاوکارییە ئابوورییی بەو وڵاتانەیە کە بەدەست ئەم کێشانەوەدەناڵن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦دا، ئەمەریکا بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ هەڕەشەکانی سۆڤیەت، سێ ڕێگای گرتەبەر.

١) نۆژەنکردنەوەی سەرچاوە سەربازییەکانی ئەمەریکا.

٢) هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانەی کە مەترسی دان.

٣) بەخشینی هاوکارییە ئابووری و تەکنیکیەکان بەو وڵاتانەی کە پێویستیان پێیەتی.

لەو نێوەدا، بەرواڵەت یۆنان زۆر گرنگ بوو. بەڵام گرنگتر لە یۆنان، ئەڵمانیا بوو کە بۆ بەرگری لە ئەورووپای ڕۆژئاوا وەکوو ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی هەبوو. قەیرانەکانی تورکیا و ئێران و داگیرکردنی خاکی ئێران و پشتیوانیی سۆڤیەت لە حکومەتە ناوچەییەکانی ئازەربایجان و کوردستان، کێشەکانی قووڵتر دەکردەوە.

وەزارتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر یۆنان لە دەست بچێ، بەدوای ئەودا تورکیاش لە دەست دەچێ و، سۆڤیەت دەتوانێ کۆنترۆڵی گەرووی داردانێل

بەدەستەوە بگرێ. بەپێی تیۆری ئاچسۆن: " ئەگەر وڵاتێک چووبا نێو بەرەی کۆمۆنیزمەوە، هاوسێکانی ئەو وڵاتەش ڕێگای ئەویان دەگرتە بەر."

ئەو تیۆرانە دواتر بە "دوومینۆ" ناوبانگیان دەرکرد. لەم ڕووەوە ئاحسۆن پێیوابوو کە سێوێکی رزیو، سێوەکانی تری نێو سپیەکەش دەرزێنێ.

لە مانگی مارتی ١٩٤٧دا، ترۆمێن پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە هەرکات و لە هەر شوێنێکدا دەوڵەتێکی غەیرە کۆمۆنیست لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە، بۆ وێنە بەهۆی سەرهەڵداوەئەتنی و خۆجییەکان یان بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکی و تەنانەت گوشاری دیپلۆماتیک (وەک تورکیا) بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ پێداویستیە ئابووری، سیاسی و گرنگتر لە هەمووشیان پێداویستیە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانە دابین بکا.

لە قامووسی ترۆمێن دا، زاراوەی " خەڵکی ئازاد" و "دژە کۆمۆنیست " هاوواتای یەکتر بوون و، ڕێبازی سیاسیی ترۆمێن پێشی بە هەر شۆرشێک دەگرت. رژێمە دیکتاتۆرەکان هەر ئەوەندە کە گوتبایان دوژمنەکەیان کۆمۆنیستە، ئەمریکا بێ سێ و دوو بەهانایانەوە دەچوو.

ناوبراو بۆ ئەوەی کە لە نێو بیروڕای گشتیدا ڕەوایەتیەک بە هێرشە سەربازییەکانی ئەمەریکا ببەخشێ، پێویست بوو جار ناجارێک ترسێکی گەورە و لەرادەبەدەر لە دڵی ئەمەریکیەکاندا دروست بکا بۆ ئەوەی پشتیوانی ئەوان بەدەست بێنێ. ناوبراو بە جۆرێک باسی لە رژێمە دیکتاتۆرەکان دەکرد کە ئەو رژێمانە لە هەر شوێنێک بن، ئازادی پێشێل دەکەن. بەوتەی ناوبراو " ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک لە نێوان ڕێگا جۆراجۆرەکانی ژیاندا، ڕێگایەک بۆ خۆی هەڵبژێرێ....".

تێزەکانی ترۆمێن ڕێگای ناردنی هاوکاری و یارمەتیە گەورەکانی بۆ ئەورووپا دەکردەوە، چوونکە بە باوەڕی ئەمەریکا، ئەوە تەنیا ئەورووپایەکی ساغڵەم بوو کە دەیتوانی لە بەرامبەر هێرشی سوپای سووردا بەربەرەکانی بکا.

ترۆمێن بۆ خۆی پێیوابوو کە تێزەکانی ئەو و گەڵاڵەی مارشاڵ دوو ڕووی دراوێکن.

ئەگەرچی سەبارەت بە تورکیا و یۆنان زیاتر پێداگریان لەسەر ڕەهەندی سەربازی دەکردەوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژئاوادا، ئەم پێداگرییە زیاتر ڕەهەندی ئابووری هەبوو. بەڵام بەگشتی هەمووی ئەم ڕەهەندانە یەک ڕۆڵیان لە بەرامبەر سۆڤیەت دا دەگێرا.

یەکێک لە ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ترۆمێن، کودیتای کۆمۆنیستیی چیکۆسلۆڤاکیا بوو کە بەدوای ئەمەدا، سەرۆک کۆمار، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنی " بەڕێوەبەرییە خزمەتگوازییە ستراتیژیی"ەکانی دەرکرد. چوونکە ئەم ڕێکخراوە بە چوارچێوە و پێکهاتەی گۆستاپۆیی، لەگەڵ نەریتەکانی ئەمریکادا یەکی نەدەگرتەوە" .

لە درێژەی ئەم ڕێگایەدا، ناوبراو لە ساڵی ۱۹٤۲دا، پێخۆش بوونی خۆی لە سەر دامەزراندنی " ڕێکخراوی هەواڵگری ناوەندی" (CIA) وەک بەشێک لە "یاسای ئاسایشی نەتەوەیی" ڕاگەیاند.

ڕەهەندێکی تری ڕێبازە سیاسییەکەی ترۆمێن بە " پرەنسیپی چوار" بەناوبانگ بوو کە لە ساڵی ۱۹٤۹دا هێنایە گۆڕێ. ناوبراو لەو گەڵاڵەیەدا بەڵێنیدا کە هاوکارییە تەکنیکیەکانی ئەمەریکا " لە پێناوی دابینکردنی هێز و توانایەکی بنەڕەتی ، ئاراستە دەکا، هەتاکوو ئەم هێزە بنەڕەتیە، خەڵکی دنیا هان بدا، لە دژی سەرکوتکەران و زۆرداران وهەروەها لە دژی دوژمنە مێژینەکانی مرۆڤ، واتە لە دژی برسیەتی، چارەرەشی و ناهومێدی ڕاپەڕن".

بە دامەزرانی ئەڵمانیای فیدراڵ لە ڕێکەوتی ۲۳ی مانگی مایسی ساڵی ۱۹٤۹دا، ترۆمێن گەیشتە سەرکەوتنێکی دیکە لە بەرامبەر سۆڤیەتدا. بەڵام کێشەی سەرەکی چەکدارکردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو کە تەنانەت بیروڕای گشتی نیوخۆی ئەمەریکاش دژایەتی ئەم سیاسەتەیان دەکرد.

ترۆمێن لە ڕێکەوتی۲۳ی تەمووز ۱۹٤۹دا بە بیانووی بەرگریکردن لە دێموکراسی، ڕێککەوتننامەی ناتۆی مۆر کردو، ئەو ڕێککەوتننامە، ڕێگای بۆ چەکداربوونی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا خۆش کرد.

لە ڕاستیدا ناتۆ بەو مەبەستە پێکهات کە ئەو بەڵێنە بدا، کە ئەمەریکا تەنیا بە مەبەستی گێڕانەوەی ڕووسیا لە کەڵک وەرگرتن لە چەکی ناوەکی، لە چەکی ناوەکی کەڵک وەردەگرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هێزەکانی چینی کۆمۆنیست بە پێشڕەوی خۆیان توانیان پاشەکشە بە چیان کای چێک بکەن؛ بەڵام ئەمەریکا بەتەمابوو بە هەرنرخێک بێ، زەربرێکی گەورە لە هێزەکانی ماو بوەشێنێ و، بەر بە پێشڕەوی کۆمۆنیزم بگرێ. وەک بەشێک لەو ستراتیژییە، ترۆمێن گریمانەی سەرەکیی دەستێوەردانی خۆی لە شەڕی کۆریا لە سەر ئەوبنەمایە داڕشتبوو کە دەکرێ

www.perawipepwle.com

بە نرخێکی کەم بەر بە پێشڕەوییەکانی کۆمۆنیزم لە ولاّتانی ناوچەکە بگیردرێ. بەم شێوەیە، کاتێک کە پارەو کەرەسەکانی ئەمەریکا ئەم کارەیان لە هیندو چین و فلیپپیندا بەڕێوە دەبرد؛ هێزی دەریاوانیی ئەمەریکا چیان کای چێکی رزگار دەکردو؛ بۆمب هاویژەکانی ئەمەریکی هێزەکانی کۆریای باکووریان ناچار بە پاشەکشە دەکرد. ئەو گریمانانە بەگشتی بەجێ بوون. بەشێک لەو گریمانانە لە تیۆری ستراتیژیی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا و، لێکدانەوەی هەڵەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا لە شەڕی دووهەمی جیهانی سەرچاوەی دەگرت. بەشێکی تری ئەم گریمانانە لەو روانگەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئاسیاییەکان هیچکات توانایی بەربەرەکانیکردنیان لە بەرامبەر چەکە رۆژئاواییەکاندا نیە و، بەشێکی ئەو گریمانانەش، پشتیان بەوە بەستبوو کە گوایە دەوڵەتە کۆمۆنیستیەکان خاوەنی پشتیوانیەکی راستەقینەنیە نین. بەپێی ئەو تیۆرە، دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان بە هۆی نەبوونی خۆشەویستی، لە ناردنی سەربازەکانیان بۆ بەرەکانی شەڕ دەترسان و، لەگەلْ هەناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، سەربازەکان لە شەڕکردن خۆیان دەبوارد.

ترۆمێن رایگەیاند کە کۆریەکان مافی ئەویان هەیە " ئازاد، سەربەخۆ و یەکگرتوو" بن. ئەمەریکیەکان لە سەر ئەو بڕوایەبوون کە، "پیۆنگ یانگ" یەکەم پایتەختە لە پایتەختەکانی پەردەی ئاسنین"ە کە رزگار دەبێ. واپێدەچوو کە مانای ئەم قسەیە ئەوە بێ کە پایتەختەکانی تریش بەدوای "پیۆنگ یانگ " دا رزگار دەکرێن.

لە روانگەی ئەمەریکیەکانەوە، ترۆمێن دەسکەوتی زۆری بەدەست هێنا بوون، لە سەردەمی ناوبراودا ئەمەریکا ببوو بە خاوەنی بۆمبی هیدرۆژنی(مارتی ١٩٥١)و، لە ئەیلوولی ١٩٥١دا، رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەلْ ژاپۆندا مۆر کرد. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، ئەمەریکیەکان دەیانتوانی لە ژاپۆندا، بنکەی سەربازییان هەبێ، بەلاّم سۆڤیەتیەکان لێی بێ بەش بوون. ترۆمێن لە زۆربەی شۆێنەکانی دنیادا بنکەی سەربازیی ئەمەریکی دامەزراندو، لەم رێگایەوە رووسەکان و چینیەکانی گەمارۆدا. ناوبراو لە تشرینی دووهەمی ١٩٥٠ دا فێری ئەوە ببوو کە نابێ زیاتر لە تۆرە ئاسنینەکان پێ رابکێشێ؛ بەلاّم دنیای دڵنیا کردبۆوە کە ئەگەر کۆمۆنیستێک لە دەرەوەی ئەو تۆرەدا، سەربەرز بکاتەوە، کەسێک لەوێ لەسەری دەداو، ئەوکەسەش بە دڵنیاییەوە، ئەمەریکی دەبێ.

دەوڵەتی ترۆمێن بنکەو دامەزراوەیەکی سەربازیی زۆر بەرفراوانی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ئەم بنکەو دامەزراوانە، پیشەسازییەکی بەرفراوانی چەک و چۆڵ و لە رواڵەتدا بەردەوامیان پێکهێنابوو کە ئێستاکە بە تەواوەتی بە گرێبەستەکانی دەوڵەتەوە بەستراونەوە. وەزارەتی بەرگری، ببوو بە گەورەترین کۆمپانیای بەڕێوەبەریی پیشەسازی جیهان؛ کۆمپانیا زەبەلاحە تایبەتیەکانی وەک جێنراڵ مۆتۆرز، دۆپۆن و بەرهەمهێنەرانی گەورەی فرۆکە، بوون بە هێزە پاوانخوازەکان و، دەوڵەت دەستی بە سەر بەرهەمهێنانی چەک و چۆڵە گەورە هێدروژنیەکان، لە بنەماڵەی بۆمبی ئەتۆمی، موشەکە کۆنترۆلکراوەکان، زرێپۆش وناوە گەورە نوێکان و بۆمب هاوێژە درێژمەودا و ستراتیژییەکانی B٥٢ و چەکە گەورەکانی تردا گرتبوو.

بەپێی رێبازە سیاسییەکانی ترۆمێن، ئەمەریکا بنکە سەربازییە بەهێزەکانی خۆی لە دەوروبەری ئیمپراتۆریی کۆمۆنیستدا بەرفراوان دەکرد. ناوەندە پیشەسازی ـ سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون بە هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

ترۆمێن لە کاتێکدا، رێبەرایەتی ئەمەریکای بەدەستەوەگرت کە ئەمەریکیەکان حەزیان دەکرد بگەڕێنەوە بۆ نەریتەکانی سەربازی و وڵات بەڕێوەبەری جاران و، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بوو. کاتێک کە ترۆمێن ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی کرد، بەشداری ئەمەریکای لە هەموو کیشوەرەکانی جیهان و هەروەها پیشەسازییەکی چەک و چۆڵی زۆر بەرفراوانی لە دوای خۆی بە میرات بەجێ هێشت.

رێبازی سیاسیی تۆبار *Tobar Doctrine*

زاراوەیەکە کە دەیگەڕیننەوە بۆ تۆبار، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی ئیکڤادۆر،لە سەبارەت بە " بەرەسمی نەناسینی حکومەتە نوێکان"، کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٧دا، بوو بە هۆی گرێدانی رێککەوتنامەیەک لە نێوان ٥ وڵاتی ئەمەریکای ناوەندیدا. ئەو وڵاتانە بریتی بوون لە کۆستاریکا، گواتیمالا_ هیندوراس ـ نیکاراگووا و ئێلسالڤادۆر. بەپێی ئەو رێککەوتنامەیە، ئەو دەوڵەتانە بەڵێنیاندا کە ئەو حکومەتانە بەرەسمی نەناسن کە بە هۆی شۆڕش یان بە پێچەوانەی دەستووری وڵاتەکانیان پێکهاتوون.

Johnson Doctrine ڕێبازی سیاسیی جۆنسۆن

ئەم ڕێبازە کە جارو بار وەک ڕێبازی جۆنسۆن ـــــ مەن بەناوبانگە، لە ساڵی ١٩٦٥دا لە لایەن جۆنسۆن، سی و شەشەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا و جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئەمەریکای لاتین (T.C.Mann) دارێژرا.

بەپێی ئەم ڕێبازە، ئەمەریکا کۆتایی بە سیاسەتی پشتیوانی نەکردن لەو دەوڵەتانەی ئەمەریکای لاتیندا دێنا کە لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە بە دەسەلاَت دەگەیشتن، و لە بەرامبەردا، ئەمەریکا بەڵێنی دەدا لەمەولا پشتیوانی لە هەموو ئەو حکومەتانەی ئەمەریکای لاتین بکا کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا یەکی دەگرتەوە و دەگونجا. ئەم تێزەی جۆنسۆن لە سەروبەندی دەستێوەردانی سەربازیی ئەمەریکا لە کۆماری دۆمینیکیندا دارێژراوە و، بە واتایەکی تر، بوژانەوەی سیاسەتە گشتیەکانی دالَس ـــــ ئایزنهاڤێر سەبارەت بە ئەمەریکای لاتین بوو. ئامانجی گشتیی ئەو تێزە پێداگری دووبارەی ئەمەریکا لە سەر شەڕ لەگەڵ" مەترسیی ئاشکرا وهەستپێکراوی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاَت لە لایەن کۆمۆنیستەکان" لە ئەمەریکای لاتیندا بوو.

Khrushchev Doctrine ڕێبازی سیاسیی خرۆشچۆڤ

بە شێوازە سیاسییەکانی نیکیتا خرۆشچۆڤ، یەکێک لە سەرکردەکانی سۆڤیەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ هەتا ١٩٦٤ دەگوترێ. بەلاَم ئەوە پێناسەی، کۆمەڵێک بیروبۆچوون و تیۆری دارێژراو و ڕێک و پێک نیە. خرۆشچۆڤ لە ڕێبەرایەتیکردنی سۆڤیەتدا، داهێنانی نوێ و جۆراوجۆری بە کارهێنا. ڕەنگە یەکێک لە ناسراوترینی ئەو داهێنانە، ئەو فڕێدانی" کەسایەتی پەرستی"ی ستالین و پێداگرتنی ناوبراو لە سەر ڕێبەریی بە کۆیی بێ. لە ساڵی ١٩٥٦ لە بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا، خرۆشچۆڤ و هاوڕێکانی سیاسەتی نوێی تایبەت بە حەقدەستەکان و مووچەیان ڕاگەیاند. بە پێچەوانەی لنین، ستالین، پەرەی بە نایەکسانیە ئابوورییەکان دا. ئێستا دەبوایە مووچەو مافەکانی بیمەی کۆمەلاَیەتیی کەسانی هەژار زیاد بکرایەو، داهاتی دەوڵەمەندەکانیش کەم بکرایەتەوە. ئەم سیاسەتە دواتر بەڕێوە چوو و، بوو بە هۆی ناهومێدیی چینی دەوڵەمەند. لە یەکێک لە ڕاگەیەنراوەکانی بیستەمین کۆنگرەی حیزبدا، بەڵێن

درابوو کە خوێندنی باڵا هەتاکوو بەرزترین ئاست بەخۆڕایی بێ. لە سەردەمی دەسەڵاتداریێ ستالیندا، خوێندنی باڵا بەخۆڕایی نەبوو و، کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی لنینیزم و هەروەها دەستووری ساڵی ١٩٣٦ دا، نەدەگونجا. لە ڕاگەیەنراوێکی دیکەدا بەڵێن درا کە " دەسەڵاتی یاسا" پیادە بکرێ و، زۆربەی گیراوە سیاسییەکان لە ئەشکەنجەکانی سەردەمی ستالین عەفوو بکرێن. هەروەها خرۆشچۆف لەو کۆنگرەدا ڕایگەیاند کە لەمە بەدواوە پرێزدیۆمی حیزب بڕیارەکانی حیزب دەرناکا و، بەڵکوو ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی " کۆمیتەی ناوەندی " حیزب.

یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی دوورکەوتنەوە لە ستالینیزم پێوەندی بە سیاسەتی دەرەوە هەبوو. خرۆشچۆف لایەنگری سیاسەتی" پێکەوە ژیانی ئاشتیانە" بوو. هەروەها ناوبراو پێیوابوو کە نەتەوە سەرمایەدارو کۆمۆنیستەکان دەتوانن بەبێ شەڕ لە پاڵ یەکتردا بژین، بێ ئەوەی کە پرەنسیپەکانی پێکەوە ژیانی دوو ئایدۆلۆژیای مارکیسزم و کاپیتالیزم پەسند بکا. ئەو تیۆرە لە لایەن چینی کۆمۆنیستەوە ڕەت دەکرایەوە و، ئاگری نێوان دووزلهێزی گەورەی جیهانی کۆمۆنیزمی خۆش دەکرد. خرۆشچۆف لە ڕوانگەی چینیەکانەوە کەوتە بەرەی پێداچوونەوەخوازانەکان. ناوبراو کۆنترۆلی سۆڤیەتی لە سەر وڵاتانی ژێردەسەڵاتی خۆی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا کەم کردەوە و، پێوەندیشی کە لەگەڵ یۆگۆسلاڤیاش باش بۆوە. بەڵام کەمکردنەوەی ئەم چاوەدێری و کۆنترۆڵەی سۆڤیەت لە سەر وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە وڵاتانی پۆلۆنیا و هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦ داو، ڕاپەڕینی هەنگاریا لە لایەن زرێپۆشەکانی سۆڤیەتەوە سەرکوت کرا. لە نێو سۆڤیەتدا، زۆر لەوستالینیستیانەی کە شێوەی بیرکردنەوەی کۆنی خۆیان پاراستبوو، بە هۆی وەلانانی ستالین لە لایەن خرۆشچۆڤەوە لە بیستەمین کۆنگرەی حیزب و هەروەها لە کۆمەڵێک سیاسەتی ناوبراو، ناڕازی بوون. چینی کۆمۆنیستیش بە ئاشکرا سەبارەت بەو سیاسەتانە، ڕەخنەی لە خرۆشچوف دەگرت.

لە بواری سەربازییەوە، چەند گۆڕانکارییەکی گشتی لە کۆتاییەکانی سەرۆکایەتی خرۆشچۆف هاتنە ئاراوە. سەرەتا دەوڵەتی سۆڤیەت بە هۆی بەرزبوونی ئاستی تێچوونی سەربازی، هێزەکانی خۆی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات کەم کردەوە و، دووهەمین گۆڕانکاری ئەوە بوو کە ژمارەی سەربازانی سوپای سوور کەم بێتەوە. سێهەم، ئاستی هێز و توانایی موشەکە ناوەکیەکانی سۆڤیەتبە شێوەیەک زیاد کرا، کە بەردەوام لەو ئاستە دیاریکراوە دانەبەزێ.

ڕێبازی سیاسیی دراگۆ — Drago Doctrine

تیۆرێکە کە بەپێی ئەم تیۆرە، وڵاتان ناتوانن بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان لە وڵاتانی دیکە، لە هێز و زۆر کەڵک وەربگرن. تیۆری دراگۆ باس لەوە دەکا کە ئەگەر وڵاتێک نەتوانێ قەرزە گشتییەکانی وڵات بە بیانیەکان یان بە وڵاتێکی تر بداتەوە، ئەوا وڵاتی داواکار ناتوانێ لە ڕێگای بە کارهێنانی هێزی سەربازی، قەرزەکانی خۆی وەربگرێتەوە. ناوی ئەو تیۆرە لە لۆیس ماریا دراگۆ، وەزیری دەرەوە و، دیپلۆمات، مافناس و ناوبژیوانی نێونەتەوەیی ئەرژەنتینێ وەرگیراوە. ناوبراو تیۆری خۆی لە ساڵی ١٩٠٢دا، دوابەدوای گەمارۆی دەریایی ڤەنزوئێلا لە لایەن هێزەکانی بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئیتالیا(بەهۆی خۆبواردنی ڤەنزوئێلا لە دانەوەی قەرزەکانی) ئاراستە کرد.

ڕێبازی سیاسیی ڕیگان — Reagan Doctrine

زاراوەیەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆناڵد ڕیگان، چلەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا. ئەم ڕێبازە وەک ڕێبازەکانی ترۆمێن و نیکسۆن هیچکات بە ڕەسمی وەک کۆمەڵێک بیروبۆچوونی داڕێژراو و ڕێکخراو چاپ و بڵاو نەکرایەوە. " کارڵ کراوسهامێر" لە ساڵی ١٩٨٥دا لە گۆڤاری تایمدا ئاماژەی پێکرد. کە لە ڕاستیدا مەبەستی ناوبراو ئاماژەکردن بەو سێ بابەتە بوو:

١) زاڵبوونی بیروڕای گشتی ئەمەریکا بەسەر "کێشەی ڤێتنام"؛

٢) گەڕاندنەوەی " غرور و هەستی مەتمانە"ی ئەمەریکیەکان؛

٣) چەکدار بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەتا ئەو ئاستەی کە بتوانێ لە بەرامبەر دوژمنانی خۆیدا خاوەنی " ڕێژەی مەتمانە " بێ.

ڕێبازی سیاسی ڕیگان لە سەر ئەم خاڵە چەقی بەستبوو کە ئەمەریکا مافی دەستێوەردان بۆ خۆی بە دژی " ڕژێمەناڕەواکان"(بە تایبەتی مارکسیست _ لینینیست) دەپارێزێ.

بەگشتی سێ لایەنی هەستپێکراو لە سیاسەتی دەرەوەی ڕیگان دا دەبینرێ:

١) پێکهێنانی " تەکووزێکی نێونەتەوەیی" لە ڕێگای بەستنەوەی " ڕەوایی دەوڵەت" بە " پرۆسەی دێمۆکراسی " لە وڵاتێکدا. مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە ئەمەریکا بە باوەڕی خۆی، لە هەموو شوێنێکدا هەستی بە " بەرپرسیایەتیەکی ڕەوشتی" بۆ

www.perawipepwle.com

پشتیوانیکردن له شۆڕشه دژه کۆمۆنیسته‌کان ده‌کرد. جا ئه‌م پشتیوانیه چ له ڕێگای هێرشی سه‌ربازی بێ و (وه‌ک گرانادا له ساڵی ١٩٨٣)، چ ناڕاسته‌وخۆ و له ڕێگای ناردنی هاوکارییه ئابووری و سه‌ربازییه‌کانه‌وه بێ. (وه‌ک پاکستان، ئه‌فغانستان، ئه‌نگۆلا و نیکاراگۆوا). ئه‌مه‌ریکا هه‌تا ساڵی ١٩٨٦ به گشتی بڕی یه‌ک ملیارد دۆلاری وه‌ک هاوکارییه سه‌ربازییه‌کان و چوار میلیارد دۆلاری وه‌ک هاوکارییه ئابوورییه‌کان بۆ کۆنترۆلی ڕه‌وته دژه کۆمۆنیستیه‌کان و، که‌مکردنه‌وه‌ی ئاستی کارتێکه‌ریی یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت و کۆمۆنیزم له جیهانی سێهه‌م دا ته‌رخان کرد.

٢) دابینکردنی هاوسه‌نگییه‌کی سه‌ربازی و ستراتیژییه‌کی ئه‌وتۆ که " هیچ دوژمنێک توانای هه‌ڕه‌شه‌کردنی له سه‌رچاوه بنه‌ره‌تیه‌کانی ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا" ی نه‌بێ. ئه‌م هاوسه‌نگیه له ڕێگای درێژه‌ی پلانه‌کانی به‌رگریی ستراتیژیی، له‌گه‌ڵ موشه‌کیی M-x، ژێر ده‌ریاییه‌کانی ترایدنێت، هێزه‌کانی دژکرده‌وه‌ی خێرا، پێکهێنانی فه‌رمانده‌رییه‌کی ناوه‌ندی بۆ ده‌ستێوه‌ردانی سه‌ربازی له ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و ئاسیاو، زیادکردنی ژماره‌ی پاپۆڕه‌کانی شه‌ڕ له ٤٨٥ پاپۆڕه‌وه بۆ ٦٠٠ پاپۆڕ. تێچووی سه‌ربازی ئه‌مه‌ریکا هه‌تا ساڵی ١٩٨٦ به ڕاده‌ی ٤٥% زیادی کرد.

٣) پێشگیریکردن له ده‌ست وێراگه‌یشتنی یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت به ته‌کنه‌لۆژیای ڕۆژئاوا به مه‌به‌ستی پیاده‌کردنی گوشاری زیاتر بۆ سه‌ر ڕژێمی کۆمۆنیستی.

پێویست به وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه که ئه‌م ڕێبازه له ساڵی ١٩٨٥ به دواوه، ورده‌ورده کارامه‌یی خۆی به دژی ئه‌وشته‌ی که ئه‌مه‌ریکا ناوی لێنابوو" ئیمپراتۆری ئه‌هریمه‌نی"، له ده‌ست دا؛ چوونکه گۆرباچۆف به هێنانه گۆڕی " هزری نوێ" به‌ربه‌ره‌کانی خۆی له له‌گه‌ڵ سیاسه‌ته‌کانی ئه‌مه‌ریکا ده‌ست پێکرد. ریگانیش له ئاکامدا چه‌ند ئاڵ و گۆڕێکی له سیاسه‌تی شه‌ڕی ساردی خۆیدا پێکهێناو،"ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌یه‌کی شیاو"ی گرته‌به‌ر؛ واته وتوویژ و دانوسان له‌گه‌ڵ سۆڤیه‌ت له‌سه‌ر کۆنترۆلی چه‌ک وچۆل له‌گه‌ڵ گۆڕانکاری له بواری مافه‌کانی مرۆڤ و کێشه‌کانی تری ناوچه به‌یه‌که‌وه به‌سترانه‌وه.

ڕێبازی سیاسیی کارتەر (١٩٨١-١٩٧١) Carter Doctrine

ئاماژەیە بە ڕێبازی جیمی کارتەر ، سی و نۆیەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە حیزبی دیموکراتی ئەمەریکا.

کاتێک کە جێمی کارتەر ئەم پۆستەی بەدەستەوە گرت، حیزبی دێموکرات لەگەڵ پروپاگەندەی تووندی دژە ئەمەریکی لە جیهان و بەتایبەتی لەولاّتانی شۆڕشگێڕ و دژە داگیرکەر ـ بەرەو ڕوو بوو. کاربەدەستانی زۆربەی ولاّتانی جیهانی سێهەم (بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاّتی نیوەڕاست) لە ریزی بەکرێگیراوانی ئەمەریکادا بوون و، بۆ بەهێزکردنی دەسەلاّتەکەیان لە هیچ کردەوەیەک خۆیان نەدەبواردو، ئەمەریکایش دانی بە کردەوەکانیاندا دێنا.

لەم هەل و مەرجە ئاماژە پێکراوەدا، کارتەر لە هەوڵی ئەوەدابوو کە سیاسەتێکی دووفاقەش بگرێتەبەر. واتە سەرەڕای پاراستنی پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا، ژێستێکی (سیما) بە ڕواڵەت ئازادیخوازانەش لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە خۆی بنوێنێ. ئەو سیاسەتە دوو فاقیەی کارتەر بە مەبەستی ئەو ئامانجانەی خوارەوە دارێژرا:

١)ـ جێبەجێکردنی سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ

٢)ـ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ڕژێمە شۆڕشگێڕو دژە داگیرکەرەکان

سیاسەتی مافەکانی مرۆڤی کارتەر لە کاتێکدا خرایە ڕوو کە وشیاری نەتەوە چەوساوەکانی جیهان لە سەر ئامانجە داگیرکارییەکانی ئەمەریکا بە لوتکە گەیشتبوو و، دەرەتانی هەڵوەشانەوەی ڕژێمە بەکرێگیراوەکانی ئەمەریکا لە هەموو جیهاندا لە ئارا دابوو. مەبەستی ڕاستەقینەی کارتەر (و حیزبی دێمۆکرات) لە بواری جێبەجێکردنی سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ، لە دوو ئامانجی خوارەوەدا کورت دەبۆوە:

١) دپێکەوەنانی پێگەیەک بۆ ئەمەریکا لە نێو نەتەوە ژێردەست و چەوسانەوەکانی جیهاندا.

٢) ناچار کردنی ڕژێمە بەکرێگیراوەکان بە جێبەجێکردنی چەند ریفۆرمێکی ڕواڵەتی، بە شێوەیەک کە ڕادەی دژایەتیەکان دابەزێ و، لەگەڵ مانەوەی ئەو ڕژێمانەشدا، بەرژەوەندییە داگیرکارییەکانی ئەمەریکاش وەکوو جاران پارێزراو بێ.

دەوڵەتی ئەمەریکا لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەگەڵ رژێمە شۆڕشگێڕ و دژە داگیرکارییەکان بەرەوڕوو بوو کە بە " رژێمە توندڕەوەکان" ناو دەبران. سەرکردەکانی ئەو رژێمانە ماوەیەکی کەم بوو کە دەستیان بەخەبات لە پێناوی کورت کردنەوەی دەستی ئەمەریکا لە ولاّتەکانیان بە مەبەستی پاراستنی مان و بوونی نەتەوەیی و ناسنامەی سەربەخۆی مێژوویی و کولتووری خۆیان کرد بوو. ئەمەریکا کە بە تەواوەی هەستی بەمەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکرد، بڕیاریدا کەڵک لەم تەکتیکانەی ـ بەپێی دەرەتان ـ خوارەوە وەربگرێ:

١) گرتنەبەری رەوتێکی ئەسپایی لە بەرامبەر ئەو رژێمانەو، هەڵخەڵەتاندنیان.
٢) زەربە لە رژێمێکی شۆڕشگێڕ بدات بۆ ئەوەی ئەوانیتر چاوترسێن بکا و، ناچاریان بکا کە پیرەوی لە ئەمەریکا بکەن.
٣) رووخاندنی ئەو رژێمە شۆڕشگێڕانەی کە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون رووی خۆش بە ئەمەریکا نیشان بدەن و درێژەیان بە خەباتی خۆیان لە دژی ئەمپریالیزمی ئەمەریکا دەدا.

ئێستا بەشێک لەو تێزە سیاسیانەی کارتەر کە لە هێندێک لە ولاّتانی جیهاندا بەڕێوە چوون، دەخەینە ڕوو:

رێبازی سیاسیی کارتەر بەرامبەر بە نیکاراگۆوا: بەرووخانی رژێمی سەرەڕۆی ئاناستازیا سوموزا، سەرۆک کۆماری نیکاراگۆوا لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٩دا، نەیارانی ناوبراو بە ناوی بەرەی ساندینیستەکان دەسەلاّتیان لە ولاّتدا بەدەستەوە گرت. کارتەر بە گشتی هەموو هەوڵی خۆی لە سەر دزەکردن لە نێو رژێمی نوێ، بەهێزکردنی باڵە میانەڕۆترەکانی دەوڵەت و هاندانی سیستەمی دژە حیزبی لە کۆمەڵگای نیکاراگۆوادا چڕ کردبۆوە.

کۆنگرەی ئەمەریکاش بڕیاریدا لەو پێناوەدا بڕی حەفتاوپێنج میلیۆن دۆلاّر بداتە دەوڵەتی ماناگۆوا. ئامانجەکانی ئەم بەرنامە بریتی بوون لە :

١) پێکهێنانی دەرەتانی رکابەریکردنی ئەمەریکا لەگەڵ سۆڤیەت و کوبا کە ژمارەیەکی کەم لە راوێژکارانی سەربازی و هەزاران چەکداری مەدەنی، یارمەتیدەری تەندروستی و شتی لەم چەشنەیان نارده نیکاراگۆوا.

٢) بەهێزکردنی پێگەی چینی ناوەراست کە لایەنگرییەکی زۆریان لە ساندینیستەکان کردبوو، بەڵام وا پێدەچوو کە وەک هێزێکی گرنگ بێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان .

لە روانگەی شارەزایانەوە، ڕێبازە سیاسییەکانی کارتەر لە نیکاراگۆوادا سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٠دا بایەخێک بەو سەرکەوتنانە نەدرا. ریگان (جێنیشینی کارتەر) و لایەنگرانی پێیانوابوو کە سەرکەوتنی ساندینیستەکان نیشانەی لاوازیی کارتەر بووە.

ڕێبازی سیاسیی کارتەر سەبارەت بە ئەفغانستان: لە کاتی دامەزرانی رژێمی مارکسی (نیسانی ١٩٨٧)، تاکوو داگیرکرانی ئەو وڵاتە لە لایەن سۆڤیەتەوە(١٩٧٩)، دەوڵەتی کارتەر کەمتر پێرەوی لەو شێوازی پێشوو دەکرد. لەراستیدا حکومەتی واشینگتۆن لە چاوەڕوانی ئەوەدا مابۆوە کە بە باشترین شێوە، ئەو زیانانە قەرەبوو بکاتەوە کە لە ئاکامی گۆڕانی رژێم لە ئەفغانستاندا، هاتبوونە ئاراوە. بەو هیوایە کە رژێمی تازە وەک " کۆمونیستە ناسیۆنالیستەکان کار بکا نەک وەک بەکرێگیراوی سۆڤیەت"، بەڵام رووداوەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ بەو مانایە بوو کە گرتنەبەری سیاسەتێکی پتەوتر لەگەڵ " دەستێوەردانێکی بەکەڵک" لە لایەن ئەمەریکاوە رەنگە تەنیا دەستێوەردانی سۆڤیەتی وەپێش خستبا.

بەهەرحاڵ، دوای هێرشی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان و داگیرکردنی ئەووڵاتە لە کۆتاییەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، هەم ئامانجەکان و هەم شێوازەکانی کارتەر گۆڕانی بەسەر داهات. سیاسەتی بەرتەسک کردنەوەی زیانەکانی " شۆڕشی نیسانی ١٩٧٨"، بوو بە دراژیەتیکردنی چالاکانەی ئەمەریکا لەگەڵ دەوڵەتی کابوڵ لە رێگای کەڵک وەرگرتن لە سزا ئابوورییەکان و هاوکاریکردنی لە ژێرەوەی سەرهەڵداوەکان.

بەگشتی، ئەو رێبازە سیاسیانەی کە لە لایەن کارتەرەوە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی باشووری رۆژئاوای ئاسیادا پێرەو دەکراو، ریگانیش داکۆکی لێ دەکردن، بریتی بوون لە:

١ــ بەهێزکردنی بەرگرییە دژە سۆڤیەتیەکان لە ناوچە و وڵاتە سەرەکیەکانی وەک پاکستان و، هاوکاریکردنی کۆماری گەلی چین بۆ باشترکردنی ئاسایشی پاکستان.

٢ــ بردنەسەری ئاستی توانایی سەربازیی ئەمەریکا بۆ دژکردەوەی خێرای سەربازی لە بەرامبەر ئەگەری هێرشی سۆڤیەتدا.

٣ـ زیندووراگرتنی کێشەی ئەفغانستان لە ڕێگای پاراستنی بەرگری و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سۆڤیەت بۆ گەڕاندنەوەی بێلایەنی ئەفغانستان.

٤ـ ڕێگادان بە بەشداری هیند، لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەفغانستان، لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا و، پێکهێنانی هەل و مەرجێک کە ببێتە هۆی کەم بوونەوەی ناکۆکیی نێوان هیند و پاکستان.

٥ـ بردنەسەری وشیاریی سیاسی موسوڵمانانی سۆڤیەت.

ڕێبازی سیاسیی کارتەر لە بەرامبەر هیند و چین دا: هەوڵی کارتەر بۆ ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکان، لە زنجیرە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرپرسانی ڤێتنامدا لە ساڵەکانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨دا، شکستی هێنا. ڤێتنام لەسەر ئەوە پێداگری دەکرد کە ئەمەریکا زیانەکانی شەڕی ڤێتنام قەرەبوو بکاتەوە. هەتاکوو هاوینی ساڵی ١٩٧٨، ڤێتنامیەکان زیاتر بەرەو پێکهاتن لەگەڵ ئەمەریکادا دەڕۆیشتن، بەڵام دەوڵەتی کارتەر بە هۆی جۆراوجۆر بە پێچەوانەوە، هەنگاوی هاویشت. ئەو هۆکارانە بریتی بوون لە : (١) دژایەتیە سیاسییەکان و دژایەتیەکانی کۆنگرە. (٢) پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لاین ڤێتنام .(٣) پێوەندییەکانی ڤێتنام و سۆڤیەت (٤) پەرەگرتنی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کۆماری گەلی چین ، کە لە دەرەنجامدا، چین خۆی دەبوو بە دوژمنی ڤێتنام.

لەمناوەدا ، ڤێتنامیەکان بە لابردنی پۆلپۆت، کامبۆجیەکانیان لە تۆقاندن و کوشت و کوشتار ڕزگار کردو، وێڕای داگیرکردنی کامبۆج، عەقید" سامرین" یان لەسەر دەسەڵات دانا . لەو سەروبەندەدا، پێکهێنانی پێوەندیی دیپلۆماتیک لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، هەم لە بواری تیوری و هەم لە بواری سیاسەتی بەڕێوەبەریدا، بە شێوەیەکی گشتی، جێبەجێ نەدەبوو. وتووێژەکانی سەبارەت بە کێشەکانی دوولایەن درێژەیان هەبوو، بەڵام سیاسەتی" نزیکایەتیی شیاو" لە بەرامبەر ڤێتنامدا وەلاو نرا.

ڕێبازی سیاسیی کارتەر سەبارەت بە ئەفریقیای باشوور: شێوازی کارتەر لەو ناوچەیەدا تاڕادەیەک بە قازانجی ئەو وڵاتــە بوو. ئەو شەڕ و کێشانەی کە ناوچەی باشووری ئەفریقیایان لە ساڵی ١٩٧٧ دا تەنیبۆوە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی پێک دەهێنا . دەوڵەتی کارتەر لەو پێوەندییەدا بڕیارێکی دا کە لەسەر هاوکارییە نێونەتەوەییەکان پێداگری دەکرد. ئەم دەوڵەتە لە پێوەندی

www.perawipepwle.com

لەگەڵ رۆدزیا لەگەڵ بەریتانیا و، لە پێوەندی لەگەڵ نامیبیا لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا و ئەڵمانیادا هاوکارییەکی نزیکی هەبوو، بەکەڵک وەرگرتن لە نفووزی ئەو وڵاتانە، ئەفریقیای باشووری ناچار بە پێملبوون بکا.

موگابە کە لە هەڵبژاردنەکانی زیمبابوەدا بە زۆرینەیەکی رەها سەرکەوتنی بە دەست هێنا، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بە مارکسی دەزانی، بەڵام بەلای پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ واشینگتۆن و وڵاتانی تری رۆژئاوادا شکایەوەو پشتی لە سۆڤیەت کرد.

سەبارەت بە ئەنگۆلاش، کارتەر پێخۆشبوونی خۆی لەسەر بەخشینی ١٥٢/٤ میلیۆن دۆلار قەرز و ئیعتباری گرەنتی کراوی " بانکی هەناردە_ هاوردە" دەبڕی. بەگشتی، ئەمەریکا توانی بە بەخشینی چەند ئیمتیازێکی بچووک، هاوکاریی ئانگۆلاو مۆزامبیک بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکان، بۆ لای خۆی رابکێشێ و، ئەمەریکا لەم پێوەندییەدا تارادەیەک سەرکەوتوو بوو؛ بەڵام گوشارێکی کەم بۆ سەر ئەفریقیای باشوور لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی رەگەزپەرستیدا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

رێبازی سیاسیی کارتەر سەبارەت بە لیبیا: رابردووی ئەم کێشە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠. لەو ساڵەدا نیکسۆن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا، سیاسەتی رێککەوتنی لەگەڵ مەعەممەر قەزافی، رێبەری لیبیادا تاقی کردەوە و، لە سەر داخوازیی قەزافی، ئەمەریکا بڕیاریدا کە بنکەی ئاسمانیی ڤیلۆس، چۆڵ بکا، بەڵام ئەو پێوەندییانە بە هۆی جۆراجۆر رۆژ بە رۆژ دادەبەزین. کارتەر لە ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیدا، بایەخێکی ئەوتۆی بە لیبیا نەدا. بەڵام رێگای پارێزکارانەی باشترکردنی پێوەندییەکانی بە ئاواڵەیی هێشتبۆوە.

لەمناوەدا، ئەمەریکا جارناجارێک لیبیای بە لایەنگری لە تیرۆریزم و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرد. لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا، لە دوای رووداوی بارمتەگرتنی فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران (٤ی تشرینی دووهەمی ١٩٧٩)، چەندین گرووپ لە خەڵکی لیبیا بە پشتیوانی لە دەوڵەت ، باڵوێزخانەی ئەمەریکایان ئاگر تێبەردا و، بەهۆی ئەم روداوانە، دوایین دیپلۆماتی ئەمەریکا لە مانگی مایسی ١٩٨٠دا، ماڵئاوایی لە لیبیا کرد.

ڕێبازی سیاسیی کارتەر سەبارەت بە ئێران: دەوڵەتی ئەمەریکا لە دوای بەڕەسمی ناسینی ڕژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕێبازێکی دوژمنکارانەی دوای داگیرکرانی باڵوێزخانەکەی لە تاران و بە بارمتەگیرانی فەرمانبەرکانی (٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩)، گرتەبەر. سەرنەکەوتنی کارتەر لە ئازادکردنی بارمتەکان و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە بەرامبەر ئێراندا بوو بە هۆی ئەوی کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمەریکا لە بەرامبەر ڕۆناڵد ریگان، پاڵێوراوی حیزبی کۆماریخوازدا، بە تووندی شکست بخواو، شوێنی خۆی لە کۆشکی سپی ئەسپاردە ریگان.

ڕێبازی سیاسیی کلینتۆن (١٩٩٣_٢٠٠١) **Clinton Doctrine**

ئامانجی ئەو ڕێبازەی کە پلانی کاری بیل [ویلیام جیفرسۆن] کلینتۆن چل و دووهەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکای لە خۆ دەگرت، پەرەپێدان بەو دێموکراسیانە بوو کە بە بەرفراوانکردنی دەسەڵات، پشتیان بە بازاڕ دەبەست، و ئەو خاڵانەی لە خۆ دەگرت:

١_ بەرفراوانکردن و بەهێزکردنی " ناوەندی بنەرەتیی" ئابوورییەکانی بازاڕ لە ڕێگای بوژاندنەوەی ئابووری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی

٢_ پشتیوانیکردن لە بەرفراوانکردنی دێموکراسی و بازاڕ لە ڕێگای ڕزگارکردن لە دەرەوەی ناوەندی بنەرەتیی ، واتە لە ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکای لاتین و بە تایبەتی لە وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەرژەوەندی ؛

٣_ کەمکرنەوەی ئەوپەڕی هەڕەشە ومەترسی حکومەتە سەربزیوەکان کە سیستەمێکی سەرەڕۆ و دژە لیبراڵیان هەیە و لە بەرامبەر ریفۆرمە دێمۆکراتیەکاندا، بەربەرەکانی دەکەن؛

٤_ درێژەدان بە هەوڵە مرۆڤ دۆستانەکان کە هەوڵی گوڵبژێر بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و کردەوە هاوشێوەکانە.

ڕێبازی سیاسیی کەنێدی (١٩٦١_١٩٦٣) **Kennedy Doctrine**

ئەم زاراوەیە بە ڕێبازی سیاسیی جۆن_ئێف کەنێدی، سی و پێنجەمێن سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە حیزبی دێمۆکراتی ئەمەریکا دەگوترێ.

کەنێدی کە بە گەنجترین سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەژمێردا، لە کاتێکدا دەسەلاّتی بە دەستەوە گرت کە توانیبووی رکابەرێکی بەهێزی وەک ریچارد نیکسۆن بە جیاوازییەکی کەمی رێژەی دەنگەکان، لەسەررێگای خۆی لابەرێ و، بگاتە کۆشکی سپی.

ناوبراو و دەوروبەرەکانی لە سیاسەتەکانی دەزگای رێبەریی ئایزنهاوێر بێزار ببوون؛ چوونکە پێانوابوو، ئایزنهاوێر بەرادەی پێویست، هێرشبەر نیە. ناوبراو زیاتر حەزی لە پێکهاتن و سازان دەکردەوە و، نەیدەتوانی خەڵکی ئەمەریکا ناچار بکا کە کاری گەورە ئەنجام بدەن. ئایزنهاوێر لە بنەڕەتدا بیری لە رێگاچارەی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی شەڕی سارد نەدەکردەوە، یان ئەوەی کە ئەمەریکا بتوانێ چارەنووسی جیهان بگۆڕێ. ناوبراو کۆمەڵێک چوارچێوەی بۆ رۆڵی ئەمریکا دانا بوو کە کەنێدی هەمووی رەت کردنەوە.

کەنێدی بە تەما بوو، بە وتەی خۆی کەسایەتی و سەرەوەری لە دەستچووی سەرۆک کۆماری بگەڕێنێتەوە. ئامانجی ناوبراو ئەوە بوو کە سەرنجی خەڵکی ئەمەریکای لاتین، ئەفریقیا و ئاسیا بۆ لای ئەمەریکا و ئەو کارانەی کە سەرۆک کۆمار دەیکا، رابکێشێ.

سیاسەتی کەنێدی کە هەمان سیاسەتی حیزبی دیموکراتی ئەمەریکا بوو، بە ناوی " رزگار کردنی ئازادی " پێی نایە ناو گۆڕەپانەوە. بە بڕوای کەنێدی،" هەموو نیوەگۆی باشووریی گۆی زەوی ببوو بە گۆڕەپانی شەڕ بۆ پەرەپێدان و بەرگریکردن لە ئازادی".

کەنێدی، کوبای وەک یەکەم رووبەرووبوونەوەی شێلگیرانەی خۆی لەگەڵ کێشە جیهانیەکان هەڵبژارد. لە نیسانی ١٩٦١دا، هەلاّتووە کوبیەکان بە کەشتیەکانی ئەمەریکا و بە پشتیوانی فڕۆکەکانی ئەو وڵاتە لە کەنداوی بەرازەکانەوە گەیەندرانە لێوارەکانی کوبا. بەلاّم کاسترۆ و هاورێکانی بە توندی لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا راوەستان و، هەموویان تێک شکاندن. کەنێدی بڕیاری تیرۆری کاسترۆی دەرکرد، بەلاّم پلانەکەی کەنێدی سەری نەگرت.

ناوبراو بە پێشگرتن بە تەشەنەکردنی ناکۆکیەکانی شەڕی سارد، سیاسەتی بەناو" دژکردەوەیەکی نەرم"ی گرتەبەر. گرووپی کەنێدی ـ مەک نامارا دەستیان بە گەورەترین پێشبڕکێی چەک و چۆڵ کرد کە تاکوو ئەوکاتە بێ وێنە بوو. ژمارەی هێزە چەکدارەکان بۆ ٣٠٠٠٠٠ کەس زیادی کردو، ٤٠٠٠٠کەسیان رەوانەی ئەورووپا کرد.

سەبارەت بە کێشەی ئەڵمانیا، بە هێنانە گۆڕی کێشەی بەرلین لە لایەن خرۆشچۆف، سەرۆکی سۆڤیەت، ئەمەریکا و سۆڤیەت لەو بوارەشەوە لەبەر یەک راوەستان. سۆڤیەت لە ١٣ی ئابی ساڵی ١٩٦١دا بە دروستکردنی " دیواری بەرلین "، ئەمەریکای رووبەرووی کاریکی نەخوازراو کردەوە.

تەقاندنەوەی بۆمبی ٥٨ میگاتۆنی سۆڤیەت لە رێکەوتی ٣٠ ئابی ١٩٦١دا (بەگشتی ٣٠ تەقاندنەوە)، کەنێدی ناچار کرد کە لەمبارەوە هەڵوێست بگرێ. کەنێدی لە نیسانی ساڵی ١٩٦٢دا، بریاری کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی ناوەکی دەرکرد. ئەم دژکردەوە توندەی کەنێدی رووسەکانی ناچار بە پاشەکشە کرد. رووسەکان کە لە بواری ئەتۆمیشەوە بێ هیوا ببوون، روویان لە کوبا کرد و دەستیان دایە دروستکردنی سەکۆی هاویشتنی موشەکە دوور هاوێژەکان (نووتی ١٩٦٢)، تاکوو لەم رێگایەوە شوێن پێیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. کەنێدی بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ قەیرانی موشەکیی کوبا بەدوای ئەو ئامانجانەوە بوون:

١_ وەدەرنانی موشەکەکان لە کوبا.

٢_ خۆ بواردن لە شەری ناوەکی.

٣_ دژکردەوە لە بەرامبەر رووسەکان، لە شوێنەکانی تری جیهان.

٤_ پێداگری لە بەرامبەر رووسەکاندا.

کەنێدی، لە کات ژمێری ٧ی شەوی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢لە کاناڵە تەلەفیزیۆنیەکانی ئەمریکاوە رایگەیاند کە بە توندی پاپۆرە بارهەڵگرە سەربازییەکان بەرەو کوبا دەپشکنێ.

بە دوای ئەم هۆشدارییەی کەنێدیدا، پاپۆرەکانی سۆڤیەت، رێگای خۆیان گۆری و، لە چوون بەرەوکوبا خۆیان بوارد. ئەم قەیرانە لە دوای، داوای خرۆشچۆف لە ئەمەریکا بۆ لابردنی موشەکەکانی لە تورکیا گەیشتە لوتکە. بەڵام بە تێگەیشتنی هەر دوو لایەن لە سەر ئەوەی کە ئەو هەرەشانە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەرێکی ئەتۆمی، لەگەڵ یەکتر رێک کەوتن. لە راستیدا ئەوە کەنێدی بوو کە خرۆشچۆفی ناچار بە پاشەکشە کرد. سۆڤیەت لەو قەیرانەوە بۆی دەرکەوت کە ئەمەریکا هەروا سنوورەکانی خۆی لە جیهانی سێهەمدا پەرە پێدەدا. لە بواری چەکی ئەتۆمیشەوە، رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانیان مۆر کرد.

دەکرێ لە دەرەنجامەکانی قەیرانی موشەکیی کوبا، ئاماژە بە پێداگریی فەڕەنسا لەسەر دروستکردن و تاقیکردنەوەی چەکە ناوەکیەکان و، هەروەها چوونەدەری ولاتی ناوبراو لە ڕێککەوتننامەی ناتۆ بکرێ. ژەنەراڵ دۆگۆل، سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، پشتیوانی لە تیۆری ئەوروپای سەربەخۆ کرد. کەنیدی ڕەخنەی لە سیاسەتە بەرگرییەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ئایزنهاوێر دەکردو، و، پێیوابوو کە ناوبراو لە ڕادەبەدەر پشتی بە هێزی بۆمبە ئەتۆمیەکان بەستبوو. ئەو دەیویست لە هەموو بوارەکاندا دەستی بە ڕووبەڕوو بوونەوە و بەربەرەکانیکردن لەگەڵ هێرشی کۆمۆنیستی ڕابگا. کەنیدی لەم بوارەدا دەستی بە دروستکردنی " کڵاوسەوزەکان" کرد تاکوو بە هێزی دژە شۆڕشی خۆیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی شۆڕش، یان ڕاپەڕینەکان لە دارستانەکانی ئاسیا یان کێوەکانی ئەمەریکای باشوور، زەبری کۆتایی لە هێزە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان بوەشێنن.

هێزی دژە شۆڕشی کەنیدی وابڕیار بوو بە خەڵک نیشان بدا کە، لە نێوان داگیرکاریی فیۆدالی و کۆمۆنیزمی سەرەڕۆدا، هێڵێکی ناوەندی بەناوی لیبراڵ هەیە. بە بڕوای کەنیدی، کاتێک کە ئاسیا ییەکان، ئەفریقیەکان و ئەمەریکیەکان بۆیان دەرکەوێ کەلایەنێکی لیبراڵ هەیە، بۆخۆیان کۆمۆنیزم توور هەڵدەدەن.

لە ڕوانگەی کەنیدیەوە، ڤێتنام شوێنێکی گونجاو و لەبار بۆ تێکهەڵچوون بوو. ناوبراو لەوێدا دەیتوانی هۆگری خۆی بە جیهانی سێهەم نیشانبداو، بیسەلمێنێ کە ئەمەریکا لەسەر بەڵێنەکانی خۆی سوورە. بەم شێوە، سوپای ئەمەریکای تووشی گەورەترین شەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کرد. ڕووخاندنی ڕژێمی نیگۆدین دیم، سەرۆک کۆماری ڤێتنامی باشوور، ئاگری شەڕەکەی خۆش کرد. سێ حەوتوو دوای مردنی دیم، کەنیدی خۆی لە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووهەمی ١٩٦٣ لە شاری دالاس ((تەگزاس) کوژراو، لیندۆن جانسۆن، جێگری ناوبراو پۆستی سەرۆک کۆماری بەدەستەوە گرت. ناوبراو هەروا سیاسەتی کەنیدی لە ڤێتنامدا درێژە پێدا.

ڕێبازی سیاسی کەنیدی لە هێندێک لە ولاتانی جیهانی سێهەمدا، پێویستی بە شتی دیکە بوو. بۆ وێنە : ڕووداوەکانی دۆمینیکێن دوای کوژرانی ترۆخیلۆ، سەرۆک کۆماری ئەو ولاتە (١٩٦١) بوو بە هۆی ئەوی کە کەنیدی سێ ڕێگاچارە (ئەڵتەرناتیف) کە بەوتەی خۆی بە پێی گرنگیی هەر کامەیان بریتی بوون لە : پێکهێنانی ڕژێمێکی دیمۆکراتیکی بە پرەستیژ؛ هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی وەک ڕژێمی ترۆخیلۆ؛ یان هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی وەک ڕژێمی کاسترۆ.

www.perawipepwle.com

به بڕوای ناوبراو، " ڕێگا چارەی یەکەم لە دووانەکەی تر زۆر باشترە.بەڵام هەتا کاتێک دڵنیا نەبین کەرەنگەتووشی ئەڵتەرناتیڤی سێهەم دەبین، ڕێگا چارەی دووهەم رەت ناکەینەوە."ئەم تیروانینە، ڕوانگەی ئەمەریکا و کەنێدی بەرامبەر بە جیهانی سێهەم دەردەخا.

کەنێدی دەیویست دیمۆکراسی هەبێ، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ تووخمی سۆسیالیستی لە خۆ بگرتبا، یان ئەوەی کە مەترسی ئەوە هەبوایە کە دەبێتە وڵاتێکی کۆمۆنیستی؛ ناوبراو دیکتاتۆری پەسند دەکرد، کە لە دوارۆژدا شتێکی بۆ بکردنایە. لە هەمووی گرنگتر، سووربوونی ناوبراو بوو لە سەر ئەوەی کە رووسەکان وەدەربنێ و، نفووزی سیاسی و ئابووریی ئەمەریکا بپارێزێ. کەنێدی هەروەها سەرکردە بەکرێگیراوە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێهەمی دەخستە ژێر گوشارەوە، تاکوو شۆڕشی سەوز (دابەشکردنی زەوییەکان) بکەن و، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیشەوە دەست بە شۆڕشی " سپی" بکەن، تاکوو گیرۆدەی شۆڕشی خەڵک نەبنەوە. لەو وڵاتانەی کە بوار بۆ چەپ رەخساوە، نەهێڵێ بچنە ناو باوەشی کۆمۆنیزمەوە.

لەو پێناوەدا، ڕێگای بە چالاکی هێزە نەتەوەییە غەیرە کۆمۆنیستەکان دەدا، تاکوو ئەجۆرە رژێمانە حکومەتی پارلمانی پەسند بکەن و، پێکەو کەسایەتیەک بۆخۆیان پێکەوە نێن.

ڕێبازی سیاسی کەنێدی ـ وەمەک نامارا Kennedy- Mc Namara Doctrine

ئەم ڕێبازە بە هەڵوێستێکی نەرم بەناوبانگە، بریتیە لەوەی کە لەگەڵ هێرشی سۆڤیەتدا، ئەمەریکا دەستبەجێ و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەست بە هێرشێکی ئەتۆمی لە دژی سوڤیەت ناکا، بەڵکوو سەرەتا لە ڕێگای هێزە ئاساییە نائەتۆمیەکان، بەری بە هێرشی سۆڤیەت دەگرت. ئەمە هەلێکی باشە بۆئەوەی کە لەگەڵ رووسەکاندا لە بواری سیاسییەوە وتووێژ بکرێ و، مەترسی شەڕێکی ئەتۆمیان بە گوێ دا بدرێ و، ئەگەر ئەم وتووێژانە بێ کەڵک بوون، ئەوکاتە لە هێزی ئەتۆمی کەڵک وەرگرن. ئەم ستراتیژیە پێویستی بە بەهێزکردنی هێزی دووهەمی زەبروەشێنی ئەمەریکا و بەرفراوانکردنی هێزە نەریتیەکانی ناتۆ هەبوو و، مەبەستیش ئەوە بوو کە رووسەکان بەهەر شێوەیەک کە شەڕ دەست پێ بکەن، ئەوا ناتۆ توانایی بەربەرەکانێ و وەڵامدانەوەی ئەو هێرشەی دەبێ.

ڕێبازی سیاسیی گۆرباچۆف *Gorbachev Doctrine*

بە ڕێباز وڕێچکە سیاسیەکانی میخائیل گۆرباچۆف، دوایین سەرۆک کۆماری یەکیەتیی سۆڤیەت لە نیوان ساڵەکانی ١٩٨٥ هەتا ١٩٩١ (تاکوو هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت) دەگوترێ. دوای مردنی لئۆنید بیرژنێف (١٩٨٢)، مەکتەبی سیاسیی سۆڤیەت، یۆری ئاندرۆپۆف، سەرۆکی " K G B"ی وەک جێنشێنی ناوبراو دیاری کرد. ناوبراویش دوای پازدەمانگ کۆچی دوایی کردو، جێگای خۆی بە کۆنستانتین چرنینکۆف کە بە " سێبەری بیرژنێف" دەژمێردرا، بەخشی. چرنینکۆف لە ئاندرۆپۆف پیرتر و نەخۆشتر بوو و، دوای سێزدە مانگ سەرۆکایەتی، لە دەی مانگی مارتی ساڵی ١٩٨٤دا، کۆچی دوایی کرد.

لەو سەردەمەدا سۆڤیەت تووشی قەیرانی مردنی سەرۆکەکانی بیوو و، بە ئاشکرایی هەست بە نەبوونی سکرتێری گشتی لە گۆڕپانی سەرکردایەتیدا دەکرا. مردنی سێ سکرتێری گشتی لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا و کۆچی دوایی ٦ کەسی تر لە ئەندامانی پۆلیت بورۆ (مەکتەبی سیاسی)، هەلێکی لە باری بۆ هاتنە گۆڕەپانی ڕێبەرە گەنجترەکان ڕەخساندو، هەر بەو پێیە گۆرباچۆف وەک ڕێبەر و پێشەنگی بەرەی سێهەمی شۆڕش، لە لایەن گرۆمیکۆ، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سۆڤیەت بە پاڵێوراوی سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست دەست نیشانکرا.

واپێدەچوو کە هۆکارەکانی خوارەوە بوون بە هۆی ئەوی کە گۆرباچۆف بە شێوەیەکی ئاوا خێرا لە دەزگای بەڕێوەبەریی سۆڤیەتدا گەشە بکا:

١ــ پێوەندی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حیزب لە ساڵەکانی ١٩٥٠ هەتا ١٩٦٠.

٢ــ نیشاندانی بەهرە تاکەکەسی و لێهاتوویی و شارەزایی سیاسی و ئابووری لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٠ هەتا ١٩٨٠.

٣ــ پشتیوانی هەمەلایەنەی تەکنۆکراتەکانی بەرەی سێهەمی شۆڕش بە هۆی تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوانیان، کە نەیارەکانی تری حیزب لێی بێبەش بوون.

٤ــ مردنی کۆنە سەرکردەکان کە شوێنی زیاتری بۆ گەنجترەکان ئاوەڵا کرد.

ناوبراو دوابەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی، گۆڕانکارییەکی بەربڵاوی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، حیزبە کۆمۆنیستەکانی پازدە کۆمارەکە، ئەنجوومەنی وەزیران،

فەرماندەرانی سوپا و ئۆرگانەکانی تردا پێکهێنا. ئەم کارە چەندین گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی سۆڤیەتدا پێکهێنا کە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

سیاسەتی نێوخۆیی: ئەم سیاسەتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری سۆڤیەتی خێراتر دەکرد. بە بڕوای بەرپرسانی ئەو وڵاتە، ئەم سیاسەتە ڕێبازی ستراتیژیکیی سۆڤیەتی پێک دەهێنا.

بەپێی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، دەبوایە زیاتر لە ۲۰۰میلیارد ڕووبڵ لە پلانی پێنج ساڵەی ئاوەدانکردنەوەدا بۆ نۆژەنکردنەوەو نوێکردنەوە و ئامادەکردنی تەکنیکی بەرهەمهێنان تەرخان کرابا. بەپێی ئەم سیاسەتە، خێراکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئەلەکترۆنیزەکردنی بەربلاو و ئۆتۆماتیزەکردنی کەرەسە تەکنیکیەکان و کەڵک وەرگرتن لە کۆمپیوتەر پێش بینی کرابوو.

مەسەلەی خۆراک و دابینکردنی بڕی پێویستی خۆراک یەکێک لە گرفتەکانی سۆڤیەت بوو، کە بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەبوایە" لە کورترین هەلی ڕەخساو دا" چارەسەر بکرێ. کۆمیتەی ناوەندی لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ گۆڕانکارییەکی گرنگ و بنەڕەتی لە بواری کشت و کاڵدا پێک بێ و، لەو بوارەشدا ئاشکرای کرد کە قەرەبووکردنەوەی ئەم دواکەوتووییە، کیسەڵانە بەڕێوە دەچێ.

ئامانج و ئاراستە گشتیە ستراتیژییەکانی سۆڤیەت لە پانتایی سیاسەتی دەرەوەدا:

گرنگترین خاڵەکانی ئەو سیاسەتە کە لە ساڵی ۱۹۸٦دا لە لایەن گۆرباچۆفەوە ڕاگەیەندران، بریتین لە :

۱_ لە نێوبردنی هەموو کەرەسە ناوەکیەکان تاکۆتایی ئەم سەدەیە. [سەدەی بیستەم .و]

۲_ پیرەوی لە ڕێبازی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

۳_ پێشگیریکردن لە گوازرانەوەی پێشبڕکێی چەک و چۆڵ بۆ بۆشایی ئاسمانی.

٤_ وەدەرنانی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بەپێی خشتەیەکی زەمەنیی دیاریکراو.

٥ _ هاوکاریکردن لە بواری کەمکردنەوەی ئاڵۆزی.

٦_ ڕەتکردنەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

۷_ درێژەدان بە ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ.

۸_ باشترکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ چینی کۆمۆنیست .

بە بڕوای گۆرباچۆف، بنەماکانی" سیستەمی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی" بریتین لە:

١ـ لە بواری سەربازییەوە:

ـخۆبواردنی دەوڵەتە خاوەن چەکە ناوەکیەکان لە شەڕ لەگەڵ یەکتردا.

ـ کۆتایی هێنان بە تاقیکردنەوە ناوەکیەکان.

ـ کەمکردنەوەی تێچووە سەربازییەکانی وڵاتان بۆ ڕێژەیەکی گونجاو.

٢ـ لە بواری سیاسییەوە:

ـ نەهێشتنی قەیرانە نێونەتەوەییەکان.

ـ پێشگیریکردن لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

٣ـ لە باری ئابوورییەوە:

ـ خۆبواردن لە سیاسەتی گەمارۆ و سزای ئابووری، بە مەرجێک لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە پێشنیار نەکرابێ.

ـ چارەسەری کێشەی قەرزەکان.

ـ بەشداریی هاوبەش لە لێکۆڵینەوە و کەڵکی ئاشتیانە لە ئاسمان.

بە بڕوای شارەزایان، بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی بەناو گلاسنۆست و پرۆسترۆیکا لە لایان گۆرباچۆفەوە بواری لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەمی سۆڤیەتی لە ماوەی ساڵی ١٩٩١دا ڕەخساند.

ڕێبازی سیاسیی مونرۆ — *Monroe Doctrine*

ئەم زاراوەیە بە ڕێبازی سیاسیی جیمز مۆنرۆ، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا دەگوترێ کە بۆ یەکەمین جار لە ڕێکەوتی دووی کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ لە پەیامێکدا بۆ کۆنگرەی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا. سیاسەتی مۆنرۆ لە چوار بەش پێک دەهات کە ئامانجی دوو بەشی یەکەم، پێوەندی بە کەمکردنەوەی چالاکیەکانی هێزە ئەوروپیەکان و، دوو بەشی دووهەمیش پێوەندی بە چالاکیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەبوو. دوو بەشی یەکەمی سیاسەتی ناوبراو بریتی بوون لە:

١ـ نابێ لەمەولاوە کیشوەری ئەمەریکا نابێ ببێتە پاشکۆی هیچ وڵاتێکی ئەوروویی.

٢_ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرجۆرە هەولێک بۆ پەرەپێدانی سیستەمە سیاسیەکانی ئەورووپا لە هەربەشێک لە نیوگۆی ئەمەریکادا بە دژی ئاشتی و ئاسایشی خۆی دەزانێ .

دوو بەشەکەی تر کە تارادەیەکی زۆر هەتاکوو تێوەگلانی ئەمەریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانیەوە جێبەجێ نەکران، بریتی بوون لە:

١_ خۆتێوەرنەدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆلۆنیەکانی ئەورووپا، جگە لە خوودی کیشوەری ئەمەریکا نەبێ.

٢_ خۆتێوەرنەدانی ئەمەریکا لە شەڕی نێوان هێزە ئەورووپیەکان لە سەر کێشە نێوخۆییەکان

سیاسەتی مۆنرۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وای لێهات کە ئەمەریکا خۆی بەژاندارمی ئەمەریکای باکوور و ئەمەریکای باشوور دەزانی و، ئەم کارە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەک لە پێوەندییەکانی نێوان ئەو وڵاتە و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین.

بە بڕوای کاربەدەستانی ئەمەریکا، سیاسەتی مونرۆ هەروا بە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەژمێردرێ.

ڕێبازی سیاسیی نیکسۆن(١٩٧٤-١٩٦٨) *Nixon Doctrine*

ئەم ڕێبازە سیاسیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٩ لە لایەن ریچارد نیکسۆن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا لە " گۆوام" ڕاگەیەنرا، کە دەربری گۆڕانی ڕۆڵی دژە شۆڕشیی ئەمەریکا لە شەڕکردن بە قازانجی ڕژیمێکی لە حاڵی شەڕدا _ وەک ڤێتنام _ بۆ دابینکەری پێداویستی و ڕاهێنانی بەرفراوان و هەمەلایەنەی کڕیارانی ناوچەیی بوو. لە قۆناغی بە ڤێتنامی کردنی شەڕی ڤێتنامدا، کیسەنجەر وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا، بە دوای پێکهێنانی" پێوەندیی تایبەت" لەگەڵ وڵاتە سەرکیەکانی جیهانی سێهەمدا بوو، چوونکە لەمەوبەدواوە دەبوون بە هاوپەیمانە بچووکەکان لە کردەوەی ئەستەمی بەڕێوبەریی ئیمپریالیستیدا. لە هەل و مەرجەدا بوو کە بیری" زلهێزە ناوچەییەکان" لە دایک بووو، ئێران لە پاڵ بەرازیل، ئەندەنۆسیا، ئیسرایل و پورتوگال، وەک یەکێک لە گرنگترین پاڵێوراوانی ئەو ڕۆڵە هەڵبژێردرا.

www.perawipepwle.com

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە هەوڵی داوە تاکوو سنووری دەسەڵاتی جیهانی خۆی بۆ ناوچەی مەدیتەرانە و زەریای هیند بگوازێتەوە:

١ـ پەرەگرتنی دزەکردنی سۆڤیەت لە ناوچەی گرنگ و ستراتیژی و پڕ لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەدیتەرانە.

٢ـ بە لوتکەگەیشتنی بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکان لە ئەنگۆلا، مۆزامبیک، زیمبابووە، ئەریتریا، فەلەستین و عەممان دا.

٣ـ بوژاندنەوەی دەسەڵاتی ئەمەریکا بۆ پاراستنی پێگەکەی لە سیستەمی جیهانیدا لە بەرامبەر ئەورووپای ڕۆژئاوادا.

هەر بۆیە پێکهێنانی تۆڕێکی پتەو لە هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئەفریقیادا کە لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیان لێدەکرا، بوو بەبناغەی سەرەکی ئەم ڕێبازە سیاسیە.

داوابەدوای سەفەری نێکسۆن بۆ تاران (١٩٧٢)، کیسەنجەر داوای لە وەزارەتی بەرگری کرد تاکوو هەرجۆرە کەرەسەیەکی شەڕو بەهەر ڕادەیەک کە حکومەتی ئێران پێویستی پێی هەبێ، بە ئێران بدا. ئێران لە زۆر بوارەوە، هەڵبژاردەیەکی بێ وێنە بوو بۆ ڕێبازی سیاسیی نێکسۆن. ڕژێمی شا بە هەبوونی پاڵنەری هەستی " بەرپرسیایەتی ناوچەیی" پێوەندییەکی گەرم و گووڕی لەگەڵ ئەفریقیای باشوور و ئیسراییلدا دامەزراند و، پێوەندییەکی گرنگی لەگەڵ عەرەبستان و شێخەکانی کەنداوی فارسیشدا پێکهێنا. دوای چوونەدەری هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا لە کەنداوی فارس، ڕژێمی شا پێی خۆش بوو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. چوار هێندەبوونی نرخی نەوت لە نێوان شەڕی تشرینی یەکەمی عەرەبەکان و ئیسرایل (١٩٧٣)دا، خەریک بوو خەونی ڕژێمی شای ئێران وەدی بێنێ.

ئاستی کڕینی کەرەسەکانی شەڕ لە ئەمەریکا لە ١٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ ١/٣ میلیارد دۆلار لە ساڵی ١٩٧٦دا زیادی کرد؛ بە شێوەیەک کە لە سەردەمی ڕووخانی ڕژێمی شا دا دەبوایە بەڕادەی ١٢/١ میلیارد دۆلار لە پێشکەوتووترین چەک و چۆڵی سەربازیی جیهان نێردرابایە بۆئێران.

بنەمای ڕۆڵی ناوچەیی ڕژێمی شا، بەپێی ڕێبازی سیاسیی نێکسۆن بریتی بوو لە:

١_ تێکدانی هاوسەنگیی سەربازی بە زیانی گوشارەکانی ناسۆنالیستیی رادیکاڵ، بەتایبەتی لە کەنداو دا.

٢_ سەرکوت کردنی راپەرینی "ڤفار" (١٩٧٥_ ١٩٧٣).

٣_ بەشداری لە هێرشە سەربازییەکانی پاکستان لە بەرامبەر هێزە نەیارەکان لە بلوچستان دا.

٤_ هاوکاریکردنی سۆمالی لە شەڕ لەگەڵ ئیتیۆپیدا. ئەم کارانە برێکی کەم لە هێزی سەربازیی هێزە چەکدارەکانی رژێمی شای بە خەڵکی دنیا نیشان دا. رژێمی شا لە ناوچەدا بە تەواوکەری رۆڵی ئیسراییل دەژمێردرا.

لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٤دا بە رووخانی رژێمەکانی پورتوگال، ئەتیۆپی و یۆنان (کەلە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیان لێ دەکرا)، تەوەری رێبازی سیاسیی نێکسۆن بەکردەوە هەڵوەشایەوە.

Aryan Clause

رەسەنایەتیی ئاریا

بە ماددەیەکی یاسایی دەگوترێ کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٣ لە پێناو سیاسەتەکانی هەلاواردنی رەگەزیی نازییەکان پەسند کرا. بەپێی ئەم یاسایە بەشداریی جوولەکەکان لە چالاکیە کولتوورییەکان بۆ وێنە بەرهەمهێنانی فیلم و بەشداری لە شانۆدا قەدەغە کرابوو.

Reform

ریفۆرم

چاکسازی یان ریفۆرمە سیاسیەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی گۆڕانکارییە سیاسیەکانن. ریفۆرمەکان رەنگە لە سەرەتادا تایبەت بە بوارێکی بۆ وێنە دابەشکردنی زەوییەکان بن، بەڵام دواتر بەرفراوانتر دەبن. لەو وڵاتانەی کە دەرەتانی ئەوەیان نەبووە لە خوارەوەڕا شۆڕش و راپەرین بکەن، بەڕێوەبردنی ریفۆرمەکان لە سەرەوە جێگای شۆڕشیان گرتۆتەوە. ریفۆرمەکانی میجی لە ژاپۆن لە ساڵی ١٨٦٨، ریفۆرمە بە ناوبانگەکانی بیسمارک لە ئەڵمانیا و، ریفۆرمەکانی ئەم دواییانەی گۆرباچۆف لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، دەرەنجامی گەورەو شۆڕشگێرانەیان بەدواوە بووە. هەر بۆیە رەنگە هێندێک ریفۆرم لە هێندێک لە شۆڕشەکان کاریگەرتر بن. لە بارەی هەل و مەرجی ریفۆرمەکانەوە دەبێ بگوترێ کە بەڕێوەچوونی ریفۆرمەکان پێویستی بە جۆرێک کەلێن و

لێکدابڕان لە نێو چینی دەسەلاتدار و، سەربەخۆیی ریفۆرمیستەکان لەو تاقمانەی کە رەنگە لە رەوتی ریفۆرمەکاندا زەربەیان لێ بکەوێ، هەیە. پاشاکان، هێزە سەربازییەکان و بەشێک لە چینی ئاریستۆکرات و رۆشنبیران لە ولاَتە جۆراجۆرەکاندا، لە ریفۆرمە سیاسیەکاندا رۆڵیان هەبووە.

سەرکەوتنی ریفۆرمەکان بۆوێنە پێویستی بەوە هەیە کە لە هەلومەرجی لەباردا جێبەجێ بکرێن. کاتێک رژێمە سیاسیەکان تووشی قەیرانێکی ئاشکراو لەرادەبەدەر بن، ریفۆرمەکان لە پێگەیەکی لاواز و وەک دژکردە لە بەرامبەر قەیرانەکەدا جێبەجێ دەکرێن و، هەربۆیە رەنگە ریفۆرم بۆ خۆی کاریگەری لەسەر تەشەنەکردنی قەیراندا هەبێ و، دەرەنجامی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. بەلاَم کاتێک ریفۆرم لە هەلومەرجی ئاساییدا و بەرلە سەرهەڵدانی قەیران جێبەجێ بکرێ، ئەوکاتە کاریگەرییەکی زیاتری هەیە. سەبارەت بە جۆری ئەو سیستەمانەی کە ریفۆرمیان تێدا جێبەجێ دەکرێ، دەبێ رژێمە داخراو و ئۆتۆریتەخوازەکان لە رژێمە دیمۆکراتیکەکان جیا بکەینەوە. رژێمە داخراوەکان لەم لایەنەوە زوو زەربەیان لێ دەکەوێ و، رەنگە چەند ریفۆرمێک، بەرە بەرە دەسەلاَت و کۆنترۆڵی رژێم لاواز بکاو، بەدنەدان و پشتیوانی و بەهێزکردنی نەیارانی رژێم، ببێ بە هۆی رووخانی رژێم . بەلاَم بە پێچەوانە، سیستەمە دیمۆکراتیکەکان لە بەرامبەر ریفۆرمدا چاکتر خۆیان رادەگرن. لە بواری جۆری ریفۆرمەوە، رەنگە ئامانجی ریفۆرمە سیاسییەکان وەلاَمدانەوە بە قەیرانی رەوایی رژێم و بوژاندنەوەی بنەماکانی دەسەلاَتی رژێم یان وەلاَمدانەوە بە قەیرانی بەشداریکردن و بەرفراوان کردن و بەهێزکردنی دەلاقەی بەشداریی گشتی لە سیاسەتدا بێ. هەروەها، رەنگە ریفۆرمەکان بۆ بە هێزکردنی توانابیە جۆراجۆرەکانی دەوڵەت لە کاری کۆکردنەوە و دابەشکردنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بێ. زۆربەی کاتەکان ریفۆرمە ئابوورییەکان لە بواری دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و کەمکردنەوەی دژایەتی و ناهاوسەنگیە کۆمەلاَیەتیەکان، تایبەتمەندیی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ و، سەرچاوەکانی دەسەلاَت و ئیمتیازەکان ناچار بە یەکگرتن دەکا. سەرکەوتنی ریفۆرمخوازان زیاتر پێویستی بە هاوکاریی بەشە سەرەکیەکانی هێزە نەیارو ریفۆرمخوازەکانی دەرەوەی چوارچێوەی دەسەلاَت سیاسی هەیە.

هێندێک لە نووسەران، پێیانوایە ریفۆرمەکان لە بەرامبەر شۆڕشەکاندان ، لە حالێکدا کە قووڵبوونەوەی شۆڕشەکان، زیاتر پێویستی بە ریفۆرم لە سەرەوە هەیە. سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ریفۆرم و شۆڕش، ریفۆرمەکان ــ هەروەک ئاماژەمان پێکرد ــ رەنگە هاندەری شۆڕش بن و

رەوتی شۆڕش خێراتر بکەن یان ببنە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانی رژێمە سیاسییەکان. هێندێک لە ریفۆرمە سیاسی و بەرتەسکەکان لە ماوەیەکی زۆر کەم لە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشەکان هاتوونە ئاراوە. لە هەل و مەرجی جۆراوجۆردا، رەنگە ریفۆرم بەر بە سەرهەڵدانی شۆڕش بگرێ، هەروەک چۆن لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا کە شۆڕش وراپەڕینیان بەخۆوە نەدیوە، دەسکەوتی هاوشێوەیان بە هۆی ریفۆرمەوە وەدەست هێناوە. لە سۆنگەی ئەوەی کە ریفۆرمەکان لە نێو سیستەمە نەریتی، یان لە نێو سیستەمە دێمۆکراتیک یان سیستەمە ئایدۆلۆژییەکاندا روو دەدەن، پۆلێن بەندی بکەین. ریفۆرمەکان لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکاندا، بەشێک لە پرۆسەی ئاسایی سیاسی پێک دێنن و، سەقامگیری و کارامەیی زیاتر بە سیستەمەکە دەبەخشن. بەڵام ریفۆرم چ لە سیسستەمە نەریتی و چ لە سیستەمە ئایدۆلۆژییەکاندا بەواتای چوونەدەر لە پرۆسەی ئاسایی سیاسی دەژمێردرێ و، بۆیە ریفۆرمەکان مەترسی و ناسەقامگرتوویی سیاسی دەخوڵقێنن.

راگەیاندنی یەک لایەنەی سەربەخۆیی
Uhilateral Declaration Of Independence

راگەیاندنی یەک لایەنەی سەربەخۆیی لە هەوڵی دەوڵەتی " بەرەی روودزیا" بەرێبەرایەتی یان سمیت، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئەو وڵاتە دەچێ، کە لە رێکەوتی ١١ی تشرینی دووهەمی ١٩٦٥ یەک لایەنانە سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی راگەیاند. بەریتانیا دژی ئەو هەوڵەی دەوڵەتی روودزیا راوەستاو، لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە، مەحکووم کرا.

راگەیەنراوی بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە پێوەندی و هاوکاریی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتان دا
Declaration On Principles Of International Law Concerning Friendly Relations And Cooperation Among States (١٩٧٠)

بە پاشکۆی بریارنامەی ژمارە ٢٦٢٥ی کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگوترێ لە ساڵی ١٩٧٠دا بەمەبەستی هاندان، پەرەپێدان و پیادەکردنی مافە نێودەوڵەتیەکان، بە بێ دەنگدان، لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسند کرا. ئەو راگەیەنراوە ئەو

خاڵە بەرچاوانە لە خۆ دەگرێ کە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەریان کۆکن. بۆوێنە خۆبواردن لە هەڕەشە یان کەڵک وەرگرتن لە هێز، چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان، بەشداریکردن لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، بەپێی نێوەڕۆکی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێو خۆیی وڵاتەکان، هەبوونی مافی بەرامبەرو یەکسان و دیاریکردنی مافی چارەنووس، بنەمای یەکسانیی وڵاتان و جێبەجێکردنی بەڵێننامە نێونەتەوەییەکان.

راگەیەنراوی باڵفۆر — Balfour Declaration

ڕاگەیەنراوی دەوڵەتی بەریتانیایە کە لە لایەن باڵفور، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مۆر کرا. ئەو ڕاگەنراوە وەکوو نامەیەک بۆ لۆرد ڕۆچیڵد نوسرابوو و لە ڕێکەوتی دووی تشرینی دووهەمی ١٩١٧ بڵاو بۆوە. لەو ڕاگەیەنراوەدا هاتووە:

"دەوڵەتی خاوەن شکۆ پێی خۆشە دەوڵەتی نیشتمانیی جوولەکە لە فەلەستین دابمەزرێ و، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ پێکهێنانی ئاسانکاری بۆ گەیشتن بەو ئامانجە وەگەڕ دەخاو، لە هامان کاتدا هیچ کردەویەک ناکا کە بە پێچەوانەی مافە شارستانی و ئایینیەکانی فەلەستینە غەیرە جوولەکەکان یان بە پێچەوانەی ماف و پێگەی سیاسی جوولەکەکان لە هەر وڵاتێکی تر بێ".

راگەیەنراوی برازاڤیل — Brazzaville Declaration

ئەو زاراوە بەراگەیەنراوێک دەگوترێ کە بەپێی ئەو ڕاگەیەنراوە، شارڵ دوگول، ڕەسمیەتی بە "یەکیەتیی فەڕەنسا" لە قۆناغی دوای شەڕدا بەخشی (١٩٤٤). بەم پێیە، ئەو کەسانەی کە لە نێو کۆلۆنیالەکانی فەڕەنسادا دەیانویست ببن بە نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەڕەنسا، مافی هاووڵاتیی فەڕەنسیان پێ دەبەخشرا. ئەوان لە هەمان کاتدا دەیانتوانی ببن بە ئەندامی ئەنجوومەنە نیمچە خودموختارەکانی هەرێمەکانیش.

راگەیەنراوی برۆکسێل (١٩٨٨) — Brussels Declaration

www.perawipepwle.com

راگەیەنراوێکە کە لە کۆتایی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی ڕێکخراوی ناتۆ لە ٢ و ٣ی مارتی ١٩٨٨ لەگەڵ بەیاننامەی " کۆنترۆڵی چەکە ئاساییەکان " لە ژێر ناوی:"ڕێگای پێشکەوتووانەی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ناتۆ " بۆ " وتووێژی سەقامگرتووی ئاسایی" کە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی "بەرگری ناهێرشبەرانە" بوو، بڵاو کرایەوە.

لەم کۆبوونەوەدا، ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ بە هۆی توانایی " هێرشی لە ناکاو" و توانای بەڕێوە بردنی "هێرشێکی گەورە و بەرفراوان" کەوتە بەر ڕەخنە . لەو بەیاننامەدا، لە سەر ئەوە پێداگری کرا کە دەبێ ئامانجی سەرەکی هێزە سەربازییەکان، تەنیا پێشگیریکردن لەشەڕهەڵایسان و دڵنیاکردنەوەی پرۆسەی بەرگری ڕەوا بێ، نەک ئەوەی بین بە ئامرازێک بۆ هێرشکردن یان تۆقاندنی سیاسی و سەربازی.

راگەیەنراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ **Universal Declaration Of Human Rights**

ماف و ئازادییەکانی نێو راگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ تێکەڵاوێکە لە کۆمەڵێک ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ کە بەر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە نێو دەستوور و یاسای وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا گونجێنرابوون. هەروەها، مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ پڕبووە لە هەوڵ وتەقەللای پێغەمبەران، فەیلەسوفان و بیرمەندان و مرۆڤدۆستانی تری رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ پەرەپێدانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ . ئەگەر بیرمەندانی رۆژهەڵات لە بواری چییەتیی حەقیقەت و رۆحی مرۆڤ و ئەرکە رەوشتی و مەعنەوییەکانی مرۆڤدا بەرهەمی بەپێز و پڕنێوەرکیان بە میرات بەجێ هێشتووە، ئەوا زانایانی رۆژئاوا رۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی تیۆرەکانی پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی حکومەت و خەڵک دا گێڕاوە و، دەتوانین زۆربەی راگەیەنراو و بەڵگەکانی پێوەندیدار بە پشتیوانی لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بە دواوە، لە نێو دەستوور و یاساکانی تری وڵاتانی نێوەگۆی رۆژئاوادا بدۆزینەوە.

لە ساڵی ١٩١٥دا، بەریتانیا " جارنامەی مەزن" (Magna Charta)ی راگەیاندو، ئەگەرچی ئەم بەڵگە مێژووییە کۆمەڵێک لە ماف و ئازادییەکانی بۆهەموو خەڵک مسۆگەر دەکرد، بەڵام مەبەست لە هەموو خەڵک لە راستیدا وەکوو مافی فیودالی سەدەکانی نێوەڕاست بوو و، بە هیچ جۆرێک رەش ورووت و رەعیەتەکانی لە خۆ نەدەگرت. بۆوێنە یەکەمین یاسا کە پشتیوانی لە مافی

مرۆڤی لە خۆ گەرتبوو، دەتوانین ئاماژە بە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ١٧٧٦ی هەرێمی ڤیرجینیای ئەمەریکا و جاڕنامەیەکی هاوشێوەش لە ئەیالەتەکانی پێنسیلڤانیا، مەریلەند، دلاوەر، نیوجێرسی، کارۆلینای باکوور و باشوور، نیویۆرک و جۆرجیا بکەین. هەروەها ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٧٦، پێوەلکاوەکانی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٩١ و ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤی ڕێکەوتی ٢٦ی مانگی ئابی ١٧٨٩ی فەڕەنساش لە بەڵگە گرنگە مێژووییەکانی پێوەندیدار بە پشتیوانیکردن لە مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن. هەر بۆیە بۆ یەکەمین جار لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەهەم لە ژێر ناوی ڕێبازی لیبڕالیزمدا چەمکەکانی مافی مرۆڤ، دادپەروەری و پاراستنی کەسایەتی مرۆڤ کە بۆ سەردەمی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بە ڕەسمی کۆکرانەوەو،نووسرانەوە.

بەپێی ماددەی ١ی جاڕنامەی مافی مرۆڤی ١٧٧٦ی ئەیالەتی ڤیرجینیای ئەمەریکا، هەموو مرۆڤێک بەپێی بڕیاری سروشت سەربەست و سەربەخۆیەو، مافی زاتیی تایبەتی هەیە کە ناکرێ بەپێی هیچ جۆرە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لەو مافانە بێ بەش بکرێ. ئەم مافانە بریتین لە مافی ئازادی و ژیان، مافی مڵکداریتی وێڕای ئامرازەکانی وەدەستهێنان و داواکاریی هەموو خاوەندارەییەتیەک ـــ هەموو دەسەڵات و هێزی حکومەت هی خەڵکەو، لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ. حکومەت بۆ خێرو خۆشیی گشتی و پشتیوانی ودڵنیایی خەڵک پێکهاتووە. هەڵبژاردنەکان بەپێی تایبەتمەندیی زاتیی خۆیان دەبێ ئازاد بن و، دەبێ هەموو تاکەکان مافی هەڵبژاردن و دەنگدانیان هەبێ. دەبێ هەموو سەلاحییەتەکان لە بواری دارشتن و هەڵپەساردنی یاساکان لە بەردەستی خەڵک دابێ و، خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەم دەسەڵاتە دەدەن بە نوێنەرەکانی خۆیان. هەموو خەڵک خاوەنی مافی یەکسان بۆ بەڕێوەبردنی سەربەستانەی ڕێوشوێنە ئایینیەکانی خۆیان، بەپێی ویژدانی خۆیانن. حکومەت دەبێ پارێزەری ئازادیە چاپەمەنیەکان بێ کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ئازادییە. لە هەموو دادگاییەکانداو بە تایبەتی ئەو دادگاییکردنانەی کە سزای مەرگ بەسەر تاوانبارندا دەسەپێنن. هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە کە لە هۆکار و چییەتیی ئەو تۆمەتەی کە وەپاڵی دراوە، ئاگادار بکرێتەوەو، لەگەڵ شایەدەکان و وەپاڵنەرانی تۆمەتەکە ڕووبەڕوو بکرێتەوە و، هەروەها دەبێ مافی دادگاییکردنێکی بە ئاشکرای لە لایەن دەستەی دادپەروەری هەبێ کە لە کەسانی سەر بە چینی خۆی پێکهاتبێ. نابێ هیچ کەس ناچار بکرێ بە دژی خۆی شایەدی بدا. نابێ سزایەکی

بێرەحمانە و نایاسایی بەسەردا بسەپێ و، لە کۆتاییدا دەبێ حکومەت پشتیوانی لە خەڵک بکا و خۆشگوزەرانی و ئەوپەڕی بەختەوەریان بۆ دابین بکا.

ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمەریکاش نموونەیەکی مافەکانی مرۆڤە، فەلسەفە و نێوەڕۆکی ئەو ڕاگەیەنراوە لە ژێر کاریگەریی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا داڕێژراوە.

ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤی ١٧٨٩ی فەڕەنساش لە زۆر لایەنەوە لە دەستووری ئەیالەتە جۆراجۆرەکانی ئەمریکا دەچێ و، لە ژێرکاریگەری دەستووری ئەیالەتەکانی ئەمەریکا داڕێژراوە. ماددەی ١ی ئەم ڕاگەیەنراوە دەڵێ:

" هەر مرۆڤێک بە یەکسانی و بەسەربەستی لە دایک دەبێ و، بۆیە دەبێ لە هەموو ماوەی ژیانی خۆیدا لە ئازادی و یەکسانی کەڵک وەرگرێ". بەپێی ماددەی ٢ی ڕاگەیەنراو: "مەبەست و ئامانجی کۆڕو کۆبوونەوە سیاسیەکان شتێک نیەجگە لە پاراستنی مافی تاکەکەسەکان و، ئەو مافانە بریتین لە ئازادی تاکەکەسی ـخاوەندارێتی تاکەکەسی، ئاسایشی سەر و ماڵ، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەوسانەوە و زۆرداِ؛مافی سەروەری لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و، هیچ کەسێک لە تاکەکەسەکان و هیچ چینێک لە چینەکانی خەڵک ناتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، مەگەر ئەوەی کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا بن (ماددی ٣)، یاساناسێتەر و نوێنەری ئیرادەی گشتیەو، دەبێ هەموو کەسێک بۆ خۆی یان لە ڕێگای نوێنەرەکانیەوە لە داڕشتن و دیاریکردنی یاساکاندا بەشدار بێ (ماددەی ٦). ناکرێ هیچ کردەیەک بە تاوان دابنرێ، مەگەر ئەوەی کە وەک تاوان ناسرابێ و پێناسە کرا بێ (ماددەی ٨). بەپێی ماددەی ١٠، بیروڕای سیاسی و ئایینی و فەلسەفی و . . ئازادە، بەمەرجێک کە دەربرینی ئەم بیروڕایانە نەبنە هۆی خولقاندنی بشێوی و ئاڵۆزی. هەرکەسێک دەتوانێ بیروبۆچوونی خۆی لە ڕێگای چاپەمەنیەکانەوە بڵاو بکاتەوە و، لە شوێنە گشتییەکاندا دەری ببڕێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لەو مافە بە شێوەیەک کە یاسا دەستنیشانی کردووە، سزای بەدواوەیە. . .و، بەپێی ماددەی ١٥، کۆمەڵگا ئەو مافەی هەیە کە لە کاربەدەستانی دەوڵەت سەبارەت بە کارو ئەرکانیان بپێچێتەوە. تاکەکەسەکان مافی خاوەندارێتی سامانە گوازراوەو نەگوازراوەکانیان بە شێوەی تاکەکەسی یان بە کۆیی هەیە. هیچ کەس ناتوانێ دەستدرێژی بکاتە سەر سامانی خەڵک. بەڵام ڕەنگە ئەگەر بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگا بخوازێ ئەوا ڕەنگە بەپێی یاسای لەخاوەنەکەی بسەنێرێتەوە.

ڕەوتی پەسندکردنی یاسا بابەتیەکان لە بواری مافی مرۆڤ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەتا سەدەی ١٩ هەروا درێژەی هەبووو، ئیستاش هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە دەستووری خۆیاندا گونجاندوویانە. ئەگەر باس لە مافە سیاسیە و شارستانیەکان نەکەین ئەوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە دەستوورو یاساکانی تری وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان هاتوونە گۆڕ. ئەمانەش لە پێویستیەکانی ژیانی سەدەی بیستەمەوە سەرچاوە دەگرن کە پێویستیان بە پشتیوانیکردنی دەوڵەت هەیە؛ وەکوو: مافی پەروەردە و خوێندن و ڕاهێنان، مافی کارکردن، مافی کەڵک وەرگرتن لە هاوکاریی گشتی لەکاتی بێکاری، پیری، نەخۆشی و لاوازیدا، مافی هەبوونی ژیانێکی گونجاو، مافی تەندروستی و بەگشتی ئەو مافانەی کە لە ماددەکانی ٢٢ هەتا ٢٧ی ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤدا ئاماژەیان پێکراوە. ئەمڕۆکە زۆربەی دەستوور و یاساکانی تری وڵاتانی دنیا مافەکانی وەک مافی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و مافی پەروەردە و خوێندن، مافی تەندروستی، مافی کار و جۆرەکانی تری مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بەڕەسمی دەناسن. هەر بەوشێوەی کە ئەو مافانە وەکوو مافە سیاسی و شارستانیەکان لە سەدەی ١٨دا لە ئەمەریکا و فەڕەنسا و دواتریش لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپی و جیهاندا، وەک مافی مرۆڤ پەسند کران، ئەمڕۆکەش لە لایەن زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی دنیاوە پەسند کراون.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو مەسەلە ئاماژە پێکراوەکانە، دەبینین کە بەر لە پەسندکردنی ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ، زۆربەی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم ڕاگەیەنراوەدا گونجێندراون، لەوە بەپێش لە دەستوورو یاسای زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەبوون. هەربۆیە دەکرێ بگوترێ کە ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ، تێکەڵاوێک لە ڕێوشوێنە یاساییە باوەکانی جیهان لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرکیەکانە؛ هە بۆیە ئەم ڕاگەیەنراوە، بەهایەکی بەنرختری لە بەهای بریارنامەیەکی ئاسایی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە.

بەگشتی ئەو ماف و ئازادیانەی کە لە ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤدا ئاماژەیان پێکراوە، بە ئامانجی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا و دەوڵەتەکان و هەموو تاکەکەسەکان دادەنرێن و، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە کە هەوڵ بدەن تاکوو لە ڕێگای پەروەردە و ڕاهێنان و پێکهێنانی سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە پەرەپێدانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکا، بەر بە

پێشێلکردنی ئەو ماف و ئازادییانە بگرن. وەک ئاماژەمان پێکرد ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بواری نێونەتەوەییەوە، تەنیا بەڵگەیەکی یاسایی نیە کە دەبێ جێبەجێ بکرێ، بەڵکوو زیاتر بەڵگەیەکی یاسایی ڕەوشتیی نێونەتەوەییەو، هەموو وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رووی ئاکارییەوە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە بەردەوام یاسا و ڕێوشوێن و هەڵسوکەوتەکانیان لەگەڵ ئەم ڕاگەیەنراوەدا ڕێک بخەن. ئیمە دەزانین کە زۆربەی ڕێوشوێنە یاساییەکان لە سەرەتادا بەشێوەی ڕێوشوێنی ئاکاری بوون، هەربۆیە ڕەنگە بە سەرنجدان بەوەی کە زیاتر لە چەندین دەیە بەسەر تەمەنی ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا تێپەڕیوە، و هەروەها بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو ماوەدا لە زۆر بوارەوە، لەلایەن هەموو وڵاتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییە جۆراوجۆرەکان و تاکەکەسەکان بە بەردەوامی وەک بەڵگە پشتی پێ بەستراوەو، شتی پێ پشتراست کراوەتەوە و، چووەتە نێو دەستوورو یاسای وڵاتە جیاوازەکانەوە. هەروەک چۆن لە ڕاگەیەنراوی ١٩٦٨ی کۆنفرانسی مافی مرۆڤی تاراندا ئاماژەی پێکراوە، دەتوانین بڵێین کە ئەمرۆکە ئیتر ماددەکانی ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دەربڕی لێک تێگەیشتنی هاوبەشی نەتەوەکانی جیهان لە بواری مافە زەوت نەکراوەکان و پێشێل کردنی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتیەو، بەڵێنێکیش بۆ ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێک دێنێ.

ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ لە دەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.

ڕاگەیەنراوی دەمشق (کانوونی دووهەمی ١٩٩١)

Damascus Declaration

ئەو ڕاگەیەنراوە کە لەراستیدا لە ڕێکەوتی شەشی مارتی ١٩٩١ لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی شەش وڵاتی ئەندامی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس، میسرو سووریادا، مۆر کرا کە هەنگاوی تایبەتی لە بواری ئاسایش، بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە خۆگرتبوو، دوای شەڕی کەنداو و پرۆسەی ئازادیی کوێت لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە هاتە ئاراوە و، بە "یاسای٢+٦"ناوبانگی دەرکردووە. جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەو ڕاگەیەنراوو لە کردەدا تووشی گرفت بوون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو وڵاتانەی ناچار کرد تاکوو واز لە گەلاڵەی

www.perawipepwle.com

سەرەتایی بێنن کە بەپێی ئەو گەلاڵە ئەندامانی ئەنجوومەنی هاوکاری دەبوایە پازدە لە سەدی داهاتی نەوتی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی ئابووری میسرو سووریا تەرخان بکردایە.

راگەیەنراوی رۆم Rome Declaration

ئەم راگەیەنراوە لە کۆتایی کۆبوونەوەی رێبەر و سەرۆکی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ (٧ هەتا ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١) دەرچوو. بەشدارانی کۆبوونەوەکە رایانگەیاند کە: "ئێمە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئەورووپا هەوڵ دەدەین و، لەم پێناوەشدا ناتۆ، کۆنفرانسی ئاسایش وهاوکاریی ئەورووپا، کۆمەڵگای ئەوروپا، یەکیەتیی ئەورووپای رۆژئاوا و ئەنجوومەنی ئەورووپا بەتەواوەتی تەواوکەری یەکترن. جگە لەم بەڵگەیە، "چەمکی ستراتیژیی نوێی یەکیەتیی"یش پەسند کرا. لەم بەڵگەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە هیچ مەترسی هێرشێکی هەمەلایەنە بە دژی هەموو بەرە ئەورووپیەکانی ناتۆ لە ئارادا نیە کە نەبوونی ئەو مەترسیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناتۆ دەکا بەپشت بەستن بە بنەماکانی نێو پێرەوپرۆگرامی خۆی، ستراتیژییەکی نوێ دابڕێژری". یەکێک لە بنەماکانی ناتۆ ئەوەیە کە رێکخستنەکەی بە تەواوەتی لایەنی بەرگری هەیە؛ چەک و چۆڵەکانی تەنیا بە مەبەستی "بەرگرییەکی رەوا" کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ و؛ خۆی بە دوژمنی هیچ لایەنێک نازانێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین بڕیاری بۆ کەمکردنەوەودابەزاندنی ئاستی ئامادەیی و توانایی هێزەکان دەرکرد.

راگەیەنراوی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە لەنێو بردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی رەگەزی U.N.Declaration On Elimination Of All Forms Of Racial Discrimination

لە ٢٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٦٣دا راگەیەنراوی سەبارەت بە لە نێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی رەگەزی لە لایەن کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. لەم راگەیەنراوەدا پێ لە سەر ئەو داگیراوە کە جیاوازی دانان لە نێوان تاکەکانی مرۆڤ بەپێی رەنگی پێست و رەگەز، بەپێشێل کردنی پرەنسیپەکانی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەژمێردرێ و، دەست درێژییەکە بۆسەر ئەو مافانەی کە لە راگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا

گونجێنراون. هەروەها ئەم پێشێل کردنە دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم ڕێگای پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانە و ئاشتیخوازانەی نێوان دەوڵەتەکان، کە دەتوانێ هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکا. ڕاگەیەنراو هەروەها پێداگری لەسەر لە نێوبردنی هەرجۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بە هەرشێوەیەک و لەهەر شوێنێکی جیهان و بە زووترین کات، دەکاتەوە.

دووساڵ دوای پەسند کردنی ڕاگەیەنراوی ٢٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٦٣، لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی لە نێوبردنی جۆرەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەڵێنیان داوە کە هەڵاواردنی ڕەگەزی لەهەر شکڵ و جۆرێک و لە هەر شوێنێک پرۆتستۆ بکەن و، بە بێ وەستان و دوودڵی سیاسەتی نەهێشتنی هەڵاواردن بگرنە بەرو؛ ئەگەر لە دەستووریشدا، بوارێک بۆ هەڵاواردن لە ئارادابێ، چاکسازی تێدا دەکەن یان هەڵی دەوەشێننەوە.

ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بەخشینی سەربەخۆیی بە کۆلۆنیەکان

U.N.Declaration On The Granting Of Independence To Cogonial Countries

لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕاگەیەنراوێکی گرنگ سەبارەت بە بەخشینی سەربەخۆیی بە کۆلۆنیەکان لە لایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. ئەم ڕاگەیەنراوە پشتی بەم فەلسەفەیە بەستووەکە چوونە ژێر دەسەڵات و کۆت و بەندو چەوسانەوەی بێگانەکان، حاشاکردن لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و دژی جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەو هەروەها بەربەستێکیشە لە بەردەم ڕێگای پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی ئاشتی و هاوکاریی نێودەوڵەتی. ئەم ڕاگەیەنراوە ئەوە دەستنیشان دەکا کە هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە خودموختاری خۆیان دیاری بکەن و، سەربەستانە درێژە بە پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان بدەن. ئەم ڕاگەیەنراوە، لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە نابێ هیچکات بە بیانووی نالێهاتوویی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەمەبەستی وەدواخستنی سەربەخۆیی

ولاتێک کەلک وەربگیردرێ و،یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی خودموختاری نەتەوەیەک ئەوەیە کە مافی سەروەریی هەمیشەیی بەسەر سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیدا هەبێ.

ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دەسەڵاتدارەتیی هەمیشەیی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا

U.N.Declaration On Permanent Sovereignty Over Natural Resources

کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٢دا ڕاگەیەنراوی دەسەڵاتدارەتیی هەمیشەیی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا پەسند کرد. ئەم ڕاگەیەنراوە مافی دەسەڵاتدارەتیی هەمیشەیی هەر ولاتێک بەسەر سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی بە مەبەستی پەرەپێدانی نەتەوەیی و خۆشگوزەرانیی خەڵکی ئەو ولاتە بەرەسمی دەناسێ و، ڕایدەگەیەنێ کە هاوکارییە نێودەوڵەتیەکان بۆ پەرەپێدانی ئابووریی ولاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا دەبێ لەسەر بنەمای ڕێزدانان بۆ مافی دەسەڵاتدارەتیی ولاتان بەسەر سامان و سەرچاوە سروشتییەکاندا بێ و، بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێ کە پەرەسەندنی ئەم ولاتانە بە شێوەیەکی سەربەخۆدابین بکا.

ڕاگەیەنراوی لیما (١٩٣٨) *Lima Declaration*

بە ڕاگەیەنراوێک دەگوترێ کە لە کۆتایی کۆنفرانسی پان ئەمەریکین لە پایتەختی پیرۆ لە ڕێکەوتی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨دا بلاو بۆوە. بەپێی ئەو ڕاگەیەنراوە، هەرجۆرە هەڕەشەیەک لە ئاشتی، ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی هەرکام لە ولاتانی ئەمەریکیی بە هەڕەشە بۆ سەر هەموویان دەژمێردرێ. ئەم ڕاگەیەنراوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ڕۆژئەڵت کە توانیبووی نوێنەرانی ولاتانی ئەمەریکای لاتین بەدژی تۆتالیتاریزمی ئەورووپی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەم ڕاگەیەنراوە سەرەرای هەست کردن بەو ڕاستیە بوو کە هێندێک لە ولاتانی واژۆکاری ڕاگەیەنراوەکەی لیما بە ئاشکرا پشتیوانیان لە فاشیزم دەکرد، تا ئەوەی کە پشتیوانی لە دیمۆکراسیی لیبراڵ بکەن.

راگەیەنراوی مۆسکۆ(۱۹٤۳) Moscow Declaration

ئەو راگەیەنراوە لە تشرینی دووهەمی ۱۹٤۳دا لەلایەن سێ ولاَتی ئەمەریکا، بەریتانیاو یەکیەتی سۆڤیەتەوە ئیمزا کرا. دواتر دەوڵەتی چینیش راگەیەنراوی مۆسکۆی ئیمزا کرد. لەو راگەیەنراوەدا ئەو چوار دەوڵەتە، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیان کە دەرگای بوونە ئەندام بۆ هەموو ولاَتەکان ــ گەورە و بچووکــ کراوەبێ و لە سەر بنەمای یەکسانیی هەموو ولاَتانی ئاشتیخواز ــگەورە و بچووکــ دامەزرا بێ، بۆ ئاشتی و ئاسایشی نیشتمانی بە پێویست دانا.

راگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووەکان The United Nations Declaration

ئەو راگەیەنراوە لە ڕێکەوتی یەکەمی کانوونی دووهەمی ۱۹٤۲دا بلاَو بۆوە و، لە سەرەتادا بیست و شەش ولاَت بۆوێنە ئەمەریکا، بەریتانیا، چین و یەکیەتیی سۆڤیەت مۆریان کرد. دەوڵەتی ئێران لە ئابی ۱۹٤۲دا ئەو راگەیەنراوەی مۆر کرد. راگەیەنراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ کە:

۱ــ هەرکام لەو دەوڵەتانەی کە ئەو راگەیەنراوەیان مۆر کردووە بەڵێن دەدەن کە لە هەموو سەرچاوە ئابووری و سەربازییەکانی خۆیان بۆ شەڕ لە دژی ئەندام یان ئەندامانی یەکیەتیی سێ کوچکە و هاوپەیمانەکانیان کە لەگەڵیان لە شەڕدان، کەڵک وەرگرن.

۲ــهەرکام لەو دەوڵەتانە دەبێ لەگەڵ ولاَتانی تری ئەندامی راگەیەنراوەکە هاوکاری بکاو، نابێ بە تەنیا قۆڵ لە کۆتاییهێنان بە شەڕو ئاشتی لەگەڵ دوژمنە هاوبەشەکانیان هەڵماڵێ.

رای گشتی Public Opinion

بە دژکردەوەی بە شێکی گەورەی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو رووداوانەدا دەگوترێ کە بۆ کۆمەڵگا گرنگ و سەرەکین یان لانیکەم بەشێکی گەورە، بە لایانەوە گرنگە. رای گشتی پێوەندی بەو پێوەرانە هەیە کە رووداو یان راستییەکان بە پێی ئەو پێوەرانە هەڵدەسەنگێندرێن وهەروەها پێوەندی بە شێوازێک هەیە کە راستییەکان بەپێی ئەوان ئاراستە و شیکراونەوە.

رازیکردن *Appeasement*

بە ئەسپاردنی خاک (زیاتر خاک یان ولاّتی نەتەوەیەکی تر) بە ولاّتێک، یان خۆبواردن لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ڕێککەوتننامەیەک بە مەبەستی رازیکردنی دوژمن، یان پێشگیریکردن لە ڕوودانی شەڕ دەگوترێ.کاتێک لە دەیەی ۱۹۳۰دا کە نەتەوەکان و و ئەو پرەنسیپانەی کە ولاّتان لەسەریان کۆک بوون، لە پێناو راکێشانی سەرنجی دیکتاتۆرەکاندا (وەکوو هیتلەر) بوونە قوربانی ، پێشگیری کردن لە شەڕ بوو بە یەکێک لە پێناسەکانی ئەو چەمکە.

ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی سەعد ئاباد (۲۱ی تشرینی یەکەمی ۲۰۰۳) *Sa'dabad Declaration*

بە بەڵگەنامەیەک دەگوترێ کە سەبارەت بە چالاکییە ناوەکیەکانی ئێران، لە نێوان ئەو ولاّتەو سێ ولاّتی ئەندامی یەکیەتیی ئەورووپا واتا، ئەڵمانیا، بەریتانیا وفەرەنسادا مۆر کرا. نێوەڕۆکی ڕاگەیەنراوەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ لەسەر بانگهێشتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەزیرانی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، فەرەنسا وئەڵمانیا لە ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣، سەردانی ئێرانیان کرد. کاربەدەستانی ئێران و وەزیرە میوانەکان دوای باس و خواستێکی زۆر، سەبارەت بە هەنگاوەکانی چارەسەری هەموو کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بە پرۆگرامی ناوەکیی ئێران و بردنە سەری ئاستی متمانە بۆ هاوکارییە ئاشتیخوازانەکان، لە بواری ناوەکیەوە ڕێککەوتن.

٢ـ کاربەدەستانی ئێران بۆ جارێکی تر، پێیان لەسەر ئەوە داگرتەوە کە چەکی ناوەکی لە ستراتیژیی بەرگری ئێران دانیەو، پلان و چالاکییە ناوەکیەکانی ئێران تەنیا لایەنی ئاشتیخوازانەی هەیە.

کاربەدەستان بەڵێنی کۆماری ئیسلامیان بە ملکەچ بوون بە پەرەپێنەدانی چەکی ناوەکی دووبارە کردەوەو، وەزیرەکانیان ئاگادار کردەوە کە:

www.perawipepwle.com

الف) دەوڵەتی ئێران بڕیاری داوە کە هاوکاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی بکا تاکوو بە شێوەیەکی روون وڵامی پرسیارە وڵامنەدراوەکانی ئاژانس بداتەوەو، چارەسەریان بکاو، هەرجۆرە هەڵەو گوێنەدانێک لە چوارچێوەی ئاژانسدا روون بکاتەوە و چارەسەری بکا.

ب) بۆ بەرزکردنەوەی متمانە و لابردنی هەرجۆرە بەربەستێک لەبەردەم هاوکاری لە بواری ناوەکی دا:

یەکەم: دەوڵەتی ئێران بە وەرگرتنی چەند روونکردنەوەیەکی پێویست، بڕیاری داوە کە پرۆتۆکۆلی پاشکۆ ئیمزا و، دەست بە پرۆسەی پەسندکردنی پرۆتۆکۆل بکا. دەوڵەتی ئێران بەر لەوەی پرۆتۆکۆلی پاشکۆ پەسند بکا، وەک نیشاندانی نیاز پاکی خۆی، لەگەڵ ئاژانسدا، بە پێی پرۆتۆکۆل درێژە بە هاوکاری خۆی لەگەڵ ئاژزانسی وزەی ئەتۆمی دەدا.

دووهەم: لە حاڵێکدا کە دەوڵەتی ئێران لەچوارچێوەی سیستەمی پەرەپێنەداندا، مافی خۆیەتی وزەی ناوەکی بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانە پەرەپێ بدا، بەڵام خۆی بڕیاری داوە کە هەموو چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم بوەستێنێ.

٣ _ وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا، ئەڵمانیا وفەرەنسا پێشوازییان لە بڕیاری دەوڵەتی ئێران کردو، ئەم باسانەی خوارەوەیان بە ئاگاداری کاربەدەستانی ئێران گەیاند:

الف) دەوڵەتەکانی ئێمە مافی دەوڵەتی ئێران بۆ کەڵکی ئاشتیانە لە وزەی ناوەکی لە برانبەر "NPT" دا بەرەسمیی دەناسێ.

ب) بەبڕوای ئەوان، پرۆتۆکۆلی پاشکۆ بە هیچ شێوەیەک مەبەستی خەوشدارکردنی سەروەری، پرەستیژی نەتەوەیی، یان ئاسایشی نەتەویی وڵاتی ئەندام نیە.

پ) بە بڕوای ئەوان ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتوومی بڵێت کە ئێران بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، دەبێ ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی ئاژانس ئەو رەوشەی ئێستا چارەسەر بکا.

ت) هەرسێ دەوڵەت لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگای وتووێژ لە سەر بنەمای هاوکارییە ستراتیژییەکان بکرێتەوە.

هەرکاتێک نیگەرانیی نێو نەتەوەیی، بۆ وێنە نیگەرانییەکانی سێ وڵاتی لایەنی بەرانبەری ئێران نەمێنێ، ئێران دەتوانێ چاوەڕوانی کە ئاسانکاری بۆ ئێران بکرێ کەدەستی بەتەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا ڕابگا.

ج) ئەوان لەگەڵ ئێراندا بۆ بردنەسەری ئاستی ئاسایش و سەقامگرتوویی لە ناوچەدا و، بۆوێنە پێکهێنانی ناوچەیەکی بێ چەک وچۆڵی کوشتاری بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەپێی ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوکاری دەکەن.

ڕاگەیەنراو [ڕێککەوتننامە]ی پاریس (١٥ی تشرینی دووهەمی ٢٠٠٤)
Paris Agreement

دوابەدوای کۆبوونەوەی سەعدئاباد، وتووێژێکی دیکە لە نێوان ئەڵمانیا، بەریتانیاو فەرەنسا لەگەڵ ئێراندا دەستی پێکرد کە لە ئاکامدا بە دەرکردنی ڕێککەوتننامەی پاریس کۆتایی هات.

نێوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتەکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا وبەریتانیا بە پشتیوانی نوێنەرانی باڵای یەکیەتیی ئەورووپا (سێ وڵات یەکیەتیی ئەورووپا) پێداگریان لەسەر بەڵێنەکانی ڕاگەیەنراوی ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ی تاران کردەوە و، بڕیاریان داوە پێشکەوتنەکانی دوایی لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژن. سێ وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئەورپاو ئێران بۆ جارێکی تر سووربونی خۆیان لەسەر بەڵێنەکانی NPT دووپات کردەوە.

ئێران بەپێی ماددەی ٢ی NPT دەڵێ کە بەدوای بە دەستهێنانی چەک ناوەکیەکان نیەو نایهەوێ و، سوورە لەسەر هاوکارییکردنی تەواو و روون لەگەڵ ئاژانس .

ئێران هەروەها دڵخوازانە تا ئەوکات کە پرۆتۆکۆلی پاشکۆ پەسند دەکا، پرۆتۆکۆلی پاشکۆ جێبەجێ دەکا. بە مەبەستی ڕاکێشانی متمانەی زیاتر، ئێران دڵخوازانە بڕیاری داوە کە پرۆگرامی ڕاوەستانی بەرنامەی ناوەکی خۆی درێژە پێبدا و، پەرەی پێ بدا کە هەموو چالاکیەکانی

پێوەندیدار بە پێتاندن و بەرهەمهێنان، و بە تایبەتی هاوردەی سانتریفیوژە گازییەکان و ئامێرەکانی، مۆنتاژ، دانان، تاقیکردنەوە و وەکارخستنی سانتریفیوژە گازییەکان، هەرجۆرە کردەیەک بۆ جیاکردنەوەی پلۆتۆنیۆم یان چاککردن یان دامەزراندنی بنکەی جیاکردنەوەی پلۆتۆنیۆم و هەموو تاقیکردنەوەکان لەگەڵ بەرهەمهێنان لەهەر دامەزراوەیەکی گۆڕینی ئۆرانیۆم لە خۆبگرێ. ئاژانس لەو هەڵپەساردنە ئاگادار دەکرێتەوە و بانگهێشتی ئاژانس دەکا بۆ ئەوەی کە چاوەدێری بەسەر ئەو بەرنامەی ئێراندا بکەن.

ڕاگرتن لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ بە شێوەیەک کە ئاژانس بتوانێ بەرلە کۆبوونەوەی تشرینی دووهەم دان بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەی ئێراند بنێ. ڕاگرتن لە کاتی وتووێژەکانی دوولایەنیش دا بەردەوام دەبێ. دەبێ سێ وڵاتی ئەورووپی دان بەوەدا بنێن کە ڕاگرتن دڵخوازانە بووە و لە پێناوی بە دەستهێنانی متمانەی زیاتری جیهانی بووە، نەک ناچارکردنێکی یاسایی.

بەردەوام بوون لە ڕاگرتنی بەرنامەی ناوەکیی ئێران، بەو مەرجەی کە وتووێژە درێژخایەنەکان بەردەوامن، بۆ بەردەوامی پرۆسەی گشتی، شتێکی پێویست و بنەڕەتیە. لە چوارچێوەی ئەو ڕاگرتنەدا، سێ وڵاتی یەکیەتیی ئەورووپا و ئێران ڕێک کەوتوون کە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە هەر دوولا لەسەری کۆک بن، درێژە بە وتووێژەکانی خۆیان بدەن.

کۆمیتەیەکی ڕێبەری پێک دێ و کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وتووێژانە لە نیوەی یەکەمی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ دەست پێ بکاو، گرووپێکی کاری لە بواری سیاسی، ئاسایش، تەکنۆلۆژی و هاوکاریی ناوەکی پێک دێنێ. کۆمیتەی ڕێبەری بۆ جارێکی تر دوای سێ مانگ کۆ دەبێتەوە تاکوو ڕاپۆرتی پێشکەوتنی کارەکان لە گرووپی کارەکان وەربگرێ و، سەبارەت بە پێشفەچوونی پرۆژەکان یان هەرکارێک کە دەتوانێ بەر لە ڕێککەوتنێکی گشتی جێبەجێ بکرێ، بڕیار دەدا.

لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە وبە سەرنج دان بەو پێشکەوتنەی کە لە بواری چارەسەری کێشە چارەسەر نەکراوەکاندا رووی داوە، سێ وڵاتی یەکیەتیی ئەرووپا لە ئێستاوە پشتیوانی لە بەرپرسی گشتیی ئاژانس دەکەن تاکوو لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکە و پرۆتۆکۆلی پاشکۆ بەو شێوەیەی کە پێویستە،ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری ئاگادار بکاتەوە. سێ وڵاتی یەکیەتیی

ئەوروپا پشتیوانی لە بەرپرسی گشتیی ئاژانس دەکەن تا لە چوارچێوەی پادمان و پرۆتۆکۆلی پاشکۆ، ئەگەر بە پێویستی زانی، راپۆرتی وتووێژەکان بە ئەنجوومەنی بەرێوەبەری ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بدا. هەروەها ئەو سێ وڵاتە پشتیوانی لە سەرۆکی ئاژانس دەکەن بۆ ئەوی ئێران بانگهێشت بکا لە گرووپی پسپۆری تێروانینی چەندلایەنە سەبارەت بە سیکلی سووتەمەنی ناوەکیدا بەشداری بکا. کاتێک کەدان بە راستیی راگرتن نرا، وتووێژ لەگەڵ یەکیەتیی ئەوروپاسەبارەت بەرێککەوتننامەی بازرگانی و هاوکاری دەست پێ دەکاتەوە. سێ وڵاتی یەکیەتیی ئەوروپا هەر لە سەرەتای وتووێژەکانەوە پشتیوانی لە چوونی ئێران بۆ نێو رێکخراوی جیهانیی بازرگانی بە شێوەیەکی چالاک دەکەن. جیا لە بەرەوپێشڤەچوونی کارەکان لە بواری ناوەکیدا، هەرسێ وڵاتی یەکیەتیی ئەوروپا و ئێران پێداگری لە سەر دژایەتی خۆیان لەگەڵ تیرۆریزم وەک چالاکیەکانی ئەلقاعیدە و گرووپە تیرۆریستیەکانی تر دەکەنەوە. هەوەها، هەموویان پێداگری لەسەر پێشیوانیی بەردەوامی خۆیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەمەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراوی یاسایی دەکەنەوە.

راگەیەنراوی راسێل ـ ئەنێشتاین
Russell – Einstein Manifesto

ئەم راگەیەنراوە کە رەشنووسەکەی لە لایەن بێرتراند راسێڵ فەیلەسۆفی بە ناوبانگی بەریتانی نووسراوە و، ئالبێرت ئەنێشتاین، زانای بە ناوبانگ مۆریان کرد، لە کۆبوونەوەی "پۆگڤاش"ی کەنەدا راگەیەنرا. لەو راگەیەنراوەدا سەرەرای وەبیرهێنانەوەی مەترسیی هەڵگیرسانی شەرێکی ئەتۆمی و گرنگیی پێشگرتن لەم کارە، خەڵک و دەوڵەتەکانی جیهان بۆ "جیابیری" بانگهێشت کرابوون. بیرمەندانی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت بە کەڵک وەرگرتن لەم زاراوە، لە ستراتیژییەکانی خۆیاندا کەڵکیان لە "بیری نوێ" وەرگرت.

راگەیەنراوی هاوبەش — *Joint Declaration*

بەڵگەیەکە کە دەوڵەتێک بەمەبەستی روونکردنەوەی رێبازی سیاسی خۆی سەبارەت بە بابەتێکی تایبەتی یان بە مەبەستی روونکردنەوەی رەوتێکی تایبەتی یان پووچەڵ کردنەوەی لێدوانی نەیارەکان دەری دەکا. رەنگە راگەیەنراو وەکوو رێککەوتننامەی نێوان دوو یان چەند دەوڵەت و دەربری بیروبۆچوون وویستەکان و بریارە هاوبەشەکانی ئەوان بێ، یان رەنگە راگەیەنراو بۆ

روونکردنەوەو شیکردنەوەی مادده یان چەندین مادده لە ڕێککەوتنێک کە پێشتر گرێ دراوە، دەربچێ.

ڕێککەوتننامەی ئەمەریکا و سۆڤیەت سەبارەت بە نەهێشتنی موشەکە مام ناوەندی هاوێژ و کورت هاوێژەکان (کانوونی یەکەمی ١٩٨٧)

Treaty Between The USSR and The USA On The Elimination Of Their Intermediate And Shorter Range Missiles

بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە لە ڕێکەوتی هەشتی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧دا لە نێوان میخائیل گۆرباچۆف، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و ڕۆناڵد ڕێگان، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا سەبارەت بە نەهێشتنی موشەکە مام ناوەندی هاوێژ و کورت هاوێژەکانی هەر دوو لایەن، لە شاری واشینگتۆنی ئەمریکا مۆر کرا.

ئەم ڕێککەوتننامە موشەکی بالستیک، بالستیکی زەوی بە زەوی، کرۆز، کرۆزی زەوی بە زەوی، خاوەنی مەودایەکی مام ناوەندی (لە نێوان ١٠٠٠ هەتا ٥٥٠٠کیلۆمەتر)، کورت هاوێژ (لە نێوان ٥٠٠ هەتا ١٠٠٠ کیلۆمەتر) لە خۆ دەگرێ. بە واتایەکی تر، موشەکە ئێس ئێس ـ٢٠ ، ئێس ئێس ـ٤ ، ئێس ئێسـ ٥ی سۆڤیەت و پرشنگی ـ٢ی ئەمەریکا لەریزی موشەکە مامناوەندی هاوێژەکان دان. موشەکە رووسیەکانی لە جۆری ئێس ئێس ـ١٢، ٢٣وپرشنگی ـیەک (A) لەریزی موشەکە کورت هاوێژەکان دان.

ڕێککەوتننامەی باڵکان **Balkan Pact**

زاراوەیەکە بەم شێوەیەی خوارەو:

١ـ ئەم ڕێککەوتننامە لە ساڵی ١٩٣٤ لە نێوان وڵاتانی یۆگسلاڤیا، ڕۆمانیا، یۆنان و تورکیا بەمەبەستی هێرش نەکردن و نەپەڕاندنی سنوورەکانی یەکتر گرێدرا. ئەم ڕێککەوتننامە ئەنجوومەنێکی هەبوو کە بەردەوام و بەرێک و پێکی کۆبوونەوەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد. ئەو ڕێککەوتننامە، دوای هێرشەکانی ئەڵمانیای نازی بەکردەوە لەبەریەک هەڵوەشایەوە(١٩٤٠).

www.perawipepwle.com

بولگاریاش بانگهێشت کرا کە ببێ بە ئەندامی ئەو ڕێکەوتننامە، بەڵام چوونکە ئەم وڵاتە دانی بە سنوورەکانی ئێستای مەکدۆنیادا نەدەنا، لە بەءن بە ئەندام لەم ڕێکەوتننامەدا خۆی بوارد.

٢ــ ڕێککەوتننامەی هاوکاریی دوولایەنە لە ساڵی ١٩٥٤دا لە بەرامبەر ئەگەری هێرشی هەر لایەنێک بۆ سەر خاکی لایەنەکەی تر، لە نێوان یۆگسلاڤیا، تورکیا و یۆناندا مۆر کرا. کێشەی قوبرس ناکۆکی خستە نێوان تورکیا و یۆنان و، نێوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە لە هیچ کات لە کردەوەدا جێبەجێ نەبوو.

ڕێککەوتننامەی بەغدا (١٩٥٥) — Baghdad Pact

ئەم ڕێککەوتنە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥ لە نێوان وڵاتانی تورکیا وعێراقدا بەناوی "ڕێککەوتنی هاوکاریی دوولایەنە" لە بەغدا مۆر کراو، کە بە ڕێککەوتننامەی بەغدا بەناوبانگ بوو.

ڕێککەوتننامەی بەغدا پێشەکی و ٨ مادده و ٢ ڕاڤەنامەی هەیە. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنە مسۆگەرکردنی ئاسایش و بەرگریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو و، لە پێشەکیەکەیدا بە پشت بەستن بە ماددەی ٥١ی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، روون کرابۆوە کە هەر دوو لایەنی ڕێککەوتنەکە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرگری خۆیان و، بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری نەتەوەکانی خۆیان، لەگەڵ یەکتردا هاوکاری دەکەن.

عێراق بۆ ئەوی کە پاساو بۆ ئەم ڕێککەوتنە بەرگرییە بێنێتەوە و، بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامە لەگەڵ کۆمەڵەی عەرەبیدا بگونجێ، پشتی بە ماددەی ١١ی ڕێککەوتننامەی بەرگریی هاوبەش و هاوکاریی ئابووریی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی عەرەبی بەست، کە دەڵێ: هیچ کارو ڕێوشوێنێکی وڵاتانی ئەندام کە بەپێی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە چوارچێوەی ئەم جاڕنامەیەدا بێ، زەربە لە بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەک واتە لە وڵاتانی ئەندام نادا.

بەپێی ماددەی ٥ی ڕێککەوتننامەی بەغدا، هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی خۆیان لەم ڕێککەوتننامەدا دەبیننەوە، دەیانتوانی ببن بە ئەندامی ئەو ڕێککەوتننامەیە. لەم رووەوە، بەریتانیا لە ٣٠ی مارتی ١٩٥٥، پاکستان لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٥ وئێران لە ١١ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بوون بە ئەندامی ڕێککەوتننامەی بەغدا، بەڵام ئەمەریکا لە بوون بە ئەندام لەم ڕێککەوتننامەدا خۆی بوارد. پێکهێنانی ڕێککەوتننامەی بەغدا لە داهێنانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، بەتایبەتی جۆن فاستێر دالس، وەزیری دەرەوەی ئەم دەوڵەتە بوو کە دەیویست ڕێکخراوێکی بەرگریی بەهێز لە

ناوچەکەدا پێک بێنێ تاکوو بەر بە پەرەگرتنی تەشەنەکردنی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا بگرێ و، پشتێنەی بەرگریی رۆژئاوا پتەوتر و بەهێزتر بکا. بەڵام ئەمەریکا وای بە باش زانی کە بۆخۆی نەبێ بە ئەندامی رێککەوتننامەکە، تاکوو نەبێتە هۆی دنەدانی دەوڵەتی سۆڤیەت، و هەروەها دەوڵەتی ئەمەریکا خۆی لە مشتومڕەکانی سەنای ئەمەریکا سەبارەت بە ئەندامەتیی لەو رێککەوتننامەدا پارێزێ و دۆستایەتیی عەرەبەکانیش زیاتر بۆ لای خۆی رابکیشێ یان لانیکەم پەرە بە رق و بێزاری ئەم وڵاتانە بەرامبەر بە خۆی نەدا. چوونکە لەو سەروبەندەدا دەوڵەتە ناسیونالیستەکانی عەرەب و بەتایبەتی میسر پێیانوابوو کە وڵاتە عەرەبیەکان تاکوو بە ئامانجە ناسیۆنالیستەکانیان نەگەن، نابێ هاوکاری وڵاتانی رۆژئاوایی بکەن و، دەبێ لەم هاوکاریە خۆ ببوێرن.

رێککەوتننامەی بەغدا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ رێککەوتننامەی سەعد ئابادا هەیە. چوونکە وڵاتانی ئەندام لە رێککەوتننامەی سەعدئابادا بەڵێنی ئەوەیان بە یەکتر دابوو کە سنووری یەکتر نەبەزێنن و، رێز بۆ سنوور و سەروەریی خاکی یەکتر دابنێن. هەروەها بەڵێنیان دابوو کە لە کاتی سەرهەڵدانی هەرکێشەیەکی نێونەتەوەییدا کە پێوەندی بە بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەوانەوە هەبێ، لەگەڵ یەکتر راوێژ بکەن. بەڵام ئەو رێککەوتننامە هیچ جۆرە هاوکاریەکی دوولایەنە و بەرامبەرانە یان بەڵێنێکی سەربازی تێدا نەبوو.

بەڵام لە رێککەوتننامەی بەغدادا پێشبینی هاوکاری لە بوارەکانی سەربازی و ئابووریدا کراوە. جگە لەمە، ئەندامەتیی بەریتانیا و بەشداری و چاوەدێریی چالاکانەی چاوەدێرانی ئەمەریکا لە کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی رێککەوتننامەی بەغدا، گرنگیەکی زیاتری بەم رێککەوتنە بەخشیبوو، واپێدەچوو کە هاوکاریەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەمەبەستی بەهێزکردنی بنەماکانی بەرگریی وڵاتانیی ئەندام و، لە هەمان کاتدا باشتر کردنی باری ئابووریی ئەم وڵاتانە بووبێ.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراق، دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم رایگەیاند کە عێراق سوورە لەسەر هەموو بەڵێنە نێودەوڵەتیەکانی خۆی. بەڵام لە کردەدا خۆی لە بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و کۆمیتەکانی رێککەوتننامەی بەغدا دەبوارد و، هیچ جۆرە چالاکییەکی نەبوو هەتا ئەوەی کە لە ٢٤ی ئابی ١٩٥٩، شەش مانگ بەر لە کۆتایی خولی ٥ساڵەی یەکەمی رێککەوتننامەی بەغدا، عێراق بڕیاری چوونە دەری خۆی لەم رێککەوتننامەیە بە

نووسراوە راگەیاند و، پاشان لە ٢٤ی شوباتی ١٩٦٠ واتە ئەوکاتە کە خولی ٥ ساڵەی یەکەم کۆتایی هات، بەڕەسمی لە ڕێککەوتنەکە چووە دەر.

هەر بەم هۆیە، ناوەندی ڕێککەوتننامەکە لە بەغداوە گوازرایەوە بۆ ئانکارا و، ناوەکەشی لە مانگی ئابی ١٩٥٩ بۆسەنتۆ گۆڕدرا. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناوەش ئەوە بوو کە سەنتۆ (ڕێکخراوی پەیمانی ناوندیی) لە نێوان ناتۆ (لە رۆژئاوا) و سیتۆ (لە رۆژهەڵات) واتە لە نێوڕاست و ناوەندا هەڵکەوتبوو. لەلایەک بە هۆی ئەندامەیتی تورکیا لە ناتۆ، سەنتۆ لەگەڵ ناتۆ و، لە ڕێگای ئەندامەیتی پاکستانیشەوە لەگەڵ سیتۆدا پێوەندی هەبوو.

ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت و ئەڵمان — Russo –German Pact

ئەم ڕێککەوتننامە کە لە ئابی ساڵی ١٩٣٩دا لە نێوان ئەڵمانیای نازی و سۆڤیەتدا مۆر کرا، بوو بە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکی زۆر لە نێو خاکی ئەورووپادا. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە بڕیار بوو کە:

١ــ هیچکام لە لایەنەکان هێرش نەکەنە سەرخاکی یەکترو، سنوورەکانی یەکتر نەبەزێنن.

٢ــ ئەگەر هەرکام لە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەکە کەوتنە بەر هێرشی وڵاتی سێهەم، هیچ پشتیوانیەک لە هێزی وڵاتی سێهەم نەکەن.

٣ــ نە ئەڵمانیا و نە سۆڤیەت هیچکامیان نابنە ئەندامی هاوپەیمانیەک کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دژی لایەنێکی ڕێککەوتننامەکە بێ و؛ لە پشتیوانیکردنی ئەم هاوپەیمانەتیە خۆ دەبوێرن.

هەوەها لەسەر داوای سۆڤیەت پرۆتۆکۆلێکیش بەم ڕێککەوتننامەوە لکێندرا، کە بەپێی ئەم، دەستی سۆڤیەتی لە وڵاتانی وەک فینلەندا، ستۆنیا، لیتۆنی، لیتوانیاو، هەروەها پۆڵەنداش بەکراوەیی هێشتبۆوە. ئەم ڕێککەوتننامە ئەم بواری بۆ هیتلەر رەخساند، کە هێرش بکاتە سەر فەڕەنسا و بەریتانیا. سۆڤیەتیش بوو بە قوربانیی هێرشەکانی ئەڵمانیای نازی و، خاکی سۆڤیەت لە کانوونی دووهەمی ١٩٤١دا کەوتە بەر هێرشی سوپای هیتلەر.

ڕێککەوتننامەی سەعدئاباد (تەمووزی ١٩٣٧) — Sa'adabad Pact

ئەم ڕێککەوتننامە لە تەمموزی ساڵی ١٩٣٧دا لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، ئەفغانستان، تورکیا و عێراق لە کۆشکی سەعدئاباد (تاران) مۆر کراو، بە ڕێککەوتننامەی هێرش نەکردن و دۆستایەتی بەناوبانگە.

نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی سەعدئاباد سەبارەت بە هاوڕایی چوار وڵات لە سەر سیاسەتە گشتیەکان و، پشتیوانی لایەنەکان لە لایەنێک لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەرمەترسی و هەڕەشەیەکدا بوو.

دەوڵەتەکانی بەشدار بەڵێنیان دابوو کەدەست لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر وەرنەدەن وڕێز بۆ سەروەریی سنوورەکانی یەکتر دابنێن؛ هەروەها لە هێرش کردن بۆسەر خاکی یەکتر خۆبیوێرن و، پێشگیری لە دامەزرانی کۆمەڵەکان و ئەو تاقم و گرووپانە بگرن کە ئامانجیان بشێوی نانەوە و تێکدانی ئاشتی و ئارامی لە نێو وڵاتانی ئەندام دایە.

ئەم ڕێککەوتننامە لە ساڵی ١٩٤١ کە هاپەیمانان هێرشیان کردە سەر ئێران، سەلماندی کە لە کردەوەدا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە.

ڕێککەوتننامەی سێ لایەنە (١٩٤٠) *Tripartite Pact*

بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٤٠ لە نێوان ئەڵمانیا، ئیتالیاو ژاپۆندا مۆر کرا. ئامانجی ئەم ڕێککەوتننامە، پێکهێنانی هاوکاریی دوو لایەنە لە نێوان دەوڵەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆندا بوو. بە دوای مۆر کرانی ئەم ڕێککەوتننامە سێ لایەنەیە، ئادۆلف هیتلەر هاوپەیمانە ئەورووپیەکانی خۆی ناچار بە پێڕەویکردن لەم ڕێککەوتننامە کرد.

ڕێککەوتننامەی دژی موشەکی بالستیک (١٩٧٢) *ABM Treaty*

بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ لە ٢٧ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستیدا مۆر کرا. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە (بە لەبەر چاوگرتنی هێندێک حاڵەتی دەگمەن) دامەزراندنی سیستەمی دژە موشەکی بالستیک قەدەغە کراو، هەر وڵاتێک تەنیا دەیتوانی ئەم سیستەمە بۆ پاراستنی گۆڕەپانی موشەکە دوورهاوێژەکانی بالستیک و بەرگری لە ڕێکخراویی فەرماندەریی نیشتمانی (پایتەخت) دامەزرێنێ. ئەمەریکا وازی

لەم ڕێککەوتننامە هێنا، بەڵام سۆڤیەت دەستی بە دامەزراندنی ئەو سیستەمە لە دەوروبەری مۆسکۆدا کرد. هێنانە گۆڕی گەلاڵەی ستراتیژیی (شەڕی ئەستێرەکان) لە لایەن ئەمەریکاوە، لە کردەوەدا پێشێلکردنی ئەم ڕێککەوتننامە بوو. دوای بەدەسەلاّت گەیشتنی جۆرج بۆش (لە ئەیلوولی ۲۰۰۱دا) دەنگۆی هاتنەدەری ئەمەریکا لەم ڕێککەوتننامەدا بڵاو بۆوەو، لە دوای ڕووداوی ۱۱ی ئەیلوولی ۲۰۰۱، ئەمەریکا بە ڕەسمی هاتنەدەری خۆی لەو ڕێککەوتننامە ڕاگەیاند.

ڕێککەوتننامەی پۆلاّیین **PACT oF Steel**

بە ڕێککەوتنی سەربازیی نێوان ئەڵمانیای نازی و دەوڵەتی فاشیستی ئیتاڵیا دەگوترا کە لەساڵی ۱۹۳۹ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا گرێدرا.

ڕێککەوتننامەی ماستریخت ***Masstricht Treay***

بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە لە لایەن سەرکردەکانی ۱۲وڵاتی ئەندامی کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپا واتە ئەڵمانیا، ئیسپانیا، بەریتانیا، ئیرلەندا، بەلژیکا، پورتوگال، دانیمارک، فەڕەنسا، لۆگزامبۆرگ، هۆڵەندا ویۆنان لە کانوونی یەکەمی ۱۹۹۱لە شاری ماستریخت (هۆڵەندا) مۆر کرا. مەبەست لەو ڕێکەوتننامە پێکهێنانی یەکگرتوویی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ئەورووپایە. دیاریکردنی سیستەمێکی یەکگرتووی دراو، بەرەسمی ناسینی " هاووڵاتیی ئەورووپیی "، هاوکاری نزیکی وڵاتەکان لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئاسایش، دادوەری کاروباری نێوخۆیی لە بەرنامەی کاری ڕێککەوتنەکە بوون. ئەم ڕێککەوتننامە لە ڕێگای پەرلەمانەکان یان بە هۆی ڕیفراندۆمەوە لەو وڵاتانەدا پەسند کرا.

ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی ***Anti-Comintern Pact***

ئەم ڕێککەوتننامە لە ساڵی ۱۹۳٦، لەنێوان ژاپۆن و ئەڵمانیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی پێکهات. لە تشرینی دووهەمی ساڵی ۱۹۳۷دا ئیتاڵیاش چووە ریزی ئەم

www.perawipepwle.com

ڕێککەوتننامەوە. ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی بە سەرەتایەک بۆ هاوکاریی سەربازیی لە ئەیلوولی ١٩٤٠دا دەژمێررێ.

ڕێککەوتننامەی پێشگیری لە پەرەگرتنی چەکە ناوەکیەکان (١٩٦٨)
Non-Proliferation Treaty (NPT)

ئەم ڕێککەوتننامە لە سەرەتای کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٦٨ بە مەبەستی پێشگیری لە پەرەگرتن و بەرفراوانبوونی چەکە ناوەکیەکان لە لایەن بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی گرێدرا و، لە ساڵی ١٩٧٠دا جێبەجێ کرا. وڵاتانی تری جیهان پاشان یەک بە دوای یەک چوونە ریزی ئەم ڕێککەوتننامەوە.

لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامە بەسەردوو گرووپ دابەش دەبن:

الف) وڵاتانی خاوەن چەکە ناوەکیەکان کە بەڵێنیان داوە پێش بە پەرەگرتنی ئەم چەکەنە بۆ وڵاتانی تر بگرن.

ب) ئەو وڵاتانەی کە چەکی ئەتۆمیان نیە و بەڵێنیان داوە لە دەستوێراگەیشتن بەو جۆرە چەکانە خۆبیوێرن.

لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامە ئامرازێکی لۆژیکی بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی بێ چەکی ناوەکی (Nuclear Weapons Free Zone) یە.

کاتێک کە ئەم ڕێککەوتننامە لە ساڵی ١٩٧٠دا گەیشتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە، تەنیا پێنج وڵات لە جیهاندا خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوون، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یەکیەتیی سۆڤیەت، چین، فەرەنسا و بەریتانیا، بەڵام ئەمرۆکە وڵاتانی دیکەی وەک هیند و پاکستانیش خاوەنی چەکی ئەتۆمین. لە کۆنفرانسی پێداچوونەوە (Review Conference) کە لە ساڵی ١٩٩٥دا بەڕێوەچوو، ئەم وڵاتانەی کە خاوەنی چەکی ئەتومی نەبوون، ڕەخنەیان لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە گرت و، پێیانوابوو کە لە نێوان ئەندامەکاندا جیاوازی دادەنێ. ئەوەی کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەم ڕێککەوتننامە، ئەوەیە کە وڵاتانی خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی دڵیان بەو خۆشە کە لە ڕێگای ئەم ڕێککەوتنەوە بەر بەدەستوێراگەیشتنی وڵاتانی تر بەم چەکە دەگرن، هەر بۆیە بەهەموو توانایانەوە هەوڵی جێبەجێ کردن و پابەندبوون بەم ڕێککەوتننامەیە دەدەن. نەچوونی وڵاتانی وەک

ئیسراییل و هیند و پاکستان بۆ ریزی ولاتانی نێو ئەم ڕێککەوتننامە، پرۆسێسی روو لە زیادی بووی دەستوێڕداگەیشتن بەو چەکانەی کە بۆمبە ئەتۆمیەکان دەهاوێژن (وەک موشەک) و؛ هەوەها دەرەنجامەکانی لەبەریەک هەڵوەشانەوەیی یەکیەتیی سۆڤیەت کە زۆر لە زانا و پسپۆڕانی بواری ئەتۆمی خستۆتە لێواری " بەکرێگیراویی ناوەکی"، هەڕەشە لەو ریککەوتننامە دەکەن.

هەروەها مەترسیی " دزکردەوەی ئالقەی"یش جیهانی خستۆتەسەر لێواری هەڵدێری شەڕێکی ئەتۆمی. ئەگەر بۆوێتە یەکیک لە ولاتانی ناوچەکە یاساکانی ڕێککەوتننامەی پێشگیری لە پەرەگرتنی چەکە ناوەکیەکان پێشێل بکا، ئەوا ولاتانی تریش پێشێلی دەکەن. کێشەکانی نێوان میسر و ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هیندو پاکستان لە باشووری ئاسیا و سێ گۆشەی چین ـ کۆریا ـ ژاپۆن لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دەکرێ لەم نموونەیە بن.

بە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتیش چوار ولاتی فیدراسیۆنی رووسیا، قەزاقستان، ئۆکراینا، وبیلارووس بوون بە میراتگری چەکە ئەتۆمیەکانی ئەم ولاتە، کە لە ژێر هەوڵەکانی ئەمەریکادا ئەم ولاتانە ناچار کران بێنە نێو ڕیزی ئەم ڕێککەوتننامەوە. بەلام بەوحالەش دنیا شایەدی نموونەی "کردەیدڵخوازانە"ی ولاتانی وەک ئەفریقیای باشوور [و، هەروەها لیبیا.و.] بۆ وازهێنان لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمیش بووە.

ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ (١٩٥٥) Warsaw Pact

ڕێککەوتننامەیەکی سەربازی بوو کە بە ڕواڵەت بە مەبەستی بەرگریکردن و لە بەرامبەر ڕێککەوتننامەی ناتۆ لە نێوان ولاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا پێکهات. ئەم ریککەوتننامە لە ١٤ی مانگی ئایاری ١٩٥٥ لە شاری ڤەرشۆ بۆ ماوەی بیست ساڵ لە نێوان ولاتانی سۆڤیەت، ئەڵمانیای رۆژهەلات، ئەڵبانیا، بولگاریا، چیکسلۆڤاکیا، هەنگاریا، پۆڵەندا ورۆمانیادا گرێدرا. مەبەست لە ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ پێکهێنانی هاوکاریە سیاسی و سەربازییەکان لە نێوان ئەو ولاتانەو، زیادکردنی هێزە بەرگرییەکان لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بوو. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە، هەرکام لە لایەنەکان هێرشی کرابا سەر، ئەرکی ولاتانی ئەندام ئەوە بوو کە دەبوایە بەهەموو هێز و کەرەسەکانی بەردەستیان پشتیوانیان لێ کردباو، هاوکاریان کردبا.

ناوەندی ڕێنوێنی هێرشە سەربازییەکان لە مۆسکۆ بوو. ئەڵبانیا لە ساڵی ١٩٦٨ وازی لە ئەندامەیتی لەم ڕێککەوتننامەدا هێنا. ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکوتی بزووتنەوە نێوخۆییەکاندا گێڕا. هێرشی سوپاکانی ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ بۆ سەر پراگ (هاوینی١٩٦٨)یەکێک لەو نموونانەیە. سۆڤیەت لە مانۆڕەکانی ڕێککەوتننامەکە بۆ چاوترسێن کردن و سەرکوت و خنکاندنی بزووتنەوە کرێکارییەکانی پۆڵەندا کەڵکی وەرگرت (١٩٨١-١٩٨٠) کە هیچ ئاکامێکی نەبوو. دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە وڵاتانی ئەورووپا ڕۆژهەڵاتدا هاتنە ئاراوە، ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆش لە تەمموزی ١٩٩١ بەڕەسمی هەڵوەشایەوە.

ڕێککەوتنی ئەلجەزایر(١٩٧٥) **Algerian Accord**

دوا بە دوای کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی هەناردەی نەوت (ئۆپێک)کە لە چوار هەتا شەشی مارتی ١٩٧٥ لە ئەلجەزایر بەڕێوە چوو، ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشی نێوان عێراق و ئێران سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە سەربنەمای ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاک و سنوور نەبەزاندن و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێو خۆیی یەکتر بەو شێوە بڵاو بۆوە:

١ـ سنوورە وشکاییەکانی خۆیان بەپێی پرۆتۆکۆلی قوستەنتنیەی (ئیستانبول) ساڵی ١٩١٣ و بریارنامەکانی کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤ دا دیاری بکەن.

٢ـ سنوورە ئاوییەکانی خۆیان بەپێی هێڵی تاڵڤێگ دیاری بکەن.

٣ـ بەم کارە، هەردوو وڵات ئاسایش لە درێژایی سنوورە هاوبەشەکانی خۆیان و متمانەی بەرامبەرانە پیادە دەکەن.

بەم پێیە، هەر دوولایەن بەڵێن دەدەن کە کۆنترۆڵ و چاوەدێرییەکی ورد لە سنوورەکانی خۆیاندا بەمەبەستی پێشگرتن لە هەر دزەکردنێکی تێکدەرانە پێک بێنن.

٤ـهەر دوو لایەن لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بە وردی نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ بکەن؛ پێشێلکردنی هەر مادەدەیەک بە دژی ڕێککەوتننامەکە بە دژی ڕۆحی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر دادەنرێ.

ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی *International Agreement*

ئەم زاراوە بەواتا بەرفراوانەکەی بریتیە لە کردەوەیەکی یاسایی کە لە دەرئەنجامی ڕازیبوونی دوو یان چەند لایەنی نێودەوڵەتی پێکدێ و یاسا نێودەوڵەتیەکان دەیانگرێتەوە. بەپێی ئەم پێناسە، تایبەتمەندییەکانی ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی بریتین لە:

١ــ پێویستی بە بەڵگەو نووسراوە نیە. [ئەم ڕێککەوتنە ڕەنگە هەروا زارەکیانە بێ]

٢ــ لە نێوان لایەنە نێودەوڵەتیەکان(نەکەسە تایبەتیەکان) گری درابێ.

٣ــ یاسا نێو دەوڵەتیەکان دەیانگرێتەوە(نەتەنیا یاسای نێو خۆیی وڵاتێکی دیاریکراو).

٤ــ لە نێوان دوویان چەند لایەندا پێک دێ و، یەک لایەنە نیە.

ڕێککەوتنی ئاشتیی دایتۆن(١٩٩٦) *Dayton Accord*

بەو ڕێککەوتنە دەگوترێ کە لە تشرینی دووهەمی ١٩٩٦ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی بۆسنیا جێبەجێ کرا. بەم پێیە، دەوڵەتی بۆسنیا پێکهاتوو لە "فیدراسیۆنی کرۆئات ــ موسوڵمان" و "کۆماری سیرب" دامەزرا.

ڕادیکاڵیزم *Radicalism*

ڕادیکاڵیزم لە زاراوەی لاتینی Radix وIcis بە واتای "بنج و بناوان"، وەرگیراوە. ڕادیکاڵیزم بە واتای باو بە لایەنگریکردن لە ئاڵ وگۆڕە بنەڕەتیەکان دەگوترێ. ڕادیکاڵیزم بۆ یەکەمجار لە وڵاتی بەریتانیا لە لایەن "شارلز فۆکس"(١٨٠٦-١٧٤٩)، ڕێبەری حیزبی ڤیگ هاتە ئاراوەو بە ئەندامانی حیزبی ڤیگ دەگوترا کە خوازیاری چاکسازی بنەڕەتیی لە پەرلەمان و ئاییندا بوون و پشتیوانیان لە پرۆتستانیزم دەکرد.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕادیکاڵەکان، بە بەشێکی گەورە لە بۆرژوازی لیبراڵی بەریتانیا دادەنران. داواکاری سەرەکی ڕادیکالیستەکان، چاکسازی یاسای هەڵبژاردن بوو کە لە ساڵی ١٨٣٢دا وەدیهات. لەگەڵ پێکهێنانی حیزبی سۆسیالیست لە بەریتانیادا، ئەم حیزبە تازە دامەزراوە

بوو بە حیزبێکی رادیکاڵ. لە فەرەنسادا، بیروبۆچوونی رادیکالی کە پرۆسەیەکی ئابووری، سیاسی، عەقڵی پرش و بڵاو بوو، لە حیزبی رادیکالی کۆماریخواز و رادیکالی سۆسیالیستدا خۆی نواند.

جۆرج کلمانسۆ (١٨٤١-١٩٢٩)سیاسەتمەداری بەناوبانگ، یەکێک لە گەورەترین رێبەرانی باڵی چەپی حیزبی رادیکاڵی سۆسیالیست بوو.

ئەمڕۆکە رادیکاڵیزم بە هەموو بیروبۆچوون و کردەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەگوترێ کە خوازیاری ئاڵووگۆڕی خێراو [بنەڕەتیی] لە داموودەزگاو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دا بێ(بەمانا گشتیەکەی).

بە زۆری مارکسیەکان، سۆسیالیستە توندڕۆکان، سەندیکالیستەکان، ئانارشیەکان و حیزبە چەپە توندڕۆکان، بە رادیکاڵ دەژمێردرێن.

The Right

راست

زاراوەی راست بە هێندێک لەو تیۆریە سیاسیانە دەگوترێ کە لە خاڵی بەرامبەری خۆیاندا، واتا لە بەرامبەر "چەپ"دا راوەستاون. لە سەرەتادا "دەستە راست"ی بەو کەسە دەگوترا کە لە بەرامبەر هێرشی شۆرشگێرانی فەرەنسا، داکۆکی لە حکوومەتی پاشایەتی و ئاریستۆکراتە بەکرێگیراوەکان دەکرد. بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم ئەم زاراوەیە هاوواتای دەسەڵاتخوازی، نیشتمان پەروەری، نەریت، حکوومەتی بەهێز، خاوەندارێتی ، کەنیسە و سوپا بوو. لە دوای دامەزراندنی کۆماری سێهەم لە فەڕەنسادا، "راست" هەروا لایەنگری لە حکوومەتی پاشایەتی دەکرد. بەڵام لە هەموو شوێنەکاندا لە بەرامبەر سۆسیالیزمدا سەری هەڵدا کە بەرژەوەندی سەرمایەداری خستبووە مەترسیەوە. "راست" نە تەنیا دژی "یەکسانیخوازی" بوو، بەڵکوو دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە بواری ئابووریشدا بوو. بیروبۆچوون و ئاراستەی ناسیۆنالیستی یۆتۆپیایی بەرەبەرە لە ناو " راستی نوێ"دا تەشەنەی کرد و لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، راستێکی بنئاژۆی نوێ سەری هەڵدا کە لە گەڵ راستی کۆنەپارێزی نەریتیدا لە دژایەتیدا بوو. ئەم "راست"ە دژی بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان بوو. نازیسمی هیتلەری لە ئەڵمانیادا، توندڕۆترین حاڵەتی راست بوو. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، هەر دوو زاراوەی راست و چەپ بە واتای جیاواز کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هێندێک لە بەها نەریتیەکانی راست لە بەرامبەر یەکتردا راوەستان و هەویرێکی سیاسی

www.perawipepwle.com

نوێی هێنایە ئاراوە. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە، نازناوی "ڕاست" بە بەراورد لەگەڵ نازناوی "چەپ" ، زیاتر واتایەکی قێزەونە کە هەم لە ڕۆژئاوا و هەم لە ڕۆژهەڵاتیشدا ئەم واتایەی هەیە. ڕاستی ناسیونالیست لە ڕۆژئاوا بەهۆی دژایەتی لەگەڵ یەکیەتیی ئەوروپا لەگەڵ چەپی بنئاژۆخوازدا یەکیان گرت (فەڕەنسا). لە ڕۆژهەڵاتدا نەیارانی دەستە ڕاستیەکان لەگەڵ سیستەمی زاڵی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دژایەتیان دەکردو لە چینیشدا بنئاژۆ "چەپەکان" پشتیوانیان لە شۆڕشی کوولتووریی ماو کرد.

راستی نوێ — *New Right*

دیاردەی ڕاستی نوێ، تێکەڵاوێک لە توخمەکانی نیۆلیبرالیزم و نیۆ کۆنەپارێزیە . لە دەیەی ١٩٨٠ دا، زۆربەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر قەیرانی ئابووری دەیەی ١٩٧٠، وازیان لە سیاسەتە ئابوورییەکانی کینزی هێنا و بەرەو ئاراستەی ڕاست ڕۆیشتن. ڕاستی نوێ، ڕادیکاڵیزمێکی ڕاست و هێرشبەرە کە بنەماکانی خۆی لە لیبرالیزم و کۆنەپارێزی وەرگرتووە و بۆ پێناسەی هەڵوێستی نیۆلیبراڵ و کۆنەپارێزەکان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لەبەریتانیادا تاچریزم، سیاسەتە لیبراڵیەکانی وەکوو بە تایبەتی کردن و کەم کردنەوەی ئەو نرخانەی کە دەوڵەت دەبوایە بیدایە و، بێ هێزکردنی یەکیەتیە کرێکارییەکانی لەگەڵ سیاسەتەکۆنەپارێزانەکانی وەکوو ناسیونالیزمی توندڕۆ، کونترۆڵ کردنی کۆچ و دیسپلینی توندی کۆمەڵایەتی لێک دا.

پۆپۆلیزمی تاچێر تێکەڵاوێکی دەولەمەندەو بنەما کۆنە پارێزییە ئۆرگانیکیەکانی وەکوو نەتەوە، خێزان، ئەرک، ئوتۆریتە، پێوەرە ئەخلاقیەکان و نەریتخوازی لەگەڵ بنەما هێرشبەرانەکانی نیۆلیبرالیزم، واتە بەرژەوەندی شەخسی تاکایەتیی ڕکابەری و دژایەتیی لەگەڵ دەوڵەت لێک دەدا. ڕاستی نوێ بە تایبەتی سەبارەت بە سیاسەتە کۆنەپارێزییەکانی بەریتانیا لە سەردەمی تاچێر و حیزبی کۆماریخوازی ئەمەریکا لە سەردەمی ڕۆناڵد ریگان دا کەڵکی لێ وەرگیردراوە. بەگشتی ڕاستی نوێ لە بواری ئابووری و سیاسییەوە لیبراڵە، واتە لەسەر ئازادی ئابووری، کەم کردنەوەی باج، بازاڕی ئازاد و ڕۆڵی بەرتەسکی دەوڵەت پێدادەگرێ. بەڵام لە بواری ئەخلاقی، کولتووری و کۆمەڵایەتی دا کونەپارێزەو داکۆکی لە پاراستنی نایەکسانیە سروشتییەکان، پێشگیری کردن لە بەربلاوبوونی

مافە کۆمەڵایەتیەکانی هاووڵاتیان، دەوڵەتی بەهێز، بنەما ئاینیەکان، خێزان وەکوو بناغەی کۆمەڵگا، لاواز کردنی یەکیەتیە کرێکارییەکان دەکا. لە بواری کۆمەڵایەتیش دا لە گەڵ کاری ژنانی ماڵەوە (کابان) و ئازادییە سێکسیەکانی فیمینیزم دا دژایەتیی دەکا. راستی نوێ ئەو کاتەی کە دەستێوەردانی دەوڵەت بە پێچەوانەی ئازادیە تاکەکەسیەکان دەبینێ، بەرەو لیبرالیزم دەخزێ، بەڵام کاتێک بە پێچەوانەی مانەوەی نایەکسانیە سروشتیەکانی دەبینێ، بەرەو کۆنە پارێزێ دەڕوا، بەڵام لە بواری سیاسیەوە،واتە بەمەبەستی دابینکردنی سەقامگیرکردنی ئاسایش بەهێز دەبێ. بزوتنەوەی کۆنەپارێزی نوێ لە ئەمەریکا کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا سەری هەڵدا، لێکدانی بیرۆکەی کۆنەپارێزی و لیبراڵی بە جوانی دەردەخا. ئەم بزووتنەوەیە بەردوام پشتیوانی لە دەوڵەتی هەرێمەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی فیدراڵ و لە بازاری ئازاد لە بەرامبەر دەوڵەت خۆشگوزەرانیدا دەکا. لە بنەڕەت دا کۆنەپارێزی نوێ لە بەرامبەر"سیاسەتی (New Deal)ی فرانکلین رۆزڤەلت لە دەیەی ۱۹۳۰دا سەری هەڵدا، بەڵام لە بواری بابەتە ئەخلاقی و کولتوورییەکانیش دا هەڵوێستی گرتووە، بە تایبەتی لەگەڵ بەربلاوبوونی سکولاریزم (عەلمانیەت) و فەوتانی بەها ئاینیەکان و ئازادییە سێکسیەکان دا دژایەتی دەکرد. گرنگترین نوێنەرانی ئەم بزوتنەوەیە "سیناتۆر جوزێف مەک کارتی" (ڕێبەری بزوتنەوەی دژە کومونیستیی مەک کارتیزم)؛ سیناتۆر بێری گوڵدڤاتیرو جۆرج ڤاڵاس بوون و، گۆڤاری" نەشناڵ ریڤیۆ" لە واشینگتۆن ئۆرگانی ئەم بزوتنەوەیە بوو. بزوتنەوەی کۆنەپارێزی نوێ لە ئەمەریکا دا لەم دواییانەدا لەگەڵ باڵێ راستی حیزبی کۆماریخوازدا پێوەندییەکی تووندوتۆڵتریان هەیە. هەروەها لەگەڵ بزوتنەوەی زانستی ئایینی لە ئەمەریکادا بە ریبەرایەتی جێری فالڤێل و گرووپی زۆرینەی ئەخلاقی دا پێوەندییەکی خۆشتریان هەبووە.

Racism

راسیزم / رەگەزپەرستی

راسیزم لە وشەی راس (Race) بە مانای رەگەز وەرگیراوە. رەگەزپەرستی تیۆرێکی دژە زانستی و کۆنەپەرستانەیە کە بڕوای بە نایەکسانیی نێوان رەگەزەکان لە بواری توانایی و هێزی بیرکردنەوەدا هەیە. نمونەی زەقی راسیزم، بەرێوەبردنی سیاسەتە دژە مرۆڤانەکانی ئەمەریکا لە دژی سوورپێست و رەش پێستەکانی ئەم وڵاتەیە کە سەرەڕای جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەروا درێژەی هەیە. رەش پێستەکانی رۆژئاوا و ئەفریقیای باشووریش چەند جار بوونە قوربانیی سیاسەتە

ناومرۆڤانەکانی بەریتانیا. ئادۆلف هیتلەر، ڕێبەری ئەڵمانیاش لە ژێر دەمامکی ڕەگەزی باشتردا، چەند میلیۆن جوولەکەی کوشت.

ڕێپێوانی درێژمەودا(١٩٣٠-١٩٣٤) Long March

ئەم واتایە بە کۆچی قارەمانانەی ڕێبەرانی کۆمۆنیستی چین لە نێوان ساڵی ١٩٣٤-١٩٣٥ دەگوترێ بەر لە هاوینی ساڵی ١٩٣٤ کۆمینتانگ، کۆمۆنیستەکانی لە بەشی ناوەڕاستی چین بە ناوی ویلایەتی کیانگ سی گەمارۆدا. نزیکەی ٩٠ هەزارکەس گەمارۆکەیان شکاند و بەرەو ویلایەتی کویچۆ لە ڕۆژئاوای چین وەڕێ کەوتن.لەم ناوەدا ماوتسێ تۆنگ بە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمیسیۆنی چین هەڵبژێردرا و بڕیاری دا هەتا بنکەی شن سی لە دواشوێنی باکووری ڕۆژئاوای چین دا ڕێپێوان درێژە پێبدا.

سەرەڕای ناخۆش بوونی ڕێگاکە و هێرشەکانی کۆمینتانگ لە درێژایی شەش هەزار مایلی، نزیکەی یەک لە سێی بەشدارانی ڕێپێوانەکە گەیشتنە شن سی. ئەم بنکەیە نەیارەکانی لە بەرانبەر هێزی حکوومەتی چین دا دەپاراست و شوێنێکی پارێزراویش بۆ کۆبوونەوەکانیان بوو.

ڕێگای سێهەم Third way

"ڕێگای سێهەم" دروشمێکە کە بەدوای پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤێک لە نێوان سەرمایەداری و سوسیالیزم دایە. ئەم ئەڵتەرناتێڤە بیریارانی سیاسی لە توێژە جۆراوجۆرەکان، بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. سەرچاوەی زاراوەی ڕێگای سێهەم دەگەڕێتەوە بۆ فاشیزمی ئیتالیا و، موسولینی پێی وایە کە ئەو بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیەی داهێناوە. "ڕێگای سێهەم"ی فاشیزم بە شێوەی کۆرپۆراتیزمە، کە سیستەمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیە کە لەو سیستەمە دا، بەرژەوەندییە بنەڕەتیە ئابوورییەکان لە ژێر چاودێری حکوومەت دان. لە قۆناغەکانی دوایی ساڵی ١٩٤٥، "ڕێگای سێهەم" بە پلەی جیاواز لە گەڵ سوسیال دێموکراسی کیتری دا گەشەی کرد و پێشکەوتووترین شێوەی ڕێگای سێهەم لە سوید دا پێکهات. ئەم شێوازە ئابوورییە هەوڵ دەدا کە فاکتەرگەلێک لە سەرمایەداری و سوسیالیزم لێک بدا. ئەگەرچی سەرمایە بەرهەم هێنەکان بە زۆری لە بەر دەستی کەرتی تایبەتی دایە، بەڵام یەکسانیی کۆمەڵایەتی بە هۆی سیستەمێکی خۆشگوزەرانی هەمەلایەنە لە

سەر بنەمای رێکخستنی باجی پێشکەوتووەوە دابین دەبێ. بیری رێگای سێهەم لە قۆناغەکانی دواتر دا و بە بیرۆکەی سوسیال دیموکراسی یا پۆست _ سوسیالیست (post_ socialist) لە حیزبی کرێکار (نوێ) ی بەریتانیا، بەرێبەرایەتی تۆنی بلێر هاتە گۆرێ.

تایبەتمەندی "رێگای سێهەم" ی پۆست _ سوسیالیست زۆر روون نیە، بەڵام لە زۆربەی شێوازەکانیدا هەڵگری قبوولکردنی گشتی بازار و سەرمایەی بەجیهانی کراو لە گەڵ ئەرکی کۆمەڵایەتی و خستنە ئەستۆی دوولایەنەی ماف و بەرپرسیارەتیەکانە.

رایخ **Reich**

زاراوەیەکی ئەڵمانیە بە "ئیمپراتۆریای ئەڵمانیا" و "حکوومەتی ئەڵمانیا" دەگوترێ. لە مێژوودا "رایخی یەکەم"، ئیمپراتۆریای رۆمی رۆژئاوایە کە لە سەدەی نۆهەمی زایینی لە ئەوروپای ناوەراست دا دامەزرا و زۆربەی ئەم ئیمپراتۆریە لە وڵاتانی ئەڵمانی زمان پێکهاتبوو و بنەماڵەی هایسبۆرگ بەرێوەیان دەبرد. رایخی یەکەم لە ساڵی ٩٦٢ دا پێکهات و لە ساڵی ١٨٠٦ دا لە نێوچوو. "رایخی دووهەم" یش ئیمپراتۆریای ئەڵمان بوو کە لە ساڵی ١٨٧١ تا ١٩١٨ ی خایاند. رایخی سێهەم حکوومەتی هیتلەرە کە لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ ی خایاند. لە نێوان رایخی دووهەم و رایخی سێهەم دا حکوومەتی کۆماری لەسەر دەسەڵات بوو.ئەم حکوومەتە لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٣٣ وڵاتی بەرێوە دەبرد وبە کۆماری ڤەیمەر بەناوبانگ بوو.

رایخی سێهەم، رۆژی ٣٠ کانوونی دووهەم ی ساڵی ١٩٣٣ دامەزرا. هیتلەر پێیوابوو کە هەزار ساڵ دەژی و باسی رایخی هەزار ساڵەی دەکرد، بەڵام لە دوازدە ساڵ و چوار مانگ زیاتری نەخایاند.

رایختاگ **Richtg**

رایختاگ، پارلمانی ئەڵمانیا لە سەردەمی ئیمپراتۆریادا بوو کە بیناکەی لە بەرلین بوو کە لە ساڵی ١٩٣٣ بە فیتی نازییەکان سووتێنرا.

Richs marschal رایخ مارشاڵ

پلەیەکی تایبەتیی سەربازی لە سوپای نازیدا بوو کە هیتلەر بە تایبەتی دایە فیلد مارشاڵ هێرمان گورینگ کە پایە بەرزترین کەسایەتی حیزبی نازی لە دوای خۆی بوو.

Rich wehr رایخ ڤێهر

زاراوەیەکی ئەڵمانیە و بە سوپای سەد هەزار کەسی کۆماری ئەڵمانیا دەگوترێ کە بە پێی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای پێکهات.

Régime رژێم

لە زاراوەی لاتینی Reginien وەرگیراوەو بە مانای ڕێسایەکە کە سەبارەت بە شێوەی ژیان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە قاموسی سیاسیدا بە واتای جۆری حکومەت و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتە.

ڕژێمی کونترۆڵی تەکنولۆژیای موشەکی(١٩٨٧)
Missilo Technology control Régime(MTCR)

ڕێککەوتننامەیەکە کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمان، ئیتالیا، ژاپۆن، بەریتانیا و ویلایەتە یەگگرتووەکان دا پێکهات. پاشان یەکیەتیی سۆڤیەت و چین وەکوو ئەندامی چاوەدێرچوونە ناو ڕێککەوتننامەکەوە.

لە ڕاستیدا ئەو ڕێککەوتننامەیە تەواوکەری "ڕیککەوتننامەی پێشگیری کردن لە پەرە پێدانی چەکە ناوەکیەکان"ە کە گواستنەوەی ئەمجۆرە چەکانە، ناردنی تەکنولۆژیا و ئامێرەکانی هاویشتنی ئەم چەکانە بە تایبەتیی بۆ وڵاتانی جیهانیی سێهەم قەدەغە دەکا. ڕێککەوتننامەکە تەنیا ئەو لایەنانەی کە ڕێککەوتننامەکەیان مۆر کردووە ناچار دەکا کە یاساکان ڕەچاو بکەن، و ئەو وڵاتانەی کە ڕێککەوتننامەکەیان مۆر نەکردووە، زۆر بایەخ بە ڕەچاوکردنی ئەم یاسایانە نادەن.

Referndum ریفراندۆم / ڕاپرسی

www.perawipepwle.com

ریفراندۆم بریتیە لەپرس پێکردن بەرای گشتی ولات سەبارەت بە بابەتێکی تایبەتی بەمەبەستی ئەوەی هاولاتیان بە شێوە راستەوخۆسەبارەت بەو بابەتە دەنگ بدەن. لە هێندێک ولات دا (وەکوو ئوستورالیا) گۆرینی دەستوور تەنیا لە رێگای پرس پێکردن بەرای گشتیەوە جێبەجێ دەبێ.

رۆژنامەی زیندوو — *Living News Paper*

شانۆنامەیەکی سیاسی- پەروەردەییە کە لە هونەری رۆژنامەنووسی بۆ دەربرینی کێشەکانی کۆمەلگا بە شێوەی گالتەجاری کەلک وەردەگرێ. رۆژنامەی زیندوو بە شێوەی شانۆنامەی هاندان و پروپاگەندەیی لە لایەن سوپای سوور لە شۆرشی روسیا دا گەشەی کرد.

رووناکبیران — *Intellectuals*

ئەم زاراوەیە یەکەمجار لە رووسیا لە دەیەی ۱۸٦۰ بەو کەسانە دەگوترا کە لە زانکۆکاندا خوێندبوویان کە بیروبۆچوونێکی رەخنەگرانەیان هەبوو یان نەهیلیست بوون. ئەم کەسانە بەچاوی گومانەوە دەیانروانیە بەها نەریتیەکان. لە فەرەنسادا ئەم زاراوەیە بە واتایەکی سووک، سەبارەت بە دریفۆسەکان کەلکی لێوەردەگیرا. مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا، رووناکبیرەکان بە بەشێک لە بۆرژوازی دادەنێ کە خۆیان بە چینی کرێکارەوە هەلدەواسن و مەبەستیان رێگانیشانداندان بەم چینەیە. ئەمرۆکە رووناکبیران بوونە چینێکی دیاری کۆمەلایەتی.

روهر — *Rühr*

شارێکی ولاتی ئەلمانیایە، کە لە راستی دا شادەماری پیشەسازییە گەورەکان، پۆلا و بەردی خەلووزی ئەم ولاتەیە. ئەم هەرێمە لە کانوونی دووهەمی ۱۹۲۳دا بە هۆی ئەوەی ئەلمانیا نەیتوانی قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بە پێی رێککەوتننامەی ڤێرسای خرا بووە سەری، لە لایەن فەرەنسە و بەلجیکاوە داگیرکرا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیاو ئیتالیا، پشتیوانیان لە ئیتالیا و فەرەنسا نەکرد وئەلمانیاش بە کردوەیەکی هێرشبەرانەی لە دژی دانا.

ڕۆیزیۆنیزم/پێداچوونەوەخوازی **Revisionism**

ڕۆیزیۆنیزم لە زاراوەی لاتینی Reviser بە واتای "چاو لێکردنەوەو و دووبارە پێداچوونە" وەرگیراوە. ڕۆیزیۆنیزم، بەپێداچوونەوە بە بنەما بنەڕەتیەکان و ئەرکەکانی دوکترینێک دەگوترێ. بە کەسێکیش کە خوازیاری پێداچوونەوە بە دۆکترین یان ئایدۆلۆژیایەک بێ، ڕۆیزیۆنیستی پێ دەڵێن. پێداچوونەوە بە ئاکامەکانی جێبەجێکردنی ئایدۆلۆژیایەکیش، جۆرێک لە ڕۆیزیۆنیزمە. لە هێندێک لە سیستەمە سیاسییەکانی جیهاندا پێداچوونەوەخوازی بە هەوڵێکی نوێخوازی نابەجێ دادەنرێ. بۆ وێنە هێندێک لە سوسیالیستە سەربەخۆکان بڕوایان بە پێداچوونە هەیە و خوازیاری هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی نوێن، کە لە گەڵ هەلومەرجدا بگونجێ. لە رووسیای سۆڤیەت لە دوای شۆرشی سۆسیالیستی ١٩١٧، هێندێک کەس دیانگووت دەبێ مارکسیزم لەگەڵ هەلومەرجی نوێ دا بگونجێنرێ. لە بەرامبەردا، لنین(١٨٧٩-١٩٢٤) دژی هەرجۆرە خوێندنەوەو پێداچوونەوەیەک بوو و بەوکەسانەی دەگووت "پێداچوونەوە خواز" و، پێداچوونەوەخوازی بەپاشەکشەو سازان لە قەڵەم دەدا.

سۆسیال دێموکرات و چەپەمیانڕۆکان لە روانگەی مارکسیە توندڕۆکانەوە، پێداچوونەوەخوازن. سوسیال دیموکراتەکان پێیان وایە پێویست ناکا لەبە گشتی کردن و بە دەوڵەتی کردنی خاوەندارێتی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان لە هەموو بوارەکان دا پەلە بکەین، دەبێ بەرەبەرە دەست بە گۆڕان بکەین. و لەداهاتوودا سیستەمی سوسیالیستی و پاشانیش سیستەمی کۆمۆنیستی دامەزرێ.

ڕۆیزیۆنیستەکان زیاتر خوازیاری پێداچوونەوە لە کاروباری سیاسی، دەستوور و هێندێک ئاڵ وگۆری بنەڕەتیی لە پێکهاتە و ئەرکەکان دان. ئەلکساندێر دوبچێک (ڕێبەری پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا) کە بڕوای بە شێوازێک نوێی سۆسیالیزم بوو، بە یەکێک لە ڕۆیزیۆنیستەکان دانرا و، کەوتە بەر رق و تووڕەیی سۆڤیەت.

مارشاڵ تیتۆ، ڕێبەری یۆگسلاڤیا، هەم بە ریفۆرمیست (چاکسازی خواز) و هەم بە ڕۆیزیۆنیست لە قەڵەم دراوە. لە سۆڤیەت دا خرۆشچۆفیشیان بە ڕۆیزیۆنیست دادەنا. پێداچوونەوەخوازی لە گرووپەکان، حیزبەکان و وڵاتانی کۆمۆنیست، بەواتای لادان و پێکهاتن لەگەڵ سەرمایەداری دایەو بە خیانەت لە قەڵەم دەدرێ.

Organiziation Armée Secréte ڕێکخراوی سوپای نهێنی

ڕێکخستنی سوپای نهێنی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١-١٩٦٣ پێکهات و هێندێک لە ئەندامانی سوپای فەڕەنسا کە لە ئەلجزایر دەژیان (کۆلۆنی فەڕەنسا)، هەوڵیان دا بە کەڵک وەرگرتن لە زۆر ڕێگا بە سەربەخۆیی ئەلجەزایر بگرن. سوپای نەهێنی لە هێندێک لە ئەندامانی توندڕۆی فەڕەنسا و خەڵکی ئاسایی فەڕەنسا کە نیشتەجێی ئەلجەزایر بوون، پێکهاتبوو، ئەو کاتە پێکهات کە حکومەتی فەڕەنسا بە سەرۆکایەتیی ژنەراڵ دۆگۆل خوازیاری سەربەخۆیی ئەلجەزایر لە فەڕەنسا بوو.

Free Officers Committee ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری منقیادی میسردا پێکهات . ئەم ڕێکخراوە کە جەمال عەبدولناسر ئەندامی بوو لە ساڵی ١٩٥٢دا ڕۆڵی سەرەکیی لە گۆڕینی حکومەتی میسردا هەبوو و ئەندامەکانی لەدوای گۆڕینی حکومەت، کۆنترۆڵی وڵاتیان بە دەستەوە گرت.

کومیتەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠دا پێنج ئەندامی هەبوو و پاشان بوو بە ٩ ولە دواییش دا بوو بە ١٣ کەس. لە دوای شۆڕشی ١٩٥٢ ی میسر، ژمارەی ئەفسەرە ئازادەکان گەیشتە چەند سەد کەس. لە دوای ئەم شۆڕشە، فارۆق بۆ هەمیشە میسری بە جێهشت و کومیتەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان وەکو" ئەنجومەنی ڕێبەرایەتیی شۆڕش" کۆنترۆڵی کاروبارەکانی گرتە دەست کە سەرۆکەکەی جەمال عەبدوالناسر بوو. بەڵام عەبدوالناسر لە سەرەتادا وای بە باشتر زانی کە لە یەکەمین قۆناغ دا ژەنەراڵ محەممەد نەجیب بێتە گۆرەپان و، ئەو لە پشتی پەردەوە ڕێبەرایەتیی کاروبارەکان بکا. ناسر بۆ خۆی لەڕێکەوتی ١٨ ی نیسانی ١٩٥٤ دا دەسەڵاتی گرتەدەست.

ڕێکخراوی ڕێککەوتننامەی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ)
North Atlantic Orgarniziation (NATO)

بەو ڕێککەتننامە سەربازییە دەگوترێ کە لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ لە نێوان وڵاتانی بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەڕەنسا، بەریتانیای گەورە، ئایسلەندا، ئیتالیا، لوگوزامبورگ، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال، ئەمەریکا، یۆنان و تورکیا (١٩٥١)، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا (١٩٥٥) و اسپانیا دا

(۱۹۸۲) مۆر کرا. بە پێی ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێکخراوە، هێرشکردنە سەر یەک یان دوو وڵاتی ئەندام، بە هێرشکردن بۆ سەر تەواوی ئەو وڵاتانە دادەنرێ و، ناتۆ ناچارە داکۆکی لەو وڵاتە بکات کە هێرشی کراوەتە سەر. ناتۆ لە بنەڕەت دا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەر هێزی سەربازی سۆڤیەت و بەرەی ڕۆژهەڵات و لە ڕاستیدا بۆ پێشگیری لە تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم دامەزرا.ئەنجوومەنی ئاتلانتیکی باکوور، بەرزترین دامەزراوەی ناتۆیە و ئەرکی هەماهەنگی لە نێوان لقەبەڕێوەبەرییەکان و کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە ئەستۆدایە. ناتۆ خاوەنی سێ فەرماندەیی سەربازییە. فەڕنسا لە ساڵی ۱۹٦٦ دا هێزەکانی ناتۆی لەو وڵاتە وەدەرنا بۆ خۆی دەستی لە ئەندامەتی فەرماندەیی سەربازیی کێشایەوە. سەرەڕای ئەمە لە بەشی پشتیوانی سەربازی و بەرنامەکانی دیکەی وەکوو دابینکردنی بوودجە و دامەزراوە مەترسیدارەکان دا مایەوە. لە دوای دارمانی دیواری بەرلین، یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانەکان و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، پێکهاتەی ناتۆ گۆڕانی بەسەر داهات.

هێندێک پێیانوایە کە بە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کۆتایی شەڕی سارد، ناتۆ ئەو ڕۆڵەی جارانی نەماوە. بەڵام هێندێک لە خاوەنرایان پێیانوایە کە بە هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەرکی ناتۆ تەواو نەبووە و رووسیا وەکوو جاران، دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا هەروا لێی دەترسن بە بڕوای ئەوان ناتۆ ئەرکێکی دیکەی جگە لە ئەرکی سەربازی لەسەر شانە و وەکوو ئامرازێکی سیاسی، هاوکارییە ئابووریە ـ کۆمەڵایەتیەکان، شانبەشانی هاوکارییە سەربازییە ـ سیاسیەکان، گەرەنتی دەکا.

لە پێناوی بەرنامەی نوێی ناتۆ لە چوارچێوەی "بەشداریکردن لە پێناوی ئاشتی" دا، کۆبوونەوەی ناوبەناوە لە ژێر ناوی:(۱+۱٦) بە بەشداری ئەندامان و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری رووسیا پێک دەهات و لە کۆتاییش دا لە مانگی ئایاری ۱۹۹۷، ئەم وڵاتە بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە پاریس دا، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکارییە دوولایەنەکان لە بوارەکانی ئاسایش لە گەڵ ناتۆدا ڕاگەیاند.

لە درێژەی ئەندامەتیی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دا، کۆماری چیک، هەنگاریا، و پۆڵۆنیاش چوونە ناو ناتۆوە (۱۲ی ئازاری ۱۹۹۹). بە پەسند کردنی ئەندامەتیی سلۆڤانیا، سلۆڤاکیا،

ستۆنیا، لیتۆنیا، لیتڤانیا، بولگاریا و ڕۆمانی (نیسانی ٢٠٠٤)، ڕادەی ئەندامانی ناتۆ گەیشتە ٢٦ وڵات.

ناتۆ ئەگەرچی لە بەرنامەی خزان بەرەو ڕۆژهەڵات دا، قەزاقستانیشی کردە ئەندامی "بەرنامەی بەشدایکردن لە پێناوی ئاشتی" دا و، مەودای نفووزی خۆی گەیاندە نزیک سنوورەکانی چین، بەڵام ڕووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بووبە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا بە بیانووی بەرەنگاریکردن لە گەڵ تیرۆریزم و هێرش بۆ سەر ئەفغانستان، هێزە سەربازییەکانی خۆی لە وڵاتانی ئۆزبەکستان، تاجیکستان و قرقیزستان دابەزێنێ و بنکەی سەربازی لەو وڵاتانە دامەزرێنێ.

وێدەچێ ئەمەریکا بە دامەزراندنی هێزە سەربازییەکانی خۆی لە ناوچەکە بە بەشداریکردنی هێزەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا هەنگاوێکی نوێی بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئاسیای ناوەڕاست و ئاڕاستەی ئەم سەرچاوانە هەڵگرتبێ و نیشانی بدا کە ناتۆ ئێستاش کەڵکی خۆی هەروا ماوە.

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی
World Trade Organization (WTO)

ئەم ڕێکخراوە کە لە دوای بڕیاری ١٢٤ وڵاتی ئەندامی ڕێککەوتننامەی گشتی تەعرفەی گومرک و بازرگانی (گات) پێکهات، لە کانوونی دووهەمی ١٩٩٥ جێگای ئەم ڕێککەوتننامەی گرتەوە و هەتا ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی ئایاری ٢٠٠٥، ١٤٩ وڵات بوون بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. ئامانجە بنەڕەتیەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی هەروەکوو لە دەقەڕەسمیەکەی گاتیش دا ئاماژەی پێکراوە؛ بردنە سەری ئاستی ژیان بۆ وڵاتانی ئەندام، پێکهێنانی هەل و دەرفەتی کارکردن، بردنە سەری داهاتە ڕاستەقینەکان و ئاستی داخوازی (طلب)، کەڵک وەرگرتنی کاریگەرتر لە سەرچاوەجیهانیەکان و پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و بازرگانیە نێودەوڵەتیەکانە. ئەرکی بنەڕەتی ئەم ڕێکخراوە، گەیشتنی بەم ئامانجانەیە بە هۆی پێکهێنانی ئەو دەرفەت و توانایانەی کە دەبنە هۆی دابەزینی بەهای گومرک و نەهێشتنی جیاوازی و ئاستەنگەکانی دیکەی بەردەمی بازرگانیکردن. شێوازی کار و تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوە لە سەر ئەم چوار بنەما گرنگ و بنەڕەتیانە ڕاوەستاوە.

www.perawipepwle.com

بنەمای یەکەم: گشتگیرکردنی بێ کۆت و بەندی بنەمای بەناوبانگی "حکومەتی کاملەالوداد " و نەهێشتنی هەلاواردن لە نێوان وڵاتانی بەڵێنداری بازرگانی نێو دەوڵەتی.

بنەمای دووهەم: نەهێشتنی سەپاندنی مەرجە ژمارەییەکان لە هەنارده و لە هاورده دا.

بنەمای سێهەم: کەمکردنەوەی نرخی تەعرفەی گومرک بە هۆی دانوستان و گەرەنتی ڕەچاوکردنی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە بەم شێوە دێتە ئاراوە.

بنەمای چوارەم: ڕاوێژکردن لە سەر سیاسەتە بازرگانیەکان لە گەڵ ئەندامانی دیکە و چارەسەری کێشە و ناکۆکی پەیوەندییە بازرگانیەکان لە ڕێگای وتووێژەوە.

ڕێکخراوی جیهانی خاوەنداریتیی ڕۆحانی (مەعنەوی)

World Intellectuall Property Organization (WIPO)

ڕێکخراوی جیهانیی خاوەنداریتیی مەعنەوی سەرچاوەکەی بۆ کۆنفانسیۆنی پاریس (١٨٨٣) و کۆنفانسیۆنی بێرن (١٨٨٦) دەگەڕێتەوە . کۆنفانیسۆنی پاریس، یەکیەتی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانیکردن لە خاوەنداریتی مەعنەوی و کۆنفانسیۆنی بێرنیش یەکیەتیی نێودەوڵەتیی بۆ پشتیوانیکردن لە بەرهەمە ئەدەبی وکولتورییەکانیان پێکهێنا. ئەم دوو دامەزراوە نێودەوڵەتیە بە "یەکیەتیی پاریس" و "یەکیەتیی بێرن" بەناوبانگن. هەرکام لەم کۆنفانسیۆنانەبەڕێوەبەرییەکی نێودەوڵەتیان بۆخۆیان پێکهێناوە.ئەم بەڕێوەبەرییانە لە ساڵی ١٨٩٣ دا تێکەڵاوی یەکتر بوون و بە ناوی جیاوازەوە تێکۆشاون کە دوایین ناویان "بەڕێوەبەرییە یەکگرتووە نێودەوڵەتیەکان بۆ پشتیوانی لە خاوەنداریتی مەعنەوی" بوو.

ڕێکخراوی جیهانی خاوەندایتی مەعنەوی بە پێی کونفانسێونی ستۆکهۆڵم (١٤ی تەمموزی ١٩٦٧) کە لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٠ جێبەجێ بوو، هاتە ئاراوە. بەڕێوەبەرییە یەکگرتووە نێودەوڵەتیەکان، بۆ پشتیوانی لە خاوەنداریتی مەعنەوی ئێستاش بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی یەکیەتیەکانی بێرن یان پاریسن، بەڵام نەبوونە ئەندامیی ئەم ڕێکخراوە،هەروا یاسایین. ڕێکخراوی جیهانیی خاوەنداریتی مەعنەوی لە کردەوەدا جێگای ئەم دامەزراوەی گرتۆتەوە و لە یەک جیا ناکرێنەوە. ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکەوتی ١٧ ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ دا بۆتە چواردەهەمین دامەزراوەی پسپۆڕی سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) .

به پێی ماددەی ٣ی کۆنڤانسیۆنیستۆکهۆلم، ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتین لە:

(الف) پەرەپێدانی پیشتیوانیکردن لە خاوەندارێتی مەعنەوی لە هەمووجیهاندا، لە ڕێگای هاوکاریکردنی نێوان دەوڵەتەکان و لە کاتە پێویستەکان دا پەرەپێدان بە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانی دیکەدا.

(ب) گەرنتی هاوکاری ئیداری لە نێوان یەکیەتیەکان دا.

بەپێی ماددەی ٤ ی کۆانڤانسیۆنی ستۆکهۆلم، ئەم ڕێکخراوە بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بەم ئامانجانە لە ڕێگای لق و پۆپەکانی خۆی و بەپێی توانایی ودەسەلاتی هەرکام لە یەکیەتیەکان، ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێ:

(الف) پەرەپێدانی ئەو هەولانەی کە بۆ ڕێگە خۆشکردنی پشتیوانی کاریگەر لە خاوەندارێتی مەعنەوی لە هەموو جیهان دا، دارێژراون، جگە لەمە هاوئاهەنگی یاسا نیشتمانیەکان پەرپێدەدا.

(ب) ئەرکە ئیدارییەکانی یەکیەتیی پاریس، یەکیەتیە تایبەتیە پێکهاتووەکانی سەربەو یەکیەتیەو یەکیەتیی بێرن جێبەجێ دەکا.

(ج) کۆنڤانسیۆن دەتوانێ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی دیکە کە ئامانجیان پەرەپێدان و هاندانی پشتیوانیکردن لە خاوەندارێتی مەعنەوییە، وەئەستۆ بگرێ یان لە جێبەجێکردنیان دا بەشداری بکا.

(د) هاندانی گرێبەستی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانە کە ئامانجیان پشتیوانی لە خاوەندارەتیی مەعنەوییە.

(ھ) هاوکاری ئەو دوەڵەتانەی کە داوای یارمەتیی یاسایی ـ تەکنیکی لە بواری خاوەندارێتی مەعنەوی دا دەکەن.

(ز) کۆکردنەوە و بلاو کردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە خاوەندارێتی مەعنەویین، ئەو لێکوڵینەوانەی کە لەم بوارەدا دەکرێن جێبەجێیان دەکا و پەرەیان پێ دەدا و دەرئەنجامەکانیان بلاودەکاتەوە.

(ح) پشتیوانی لەو دام ودەزگایانە دەکا کە ئاسانکاری بۆ پشتیوانی نێو دەوڵەتیی لە خاوەندارێتی مەعنەویدا دەکەن و لە کاتی پێویست دا ئامرازەکانی تۆمار کردن و بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانی ئەم بوارە دابین دەکا.

ڕێکخراوی جیهانیی خاوەندارێتی مەعنەوی لەم بەشانە پێکهاتووە:

١) کۆگای گشتی

٢) کۆنفرانس

٣) هەماهەنگی

٤) نووسینگەی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی

OrganiziationOFIslamicConference (OIC)

گەورەترین ڕێکخستنی ئیسلامیە کە لە ٥٧ ئەندام پێکهاتووەو بە شێوەی رەسمی لە ئەیلوولی ١٩٦٩ لە کۆنفرانسی ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامی لە ریبات (پایتەختی مەغریب) پێکهات. هۆکاری کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامی، سووتاندنی مزگەوتی ئەقسا لە ڕێکەوتی ٢١ی ئابی ١٩٦٩ لە ئورشەلیم ودۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو شکستە بوو کە وڵاتانی عەرەبی لەشەڕی ئیسرائیلدا لە حوزەیرانی١٩٦٧ تووشی ببوون.

ئامانجی کۆنفرانسی ئیسلامی بردنەسەری ڕادەی یەکگرتوویی ئیسلامی لە نێوان وڵاتانی ئەندام، پتەو کردن و پەرەپێدانی هاوکاریە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، نەهێشتنی هەڵاواردنی رەگەزی، پشتیوانی لە ئاشتی نێودەوڵەتی، بە هێزکردن و پشتیوانی لە موسڵمانان لە خەبات بۆ پاراستنی شوناس، سەربەخۆیی و مافە نیشتمانیەکانیانە.

ئاڵ و گۆڕە بنەڕەتیەکانی دوو دەیەی ڕابردوو لە گۆڕەپانی جیهان دا و لەوانە هەرەسهێنانی بەرەی کۆمۆنیزم، کۆتایی شەڕی سارد و هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بێ ئەملاولای خۆی بە سەر سیستەمی نێو دەوڵەتیی دا، ئەندامانی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیی هان داوە تا بە لێکدانەوەی ئەم ئاڵ و گۆڕانە و هەڵسەنگاندنی کارو کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوە لە بواری جیاوازە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان دا

لە پێناوی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە هەوڵ بدەن پێکهێنانی گرووپی کەسایەتیە گەورەکان بەمەبەستی ڕەخنە و لێکدانەوەی ئەرک و ڕۆڵی ڕێکخراو لە بوارە جیاوازەکان دا، لەو هەولانەن کە بۆ ئەم مەبەستە لە حەوتەمین کۆبوونەوەی سەرۆکانی ولاتانی ئیسلامی بڕیاریان لەسەردرا. لە ڕوانگەی ئەم گرووپەوە پێداچوونەوە و تێکوشانی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی دەبێ بە دەوری ئەم تەوەرانەدا بخولێتەوە:

- داڕشتنی ستراتیژیی نوێ بە مەبەستی جموجۆڵی زیاتری ڕێکخراوەکە لەبەرامبەرئەوئاڵ و گۆڕە نوێیانەی کە لە گۆڕەپانی نێودەولەتی دا هاتوونە ئاراوە.
- گۆڕینی واتای یەکگرتوویی ئیسلامی لە خەباتی دژی کولۆنیالیزمی کۆن بۆ ڕاستیە نوێکان و شێوازە نوێکانی دیکەی زالبوون.
- پێکهێنانی گرووپێکی پێکهاتوو لە سکرتێر(ئەمیندار) و دەستەی سەرۆکایەتی بۆ پێکهێنانی چاکسازی لە پێوەندییەکانی ولاتانی ئیسلامیدا.
- نیشاندانی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ئیسلام و هەلسووکەوتی پۆزەتیڤ لەگەڵ مەسەلە نێودەولەتیەکان دا.
- هاوکاری ڕێکخراو لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەولەتیەکانی دیکەدا.
- پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئابووری ئیسلامی.
- هێنانە گۆڕی ئامانجە نوێکانی وەکوو مافی مرۆڤی ئیسلامی، دیموکراسی، مافی منداڵان و....هتد لە پاڵ ئامانجە دیارەکانی جاڕنامەی ڕێکخراوەکە.
- کەڵک وەرگرتن لە نموونەی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا بۆ پتەو کردنی پێوەندی نێوان ولاتانی ئیسلامی.
- دیاریکردنی دەسەلاتی سکرتێر (ئەمیندار) و ڕێک و پێک کردنی باری ماددیی سکرتاریا.

ئەم ڕێکخراوە، کومیتەی قودس و فەلەستینی بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، پێکهێناوە. چارەسەری مەسەلەی فەلەستین یەکێک لە ئامانجەکانی جاڕنامەی ئەم ڕێکخراوەیە. هەروەها ئەم ڕێکخراوە کومیتەیەکی بەناوی" یەکگرتوویی و ئاسایش " پێکهێناوە کە لەم ولّاتانە پێکهاتووە: پاکستان، ئەندەنۆسیا، بەنگلادیش، تورکیا، کۆماری ئیسلامی ئیران لە ئاسیا،

نیجێر، سێنێگال، گینە، ئوگاندا و کامیرۆن لە ئەفریقیا، عەرەبستان، مەغریب، میسر، کوێت و سوریا لە ولاتانی عەرەبی.

بە دوای قەیرانی بۆسنەو هێرزەگۆڤین و کوشتاری موسڵمانانی ئەم ولاتە، رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لە میکانیزمێکی دیکە کەڵکی وەرگرت؛ گرووپی تەماسی بۆسنە لە ٢٤ ی ئاریای ١٩٩٢ بەدوای بلاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک دا، بە مەبەستی هەماهەنگی پێکهات. بەو پێیەی کە ئەزموونی پێکهێنانی گرووپی تەماسی بۆسنە سەر کەوتوو بوو، ساڵ و نیوێک دوای ئەوە گرووپی تەماسی" جامۆوکشمیر" لە رەوتی حەوتەمین کۆبوونەوەی نائاسایی وەزیرانی دەرەوە لە ئیسلام ئابادی پاکستان دا پێکهات. هەروەها رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی بایەخی بە مەسەلە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانیش داوە. رێکخراوی پەروەردەوفێرکاری، زانستی ، کولتووری، ناوەندی توێژینەوەی مێژوو، هونەر و کولتووری ئیسلامی، کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی پاراستنی میراتی ئیسلامی و فیدراسێونی وەرزشە یەکگرتووەکانی ئیسلام لەم هەولانەن و، کۆماری ئیسلامی ئیرانیش پێشنیاری دامەزراندنی رێکخراوی نێودەوڵەتیی ئیسلامی ژنانی کردووە. لە هەوڵەکانی دیکەی ئەم رێکخراوە، رێکخستن و دارشتنی ستراتیژێکی کولتووری بۆ جیهانی ئیسلامە کە دەرئەنجامی باس و راوێژ لەسەر مەسەلە کولتوورییەکانی جیهانی ئیسلام لە کۆبوونەوە پسپۆرییەکانی دامەزراوەکانی سەربەم رێکخراوەیە.

چالاکی ئابووریی ئەم رێکخراوە بەربلاو بووە، بەلام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە دامەزراندنی ئۆرگانەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرە ئابوورییەکانی وەکوو: کومیتەی هەمیشەیی هاوکارییە ئابووری و بازرگانیەکان، کومیتەی هەمیشەیی هاوکارییە زانستی و تەکنیکیەکان، بانگی پەرەپێدانی ئیسلامی، ژووری بازرگانی و پیشەسازییە ئیسلامییەکان و ناوەندی ئیسلامیی پەرەپێدان بکەین.بەلام سەرجەم وا پێدەچێ کە سەرەرای دامودەزگا جیاوازەکان، بەرنامەرێژی ئابووری و بازرگانیی ولاتانی ئەندام لە پێناوی بەهێزکردنی هاوکاری ئابووری لە نێوان ولاتانی ئەندامی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی دا، دانەرێژراوە.

www.perawipepwle.com

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

The United Nations Organiziation

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ پێشگیری کردن لە ڕوودانی شەڕ و برەودان بە ئاشتی جیهانیی پێکهات. ئەوهۆکارانەی بواریان بۆ پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە رەخساند، بریتی بوون لە:

جاڕنامەی ئاتلانتیک، ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٢، ڕاگەیاندراوی ئاسایشی گشتی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ لە نێوان ئەمەریکا، بەریتانیا و سۆڤیەت لە مۆسکۆدا مۆرکرا، کۆنفڕانسی تاران لە ساڵی ١٩٤٢، کۆنفڕانسی دێمبارتن ئوکس لە ساڵی ١٩٤٤، کۆنفڕانسی یاڵتا لە ساڵی ١٩٤٥و کۆنفڕانسی سانفرانسیسکو لە ساڵی ١٩٤٥. ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە لایەن هێندیک لەو وڵاتانەی کە پێویست بوو دەنگی پێ بدەن، پەسند کرا و، لەو ڕێکەوتەوە جێبەجێ دەبێ.

ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتین لە:

پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی، پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکان لەسەر بنچینەی ڕێزدانان بۆ بنەمای یەکسانی لە مافەکاندا، سەربەخۆیی نەتەوەکان و هاوکاری نێو دەوڵەتیی بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان کەلایەنە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری و مرۆڤدوستانەکان لەخۆ دەگرێ و، هەروەها پێکهێنانی ناوەندێک بۆ ڕێکخستنی ئەو هەوڵانەی کە نەتەوە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دەیدەن. کۆڵەکە سەرەکیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتین لە: کۆمەڵەی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەنجوومەنی سەرپەرستیاری، دیوانی دادی نێودەوڵەتی و سکرتاریا. ئەنجوومەنی ئاسایش ٥ ئەندامی هەیە: ئەمریکا، چین، فەرەنسا، بریتانیا و ڕووسیا کە خاوەن مافی ڤیتۆن. ئەڵمانیا، بەرازیل، هیند و ژاپۆنیش خوازیاری ئەوەن کە ببنە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش کە پێویستیان بە دوو لە سێی دەنگی ئەندامانی ڕێکخراو هەیە. بەپێی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەو نەتەوە ئاشتیخوازانەی کە بڕیارەکانی ڕێکخراو پەسند دەکەن و بە پێی بڕیارەکانی ڕێکخراویش جێبەجێیان دەکەن، دەتوانن ببنە ئەندام. دەوڵەتەکان لە سەر پێشنیاری ئەنجوومەنی

ئاسایش، لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە دەبنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. جاڕنامە هەروەها هەڵپەساردنی مافی ئەندامەتیی یان وەدەرنانی ئەندامەکانی لە بەرامبەر پێشێل کردنی بنەماکانی ڕێکخراو دیاریکردووە، بەڵام تا ئەمڕۆکە ئەوە لەسەر هیچ ئەندامێک جێبەجێ نەکراوە.

بە پێی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، زمانە ڕەسمیەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتین لە: ئیسپانی، ئینگلیزی، چینی، ڕووسی و فەڕەنسی. زمانی عەرەبیش، بۆتە زمانی ڕەسمی کۆمەڵەی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

لە سەرەتای جاڕنامەکەدا هاتووە:

"ئێمە خەڵکی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیاردان لە سەر پاراستنی جیلەکانی داهاتوو لە کارەساتی شەڕ کە دوو جار لە ماوەی تەمەنی مرۆڤێک دا، مرۆڤەکانی تووشی ئازارێکی لە ڕادەبەدەر کردووە و بە ڕاگەیاندنی دووبارەی بەڵێنی خۆمان بە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و گەورەیی و بایەخی کەسایەتیی مرۆڤ و بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو و هەروەها لە نێوان نەتەوە گەورە و چکۆلەکان و بە پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ پاراستنی یەکسانی و ڕێزدانان بۆ پێویستیەکانی پێڕەوی کردن لە ڕێککەوتننامەکان و سەرچاوەکانی دیکەی مافە نێودەوڵەتیەکان و بردنەسەری ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەل ومەرجی ژیانێکی باشتر بە ئازادی زیاتر و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە بە تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و ژیانی ئاشتیانە لە گەڵ یەکتر و ڕۆحێکی پاکی دراوسێیانە و بە یەکخستنی هێزی خۆمان بۆ ڕاگرتنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە پەسندکردنی بنەماکان و پێکهێنانی ئەو شێوازانە کە کەڵک وەرگرتن لە هێزە چەکدارەکان تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان گەرەنتی بکا و، بە پەنا بردنە بەر ئامراز و دەلاقە نێودەوڵەتیەکان بۆ پێشخستنی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو نەتەوەکان بڕیارمان داوە کە پێکەوە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە هەوڵ بدەین و هەربۆ ئەم مەبەستەش،دەوڵەتەکانمان لە ڕێگای نوێنەرەکانیەوە کە لە شاری سانفرانسیسکۆ کۆبوونەوە و دەسەڵاتی تەواویان هەیە و متمانە و ڕاستی دەسەڵاتەکەشیان دانی پێدانراوە، لە سەر جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتن و، بەم شێوە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێ دەگوترێ، دادەمەزرێنێ.

ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی ماددەی یەکەمی جاڕنامەکە بریتین لە:

١. پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بۆ ئەم مەبەستەش: وەگەڕخستنی هەوڵی بەکۆمەڵی کاریگەر بۆ پێشگیری کردن و نەهێشتنی ئەو مەترسیانەی دەکرێنە سەر ئاشتی، ڕاگرتنی هەر کردەوەیەکی هێرشبەرانە یان هەموو ئەو هەولانەی کە ئاشتی پێشێل دەکەن و، پێکهێنانی هاوسەنگی و چارەسەری کێشەی نێودەولەتی یان ئەو هەل ومەرجانەی کە ڕەنگە ببنە هۆی پێشێل کردنی ئاشتی لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و بە پێی بنەماکانی یەکسانی و مافە نێودەوڵەتیەکان.

٢. پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکان لە سەر بنچینەی ڕێزدانان بۆ بنەمای یەکسانی ماف و خودموختاری گەلان و هەوڵی پێویستی دیکەش بۆ پتەوکردنی ئاشتی جیهانی.

٣. گەیشتن بە هاوکاری نێو دەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نێودەوڵەتیەکان کە لایەنی ئابووری، کۆمەلایەتی، کولتووری یا مرۆڤدوستیان هەیە و بۆ بەرەوپێش بردن و ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ وئازادییە بنەڕەتیەکان بۆ هەمووان بە بێ جیاوازی ڕەگەز، ژن و پیاو(زمان، ئاین و....).

٤. بوونی ناوەندێک بۆ ڕێکخستنی ئەو هەولانەی کە نەتەوەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاوبەشانە دەیدەن.

بە پێی ماددەی دووی جارنامە :

١. ڕێکخراو و ئەندامەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ماددەی ١ بە پێی ئەم بنەمایانە دەجوولێنەوە .

٢. ڕێکخراو لەسەر بنەمای یەکسانیی دەسەلاتداریتی هەموو ئەندامەکانی راوەستاوە.

٣. تەواوی ئەندامەکان بەمەبەستی گەرەنتی ماف و ئیمتیازەکانی ئەندامەتیی، ئەو بەڵێنانەی کە بە پێی ئەم جارنامە وەئەستۆیان گرتووە، بە نیەت پاکیەوە بەڕێوەیان دەبەن.

٤. تەواوی ئەندامەکان کێشە نێودەوڵەتیەکانی خۆیان بە شێوەی ئاشتیانە بە جۆرێک کە ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی و یەکسانیی نەکەوێتە مەترسیەوە، چارەسەر دەکەن.

٥. تەواوی ئەندامەکان لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانیان دا لە هەڕەشە یان کەلک وەرگرتن لە هێز و زۆر لە دژی یەکپارچەیی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی هەروڵاتێک یانلە کەلک

وەرگرتن لە هەر شێوازێکی دیکە کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ناتەبا بێ، خۆ دەبوێرن.

٦. تەواوی ئەندامەکان لە هەر هەوڵێک کە ڕێکخراو بە پێی ئەم جاڕنامەیە دەیاندا، هەموو یارمەتیەکی ڕێکخراو دەدەن و لە یارمەتیدانی هەر وڵاتێک کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژیان سزای پێشگیرانە یا توندوتیژ دەسەپێنێ، خۆدەبوێرن.

٧. هەروەها ڕێکخراو چاوەدێری ئەو وڵاتانەش دەکا کە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نین، هەتا ئەو ڕادەی کە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو نەتەوەیی پێویست دەکا، بە پێی ئەم بنەمایانە بجووڵێنەوە.

٨. هیچ کام لەو یاسایانەی کەلە جاڕنامەکەدا هاتوون، ڕێگا بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نادەن کە دەست لەو بوارانە وەربدا کە پێوەندییان بە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان هەیە و، هەروەها ئەندامەکانیش ناچار ناکا کە چارسەرکردنی ئەم بابەتانە بە یاساکانی ئەم جاڕنامەیەوە ببەستنەوە، بەڵام ئەم خاڵە یان بنەمایە زیان بە سەپاندنی سزای توندی فەسڵی حەوتەم ناگەیەنێ.

ڕادەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان لە ساڵی ٢٠٠٢دا گەیشتە ١٩١ وڵات.

ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقیا

Organiziation Of African Unitt (OAU)

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٦٢ لە ئادیس ئابابا، پایتەختی ئەتیۆپی دامەزرا. ئامانجەکانی بە پێی ماددەی دووی جاڕنامەی ڕێکخراوەکە بریتین لە: بەرەوپێشبردنی یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان حکومەتەکانی ئەفریقیا و نەهێشتنی هەر جۆرە کۆلۆنیالیزمێک لە ئەفریقیادا. بەمەبەستی ڕێک وپێک کردن و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان وڵاتانی ئەفریقی، هێندێک بنەمای گشتی وەکوو: یەکسانیی ڕەهای وڵاتانی ئەندام، خۆبواردن لە کاری تێکدەرانە لە وڵاتانی ئەندام دا، نەگۆڕینی سنوورەکان و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگا ئاشتیخوازانەوە، لە بەرچاو گیرابوو.

ئەم ڕێکخراوە ٥٣ ئەندامی هەبوو. ئەفریقیای باشوور لە ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوەو بزوتنەوەی ڕزگاریدەری پولیساربۆش لە ساڵی ١٩٨٢دا بوو بە ئەندامی ڕێکخراوەکە. بە هۆی جیاوازی زۆر لە نێوان ئەندامەکان دا، گەڵاڵەکانی ئەم ڕێکخراوە بە زۆری تووشی شکست دەبوون.

لە پاش پێکهێنانی دوایین کۆبوونەوەی ڕێکخراو، لە ئەفریقیای باشووری (تەمموزی ٢٠٠٢)، ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقیا بەرەسمی هەڵوەشایەوەو، "یەکیەتیی ئەفریقیا" جێگاکەی گرتەوە.

ڕێکخراوی یەکیەتیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا
Afro_Asian Peoplos Solidarity Organiziation (AAPSO)

ڕێکخراوێکە کە بیروڕای کۆمۆنیستی هەیە و لەژێر چاوەدێری ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانیدا بەمەبەستی ڕێکخستنی گرووپە " بێلایەن" و "هێمنایەتیخوازەکان "کان لە جیهانی سێهەم دا تێدەکۆشێ.

ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری ئەورووپا(١٩٤٨-١٩٦١)
Organiziation Of European Economic Co-Operation (OEEC)

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن ١٦ وڵاتی (نەمسا، بەلجیکا، دانیمارک، فەڕەنسا، یۆنان، ئیسلەند، ئیرلەندا، ئیتالیا، لۆکزامبۆرگ، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال، سوید، سویسرا، تورکیا و بەریتانیا) بۆ بەرەوپێشچوونی بەرنامەی مارشاڵ و لە پێناو هەماهەنگ کردنی ئابووری ئەو وڵاتانەی کە لە یارمەتیەکانی "بەرنامەی بووژانەوە"ی ئەورووپا کەڵکیان وەردەگرت، پێکهات. کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و ئیسپانیا هەرکام بە ریز لە ساڵەکانی ١٩٥٥و ١٩٥٩ بوونە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. یۆگسلاڤیاش تاڕادەیەک ڕێگای پێدرا کە لە بەرنامەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بەشداری بکا. کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئەندامانی بەستراوەی ڕێکخراو بوون. لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦١، ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری (OECD)جێگای ئەم ڕێکخراوەی گرتەوە.

www.perawipepwle.com

ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری

Organiziation Of Economic Co-Operation And Development (OECD)

ریکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری لە OEEC جیا بۆتەوە. ئەندامان و ئەرکەکانی کۆمەڵەی نوێ بەرە بەرە پەرەیان سەند. OECD سێ دەسەڵاتی گەورەی ئابووری لە خۆ گرتووە کە کاتی خۆی لە OEEC کشابوونەوە: ویلایەتە یەکگرتووەکان، ژاپۆن و کەنەدا. هەروەها ئەو ئەرکانەی کە ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە لە ئەستۆی گرتوون، پەرەیان سەندووە. لە سەرەتادا پەرەپێدان بەڕاشکاوی وەکوو ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دیاریکرا. لەسەرەتای پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦١ دا، هەوڵی بەرفراوان کردنی ئەرکی ئەم ڕێکخراوە لە بوارە گشتیەکانی وەکوو: کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، گواستنەوەی تەکنەلۆجیا و پێوەندیگرتن لەگەڵ گروپگەلی وەکوو ئۆپێک دراوە. OECDبە هۆی ئەو ڕێکەوتننامەی کە لایەن ٢٠ دەوڵەتەوە لەرێکەوتی ١٤ی کانوونی یەکەم لە پاریس دا مۆر کرا، دامەزرا. ئەو وڵاتە سەرەکیانەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیان مۆر کرد بریتین لە: نەمسا، بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، ئیسلەند، ئایرلەند، ئیتالیا، لۆکزامبۆرگ، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ژاپۆن لە ساڵی ١٩٦٤ دا بووە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. ئێستاکە جگە لە ئەندامانی دامەزرێنەر، ئوستralیا، فینلەندا و نیوزلەندیش ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن.

بە پێچەوانەی یەکیەتیی ئەوروپا، OECD بە تەمای ئەوە بوو کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بێ، نەک ڕێکخراوێکی فرەرەگەز. مەرجی بڕیار، زۆر بەرتەسک بۆتەوە و لە ڕاستیدا OECD پێشنیار بە گەلێک لە ئەندامەکانی خۆی دەکا. ماددەی ٦ی ڕێککەوتننامەکە سەبارەت بە دەنگدان تەنیا وەکوو دەربڕینی دووبارەی پرەنسیپی هاوڕایی دەنگەکان، هەڵبەت بە شێوەیەکی زۆر هێواش (Stto wce) ڕاقە دەکرێ. ئەم ڕێکخراوە سکرتاریایەکی هەمیشەیی هەیە کە سکرتێر بەڕێوەی دەبا و دەسەڵات و تواناکانی بە پێی ماددەی ١٠ و ١١ دیاری کراوە.

لە بواری بنەما ئابوورییەکانەوە، OECD ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی ئایدیاکانی سەر بە لیبرالیزمی ئابووری لە شێوازی قەرەبوو کردنەوەیی و چاکسازی ئابووریی یان کیتزییە. بەڵێنی

راشکاوانەی ئەم ڕێکخراوە لە کۆنفرانسی پاریس سەبارەت بە ئامانجەکانی گەشەی ئابووری، ئازاد کردنی ئابووری و پەرەپێدانی بازرگانی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن. لەم سۆنگەوە OECDهەڵوێستیکی نە یارانەی لەگەڵ نیو میرکانتلیسم (Neo- Mercantilism) و پشتیوانی کردن دا (Protectionism) هەیە. بەر فراوانبوونی ڕێکخراو لە پەسند کردنی ئەندامەتیی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٦٤ بەم واتایە بوو کە زۆرینەی وڵاتە گرنگە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان، ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن . وەرگرتنی ئوسترالیا و نیوزلەندا ئەم پرۆسەی تەواو کرد.

لە باری نێوخۆییەوە، OECDبەمەبەستی یارمەتیدانی وڵاتانی ئەندام بۆ هەماهەنگ کردنی سیاسەتەکانیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئاماژەیان پێکرا، تێدەکوشێ. ئەم ڕێکخراوە بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیارییە ئاماری و ئابوورییەکان بۆ ئەندامان و بەشە بەتواناکانی کۆمەڵگا دادەنرێ. ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاستی بان_دەوڵەتی دا (Transgovernmental) تێدەکۆشێ. لەو شوێنانەی کە بەرپرسە پایەبەرزەکان بەدوای ڕێکخستن و هەماهەنگ کردنی سیاسەتەکانن. هەڵبەتە هەموویان هاوبەشی لە بەرژەوندییەکاندا لە بەرچاو دەگرن. بەڵام هەروەکوو ئاماژەمان پێدا دەتوانین هەست بەم هاڕاییە ئایدۆلۆجیەی ناو ڕێکخراوەک بکەین.

یەکسانی لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراو تاڕادەیەکی زۆر بە هۆی وڵاتانی ناسراو بە گرووپی ٧ پێشێل کراوە. گرووپی ٧ بریتین لە: کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن. نوخبە سیاسییەکانی ئەم ولاتانە لە هەر خولێک دا لە ژێر ڕێنوێنییەکانی OECD لە کۆبوونەوەی ناسراو بە "کۆبوونەوەی ئابووری ڕێبەران "، لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە. ئەگەرچی بابەتە عەینییەکانی ئابووری سیاسی لەو کۆبوونەوانەدا تاوتوێ دەکرێن، بەڵام مەسەلەکانی وەکوو تیرۆریزمیش جێگەی بایەخی ڕێبەرانی گرووپی حەوتن.

لە بواری دەرەکیەوە؛ دەوڵەتەکانی OECD گرووپێکی هاوبەشی بەهێز لە مشتومڕە جیهانیەکان دان بەم پێیە کاتێک هەست بە مەترسی ئۆپێک دەکرا، زۆر پێویست بوو کە ئەندامانی OECD سیاسەتە وزەییەکانیان بە هۆی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەوە ڕێک بخەن. لە ڕوانگەی سیاسیشەوە، ئەمە ڕەنگە هەوڵێک بۆ گەڕانەوەی هەژموونی بێ. بێگومان بە لە بەر چاوگرتنی جیاوازی نێوان باکوور و باشوور، ئەم ستراتیژییە بەهەست کردن بە پێویستی بەرەنگاری کردن

لەگەڵ یەکگرتوویی باشووردا، لەگەڵ بەرەیەکی ئاوا یەکگرتووەوە دەگونجا. ئیستا کە ئەم ڕێکخراوە بایەخێکی زۆر بە وڵاتانی تازە بە پیشەیی بوو، و ئەو ئابوورییانەی کە داهاتێکی مامناوەندییان هەیە و، هەروەها گۆڕینی ئابووری رووسیا بۆ ئابووری سەرمایەداری دەدا. لە هەمان کات دا پێوەندی ئایدۆلۆجی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ لیبرالیزمی ئابوورییدا روون و ئاشکرایە. رادەی ئەندامانی OECDلە ساڵی ۲۰۰۲دا گەیشتە ۳۰ وڵات.

Monarchy

ڕژێمی پاشایەتی

بە ڕژێمێک دەگوترێ کە لەو ڕژێمەدا پاشایەک یان شاژنیک کە بە پێی ئایین، بنەماڵە یان هەڵبژاردن، یان بە پێی داب و نەریتی وڵات بۆتە پاشای وڵات و حکومەت دەکا. ئەو زاراوانەی کە پێوەندییان بەم ڕژێمەوە هەیە بریتین لە :

مافی خوایی پاشایەتیی: بیرو بۆچوونێکە کە پێیوایە پاشاکان مافی پاشایەتیان بە هۆی یاسای خوایی و سروشتی لە باوکیانەوە پێگەیشتووە و لە سەر ئەم بنەمایەش پاشا هیچ بەر پرسیارەتیەکی لە بەرامبەر گەل دا نیە. ئەم بیروبۆچۆنە بەر لە سەرهەڵدانی، بزاڤی لیبراڵ دیموکراسی و کۆماریخوازی لە جیهان دا، بناغەی حکوومەتی سەرەڕۆ ڕەهای پێکدێنا. ئەم بیروبۆچوونە پاشای بە جێبەجێکاری فەرمانەکانی خوادەزانی و پێیان دەگووت "ڤل الله". لە دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئازادیخوازانەکانی سەدەکانی نوێ ودارِمانی حکوومەتە پاشایەتیە سەرەڕۆکان، رژێم گەلی پاشایەتیی مەشرووتە هاتنە ئاراوە. لە هێندێک وڵات دا رژێمی کۆماری دامەزرا و بنەمای" پاشا، جێیە جێکاری ئیرادەی گەلە"جێگای گرتەوە. تۆماس هۆبزی بەریتانی لایەنگری ئەم بۆ چوونە بوو و بانگەشەی بۆ دەکرد. جۆن لۆک ئەم بۆچوونە دایە بەر رەخنەی توند ولە دوای شۆرشی ۱٦۸۹-۱٦۸۸، "مافی خودایی " حکومەتی پاشا، بایەخێکی نەما.

لە چینی کۆن دا، پاشا تا ئەوکاتەی کە خۆشگوزەرانی رەعیەتەکانی (دابین) کرد، نوێنەری خودا بوو و بەپێچەوانەوە ئەگەر پاشا خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دابین نەکردیایە، حکومەتی خوادیی لە دەست دەدا و ئەوکات خەڵک شۆڕشیان لە دژی پاشا ڕێک دەخست. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، لە ئەورووپا بیرو بۆچوونی مافی خودایی هیچ شوێنەرایێکی نەما.

پاشایەتیی سەرەڕۆ : پاشایەتیە کە هەموو دەسەڵاتە دەوڵەتیەکان لە بەردەستی پاشادان و فەرمانبەرانی حکومەت بە ناوی ئەوەوە ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن و حکوومەت کردن بە پێی یاسایەکی دیاریکراو نیە. پاشا چۆنی پێخۆش بوو ئاوا دەجووڵێتەوە. پاشایەتیی ڕەهاشی پێ دەڵێن.

پاشایەتیی هەڵبژێردراو: جۆرێک لە ڕژێمی پاشایەتیە کە پاشابە درێژایی تەمەنی وەکوو پاشا لە لایەن گەل یا نوێنەرانەوە یان لە لایەن ئاریستۆکرات و دەوڵەمەندەکانەوە هەڵدەبژێردرێ.

پاشایەتیی پارلمانی: بە واتای پاشایەتیی مەشرووتەی پارلمانیە.

پاشایەتیخوازی: لایەنگری کردن لە ڕژێمی پاشایەتیی لە بەرامبەر ڕژێمی کۆماری دایە. پاشایەتیخوازی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا پەرەی سەند ولە سەدەکانی هاوچەرخ دا و لە سەردەمی کێشەی نێوان شۆرشگێڕەکان و کۆماریخوازەکان دا زۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە.

پاشایەتیی بەرتەسک : جۆرێک لە ڕژێمی پاشایەتیە کەبەشێک لە دەسەڵات لە بەردەست پاشا و بەشێکی لە بەردەست کۆمەڵەی گشتی گەل یا لە بەردەست چینە دەسترۆیشتووەکان یا لە بەردەست پەرلەمان دایە.

پاشایەتی مەشرووتە: هەمان پاشایەتی بەرتەسکە.

پاشایەتی مەشرووتەی پەرلەمانی: جۆرە مەشرووتەیەکە کە پەرلەمان ناراستەوخۆ دەست لە کاروباری دەسەڵاتی بەڕیوەبەری وڵات وەردەدا.

پاشایەتی مەشرووتەی دووفاقە: سیستەمێکە کە پاشا لە دانان و لابردنی وەزیرەکان دا ئازادە و دەتوانێ وەزیرەکان لە ناو کە مایەتیی پارلمانی یان لەناو کەسانی دەرەوی پارلمان دا هەڵ بژێرێ.

پاشایەتی ڕەها: هاوتای پاشایەتی سەرەڕۆیە.

پاشایەتی پشتاوپشت(بەرەبابی) : جۆرێک لە ڕژێمی پاشایەتیە کە پاشایەتی بە پێی میراتە. هەرچەندە کەسی یەکەم، بەمیرات ئەم پاشایەتیەی وەدەست نەهێنابێ.

پاشایەتی بێ سنوور : پاشایەتیەکە کەدەسەڵاتەکان لە بەردەستی پاشادان و فەرمانبەران بە ناوی پاشاوە ئەرکەکانیان بەڕێوەدەبەن، بەڵام حکومەت بە پێی یاسا دارێژراوەکانە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی Amnestt Internationl

ڕێکخراوێکی مەدەنی نێونەتەوەییە کە لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦١، لە لایەن پیتەر بێرێنسۆن پارێزەرێکی بەریتانی دامەزرا. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، یارمەتیدانی ئەو بەندیکراوە سیاسیانەیە کە کردەوەی توندو تیژییان نەکردووە. ئەم ڕێکخراوە هەروەها یارمەتیی بنەماڵەی ئەم گیراوانە دەدا و بەدوای شێوازگەلێک بۆ باشترکردنی هەڵسوکەوت لەگەڵ گیراوەکان و دەستبەسەر کراوەکان دایە. ئەم ڕێکخراوە هەوڵێکی زۆری بۆ ئاشکرا کردنی ئەشکەنجە، کوشتن و دەستبەرسەرکردنی ناداد پەروەرانە داوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی یەک میلیون ئەندامی لە ١٥٠ وڵاتی جیهاندا هەیە (١٩٩٦)و ئەندامەکانی لایەنی ماددی ڕێکخراوەکە دابین دەکەن. بنکەی ئەم ڕێکخراوە لە لەندەنە و بەرواڵەت سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی یان ئایینی نیە. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٢دا، خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بردەوە.

ڕێککەوتننامەی ڕاپاڵۆ (١٩٢٢) Treaty Of Rapallo

ڕێککەوتننامەی ڕاپاڵۆ؛ ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی نێوان ئەڵمانیا و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە ڕاپاڵۆدا گرێدرا. نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامە گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام یەکەمین جار بوو کە دەوڵەتێکی گەورە بەڕەسمیی دانی بە یەکیەتیی سۆڤیەت دادەنا.

ڕێککەوتننامەی ڤێرسای (١٩١٩) Treaty Of Versailles

بەورێککەوتننامە ئاشتیە دەگوترێ کە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لە ڕێکەوتی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لەگەڵ ئەڵمانیا و لە هۆڵی ئاوێنەی کۆشکی ڤێرسایدا مۆر کرا. خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامە کە لە ٤٤٠ ماددە و لە ١٥ بەشدا دارێژرابوو، بریتی بوون لە: بەدەستەوەدانی تەواوەتیی کۆلۆنیەکانی ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی بەسەر سیستەمی سەرپەرەستیاریدا دابەش بکرێن، گەڕاندنەوەی ئالزاس و لۆرێن بۆ فەرەنسە، سپاردنی ئوپێی ـ مالمێدی بە بەلجیکا، بەڕێوەبردنی ڕاپرسی گشتی لە ئێشلێزڤیگی باکوور، ئەسپاردنی پرۆسی پۆلۆنیا، هێندێک لە بەشەکانی پرۆسی ڕۆژهەلاّت و سیلیزیای سەرەوە بە پۆلۆنیا، ئەسپاردن و بەڕێوەبردنی دانتزیگ لە لایەن کۆمەڵەی

www.perawipepwle.com

نەتەوەکان، ئەسپاردنی ناوچە چکۆلەکانی دەوروبەری هۆلتشین بە چیکسلۆڤاکیا، ئەسپاردنی مێمێل (کەلە دواییدا لیتڤانیا داگیری کرد)؛ داگیر کردنی "سار" لە لایەن فەرەنسیەکان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، وەدواخستنی راپرسی، ناسەبازی کردنی راینلەند و داگیرکردنی لە لایەن هاوپەیمانەکان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی شەڕ، کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە سەربازییەکانی ئەڵمانیا بۆ ١٠٠ هەزار کەس بەبێ فەرماندەیەکی گشتی ،خزمەتی ژێرئالاّ، تانک، تۆپخانەی گەورە. بەرهەمهێنانی گازە ژەهراوییەکان، فرۆکە یان زپلین، کەمکردنەوەی ژمارەی پاپۆڕەکانی هێزی دەریایی ئەڵمانیا کە نەتوانن زیاتر لە دەهەزار تەن هەڵگرن، بەبێ مافی هەبوونی ژێردەریایی و چەک و چۆڵە ئاسمانیەکان.

ڕێککەوتننامەی ڤێرسای، هەروەها یەکیەتیی نێوان ئەڵمانیا و نەمسای (ئانشلۆس) قەدەغە کرد، ئەڵمانیای بە دەسپێکەری شەڕەکە دانا، کۆمەڵە مەرجێکی بۆ دادگاییکردنی ئیمپراتۆری پێشوو و ڕێبەرانی دیکەی شەڕ دیاری کرد. ڕێککەوتننامەکە هەروەها جێبەجێکردنی بەڵێننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لەخۆ دەگرت. ئەڵمانیا لە ژێر پاڵە پەستۆدا ئەم ڕێککەوتننامەی مۆر کرد، بەڵام توورەیی و نارەزایەتی خۆی لەو بەندەی کە ئەڵمانیای بە" دەستپێکەری شەڕ دادەنا، دەربڕی. ئیمپراتۆر هیچ کاتێک دادگایی نەکرا و هێندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە، ٢٠ ساڵ دواتر، بوونە بیانوویەکی بەهێز بۆ پروپاگەندەکردن لە ئاڵمانیادا. کاتێک ئادۆلف هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا دەسەلاّتی ئەڵمانیای بەدەستەوە گرت، بە شێوەی پراکتیکی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای هەڵوەشاندەوە.

ڕێککەوتننامەی ڤێستفالی (١٦٤٨) *Treaty Of Westphalia*

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە پاش ئەو شەڕە ئایینیانە لە ئەوروپادا هاتە ئاراوە کە سی ساڵیان خایاند (١٦٤٨_١٦١٨). هەموو ولاّتانی ئەورووپی، جگە لە بەریتانیا و پۆلۆنیا لەم ڕێککەوتننامەدا بەشدار بوون.

گرنگی ڕێککەوتننامەی ڤێستفالی لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا:

١_ ئەم ڕێککەوتننامە و کۆنفرانسی ڕێککەوتننامەکە بوون بە بنەما بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی دیکەو ڕێنیوێنی کردنی ولاّتان لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان دا.

٢ـ ئەم ڕێککەوتننامە دانی بە سەربەخۆیی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا و وڵاتی هۆڵەندا دانا.

٣ـ نزیکەی ٣٥٠ یەکەی سیاسی ئەڵمانیا بە هۆی ئەم ڕێککەوتننامەوە سەربە خۆییان وەرگرت.

٤ـ پێداگری لە سەر سەربەخۆیی فەڕەنسا، ئیسپانیا و پورتوگال و قەدەغەکردنی بە ڕەسمی دستێوەردانی پاپا لە کاروباری نێو خۆیی و دەرەوەی وڵاتانی ئەوروویی.

٥ـ وڵاتەکانی ئەوروپا، مافی گرێدانی ڕێککەوتننامە، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتیی و ڕێکخستنی کاروباری نێوخۆییان پێدرا، بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەتی دەرەکی و بەبێ سەرنجدان بە داوکارییەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆم و پاپا.

٦ـ بنەمای سەربەخۆیی وڵاتان، چ سەربەخۆیی سیاسی و چ سەربەخۆی ئایینی و هەروەها یەکسان بوونیان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی و پێوەندییەکانی دەرەوە بۆ یەکەمجار وبە شێوەی ڕەسمیی لەم ڕێککەوتننامە دا پەسندکرا.

٧ـ وڵاتان لە هەڵبژاردنی ئاییندا سەربەست بوون و لە هەمان کاتدا بەڵێنیشیان دا کە گرووپە ئایینیەکانی کاتۆلیکی لوتێری و پرۆتستانی ئازادییەکی تەواویان هەبێ.

٨ـ سیستەمی هاوسەنگی هێز هەم لە ئیمپراتۆریای ڕۆم و هەم لە ئەورووپادا پێکهات. ئامانجی سەرەکی سیستەمی هاوسەنگی هێز، پێشگرتن لە سەر هەڵدانی دەوڵەتێکی " زاڵتر" لە ناو یەکە سیاسییەکانی ئەورووپادا بوو.

٩ـ ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێککەوتننامەی ڤیستفاڵیان مۆر کردبوو، بەڵێنیان بەیەکتردا کە لە بەرامبەر هەر هێرشێکدا، بێ گوێدانە ئایین، هاوکاری یەکتر بکەن.

ڕۆژئاوا چێتی — *Wester Niziation*

ڕۆژئاواچێتی یەکێک لە شێوازەکانی گۆڕانی کولتوورە. گۆڕانی کولتوور، پرۆسەیەکە کە لە ئاکامی بەیەکگەیشتنی کولتوورێک لەگەڵ کولتوورێکی دیکەدا، گۆڕانێک لە دامەزراوەکان، بەهاکان، بیروبۆچوونەکان و شێوەکانی کولتوورێک و کۆمەڵگایەکدا پێکدێنێ. هێندێک لە کۆمەڵناسەکان بەم پرۆسەیە دەڵێن گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

چەمکەکانی گۆڕانی کولتووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، زاراوەگەلێکی نوێن کە لە رابردوودا بە جێگەی ئەم چەمکانە، لە چەمکەکانی " گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی" و "پێشکەوتنی

کۆمەلایەتی" کەلکیان وەردەگرت. کە سەرچاوەیەکەیان بۆ روانگەی دارڤین، مارکسیزم و سپەنسەر دەگەڕێتەوە و رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژی هەبووە و پێیانوایە هەموو گۆڕانێک ئاراستەیەکی پێشکەوتووانەی هەیە. رافائێل پەتایی، کۆمەلناسی بەناوبانگ، رۆژئاواچێتی بەم شێوەپێناسە کردووە:

"رۆژئاواچێتی پرۆسەیەکی تایبەتیی کولتوورییە کە لە ئاکامی ئەم پرۆسەدا، کۆمەلگا یان بەشێک لە کۆمەلگا هەموو یان بەشێک لە و کولتوورەی کە لە رۆژئاوادا لە دوای " رێنێسانس " ، " چاکسازی ئایینی" و " شۆرشی پیشە ساز"یەوە هاتۆتە ئاراوە، وەردەگرێ.

لەرەوتی مێژوویی پرۆسەی " رۆژئاوا چێتی" ، " رۆژئاوا لێدراوی " و " دژایەتیکردن لە گەلْ رۆژئاوا "دا، زۆربەی ولاتە ئیسلامیەکان ئەم سێ حالەتەیان هەبووە:

الف_ ویستێکی ئاگایانە بۆ وەرگرتنی هێندێک لە شێوەکانی رۆژئاوا بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەلْ هێزی رۆژئاوادا کە بەرەبەرە بوو بە هۆی پێکهێنانی حەزو خولیای جیددی کە دەتوانین پێی بلێین، قۆناغی " رۆژئاواچێتی".

ب _ قۆناغی خۆ بە دەستەوەدان بە رۆژئاوا ولاساییکردنەوەی نەزانانە یان " رۆژئاوا لێدراوی".

ج _ قۆناغی بەربەرەکانییکردن لەگەلْ رۆژئاوا و گەڕانە بۆ خۆ.

رۆژئاوالێدراوی لە ئاستی رووناکبیران و دەسەلاتداراندا زیاتر بە شێوەی چاولێکەری نەزانانەی ئایدیا بیروبۆچوونەکانی رۆژئاوا و هەولدان بۆ بسترانەوە بە رۆژئاوایە و تا ئەو جێگایەش کە پێوەندی بە توێژی رۆژئاوالێدراوی خەلکەوە هەیە، لە ژیانی رۆژانە و دابونەریتەکانی کۆمەلگادا دەردەکەوێ. رۆژئاواچێتی لە کۆمەلگا کۆمۆنیستیەکاندا، بیروبۆچوونێکە کە لە دەرەوەی حیزبە کۆمونیستەکان سەری هەلداوە. بەلام لە ناو حیزبیشدا لایەنگری هەیە کە لەگەلْ بیرۆکەی ستالنینیزمدا بەربەرەکانی دەکەن.

گرووپی روناکبیرانی رۆژئاواچی زیاتر بە لای بزووتنە سۆسیال دێموکراسیەکانی رۆژئاوادا دەشکێنەوە. ئەمانە لە هەمان کاتدا لە دێموکراسی رۆژئاوا و لەوانە لە ئازادی رادەبرین، ئازادی کۆروکۆبوونەوە و پێکهێنانی حیزبەکان، ئازادی گەڕان (سەفەر کردن) و فرەحیزبی رازین، سیستەمی تاکە حیزبی رەت دەکەنەوە. پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکیەکان ئاستی بەرزی توانایی کڕینی خەلک، لە ولاتانی رۆژئاوایی، لەو بابەتانەن کەئەم رووناکبیرانەیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە.

بە بڕوای رۆژئاواچیەکان، ولاتانی گەورەی سەرمایەداری بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە رێبەرە

کۆمونیستەکان دەیڵێن، تووشی "رزین" و " گەندەڵیی" نەبوون، بە ڵکوو ڕێژەی پێشکەوتنیان لە بوارە پیشەسازی و ئابوورییەکاندا، لە وڵاتانی کۆمۆنیستی زیاتر بووە. ڕۆژئاواچیەکان پێیانوایە کە سەردەمی مارکسیزم ـ لنینیزم بەسەر چووە و سەردەم، سەردەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە هۆی زانست و تەکنیکە.

راسپێردراوە سیاسییەکان — Diplomatic Corps

راسپێردراوە سیاسییەکان لە شوێنی بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی خۆیاندا، تایبەتمەندییەکانی نوێنەرایەتیی وڵاتی خۆیانیان هەیە و نیشانەی دەسەڵات و سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتیی خۆیانن. ئەوانە ڕۆڵێکی زۆرگرنگ و قورسیان لە ئەستۆدایە. گرنگترین رۆل و ئەرکەکانی راسپێردراوە سیاسییەکان بریتین لە :

١ـ راسپێردراوی سیاسی (بەزۆری سەرۆک) دەبێ بەوتار و شێوازەکانی دیکە وڵاتی خۆی بە خەڵکی وڵاتی خانە خۆی بناسێنێ.

٢ـ راسپێردراوی سیاسی (بەزۆر سەرۆک) رۆڵی پێوەندیدەری هەیە، واتە هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانی وڵاتی خۆی بە ئاگاداری بەرپرسانی وڵاتی خانەخوێ دەگەیەنێ و بە پێچەوانەشەوە، راوبۆچوونەکانی ئەو وڵاتەش بە وڵاتی خوێ رادەگەیەنێ.

٣ـ ئەرکێکی دیکەی راسپێردراوی سیاسی ئاگادار بوونی بە جێ(رەوا) لە بارودۆخی وڵاتی خانە خوێ و ئامادەکردنی راپۆرت و ناردنەوەی راپۆرتەکە بۆ وڵاتی خۆیەتی (بە زۆری وەزیری کاروباری دەرەوە). زانیاری کۆکردنەوەی نابەجێ (نارەوا) لە بارودۆخی وڵاتی خانەخوێ، دەبێتە سیخوڕی و بە پێچەوانەی ڕێو وشوێن و ئەدەبی نێودەوڵەتیە.

٤- راسپێردراوی سیاسی دەبێ بەرژەوەندییەکانی وڵاتی خۆی و هاووڵاتیانی خۆی لە وڵاتی خانەخوێدا بپارێزێ و پشتیوانیان لێ بکا.

٥ـ راسپێردراوی سیاسی دەبێ ڕێز بۆ یاسا و ڕێسا نێوخۆییەکان و دابونەریتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی وڵاتی خانەخوێ دا بنێ.

٦_ راسپێردراوی سیاسی نابێ خۆی له کاروباری نێوخۆیی وڵاتی خانەخوێ هەڵقورتێنێ و له پۆست و دەسەڵاتی خۆی کەڵکی نابەجێ وەرگرێ. به پێچەوانەی ئەمەوە، وڵاتی خانەخوێ دەتوانێ ئەم راسپێردراوه به " کەسی بێ کەڵک" دابنێ و داوا له وڵاتەکەی بکا که بانگهێشتنی بکەنەوه یان ئەوەتا بۆ خۆیان ناچاری بکەن له ماوەیەکی دیاریکراودا، وڵاتی ئەوان بەجێ بێڵێ.

راسپێردراوی ، ئەندامان — Members Of The Mission

ئەندامانی راسپێردراوی بەو فەرمانبەره سیاسی و ئیدارییانه دەگوترێن که کاروبارەکانی راسپێردراوەتی بەرێوەدەبەن. ئەندامانی راسپێردراوەتی بریتین له: فەرمانبەرانی سیاسی، فەرمانبەرانی ئیداری و تەکنیکی و کارگوزارانی راسپێردراوەتیی.

راسپێردراوێتی ، سەرۆکەکانی — Hends Of The Mission

به پێی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا (١٨١٥) و پرۆتۆکۆلی ئیکس لاشاپێڵ (١٨١٨) و چاکسازییەکانی رێککەوتننامەی ڤیەننا (١٩٦١)، سەرۆکەکانی راسپێرداوەتی بەریز بریتین له :

١_ باڵوێزو باڵوێزی پاپ

٢_ وەزیری موختار و نوێنەری پاپ

٣_ شارژدافێر

راسپێردراوەکانی پلەی یەکەم و دووهەم لەگەڵ سەرۆکی وڵاتدا له پێوەندی دان و راسپێردراوی پلەی سێهەمیش لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا له پێوەندی دایه. جگه لەم کەسانە، هێندێک کەسی دیکه به نێوی "کۆمیسێری بەرز" یان به نێوی دیکەوه ئەرکی سەرۆکی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی بەرێوه دەبەن و بەپێی ماددەی ١٤ی رێککەوتننامەی ڤیەننای ١٩٦١ له ریزی راسپێردراوه دیپلوماسیەکانی دیکەدان و ئەو ماف و ئیمتیازانەی ئەوانیشیان هەیه. وەکوو کۆمیسێری بەرزی بەریتانیا له کەنەدا، ئۆسترالیا و نیوزلەندا. نازنامەی کۆمیسێری بەرز به باڵوێزەکانی بەریتانیا له وڵاته هاوبەرژەوەندەکانی ئەم وڵاته دەگوترێ، چوونکه ئەم وڵاتانه بەشێوەیەکی فۆرمالیته پاشای بەریتانیا به حاکمی خۆیان دەزانن.

www.perawipepwle.com

راسپێردراوەتی سیاسی — Diplomatic Mission

راسپێردراوەتی سیاسی بەسەر دوو شێوەدا دابەش دەبێ: راسپێردراوەتیی سیاسیی بەردەوام و راسپێردراوەتیی سیاسیی تایبەتی. مەبەست لە راسپێردراوەتیی سیاسیی بەردەوام؛ ئەوکەسانەن کە وەکوو نوێنەری رەسمیی وڵاتی خۆیان و بەردەوام (زیاتر بۆ ماوەی چوار ساڵ) دەچنە وڵاتێکی بیانی و ئەرکێکی تایبەتیی بەرێوەدەبەن. دامەزراندنی نوێنەرایەتیی و هەناردنی راسپێردراوە سیاسییە بەردەوامەکان بە پێی رێککەوتنی دوولایەنەی وڵاتەکانە وەکوو دامەزراندنی پێوەندی سیاسی بە پێی یەک یان دوو رێککەوتننامەی جیاواز. ماوەی راسپێردراوەتیی سیاسی بەم هۆیانە کۆتایی پێ دێ:

الف: بە هۆی پچرانی پێوەندی سیاسی:

١ــ پچرانی پێوەندی سیاسی بە هۆی شەڕەوە

٢ــ پچرانی پێوەندی سیاسی بە هۆی کێشەی سیاسییەوە

٣ــ پچرانی پێوەندی سیاسی بە شێوەی بەکۆمەڵ ، وەکوو سزا

ب ــ ئەو هۆکارانەی کە پێوەندییان بەراسپێردراوە سیاسییەکانەوە هەیە:

١ــ مردن ٢ــ خانەنشینی ٣ــ دەست لە کار کێشانەوە.

ج: ئەو هۆکارانەی پێوەندییان بە وڵاتی راسپێردراوەوە هەیە:

١ــ بانگهێشت کردنەوەی راسپێردراو بە هەر هۆیەک

٢ــ گۆڕانی جۆری راسپێردراوەتی یان گواستنەوەی راسپێردراو

د ــ ئەو هۆکارەی کە پێوەندی بە وڵاتی خانە خوێیەوە هەیە:

١ــ وەدەرنانی راسپێردراو وەکوو "کەسی بێ کەڵک".

راسپێردراوەتیی تایبەتی — Special Mission

ئەم ناوە بۆ یەکەمجار لە لایەن کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتیی UN لە ساڵی ١٩٦٠دا کەڵکی لێ وەرگیرا. کۆمیسیۆنی شەشەمی UN، زۆر بە کۆرتی باسی کردووە و ئاماژە بە سێ شێوە راسپێردراوەتیی دیپلۆماتیکی تایبەتیی دەکا: یەکەم راسپێردراوەتی لە کۆنفرانسە

نێودەوڵەتیەکاندا، دووهەم راسپێردراوەتیی گەڕۆک و سێهەم راسپێردراوەیتە تایبەتیەکان، واتە راسپێردراوەتیی یەک یان چەند کەسێک کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە نێردرابنە دەوڵەتێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی تایبەتی. هێندێک ئاماژە بە سێ راسپێردراوەتیی تایبەتی دیکە دەکەن: یەکەم ئەو راسپێردراوانەی کە لە نووسینگە تایبەتیەکان یان لە نووسینگە بەردەوامەکاندا کاردەکەن (وەکوو نووسینگەی بازرگانی ، نووسینگەی کاروباری پێشانگا پیشەسازی و هونەرییەکان و......) دووهەم ئەو راسپێردراوانەی کە بە نوێنەرایەتیی لەلایەن دەوڵەتەکانی خۆیانەوە لە ڕێوورەسمێکی تایبەتیدا (وەکوو، ڕێوو رەسمیی تاج لەسەر دانانی پاشایەتیی یان ناشتنی مردوو، یان بۆ وتووێژ و گرێدانی ڕێککەوتننامەی تایبەتیی) بەشداری دەکەن یان ئەرکی وتووێژ و گرێدانی ڕێککەوتننامەیان پێ دەسپێردرێ. سێهەم: راسپێردراوەکانی وەزارتەکان، جگە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە بە تەنیا یان لەگەڵ کابینەدا دەچنە سەردانی وڵاتێکی دیکە و لەگەڵ راسپێردراوە هاوشانەکانی خۆیان دادەنیشن. ئاکامی وتووێژەکانی ئەم راسپێردراوانە رەنگە ببێتە هۆی گۆڕینەوەی بەڵگەنامە، یان لیژنەیەکی تایبەتی دیکە بنێرن کە کۆتایی بە کارەکان بێنێ، یان باڵوێزخانە ئەم ئەرکە بەڕێوە ببا.

ڕێک نەکەوتن — *Disintegration*

سەبارەت بەو یەکە سیاسییانە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ کە حەزناکەن لە بواری سیاسەتە نێودەوڵەتیەکاندا لەگەڵ وڵاتانی تردا هاوکاری و هاوبیری بکەن کە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی وڵاتان لەیەکترو بوار بۆ قەیران و شەڕ دەرخسێ. لە ڕێک نەکەوتندا چەند گۆڕاو کاریگەرییان هەیە کە بریتین لە: فاکتەرە مرۆیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی یەکە سیاسییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و گۆڕاوە کۆمەڵایەتیە نێودەوڵەتیەکان.

رژێمی سوڵتانی — *Sultanistic Regine*

ماکس ڤیبەر یەکەمجار ئەم زاراوەی داهێنا و مەبەستی ئەو لەم زاراوەیە ئاماژەکردن بە حاڵەتێکی توندڕۆیانەی پاتریمۆنیالیزم (سیستەمی پشتاوپشتی) بوو کە لە پۆلین بەندیی سێ لایەنەی ڤیبەر لەسەر شێوازەکانی ئوتۆریتەی رەوا، شێوازێک لە ئۆتۆریتەی نەریتیە: پاتریمۆنیالیزم و لە شێوە توندڕۆیانەکەیدا، سیستەمە سوڵتانیەکان، ئەو کاتانە سەرهەڵدەدەن کە دەسەڵاتداری نەریتی،

دامودەزگایەکی ئیداری و هێزێکی سەربازی پێک دێنێ کە تەنیا ئامرازی [جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی] تاکەکەسی دەسەڵاتدارە. لەو شوێنانەی کە دەسەڵات لە بنەڕەتدا نەریتیە، هەرچەندە کە بە هۆی ئیرادەی تاکەکەسی دەسەڵاتداریشەوە بەڕێوە بچێ، ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆریتەی پاتریمۆنیالیە و لەو حاڵەتانەدا کە دەسەڵات لە بنەرەتدا لە سەر بنەمای ئیرادەی تاکەکەسی دەسەڵاتدار بەڕێوە دەچێ، پێی دەگوترێ رژێمی سوولتانی. هێندێک جار وایێدەچێ کە ئۆتۆریتەی سوڵتانی بە هیچ شێوەیەک بە هۆی نەریتەوە بەرتەسک نابێتەوە، بەڵام لە راستیدا هیچ کاتێک وانیە. سەرەڕای ئەوە، توخمی نانەریتی بە شێوەی ناتاکەکەسیی، عەقڵانی نابێ، بەڵکوو تەنیا زۆربوونی لە رادەبەدەری ئیرادەی تاکەکەسی دەسەڵاتدار لەخۆ دەگرێ. ئەم تایبەتمەندیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەر شێوازێکی عەقڵانی جیای بکاتەوە.

ڕێککەوتننامەی ئەخلاقی **Moral Agreement**

ئەم ڕێککەوتننامانە لەگەڵ ئەوەیدا کە دەبنە هۆی بەڵێنێکی ئەخلاقی، بەڵێندەرەکان ناچار ناکرێن کەرێککەوتننامەکە جێبەجێ بکەن. ئەم رێککەوتننامانە کە لەرەوتی ئەنگلۆساکسۆنی وەرگیراون، تایبەتمەندیی سیاسییان هەیە و بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە، دوو یان چەند دەوڵەتێک لە سەر بڕیاری خۆیان سەبارەت بە رێبازێکی سیاسی پێداگری دەکەن، بێ ئەوەی بەڵێنێکی یاساییان هەبێ. وەکوو جاڕنامەی ئاتلانتیک .

ڕێککەوتننامەی ساکار یان بەڕێوەبەری **Executive Agreement**

ئەم ڕێککەوتننامانە تەنیا بە هۆی مۆری سەرۆکی وڵاتان (بە زۆری سەرۆک کۆمار) یان وەزیرانی دەرەوە یان راسپاردە سیاسییەکانی دوولایەن جێبەجێ دەکرێن و ئەو بەرپرسە دەوڵەتیانەی کە خاوەنی "دەسەڵاتی پەسند کردنی ڕێککەوتننامە"ن؛ هیچ ڕۆڵێکیان لە گرێدانی ئەم ڕێککەوتننامەدا نیە. بە واتایەکی دیکە ئەوڕێوورەسمانەی کە بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتننامەکانی دیکە پێویستن، بۆ ئەم ڕێککەوتننامانە پێویست نین، بەڵام ئاسەواری یاساییان هەیە. گرنگترین ڕێوورەسمەساکارەکان بریتین لە:

١ــ راگەیەنراوی فەرەنسا ــ مەراکیش، لە ڕێکەوتی ٢ی ئازاری ١٩٥٦دا، کە بە پێی ئەم ڕاگەیەنراوە، فەرەنسا دانی بە سەربەخۆیی فەرەنسادا نا. پرۆتۆکۆلی ڕێککەوتننامەی فەرەنسا ــ تونس، ڕێکەوتی ٢٠ی ئازاری ١٩٥٦ سەبارەت بە سەربەخۆیی تونس، ڕێککەوتننامەی بەریتانیا و میسر سەبارەت بە خودموختاری سوودان لە ڕێکەوتی ١٩ی ئایاری ١٩٥٤دا، ڕێککەوتننامەکانی ژنێف لە ڕێکەوتی ١٩٥٤دا، سەبارەت بە کۆتایهێنان بە دوژمنایەتیی هیند و چین.

ڕێککەوتننامەی سایکس ــ پیکۆ (١٩١٦)
Sykes –Picot Agreement

ڕێککەوتننامەیەکی نهێنیی نێوان بەریتانیا و فەرەنسایە کە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئایاری ١٩١٦ لە نێوان سێرمارک سایکسی بەریتانی و ژۆرژ پیکۆی فەرەنسیدا مۆر کرا. نێورۆکی ئەم ڕێککەوتننامە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانە بوو کە لۆرێنسی عەرەبستان سەبارەت بەرێزگرتن لە مافی عەرەبەکان لەو شوێنانەی کە تورک نشین نەبوون، بە عەرەبەکانی دابوون، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامە بە شێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا دابەش کرا. ئەم ڕێککەوتننامە گومانی زۆری لە ناو عەرەبەکان دا سەبارەت بە سیاسەتەکانی بەریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێک هێنا و بوو بە هۆی نیگەرانیی عەرەبەکان لە سیاسەتی بەریتانیا.ڕووداوەکانی دوایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەریانخست کە گومانی عەرەبەکان بەجێ بووە.

ڕێککەوتننامەی ئاشتی بۆسنیا (١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥)
Bosnian Pace Agreement

ئەم ڕێککەوتننامەیە کە کۆتایی بە خوێناوی ترین شەڕی ئەورووپا لە دوای شەڕی سارد لە بۆسنیاوهێرزەگۆڤین هێنا، ئاکامی وتووێژی لایەنەکانی شەڕ بوو کە لە ٢١ی تشرینی دووهەمی ١٩٩٥ لە شاری دەیتۆن لە ویلایەتی ئۆهایۆدا (ئەمریکا) پێکهات. ڕێککەوتننامەی ئاشتیی بۆسنیا لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ لە نێوان سەرۆک کۆماری بۆسنە هێرزەگۆڤین (عەلی

عیزرەت بێگۆڤیچ)، کرۆڤاتیا (فرانجوتوحجان)، سربستان (سلۆبۆدان میلۆشۆڤیچ) و بە بەشداری ڕێبەرانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیسپانیا لە پاریسدا مۆر کرا.

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە:

١ـ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی،بە ڕەسمی دانی بە سنوورەکانی بۆسنە هێرزەگۆڤین، وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ دانا.

٢ـ وڵاتی بۆسنە لە فیدراسیونی بۆسنیاـ کرۆڤاتیا بەسەر ٥١% و کۆماری سربیاش بەسەر ٤٩% خاکی بۆسنیادا کۆنترۆلیان دەبێ.

٣ـ سیبریەکانی بۆسنیا جگە لە کۆنترۆڵی شارە ڕۆژهەڵاتیەکانی سەربرێنیستا، ژێپا و پاڵە، لە ڕێگای چۆمی ساو، دەستیان بە دەریای ئادریاتیک ڕادگا.

٤ـ شاری سارایێڤۆ وەکوو پایەتەخت لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی موسلمانی کرۆڤاتیادا دەمایەوە، بەڵام سربەکانیش لەو شارەدا، بەڕێوەبەریی ئیدارییان دەبوو.

٥ـ سربستان، کۆماریی بۆسنە هێرزەگۆڤینی بەرەسمی دەناسێ.

٦ـ ئاوارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامە، نزیکەی ٦٠ هەزار کەس لە هێزەکانی ناتۆ لە چوارچێوەی هێزەکانی پاراستنی UN دا چوونە بۆسنەو هیرزەگۆڤینەوە.

ڕێککەوتننامەی گشتی تەعرفە و بازرگانیی
General Agreement On Tariffs and Trade (GATT)

گات یان ڕێککەوتننامەی گشتیی تەعرەفە و بازرگانیی، بە بەڵگەنامەکانی ۆێکخراوێکی سیستەمی بازرگانیی نێودەوڵەتی دەگوترێ کە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ناچارن لە دەرەوەو لە ناوخۆشدا، خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامە جێبەجێ بکەن.

لە دوای قەیرانی ئابووریی ساڵەکانی ١٩٢٩تا١٩٣٢ زۆربەی وڵاتانی جیهان بیریان لەوە کردەوە کە لە ڕێگای تەعرەفە گومیرکیەکانەوە، هاوەردەکانی خۆیان کەم بکەنەوە و ئەو ئەرزەی کە لە ئاکامی هەناردەکانەوە وەدەستی دێنن، بێخەنە ژێر چاوەدێرییەکی وردەوە. بەڵام ئەم

www.perawipepwle.com

کەمکردنەوانە بوونە ئاستەنگ لەبەردەم بازرگانیی ئازاد لە نێوان وڵاتەکان و بوون بە هۆی شێواندنی پەرەپێدان و گەشەی ئابووریی جیهانی پەرەنە گرتوو.

پاشان، لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، دەوڵەتی ئەمەریکا کە بۆ پاراستن و زۆرترکردنی دەسەڵات و خۆشگوزەرانی ئابووریی، پێویستی بە پێشکەوتنی ئابووری ئەورووپا هەبوو، وێڕای بەخشینی یارمەتیی ئابووریی و سەربازیی بە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، شێگیرانە پشیوانی لە سیاسەتی بازرگانیی ئازاد و نەهێشتنی چوارچێوەبەرتەسکە ئابوورییەکان دەکرد. لە جاڕنامەی ئاتلانتیک و ڕێککەوتننامەی قەرزدان و بە ئیجارە دانیشدا، ئاماژە بە پێویستی ڕەچاوکردنی بنەمای بازرگانیی ئازاد و نەهێشتنی جیاوازیی ئابووری کراوە.

بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، ئەمەریکا، بەریتانیا و دەوڵەتە بەرژەوەندیخوازەکانی تر، بەرلە کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیی، لە پێناو دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە نوێکاندا کە بتوانن بەسەر کێشەکانی ئەرز، سەرمایەگوزاری و بازرگانیدا زاڵ بن، هەنگاوی کاریگەرییان هەڵێناو بە دامەزراندنی سندووقی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتیی بووژانەوەو پەرەپێدان، کۆمەڵێک دەستکەوتیان وەدەست هێنا. بەڵام ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتیی بە هۆی ڕێک نەکەوتنی وڵاتە گەورەکان، تاکۆتایی شەڕ ئامادە نەکرا. کەواتە وڵاتانی هاوبەرژەوەندیی پێیان باشتر بوو کە کۆمەڵێک وتوویژ بۆ کەمکردنەوەی تەعرەفە گومرکیەکان و نەهێشتنی ئاستەنگە بازرگانیەکان دەست پێ بکەن.

لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا، کۆنفرانسێک لە ژنێف بە بەشداریی ٢٣ وڵاتی پێشکەوتووی جیهان پێکهات و ڕێککەوتننامەی گشتیی سەبارەت بە تەعرەفە گومرکی و بازرگانیەکان کە بە کورتکراوی "گات"ی پێ دەڵێن، مۆر کرد. ئەم ڕێککەوتننامە کە لە یەکی کانوونی دووهەمیی ١٩٤٨ەوە جیبەجێ دەبێ، لەسەرەتادا تەنیا چوارچێوەیەک بوو کە وڵاتانی ئەندام لە سەرئەوە ڕێککەوتن، وتوویژگەلێکی دوولایەنە بۆ کەمکردنەوەی تەعرەفە گومرکیەکان و ئالووگۆڕی بازرگانیی وەرێ بخەن و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە دارێژران. کەواتە ئەو ڕێککەوتننامە هیچ دامەزراوەیەکی پێک نەهێناوە. بەڵکوو تەنیا ئەو ئامانج و بنەمایانەی دیاریکردووە کە دەبێ وڵاتانی ئەندام لە پێوەندییە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکانیاندا ڕەچاوی بکەن.

گات ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی تەعرەفە گومرکیەکان، نەهێشتنی چوارچێوە بەرتەسکە بازرگانیەکان و لە ناوبردنی ئاستەنگەکانی بازرگانیکردنی ئازادە. ئەم ڕێککەوتننامە چ لە بواری رادەی ولاتانی بەشدار ، چ لە بواری ڕێژەی ڕێووشوێنەکان و چ لە بواری ڕێژەی ئالووگۆڕە بازرگانیەکاندا؛ چڕترین و باشترین ڕێککەوتننامەیە کە لەم بوارەدا لە نێوان دەوڵەتەکانی جیهاندا، گرێدراوە. ئامانجە تایبەتیەکان و ئامانجی ڕێکخراوی بەڕێوەبەری ئەم ڕێککەوتننامە، بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵکی ولاتانی ئەندام، دابینکردنی کاربەتەواوەتیی، کەڵک وەرگرتنی بەجێ لەسەرچاوە نێوخۆییەکان، بردنە سەری ئاستی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی شتومەک (کەرسەکان) لە نێوان ولاتان و یارمەتیدانی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ئابووری جیهانە. لەم ساڵانەی دواییدا، پەرەپێدانی بازرگانی نێودەوڵەتیی، نەهێشتنی ئاستەنگە بازرگانیەکان، بردنەسەری دەرفەتی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە گەورەترەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی نەتەوە پەرە نەگرتووەکان، بایەخێکی زیاتری پەیدا کردووە.

بنەماکانی گات:

گات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیی ئەم بنەما گشتیانەی پەسند کردووە:

الف) سیاسەتی جیاوازی دانەنان لە سیاسەتی بازرگانی دەرەوەدا:

بەپێی ئەم بنەمایە هەر ئیمتیازێک کە ولاتێکی ئەندامی گات دەیداتە هەر ولاتێکی دیکە، جاچ ئەو ولاتە ئەندام بێ و چ ئەندامیش نەبێ، هەموو ولاتانی ئەندامیی گات بە شێوەیەکی خۆرسکانە لەم ئیمتیازانە کەڵک وەردەگرن. ئەمە لەراستیدا هەمان بنەمای دەوڵەتیی کاملە الوداده بەلام مەودای گات بەربلاوترە؛ چونکە داشکانە گومرکیەکان نەتەنیا هەموو ئەندامانی گات دەگرێتەوە و تایبەت بە ولاتێکی دیاریکراو نین، بەڵکوو بەرهەمە نیشتمانیەکانی ولاتانی ئەندامیش، لە ولاتانی دیکەدا لەخۆ دەگرێ.

ب) بنەمای ئازادیی بازرگانیی یان قەدەغەکردنی دیاریکردن ڕێژە:

بەپێی ئەم بنەمایە، سیاسەتی دیاریکردنی ڕێژەی پشک و دانانی چوارچێوەیەکی ئاماری (ژمارە،بر) قەدەغە کراوە. بەندی یەکی ماددەی ١١ی ڕێککەوتننامەکە دەڵێ: " هیچ کام لە ولاتانی ئەندام (بەڵێندەر) نابێ هەموو یان بەشێک لە هەنارده و هاوردەی خۆیان تەنیا بۆ ولاتێکی

تایبەتی ئەندام تەرخان بکەن یان چوارچێوە و ئاستەنگێک بۆ ولاّتێکی دیکە دابنێن و پەنا نەبەنە بەر مۆلەتی هێنانی ئەرز وچاوەدێریکردنی ئەرز و شتەکانی دیکەدا.

ج) : راوێژکردن لەگەلّ ولاّتانی ئەندام دا:

بەپێی ئەم بنەمایە کێشە بازرگانیەکانی نێوان ولاّتانی ئەندام ــ بۆ وێنە ئەو زیانانەی کە رەنگە بە هۆی سیاسەتی بازرگانی ولاّتێکەوە لە ولاّتانی دیکەی ئەندامیش بکەون ــ لە رێگای راوێژ و وتووێژەوە چارەسەر دەکرێن.

د: ئیمتیازە تەعرەفەییەکان: ماددەی ٢٨ی رێککەوتننامەکە دەڵێ: "دەوڵەتانی ئەندام ئەو راستیە دەسەلمێنن کە تەعرەفە گومرکیەکان، ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم پەرەپێدانی بازرگانی دان. بۆیە ولاّتانی بەڵێندەر وتووێژی پێویست بۆ کەمکردنەوەی بنەڕەتیانەی تەعرەفەی گومرکی و بەخشینی ئیمتیازە تەعرەفەییە دوولایەنەکان دەدەن.

هـ: بەمەبەستی هاوکاری کردنی ولاّتانی لە حالّی پەرەسەندندا لە تشرینی دووهەمی ١٩٦٤، بەشێکی نوێ بە رێککەوتننامەی ١٩٤٧ی گات زیاد کرا. بەپێی ئەم بەشە تازە، بنەمای دوولایەنەبوونی ئیمتیازەکان سەبارەت بە ولاّتانی لە حالّی پەرەسەندندا بە شێوەیەکی سەربەستانە بوو، بەو واتایەی کە ولاّتانی ئەندامیی گات رێگایان پێدراوە ئیمتیازی گومرکیی ببەخشنە ولاّتانی لە حالّی پەرەسەندن، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دوولایەنەیان هەبێ.

پێکهاتە یان بناغەکانی گات: تاپێش سالّی ١٩٦٠، گات وەکوو رێکخراوە نێودەولّەتیەکانی دیکە، خاوەنی پێکهاتە نەبوو و تەنیا سکرتاریاییەکی چکۆلەی هەبوو کە ئەرکی ئیداری بەرێوە دەبرد و هەموو سالّێک چەند کۆبوونەوەی بە بەشداریی ولاّتانی ئەندام لە ژنێڤدا پێکدێنا. کە وەکوو کۆمەلّەی گشتیی گات وابوو و بڕیاری پێویستیشی دەدا. لە سالّی ١٩٦٠دا، ئەنجوومەنیی نوێنەران پێکهات کەئەرکی ئامادەکردن و داڕشتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی لە ئەستۆدا بوو. ئەنجوومەن هەمیشەیی بوو و لە ماوەی خولەکانی کۆبوونەوەی گشتی گاتدا، کۆدەبۆوە. چەند کومیتە لە ژێر چاوەدێری ئەنجوومەندا پێکهاتن کە گرنگترینیان بریتی بوون لە: کومیتەی وتووێژە بازرگانیەکان و کومیتەی بازرگانی و پەرەپێدان.

دوای ئەوەی زۆر لە بڕیارەکانی "گات" شکستیان هێنا. لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدە تەمەنی گاتدا، ئەم رێکخراوە لە دوای بڕیاری ١٢٤ ولاّتی ئەندام، بە شێوەی رەسمیی رێکخراوێکی

نوێی لەیەکی کانوونی دووهەمی ١٩٩٥ لە ژێر ناوی "ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی " پێکهێنا تاکوو لەگەڵ کێشەکانی وەکوو، سوبسیدەکانی کشتووکاڵ دا بەرەنگاری بکا.

Munich Agreement — ڕێککەوتننامەی میونیخ (١٩٣٨)

ئەم ڕێککەوتننامە لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٣٨دا، لە نێوان هیتلەر، موسۆلینی، چەمبرلین و دالادیەدا گرێدرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە هەموو ناوچە ئەڵمانی نیشینەکانی سودێتی بە ئەڵمانیا دەسپارد. دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بە گرێدانی ئەم ڕێککەوتننامە، لە ڕاستیدا ملیان بۆ داواکارییە نابەجێکانی ئەڵمانیای هیتلەری دانەواند و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئەڵمانیەکانی چیکسلۆڤاکیا بوون، لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیر کران. لە کۆنفراسی میونیخدا کە بوو بە هۆی گرێدانی ئەم ڕێککەوتننامە، نوێنەری سۆڤیەت و چیکسلۆڤاکیا بانگهێشت نەکرابوون. ستالین پێیوابوو کۆنفرانسی میونیخ و ڕێککەوتنی بەریتانیا و فەڕەنسا لەگەڵ ئەڵمانیادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیتلەر هێرش بکاتە سەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات و لە داگیرکردنی ئەورووپای ڕۆژئاوا خۆببوێرێ.

Powers Politics — ڕێبازی ڕەسەنایەتیی هێز

ڕێبازی ڕەسەنایەتیی هێز لە سەدەی ١٧دا بۆ یەکەمجار لە لایەن تۆماس هۆبز لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا بە نێوی لۆیاتان کە لە ساڵی ١٦٥١دا بڵاو کرایەوە، ڕاگەیەنرا. هۆبز پێی وا بوو هەموو ئاکارەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا دەرئەنجامی هێز و ترس لە دۆڕانە. پاڵنەری وڵاتەکانیش وەدەستهێنانی هێز، پاراستنی هێز و زۆرکردنی هێزە.

لە دوای شەڕی دووهەمیی جیهانیدا، مورگانتا، بیریاری ئەمەریکی ئەم ڕێبازەی زیاتر پەرەپێدا ئەویش پێیوایە کە پاڵنەری هەموو ئاکارەکانی مرۆڤ و وڵاتەکان هێزە. ئاواتی زاڵبوون بەسەرکەسانی دیکە و هێز لە ناخی مرۆڤدا شاراوەتەوە. هێزپەرستی مرۆڤ شتێکی سروشتیە و نافەوتێ، تەنیا بەرتەسک دەبێتەوە. تەنیا هێزە کە هێز هاوسەنگ دەکا. کەواتە باشترین ڕێگای پێکهاتنی ئاشتی، هاوسەنگیی نێوان هێزەکانە.

Treaties Of Rapallo — ڕێککەوتننامەی ڕاپالۆ (١٩٢٠)

بەو ڕێککەوتننامە دەگوترێ کە سەبارەت بە کێشەی سەر سنوور لە نێوان ئیتالیا و یۆگسلاڤیادا گرێدرا (١٢ی تشرینی دووهەمیی ١٩٢٠). ئەم دوو وڵاتە بەڵێنیان دا کە:

١ـ دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ژیانەوەی دەسەڵاتدارەتیی هامبۆرگدا بە هەر شێوزایێک کە بۆیان دەلوێ، رابگەیەنن.

٢ـ هەروەها بەو ڕێککەوتننامەش دەگوترێ کە لە نێوان دەستەی نوێنەرایەتیی ئەڵمانیاو سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٦ی نیسانی ١٩٢٢ دا مۆر کرا. ئەم دووولاتە لە پێش ئەم ڕێککەوتننامەشدا پێوەندی سیاسی خۆیان دامەزراند بۆوە و وازیان لە داواکارییە ماددییەکانی خۆیان هێنا و بەپێی مەرجێکی نهێنی ناو ڕێککەوتننامەکە، ئەڵمانیەکان راهێنانی کار گوزارانی فڕۆکەکانی سۆڤیەت و زرێپۆشەکانیان لە ئەستۆ دەگرت. بەپێی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای، ئەڵمانیا مافی زرێپۆش و فڕۆکەی نەبوو.

ڕێککەوتننامەکانی ریگا — Treaties Of Riga

ئەم زاراوە ئەم دوو ڕێککەوتننامە لەخۆدەگرێ:

١ـ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان لیتۆنیا و یەکیەتیی سۆڤیەت (١٩٢٠) کە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە، سۆڤیەت بە شێوەی ڕەسمی دانی بە سەربەخۆیی لیتۆنیا دانا.

٢ـ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان پۆلۆنیا و یەکیەتیی سۆڤیەت، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامە کۆتایی بە حاڵەتی شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتە هات و سنووری ڕۆژهەڵاتی پولۆنیاش دیاری کرا. هەردوو ڕێککەوتننامەکە بە هۆی گرێدانی ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا،(١٩٣٩)، هەڵوەشانەوە.

ڕێککەوتننامە — Treaty

سەبارەت بە ڕێککەوتننامە دوو پێناسە لە ئارادان:

١ـ بە پێی عورف

٢ـ بە پێی ڕێووشوێنەکانی کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا (١٩٦٩)

پێناسەی ڕێکەوتننامە بە پێی عورف :

www.perawipepwle.com

ڕێککەوتننامە بریتییە لە هەر ڕێککەوتن و بڕیارێک کە لە نێوان دوو یان چەند لایەنی خاوەن ماف و بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان جێبەجێ دەبێ و مەبەست لە گرێدانی ڕێککەوتننامە، پێکهێنانی بوارێکی یاساییەو دەبێ بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێ. مەرجی سەرەکی گرێدانی ڕێککەوتننامە،پێخۆش بوون و ویستی لایەنەکانە. بەڵام مەرجیش نیە کە هەردوو لایەنەکە لە یەک کاتدا و پێکەوە پێخۆش بوونی خۆیان دەربڕن.

پێناسەی ڕێککەوتننامە بە پێی کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا:

بە پێی بەندی "a" ماددەی دووهەمیی کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا (١٩٦٩)، زاراوەی "ڕێککەوتننامە" بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەگوترێ کە لە نێوان وڵاتەکاندا گرێدراوە و بە پێی یاسا نێودەولەتیەکان جێبەجێ دەبێ، چ لە بەڵگەیەکدا یان لە دوو یان چەند بەڵگەدا مۆر کرابێ، یان هەر ناوێکی تایبەتیشی لەسەر دانرابێ. تێبینی : هەرچەندە ڕێککەوتننامە بەشێوەی نووسراوەش گرێ نەدرابێ، دیسانەوە بایەخی یاسایی هەیە. (ماددەی سێهەم). کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بەو بڕیارانەی کە نەنووسراون و پێیان دەگوترێ بڕیارە زارەکیەکان Verbal Accord، ڕێوشوێنێکی دیاری نەکردووە و ئەم بڕیارانەی هەروا بە شێوەی نارەسمی پەسند کردووە.

پێویستە ئاماژە بەم بابەتەش بکەین کە ڕێککەوتننامە، هەم نێوەڕۆکی بڕیاری نێوان لایەنەکانی ڕێککەوتن و هەم بەڵگە یان نووسراوەکان کە نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەیان تێدا نووسراوە، لەخۆ دەگرێ. بەپێی کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا بڕیار و ڕێککەوتنی گرێدراو ڕەنگە خاوەن یەک یان چەند بەڵگەی نووسراو بێ و هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە ڕێککەوتننامە لە ڕێی نووسراوە یان نووسراوەی ڕەسمیەوە گرێ بدرێ. بۆیە لە ماددەی دووهەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە زاراوەی "ڕێککەوتننامە " بۆ هەر ڕێککەوتن و بڕیارێکی نێودەوڵەتیی دەبێ، هەر چەندە "ناوێکی تایبەتیشی لە سەربێ". بەم پێیە بە پێی ئەو ڕێککەوتننامە، ڕوون دەبێتەوە کە ناوی جۆراوجۆر لەسەر ڕێککەوتنی نێوان وڵاتان دادەنرێ. لە ڕاستیدا و لە کردەوەشدا ئاماژە بە نێوی جیاواز دەکرێ: وەکوو بەڵێننامە، ڕێککەوتننامە، پرۆتۆکوڵ، ڕاگەیەنراو، بەڵێن، بڕیار، ڕێگای چاکسازی و پێکهاتن، گۆڕینەوەی نووسراوە، نووسراوەی ڕەسمیی، مێمۆراندۆم سەبارەت بە بڕیار، کۆنکۆرد.

دیوانی دادی نێودەوڵەتی ئەم حاڵەتەی بەرەسمی ناسیووە "کە ئەو ناوەی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ لە بواری تایبەتمەندیی بڕیار یان بەڵێنی نێودەوڵەتیەوە، لە هۆکارە دیاریکەرەکان نیە، بەڵام لە ماددەی ۳۸ی پێڕەو پرۆگرامی دیوانی داد لە زاراوەی "رێککەوتننامە" کەڵک وەرگیراوە.

لە سیاسەتدا لە زاراوەکانی بەڵێننامە، رێککەوتننامە و بڕیار وەکوو سێ زاراوەی سەرەکی کە هەموو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان لە خۆدەگرن، کەڵک وەرگیراوە. هەروەکوو لە ماددەکانی ۳۵ و ۳٦ و ۳۸ پێڕەوپرۆگرامی دیوانی دادی نێودەوڵەتیی و هەروەها لە ماددەکانی ۱۰۲و ۱۰۳ی پێڕەوپرۆگرامیUn یشدا ئەم زاراوانە هەربەم شێوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

رێککەوتننامەی ئاشتی — **Peace Treaty**

رێککەوتننامەیەکە کە بە شێوەی یاسایی کۆتایی بە حاڵەتی شەڕ لە نێوان وڵاتاندا دێنێ. رێککەوتننامەی ئاشتی شێوازی باوی گەڕاندنەوەی رەوشی ئاشتی لە نێوان لایەنە بە شەرهاتووەکان دایە. کۆتاییهێنان بە شەڕ و هەوڵەکانی دیکە بۆ راگرتنی شەڕ ئەو کاریگەرییەیان نیە، مەگەر ئەوەی رابگەیەنن کە دەیانەوێ کۆتایی بە شەڕ بێنن و ئامانجیشیان تەنیا کۆتایهێنان بە دوژمنایەتیی ئێستا نەبێ بۆ وێنە: رێککەوتننامەی ئاگربەسی ساڵی ۱۹٦٥ی نێوان هیند و پاکستان یان رێککەوتننامەی ئاگربەسی ۱۹۷۳ی ڤێتنام کە دەریانخست کۆتاییان بە شەڕ هێناوە و ئاشتیان بۆ ڤێتنام گەڕاندۆتەوە. رێککەوتننامەی ئاشتیی جگە لە راگەیاندنی کۆتایهێنان بە حاڵەتی شەڕ و گەڕاندنەوەی ئاشتی، کۆمەڵێک یاسا و رێساش سەبارەت بە لە ناوبردنی ئاسەوارەکانی شەڕ لەخۆ دەگرێ؛ وەکوو: گەراندنەوەی دارایی و سامانەکان، گەڕاندنەوەی دیلەکانی شەڕ، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، متمانە و رێککەوتننامەکانی پێش لە قەومانی شەڕەکە، کۆت و بەندە سەربازی و نیشتمانیەکان و...هتد.

رێککەوتننامەی نیولی (۱۹۱۹) — **Treaty Of Neuilly**

ئەم رێککەوتننامە لەرێکەوتی ۲۷ی تشرینی دووهەمیی ۱۹۱۹ لە نێوان هاوپەیمانان و بولگاریادا مۆر کرا و بە شێوەی رەسمی کۆتایی بەو دوژمنایەتیە هێنا کە بە هۆی شەڕی یەکەمیی جیهانیەوە کەوتبووە نێوانیانەوە. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، بولگاریا کۆمەڵێک پارچە خاکی

چکۆلەی بەخشیە ولاّتانی یۆنان، یۆگسلاڤیا و رۆمانیا و پارەیەکیشی وەکوو قەرەبوو کردنەوە دایە ئەم ولاّتانە و هەروەها بەلّێنیدا کە ژمارەی هێزە سەربازییەکانی ئەم ولاّتە لە ۰۰۰/ ۲۰ کەس تێنەپەڕێ.

راگەیەنراوی تۆنکین (۱۹٦٤) Tonkin Resolution

بەو راگەیەنراوە دەڵێن کە لە رێکەوتی حەوتی ئابی ۱۹٦٤، لە لایەن هەر دوو ئەنجوومەنی ئەمریکاوە پەسند کرا. بە پێی ئەم راگەیەنراوە، جانسۆن(۱۹۰۸_۷۳) سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا رێگای پێدرا تا هەموو هەوڵەکانی خۆی بەمەبەستی بە کارهێنانی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی ولاّتانی ئەندامی سیتۆبخاتەگەڕ. ئەم رێککەوتننامە لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی ڤیتنامی باکووری بۆ سەر ناوشکێنی مادۆکس و ناوەکانی دیکەی کەنداوی تۆنکین لە رۆژی دووهەمی ئابی ۱۹٦٤ دا پەسند کرا.

سەنا و کۆنگرێسی ئەمریکا رێگایان بە سەرۆک کۆماردا تا پالاّوگە و ئەنبارەکانی سووتەمەنی هێزی دەریایی ڤیتنامی باکووری بدەنە بەر پەلاماری تۆلەستێنانەو سەرۆک کۆمار وەک مۆڵەتێک لەم رێککەوتننامە کەڵکی وەرگرت بۆ تێکهەڵچوونی تەواوەتی هێزەکانی لەڤیەتنام دا و ئەم شەڕەی کردە شەڕێکی بەرین و بەربلاو.

رێسای ئیستۆپێلّ Estoppel

پرەنسیپێکی یاساییە. بە پێی ئەم پرەنسیپە، پێچەوانە قسەکردن سەبارەت بە کەسێکی دیکە، قەدەغەیە.

روون بوون TransParency

پرۆسەیەکی ئاشکراو نەشاراوەیە کە دامودەزگا بەرپرسیارە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەکان سەبارەت بە چەک وچۆلّ، ژمارە بانکیەکان، سەرمایەی کۆمپانیا بازرگانیەکان، هەڵبژاردن و راگواستنی چەک وچۆلّ دڵنیا دەبنەوەو هیچ گومانێکیان لەسەر ئەو خالاّنەی کە ئاماژەیان پێکرا، نامێنێ.

The Middle East

ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست

زاراوەیەکی نارۆونە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکوو ئێستا بە چوارچێوەیەکی جوگرافی روون و دیاریکراو نەگوتراوە کە هەموو لایەک لەسەری کۆک بن. روانگەی جۆراوجۆر لەو بوارەدا لە ئارادان کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم وڵاتانە لە خۆدەگرێ:

١_ ئێران، تورکیا، قوبرس، وڵاتانی عەرەبی زمانی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە، فەلەستین، نیمچەدوڕگەی عەرەبستان، ناوچەی دیجلەو فورات، چۆمی نیل (میسرو سودان) و لیبیا؛ (ساڵنامەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ١٩٨٧).

٢_ ناوچەیەک لە نێوان عەرەبستان و هیندوستان کە لە روانگەی ستراتیژیستەکانەوە ناوەندەکەی لە کەنداوی فارسە (بێرنارد لویس، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژئاوا).

٣_ ناوچەی نێوان لیبیا هەتا ئەفغانستان (قامووسی ڕاندۆم هاڤس).

٤_ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوێکی دانراو و، تارادەیەکیش دلخوازانەیە. مەبەست لە ناوچەیە سێ وڵاتی گەورەی ئێران، میسرو تورکیا، وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا، ئیسرائیل و قوبرسە (ژان پییەردرینیک، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەدەی بیستەم دا).

دەکرێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێوەیەکی ڕێژەیی و بە سەرنجدان بە فاکتەرەکانی جێیی بایەخی تیۆرڤانان، ئەم وڵاتانە لە خۆبگرێ:

ئێران، ئۆردون، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بەحرەین، تورکیا، سووریا، عێراق، عەرەبستان، عەممان، فەلەستین، قەتەر، لوبنان، کوێت، میسرو یەمەن. بەپێی ڕای هێندێک لە تیۆرڤانان، دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، وڵاتانی موسوڵمانی ئاسیای ناوەندی (ئۆزبەکستان، تورکەمەنستان، قرقیزستان و قەزاقەستان) و ناوەندی قەفقاز و ئەودیو قەفقازیش (ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان)یش بە " ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ" بژمێردرێن.

ذ

ذ

www.perawipepwle.com

زلهێز *Super –power*

ئەو دەوڵەتانەی کە بە زلهێزە جیهانیەکان دەژمێردرێن، ئەو دەوڵەتانەن کە بە کەڵک ، وەرگرتن لە پیشەسازی، دەزگایەکی بەهێزی سەربازی پێک دێنن. لە چاخەکانی پێشوودا، میسر و ئێران و رۆم بە نۆبە زلهێزی نێودەوڵەتی بوون. لە چاخی نۆیدا، وڵاتە ئەورووپیەکان بوونەتە ناوەندی هێز و دەسەلاّت . لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، حەوت وڵاتی رۆژئاوایی و وڵاتێکی رۆژهەلاّتی ـ واتا بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕنسا و نەمسا ـ هەنگاریا و رووسیا و ئیتاڵیا و ویلاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا و ژاپۆن ———— دەسەلاّتیان لە دەست دابوو. لە سەرەتای بیستەمدا، هەموو هێزەکان لە بەرامبەر دوو زلهێزدا، واتا لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەتدا (هەتاتشرینی یەکەمی ۱۹۹۱)، زۆر لاواز بوون. دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و لە نێوچوونی سیستەمی دوو جەمسەری، زاراوەی زلهێز (Hyper Power) تەنیا سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆتە باو و، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

س

سۆلیداریتی **Solidarity**

ئەم زاراوەیە بە بزووتنەوەی کرێکاریی بەریتانیا دەگوترێ کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەسەرۆکایەتی لێخ ڤالْسا لە کۆگای دروستکردنی پاپۆڕی لنین لە شاری گۆدانسیک دامەزرا. ئەو یەکیەتیە توانی ئیمتیازێکی زۆر لە دەوڵەت وەربگرێ و، چالاکیی ئەم حیزبە بە هاتنە سەرکاری ژەنەراڵ یاڕۆزلێسکی و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی قەدەغە کراو، سەر کردەکانیشی خرانە بەندیخانەوە (١٩٨١).

وا پێدەچوو کە ئەم کردەوانەی دەوڵەت تاڕادەیەک بۆتە هۆی ترساندنی ئەندامانی یەکیەتیی ناوبراو و، خەوشداربوونی پێگەو متمانەی سەرکردەکانی. بەڵام لەرەوتی قەیرانی سیاسی و ئابووریی ساڵی ١٩٨٨دا، سۆلیداریتی وەک رەمزی نارەزایەتیی گشتی دەرکەوت و، لە دەرئەنجامیشدا لە ڕێگای وتووێژەوە، لەگەل دەوڵەت گەیشتە چارەسەرێکی سیاسی. بە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەورووپای رۆژئاوادا هاتنە ئاراوە، پۆلۆنیاش لە ئاگری ئەم ڕووداوانە گلا و، سەرۆکی سۆلیداریتی توانی وەپێش یاڕۆزلێسکی بکەوێتەوەو، ببێ بە سەرۆک کۆماری پۆلۆنیا.

سوپای گەورە **Grand Armee (Fr.Geat Army)**

سوپای گەورە بە هێزە چەکدارەکانی ناپلیۆن بوناپارت، ئیمپراتۆریی بەناوبانگی فەرەنسا دەگوترا کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٤ هەتا ١٨١٢دا رێک خرابوون. سوپای گەورە لە ٣٥٠ هەتا ٤٠٠ هەزار چەکدار پێک هاتبوو کە لە ساڵی ١٨١٢دا لە شەڕی نێوان فەرەنسا و رووسیا دا بەشداری کرد.

سوپای کۆماریخوازی ئایرلەند **IRA(Irish Republican)**

ئەم هێزە پارتیزانە نیمچە سەربازییە لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن ناسیۆنالیستە ئایرلەندییەکانەوە بۆ شەڕکردن لە دژی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا لە ئایرلەند دامەزرا.

سوپای ئایرلەند، رێککەوتننامەی رێکەوتی ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٩، ئایرلەندی وەک بەشێک لە خاکی بەریتانیا دادەنا، رەت کردەوە. دوای سەرکوتی راپەڕینی ئایرلەندییەکان، سوپای ئایرلەند بە نهێنی درێژەیان بە چالاکیەکانی خۆیان دا. سوپای کۆماریخواز زۆر جار هێرشی چریکی بەرێوە دەبرد، بەلاّم یەکێک لە باڵەکانی ئەم سوپایە بەناوی " رەسمیەکان" باوەڕی بە ئاگربەست لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا هەیە.

دوای رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، سەرکردەکانی ئەم سوپایە بەرەسمی پێخۆش بوونی خۆیان بۆ چەک دانان راگەیاند.

سوپای سوور **Red Army**

ئەم زاراوەیە دوو مانای خوارەوە، لە خۆ دەگرێ :

١ــ ناوێک بۆ سوپای یەکیەتیی سۆڤیەت (پێشوو). سۆڤیەتیەکان بۆ خۆیان لە ساڵی ١٩٤٠ بەولاوە، لەو زاراوە کەڵکیان وەرنەگرتووە.

٢ــ ناوێک بۆ پێناسەکردنی رێکخراوێکی تیرۆریستی بە ناوی سێکیگون (Sekigun)، کە خاوەنی بیرو باوەڕێکی وشکی شۆڕشگێری ناروون بوو کە لە هەناوی بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی رادیکاڵی ژاپۆنیدا سەری هەڵدا(١٩٦٩).

سوپای سپی **Wite Army**

به لایەنگرانی حکومەتی پاشایەتی لە فەرنسا، دەگوترا کە لە رەوتی شۆڕشی مەزنی فەرنسادا بە دژی کۆماریخوازان راپەڕیبوون و، پشتیوانیان لە لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی دەکرد. ئەوانە وێڕای دەربڕینی دژایەتی، گوڵە سوسەنێکی سپیان بەدەستەوە دەگرت.

لە رەوتی شۆڕشی تشرینی یەکەمی رووسیاشدا، سوپای سپی بە کەسانێک لە سوپای تیزاری دەگوترا کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ هەتا ١٩٢١ بە دژی سوپای سوور و لایەنگرانی شۆڕشی تشرینی یەکەم سەریان هەڵدا.

سڕینەوەی ستالنیزم **Destalinization**

رەوتێکە کە لە دوای بەڕێوەچوونی بیستەمین دانیشتنی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستیی لە ساڵی ١٩٥٦ و لە دوای مردنی ژۆزێف ستالین، سەرۆک وەزیر ومارشالی یەکیەتیی سۆڤیەت (١٨٧٩-١٩٥٣)، لە لایەن نیکتیا خرۆشچۆف (١٨٩٤-١٩٧١)، سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەڕێوە چوو. ناوبراو بە رەخنە لە " کەسایەتی پەرستی "ی ستالین و کوشت و بڕی ناوبراو، رێگای بۆ ئەو رەوتە خۆش کرد. لە کۆنگرەی بیست و دووی حیزبدا تەرمی ستالین لە شوێنی گۆڕی لینینەوە بۆ دیواری کرەملین گوازرایەوە و، پەیکەرەکانیشی هەڵگیرانەوە. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، ناوی گۆڕەپانەکان گۆڕدران و، ناوی ستالینگرادیش بوو بە ڤۆلگا گراد.

ستالینیزم **Stalinism**

زاراوەیەکە کە بۆ ژۆزێف ستالین، دیکتاتۆر، سەرۆک وەزیران و سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست و فەرماندەیی گشتی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە، کە، شێوازەکانی جێبەجێکردنی مارکسیزم ـ لینینزم لە سۆڤیەت لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی ئەوداو و راڤەی بۆچوونەکانی ناوبراو و گونجاندنیان لەگەڵ پراکتیکدا لە خۆدەگرێ. روانگەی ناوبراو بە مانای پیادە کردنی توندو تیژی، رژێمی پۆلیسی، تاک پەرستی و دیکتاتۆرییە.

ناسراوترین راڤەکانی ستالین سەبارەت بە تیۆرەکانی" دەوڵەتی لە سەرەمەرگ" و " ئەنتەر ناسیونالیزم" دایە. ناوبراو پێیوایە کە " مردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەوڵەت بە هۆی لاوازکردنی

www.perawipepwle.com

دەوڵەت نایەتە دی، بەڵکوو بە هۆی بەهێزکردنی لەو پەڕی دەوڵەتدا، دێتە دی. " سەبارەت بە ئەنتەرناسیونالیزمیش دەڵێ: ئەنتەرناسیونالیست کەسێکە کە بەبێ کۆت و بەند بەرگری لە سۆڤیەت دەکا چوونکە بەرگریکردن لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، بەبێ بەرگریکردن لە سۆڤیەت، وەک چوونە ریزی دوژمنانی شۆڕش وایە."

دوای مردنی ناوبراو، ستالینیزم بە لادان لە ڕێبازەکانی لنین لە قەڵەم درا.

سەرەڕۆیی **Absolutism**

بە ڕژێمێک دەگوترێ کە خەڵک ناتوانن نوێنەرهەڵبژێرن، مافی دەنگانیان نیەو لە بەرێوەبردنی وڵاتیشدا، هیچ ڕۆڵ و ئەرکێکیان پێ ناسپێردرێ. بێ سنوور بوونی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار، لە بواری یاساییەوە، بە شێوەیەک کە دەسەڵاتدار بە تەواوەتی سەر بەخۆ بێ، بوونی دەزگای چەقبەستوو و سەرکوتکەر کە هەر جۆرە نارەزایەتیەک سەرکوت دەکا، سیستەمی کۆن و چەوسێنەرانە و هێندێک جاریش پێوەندییەکی فیۆدالیانە لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمی سەرەڕۆن. سەرەڕۆیی، ئۆتۆکراسی و دیسپۆتیزم چەندین لایەنی هاوبەشیان هەیە، بەڵام بەتەواوەتی وەک یەک نین. لەهەمان کاتدا، هەر تۆتالیتێرێک سەرەڕۆیە، بەڵام هەر سەرەڕۆیەک تۆتالیتەر نیە.

ستراتیژی **Strategy**

لە سەرچاوەی یۆنانی Strategos بە واتای لەشکر agein بەواتای " فەرماندەری کردن" وەرگیراوە. کەوایە مانای وشەکە بریتیە لە "فەرماندەری لەشکر".

ئەمرۆکە ستراتیژی بەمانای، زانستی ڕێکخستن هاوکاریکردن لە نێوان گەلاڵە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکان لە ئاستی دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکداو، کەڵک وەرگرتن لە هەموو هەل و دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکانە. ستراتیژی بە درێژایی قۆناغێکی دیاریکراو و گۆڕانی بەسەردا نایا و، تەنیا بە گوازرانەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕرێ و جێگای خۆی بە ستراتیژییەک دەدا کە لەگەڵ قۆناغی نوێدا بگونجێ.

ستراتیژیی زەوییە سوتێنراوەکان **Scorched Earth Stvategy**

پلان یان گەلاڵەیەکی سەربازییە کە بەپێی ئەو پلانە، هەموو سەرچاوە و کەرەسە خۆییەکان لەلایەن هێزەکانی لە حاڵی بەرگریدا، لە ناو دەچن، بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن نەتوانن لەم کەرەسە و سەرچاوانە کەڵک وەرگرن. گرتنەبەری ئەم شێوازە هێزەکانی دوژمن تووشی گرفتی پشتیوانی دەکاو، لە دەرئەنجامدا ناچاریان دەکا کە پاشەکشەی بکەن. ئەگەرچی ستراتیژی زەوییە سوتێنراوەکان زیاتر لە لایەن هێزە خۆییەکانەوە جێبەجێ دەکرێ، بەڵام هێندێک جاریش دیتراوە کە هێزە هێرشبەرەکانیش بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی بەرگری لایەنی بەرامبەر، گەلاڵەیەکی لە جۆرە جێبەجێ دەکەن. هێزەکانی سوپای سوور هەم لە ئاستی خۆجەیی و هەم لە ئاستی ناوچەییدا ئەم ستراتیژییەیان لە دژی موجاهدینی ئەفغانستان جێبەجێ کرد. هێزەکانی سوپای عێراقیش دوای پاشەکشە لە کوێت (١٩٩١) کردەوەیەکی لەم چەشنەیان بەڕێوە برد.

Political Independence

سەربەخۆیی سیاسی

سەربەخۆیی سیاسی بە دەسەڵاتی دەوڵەتێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی و دەرەکیی خۆیدا دەگوترێ، بەبێ ئەوەی ئەو دەوڵەتە چاوەڕانی لە دەوڵەتێکی دیکە هەبێ کە پشتیوانی لێ بکا.

Slavism

سلاڤیزم

بە ڕەوتێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دەگوترێ کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە ڕێگای رووسیا لە ڕۆژئاوا جیاوازە و، دژایەتیان لەگەڵ ڕۆژئاواچێتیدا دەکرد.

Crisis Stability

سەقامگرتوویی قەیران

ئەم زاراوەیە بەگشتی بە توانایی خۆراگرتنی رژێمێک لە بەرامبەر پاڵەپەستۆ و پێش گرتن بە ڕوودانی بشێوی و ئاڵۆزی دەگوترێ. بە واتای تایبەتی، بریتیە لە توانایی رژێمێکی سەربازی بۆ مانەوە لە ژێر کۆنترۆڵی سیاسی، تەنانەت لە هەل ومەرجێک داکە" بڕیاردەران" (Decision Makers) ئەگەری ڕوودانی شەڕ بە دوو نازانن.

سیخوور Spy

بەکەسێک دەگوترێ کە لە ڕێگای نهێنی یان خۆنواندێتکی بەدرۆ لە ناوچەی هێرشی وڵاتی دوژمندا، کۆمەڵێک زانیاری بە مەبەستی گەیاندن بە لایەنی بەرامبەر کۆ دەکاتەوە یان هەوڵ دەدا زانیاری کۆ بکاتەوە. سیخوور لەکاتی دەستبەسەرکردندا هیچ مافێکی دیلەکانی شەڕ نایگرێتەوە، بەڵام پێویستە لە دادگاییەکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێ و، مافی کەسێکی ژێر سەرپەرستی بۆ لەبەرچاو بگیرێ، واتە مافی ئەوکەسەی کە لە شەڕێکی چەکداری دا یان لە کاتی داگیرکرانی وڵاتێک دا، دەکەوێتە بەردەستی لایەنێکی شەڕ یان دەکەوێتە بەردەستی داگیرکەر و، ئەو کەسە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە نیە.

سزای باو بۆ سیخوور لە کاتی شەڕدا ـ بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوی کە ناوبراو لە بەدەستهێنانی زانیاری یان گەیاندنی بە دوژمندا سەرکەوتوو بووە یان نا ـ کوشتن یان لە سێدارەدانە. کاری نهێنی بە تایبەتمەندیی پێویستی سیخوور دادەنرێ. هەربۆیە ئەوکەسەی جلی سەربازی لەبەردانەبێ و بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری چووبێتە ناوچەی شەڕی دوژمن، بە سیخوور دادەنرێ. بۆیە سەربازەکان و ئەو کەسە ئاساییانەی کە ڕاسپێردراوەکانی خۆیان بە شێوەی ڕاشکاوانە بەڕێوە دەبەن، بە سیخوور دانانرێن. کاتی ئاشتیدا یاسا نێودەوڵەتیەکان سیخوور ناگرنەوەو، یاسا وڕێسا نێوخۆییەکانی وڵاتەکە بەسەریدا دەسەپێ.

سەروەری Sovereignty

سەروەری بریتیە لە هێزی باڵای بڕیاردان و داڕشتنی یاساکان و بەڕێوەبردنی بڕیارەکان لە لایەن حکومەتی وڵاتێکەوە.

سەروەریی وڵات لە نێو سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا جێبەجێ دەکرێ. سەروەریی دەرەکی، واتە مافی ئەوە پێوەندی دامەزراندن ، یان شەڕراگەیاندن لەگەڵ وڵاتێکی تر. دەزگای حکومەتیی هەروڵاتێک کە لە تاکەکەس یان دەستەی بەڕێوەبەری پێکدێ، بەرزترین دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی لە وڵاتدا هەیە و دەتوانێ بڕیارەکانی خۆی پراکتیزە بکا.

سەروەری، نیشاندەری بڕیاردانی سەربەخۆی وڵاتانە. هەربۆیە سەروەری لەگەڵ شێوازی چەقبەستووی ڕێکخراوی حکومەتی جیهانیدا یەک ناگرێتەوە. ناسیۆنالیزم هاندەر و پتەوکەری سەروەرییە. سەروەری لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی حکومەت و گەورەترین ئەرک و ڕۆڵی حکومەتە.

سەروەریی یاسا **Soverehgnty Of Low**

یەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکانی یاسا سەرەکی و ئیدارییەکانی وڵاتێک، پرەنسیپی سەروەریی یاسایە کە بەپێی ئەم یاسایە، دەبێ دارشتنی کاروباری گشتی و دەرکردنی بڕیار لە لایەن بەرپرسانی ئیداری و بەڕێوەبردنی هەر ئەرک و کردەیەک لە لایەن کارمەندانی دەوڵەتەوە بەپێی یاسا، واتە بەپێی ڕێوشوێنە گشتیەکان بێ کە پێشتر لەلایەن بەرپرس یان شوێنێکی خاوەن سەلاحییەتەوە دارێژراون و ڕاگەیەنراون. یاسا بەمانا گشتیەکەی بریتیە لە بڕیارێک کە ڕێوشوێنی ماف و ئەرک بەگشتی دادەڕێژێ، ئەمە جگە لەوەی کە سەرچاوەکەی هێزی یاسادارێژی یان بەرپرسانی تری حکومەتی بێ.

یاسا بە واتایەکی تایبەتی هەموو پەسندکراوەکانی پەرلەمانی یاسا دارێژی لە خۆدەگرێ، ئەمە جگە لەوەی کە سەبارەت بە کاروباری گشتی و بابەتی یان سەبارەت بە کاروباری بچووک و کەسانی دیار و ئاشکرا بێ.

پرەنسیپی سەروەریی یاسا سێ دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە:

١ــ یاسا دەبێ بەڕێوە بچێ.

٢ــ دەبێ دارشتنی کاروباری گشتی بەپێی یاسا بێ.

٣ــ دەبێ کاروباری ئیداری بەپێی یاسا بێ.

سەروەیی یاسا لە پێوەندیی لەگەڵ تاکەکەسەکاندا پێویستی بەو خاڵانە هەیە:

١ــ پیرەوی تاکەکەسەکان لە یاسا.

٢ــ دڵنیا بوون لە بەڕێوەچوونی یاسا.

ساتیا گراها ***Satyagraha***

زاراوەیەکە لە زمانی سەنسکریتی وەرگیراوە و بە واتای "پەنا بردنە بەر حەقیقەت و ڕاستی "یە. ساتیا گراها بەشێک لە بیرۆکەی فەلسەفی و دۆکترینی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە لە لایەن "مەهاتما گاندی "، ڕێبەری بزافی دژە کۆلۆنیالی خەڵکی نیمچە دورگەی هیند هاتۆتە

ئاراوە. ساتیاگراها، ئایدۆلۆژی بزاڤی نیشتمانیی و سەربەخۆیی خوازانەی خەڵکی هیندستان بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتەیە. بەپێی فەلسەفەی ساتیاگراها کاریگەری هێزی دەروونی لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دا، لە هۆکارە ماددییەکان زیاترە. گاندی لە فەلسەفەی ساتیاگراهادا، باسی گەیشتنی هیندستان بە سەربەخۆیی لە ریگای ئاشتیانە و راکێشانی بەربڵاوی خەڵکی هیندستان دەکا و خەڵکی هیندستان بۆ خەبات و خۆبواردن لە زۆر و توندو تیژی بانگهێشت دەکا و داوا خەڵکی هیندستان دەکا بێ گوێ دانە رەگەز، نەتەوە، ئایین، کاست و چینی کۆمەڵایەتی یەکبگرن. گاندی داوای لە خەڵکی هیندستان دەکرد کە واز لە جیاوازییەکانی ناخۆیان بێنن و بە رێگای ئاشتیانە ئەم جیاوازییانە لەناو ببەن.

گاندی وێرای ئاراستە کردنی تیۆری " ناتوندو تیژی "، بانگەواز بۆ پرەنسیپی لێک تێگەیشتنی دوولایەنەی نێوان توێژو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای هیند دەکا. ئەو دەڵێ کە " ناتووندوتیژی" هیچ کاتێک بە واتای یارمەتیدانی توخمەپیسەکان و هاندانی ئەوان بۆ خراپە کردن نیە.

فەلسەفەی ساتیاگراها یان فەلسەفەی ناتوندوتیژی بە مانای "خەبات لە پێناوی راست "یش دا هاتووە. لەم فەلسەفەدا خوا و راستیەکانی جیهانی پلەیەکی بەرزیان هەیە و خاوێن کردنەوەی" نفس" (ناخ) بایەخێکی تایبەتی هەیە. گاندی پەرەپێدەرو لایەنگری خاوێن کردنەوەی ناخ بە هۆی "الهام "ەوەیە. " یاسای خۆشەویستی" لە خاوێن کردنەوەی ناخی گاندی دا رۆلێکی بنەرەتی هەیە. گاندی لەم سۆنگەوە دەڵێ کە: مرۆڤ هاوکات لەگەڵ خاوێن کردنەوەی ناخ، خۆبەخشانە پێداویستیەکانی خۆشی سنووردار دەکا بۆیە واز لە پێداویستیە ناسەرەکیەکان دێنێ وروو دەکاتە قەناعەت.

گاندی لە فەلسەفەی ساتیا گراها بە هۆی" هێزی راستی " و "خەبات لە پێناوی حەقیقەت" دا هەوڵ دەدا سیاسەت، ملکەچی ئەخلاق بکا. گاندی، لایەنگری لە "بەرەنگار بوونەوەی نێگەتیف" دەکرد و پێشنیاری بە کەسایەتیە هیندیەکان دەکرد کە ئەو نازناوانەی کە لە لایەن بەریتانیاوە پێیان دراوە، فرێ دەن . گاندی "بەەنگاربوونەوەی نێگەتیف "ی بە هەنگاوێکی پۆزەتیف دادەنا. ئەو لە فەلسەفەی ساتیا گراها دا لەلایەک پێشنیاری هاوکاری و یەکگرتوویی

www.perawipepwle.com

ئاشتییانەولەلایەکی دیکەشەوە پێشنیاری بەرەنگاربوونەوەی نیگەتیڤ لە بەرامبەر کولۆنیالیستە بێگانەکاندا دەکا.

سارک

SAARC (South Asia Association For Regional Cooperation)

"یەکیەتیی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری ناوچەیی" کە بە کورتکراوی "سارک "ی پێ دەڵێن، ڕێکخراوێکە لە حەوت وڵاتی بەنگلادیش، یۆنان، پاکستان، سریلانکا، ماڵدیف، نیپاڵ و هیند پێکهاتووە.

پێکهاتنی ئەم یەکیەتیە لە دوای کۆبوونەوەی سەرۆکانی ئەم وڵاتانە لە ڕۆژەکانی ٧و٨ ی کانوونی یەکەمی١٩٨٥ ڕاگەیەنرا . ئامانج لە پێکهێنانی ئەم یەکیەتیە بردنەسەری ئاستی هاوکاری دوولایەنەی نێوان ئەو وڵاتانەیە و لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەولەتیەکانیش لەم بوارەدا هاوکاری دەکا. سکرتاریای هەمیشەیی سارک لە کاتماندۆ پایتەختی نیپالە و، لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی دووهەمی ١٩٨٧ دەستبەکار بووە.

SALT (Strategic Arm's Limitiion Talk) سالت

زاراوەیەکە بۆ "دانووسان بۆ کەمکردنەوەی چەک و چۆلە ستراتیژییەکان" لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت. ئەم وتووێژانە لە ٢٦ ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٢ بوونە هۆی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە سنووردارکردنی چەک و چۆلە دژە _ موشەکیەکان و ڕێککەوتننامەیەکی دیکە سەبارەت بە سنووردارکردنی چەک و چۆلە ستراتیژییەکان لە نێوان نیکسۆن و بێرژنێف دا. ئەو ڕێککەوتننامەیە بە "سالتی ١" بە ناوبەنگە. وتووێژەکانی "سالتی٢" لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەستیان پێکرد و هەر لەم پێوەندییەش دا ڕێککەوتننامەیەک مۆرکرا (١٩٧٩)، بەڵام لە دوای هێرشی سوپای سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە لایەن سەنای ئەمریکاوە پەسند نەکرا (١٩٨٠). لە ساڵی ١٩٨٢ ئەم دوو وڵاتە زنجیرە وتووێژێکی نوێیان بە ناوی "ستارت" "START"، واتە وتووێژەکانی کەمکردنەوەی چەک و چۆلە _ ستراتیژییەکان دەست پێکرد. (Stratigic Arms Reducation Talks)

سامیزدات Salizdat (Self _ Publication)

زاراوەیەکی رووسیە بە واتای "خۆچاپ" . کە ئەمرۆ کە بە "ئەدەبیاتی فۆتۆکۆپی" ناسراوە. ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٩٦٦ەوە بۆ بڵاوکردنەوەی وتار و کتێبە سیاسیە تایپیەکان کەڵکی لێ وەردەگیردرا کە بە کاربۆن بڵاو دەبوونەوە کە بڵاوکەرە رەسمیەکان ئەم بابەتانەیان بڵاو نەدەکردەوە. "زنجیرەی یەکەم" ی سۆلژنیستین، لێکدانەوە سیاسیەکانی وەکوو شیکردنەوەی ئازادی، پێشکەوتن و پێکەوە ژیانی ئاندرێ ساخارۆف لەم بابەتانەن کە بەم شێوە بڵاوبوونەوە. زاراوەیەکی دیکە کە هەر لەم پێوەندیە دا کەڵکی لێ وەردەگیردرا تامیزداتە (Tamizdut = Published + here)ە کە بە مانای "چاپی ئەوێ" یە و ئاماژە بەو بەرهەمە رووسیانە دەکا کە لە ڕۆژئاوا بڵاو دەبوونەوە و کەم و زۆر بە شێوەی نهێنی دەگەیشتنە ناو رووسیا وەکوو: ژیواگۆی بۆریس پاسترناک.

زاراوەی سێهەم ماگنیتزادتە (Magnitz dat) ئاماژە بە گۆرانی و شێعری نەیارانی سۆڤیەت دەکا کە لە رادیۆ بێگانەکانەوە لە سەر شریت تۆمار دەکران و بە شێوەی نارەسمی لە سۆڤیەت دا بڵاو دەبوونەوە.

سانترالیزمی دێموکراتیک Democratic Centralism

سانترالیزم بە واتای ناوەندێتی دێموکراتیکە. ئەم بنەمایەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕێکخستنی حیزبە کرێکاریەکانە. ئەم بنەمایانە، پێوەندی نێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزب، لەپلەکانی خوارەوە و سەرەوەی حیزب و لە نێوان ئەندامانی حیزب دا روون دەکاتەوە. لە بواری پراکتیکیدا بریتیە لەوەی کە هەموو ئۆرگانە حیزبیەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێن. هەر ئۆرگانێکی خوارەوەتریش دەبێ راپۆرت بە ئۆرگانی سەرەوەتر لە خۆی بدا. دیسپلینی ڕێکخراوەیی لە لایەن هەموو ئەندامانی حیزبەوە رەچاو دەکرێ، کەمایەتی پێرەوی لە زۆرینە دەکا، هەموو حیزب بریارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکا. ڕێبەرایەتی گشتی و بەرپرسیارەتی تاک لە گەڵ یەکتر تێکەڵاو دەکرێن و ڕەخنە لە خۆگرتن ئازادە. لە روانگەی مارکسیەکانەوە سانترالیزم و دێموکراسی دوو لایەنی دیاردەیەکن. لە دوای دامەزراندنی سوسیالیزم لە هێندێک وڵات دا، سانترالیزمی

دیموکراتیک بوو بە هۆی گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی نوێ و شوێنکەوتووەکانی ماو لە چین پێیانوایە کە دیکتاتۆری پرۆلتاریا بە هۆی بنەمای سانترالیزمی دیمۆکراتەوە بەهێزتر دەبێ. سانترالیزمی دیموکراتیک بە واتای ئەوەیە کە دەبێ بیروبۆچوونە بەکەڵکەکان چڕبکرێنەوە و ڕێبەرایەتی و سیاسەتی پراکتیکی حیزب یەکگرتوو بن. سانترالیزمی دیموکراتیک لە ڕوانگەی مارکسیەکانەوە بەم شێوازەیە:

(١) حیزب بەرنامەکی دیاری هەیە.

(٢) یەک ڕێبەرایەتی هەیە.

(٣) هەموو ئۆرگانەکان سەر بە ناوەندی حیزبن.

(٤) دیسپلینی توندوتۆڵ (ئاسنین) بە سەر حیزب دا زاڵە.

دیموکراسیش ئەم واتایەی هەیە:

١ـ هەموو ئۆرگانەکانی حیزب هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ ئۆرگانەکانی خوارەوە ڕاپۆرت دەدەنە ئۆرگانەکانی سەرەوەتر.

٣ ـ مەسەلە بنەڕەتی و حیزبیەکان لە ناو حیزب دا دەخرێنە بەر باس و ڕاوێژەوە.

سانسۆر **Sansor Ship**

سانسۆر لە وشەی لاتینی Censere بە واتای "هەڵسەنگاندن و بایەخ پێدان" وەرگیراوە. لە سیاسەت دا سانسۆر ئامرازی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و یان شتی لەم بابەتە بۆ پێشگیری کردن لە دەربڕینی هەر بیروڕایەکە کە بۆ دەسەڵات یا سیستەمی سیاسی مەترسی هەیە. سانسۆر لە دوای داهێنانی دەزگای چاپ بە شێوەیەکی کاریگەر کەڵکی لێ وەرگیردراوە.

لە سەدەی شانزدەهەم دا کلیسای کاتۆلیکی یەکەمین پێرستی کتێبە قەدەغە کراوەکانی بڵاو کردەوە و پرۆستانەکانیش لە سەردەمی "چاکسازی ئایینی"دا کەڵکیان لە سانسۆر وەرگرت. سانسۆر ڕەنگە دیاربێ و بە پێی ڕێککەوتنیش جێبەجێ بکرێ. بۆ وێنە ڕەنگە سەبارەت بە "ئاسایشی نەتەوەیی"، بڵاوکەرەوەکان پێکەوە ڕێکک بکەون کەبابەتێک بڵاونەکەنەوە.

لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکانیش دا سانسۆر بە شێوەی دیاریکراو و ڕەسمی هەیە و لەم کۆمەڵگایانەدا لە کاتە نائاساییەکان دا، بە تایبەت لە کاتی شەڕدا، سانسۆرێکی توند دەسەپێ.

سان کولوت /لاق رووتەکان Les Sans –Culottes

کولۆت زاراوەیەکی فەرەنسەیە. بریتیە لە بەرگێکی پیاوانە کە لە پێشتین تاخواررووی رانی مرۆڤ دادەپۆشێ. لای خوارەوەی دوو لەت کراوە و هەر لەتێکیشیان رانێک دادەپۆشێ.کولۆت بەرگی دەولەمەند و ئاریستۆکراتەکان بووە. سان کولۆت لە شۆرشی فەرەنسەدا بە بە بێبەش ترین لایەنگرانی شۆرش لە شارەکان و بە تایبەتی لە پاریس دا دەگوترا تا لە خواپێداوەکان جیا بکرێنەوە.

سوپای ئەفریقیا

سوپای ئەفریقیا بە یەکەکانی سوپای ئەلمانیا لە باکووری ئەفریقیادا (١٩٤٣-١٩٤١) دەگوترا. لە سالی ١٩٤٠ دا کە سوپای ئیتالیا لە میسردا هێرشی کردبووە سەر هێزەکانی بەریتانیاو کەوتبووە ژێر مەترسی بەریتانیاوە و لە پاش ئەوەی کە ١٣٠٠٠٠ کەس لە سوپای ئیتالیا لە لایەن بەریتانیاوە بە دیل گیران. ئیتالیا پاشەکشەی کرد بۆ بنغازی. وێدەچوو کە ئیتالیەکان لە باکووری ئەفریقیا وەدەر دەنرێن. هیتلەر کە دەیزانی هێزەکانی دەولەتە یەکگرتووەکان بە زوویی کۆنترۆلی رۆژهەلاتی ناوەراست لە دەست دەدەن، بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٢٢ فەرمانی پێکهێنانی هێزێکی تایبەتی دا و لەشکری پێنجەمی ئەلمانیا کە لە پاشان دا بوو بە لەشکری ٢١ ی زرێپۆش، بوو بە بەشی سەرەکی سوپای ئەفریقیا. فەرماندەیی ئەم لەشکرە لە ئەستوی ژەنەراڵ ئێروین رۆمێل دابوو کە دوایە بە "ریۆی بیابان" ناوبانگی دەرکرد.

رۆمێل لەگەڵ لەشکرەکەی دا چوو بۆ ناو ترپیۆلی و دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت سوپای بەریتانیای بۆ شەڕ کردن ئامادە نین، گەلاڵەی هێرشەکەی خۆی جێبەجی کرد و لەگەڵ سوپای ئامادەکراوەکەی ئیتالیادا لە لیبیاوە بەرەو میسر وەڕێ کەوتن و لە "تبروک"یش پەرینەوە. لە سەرەتای سالی ١٩٤٢دا، سوپای هەشتەمی بەریتانیا بە دژەهێرشێک چووە ناو لیبیاوە. رۆمێلیش خەریکی بەهێزکردنی سوپای خۆی بوو و جارێکی تر هێزەکانی بەرەوپێشەوە وەڕێ کەوتن و ئەمجارە گەیشتنە ٦٠ مایلی دیلتای نیل.

سوپای ئەفریقیا وا بەهێز ببوو کە دەیتوانی لە ماوەی چەند رۆژدا بەسانایی کانالی سوئێز داگیر بکا. وبەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست دا زالْ بێ. لە هەمان کات دا مەترسی ئەوەش هەبوو کە سوپای تورکیاش یارمەتی سوپای ئەلمانیا بکا و ستالینگردایش بە سانایی بکەوێتە ژێر دەستی

ئەڵمانەکانەوە. سوپای ئەفریقیا لە سێ لەشکر پێکهاتبوو و سێ لەشکری سوپای ئیتالیاش یارمەتیان دەکردن. چوونکە سوپای ئەڵمانیا مەکینەی گازۆلی و پێداویستیەکانی دیکەی بیابانیان پێ نەبوو، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە هاوسەنگیەک لە نێوان دوو لایەنی شەڕەکەدا پێک بێ. بەڵام لێهاتوویی رۆمێل لە جێبەجێکردنی تاکتیکەکانی شەڕدا، شایەنی شەڕەکەی بەلای ئەڵمانیادا قورستر کرد. بەڵام چوونکە هێڵەکانی پێوەندی ئەڵمانەکان زۆر بەرفراوان ببوو، ئەمە بەقازانجی ئەواندا نەشکایەوە.

لەمانگی ئەیلوولی ١٩٤٢ هێرشی هاوینەی رۆمێل راوەستاو رەوتی شەڕەکە بە زیانی ئەو تەواو بوو. لە مانگی تشرینی دووهەم دا، سوپای ٨ی بەریتانیا بە هێز بوو. ژەنەراڵ بێرنارد مونتێگمێری، فەرماندەی ئەم سوپایە بوو وفەرمانی هێرشی بۆ سەر سوپای رۆمێل دەرکرد. پاشەکشەی درێژمەودای "رێوی بیابان " لەشوێنەکانیان دەستی پێکرد وتاتریپۆلی و تونس بەرەو دواوە گەرانەوە. سوپای روملی لە پاشەکشەدا تووشی هێزە تازە هاتووەکانی ئەمەریکا بوون و دەیان هەزار کەسیان لێ کوژرا. سوپای ئەفەریقیا کە لەگەڵ یەکەکانی ئیتالیادا سەرجەم ١٥٠٠٠٠ کەس دەبوون، لە مانگی ئایاری ١٩٤٣دا خۆیان بەدەستەوەدا. تەنیا رۆمێل و هێندێکی کەم لەهاورێکانی توانیان خۆیان دەرباز بکەن.

سێکتاریزم / گرووپچێتی — Sectarism

لە زاراوەی سێکت بە مانای وەستەوادارە، گرووپ یان دەستەیەکی چکۆلەیە و لە قامووسی کۆمۆنیستیەکاندا بە واتای هەڵبران لە جەماوەرو تاقمێکە کە لەگەڵ دابڕاون سێکتاریزم لە واتا سیاسییەکەیدا بەیەکیک لە جۆرەکانی ئۆپۆرتۆنیسم دادەنرێ.

سۆسیال ئەمپریالیزم — Social Imperialism

ئەم زاراوە لە ساڵی ١٩١٦ دا لە لایەن لنینەوە بە سەر کائۆتسکی و رێبەرانی دیکەی سوسیال دێموکراسی ئاڵمان دا سەپا. لە روانگەی لنینەوە ، سۆسیال ئەمپریالیزم بە واتای بە قسەسوسیالیست و لە کردەوەدا ئەمپریالیست بوونە.

لە دوای داگیر کردنی چەکسلۆڤاکیا(١٩٦٨) لە لایەن سۆڤیەت و سوپاکانی رێککەوتننامە ڤەرشۆ، حیزبی کۆمۆنیستی چین ئەم نازناوەی بەسەر بێرژنێف و هاوبیرەکانی دا سەپاند. لەروانگەی رێبەرانی چینەوە، پێداچوونە خوازەکانی دەسەڵاتداری سۆڤیەت، رێبەرایەتیی

www.perawipepwle.com

حیزب و دەوڵەتی ئەم وڵاتەیان داگیر کردووە و بەخێرایی بەرەو سۆسیال ئەمپریالیزم دەڕۆن. ئەمپریالیزم و سۆسیال تەنیا لە فۆرمدا جیاوازن، سۆسیال ئەمیریالیزم سەرمایەداری پاوانخوازی حکوومەتی(بە چڕترین شێوازەکەی) بەناوی سۆسیالیزمەوەیە و لە بواری سیاسی دا، دیکتاتۆری جۆری فاشیزمی هیتلەری(فاشیزمێک کە لەسەر بنەمای سەرمایەداری گەورەی پاوانخوازی دایە) دەسەپێنێ".

لە روانگەی ڕێبەرانی چینەوە، سۆڤیەت هێزو و دەسەڵاتی خۆی لە چوارچیوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و لە ژێر ناوی دابەشبوونی نێو دەوڵەتیی کار، ڕێکخستنی بەرنامەکان، توانەوەو لێکدانی هەمەلایەنە و توانەوە و لێکدانی سترۆکتۆرل، دەسەپێنێ. سۆڤیەت بەشە بنەرتیەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە لەژێر باڵی خۆیدان، لە بەردەست دایە و تاڵانیان دەکا". لە روانگەی ڕێبەرانی ئەم ڕێبازە " خەبات لە دژی ئەمپریالیزم، بەبێ خەبات لە دژی سۆسیال ئەمیریالیزم مانایەکی راستەقینەی نیە".

سۆسیال دارڤینیزم — ***Social Darwinism***

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم دا، بیرورا بایۆلۆجیەکانی شارلزدارڤین کاریگەریان لە سەر بیروبۆچۆنە سیاسیەکان دانا. تیزەکانی دارڤین سەبارەت بە پرۆسەی " هەڵبژاردنی سروشتی"،"شەڕی مانەوە"، و"پێدویستی" بە سەر کۆمەڵگا مرۆییەکانیش دا سەپا. ئەم گریمانانە لە سەر لایەنە جیاوازەکانی رکابەری پێیان دادەگرت و هەوڵیان دەدا تا پاساو بۆ کۆنترۆلی سیاسی لە لایەن کەمایەتیەکی سیاسی و هەروەها سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری بێننەوە و بە ڕەوای دابنێن. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە گەشە سەندن بە مانای پێشکەوتنی کۆمەڵگا لێک درایەوە.

ڕێبەرانی سۆسیال دارڤینیزم (سپەنسەر و گراهام سامنێر)گرنگی و بایەخی " شەڕی مانەوە" یان تەئیید کرد، بە شێوەیەک کە بێتە هۆی پێشکەوتن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بیریارانێکی وەکوو پارسۆنز، گامپلۆڤیچ و سیاسەتمەدارێکی وەکوو بیسمارک، چەمبرلین و ڕۆژڤەڵت پاساویان بۆ جیاوازی رەگەزەکان یان بۆ جیاوازی نێرو مێی و پەرەپێدانی ئەمپریالیستی کۆلۆنالیزم و شەڕ دەهێنایەوە پێیانوابوو کە شەڕ و رکابەریی چڕی نێوان نەتەوە، رەگەزو گرووپەکان دەبێتە هۆی مانەوەی فیسۆلۆجی ودەروونی خۆگونجێنتریی کەسەکان. بناغە دارێژ وشیکەرەوەی سەرەکی ئەم ڕێبازە هەربەرت سپەنسەرە.

Social Fascism
سۆسیال فاشیزم

سۆسیال فاشیزم بە رۆلی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگوترێ کە لە لایەن ئەو کۆمۆنیستانەی کە لایەنگریان لە مسکۆنەدە کرد، بە سۆڤیەت بەخشرا بوو. سۆسیال فاشیزم لە دوو زاراوەی فاشیزم (کە واتای خراپی ونیگەتیڤی هەیە) و سۆسیالیزم پێکهاتووە.

بەڵگەی لایەنگرانی ئەم بیروبۆچوونە ئەوە بوو کە یەکیەتیی سۆڤیەت لە سوسیالیزمەوە بۆتە دەسەڵاتیکی سوسیال ئەمپریالیستی، چینی بۆرژوا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و لە ناو وڵاتدا پەرە بە فاشیزم دەدەن.

Social Catho Licism
سوسیال کاتۆلیسیزم

بەرەوتێکی هزری دەگوترێ کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ەوە دەستی پێکردووە. ئەم قوتابخانەیە خەباتی خۆی لە دژی بە پیشەسازی بوون بە شێوازی لیبرالیستی و دژایەتیکردن لەگەڵ قوتابخانەی تاک گەرێتیدا چڕ کردۆتەوە.

لایەنگرانی ئەم قوتابخانە جگە لەوەی رێز بۆ بیروڕا ئایینەکەی خۆیان دادەنێن، بروایان بە چاکسازی کۆمەڵایەتیش هەیە. ئەو کاتۆلیکانەی کە خۆیان بە سوسیالیستیش دادەنا، لە سەدەی ١٩دا لە دژی تاک گەرێتی لەرادەبەدەری گۆمەڵگای لیبراڵی و ئابووری لیبراڵی دەستیان بە تێکوشان کرد. هەولێکی شێلگیرانەش بۆ لێکدانی قوتابخانەی سەن سیمۆن لەگەڵ ئایینی کاتولیکی درا. ئەم براقە خەباتی خۆی بردۆتە ناو کۆمەلە کرێکارییەکان و لەرێگای تیورەوە لە دژی تاک گەرێتی و کوفردا رادەوەستن.

Socialism
سۆسیالیزم

ئەم زاراوە لە رێبازە جیاوازە تارادەیەک سەربەخۆکان، بەڵام لە هەلومەرجێکی لێکچوودا سەری هەڵداوە. سۆسیالیزم لە چارەکی (نیوەی دەیەی ٨٠) سەدەی نۆزدەهەم لە بەریتانیا و فەڕەنسادا بۆ دیاریکردنی رەوتێک کە لە ئاکامی شۆرشی پیشەسازی و ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان دا پێکهاتبوو، هاتۆتە ئاراوە.

قوتابخانەی "رابێرت ئوون"، کە پێشەنگی سوسیالیزم لە بەریتانیا دا بوو، پەرەی بەم زاراوەدا. ئوون لە ساڵی ١٨٣٥دا " کۆمەڵەی هەموو چینەکان لە هەموو نەتەوەکان"ی پێکهێنا و

ئەم زاراوە بە هۆی باس و لێکدانەوەکانی ئەم قوتابخانە پەرەی سەند. لە دەیەی چوارەمی سەدەی نۆزدەهەم دا ،لۆئیی ریبۆد لە گۆڤاری " دووجیهان" دا زنجیرە وتارێکی بە ناوی "سۆسیالیستە نوێکان " بلاّو کردەوە. لە دووایيدا ئەم کۆمەڵە ناوە لە ساڵی ١٨٤١دا لە ژێر ناوی " توێژینەوە سەبارەت بە چاکسازەکان" یان "سوسیالیستە نوێکان" بلاّو بۆوە. ئەم نامیلکە ژیاننامەی سەن سیمۆن و شوێنکەوتووەکانی ئەو، فوریە و رابێرت ئوون بوو. یەکێک لە سۆسیالیستە ئابوورنیاسەکانی فەرەنسا بە ناوی بلانکی، بە ئیلهام وەرگرتن لەم قوتابخانە، زاراوەی سوسیالیزمی بە کارهێنا و بەرەبەرە ئەم زاراوەهاتە ناو رەوتی توێژینەوە زانستیەکانەوە. لە ساڵی ١٨٤١دا، "رابێرت ئوون " نامیلکەیەکی بە ناوی " سوسیالیزم چیە " بلاّو کردەوە و بە بلاّو کردنەوەی ئەم نامیلکەیە، زاراوەی سوسیالیزم دەنگی دایەوە. بەرواڵەت بۆیەکەمجار لە فەرەنسا، پیرلارۆ لە شوێنکەوتوانی سەن سیمۆن، ئەم زاراوەی بەروونی بە کارهێناوە.

سۆسیالیستەکان کۆمەڵگای سەرمایەداری بە تایبەتی لە شێوە لیبراڵیەکەی دا رەت دەکەنەوە. ئەوان بڕوایان بە پێشکەوتن لە ژیان لە کۆمەڵگادا هەیە . بۆ ئەم مەبەستەش بە تەمان کە بە هەوڵێکی گشتی و عەقلاّنی، دونیایەکی دادپەروەرانەتر بێننە ئاراوە کە هەموو ولاّتەکان لە هەلومەرجێکی یەکسان دابژین.

سۆسیالیزم وەکوو ئایدۆلۆجیایەک دوولایەنی هەیە:

١ــ **لایەنی فەلسەفی و ئەخلاقی** : سۆسیالیستەکان کۆمەڵگای ئیستا، بە کۆمەڵگایەکی نایەکسان و نالەبار دادەنێن. ئەوان بڕوایان بە پێشکەوتنی گشتی جیلی مرۆیی هەیە و بۆ داهاتوو و گەیشتن بە سیستەمێکی کۆمەلاّیەتی، گەلاّ لەیەک دادەرێژن کە جیاوازییە کۆمەلاّیەتیەکان و زۆرو زۆرداریش خاشەبڕ بێ. سۆسیالیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتیی لەم جیهانەدا تێدەکۆشن و خەبات دەکەن. بەلاّم ئەوان واتایەکی جیاوازیان لەوەی کە مرۆڤ لە ئیستادا هەیە و یا دەبێ لە داهاتوودا بێ، هەیە و خوێندنەوەشیان لە پێوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگا و تاک وەکوویەک وانیە. تاقمێک تاک دەخەنە پێش کۆمەڵگا و تاقمێکیش کۆمەڵگا دەخەنە پێش تاکەوە.

٢ـ لایەنی ئابووری :

بە لای سۆسیالیستەکانەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەش مەینەتیی کۆمەڵگا مرۆییەکان، سیستەمی ئابووری ئازاد و پیوەندییە بەرهەم هێنیەکانی ئەم سیستەمەیە. واتا بەش مەینەتی مرۆڤ لە بەرژەوەندی تاکەکەسی، نایەکسانی قووڵ، دابەش کردنی نادادپەروەرانە و نابەجێی سەرچاوەکان و پرەنسیپی زێدەبایی سەرچاوە دەگرێ. سۆسیالیستەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە هیچ کاتێک بەختەوەری گشتی بەهۆی بەرژەوەندی تاکەکەسیەوە نەهاتۆتەدی. سۆسیالیستەکان بە گشتی پێیانوایە کە دەبێ خاوەندارێتی هەموو سامان و شتومەکەکان (یان لانیکەم خاوەندارێتی ئامرازە گشتیەکانی بەرهەم هێنان) لە کەرتی تایبەتیەوە بۆ کەرەتی گشتی یان دەوڵەتی بگوازرێتەوە. دەستبەسەرداگرتن بەسەر ئابووریشدا تەنیا لە رێگای هەوڵی عەقلانی و رێکخەرانە جێبەجێ دەبێ، کە لە سەرەوەی گرووپە بەرهەرم هێنەکانەوە بریار دەدا. ئابووری دەبێ بچێتە ژێر فەرمانی هەلومەرجی سیاسی سۆسیالیستی.

دۆرکهایم سەبارەت بە سۆسیالیزم دەڵێ:

" سوسیالیزم بەو رێبازە دەگوترێ کە هەموو هەوڵە(کردە) ئابوورییەکان یان هێندێکیان کە ئیستاکە ئاڵۆزو بلاون، بە ناوەندی دەسەلاتی سیاسی دەبەستێتە"، ئیدی بایەخیش بەوەنادا کە حکومەتەکە بە چ شێوازێک بێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە دەبینین ناسیۆنال سۆسیالیزم پێک دێ کەراشکاوانە فری بە سوسیالیزمی راستەقینەوە نیە. چوار پێوەری شیاو، رێگامان پێ دەدەن کە سۆسیالیزمی رەسەن لەوانی دیکە جیا بکەینەوە:

١ـ خاوەندارێتی گشتیی ئامرازە گشتیەکانی بەرهەم هێنان.

٢ـ رێکخراوێکی ئابووری بەرزتر کە سیاسی بێ و ئابووری بە شێوەیەکی عەقلانی و گونجاو بەرێوە بەرێ.

٣ـ رێکخراوێکی تایبەتی کۆمەلایەتی کە ئامانجەکەی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە بێ، کە لەو کۆمەڵگایەدا پێداویستیە گشتیەکان بە هۆی کارگێری دیموکراتیکی ئابووری دابین دەکرێ.

٤ـ هەوڵدان لە پێناوی ئەوەی کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان برەخسێ.

سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە Revolutionary Socialism

ئەم سۆسیالیزمە هەموو یان بەشێک لە مارکسیزم پەسەند دەکا، بەڵام شێوەی مێژوویەکانی هەموو رژێمە کۆمۆنیستیەکان رەت دەکاتەوە و حاشا لە رۆڵی رێبەرایەتیی جیهانیی سۆڤیەت یان هەر وڵاتێکی دیکەی کۆمونیستی دەکا کە ببێتە سەرۆکی حیزبەکانی دیکە. بەم شێوەیە بە هەموو ئەو مارکسیستانەی کە نەیاری لنین وستالین بوون، سوسیالیستی شۆرشگێڕە دەگوترا. لە ترۆتسکی، تیتۆ، رۆزالۆکزامبۆرگ و جیلاسەوە بگرە تا ئەو گرووپە جیاوازانەی کە لەم دواییانەدا لە کۆمونیستەکان جیا بوونەوە، بە هەموویان دەگوترێ سوسیالیستە شۆرشگێڕەکان. جگە لەو کەسانەی کە ئاماژەیان پێکرا، رەوتی سۆسیالیستی دیکەش لە ئارادان.

بۆ وێنە ئەستەمە کە پێداچوونەوە خوازێکی وەکوو بێرێنشتاین (١٨٥٠-١٩٣٢) یان سۆسیالیزمی سازاوی ژۆرس یان سۆسیالیزمی ئۆمانسیتی لئیۆن بلۆم(١٨٧٢-١٩٥٠) بخەینە ناو خشتەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانەوە. جگە لەم کەسانە دەتوانین ئاماژە بە دووجۆری دیکەش بکەین: جۆری یەکەم، سۆسیالیزمی دەروونناسی و پەروەردەیی قۆناغی سەرەتایی هانری دۆمان(١٨٨٦_١٩٥٣)، و جۆری دووهەمیش نیئۆسوسیالیزمی مارسێل دیئا Marcel Déat (١٨٩٤_١٩٥٤).

سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی Utopian Socialism

ئەم زاراوەیە لە ڕوانگەی مارکسیەکانەوە هاوار و دژکردەوە لە دژی نایەکسانی و مەینەتیەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە کە ڕوونکەرەوەی ئەو گریمانە و تیۆرانەیە کە لە لایەن ئەم کەسایەتیە دیارانەوە؛ دارێژراون: سەن سیمۆن، فوریە، بوشە، ئوون، کابە، لوئیی بلان و...هتد.

سۆسیالیزمی یۆتوپیایی، ناوێکە کە کارڵ مارکس بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو رەوتە گشتی و لێلانەی کە لە پێش خۆیدا لەئارادا بوون، بە سەری دا بریون.

سۆسالیزمی خزۆک Creeping Socialism

سۆسیالیزمی خزۆک، دەستێوەردانی بەربەرە و هێمنانەی دەوڵەت لە کەرتی تایبەتی ئابووری دایە و لەو کۆمەڵگایانە دا کە دەوڵەت بەرەبەرە دامەزراوە ئابووریەکان دەخاتە کەرتی

www.perawipepwle.com

گشتیەوە، و کەرتی تایبەتی بەرتەسک دەکاتەوە و ڕادەی هەوڵە ئابوورییەکانی دەوڵەت زیاد دەکا، وەدی دێ.

سوسیالیزمی پیشەیی *Quild Socialism*

لە لقەکانی بزوتنەوەی رادیکالی ئەورووپایە کە لە ساڵی ١٩٠٦ دا دامەزرا. ئەم بزوتنەوەیە لایەنگری لە گەڕانەوە بۆ سیستەمی پیشەیی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا دەکا. لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە، بەهاکان بە شێوەی کۆیی و بەکۆمەڵ پێک دێن، بەڵام سەرمایەداری بەهاکان بە داهێنان و توانایی تاکەکان دەبەستێتەوە. کەواتە دەبێ یەکیەتیە کرێکارییەکان بەشێوەی یەکیەتی پیشەیی پێک بێن و پیشەسازی بەگشتی بکرێ و بەڕێوە بچێ. ئەم بیروبۆچوونە ڕادیکاڵیە، بە پێچەوانەی سۆسیالیزم یان بەڕێوەبەری دەوڵەتیە و پێیوایە دەوڵەت دەبێ بە سەر پیشەسازیدا چاوەدێری بکا، نەک کۆنترۆڵی بکا. بزووتنەوەی ـ سۆسیالیزمی پیشەیی لە ١٩٢٥ دا بە هەڵوەشانەوەی "کۆمەڵگای پیشە نیشتمانیەکان " لە ناوچوو، بەڵام ئەو نەریتە ئێستاش لە حیزبی کرێکاری بەریتانیا دا هەرماوە.

سۆسیالیزمی زانستی *Scientific Socialism*

بە بڕوای کارل مارکس، سۆسیالیزم پێویستی بە شیکردنەوەی زانستیانەی کۆمەڵگا و بارودۆخی ئابووری و تەکنیکی کۆمەڵگا هەیە، کە ڕاستیەکانی کۆمەڵگا روون بنەوە. هەروەها مارکس دەیگووت دەبێ ئەویاسایانە بناسین، کەبەسەر کۆمەڵگادا زاڵن، بۆئەوەی بتوانین بەسەر پارادۆکسەکانی سەرمایەداری دا زاڵ بین. هەم مارکسیزم و هەم سۆسیالیزمیش لەسەر لەسەر سۆسیالیزمی زانستی کۆکن. لەلایەکی هێندێک لە سۆسیالیستەکان کە ژمارەشیان کەم نیە، سۆسیالیزم و تەنانەت مارکسیزمیش بە زانست دانانێن و پێیان وایە کە کۆمەڵناسی ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە پێی بڵێی زانست. جگە لە مەش، هێندێک لە ڕووداو و ڕاستیەکانی سەردەمی ئێستا، هێندێک لە پێش بینیەکانی مارکسیان بدرۆ خستەوە کە بۆخۆی پێیوابوو زانستین. کەواتە قسەکردن لەسەر سۆسیالیزمی زانستی بە واتایەک، پروپاگەندەیەکی نازانستیە. بەڵام ئەو لێکدانەوە، ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبازی پراکتیکی دژایەتیکردنی سۆسیالیزم، لەگەڵ سەرمایەداری دا پێک ناهێنێ.

سۆسیالیزمی مارکسی Marxian Socialism

لە قامووسی مارکسیەکان دا، کۆمۆنیزم لە دوو قۆناغ پێکهاتووە: قۆناغی سەرەوە کە قۆناغی بەرزی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و قۆناغی خوارەوە کە سۆسیالیزمە. بەبڕوای مارکسیزم، قۆناغی سۆسیالیستی؛ تۆخمی پێویستی کۆمۆنیزمی تێدا نیە.

سۆسیالیزم لە دوای شۆڕشی کرێکاری لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و لە دوای شۆڕشی دێموکراتی نوێ لە کومەڵگا کۆلۆنیەکاندا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. لەم قۆناغە دا، کۆمەڵگا ئێستاش لە بواری ئابووری، ئەخلاقی و سیاسی، خاوەنی نیشانە و پێوەندییەکانی بەر لە شۆڕشە. لە سوسیالیزمدا مافە بورژواییەکان بە تەواوەتی نافەوتێن، بەڵکوو بە خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کۆتایی چەوسانەوەی تاک لە تاک دێ و کەسەکانی کومەڵگا پشکێکی بە قەد کاری خۆیان وەبەر دەکەوێ.

ئەو یەکسانیەی کە کۆمۆنیزم بانگەشەی بۆدەکا، لە سۆسیالیزم دا نایەتەدی ، چونکە جیاوازی لە ساماندا بەردەوامە و جیاوازی سەرەکی نێوان پرۆلتاریا و بۆرژوایش لە ناو نەچووە و درێژەی هەیە و نایەکسانیی گەورە و چکۆلە لە کۆمەڵگادا هەرلە جێگای خۆیەتی. لە سیستەمی خاوەندارێتی دا دوو جیاوازی هەیە: جیاوازی خاوەندارێتی سوسیالیستی و پاشماوەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و جیاوازی نێوان خاوەندارێتی سوسیالیستی و هاوبەشی. جیاوازی یەکەم لەدوای بەهێزبوونی بناغەی سۆسیالیزم و بە هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتیی چارەسەردەکرێ. جیاوازی دووهەم بە گەشەکردنی هێزەبەرهەمهێنەکان و پەرەسەندنی سیستەمی Blance Sheet چارەسەر دەکرێ.

لە ئاستی کۆمەڵگای سوسیالیستی دا، سێ جیاوازی هەیە: جیاوازی لە نێوان کاری هزری ودەستی دا، جیاوازی لە نێوان شار و لادێ، و جیاوازی لە نێوان پیشەسازی و کشتوکاڵی دا(بیروبۆچوونی ماوتسێ دۆنگ). بە چارەسەر کردنی ئەم سێ جیاوازیە بنەڕەتیە؛ ڕێگای کرانەوەی سوسیالیزم دەکرێتەوە. لە نێوان ژێرخان و سەرخانیش دا جیاوازیی گەلێک هەیە کەپاشماوەی کولتووری بۆرژوافیئودالین. سەرخانی کۆمەڵایەتیی کە سیستەمێکی سیاسی، ئایدۆلۆجی و یاساییە لە دوای دامەزراندنی سۆسیالیزم تاماوەیەک [لەگەڵ سیستەمی نوێ دا] بەربەرەکانی دەکا و لەبەرامبەر پێکهاتەی سۆسیالیستی سەرخاندا رادەوەستێ. قۆناغی سۆسیالیزم، لەدوای چارەسەری کێشە و جیاوازییە بنەرتیەکانی سۆسیالیزم دێتەدی. تیۆری مارکسیستی سۆسیالیزم لە سەدەی بیستەم دا،

سەرکەوتووترین شێوەی سۆسیالیزم بوو کە بە هۆی تیۆرەکانی لنین و ماو لە رەوتی شۆرشی چین دا گەشەی سەند و لە هێندێک شوێنی جیهان و کومەڵگا مرۆییەکان دا پیشوازی لێکرا.

سۆسیالیزمی مەسیحی — Christian Socialim

مەبەست لەم زاراوە لە ئەمەریکا و بەریتانیادا، بزوتنەوەیەکە کە نزیکەی ساڵی ١٨٠٠ لە بەریتانیادا دەستی پێکرد. لایەنگرانی ئەم بزوتنەوە دژی بێبەشیەکانی چینی کرێکار راپەرین و دەیانویست خۆشگوزەرانی ئەم چینە بە پێی ئایینی مەسیح دابین بکرێ. چارلیز کێنگلی و فرێدریش مۆریس، دوو کەسایەتیی دیاری سۆسیال مەسیحی بوون. ئەم بزووتنە کارگەری چکولەو گەورەی دادەمەزراندن کە سەرکەوتوو نەبوون. ئەم بیرۆکەیە لە دواییدا لەناو بزووتنە هەروەزییەکان دا توایەوە.

سۆسیالیزمی مەسیحی بەپێچەوانەی سۆسیالیزمی خەیالی (یۆتۆپیایی)، بەرنامەی خۆی لە سەر بنەمای بیروبڕوای روونی ئایینی دامەزراند بوو. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، حیزبی سیاسیی جیاواز لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوادا سەریان هەڵداوە کەبیروبۆچوونی سۆسیالیستیان هەیە و پشت بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایینی مەسیحی دەبەستن.

سۆسیالیزمی ریفۆرمیست (چاکسازی خواز) — Reformist Socalism

سۆسیالیزمی ریفۆرمیست، بیروبۆچوونی مارکسیانەی نیە. ئەوانە پێیانوایە کەدەتوانن بە بێ پەنابردنە بەر شێوەکانی مارکسیزم، کۆمەڵگایەکی سۆسیالیسی وەدی بێنن. بە مانە دەڵین چاکسازی خواز، چونکە پێیانوایە کە دەتوانن لەناو رژێمی سەرمایەداری دا رێفۆرم پێک بێنن و سۆسیالیزم دامەزرێنن. واتە بەرەبەرە حکومەتێک دامەزرێنن کە سەرمایەداری نەبێ وگەیشتن بەم ئامانجەش پێویستی بە شۆرش و پەنابردنە بەردیکتاتوری پرۆلتاریا نیە.

سووخۆز — Sokhose

سووخۆز کورتکراوەی دوو وشەی رووسی بە مانای ئابووری هەرەوەزییە. سووخۆر بە تەواوەتی لە ژێر خاوەنداریێی دەولەت دایە. واتە لە زەوی وزارەوە بگرە تا بەرهەم و ئامرازەکان بەرهەمهێنان لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەت دان. سووخۆزەکان یان دامەزراوە کشتوکاڵیە ئابوورییە بەهەروەزییەکان هەمان پێرەو بەرنامەی یاسایی دامەزراوە پیشەسازییەکانیان هەیە. سووخۆزەکان

یان دامودەگاکانی کشتوکاڵیی، لە کردەوەدا وەکوو کارخانە پیشەسازییەکان وان، بەڕێوەبەری سووخۆز لە لایەن دەوڵەت و لەئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست دیاری دەکرێ.

Soriet
سۆڤیەت

زاروەیەکی رووسیە، بەواتای ئەنجوومەنە. سۆڤیەت یەکەی سەرەتایی پێکهێنەری کۆمەڵگا، بەپێی ڕێکخستنی سیاسی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. یەکەمین سۆڤیەتەکان، ئەو کومیتە شۆڕشگێڕیانە بوون کە لە ساڵی ۱۹۰٥دا لە لایەن سۆسیالیستەکانی رووسیا لە ناو ئەو کرێکارانەدا پێکهاتن کە خەریکی مانگرتن بوون، لە ساڵی ۱۹۱۷دا کە شۆڕشی رووسیا دەستی پێکرد، ئەنجوومەنگەلێک لە کرێکاران، سەربازان و وەرزێرەکان لە هەموو وڵات دا پێکهاتن. لەو ناوەدا ئەنجوومەنەکانی ژێر دەسەڵاتی بۆلشڤیکەکان، دەوڵەتی کرنێسکیان رووخاند.

C.I.A. (Central Intelligence Agency)
سی.ئای.ئەی

ڕێکخراوی ناوەندی هەوڵگری ئەمەریکا، ناسراو بە " سیا" لە ساڵی ۱۹٤۷ و لە سەردەمی ترۆمێنی، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمەریکا، دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە سەرەتا لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بە شێوەی ئیدارەی خزمەتگووزارییە ستراتیژییەکان (O.S.S)تێدەکۆشا و پاشان بە پەسند کردنی یاسای ئاسایشی نێوخۆیی لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۹٤۷دا، بەرەسمی ناوی "سیا"ی لەسەر دانرا. ئەم ڕێکخراوە تەنیا لە بەرامبەر سەرۆک کۆماردا بەرپرسیارە.

ناوەندیی فەرماندەیی سیا لە چوار بەش پێکهاتووە:

۱ــ زانست و تەکنەلۆجیا

۲ــ لۆجستیکی

۳ــ هەواڵگری

٤ــ بەرنامە و پلانەکان

سیا سێ یەکەی سەربەخۆی هەیە:

۱ــ یەکەی کۆ کردنەوەی هەواڵی دەرەکی

۲ــ یەکەی کردەوە دژە هەواڵگری و دژە سیخوڕییەکان

٣ــ یەکەی دەست تێوەردانی نهێنی لە وڵاتانی دیکەدا

دزەکردنی سیا لە ڕۆژنامە گرنگەکانی هەروڵاتێک دا بەهۆی بەستراوە کەلتوورییەکانی ئەمەریکاوەجێبەجێ دەبێ. دزەکردن لەو ڕۆژنامانەوە دەست پێدەکا کە سەبارەت بە دەوڵەت هەڵویستێکی ڕەخنە گرانە یان هەیە.

پێکهێنانی ئالووگۆڕ لە سەر دێڕی ڕۆژنامەکان، تانەلیدان لە حکومەت، بڵاوکردنەوەی چیرۆکی دنەدەرانە، بڵاو کردنەوەی زانیاری ساختەوچەواشە کراو و هەڵایسانی شەڕی دەروونی لە تاکتیکەکانی ڕێکخراوی سیان.

لە سەردەمی سەرۆکایەتی دالس دا(١٩٦٢-١٩٥٣) سیا ڕێکخستنەکانی خۆی بەرفراوان کرد. گرنگترین هەوڵەکانی ئەم ڕێکخراوە لە کاتی پێهاتنیەوە بریتی بوون لە:

١ــ دامەزراندنی کۆمپانیای فێستیرن ئەنتیر پرایز (١٩٥١) لە فەرمێز، بۆ یارمەتیدانی ناسیونالیستەکانی چین لە خەبات لەدژی چینی کۆمۆنیست . ئەم کۆمپانیایە لە ژێر ناوی بازەرگانی دا خەرێکی چالاکی سیخوری بوو.

٢ــ دزەکردنی بەرێوەبەرانی سیا لەناو ڕێکخراوە سیخورییەکانی وەکوو KGB، ڕووسیا و ئینتلەجێنتی بەریتانیا.

٣ــ سیخوری بەفرۆکەی یو ــ ٢ لە سەر ئاسمانی سۆڤیەتەوە .

٤ــ ڕووخاندنی حکوومەتی موسەددیق لە کودتای ٢٨ی ئابی ١٩٥٣.

٥ــ کودتای سەربازیی گواتیمالا(١٩٥٤).

٦ــ هەوڵی ڕووخاندنی دەوڵەتانی وەکوو لائۆس بەرێبەرایەتیی پرێنس سوانا فوما(١٩٥٤)

٧ــ ڕووخاندنی حکومەتی ئاربێتز بە هاوکاری یوناتیێدفرۆت

٨ــ هێرشی سەربازی هێزی دەریایی ئەمەریکا بۆ سەر لوبنان (١٩٥٨)

٩ــ ڕووداوی کەنداوی بەرازەکان (١٩٦٢)

١٠ــ کودتای سەربازی عێراق (١٩٦٣) بەمەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی ژەنەراڵ کەریم قاسم.

١١ــ دنەدانی ئەفسەرە هەڵگەڕاوەکانی فەرەنسە لە ئەلجەزایر لە دژی دۆگۆل.

www.perawipepwle.com

لە ساڵی ١٩٦٢، دالس لە لایەن کێنێدیەوە بە ڕواڵەت لە بەر شکستی ئەم وڵاتە لە کەنداوی بەرازەکان دا، لە سەر کار لابرا.

کردەوەکانی دیکەی سیا بریتین لە:

کودتای ساڵی ١٩٦٥ ی ئەندەنۆسیا بە مەبەستی ڕووخانی حکومەتی سوکارنۆ و کوشتاری نزیکەی بە یەک میلیۆن کەس لە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە، پیلان بۆ کوشتنی کاسترۆ، ڕێبەری کوبا و جێبەجێکردنی بەرنامەی فۆنیکس کە بوو بەهۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٠ هەزار ڤیت کۆنگ.

ڕێکخراوی سیا هەروەها لە ماوەی ١٥ ساڵ لە ١٩٦١ تا ١٩٧٦ زیاتر لە ٩٠٠ کردەوەی نهێنی لە دژی سیاسەتمەداران و "ڕژێمە نەشیاوەکان" (ئەو ڕژێمانەی بەبڕوای ئەمەریکا، ڕژێمی نەشیاون) وەڕێخستووە. ئامادەکاری بۆ کودتا جیاوازەکان لە ئەرژەنتین، بۆلیڤیا، شیلی، کودتای عەقیدەکان لە یۆنان، ڕۆژهەڵاتی دوور و ئەفریقیا، پشتیوانی لە دەوڵەت و ڕژێمە بەستراوەکان، دەستنیشانکردنی مۆرە بەکرێگیراوەکان لەسەرەوەی دەسەڵاتدا، دەستێوەردانی سەربازی، وەڕێخستنی ڕاپەرین، هەڵایسانی شەڕی نێوخۆیی و کردەوەی تێکدەرانە و دزەکردن لە ڕێکخراوە سیاسی و سەربازییەکانی جیهان لە کردەوەکانی ڕێکخراوی سیان.

ئەم کردەوانە بە هاوکاری پێنتاگۆن، کارتێلە فرەرەگەزەکان و تابووری پێنجەم لە وڵاتانی دیکەی جیهان دا وەڕێدەخرێن. لە سەردەمی حکوومەتی جانسۆن و نیکسۆن دا، ڕێکخراوی سیا لە دوای هەڵوەستەیەکی کورت، دەستی دایە کردەوەی ڕاشکاوانە کە ڕووخانی حکوومەتی ئالیێندە، سەرۆک کۆماری شیلی، دانانی ژەنەراڵ ئاگۆستینۆ پینۆشە بە سەرۆکی خونتای سەربازی ئەو وڵاتە بە هاوکاری کۆمپانیا فرەرەگەزەکانی وەکوو ئای. تی. تی لە نموونەی ئەو کردەوە ڕاشکاوانەن.

دزەکردن لەناو ڕێکخراوە بیانیەکانی وەکوو یەکیەتی یەکگرتووی پۆلۆنیا بە ڕێبەرایەتی لێخ ڤالسا، و هەروەها یارمەتی بەردەوامی نەیارەکانی ڕژێمی نیکاراگوا بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەو وڵاتە، بەرێبەرایەتی دانیەل ئۆرتگا لە کردەوەکانی تری ڕێکخراوی سیان.

لە دوای ڕووداوی تیرۆریستی ١١ ی ئەیلوولی ٢٠٠١، شێوەی کاری ئەم ڕێکخراوە لەلایەن زۆربەی شارەزاکانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. ئێستاکە کردەوەکانی سیا زیاتر لە سەر بەربەرەکانی لە گەڵ تیرۆریزم لە جیهان دا چڕبۆتەوە.

Politics
سیاسەت

سیاسەت هاوواتای (Politique) فەرەنسیە کە لە وشەی لاتینیPoliticus و وشەی یوونانیPolitikos لە سەرچاوەی وشەی یوونانی (Polis) (شار) وەرگیراوە. لەو سەردەمەدا Politikos بەمانی "هونەرو کردەوەی حکوومەت " لە ولات دا کەلکی لێ وەردەگیردرا. (مەبەست دەولەت شارەکانی یۆنانە).

مافە سیاسیەکان بە مافی بە شداری هاولاتیانی دەولەت –شارەکانی یوونان لە کاروباری حکوومەت دا راڤە دەکران (هەر شارێک وەکوو ولاتێک وابوو و سەربەخۆیی خۆی هەبوو) سیاسەت لە واتا تایبەتیەکەی دا، بەو هەولانە دەگوترێ کە حکوومەتەکان بۆ بەرەوبردنی کاروباری ولات و دیاریکردنی شێوە و ناوەرۆکی تێکوشانی خۆیان دەیگرنەبەر و ئەم هەولانە لە دوو کەناڵی نێو خۆیی و دەرەکی دا جێبەجێ دەکرێ:

الف_ کەناڵی نێو خۆیی : حکوومەتەکان بە هۆی گرتنە بەری هەولی رێک وپێک و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ماددی و مەعنەوی ، کاروباری ولات بەرێوەدەبەن تا ئەندامانی کۆمەلگا ئەرکە کۆمەلایەتیەکانی خۆیان بەرێوەببەن (بەمانا گشتیەکەی).

ب_ کەناڵی دەرەوە: پێوەندی حکومەتەکان لەگەڵ یەکتر دایە کە پێوەندی نێو دەولەتیشی پێ دەلێن و لە سەربنەمای یاسا نێو دەولەتیەکانە.

کاروباری سیاسی زیاتر لەگەڵ هەلومەرجی ئابووری، کولتووری و بیروڕای هاوبەش خەلکی ولات دا دەگونجێن. زاراوەی سیاسەت لە کاروبار و دیاردە سیاسیەکانی وەکوو: دامەزراوە سیاسیەکان، رێکخراوە سیاسیەکان، رەوتە سیاسیەکان، بیروڕا سیاسیەکان، یاسا ورێساکان، رێورەسمە سیاسیەکان و پێوەندیە سیاسیەکان دا کەلکی لێ وەردەگیردرێ. وجگە لەمە بە مانای رێچکە دێ: رێچکەی ئابووری، رێچکەی کولتووری، رێچکەی کشتووکالی، رێچکەی ماددی، رێچکەی پلان دانان، رێچکەی دانیشتوان، رێچکەی کۆمەلایەتی و ئابووری سیاسی...هتد.

لە کۆمەلگایەکی کراوەو زیندوودا کەئەندامەکانی تێگەیشتوو و خوێندەوارن، پلەی بەشداری خەلک لە کاروباری سیاسی دا لە سەرەوەیە و بە شداریکردنیش ئیرادی و لە ڕووی

تێگەیشتنەوەیە. ئەرەستو دەیگووت: مرۆڤ گیانلەبەرێکی "سیاسییە" Political Animal . ریمۆن ئارۆنی فەرەنسی؛ سیاسەتی لە بەرامبەر دوو زاراوەی پلان، بۆ چوون و کردەوەی سیاسی و شوێنی بەیەک گەیشتنی پلانەکان، بۆ چوونەکان و هەوڵەسیاسییەکان لەگەڵ گۆرەپانی سیاسەت دا دادەنا و پێیوابوو کەئەم دوو زاراوە تەواوکەری یەکترن، بە جۆرێک کە ئەگەر گۆرەپانی سیاسەت گونجاو نەبێ، بۆچوون و بەرنامەی سیاسیش لە کردەوەدا هیچ ئاکامێکی نابێ و ئەگەر بۆ چوون و پلانی سیاسیش هەڵنەسەنگێنرێ و لەگەڵ هەلو مەرجدا خۆی نەگونجێنێ، هیچ رۆڵێکی نامێنێ وپشتیوانی لێ ناکرێ.

سیاسەتی بەرەو رۆژهەڵات ***Ostpolitik***

سیاسەتی بەرەورۆژهەڵات لەلایەن کۆرت گیسێنگێر سەبارەت بە پێوەندیی لە گەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات دا رەچاودەکرا. ئەم سیاسەتە بە پێچەوانەی سیاسەتی هالشتاین بوو کەلە سەردەمی کۆنراد ئادنائێر دا پێرەوی لێدەکرا. ئامانجی " سیاسەتی بەرەو رۆژهەڵات " ئاساییکردنی پێوەندیی ئەڵمانیا لەگەڵ وڵاتانی کۆمونیست جگە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەم سیاسەتە کە لە لایەن ڤیلی برانت، راوێژکاری ئەڵمانیای فیدراڵ درێژەی پێ درا، بوو بە هۆی گرێدانی رێککەوتننامەگەلی ئاشتی لە نێوان ئەڵمانیا و یەکیەتیی سۆڤیەت و پۆڵۆنیا لە ساڵی ١٩٧٢دا. بە پێی رێککەوتننامەی ئاشتی، هێڵی ئۆدرنیسە لە لایەن ئەڵمانیاوە وەکوو سنووری رۆژئاوای پۆڵۆنیا پەسند کرا. ئەمە بوو بە هۆی گرێدانی رێککەوتننامەیەکی نوێ سەبارەت بە ترافیک، خاڵی پشکنین وپێوەندی نێوان بەرلینی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

سیاسەتی نوێی ئابووری (نێپ) ***New Economic Plan(N.E.P)***

سیاسەتێکە کە هەتا مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١ لە لایەن لنینەوە جێبە جێ دەکرا، بەڵام ستالین هەر لەو ساڵەدا سەرەرای دژایەتیی " دەستە راست" یەکان بەرێبەرایەتیی بۆ خارین، درێژەپێدان بەم سیاسەتەی راگرت. بە پێی ئەم سیاسەتە، بە مەبەستی ئامادەکردنی هەلومەرج بۆ دامەزراندی ئابوورییەکی تەواو سۆسیالیستی، رێگا بە هێندێک لایەنی ئابووری سەرمایەداری لە ناو سۆڤیەت دا، درا.

سیاسەتی گۆپاڵی گەورە Big Stick Policy

ئاماژەبەگرتنەبەری سیاسەتی زۆروهێز لە بوارە نێوخۆیی و بیانەکاندایە. یەکەمجار رۆزڤەڵت کەڵکی لەم زاراوە وەرگرت. رۆزڤەڵت وتبووی: " ئەگەر گۆپاڵێکی گەورەت بەدەستەوە بوو، بە هێواشی قسەبکا".

سیاسەتی دەرەوە Foréign Policy

بریتیە لە ستراتیژیی یان زنجیرە کردەوەیەکی لە پێش دارێژراو لە لایەن بریار بە دەستەکانی حکومەت بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتیمانی و لە گۆرەپانی نێو دەوڵەتی دا. سیاسەتی دەرەوە دیاریکردن، بەرێوە بردن و دابینکردنی کۆمەڵێک ئامانج و بەرژەوەندی نیشتمانیە کە لە گۆرەپانی نێو دەوڵەتی دا لە لایەن دەوڵەتەکانەوە جێبەجێ دەکرێ. سیاسەتی دەرەوە هەروەها دەتوانێ بەمانای دەستپێشخەری دەوڵەت یان دژکردەوەی ئەو دەوڵەتە لە بەرامبەر کردەوەی دەوڵەتانی دیکەدا بێ.

بە پێی بۆ چوونی ریمۆن ئارۆن؛ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان لە خۆیدا دەرئەنجامی هەڵچون و داچوونی نێو خۆی کۆمەڵگایە. بەڵام تۆرێک لە پێوەندییە تەنراوەکانیش لە ئاستی جیهان دا پێک دێنێ کە دەبنە یەکگرتوویی یان دەبنە هۆی دامەزراندنی ئەو پێوەندییانەی کە پێوەندیەکی ئەوتۆیان بە دەوڵەتەکانەوە نیە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی دەرەوە درێژەی سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتە. لەسەر ئەم بنەمایە تایبەتمەندی سیستەمی سیاسی لە بواری پێکهاتەیی و هەڵسوکەوت دا دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەری لە شێوەی لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکان، ستراتیژییەکان و ئامانجەکان دابگێرێ.

سیاسەتی دەرەوە لە واتا ئەمرۆییەکەی دا: هاوتەریب و جمکی "دەوڵەتی نەتەوەیی" یە. هەڵبەت مێژووی "سیاسەتی دەرەوە" دەگەرێتەوە بۆ یەکەمین پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، بەڵام لە شێوە ئەمرۆییەکەیدا، لەسەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتە ئەورووپیەکان لە سەدەی ١٧دا هاتۆتە ئاراوە". هەڵبەت سەرچاوەی سیاسەتی دەرەوەش وەکوو تایبەتمەندیەکانی دیکەی دەوڵەت _ نەتەوەکان بۆ دەوڵەتە میرنشینە سەربەخۆکانی ئەورووپا دەگەرێتەوە.

سیاسەتی دەرەوە بە مانای ئەمرۆییەکەی لە دوای مافی " سەروەری " دەوڵەتەکان هاتە ئاراوە. بەپێی بۆچوونی مۆرگێنتا، لە میرنشینە سەربەخۆکاندا " سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە راستیدا

نیشتمانی نەبوو، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەرەبابی بوو و خەڵک زیاتر لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتەکانی پاشادا هەستیان بە نزیکایەتی دەکرد، هەتا ئەوەی لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتەکانی کۆمەڵەیەکی وەکوو نەتەوەدا، ئەو هەست بە نزیکایەتی بکەن. هەرەکوو چۆن گۆتە لە ژیاننامەی خۆیدا باس دەکا: " هەموومان بۆ فریدریشی (گەورە) هەستی خۆشحالیمان دەردەبری، بەڵام بایەخێکمان بە پرۆس نەدەدا".

لە شۆرشی فەرەنسا بەملاوە کە ناسیونالیزم بەرەبەرە هەمووتوخمەکانی دەسەڵاتدارەتیی و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پێکەوە بەستەوە، سیاسەتی دەرەوەش بەرەبەرە بە خواست و هەستی نەتەوایەتیەوە بەستراوە. دەتوانین بڵێین :" هاوکات لەگەڵ شەرەکانی ناپلیۆن دا، سەردەمی شەرەکان و سیاسەتی دەرەوەی نیشتمانی دەستی پێکرد. یانی هەستی یەکبوونی کۆمەڵە گەورەکانی هاووڵاتیانی نەتەوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتی نەتەوەیی و سیاسەتە نەتەوەییەکان، جێگەی هەست نزیکایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی بەرەبابی دا گرتەوە". مۆرگێنتا پێیوایە کاتێک تالیران لە ساڵی ١٨٠٨دا بە ئەلەکساندێر، تزاری رووسیای ووت:" راین، ئالپ و پیرنە بەشی فەرەنسەن و شوێنەکانی دیکەی ئیمپراتۆریا بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ فەرەنسە نیە"، ئاماژە بەم ئالوگۆرە دەکا.

هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەرەبەرە گرنگی و بایەخی سیاسەتی دەرەوە بۆ رێژەیەکی زۆرتر لە هاووڵاتیان روون بۆوە. هەڵبەت لە کاتە ئاساییەکان دا خەڵک زۆر بایەخ بە سیاسەتی دەروەی وڵاتەکانیان نادەن . بایەخدان بە سیاسەتی دەرەوە، شانبەشانی ئالووگۆرەکان وروتی گەشەسەندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بەرەوپێشەوە دەروا. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە لە درێژەی ئەم رەوتەدا، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە سەدەی بیستەمدا زیاتر بەرەو دیموکراسی هەنگاوی هەڵێناوە، بەڵام ئەمە تەنیا لە بەرئەوە نەبووە کە رای گشتی لە ساڵەکانی پێش لە ١٩٤٠ گرنگی زیاتری پەیدا کردووە، بەڵکوو زیاتر لە بەر ئەوە بووە کە دەبێ سیاسەت باشترکردنی ژیانی خەڵک لەگەڵ ئامانجەکانی بەرێوەبەری وڵات لەبەرچاو بگرێ.

لەگەڵ سەرهەڵدانی جیهانی دووجەمسەری و دژایەتیکردنی بەرەی سەرمایەداری لەگەڵ جیهانی کۆمۆنیستی و جیهانی سێهەم دا " سیاسەتی دەرەوە" بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەروا و زیاتر لە شێوە نەریتیەکان دوور دەکەوێتەوە، بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەمەبەستی رێکخستنی سیاسەتەکان و رۆڵی سیستەمی سەرمایەداری نێو دەوڵەتی بە رێبەرایەتیی و

www.perawipepwle.com

لەسەر پێشنیاری ئەمەریکا، کۆمیسیۆنێکی سێ لایەنە لە ئەمەریکای باکوور، ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژئاوا پێکهات. ئەم دامەزراوە سیاسی_ئابوورییەی وڵاتانی پیشەسازی زیاتر لە ٤٠٠ ئەندامی هەیە و بە شێوەی ڕێک وپێک بە مەبەستی ڕێکخستنی سیاسەتەکان کۆدەبنەوە. بنکەی ئەم ڕێکخراوە لە نیۆیۆرکە. لەراستی دا ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەستراگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتی تایبەتی لە سەر مەسەلە گرنگەکان و بڕیاردان لە لایەن دەستەی بەڕیوبەریی وڵاتانی پیشەسازییە.

سەرەرای ئاڵۆزتر بوون و پرۆفیشناڵ بوونی چەمکی سیاسەتی دەرەوەو پاوانکردنی هەرچی زیاتری سیاسەتی دەرەوە لەلایەن بژاردە لێهاتووەکانی سیاسەت و نوقم بوونی هەرچی زیاتری خەڵک لە بەکاربردن(مصرف) و کاروباری ڕۆژانەی ناسیاسیی، هاوڵاتیان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا، بایەخێکی زۆریان بە سیاسەتی دەرەوە داوە . ئەم دیاردە بۆچەند هۆکاری جیاواز دەگەڕیتەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بەقسەکانی مورگێنتا دەکەین کە لەسەر ئەم بابەتە وتوویەتی:

" لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم دا، بێ هیوایی و دڵەراوکێ قووڵەکان بوون بەهۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان زیاتر لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتی دەرەوەی نەتەوەییدا هەست بە نزیکایەتی بکەن. چڕتربوون و پوختتربوونی ئەم هەستی یەکبوون و نزیکایەتیە یەکێک لە هۆکارەکانی تووند و تیژی و بێبەزەیی لە سیاسەتی دەرەوەی هاوچەرخدا بووە. سیاسەتە داگیرکارانە نەتەوەییەکان دەبنە هۆکارێک بۆ پێک هەڵپڕژانی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکترداو تارادەیەکی زۆر هەموو خەڵک بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و بەهەستێکی گەرم و گوڕەوە، کە وێنەی ئەم لەخۆبوردووییە لە مێژوودا تەنیا سەبارەت بە بابەتە ئایینەکان بینراوە، پشتیوانی لە سیاسەتەکانی دەروەی دەوڵەتەکانیان دەکەن".

سیاسەتی دەرگا کراوەکان — *Open Door Policy*

ئەم زاراوەیە بە سیاسەتێک دەگوترێ کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن جۆن هێی، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٩ دا بۆ پەرە پێدانی ئابووری چین بەمەبەستی پاراستنی سەربەخۆی و یەکیەتیی سیاسی ئەو وڵاتە پێشنیار کرا.

ئەم زاراوەیە ئەمرۆکە بەو ڕێچکە ئابوورییانە دەگوترێ کە بە پێی ئەم ڕێچکانە لە بواری بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، کۆمەڵە ڕێوشوێنێک ڕەچاو دەکرێن کە مافی پاوان کردن و یان ئیمتیازێکی تایبەتی بەهیچ وڵاتێک نادرێ.

سیاسەتی هێز Power Polltics

سیاسەتی هێز، بە بەراوردکردنی رادەی هێزو توانایی و هەروەها بە دزەکردنی بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە ' گەورەکان لە شوێنەکانی دیکەی جیهان دەگوترێ. رەخنە گرانی "سیاسەتی هێز " حەزدەکەن بە جێگای ئەم سیاسەتە، ئەخلاق، یاسا و یەکسانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان دا بچەسپێنن. تاقمێکی دیکە پێیانوایە تائەو کاتەی کە جیهان بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییە سەربەخۆکان دابەش بووە، هیچ ئەلتەرناتیڤێک ناتوانێ جێگای هێز لە پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکان دا بگرێتەوە.

سیاسەتی ناوچەیی (خۆجەیی) Community Politics

زاراوەیەکە کە ئاماژە بە چڕبوونەوەی سەرنجی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن بە مەسەلە خۆجێیەکان دەکا کە لە روانگەی رەخنەگرانی ئەم سیاسەتە، سیاسەتی ناوچەیی بە زیانی سیاسەتە یەکگرتووی نیشتمانیە. ئەم زاراوەیە لە دوای سەرکەوتنی لیبراڵەکان لە هەڵبژاردنی تەکمیلی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ لە بەریتانیادا هاتەئاراوە و نیشاندەری تاکتیکی لیبراڵەکان لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەتەکمیلیەکانی دواتردا بوو.

سیاسەتی بەشداریکردن Engagement

یەکێک لە رێچکە سیاسیەکانی ئەمەریکا بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن سەرۆکی فەرماندەی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان راگەیەنرا کە درێژەی سیاسەتی بەرفراوان کردن (Enlargemenut) بوو. ئامانجی ئەم سیاسەتە گونجانی گەلاڵە سەربازی و ستراتیژییەکان لەگەڵ چەمکی بەرفراوان کردن دایە. ئەم گەلاڵانە بەپێی ئەکتەرەکان (دەوڵەتەکان) و هێزوتوانایی ئەوان رێک دەخرێ، ستراتیژیی تێکهەڵچون لەبەرامبەر دۆستان و هاوپەیمانەکانیان لەسەر بنەمای هاوکاری کردن لەگەڵ ئەوان راوەستاوە. لەم حاڵەتەدا هەوڵەکانی ئەمەریکا لە دۆکتۆرینی سیاسی نیکسۆن ئیلهام وەردەگرێ. یانی دۆستان و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بە هۆی یارمەتیدانی ئەم وڵاتانە، بەرپرسیارەتیەکی زیاتر لە پاراستنی ئاشتی و جێگیری لە ناوچەی خۆیاندا لە ئەستۆ دەگرن. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ئەکتەرانەدا، هەژمۆنی ئایدۆلۆجی و رێبەری؛ دوو تەوەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێک دەهێنن.

چەمکی دووهەم سەبارەت بەو وڵاتە بەهێزانەیە کە وەکوو ئەمەریکا خاوەن هێز و دەسەڵاتن و ئەمەریکاش ناتوانێ سیاسەتی بەرفراوان کردن بە سەر ئەم وڵاتانەدا بسەپێنێ. لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا تێکەڵاوێک لە دەسەڵات و رێبەری جێبەجێ دەکاو ئەگەر هات و ئەم وڵاتانە دژ کردەوەی نیگەتیڤیان سەبارەت بەم سیاسەتەی ئەمەریکا هەبوو، ئەمەریکا لەگەڵیان پێک دێ و لە ستراتیژی "گێرانەوە" کەڵک وەردەگرێ.

مەسەلەی مافی مرۆڤ و بازرگانیی کردن لەگەڵ کۆماری گەلیی چین، نموونەیەکی ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا بوو. ئەمەریکا سەبارەت بە وڵاتانی بێ هێز یان وڵاتانی سەربزێو کە دەسەڵاتێکی ئابووری یان سەربازی ئەوتۆیان نیە، لە ستراتیژی زۆر کەڵک وەردەگرێ. ئەم ستراتیژیە پێش بەو هەڕەشە گرنگانە دەگرێ کە ئاسایشی ناوچەکە دەخەنە مەترسیەوە.

سیاسەتی بەسترانەوە Linkage Politics

شێوازێک بۆ شیکردنەوەی پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکانە. سێ شێوەی سەرەکی سیاسەتی بەسترانەوە بریتین لە:

١. دزەکردن، وەکوو دزەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەڵمان و ژاپۆن لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی

٢. دژ کردەوەیی: وەکوو بردنە سەری بوودجەی بەرگری وڵات لە بەرامبەر زۆر کردنی چەک و چۆلی ئەو وڵاتانەی کە بۆنی دۆستایەتیان لێ نەدەهات.

٣. رکابەری؛ وەکوو پەرەپێدانی هەوڵەکانی خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی رۆژئاوادا.

سیاسەتی ریئاڵ Real Politik

ئەم زاراوە کە هاوتا ئەڵمانیەکەی ریئال پۆلیتیکە، یەکەمجار لە لایەن لۆدڤیک ـ ڤۆن روخۆ، رۆژنامەنووسی بە ناوبانگی ئەڵمانیا هاتە ئاراوە. ئامانجی روخۆ رەخنە گرتن لە نەبوونی ریئالیسم لە سیاسەتە ئازادیخوازەکانی ئەڵمانیا لە ساڵەکانی ١٨٤٩-١٨٤٨ دایە. ئەم زاراوەیە بە سیاسەتی بیسمارک لە ساڵەکانی یەکیەتیی ئەڵمانیا و پاش ئەو ماوەیەش دەگوترێ. دەبێ سیاسەتی ریئالیستی لە سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەو لە سیاسەتی پشت بستنی بێ بەزەییانە بە هێز جیا بکەینەوە. تیۆری

دارێژانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئەمەریکاش کە دژی کەڵک وەرگرتن لە توخمە ئایدۆلۆجیاکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادان، لەم چەمکە کەڵکیان وەرگرتووە.

سی. ئێن. ئێن — *Cable News Network (C.N.N)*

تۆڕێکی نێو دەوڵەتیی هەواڵی ٢٤ کاتژمێرەی ئەمەریکیە کە لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن "تێدتیرنێر"، سەرمایەداری بەناوبانگی ئەمەریکی دامەزرا. بنکەی سەرەکی CNN لە ئاتلانتا، ناوەندی ویلایەتی جۆرجیایە. ئەم تۆرەتەلەفیزیۆنیە بە بلاّوکردنەوەی بەرنامەی راستەخۆی تەلەفیزیۆنی لە بەغداوە لە رەوتی شەڕی دووهەمی کەنداو(١٩٩١) شەرەکانی بۆسنەوهێرزە گۆڤین لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ و رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ی نێویۆرک، زۆر بەناوبانگ بووە.

سیستەم

زاراوەی سیستەم لە وشەی Sustema وەرگیراوە کە بەمانای " کۆمەڵ"ە. ئەم زاراوە لە بەشە جیاوازە فەلسەفی، کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکان، ئەم واتایانە لەخۆ دەگرێ:

الفـ لەروانگەی فەلسەفی؛ وشەی سیستەم بە کۆی ئەو بنەمایانە دەگوترێ کە ریبازێکی فەلسەفی یان زانستی یان زانایەک بروای پێیانە. بۆ وێنە دەڵێن سیستەمی دیکارت یان سیستەمی دەیڤیی.

بـ لەهێندێک لە زمانە بیانەکان دا، وشەی سیستەم بەواتای تێکەلاّو کردنی بەشە رێکخەرەکان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام یان شێوازێکی جێگرو دیاریکراوە و لە زانستی پزیشکی، ئەستێرەناسی و کێش ناسی دا کەڵکیان لەم چەمکە وەرگرتووە.

جـ لە زانستی سیاسەت دا، سیستەم بەمانای شێوەی حکوومەت کردنە. بۆ وێنە دەڵێن: سیستەمی فیئودالیزم، سیستەمی سەرمایەداری یان سیستەمی پەرلەمانی.

* * *

سەلاحییەت — *JurisDisdiction / Competence*

سەلاحیەت ئەم واتایانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

١ـ چوارچێوەیەک لە دەسەڵاتی حکومەتی تێدا بەڕێوە دەچێ.
٢ـ ڕادەی دەسەڵات و توانایییەکانی دادگایەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.
٣ـ ڕادەی دەسەڵات و توانایییەکان بە گشتی.
٤ـ لێهاتوویی و لێوەشاوەیی Competence ی کەسێکی سیاسی (سەرۆک کۆمار، سەرۆک وزیران و وەزیران).

بە پێی دەستوری هێندێک لە وڵاتەکان، هەرکاتێک کە کەسێکی سیاسی، بەتوانا و لێهاتوو نەبێ، پەرلەمان دەنگ بە نالێهاتوویی ئەو کەسە دەدا و لە سەرکاری لادەبا.

سندووقی نێودەوڵەتیی دراو
IMF (International Monetary Fund)

سندووقی نێو دەوڵەتی دراو وەکوو بەشێک لە سیستەمی بێرتون ڤوودز لە ساڵی ١٩٤٤دا دامەزرا و پاشان بوو بە بەشێک لە پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. سندووقی دراو لەگەڵ بانکی جیهانیدا یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی کارگێڕی لە پێوەندییە ئابوورییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیە. هەروەکوو لە ناوەکەی دا (سندوقی نێو دەوڵەتیی دراو) دەردەکەوێ، ئامانج لە پێکهێنانی ئەم سندووقە پێشکەش کردنی نەخینەی نێودەوڵەتیی بە دەوڵەتانی ئەندام لە هەلومەرجێک دایە کە ئەوان نەتوانن Blance of Peyments بدەن. جگە لەمە بڕیاربوو سندووق سیستەمی نرخی ئالووگۆڕی سەقامگرتوو بەڕێوەبەرێ. هەر دراوێک " بە هایەکی یەکسانیی" هەبوو کە بە پێی دۆلار دیاری دەکرا.

ئەگەر ئەگەری (گومان) ئەوە هەبوو کە Blance of Peymentsی دەرەکی دەوڵەت لە حاڵەتی "لاسەنگی تەواوەتی " دایە، لەم حاڵەتەدا دەبێ سندووقی دراو گۆڕینی نرخ پەسند بکا. هەروەکوو ئاماژەمان پێکرد، سندووق جگە لە چاوەدێری کردن بە سەر سیستەمی نرخی ئالووگۆڕدا، قەرز بەو ئەندامانەی دەدا کە تووشی دانەوەی Blance of Peyments بوون.

هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە بەر پرسانی دراوی ئەو وڵاتانەی کە قەرزەکان وەردەگرن دەست بدنە هەوڵی هاوسەنگ کردنی، لاسەنگی و لە ڕاستیدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سندووق ئەوەیە کە دیاریکردنی " مەرجەکان " بە شێک لە "کۆی یارمەتیە

www.perawipepwle.com

گشتیەکان" دەبێ. ئەو حکومەتەی کە بڕی دراوەکە وەردەگرێ بە ناردنی بە لێنناممەیەکی نووسراو بۆ سندووق، مافی دیاریکردنی ئەم مەرجانە بۆ سندووق بەرەسمی دەناسێ. کۆی ئەم ڕەوتە ـ واتا دیاریکردنی مەرجەکان کە لە دواییدا بە نووسراوە پەسند دەکرێن ـ بەراشکاوی بەواتای دابەزینی سەروەری دەوڵەتە. ئەگەرچی ئەم تایبەتمەندییە پەسند کراوە ، بەڵام مشتومڕیشی لەسەرە. نەریتی سندووق ئەوەیە کە داوا لە دەوڵەتەکان دەکا لە بەرامبەر وەرگرتنی قەرزدا، دەست بدەنە چاکسازی پێکهاتەیی بۆ لادانی لاسەنگی. بردنەسەری ڕێژەی وەرگرتنی باج، ڕێژەی قازانج، کەمکردنەوەی نرخی خەرجی بوارە گیشتییەکان، وەکوو سوبسید، لەو سیاسەتە باوانەن کە سندووق گرنگیان پێدەدا.

تەوەری هەوڵە سەرەتاییەکانی بێرتون ڤوودز، دۆلاری ئەمەریکا بوو. نرخی ئاڵوگۆڕی ئاڵتوون / دۆلار لە ساڵی ١٩٤٣ دا بە پێی ٣٠ دۆلار لە بەرامبەر هەر ئۆنس ئاڵتوون دانراو بڕیاریش درا کە ئەم نرخی ئاڵووگۆڕە لە هەر هەلومەرجێکدا جێگرە وگۆڕانی بە سەردا نایا. لە سەرەتاکانی قۆناغی نۆژەنکردنەوەی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، نیگەرانی سەرەکی سەبارەت بە دۆلار، کەمبوونی دۆلار بوو ئەگەرچی لە دەیەی ١٩٥٠دا، Blance of Peyments ی ئەمەریکا بەرەبەرە ڕووی لەکەمی کرد، بەڵام ئەم مەسەلە بە شێوەیەکی جیددی بایەخی پێ نەدرا. بەسەرنجدان بە کەمبوونی دۆلار، دەوڵەتەکانی دیکە لە سیستەمەدا کەمبوونی Blance of Peymentsی ئەمەریکایان بەدڵ بوو، کە بە ناردنی دۆلار قەرە بوو دەکرایەوە. سیستەمی سندووقی نێو دەوڵەتی دراویش لە ڕاستی دا سیستەمێک بوو کە پشتی بە ئاڵتوون دەبەست و دۆلاریش لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەدا وەکوو ئاڵتوون بەنرخ بوو.

سیستەمی نرخی ئاڵوگۆڕی سەقامگرتووی سندووق کە لە دوای ساڵی ١٩٩٤ەوە وەکوو یەکێک لە بنەماکانی سیستەم پێکهاتبوو، لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ەوە تووشی گومانی جیددی هات. لە ساڵی ١٩٦١دا کێشەی گەورەی پەرەستێن، کەمی Blance of Peymentsی ئەمەریکا بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە درێژەکێشانی ئەم کەمیە، بڕی پارەی پێویستی سیستەمیان دابین دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم مەترسیەشی پێک دێنا کە لە حاڵەتی لە ناو چوونی متمانەدا، نرخی دۆلار بەناچاری دادەبەزی. لە ئاکامیش دا کاتێک کە لە ساڵی ١٩٧١ متمانەکردن بە دولار دابەزی، ئەم ڕەوشە زۆر بەرچاوتر و گرنگتر بوو. کۆمەڵێک

له ژماره‌کان به گشتی، لاواز بوونی بازرگانیان نیشان ده‌دا و پێده‌چوو که نیشانه‌ی ئه‌وه بێ که پێوه‌ندی نێوان ئاڵتوون و دۆلار بۆ ماوه‌یه‌ک ڕابگیرێ یان کۆتایی پێ بێ. هەر ئه‌وه‌ش بووبه هۆی هێرشکردنه سه‌ر دۆلار له لایه‌ن Speculators. له ئابی ١٩٧١دا سه‌رۆک کۆماری ئه‌مه‌ریکا ڕایگه‌یاند که توانایی گۆڕینی دۆلار بۆ ئاڵتوون بۆماوه‌یه‌ک ڕاگیرێ. له کۆتایی ساڵدا له کۆبوونه‌وه‌ی هاوبه‌شی گرووپی ١٠ و کارگێرانی به‌ڕێوه‌به‌ری سندووق له سه‌ر ئه‌وه ڕێککه‌وتن که له ١٠% له به‌های دۆلار له به‌رامبه‌ر دراوی ئه‌ندامانی دیکه‌ی گرووپدا، دابشکێ. ئه‌م بڕیارانه به شێوه‌ی پراکتیکی بوونه هۆی دابه‌زینی سیسته‌می نرخه‌کانی ئالووگۆڕی سه‌قامگرتووی برۆتۆن ۆودز. به دابه‌زینی دووباره‌ی دۆلار له شوباتی ١٩٧٣ دا، ئه‌م وازیان له‌م سیسته‌مه هێناو سه‌رده‌می نوێی نرخه "هه‌ڵپه‌سێراوه‌کان"، جێگای ئه‌و سیسته‌مه‌ی گرته‌وه.

بڕیاره به‌پارێزه‌کان سه‌باره‌ت به‌م گۆڕانانه، له‌گه‌ڵ یه‌که‌مین شۆکی نه‌وتی ساڵی ١٩٧٣_١٩٧٤ که‌مبوونه‌وه. ده‌وڵه‌ته‌کان له ناکاودا له ئاستێکی به‌ربڵاودا تووشی که‌می بوودجه یا زیاده بوونی BlanceOf Peyments بوون. ئه‌گه‌ری چاکسازی پێکهاته‌یی کۆتایی پێهات و نرخی ئالووگۆڕی ناجێگیر درێژه‌ی خایاند. ڕێکه‌وتنی جامایکا له کانوونی دووهه‌می ساڵی ١٩٧٦ دا به پێدا چوونه‌وه‌ی پێڕوو پرۆگرامی سندووق، مه‌شروعییه‌تی به ناجێگیربوونینرخی ئاڵوگۆڕدا. له‌و کاته‌وه‌به‌رپرسانی بانکه ناوه‌ندییه‌کانی ده‌وڵه‌ته سه‌ره‌کیه‌کانی گرووپی ١٠ به شێوه‌ی کرده‌یی تاراده‌یه‌کی زۆر قه‌رزه‌کانی خۆیان ڕێک خستووه. له ڕێکه‌وتنی جامایکا له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش پێداگری کرا که له داهاتوودا مافی هه‌ڵگرتنی تایبه‌تی (Special Drawing Right / SDR)

قه‌یرانی قه‌رزه‌کانی ده‌یه‌ی ١٩٨٠ له بواره گرنگه‌کانی ستراتیژیی کارگێری سندووقی نێو ده‌وڵه‌تیی دراوبوو. بڕی یارمه‌تیی سندووقی نێو ده‌وڵه‌تیی دراو به مه‌کزیک (تشرینی دووهه‌می ١٩٨٢) نزیکه‌ی ٤ میلیارد دۆلار له دارایی سندووقی له به‌رامبه‌ر چاکسازی پێکهاته‌یی وه‌کوو که‌میی بووجه و سوسییده‌کان له لایه‌ن حکوومه‌تی مه‌کزیکه‌وه درێژ کرده‌وه. مه‌رجێکی دیکه‌ی سندووقی نێو ده‌وڵه‌تیی دراو بریتی بوو له Credit پێنج میلیارد دۆلاری له بانکه بازرگانیه‌کان له به‌رامبه‌ر دراوی سندووقی نێو ده‌ڵه‌تیی دراو. ڕێکه‌وتنی مه‌کزیک بووه نموونه‌یه‌ک بۆ "کۆمه‌ڵه یارمه‌تیه‌کانی " سندووقی نێو ده‌وڵه‌تیی دراو. به چوونه سه‌ری قه‌رزه‌کان له چاو به‌رهه‌م هێنانی

نەپالآتووی نێوخۆیی، نرخی گەشە بە توندی دابەزی. بە سترانەوەی سندووق بە پێکهێنانی چاکسازی پێکهاتەیی بووە ئامانجی هێرشە حیزبی و سیاسییەکانی گرووپەنەیارەکانی.

لە ئاکام دا بە هۆی بەرنامەی ناو بریدی (Drady Plan) دەستپێشخەرییەکی نوێ بۆ رانووسانی دووبارە بەمەبەستی کەمکردنەوەی دانی .... لە هێندێک بواردا، هەلوەشانەوەی گشتی قەرزەکان راگەیەنرا. بە گشتی سندووقی نێو دەوڵەتیی دراو هەروا لە سەر چاکسازی پێکهاتەیی وەکوو مەرجی بەخشینی قەرزەکان پێداگری دەکا.

سەهیۆنیزم *Zionism*

رەوتێکی ناسیۆنالیستی دەمارگرژی بورژوازی جوولەکەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ لە ئەورووپادا سەری هەڵدا و ئیستاکە بۆتە ئایدۆلۆژی رەسمیی رژێمی ئیسرائیل ئەمناوە لە سەهیۆن ــ شۆێنێک لە نزیک ئورشەلیم ــ کە بۆ جوولەکەکان پیرۆزە، وەرگیراوە. لە ساڵی ١٨٩٧ دا کۆمەڵێک بە ناوی رێکخراوی جیهانیی سەهیۆنیزم پێکهات کە رایگەیاند ئامانجی ئەو کۆمەڵە راگواستنی هەموو جوولەکەکان بۆ فەلەستینە. توانایی ماددی ئەم رێکخراوە ئیستاکە شان لە شانی سامانی گەورەترین کۆمپانیا پاوانخوازەکانی جیهان دەدا و لە زۆربەی کۆمپانیاکانی جیهان دا خاوەن پشکە. بنکەی سەرەکی ئەم رێکخراوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. سەهیۆنیزم گەلی جوولەکە بەشتێکی دەگمەن دەزانێ و پێیوایە کە جوولەکەکان هەڵبژاردەی خودان و ئەرکێکی تایبەتیان لە سەر شانە.

سێزاریزم *Caesarism*

سێزاریزم یا قەیسەریزم لە ناوی سێزاری رۆم وەرگیراوە و بۆ پێناسەی شێوەیەکی تایبەتی لە حکوومەتی رەهای تاکەکەسی یان دیکتاتۆری کەڵکی لێوەردەگیردرێ، کە کۆنترۆڵی دامەزراوەیەکی سەربازی لەگەڵ پشتوانی بەرچاوی جەماوەر تێکەڵاو بکا تا ببێتە خاوەن پێگەیەکی بەرزتر لە ناو وڵاتدا.

بە ڕای گرامیشی " سیزاریزم نیشانەی ڕەوشێکە کە لەورەوشەدا، هێزە دوژمنەکان هاوسەنگیەکی کارەساتباریان هەیە و درێژەی دوژمنایەتیەکەشیان تەنیا دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هەردوولایەنیان. کاتێک کە هێزی پێشکەوتووی "الف" لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستی "ب"دا شەڕدەکا و لە هەمان کاتدا کە هیچ کامیان ناتوانن بە سەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بێ، ئەوکات هێزێکی سێهەمی "ج" لە دەرەوە دێتە ناو بازنەکە و بەسەر پاشماوەی ئەم دووهێزەدا زاڵ دەبێ. ئەگەرچی لە هەموو حاڵەتەکاندا سیزاریزم، ئاماژە بە چارەسەرێکی تایبەتیە کە بەپێی ئەو چارەسەریە لە هەلومەرجێکی مێژوویی ـ سیاسیدا بە تایبەتمەندی هاوسەنگیەکی کارەساتباری هێزەکان، ئەرکی هەڵسانگاندن" دەسپێردرێتە کەسایەتیەکی گەورە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، هەموو حاڵەتەکانی سیزاریزم گرنگیەکی مێژوویی یەکسانیان نیە. [لە مێژوودا] شێوەی پێشکەوتوو کۆنەپەرەستانەی سیزاریزم دەبینرێ. لە شیکردنەوەی کۆتاییدا گرنگی هەرکام لەم شێوانە بە لەبەرچاوگرتنی بواری مێژووی عەینی وتەنیا بە پشت بستن بە یاساکانی کۆمەڵناسی دەرناکەون. سیزاریزم ئەوکاتە پێشکەوتووە کە بوون و سەرهەڵدانەکەی ببێتە هۆی سەرکەوتنی هێزە پێشکەوتووەکان، تەنانەت ئەگەر ئەم سەرکەوتنە تووشی کۆت وبەندو سازانیش بێ. لە بەرامبەردا، سیزاریزم کاتێک کۆنەپەرستانەیە کە بوون و سەرهەڵدانەکەی ببێتە هۆی سەرکەوتنی هێزە کۆنەپەرستەکان. لەم حاڵەتەشدا ئاساییە کە کۆت و بەند و پێکهاتن لە ئارادابێ کە گرنگی و بایەخ و ڕەهەندەکانی لەگەڵ کۆت و بەندەکانی جۆری یەکەمدا جیاوازیان دەبێ. ژۆلیۆس قەیسەر و ناپلیۆن، نموونەی سیزاریزمی پێشکەوتوو و ناپلیۆنی سێهەم و بیسمارکیش نموونەی سیزاریزمی کۆنەپەرستانەن.

سکۆلاستیک (بزووتنەوەی قوتابخانەیی سەدەکانی ناوەڕاست)
Scholasticism

بزووتنەوەیەکی مێژووی بیروڕا سیاسییەکانی ڕۆژئاوایە. ڕێبەرەکانی ئەم بزووتنەوە، زانایانی گەورەی سەدەکانی نێوەڕاست بوون. ئانسلێم، ئابلار، پێترۆی لێمبارد، ئالبێرتۆس ماگنۆس و ئالبێرتی گەورە و لە دواییشدا توماس ئاکویناس، گروتیینی بەم بزووتنەوەدا.

بزووتنەوەی قوتابخانەیی ئەوروپا لە شێوازە پێشکەوتووەکەیدا، ئاکامی پروپاگەندەو لێکۆڵینەوە ئاکادمیەکان بوو. زانکۆ یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە کە

وەکوو پاشماوەیەکی گەورە ـ لە راستیشدا گەورەترین پاشماوەی ئەو سەردەمە ـ گوازراوەتەوە بۆ جیهانی هاوچەرخ. زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەرەتادا لایەنی ڕێکخراوەییەیان هەبوو و بە شێوەی کۆمەڵە ڕێکخراوەییەکانی مامۆستایان و قوتابیان دەستبەکار بوون. کۆنترین زانکۆکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە هێندێک ناوەندی پسپۆری، بەو واتایەی کە هەرکامیان تەنیا لە بوارێکی تایبەتی زانستدا قوتابیان پەروەردە دەکرد. بۆ وێنە کۆنترین زانکۆی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست ـــــ زانکۆی سالێرنۆ ـــــ قوتابخانەیەکی تایبەتی فێرکردنی پزیشکی بوو. زانکۆکانی بولۆنی و پادۆئا هەموو هەوڵی خۆیان بۆ فێرکردنی بوارە یاساییەکان تەرخان کردبوو. ئەم زانکۆ تایبەتیانە (لە بواری پسپۆرییەوە) لە بواری چۆنیەتی کار کردنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەبوو. (چوونکە لەو ڕێکخراوانەشدا ئەوانە لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونە کە لە بوارێکدا کاریان دەکردو یەکیەتیان پێکدێنا). ئامانجی ئەم ڕێکخراوە پیشەییانە ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندی ئەندامەکانیان بکەن و شێواز و تەکنیکەکانی ئەو بوارە فێری ئەو لاوانە بکەن کە تازە دەهاتنە ناو ئەو پیشەوە. یەکیەتیە پیشەییەکانی زانکۆکانیش لە سەدەکانی ناوەڕاست هەر ئەم ئامانجەی ڕێکخراوە پێشیەکانیان هەبوو. بۆوێنە دەزگای " ماڵی زانستی بۆلۆنی" یەکیەتیەکی پیشەیی مافناسەکانی ئەو سەردەمە بوو. بەڵام جیاوازی بنەڕەتیی ئەم دەزگایانە لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوە بوو کە سەبارەت بەو شتەی کە دەیانزانی بەرچاوتەنگ بوون و شتیان فێری خەڵک دەکرد و پاشانیش ئەندامەیتی ئەم یەکیەتیانە لە بەردەست کۆمەڵێک کەسی تایبەتیدا نەبوو. یەکیەتیی پیشەیی زانکۆی بۆلۆنی بە پێچەوانەی یەکیەتیە پیشیەکانی دیکە هەوڵی نەدەدا کە لە زانیارییە زانستیەکانی خۆی (بواری یاسا) وەموو گەنجێکی سەربەمۆر پارێزگاری بکا و یان تەنیا ئەو زانیاریانە فێری ئەو کەسانە بکا کە بە کومەڵێک مەرج و کۆت وبەندەوە بوونە ئەندامی یەکیەتیەکەیان. ئەوە لەلایەکی دیکەوە ئەم راستیەی دەردەخست کە یەکیەتیی پیشەیی زانکۆی بۆلۆنی بوارەپسپۆرییەکەی خۆی (یاسا) بە لقێکی زانستی مرۆڤەکان دادەنا کە مرۆڤەکان حەزدەکەن لە مبارەوە شت بزانن. ئەمە بە پێچەوانەی بیری زاڵی ڕێکخراوە پیشەیەکانی دیکە بوو کە زانیارییەکانی خۆیان تەنیا فێری کۆمەڵێک کەسی تایبەتی دەکرد.

www.perawipepwle.com

بەڵام نابێ پێمان وابێ کە تەنیا قوتابخانە عەلمانیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست تاکە سەرچاوەی زانکۆکان بوون. ئایینیش بەش بە حاڵی خۆی لەم نێوەدا ڕۆڵی هەبووە و لە سەردەمە کۆنەکانەوە هێندێک قوتابخانەی ئایینی دامەزراون کە لە ژێر چاوەدێری کلیسادا بەڕێوە دەچوون. لە حاڵێکدا کە پەرستگە ئایینیەکان بەپێی عورف پەروەردەکردنی ئەندامان و کەسە ئایینیەکانیان لە ئەستۆدڵ بووە.

ئەگەر لە بواری پسپۆڕی و شارەزاییەوە چاو لە شتەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پەروەردەی کلیساش جۆرە پەروەردییەکی پسپۆڕانە بووە، چوونکە ئامانجە بنەڕەتیەکەی ئەوە بووە کە قوتابیان خۆی بکاتە قشە یان بیانکاتە ڕاهیب. بەڵام لەو حاڵەتەشدا سنووردانان، لە نێوان ئەو شتەی کە تەنیا پەروەردەی پسپۆڕانە و تایبەتی بوو لەگەڵ ئەو شتەی کە هیی هەموومرۆڤایەتی بوو، لەگەڵ حاڵەتی پێشوودا (زانکۆ عەلمانیەکان) ئەستەمترە. گرنگترین مەرجی قوتابخانە ئایینیەکان بۆ قەشەکان (یان بۆ ئەو کەسانەی بۆ ئەم مەبەستە ڕادەهاتن) ئەوە بوو کە لە بواری ئایینی مەسیحیدا زانیاریان هەبێ، بەڵام ئەمە تەنیا تایبەت بە قەشەکان نەبوو، بەڵکوو هەموو مرۆڤەکان حەزیان دەکرد لەم پێوەندییەدا زانیاریان هەبێ. قەشەکان و کەسانی دیکە لە بوارەکانی دیکەی ژیان لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاواز بوون. بەڵام قەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەم ڕوانگەوە لە پاسەوانانی کۆماری ئەفلاتوون دەچوون کە مەرجی گەیشتن بە پلە و پایە شیاوەکان بۆ هەر دوولایان (هەم بۆ پاسەوانان و هەم بۆ قەشەکان) هەبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بوون کە بەگشتی مرۆڤێک دەکەنە مرۆڤێکی ڕێک و پێک و چاک. دەتوانین بڵێین کە پەروەردەکردنی پیاوە ئایینەکان لەوسەردەمەدا، وەکوو پەروەردەکردنی پاسەوانانی ئەفلاتوون لە ڕاستیدا جۆرێک پەروەردەی گشتی لە ژێر ڕووبەندی پەروەردەی پیشەییدا بووە.

ئەوکاتە هەنگاوی گرنگ بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی زانکۆکان هەڵگیرا، کە پەروەردەو وانە تایبەتیەکان لە کۆلێژێکدا کەسەر بە بۆارێکی تایبەتی بوو، چڕکرانەوە کە بۆ یەکەمجار لە پاریسدا جێبەجێ بوو. لە سەرەتاکانی سەدەی ١٣دا، زانکۆی پاریس ٤ کۆلێژی یاسا، پزیشکی، ئەدەبیات، و خواناسی هەبوو و هەموو زانکۆکانی ئەورووپا چاویان لە ڕێکخستنی زانکۆی پاریس کرد.

سیستەمی سەرپەرستیاری Trusteeship System

سیستەمێکە کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دامەزراوەو بەپێی ئەو سیستەمە وڵاتێکی ژێرسەرەپەرستیاری لە ژێر چاوەدێری ئەنجوومەنی سەرپەرستیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان،لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە یان لە ژێر چاوەدێری خوودی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەچێ. سیستەمی سەرپەرستیاری کە لە ژێر دەسەڵاتی گشتی کۆمەڵەی گشتی UNدا بەڕێوە دەچێ، بەپێی بەشەکانی ١٢و ١٣ی پێڕەوپرۆگرامی UN وەکوو شێوازێک بۆ بردنەسەری ئاستی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی وڵاتانی ژێر سەرپەرەستیاری، تاو ئەو کاتەی کە مافی پێکهێنانی دەوڵەت و پاشانیش سەربەخۆییان دەبێ، دامەزرا. سیستەمی سەرپەرستیاری جێگەی سیستەمی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی نەتەوەکانی گرتەوە و ئەو وڵاتانەی بە هۆی سیستەمی نوێنەرایەتیی کۆنەوە بەڕێوە دەچوون، جگە نامیبیا، لە لایەن دەسەڵاتە سەرەپەرەستەکانەوە خرانە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەرپەرستیارییەوە. ئەفریقیای باشوور پێیوابوو کە بە نەمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، سیستەمی نوێنەرایەتیش تەمەنی بە سەر چووە، کەواتە ئەفریقیای باشوور دەیتوانی نامیبیا بکاتە بەشێک لە خاکی خۆی. دیوانی نێودەوڵەتیی داد لە ساڵی ١٩٥٠دا لە کێشەی " ڕەوشی نێودەوڵەتیی ئەفریقیای باشووری ڕۆژئاوا(نامیبیا) " دا بە پێی دەنگی ڕاوێژکاریی خۆی، ئەم داواییەی ئەفریقیای باشووری ڕەت کردەوە. ئەو وڵاتانەی کە چووبوونە ژێر سیستەمی سەرپەرستیاری یان بۆ ئەوە دەبوون بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەم سیستەمەوە جگە لە حاڵەتی نامیبیا، ئەو وڵاتانەشی دەگرتەوە کە لە رابردوودا لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە دۆڕاوەکانی شەڕی جیهانی دووهەم دا بوون، یان ئەوەتا دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بۆخۆیان دیاریان دەکرد، بچنە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی سەرپەرستیاری (کەئەم حاڵەتی سێهەمە جێبەجێ نەکرا). سەرجەم ١٥ وڵات کە لە ژێر کۆنترۆڵی حەوت وڵاتدا بوون، چوونە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرپەرستیارییەوە. سەرپەرەستیاری ئەمەریکا بەسەر دوڕگەکانی ماریاناس، کارۆلنیز و مارشاڵ، ڕەوشێکی نائاسایی هێنایە ئاراوە، چوونکە ئەم کۆمەڵە وڵاتە بەپێی گرنگیی جوگرافیەکەیان لە ژێر ناوی " ناوچە ستراتیژییەکانی سەرپەرەستیاری" پۆلین بەندی کران. ئەم ناوچانە چوونە ژێردەسەڵاتیی سەربازی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە و، نەخرانە ژێر چاوەدێری کۆمەڵەی گشتی UN و ئەنجوومەنی سەرپەرستیارییەوە. تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشی هەوڵەکانی سەرپەرستیاری UN (کە

سیستەمی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیبوو) ئەوە بوو کە ئەم وڵاتانە دەیانتوانی ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرەستیی ئەنجوومەندا بینە سەرپەرەستیار. ئەمرۆکە سیستەمی سەرپەرەستیاری باوی نەماوەو تەنیا لە بواری مێژوویەوە باسی لێ دەکرێ.

سیستەمی کۆنسوڵی Consulate

بە سیستەمی حکوومەتیی فەرەنسە لە دوای ڕووخانی دیراکتۆر دەگوترێ کە لە تشرینی دووهەمی ١٧٩٩ تا ئەو سەردەمەی ناپلیۆن ڕاستەوخۆ، ئیمپراتۆری خۆی ڕاگەیاند، درێژەی کێشا. (١٨ی ئایاری١٨٠٤). ئەو سیستەمە سێ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەریی هەبوو کە لە لایەن سێ کۆنسولەوە بەڕێوە دەچوون. چوونکە ناپلیۆن کۆنسوڵی یەکەم بوو ، هەموو دەسەڵاتەکان لە بەردەست ئەودا بوون، و کۆنسولەکانی دیکە بڕیارەکانی ئەویان جێبە جێ دەکرد.

سیستەمی کۆن Ancien Régime (Old Order)

ئەم زاراوە بۆ پێناسەکردنی ئەو پێکهاتە دەوڵەتیە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ کە پێش لە شۆرشی ١٧٨٩ی فەرەنسا، دەسەڵاتی ئەم وڵاتانەی بەدەستەوەبوو. تایبەتمەندی دیاری ئەم سیستەمە، پاشایەتیی ڕەها و دابەشبوونی کۆمەڵگا بە سەرسێ چینی ئاریستۆکرات، ڕۆحانی و خەڵکی ئاسایی بوو.

سیستەمی نوێی جیهانی New World Order

زاراوەیەکە کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ و لەدوای ئاڵوگۆڕەکانی بەرەی ڕۆژهەڵاتدا هاتۆتە نێو قامووسە سیاسییەکانی جیهانەوە. سیستەمی نوێی جیهانی، پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی قۆناغی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی تا کۆتایەکانی دەیەی ٨٠، لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە کە لە دوای ئەم قۆناغە سەری هەڵداوە، جیا دەکاتەوە. هەرەسهێنانی دیواری بەرلین لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا، کۆتایی بە پێوەندییە نێودەوڵەتیە کۆنەکان هێنا و، شەڕی کەنداویش "سنووری هاوبەش" یان "هێڵی نێوان"ی سیستەمی نوێ و سیستەمی کۆن بوو.

دەسەڵاتدارەکانی پێشووی جیهان هەریەکەوە بەپێی بڕوای خۆیان بە دوای دامەزراندنی "سیستەمی نوێی جیهانی "یەوە بوون، لە مۆنرۆە بگرە تا لنین و لە هیتلەرەوە هەتا بۆش. بەڵام

سیستەمی نوێ بەواتا ئەمڕۆییەکەی زاراوەیەکی لێل و ناروونە کە هەرکەسێک پێناسەیەکی تایبەتی لەسەر ئەم چەمکە دەکا. لە دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت لە ڕێکەوتی ٢ی ئابی١٩٩٠ و ناردنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ عەرەبستان، جۆرج بۆش سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٩٠دا لە بەرامبەر نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمەریکادا بەم شێوە سەبارەت بە سیستەمی نوێی جیهانی دوا:

"جیهانێکی زۆر جیاواز لەو جیهانەی کە ناسیومانە. جیهانێک کە لەودا دەسەڵاتی یاسا جێگەی یاسای دارستان دەگرێتەوە. جیهانێک کە وڵاتان بەرپرسیارەتی هاوبەش بە ئازادی و یەکسانیی بەرەسمیی دەناسن و جیهانێک کە بەهێزەکان، ڕێز بۆ مافی بێ هێزەکان دادەنێن.

ئالێن دۆبنوا، بیریار و نووسەری فەرەنسی یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دامەزراندنی سیستەمی نوێی جیهانیی بەم شێوە هەڵدەسەنگێنێ:

"فاکتەری سیاسی دەچێتە ژێر ڕکێفی فاکتەری یاسایی و فاکتەری یاساییش دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەخلاقێکی تایبەتیەوە کە ئامانجەکەی ڕەوایی دان بە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایە".

بەڕای دۆبنوا، ئامانج لە سیستەمی نوێی جیهانی ئەوەیە کە لەڕێگای ئایدۆلۆژی زاڵەوە، ڕەوایی بدرێ بە دەستیوەردان لە کاروباری وڵاتانی تردا. نوام چۆمسکی ، ڕەخنەگری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە شێوازی نوێی جیهان لە ڕەهەندی ئابوورییەوە بە سێ جەمسەری و لەڕەهەندی سەربازیشەوە بە تاک جەمسەری دادەنێ؛ سیستەمی نوێی جیهانی بە " نیوێکی تازە بۆ پەنابردنە بەر زۆر" دادەنێ.

چەند پێناسەی دیکە سەبارەت بە سیستەمی نوێی جیهانی لە ئارادان وەکوو:

ڤیلیام کانت؛ توێژەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: " لە سیستەمی نوێی جیهانیدا مەسەلەکانی جیهان بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان دابەش دەکرێن. بێرژینسکی : " سیستەمی نوێ بە واتای کۆتایی هاتنی قۆناغی شەڕی سارد و داڕمانی ئیمپراتۆری سۆڤیەت وەکوو زلهێزێکە". بە هۆی سیستەمی نوێی جیهانیەوە، شێوازی دەسەڵاتخوازی هێزە جیهانیەکان بەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دەگۆڕێ و تەکتیکە میلیتاریستیەکان جێگای خۆیان دەسپێرنە تەکنیکە ئابوورییە تەکنەلۆژییەکان.

سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵ Collective Security system

سیستەمی چربووەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی پێرەوپرۆگرامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ئاماژە بە پەنابردنە بەر زۆر و هێز لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی UN بەمەبەستی پاراستن و گەراندنەوەی ئاشتی و ئاسایش نێودەوڵەتیدا دەکا. چوارچێوەی یاسایی سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئاکامی عەقلانی نایاسای کردنی زۆر و هێز لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان دایە. ئەم سیستەمە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی UNدا چڕ کراوەتەوە و ئەم ئەنجوومەنە بەرپرسیاری یەکەمی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە. جێبەجێکردنی ئەو هەوڵانەی کە لە چوارچێوەی ناوچەیی یان رێکخراوە ناوچەییەکاندا دەدرێن پێویستیان بە مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە. ئەگەرچی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان تەنیا دەتوانێ پێشنیار ئاراستە بکا (بەشی ٦ی پێرو پرۆگرام). لەو کێشانەی کە پێوەندییان بە "هەڕەشە لەسەر ئاشتی، رۆڵی ئاشتی و کردەوەی داگیرکارانە"وە هەیە، ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێ بریار بدا و بریارەکانیشی پێویستە جێبەجێ بکرێن (بەشی ٧ی پێرەو پرۆگرام). لەو روانگەوە کە ئەو سێ چەمکە پێناسەیەکی تایبەتیان بۆ نەکراوە، ئەرکی سەرەکی ئەنجوومەنی ئاسایش لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە ئایا ئەو بابەتەی لایەن وڵاتێکەوە، سکرتێر و کۆمەڵەی گشتیUNەوە ئاراستەی ئەنجوومەن دەکرێ، دەشێ بە هەڕەشە لەسەر ئاشتی دابنرێ، ئایا پێشێل کردنی ئاشتیە یان کردەوەی داگیر کەرانەیە. چەمکی " هەڕەشە لە سەر ئاشتی" نەک تەنیا هەڕەشەی لەگەڵ زۆردا (بە پێی بەندی ٤ی ماددەی ٢ی پێرەو پرۆگرام) دەگرێتەوە، بەڵکوو لە ژێر کاریگەری هێندێک بارودۆخدا، دیاردەی وەکوو شەڕی نێوخۆیی و تەنانەت پێشێل کردنی مافی مرۆڤیش دەگرێتەوە. پێشێل کردنی ئاشتیی نابێ هەمیشە بەکەڵک وەرگرتن لە هێزی چەک پێناسە بکرێ و کردەوەی داگیرکەرانەش بەپێی بەندی ٤ی ماددەی ٢ نابێ تەنیا بە کردەوەی کەڵک وەرگرتن لە هێزی چەک و یان تەنیا هێرشی چەکدارانە نیە کە بەپێی ماددەی ٥١، ئەو لایەنەی هێرشی کراوەتە سەر، دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا. هەرکاتێک ئەنجوومەنیی ئاسایش دیاری بکا کە هەڕەشە کراوەتە سەر ئاشتیی، یان ئاشتی پێشێل کراوە یان کردەوەیەکی داگیرکارانە رووی داوە، ئەو دەسەڵاتەی

www.perawipepwle.com

هەیە کە لە لایەنەکانی پێوەندیدار داوا بکا (ئەم داواکارییە بە واتای دەستێوەردان راڤە کراوە)، رەچاوی هێندێک چارەسەری کاتی بەپێی ماددەی ٤٠ بکەن، یان کۆمەڵێک پێشنیار بکا، کۆمەڵێک بریاربدا یان بڕیار بدا لە ڕێگاچارەی ناسەربازی کەڵک وەربگرن یان (لە حاڵێکدا کە ئەم هەوڵانە کاریگەرییان نەبێ یان بسەلمێن کە کاریگەرییان نیە) پەنا بەرێتە بەر زۆر و هێز. چارەسەرییە کاتیەکان دەتوانن داوا لە لایەنەکان بکەن کە یان ئاگربەس بکەن یان پاشەکشە بە هێزەکانیان بکەن. نێوەرۆکی پێشنیارەکان (کە بە زۆر ناسەپێن) بە روانگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بەستراونەوە. چارەسەرییە بەرێوەبەرییەکان دەتوانن بە دوو شێواز بن:

الف) ئەو هەوڵانەی کە لە دژی لایەنی تاوانبار دەدرێن و پشت بە هێزی چەکدار نابەستن (ماددەی ٤١).

ب) هەوڵەسەربازییەکان (ماددەی ٤٢): کەڵک وەرگرتن لە هێزە سەربازییەکان لە مانۆرە سەربازییەکان بۆ ترساندنی وڵاتی تاوانبار، گەمارۆدان و هەوڵەکانی دیکە دەگرێتەوە. هەوڵەکانی (الف) پچڕانی کاتی پێوەندییە ئابوورییەکان، ئامرازەکانی گەیاندن و پچڕانی پێوەندی دیپلۆماتیک لەخۆ دەگرن. ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێ بڕیاری جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە بدا و یان تەنیا یەکێک لەم شێوازانە پێشنیار بکا. بە پێچەوانەی هەوڵە بەرێوەبەرییە ناسەربازییەکان، هیچ وڵاتێک لە بواری یاساییەوە بەوە ناچار ناکرێ کە لە کردەوەی سەربازی لە دژی داگیرکەردا بە شداری بکا، مەگەر ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشدا بە پێی ماددەی ٤٣ سەبارەت بە زانیاری لە سەر جۆرو ژمارەی روونی هێزەکان، رادەی ئامادەیی و شوێنی دامەزرانیان و چۆنیەتی ئەو ئاسانکاری و یارمەتیانەی کە دەتوانێ ئاراستەیان بکا. "بەرێکەوتنی تایبەتی" گەیشبێتن. بەو پێیەی کە ئێستا هیچ رێککەوتننامەیەک لە مبارەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشدا گرێ نەدراوە، ئەم رێوشوێنانە لە کردەوەدا هیچ کاریگەرییەکیان نیە. وا پێدەچێ هیچ رێگایەکی یاسایی لە ئارادا نەبێ کە بەپێی ئەو یاسایە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێ کردەوەی بەرێوبەری سەربازی کە وڵاتانی ئەندامیش ناچار بکا بەشداری تێدا بکەن، وەئەستۆ بگرێ، مەگەر ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیار بدا ئەم هەوڵە لە دەرەوەی رێککەوتننامەی تایبەتیی ماددەی ٤٣ (جیاواز لەوەی کە لە بواری یاساییەوە

مشتوومڕی لە سەرە)جێبەجێ بکرێ. ئەنجوومەنیی ئاسایش دەتوانێ ڕێگابە وڵاتێک بدا کە لە هێز کەڵک وەرگرێ. هەروەکوو ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦دا ئەو دەسەڵاتەی بە بەریتانیادا کە لە دەریای ئازاددا خەریکی پشکنینی پاپۆرەکان بێ، تاکوو بزانێ کە ئایا ئەم پاپۆڕە نەوت هەڵگرانە دەچنە ڕۆدزیای باشوور یان نا. ئەنجوومەنیی ئاسایش ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە لە سەرهەوڵەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ بڕیار بدا. بەڵام لەبەر هۆکارە سیاسییەکان، بڕیارەکانی ئەنجوومەنیی ئاسایش لە بوارەنافۆرمیەکاندا (بابەتەکانی بەشی ٧ی پێڕو پرۆگرامیUN) پێویستی بە ٩ دەنگی ئەرێی ئەندامانی ئەنجوومەنیی ئاسایش و لەوانە ٥ ئەندامی هەمیشەیی هەیە. هەروەها ئەگەر وڵاتێک کە بڕیار دراوە هەوڵەکانی لە سەر جێبەجێ بکرێ، بۆ خۆی ئەندامیی ئەنجوومەنیی ئاسایش بێ، دەتوانێ لە سەر خۆی دەنگ بدا. لە کردەوەدا و بە پێچەوانەی چۆنیەتی نووسینی بەندی سێی ماددەی ٢٧ی پێڕەوپرۆگرامی UN، دەنگی بێلایەن، بە ڤیتۆ دانانرێ. ئەوەی کە ئایا ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەن لە کاتی دەنگداندا بەشدار نەبێ، دەنگەکەی بە بێلایەن دادەنرێ یان نا، روون نەکراوەتەوە. کۆمەڵە گشتیUN دەسەڵاتی یاسایی پێویستی بۆ جێبەجێکردن هەوڵە بەڕێوەبەرییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا نیە، بەڵام دەتوانێ سەبارەت بەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە هەیە، پێشنیار ئاراستە بکا. بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەگەر کێشەیەک پێویستی بە هەوڵی بەڕێوەبەریی هەیە یان لەو حاڵەتانەدا کە کێشەیەک یان قەیرانێک لە ئەنجوومەنیی ئاسایشدا هاتۆتە گۆڕێ، کۆمەڵەی گشتی دەتوانێ تەنیا بابەتەکە تاوتوێ بکا و پێویستە کە کێشەکە بە ئاگاداری ئەنجوومەنیی ئاسایش بگەیەنێ. لە ماوەی شەڕی کۆریادا، ئەوکاتەی کە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش، بە هۆی ڤیتۆی سۆڤیەت لە پاییزی ساڵی ١٩٥٠دا بەبنبەست گەیشت، کۆمەڵەی گشتی بۆ وەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکەی کە پێی دەگووت "بەرپرسیارەتی دووهەم"ی خۆی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی، بڕیارنامەی "یەکیەتیی بۆ ئاشتی" پەسند کرد. بەپێی ئەم بڕیارنامە لە حاڵێکدا کە ئەنجوومەنیی ئاسایش (بەهۆی مافی ڤیتۆوە) نەیتوانی ئەرکی سەرەکی خۆی بەڕێوە ببا، کۆمەڵەی گشتی دەستبەجێ کێشەکە بە ئامانجی دەرکردنی پێشنیار بۆ هەوڵی بەکۆمەڵ، تاوتوێ دەکا. یەکیەتیی سۆڤیەت

ئەم بڕیارنامەی بە نایاسایی لە قەڵەمدا و دژایەتیی لەگەڵدا کرد، بەڵام پاشان کە بۆ خۆی پێویستی پێی بوو، لەم بڕیارنامە کەڵکی وەرگرت.

سنوورە سەپێنراوەکان Super Imposed Borders

بە سنووری ئەو وڵاتانە دەگوترێ کە بەبێ سەرنجدان بە تایبەتمەندی و جیاوازییە ئەتنی و کولتوورییەکانی دانیشتوانەکانیان دیاریکراون ولە لایەن دەسەڵاتە زاڵەکانەوە بە سەریاندا سەپێنراوە. کۆلۆنیالیستەکان ـ بە تایبەتی لە ئاسیا و لە ئەفریقیا دا ـ بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکیی، زۆربەی سنوورەکانی نێوان کۆلۆنیەکانی پێشووی خۆیان بەبێ سەرنجدان بە تایبەتمەندییە کولتووری و ئەتنیەکان، دیاری کردووە کە ئەمە بۆتە هۆی شەڕ و ئاژاوەنانەوە لەو وڵاتانەدا. بۆ نموونە: سنوورەکانی هیند و پاکستان.

سنوورە سیاسییەکان Political Borders

سنوورە سیاسییەکان، گەورەترین فاکتەری دیاریکردن و جیاکردنەوەی یەکەیەکی ڕێکخراوی سیاسی لەگەڵ یەکەکانیتر دایە. ئەم سنوورە سیاسییانەن کە دەبنە هۆی پێکهێنانی یەکیەتیی سیاسی لەو ناوچانەدا کەرەنگە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان پێکەوە نەبێ. هێڵە سنوورییەکان، دەستکردن و بە پێی ڕێککەوتن بە مەبەستی دیاریکردنی چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی لە سەر گۆی زەوی، دیاری دەکرێن. ئەگەر مەبەست لەیەکەی سیاسی وڵاتێکە، لەم حاڵەتەدا ئەو هێڵانەی کە خاکی وڵاتێک لە وڵاتی دراوسێی جیا دەکاتەوە، هێڵی نێو دەوڵەتیان پێ دەگوترێ.

هێڵە سنوورییەکان وێرای دیاریکردنی چوارچێوەی وڵاتێک، پانتایی دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەش دیای دەکەن. بۆوێنە؛ هیچ دەوڵەتێک ئەو مافەی نیە کە لە خەڵکی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی باج وەرگرێ، سەربازگیری بکا یان لە خاکی وڵاتی دراوسێیەکەیدا کردەوەی سەربازی ئەنجام بدا. تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێ لە خاکی ئەو وڵاتە کەڵک وەرگرێ کە سەبارەت بەم بابەتە، لەگەڵ ئەو وڵاتەدا ڕێککەوتبن. پەڕینەوە لە هێڵە سنوورییە نێودەوڵەتیەکان بەبێ مۆڵەت قەدەغەیە و پەڕینەوە بەپێی یاسا و پەسندکراوەی تایبەتیی جێبەجێ دەبێ.

Golden Triangle سێ گوچکەی ئاڵتوونی

ئەم زاراوە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ بە ناوچەیەک دەگوترا کە قاچاغیی ماددە سڕکەرەکانی تێدا کرا. بە هۆی ئەو کۆسپە زۆرانەی کە هاتنە بەردەم فرۆشتنی ماددە سڕکەرەکان لە ئەورووپادا، ناوچەی سێ گوچکەی ئاڵتوونیی جێگای خۆی ئەسپاردە ناوچەی " مانگی ئاڵتوونیی " (Gollden Crescent). ئەم مانگە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران، باشووری رۆژهەڵاتی ئەفغانستان و باکووری رۆژئاوای پاکستان دەگرێتەوە.

ش

www.perawipepwle.com

شۆڕش *Revolution*

زاراوەی Revolution کە لە چاخی ناوەڕاستی زمانی ئینگلیزیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لە زاراوەی فەڕەنسیی Révolution کە ئەویش لە وشەی لاتینیی Revolution-on و سەرچاوەی Revoluere وەرگیراوە.

زاراوەی Revolution لە زاراوەکانی ئەستێرەناسییەکە لە زانستە سروشتییەکاندا بە هۆی کاریگەریی کوپێرنیک لە ڕێگای :
De Revolutionibus Orbiud Coelestiub
گرنگیەکی زۆری بەدەست هێنا. ئەم زاراوەیە لە نێو زانستدا مانای ورد و روونە لاتینیەکەی خۆی پاراستووە. ئەم زاراوەیە راشکاوانە ئاماژە بە جووڵەیەکی "دووبارە"و "خولانەوە"، کە سەرچاوەکەی زانستی ئەستێرەناسیەو، ئەو زاراوە لە زانستی سیاسەتدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

واتای ئەو زاراوەیە بەگشتی لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا بەم شێوەیە بووە: لە سەدەی هەڤدەهەمدا زاراوەی Revolution بۆ یەکەمین جار وەک زاراوەیەکی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیراوە، ئەم واتا مەجازییە زیاتر لە رابردوو لە واتا راستەقینەکەی خۆی نزیک بۆوە. واتە "گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم" و "گەڕانەوە بۆ تەکووزێک کە لە پێشدا دەستنیشان کراوە".

هەروەها ئەم زاراوەیە بە "رووخانی بەتەواوەتیی حکومەتێک لە هەر وڵات یان دەوڵەتێک و، دانانی دەسەڵاتدار یان دەوڵەتێکی نوێ لە رێگای توندوتیژییەوە"، گوتراوە.

لە ساڵی ۱٦٦٠دا ئەم زاراوەیە دوای هەڵوەشانەوەی "پەرلەمانی درێژماوە"(Rump Parliamente) کەڵکی لێ وەرگیرا. [ناوی پارلەمانی درێژماوە (۱٦٦۰-۱٦٤۰) دوای دەرکردنی ۱۲۱ کەس لە ئەندامانی پەرلەمان کە سوپای شۆڕش لە ساڵی ۱٦٤۸دا دان پێدانەدەنان، بە پەرلەمانی بەریتانیا دەگوترا. ئەم رووداوە دوای لابردن و دادگاییکردنی چارلزی یەکەم، شای بەریتانیا بە تاوانی خیانەت، هاتە ئاراوە].

زاراوەی "شۆڕشی مەزن" (۱٦٦۸) بە کودەتایەک دەگوترێ کە بوو بە هۆی لەسەرکار لادانی جیمزی دووهەم، شای بەریتانیا لە پاشایەتی، کە بە جێگای ئەو، خوشکەکەی "ماری"و هاوسەرەکەی ڤیلیامی سێهەم ناسراو بە "ئۆرانژ" لە سەر تەختی پاشایەتی پاڵیان دایەوە. ئەم رووداوە بوو بە هۆی ئەوەی کە پەرلەمان بە سەر پلە و پۆستی شایەتیدا، زاڵ بێ. "شۆڕشی مەزن" بوو بە هۆی ئەوەی کە وشەی "شۆڕش بەتەواوەتی بێتە نێو زمانی سیاسەتەوە، بەڵام کەس ئەو رووداوەی بە شۆڕش نەدەزانی و، هەموو کەس بە "گەڕانەوە"ی راستی و شکۆ و گەورەیی پێشوو، بۆ دەسەڵاتی پاشایەتیان دادەنا.

زاراوەی شۆڕش، لە ساڵی ۱۷۹۰دا بە هەڵوەشانەوەی رژێمی پاشایەتیی فەڕەنساو دامەزرانی حکومەتی کۆماری لەو وڵاتەدا، دەگوترا(۱۷۹۵_ ۱۷۸۹).

لە ساڵی ۱۷۸۹ەوە ئەم زاراوەیە لە مێژووی ئەمەریکادا بە کۆتاییهێنان بە سەروەریی بەریتانیا لەو وڵاتە بە هۆی "شەڕە سەربەخۆیی خوازەکان"ەوە (۱۷۸۱-۱۷۷۵) دەگوترێ.

جۆرەکانی شۆڕش : بە هەڵسەنگاندنی مێژووی شۆرشەکان، بەمەبەستی ناسینی شێوازەکانی شۆڕش، دەکرێ شۆڕشەکان بە سەر دوو گرووپی "شۆڕشە کلاسیکیەکان" و" شۆڕشە مۆدێرنەکان" دابەش بکەن.

۱_شۆڕشی کلاسیک: بریتیە لە: کەڵک وەرگرتن لە هێزی زۆر بۆ پیادەکردنی توندوتیژی بەتەمای پێکهێنانی گۆڕانکارییە بنەڕتیەکان لە سیستەمی حکومەتیی کۆمەڵگایەکدا بە مەبەستی پێکهێنانی سیستەمێکی پشت بەستو بە دەستووری جیاواز، یان بەگشتی پێکهێنانی سیستەمێکی دیکەی حکومەتی. شۆڕش "گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی و بنەڕەتیە، وەرچەرخانێکی مەزنە لە

ژیانی کۆمەڵگادا". هەروەها شۆڕش بە " رووخاندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی کۆن و داتەپیو و جێگرکردنی سیستەمێکی نوێ و پێشکەوتوو" دەگوترێ.

شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا: کە دوو سەد ساڵ بەرلە ئێستا رووی داوەو، "شۆڕشیکی بورژوایی" بوو کە سیستەمی فیۆدالیی کۆن و رەمزی ئەو سیستەمە، واتا رژێمی پاشایەتی بۆڕبۆنەکانی لە نێو بردو، سیستەمی سەرمایەداری لە جیگای دانا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر: شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو و، سیستەمی کۆن ورزیوی فیۆدالی و سەرمایەداریی رووسیای لەبەر لە یەک هەڵوەشاند.

لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا دەسەلات لە چینی دەسەلاتداری پێشوو بۆ چین یان چینە پێشرەوەکان دەگوازرێتەوە، ئەگەر چینێکی کۆنەپەرەست بیهەوێ چینی پێشکەوتنخواز سەرکوت بکا و خۆی بە دەسەلات بگا، ئەوا بەو چینە دەڵین " دژە شۆڕش".

٢ــ شۆڕشی مۆدێرن: بریتیە لە پێکهێنانی ریفۆرمە سەرەکیەکان لە بوارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری ، راهێنان و پەروەردە و ئیداری و سیاسیەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە زانستی و تەکنەلۆژییەکان.

تایبەتمەندییەکانی شۆڕش: بەسەرنجدان بەو پێناسانەی سەرەوە، دەکرێ بەو دەرەنجامە بگەین کە ئەو گۆڕانکاری و جێ گۆڕکێ بەردەوامانەی کە ئەمڕۆکە لە هێندێک لە کۆمەڵگاکان دا دێنە ئاراوەو و دبنە هۆی جێگۆڕکێ لە دەستەی بەڕێوەبەریی ولاتدا، ناکرێ بە شۆڕش ناو بەرین، مەگەر ئەوی کە بە دوای ئەو جێگۆڕکێیانەدا گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتەی" پەیمانی کۆمەڵایەتی " و"سیستەمی کۆمەڵایەتی" ئەو ولاتانەدا روویدا. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و بەرچاوەکانی شۆڕش ئەویە کە شۆڕش دەبێ ئامانجی درێژماوەی بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری بنەڕەتی هەبێ. کەچی ئەم تایبەتمەندییە لەو ئاڵوگۆڕەی کە لە دوای کودەتایەکی سەربازی دێتە ئاراوە،بەرچاو ناکەوێ. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش، بەشداریی بەرفراوان و هەمەلایەنەی چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکە. شۆڕش، هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ "کودەتا" و"شۆڕشی دەربارەی"دا نیە، کە زۆرجار لە مێژوودا روویانداوە.

بەگشتی ئەو بزووتنەوانەی کە سەرکردەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و لەدژی سیستەمە گەندەڵەکان بووە و، چەمکگەلی وەک

ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ئابووری و ...... هتدیان کردووە بە دروشمی خۆیان، ناکرێ تەنیا بە هۆی بوونی ئامانج و دروشمە شۆڕشگێڕی و ئایدۆلۆژییەکانیان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ناوبرێن. بەڵکوو دەبێ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەوان لە بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانیان لەبەر چاو بگرین. مێژووی هاوچەرخ دەریخستووە کە پێوەری راستەقینەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی یان تەنانەت هەبوونەکەی وەک شۆڕشێک ، رادە و ڕێژەی گونجانی ئاڵوگۆڕ پێکهاتووەکان لەگەڵ ئامانجە راگەیەنراوەکانی ئەو بزووتنەوە دایە.

تیۆرەکانی شۆڕش: بەگشتی ئەمڕۆکە چوار روانگە سەبارەت بە شۆڕش لە ئارا دایە کە لە زۆر لایەندا،خاڵی هاوبەشیان پێکەوە هەیە. یەکەمیان لەسەر بنەمای ئابووری دامەزراوە؛ شۆڕشی لە سەر بنەمای ئابووری، لە پلەی یەکەمدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. واتای شۆڕشی لە سەر بنەمای ئابووری لەو رستەیەدا کورت دەبێتەوە کە لە هەر قۆناغێکی پێشکەوتندا هەلی لەبار بۆ چوونەسەری ئاستی داواکاری پێک دێ و، چوونکە حکومەت توانایی دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی نیە، شۆڕش سەرهەڵدەدا. واتا و نێوەرۆکی شۆڕش لەسەر بنەمای ئابووری، سەرهەڵدانی شۆڕش بە هۆی چوونە سەری ئاستی داواکارییەکانەو، کەمتر ئاماژە بە سیاسەت دەکا. روانگە یان تیۆری دووهەم پێیوایە کە شۆڕش لە راستیدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. بەڵام دیاردەیەکە کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی کۆمەڵ لە دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستیانەی کە دەبێ بۆ ئەندامانی خۆی دابینیان بکا، سەرهەڵدەدا.

لە روانگەی چارلز جانسۆن لە کتێبی بە ناوبانگی "شۆڕش و سیستەمی کۆمەڵایەتی"دا، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شەش جۆری هەیە کە بریتین لە: "شۆڕشی جووتیاران، شۆڕشی هەزار ساڵە، راپەڕینی ئانارشیستی، شۆڕشی کۆمۆنیستی، کودەتا لە ڕێگای پیلان و راپەڕینی سەربازی. لەم پۆلێن بەندییەدا لە روانگەی تیۆرییەوە، تیۆرێکی پتەو نیە و چەندین کەم و کورتی تێدایە. چینە جۆراوجۆرەکانی ئەم پۆلێن بەندیە بەشێوەیەکی روون پێوەندی بە نموونەی هۆکارە کۆمەڵایەتیە ئاماژە پێکراوەکانەوە نیە و، لەو چوارچێوەیەی کە خراوەتە ڕوو، لە نێوان چینەکاندا کەلێن و بۆشایی هەیە. تیوری سێهەم ئەوەیە کە شۆڕش دیاردەیەکە کە لە هەستی لە خۆنامۆبوونێ تاک بەرامبەر بە کۆمەڵ سەرهەڵدەدا. ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لە لایان تالکوت پارسۆنزەوە خرایە ڕوو.سێهەم ئەوەیەکە شۆڕش دیاردەیەکە کە لە هەستی لەخۆنامۆبوونی تاک بەرامبەر بە کۆمەڵ

سەرهەڵدادا. ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لە لایان تالکۆت پارسۆنزەوە خرایە ڕوو. تیۆری چوارەم پشت بە نەریتەکانی ئەرەستۆیی، ماکیاڤیلی و "لۆک" دەبەستێ، کە شۆڕش بەدیارەیەکی سیاسی ناو دەبەن و، ئامانجەکەی بەگواستەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەقەڵەم دەدەن. بە بڕوای ئەوان، هەموو بوارەکانی تر پێوەندییان بەم هۆکارە سەرکیەوە هەیە. چوونکە بەبێ گۆڕانکاری سیاسی، گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان ناتوانن بە هیچ شێوەیەک شۆڕشێک بن.

شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانەوە:

تۆماس پین: " ئەوەی کە ئێمە لە رابردوودا بە شۆرش ناومان دەبرد، شتێک نەبوو جگە لە گۆڕینی کەسەکان یان ئاڵ وگۆڕی هەلومەرجی نێوخۆیی . ئەم ڕووداوەش وەک هەموو ڕووداوەکانی تر سەری هەڵدەداو، ڕۆژێکیش کۆتایی پێ دەهات و، نێوەڕۆک و شتێکی ئەوتۆیان لە هەگبەدا نەبوو کە بتوانن تەشەنە بکەنە ئەودیوی سنوورەکانی خۆیان. هەر بۆیە ئەوەی کە ئەمڕۆ لەشۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەڕەنسا لە دنیادا بە چاوی خۆمان دەیبینین، شێوازێکی نوێی نەزمی سروشتیی شتەکانە. سیستەمێکی تێکەڵاوە کە لە بنەما گشتی و ڕاستەقینەکانی بوونی مرۆڤ و لەئامانجە ڕەوشتی و سیاسیەکان و سەروەریی نەتەوەیی پێکهاتووە".

جیوسپی مازینی: سەرکردەی نەتەوەیی ئیتالیا و ناسیۆنالیستی بە ناوبانگی ئەو وڵاتە:

" شۆڕشی فەڕەنسا تەنیا پلانێکی ڕووت نەبوو، بەڵکوو بەدەرەنجام و دەسکەوتێک بوو. شۆڕشی فەڕەنسا سەرەتای چاخێکی نوێ نەبوو، بەڵکوو دوایین دیاردەی وەرزێکی تێپەڕبوو".

مارکس و ئەنگێلز: لە ساڵی ١٨٤٨ مارکس بۆ یەکەمین جار لەگەڵ ئەنگلێز بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییە مارکسیەکانی خۆی لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا بلاّو کردەوە.

مارکس لە تیۆرەکانی خۆیدا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە هیچ شۆڕشیکی نوێ ڕوو نادا، مەگەر ئەوەی کە قەیرانێکی ئابووری دیکە ڕوو بدات". بەڵام دوو ساڵ دواتر، بە ناچار خوێندنەوەیەکی دیکەی هەبوو؛ چوونکە ڕووخانی یەکەمین کۆماری فەڕەنسا نیشانی دا کە بە پێچەوانەی ڕای ناوبراو و کە پێیوابوو سەرهەڵدانی شۆڕش لە دەرەوەی چوارچێوەی قەیرانی ئابووریدا، شتێکی ئەستەمە، بەڵام ڕووخانی کۆماری فەڕەنسا، لەبەر هۆکاری ئابووری نەبوو. مارکس و ئەنگێلز بایەخێکی زۆریان بە هێزە ماددییەکان لە سەرکەوتنی شۆڕش دەدا. بە

www.perawipepwle.com

سەرنجدان بە کودەتای بوناپارتیستەکان، مارکس پێیوابوو کە، "بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا، دەبێ تاکەکەس لە سەرەتاوە سیستەمی سەربازی و بیرۆکراتیی پێشوو لە نێو بەرێ".

مارکس بانگەشە بۆ ئەوە ناکا کە ئەو دارێژەرو دامەزرێنەری تیۆری شۆڕش وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانە. ناوبراو لە ساڵی ۱۸۵۲دا نووسی: " ئەوەی کە ئەمن کردوومە، سەلماندنی ئەوسێ خاڵە بووە: خاڵی یەکەم ئەوەی کە بوونی چینی کۆمەڵایەتی تەنیا پێوەندی بە قۆناغە مێژووییە تایبەتیەکان لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان هەیە و؛ دووهەم ئەوەی کە، ململانێی چینایەتی بە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا کۆتایی دێ و؛ سێهەم ئەوەی کە، ئەم دیکتاتۆرییە خۆی دەبێتە هۆکاری سرینەوەی هەموو چینەکان و، گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چینی کۆمەڵایەتی...".

روانگەی مارکس سەبارەت بە شۆڕش زیاتر بەرهەمی ئەو سەردەمە بوو کە تێیدا دەژیا. چوونکە لە هیچ سەردەمێکدا ئەو هەمووە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییانە بۆ تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە ئارادا نەبوون. ژمارەی ئەو جۆرە بزووتنەوانە لە وڵاتە بچووکەکانی ئەورووپا لە ساڵەکانی ۴۹_۱۸۴۸دا، بە زیاتر لە پەنجا بزووتنەوە خەملێندراوە.

تێزەکانی لنین سەبارەت بە شۆڕشی سۆسیالیستی: لە حاڵێکدا کە مارکس و ئەنگێلز شۆڕشیان بە هەلومەرجێکی دیاریکراوی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبەستەوە و بەچەندین جار ئاماژەیان بە رێگاچارە ئاشتیخوازانەکانی کۆمەڵگا کردووە، بەڵام لنین شۆڕشێکی سەرکەوتووی سۆسیالیستیی تەنیا بە هەلومەرجی لەباری سیاسی دەبەستەوەو، لە سەر شۆڕشی توونددوتیژانە لە رێگای راپەڕینی چەکدارانەی پێی دادەگرت. بە بڕوای ناوبراو، سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە دەبوایە حیزبێک بە ئەستۆی بگرێ کە هیچکات مارکس و ئەنگێلز باسیان نەکردبوو.

جۆرج سانتایانا، فەیلەسۆفی هاوچەرخ: " شۆڕشەکان ڕووداوی پڕ لە نهێنین و، سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بەگشتی پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە رادەی دەسەڵاتی ئەو شۆڕشە لەگەڵ گونجاندن و، پێکهێنانی ئەلتەرناتیڤێک لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە شۆڕش و راپەڕین لە دژی ئەو شتە، وەرێخراوە. هەزران بزووتنەوەی چاکسازی جیهانیان وەک خۆی بەگەندەڵی و وێرانیی جاران هێشتۆتەوە، چووونکە هەر ریفۆرم و گۆڕانکارییەکی سەرکەوتوو بارودۆخێکی نوێی پێکهێناوە و، ئەم بارودۆخە نوێیەش، کەڵکێکی نابەجێی هێناوەتە ئاراوە کە لەگەڵ خۆیدا دەگونجێ.

هارۆلد لاسۆل، مامۆستای زانستە رامیارییەکان: "شۆڕش بەمانای گۆڕانێکی لە ناکاو لە پێکهاتەی چینی دەسەڵاتدارە و، شۆڕشی جیهانی گۆڕانکاریی لە ناکاو لە کولتوور و چەمک و زاروەکانی چینی بالادەستی لێدەکەوێتەوە. شۆڕشی رووسیا لەگەڵ شۆڕشی ئەڵمانیا و شۆڕشی ئیتالیای سەردەمی فاشیزمدا هەرسێکیان یەک جۆر بوونەو، ئامانجی هەرسێکیان یەک شت بووە".

رابێرت مەک ئایۆر، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵناسی: " ئەگەر بنەمای نەریتەکان و بیروڕا و دابە کۆمەڵایەتیەکان لاواز و لەرزۆک بن و لە نێو بچن و زنجیرە نەریت و دابی نوێ جێگای کۆنەکانی پڕ نەکردبێتەوە، شۆڕش سەرهەڵدەدا."

لە روانگەی ناوبراوەوە، شۆڕش جۆری جیاوازی هەیە وەک: "شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشی چینایەتی، شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی".

مەک ئایۆر شۆڕشی نەتەوەیی بە شۆڕشێک دادەنێ کە خەڵک لەو رێگایەوە حکومەتێک کە بە بیانی و دوژمنی خۆیانی دەزانن، دەڕووخێنن. ناوبراو ئەمجۆرە شۆڕشە بە" بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازانە" ناودەبا. ناوبراو ئەو شۆرشانەی کە بوون بە هۆی رووخانی سیستەمی پاشایەتی و، هاتنەسەر دەسەڵاتی کەسانی نێوخۆیی ؛ هەروەها ئەو شۆڕشانەی کە بوون بە هۆی لێک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکان و، جیابوونەوەی چەند بەشێک لە کۆلۆنیەکان؛ بە شۆرشی نەتەوەیی یان دەزانێ و، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شۆڕشی لەو چەشنە (لەگەڵ ئەگەری سەرکەوتن) رێگا بۆ پەرەگرتنی ناسیۆنالیزم خۆش دەکەن.

مەک ئایۆر پێیوایە کە شۆرشی چینایەتی دەرەنجامی کەلێنی نێوان چینی بالا دەست و چینە هەژار و بێ بەشەکانە و، ئەم شۆڕشە بە ئامرازێک دەزانێ کە چینە هەژارەکان بۆ رزگاربوون لە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی، کەلکی لێ وەردەگرن.

هۆکارەکانی شۆڕش

بە بڕوای ئەرەستۆ، هۆکارەکانی شۆڕش دوو بەشن: گشتی و تایبەتی. هۆکارە گشتییەکان لە هەموو حکومەتەکاندا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، ئەوە لە حاڵێک دایە کە هۆکارە تایبەتیەکان تەنیا لە سیستەمە سیاسیە تایبەتیەکاندا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش. گرنگترین هۆکاری گشتیی شۆڕش، نایەکسانیە. هۆکارێکی تر، بەرژەوەندی خوازی و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانە، زۆرجار خەڵک نەک تەنیا لە دژی دەسەڵاتداران، بەڵکوو لە دژی رێکخراوەکان و

ئەو یاسایانەش کە ئەوانی بە دەسەڵات گەیاندووە، رادەپەڕن. ترس و بە تایبەتی ترس دوو تاقم، واتە تاقمی تاوانباران کە لە سزادان دەترسن و، تاقمی دووهەم ئەو کەسانەی کە لەوە دەترسن زوڵمێکیان لێ بکرێ و،بەر لەوەی ستەمیان لێ بکرێ، پێشی پێ دەگرن. بەرفراوانی لە رادەبەدەری بەشێک لە پێکهاتەی حکومەتیش بە یەکێک لە هۆکارەکانی شۆڕش دەژمێردرێ.

جیاوازی رەگەزی، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی شۆڕشە. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بێگانەکانیان ـ چ لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و چ پاش ئەمە ـ لە وڵاتی خۆیاندا جێ کردۆتەوە، دواتر تووشی بشێوی و ئاڵۆزی دەبن". ئەرەستۆ رایگەیاند ئەوەی کە بە ڕاستی دەبێتە هۆی روودانی شۆڕش، جیاوازیی چینایەتی ونارەزایەتی خەڵک لە هاڵاواردن و نایەکسانیە.

ئەرەستۆ بەپێی هەلومەرجی شۆڕشەکان، لە سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا، بەجیا باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکان دەکا. بە بڕوای ناوبراو، هۆکاری شۆڕش لە سیستەمی دیموکراسیدا، هاتنە سەرکار و بەدەسەڵات گەیشتنی سەرکردە خەڵک خەڵەتێنەکان و پێشێلکردنی مافی چینە باڵادەستەکانە؛ لە ئەریستۆکراسیدا بە هۆی ئەوەی کە خەڵک خۆیان بە هاوشانی ئەو کەسانە دەزانن کە بەدەسەڵات گەیشتوون، لە دژی دەسەڵاتدارەکان رادەپەڕن و؛ لە رژێمە ئۆلیگاریشیەکاندا بە هۆی زوڵم و چەوساندنەوەی هەژاران لە لایەن کاربەدەستانەوە، شۆڕش سەهەڵدەدا، بەڵام لێرەشدا رەنگە هۆکاری شۆڕش هەڵاواردن لە نێو چینێکدا بێ و، ئەویش ئەوکاتەیە کە "هێندێک لە کاربەدەستانی حکومەت لەگەڵ کەسانێکی مەزن کە هاوشانی خۆیانن، بە خراپی دەجوڵێنەوە ... [یان لە نێو] کۆمەڵی کەسە شیاو و لێهاتووەکاندا، تاقمێک لەوپەری بەختەوەری و تاقمێکیش لەو پەری هەژارییدا دەژین".

لە ئاکامدا گرنگترین هۆکارەکانی شۆڕش لە سیستەمی پاشایەتیدا، زوڵمی شا و ئێرەیی بردنی خەڵک بە هێزو گەورەیی ناوبراو، رق و تۆڵەی ئەو کەسانەیە کە لە دەست پاشاوە زەبریان وێ کەوتووە. زۆر جار سەرچاوەی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی وڵات و هێندێک جاریش دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی بیانیەکان. ئامانجی سەرکردەکانی شۆڕشیش هێندێک جار گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتە؛ بۆوێنە بیانهەوێ شێوەی حکومەت لە دیمۆکراسیەوە بگۆڕن و بیکەن بە ئۆلیگاریشی و، هەروەها هێندێک جار بە مەبەستی گۆڕینی

دەسەڵاتدارانە؛ واتە سەرکردەکانی شۆڕش بەبێ ئەوەی بیانەوێ سیستەم بگۆڕن یان زیانێک بە ڕێکخراوەکانی حکومەت بگەیەنن، دەیانەوێ خۆیان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن.

ئەرەستۆ بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی شۆڕش بەم شێوە حکومەتەکان ئامۆژگاری دەکا: یەکەم ئەوەی کە شێوازی پەروەردەی تاکەکان بەپێی سیستەمی سیاسیی وڵات بێ. کەوایە ئەگەر شێوازی حکومەت دیمۆکراسیە، دەبێ خەڵک بەپێی یاساکانی دیمۆکراسی پەروەردە بکرێن و، ئەگەر ئۆلیگاریشیە، دەبێ بەپێی یاساکانی ئۆلیگاریشی ڕاهێنرێن. بەپێی بۆچوونی ئەرەستۆ ، ئەگەر شێوازی ژیانی خەڵک لەگەڵ شێوازی حکومەتەکەیاندا ناتەبا بێ، تەنانەت باشترین یاساکانیش،لەسەر باشترکردنی هەلومەرجی حکومەتدا، کاریگەر نین. دووهەم ئەوەی کە دەبێ دەوڵەتەکان خۆیان لە هەر جۆرە کارێکی نایاسایی ببوێرن و نەهێڵن خەڵکیش کاری نایاسایی بکەن، بە تایبەتی هەر لە سەرەتاوە لە کارێکی بچووکی نایاسایی خۆش نەبن و تاوانبار سزا بدەن، چوونکە هەر وەک چۆن نرخە کەمەکان لە ئاکامدا سامانە گەورەکان لە نێو دەبەن، لادانە چکۆلەکانیش لە یاسا، وڵات بەرەو نەمان پەلکێش دەکەن. سێهەم ئەوەی کە چوونکە هەڕەشە و مەترسی دەبنە هۆی ئەوەی کە خەڵک سەبارەت بە ئاسایشی وڵات و پاراستنی حکومەت بەپەرۆش بن و خەڵک وریا دەبنەوە، دەبێ دەوڵەتەکان جارجارە بە درۆ باسی هەرەشەو مەترسییەکان لە داهاتوودا بکەن، یان وابنوێنن کە هەرەشەو مەترسی لێیان نزیکە، بۆئەوەی خەڵک ئامادە و وشیاربن. چوارم ئەوەی کە دەبێ پێش بە دووبەرکی و ناکۆکی دەسەڵاتداران بگرن، یان لانیکەم بێگانەکان لەو کێشەو ناکۆکیانە ئاگادار نەبن. ڕێگاچارەکانی تر بریتین لە : پاراستنی سیستەمی دارو و ئابووری، پێشگیریکردن لە ئۆتۆریتەی لە ڕادەبەدەری بەرپرسانی ئیداری، قەناعەتی دەسەڵاتداران، پێشگرتن بە دزیکردن لە سامانی گشتی، پارێزگاریکردن لە مافی دەوڵەمەند و هەژاران.

هۆکارو پاڵنەرەکانی شۆڕش لە سەدەکانی هاوچەرخدا

سەرچاوەی شۆڕشەکانی جیهان لە سەدە هاوچەرخەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ شەڕ، کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە و نارەزایەتیی گشتی.

روودانی شەڕ

واپێداچێ کە شەڕ هۆکارێکی گرنگ بێ کە بواری لەباری بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش رەخساندبێ. زۆربەی شۆڕشە سەکەوتوو و ناسەرکەوتووەکان لە دوای شەڕ روویان داوە. بۆوێنە دەکرێ ئاماژە بە شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لەساڵی ١٨٧١، شۆڕشی رووسیا لە ساڵی ١٩٠٥، شۆڕشی یۆگۆسلاڤیا لە ساڵی ١٩٤٥ و شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩دا بکەین. هەروەها، روودانی شەڕ دەبێتە هۆی ئەوەی کە رژێمە شۆڕشگێرە ساواکان زیاتر خۆ بگرن.

شوورەی ئەمەریکا **Fortress America**

بە پێی ئەم تیۆرە (کە لەو سەردەمەدا باوو بوو کە ئێستا ئەمەریکا، خۆی لە شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵنەقرتاندبوو) ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبوایە لە دستێوەردان لە کاروباری سیاسەتی نێونەتەوەیی دەرەوەی نێوەگۆی رۆژئاوا خۆ ببۆیرێ و، پشت بە دوورەپەرێزی و چەک و چۆڵی بەهێز ببەستێ، بۆ ئەوەی لە شەڕ نەگلێ.

کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە

بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان لە ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتیندا زیاتر بە مەبەستی رزگاربوون لە کۆت وبەندی کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە سەریان هەڵداوە. ئامانجی ئەو شۆڕشانە ئەوەیە کە، بەسەرنجدان بەوەی کە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی چینەکانی کۆمەڵگا لە لایەن هێزە بیانیەکانەوە پێشێل دەکرێن، دەبێ هێزە کۆلۆنیالیست و چەوسێنەرەکان تێک بشکێن و، حکومەتی بەکرێگیراوی ئەوان لە نێوخۆی کۆمەڵگادا بروخێنن.

نارەزایەتی گشتی

نالێهاتوویی، لاوازی، گەندەڵی و سەرنج نەدانی دەستەی بەڕێوەبەری دەسەڵات بە دابینکردنی پێویستیە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی خەڵک، یەکێکی تر لە بوارەکانی شۆڕشە، کە لە هێندێک بواردا دەبێتە هۆی پێکهاتنی نارەزایەتیی خەڵک و، لە ئاکامدا، ئایدیا شۆڕشگێرییەکان لە نێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن. لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە دوو حاڵی گرنگ بکەین.

www.perawipepwle.com

الف ـ گەندەڵی و پاوانخوازی لە ڕادەبەدەری سیستەمێکی حکومەتی ناتوانێ بە تەنیا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی، چوونکە تەنانەت لەم سەردەمەشدا حکومەتی لەو چەشنەمان هەیە بەبێ ئەوەی کە تووشی هەڕەشەی شۆڕش بووبنەوە. هەر بۆیە ئەگەر ئەجۆرە حکومەتانە ڕووبەڕووی شۆڕش بوونەتەوە بەو هۆیەیە کە بەڕێوبەرەکانی متمانەیان بەخۆ نەماوە. بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی خۆیان، خەڵک بەرتەسک دەکەنەوە، یان چەند ریفۆرمێکی ڕواڵەتیان جێبەجێ کردووە کە لە درێژماوەدا نەک تەنیا نەبۆتە هۆی ڕازیبوونی خەڵک، بەڵکوو گروتینیشی بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی داوە.

ب ـ لەو کۆمەڵگایانەی کە نارەزایەتی گشتی بۆتە هۆکار و پاڵنەری شۆڕش، بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکان لە درێژماوەدا پێکهاتوون. شۆڕشەکانی ڕۆمی کۆن، فەڕەنسا و ڕووسیا کە دەرنجام و بەرهەمی نارەزایەتی گشتی بوون، لە ماوەیەکی دووروودرێژدا دەستیان پێ کردووە وخۆیان گرتووە و بە هێز بوون و، پاشان لە ژێر ڕێنوێنی سەرکردە شۆڕشگێرەکان، سەریان هەڵداوە. ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیانەی کە بەپێی ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی سەرەوە سەریان هەڵداوە (شۆڕشە کلاسیکەکان)، بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئەم دوو شێوازەی خوارەوە:

١ـ ڕووخاندنی ئەو حکومەتەی کە ئێستا لەسەر کارە و، لەجێدانانی سیستەمێکی حکومەتیی دیکە کە بە بڕوای سەرکردەکانی شۆڕش بە باشترین شێوازی حکوومەتی ناسراوە.

٢-هێندێک لە بزووتنەوە بەڕواڵەت شۆرشگێرەکان کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بە دەسەڵات دەگەن بە کردووە ئامانج شۆرشگێرانەکانیان وەلادەنێن و، لە ڕاستیدا هەمان ئامانجەکانی ڕژێمی پێشوو لە چوارچێوەی ڕێکخراو و دەستەیەکی بەرێوبەریی نوێدا بەڕێوە دەبن.

شۆڕشی گۆرباچۆف (شوباتی ١٩٩٠) *Gorbachevs ١٩٩٠ Revolution*

زاراوەیەکە بە گەڵاڵەی گۆرباچۆف، سەرۆک کۆماری سۆڤیەت دەگوترێ کە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەی پێنجەمی شوباتی ١٩٩٠دا، بڕیارێکی دەرکرد کە شۆڕشێکی سیاسی لێ کەوتەوە. بەپێی بڕیاری ناوبراو، بڕگەی شەشی دەستووری یەکیەتیی سۆڤیەت کە پێداگری لەسەر ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیست وەک

"پێشەنگ" دەکردەوە، لەو یاسایە سڕایەوە و، بە جێگای ئەو، پێشنیاری پرۆسەی بە دیمۆکراتیزەکردن لە چوارچێوەی سیستەمێکی فرەحیزبی دا هاتە ئاراوە.

ماددەی شەشی دەستوور دیاری کرد بوو کە: " حیزبی کۆمۆنیست، هێزی سەرکردایەتی و ئاراستەدەری کۆمەڵگای سۆڤیەت و ناوەندی سیستەمی سیاسی و ریکخراوە دەوڵەتی وکۆمەڵایەتیەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتە. حیزبی کۆمۆنیست مانەوەی خۆی لە خزمەت بە خەڵکدا دەبینێ. حیزبی کۆمۆنیست پشت ئەستوورە بە راهێنانەکانی مارکسیزم ـ لنینیزم، ئاسۆی گشتی گەشەی کۆمەڵگا و رێبازی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت دەستنیشان دەکاو،سەرکردایەتیی پتەوی سۆڤیەتی لە ئەستۆدایەو، سیمایەکی هاوسەنگ و زانستی بە خەباتی ئەم خەڵکە لە پێناو سەرخستنی کۆمۆنیزم دەبەخشێ.

هەموو رێکخراوەحیزبیەکان لە چوارچێوەی دەستووری یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستیدا کاردەکەن".

هۆکاری سەرەکیی هێنانە گۆری ئەو پێشنیارە ئەوە بوو کە بەسەدان تاقمی سیاسی لە پانتایی خاکی سۆڤیەت پێکهاتبوون و یەکیان گرتبوو، کە لە ئاکامدا دەبووە هۆی سڕینەوەی رۆڵی حیزبی کۆمۆنیست لە کۆمەڵگای سۆڤیەتدا. نارەزایەتی گشتی، ئابووریی دارماو و چوونەسەری رێژەی تاوان بوو بە هۆی ئەوەی کە رق و بیزاری خەڵک بەرامبەر بە سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیست تەشەنە بکا. هەر بۆیە سەرکردەکانی سۆڤیەت بریاریاندا لە چوارچێوەی بەرنامەی پرۆسترۆیکاو گلاسنۆستدا کۆتایی بە سەروەریی حیزبی کۆمۆنیست بێنن و، پیرەوی لە سیستەمی فرە حیزبی بکەن.

شەڕ — *War*

ئەم زاراوە بە هەرجۆرە کردەیەکی زۆرەکی و توندوتیژانە دەگوترێ کە دەوڵەتێک بەرامبەر بە دەوڵەتێکی تر بەرێوەی دەبا بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتە ناچار بکا مل بۆ ئیرادە و ویستی ئەو وڵاتە دانەوێنێ. بە بروای کلاوزڤیتز، تیۆری داریژی بەناوبانگ، "شەڕ درێژەی سیاسەتە بە کەرەسەیەکی تر".

له روانگەی کۆمەڵناسیەوە، شەڕ پێکهەڵپڕژانێکی توندو رەق و سیستماتیکە کە لە نێوان دوو یان چەند کۆمەڵی سەربەخۆ روو دەدا. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا شەڕ لە هۆکاری وەک دەسکەوت و تالان، ترس لە بێگانە، نیشاندانی هێز و توانایی و تۆڵە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام لە کۆمەڵگاکانی ئێستادا شەڕ لە هۆکاری تیوری و پراکتیکیی ئاڵۆزترەوە سەرچاوە دەگرێ. چۆنیەتیی شەڕ پێوەندیەکی زۆری بە ئاستی پیشەسازییەوە هەیە. شەڕ لە سەردەمی ئێستادا مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر مرۆڤایەتی و شارستانیەتی جیهان پێکهێناوە.

چوونکە لە لایەکەوە چەکەکان توانایەکی تێکدارانەی سەرسوورهێنەریان پەیدا کردووە، رەنگە شەڕە بچووکەکان ببن بە شەڕی نێوان چەندین دەوڵەتی جۆراوجۆر.

تایبەتمەندییەکان

١ـ شەڕ دەبێتە هۆی "پێکهەڵپڕژانی چەکداریی نێوان وڵاتان". بە پێچەوانەی شەڕی نێوخۆیی و هەروەها بە پێچەوانەی کردەوەی چەکدارانە لە بەرامبەر سەرهەڵداوەکان و بە دژی دز و رێگرەکان، شەڕ رووبەروو بوونەوە و تێکهەڵچوونی هێزە گشتیەکانی لێ دەکەوێتەوە. لەم بارودۆخەدا، شەڕ بە پێوەندیی وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تر شی دەکرێتەوە. بیرۆکەی شەڕ لە مێشکی بیرمەنداندا، بوویتە لە مێشکی ژان ژاک رۆسۆدا، گەڵاڵە کرا و، رۆسۆ شەڕی پێناسە کرد. هەر وەک چۆن رۆسۆ لە کتێبی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" (١٧٦٢) دا دەنووسێ:"بە هیچ شێوەیەک شەڕ پێوەندیی نێوان مرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکی تر دانیە، ئەوە پێوەندیی وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تردایە. لەو پێوەندییەدا، تاکەکەسەکان تەنیا، بە شێوەیەکی لە ناکاو و، تەنیا وەک هاووڵاتی ـ نەک وەک مرۆڤ و، وەک زێرەڤان نەک وەک خاوەن نیشتمان، لەگەڵ تاکەکەسەکانی تر دا دەبن بە دوژمن".

٢ـ شەڕ " بەکەڵک وەرگرتن لەو ئامرازانەی کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان رێک خراوە"، بەرێوە دەچێ. بەم پێیە شەڕ واقعێکی سنووردارە کە لەگەڵ هەڵایسانی دا بەبێ هیچ جیاوازییەک کۆمەڵێک رێوشوێنی یاسایی دیاریکراو چ سەبارەت بە لایەنی شەڕ، چ سەبارەت بە لایەنی سێهەم (بێ لایەن)، دێنێتە ئاراوە. شەڕ لەم پێناسەدا بریتیە لە کردەوەیەکی یاسایی کەهەر وڵاتێک لە کاتی وەدیهێنانی مافی دوژمنایەتیکردندا بەرێوەی دەبا.

٣ــ شەڕ بەمەبەستی سەپاندنی ئامانجێکی سیاسی، یان بەواتایەکی روونتر سەپاندنی " ئامانجێکی نیشتمانی"، بەڕێوە دەچێ. زانایانی ڕێبازی یاسا عەینیەکان، توخمی ئامانجی نیشتمانیان لە بەرچاو گرتووەو، شەڕ بە "پەنابردن بە هێزی ماددی بە مەبەستی گۆڕینی تەکووزی سەلاحییەتەکانی دەوڵەتێک لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی "دادەنێن ؛ چوونکە لە راستیدا هەرجۆرە کردەوەیەکی توندوتیژانە بەشەڕ دانانرێ. کاتێک ئەمە بەشەڕ دادەنرێ کە بەپێی ڕێسای ڕێککەوتنی کەلڤێگ یان ڕێککەوتنی گشتیی خۆبواردن لە شەڕــ ڕێکەوتی ٢٧ی ئاب ١٩٢٨، ولاّتان لە کردەوەی توندوتیژانە "وەکوو ئامرازێکی سیاسەتی نیشتمانی " کەڵکیان وەرگرتبێ، بە پێچەوانە، پەنابردن بە هێزی زەبرەکی یان توندوتیژانە کە بە مەبەستی ناچار کردنی بەکۆمەڵ و بەپێی داواکاری یان بەپێی بانگهێشتی کۆلەکەیەک لە کۆلەکە نێودەوڵەتیەکان بەڕێوە بچێ، بە شەڕ دانانرێ.

قاچاغی شەڕ Coutraband

بەو کەرەسانە دەگوترێ کە ولاّتە بێلایەنەکان نابێ بیگەیەننە ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ یەکتردا بەشەڕ هاتوون. هەرکام لە لایەنەکانی شەڕ، دەتوانن پاپۆڕی ولاّتانی بێلایەن بەمەبەستی دۆزینەوەی کەرەسە قەدەغەکراوەکان بپشکنن.

لە سەرەتادا قاچاغ تەنیا چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و ئامرازەکانی شەڕی دەگرتەوە. پاشان ئەسپ و ولاّخە بارهەڵگرەکانیشی گرتەوە، چونکە بۆ هێزی سوارەو تۆپخانە و هەروەها بۆ راگواستنی چەک وچۆڵی سەربازی کەڵکیان لێ وەردەگیرا.

شەڕ، کەرەسە قەدەغەکراوەکان Prohibited Weapons In Warfare

دەوڵەتە دوژمنەکان لە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە ئازاردەرەکان دەسەلاّتێکی سنووردار یان هەیە و دەستیان ئاوالاّ نیە. لەم پێوەندییەدا یاسایەکی گرنگ و متمانەدار (ماددەی بیست و دووی کۆنڤانسیۆنی لاهەی ١٩٠٧) دانراوە کە بەپێی ئەو یاسایە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە دڕندەکان قەدەغە کراوە. مەبەست لە ئامرازی دڕندانە ئەو ئامرازانەی شەڕە کە دەبنە هۆی سەرئێشەو بێزارکردنی خەڵک، بەم پێیە ئەم ئامرازانەی خوارەوە قەدەغە کراون:

١_ فیشەکی گڕدار؛ بەپێی ڕاگەیەنراوی سەن پیترزبۆرگ لە ڕێکەوتی ١٨٦٨/١١/١١ قەدەغەکراوە.

٢_فیشەکی پەخشان؛ کەڵک وەرگرتن لەم فیشەکانە کە لە نێو جەستەی مرۆڤدا بڵاو دەبنەوە، بەپێی ڕاگەیەنراوی ٢٩ی تەمووزی ١٨٩٩ قەدەغە کراوە.

٣_ گازە خنکێنەرو ژەهراوییەکان؛ کە بەپێی ڕاگەیەنراوی شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە کەڵکی لێ وەرگیراو، دواییش لەلایەن هێزە یەکگرتووەکانەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. کەڵک وەرگرتن لە گاز لەسەردەمی ئێستادا بەپێی ڕێوشوێنەکانی ڕێککەوتننامەی واشینگتۆن _ڕێکەوتی شەشی شوباتی ١٩٢٢_ سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە گازی خنکێنەر لە کاتی شەڕداو، پرۆتۆکۆلی ژنیف _ڕێکەوتی _ حەڤدەی حوزیرانی ١٩٢٥_ سەبارەت بە قەدەغە بوونی گازی خنکێنەرو، گازی ژەهراوی و گازی لەم چەشنەو کەرەسەکانی بڵاوکردنەوەی میکرۆب و باکتری، بەرەسمی و بە ڕوونی قەدەغە کراوە.

داڕێژەرانی یاساکانی لاهە (ماددەی ٢٥ی کۆنڤانسیۆنی ١٩٠٧)، لە نێوان شارێکی کراوە بێ بەرگری و شارێکی داخراو یان شارێک کە دەکرێ بەرگری لێ بکرێ، جیاوازییان داناوە و، تەنیا بۆمبارانکردنی شاری داخراوەکانیان بە ڕەوا زانیوە.

Declaration Of War — ڕاگەیەنراوی شەڕ

بریتیە لە ڕاگەیەنراوی ڕەسمی لە سەر بوونی حاڵەتی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتدا. کۆنڤانسیۆنی ١٩٠٧ی لاهە سەبارەت بە دەستپێکردنی شەڕ دەڵێ کە دەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ بەر لەوەی شەڕەکە بە شێوەی کردەیی دەست پێ بکا، ڕابگەیەنرێ، بەڵام هەر ئەوانەی کە بۆ خۆیان ئەو کۆنڤاسیۆنەیان مۆر کرد، ڕەچاویان نەکرد.

ڕاگەیەنراوی شەڕ نەک تەنیا هەڵوێستی وڵاتێک لە بەرامبەر دوژمنەکەی دەردەخا، بەڵکوو بارودۆخی نوێ بۆ وڵاتانی بێلایەن ڕوون دەکاتەوەو؛ هێندێک جاریش لە نێو خۆی وڵاتدا بوونی هەل ومەرجی نائاسایی و بردنەسەری ڕادەی دەسەڵات و توانایی دەوڵەت دەخاتە ڕوو.

مانای یاسایی ڕاگەیەنراوی شەڕ واتە ئەوەی کە پێویستە بەر لەوەی شەڕەکە دەست پێ بکا، ڕابگەیەنرێ، بەر بە هێرشی لە ناکاو و بروسک ئاسا لە پلانە سەربازییەکاندا دەگرێ و، لە

www.perawipepwle.com

لایەکی تر، بەسەرنجدان بەوەی کە شەڕ وەک ئامرازێک بۆ گەریشتن بە ئامانجی وڵاتان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پرۆتستۆ دەکرێ، زۆربەی دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن لە راگەیاندنی رەسمیی شەڕ ـ هەتا ئەوپەڕی مومکین ـ خۆببوێرن. زۆربوونی ژمارەی شەڕەکان و ناکۆکییە فیکری و ئایدۆلۆژییەکان لە نێوخۆی وڵاتانیشدا زەربەی لە مانای یاسایی راگەیەنراوی شەڕ داوە. چوونکە ئەگەر دەوڵەتێک لە بەرامبەر یەکێک لە لایەنەکانی دەستپێکەری کێشە نێوخۆییەکانی خۆیدا شەڕ رابگەیەنێ، کۆمەڵێک دەرەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک، یاسا بەرەسمی ناسراوەکانی " دوژمن" ئەو لایەنەش کە شەرەکەی دەست پێکردووە، دەگرێتەوە. شەڕی کۆریا، شەڕی ڤێتنام وشەڕی عێراق لە دژی ئێران بە نموونەی ئەو شەڕانە دەژمێردرێن کە بەبێ راگەیەنراوی شەڕ لە لایەن دەستپێکەرانی شەڕەوە دەستیان پێکردووە.

کۆتایی شەڕ — *Termination Of War*

کۆتایی شەڕ زیاتر لە رێگای گرێدانی رێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان لایەنەکانی شەڕ پێکدێ، بەڵام رەنگە لە هێندێک حاڵەتیشدا بەبێ گرێدانی رێککەوتننامە، کۆتایی بە شەڕبێ:

یەکەم : کاتێک کە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ بە تەواوەتی لاواز بووبێ و دەوڵەتی سەرکەوتوو بە تەواوەتی ئەو وڵاتە داگیر بکا. وەک ئەوەی کە دەوڵەتی پرۆس، دەوڵەتی "هانۆڤێر"ی بە بێ گرێدانی هیچ رێککەوتننامەیەک بە خۆیەوە لکاند.

دووهەم: ئەو کاتە کە هیچکام لە لایەنەکانی شەڕ نەتوانن لە رێگای سەربازییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن، واتە هیچکامیان توانایی لە نێو بردنی یەکتریان نەبێ، و بەبێ گرێدانی رێککەوتننامەیەک دەست لە شەڕ و پێکداان هەڵدەگرن و کۆتایی بە شەڕ دێنن. دیارە ئەم بارودۆخە زەرەرو زیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، چوونکە کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەرئەنجام و و کاریگەرییانەی کە دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێن، بە شێوەیەکی شاراوەو نادیار دەمێنێتەوە؛ واتە کوتایی هاتنی یەکجارەکی بەشەڕ دیار نیە. نموونەی ئەمجۆرانە لە مێژوودا زۆر دەگمەنەو، دەکرێ تەنیا ئاماژە بە شەڕی ١٧١٧ی نێوان پۆڵەندا و سوید بکرێ.

Afghan War

شەڕی ئەفغانستان

دوای کودیتای ۱۷ی حوزەیران ۱۹۷۳ی ژەنەڕاڵ داوودخان کە رووخانی رژێمی پاشایەتیی چل ساڵەی محەممەد رەزاشا (ـ۱۹۷۳ـ۱۹۳۳) و دەرپەڕانی ناوبراو، بۆ رۆمی لێکەوتەوە، رژێمی کۆماری جێگای سیستەمی پێشووی گرتەوە. داودخان ئەگەرچی پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەو پێوەندییەدا بەدەست هێنا بوو، بەڵام دەیویست پشتیوانیی هۆز و عەشیرە جۆراوجۆرەکانی ئەفغانستانیش بەدەست بێنێ، تاکوو لەم رێگایەوە بەستراوەیی ئەم وڵاتە بە سۆڤیەت کەم بکاتەوە. ناوبراو بە پشت بەستن بە وڵاتە خاوەن نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تارادەیەک سەرکەوتوو بوو. هەروەها دەستووری نوێی ئەم وڵاتە لە ساڵی ۱۹۷۷ داڕێژرا؛ بەڵام سیاسەتی نزیکایەتیی بە رۆژئاوای داود خان بەدڵی سۆڤیەت نەبوو و، ناوبراو لە کودیتای نیسانی ۱۹۷۸ی ناسراو بە "شۆڕشی پور" کە لە لایەن نوور محەممەد تەرەکی سەرکردەی باڵی رادیکاڵ گەلْ "حیزبی هەڵوەشاوەی کۆمۆنیستی دیمۆکراتیکی گەلی ئەفغانستان" (PDPA) بەڕێوەچوو، کوژراو، تەرەکی وەک "سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش" جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. دەستوورێکی نوێ لەسەر بنەمای تاک حیزبی داڕێژراو، رێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری و بەرگریی دوو لایەنەش لە نێوان یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەفغانستاندا مۆرکرا(۱۹۷۹)و، چەندین ریفۆرمیش لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا پێشکەش بە خەڵک کران.

ئەو ریفۆرمە رادیکاڵانەی کە بەمەبەستی وەگەڕخستنی جەماوەر هەژارەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانیی سەرکردە نەریتیەکانی هۆز و عەشیرەکان جێبەجێ کرا لەگەڵ دژایەتیەکی توندی پارێزگاران بەرەوڕوو بوو و، لەم پێوەندییەدا بە هەزاران کەسی ئاوارە پەنایان بۆ ئێران و پاکستان برد.

لە ناوچەی "هەرات"یشدا شۆڕشێکی مەزن وەڕێخرا. کێشەکانی نێوباڵەکان توندتر بووو، "تەرەکی"یش بە هۆی کودیتایەک کوژرا (۱۹۷۹). حەفیزوڵڵا ئەمین کە پۆستی سەرۆک وەزیری و وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی لەئەستۆ بوو، لە ئاکامدا بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش.

حکوومەتی "ئەمین"یش نەیتوانی کۆتایی بە کێشە وشۆڕشە نێوخۆییەکان بێنێ. شەپۆلی ئەم کێشە وشۆڕشانە سۆڤیەتی ناچار کرد تاکوو بیر لە کودیتایەکی تر بە دژی ئەم رژێمە بکاتەوەو، لە

ئاکامیشدا رژێمی ئەمین بە کودیتایەک لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا رووخێندراو، کوژرا. دوابەدوای ئەم رووداوە، "بەبرەک کارمیل"، سەرۆکی دوورخراوەی باڵی ئاڵای "حیزبی کۆمۆنیستی دیمۆکراتیکی گەلی ئەفغانستان" بە پشتیوانیی چل هەزار کەس لە هێزەکانی سۆڤیەت لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە و، بەم شێوەیە خاکی ئەفغانستان لە لایەن هێزەکانی سوپای سوورەوە کەوتە بەرهێرش. ژمارەی ئەو هێزانە سەرەڕای دژایەتیی بەربڵاوی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم کارە، رۆژ لەگەڵ رۆژ زیادی کردو، زۆر لە وڵاتانی وەک ئێران، چین، ئەمەریکا، پاکستان، و.... هتد بە هاوکاریە ماددی و مەعنەوی و هەروەها سەربازییەکانی خۆیان پشتیوانیان لە بزوتنەوەکانی لە حاڵی دامەزرانی موجاهدین لە بەرامبەر هێزەکانی سۆڤیەتدا دەکرد.

لە حاڵێکدا کە ژمارەی سەربازانی سوپای سوور لە ساڵی ١٩٨٥، گەیشتە ١٢٠٠٠٠کەس، بەڵام بزووتنەوە پارتیزانیەکانی موجاهدین کێشەیەکی زۆریان بۆ رووسیەکان نابۆوەو، بەربەستیان لەبەردەم پێشڕەویی سووپای سوور دروست کردبوو. بەڵام سەرەنجام رووسەکان بە داگیرکردنی ناوچەی واخان بە کردەوە ناچەی نفوز دەسەڵاتی خۆیان تاکوو سنوورەکانی پاکستان بەرفراوان کرد.

یەکیەتیی حەوتەوانەی موجاهدینی ئەفغان کە سەرکردایەتی شەڕ لە دژی سۆڤیەت و لە ئاکامدا کۆمۆنیزمیان لەئەستۆ بوو، لەو حیزب و تاقمانە پێک دەهات:

١ــ کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی بورهانەدین رەببانی

٢ــ بەرەی رزگاریی نیشتمانیی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر "ێبغەاالله مجددی "

٣ــ حیزبی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی ئەندازیار گولبەدین حیکمەتیار

٤ــ حیزبی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی یونس خالس

٥ــ برایەتی نەتەوەیی ئیسلامیی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی پیر سەید ئەحمەد گەیلانی

٦ــ بزوتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی بە سەرۆکاییەتی محەممەد نەبی

٧ــ یەکیەتیی ئیسلامیی ئازادیی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی عەبدولرەسووڵ سەییاف سەرۆکایەتی یەکیەتیی حەوتەوانە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بە نۆرە لە دەستی گولبەدین حیکمەتیار، بورهانەدین رەببانی و ئەحمەد شا مەسعوود (ناسراو بە شێری دۆڵی پێنج شێر)دابوو.

یەکیەتیی حەوتەوانەی موجاهدین بڕیاریدا بوو کە دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، "مجددی" بە سەرۆک کۆماری و عەبدولڕەسوول سەییاف بە پۆستی سەرۆک وەزیری هەڵبژێرێ.

بە زیاد بوونی خەسارتەکانی سووپای سوور هاتنە سەرکاری گۆرباچۆف، ناوبراو هەوڵی ئەوەی دا کە هەرچی زوتر پێی سووپای سوور لە زلکاوی ئەفغانستان دەربکێشێ. لەم رووەوە، لە مانگی ئایاری ١٩٨٦دا، دوکتۆر "نەجیب الله ئەحمەد زای" سەرۆکی پۆلیسی نەهێنیی ئەفغانستان ناسراو بە "خاد" بوو بەجێنشینی بەبرەک کارمیل و، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ٨٠٠٠ کەس لە هێزەکانی رووسی بەنیشانەی نیاز پاکی لە ئەفغانستان چوونە دەر.

لە شوباتی ١٩٨٨دا گۆرباچۆف پێشنیاری کرد کە هێزەکانی سووپای سوور بەپێی خشتەیەکی زەمەنیی ٩ مانگە واتە لە مانگی ئایاری ١٩٨٨ هەتا شوباتی ١٩٨٩ خاکی ئەفغانستان بەجێ بێڵن. ئەم کارە نەبووە رێگرێک لەبەردەم درێژەپێدانی شەڕی نێوخۆیی موجاهدین لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئەفغانستان دا. موجاهدین بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ٨٥ لە سەدی خاکی ئەفغانستانیان لە بەردەست دایە، بەڵام دەوڵەتی ناوەندیش درێژەی بە فشارەکانی خۆی بۆ جێبەجێ بوونی رێککەوتنێکی سیاسی دەدا.

کاری لێکدان و پێکدادان بە شێوەیەک زۆر ببوو کە دەوڵەتەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت بڕیاریان دا تاکوو لە یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ چیتر چەک وچۆڵ بۆ لایەنەکانی شەڕ نەنێرن. لەگەڵ لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتدا، پاڵەپەستۆی موجاهدینیش بۆسەر دەوڵەتی ناوەندی زیادی کردو، دکتۆر نەجیب الله لە ١٦ی نیسانی ١٩٩٢دا وازی لە دەسەڵات هێنا.

لێکدان و پێکدادانی تاقمە جۆراوجۆرەکانی موجاهدین لەگەڵ یەکتر لە ئاکامدا بوو بە هۆی گرێدانی "رێککەوتننامەی پیشاوەر" لە تشرینی دووهەمی ١٩٩٣و، سەرۆک کۆماریی دوو مانگەی پرۆفیسۆر "مجددی" و سەرۆک وەزیرانیی مامۆستا عەبدولسەبوور فەرید. دوای کۆتایی ئەم دوو مانگە، دەسەڵات بۆ بورهانەدینی رەببانی گوازرایەوە، پۆستی وەزارەتی بەرگریش درا بە "ئەحمەدشامەسعوود".

دوای ئەوەی کە رەببانی ئەنجوومەنی چارەسەری (شواری اهل حل و عقد)ی بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری نوێ گۆڕی، ئەنجوومەن، جارێکی تر ناوبراوی بە سەرۆک کۆماریی ئەفغانستان هەڵبژارد (کانوونی دووهەمی ١٩٩٣).

حیزبی ئیسلامیی حیکمەتیار کە لەم هەڵبژاردنە ناڕازی بوو، بەتووندی هێرشیان کردە سەر پێگەکانی دەوڵەتی ناوەندی و، لەئاکامدا ڕەببانیان ناچار بە دانوسان و ڕێککەوتن کرد. بە ناوبژیوانیی دەوڵەتەکانی پاکستان، ئێران و عەرەبستان لایەنەکانی شەڕ لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان کۆبوونەوەو، دوای چەند ڕۆژ باس و خواس، "ڕێککەوتننامەی ئیسلام ئاباد"یان، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیان مۆر کرد. (مارتی١٩٩٣).

یەکێک لە کێشە سەرکیەکانی تاقمەکان لەسەر هێشتنەوە یان لابردنی ئەحمەدشامەسعوود لە وەزارەتی بەرگری و بەڕێوەبردنی ئەو وەزارەتە بەشێوەی هاوبەش و بەبەشداری هەموو لایەنەکان بوو. جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو لە لایەن ئێران، پاکستان وعەرەبستانەوە، گەرەنتی کرا.

لەگەڵ جێبەجێکرانی ئەو ڕێککەوتننامە، ڕەببانی لە پۆستی سەرۆک کۆماریدا مایەوە و، ئەندازیار گوڵبەددین حیکمەتیار بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا. پاش ماوەیەک واتە دوابەدوای قووڵتر بوونی ناکۆکیی نێوان ڕەببانی و حیکمەتیار و هەروەها سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی تالیبان، واتە ئەو میلیشیایانەی کە ئەفغانستان دەیگووت لەلایەن پاکستانەوە پشتیوانیی سیاسی، سەربازی و ماڵی دەکرێن، گرێ پووچکەی ئەفغانستان بە داگیر کرانی بەشێکی گرنگ لە وڵات لە لایەن تالیبان و هەروەها داگیرکرانی بەشێکی زۆر لە ناوەندسەربازییەکان لەلایەن ئەو تاقمەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو و؛ سەرەڕای ناوبژیوانیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی نێوخۆیی، ئەم هەوڵانە بە دەرەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشتن.

بەدوای هێرشی هەمە لایەنەی تالیبان بۆ سەر ناوەندەکانی حکومەت و گرتنی پایتەختی ئەفغانستان (ئەیلوولی ١٩٩٦)، ژەنەراڵ نەجیب لەگەڵ براکەی لەگۆرەپانی ئاریانای کابول، لە سێدارە دران و، ڕەببانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان بەرەو ناوچەکانی باکوور پاشەکشەیان کرد. شەڕێکی دوورودرێژ بە توندییەکی جیاوازەوە لە سەرانسەری ئەفغانستان تاکوو ئەیلوولی ٢٠٠١ درێژەی هەبوو و، لە ماوەی ئەو ٥ ساڵەدا تالیبان توانی ٩٠ لەسەدی خاکی ئەفغانستان بەدەستەوە بگرێ و حکومەتێک دامەزرێنێ، کە تەنیا لە لایەن پاکستان، عەرەبستان و ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبییەوە بەرەسمی ناسرا. تالیبان بە جێبەجێکردنی شێوازێکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوو، دەستی بە لێدان و کوتانی ژنان، منداڵان و پیاوانی ئەفغانی کردو، ئەفغانستانی کرد بە پێگەی کومەڵێک پیاوی

www.perawipepwle.com

دواکەوتوو وکۆنەپەرەست. مەلامحەممەد عومەر کە وەک "امیر المومنین" حکوومەتی بەسەر ئەفغانستاندا دەکرد، بە دارشتنی چەندین یاسا و ڕێوشوێن بە ناوی "شەریعەت" ئەفغانستانی لە بەرچاوی خەڵکی دونیا خست. بە دوای کوژرانی ئەحمەدشامەسعوود لە کردەوەی تیرۆریستیی ۹ی ئەیلوولی ۲۰۰۱ داو ڕووداوی ۱۱ی ئەیلوولی ۲۰۰۱، ئوسامە بن لادن لە لایەن ئەمەریکاوە بە تۆمەتباری ژمارەیەک لە قەڵەم درا.

ئەمەریکا دوای بەدەستەوەنەدانی بن لادن لە لایەن ئەفغانستانەوە، لە ۷ی تشرینی یەکەمی ۲۰۰۱ دا چەندین هێرشی کردە سەر خاکی ئەم وڵاتەو، بەشێکی بەرچاوی لە خاکی ئەو وڵاتە بۆمباران کرد و هێزەکانی پیادەی ئەمەریکاش لە زۆر ناوچەی ئەفغانستان سەنگەریان گرت. یەکیەتیی باکووریش کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرت و، دەستی بە پێشڕەوەی بەرەو کابول کرد و لە ١٤ی تشرینی دووهەمدا کابوولی ئازاد کرد.

لە دوای پێکهاتنی لۆیی جەرگە (حوزیرانی ۲۰۰۵)، حامید کارزای بوو بە سەرۆکی دەوڵەتی ئەفغانستان.

Iran – Irag War

شەڕی ئێران وعێراق (۱۹۸۸_۱۹۸۰)

ئەم زاراوەیە بە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەگوترێ کە لە دوای ٦٣٧ جار هێرشی سوپای عێراق بۆ خاکی ئێران لەسەر سنوورەکاندا، دەستی پێکرد. لە کاتژمێر ١٤ی ڕۆژی ٢١ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هێزە ئاسمانیەکانی عێراق بەدەیان فڕۆکەی سەربازی دەستیان بە بۆمبارانکردنی فڕۆکەخانەکانی نێوخۆ و نێونەتەوەیی و بنکە ئاسمانیەکانی ئێران کردو، هاوکات لەگەڵ ئەمەش، شارە سنوورەییەکانی خورەمشەهر، سوسەنگرد، بۆستان، مێهران، دیهلوڕان، قەسری شیرین، هۆویزە، نەوت شار، سومارو موسیانی داگیرکردو، شارەکانی ئابادان، ئەهواز، دیزفول، شوشتەر، ئەندیمێشک، ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا و گیلانی ڕۆژئاوای دایە بەر هێرشی تۆپخانەکانی خۆی.

سۆپای عێراق دوای پەڕینەوە لە سنوورە هاوبەشەکان بە پشتیوانیی ئاگری تووندی تۆپخانەکانی خۆی، بەخێرایی یەکی سەیر پێشڕەوی کردە نێو خاکی ئێران و، هەتا کۆتایی ساڵی ۱۹۸۰و بەکردنەوەی بەرەیەکی تر لە ناوچەی کوردستاندا توانی نزیک بە چواردەهەزار کیلۆمەتری دووجا لەخاکی ئێران داگیر بکا.

هێرشی "فتح المبین" کە لە نیسانی ١٩٨٢دا دەستی پێکرد سەرتای هەڵگەڕانەوەی بارودۆخی شەڕ بوو و، هەوڵەکانی هێزەکانی ئێران بوو بە هۆی ئازاد کردنی ئەو ناوچانەی کە عێراق داگیری کردبوون و هەروەها شاری خورەمشەهریش ئازاد کرا.

عێراق سەرەڕای چاوپۆشی لە ستراتیژیی هێرشی بەرفراوانی خۆی وبۆچوونەدەر لەو بۆنبەستە، چەندین تاکتیکی جۆراوجۆری تاقی کردەوەو، دوای شکست خواردن لە هێرشەکانی "فتح المبین" و "بیت المقدس"، ستراتیژیی بەرگریی رەهای گرتەبەر. بەرگریی هێزەکانی ئێران، عێراقی ناچار کرد تاکوو بۆ چوونەدەر لەو بۆنبەستە، شەڕەکە بۆ کەنداوی فارس بگوازێتەوە و، شەڕی نەوت هەڵگرەکان دەست پێ بکا.

شەڕ لە کەنداوی فارس و هێرشی بەردەوام بۆسەر نەوت هەڵگرەکان، بواری بۆ دەستێوەردانی ئەمەریکاو زلهێزەکانی تری رۆژئاوا لەوێدا خۆش کردو، دەوڵەتی کوێت بەرەسمی داوای لە ئەمەریکا و سۆڤیەت کرد تاکوو لە ژێر ئاڵای خۆیان پارێزگاری لە نەوت هەڵگرەکانی ئەو وڵاتە بکەن.

رووداوەکانی تر لەماوەی شەڕدا تاکوو پەسندکردنی بریارنامەی ٥٩٨و راگەیاندنی ئاگربەست، بەپێی پێرست بریتین لە:

١ـ دەسپێکردنی شەڕی شارەکان (مارتی ١٩٨٤) و، هێنانەگۆڕی تیۆری شەری هەمەلایەنە یان ئاشتیی هەمە لایەنە لەلایەن عێراقەوە.

٢ـ هێرشی هیزە ئاسمانیەکانی عێراق بۆ سەر ناوی ئەمەریکیی ستارک (١٩٨٦).

٣ـ هێرشی کۆپتەرە شەرکەرەکانی ئەمەریکا بۆ سەر پاپۆری ئێران ـئەجر (١٩٨٦).

هێرشی بەرامبەرانەی ئێران (١٩٨٤) ودرێژەی شەڕی شارەکان لە نێوان لایەنەکاندا بەدرێژایی بەهاری ١٩٨٥؛ مارتی ١٩٨٦ و بەهاری ١٩٨٧.

٤ـ پەسندکردنی بریارنامەی ٥٩٨ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە تەمووزی ١٩٨٧.

٥ـ پەسندکردنی بەرەسمیی بریارنامەی ٥٩٨ لەلایەن ئێران لە ١٦ی تەمووزی ١٩٨٧دا.

٦ـ پێکهاتنی ئاگربەست لە بەربەرەکانی شەڕدا لە ئابی ١٩٨٧دا.

پێشێل کرانی یاسا و رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لەلایەن رژێمی عێراقەوە

عێراق لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی خۆی لەگەڵ ئێراندا، چەندین ڕێککەوتننامە و کۆنڤانسیۆنی پێشێل کردو، کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

١_ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پەنانەبردنە بەر هێزو، گەڕان بە دوای ڕێگا چارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکان.

٢_ ڕێککەوتننامەی ٦ی مارتی ١٩٧٥.

٣_ کۆنڤانسیۆنە چوار کوچکەکانی ژنێڤ.

٤_ پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێف سەبارەت بە قەدەغە بوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

٥_ڕێککەوتننامەی١٢ی حوزەیرانی ١٩٨٤ی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە هێرش نەکردنی ئاسمانی، تۆپخانەو موشەکی بۆسەر ئەو ناوچانەی کە خەڵکی لێ دەژی.

٦_ کۆنڤانسیۆنی مافە دەریاییەکان.

٧_ کۆنڤاسیۆنی کوێت سەبارەت بە پاراستنی ژینگە و بۆمبارانی چاڵە نەوتیەکان.

٨_ کۆنڤانسیۆنی شیکاگۆ.

٩_ ڕێوشوێنەکانی یۆنسکۆ بۆ پاراستنی بینا و شوێنەوارە کۆن و مێژووییەکان.

١٠_ ڕێوشوێنەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و ماددەی ٥٦ی پرۆتۆکۆلی ١٩٧٠ی ژنێف بەپێی بەندی یەکەمی بڕیارنامەی ٤٠٧ی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە.

ڕووداوەکانی دوای پێکهاتنی ئاگربەست

ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٨ی ئابی ١٩٨٧دا بڕیارنامەی ٦١٩ی پەسند کرد کە بەپێی ئەو بڕیارنامە، چەندین گرووپی چاوەدێریی سەربازیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران و عێراق (یۆنیماگ) دا دامەزرێن و، دەنێردرێنە سنوورەکانی ئێران.

دەستپێکی وتووێژەکانی ئاشتی

یەکەمین خولی و تووێژە ڕەسمیەکانی ئاشتی لە نێوان عێراق و ئێراندا بە چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٨ی ئابی ١٩٨٧ لەژنێف دەستی پێکرد، بەڵام بە هۆی ئەوپێش مەرجانەی کە لە لایەن عێراقەوە سەبارەت بە ڕووباری ئەروەند (شگ العرب) و ئازادیی هاتووچۆی پاپۆڕەکانی ئەو وڵاتە لە کەنداوی فارسدا خرانە ڕوو، وتووێژەکانی ئاشتی تووشی شکست کرد.

پێداگرییەکانی عێراق بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی ۱۹۸۷ و۱۹۸۸ دا هیچ جۆرە پێشکەوتنێک لەوتووێژە دوولایەنەکان وەدی نەیە و، لە کۆتایی ساڵی ۱۹۸۸ پێوەندیی عێراق لەگەڵ رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمەریکا رووی لە گرژی و ئاڵۆزی کرد. لێدوانەکانی سەدام حوسێن و هەڕەشەکانی ناوبراو لە رۆژئاوا، بارودۆخێکی پێک هێنا کە ئەنجوومەنی ئاسایش راگەیەنراوێکی دەرکرد تاکوو لەودا داوا لە هەردوو لایەن بکا کە هاوکاری لەگەڵ سکرتێری گشتی UNدا بکەن. لەو پێوەندییەدا هەر دوولا بە شێوەیەکی گشتی رازیبوونی خۆیان بۆ پلانی نوێی سکرتێری گشتی راگەیاند.

ئاڵ وگۆڕی نامەکان لە نێوان سەرۆک کۆمارەکانی دوو وڵات دا

لە کۆتایی نیسانی ۱۹۸۹دا سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری عێراق نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی ئێران نارد. ناوبراو لەو نامەدا سەرەڕای ئاماژەکردن بەمەترسیەکانی سەهیۆنیزم [نووسەر] و هێندێک لە زلهێزەکان و وڵاتە گەورەکان بۆ سەر عێراق و نەتەوەی عەرەب، پێشنیاری کرد تاکوو وتووێژێکی راستەخۆ لە نێوان هەر دوولایەندا لە مەککە بەڕێوە بچێ.

سەدام کە ئامانجی داگیرکردنی کوێتی لە مێشکیدا دەخولایەوە، بە ناردنی نامەیەکی تر، وتووێژی راستەخۆی بەتەنیا رێگای گەیشتن بە ئاشتی ناو برد.

لە ۲ی ئابی ۱۹۸۹دا عێراق لە نامەیەکی دیکەی بۆ ئێران دا بۆیەکەمین جار باسی لە مەسەلە گرنگەکان کردبوو. عێراق پێشنیاری کردبوو تاکوو وتووێژەکان سەبارەت بە " شگ العرب " لە سێ تەوەردا بێنە گۆڕێ:

۱ـ دەسەڵاتدارەتیی تەواو بەسەر رووبارەکە هی عێراق بێ، چوونکە ئەوە مافی مێژوویی و رەوای عێراقە.

۲ـ پیادەکردنی دەسەڵات بەسەر " شگ العرب" لە لایەن عێراقەوە، وێرای جێبەجێکردنی شێوازی دیاریکردنی هێڵی تالڤێگ بۆ هاتوچۆی پاپۆرەکان.

۳ـ ناردنی کێشەی " شگ العرب" بۆ دادوەری، بەپێی یاسایەک کە هەر دوولایەن لەسەری کۆک بن.

هەروەها عێراق لەو نامەدا داوای پشتگوێ خستنی بەندی ٦ی بڕیارنامەی ٥٩٨ی سەبارەت بە دیاریکردنی لایەنی دەستپێکەری شەڕی کردبوو. سێ ڕۆژ دوای ناردنی ئەو نامە، سوپای عێراق سنووره هاوبەشەکانی خۆی لەگەڵ کوێتدا بەزاند و، خاکی ئەم وڵاتەی داگیر کرد.

١٢ ڕۆژ دوای داگیرکردنی کوێت، واته له ١٤ ئابی ١٩٩٠، ڕادیۆی عێراق نامەی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەی لە پێوەندی لەگەڵ پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ی خوێندەوە.

بەدوای پاشەکشەی هێزەکانی عێراق لە خاکی ئێران کە لە ڕۆژی ٩ی ئابی ١٩٩٠دا دەستی پێکرد، ئەو هێزانە لە ماوەی ٥ ڕۆژدا بۆ دیوی سنووره نێونەتەوەییەکان پاشەکشەیان کرد.

عێراقیەکان بە گشتی ٢٣٦٣ کیلۆمەتر دووجا لە خاکی ئێرانیان لەبەردەست دا بوو کە دەستیان بە چۆڵکردن و پاشەکشە کرد، بەڵام هێندێک لە ناوچەکانیان هەروا لەبەردەست دابوو. پانایی ئەو ناوچانە ٦٠٠ کیلۆمتری دووجا دەبوو. بەپێی لێدوانی عێراقیەکان، ئێران دەبوایە بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ ناوچەکانی میمک، "زین المقدس" و" سیف السعد" بە عێراقیەکان بدا، چوونکە ڕژێمی شا لە ئەسپاردنی ئەو ناوچانە بە عێراق خۆی بواردووە.دیارە دەبێ ئەوە بگوترێ کە یەکێک لە بیانووەکانی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥و هێرش بۆسەر ئێران هەر ئەو بابەتە بوو. ئەم ناوچانە بەپێی بانگەشەی کاربەدستانی عێراق نزیک بە ٣٠٠ کیلۆمەتری دووجایە، لە حاڵێکدا ئەوەی کە لەبەردەستی عێراقیەکاندا مابۆوە، زۆر لەوە زیاتر بوو.

باشتر بوونی پێوەندییەکانی دوو وڵات

بە دوای پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ وپاشەکشەی هێزەکانی عێراق بۆ پشت سنووره دەستنیشانکراوە نێونەتەوەییەکان،لیژنەیەک لە حوزەیرانی ١٩٩٠ هاتە تاران و، باس لەم بابەتانە کرا:

١ـ دانانی تێلە سنوورییەکان؛

٢ـ گۆڕینەوەی دیلەکان؛

٣ـ قەیرانی کەنداوی فارس؛

٤ـ دابینکردنی ئاسانکاری بۆ سەردان و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان؛

٥ـ دەستپێکرنەوەی پێوەندییە دوولایەنیەکان و، کردنەوەی باڵۆێزخانەکان لە هەردوو وڵاتدا.

www.perawipepwle.com

لەم پێوەندییەدا وەزیری دەرەوەی ئێران لەسەر بانگهێشتیی هاوتا عێراقیەکەی خۆی لە ئابی ١٩٩٠دا سەفەری بۆ بەغدا کردو، عیززەت ئیبراهیم، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بە سەرۆکایەتی وەفدێکی سیاسی و ئابووری سەردانی ئێرانی کرد (تشرینی یەکەمی ١٩٩٠).

ئاڵۆزیی دووبارەی پێوەندییەکان

دوای هێرشی هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ سەرعێراق (کانوونی دووهەمی ١٩٩١)، دەوڵەتی ئەو وڵاتە رایگەیاند کە لە ماوەی شەڕدا ١٤٨ فڕۆکەی سەربازی و نەفەرهەڵگری عێراق لە خاکی ئێراندا نیشتوون و، داوا لە ئێران دەکا کە بۆ ئەم وڵاتەیان بگێڕێتەوە.ئێران رایگەیاند کە ٢٢ فڕۆکەی عێراق لە ئێران نیشتۆن. ژمارەیەک لەو فڕۆکانە هی کوێت بوون، کە عێراق لەو وڵاتە هێناوێ و، لە ئێران نیشتوونەوە. ئێران فڕۆکەکانی کوێتی ناردەوە بۆ کوێت و رایگەیاند هەر کاتێک کۆمیتەی گەمارۆی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئێران بڵێ کە ئەو فڕۆکانە بنێرێتەوە، ئێران ئەوانیش دەنێرێتەوە بۆ عێراق. بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەندی ٦ی بریارنامەی ٥٩٨، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ی ئابی ١٩٩١دا داوای لە ئێران و عێراق کرد تاکوو راپۆرتێکی تێروتەسەل لە سەر روانگەی خۆیان سەبارەت بە دەستپێشخەری شەڕ هەتا ١٤ی ئەیلوول پێشکەش بە ناوبراو بکەن. دوای هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکان، سکرتێری گشتیی سەرەنجام لە راپۆرتی خۆیدا (ئەیلوولی ١٩٩١) بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، رایگەیاند کە دەوڵەتی عێراق بەرپرسی دەستپێشخەری شەڕ لە دژی ئێران لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا بووە.

رادەی زیانەکان

بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رادەی ئەو زیانانەی کە لە ئێران کەوتوون، بەو شێوە بووە:

١: رادەی زیانە ڕاستەخۆکان، ٩٧,٢میلیارد دۆلار،

٢: رادەی زیانە ناڕاستەخۆکان، ٣٤,٥٣٥ میلیارد دۆلار،

ئێران رادەی زیانەکانی بە ١٠٠٠ میلیارد دۆلار راگەیاندووە.

بابەتە هەڵپەسێردراوەکانی دوولایەن

گرنگترین بابەتەکانی دوو وڵات کە ئێستا بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە بریتین لە:

١ـ دانانی تێلەکانی سەر سنوور،

٢ـ گرێدانی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لە نێوان دوو وڵات دا،

٣ـ خاوێنکردنەوەی چۆمی ئەروەند (شەتتولعەرەب)

٤ـ دیاریکردنی ڕۆخی دەریای ئێران و عێراق. بابەتی دیاریکردنی ڕۆخی دەریای ئێران و عێراق لە کەنداودا لە ساڵەکانی ١٩٦٤و ١٩٧٠ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە و وتووێژی لەسەرکرا، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی لێ نەکەوتەوە. ڕێکنەکەوتنی ئێران وعێراق لەسەر دیاریکردنی ڕۆخی دەریا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێران و کوێتیش لەسەر ئەم بابەتە ڕێک نەکەون، چوونکە ڕۆخی دەریای ئەم سێ وڵاتە لە باکووری کەنداو پێک دەگەنەوە.

بە دوای شەڕی ئەمەریکاو بەریتانیا لەگەڵ عێراق و، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە نیسانی ٢٠٠٣ دا، داواکارییەکانی ئێران لەو وڵاتە هەروا بە نادیاری ماوەتەوە.

شەڕی بروسک ئاسا — Blitzkrieg [lightning War]

هێرشێکی بەدەستوبردەو خێرایە کە لە پانتاییەکی بەرتەسکدا، بۆ دزەکردنێکی بەرین لە قوڵایی هێڵی دوژمندا بەڕێوە دەچێ. ئەم تەکتیکە لە ڕێگای هێرشە ئاسمانیەکانەوە بەمەبەستی بۆمبارانی سەنگەرەکانی دوژمن بۆ کەمکردنەوەی توانایی بەرگریی ئەوان و هەروەها بۆ دابەزاندنی یەکە زرێپۆشە تیژتێپەرەکان، بەڕێوە دەچێ. ئەم شێوازە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە بەڕێوە چوو. ژەنەراڵ گودەریان، ژەنەراڵی بە ناوبانگی سوپای ئەڵمانیای نازی لەشەڕی ئەڵمانیەکان لەگەڵ فەرەنسیەکاندا، لەم تاکتیکە کەڵکی وەرگرت (١٩٤٠).

ئەم زاراوە لە زمانی ئینگلیزیدا بە کورتی Blitzی پێ دەگوترێ کە مەبەستەکەی پێناسە وباس لە هێرش و بۆمبارانە قورس و هێرشەکانی شەوانەی هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیای نازی بەسەر شارەکانی بەریتانیا لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دایە.

شەڕی مەزن — Great War

ئەم زاراوە بە شەڕی یەکەمی جیهانی دەگوترێ کە بەڕاگەیاندنی شەڕ لە لایەن نەمسا ـ هەنگاریا بە دژی سیربیا لە ڕێکەوتی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤ دەستی پێکرد و لە ١١ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨ واتە ئەو ڕۆژەی کە دەوڵەتی ئەڵمانیا کۆتایی شەڕی ڕاگەیاند، کۆتایی پێ هات.

شەڕی پێشگیرانە Preventive War

شەڕی پێشگیرانە بڕیارێکی بە ئەنقەستە، بەمەبەستی دەستپێکردنی هێرشی سەربازییە، چوونکە دەستپێکەری شەڕ پێیوایە کە لە بواری هێز و تواناییەوە بە سەر دوژمندا زاڵە. هەروەها پێیوایە کە ئەم ناهاوسەنگیە، کاتیەو ئەگەر ئەو پەلە نەکا، ڕەنگە دوژمنە خیاڵیەکەی ئەو بگاتە ئاستی ئەو و تەنانەت لە داهاتوودا وەپێش ئەویش بکەوێ. کەوایە لە کردەوەدا دەستپێکی شەڕی پێشگیرانە کردەیەکی بەنقەستە و ئاگایانەیە کە لە سەربنەمای ڕوانگەی پێشوو سەبارەت بە زاڵبوونی کاتیە. لە هەلومەرجی گشتیدا شەڕی پێشگیرانە حاڵەتێکی هێرشبەرانەی هەیە نەک بەرگریانە. سەبارەت بە پێناسەی ئەم زاراوە دەبێ ئاماژە بە دووخاڵ بکەین. یەکەم ئەوەی کە شەڕی پێشگیرانە یەکێک لەوجۆرە کردەوانەیە کە بەستراوە بە شتێکە کە دەکرێ بە "ڕێبازی هێرشبەرانە" ناوی ببرێ. دووهەم ئەوە کە شەڕی پێشگیرانە بەپێی واتای بەرفراوانی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان کارێکی نایاسایی و لە دەرەوەی هەڵوێستی گشتیی سەدەی بیستەمە، کە تەنیا کاتێک ڕێگە بە کەڵک وەرگرتن لە هێز دەدا کە بەمەبەستی بەرگریکردن بێ و، شەڕی پێشگیرانە زیاتر هێرشبەرانەیە تاکوو بەرەنگارانە بێ، شەڕی پێشگیرانە لەسەر دوو گریمانەی پێوەندییەکان و هەلومەرج ڕاوەستاوە، یەکەم ئەوە کە شەڕ لە هێندێک بوارەوە حەتمی بێ. دووهەم ئەوە کە زەبری یەکەم کاریگەر دەبێ. حەتمی بوونی شەڕ دەکرێ وەک پێناسەیەکی ڕەش بینانەی تایبەتی لە بارودۆخ باس بکرێ کە هێندێک جار سیاسەتڤانان، دیپلۆماتکاران، ستراتیژیستەکان و سەرکردە سەربازییەکان لەبارەی داهاتوو وێنای دەکەن. ئەم ڕەش بینیەش بە قووڵی لە هزری پێوەندیدار بە پێوەندییە نێوەنەتەوەییەکانەوە سەرچاوەی دەگرێ.

مانای زەربری یەکەم لە شوێنێکی تردا باس دەکرێ. بەڵام لێرەدا تەنیا پێویست دەکا ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە شەڕی پێشگیرانە تەنیا لە کاتێکدا دەکرێ پاساو بدرێ کە دوژمنەکانی ئێستا، هێزی پێویستیان بۆ وەشاندنی زەربری یەکەم هەبێ، بەڵام نەتوانین بەرگرییەکی چالاک لە دژی

یەکتر بەڕێوە ببەن. هەڵی هەڵگیرساندنی شەڕ کاتێک بە هێز دەبێ کە لایەنی بەرامبەر زانیارییەکی زۆری لە سەر رادەی توانایی سەربازی و جێگۆرکێی هێزەکان و چۆنیەتی دامەزرانی هێزەکانی لایەنی بەرامبەری خۆی هەبێ.
بەپێی پێناسە، شەڕی پێشگیرانە بە دژی یاسا نێودەوڵەتیەکانە. شەڕی پێشگیرانە بڕیاردەران ناچار دەکا کە دەست بۆ وەشاندنی زەربری یەکەم ببەن کە ئەمەش لە بواری رەوشتی و دەروونیەوە پاساودانی تۆزێک دژوارەو، پێویست بەوە دەکا کە سەر کردە سیاسیەکان، هەوڵی بەرچاو بۆ نیشاندانی متمانەی خۆیان بەدەزگا زانیارییەکان و دامەزراوە سەربازییەکان بدەن.

شەڕی یەکەمی جیهانی _(١٩١٨_١٩١٤) World War I

شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا دەستی پێکرد، کە سەرچاوەکەشی بۆ ململانێی نێوان دەوڵەتە گەورەکان لەسەر کۆلۆنیالیزم وکێشە سەربازی و کێشە نەتەوایەتیەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.
بیانووی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی کوژرانی فرانسوا فردیناند، جێگری ئیمپراتۆری نەمسا لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤ لە سەرایۆڤۆ، یەکێک لە هەرێمەکانی بۆسنیا بوو. خەڵکی ئەم هەرێمە حەزیان دەکرد کە لەگەڵ سیربیادا تێکەڵ ببنەوە، بەڵام دەوڵەتی نەمسا ئێزنی ئەم کارەی نەدەدا. کاربەدەستانی نەمسا، دەوڵەتی سیربیایان بە بەرپرسیاری کوشتنی جێگری ئیمپراتۆری نەمسا دەزانی و، چوونکە نەمسا دڵنیا بوو کە ئەڵمانیا پشتیوانی لێدەکا، ئۆلتیماتێۆمێکی بە سیربیا دا، و داوای لێکرد کە لەو پیلانەی بۆ کوشتنی جێگری ئیمپراتۆری نەمسا بەڕێوە چوو، بکۆڵنەوە و، ئەوانەی کە دەستیان لەو پیلانەدا هەبووە دادگایی بکا. لە لایەکی تر، دەوڵەتی نەمسا سیربیای راسپارد کە نەیارانی نەمسا لە پۆست و بەرپرسایەتی ئیداری بێبەش بکا. سیربیا ئەم ئۆلتیماتێۆمەی قبووڵ نەکرد، بەڵام ئامادە بوو کە کێشەکە بۆ دیوانی دادوەریی لاهە بنێرێ. رووسیاش لەم بارەوە پشتیوانی لە سیربیا کرد. نەمسا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە وڵامەکەی سیربیا ناتوانێ رازی بکا، هەربۆیە نەمسا شەڕی لەگەڵ سربیادا راگەیاند.
راگەیاندنی شەڕی نەمسا لەگەڵ سیربیا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی هاوپەیمانیی سێ گۆشە (بەریتانیا، فەرەنساو رووسیا) و یەکیەتی سێ کوچکە (ئەڵمانیا، نەمسا، ئیتاڵیا) شەڕ لەگەڵ یەکتر

رابگەیەنن. رووسیا هێزەکانی خۆی پۆشتە کرد تاکوو بە فریای سێربیا بکەوێ. ئەڵمانیا لە یەکەمی مانگی ئابی ١٩١٤ دا شەڕی لەگەڵ رووسیا و رۆژی دواتریش لەگەڵ فەرەنسا راگەیاند.

کاتێک کە ئەڵمانیا بێلایەنیی بەلژیکی پێشێل کرد بۆ ئەوی کە لە پشتەوە هێرش بکاتە سەر فەرەنسا، دەوڵەتی بەریتانیا لە چواری ئابدا شەڕی لەگەڵ ئەم وڵاتە راگەیاند. ژاپۆن بۆیە شەڕی لەگەڵ ئەڵمانیادا راگەیاند چوونکە دەیویست داگیرکراوەکانی ئەو وڵاتە کە لە زەریاری ئارام دابوو، بۆ خۆی داگیر بکا.

ئیتالیا لە یەکیەتیی سێ کوچکە چووە دەرێ و، هەتاکوو ساڵی ١٩١٥وەک بێلایەن مایەوەو، لەو رێکەوتەوە چووە ریزی هاوپەیمانان. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە ئەویش دەویست دەسەڵاتی ئەو ناوچە ئیتالی زمانانەی کە لەبەردەستی دەوڵەتی نەمسادا بوو و لەگەڵ چەند کۆلۆنیەکی دیکە لە ئەفریقیا بەدەستەوە بگرێ. تورکیای عوسمانی پشتیوانی لە ئەڵمانیا کرد بۆ ئەوەی کە نەهێڵێ رووسیا دەست بەسەر گەرووەکانی دەریای رەشدا بگرێ. هەتا شەڕ درێژەی کێشا ژمارەی دوژمنەکان زیادی دەکرد. بۆوێنە بولگاریا چووە ریزی وڵاتانی ناوەندی و، ئەمەریکا و پۆرتوگاڵ و یۆنان و رۆمانی چوونە بەرەی هاوپەیمانانەوە. لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە ئاڵمانیا و نەمسا و هاوکارەکانیان بە هاوپەیمانان دەناسران و، ئەمەریکاش لە ساڵی ١٩١٧ چووە ریزی هاوپەیمانانەوە.

لە ئەورووپا، ئەفریقیا، رۆژهەڵاتی نزیک و رۆژهەڵاتی دوور شەڕ نێوان لایەنەکانی شەڕ لە ئارادا بوو، بەڵام شەرە سەرکیەکان لە ئەورووپا بوو. گرنگترین گۆرەپانی شەڕ لەو کیشوەرەدا فەرەنسا بوو. ئەڵمانیەکان کە دەیانویست بە زووترین کات پاریس داگیر بکەن و بە خاکی بەلژیکدا تێپەڕین و هێرشیان کردە سەر فەرەنسا، بەڵام لەمانگی ئەیلوولی ١٩١٤دا هاوپەیمانان لە شەڕی مارۆن لە فەرەنسا، پێشیان بە هێرشەکان گرت. بەڵام سەرەڕای هێرشە بەردەوامەکانی ئەڵمانیەکان وهێرشی بەرامبەرانەی هاوپەیمانان، هێڵە گشتیەکانی گۆرەپانەکانی شەڕ هەتاکوو ساڵی ١٩١٨، واتە هەتا کۆتایی شەڕ هەروەک خۆی مایەوەو، لەم رێکەوتە بەدواوە بوو کە هاتنی ئەمەریکیەکان بۆ نێو شەرەکە بارودۆخەکەی بە قازانجی هاوپەیمانان گۆڕی.

لەبەرەی رۆژهەڵاتدا رووسەکان بە توندی لەبەرامبەر ئەڵمانیەکاندا شکستیان خواردو، کاتێک لە ساڵی ١٩١٧دا بۆلشفیکەکان لە رووسیا دەسەڵاتیان بەدەسەوە گرت، لە شاری برێست لیتۆفسکدا،

www.perawipepwle.com

ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا گرێدا، خۆیان لە شەڕەکە کێشایەوە. لە دوایینساڵی شەڕدا بولگاریا و تورکیا و نەمسا خۆیان بەدەستەوەدا.

هاوپەیمانان هەموو کۆلۆنیەکانی ئەڵمانیایان لە ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی دوور داگیر کردو، وڵاتانی سەر بە عوسمانیشیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، واتا سووریا و عەرەبستان داگیر کرد. شکستی کۆتایی ئەڵمانیەکان لە ئاکامی هێرشی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩١٨دا بە سەرۆکایەتیی مارشاڵ " فووش"ی فەرەنسی بوو و، ئەڵمانیا بە ناچاری داوای کۆتایی شەڕی کردو، کاتێک لە ١١ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨دا مەرجەکانی هاوپەیمانانی قبووڵ کرد، شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێ هات.

شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٤٥_ ١٩٣٩) World War II

هیتلەر، پێشەوای ئەڵمانیای نازی بە بەدەستەوە گرتنی پۆستی فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی ئەڵمانیا لە شوباتی ١٩٣٨دا پێگەی خۆی بەهێز و پتەو کردو، وردەوردە پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەتی بە نازییەکانی نەمسا سپارد. ڕۆژی ١٢ی مارت هێزەکانی ئەڵمانیا لە سنوورەکانی نەمسا پەڕینەوەو، ڕۆژی دواتر لکانی نەمسا بە ئەڵمانیا ڕاگەیانرا. هیتلەر سوور بوو لەسەر ئەوی کە بە پشتیوانی سێ میلیۆن چێکی ئەڵمانی زمانی دانیشتووی هەرێمی سوودوت، ئەم وڵاتەش بە ئەڵمانیاوە بلکێنێ. لە مانگی مارتی ١٩٣٩دا هیتلەر بەکردەوە هێرشی کردە سەر چیکسلۆڤاکیاو، هەموو ئەو وڵاتی داگیر کردو بە ئاڵمانیاوەی لکاند.

دوای داگیرکردنی ئەم دوو وڵاتە، هیتلەر دەستی بە هەڕەشەکردن لە پۆڵەندا کردو، لە ئابی ١٩٣٩دا ئەڵمانیا و، سۆڤیەت ڕێککەوتننامەیەکی هێرش نەکردن بۆ سەر خاکی یەکتریان مۆر کرد.

ڕۆژی یەکەمی ئەیلوولی ١٩٣٩، هێزە مۆتۆریزەکانی ئەڵمانیا _ سەرەڕای بەرگری قارەمانانەی خەڵکی پۆڵەندا _ بە پشتیوانی بەربڵاوی هێزە ئاسمانیەکان، لە ماوەی چوار حەوتوودا ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. لە نۆی نیسانی ١٩٤١دا ئەڵمان هێرشی کردەسەر دانیمارک و، ئەم وڵاتەشی داگیر کرد.

لە هێرش بۆ سەر نەرویجدا، هێزەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بەهانای ئەم دەوڵەتەوە چوون، بەڵام بەرگریی ئەوانیش لە ١٠ی حوزەیراندا کۆتایی پێهات. ئەڵمانیا لە ١٠ مانگی ئایاردا هێرشی کردە

سەر هۆڵەندا، بەلجیک و لۆگزامبۆرگ و، ئەوانیشی داگیر کرد. لە ٢٦ی مانگی ئایاردا سوپای بەلجیک خۆی بەدەستەوەدا.

لە نێوان ٢٦ی مانگی ئایار، هەتا ٤ی مانگی حوزەیران، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار سەربازی بەریتانیی و ١٢٠ هەزار سەربازی فەڕەنسی لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەڵمانیا، بەندەری دوونکرۆکی فەڕنسایان بە پشتیوانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا و بە هەزار پاپۆر، چۆڵ کرد.

لە ڕۆژی پێنجی حوزەیرانی ١٩٤٠دا هێزەکانی نازی هێڵی بەرگریی سوپای فەڕەنسایان تێک شکاندو، بە خێرایی بەرەو باشوور هێرشیان برد. ئیتالیای فاشیستی لە ڕۆژی ١٠ی حوزەیراندا شەڕی لەگەڵ فەڕەنسادا ڕاگەیاند. ئەڵمانیەکان دوای چوونە نێو پاریس لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤٠دا، مەرجەکانی ئاشتیی خۆیان بە سەرفەڕەنسادا سەپاند کە بەپێی ئەو، فەڕەنسا بە سەر دوو بەش، دابەش بوو. بەشێک لەو ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا داو، بەشەکەی تریش کە پایەتەختەکەی شاری ڤیشی بوو لە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا بوو.

سەرۆکایەتی حکومەت لە لایەن مارشاڵ پێتن بەڕێوە دەچوو. فەڕەنسای ڤیشی لە ساڵی ١٩٤٢دا لە لایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە داگیر کرا، بەڵام حکومەتی ڤیشی هەتاکوو ساڵی ١٩٤٤ مایەوە.

تاقمێک لە فەڕەنسیەکان لە لەندەن بە سەرۆکایەتی مارشاڵ دۆگول حکومەتی کاتیان دامەزراندو، لە نێوخۆی وڵاتیشدا باڵی چەپ سەرەڕای توندوتیژییەکی زۆری ئەڵمانیا و گۆستاپۆکان لەگەڵ فەڕەنسیەکاندا، شانەی بەرگریان پێکهێنا.

لە تەمووزی ١٩٤٠دا، هێرشی شێری دەریایی دەستی پێکرد و، هێزەکانی ئەڵمانیا هێرشە ئاسمانیەکانی خۆیان بە ناوی هێرشی هەڵۆ لە دژی بەریتانیا دەست پێکرد. بەریتانیەکانیش بە هۆی هەبوونی دەزگاکانی ڕادار توانیان زەربرێکی زۆر گەورە لە هێزە ئاسمانیەکانی ئاڵمانیا بدەن.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی حوزیرانی ١٩٤١دا، سوپای نازی هێرشێکی بەربڵاو و هەمەلایەنەی بەدژی سۆڤیەت دەست پێکرد. بەرگریی قارەمانانە و لێبڕاوانەی خەڵکی سۆڤیەت بە تایبەتی لە ستالینگرادو بووە هۆی ئەوەی کە پاشەکشە بە ئەڵمانیەکان بکەن.

لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤١دا، فڕۆکەکانی ژاپۆن هێرشەکانی خۆیان بۆسەر پرلهاربێر دەست پێکرد و، پاپۆرە شەڕکەرەکانی ئەمەریکایان دایە بەرهێرشی بۆمبەکانی خۆیان. لە مانگی ئایاری ١٩٤٢دا، ئەمەریکا هاتە نێو شەڕ بە دژی بەرەی وڵاتانی تەوەر. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا

بەریتانیەکان دژەهێرشێکی بەرفراوانیان داڕشت و، توانیان وردە وردە ئەڵمانیەکان و ئیتاڵیەکان لە باکووری ئەفریقیا وەدەر بنێن. لە ساڵی ١٩٤٣دا هاوپەیمانەکان دەستیان بەکردنەوەی بەرەی دووهەم کردو، سوپای هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر سیسیل. ئەم هێزانە دوای رووخانی مۆسۆلینی لە کانوونی دووهەمی ١٩٤٤، لە بەندری ئازیۆ لە نزیک رۆم دابەزین.

لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٤٤، سوپایەکی گەورە لە هێزەکانی ئەمەریکا، بەریتانیاو کەنەدا لە لێوارەکانی نورماندی فەڕەنسا کە لە بەردەستی نازییەکاندا بوو، دابەزین. لە هێرشی نۆرماندی دا بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ ئایزنهاڤێر، هاوپەیمانان زەبرێکی کوشندەیان لە هێزە شەڕکەرەکانی ئەڵمانیا وەشاند. دوای شەڕێکی توندو دژوار، هێزەکانی ئەڵمانیا پاشەکشەیان پێکراو، لە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٤٤دا هێزەکانی هاوپەیمانان لە باشووری فەڕەنسا دابەزین.

لە رۆژی ١٧ی ئابدا بەشێکی گەورە لە هێزەکانی ئەمەریکا چوونە نێو شاری ئورلێئان، کە لە ١١٣ کیلۆمەتری شاری پاریسدا هەڵکەوتووە. لەو ماوەدا بزووتنەوە بەرگرییەکانی فەڕەنسا لە پاریس بە دژی داگیرکرانی ئەڵمانی راپەڕین و، بە لە خۆبردووییەکی زۆرەوە تەنگیان بە هێزەکانی ئەڵمانی هەڵچنیبوو. دوای شەش رۆژ، لەشکرێکی زرێپۆش بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ لۆکلرۆک هاتە نێو شارو، بنکەی سەربازی ئەڵمانیەکان کە خەریکی کوشتنی ئەندامانی بزووتنەوە بوو، خۆی بەدەستەوەدا؛ بەم شێوە دوای چوار ساڵ پاریس لەدەستی دوژمن و داگیرکەران رزگاری بوو. رۆژی دواتریش دووگۆڵ گەڕایەوە بۆ فەڕەنساو، بوو بە سەرۆکی حکومەتی کاتیی وڵات.

لە رۆژی سێی ئەیلوولدا، هێزەکانی بەریتانیا چوونە نێو خاکی بەلجیکا و، پەڕەشووتوانەکانی هاوپەیمانان لە هۆڵەندا هاتنە خوار تاکوو لەوێوە هێرش بکەنە سەر ئەڵمانیا (هەرێمی راین)، بەڵام لە مانگی کانوونی یەکەمدا، فەرماندەی گشتی سوپای ئەڵمانیا، مارشاڵ فن رۆنیشتادێت لە ناوچەی ئاردەنی بەلجیک هێرشی لە ناکاو و فریودەرانەی کرد، بەڵام لە ئاکامدا هێزەکانی هاوپەیمانان لە شوباتی ١٩٤٥دا، هێڵی "زیگفرید" یان تێک شکاندو، لە مانگی مارتدا لە رووباری راینەوە چوونە نێو خاکی ئەڵمانیا.

لە کانوونی دووهەمی ١٩٤٥دا سۆڤیەت زۆر بە خێرایی هێزەکانی ئەڵمانیای لە خاکی خۆی وەدەرناو، لە رۆژهەڵاتەوە لە خاکی ئەڵمانیا نزیک دەبۆوە. هێزە هاوبەشەکانی بەریتانیا و ئەمەریکاش لە رۆژئاواوە خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر پایتەختی ئەڵمانیا ساز کردبوو.

لە رۆژی ٢٤ی نیساندا هێزەکانی سۆڤیەت چوونە نێو شاری بەرلین و، لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا تێکەڵ بوونەوە. لە ئاکامدا سوپای ئەڵمانیا خۆی بەدەستەوەدا و، ئەم شەڕە خوێناوییە لە رۆژی ٨ی مانگی ئایاری ١٩٤٥ لە کیشوەری ئەوروپا کۆتایی پێهات.

ئەمەریکا بە خۆبەدەستەوەدانی کۆتایی ژاپۆن، لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا، دوو بۆمبی ئەتۆمی لە شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی داو، بەرگریی ئەم وڵاتەی تێکشکاند. بەم شێوە شەڕی دووهەمی جیهانی لە هەموو بەرەکاندا کۆتایی پێهات.

شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس The Second Persian Gulf War

بە شەڕی ٢٤ رۆژە دەگوترێ کە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ ئازاد کردنی خاکی کوێت کە لەلایەن سوپای عێراق لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ داگیر کرا، وەڕێیانخست.

شەڕی دووهەم کەنداو لە سێ قۆناغ لە کۆمەڵە هێرشێک بە ناوەکانی قەڵغانی سەحرا، گەردەلوولی بیابان و شمشێری بیابان لە دژی عێراقدا دەستی پێکرد. لە قۆناغی "قەڵغانی بیابان"دا ئەمەریکا و هێزە یەکگرتووەکان دەستیان بە ناردن و سەقامگیرکردنی سەدان هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی خۆیان بۆ خاکی عەرەبستان بە مەبەستی پێشگیری لە هاتنی هێزەکانی عێراق بۆ نێو خاکی ئەو وڵاتە کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمە، بەسەدان فڕۆکەی بۆمب هاوێژ و پاپۆڕەکانی هاوپەیمانان هاتنە ناوچەی کەنداوی فارس.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە سەرەتای هێرشەکەدا بە دەرکردنی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش داوای لە عێراق کرد کە بە زووترین کات هێزەکانی خۆی بۆ پشت سنوورەکانی بەر لە دووی ئابی ١٩٩٠ بکێشێتەوە.

لەم پێوەندییەدا هێزەکانی هاوپەیمانان تاکوو رۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ ئەم ماوەیان بە دەوڵەتی عێراق بەخشی، تاکوو مل بۆ بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش رابکێشێ. بە کۆتایی هاتنی ئەم ماوە دیاریکراوە، لە کاتژمێر ٢٢:٣٠ بە کاتی گرینڤیچ رۆژی ١٩٩١/١/١٦ هێرشی گەردەلولی بیابان بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ شوارتسکۆف و بە بۆمبارانی هەمەلایەنەی خاکی عێراق لە لایەن فڕۆکەکانی ئێف ـ١٧ی ستێلس و هەروەها ناردنی موشەکانی تۆماهاوکیی کرۆز لە کەنداوەوە،

لە رۆژی ٢٤ی نیساندا هێزەکانی سۆڤیەت چوونە نێو شاری بەرلین و، لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا تێکەڵ بوونەوە. لە ئاکامدا سوپای ئەڵمانیا خۆی بەدەستەوەدا و، ئەم شەڕە خوێناوییە لە رۆژی ٨ی مانگی ئایاری ١٩٤٥ لە کیشوەری ئەورووپا کۆتایی پێهات.

ئەمەریکا بە خۆبەدەستەوەدانی کۆتایی ژاپۆن، لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا، دوو بۆمبی ئەتۆمی لە شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی داو، بەرگریی ئەم وڵاتەی تێکشکاند. بەم شێوە شەڕی دووهەمی جیهانی لە هەموو بەرەکاندا کۆتایی پێهات.

شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس The Second Persian Gulf War

بە شەڕی ٢٤ رۆژە دەگوترێ کە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ ئازاد کردنی خاکی کوێت کە لەلایەن سوپای عێراق لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ داگیر کرا، وەڕێیانخست.

شەڕی دووهەم کەنداو لە سێ قۆناغ لە کۆمەڵە هێرشێک بە ناوەکانی قەڵغانی سەحرا، گەردەلوولی بیابان و شمشێری بیابان لە دژی عێراقدا دەستی پێکرد. لە قۆناغی "قەڵغانی بیابان"دا ئەمەریکا و هێزە یەکگرتووەکان دەستیان بە ناردن و سەقامگیرکردنی سەدان هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی خۆیان بۆ خاکی عەرەبستان بە مەبەستی پێشگیری لە هاتنی هێزەکانی عێراق بۆ نێو خاکی ئەو وڵاتە کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمە، بەسەدان فڕۆکەی بۆمب هاوێژ و پاپۆرەکانی هاوپەیمانان هاتنە ناوچەی کەنداوی فارس.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە سەرەتای هێرشەکەدا بە دەرکردنی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش داوای لە عێراق کرد کە بە زووترین کات هێزەکانی خۆی بۆ پشت سنوورەکانی بەر لە دووی ئابی ١٩٩٠ بکێشێتەوە.

لەم پێوەندییەدا هێزەکانی هاوپەیمانان تاکوو رۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ ئەم ماوەیان بە دەوڵەتی عێراق بەخشی، تاکوو مل بۆ بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش رابکێشێ. بە کۆتایی هاتنی ئەم ماوە دیاریکراوە، لە کاتژمێر ٢٢:٣٠ بە کاتی گرینفیچ رۆژی ١٩٩١/١/١٦ هێرشی گەردەلوولی بیابان بە فەرماندەیی ژەنەراڵ شوارتسکۆف و بە بۆمبارانی هەمەلایەنەی خاکی عێراق لە لایەن فڕۆکەکانی ئێف ـ١٧ی ستێلس و هەروەها ناردنی موشەکانی تۆماهاوکیی کرۆز لە کەنداوەوە،

www.perawipepwle.com

دەستی پێکرد. هاوپەیمان لە حەوتوویەکدا بەگشتی دوازدە هەزار فڕین و ۲۱٦ موشەکی تۆماهاوکیان هاویشت.

دوای ۳۸ ڕۆژ بۆمبارانکردنی خەست و خۆڵی عێراق، هێرشی وشکایی بۆ ڕەپاڵنانی هێزەکانی عێراق لە ژێر ناوی هێرشی بیابان دەستی پێکرد (۲٤ی شوباتی ۱۹۹۱)و، تەنیا سەد کاتژمێر درێژەی کێشا. لە ئاکامدا عێراق مەرجەکانی هاوپەیمانانی بۆ ئاگربەست قبووڵ کرد (۲۸ی شوباتی ۱۹۹۱).

بەگشتی لە ماوەی ئەوشەڕەدا هاوپەیمانان ۱۰٦,۰۰۰ فڕینیان بە دژی عێراق بەڕێوە بردو، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ڕێکەوتی ۲ی ئابی ۱۹۹۰ هەتا ۱۷ی کانوونی دووهەمی ۱۹۹۱بە گشتی نۆزدە بڕیارنامەی لەم پێوەندییەدا پەسند کرد.

لە ماوەی ئەم شەڕەدا عێراق بە هاویشتنی موشەکی ئیسکاد بۆ ئیسرائیل و عەرەبستان وەڵامی هێرشەکانی هاوپەیمانانی دەدایەوە، بەڵام دژە موشەکەکانی پاتریۆت توانییوویان تارادەیەکی زۆر وڵامی ئەو هێرشانە بدەنەوە. ئەم شەڕە بوو بە هۆی ڕاپەڕینی کوردەکان و شیعەکان بە دژی حکومەتی ناوەندیی عێراق. سەرکوتی کوردەکان و شیعەکان و هەروەها تۆپباران کردنی شوێنە پیرۆزەکان لە لایەن سوپای عێراقەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمانان " ناوچەی ئارام" لە بەشی کوردستانی عێراق و، هەروەها دوو ناوچەی دژەفڕین لە سەر هێڵی ۳۳ و ۳٦ پلە لە باشوور و باکووری ئەو وڵاتە پێک بێنێ.

گواستنەوە و جێگۆڕکێ پێکردنی موشەکەکانی سوپای عێراق لە کانوونی یەکەمی ۱۹۹۲ و کانوونی دووهەمی ۱۹۹۳دا بوو بە هۆی ئەوی کە شارەکانی عێراق لە لایەن ۱۱۰ فڕۆکە وچل موشەکی کرۆزی هاوپەیمانانەوە بومباران بکرێ.

ئەگەرچی ئەو هێرشانە لە ڕۆژەکانی کۆتایی قۆناغی سەرۆک کۆماری جۆرج بوش، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکادا(۱۹۹۳_۱۹۸۹)بوو، بەڵام بۆمبارانی ئەمەریکیەکان تەنانەت پاش گوازرانەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ بیل کلینتۆن (چل و دووهەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا) هەتا چەند ڕۆژ بەردەوام بوو.

بەشێک لە دەرەنجامە دیارەکانی ئەم شەڕە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەم شێوەیە:

۱_ سەقامگیربوونی بەربڵاو و هەمەلایەنەی هێزە سەربازیەکانی ڕۆژئاوا لە عەرەبستان و ناوچەی کەنداوی فارس بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی چاڵە نەوتیەکان.

٢ـ گرێدانی پەیمانە بەرگرییەکانی دوو یان چەند لایەنەی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو لەگەڵ هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان.

٣ـ فرۆشی لەرادەبەدەری چەک وچۆڵ و کەرەسە سەربازییەکانی رۆژئاوا بە وڵاتانی عەرەبی.

٤ـ دابەش بوونی دوفاکتۆی عێراق بەسەر سێ ناوچەی کوردستان، ناوەند و شیعەنشینی باشوور.

٥ـ پێکهاتنی کۆنفرانسی ئاشتیی مەدرید لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان (تشرینی یەکەمی ١٩٩١) کە بە بڕوای بۆش ئەم کارە یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی شەڕی دووهەمی کەنداو بووە. ئەم وتووێژانە دواتر لە ئەمەریکا درێژەیان پێدراو، لە دەرەنجامدا، مۆرکرانی رێککەوتننامەی سازانی رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین و ئیسرائیلی لە ئەیلوولی ١٩٩٣ دا لێکەوتەوە.

هێندێک لە تیۆری دارێژان بەم شێوەیە دەرەنجامە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم شەڕە لێک دەدەنەوە:

١ـ دەرەنجامە سیاسیەکان

الف) رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەوە تاوانبار کرا کە بۆتەئامرازێک لەبەردەست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ب) ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بە پیادەکردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی جیاوازی دانان و هەڵاواردن تاوانبار کران. چوونکە پێشتریش بابەتی لەمجۆرە واتە پێشێلکردنی یاسا نێونەتەوەییەکان (تەنانەت لە لایەن خوودی ئەمەریکاوە) رووی داوە.

ج) زۆر ئامانج و مەبەست لە پشتی پەردەی کردەوەی رۆژئاوادا هەبوون، کە نیگەرانی لە بڕانی نەوت بە یەکێک لەوان دەژمێردرێ.

٢ـ دەرەنجامە سەربازییەکان

الف) بۆ پێشگیری لەشەڕ دەبێ لە رێگای دیپلۆماتیک بە شێوەیەکی کاریگەر کەڵک وەربگرن.

ب) ناکارامەبوونی چەکە ناوەکیەکان و، دیاریکردنی رۆڵی چەکە ئاساییەکان بۆ شەڕەکانی داهاتوو.

ج) هێزی ئاسمانیی بەگشتی وبەرگریی ئاسمانی بە تایبەتی رۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی چارەنووسی شەڕ دەگێڕێ، بەڵام سەرکەوتن بەبێ بوونی هێزی وشکایی بەدی نایا.

د) هەرەشەی موشەکەکانی بالیستیک زیاتر لە رادەی پێویست زەق کرابۆوە.

هـ) گرنگیی بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتووەکان.

و) گرنگیی پاراستنی رۆح ورۆلی دیمۆکراسی بۆ کەلک وەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی رژێمە دیکتاتۆرەکان.

پێویستە بگوترێ کە بەرگری لاوازی هێزەچەکدارەکانی عێراق لە کۆمەڵێک هۆکارەوە سەرچاوەی دەگرت تاکوو لە لاوازییەکی گشتیی جۆری بەگری کردنی شەڕەوە سەرچاوەبگرێ، وەک

_ لاوازییە فیزیکیەکان کە لە بەرگری ئاسمانیی عێراقەوە سەرچاوەی گرت.

_ هەڵبژاردنی فەرماندەرانی سەربازی بەپێی بەرژەوەندیی سیاسی بوو، هەتا ئەوەی کە پێوەرەکانی لێهاتوویی و توانایی لە بەرچاو بگیرێ.

_ گۆڕپانی شەڕ بۆ شەڕێکی بەرگری زۆر نالەبار بوو بە تایبەتی بۆ بەرگریکردن لە پێگە و شوێنە سەقامگرتووەکان.

_ گرنگتر لە هەمووان ئەوە کە هێزە چەکدارەکانی عێراق نەیانتوانی لە رۆلْ بەرگریکردندا خۆ بنوێنن بە لکوو ئەو داگیرکەرانەبوون کە بە خێرایی ناچارکران بەرگری لە خۆیان بکەن.

شەڕی سارد، قۆناغی (١٩٩٠_١٩٤٥) Cold War Era

ئەم قۆناغە کە دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان دوو زلهێزی رۆژهەلاْت و رۆژئاوادا دەستی پێکرد، چل و پێنج سالْی درێژە کێشا و، لە ئاکامیشدا لە رێکەوتی ١٩ی تشرینی دووهەمی ١٩٩٠کۆتایی پێهات. لەم رۆژەدا گۆرباچۆف، دوایین سەرۆکی یەکیەتیی سۆڤیەت، یەکگرتنەوەی دوو ئەلْمانیای کە بەپێی ویستی رۆژئاوا جێبەجێ ببوو، بە رووداوێکی گرنگ و مەزن پێناسە کرد. لە بواری جوگرافیەوە ئەم کێشە و ناکۆکیە لەسەر داگیرکردنی ناوچەی پان و بەرینی ئۆراسیاو لە ئاکام دا بەدەستەوەگرتنی دەسەلاْتی جیهانی بوو. قۆناغی شەڕی سارد سێ قۆناغی روون و دیاریکراوی هەبوو: قۆناغی یەکەم لە سالْی ١٩٤٥ هەتا سالْ ١٩٥٣، واتە سالْی مردنی ستالین. لەم قۆناغەدا گرنگترین بیرۆکەی ستالین پاراستن و هارینی دەسکەوتە سەرەکیەکانی خۆی لە شەڕدا واتە دەسەلاْت بەسەر ئەورووپای ناوەندی بەبێ تێکهەلْچوونێکی راستەوخۆ لەگەلْ ئەمەریکادا، بوو. لەم قۆناغەدا رۆژئاوا بەگشتی هەلْوێستێکی بەرگریکارانەی هەبوو و، ئەمەریکاش ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لەو سەری رۆژهەلاْت (ژاپۆن) و رۆژئاوا (ئەلْمانیا) و ئۆراسیادا پاراست. دوای مردنی ستالین و کۆتایی قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد، هەر دوو لایەن ئامادەی رێکخستنەوەی

هێزەکانیان بوون و، وابڕیارچوو کە ڕۆژئاوا بڕیاری دابێ تاکوو حاڵەتێکی هێرشبەرانە بە خۆوە بگرێ.

زیاترکردن ۆ بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی ڕادیۆی ئەورووپای ئازاد بۆ وڵاتانی ژێردەسەڵات و نفووزی سۆڤیەت، زیاترکردنی پشتیوانیی ماڵی لە چالاکیە سیاسیەکانی هاووڵاتیانی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژئاوادا نیشتەجێ بوون، هەوڵی زۆرتر بۆ پشتیوانی لە تاقمەکانی دژە سۆڤیەت لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێبازە بوون.

لە قۆناغی دووهەمی شەڕی سارد کەلە ١٩٥٣ هەتا ١٩٧٠ درێژەی کێشا، بڕیار بوو کە سۆڤیەت لە بواری ئابوورییەوە وەپێش ئەمەریکا بکەوێتەوە و، گشت جیهانی کۆمۆنیستیش لە بواری ئابوورییەوە، لەجیهانی سەرمایەداری بە هێزتر بێ.

لەم قۆناغەدا، ئەمەریکا و سۆڤیەت بۆ جارێکی تر بە شێوەیەکی جیددی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە جارێکیان لەسەر بەرلین و جارەکەی تر لەسەر کوبا، کەلە هەر دوو حاڵەتدا خۆنواندن و مانۆڕی سۆڤیەتیەکان ئەم قەیرانەی نابۆوە. گەرچی سەرکەوتنی ئەمەریکا کاتیی بوو، بەڵام دەسکەوتەکانی سۆڤیەت زیاتر بوون. دروستکردنی دیواری بەرلین لە لایەن سۆڤیەتەوە بوو کە کەس پێشی پێ نەگرت، بوو بە هۆی بەهێزبوونی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لە ئاکامیشدا بە سەر ئەورووپای ناوەندیدا. هەڵگرتنەوەی موشەکەکانی سۆڤیەت لە کوبا لە بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنەدا بوو کە دەوڵەتی کەنێدی (١٩٦٣ـ ١٩٦١)، دانی بە سیستەمێکی لایەنگری سۆڤیەت لە کوبا دادەنا.

قۆناغی سێهەمی شەڕی سارد لە دەیەی ١٩٧٠ەوە دەست پێدەکا. لەم قۆناغەدا توندیی هێرشەکانی سۆڤیەت بە لوتکە گەیشت. ماندووبوونی لە ڕادەبەدەری ئەمەریکا لە شەڕی ڤێتنام و حەزی ڕۆژئاوا بەکەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی و پێکهێنانی پێوەندیی نێوان ئەمەریکاو چین لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم قۆناغەن. هێرشە جیهانیەکانی سۆڤیەت لە ڤێتنام، ئەتیۆپی، یەمەن، کوباو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها ئەنگۆلاو مۆزامبیک، ڕەهەندێکی بەرفراوانی بە خۆیەوە گرت. مەبەست لە دامەزراندنی موشەکەکانی ئێس.ئێس٢٠ کە ئەورووپای ڕۆژئاواو ژاپۆنی کرد بۆوە ئامانج، تۆقاندن و ترساندنی ڕکابەر بوو. بەڵام دەرەنجامی ئەم ڕەهەندە پێچەوانەوە بۆوەو، مەزنخوازییە لە ڕادەبەدەرەکانی سۆڤیەت بوو بە هۆی خێرایی بەخشین بەم هەڵگەڕانەوە گرنگە

مێژوویه. هێرشی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، ئەمەریکای لە بواری جوگرافیەوە ناچار کرد تاکوو پشتیوانی لە سیاسەتی کوشتنی راستەوخۆی سەربازانی سۆڤیەت بکاو، ئەمەریکا دەستبەجێ سیاسەتی پشتیوانی هەمەلایەنە لە موجاهدینی ئەفغانی گرتەبەرو، بە نوێنەرایەتی لە لایەن بەرگریی ئەفغانستان هاوپەیمانەتیەکی لە وڵاتانی پاکستان، چین، عەرەبستان، میسرو بەریتانیا پێک هێنا.

گرەنتیکردنی بە ئاشکرای ئاسایشی پاکستان لە لایەن ئەمەریکا لە بەرامبەر هێرشی هەمەلایەنەی سەربازیی سۆڤیەت و پێکهێنانی ناوچەیەکی ئارام بۆ پارتیزانەکانی ئەفغانستان بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا بتوانێ سۆڤیەت لە زلکاوی شەڕێکی وەک شەڕی ڤێتنام رۆبەرێ.

ئەمەریکا هاوکات لەگەڵەو هەوڵ و چالاکیانەدا، بڕیاریدا تاکوو موشەکە دوورهاوێژە زۆر وردەکانی خۆی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا سەقامگیر بکاو، لەوێوە خاکی سۆڤیەت لەبەرامبەر هێرشێکی چاوەڕواننەکراودا بداتە بەر هێرشی پەلامارەکانی خۆی.

هاتنەسەرکاری گۆرباچۆف لە مارتی ١٩٨٥ و دەستپێکردنی چەندین ریفۆرم کە بە نارێک و پێکی و خێراییەکی لەرادەبەدەرەوە بەڕێوە چوو، نەک تەنیا ژیانێکی دووبارەی وەبەر سیستەمی سۆڤیەت نەهێناوە، بەڵکوو خاڵە لاوازەکانی ئەم سیستەمەی زیاتر خستەڕوو.

زیادبوونی پێشبڕکێکانی چەک وچۆڵ، ئابووری وڵاتی لە گرۆتێن خستبوو و، هەروەها خۆبەدەستەوەدانی سۆڤیەت لەبەرامبەر بزووتنەوەی یەکگرتووی پۆڵەنداو نەرمی نواندن لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەدا، خێرایی بە سەرهەڵدانی سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی و خەڵکی تر و ریفۆرمخوازتر بەخشی و، لە ئاکامدا بوو بە هۆی نزیک بوونەوەی کاتی رووخانی سیستەمە کۆمۆنیستیەکان.

لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆرباچۆف دوو رێگای زیاتر لە بەردەم دانەبوو، یان دەبوایە بە خوێنرشتنێکی زۆر زیاترەوە کە دوور نەبوو ببێتە هۆی تەقینەوەیەکی توندوتیژانە لە نێوخۆو لە دەرەوەی وڵات و، ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەمەریکاش خۆی تێوەربدا دەسەڵاتی پێشوو بپارێزێ یان ئەوەی کە خۆی بەدەستەوە بدا. گۆرباچۆف رێگای دووهەمی هەڵبژاردو، لە ئاکامی ئاڵۆزی و بشێوی لە ئەوروپای رۆژهەڵات و ناوەندیدا، بلۆکی کۆمۆنیزم لەبەریەک هەڵوەشا.

بیرژنسکی دەڵێ:

www.perawipepwle.com

دەکرێ گۆرباچۆف ـ دوایین سەرۆکی سۆڤیەت ـ لە بواری پراکتیکیەوە بە مامۆستایەکی هەڵە هەڵسەنگاندن و لە بواری مێژووییەوە بە کەسایەتیەک دابنێین کە چارەنووسێکی تراژیدی هەبوو. ناوبراو پێیوابوو کە دەتوانێ ئەو ئابوورییەی کە بێرژنێف بە بوودجە قورسە سەربازییەکی لە نێوی بردبوو، جارێکی تر زیندوو بکاتەوە. ئاکامەکانی شەڕی ئەفغانستان و بەردەوامیی بزووتنەوەی یەکگرتوو لە پۆڵەندا و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، مەترسی دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤیەتی لە نێو بردو؛ دژکردەوەکانی گۆرباچۆف بوو بە هۆی هەڵوەشانەوەی هەرچی زیاتر رژێمی کۆمۆنیستی و، لە ئاکامدا بوو بەهۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی بەرەسمیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا.

شەڕی باڵوێزخانەکان (١٩٨٧) War Of The Embassies

بەرەوتێکی سیاسی لە پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و فەرەنسا دەگوترێ کە بوو بە هۆی گەمارۆدرانی باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس و لە ژێرچاوەدێری گرتنی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە تاران (بەهۆی ئامادە بوونی ژان پۆل تووریی کۆنسۆلی فەرەنسا لە تاران کە بە بەڕێوەبردنی کاری نایاسایی و نائیسلامی (ا.و) تاوانبار کرا بوو)و، لە ئاکامدا بە هۆی ئەوی کە پێوەندیی سیاسیی نێوان دوو وڵات لە ئابی ١٩٨٧دا بپچڕێ. دەوڵەتی فەرەنسا بڕیاریدا بوو کە یەکێک لە ئەندامانی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پاریس بە تاوانی هەبوونی پێوەندی هاوکاری لەگەڵ تیرۆریستەکانی بەڕێوەبەری تەقینەوەکانی ئەیلوولی خوێناویی ١٩٨٦ بۆ دادگا بانگ بکرێ و، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش لەبەرامبەردا کۆنسولی فەرەنسای بۆ دادگای شۆڕشی ئیسلامی بانگ کرد. دوای چەندین مانگ پچڕانی پێوەندی، لە ئاکامدا هەردوولایەن لەسەر ئەو رێککەوتن کە بەگۆڕینەوەی ئەندامی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی و ژان پۆل تووری کۆتایی بەم شەڕە بێنن.

شەڕی کیمیاوی Chemical War Fare

لە شەڕی کیمیاویدا لە ئامرازەکانی وەک کەرەسەکانی تەقینەوە، گازە سووتێنەر، خنکێنەر، دووکەڵاوی و ئاگردارەکان کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ. کەڵک وەرگرتن لە گازی ژەهراویی

کلۆر لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا لە لایەن ئەڵمانیەکان بە یەکەم نیشانەی کەڵک وەرگرتنی بەرفراوانی ئەو چەکە لە شەڕ دادەنرێ. لە شەڕی دووهەمی جیهانیشدا کەرەسە کیمیاوییەکان لە لایەن لایەنەکانی شەڕەوە تارادەیەک کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەمرۆکە لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لەم جۆرە ئامرازانە بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆمبی ناپاڵم و بۆمبە کیمیاوییە سووتێنەرەکان لە گۆڕەپانەکانی شەڕو لە شەڕەکانی هیند وچین، شەڕەکانی یەمەن و شەڕەکانی ئەفریقیا کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هەروەها لەشەڕی ئێران و عێراقیشدا ئەم چەکە کەڵکی لێ وەرگیراوە.

Just War

شەڕی ڕەوا

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئامانجی شەڕو ئەو ئامراز و شێوازانەی کە لەشەڕدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، ڕەوا یان ناڕەوابوونی شەڕ دیاری دەکەن، بەگشتی، هێرشکردن، زۆڵم کردن و دەستدرێژی کردن لە ئیسلامدا بەڕەوا دانانرێ.

مارکسیەکانیش (بەپێی بنەما ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان) لەسەر ئەو بڕوایەن کە: " شەڕە ڕەواکان لە پێناوی گەشەی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوە دەچن و، هۆکاری بوونی ئەم شەڕانەش تێکشکاندنی سیستەمە کۆنەکان، چەوساندنەوەو دەسەڵاتی داگیرکەران و ڕێگا خۆش کردن بۆ دامەزراندنی سیستەمە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتووەکانە. ئەم شەڕانە لە دژی ئەمپریالیزم و لە پێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵ و سۆسیالیزمدا بەڕێوە دەچن".

Ideological War

شەڕی ئایدۆلۆژیا

جۆرێک لە کێشە وناکۆکیی نێوان سیستەمە ئایدۆلۆژییە ڕکابەرەکان یان شێوازی ژیانە، کە بە مەبەستی گۆڕینی بیروبۆچوون و ڕوانگەی جەماوەر سەر هەڵدەدا. شەڕی ئایدۆلۆژیا بە کەڵک وەرگرتن لە پروپاگەندە، پرۆگرامە کولتووری، ڕاهێنان و هونەرییەکان، گەلآڵە زانستیەکان، هاوکارییە دەرەکیەکان و شتی لەمجۆرە بەڕێوە دەچێ. گرنگترین شەڕی ئایدۆلۆژیا لە سەدەی بیستەمدا لە نێوان کۆمۆنیزم و سەرمایەداری دابوو.

شەڕی ناڕەوا **Unjust War**

شەڕێکی داگیرکارانەیە بۆ چەوسانەوەی نەتەوەکان و بەرفراوان خوازی. یەکێک لە شێوازە سەرکیەکانی ولآتانی داگیرکار هەلآیسانی شەڕە نێوخۆییەکانە. ئەم شێوازە بە چەندین مانۆڕی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ و، هێندێک جاریش لە لایەن بەرکرێگیراوانی ئەوانە جێبەجێ دەکرێ.

شەڕی بەرتەسک **Limited War**

کێشەو شەڕێکی چەکدارانەیە کە ئامانجەکەی لە نێوبردنی بەتەواوەتی یان خۆبەدەستەوەدانی بێ ئەملاوئەولای دوژمن نیە. مەودای شەڕی بەرتەسک بە سەرنجدان بە رادەی ئەو هێزە تێکدەرەی کە بە کاردێ یان بە ژمارەی بەشداران لەو شەڕەدا، یان بە بەربلآویی ناوچەکانی شەڕ یان گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان بە جێگای ئامانجە سەربازییەکان یان تێکەلآوێک لە هەمووی ئەو حالآنە، دیاری دەکرێ. هێندێک لە حالەتەکانی شەڕی بەرتەسک بریتین لە :

١ــ تێکهەلچوون لە نێوان دەسەلآتە ئەتۆمیەکان بەبێ کەلک وەرگرتن لە چەکی کوشتاری بەکۆمەلّ یان هێرش بۆسەر ناوەندە پڕحەشیمەتەکانی دوولایەن.

٢ــ تێکهەلچوون لە نێوان ولآتانی بچووکدا بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکان.

٣ــ تێکهەلچوون لە نێوان ولآتە بچووکەکان بە هاوکاری ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆی دەسەلآتە ئەتۆمیەکان لە چوارچێوەی ناوچەیەکی جوگرافیدا بەبێ کەلک وەرگرتن لە چەکە ئەتۆمیەکان.

٤ــ هێرشی سەربازی لە لایەن ولآتێکی ئەتۆمیەوە بۆ سەر ولآتێکی بچووک بەبێ دەستێوەردانی زلهێزەکانی تر.

٥ــ شۆڕشی نێوخۆیی بە دژی هێزێکی داگیرکەر یان دەولەتێکی جێگرتوو کە هەر دوو لایەن لە چەکە ئاسایەکان کەلک وەردەگرن و، لە لایەن دەسەلآتە ئەتۆمییە ڕکابەرەکان پشتیوانیان لێدەکرێ (هەم لە بواری ماددی و هەم لە بواری هەم لە بواری کەسەوە) .

٦ــ تێکهەلچوونی ئەتۆمیی زلهێزەکان کە تەنیا لە چەکە ئەتۆمیە تاکتیکیەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سەربازییەکان کەلک وەردەگرن.

پەرەگرتنی چەکە ئەتۆمی و غەیرە ئەتۆمیەکان لە لایەن زلهێزەکانەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ناچار بن تاکوو بەر بە بەرفراوانبوونی تێکهەڵچوونەکان بگرن و، ڕێگاچارەی سیاسی بۆ مانەوەی خۆیان بدۆزنەوە.

Mechanised War Fare
شەڕی میکانیزە

بەشەڕێک دەگوترێ کە لە زرێپۆش و مەکینە کەڵک وەردەگیردرێ. هاوکات لەگەڵ شەڕی زرێپۆشیدا، بۆ پشتیوانی لەم ئامرازانە، لە فڕۆکەش کەڵک وەردەگیرێ. یەکەمین بە کارهێنانی ئامرازە میکانیزەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدابوو کە بەریتانیەکان لە تانک و زرێپۆش کەڵکیان وەرگرت. لە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر بەریتانیا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، رادەی هێز و توانایی کەرەسە زرێپۆش و مەکینەکان دەرکەوت. هێزەکانی سوپای ئەڵمانیای نازی لە کەڵک وەرگرتن لە مەکینەکان شارزاییەکی بێ وێنەیان هەبوو. نەتەوەکانی تریش بە خێرایی دەستیان بە پەرەپێدانی کەرەسە میکانیزەکان کرد بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر ئەڵمانیای نازیدا خۆ رابگرن. ئەمڕۆکە لە شەڕی کلاسیکدا، لە ئامرازە میکانیزەکان کەڵک وەردەگیردرێ و، تەنانەت لە شەڕە پارتیزانیەکانیشدا ئەم کەرەسانە ڕۆڵێکی و بایەخێکی تایبەتیان هەیە.

Arab _Israeli Wars
شەڕەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکان

ئەم زاراوە ئەم شەڕانە لە خۆدەگرێ:

١_شەڕی فەلەستین (٤٩_١٩٤٨)، لە نێوان ئیسرائیل و ٦ وڵاتی عەرەبیدا.

٢_ شەڕی سوئێز (١٩٥٦)، لەم شەڕەدا هێزەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیسرائیل بە دژی میسر هاتنە ناو گۆرەپانی شەڕەوە.

٣_ شەڕی شەش ڕۆژە (حوزەیرانی ١٩٦٧)، لەم شەڕەدا ئیسرائیل بەدژی میسر، سووریا و ئوردۆن شەڕی کرد.

٤_ شەڕی ئۆکتۆبەری (١٩٧٣)، کە میسر سووریا بە دژی ئیسرایل شەڕیان کرد.

٥_شەڕی ئسرائیل لە دژی لوبنان (١٩٨٢).

٦_ شەڕی جاروبارەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان (لەساڵی ٢٠٠٠وە تاکوو ئێستا).

شەڕەکانی کەنداوی فارس Persian Gulf Wars

ئەم زاراوە ئەو شەڕانە لە خۆدەگرێ:

شەڕی یەکەمی کەنداوی فارس (١٩٨٨_١٩٨٠) یان شەڕی نێوان ئێران و عێراق کە لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هەتا ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ درێژەی کێشا.

شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس (١٩٩١_١٩٩٠) کە دوابەدوای هێرش و داگیرکردنی کوێت لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە روویدا (٢ی ئابی ١٩٩٠) و، دواتریش هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە کانوونی دووهەمی ١٩٩١ هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عێراق و، لە ڕێگای هێرشێکی خەست و خۆلی ویشکایی و ئاسمانی توانیان ئەم هێزانە لە خاکی کوێت راوبنێن. (شوباتی ١٩٩١).

شەڕی سێهەمی کەنداوی فارس (مارت _نیسانی ٢٠٠٣)کەدوای چەندین ئاگادارکردنەوەو لە لایەن هێزە هاوبەشەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بە بیانووی دامالّینی چەکی عێراق لە ٢٠ی مارتی ٢٠٠٣ دەستی پێکردو، بە گیران و رووخانی بەغدا لە رۆژی ٩ی نیساندا، رژێمی سەدامیش بەکردەوە لەبەریەک هەڵوەشاوە.

شەڕی بەوەکالەتی هێزەکان *Proxy Forces Warfare*

بەکەڵک وەرگرتن لە هێزە سەربازییەکانی ولاّتی سێهەم لە گۆڕەپانی شەڕ، بە جێگای هێزە خۆییەکان دەگوترێ. لەم بارە دەکرێ ئاماژە بە کەڵک وەرگرتنی سەربازەکانی کوبی لە ئەنگۆلا لە لایەن سۆڤیەت یان هێزەکانی کۆنترا بە دژی نیکاراگۆوا لە لایەن ئەمەریکا بکەین.

شەڕی ئەستێرەکان *Star Wars*

بە گەلاّڵەی " بەرگری ستراتیژیی ئاسمانیی ئەمەریکا" (ئیس. دی. ئای) دەگوترێ کە لە ڕێکەوتی ٢٣ی مارتی ١٩٨٣ لە لایەن رۆناڵد ریگان _ چلەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا _ هاتە ئاراوە. ناوبراو داوای لە کۆمەڵەی لێکۆڵەرەوەکانی ئەمەریکا کرد کە چارەیەک بۆ شێوەکانی بەرگری لەبەرامبەر موشەکە بالستیکە ئەتۆمیەکان بدۆزنەوە. جێبەجێکردنی پرۆژەی شەڕی

www.perawipepwle.com

ئەستێرەکان پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیک و داهێنانی زۆر ئاڵۆزو نوێ هەبوو و، بەوتەی یەکێک لە زانا ئەمەریکیەکان، پێویستی بە وەدیهاتنی سێهەمین شۆڕشی پیشەسازیی جیهان هەبوو کە بەپێی ئەم شۆڕشە، گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەکنیک و داهێنانی ئاسمانی و لە ئاکامدا لە ستراتیژیی سەربازی پێک دەهات.

دەکرا هۆکاری هەڵبژاردنی شەڕی ئەستێرەکان یان پرۆژەی ئێس.دی.ئای لە لایەن ریگانەوە بەم هۆیانە بێ:

١ـ ئەم پرۆژە وەک پلانێکی ستراتیژیی هەمەلایەنە، هەموو هێز وتواناییە شاراوە سیاسی، ئابووری، پیشەسازی ، زانستی، تەکنەلۆژی و سەربازییەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی دنیای بۆ ململانێ وشەڕ بانگهێشت دەکرد.

٢ـ رەهەندە سەربازییەکانی پرۆژەی ئێس.دی.ئای تەکنیکەکانی شەڕی بەتەواوەتی دەگۆڕی.

٣ـ ئەمەریکا بە کەڵک وەرگرتن لەم گەڵاڵە و، بە قۆرخکردنی تەکنیکە پێشکەوتووەکان، هەوڵی دەدا باڵادەستیی خۆی بەسەر سۆڤیەتدا بسەپێنێ.

بەوتەی کاربەدەستە ئەمەریکیەکان، مەبەست لە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئێس.دی. ئای. (گەڵاڵەی بەرگریی ستراتیژیی)، پەرەپێدان ودامەزراندنی سیستەمێک لە سەر زەوی و لە ئاسماندا بوو کە دەکرا بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووانەی تیشکی لەیزەر و تۆپە ئەلەکترۆمۆگناتیسیەکان، موشەکە بالستیکەکانی دوژمن لە قۆناغە جیاوازەکانی فریندا لە نێو ببرێن.

ئەم کاربەدەستانە دەیانگوت کە پرۆژەی ئێس.دی.ئای، سستەمێکی بەرگرییە، کەچی ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە بە بڕوای هێندێک لە شارەزا سەربازییەکان، بەتەکمیل بوونی ئەم سیستەمە، دەکرێ وەک سیستەمێکی گرنگی هێرشبەر لەم بوارانەوە کەڵکی لێ وەربگیرێ:

١ـ ئێس.دی.ئای، دەکرێ وەک تەواوکەری سیستەمی زەربەوەشێنی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەربگیرێ. بۆ ئەم کارە، سەرەتا کەڵک لە سیستەمی هێرشبەرانەی ئەتۆمی لە دژی دوژمن وەردەگیرێ و، پاشان بەکەڵک وەرگرتن لە چەکەکانی ئێس.دی.ئای، بەر بەکردەی بەرامبەرانەی دوژمن دەگیردرێ یان پووچەڵ دەکرێتەوە.

٢ـ چەکەکانی ئێس.دی.ئای، دەتوانن سەتەلایتەکانی دوژمن کە بە بەراورد لەگەڵ موشەکە بالیستیکەکاندا بە ئامانجێکی ئاسانتر دەژمێردرێن، بدەنە بەر هێرش و، لە نێوی بەرن.

٣ـ بە کەڵک وەرگرتن لە چەکەکانی ئێس.دی.ئای. دەکرێ هێرشی بروسک ئاسا بە دژی ئامانجەکانی سەرزەوی، وەک تانکەرە نەوت هەڵگرەکان و فڕۆکەکان، ڕێک بخرێ. هێرشەکان ئەوەندە بەرفراوانن کە دەکرێ لە ماوەی سی خولەکدا وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی بکرێ بە خەڵوز.

٤ـ ئێس. دی.ئای، دەتوانێ تەنانەت سایلۆ چیمەنتۆ و پۆڵایینەکانی موشەکان لە بەریەک هەڵتەکێنێ و، لەراستیدا یەکەم زەربەی ئەتۆمی لە دوژمن بوەشێنێ.

بە بڕوای شارەزایان، بە هۆی باشتربوونی چەندایەتی و چۆنایەتیی هێزە هێرشبەرەکانی سۆڤیەت، ئەمەریکیەکان هەستیان بە پێویستیی دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری و هێرشبەرانەی نوێ کردبوو. لەم ڕووەوە، ئەمەریکیەکان بە تەرخانکردنی بڕی سی میلیارد دۆلار ـ بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵی گەیشتن بەم ئامانجانەیان دەدا:

١ـ ڕێگایەک بۆ چوونەدەر لە بۆنبەستی ئەتۆمی بدۆزنەوە و، بتوانێ سیستەمی "متمانەی وەرگرتنی دوولایەنە" (MAS) لە جێگای سیستەمی "متمانەی لەنێوبردنی بەرامبەر ". (MAD) دابنێ.

٢ـ ببێتە هۆی ئەوی کە سۆڤیەتیش بە تەرخانکردنی بودجەیەکی سەر سووڕهێنەر، لە داوی ململانێ چەک وچۆڵ بکەوێ و، لە ئاکامدا بوار بۆ هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت خۆش بکا.

ئەگەرچی شەڕی ئەستێرەکان بۆ ماوەیەک ڕاگیرا، بەڵام دوای بەدەسەڵات گەیشتنی جۆرج دەبلیۆ بۆش، (کانوونی دووهەمی ٢٠٠١) و، ڕاگەیاندنی چوونە دەری بەڕەسمیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی موشەکیی دژە موشەکی بالستیکی (١٩٧٢)؛ گەلاڵەیەکی دیکە بە ناوی "قەڵغانی موشەکی " جێبەجێ کرا.

شارژدافێر — *Charge D'affaires*

وشەیەکی فەرەنسیە.بە نوێنەری سیاسی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکەدا دەگوترێ کە ئەرکی دیپلۆماسی بەجێ دەگەیەنێ. پلەی شارژدافێر لە پلەی باڵوێز لەخوارترە.

شارژدافێرێک کەسەربەخۆ کار دەکا
c...d...a... ad hoc

c...d...a...de missi
c...d...a...en pied
c...d...a... en titre

١.   شارژدافێرێک که له جیگەی کەسێکی دیکه یان به وەکالەت کاردەکا
c... d... a... ad interim

٢.   شارژدافێری کاتیی (بەگرنگیەکی کەمتر له بەرێوەبەرانی پلەی(١و٢)
c... d... a... of the Embassy

بەرێوبەری ژماره ١ بەشێوەی هەمیشەیی وەکوو سەرۆکی دەستەیەکی سیاسی دادەنرێ و له بەرامبەر وەزیری دەرەوەدا بەرپرسیاره، نەک له بەرامبەر سەرۆکی دەوڵەت دا. (بەرێوبەری ژماره ٢ یان ٣ کەسێکه که له جێگەی باڵوێزو وەزیری موختاردا ئەرکەکانی ئەو بەرێوه دەبا. کاتێک وڵاتێک بیهەوێ نارەزایەتیی یان دڵ هێشاوی خۆی سەبارت به وڵاتێکی دیکه دەربرێ، باڵوێز یان وەزیری موختاری خۆی لەو وڵاته بانگهێشت دەکاتەوه و ئەرکەکانی ئەوان دەسپێرێته " شارژدافێری کاتیی".

له بنەڕەتدا، راگرتنی پێوەندی سیاسی له ئاستی شارژدافێر بۆ ماوەیەکی زۆر و بەبێ بەڵگەیەکی عەقڵانی بەپێچەوانەی هەڵسووکەوتی نێو دەوڵەتیه. پێوەندی سیاسی نێوان دوو وڵات رەنگه له سەرەتادا له ئاستی شارژدافێردا بێ یان به هۆیی کێشه، پێوەندی سیاسی بۆ ئاستی شارژدافێر دابەزێ.

Chantage

شانتاژ

شانتاژ به مانای دەمبەست کردن یان رووتکردنه. شانتاژ له "فعل "ی فەرەنسی Chanter که له زاراوەی لاتینی Chantare بەمانای گۆرانی ووتن و فشه پێ کردن وەرگیراوه.

ئەگەر کەسێک یان گرووپێک به هۆی پێگه یان دەسەڵاتێکی بەرزترەوه، له دژی کەسێک یان کەسانێک کەڵکی نابەجێ وەرگرێ و لایەنی بەرامبەر ناچاربکا که به پێچەوانەی ویستی خۆی بجووڵێتەوه، بەم کەڵکه نابەجێیه دەڵێن شانتاژ. شانتاژ به زۆری به هۆی قسه پێ ووتن

و هەرەشە لێکردن، بەمەبەستی ریسوا کردن و سووکایەتیکردن بە لایەنێکی دیکە بەرێوە دەچێ، هەتا لایەنی بەرامبەر بێدەنگ بێ یان هەڵوێستیەکەی بگۆڕێ یا ناچار بێ باج بدا.

شانتاژ بەمەبەستی ترساندن، هەواڵی ناڕاست، ناچارکردنی کەسەکە بە ملکەچ بوون ورەنگە داواکاری نابەجێ بەڕێوە بچێ. شانتاژ بەهۆی لادان لە پێوەرە ئەخلاقیەکان بەرێوەدەچێ و ئەوکەسەی لە شانتاژ کەڵک وەردەگرێ بە پلەی جیاواز گیرۆدەی نەخۆشی دەروونی و ئەخلاقیە. شانتاژ نەخۆشیەکە و لە ئاکامی هەلومەرجی نالەباری بایۆلۆجی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی (ئابووری، سیاسی و کولتووری) سەرهەڵدەدا.

Crystal Night — *شەوی شووشەیی (١٩٣٨)*

ئەم زاراوەیە کە بە "شەوی شووشەیی رایخ" یش بە ناوبانگە، بە شەوەکانی نۆ و دەی مانگی تشرینی دووهەمی ١٩٣٧ دەگوترێ کە لەم شەوانەدا، خۆپێشاندانی رێکخراوی نازییەکان لە دژی جوولەکەکان بوو بەهۆی کوژران و بریندار بوونی ٧٤ جوولەکە و قۆڵبەست کردنی ٢٠ هەزار کەس و رووخاندنی ٨١٥ دووکان و ١٧١ خانوو و سووتاندنی ١٩١ کنیسەی جوولەکەکان. رێژەی زیانەکان گەیشتە ٥٢ میلیۆن مارک کە تەنیا زیانی شیشە شکاوەکان ٥ میلیۆن مارک بوو. شەوی شووشەیی رایخ بە بیانووی کوژرانی ئەرنێست فۆم راس، سکرتێری سێهەمی بالوێزی ئەڵمانیا لە پاریس لە لایەن ئاوارەیەکی جوولەکە کە لەراستیدا بەتەمای کوشتنی بالوێزی ئەڵمانیا لە فەرەنسادا بوو، رووی دا.

Night Of the Long Knives — *شەوی چەقۆ درێژەکان*

ئادۆڵف هیتلەر بە شەوەکانی ٢٩و٣٠ی حوزیرانی ١٩٣٤ی دەگووت کە لەو شەوانەدا هیتلەر بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی S.S، کراس مۆرەکان (قاوەییەکان)ی ئەرنێستی رۆهەم و هێندێک لە رکابەرە حیزبیەکانی خۆی تەفروتوونا کرد.

خاوێنکردنەوەی حیزبی نازی لە مۆرە توندڕۆکان بە دڵی سوپای ئەڵمانیا و خاوەنی پیشەسازییەکانی ئەو وڵاتە بوو. زیاتر لە ١٠٠کەس لەم ڕووداوانەدا گیانیان لە دەست دا کە دەتوانین ئاماژە بە ژەنەراڵ ئۆن ئیشلایشێر، ڕاوێژکاری پێشوو و هاوسەرەکەی بکەین.

شۆردنەوەی مێشک *Brain Washing*

بەو ئازارە جەستەیی و دەروونیانە دەگوترێ کە بە هۆی پروپاگاندە، ئاخافتن، و بەخشینی پاداش بە مەبەستی ئەوەی ئالوگۆر لە هەڵسوکەوت یان لە بیروبۆچوونی ئەو کەسەدا پێک بێ. ئەم زاراوە لە بنەڕەت دا سەبارەت بە هەڵسوکەوتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ دیلەکانی شەڕ و لە ماوەی شەڕی کۆریا(١٩٥٠-٥٣)دا کەڵکی لێ وەرگیردرا، هەتا لە شێوەی هەڵسوکەوت و و هەروەها لە تێگەیشتن و بیروبۆچوونەکانی ئەوان سەبارەت بە ڕۆژئاوا، ئالوگۆر پێک بێنن.

شۆردنەوەی مێشک ئەمڕۆکە بۆ شکاندنی ئیرادەی خۆراگرانەو ڕۆحیەی زیندانیەکان بە هۆی بێخەوی و ڕەخنەگرتنی بەردەوام و سەپاندنی بیروڕای جیاواز جێبەجێ دەکرێ. خۆ کوژی بە کۆمەڵی ٩١١ کەس لە لایەنگرانی ئایینی"پەرستگەی گەل" لە ڕێکەوتی ١٨و ١٩ی تشرینی دووهەمی ١٩٧٨ لە گویان دا، نموونەیەک لە شۆردنەوەی مێشک بە هۆی سەپاندنی بیروڕای هزری یان ئایینیەوە بوو.

شمشێری دامۆکلێس *The Sword Of Damocles*

ئەم زاراوە لە ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانی وەرگیراوە. بە پێی ئەم ئەفسانەیە دیۆنیسۆس Dionysius، پاشای سەرەرۆی سیراکوس Syracuse شمشێرێکی زۆر تیژی بە مووی ئەسپێکەوە لە سەرسەری داموکلێس ڕکابەری خۆی هەڵواسیبوو بە جۆرێک کە بە چکۆلەترین جووڵەیەکی دامۆکلێس، ڕەنگە مووەکە بپسایە و شمشێرێکە لە تەپڵی سەری هەڵچەقیبایە. شمشێری دامۆکلێس لە باسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دا، بەو هەرەشە بەردەوامە دەگوترێ کە هەموو کردەوەو و دژ کردەوەیەک دەخاتە مەترسیەوە.

www.perawipepwle.com

شۆڤینیزم ***Chauvinism***

ئەم زاراوە لە نێوی نیکۆلا شۆن(Nicholas- Chauvin) وەرگیراوە کە بەردەوام بە باڵای ناپلیۆن بوناپارتیدا هەڵدەگووت. و بەواتای پێداهەڵگوتنی لەرادەبەدەر و هەستی دەمارگرژانەی ناسیۆنالیستیە.

شاری ئازاد ***Free City***

بەشارێک دەڵێن کە لە لایەن رێکخراوێکی نێودەولەتیەوە بەرێوەدەچێ و هیچ وڵاتێک مافی کۆنترۆڵ کردنی ئەم شارەی نیە. وەکوو دانتزیگ لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٣٣ کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بوو.

شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی

Asiatic Mode Of Prodoction

زاراوەی شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی لە سەرەتادا لە لایەن جۆن ستوارت میل، بیریاری بەریتانی بۆ لێکدانەوەی سیستەمی ئابووری وڵاتانی ئاسیایی کەڵکی لێ وەرگیردراو، پاشان لەلایەن بیریارانێکی وەکوو کارل مارکس بە شێوەیەکی تیروتەسەلتر هاتە بەرباس. مارکس لە کۆمەڵگاکانی هیند، چین و رووسیادا جۆرێک تایبەتمەندی سەرەکی لێکچووی دەبینێ کە بە گشتی شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیاییان پێ دەڵێ. بە بڕوای مارکس، بارودۆخی ژینگەیی و جوگرافی وڵاتانی رۆژهەڵات، بە جۆرێکە کە ئاوداشتن بە کارێز و دامەزراوە ئاوییەکان، بناغەی کشتوکاڵی ئەم وڵاتانە بوون. ئەم شێوازە بە پێی پان و بەرینی وڵاتەکان و هەروەها نەبوونی شارستانیەتی تەکنیکی ئاسیاییەکان، ناچار دەبێتە هۆی دەستێوەردانی حکوومەتی ناوەندی. بەم شێوەرێبەرایەتیکردن و زاڵ بوونی دەوڵەت بە سەر سەرچاوەکانی ئاودا دەبێتە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵگای تایبەتی ئاسیایی و ئەم شێوازە رێگا بۆ هاتنە ئارای حکومەتە سەرەرۆکان لەم وڵاتانەدا خۆش دەکا. پێکهاتنی حکوومەتە سەرەرۆکان لە وڵاتانی ئاسیایی دا، لە روانگەی مارکسەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی گەشە کردنی بۆرژوازی و پاشانیش کاپیتالیزم و لە ئاکام دا وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەو کۆمەڵگایانەدا، بچێتە ژێر کاریگەری حکوومەتە سەرەرۆکان.

Domicile
شوێنی مانەوە

پێوەندییەکی یاسایی یە و، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سیاسییە کە لە نێوان تاکەکەسەکان و ناوچەیەکی تایبەتی لە خاکی دەوڵەتێکدا پێکدێ و، بەم شێوەیە تاکەکەسەکان بە بێ ئەوەیکە خاوەنی تایبەتمەندیی هاووتیبوون بن، لەو کەسانەی کە لەو شوێنە نیشتەجێن، جیا دەکرێنەوە. بە واتایەکی تر، شوێنی مانەوەی کەسێک لە وڵاتێک دایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەوکەسە لەو وڵاتەدایە. ئەو بەرژەوەندییانەش زیاتر بەرژەوەندی ئابوورین.

شوێنی مانەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە:

١_هەرکەسێک دەبێ خاوەنی شوێنێکی مانەوە بێ.

٢_ هیچ کەسێک نابێ زیاتر لە شوێنێکی مانەوەی هەبێ.

٣_ شوێنی مانەوە، شتێکی هەمیشەیی نیە.

شێوە هێمنانەکانی چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکان
Peaceful Means For The Settlement Of International Disputs

شێوە هێمنانەکانی (ئاشتیانەی) چارەسەری کێشەی نێوان وڵاتەکان بەبێ پەنابردنە بەر هێزی زۆر بریتین لە: پێکهێنانی لێک تێگەیشتنی دوولایەنە بە شێوەی راستەوخۆ، یارمەتیی هەمەلایەنە، نێوبژیوانی، کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە، دیاریکردنی لایەنی تاوانبار، ناردنی کێشەکە بۆ دیوانی هەڵسەنگاندن یان بۆ بۆ دیوانی نێو نەتەوەیی داد.

Civilization
شارستانیەت

شارستانیەت هاوواتای Civilizatonی فەرەنسییە کە لە وشەی Civiliser(رزگار بون لە بارودۆخی سەرتایی) وەرگیراوە.

شارستانیەت سێ واتای هەیە:

_ خزان بەرەو لای عەقڵ ومرۆڤایەتی

ـ ڕێکخستنی کاروباری ژیان،

ـ خزان بەرەو لای ڕەوشت و هەڵسوکەوتی شارییانە

شارستانیەت وەک زاراوە بە: "کۆی دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان، هەل ومەرج و پێوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەمهێنان، ئایینی، هونەری و ئەدەبی لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو" دەگوترێ، یان بەواتایەکی گشتیتر، شارستانیەت بە کۆی پاشەکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دەگوترێ.

ع

ع

Laic

عەلمانی

لائیک لە سەرچاوەی لاتینی Laicus (شتێک کەهیی خوایە) وەرگیراوە. هەروەها بەکەسێک دەگوترێ کە هیچ پلە و پایەیەکی لە هیرەمی کلیسادا نیە و لەلایەن کلیساوە، هیچ ئەرکێکی ئاینی پێ نەسپێردرابێ.

عەلمانیەت ئێستاکە بە ڕێبازێک دەگوترێ کە بەتەمایە دامەزراوە و دامودەزگا کۆمەلآیەتیەکان لە ژێردەسەلآتیی ئاین و کلیسا رزگار بکا. عەلمانیەت بزوتنەوەیەک بوو کە دژی کۆت و بەندی ئایینی و پشکنینی بیروڕاکان بوو و لەگەلْ ڕێنسانس و لە ئەوروپادا سەری هەلْدا. ئامانجی عەلمانیەت دژایەتیکردن لەگەلْ ئەو ماف و ئیمتیازانەدا بوو کە بەرپرسە ئایینەکانی کلیسا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکوو خاوەن زەوی وزارە گەورە و دەولْەمەندو ئاریستۆکراتەکان هەیانبوو، بەشێوەیەک کە مێژووی دەرەبەگایەتیی لە ئەوروپا، پێوەندییەکی نەپچڕاوەی لەگەلْ کلیسادا هەیە.

عەلمانیەت بە واتای هەلْوێست و ڕوانگەیەکە کە دام و دەزگاو دامەزراوە کۆمەلآیەتیە عەلمانیەکان سەبارەت بە ئایینەکان هەیانە. کە لە دووشێوەدا خۆی دەنوێنێ:

الف _ پشتگوێ خستنی ئایین لە لایەن دەولْەتەوە کە دەتوانین بە چەند شێوەلێکی بدینەوە:

www.perawipepwle.com

١_ بە واتای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت:

لەم حالەتەدا دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی نیە ودەستیێوەردانی کلیساش لە کار و بارەکانی خۆیدا رەت دەکاتەوە. لەبەرامبەردا کلیساش هیچ دەسەڵات و کاریگەرییەکی سیاسی نیە.

٢_ بە واتای بێلایەن بوونی دەوڵەت لە کاروبارە ئایینەکاندا: لەم حالەتەدا دەوڵەت بە چاوێک سەیری هەموو ئایینەکان دەکا [لەنێوان ئایینەکان دا جیاوازی دانانێ] وبۆ هەموو هاوڵاتیانی وڵات، بە بێ جیاوازی دانان، ئازادی ئایینی دابین دەکاو هیچ کاتێک نە لایەنگری لە ئایینێک دەکا و نەدژی ئایینێکیش هەڵویست دەگرێ.

ب _ پشتگوێ خستنی ئایین لە قوتابخانەکاندا:

ئەم بابەتە پێوەندی بە سیستەمی سیاسی وڵاتەوە هەیە. رەنگە سیستەمی پەروەردەیی وڵات رێگا بەهەموو بیروبۆچوونێکی ئایینی بدا و بڕیاریش بدا کە هیچ لایەنێکی ئایینی نابێ هەستی ئایینی لایەنێکی دیکە بریندار بکا و هەموو پروپاگەندەیەکی ئایینی [بێ جیاوازی] قەدەغە بکرێ. و بابەتە ئایینەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی و زانایانە ئاراستە و راڤەبکرێن و رێنوێننە ئایینیەکانیش لە ژێر چاوەدێری بەرێوەبەری هەر ئایینێک، وەزارەتی روشنبیری و قوتابخانە دا بێ.

چ

چارتیزم **Chartism**

چارتیزم لەوشەی Charte بەواتای نووسراوە، بەڵگە، لاپەڕە، جاڕنامە و پێناسەیەو لەسەرچاوەی لاتینی cartula , carta و یۆنانیی Khartés وەرگیراوە.

چارتیزم بزووتنەوەیەکی چاکسازیی بەریتانی بوو کە لە هێندێک بواردا تۆخمی سۆسیالیستی لەخۆ دەگرت. نێوەڕۆکی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە کە لە ١٨٤٠ هەتا ١٨٤٨ لە بەریتانیا لە ئاردابوو، پەرەپێدان بە چاکسازییە پەرلەمانیەکان بوو. پێشکەوتنی چارتیزم لەراستیدا، قەرزداری ئەو تاقمە لە کرێکاران بوو کە بە خۆیان دەگووت چارتیست. ئەم بزووتنەوەش بۆیە بەمناوە بەناوبانگ بوون چوونکە ئەو تاقمە لە ساڵی ١٨٣٧دا سەرەتا بەڵگەنامەیەکیان پەسند کرد کە بە ناوی جاڕنامەی گەل People's charter ناوبانگی دەرکرد. هێندێک لە چارتیستەکان لەراستیدائەو سۆسیالیستانە بوون کە لەگەڵ شێوازی سەرمایەداریدا دژایەتیان دەکرد و، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێ بنەمای کاری ئەوان ئەوەبێ تاکوو نوێنەرانی چینی کرێکار بۆ پەرلەمان بنێرن.

سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوە لە جاڕنامەی ساڵی ١٨٣٨دا ئەم داخوازیانەیان خستبووە ڕوو:

١ـ دەبێ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەموو ساڵێک بەڕێوە بچێ؛

٢ـ دەبێ ئەو نێرینانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی گەورەیی، لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداری بکەن؛

٣ـ دەنگدان دەبێ لە لاپەرەیەکی "نهێنی"دا بەڕێوەبچێ؛

٤ـ دەبێ ناوەندەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتدا بە یەکسانی دابەش بکرێن؛

٥ـ مەرجی خاوەندارێتی دەبێ لە مەرجەکانی ئەندام پەرلەمانی لاببرێ؛

٦ـ مووچەیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمانەکە دیاری بکرێ تاکوو کەسانی کەم داهات بتوانن لەم پەرلەمانەدا ببن بە ئەندام.

چارتیستەکان لە بواری مێژووییەوە ڕۆڵێکی شۆڕشگێرانەیان لە پشتیوانیی چینی کرێکاردا لە ئەستودابوو. ئەگەرچی چارتیزم لە ساڵی ١٨٤٨ لە بەریەک هەڵوەشا، بەڵام دواتر هێندێک لە ئامانجەکانیان لە ڕێگای پلانە کۆمەڵگا هەرەوەزییەکان و یەکیەتیە کرێکارییەکاندا جێبەجێ کرا.

چەپی نوێ New Left

ئەم زاراوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوە و، بۆ ئاماژە بەو کەس یان ڕێکخراوانەی کە بەگشتی لایەنگری لایەنە جۆراوجۆرەکانی نیۆمارکسیزم، سۆسیالیزم، سەندیکالیزم، ئانارشیزم و پاسیفیزمن، کەڵکی وەردەگیرێ. لایەنگرانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ڕێکخستنەکانی ڕەش پێستەکانی ئەمەریکان. ئەم بزووتنەوە بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ پەرەگرتنی شەڕ لە ڤیتنام لە دوای ساڵی ١٩٦٤دا چالاکی زۆری نواند.

چەپ وڕاست Left & Right

دووزاراوەی چەپ وڕاست سەرەتا لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسادا برەوەی پەیدا کرد و، تا ئێستا چەندین مانای جۆراوجۆری پەیدا کردووەو، ئەوەندە بە تاقمەجۆراوجۆرە سیاسیەکان گوتراوە کە دەکرێ بڵێین مانایەکی ڕوون و دیاریکراوی نیە. بەهەرحاڵ، دەستە چەپیەکان بەگشتی لە بواری کۆمەڵایەتیەوە زیاتر خوازیاری گۆڕانکاریی خێرای کۆمەڵایەتی (شۆڕش و گۆڕانکاری)، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری داو، سەربەخۆیی کۆلۆنیەکان بوون. ئەو ناوە بە تاقمێکی بەرفراوان لە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان (لە ئێتیلی سیاسەتڤانی بەریتانیەوە بگرە

تاکوو ترۆتسکی)و، هەروەها بە حیزبە جۆراوجۆرەکان (لە حیزبی کۆمۆنیستی ماو بگرە تاکوو حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی کۆماری فیدراڵی ئەڵمان) گوتراوە.
دەستەراستیەکان زیاتر ئەو کەسانەن کە جیاوازیی چینایەتی بە بەشێک لە سیستەمی سروشتی دەزانن و، لایەنگری لە نەریتەکان، دەوڵەتە بەهێزەکان و کەمترین رۆڵی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دەکەن. ئەم پێناسە، دەستەراستییە پارێزگارەکان و هەروەها فاشیستە توندرۆکانیش دەگرێتەوە. لە دەیەی ۱۹۳۰دا دەستە چەپی بەو کەسانە دەگوترا کەدژی فاشیزم و لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەتی بوون. گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕ (کێشەو ناکۆکیی نێوان سۆڤیەت و چین، گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات و لەدایکبوونی چەپە نوێکان) گیانێکی تازەی بەم دووچەمکە بەخشیوە.

Cheka

چیکا

چیکا پۆلیسی نهێنیی سۆڤیەت لە سەرەتای شۆڕشی کۆمۆنیستیدا بوو کە دوابەدوای پەسندکرانی ئەنجوومەنی کۆمیسێرەکانی گەل، لە رێکەوتی کانوونی یەکەمی ۱۹۱۷دا لە سۆڤیەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کانوونی یەکەم دامەزرا.
ئەرکەکانی "چیکا" بریتی بوون لە:
۱ـ پێشگیری لە چالاکی دژە شۆڕشەکان و تێکدەرەکان.
۲ـ پەلکێش کردنی ئەندامان و تۆخمەکانی سەربە دژە شۆڕشەکان بۆ بەردەم دادگاکانی شۆڕش.
۳ـ لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەو کەسانە.
لە نۆیەمین کۆنگرەی سۆڤیەت لە ساڵی ۱۹۱۹دا، لنین پێشنیاری گۆڕینی چیکای هێنایە بەرباس. ناوبراو وتی کە ئیتر هێزی دوژمنانی سۆڤیەت تێک شکێندراوەو، هەڕشەو مەترسیەکی راستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە لەسەر ئێمە نەماوە. بەم شێوە لە ساڵی ۱۹۲۲دا "چیکا" هەڵوەشایەوە. چیکا بەیەکێک لە ئامرازە سەرەکیەکانی دیکتاتۆریی بۆلشفیکی دەژمێردرا. دەگوترێ کە نزیک بە نێو میلیۆن کەس لە خەڵکی رووسیا بەدەستی ئەم رێکخراوە کوژراون.
بە هەڵوەشانەوەی چیکا ئەم ئەرکە سەرەتا بە GPU (۱۹۲۲)و، پاشان بە OGPU (۱۹۲۳) و لە ئاکام دا بە NKVD (۱۹۳٤) سپێردرا.

www.perawipepwle.com

چواردە خاڵەکەی ڤیلسۆن Fourteen Points

لە ڕێکەوتی ٨ی کانوونی دووهەمی ١٩١٨دا ڤیلسۆن سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا، ڕاگەیەنراوێکی سەبارەت بە ئامانجی هاوپەیمانان لە شەڕدا بڵاو کردەوە کەبە چواردە خاڵەکەی ڤیلسۆن بەناوبانگە. ئەوخاڵانە بریتین لە:

١ـ وەستاندنی سیاسەتە نهێنییەکان و، گرێدانی ڕێککەوتننامە ئاشکراکانی ئاشتی.

٢- ئازادیی هات وچوون لەدەریاکاندا.

٣ـ هەڵگرتنی بەربەستە گومرگیەکان و، پیادەکردنی ئازادی و یەکسانی لە بازرگانیدا.

٤ـ کەمکردنەوەی چەک وچۆڵ.

٥ـ چارەسەری ڕەوای کێشەی کۆلۆنیەکان.

٦ـ چۆڵکردنی خاکی سۆڤیەت.

٧ـ سەربەخۆیی دووبارەی بەلژیکا.

٨ـچۆڵکردنی فەرەنسا و گەڕاندنەوەی "ئالزاس ولۆرین" بۆئەم وڵاتە.

٩ـ پێداچوونە بە سنوورەکانی ئیتالیا

١٠ـ خودموختاریی کەمینەکانی نەمسا ـ هەنگاریا.

١١ـ چۆڵکردنی خاکی سیربیا و مۆنتینیگرۆ و ڕۆمانی و، چارەسەری ڕەوای کێشەکانی بەلکان.

١٢ـ سەربەخۆیی نێوخۆیی نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی تورکیا (عوسمانی)و، بە نێونەتەوەیی کردنی گەرووی داردانێل.

١٣ـ دامەزراندنی دووبارەی دەوڵەتی پۆڵەندا.

١٤ـ دامەزراندنی "کۆمەڵەی نەتەوەکان".

چواردەی تەمووزی ١٧٨٩ ١٤th July ١٧٨٩

ئەم ڕۆژە کە بە ڕەمزی هەڵوەشانەوەی سەرەڕۆیی پاشایەتی "ڕژێمی پێشوو"ی فەرەنسا دادەنرێ، لەڕاستیدا سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەو وڵاتە بوو. لەم ڕۆژەدا کرێکارە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەی فوبۆرگ سێن ئانتوان، هێرشیان کردەسەر بەندیخانەی باستیل و، لەگەڵ خاکدا تەختیان کرد. بۆ ڕێزگرتن لە ١٤ی تەمووز، هەموو ساڵێک ڕێورەسمی تایبەتیی سان و ڕێژەی هێزە

چەکدارەکانی سوپای فەرەنسا بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆمار و کەسایەتیە گرنگە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو ولاتە لە گۆرەپانی شارڵ دووگۆل تاکوو گۆرەپانی کۆنکۆرد بەرێوە دەچێ.

چەک داماڵین Disarmament

ئەم زاراوەیە بەدوو واتا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ:

١ــ بە پرۆسەیەک دەگوترێ کە کەم بوونەوە، جێگۆرکێ یان نەهێشتنی سیستەمەکانی چەک وچۆلی لێ دەکەویتەوە؛

٢ــ بەکۆتایی رەوش و حاڵەتێک دەگوترێ کە ببێ بە هۆی پێکهێنانی دنیایەکی بێ چەک وچۆڵ و پێش بە دووبارە چەکدار بوونەوەی ئەم دنیایە بگرێ.

پرۆسەی چەک داماڵین رەنگە یەک لایەنە، دوو لایەنە یان چەند لایەنە؛ بەشیی یان گشتی بێ؛ هەروەها رەنگە تەنیا بەشێک لە سیستەمەکانی چەک وچۆڵ بگرێتەوە یان هەموو سیستەمەکان لە خۆبگرێ. چەک داماڵینی گشتی و تەواوەتی بە هەمەلایەنەترین پرۆگرامی ئەو بوارە دەژمێردرێ.

لە سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا چەک داماڵین بەدوای تێکشکانی یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ بەرێوە دەچێ و، دەوڵەتی سەرکەوتوو دەست بە چەک داماڵینی لایەنی تێکشکاو دەکا. ئەم سەرکەوتنە لە داسەپاندنی ئاگربەست، کۆتایی هێنان بە دوژمنایەتی یان لە گرێدانی رێککەوتننامەی ئاشتیدا خۆ دەنوێنێ و؛ لایەنی تێکشکاو لە هەبوون یان دەستوێراگەیشتن بە هێندێک لە جۆرەکانی چەک بێ بەش دەبێ.

پێویست بەوە بیرهێنانەوەیە کە چەک داماڵین بەشێوەی ئۆتۆماتێک ناتوانێ کۆتایی بە کێشەکان بێنێ. پارادۆکسی بابەتە کە لەوە دایە کە پرۆسەی چەک داماڵین کە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ناکۆکی و ئاڵۆزییانەی کە لە پێشبڕکێی چەک و چۆڵەوە سەرچاوەدەگرن، بەرێوە دەچێ، بۆ خۆی کۆمەڵێک ناکۆکی و ئاڵۆزی لێ دەکەویتەوە.

چاودێری بەسەر پرۆسەی چەک داماڵین پێویستی بە کارگێرییەکی بەتوانا و لێهاتوو هەیە.

چەماوەی جەی ***J –Curve***

جۆن جەی John Jay کۆمەڵناس، هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشەکان بە جیاوازی زۆر، چاوەڕوانی و داواکاری ئەندامانی کۆمەڵگا و دابینکردنی پراکتیکی ئەم داواکاریانە دەزانێ کە ئەندامانی کۆمەڵگا کاتێک ئەم جیاوازیانە دەبینن، هەست بە "بێبەش"ی دەکەن. جۆن جەی ئەم تیۆرەی لە چەماوەیەک دا، بە نێوی چەماوەی جەی نیشان داوە.

چارت

Chart

١ـ بەڵگەیەکی دیپلۆماتیکە کە ئەو دەوڵەتانەی ئەم بەڵگەیان مۆر کردووە، بەپێی ئەم بەڵگە هێندێک لە بنەماکان ڕەچاودەکەن و داکۆکیشی لێ دەکەن. وەکوو جارنامەی ڕۆژڤەڵت ـ چەرچیل (١٤ی ئابی ١٩٤١) بە ناوی جارنامەی ئاتلانتیک

٢ـ بەڵگەیەکی دیپلۆماتیکە کە باس لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دەکا و ئەوانەی کەئەم جارنامەیان مۆر کردووە چوارچێوەی دەسەڵات و تواناییەکانی تێدا دیاری دەکەن؛ وەکوو جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (un) و جارنامەی بوگۆتا، ٣٠ی نیسانی ١٩٤٨ (جارنامەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکی).

چارتی ٧٧ ***Chart***

گرووپێکی نەیاری چیکسلۆڤاکیا بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٧دا، لە پراگ پێکهات تاکوو حاڵەتەکانی لادانی دەوڵەتی ئەم وڵاتە لە مافە شارستانیەکان لەقاو بدا. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٨ تا ١٩٧٩ دەوڵەتی چیسلۆڤاکیا ئەندامانی ئەو گرووپەی سەرکوت کرد. هێندێکیان زیندانی کران و هێندێکی دیکەشیان دوور خرانەوە.

چارەسەری کۆتایی Final Solution (Endlösuns)

ئەم زاراوە لە مێژووی هاوچەرخی ئەڵمانیا دا بە واتای "فەوتاندنی جەستەیی جوولەکەکانی ئەوروپا بە مەبەستی چارەسەری کۆتایی کێشەی جوولەکەکان"ە. لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە دا، لە کانوونی دووهەمی ١٩٤٢دا، کۆنفرانسیک لە نوێنەرانی ئیداری ئەڵمان لە "ڤانزە"دا پێکهات کە لە کۆتایی ئەم کۆنفرانسەدا، پێکهێنانی ئۆردووگاکانی قڕکردن بە کەڵک وەرگرتن لە ژوورەکانی گاز و کوشتاری بە کۆمەڵ پەسند کرا. بەهۆی ئەم کردەوانە ٤،٥ تا ٦ میلیۆن جوولەکە لە پرۆسەی بە ناو هۆلۆکۆست دا (کوشتاری بە تەواوەتی) تێدا چوون.

گ

گ

www.perawipepwle.com

گەڕاندنەوەی کەسایەتی **Rehabiliation**

ئەم زاراوە لە رژێمە کۆمۆنیستیەکان بەو تاقمە لە فەرماندەرانی سەربازی و رێبەرە سیاسیانە دەگوترا کە لە رەوتی پاڵاوتنە کارەساتبارەکانی سەردەمی ستالیندا لە رووسیا یان لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا بە شێوەی نهێنی کوژران. رەوتێکی دیکەش لە سۆڤیەتدا لە ئارادبوو کە ئەو بەرپرسە حیزبیانەی کە لە پرۆسەی گەڕاندنەوەی کەسایەتیدا، گەڕاندنەوەی کەسایەتیان بۆ کرا، جارێکی دیکە بە خاین لە قەڵەم درانەوە.

گەڵاڵەی بنەمای چوار ***Ooint Four Program***

بە گەڵاڵەیەک دەگوترێ کە لە لایەن هاری ترۆمێن (١٩٧٢_١٨٨٤) سێ و سێهەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بۆ ناردنی یارمەتیە تەکنیکییەکان بۆ وڵاتە دواکەوتووەکان، ئاراستە کرا. ئەم زاراوەیە بۆیە پێی دەگوترێ "بنەمای چوار"، چوونکە بەندی چواری وتاری دەستپێکردنی سەرۆک کۆماری ناوبراوی پێک دەهێنا (کانوونی دووهەمی ١٩٤). بەرنامەی بنەمای چوار بوو بە هۆی بردنەسەری ئاستی نفوزی ئەمەریکا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و لە ئاکامدا بوو بە هۆی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە.

گەلاڵەی مارشاڵ (١٩٤٧-١٩٥٢) Maeshall Plan

پلانێکە کە لە لایەن جۆرج مارشال، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە وتاری پێنجی حوزەیرانی ١٩٤٧ی ناوبراودا پێشنیار کرا. بەپێی ئەم گەلاڵە، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو هەوڵی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگرتوویی ئابووریی ئەورووپا و نۆژەنکردنەوەی ئەم ئابوورییە وەگەڕ دەخست.

وڵاتانی کۆمۆنیست پلانی مارشاڵیان پەسند نەکرد؛هەروەها فینلەندا و ئیسپانیاش ئەم گەلاڵەیان پەسندنەکرد. لە ١٢ی تەمموزی ١٩٤٧دا، نوێنەرانی وڵاتانی نەمسا، بەریتانیا، ئیرلەندا، ئیسلەندا، بەلژیکا، پۆرتوگاڵ، تورکیا، دانیمارک، سوید، سویسرا، فەڕەنسا، لوگزامبۆرگ، نەرویج، هۆڵەنداو یۆنان بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی هاوکاریی ئابووریی ئەورووپا لە پاریس کۆبوونەوەو، پلانێکیان بۆ ساڵەکانی ١٩٤٧ هەتا ١٩٥١ داڕشت کە "بە گەلاڵەی نۆژەنکردنەوەی ئەورووپا" ناوبانگی دەرکرد، دوای ئەمە، "ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریی ئەورووپا" (OEEC) بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەلاڵەیە دامەزرا.

گەورەکانی ئۆژیاش Augean Stables

ئەم زاراوەیە لە ئەفسانەیەکی یۆنانی وەرگیراوە و ئاماژە بە گەورەکانی ئۆژیاش، یەکێک لە پاشاکانی یۆنانە کە ماوەی سی ساڵ بە هۆی پیسایی ئاژەڵەکان پیس ببوو و خاوێنکردنەوەکەشی زۆر ئەستەم بوو کە پاشان بە هۆی لادانی ڕەوتی ئاوی دووچۆم توانیان گەورەکان خاوێن بکەنەوە.

ئەمڕۆ کە لە عورفی سیاسی دا، ئەم زاراوەیە بەو ناوەند، بەڕێوبەری و ڕێکخراوانە دەگوترێ کە بوونە ناوەندی گەندەڵیی وبەرتیل خواردن و خراپکاری و چاکسازیش لەم ناوەندانەدا زۆر ئەستەمە.

گەلاڵەی باروخ (١٩٤٦) Baruch plan

گەلاڵەیەک بۆ کۆنترۆلکردنی وزەی ئەتۆمی و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی بەربلاوی نێودەوڵەتیی ناسیاسی وزەی ئەتۆمی بوو کە لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی وزەی ئەتۆمی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ی حوزریرانی ١٩٤٦ لە لایەن بێرنارد باروخ، نوێنەری ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ئاراستە کرا.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا گرۆمیکۆ، نوێنەری یەکیەتیی سۆڤیەت گەڵاڵەیەکی تری هێنایە گۆڕێ کەبە بەپێی ئەم گەڵاڵە، بەپێی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، بەرهەمهێنان، ڕاگرتن و کەڵک وەرگرتن لە چەک و چۆڵە ئەتۆمیەکان قەدەغەکرا و هەموو چەک وچۆڵە ئەتۆمیە کانیش دەبوایە لە ماوەی سێ مانگی دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ناوبچن. بە هۆی دژایەتیی پێشنیارەکەی گرۆمیکۆ لەگەڵ گەڵاڵەی بارۆخدا، ڕێککەوتنێک سەبارەت بە کونترۆلی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی سەری نەگرت و لە دواییشدا لە ١١ی کانوونی دووهەمی ١٩٥٢دا، کۆمیسیۆنی وزەی ئەتۆمی هەڵوەشایەوە.

گەڵاڵەی بۆش (١٩٩١) — *Bush Initiative*

ئەم گەڵاڵەیە لە ڕاگەیەنراوی ڕێکەوتی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٩١ی جۆرج بۆش (باوک) سەرۆک کۆماری ئەمەریکا و ماوەیەکی کەم لە دوایی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ستارتی ـ ١ سەبارەت بە چەک و چۆڵە ئەتۆمیەکان ئاراستە کرا. کە یەک لایەنانە ئەم بنەمایانەی لە خۆدەگرت:

— نەهێشتنی چەک و چۆڵە ناوەکیە تاکتیکیەکان (موشەکەکانی کرۆز) لە سەر کەشتی و ژێر دەریاییە هێرشبەرەکان.

— نەهێشتنی تەقەمەنی ناوەکی تۆپخانەیی وکلاوە شەڕکەرەکانی موشەکەکانی بالستیکی کورت هاوێژ.

— کەمکردنەوەی خۆ ئامادەکردن (بۆشەڕ).

— جگە لەمە بۆش پێشنیاریشی بە سۆڤیەت کرد تا سەبارەت بەنەهیشتنی موشەکە کیشوەربڕە فرەکلاوە ناوەکیەکان و تووێژ بکەن .

گەلاڵەی ترۆیکا (١٩٦٠) Troika Plan

ئاماژە بە گەلاڵەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن دەستەیەکی سێ کەسیە، کە لەلایەن خرۆشچۆف، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی سۆڤیەت لە بیستەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٠ دا هاتە گۆڕێ. چرۆشچۆف لەگەڵ ئەوەدا کە بە توندی هێرشی کردە سەر هامێرشولد وەکوو " بە کرێگیراوی ڕۆژئاوا" پێشنیاریشی کرد کە لیژنەیەکی سێ کەسی بە جێگەی سکرتێری گشتیی، ئەرکەکانی سکرتێری گشتیی ڕاپەڕێنن. هەرکام لەم سێ کەسانە نوێنەری بیرو بۆچوون و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، و هاوپەیمانەکانیان، وڵاتانی سوسیالیستی و وڵاتانی بێلایەن بوون. جێبەجێکردنی پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەستۆی سکرتێری گشتیی دایەو بڕیارەکانی دیکە کە لە لایەن سکرتێرەوە دەدرێن، تەنیا لە حاڵەتێک دەبێ جێبەجێ بکرێن کە هەرسێ ئەندامەکەی ترۆیکا پەسندی بکەن. ئەم گەلاڵە کە بە ترۆیکا (کەژاوەی سێ ئەسپە) بەناوبانگە، لەلایەن زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراو کەوتەبەر ڕەخنە. ڕەخنەیەکی بنەڕەتیی لەسەر ئەم گەلاڵەیە ئەوە بوو کە زۆر ئەستەم بوو کە ئەم سێ سکرتێرە گشتیانە لە بوارەکانی بەڕێوەبردندا ڕێککەون کەئەمەش لەئاکامدا دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. پاساوی خرۆشچۆف بۆ پێشنیارەکەی خۆی ئەوەبوو کە ئەو دەیگووت:" لە جیهانی ئێستاکەدا وڵاتی بێلایەن هەیە، بەلام کەسی بیلایەن بوونی نیە". کەواتە بە پێی بیروبۆچوونی خرۆشچۆف، جێبەجێکردنی ماددەی ١٠٠ کە کەسێکی وەکوو سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دیاریکردووە، ئەستەم دەبێ. ماددەی ١٠٠ی ڕاگەیەنراوە کە دەڵێ :

١ـ سکرتێر و فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیان دا لە هیچ دەوڵەت یان بەرپرسێک لە دەرەوەی ڕێکخراو فەرمان وەرناگرن و هیچ فەرمانیکێش پەسند ناکەن. ئەوان تەنیا لە بەرامبەر ڕێکخراودا بەرپرسن و لە هەر کردەوەیەک کە لەگەڵ پێگەکەیان وەکوو بەڕێوەبەرانی نێودەوڵەتیی دا ناتەبابێ، خۆ دەبوێرن.

٢ــ هەموو ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێن دەدەن کە ڕێز بۆ ئەرکی نێودەوڵەتیی سکرتێری گشتی و فەرمانبەرەکان دادەنێن و هەوڵی ئەوەش نادەن کە لە جێبەجێکردنی کارەکانیان دا بیانخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە خرۆشچۆف پێشنیاری سێ سکرتێرەی هێنایە گۆڕێ. هەڵبەت ئەم پێشنیارە لەگەڵ دەقی ئاشکرای ماددەکانی ٩٧ تا ١٠١ی ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناتەبا بوو. لە پێشنیارەکەی سۆڤیەت دا، هەرکام لە سێ سکرتێرە گشتییەکان، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی سێ لایەن بوو (ڕۆژئاوا، بەرەی سۆسیالیستی و وڵاتانی بێلایەن). جگە لەمە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، فەرمانبەرانی سکرتاریاش دەبوایە بە شێوەی یەکسان لە نێوان هاوڵاتیانی سێ لایەندا دیاری بکرانایە. جگە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینیش بە توندی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیەدا دژایەتیان کرد. چونکە لە کردوەدا، مافی ڤیتۆی وڵاتانی گەورەی تا قۆناغی جێبەجێکردنی سکرتێری گشتی پەرەپێدەدا.

بە هۆی دژایەتیی زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین لەگەڵ ئەم گەڵاڵەدا، سۆڤیەت وازی لە گەڵاڵەی ترۆیکا هێنا.

گەڵاڵەی ڕاپاکی (١٩٥٧) — *Rapaci Plan*

گەڵاڵەیەک بۆ نائەتۆمیی کردنی ناوچەیەک لە ئەورووپای ناوەڕاستدا بوو. ڕاپاکی، وەزیری کاروباری دەرەوەی پۆلۆنیا ئەم گەڵاڵەیەی بۆیەکەمجار لە ڕێکەوتی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ ئاراستەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. بە پێی ئەم گەڵاڵە ناوچەی نائەتۆمی دەبوایە، پۆلۆنیا، هۆڵەندا، هەنگاریا، چیکسلۆڤاکیا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بگرتایەوە. لە نووسراوەکەدا هاتبوو: " لەم ناوچەدا نابێ چەک و چۆڵی ئەتۆمی بەرهەم بێ ورابگیرێ و تەقەمەنی و دامەزراوەی چەک و چۆڵە ناوەکیەکانیش دامەزرێ و کەڵک وەرگرتن لە چەکە ناوەکیەکان لە دژی ئەم ناوچە قەدەغە دەکرێ"، ئەم گەڵاڵە وڵاتانی ناوچە، فەڕەنسا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووکان، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی(لەو کاتەدا مەبەست بەلجیکا، کانادا، دانیمارک، هۆڵەندا) دەگرتەوە کە هێزی سەربازییان لەو ناوچەیەدا بوو.

www.perawipepwle.com

هەروەها پشکنینی ئاسمانی و زەمینی لە لایەن ناتۆو فەرشۆوە هاتە ئاراوە. دەوڵەتی پۆلۆنیا بەهیوا بوو کە ئەم گەلاڵە ببێ بەهۆی کەمکردنەوەی هێزە ناوەتۆمیەکان لەم ناوچە و گرێدانی رێککەوتننامەیەکی بەرفراوان، بەمەبەستی چەک داماڵین. یەکیەتیی سۆڤیەت پشتیوانی لە گەلاڵەی راپاکی کرد، بەلام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا دژایەتیان لەگەڵدا کرد. چونکە بەهۆی ئەم گەلاڵە بوار بۆ زاڵبوونی بەرەی رۆژهەلات دەرەخسا.

گەلاڵەی کۆلۆمبۆ (۱۹۵۱) *Colombo plan*

ئەم گەلاڵە بە هۆی بڕیارەکانی کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمەڵەی هاوبەرژەوند، لە شاری کۆلۆمبۆی پایتەختی سریلانکا دامەزرا. ئامانجی ئەم کۆنفرانسە باسکردن لەسەر مەسەلە ئابووری و نێودەوڵەتیەکانی ولاتانی باشوور و باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا بوو. گەلاڵەی کۆلۆمبۆ بەمەبەستی پەرەسەندنی ئەم ناوچەیە لە رێگای یارمەتیە تەکنیکیەکانەوە هاتە ئاراوە.

دامەزرێنەرانی یەکەمی گەلاڵەکە، ولاتانی ئوستورالیا، کانادا، سریلانکا، هیندستان، نیوزلەند، پاکستان و بەریتانیا بوون کە پاشان چەند ولاتی دیکەش کە ئەندامی کۆمەڵەی هاوبەرژەوەندیەکان نەبوون، چوونە ناو ئەم گەلاڵەوە. ئەم ولاتانە بریتی بوون لە : کامبۆج، لائۆس، ڤێتنام،مالیزیا، ئەفغانستان، بەنگلادیش، بووتان، بێرمە، ئەندەنۆسیا. ژاپۆن، کۆریای باشوور، مالدیف، نیپاڵ، فیلیپین، سەنگافوور، تایلەند، فیجی، گینەی نوێ و ئێران.

نووسینگەی ناوەندی ئەم گەلاڵە لە کۆلۆمبۆیەو ولاتانی ئەندامی ئەم گەلاڵە، هەموو ساڵێک جارێک کۆ بوونەوەیەک بۆ ئالوگۆری بیرورا وتاوتۆیکردنی چالاکیەکانیان پێک دێنن. ماوەی جێبەجێکردنی گەلاڵەکە لە سەرەتادا ۷ ساڵ بوو، بەلام لە دوایی دا بە پێی بڕیاری دەوڵەتانی ئەندام درێژ کرایەوە.

یارمەتیەکانی گەلاڵە کۆلۆمبۆ بە ولاتانی ئەندام، راهێنانی کادیری فێرکردن ، ناردنی پسپۆرە تەکنیکیەکان و هاوکاری کردن لە کرینی ئامرازە تەکنیکیەکان بوو.

لە کۆبوونەوەکانی ساڵانەی گەلاڵەکەدا، جگە لە ولاتانی ئەندام، بانکی نێودەوڵەتیی بووژانەوەو پەرەپێدان، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسیۆنی

ئابووری و کۆمەلاّیەتی ئاسیا و ئوقیانوسیە، ریکخراوی نێودەوڵەتیی کار، ریکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی، کۆمەڵگای ئابووری ئەوروپا، بانکی پەرەپێدانی ئاسیا و سکرتێری ولاّتانی هاوبەرژەوەندی وەکوو چاوەدێر بەشداری دەکەن.

گەلاّڵەی گێنشێر (١٩٩٠) Genscher Plan

ئەم گەلاّڵە لە لایەن هانێس دیتریش گێنشێر، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای رۆژئاوا دارێژرا. بەپێی ئەم گەلاّڵەیە ئەڵمانیای رۆژئاوا و یەکیەتیی سۆڤیەتدا بەو شێوە لەگەڵ یەکتردا ریککەوتبوون کە هێزەکانی ئەڵمانیای رۆژهەلاّت لە پاش یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوادا، نەدەبوایە دەستەبەجێ ببونایە بەبەشێک لە هێزەکانی ژێردەسەلاّتی ناتۆ. سۆڤیەتیش لە بەرامبەردا، دانی بەوەدادەنا کە ئەڵمانیای رۆژئاوا هەروا بەشێک لە هێزەکانی ناتۆ بێ. بەم شێوە هێزەکانی ئەڵمانیای رۆژهەلاّت تەنیا لە پاش یەکگرتنەوەی تەواو لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا چوونە ژێردەسەلاّتی فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆوە. ماددەی پێنجی ریککەوتننامەی کۆتایی وتووێژەکانی ٤+٢ کە لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٩٠ دا مۆر کرا، ئاماژەی بەم مەرجانە دەکرد.

گەلاّڵەی گومۆلکا (١٩٦٣) Gumulka plan

ئەم گەلاّڵە لە لایەن ڤلادیسلاو گومۆلکا، سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمونیستی پۆلۆنیا لە ریکەوتی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣دا هاتە گۆرێ. ئەم گەلاّڵە پێشنیارگەلێکی سەبارەت بە " راگرتنی چەک و چۆلە ناوەکیەکان لە ئەورووپای ناوەراست" دا لە خۆدەگرت کە دەبێ لەگەڵ" گەلاّڵەی راپاکی " دا بەراورد بکرێ.

گەلاّڵەی ڤلادیڤۆستۆک (١٩٨٦) Vladivostok Plan

ئەم گەلاّڵە سەبارەت بە کەمکردنەوەی چەک وچۆلەکان لە ناوچەی ئاسیا ـ ئۆقیانوسی ئارام دا بوو کە لە لایەن گۆرباچۆف لە ساڵی ١٩٨٦دا ئاراستەی ژاپۆن کرا. ئەم گەلاّڵە پێشنیارگەلێکی بنەمایی سەبارەت بە پێکهێنانی ناوچەیەکی بێ چەک وچۆلی ناوەکی لە نیمچە

دوورگەی کۆریا و ناوچەی باشووری ئۆقیانووسی ئارام، کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکان و چەک وچۆڵە ئاسایەکان لە ئاستێکی مامناوەندیدا لە خۆ دەگرت.

گەلاڵەی یاروزلسکی(١٩٨٧) *Jaruzelski Plan*

ئەم گەلاڵە لەلایەن ژەنەراڵ یاروزلسکی، سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمۆنیست و سەرۆک کۆماری پۆلۆنیا١٩٩٠ -١٩٨٠) بەشێوەی رەسمیی لە ساڵی ١٩٨٧دا، ئاراستەی وڵاتانی ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا کرا. ئەم گەلاڵە لەراستیدا فۆرمێکی نوێی " گەلاڵەی راپاکی" بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧دا بۆ نائەتۆمی کردنی بەشێک لە ئەورووپا، (پۆلۆنیا، چێکسلۆڤاکیا، ئەڵمانیای، رۆژهەڵات و رۆژئاوا) لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی پۆلۆنیا هاتە گۆڕێ. گەلاڵەی یاروزلسکی جگە لە چەک و چۆڵە ناوەکیەکان، چەک وچۆڵە ئاسایەکانیشی دەگرتەوە. ئەم گەلاڵە زیاتر لە سەر نەهێشتنی ئەو چەک و چۆڵانە پێی دادەگرت کە دەبوونە ئەگەری قەومانی "هێرشی لەناکاو".

گاردی سوور *The Red Guard*

نێوێکە کە سەرەتا کرێکارە چەکدارەکانی سۆڤیەت لە سەر خۆیان دانابوو. ئەم گرووپە رۆڵێکی سەرەکیان لە بەدەسەڵات گەیاندنی بۆلشفیکەکان (شۆڕشی ئۆکتۆبەر)دا هەبوو و پاشانیش بەشی بنەڕەتیی سوپای سووریان پێکدینا. لە دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتیشدا، رێکخراوە خوێندکارییە خەباتگێڕەکان کەڵکیان لەم نێوە وەرگرت. لە چینی کۆمۆنیستیشدا، خوێندکارەکانی چین بە هاندانی لینپیاو و هەڤاڵەکانی، گاردی سووریان بەمەبەستی پەرەپێدانی شۆڕشی کولتووری و پێشگیریکردن لە بیروڕاکانی ماوتسێ دۆنگ و لادانی دوژمنانەکانی ماو رێکخست. بەم گرووپەیان دەگووت ژەنەراڵە گەنجەکانی ماو. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٦دا گاردە سوورەکان رێگایان پێدرا کە هەر چۆنێک خۆیان بە چاکی دەزانن، بۆ درێژەدانی شۆڕش کولتووری هەنگاو هەڵگرن. بەڵام لەدواییدا کێشە نێوخۆییەکان تەشەنەیان کرد. لە ساڵی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ەوە گاردی سوور وەکوو جاران کۆنترۆڵ کرایەوە و پروپاگەندەکردن سەبارەت بە گاردی سوور لەو کاتەوە قەدەغە کراوە.

گرووپی ٢+٦

G_٦+٢

لیژنەیەکە کە بە نوێنەری ٨ وڵات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئەفغانستان پێکهاتووە. وڵاتانی گرووپی ٢+٦ بریتین لە ٦وڵاتی دراوسێی ئەفغانستان واتە : ئێران، پاکستان، ئوزبەکستان، تاجیکستان، تورکەمەنستان و چین و ٢ وڵاتی ئەمەریکاو رووسیا. ئەم گرووپە لەکاتی قەیرانی ئەفغانستاندا لەگەڵ یەکدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی ئەم وڵاتە و گەیشتن بە ئاشتی، وتووێژو باس و راوێژیان دەکرد. لە دوای رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان (٧ی تشرینی یەکەمی٢٠٠١) و جموجۆڵە سەربازییەکانی هاوپەیمانیەتی باکوور کە بوو بە هۆی گیرانی کابوول، ئەم گرووپە رۆڵێکی بەرچاوی لە دیاریکردنی رێبازی سیاسی داهاتووی ئەفغانستاندا گێراوە.

گرووپی ٧

G – ٧

بە ٧ وڵاتی پیشەسازی رۆژئاوا دەگوترێ کە بریتین لە : ئەڵمانیا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئیتالیا، ژاپۆن، فەرەنسە و کانادا. لە دوای هەرەسهێنانی سۆڤیەت (کانوونی یەکەمی ١٩٩١) فیدراسیۆنی رووسیاش لە خولەکانی کۆبوونەوەی؛ ئەم گرووپەدا بەشداری دەکا.

لەدوای ئەوەی رووسیا لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو بە ئەندامی رەسمیی ئەم گرووپە، ناوەکەی گۆڕا بۆ گرووپی ٨.

گرووپی ١٠

G-١٠

لەسەرەتادا بەدەوڵەتە پیشەسازییەکان دەگوترا کە ئیستا کە ژمارەکەیان گەیشتۆتە ١١ وڵات. ئەم وڵاتانە بریتین لە: ئەڵمانیا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئیتالیا، بەلجیکا، ژاپۆن، سوید، سویسرا، فەرەنسا، کەنەدا و هۆڵەندا.

گرووپی ١٥ G – ١٥

ئەم گرووپە لە ١٥ وڵات پێکهاتووە کە ئامانجەکەی پشتیوانی کردن لە وڵاتانی بێلایەنە.
ئەندامانی ئەم گرووپە بریتین لە : ئەرژەنتین، ئەلجەزایر، ئەندەنۆسیا، بەرزایل، پیرۆ، جامائیکا، زیمبابوەوە، سینیگاڵ، مالیزیا، میسر، مەکسیک نیجریا، ڤەنزۆئیلا، هیندستان و یۆگسلاڤیا.

گرووپی ٧٧ G –٧٧

ئەم گرووپە لە کۆنفرانسی بازرگانی و پەرەپێدانی UN(UNCTAD)دا پێکهات تا گرووپێکی فشار بێ و پشتیوانی وداکۆکی لە بەرژەوەندەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا بکا.ئەم ڕێکخستنە لە ٧٧ وڵات پێکهاتووە و بۆیە پێی دەڵێن گرووپی ٧٧. ئەگەرچی ژمارەی ئەندامانی ئەم گرووپە لەم ڕێژەیە زۆرتر بووە، بەڵام ئیستاش هەر بەم ناوە بەناوبانگە.

گرووپی ستێرلینگ Sterling Area

بڕێک لەو وڵاتانەن کە بە جێگەی ئەوەی دراوی خۆیان بە ئاڵتوون ببەستنەوە، دراوی خۆیان بەستێرلینگ (لیرەی بەریتانیا) بەستۆتەوە و پاشەکەوتی دراوی خۆیان لەگەڵ" بانکی بەریتانیا"دا ڕێکخستووە. گرووپی ستێرلنیگ لە ساڵی ١٩٣٩دا هەڵوەشایەوە و" ناوچەی ستێرلنیگ" جێگای ئەم گرووپەی گرتەوە.

گرووپی بانکی جیهانی World Bank Group

ئەم گرووپە لە سێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پەرەپێدان (IGOS)، بانکی نێودەوڵەتیی بۆ بوژانەوەو پەرەپێدان (IBRD)، دامەزراوەی نێودەوڵەتیی پەرەپێدان (IDA) و کۆمپانیای ڕێکخستنی دارایی نێودەوڵەتیی (International Finance Corporation) پێکهاتووە.
بانکی نێودەوڵەتیی بووژانەوەو پەرەپێدان لە ئاستی گشتیدا بە بانکی جیهانی (World Bank) بەناوبانگە. هەروەکوو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ، ئامانجە دووانەکانی دامەزراندنی بانکی جیهانیی وەکوو بەشێک لە سیستەمە دامەزراوە ئابوورییەکانی نێودەوڵەتیی برۆتۆن ڤوودز (Bertton

www.perawipepwle.com

Woods)، بریتین لە : ئاسانکاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو ئابوورییە پەرەگرتووانەی کە بە هۆی شەڕەوە داڕما بوون و هاوکاری ماددی بۆ پەرەپێدانی ئابووریی ولاتە کەمتر پەرەگرتووەکان (L D S). بانکی جیهانیی ڕێکخراوی هاوشێوە یان جمکی سندوورقی نێودەولەتیی دراوە (IMF) و لەراستیدا ئەو ولاتانە دەتوانن ببنە ئەندامی بانکی جیهانیی کەئەندامی سندووقی نێودەولەتیی دراویشن. بانکی جیهانیش وەکوو سندووقی نێودەولەتیی دراو، سیستەمێکی دەنگدانی هەیە کە بە پێی ئەو سیستەمە دەسەلاتی کاریگەر بەسەر دەرئەنجامی هەلبژارنەکان، دەدرێتە ئەو دەولەتانەی کە پشکێکی زیاتریان هەیە. لە ڕاستیدا ئەم پشکانە وەکوو مافی ئەندامەیتی بانک دێنە ئەژمار و ڕادە و پشکی (سەهم)ی دەولەتانی ئەندام، یەکێک لە بنەڕەتیی ترین سەرچاوەکانی سەرمایەی بانکی جیهانیە. جگەلەمە بانکی جیهانیی چۆتە ناو بازاڕی سەرمایەکانی کەرتی تایبەتیشەوە تا سەرچاوەی خۆی باتر بکا وئەم قەرزانە ئێستا کە گەورەترین سەرچاوەی " نەختینەی" بانکی جیهانی یکێتی بەماکانی بانکە بازرگانیەکان لەو پەڕی خۆیاندا بەسەر ئەم بانکەدا زالن. بۆیە دەبینین کە سیاسەتی قەرزدانی ئەم بانکە بەتەواوەتیی لە پێوەرو ڕێووشوێنە بازرگانیە توند و تۆلەکانی بانکە بازرگانیەکان پێرەوی بکا.

پێویستی هەبوونی دامەزراوەیەک کە قەرزی کەم بە ولاتان بدا، بوو بە هۆی پێکهێنانی " دامەزراوەی نێودەولەتیی پەرەپێدان" لە سالی ۱۹٦۰دا. ئەم دامەزراوەیەش وەکوو بانکی جیهانیی، زیاتر قەرز دەداتە ولاتەکان لەوەی کە هەروا بە خۆڕایی یارمەتیان بدا. لە هەمان کاتیشدا وەکوو بانکی نێودەولەتیی بووژانەوە وپەرەپێدان، ئەو ولاتانەی کە دەبێ قەرزیان پێ بدرێ، دیاری دەکرێن. ئەم قەرزانە لە پێناوی پەرەپێدانی پێکهاتە بنەڕەتیەکان دەدرێتەولاتان. بە پێچەوانەی بانکی جیهانی، دامەزراوەی نێودەولەتیی پەرەپێدان، بەتەواوەیتی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ماددی و داراییەکەی بە سەرمایەی دەولەتانی ئەندام بەستراوەتەوە.

کۆمپانیای ڕێکخستنی دارایی نێودەولەتیی لە سالی ۱۹۵٦ و بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و توانایە کار خولقێنیەکان لە ولاتانی کەمتر پەرەگرتوودا پێکهات. کۆمپانیای ڕێکخستنی دارایی نێودەولەتیی بەشداری خۆی لە پرۆژە و بەرنامەکان، بەکەمترین پشک (سەهم) بەستۆتەوە و زیاتر بایەخ بە بەشە دووهەم وبەرهەمهێنەکان دەدا. نەریتیی کۆنەپارێزی بانکی جیهانی و مەدوای بارودۆخی نالەباری ئابووری، لە ئابووری جیهانیدا (لەدەرەوەی ئەمریکا باکوور) لە دوای سالی

١٩٧٤ەوە بەم واتایەیە کە ئەم بانکە تەنیا سەیرکەرەو هیچی تر. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی هەڵەکانی خۆی وەکوو گەلاڵەی مارشاڵ، بە هۆی بوودجەی بەرگری و هەڵەپشتیوانیکەرەکانی دیکە بە هۆی قەرەبووکردنەوەی کەمی دولاڕ بۆ بەهێزکردنی پاڵنەرە ئابوورییەکانی ولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی چەند هەنگاوی هەڵێناوە. لە سەردەمی ترۆمینەوە کە شەڕی سارد بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ ئەم ولاتە، بەرنامەی یارمەتیی دەرەکیش چووە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە ئاسایشی و سەربازییەکان و تائەو رادەیە بایەخی پەیدا کرد، کە ئەم یارمەتیانە بۆ مەبەستی جیاواز تەرخان بکرێن و بە نوێنەرایەتیی بانکی جیهانی بسپێردرێن.

هەرەسهێنانی سیستەمی برۆتۆن ڤۆدز و شۆکە نەوتیەکانی دەیەی ١٩٧٠، نەبوونە هۆی کەمکردنەوەی رۆڵی پەراوێزی بانکی جیهانیی لە بواری یارمەتیە ماددییەکاندا. بانکی جیهانیی لە دۆزینەوەی دۆلارە وونبووەکانی دوای شۆکە نەوتیەکان لە ڕێگای سیستەمی رۆژئاواوە، تارادەیەک رۆڵی هەبووە، دوو گۆڕانکاری لە دەیەی ١٩٨٠دا بوون بە هۆی ژیانەوەی سەرچاوە ماددییەکانی بانکی جیهانیی: یەکیان نەمانی ستراتیژییە ئابوورییەکانی سیستەمی سۆسیالیستی بە قازانجی کەرتی تایبەت و چاکسازییەکانی بازاڕی ئازاد، نیشانەی ئەون کە بنەماکانی لیبرالیزمی ئابووری کە ئایدۆلۆژی زاڵی بانکی جیهانیەوە، هەرئێستا کە زیاتر لە بواری دەروونی و سیاسیشەوە لە ئاستی جیهاندا پەسند دەکرێن. دووهەمیان ئەوەیە کە قەیرانی قەرزەکان و پێشنیارە جیاوازەکان بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەم قەیرانەدا، وەکوو گەلاڵەکانی بەلکێرو برەیدی (Baker And Brade) بوونە هۆی ئەوەی کە بانکی جیهانیی ببێتە ئەکتەرێکی بەتوانا لە بوارەکانی جێبەجێکرنی ئەم گەلاڵەنەدا.

گرووپی چوار کەسە — *Gang Of Four*

بەو کەسانە دەڵێن کە ڕێبەری گرووپی رادیکاڵی کۆمۆنیستەکانی چین بوون کە نەیاری دێنگ شیائۆپینگ بوون. ئەم گرووپە بریتی بوون لە جیانگ کینگ، ژانگ چۆنگیا، ڤانگهۆنگ ڤۆن و یائۆڤێنیۆئان. لە ساڵی ١٩٧٦دا هوئاکۆفنگ ئەم کەسانەی لەسەر کارلادا و دادگایی کران و

مەحکووم کران (١٩٨٠). ئەم زاراوە لە حوزەیرانی ١٩٩١ یشدا لە پێوەندی لەگەڵ ئالۆگۆڕەکانی سۆڤیەت و نەیارانی چاکسازیخوازی ئەو وڵاتە کەڵکی لێ وەرگیردرا.

گرووپی چوار کەسەی نەیاری میخائیل گۆرباچۆف بریتی بوون لە :

١_ ڤالێنتین پاولۆف، سەرۆک وەزیران

٢_دمیتری یازۆف، وەزیری بەرگری

٣_ ڤلادیمیر کریچکۆف، سەرۆکی K.G.B

٤_ بوریس پوگۆ، وەزیری نێوخۆ

گرووپی مافی مرۆڤی هێلسینکی
Helsinki Human Rihghts Group

ئەم ڕێکخستنە لە دوای کۆنفرانسی هێلسینکی سەبارەت بە ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا (٣٠ی تەمموز_ یەکی ئابی ١٩٧٥)لە لایەن دوکتۆر یووری ئۆرلۆف لە مانگی ئایاری ١٩٧٦دا دامەزرا. لەم کۆنفرانسەدا یەکیەتیی سۆڤیەت بڕیاریدا کەرێز لە مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بگرێ. لە مانگی ئایاری ١٩٧٨دا، ئورۆلۆف حەوت ساڵ زیندانی بۆ برایەوە و هەرلەو ساڵەشدا ئەلەکساندر گیتربۆرگ، هاوکاری ئورلۆف هەشت ساڵ زیندانی و ئاناتۆلی شارانسکی سێزدە ساڵ زیندانی بۆ برایەوە. شارانسکیان بە خیانەتیش مەحکووم کرد.ساخارۆفیش لە ساڵی ١٩٨٠دا دوورخرایەوە بۆ شاری گورکی.

گرووپی دژە حیزبی (کۆمۆنیست)

بە هێندێک لە ڕێبەرانی گەورەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بە سەرکردایەتیی مالێنکۆف، کاگانۆڤیچ ومولۆتۆف دەگوترێ کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧دا هەوڵێکی بێ ئاکامیان لە پێناوی لە سەرکارلادانی خرۆشچۆف لە پۆستی ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست دا، بە پێی زانیارییەکانی دواتر، بۆلگانینیش ئەندامی ئەم گرووپە بووە.

گۆستاپۆ Gestapo

دەزگای پۆلیسی نهێنی ئەڵمانیای نازی بوو. کورتکراوەی وشەکانی Geheim Staats Polizeه. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ۱۹۹۳ لە لایەن گورینگ دامەزراوە و پاشان هیلمێر ڕێبەرایەتی ئەم دەزگایەی وەئەستۆ گرت و لەگەڵ دەزگای S.S دا تێکەڵاوی کرد. ئەم ڕێکخراوە لەبەرامبەر هیچ بەرپرسێکی دادو دەوڵەتیدابەرپرسیار نەبوو و تەواو سەربەخۆ بوو. گۆستاپۆ دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و ئامرازی هێزو سەرکوتی نازییەکان بوو. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، دادگای نۆرنبێرگ گۆستاپۆی وەکوو ڕێکخراوێکی تاوانبار مەحکووم کرد.

گۆبینیزم Gobinism

بیرو بڕوای ژۆزێف گۆبینۆ (۱۸۸۲_۱۸۱٦) ڕۆژهەڵاتناس و دیپلۆماتی فەڕەنسایە کە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "نایەکسانیی ڕەگەزی مرۆڤ"دا، گریمانەی بەرزتربوونی ڕەگەزی ئاریای هێناوەتە گۆڕێ. ئەم گریمانە لە دواییدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر" ئەفسانەی ڕەگەزی و بەرزتربوونی ڕەگەزی "نۆردیک"ی فەلسەفەی ئاڵمانیای نازیدا دانا.

گرووپی فشار Pressure Group

لە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێکان دا، بیروڕای گشتی کاریگەرییەکی قووڵیان هەیە. بۆیە گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتی گرووپە ڕەسمیەکان هەوڵ دەدەن تابە ئامرازی جیاواز بیروڕای گشتی لەگەڵ بیروڕاکانی خۆیاندا بگونجێنن. پرۆفیشناڵ بوونی سەردەمی نوێ بۆتە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەی زۆر ڕێک و پێک کە لە کۆمەڵناسیدا گرووپی فشار یان گرووپی سەپێنەریان پێدەگوترێ، سەرهەڵبدەن. ئەم گرووپانە لە ڕێگای ... ڕازەو هەوڵ دەدەن کە یان بیروڕای گشتی لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیانیاندا بگونجێنن. یان بیروڕاکانی خۆیان بە سەر ڕای گشتیدا بسەپێنن. بە واتایەکی دیکە گرووپەکانی فشار تێدەکۆشن بە شێوەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ تەشەنە بکەنە ناو بیروڕای گشتیەوە.

ئەو ئامرازە شیاو و نەشیاوانەی کە گرووپەکانی فشار بۆزاڵبوون بە سەر بیروڕای گشتیدا کەڵکیان لێوەردەگرن فرەچەشن و جیاوازن. لێرەدا باس لە چوار ئامراز دەکەین کە گشتین و بایەخێکی زۆرتریان هەیە:

١ـ هەوڵە ئابوورییەکان: گرووپەکانی فشار بە بەخشینی بەرتیل، دیاری و قەرز، کۆمەڵە مرۆییەکان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

٢ـ هەوڵە یاساییەکان: گرووپە فشارەکان تێدەکوشن کە داواکارییەکانیان بە پێی یاساو ڕێووشوێنە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. کەواتە بە ئامرازی جیاواز دزە دەکەنە ناو ڕێکخراوەکانی داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسا. لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ئەم گرووپانە ڕاشکاوانە ئەندامانی ئەنجومەنەکانی یاساداڕشتن دەخەنە ژێر فشارەوە. لۆبیەکان لە نموونەی ئەم گرووپانەن.

٣ـ هەوڵەتێکدەرانەکان: گرووپەکانی فشار بە شێوەی نهێنی یان ڕاشکاوانە بۆ تێکشکانی خۆراگری خەڵک و ڕاکێشانی بیروڕای گشتی، پەنادەبەنە بەر هەوڵی تێکدەرانە و ڕووخاندنی دام و دەزگاکان و کۆمەڵە نەیارەکان

٤ـ هەوڵە پرۆپاگەندەییەکان: گرووپەکانی فشار بە کەڵک وەرگرتنی شارەزایانە لە پرۆپاگەندەکردن، خەریکی دزین یان گۆڕینی یان پێکهێنانی بیروڕای گشتی دەبن.

گلاسنۆست *Glasnost*

زاراوەیەکی ڕووسیە بە واتای ڕاشکاوبوون لەقسە کردن دایە (Openness) کە لە عورفی سیاسیدا بە " ئاوەڵا بوونی سیاسی" و "پرۆسەی دیموکراتیزەکردن"ی بەرەی سۆسیالیستی دەگوترێ. ئەم زاراوە لە دوای هاتنە سەرکاری گورباچۆف لە سۆڤیەت برەوێکی زۆری پەیدا کرد. گلاسنۆست و پرۆسترۆیکا دوو زاراوەی جمکن کە ڕێبەرانی سۆڤیەت بەتەمای جێبەجێکردنیان بوون. ئەم گۆڕانکاریانە بوونە هۆی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە سۆڤیەت و لە ئاکامیشدا بوونە هۆی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ڕەهای حیزبە کۆمۆنیستەکان لە جیهاندا.

www.perawipepwle.com

گوتار Discourse

چەمکی گوتار (Discourse) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٤ و لە زاراوەی فەرەنسی Discours و زاراوەی لاتینی Discurs – us وەرگیراوە بە واتای ئاخافتن و وتووێژکردنە و لە زاراوەی Discurrer / Discursum بە واتای خۆدزینەوە، گنخاندن و لە لای سەرەوڕا کردنەوە ، ...هتد، وەرگیراوە.

گوتار، دیاردە، وتەزا یان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە و بە واتایەکی دیکە پرۆسە و رەوتێکە کە لە کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە. بابەتە دەربڕاوەکان، گوزارەو مەسەلەکان،وشەو رستەکان، پێوەندیان بەو حاڵەوە هەیە کە بابەتەراگەیەنراوەکانو گوزارەکان و کەی، کێ، چۆن، لەلایەن چ کەسێکەوە، لەدژ یان بەلایەنگری لە چ کەسێک یان چ شتێک کەڵکیان لێوەرگیراوە.

گوتار ئامانج و رۆڵێکی چەندلایەنەی هەیە کەیەکیان بریتیە لە دوورخستنەوەی چەمکی "خود" لە بواری فەلسەفە، ئایدۆلۆژی و پرۆفیشنال بوونی زانستی و گەڕاندنەوەی پێگەی واتای " خود" بۆ ئەم چەمکە. گوتار لە دەیەی ١٩٧٠ بەملاوە لە شێوازی جیاوازدا دەردەکەوێ کە گرنگترینیان شێوەی " شیکردنەوەی گوتار"یە (Discourse Analysis) کەوە کووئامرازێکی میتدۆ لۆژی نوێ لە بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا سەری هەڵداوە.

گیۆتین Guillotion

ئامێرێکی ئیعدام کردنی تاوانبارەکان لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا بوو کە کەڵکی وەرگرتن لەم ئامێرە لەلایەن ژوزێف ئینیاس گیتین (١٨١٤ –١٧٣٨)، پزیشکی فەرەنسی زیندوو کرایەوە. ئەم ئامێرە چوارچێوەیەک و دەمێکی تیژی هەبوو کە دوای کەوتنە خوارەوەی دەمە تیژەکە، ملی تاوانبارەکەی دەقرتاند. لۆئیی شانزەهەم، پاشای فەرەنسا، هاوسەرەکەی ماری ئانتوانت و هەروەها رۆبسپیر،شۆڕشگێری بەناوبانگ لەو کەسانە بوون کە بە گیوتین کوژران. ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٧٩٢دا، لە گۆڕەپانی گریڤی (Place Of Gréve)ی پاریسدا هەڵواسرا.

دەڵێن کە ١٣٧٦ کەس لە نەیارەکان لە سەردەمی تیرۆر و ١٧٩٤ کەسیش لە نێوان ١٠ی حوزەیران هەتا ٢٧ ی تەمموز بەم ئامێرە ملیان قرتێنرا.

گۆلیزم **Gaullism**

بە کۆمەڵە تەکتیک، بیروبۆچوون و شێوازەکانی شارل دۆگۆل، کەسایەتی سیاسی — سەربازیی فەرەنسا (١٩٧٠ -١٨٩٠) دەگوترێ کە لە بیرەوەرییەکان، وتارەکان، لێدوانەکان، کۆنفرانسە چاپەمەنیەکان و ڕێبازە سیاسیەکان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیدا، وەکوو یەکەمین سەرۆک کۆماری، کۆماری پێنجەم لە ساڵی ١٩٥٨ دا خۆیان دەنوێنن.

دۆگۆل بەمەبەستی خێراترکردنی یەکیەتیی نەتەوەیی چەند دەوڵەتی بەرفراوانی بەبەشداری کۆمۆنیستەکان پێکهێنا. لە بواری ئابووریشدا جێبەجێکردنی کۆمەڵە چاکسازییەکی ئابووری وەکوو خۆماڵیکردنی پیشەسازییەکانی بەردەخەڵووز و کارەبا، کۆمپانیای فرۆکەوانی "ئێرفرانس"، بانکە گەورەکان، کارخانەی دروستکردنی ئۆتۆمبیلی " رینۆ"، هەروەها چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو دابینکردنی کۆمەڵایەتیی هەمە لایەنە و مافی دەنگدانی ژنان، بوونە هۆی باوەڕبەیەک کردن و سازان و پێکهاتنی توێژە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە بە خێرایی و بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوو ڕێک و پێک خەریکی لە ناوبردنی ئەو کە سانە بوو کە لە سەردەمی رژێمی " ڤیشی" لەگەڵ نازییەکاندا هاوکاریان کرد بوو.

لە کانوونی دووهەمی ١٩٤٦دا، کاتێک کە ئەنجوومەنی دامەزرێنەری نوێ بڕیاریدا پێشنیارەکانی دۆگۆل لەسەر پێکهێنانی سیستەمێکی بە هێزی سەرۆک کۆماری و کەمکردنەوەی هێزی پەرلەمانی رەت بکاتەوە، دۆگۆل وازی لە پۆستی سەرۆک کۆماری هێنا و بۆماوەی ١٢ ساڵ دەستی لە کاروباری سیاسی کێشایەوە. لە مانگی ئایاری ١٩٥٨ دا، لە قووڵایی قەیرانی ئەلجەزایدا، بە هۆی ئەو ڕاپەڕینەی لە ناو سوپا فەرەنسادا روویدا، کۆماری چوارەم هەرەسی هێنا وژەنەراڵ دۆگۆل بە دەسەڵات گەیشت. یەکەمین ساڵەکانی سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی پربوون لە گرژی و ئاڵۆزی کە زیاتر بەرهەمی بارودۆخی ئەلجەزایر بوون. دۆگۆل لەم گرژی و ئاڵۆزیە سیاسیە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی حکوومەتیی تاکەکەسیی، بەپێی راپرسیە گشتییەکان کەڵکی وەرگرت.

دۆگۆل لە بواری نێودەوڵەتیدا، هەوڵی دا تا گەورەیی فەرەنسا زیندوو کاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٦٦ دا، فەرەنسای لە لقی سەربازی ناتۆ دابڕاند و بە گرتنەپێشی سیاسەتێکی یەک لایەنە هەوڵیدا تا بە پشت بەستن بە جبەخانەیەکی ئەتۆمیی سەربەخۆ، لەبەرامبەر دوو زلهێزی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتدا، فەرەنسا بکاتە" هێزی سێهەم". دۆگۆل بە سیاسەتێکی مەسڵەحەت خوازانە، پەرەی بە ڕەوتی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقیای فەرەنسی زمان دا. لە ساڵی ١٩٦٢دا، بە شێوەی ڕەسمی دانی بە سەربەخۆیی ئەلجەزایر دانا. لە هەمان حاڵیشدا هەوڵیدا کە پێوەندییە ئابوورییەکانی فەرەنسا، لەگەڵ کۆلۆنیەکانی پێشوی خۆیدا هەروا بپارێزێ.

ماوەی دەسەلاتدارەتیی ژەنەراڵ دۆگۆل لە هەموو لایەنەکانەوە سەکەوتنی بەرچاوی لە بواری دەرەکی و نێوخۆیی بۆ فەرەنسا بەدواوە بوو. ڕەوتی گەشەی ئابووری زۆرتر بوو و داهاتی سەرانەی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ دوو هێندە بۆوەو بەگشتی " فەرەنسایەکی هاوچەرخ"ی دامەزراند. بەلام سەرەڕای ئەوەش، ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتەکان بە هۆی بەردەوامی دەسەلاتدارەتیی کۆوەبووی باوک سالارانە، هێواشتر بوو. هەر بەم هۆیەوە بەرەبەرە کەلێنی قووڵ و مەترسیدار کەوتە ناوپێکهاتەی سیاسی و ئابووری ولاتەوە.

نارەزایەتیی گشتیی خوێندکارانی فەرەنسا لە ئایاری ساڵی ١٩٦٨دا بوو بە هۆی دابەزینێکی گەورە لە هەموو بوارەکاندا. دۆگۆل لە نیسانی ١٩٦٩دا، چارەنووسی سیاسی ولاتی خستە ریفراندۆمەوە. ئاکامی ریفراندۆمەکە بە قازانجی دۆگۆل نەبوو و وازی لە سیاسەت هێنا.

گۆلیزم بە گشتی لەسەر سیاسەتی ناسیۆنالیستی، سیاسەتی سەربەخۆی دەرەکی، رێبەرایەتیی و سانترالیست بوونی نەریتیی فەرەنسا، ئەخلاقی کلیسای کاتۆلیکی رۆما، ئاسایشی سەربازی، جێگیری سیاسی، گەشەی ئابووری و پشتیوانی لە سەرمایەداری پێداگری دەکا. ئەمرۆکە " کۆمەڵەی کۆماریخوازان"ی فەرەنسا (RPR) خۆیان بە شوێنکەوتووی سیاسەتەکانی گۆلیزم دەزانن. RPR توانی بە یارمەتیی حیزبە راستەکانی دیکەی فەرەنسا، (جگە لە حیزبی راستی توندرۆی بەرەی نیشتمانی بە رێبەرایەتی ژان ماری لۆپوەن) لە دووهەمین خوڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری فەرەنسادا (٥ ئایاری ٢٠٠٢) هەڵبژاردن بباتەوەو بۆ جاری دووهەم ژاک شیراک بۆوە بە سەرۆک کۆماری فەرەنسا. بە هۆی رەچاوکردنی سیاسەتەکانی گۆلیزم RPR توانی هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

گەلاڵەی "بەشداریکردن بۆ ئاشتی"ی ناتۆ
NATO "Partner Ship For Peace"

گەلاڵەیەکی ناتۆ (ڕێکخراوی ڕێککەوتنی ئاتلانیکی باکوور) بۆراکیشانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت و کۆمارە تازە سەربەخۆ بووەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەو وڵاتانەی کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ چوونە ناو ئەم گەلاڵە، بریتی بوون لە: ئازەربایجان، قەزاقستان، قرقیزستان، ئوزبەکستان، تورکمەنستان، گورجستان، مۆلداڤیا، ئۆکراینا، لیتۆنیا، لیتڤانیا، ستۆنیا، بولگاریا، ڕۆمانیا، هەنگاریا، پۆلۆنیا، ئاڵبانیا، سلۆڤیانیا، سلۆڤاکیا، چیک، سوید و فینلەندا. فیدراسیۆنی ڕووسیا لە ڕێکەوتی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٩٢دا، ئەم گەلاڵەی پەسند کرد، بەلاّم لە ١ی کانوونی یەکەمدا لەمۆرکردنی دوو ڕێککەوتننامەی گرنگی ئەم گەلاڵە خۆی بوارد. کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا (کۆبوونەوەی بوداپێست) کە بە بەشداری سەرۆکی ٥٢ وڵاتی ئەندام لە ڕۆژەکانی ٥و٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦دا کۆبۆوە، داوای لە وڵاتانی تری ئەورووپا کرد تا بەمەبەستی دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایش لە ئەورووپادا، ببنە ئەندامیی گەلاڵەی "بەشداریکردن بۆ ئاشتی " ناتۆ.

Contiental System
گەمارۆی کیشوەری

ئەم زاراوە بە قەدەغەکردنی کەرەسەکانی بەریتانیا لەلایەن ناپلیۆن بوناپارت، ئیمپراتۆری فەرەنسا دەگوترێ. ناپلیۆن لە ساڵی ١٨٠٦دا گەلاڵەیەکی بە نێوی "گەمارۆی کیشوەری" پەسند کرد. بە پێی ئەم گەلاڵە، وڵاتانی ئەورووپی دەرگاکانی خۆیان بەرووی کەرەسەکانی بەریتانیادا دادەخست. لەم گەلاڵەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە " دورگەکانی بەریتانیا لە گەمارۆدان، هەموو جۆرە بازرگانی و پێوەندییەک لەگەڵ دورگەکانی بەریتانیادا قەدەغەیە". بەپێی ئەم بریارنامە؛ هەموو بەریتانیەکان لە ناو خاکی فەرەنساو هاوپەیمانەکانیدا دەستبەسەر دەکران و دەستیش بەسەر کەلوپەلەکانیاندا دەگیرا.

ئەم بریارە بە زیانی فەرەنسیەکان بوو. چوونکە ناوەکانی بەریتانیا هێرشیان کردە سەر پاپۆرەکانی فەرەنسا و هاوپەیمانەکانی. بازرگانی بیانیی فەرەنسا کەوتە مەترسیەوە و وڵاتانی ئەورووپا

بوونە رکابەری فەرەنسا . راسپێردراوەکانی فەرەنساش خەریکی پەیداکردنی کەرەسە قاچاغکراوەکانی بەریتانیا و بە تایبەتیی پارچە (قوماش) و پێڵاو بۆسەر بازەکانی سوپای فەرەنسا بوون.

گرێبەست Contract

گرێبەست سەبارەت بە پێوەندییە بازرگانیەکان کەلکی لێوەردەگیردرێ. جۆرەکانی گرێبەست بریتین لە:

١ـ ئەو گرێبەستانەی کە دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە و یان رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکە لەگەڵ یەکتردا گرێی دەدەن، ئەم گرێبەستانە؛ پێرەوی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان دەکەن.

٢ـ ئەو گرێبەستانەی کە دەوڵەتەکان لە نا ولاتی خۆیاندا، لەگەڵ کەسە ئاساییەکاندا دەیبەستن(کەسە ئاسایەکان واتە ئەو کەسانەی کەسەر بە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نین و سەر بەستانە کاردەکەن) و تەنیا یاسا نێوخۆییەکانی ئەو ولاتە، لە گرێدانی ئەم گرێبەستانەدا کاریگەرییان هەیە.

٣ـ ئەو گرێبەستانەی کە دەوڵەتەکان لەگەڵ کەسە بیانیەکاندا گرێی دەدەن و لەسەر ویستی خۆیان، ئەو گرێبەستانە پێرەوی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان دەکەن. بەم گرێبەستانە دەڵێن: " گرێبەستی نێوان دەوڵەتەکان و دامەرزاوە گشتیەکان لەگەڵ کەسە ئاساییە بیانیەکان" وهەروەها گرێبەستی نیمچە نێودەوڵەتییشیان پێ دەگوترێ. .

گەل People

لە سیاسەتدا بەکۆی ئەو چین وتوێژو گرووپە کۆمەڵایەتیانە دەگوترێ کە لە خەباتی دژە ئەمپریالیستیدا بەشداری دەکەن.

گەل، زاراوەیەکی رێژەییە؛ واتە لە هەر قۆناغێک لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، گەل هێزێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێ. بەلام بە گەشەکردنی شۆرش و قووڵبوونەوەی شۆرش کە

www.perawipepwle.com

بەرژەوەندییەکانی چینێ چەوسێنەر دەکەوێتە مەترسیەوە، داوێنی ئەو هێزانەی کەبە گەل دەژمێردرێن، چکۆلەتر و بەرتەسکتر دەبێتەوە. ئەم زاراوە زیاتر لە لایەن گرووپە چەپەکەکانەوە کەلکی لێ وەردەگیرێ.

گریلاکانی شار — Urban Guerrillas

بەو کەسانە دەگوترێ کە هەوڵ دەدەن بە پشت بەستن بە تاکتیکە تیرۆریستیەکان لە نێو شارەکاندا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. بریگادە سوورەکانی ئیتاڵیا و ئەندامانی سوپای سووری ژاپۆن لەریزی گریلاکانی شار دان.

گۆڕینی وڵات — *State Succession*

بە گواستنەوەی دەسەڵاتدارەتیی لە بابەتێکی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ بابەتێکی تری یاسا نێودەوڵەتیەکان دەگوترێ.

گۆڕینی وڵات؛ سڕینەوەی بە تەواوەتیی وڵاتێک یان گواستنەوەی بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە بۆ وڵاتێکی تر لە خۆ دەگرێ. ئاکامی سڕینەوەی بەتەواوەتیی وڵاتێک، گۆڕینێ گشتیە کە بەهۆی ئەو حاڵانە جێبەجێ دەبێ:

١ــ داگیرکردن و ملکەچ کردن (لە یاسا نێونەتەوەییە کۆنەکاندا شتێکی یاسایی بوو بەڵام بەپێی یاسا نێونەتەوەییە هاوچەرخەکان کارێکی نایاسایی یە).

٢ــ دابەشکردنی وڵاتێک بەسەر دوو یان چەند وڵاتێکدا (بۆوێنە دابەشکردنی مالیزیا لە ساڵی ١٩٦٥دا بەسەر سەنگاپوور و مالیزیادا، یان دابەشکردنی پاکستان بەسەر پاکستان و بەنگلادیش لە ساڵی ١٩٧دا، یان دابەشکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت بەسەر فیدراسیۆنی رووسیا و ١٤ وڵاتی تردا لە ساڵی ١٩٩١).

٣ــ تێکەڵکردنی دوو یان چەند وڵاتێک لە وڵاتێکی یەکگرتوودا، وەک یەکیەتیی تانگانیکاو زەنگبار لە ساڵی ١٩٦١داو، دامەزراندنی تانزانیا.

٤ــ راکێشانی ولاتێک لە لایەن ولاتێکی تر (وەک راکێشانی تەکزاس لە لایەن ئەمەریکاوە لە سالی ١٨٤٥).

دیاریکردنی ئەو بابەتە کە ئایا ئەو کیانە نوێیە، ولاتێکی نوێیە یان بەرفراوانکردن و پەرەپێدانی ولاتی پێشووترە، لە کردەوەدا کارێکی دژوارە، گۆڕینی بەرتەسک لە دەرئەنجامی ئەسپاردنی (یان شێوازەکانی تری گواستنەوەی دەسەلاتدارەتیی) بەشێک لە خاکی ولات جێبەجێ دەکرێ. بەلام لەهەر حالدا گواستنەوە لە رێگای پەنابردن بۆ هێز بەکارێکی نایاسایی دادەنرێ. گۆڕینی ولات گرفتی یاسایی ئالۆز لە پێوەندی لەگەل مافەکان و ئەو بەرپرسیارەتیانەی کە لە ولاتی گۆڕاودا داگوازرێتەوە، پێکدێنێ. هەتا ئەم سالانەی دوایی، گۆڕینی ولات بە تەوەاوەتی بەپێی یاسا نێونەتەوەییە عورفیەکان جێبەجێ دەبوو، بەلام کۆنفانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە گۆڕینی ولات لە سامانەکان، بەلگەنامە و قەرزەکان(١٩٨٣)، چوارچێوەیەکی بەرفراوانی لە رێوشوێنەکانی گۆڕینی ولات رێک خستووە. گۆڕینی ولات گرفتی وەک گواستنەوەی رێککەوتننامەکان، ئەندامەتی لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، مافەکانی پێوەندیدار بە سامانە گشتی و تایبەتیەکان، داواکاری نێونەتەوەیی و ئەرکە دیاریکراوەکانی بەدواوەیە. دەبێ گۆڕینی ولاتەکان لە دەولەتەکان جیا بکرێتەوە، چوونکە لە گۆڕینی دەولەتەکاندا تەنیا نوێنەری سیاسیی ولات دەگۆڕێ.

ك

ك

کورنەوەی ریۆ (۱۹۹۲) *Rio Summit*

ئەم کۆبوونەوە کە بە بەشداری زیاتر لە ۱٤۰ کەس لە سەرۆکی ولاّتان و دەوڵەتەکان لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۹۲دا لە لایەن کۆنفرانسی جیهانی ژینگە و پەرەسەندن (UNCED) لە ریۆ دوژانیرۆی بەرازیل بەرێوەچوو، یەکەمین کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیی لە بواری ژینگەدا بوو. تەوەری ئەو کۆبوونەوە، دوو چەمکی ژینگە و پەرەسەندن بوو. بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە لە سەر ئەوە کۆک بوون کە لە رابردوودا ئەو دوو چەمکە کە بە دوژمنی یەکتر دەژمێردران و، لە دەیەی ۷۰دا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لە پێناو ئاشتکردنەوەی ئەو دوو چەمکەی هەوڵی داوە، دەبێ ئێستا تێکەڵ بکرێن. لەدەرئەنجامی ئەو تێکەڵبوونە،چەمکی نوێی گەشەی بەردەوام هاتە ئاراوە. بۆیە دەبێ کۆنفرانسی ریۆ بە خاڵی وەرچەرخان لە رەوایی دان بە بەرفراوان کردنی چەمکی ژینگە بزانین.

لە کۆنفرانسی ریودا، رێککەوتنی گەورە لە نێوان ولاّتانی پێشکەوتوو(باکوور) و ولاّتانی لە حاڵی پەرەسەندن (نامی) (باشوور) هاتە ئاراوە کە لە بەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەکەدا رەنگی داوەتەوە.

هەروەها لە راگەیەنراوی ریۆدا، بنەماکانی سەبارەت بە پاراستنی دارستان و هەروها دوو کۆنڤانسیۆنی گرنگی نێودەوڵەتی، واتە (کۆنڤانسیۆنی گۆڕانەکانی کەش و هەوا و کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆریی بایۆلۆجی) لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا لە لایەن سەرۆکی لیژنەکانی بەشداری

کۆبوونەوەکە مۆرکرا . خشتەی بەرنامەی کاری ٢١، لە ٤٠ بەش پێکهاتبوو، هێڵە گشتی و ئەو چوارچێوە سیاسەتگوزاریانەی کە دەبێ لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی لە لایەن وڵاتانەوە بەرێوە بچن و، هەروەها میکانیزمە ماددی و بەڵێنیەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی لە بەرامبەر وڵاتانی لە حاڵی پەرەئەستێندا لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆنفرانسی ریۆ، دەستنیشان کردووە. "راگەیەنراوی ریۆ" کە بە " جارنامەی زەوی" ناوبانگی دەرکرد، خاوەنی ٢٧ بنەمایە کە چوارچێوەی گشتی ئەرکە سیاسیەکانی دەوڵەتەکان و ئەرک و بەرپرسیارەتیەکانی سەبارەت بە پاراستنی ژینگەی تێدا گونجێنراوە. لە "بنەماکانی پێوەندیدار بە دارستان"یش چۆنیەتی بەرێوەبەریی بەردەوام وپاراستنی دارستانەکانی روون کردۆتەوە.

کۆبوونەوەی ماڵتا (کانوونی یەکەمی ١٩٨٩) *Malta Summit*

ئەم کۆبوونەوەیە لە نێوان جۆرج بوش، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا و میخائیل گۆرباچۆف، سەرۆکی یەکیەتیی سۆڤیەت لە رێکەتی دووی ئەیلوولی ١٩٨٩ لە سەر پاپۆری رووسیی " ماکسیم گورکی"، پێک هات. لەو دانیشتنەدا لە لایان جۆرج بۆشەوە چەندین گەلاڵە لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرە نێودەوڵەتیەکانەوە خرایە روو. هێندێک لە و پێشنیارانە بریتی بوون لە :

١ــ دیاریکردنی رێکەوتی کۆبوونەوەی دواتر لە دوو حەوتووی کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٠ لە ئەمەریکا.

٢ــ چاوپێکەوتنی وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵات لە مانگی کانوونی دووهەمدا لە مۆسکۆ.

٣ــ وتوویژ سەبارەت بەرێککەوتننامەی کەمکردنەوەی چەک و چۆڵە ستراتیژیەکان.

٤ــ وتوویژی بازرگانیی نێوان دوو وڵات.

٥ــ هاوکاریی ئابووریی زیاتری نێوان دوو وڵات.

٦ــ هەوڵدان بۆ دەستوێراگەیشتن بە نرخی بازاڕ بۆ شتومەکەکانی سۆڤیەت.

٧ــ نەهێشتنی یاسای قەدەغە بوونی هەناردەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ سۆڤیەت

٨ــ وتوویژ بۆ سەرمایەگوزاریە هاوبەشەکان.

٩ــ چارەسەری کێشەی مافەکانی مرۆڤ لە سۆڤیەت.

١٠ــ خێرایی بەخشین بە وتوویژی دوولایەنە لە سەر چەک وچۆڵە ستراتیژیەکان.

www.perawipepwle.com

١١ــ ڕێککەتننامەی هاوبەش لە بواری بەڕێوەبردنی تاقیکاری ئاشتیخوازانەی ناوەکی .

١٢ــ بلاوکردنەوەی خشتەی پلانە سەربازییەکان و ئاستی بەرهەمهێنانی چەک و چۆلەکان .

١٣ــ پێکهینانی کۆمیتەی هاوبەشی ئەمەریکا و سۆڤیەت بۆ باشتر بەڕێوبردنی پێشبرکێکانی ئۆلەمپیکی بەرلین لە ساڵی ٢٠٠٤.

١٤ــ پێکهێنانی کۆبوونەوەی زانستی لە واشنگتون لەبارەی سیستەمە ورپاکەرەوە جیهانیەکان.

١٥ــ گۆڕینەوەی هەزار خوێندکار بۆ خوێندنی ساڵی ١٩٩١ لە نێوان هەر دوو وڵات دا.

١٦ــ کۆتایی هێنان بە بەرهەمهێنانی چەکە کیمایەکان لە لایەن هەر دوو وڵات.

کۆبوونەوەی مۆسکۆ (١٩٩١) Moscow Summit

ئەم کۆبوونەوە لە ڕێکەوتی ٣٠ی تەمموزی ١٩٩١ لە نێوان سەرۆک کۆماری ئەمەریکا و سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەتدا بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەدا ئەمەریکا سەرەڕای بەخشینی " مافی دەوڵەتی کاملە ئەلویداد" بە سۆڤیەت، ٥ ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا مۆر کرد کە بریتین لە :

١ــ پرۆتۆکۆلی هاوکارییە تەکنیکەکان بەمەبەستی قووڵتر کردنی پێوەندییەکانی نێوانیان.

٢ــ ڕێککەوتنامەی هاوکاری دەواو دەرمان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەم و کورتیەکانی دەواو دەرمان لە سۆڤیەت دا.

٣ــ ڕێککەوتنامەی دوو لایەنە سەبارەت ئاسایشی فرۆکەکانی وڵات، بەمەبەستی بەربەرەکانیکردن لەگەڵ تیرۆریزم.

٤ــ گرێدانی ڕێککەوتننامە سەبارەت بە پەرەپێدانی پلانی شوێنی نیشتەجێ بوون.

٥ــ گرێدانی ڕێککەوتنامە سەبارەت پێکهێنانی هاوئاهەنگی سەبارەت بە هاوکارییە سەرەتاییەکان لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتیەکاندا.

کۆبوونەوەی مۆسکۆ بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی بەناوبانگی ستارت، دوای دوو ڕۆژ کۆتایی هات. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ٧٠٠ لاپەڕەییە، بۆ یەکەمین جار ژمارەی چەک و چۆڵەکانی دوو زلهێز بۆ ڕادەی ٦٠٠٠ کلاّوەی شەڕ بە مەودای ٥٥٠٠ کیلۆمەتر کەم دەبۆوە. وتوویژەکانی سەبارەت بە کەمکردنەوەی چەک چۆڵە ستراتیژییەکان زیاتر لە ٩ ساڵ لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا درێژەی هەبوو.

ستارت، سیهەمین و لەڕاستیدا گرنگترین ڕێککەوتنی چەک و چۆڵی نێوان ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە لە ماوەی چوار ساڵدا مۆر کرا. ئەم ڕێککەوتنە کەمکردنەوەی هێزە ئاساییەکان لە ئەورووپا و نەهێشتنی موشەکە ناوەکیە نێوان بڕەکانی لە خۆدەگرت. بە بڕوای چاوەدێرانی سیاسی، ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە پەنجا ساڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو لایەنە هێناو، هاوکات لەگەڵ بوار ڕەخساندن بۆ هاوکاریی زیاتری ئابووری، بواری بۆ نەمانی کۆمۆنیزمیش لە جیهاندا، ڕەخساند. کۆبوونەوەی مۆسکۆ شەشەمین چاوپێکەوتنی نێوان جۆرج بوش و میخائیل گۆرباچۆف بوو.

کۆنەپەرستی — Reaction

بە دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی ئەو چین و بیروبۆچوونە کۆنانەی کە لە گیانەڵلایی و حاڵی فەوتاندان، لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەگوترێ.

کۆنەپەرستی بە واتای بەرگریکردن لە سیستەمێکی کۆن و دواکەوتووە کە بە هۆی کۆن بوون، لەحاڵی فەوتان دایە. واتە دژایەتیکردن لەگەڵ پێشکەوتن و بەرەوپێشوە چوونە. ئەم زاراوەیە زیاتر لە لایەن گرووپە چەپەکان لە بەرامبەر گرووپە ڕاستەکان و گرووپە ئایینیەکاندا کەلکی لێ وەردەگیرێ.

کۆنەپەرست — Reactionary

ئەم زاراوەیە بەکەسێک دەگوترێ کەنەک تەنیا لە بەرامبەر هەر جۆرە گۆڕان و ئاڵ وگۆڕێکدا بەربەرەکانی دەکا، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەدایە کە چرکە ژمێرەکانی کاتیش بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە و، پێوەرەکانی ڕابردوو بکات بە پێوانەی جموجۆڵ و کردەی خۆی لە کاتی ئێستادا.

زاراوەی کۆنەپەرست زۆرجار بە واتای دژە پێشکەوتن و دژایەتیکردن لەگەڵ بەرەوپێشڤەچوونیش کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

ریبازەکانی نازیسم و فاشیزمیش کەڵکیان لەو زاراوەیە وەردەگرت. مەبەستی ئەوان لە کۆنەپەرستی ئەوبەرگرییە بوو کە لە لایەن دامەزراوە نەریتیەکان لە بەرامبەر بنئاژۆوە دەستە راستیەکان لە ئارادا بوو. بیروبۆچوونە چەپیەکانیش لەو زاراوە کەڵک وەردەگرن.

کەڵەپیاو *Ubermensch (Super_ man)*

بەپێی بیروباوەڕی نیچە فەیلەسوفی ئەڵمانی، مێژووی مرۆڤ بریتیە لە مێژووی خەبات لە نێوان رەگەزە بالاّ و رەگەزە نزمەکان، لە نێوان بە هێزەکان وبێ هێزەکانە و؛ جیهان و کۆمەڵگاش، گۆڕەپانی کردەی کەڵەپیاوان و دەگمەنەکانە، کە بەوپەڕی هێزەوە بەرەو لوتکە، شەڕ و سەرکەوتن دەڕۆن و، تەنیا ئەوانن کە خولقێنەری مێژوون و، بۆ گەیشتن بەو لوتکەش نە دەتوانن و نەخۆشیان بە هیچ یاسایەکی ئاکاری دەبەستنەوە. چوونکە گەیشتن بە گەورەیی لەگەڵ رێ و شوێنە رەوشتیەکاندا یەک ناگرێتەوە. مرۆڤ بەپێی خووخدە، ملکەچی ئەو کەسانەیە کە خوازیاری گەیشتن بە دەسەلاّتن؛ کەوایە دەبێ خووخدەی کەڵەپیاوان، جێگای رەوشتی مێگەلیی کۆیلەکان بگرێتەوە

کۆلۆنیالیزم *colonialism*

کۆلۆنیالیزم وشەیەکە بە مانای ئاوەدان کردنەوە و، لە سیاسەتدا بریتیە لە رژێمێکی سیاسی و ئابووری، کە بە پێچەوانەی ویستی خەڵکی ناوچەیەک بەسەریاندا سەپاوە و جێگیر بووە و، ئامانجەکەشی دابینکردنی بەرژەوەندی بیانیەکان یان بەکرێگیراوانی نێوخۆییە.

"کۆلۆنیالیزمی کلاسیک" دوای شەڕی دووهەمی جیهانی شوێنی خۆی بە "کۆلۆنیالیزم نوێ" داوە کە شێوازی نوێی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەلاّیەتی لە خۆ دەگرێ.

هاتنە سەرکاری بەکرێگیراوانی خۆماڵی کە لە رۆاڵەتدا داکۆکی لە دابینکردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان دەکەن؛ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنە نەتەوەییەکان و بەلاڕێدا بردنی حکوومەتە یاساییەکان؛ برەودان بە ئاڵۆزییە نێوخۆییەکان و، هاوکاریی تەکنیکیی سنووردار بۆ بە ئاراستەدابردنی ئابووریی وڵات بەرەو بوارە دڵخوازەکان و فرۆشتنی چەک و چوڵی سەربازی

بەنرخێکی زۆر گران لە نموونەکانی شێوازی کۆلۆنیالیزمی نوێیە کە لە لایەن داگیرکەرانەوە پیادە دەکرێ.

کردەوە تۆڵەئەستێنانەوەکان لەشەڕدا **Reprrisalsin War**

بە کردەوەیەکی تۆڵەئەستێنانەوە دەگوترێ کە لە بنەڕەتدا، کردەوەیەکی نایاساییە، بەڵام بەپێی ئەو کردەوانەی کە دوژمن دەیانکاو، ئەو کردەوانە مافەکانی شەڕ پێشێل دەکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنی رێ وشوێنە پەسندکراوەکانی شەڕی شارستانیانە و بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە رەچاوکردنی بنەماکانی شەڕ، لە داهاتوودا لە دژی کەسەکان و داراییەکانی دوژمن لە لایان لایەنەکەی دیکەی شەڕەوە،کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

دەبێ لە نێوان کردەوەی تۆڵە ئەستێنانەوە لە شەڕدا (یان کردەوەی تۆڵە ئەستێنانەوەی دوژمنکارانە) و کردەوەی تۆڵەئەستێنانەوە لە ئاشتیدا جیاوازی دابنرێ. بەر لەوەیکە کەڵک لە کردەوەی تۆڵەئەستێنانەوەی دوژمنکارانە وەربگیرێ، دەبێ رێگاچارەیەکی تر بۆ دابینبوونی یاسا و رێساکانی مافەکانی شەڕ پیادە بکرێ. هێندێک لە کردەوە تۆڵەئەستێنانەوەکان وەک سزادانی بەکۆ [سووتاندنی تەڕو وپشک بەیەکەوە. و]، بارمتەگرتن و رەق هەڵڕشتن بەسەر دیلەکانی شەڕ و خەڵکی ئاساییدا، قەدەغەیە. کۆنڤانسیۆنی ژمارە سێی ژنێف (١٩٤٩) هیچ بەڵگەیەک بۆ ماددەی قەدەغەبوونی پیادەکردنی کردەوەی تۆڵەئەستێنانە بە دژی دیلەکانی شەڕ قبووڵ ناکاو، ئەمەش بەو مانایە کە هیچ بەڵگەیەک بۆ پێشێلکردنی ماددەی ژمارەسێی ژنێف، تەنانەت بە ناوی کردەی بەرامبەرانە یان وەک دژکرەوەش، قبووڵ ناکرێ و، ئەم ماددەیە مانایەکی رەهای هەیە. کردەوەی تۆڵەئەستێنانە نابێ نالۆژیکی بێ یان لە کردەوەی پێشێلکاریی لایەنی بەرامبەر زیاتر بێ. زیاتر بەرپرسی فەرماندەیی گشتی هێزە سەربازییەکان دەتوانێ بریاری کردەوەی تۆڵەئەستێنانە بدا.

کردەوەی راستەوخۆ **Direct Action**

دروشمێکە کە لە لایەن لایەنگرانی سەندیکالیزمی شۆڕشگێر، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنەکان، سابۆتاژی پیشەسازی، داگیرکردنی کارگەکان لە لایەن کرێکاران و تەنانەت راپەڕینە سیاسییەکان بەجێگای هەوڵی پەرلەمانی کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئەم

زاراوەیە لە ساڵی ١٩٤٧دا لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنساوە زیندوو کرایەوە تاکوو پەرە بە مانگرتنەکان و ئاڵۆزی و بشێوی شارستانی (مەدنی) بدات.

Minorities کەمینەکان

بە تاقمێک لە خەڵک دەگوترێ کە خاوەنی کولتوور، ڕەگەز، داب و نەریت و ئایینێکی جیا لە کولتوور و ئایینی خەڵکی ئەو وڵاتە بن کە تێیدا دەژین.

Concession کۆنسیسیۆن (ئیمتیاز)

لە یاسای ئیداریدا بە بەخشینی مافی سوود وەرگرتن لە هەرشتێک بە کەس یان کەسانێک یان بە چەندین بەرپرس، کۆنسیسیۆن یان ئیمتیازی پێ دەگوترێ. دەسەڵاتە گشتییەکان ئەم مافە سەبارەت بارەت بە ملک و سامانی نەگوازراوەی خۆیان یان لە ئەو ملک و سامانەی کە لەبەردەستیان دایە، بە کەسێکی تر دەدەن. وەک ئیمتیازی بەخشینی زەوی بەو کەسانەی کە دەیانهەوێ ئاوەدانی بکەنەوە یان بەخشینی بە جوتیاران، یان خزمەتگووزارییە گشتییەکان یان کەڵک وەرگرتن لە کانزاکان و . . . .

ئەو ئیمتیازانەی کە سەبارەت بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان و کانزاکانن هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری ئابووریشەوە لە هەموو ئیمتیازەکانی دیکە گرنگترن.

ئیمتیازی کانزاکان: لە ساڵی ١٨١٠دا لە فەڕەنسا سەرچاوە ژێرزەوییەکان بەپێی یاسا بوون بە سامانێکی سەربەخۆ و لە سامانەکانی سەر زەوی جیاکرانەوە. کاتێک سەرچاوەیەکی ژێرزەوی دەدۆزرێتەوە، دەوڵەت چوارچێوەکەی دیاری دەکا و دەیدا بەو کەس و لایەنانەی کە لە بواری هەڵێنجانی سەرچاوە ژێرزەوویەکاندا خەریکی چالاکین، کە بەمەش دەگوترێ ئیمتیازدان.

ئیمتیازی خزمەتگوزارییە گشتیەکان: ئیمتیازێک کە لە لایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکان یان لە لایەن هەرێمیەکانەوە بە تاکەکەسەکان دەدرێ و، ئەم سەلاحییەتەیان پێ دەبەخشێ کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو باجی ڕێگاوبان وەربگرن. وەک باجی پرد یان شارێکان. سەبارەت بە ڕێگای ئاسن و دابەشکردنی گاز و کارەبا، دەوڵەتی ناوەندی یان دەوڵەتی هەرێم بە جێگای ئەوی کە سەلاحییەت بە کەسێک بدەن تاکوو باج کۆبکاتەوە، مافی سوودێکی کەمیان ــ بە پێی نرخی دیاریکراوــ لەبەر چاو گرتووە.

www.perawipepwle.com

بە دەسپێکردنی سەدەی بیستەم بە جێگای پێدانی ئیمتیاز یان ئیزنی کەڵک وەرگرتنی تایبەت و دیاریکردنی باج بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی، خۆیان کانزاکان و دامەزراوەکان بەڕێوە دەبەن. ئەم حاڵەتە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێگای ئاسن و کارەبا و گازدا بایەخێکی تایبەتی پێدراوە و، ئیتر لەگەڵ سەرمایەی تایبەتیدا، ڕێککەوتننامە مۆر ناکەن. لەگەڵ خۆماڵیکردندا ئیمتیازە گرنگەکانیش رادەوەستن.

کۆبوونەوەی حیزبی
Caucus

ئەم زاراوەیە لە بنەڕەت دا لە ئەمەریکا بە کۆبوونەوە تایبەتیەکانی ئەندامانی حیزبەسیاسییەکان دەگوترێ. لەو کۆبوونەوانەدا سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزب یان دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنەکان، چەندین بریار دەدرێن.

کۆبوونەوەی نهێنی — Conclave

ئەم زاراوەیە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کاردیناڵەکانی کلیسای کاتۆلیکی ڕۆم دەگوترێ کە بۆ هەڵبژاردنی پاپی نوێ پێک دێ. دوای مردنی پاپ، دەبێ ئەنجوومەنی ناوبراو لە ماوەی سێ حەوتوودا کۆببێتەوە. هەموو کاردیناڵەکان بانگهێشت دەکرێن، بەڵام بەشداریی نیوەی ئەوان بۆ ڕەوایی دان بە کۆبوونەوەکە تەواوە. زیاتر لە سێ سەد کەس کاردیناڵ لەو کۆبوونەوە نهێنییەدا بەشدارن. نیوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە بە هیچ شێوەیەک بڵاو ناکرێتەوەو، هەتا ئەو کاتە پاپی نوێی هەڵنەبژێردرێ هیچ کام لە کاردنیاڵەکان ناتوانێ لەگەڵ دەرەوەی ڤاتیکاندا پێوەندی پێک بێنێ. دوو لە سێی دەنگەکان بۆ هەڵبژاردنی پاپی نوێ بەسە. ئەگەر کاتێک دەنگەکان بە ئاستی پێویستی خۆی نەگا، ئەوکاتە بەرگەی دەنگەکان بە پووشێکی تایبەت دەسوتێنرێن تاکوو دووکەڵێکی ڕەشی لێ بەرزببێتەوە. چوونەدەری دووکەڵی ڕەش لە دەلاقەی تایبەت مانای ئەوەیە کە کاردیناڵەکان تاکوو ئیستا بۆ هەڵبژاردنی پاپی نوێ بە ئاکامێک نەگەیشتوون. هەلبژاردن تا ئەو کاتە دەخایەنێ کە دوو لە سێی دەنگەکان بە یەکێک لە پاڵێوارەکان دەدرێ. ئەمجارە دەنگەکان بەبێ پووشە تایبەتیەکە لە شتێکی تایبەتی دەنرێن و دەسووتێنرێن. ئەمجارە دووکەڵێکی سپی لێ بەرزدەبێتەوە کە ئەم

دووکەڵە سپییە مانای ئەوەیە کە پاپی نوێ هەڵبژێردراوە. دوای بەڕێوەچونی ئەم ڕێورەسمە، بەتەمەنترین قەشە بەوتنی ئیمە پاپ مان هەیە"، هەلبژاردنی ناوبراو بە دنیا رادەگەیەنێ.

کۆیلەداری Slavery

زاراوەیەکە کە لە کۆمەڵناسیی زانستی دا بە یەکەمین فۆرماسیۆنی کۆمەلاّیەتی ـ ئابووری دەگوترێ کە لە سەربنەمای چەوسانەوەی تاک و بەدەستی تاک راوەستاوە. کۆیلەداری لە قۆناغی دوای کۆمۆنی سەرەتایی و لە سەربنەمای نایەکسانی ئابووری کە خۆی بەرهەمی سەرهەڵدانی خاوەنداریتی تایبەتی بوو، سەری هەڵدا. کۆیلایەتی سەرەتا لە میسری کۆن، بابل، ئاشوور، چین وهیند سەری هەڵدا، بەلاّم لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا بە شێوەی کلاسیکی خۆی گەشەی کرد. پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەو قۆناغەدا بریتی بوون لە خاوەنداریتی خاوەن کۆیلە بەسەر کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و هەروەها بەسەر کۆیلەدا کە وەک ئامرازێک دەکران و دەفرۆشران. هەروەها کۆیلەدار، خاوەنی گیانی کۆیلە. کۆیلەداران بەسەر خاوەن زەوییە گەورەکان، خاوەنداران و ئەو کەسانەی کە سات و سەودایان بە کۆیلەکان دەکرد، دابەش دەبوون.

کۆتایی مێژوو؟ The End Of History?

تیۆرێکە کە لە لایەن فرانسیس فۆکۆیاما، جێگری بەشی پلان دانانی سیاسی لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٩ لە بلاّوکراوەی " بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان"دا هاتە ئاراوە.

ناوبراو تیۆرەکەی خۆی سەرەتا وەک وتارێک و پاشان بە بلاّوکردنەوەی کتێبێک لە ژێر ناوی، "کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ " (The End Of History And The Lestman) خستە روو. بە بروای ناوبراو، "لیبراڵ دیموکراسی" دوایین جۆری حکومەت لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دایە. مێژووی مرۆڤایەتیش کۆییەکی پتەو ئاراستەدارە کە بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگای مرۆیی بەرەو لیبراڵ دیموکراسی هان دەدا. فۆکۆیاما لە لێکدانەوەی زیاتری تیورەکەی خۆیدا دەڵێ:

"کۆتایی مێژوو ئەو کاتەیە کە مرۆڤ بە جۆرێک لە کۆمەڵگای مرۆیی بگات کە ئەو کۆمەڵگایە قووڵترین و سەرەکیترین پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان دابین بکا. مرۆڤی ئەمرۆکە بە

گەیشتۆتە ئاستێک کە ناتوانێ دنیایەکی جیاواز لەم دونیایەی ئێستا وێنا بکا، چوونکە هیچ نیشانەیەک لە دەرەتانی باشتربوونی بنەڕەتی تەکووزی ئێستا لە ئارادانیە".

هەروەها فۆکۆیاما پێیوایە :

" لەچەند ساڵی رابردوودا هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی لیبڕاڵ دیمۆکراسی بەسەر نەیارە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی وەک پاشایەتیی پشتاوپەشت، فاشیزم و لە هەمووشیان نوێتر، بەسەر کۆمۆنیزمدا، لە سەرانسەری جیهان دا، هاوڕاییەکی گرنگ سەبارەت بە ڕەوایی لیبڕاڵ دیمۆکراسی، وەک حکومەتێکی سەرکەوتوو هاتۆتە ئاراوە. بەڵام جیاواز لەو هاوڕاییەش ڕەنگە لیبراڵ دیموکراسی " خاڵی کۆتایی گەشەی ئایدۆلۆژیای مرۆڤایەتی " و"دوایین جۆری حکومەتی مرۆڤایەتی بێ بەو بایەخەی کەهەیەتی، "کۆتایی مێژوو" پێک بێنێ. لە راستیدا، هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم هۆکاری سەرکەوتن و زاڵبوونی بە هاکانی لیبڕاڵیزمی ڕۆژئاواو کۆتایی پێکدادانە ئایدۆلۆژییەکانە. من باوەڕم بە کۆتایی هاتنی مێژوو هەیە. مێژوو وەک پرۆسەیەکی پتەو و بگۆڕ کە بە تێرامان لە ئەزموونی تێکرای خەڵک لە هەموو سەردەمەکان لێی تێدەگەین. وەها تێگەیشتنێک لە مێژوو، بەر لە هەموو کەس بە ناوی "هیگڵ"ی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەناسرێتەوە. کارڵ مارکسیش بە قەرزکردنی ئەم چەمکە لە مێژوو، کردی بە بەشێک لە چوارچێوەی هزروبیری ڕۆژانەی ئێمە".

فۆکۆیاما، دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، بە نووسینی وتارێک بۆ جارێکی تر پێی لە سەرتیۆری "کۆتایی مێژوو" داگرتەوە.

کراس ڕەشەکان — ***Black Shirts***

زاراوەیەکی گشتی و باوە کە لە مێژووی هاوچەرخی ئیتاڵیادا بە "تاقمی هەڵمەت" واتا "تاقمە تێکۆشەرە نیشتمانیەکان" ناوبانگی دەرکردووە.

ئەم ڕێکخستنە لە ساڵی ١٩١٩ دا بە مەبەستی بەربەرەکانیەکی توندوتیژ لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دامەزرا. کراس ڕەشەکان ئەرکی پاراستنی شارەکانیشیان لە ئەستۆدا بوو. ئەو گرووپە لە ساڵی ١٩٢١دا وەک ڕەمزی میلیشیا نیشتمانی لەگەڵ حیزبی فاشیستی ئیتاڵیا تێکەڵ کرا. نازناوی "کراس ڕەشەکان" بە ئەندامانی گرووپی "ئێس. ئێس"ی ئەڵمانیای نازیش دەگوترا.

کۆنفیدراسیۆنی گشتیی کار (سی.ژ.ت) CGT

بە بزووتنەوەی یەکیەتیی کرێکاریی فەڕەنسا دەگوترێ کە لە ساڵی ١٨٩٥ لە لیمووژ دامەزراو، لە ساڵی ١٩٠٢ لە موون پیلیە لەگەڵ یەکیەتیەکان دیکەدا یەکی گرت.

ئەم کۆنفیدراسیۆنە لە بوارەکانی مووچە، ماف و هەل ومەرجی کار و کێشە سیاسیەکاندا کاری دەکرد.

ئەو بزووتنەوە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ژێر دروشمی بەرەی گەلدا، یەکیەتیەکی نوێی دامەزراند، چوونکە لە ساڵی ١٩٢١دا باڵی شۆڕشگێری ژێر سەرکردایەتیی کۆمۆنیستەکان ڕێکخراوێکی دیکەی دامەزراندبوو. هەربۆیە یەکیەتیی ناوبراو سەرلە نوێ لە ساڵی ١٩٤٠ هەڵوەشایەوەو، دیسان لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراو، لە ژێر نفووزو دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان دابوو. توخمە غەیرە کۆمۆنیستەکانی ئەم یەکیەتیە لە ساڵی ١٩٤٧ وازیان هێنا، تا ئەوەی کە "کۆنفیدراسیۆنی گشتیی کار_ هێزی کرێکاری" دامەزرێنن.

کۆمەڵگای گەورە Great Society

زاراوەیەک بوو کە لیندۆن جانسۆن (١٩٠٨-٧٣) سی وشەشەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا (١٩٦٣-٦٨) بۆ پێناسەی کۆمەڵگای ئەمەریکی کەڵکی لێ وەردەگرت. بە بڕوای ناوبراو، بە بەرێوەچوونی یاسا مەدەنیەکان لەو ئەمەریکادا، ئەمەریکا دەبێ بە کۆمەڵگای یۆتۆپیایی خەڵکی سەربەست و ئازادیخوازی جیهان، نەک یەکیەتیی سۆڤیەت.

کۆمەڵگای بێ چین Classless Society

لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی ئەڵمانیادا زاراوەی "کۆمەڵگای بێ چین" لە بەرامبەر "شەڕی چینایەتی"دا، یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ئایدۆلۆژیای نازیەکانی پێک دەهێناو، بە بڕوای ئەوان، ئێس ئێس نوێنگەی کۆمەڵگای بێ چین بوو.

کۆمەڵەی عەرەبی / یەکیەتیی عەرەبی
League Of Arab States

ئەم کۆمەڵەیە دوای هەوڵێکی زۆر و بەردەوامی وڵاتانی عەرەبی بۆ دامەزراندنی یەکیەتیەک، پێک هات. بەمەبەستی پێکهێنانی ئەو یەکیەتیە، پرۆتۆکۆلێک (کە لەودا ئاماژە بە دامەزرانی کۆمەڵەیەک لە وڵاتانی عەرەب کرا بوو) لە لایەن میسر، عێراق، لوبنان، سووریاو ئۆردون مۆر کرا. کۆمیتەی یەکیەتیی پان عەرەب لە کۆنفرانسی ئەسکەندریە لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٥دا کۆبوونەوەیەکی بەمەبەستی پەسندکردن و مۆرکردنی پێرەوپرۆگرامێک بۆ کۆمەڵەی عەرەبی پێکهێنا. ڕێککەوتننامەی وڵاتانی عەرەبی لە ڕێکەوتی ٢٢ی مارتی ١٩٤٥ لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەتەکانی میسر، عێراق، لوبنان، عەرەبستان، سووریا، ئۆردون، نوێنەرێک لەفەلەستین و یەمەن مۆر کرا. لیبیا لە ساڵی ١٩٥٣، سوودان لە ١٩٦١ وئەلجەزایر لە ١٩٦٢ چوونە ریزی ئەم ڕێککەوتننامەوە. کۆمەڵەی عەرەبی خاوەنی ٩ کۆمیتەی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کومەلایەتی، سەربازی، یاسایی وهتد... دەبێ. دەوڵەتی لیبیا لە مانگی ئاياری ٢٠٠٣، وازی لە ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی عەرەبی هێنا. ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی عەرەبی ٢١ وڵاتە.

کۆمەڵگای فرەگەز — Transnational Society

ئەم زاراوە لە لایەن "ریمۆن ئارۆن"، کەسایەتیی سیاسی فەرەنسا بۆ پێناسەی فرەیی پێوەندییە دەروونیەکان، جموجۆڵەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە دەرەوەی سنوورە نەتەوەییەکاندا خەریکی چالاکین، کەڵکی لی وەرگیراوە.

کۆمەڵگای مەدەنی — Civil Society

زاراوەیەکی باوی سەدەی هەژدەهەمە کە لە پاش تیۆری "پەیمانی کۆمەلایەتی" هاتە نێو هزری سیاسیەوە. کۆمەڵگای مەدەنی باس لە ڕەوش و هەلومەرجێک دەکا کە مرۆڤ لە ئازادییە سروشتیەکانی خۆی خۆش دەبێ و مل بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و یاسا دادەنوێنێ.

کۆمەڵگای مەدەنی (Societes Civilis) وەرگێراوی لاتینیی(koinonia Politike) ئەرەستۆیە بە بڕوای ناوبراو، مرۆڤ بەپێی سرۆشتی خۆی، "کۆمەلایەتی" [دەوڵەت _

www.perawipepwle.com

شار"ی"] یەو، کەسێک کە لە"دەوڵەت_شاردا ناژی، بوونەوەرێکە یان لە مرۆڤ نزمترە یان بەرزترەو، هەر لەو پیاوە دەچێ کە هۆمەر لە سەرکۆنەیدا وتووتەیی" بێکەس، لێقەوماو وبێ سەرەوبەرە".

هیگڵ، فەیلەسۆفی ئەڵمانی کۆمەڵگای بەسەر دەوو بەشی مەدەنی و سیاسیدا دابەش دەکرد. بەپێی بیروبۆچوونی هیگڵ، کۆمەڵگای مەدەنی سێ بەشی [قۆناغ، خولەک وکات]ی هەیە:

١_ سیستەمی پێویستیەکان: "هێنانە گۆڕی پێویستیەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەوان"؛

٢_ پیادەکردنی دادپەروەری (داد): دەستەبەربوونی ئازادی بۆ دەستەبەر بوونی ئەوکارە پێویستە [دابینکردنی پێداویستییەکان]، واتە پارێزگاریکردن لە ماڵ (خاوەنداریێتی) لە رێگەی "پیادە کردنی دادپەروەری".

٣_ کۆنترۆڵکردن (پۆلیس): لە بەرامبەر رووداوە چاوەڕان و پێشبینی نەکراوەکان [رووداوی نەخوازراوو ناخۆش]، چاوەدێریکردن بەسەر ویستە چکۆلەکان وەک ویستی گشتی لە رێگای پۆلیسەوە.

بە بڕوای هیگڵ، کۆمەڵگای مەدەنی لە گەشەسەندنی خۆیدا، قەرزداری دەوڵەتە.

لە کۆمەڵگای ئەمرۆییدا دوو روانگە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. لە روانگەی یەکەمدا، کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵگایەکە کە یاسا سەروەرە. هەروەها کۆمەڵگایەکی راوەستاو لە سەر پەیمانە کۆمەڵایەتەکان، شەفاف، پارێزەری مافە تاکەکەسیەکان،پشت بەستوو بە سەروەریی نەتەوەیی ، دابەشکردنی دەسەلات بە سەر حیزبەکان و ئەنجوومەکاندا.

لە روانگەی دووهەمدا، کۆمەڵگای مەدەنی بریتیە لە بۆشایی نێوان دەوڵەت و خێزان. لەم روانگەدا هەر کۆمەڵگایەک لە سێ چینی گشتی دا وێنا دەکرێ. لە چینی سەرەوەدا دەوڵەت و دەسەلات راوەستاون. چینی خوارەوە لە هاوولاتیان ، خێزان، خەڵکی نارێکخراو بە شێوەی جەماوەر یان بە شێوەیەکی نەریتی (لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دا جیاوازە) و... هتد پێکدێ. چینی سەرەوە بە "بەستێنی دەوڵەتی" و چینی خوارەوە بە " بەستێنی تایبەتی" ناودەبەن. بەڵام لە هێندێک لە کۆمەڵگاکاندا چینێکی ناوەندیش هەیە کە نە دەوڵەتیەو، نەتایبەتی؛ کە بە بەستێنی گشتی ناودەبەن. بەو چینە ناوەندی و بەستێنە گشتییە دەگوترێ" کۆمەڵگای مەدەنی "؛ وەک ئەنجوومەنەکان، یەکیەتیە حیزبی، سینفی، فیکری، هونەری و.... هتدەکان. بە واتایەکی تر،

کۆمەڵگای مەدەنی هەموو ئەو دامەزراوانە لە خۆدەگرێ کە بەبێ سەرنجدان بە دەوڵەت و ئەو گۆرانکاریيانەی کە بەسەر دەوڵەت دادێن، هەروا دەمێنیتەوە.

گۆرینی وڵات — *State Succession*

بە گواستنەوەی دەسەڵاتدارەتیی لە بابەتێکی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ بابەتێکی تری یاسا نێودەوڵەتیەکان دەگوترێ.

گۆرینی وڵات؛ سرینەوەی بە تەواوەتیی وڵاتێک یان گواستنەوەی بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە بۆ وڵاتێکی تر لە خۆ دەگرێ. ئاکامی سرینەوەی بەتەواوەتیی وڵاتێک، گۆرینی گشتیە کە بەهۆی ئەو خاڵانە جێبەجێ دەبێ:

١ــ داگیرکردن و ملکەچ کردن (لە یاسا نێونەتەوەییە کۆنەکاندا شتێکی یاسایی بوو بەڵام بەپێی یاسا نێونەتەوەییە هاوچەرخەکان کارێکی نایاسایی یە).

٢ــ دابەشکردنی وڵاتێک بەسەر دوو یان چەند وڵاتێکدا (بۆوێنە دابەشکردنی مالیزیا لە ساڵی ١٩٦٥دا بەسەر سەنگاپوور و مالیزیادا، یان دابەشکردنی پاکستان بەسەر پاکستان و بەنگلادیش لە ساڵی ١٩٧دا، یان دابەشکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت بەسەر فیدراسیۆنی رووسیا و ١٤ وڵاتی تردا لە ساڵی ١٩٩١).

٣ــ تێکەڵکردنی دوو یان چەند وڵاتێک لە وڵاتێکی یەکگرتوودا، وەک یەکیەتیی تانگانیکاو زەنگبار لە ساڵی ١٩٦١داو، دامەزراندنی تانزانیا.

٤ــ راکێشانی وڵاتێک لە لایەن وڵاتێکی تر (وەک راکێشانی تەکزاس لە لایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ١٨٤٥).

دیاریکردنی ئەو بابەتە کە ئایا ئەو کیانە نوێیە، وڵاتێکی نوێیە یان بەرفراوانکردن و پەرەپێدانی وڵاتی پێشووترە، لە کردەوەدا کارێکی دژوارە، گۆرینی بەرتەسک لە دەرئەنجامی ئەسپاردنی (یان شێوازەکانی تری گواستنەوەی دەسەڵاتدارەتیی) بەشێک لە خاکی وڵات جێبەجێ دەکرێ. بەڵام لەهەر حاڵدا گواستنەوە لە رێگای پەنابردن بۆ هێز بەکارێکی نایاسایی دادەنرێ. گۆرینی وڵات گرفتی یاسایی ئاڵۆز لە پێوەندی لەگەڵ مافەکان و ئەو بەرپرسیارەتیانەی کە لە وڵاتی

گۆراودا داگوازرێنەوە، پێکدێنێ. هەتا ئەم ساڵانەی دوایی، گۆڕینی وڵات بە تەوەاوەتی بەپێی یاسا نێونەتەوەییە عورفیەکان جێبەجێ دەبوو، بەڵام کۆنفانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە گۆڕینی وڵات لە سامانەکان، بەڵگەنامە و قەرزەکان(١٩٨٣)، چوارچێوەیەکی بەرفراوانی لە ڕێوشوێنەکانی گۆڕینی وڵات ڕێک خستووە. گۆڕینی وڵات گرفتی وەک گواستنەوەی ڕێککەوتننامەکان، ئەندامەتی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، مافەکانی پێوەندیدار بە سامانە گشتی و تایبەتیەکان، داواکاری نێونەتەوەیی و ئەرکە دیاریکراوەکانی بەدواوەیە. دەبێ گۆڕینی وڵاتەکان لە دەوڵەتەکان جیا بکرێتەوە، چوونکە لە گۆڕینی دەوڵەتەکاندا تەنیا نوێنەری سیاسیی وڵات دەگۆڕێ.

کۆمار — *Republica*

کۆمار ناوی کتێبی بەناوبانگی ئەفلاتۆن، فەیلەسوفی یۆنانیە. یەکەمین خاڵ کە دەکرێ خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا تووشی بێ، ناوی کتێبەکەیە. چوونکە خوێنەری ئەمڕۆیی ڕەنگە پێی وابێ کە نێوەرۆکی کتێبەکە پێوەندی بە جۆرێکی تایبەتی لە حکومەت واتە سیستەمی کۆماری (لەبەرامبەر پاشایەتی)هەیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە وانیەو، زاراوەی یۆنانیی ناوی کتێبەکە واتە ڕێپۆبلیکا وهاوواتا لاتینیەکەی واتە ریسپۆبلیکا بە مانای وڵات یان کۆمەڵگا یان ڕێکخراوی حکومەتە و، لە یۆناندا حکومەتەکان ئەگەر کۆماری یان پاشایەتی یان ئاریستۆکراتییش بن، هەر بەو ناوە گشتیە ناویان دەبەن. بەڵام بابەتەکانی"کۆمار" سەرەڕای ڕەخنەگرتن لەو حکومەتانەی کە لە ئارادان، تایبەتە بە بابەتە گشتیەکانی سیاسەت و پەروەردەو فەلسەفەیە و؛ کەمتر باس لەوردەکاریەکان دەکا و، باسەکانیش لە هەموو بارێکەوە بۆ بابەتە ڕەوشتیەکان دەگەڕێنەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی یۆناندا بە شێوەیەکی ڕێژەیی سادە بوو و، خەڵکەکەی هیچ جیاوازیکیان لە نێوان ڕەوشت و سیاسەت دانەدەنا. واتە ئەوان پێیانوانەبوو کە دەکرێ هەڵسوکەوتی تایبەتیی تاکەکەس لە بنەماکانی حکومەت جیا بکرێتەوە. بەڵکوو پێیانوابوو کە یاسای وڵات سەرچاوەی هەموو ڕێوشوێنەکانی ژیانی مرۆییەو، فەزیلەتی تاکەکەسی لەگەڵ فەزیلەتی سیاسیدا یەک شتە. ئەم بڕوایە بوو بە هۆی ئەوەی کە یۆنانیەکان بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا کەمتر خۆویست و خۆبەزل زان بن و، بە پێچەوانەی نەریتی ئەمڕۆکە، سیاسەت و ڕەوشت گرێدرا و لێک جیانەبۆوە بزانن. دوای ڕەوشت ،

بابەتە پەروەردەییەکان گرنگترین تەوەرەکانی کۆمار پێک دێنن، چوونکە بە بڕوای ئەفلاتۆن هەتا ئەو کاتەی فەیلەسۆفەکان بە دەسەلاّت نەگەن، ژانەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر نابێ. لەم رووەوە، گرنگترین ئەرکی سیاسەت، پەروەردەکردنی فەیلەسۆفەکانە بۆ دەسەلاّت کردن و، ئەگەر ئەم پەروەردەیە بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ بکرێ، دەکرێ بە بیرێکی ئاسوودە هەموو کاروبارەکانی ولاّتیان پێ بسپێردرێ.

کۆماری Republic

لە قامووسی سیاسیدا، کۆماری، حکومەتێکی دیمۆکراتیک یان نادیمۆکراتیکە کە دەسەلاّتدارەکەی بەدەنگی راستەخۆ یان ناراستەخۆی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلّک هەلّبژیر درابێ و، دەسەلاّتدار بەهۆی میرات بە دەسەلاّت نەگەیشتووە، و، بە پێی حالّەتەکان، ماوەی دەسەلاّتدارەتیەکە بەرتەسک و سنووردارە.

کۆماری لە زۆربەی حالّەتەکاندا بە رژێمی دیمۆکراتیکی پەرلەمانی دەگوترێ ــ هەرچەندەکە لە هێندێک لە ولاّتاندا سەرەڕای بوونی رژێمی کۆماری، دیمۆکراسیی پەرلەمانی رەچاو ناکرێ. رژێمی کۆماریی یۆنان و رۆمی کۆن، لەگەلّ مانای ئەورۆیی کۆماریدا جیاوازن. کۆماری لە یۆناندا رژێمی دلّخوازی بیرمەندە گەورەکان بوو و، زۆربەی دەسەلاّتداران لە نێو ئاریستۆکرات و چینی سەرەوە هەلّدەبژێردران.

ئەمرۆکە کۆماری بە حکومەتی ولاّتێکی خاوەن دیمۆکراسی یان دیکتاتۆریی غەیرە پاشایەتیش دەگوترێ. کۆماری بەتەنیایی نیشانەی دیمۆکراسی نیە، بەلّکوو سیستەمە بەرتەسکەرەوەکانی دەسەلاّتی دەسەلاّتدار، وەک پەرلەمان و حیزبەکانیش رۆلّی گرنگ لە سیستەمی ولاّتێکدا دەگێڕن.

لە پۆلێن بەندیی کۆمارییە نوێکاندا چەندین شێوازی گشتی دەبینرێن:

١ــ کۆمارییە دیمۆکراتیکەکانی لە جۆری رۆژئاوا: لە راستیدا ئەمجۆرە کۆمارییانە لە ناخی چوارچێوەی دیمۆکراسی و ئیرادەی گشتی هەلّقولاّون و؛ بەرهەمی شۆرشە ئازادیخوازانەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ئەورووپان. نەریتەکانی دیمۆکراسی لەم شێوازەدا دەبینرێ و،

فەرمانڕەوا لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیەوە هەڵدەبژێردرێ. لەمجۆرە حکومەتەدا، ڕۆڵی حیزبەکان و پەرلەمان بەرچاوە.

بۆوێنە دەکرێ ئاماژە بە کۆماری لە جۆری فەرەنسی بکرێ کە لەودا سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە، سەرۆکی دەوڵەتی ناوبراو دەبێ بەردەوام لە بیری بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتی پارلەمانیی خۆیدا بێ.

٢ـ کۆماریە دیمۆکراتیکە جەماوەرییەکان: ئەمجۆرە کۆماریە لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشە کۆمۆنیستیەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەلاٚت و ئاسیا و هێندێک لە ناوچەکانی تری جیهاندا گەشەی کردووە. لەم ولاٚتانەدا سەرچاوەی دەسەلاٚدارەتیی بە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەزانن.

٣ـ کۆماریەکانی لە جۆری ئەمەریکای لاتین: لەمجۆرە کۆماریانەدا ئیرادەی گشتی ڕۆڵێکی لە بەڕێوەبەریی ولاٚت دانیە و، دەسەلاٚت بە تەواوەتی لە دەستی دەسەلاٚتدار دایە. پرەنسیپی لێک جیا کردنەوەی هێزەکان ڕەچاو نەکراوەو، سەرۆک کۆمار کە زیاتر لە ڕێگای کودەتا یان ڕێککەوتنێکی سیاسی بە دەسەلاٚت دەگا، دەسەلاٚتێکی بێ سنووری هەیەو، لەم ولاٚتانەدا هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕواڵەتی بەڕێوە دەچێ. ئەم سەرۆک کۆمارانە بۆ پاراستنی حکومەت و دەسەلاٚتی خۆیان کەڵک لە شێوازی پۆلیسی وەردەگرن و، زۆرجار هەتاکوو مردن جڵەوی دەسەلاٚتیان لە دەستدا دەبێ. پەرلەمان لەم جۆرە ڕژێمانەدا وەک ئامرازێک لەدەستی ڕژێمی حاکم بەسەر ولاٚت دایە.

زاراوەی تر لەم بوارەدا باون کە بریتین لە:

١ـ کۆماری ئاریستۆکراتی: جۆرێک لە کۆماریە کە تەنیا ئاریستۆکراتەکان دەتوانن پۆستە بەرزەکان بەدەستەوە بگرن. ئەگەر ئەم ئیمتیازە لە ئارادا نەبێ، ئەمە بە کۆماری دیمۆکراتیک یان کۆماری نیشتمانی ناو دەبرێ.

٢ـ کۆماری ڕاستەوخۆ: بە جۆرێک لە کۆماری دەگوترێ کە خەڵک لە ڕێگای نوێنەرەکانی خۆیانەوە مافی دەسەلاٚتدارەتی و سەروەری پیادە دەکەن.

٣ـ کۆماری ناڕاستەوخۆ: جۆرێک لە کۆماریە کەخەڵک بەبێ نێوبەند مافی دەسەلاٚتدارەتی خۆیان (دانانی یاسا، هەڵبژاردنی وەزیران و کاربەدەستە بالاٚکان، چاوەدێری بەسەرکاروباری حکوومەت دا) پیادە دەکەن.

www.perawipepwle.com

٤_ کۆماریی پاشایەتی: لەم جۆرە رژێمەدا، دوای مردنی سەرۆک کۆمار، پۆستی سەرۆک کۆماری وەک سیستەمە پاشایەتیەکان بە کورەکەی دەسپێردرێ. لە کۆریای باکوور کیم جوونگ ئیل دوای مردنی کیم ئیل سوونگ (١٩٩٤_١٩١٢)؛ لە سوریا بەشار ئەسەد دوای حافز ئەسەد (٢٠٠٠-١٩١٤) بە پۆستی سەرۆک کۆماری گەیشتن.

کۆماری گیلان

لە ٢٥ی تەمووزی ١٩٢٠، دەوڵەتی کاتیی شۆرشگێری ئەنجوومەنی شۆرشگێری کۆماری گیلان بەسەرۆکایەتی "میرزاکوچک خان" دامەزرا. پرۆگرامی ئەم دەوڵەتە بریتی بوو لە دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە هەموو ئێراندا، هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامە ناجوامێرو نایەکسانەکان، ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەموو خەڵک، یەکسانیی مافەکان بۆ هەموو نەتەوەکان و پاراستنی ئیسلام.

کۆمارەکانی فەرەنسا — French Republics

لە مێژووی فەرەنسادا واتە لە سەردەمی شۆرشی مەزن و رووخانی حکومەتی پاشایەتیی لویی شانزدەهەم تاکوو ئەمرۆ پێنج کۆماری دامەزراوە کە بریتین لە:

کۆماری یەکەم: لە ٢١ی ئەیلوولی ١٧٩٢ لە لایەن کۆنڤانسیۆنەوە دامەزراوە، هەتاکوو مانگی ئایاری ١٨٠٤ بەردەوام بوو.

کۆماری دووهەم: دوای وازهێنانی لویی فیلیپ لە پاشایەتی ، لە ٢٥ی شوباتی ١٨٤٨ دامەزراو، تاکوو دووی کانوونی یەکەمی ١٨٥١ درێژەی هەبوو.

کۆماری سێهەم: بە هۆی تێکشکانی فەرەنسا لە ئەڵمانیا، لە ئەیلوولی ١٨٧٠دا دامەزراو، هەتا حوزەیرانی ١٩٤٠ بەردەوام بوو.

کۆماری چوارەم: دوای رزگاری فەرەنسا لە هێرشی ئەڵمانیای نازی و نەمانی "حکوومەتی ڤیشی" (١٩٤٤)، دامەزراو، تاکوو ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ بەردەوام بوو.

کۆماری پێنجەم: ناسەقامگرتوویی و قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری چوارەم بە هۆی زۆریی حیزبەکان و گرفتە پەرلەمانەکان و بشێوییەکانی ئەلجەزایر بۆ هۆی ئەوەی کە ژەنەراڵ دوگوڵ بیر لە دامەزراندنی کۆماری پێنجەم بکاتەوە. دەستووری کۆماری پێنجەم لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٥٨ لە ریفراندۆمێکدا پەسند کراو، بەوشێوە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار زیادی کردوو، لاوازیی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری قەرەبوو کرایەوە.

کۆسمۆپۆلیتیزم Cosmopolitism

کۆسمۆپۆلیتیزم بە مانای "جیهان نیشتمانی"یەو، لە دوو زاراوەی یۆنانیی، Kosm(جیهان) و Polites (خەڵکی شار و هاووڵاتی)وەرگیراوە.

کۆسمۆپۆلیتیزم، هەم شێوازی ژیان و هەم روانگەیەکی جیهانیە. کۆسمۆپۆلیتیزم بیروبروایەکە کە بڕوای بە قەتیس مانەوە لە وڵاتێک یان لە نەتەوەیەک دا نیەو، تاکی کۆسمۆپۆلیست هیچ هۆگرییەکی کولتووری، نەریتی وسیاسی بەرامبەر بە شوێن، ناوچەو وڵاتی خۆی نیەو؛ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە جیهان، نیشتمانی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانەو، پێویستی بە حکومەتێکی جیهانی هەیە. کۆسمۆپۆلیتیزم، لەگەڵ هەرجۆرە ناوچە یان سنووریکی کولتووری، سیاسی و ئایینیدا دژایەتی دەکا. کانت (١٧٢٤_١٨٠٤) فەیلەسوفی ئەڵمانی و گۆتە (١٧٤٦_١٨٣٢)، نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی لە لایەنگرانی کۆسمۆپۆلیتیزم بوون. پروپاگەندەچیە مەسیحییەکانی ئەورووپا لە کۆلۆنیەکانی خۆیاندا پروپاگەندەیان بۆ کۆسمۆپۆلیتیزم دەکرد. ئەنتەرناسیۆنالیزم و مارکسیزمیش پێداگری لەسەر کۆسمۆپۆلیتیزم دەکەن.

کەنداوی بەرازەکان Bay Of Pigs

بە شوێنێک دەگوترێ کە لە لێواری باکووری رۆژهەڵاتی کوبا هەڵکەوتووە. لەو شوێنەدا نزیک بە ١٤٠٠ کەسی دوورخراوەی خەڵکی کوبا کە لە لایەن "سیا "وە پشتیوانی دەکران هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان لەرێکەوتی حەڤدە هەتا بیستەمی نیسانی ١٩٦١ بەڕێوە برد، تاکوو رژێمی شۆڕشگێرو تازەدامەزراوی فیدڵ کاسترۆ، سەرۆکی کوبا، بروخێنن.لەم رووداوەدا ٦٠ کەس کوژران و ١١٧٣ کەس لە لایەن پارتیزانەکانی کوباوە بەدیل گیران.

کۆرپۆراتیزم Corporatism

ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کۆرپۆراتیزم لە سەرەتادا لە سیستەمە فاشیستی و تۆتالیتەرەکان بە مانای شێوازی ڕێکخستنی نێوان دەوڵەت و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا. بەڵام ئەم ئایدۆلۆژییە دوو جۆری سەرەکی هەبوو: جۆرێکی دەوڵەتی یان ئۆتۆریتە خوازانەو، ئەویتر جۆری کۆمەڵایەتی یان لیبرالی بوو. جۆری دەوڵەتیی ئەم ئایدۆلۆژیایە لە دەوڵەتە فاشیستی و ئۆتۆریتە خوازەکانی پورتوگال و ئیسپانیادا بەر لە سەردەمی دێموکراسی لەو وڵاتانە، باو بووە. جۆری کۆمەڵایەتیی کۆرپۆراتیزم کە لە هێندێک لە دێموکراسیە ئەورۆپییەکانی وەک سوید و نەمسادا باوە. لەڕاستیدا جۆرێک لە نوێنەرایەتیی گرووپ و سەندیکا ڕێکخراوەکان لە نێو دەوڵەت دایە کە لەپاڵ دامەزراوە نوێنەرایەتیە باوەکانی وەک پەرلەمان و حیزبەکان چالاکییان هەیە. لەم جۆرە دەوڵەتانەدا ئەم ڕێکخراوانە کە نوێنەری بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگان، لەو تووێژ و دانوسان لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتیدان، سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، پێگەیەکی بەرز و بەرچاویان هەیە، بەڵام لە کۆرپۆراتیزمی دەوڵەتیی وەک ڕژێمەکانی مۆسۆلینی و سالازار لە ئیتاڵیا و پورتوگالدا هیچ هەلێک بۆ دێموکراسی و بەشداریی سیاسی لە ئارادا نەبوو و، بە پێچەوانە دەسەڵات لە دەستی تاقمێکی بچووک و کەمینەی سیاسیدا بوو. دەوڵەت چاوەدێرییەکی زۆری بەسەر ڕێکخراوەکان و دامەزراوە کرێکاری و سەندیکاکاندا هەبوو، هەروەها بە توندی کۆنترۆڵی دەکردن. بەگشتی، ڕێکخراوەکان و دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوبەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵ و دسیپلینی داڕێژراو دابوون.

لەبەرامبەردا، لە کۆرپۆراتیزمی دێمۆکراتیکدا ڕێکخراوە خۆڕسکەکان نوێنەری بەرژەوەندییەکانی چین و گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئابووری ــ بەتایبەتی چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار ــ ن و؛ ڕێکخراوەکانی وەک ژووری بازرگانی و پیشەسازی و ڕێکخراوە کرێکاری و خاوەن کار و کشتو کاڵیەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە بڕیاردانە گشتیەکاندا هەیە. نەمسا و وڵاتانی سکەندیناڤیا خاوەنی دەوڵەتی کۆرپۆراتیزم بە شێوەی دێموکراتیکن. لەو وڵاتانەدا ئەو هاووڵاتیانەی کە کار دەکەن و پیشەیەکیان هەیە، دەبێ لە ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان دا ئەندام بن. هەرڕێکخراوێکی سینفی لە ئاستی نیشتمانیدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چین وتوێژی خۆیانن.

هەروەها، هەموو ڕێکخراوە سینفیەکان لە وتوویژ و بڕیاردانەکانی پێوەندیدار بە سیاسەت داڕێژیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا مافی وەک یەکیان هەیە و، ئەم کارەش لە وڵاتانی دیکەی وەک هۆڵەنداو ئەڵمانیاشدا تاقی کراوەتەوە.

لەگەڵ پەرەگرتنی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم و بە تایبەتیکردن لە دەیەی ١٩٨٠دا، کۆرپۆراتیزمی کۆمەڵایەتی تارادەیەک دابەزیوە.

کورتە مێژوو

لە هاوینی ١٩٢٠ دا ئادۆلف هیتلەر، ڕێبەری ئەڵمانیا بڕیاریدا تا نیشانەیەک بۆ ئالای نازییەکان دابینێ. هیتلەر پاش ماوەیەک ئالایەکی دروستکرد کە سوور بوو و بازنەیەکی سپی تێدا بوو. لە سەر ئەم بازنەیە خاچێکی ڕەشی شکاو کێشرا بۆوە. ئەم خاچەشکاوە لە پاشان دا بوو بە ڕەمزی بەهێز تۆقێنەری حیزبی نازی و پاشانیش بوو بە ڕەمزی هەموو ئەڵمانیای نازی. (ددانە شکاوەکانی ئەم خاچە بە ئاراستەی چرکەژمێرەکانی کاتژمێر بوو). خاچی شکاو مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە ناو پاشماوە کاولبووەکانی ترۆی، میسر و چیندا دۆزراوەتەوە. لە پەرستگە کۆنەکانی هیندییەکان و بودایەکان دا بەزۆری دەبینرێ. لە سەردەمە نوێکان دا ئەم نیشانە لە وڵاتانی قەراغ باڵتیک وەکوو ستۆنیا و فینلەندا وەکوو دروشمی ڕەسمی وابوو و سەربازەکانی سوپای ئازادی ئەڵمانیا لە ڕەوتی شەڕەکانی ١٩١٩-١٩١٨ لەم وڵاتانەدا بینیبوویان. لە کودەتای ١٩٢٠ی کاپ کە سوپای لیوای ئەهرهارت چوونە ناو بەرلینەوە، خاچی شکاویان لە سەر کڵاوە ئاسنیەکانیان هەڵکەندبوو. هیتلەر لە ڕەنگە سوورەکەدا هزری کۆمەڵایەتیی بزوتنەوەکە و لە ڕەنگە سپیەکەش دا بیروڕای نەتەوەیی و لە خاچە شکاوەکەش دا ئەرکی ئەرکی خەباتی دەبینی.

بەڕای هیتلەر، خاچی شکاو زیاتر لە هەموو شتێک، نیشانەی شەڕی ڕەگەزی ئاریا لە دژی ڕەگەزی سامی و ڕەمزی بیروبڕواو داب و نەریتەکانی هیندو ئەورووپی لە بەرامبەر ئایینی جوولەکەدابوو و هیتلەر لە مێژ بوو بیری لەم خاچە شکاوە دەکردەوە کەبیکاتە ڕەمز و ئەم نیشانەی بە سەر حیزبی نازیدا سەپاند. هیتلەر لە قۆناغی خوێندن لە قوتابخانەی کاتولیکی لامباخ دا لەگەڵ ئەم خاچەدا ئاشنا بوو.

باوکە هاگین؛ گەورەی پرستگەی لامباخ کە پیاوێکی زانا بوو و لە ئەستێرەناسی و زانستەکانی دیکەش دا شارەزایی هەبوو. هاگین هەموو ئەو شتانەی کەلە سەر قیامەت نامەی

حەزرەتی یووحەننا Apocalypse نووسرا بوون، بەوردی خوێندبۆوە. لە ساڵی ١٨٥٦ دا سەفەرێکی بۆ رۆژهەڵاتی نزیک کرد و لە ئورشەلیم مایەوە و قیامەت نامەکەی نووسی. هاگین لە ساڵی ١٨٦٨ دا گەرایەوە لامباخ و بریاریدا تا لە هەر چوارسووچەکەی پەرستگەی لامباخدا، خاچی سڤاستیکا هەڵکەنن. کاتێک کە هیتلەر گەیشتە لامباخ، هاگین مردبوو، بەڵام سڤاستیکای شکاو هەروا دەدرەوشایەوە. رەنگە هیتلەر کە ئەوکات مناڵ بوو، هەر کە یەکەمجار چاوی بەم خاچە کەوتووە، چووبێتە ژێر کاریگەری ئەم خاچەوە.

کردەوەی نادۆستانە *Unfriendly Act*

هەر کردەوەیەک کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە بێ و دەوڵەتێکی دیکە ئەم کردەوە بە زیانی خۆی بزانێ، کردەوەی نادۆستانەی پێ دەڵێن. ژمارەی ئەم کردەوانە دیاری ناکرێ. چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەوەکەو و دژکردەوەی دەوڵەتەکان روون دەکاتەوە کە ئەو کردەوە دۆستانەیە یان دوژمنانەیە. بۆ وێنە رەنگە دەوڵەتێک لە بەرامبەر کردەوەیەکدا کە لە لایەن دوو دوڵاتەوە روو دەدا، دژ کردەوەی جیاوازی هەبێ(بە پێی ئەو پێوەندییانەی کە لەگەڵ هەرکامیاندا هەیەتی یا دەیەوێ هەیبێ). کردەوەی نادوستانە رەنگە ئەنجامدان یان خۆبواردن لە ئەنجامدانی کردەوەیەک لە بەرامبەر دەوڵەت یا هاوڵاتیەکانی دا بێ و ئەم ئەنجامدانە یان خۆ بواردنە لە روانگەی یاساییەوە،ئاساییەو تەنیا لە روانگەی سیاسییەوە بە قازانجی ئەو لایەنەدا ناشکێتەوە. کردەوەی نادۆستانە هێرشکردن یان پێشێلکردنی یەکێک لە رێوشوێنەکانی یاسای نێونەتەوەیی نیە، کەواتە ئەو لایەنەی کە کردەوەی نادۆستانەی لەدژ کراوە، نابێ تۆڵە بکاتەوە، بەڵام دەتوانێ کردەوەی هاوشێوەی کردەوەکەی ئەو ئەنجام بدا.

کردەوەی شمشێری بیابان (١٩٩١) PERATION Desert Sabre.

کردەوەی شمشێری بیابان، قۆناغی سێهەمی، شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس بوو کە لە رۆژی ٢٤ ی شوباتی ١٩٩١ بەمەبەستی پاشەکشەی هێزەکانی عێراق لە کوێت و لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا بە رێبەرایەتیی ئەمەریکا و بەفەرماندەیی ژەنەراڵ نۆرمان شوارتسکۆف

www.perawipepwle.com

بەرێوەچوو، کە سەرجەم سەد کاتژمێری خایاند. کردەوەی زەمینی شمشێری بیابان بەرەسمی لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ و بەپەسندکردنی ئاگربەس و پاشەکشەی تەواوەتی هێزەکانی عێراق کۆتایی پێهات.

Person Nongrata کەسی بێ کەڵک

ئەگەر وڵاتێک، مانەوەی ڕاسپێردراوێکی سیاسی باڵوێزخانەیەک، بە زیانی خۆی بزانێ، بەم ڕاسپێردراوە دەڵێن کەسی بێ کەڵک. لەم حاڵەتەدا، دەبێ ڕاسپێردراوەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەو وڵاتە بەجێ بێڵێ.

لە حاڵەتێکدا، ڕاسپێردراوێک دەبێتە " کەسی بەکەڵک"، کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە وەربدا. چونکە ڕاسپێردراوە سیاسییەکانی باڵوێزخانەکان لە بواری سیاسی، دیپلماتێک و دادەوە پارێزراون، بۆیە ئەو مافەیان نیە کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە وەربدەن کە لەوێدا خەریکی بەرێوەبردنی ئەرکی سیاسین.

لەم حاڵەتانەدا ڕاسپێردراوە سیاسییەکان، وەکوو کەسی بێ کەڵک وەدەردەنرێن: سیخوری کردن، پێوەندی گرتن لەگەڵ هێزە نەیارەکانی ئەو وڵاتە، هەوڵی قاچاغی دراوی ئەو وڵاتە و....هتد. هەڵبەت جارجارەش وەکوو دژکردەوەیەک لە دژی لایەنی بەرامبەر بەرێوە دەچێ.

Chernobyl Disaster کارەساتی چەرنۆبیل (نیسانی ١٩٨٦)

ئەم زاراوەیە لە "بنکەی ناوەکی چەرنۆبیل، کە ناوی شوێنێکی وڵاتی ئۆکرانیایە وەرگیراوە. ئەم بنکە یەکێک لە نموونە تایبەتیەکانی تەکنولۆژیای سۆڤیەت بوو کە بە چوار ڕئاکتۆری ١٠٠٠ میگاڤاتی و بە توانایی بەرهەمهێنانی ٤٠٠٠ میگاڤاتەوە، گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی کارەبای ناوەکی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا بوو. دوو ڕئاکتۆری ناوەکی دیکەش لە حاڵی دروستکردندا بوون کە بڕیار وابوو سەرجەم شەش هەزار میگاڤات کارەبا بەرهەم بێنن و ببنە سەرچاوەیەکی گەورەی وزە بۆ ناوچەی پیشەسازی ئۆکراینا.

کارەساتەکە کاتێک دەستی پێکرد کەیەکەیەکی بنکەی چەرنۆبیل لە کاتژمێر ١:٢٣ ڕۆژی شەممە ٢٥ی نیسانی گری گرت و دوای ماوەیەکی کەم، ڕئاکتورەکانی دیکەش گریان

گرت. حەوتوویەک پاش کارەساتەکە، نزیکەی ٥٠ میلیۆن کووری (یەکەی پێوانی رادیۆ ئاکتیڤ) و نزیکەی ٦ میلیۆن کوری سیزیۆمی رادیۆ ئەکتیڤ لە ئاسماندا بلاو بۆوە.

لە بواری سیاسییەوە، بلاونەکردنەوەی هەواڵی تەقینەوەی بنکەی ناوەکی چەرنۆبیل و تەنیا بلاوکردنەوەی راگەیەنراوێکی ٤ دێری لە لایەن مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت (ئەویش لە دوای گەیشتنی هەوری رادیۆئاکتیڤ بۆ سەر ئاسمانی وڵاتی سوید) کارەساتبار بوو. هەستی دژەناوەکی لە ئۆکراینا، بیلۆرووسیا و کۆمارەکانی باڵتیک بە توندی جووڵا، ئەگەرچی رەخنەکانی زیاتر ئاراستەی بێرژنێف کران، بەڵام گۆرباچۆفیشی گرتەوە.

ئەم کارەساتە، بێ هێزی لە رادەبەدەری کارگێری نەریتی و نەگونجانی ئەم کارگێرییەی لەگەڵ تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا دەرخست. چەند ساڵ لەوەپێش، پسپۆرەکان ئاماژەیان بە هەڵسەنگاندنی هەڵەی ئابووری و ئیکۆلۆژی ستراتیژیی دەیەی حەفتا، بۆ پەرەپێدانی ناوەندە ئەتۆمیەکان کردبوو. رئاکتوری ناوەکی زۆر لە نزیکی ناوەندە پیشەسازی و پرحەشیمەتەکان دروستکرابوو و بیناکەی بە پێی نەخشەکە تەواو نەکرابوو. سەرەرای ئەمە بێرژنێف لەسەر خێراترکردنی بەرنامەی ئەتۆمی لە پێناوی ئاشتیدا " کە بە ئامرازێکی سیحراوی بۆ چارەسەری کێشەی رووله قەیرانی وزەی دادەنا، پێداگری دەکرد. کاتێک کەئەم کارەساتە قەوما، دەرکەوت کە بەرێوەبەرانی ئەم ناوەندە کەسانی شارەزاو لێوەشاوە نەبوون.

ئەمرۆکە زاراوەی چەرنۆبیلی سیاسی (Political Chernobyl) بە کارەساتێکی سیاسی قەرەبوو نەکراوە دەگوترێ.

کولتوور *Culture*

کولتوور بەو کۆمەڵە تۆخمە ماددی و نامادیانەی ناو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگوترێ کە لە جیلێکەوە بۆ جێلێکی دیکە دەگوازرێنەوە کە پاشماوەی کۆمەڵایەتی یان پاشماوەی کولتووریشیان پێ دەگوترێ.

هەموو کولتوورێک لە کومەڵێک کەس پێکهاتووە کە تایبەتمەندی کولتووری جیاوازیان هەیە. تایبەتمەندیەکولتوورییەکان تێکەڵاوی یەکتردەبن و یەکەیەکی گەورە بە ناوی کۆمەڵەی کولتووری پێک دێنن.

پێکەوەبەسترانەوە دوولایەنە کۆمەڵایەتیەکان وادەخوازن کە لە کولتوورێکی تایبەتیدا، تایبەتمەندییە کولتووری یان کۆمەڵە کولتوورییەکان، وێرای ئەوەی کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە، جۆرە پێوەندییەکی هاوسەنگیشیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ و فۆرماسیۆنێکی (پێکهاتەیەکی پتەو) کولتووری پێک بێنن.

سەرجەم کولتوور بە سەر دوو لایەن دا دابەش دەبێ:

کولتووری ماددی و کولتووری مەعنەوی (کولتووری نامادی). کولتووری ماددی بەو بەشە لە پاشماوەی کۆمەڵایەتی دەگوترێ کە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگایە. کولتووری مەعنەوی سەرخانی کۆمەڵگا، واتە زانست، هونەر، فەلسەفە و بیروبروا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆ دەگرێ.

کێشەی شەتتولعەرەب

شەتتولعەرەب یان ئەروەندرود (چۆمی ئەروەند) ناوی چۆمێکە کە لە شوێنی تێکەڵاو بوونی ئاوی دیجلە وفورات لە نزیک "قەرنە" لە نزیکی کەنداوی فارسدا پێکهاتووە. ئەم چۆمە ١٧٥ کیلومەتر درێژایی و نزیکەی ٤٥٠ تا ١٢٠٠ مەتر پانایی هەیە و بەشێک لە چۆمی کارۆنیش دەرژێتە ناو ئەم چۆمەوە. ئەم چۆمە زۆر کۆن نیە. چۆمەکانی کارون، دیجلە، فورات و کەرخە هەرکامیان لە شوێنێکی دیکەوە دەرژانە ناو کەنداوی فارسەوە. لیتاوی ئەم چۆمانە بەرەبەرە پاشەکشەی بە کەنداوی فارس کرد و شەتتولعەرەبی پێکهێنا.

شەتتولعەرەب لە رێگای " فاو" ەوە دەرژێتە ناو کەنداوی فارسەوە. شەتتولعەرەب یەکێک لە چۆمە بەرینەکانی دونیایە کە پاپۆرەکان بە ئاسانی هاتوچۆی تێدا دەکەن کەهەرچی زیاتر بەرەو باشوور دەڕوا، پانترو قووڵتر دەبێتەوە. بۆ وێنە لە مەودای نێوان بە سرە و زارکی کەنداوی فارسدا دەگاتە ١٢٠٠ مەتر و لەکاتی هەستانی ئاودا دەگاتە ١٣٠٠ مەتر. لە حاڵێکدا کە پانایەکەی لە باکووری بەسرە و نزیکی " قەرنە" ناگاتە ٤٥٠ مەتریش. هەروەها قووڵایی شەتتولعەرەب بە تایبەتی لە کاتی هەستان و نیشتنەوەی ئاودا زۆر کەم دەبێ. بە واتایەی کە لە ١٥ تا ٣٥ و جارجارەش تا ٤٥ مەتر جیاوازی دەبێ. بۆیە بۆ هات وچۆی پۆرەکان گونجاوە.

چوونکە ئەم چۆمە لە سنووری عێراق و ئێراندا هەڵکەوتووە و چۆمێکی نێودەوڵەتیشە، پێویستیەکە بە پێی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتیەکان و پێویستی پاراستنی بنچینەی ئاشتیخوازانە و دراوسێیەتی وهێڵی قەبڵێنراوی تالڤێگ کە هەردوولایان قبووڵیان بێ، ئەم دوو ولاّتە وەکوو یەکتر بتوانن لەم چۆمە بۆ هاتوچۆی پاپۆڕکانیان و بەرهەمەکانی دیکەی شەتولعەرەب کەڵک وەرگرن. زیاتر لە سەد ساڵە دوو دەوڵەتی عێراق و ئێران (عێراق بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی) لەسەر شەتولعەرەب نێوان ناخۆشی و کێشەیان هەیە. عێراق پێیوایە ئەو چۆمە تەنیا هیی ئەم ولاّتەیە، بەلاّم ئێران بە پشت بەستن بە بنەماگشتییەکانی یاسا نێودەوڵەتیەکان، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێووشوێنەکانی دیکەی پێوەندی نێوان دەوڵەتان، بە تایبەتی ڕێووشوێنەکانی سەبارەت بە چۆمە گرنگە نێودەوڵەتیەکان؛ پێیوایە چوونکە ئەم چۆمە، چۆمێکی نێودەوڵەتیە، هێڵی سنووری نێوان ئەم دوو ولاّتە دەبێ بە پێی هێڵی تالڤێگ بێ نەک هێڵی ناوەڕاستی ئاو یان لێواری دوو ولاّت کە بە هۆی ڕێککەوتننامە سنوورییەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بەسەر ئێراندا سەپاون.

کابینە — *Cabinet*

لە سیستەمی پەرلەمانیدا بە کۆی وەزیرەکان و جێگرەکانیان دەگوترێ کە لە بەرامبەر دوو ئەنجوومەنی ولاّتدا بەرپرسیارەتیەکی سیاسی هاوبەشیان هەیە. بە سەرۆکی کابینە سەرۆک وەزیران، سەرۆک کۆمار و ڕەئیسولوەزەرا و سەرۆکی دەوڵەتیش دەگوترێ.

کابینەی سێبەر — *Shadow Cabinet*

کابینەیەکە کە وەکوو دەوڵەتێکی ئەلتەر ناتیڤە، کە لەلایەن ڕێبەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنەوە پێکهاتووە. یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی پەرلەمانی بەرەسمی ناسینی مافی ئۆپۆزیسیۆنە بۆ ڕێکخستنی خۆیان و دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی دەسەلاّتدار، بەلاّم ئەم ئوپۆزیسیۆنە لە چوارچێوەی دەستووری ولاّتدا چالاکی دەکا. گرووپی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ نوێنەری لە بوارە جیاوازەکاندا هەبێ وەکوو: کاروباری دەرەوەی ولاّت، بەرگری و وەزارەتخانەو وەزیران لە بەرامبەر وەزیرەکانی دەوڵەتی دەسەلاّتداردا هەبێ کە وەکوو" سێبەر" تێدەکۆشن. گرووپی نەیار هەروەها دەتوانێ سیاسەتی ئەلتەرناتیڤی خۆی لە بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتی دەسەلاّتدار دا ئاراستە بکا.

لایەنی باشی " دەوڵەتی سێبەر" ئەوەیە کە دەستبەجێ دوای رووخانی "دەوڵەتی دەسەڵاتدار"، دەتوانێ کابینەی سەرەکی پێک بێنێ، بێ ئەوەی هەڵزەستەیەک لە بواری سیاسییەوە لە وڵاتدا پێک بێ.

کاپیتال *Capital*

ئەم زاراوە لە سەرچاوەی لاتینی Capitellum وەرگیراوە کە پێشگری Caput بە واتای " سەرە"و و لە ئابووریدا بە واتای سەرمایەیە کەهەر لە واتا بنەرەتیەکەی وەرگیراوە، چونکە ئەو قازانجەی کە دەخرێتەر سەر دراو، لە بەرامبەر خوودی دراوەکەدا رێژەیەکی کەمە و سەرجەم بەشی سەرەکی دراوهەمان کاپیتال یان سەرمایەیە. دراو لەو لایەنەوە کە دەبێتە هۆی قازانج وەدەستهێنان، سەرمایەی ماددییە.

سەرمایەی تەکنیکی: کۆمەڵە ئامرازی ماددی بەرهەمهێنانی دامەزراوەیەک وەکوو: زەوی، بینا، ماشین و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ئامرازەکانی گواستنەوەو...هتد.

سەرمایەی بە ناو: بریتیەلەو شتەی خاوەن پشکەکان (سەهمەکان) لەسەرەتای کاردا لە کۆمپانیایەکدا دادەنێن. ئەوە هەرئەوبرە پارەیە کە لە سەر پشکەکان نووسراوە. زۆربوونی پشکەکان بە هۆی خستنەسەری دراوی نوێ یان بە هۆی خستنەسەری سەرچاوەکانی قازانجی سەرمایەکەیەوە. سیستەمی سیاسی و ئابووری بە هەر شێوازێک بێ، سەرمایە تەکنیکی و دارایەکان بۆ بەرهەمهێنان پێویستن. ئەوەی لە سیستەمە جیاوازەکاندا، جیاوازی هەیە بریتیە لە چۆنیەتی خاوەندارێتی ئەم سەرمایانەو هەروەها خاوەندارێتی ئەو قازانجەی کە دێتە ئاراوە یان جیاوازی لە رێژەی ئەو ماف وئمیتیازانەدایە کە کەسەکان یان گرووپەکان بە نیسبەت سەرمایە و قازانجەوە هەیانە.

سەرمایەی یاسایی: سەرمایەیەکە کە خاوەنەکەی بەبێ ئەوەی کار بکا، ئەم مافە وەدەست دێنێ. بە هاکانی وەکوو پشکەکان و بەڵێنەکان، سەرمایەی یاسایین کە خاوەنەکانیان مافی خاوەنداریتیان بە سەر دامەزراوەکەدا نیە. لە دامەزراوەیەکدا سەرمایەی جێگرو هەمیشەیی و هەروەها سەرمایەی لە حاڵی گەڕاندا هەیە.

www.perawipepwle.com

سەرمایە لە سیستەمە ئابورییە جیاوازەکاندا، واتای جیاوازی هەیە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا، سەرمایە، قازانج پێک دێنێ. لە سیستەمی ئابووری سۆسیالیستیدا، سەرمایە یەکێک لە مەرجەکانی کارە و بۆ خۆی لە خۆیدا لە پرۆسەی گەشەی بەرهەمهێناندا، هیچ بەها یان قازانجێک نایێنێتە دی. بەڵکوو راستەوخۆ و بەبێ زیادبوون دەخرێتە سەر شتومەکی بەرهەمهێنراو. قازانجی نوێ تەنیا لەلایەن کرێکارە وەبەرهەم دێ. ئەو قازانجەی کە دەست سەرمایەدار دەکەوێ بریتیە لە " زێدەبایی" بە هۆی رادەی کاتژمێرەکانی کارکردن کە سەرمایەدار نەیداوە بە کرێکار.

کاپیتال (کتێب) *Das kapital*

ناوی کتێبی کارل مارکس، فەیلەسووفی ئەڵمانیە، کە لە لەندەن و بە مەبەستی رەخنەگرتن لە سیستەمی سەرمایەداری نووسی. بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٦٧دا بڵاوبووە کە ئێستا بۆ خۆی لە ژیاندا مابوو و دووبەرگەکەی تریش کە تەواونەببوو، لە لایەن ئەنگلسەوە تەواو کرا ولەدوای مەرگی ئەو لە ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٩٤ دا بڵاوبۆوە. ئەم کتێبە بە " ئینجیلی کومونیزم" بەناوبانگە.

پێکهاتەی " کاپیتاڵ" بە میتۆدی ئابستراکتی مارکس نووسراوە و پێوەندی بە پێکهاتەی هێرەمی ئابووریی سەرمایەدارییەوە هەیە. ئەم پێکهاتە ئابستراکتە کە بەپێی پێویستی پێکهاتەی چەمکە هەمیشە ئاڵۆز بووەکان و چەمکە ساکارترەکان دیاری دەکرێ و ئەوی دیکەیشان پێکهاتەی دیاریکەرانەیە کە کە بە هۆی ئابووری و توخمە بنەماییەکانی تیۆری مارکس دەسەپێ. ناوی بەرگەکانی ئەم کتێبە ئاماژە بە پێکهاتەی ئەم کتێبە دەکا کە پشت بە خاوەندارێتی هێرەمی ئابووری دەبەستێ.

بەرگی یەکەم ،"بەرهەمهێنانی سەرمایەداری" سەبارەت بە پرۆسەکانی بەرهەم هێنانە. بەرگی دووهەم؛ " پرۆسەی سووڕانی سەرمایە" و بوارەکانی ئاڵوگۆر (سات وسەودا) و پێوەندی لەگەڵ بەرهەمهێناندا شی دەکاتەوە. بەرگی سێهەم" بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تایبەتی"یە و هەروەها ئەوبەشە کۆمەڵایەتیانەی کەوەکوو سەرمایەدارەکان پڕبوون لە رۆحی قازانج پەرەستی.

Capitulation — کاپیتۆلاسیۆن

زاراوەی کاپیتۆلاسیون لەوشەی لاتینی Capitulare یان لە وشەی ئیتالی Capitulazione وەرگیراوە و بە واتای گرێدانی ڕێککەوتننامە و گرێبەست، یان بە مانای ڕێککەوتننامەش دێ.

هێندێک لە نووسەرەکان پێیانوایە کەلەکاتی گرێدانی یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێوان عەرەب و مەسیحیەکانی نیشتەجێی شاماتدا(سووریا و لوبنان) زمانی دانیشتوانی ئەم ناوچە ئیتالی بووە و ئەم وشە بە واتای ڕێککەوتنی نێوان مەسیحیەکان و عەرەبەکانە. هێندێکش پێیانوایە وەرگێردراوی وشەی عەرەبی "ئاستی کاتی"ە.

کاپیتۆلاسیون بە بێ سەرنجدانە سەرچاوەی واتایەکەی، لە مێژووی یاسای ئەورووپیدا بە بەڵگە یەکلایەنەکان یان ئەو ڕێککەوتننامانە دەگوترێ کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامانە (بابی عالی) و حکومەتەکانی شامات و ئەفریقیای باکوور، باری یاسایی بیانیەکانی نیشتەجێی ئیمپراتۆریای عوسمانیان دیاری دەکرد و ئەو وڵاتانە ئیمتیازیان دەدا بە هاووڵاتیە بیانیەکان لە وڵاتەکانی خۆیاندا.

بڕیاری یەکەمی شوباتی ١٥٣٥ ی سولێمانی قانوونی، سووڵتانی عوسمانی کە وەکوو ئیمتیازێک درایە فرانسوای یەکەم، پاشای فەڕەنسە و کاپیتۆلاسیونی نێوان لوئی پانزەهەم و سووڵتان محەممەدی یەکەم لە ڕێکەوتی ٢٨ ئاریاری ١٧٤٠ لە و ڕێککەوتننامە و بەڵگانەن کەبەم مەبەستە داڕێژراون و لە کاپیتۆلاسیۆنە گرنگەکانن.

واتای گشتی کاپیتۆلاسیون بریتیە لە سیستەمی دادی کۆنسولی و هێندێک گەرەنتی و ئیمتیاز و پارێزراوی لە بواری دادگاییکردندا کە بەپێی بڕیارە یەکلایەنیەکان یان ڕێککەوتن یان بەڵگەی دادی دیکە دەدرێتە هاووڵاتیانی وڵاتە مەسیحیەکان لە وڵاتانی نامەسیحیدا. لەو وڵاتانەدا بەگشتی هاووڵاتیانی بیانی، تەنانەت هێندێک جار بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی کردەوەی دوولایەنە، نەدەچوونە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی دادی ئەو وڵاتانەی کە لێیی بوون و سەربە سەلاحییەتی بەرپرسان و بەتایبەتی بەڕێوەبەرە کۆنسولی و سیاسییەکانی دەوڵەتی خۆیان بوون و کێشە و سکاڵاکانیان و هەروەها دادگاییکردنیشیان لە لایەن کۆنسول یان نوێنەری دەوڵەتەکەیانەوە چارەسەردەکرا. ڕێککەوتننامە یان بڕیارەکانی کاپیتۆلاسیۆن وەکوو گەرەنتیەکی ڕەسمی بۆ پێکهینان

و داڕێژەرانی ئەم ماف و ئیمتیازانە وا بوو، بەڵام سەرچاوەی یاسایی ئەم ماف و ئیمتیازانە تەنیا ڕێککەوتنەکان بوون:

بە پێی عورف و نەریتی نێودەوڵەتیی کۆنسولەکان سێ سەلاحییەتیان هەبوو کە بریتی بوون لە :

١ ـ سەلاحییەتی داڕشتنی ڕێوشوێن بە نیسبەت هاولاّتیەکانیانەوە.

٢ ـ سەلاحییەتی پاراستن بە نیسبەت هاەلاّتیەکانیان نیەوە.

٣ ـ سەلاحییەتی دادگاییکردن لە کێشەی نێوان هاولاّتیەکانیان و خەڵکی ئەو ولاّتەدا.

سەلاحییەتی یەکەم پێوەندی بە سەردەمی کۆنەوە هەیە. ئەو کاتەی کە هاوولاّتیە مەسیحیەکان بە گشتی و یان ئەو هاولاّتیانەی کە لە ڕەگەزو ئاینێکی جیاواز بوون، بۆ پاراستن و ئاسایشی خۆیان لە دەوری یەکتر دەژیان و کاتێک ژمارەیان زۆرتر دەبوو، گەڕەکێکیان بۆ تەرخان دەکردن. لە ناو ئەم گەڕەکەدا، کۆنسول مافی داڕشتنی یاسا و ڕێووشوێنی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی(پاک و خاوێنی، ئاو......) یان پێوەندیی کەسەکان لەگەڵ یەکتردا یان پارێزگاریکردن لەوانی هەبوو.

سەلاحییەتی دووهەمیش هەر وەکوو هۆیەکانی سەلاحییەتی یەکەم وابوو و بەبەرەکە گەڕەکەکان چۆل کران و هاوولاّتیان لە ناو شاردا بلاّوبوونەوە، لە ناو چوو.

سەلاحییەتی سێهەم کە داد گاییکردن بوو لە سەرئەم بنەمایە بوو کە سیستەمی دادی ئەو ولاّتە ناتوانێ هاوولاّتیانی بیانی دادگایی بکا. سەلاحییەتی دادی کۆنسول زۆر بەربلاّو بوو و بەپێی ولاّتەکان دەگۆڕا. و بە پێی تێپەڕینی زەمانیش شێوە جیاوازەکان ئالووگۆڕیان بەسەردا هاتووە. مافی دادی کۆنسول لە ڕاستیدا گرنگترین لایەنی کاپیتۆلاسیۆنە. لە بواری جیاوازییەوە، سەرەتا دەبێ دابەشبوونێکی گشتی بکەین کە پێوەندی بە سروشتی جیاوازی بابەتی کێشەکەوە هەیە، واتە کێشەی شارستانی و ئەوکێشانەی پێوەندییان بە بابەتە سزاییەکانەوە هەیە. کێشە شارستانیەکانیش بەپێی ئەوەی کە هەر دوو لایەنی کێشەکە خەڵکی ولاّتێک بن یان خەڵکی چەند ولاّت بن یان لە نێوان هاولاّتیانی بیانی و هاولاّتیانی ئەو ولاّتەدا بێ. بەسەر چەند جۆردا، دابەش دەبن:

*الف*_ کێشەی شارستانی لە نێوان هاولاّتیانی ولاّتیکدا. لەم کێشانەدا، سەلاحییەتی دادگاییکردن تەنیا تایبەت بە کۆنسولە.

ب_ لە کێشەی نێوان دەولّەتە جیاوازەکاندا، جارێک سەلاحییەتی دادگاییکردن هیی کونسولی ئەم هاوولاّتیە بوو کە داواکار بوو(سکالاّی کردبوو) (ئێران) و جارێکیش دەدرایە کۆمسییونی تێکەلاّو لە کۆنسولەکانی هەر دوو هاوولاّتیەکە (لە عوسمانی و میسردا).

ج_ کێشە لە نێوان هاولاّتیانی بیانی و خەلّکی ئەو ولاّتە لە ئەستۆی بەرپرسانی دادی ولاّتی خانەخوێدا بووە.بەو تایبەتمەندییەی کە لە هێندێک لەو ولاّتانەدا، کۆنسول مافی ئەوەی هەبوو لە دادگادا بە شدار بێ و بەسەر پرۆسەی دادگاییکردندا چاوەدێری بکا و لە هێندێک ولاّتی دیکەشدا بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، دادگای تایبەتی پێکدەهات و هەرئەم داداگاییکردنە لە دوو قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی و لە دادگا تایبەتیەکانی ولاّتی خانەخۆیدا جێبەجێ دەبوو. لە هێندێک ولاّتدا، سەلاحییەتی بە دوادا چوونی کێشەکانی نێوان هاولاّتیانی بیانی و خانەخوێ، لە ئەستوی ولاّتی کەسی داواکاردا بوو. جۆرێکی تر، سەلاحییەتی بەدواداچوونی دادگای ولاّتی خانەخوێ بۆ ئەمجۆرە کێشانە بوو، بەلاّم لە هەمان حالّدا، کۆنسولیش ئەو سەلاحییەتەی هەبوو کە ببێتە نێوبژیوانی دوولایەنی کێشەکە و تەنیا لە دوای ئەوەی کە نەیدەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکا، مەسەلە کە دەخرایە بەردەم ولاّتی خانەخوێ(چین).

سەبارەت بە مەسەلە سزاییەکان لە هەموو ئەو ولاّتانەی کە سیستەمی کاپیتۆلاسیۆنیان پەسند کردبوو، بەرپرسانی پێوەندیداری ولاّتی خانەخوێ، بە هیچ شێوەیەک دەستیان لە پرۆسەی دواداچوونی تاوان و سزای هاوولاّتیەکی بیانی و هاولاّتیەکی هەمان ولاّت وەرنەدەدا و کۆنسول سەلاحییەتی رەهای هەبوو. بەلاّم کاتێک کە یەکێک لە لایەنەکان، هاولاّتی خۆیان بوو، لە هێندێک ولاّتدا کۆنسول و بەرپرسانی ولاّتی خانەخوێ هەرکامیان بە نیسبەت هاولاتیانی خۆیان، سەلاحییەتیان هەبوو (چین جگە لە ناوچەی ئیمتیاز). لە هێندێک ولاّتی دیکەدا دادگایەکی تایبەتی سەلاحییەتی هەبوو، بەو مەرجەی کۆنسولەکەی بەشداربێ (سیام لە سالّی ١٩٠٤ دا). کاتێک کە لایەنێکی تاوان هاولاّتیەکی بیانی لە دەولّەتێک و لایەنەکەی دیکەش هاولاّتیەکی دەولّەتێکی بوو، سەلاحییەتی دادگاییکردن لە ئەستۆی کونسولی لایەنێکدا بوو کە تاوانەکەی کردبوو (تورکیا و ژاپۆن). لە روانگەی جۆری تاوانەکانەوە، بۆچوونەکان جیاواز بوون. جاران سەبارەت بە

لادانەکان، دادگای تایبەتی ولاّتی خانەخوێ و سەبارەت بەتاوانە چکۆلە و جینایەتەکان دادگای تێکەڵاو خاوەن سەلاحییەت بوو. لە هێندێک حاڵەتدا کۆنسول سەلاحییەتی تەواوی بەنیسبەت هەموو ئەو تاوانانەی کە کەهاولاّتیەکی ئەو دەوڵەتە کردبوونی هەبوو، چ ئەوەی ئەوکەسەی تاوانەکەی هاولاّتی ئەو ولاّتە یان هاولاّتی ولاّتێکی بیانی دیکە یان هاولاّتی ولاّتی خانەخوێ بێ (میسر).

بەسەرنجدان بەو شتانەی کە ئاماژەیان پێکرا، پشتیوانی کۆنسولەکان لەبەژەوەندی هاولاّتیەکانیان لە سیستەمی کاپیتۆلاسیون دا زۆر بەربلاّو بوو و دەسەلاّتی جێبەجێکردنیشیان زۆر بەر چاو بوو.

کۆنسولەکانی کاپیتۆلاسیون بەرەبەرە پشتیوانیان لە هاولاّتیانی ولاّتی خانەخوێش دەکرد. لە سەرەتادا وەرگێڕێ کۆنسول و ئەو فەرمانبەرانەی کۆنسولخانە کە خەڵکی ولاّتی خانەخوێ بوون، بە پێی نامەیەک لە لایەن کۆنسولەوە پشتیوانیان لێدەکرا. پاشانیش هێندێک لە هاولاّتیانی ولاّتی خانەخوێ بە هۆی ئاین، یان لایەنەکانی دیکە وەکوو . لایەنی سات و سەودا یان کارەکانی دیکەی کۆنسول، بە هۆی نامەی کۆنسولەوە پشتیوانیان لێدەکراو لە بەرامبەر بەرپرسانی ولاّتی خۆیاندا رادەوەستان. لە قۆناغەکانی دیکەدا کۆنسۆل، بە هەر کەسێک لە هاولاّتیانی ولاّتی خانەخوێ کە دوای نامەیان بکردایە، بەمەرجی سادەو ساکار و لە هێندێک حاڵەتیشدا لە بەرامبەر پارەدا، نامەیان پێدەدان، بەبێ ئەوەی پرس بە بەرپرسانی ولاّتی خانەخوێ بکەن. ئەمە لە سەرەتادا بۆ بردنەسەری پێگەی ولاّتی کۆنسول دەکرا، بەلاّم ئەوەندە زیادرۆیی تێدادەکرا کە بوو بە هۆی نیگەرانی و سەرئێشە بۆ هەر دوو ولاّت و بەرەبەرە بەرتەسک بۆوە و پاشانیش لە ناوچوو.

هەڵوەشانەوەی کاپیتۆلاسیون : بە پەرەپێدانی رێکخستنەوەی دەزگای ئیداری و جووڵانی هەستی نەتەوایەتی لەو ولاّتانەی کە لە ژێر سیستەمی کاپیتۆلاسیۆندا بوون، فەلسەفەی کاپیتۆلاسیۆن کەوتە ژێرپرسیارەوە، بۆیە بەرەبەرە دژی ئەم سیستەمە راپەڕین و هەڵیان وەشاندەوە. لە هێندێک لەو ولاّتانەی کە توانایی ئەم کارەیان نەبوو، کاپیتۆلاسیون تا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هەروا مایەوە، بەلاّم دژایەتیی لە نێوان فەلسەفەی پێکهێنانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دیوانی دادی لاهە لەلایەک و ئەم سیستەمە لە لایەک، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم ولاّتانەش بتوانن هەڵی وەشێننەوە.

www.perawipepwle.com

له هێندێکی کەم له وڵاته بێ هێزه‌کاندا، کاپیتۆلاسیۆن هەرچەنده تاراده‌یه‌ک کەمکرا بۆوه، بەڵام تاشەڕی دووهەمی جیهانی خایاند (میسر، مەراکیش، ئەتیۆپی، چین)

یەکەم وڵات که توانی بەرێکەوتن لەگەڵ بەریتانیا و بەخشینی هێندێک گەرەنتی، کاپیتۆلاسیۆنی ئەو وڵاته هەڵوەشێنێتەوه، ژاپۆن بوو کەلەم وڵاتەدا، بەریتانیا، ئەمەریکا، فەرەنسا، رووسیا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و دانیمارک مافی دادگاییکردنی کۆنسولیان هەبوو. بەرێکخستنەوەی ئیداری سیستەمی ودادی ژاپۆن که له هەموو لایەنەکانەوه بەدڵی بیانیەکان بوو، له سەرەتادا بەریتانیا له ١٨٩٤ و پاشانیش هەموو وڵاتانی دیکه پشتیوانیان له کاپیتۆلاسیون کرد.

کارتێل — *Cartel*

کارتێل له سەرچاوەی وشەی ئیتالی Cartello (دەرخستنی نیشانه) وەگیراوه. وشەی کارتێل ئەم واتا یانەی هەیه. بانگهێشتکردن بۆ شەڕ، نامەی داکۆکیکردن، بانگهێشتکردن بۆ دوئیل (شەڕی دەستەویەخەی نێوان دوو کەس)، شەڕ. یەکیەتیی و هاوپەیمانی خاوەنی لقەکانی بوارێکی پیشەسازی، پێکهاتنی سەندیکا سیاسی و پیشەسازییەکان لەگەڵ یەکتردا.

کاتێک کەچەند کۆمپانیاو یەکەیەکی ئابووری و بڵاوکردنەوه(توزیع) که رۆڵێکی، جیاوازیان له بەرهەمهێنان، بازاڕ و نرخ له ئەستودایه، گرووپێکی رێکخراو، پێکدێنن و دەگەنه پێکهاتنێک که هەر کام له کۆمپانیاکانی ئەندام و یەکگرتوو، کەسایەتی یاسایی(له رووی ماف و ئیمتیاز) خۆیان بپارێزن، کارتێلیان پێ دەڵێن. کارتێلەکان رەنگه بەرهەمهێن بن و لایەنی هاوبەشیان له قازانجدا هەبێ که پێیان دەڵێن " دراو". جۆرێکی دیکه له کارتێلەکان پێوندییان به بازاڕه بازرگانیه جیهانیەکانەوه هەیه که دەیانهەوێ بەتەواوەتی بەسەر بازارەکانی جیهاندا زاڵ بن. بەگشتی کارتێلەکان لەگەڵ پاراستی سەربەخۆیی و کەسایەتیی یاسایی خۆیان؛ له بواره جیاوازەکاندا خەریکی چالاکین.

کارتێل و تراستەکان لەگەڵ ئەوەدا که لەو گرووپانەن که به ئازادی هەڵ دەبژێردرێن، بەڵام هاتنەدەر لەم گرووپانه بۆ هەرکام له ئەندامەکان، رەنگه ئاکامی زۆر خراپی لێ بکەوێتەوه و له کاتی تەرێککەوتنەوەدا زیانێکی قورسیان وێ کەوێ.

دامەزراوەو یەکە ئابوورییەکانی ئەندامی کارتێل رەنگە سەر بە چەند وڵات بن. کارتێلەکان لە بوارەکانی بەرهەمهێنان یان بازرگانی و رەنگە لە هەر دوو بوارەکەشدا پێک بێن و هەلومەرج و نرخی فرۆشتن بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. کۆنترین کارتێلەکانی جیهان، یەکیەتیی نێوان کۆمپانیای "ئالکۆ" (ئەمریکا) و "ئالاگ"ی سوئیسرایە کە لە بواری ئەلەمینیۆمدا کاریان دەکرد(١٨٩٦). پاشان کۆمپانیای بەرهەم هێنی دیکە هاتنە ناو ئەم کارتێلانەوە.

کاست / چین *Caste*

کاست لە زاراوەی پورتوگالی Casta و لاتینی Castus وەرگیراوە و بە واتای خاوێن و پاڵاوتوو و تیکەڵاونەبووە. کاست بە چینێکی کۆمەڵایەتی داخراو دەگوترێ کە هیچ بزاوتێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و دینامیزمی گرووپی تێدا نەبێ و ئەگەری گواستنەوە لە کاستێکەوە بۆ کاستێکی دیکە نیەو ئەگەر هەبێ زۆر ئەستەمە. بە تایبەتی لە کاستێکی خوارەوەتر بۆ کەستێکی سەرەوەتر.

کاستەکان جۆروشێوەی تایبەتیان هەیە وەکوو کاستە ئایینیەکان، رەگەزییەکان، پیشیەکان و سیاسییەکان.

کاستی فیرعەونەکانی میسر، کاستی شەرکەران، کاستی بازرگانەکان، کاستی کۆیلەکان، کاستی وەزیرەکان، کاستی هونەرمەندان لە میسری کۆن و کاستە جیاوازەکان لە یۆنانی کۆن و رۆمی کۆن (وەکوو گلادیاتۆرەکان...) و کاستەکانی هیندستان.

ئاڵۆزترین پێوەندی کۆمەڵایەتیی کاستی لە هیندستاندا بوو کە ئیستاکەش بە پلە و رێژەیەکی کەمتر، لە هێندێک لە شوێنەکانی هیندوستاندا بەرچاو دەکەوێ کە سەرچاوەکەی لە کۆت و بەندە کولتوورییەکان، ئایینیەکان و پەروەردەییەکان دایە. لە سیستەمی کاستیدا، چینەکان لە یەک جیا نەبوون و هیچ بزاوتێکی ئاسۆیی و ئەستوونی پێک نەدەهات. لە هیندستاندا کاستی رۆحانی (برەهمەنەکان)، کاستی شەرکەران (کاشاتریا)، کاستی وەرزێر و بازار (وی سی یا) و کاستی کرێکار(سودرا) هەرکامیان گرووپی فرەچەشنیان هەبووە و داب و نەریتی تایبەتیان هەبووە و چوون بۆ کاستێکی تر قەدەغە بوو.

کاستەکان لە کردەوەدا، کۆنەپەرست و دۆگم بوون و بڕیاردان سەبارەت بە شتێک، لە ڕووی و شیاری وئیرادەوە نەبووە. لە سیستەمی کاستی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، پلەی ئانترۆپی نێگەتیف زۆرلە سەرێیە و پێوەندییەکی زیندوو (دینامیکی) نیە و دابەزین لە هەموو بوارەکاندا بەر چاوە. پێگەی کۆمەڵایەتی لە ناو کاستەکاندا پاشماوەیی و پشتاوپشتە.

کەی.جی.بی K.G.B

کورتکراوەی ڕووسی Komitet Gosudar Stvennoi Bezopasnosti یە واتای کومیتەی ئاسایشی دەوڵەتیە و لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بەو ڕێکخستنە دەگوترێ کە ئامانجەکەی پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم، لادانی نەیارانی نێوخۆیی، پاراستنی سنوورەکانی وڵات، کۆنترۆڵی برۆکراسی، چاودێری کردن بەسەر هێزە چەکدارەکان دا بوو. جگە لەمە، کەی .جی. بی ئەرکی سیخوڕی لە وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەندامی ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆی لە ئەستودا بوو تا دەسەڵاتی خۆی توندوتۆڵ بکات.

ئەم ڕێکخراوەش وەکوو دامەزراوەکانی پێش لە خۆی واتە: چێکا، ڤێچێکا (Rcheka)، (G.P.U)، (O.G.P.U)، (N.K.V.D)، (N.K.G.B)، (M.G.B)، ڕەمزەی دڕەندەیی و بیرەحمی لە ئاست هاووڵاتیانی ڕووسیادا بوو.

لە دوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی گلاسنۆست و پرۆسترۆیکا لە لایەن گۆرباچۆفەوە، دوایین سەرۆک کۆماری سۆڤیەت، کردەوەکانی K.G.B لە دژی نەیارەکان کۆتاییان پێهات و بە هۆی بەشداریکردن لە کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٩١، پێکهاتە کۆنەکەی هەڵوە شایەوە و لە ساڵی ١٩٩٢دا، ڕێکخراوێکی چکۆلەتر بە ناوی " سیستەمی هەواڵگری ناوەندیی کۆماری ڕووسیا" جێگاکەی گرتەوە. ئەم سیستەمە هەواڵگریە، هاوکارییەکی بەربڵاوی لەگەڵ دامەزراوە هاوشێوەکانی خۆی لە ڕۆژئاوادا لە بوارەکانی: نەهێشتنی پەرەپێدانی چەک و چۆڵی ناوەکی، کیمیایی و بایۆلۆجی و هەروەها بەربەرەکانیی لەگەڵ تیرۆریزم و قاچاقی مادده سڕکەرەکاندا دە کرد.

بنەمای دەوڵەتەکانی کامیلە الوداد

The Most Faroured Nation Clause

گونجانی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد لە گرێبەستە بازرگانیەکاندا بە واتای پەسندکردنی یەکسانیی هەڵسوکەوت و جیاوازی دانەنانە. ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی ئازادی و پەرەگرتنی بازرگانی نێودەوڵەتیی. لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە زۆربەی گرێبەستە بازرگانیەکانی نێوان وڵاتانی ئەورووپیدا بەرچاو دەکەوێ. گونجاندنی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد لە گرێبەستە بازرگانیە دوولایەنەکاندا (کە لە نموونە هاوشێوەکانی وەکوو گرێبەستە سەرمایەگوزارییەکان، کۆچ، پیشە، مۆڵەتی داهێنان و بوارەکانی باج وەرگرتندا دەبینرێ)، بە واتای ئەوەیە کە بەڵێندەرەکان، بەڵێن دەدەن کە هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنی رێککەوتنەکەدا، لە چاو لایەنێکی دیکەدا (هەرولاتێکی تردا) خراپتر نابێ. ئەم مەرجە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتێکی سێهەمیش لەم مافانە کەڵک وەرگرێ. هەروەها بەڵێندەرکانیگرێبەستەکان لە سەر ئەو رێک دەکەون، هیچ رێو شوێنێک نەگرنەبەر کە لە دژی بەرژەوەندیەکانی لایەنی گرێبەستەکەدا بێ. لە ئاکامدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێگەی هەردوو لایەن لە بازارەکانی یەکتردا جێگیر ببێ.

سەرەرای ئەمە کەڵک وەرگرتن لە بنەمای" دەوڵەتەکانی کاملەالوداد." لە پێوەندی نێوان وڵاتەکاندا بە توانایی ئەو وڵاتەوە بەستراوەتەوە، چوونکە لە هەلومەرجێکی نایەکسانی ئابووریدا، وڵاتی بە هێزتر زیاتر لەم مەرجە کەڵک وەردەگرێ و وڵاتی بێ هێز و لاوازی بەکەمی دەتوانێ لەم یاسایە کەڵک وەرگرێ.بۆیە لە رابردووشدا ئەم بنەمایە لە لایەن دەولاتە بە هێزترەکانەوە بە سەر دەوڵەتە لاوازەکاندا دەسەپا. وەکوو رێککەوتننامەی ١٨٢٨ ی تورکمانچای لە نێوان ئێران و رووسیادا، پاشانیش بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی لە رێککەوتننامەکانی خۆیان لەگەڵ ئێراندا ئەم بنەمایەیان گونجاند. هەروەها ئەڵمانیا لە رێککەوتننامەی فرانکفۆرتدا ئەمەی بەسەر فەرەنسادا سەپاند و لە دوای شەری یەکەمی جیهانیشدا ئەم بنەمایە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بەسەر دەوڵەتە دۆراوەکاندا سەپا.لەم حاڵەتانەدا بەرژەوەندی بەخشینی ئیمتیاز لە لایەن دەوڵەتی بێ هێزەوە لە بەرچاو ناگیرێ و وڵاتە بەهێزەکان کەڵکی لێ وەردەگرن.

بەگشتی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بە سێ شێوە ئاراستە دەکرێ:

الف_ دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بە مەرج:

لەم حاڵەتەدا کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازەکانی دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بە بەخشینی ئیمتیازی هاوشێوە و هاوسەنگەوە دەبەسترێتەوە. گونجانی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بەمەرجەوە پێویستی بە مافی و تووێژ بۆ لایەنی رێککەوتنەکە هەیە. وەکوو رێککەوتننامەی بازرگانیی ٦ ی شوباتی ١٧٧٨ ی نێوان ئەمریکا و فەڕەنسا.

ب_ بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بەبێ مەرج:

لەم حاڵەتەدا لایەنەکانی رێککەوتننامەکە دەتوانن لە حاڵەتە هاوشێوەکاندا لە دەوڵەتەکانی کاملەالوداد کەڵک وەرگرن و پێویستی بە وتووێژ و رێوشوێنەکانی حاڵەتی یەکەم نیە. ئەم حاڵەتە لە ماددەی ١٦ ی جارنامەی هاڤاناو ماددەی یەکی رێککەوتننامەی گشتی تەعرەفەی گومرک و بازرگانی پەسند کراوە.

خۆ بواردن لە بنەمای دەوڵەتەکانی کاملەالوداد بە بێ مەرج بە هۆی دامەزرانی تەعرەفە گومرکیەکان دەڕەخسێ، بۆ وێنە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٠٢دا بە کەڵک وەرگرتن لەم شێوازە بوو بە هۆی کەمکردنەوەی هاوردەکانی فەڕەنسا بە قازانجی سویسرا، ئەڵمانیا لە تەعرەفە گومرکیەکانی خۆیدا بە گونجانی " کوێستانی بوون"ی ئاژەڵ و دیاریکردنی رەنگی ئاژەڵەکان، بەرزایی شوێنی بەخێو کردنی ئاژەڵەکان لە ئاستی دەریا و جۆری لەوەڕی ئاژەڵەکان، کۆمەڵێک مەرجی دانابوو کە تەنیا ئاژەڵەکانی سویسرای دەگرتەوە.

ج_ بنەمای دەوڵەتەکانی کاملە الوداد بە شێوەی بەرتەسک و سنووردار:

لەم حاڵەتەدا، مەبەست بەخشینی سنووورداری ئیمتیازەکانی حاڵەتی بێ مەرجی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملە الوداد بە شتومەکێکی دیارو یان لە شوێنێکی دیار یان لە چوارچێوەی رێککەوتننامەی بەکۆمەڵی تایبەتیە. لەم حاڵەتەدا کە حاڵەتێکی دەگمەنی بنەماکەیە، گشتاندنی دەرئەنجامەکانی بنەمای دەوڵەتەکانی کاملە الوداد تەنانەت لە حاڵەتە بێ مەرجەکەشدا، گشتی نیە و تەنیا شتومەکە ئاماژە پێکراوەکان یان ئەندامانی یەکیەتی لایەنی رێککەوتننامەکە یان ئەوانەی رێککەوتننامەیەکی دیاریکراویان مۆر کردووە، دەگرێتەوە.

www.perawipepwle.com

کۆمۆن لاف / یاسای عورفی — Common Low

یەکێک لە سەر چاوە بنەڕەتیەکانی یاسای نێوخۆیی و نێونەتەوەیی ئانگلۆساکسۆن،کۆمۆن لاف (یاسا عورفی)ە. کۆمۆن لاف سیستەمێکی یاساییە کە لە بەریتانیادا لە دوای زاڵبوونی نۆرمەنەکان بە سەر ئەم وڵاتەدا و بە شێوەی گەشێ لە ئاکامی هەوڵی دادگاکانی پاشایەتی ئەو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە. بنەماڵەی کۆمۆن لاف جگە لەوەی کە سەرچاوەی یاساکانی بەریتانیا بووە، سەرچاوەی یاسای هەموو وڵاتانی ئینگلیزی زمانیش (جگە لە هێندێک حاڵەت) بووە. جیا لەوڵاتانی ئینگلیزی زمانیش، کۆمۆن لاف لە زۆربە و رەنگە لە هەموو ئەو وڵاتانەشدا کە لە بواری سیاسیەوە سەربە بەریتانیا بوون یان ئیستاش هەر سەربە بەریتانیان، تەشەنەی کردووە. رەنگە لە هێندێک بواردا، ئەم وڵاتانە داب و نەریت و دامەزراوە و چەمکە تایبەتیەکانی خۆیانیان پاراستبێ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یاساکانی بەریتانیا روانگەی بیروبۆچوونی مافناسەکانی ئەم وڵاتانەی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە، بەتایبەتی بەم هۆیەی کە لە لایەکەوە، رێکخستنی ئیداری ودادو لە لایەکی دیکەوە؛ رێسای پێراگەیشتن (مەدەنی یاسزا) و بەڵگەی سەلماندنی داواکاری لە هەموو شوێنەکاندا لەبەر نموونەی بەریتانی وەرگیراون و رێکخراون.

هەموو لێکۆڵینەوەکان لەسەر کۆمۆن لاف دەبێ بە خوێندنەوەی یاسای بەریتانیا دەست پێ بکا. کۆمۆن لاف سیستەمێکە کە بە قووڵی چۆتە ژێر کاریگەری مێژووی خۆیە و ئەم مێژووە تا سەدەی ١٨ ، تەنیا مێژووی بەریتانیا بووە. ئەمە هۆکارێکی کاریگەرە، هەرچەندە کە هێندێک لە سیستەمە هاوشێوەکانی کۆمۆن لاف، وەکوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ جیاوازییەکی قووڵیان لەگەڵ یاساکانی بەریتانیادا هەیە و هێندێکی دیکەیان وەکوو یاساکانی هیند یان سوودان لە بواری " باری کەسی "دا یاسای دیکەیان رەچاو کردووە.

کەناڵی سوئێز — Sues Canal

کەناڵی سوئێز کە میسریەکان پێی دەڵێن: "قنات السویس"، مەدیتەرانە بە دەریای سوور دەبەستێتەوە. ئەم کەناڵە کە ١٦٠ کیلۆمەتر درێژایی هەیە، لە سەردەمی حکوومەتی دەوڵەتی عوسمانی لە میسردا، لە لایەن کۆمپانیایەی تایبەتی و بە بەرێوەبەرایەتیی فردینالد دولێسپێس هەڵکەنرا. مۆڵەت

نامەی دامەزرانی کانالی سوئیز لە ڕێکەوتی ٣٠ی تشرینی دووهەمی ١٨٥٤ دەرچوو. بە پێی بەڵگەی مۆڵەت نامەکە، هەموو ولاّتەکان بە شێوە یەکسان دەیانتوانی لەم کەناڵە کەڵک وەربگرن.

لە دوای شەڕی عوسمانی و رووسیا لە ساڵی ١٨٧٧دا و هەروەها گرژی و ئاڵۆزییەکانی ساڵی ١٨٨١ی میسر، مەسەلەی مافی پەرینەوە لە کەناڵی سوئیز رەهەندی نوێی بە خۆیەوە گرتن. ولەئاکامدا لە ساڵی ١٨٨٨دا ڕێککەوتننامەی" قوستەنتنییە" لە کۆنفرانسێکدا کە لە نوێنەری عوسمانیەکان و شەش ولاّتی گەورەی ئەورووپی پێکهاتبوو، گرێدرا. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە ئەم بنەمایانە بۆ پەڕینەوە لە کەناڵی سوئیز دیاریکران:

*الف*_ ئازادی هاتوچۆی پاپۆرەکان لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا.

ب_ ئازادی پەڕینەوەی ناوە شەڕکەرەکان بەو مەرجەی کە لەم کەناڵەدا ڕانەوەستن، و هێزو چەک و چۆڵیش دانەبەزێنن.

ج_ بێلانەن بوونی کەناڵی سوئیز (بەم واتایە کەئەم کەناڵە لە کاتی شەڕیشدا نابێ دابخرێ یان بدرێتە بەرپەلامار).

ئەم یاسایانە جگە لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، سەرجەم ڕەچاودەکران. لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەڵمانیەکان و تورکەکان هێرشێکی زەمینیان کردە سەر کەناڵەکە، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون و بەریتانیەکان پێشیان بە هاتووچۆی پاپۆرەکانی تورکەکان و ئەڵمانیەکان گرت.

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لەگەڵ گرێدانی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای (ماددەکانی ١٥٢ و ٢٨٢) و ڕێککەوتننامەی لۆزاندا (ماددەی ٩٩)، سیستەمەکەی ساڵی ١٨٨٨ جارێکی دیکە دامەزرایەوە.

بە پێی ڕێککەوتننامەی یەکیەتیی نێوان میسر و بەریتانیا لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئابی ١٩٣٦ (کەلە ساڵی ١٩٥١ دا هەڵوەشایەوە)، بەریتانیا دەیتوانی لە نزیکی کەناڵی سوئیز، هێزی پێویستی زەمینی و ئاسمانی بۆ پاراستنی ئەم کەناڵە دابەزێنێ.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ و ١٩٥٦دا، دەوڵەتی میسر هەوڵیدا کە هێزەکانی بەریتانیا لە نزیکی کانالی سوئیز وەدەرنێ و ئەمەش لە ١٣ی حوزیرانی ١٩٥٦ دا سەری گرت. لە ساڵی ١٩٤٩ شدا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان میسر و کۆمپانیای نێودەوڵەتی کانالی سوئیزدا گرێ درا کە

بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە پشک و ڕێژەی بەشداری میسر لە بواری داهات و بەڕێوەبردنی کەناڵی سوئیز زۆر بوو.میسر لە ساڵی ١٩٤٨دا(شەڕی فەلەستین) سەرەڕای ڕێککەوتننامەی کۆتاییهێنان بە شەڕی ٢٤ ی شوباتی ١٩٤٩ لەگەڵ ئیسرائیلدا، هات وچۆی کەناڵی سوئیزی بە کۆمەڵێک مەرجەوە بەستبۆوە کە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی" قوستەنتنیە"دا نەدەگونجا.

ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەیلوولی ١٩٥١ پەسندکراوی ئەنجوومەنی ئاسایش کە داوای لە میسر دەکرد ڕێووشوێنە نوێکان هەڵوەشێنەوە، لەکاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا. ئەم شتەکە بەقەیرانی کانالی سوئیز بە ناوبانگە. بە خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نێودەوڵەتیی کەناڵەکە بە پێی بڕیاری ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٦ ی دەوڵەتی میسر گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. دەوڵەتەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا بە هاوکاری ئیسرائیل لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٥٦دا هێرشیان کردە سەر میسر بەڵام نەیانتوانی بە ئامانجەکانیان بگەن. ئێستا کە بەپێی ڕاگەیەنراوی ٢٤ ی نیسانی ١٩٥٧ دەوڵەتی میسر، پەڕینەوە لەم کاناڵە بە هەڵوێستی ئەم وڵاتەوە بەستراوەتەوە.

بە دەسپێکردنی شەڕی حوزیرانی ١٩٦٧، هات وچۆ لەم کەناڵەدا بەرتەسک بۆوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا کەناڵەکە کرایەوە.

کتێب سووتان — *Book Rurning*

لە دیاردەکانی سەرکوتی کولتووری لەو کۆمەڵگایانە دایە کە خاوەنی ڕژێمێکی دیکتاتۆرین. لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەڵمانیا ئەم زاراوە بە ڕووداوەکانی ڕۆژی ١١ی ئایاری ١٩٣٣ دەگوترێ کە بە پێی بڕیاری گوبلێز، وەزیری پڕوپاگەندەی ئەڵمانیای نازی، خوێندکاران هان دران تا ئەو کتێبانەی کە بە ئەڵمانی نەنووسرابوون لە کتێبخانەکان بیاهێنە دەر و بیانسووتێنن. ئەوان مەشخەڵی ئاوریان بەدەستەوە بوو و لە ناوەڕاستی شاردا بە ڕیزدە ڕۆیشتن و نزیکەی بیست هەزار بەرگ کتێبیان سووتاند. بە هۆی ئەم ڕەوتە، بەرهەمی جوولەکەکان، سۆسیالیستەکان، لیبراڵەکان و نووسراوەکانی توماس مان، ئەنیشتاین، فرۆید، پرۆست و هێربێرت جۆرج ڤێلزسووتێنران.

Kremlin کرەملین

زاراوەیەکی رووسیە بە واتای قەلایە. کرەملین کۆشکی گەورەی رووسیا لە مسکۆیە کە لە لێواری چەپی چۆمی مسکۆدا درووستکراوە و ماوەیەکی زۆر و هەتا پێش لە رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت، بنکەی سەرەکی دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە بوو. زاراوەی کرەملین لە زمانی سیاسەتدا بە واتای " حکوومەت و بەرپرسانی سۆڤیەت" یان بە واتای" سیاسیەتەکانی سۆڤیەت" بوو.

Krem Linism کرەملینیزم

ئەبجۆرە لە کۆمۆنیزم کە سەر بە سۆڤیەت ناوەندی سەرەکی و سەرەتایی کۆمۆنیزمی جیهانیە، ماوتسێ دۆنگ بە هەلگەراوە دەزانێ و پێیوایە کۆمۆنیزمی چین هەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەلّ مارکسیزم ـ لنینیزم داـ پچراندووە. کۆمۆنیزمی سۆڤیەت لە ناو هەموو سیستەمە کۆمۆنیزمەکانی جیهاندا لە هەموویان کۆنەپارێزترە. نێرۆکی سەرەکی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، "پاراستنی هەلومەرجی ئێستا" لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سۆڤیەت دایە.

Politicide کوشتاری سیاسی

کوشتاری سیاسی، کوشتاری رێکخراوی بەکۆمەلە بە هۆی هەلوێستی سیاسی و هاندان یان جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێک لە لایەن دەولەتێک یان دەست و پێوەندەکانی ئەو دەولەتە کە دەبێتە هۆی مەرگی بەرچاوی ئەندامانی گرووپێکی سیاسی. ئەگەرچی ژینۆساید و کوشتاری سیاسی لە بواری شیکاریەوە لە یەک ناچن، بەلاّم ئامانجی هەردوکیان لە ناوبردنی جەستەیی گشت یان بەشێک لە گرووپە دیارە رەگەزی و سیاسییەکانە. توێژەرەکان سەبارەت بە لایەنەکانی جیاوازی شیکاری ئەم رووداوانە لەگەلّ یەکتردا کۆک نین. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لێکۆلینەوەی بەراوردکاریان سەبارەت بە ژینۆساید کردووە، لە سەر پێوەندیی نێوان کوشتارە جەماوەرییەکان (Mass Slaughters) یان کوشتارە بەکۆمەلە رێکخراوەکان (Pogroms) لەگەلّ ژینۆسایددا کۆکن. توێژەرانی وەکوو" کوپتر" (Knper)، "فین" (Fein) و " هورووتیز" (Horowitz) ئەم رەوتانە بە ئالۆزی تێکدەرانەی پێکەوە بەستراوە، کوشتارە ئایدولۆژییەکان،

یان تەنیا بە ژینۆسایدیان دادەنێن. سەرەرای ئەوەی کە بەرهەمی ئەم توێژەرانە لە بەردەست دایە، بەدوو هۆ، هەست بە پێویستی روونکردنەوەی ژینۆسایدو پۆلی تیساید دەکرێ:

١ ــ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی رێک وپێک لە سەر ئەم رووداوانە نەکراوە.

٢ ــ سەبارەت بەوەش کە بۆچی ئەم رەوتە درەندانە بە درێژایی مێژوو و لە سیستەمە جیاوازەکاندا بەردوام دووپات دەبنەوە؛ لێکدانەوەیەکی گشتی تاقیکراوە لە ئارادانیە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی تائیستا کراون لەسەر هۆکارو گۆراوە جیاوازەکان پێدادەگرن. لەراڤە و شیکردنەوە سیاسییەکاندا، ئاماژە بە نیشانە جیاوازەکانی رۆڵی دەوڵەت و ئامانجەکانی ئەو کەسانەی کەئەم کردەوانە ئەنجام دەدەن، دەکەن. بۆ وێنە پتەوبوونی دەسەلاتی دەوڵەت لە دوای ئالووگۆرە سیاسییەکان یان دژکردەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر جیابیراندا. لێکدانەوە کولتوورییەکان ئاماژە بەو هەلومەرج و رەوشانە دەکەن کە نایەکسانیە لەمێژنیەکان بەرادەیەک قووڵ دەبنەوە کە گرووپێک بە کەلک وەرگرتن لە دەسەلاتی دەوڵەتی یان پاوانکردنی ئەم دەسەلاتە هەوڵی لادانی نەیارەکان دەدا. هێندێک لە توێژەرەکان رۆڵی ئایدۆلۆژی لەو سیستەمە پاوانخوازانەدا کە حاشا لە مافی تاقمێک دەکەن کە دەیانەوێ ژیانێکی بەرێزیان هەبێ، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنێن. ئەوانەی دیکەیش بایەخ دەدەنە ململانێی ئابووری و فاکتەرە نێودەوڵەتیەکان. بەلام بەبێ زانیارییەکی وردو رێک و پێک سەبارەت بە پانتایی ئەم رەوتانە، لانیکەم لە پانتایی سەدەی ٢٠ دا، ناتوانین گرنگی رێژەیی ئەم هەلومەرجانە هەڵ سەنگێنین یان تیۆری دڵنیاکەرو وەلامدەر بەچەند گۆراوێک سەبارەت بەم دیاردەیە ئاراستە بکەین.

لایەنە جیاوازەکانی ژینۆساید و پۆلی تیساید لەگەڵ هەوڵە سەرکوتکەرە "ئاسایی" یەکاندا، روون نین. لە کاتی شەردا، کوشتنی شەرکەرەکان شتێکی "ئاسایی"یە، لە حاڵێکدا کوشتاری هاوولاتیە مەدەنیەکان وا نیە.یەکێک لەو شتانەی کە لە بواری تیۆری و کردەیدا ژینۆسایدو پۆلی تیساید لێک جیا دەکاتەوە، لێرەدایە: ئەگەر هاوولاتیە مەدەنیەکان بەئەنقەست و بەشێوەی رێکخراو بکوژرێن، هەرچەندە لایەنگریان لە گرووپێکی نەیاری دەوڵەتیش کردبێ، ئەمە نموونەیەکی ژینۆساید یان پۆلی تیسایدە. ژینۆساید یان پۆلی تیساید بریتیە لە هاندان یان جێبەجێکردنی

www.perawipepwle.com

ئەو سیاسەتەنانەی کە دەوڵەتێک یان دەست و پێوەندەکانی ئەو دەوڵەتە دەیکەن کە دەبێتە هۆی نەمانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی گرووپێک. جیاوازی نێوان ژینۆساید و پۆلی تیساید بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوەیە کە دەوڵەت ئەو گرووپانە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە دەناسێتەوە. لە ژینۆسایدا گرووپی قووربانیی لە بنەڕتدا بەپێی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکان، واتە رەگەز، ئاین و نەتەوە دەناسرێتەوە، لە حاڵێکدا لە پۆلی تیسایدا، هۆکاری سەرەکی پێکهێنەری ئەو گرووپە لە بنەڕەتدا بە هۆی پێگەی ئەو گرووپە لە هیرەمی کۆمەڵایەتی یان بەهۆی دژایەتی سیاسی ئەو گرووپە لەگەڵ دەوڵەت و گرووپە زاڵەکان دایە.

کۆلدتیز — *Cohditz*

بەناوبانگترین بەندیخانەی دیلەکانی شەڕ لە ئەڵمانیای نازی. قەڵای کۆلدتیز لە ساڵی ١٠١٤ دا دروستکرا. لە ساڵی ١٨٠٠دا کردیان بە بەندیخانە و لە ١٨٢٨دا وەکوو شێتخانە کەڵکیان لێوەرگرت. لە ساڵی ١٩٣٩دا ئەفسەرە دیلەکانی پۆلۆنیا و لە ساڵی ١٩٤٠دا، ئەفسەرە بەلجیکیەکانیان ناردە ئەوێ. کۆڵدیتز، شوێنی حەوانەی دیلەکانی نەتەوە جیاوازەکان بوو کە لە ئۆردوگاکانی دیکە رایان کردبوو.

کەمالیزم — *Kemalism*

کەمالیزم بە ئایدۆلۆژی، بنەما و شێوازەکانی مستەفا کەمال پاشا، ناسراو بەئەتاتورک کە یەکەمین سەرک کۆمار و دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ بوو، دەگوترا. ئەم بنەمایانە کە بناغە سەرەکیەکانی حیزبی گەلیی تورکیا پێک دەهێنن بریتین لە: کۆماریخوازی، ناسیۆنالیزم، چاکسازیخوازی، عەلمانیەت، جەماوەریکردنی کاروبارەکان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز. لە هەوڵەکانی ئەتاتوورک بۆ بەرۆژئاواییکردنی تورکیا دەتوانین ئاماژە بە نەهێشتنی حیجاب، هەڵبژاردنی نازنامە، هەڵبژاردنی رۆژمێری زایینی و گۆڕینی رێنووسی عەرەبی بۆ لاتینی بکەن.

کەمالیزم لە راستیدا بۆ بەرۆژئاواییکردنی تورکیا دارێژرا بوو و کەمال پاشاش بۆخۆی بەچاکی هەستی پێدەکرد.

ئەتاتورک دەیویست بە هەوڵەکانی خۆی خەڵکی تورکیا لەو بنەماو ڕێوڕەسمانە کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێیەوە بەسترابوونەوە، هەڵبڕێ و بەرە شارستانیەتی رۆژئاوا هانیان بدا.

کۆمۆنی سەرەتایی Primative Commune

لە قامووسی مارکسیەکاندا، کۆمۆنی سەرەتایی یان کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی، یەکەمین شێوازی بەرهەمهێنان لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودایە. بناغەی ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە، خاوەندارێتی بەکۆمەڵی کۆمەڵەکان و گرووپە مرۆییەکان بەسەر ئامرازە زۆر سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان و کاری بەکۆمەڵ دا بوو. زەوی، ئامرازەکانی کار، خانوو و...هتد، موڵکی هاوبەشی بەکۆمەڵی هەموو تاکەکانی هۆزو عەشیرە و گرووپ بوو. بەرهەمهێنان بە شێوەی بەکۆمەڵ و بەهۆی ئامرازە سەرەتاییەکان جێبەجێ دەکرا.

کۆمۆنی پاریس The Paris Commune

زاراوەیەکی مێژووی فەرەنسەیە کە بە حکومەتی ٧٢ رۆژەی شاری پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا دەگوترێ. کۆمۆنی پاریس، بەرهەمی کۆمەڵێک رووداوی وەکوو شەڕی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا بوو. لە دوای ئەوەی سوپای ناپلیۆنی سێهەم لە سەدان خۆی بەدەستەوەدا، ئیمپراتۆریای دووهەم رووخا. شۆڕشی جەماوەری ٤ی ئەیلوولی ١٨٧٠ گەیشتە ئاکام، بەڵام رێبەرە سیاسییەکان ئاراستەی دەستکەوتەکانیان بە قازانجی خۆیان گۆڕی. لە حاڵێکدا کە سوپای ئەڵمانیا لە پاریسدا بەرەو پێشەوە دەرۆیشت، دەوڵەتی خۆی ناونا " دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی ". رۆژی ٢٢ی ئایار سەربازەکانی دەوڵەتی ڤێرسای بەرەو پاریس وەڕێکەوتن و خوێنرێژی " حەوتووی ئایار" دەستی پێکرد. هێزەکانی دژەشۆرش بەکەڵک وەرگرتن لە چەکوچۆڵی جیاواز، تۆڵەیان لە کۆمۆنارەکان (لایەنگرانی کۆمۆن) کردەوە. شەڕەکە لە رۆژی ٢٨ی ئایاری ١٨٧١دا، بە شکستی کۆمۆنی پاریس کۆتایی پێهات.

کۆمۆنیزم Communism

لە ساڵی ١٨٤٠ەوە کە زاراوەی کۆمۆنیزم بۆ تەباو؛ کۆمۆنیزم، واتای جیاوازی هەبووە، کە بە شێوەیەکی کورت ئاماژەیان پێ دەکەین:

١ـ رێکخستن و هەوڵێکە بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی هێندێک لە سۆسیالیستە یوتۆپیاییەکان. بە پێی بۆچوونی ئەمانە دەبێ هەموو سامان و داراییەکانی جیهان لە نێوان مرۆڤەکاندا بە شێوەی هاوبەشی بێ. هەموو کەسیک دەبێ کاربکا و بەپێی تواناییەکانی بەرهەم بێنێ و بەپێی

پێداویستیەکانیشی بەرکەوێ. ئەم ڕێچکەی سۆسیالیزم خاوەندارێتی تایبەتی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و شتومەکە بە کاربەریەکان قەدەغەدەکا.

٢ــ به هێندێک جیاوازی لەگەڵ پێناسەی یەکەمدا؛ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیە بە میتۆدێکی زانستی و واقعبینانەتر کە مارکس لە بۆچوونەکانی خۆیدا باسی کردووە: " مێژووی مرۆڤ، خەباتی بەردەوامی کۆمەڵەکان بۆ باشترکردنی باری ژیانیانە، خەباتێک کە لە قۆناغی سەرمایەداریدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی و لە ئاکامیشدا بە دیکتاتۆری پرۆلتاریا کۆتایی پێدێ".

لەم قۆناغەدا تاک بەرهەمی بایەخ پێدراوی کۆمەڵگایەکە کە توانایيەکانی لەوپەڕی خۆیاندا گەشەیان کردووە. هەرکام لە مرۆڤەکان بە شێوەی هاوسەنگ و ڕێک وپێک لە کۆمەڵگای خۆیاندا، سیمای کۆمەڵایەتی دەگرنە خۆ. لە بواری ئابوورییەوە، ئەم کۆمەڵگایە بە پێی ئەم یاسایە بەرێوە دەچێ: " هەموو کەسێک بە پێی توانایی و هەموو کەسێکیش بە قەد پێویستیەکانی".

٣ــ ئەو شتانەی لەو دوو حاڵەتەدا ئاماژەیان پێکرا؛ دەچنە خانەی مارکسیزمەوە، کە کۆمۆنیزم لە بواری تیۆرییەوە شی دەکەنەوە. بەڵام جگە لە تیۆری، ڕژێمگەلێکی دیار لە جیهانی ئەمرۆکەدا سەریان هەڵداوە (وەکوو کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، چین و دێموکراسیە جەماوەرییەکان) کە مارکسی ــ کۆمۆنیزمیان پێ دەگوترێ.

لە بواری سیاسییەوە ئەو کاتە کۆمۆنیزم دێتەدی کە دەوڵەت، وەکوو ئامرازێکی حکوومەتکردن بەسەر هەژار و بێبەشەکاندا لە ناو بچێ. لە ڕوانگەی ئابووریشەوە ئەو سیستەمانەی کە کۆمۆنیستین، لە ڕاستیدا سیستەم گەلێکی هاوبەشین (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە بەردەست دەوڵەت دان و خاوەندارێتی تایبەتی لەم سیستەمەدا نیە). بەڵام ئەمە تەنیا بۆ کۆمونیست بوون تەواو نیە، لە بواری کۆمەڵایەتیەوە لەو وڵاتانەی کە کۆمۆنیزمن، لە کاتی ئیستادا کە بۆ خۆیان پێی دەڵێن قۆناغی سوسیالیزم ئەم یاسایە زاڵە. " هەموو کەسێک بە قەد توانایيەکەی و بۆ هەموو کەسێکیش بە قەد کارەکەی".

٤ــ لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان یان لە سیستەم لیبراڵەکاندا، زاراوەی کۆمۆنیزم بۆ نیشاندانی ئەو ڕەوتە ئایدولۆژی و ئەو هەوڵە ستراتیژییە تایبەتیانە کەڵکی لێوەرگیردرێ کە

خۆیان بە شوێنکەوتووی مارکس دادەنێن و پیرەوی لە سیاسەتی ئەو سیستەمانە دەکەن کە کۆمۆنیزمیان پێدەگوترێ.

لە زۆربەی هەرەزۆر و نزیکە بە تەواوی وڵاتانی سەرمایەداری یان لیبراڵدا، حیزبە کۆمۆنیستیە شاراوە و ئاشکراکان خەریکی چالاکین. ئەم حیزبانە هەوڵی بەربلاو دەدەن تا لە نارەزایەتی خەڵک کەڵک وەرگرن و بەکەڵک وەرگرتن لەم نارزایەتیانە، ویژدان و وشیاری چینایەتی خەڵک پەرە پێ بدەن و پەروەردەی بکەن. و لە ئاکامیشدا خەباتی چینایەتی قووڵ بکەنەوە و بوار بۆ شۆڕش پێک بێنن. بەسەرهەڵدانی شۆڕش و دیکتاتۆری پرۆلتاریا، کۆتایی بە تەمەنی سەرمایەداری دێ.

کۆمۆنیزم بە پێی ئەم دوو واتایەی دوایی، لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات. لنین هەڵوەشانەوەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمی ڕاگەیاند و ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم یان کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی (کۆمینتێرن) پێکهێنا.

کۆمینتێرن و پاشانیش ستالین و ستالنیزم هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهانیان خستە ژێر کونترۆڵی توندوتۆڵی خۆیانەوە. نە تەنیا هەر حیزبی بۆلشڤێک، بە تەواوەتی یەکپارچە بوو، واتە تاقەتی هیچ ڕەخنە و دژایەتیەکی نەبوو، بەڵکوو هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهانیشی یەکپارچە کرد. هەموویان ناچار بوون ملکەچی کۆمنیتێرن بن. کۆمینتێرنیش کە ناوەندەکەی لە مۆسکۆدا بووە، پێرەوی لە حیزبی بۆ لشڤیک دەکرد. لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی چین و یۆگسلاڤیا کە هەر دوو شۆڕشەکە بە بێ بەشداری و خۆتێهەلقورتاندنی سوپای سوور سەریان گرتبوو و بە تایبەتی لە دوای کۆتایی سەردەمی ستالین، بارودۆخەکە گۆڕا و ئەو یەکپارچە بوونەی ڕابردوو لە جیهانی کۆمۆنیزم دا نەدەرەخساوە.

ئیستاکە شێوەی جیاوازی کۆمۆنیزمی سەربەخۆ سەریان هەڵداوە و بە تایبەتی ناکۆکیە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی نێوان سۆڤیەت وچین، ئەو دەرفەتەی خستە بەردەم حیزبە کۆمونیستیەکانی دیکە کە بەبێ هەستکردن بە ترس لە هەڵگەڕانەوەبوونی سیاسی، بڕوایان بە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو. لە دوای کۆمۆنیزمی جۆری یۆگسلاڤیا و چین و سۆڤیەتیش، کۆمۆنیزمی جۆری پۆلۆنیا و هەنگاریا و کووباش سەریان هەڵدا.

کۆمۆنیزم لە هێندێک لە وڵاتانەی کە سۆڤیەتیش یەکێک لەم وڵاتانە بوو، لایەنی شۆڕشگێری خۆی لە دەستدا. بە تایبەتی هاوسەنگی ترس لە شەڕی ناوەکی، سۆڤیەت و رۆژئاوای لە یەکتر نزیک خستەوە و پێشی بە هەموو پێکدادانێک دەگرت کەدەبووە ئەگەری هەڵایسانی شەڕی ناوەکی.

کۆمۆنیزمی نهێنی / خزۆک Crypto – Commnnist

بە لایەنگر یان بە ئەندامێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەڵێن کە بیروبۆچوونەکانی خۆی لە خەڵکی دیکە دەشارێتەوە.

کۆمۆنیزمی شەڕ War Communism

ئەم زاراوە بە یەکێک لە سێ قۆناغە بنەڕەتیەکەی مێژووی سۆڤیەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٢دا دەگوترێ کە لەم قۆناغەدا بنەما تیۆرییەکانی کۆمۆنیزم بە شێوەی تایبەتی جێبەجێ دەکران. واتە خاوەندارێتی تایبەتی هەڵ دەوەشایەوە. کەڵک وەرگرتنی هاوبەش بەسەرکەرتی کشتوکاڵدا دەسەپا. هەموو بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان کۆ دەکرانەوە و لە نێوان بەکاربەرەکان بە پێی پێداویستیەکانیان، بێ لەبەرچاوگرتنی کارەکەیان، دابەش دەکرا. بازاڕی میکانیزمی نرخەکان و دراو لە ناودەچوو و تەنانەت پێشنیاری ئەوەش کرا کە " یەکەیەکی کار" جێگەی دراو بگرێتەوە.

ئەگەرچی ئاکام و دەرئەنجامی ئەم هەوڵانە؛ سەر کەوتنێک بۆ سوپای سوور بوو، بەڵام بۆ ئابووری سۆڤیەت کارەسات بوو. چوونکە نیوەنجی بەرهەم هێنانی دانەوێڵە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٩ تا ١٩١٣ نزیکەی ٧٧ میلیۆن تەن بوو، لە دەیەی ١٩١٣ تا ١٩٢٣ بۆ ٤٩١٩ میلیۆن تەن دابەزی. رێژەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بە هۆی ئەم سیاسەتە، ١٨٠ پلە دەگەرێتەوە بۆ دواوە. لنین، رێبەری شۆڕشی سۆڤیەت ئەم راستییەی نەشاردەوە ورایگەیاند کە: " زیان و خەسارەکان ئەوەندە زۆرن کە ناتوانین بە جارێک پیشەسازی گەورەی دەوڵەتی و سۆسیالیستی دامەزرێنین. ئەم رەوتە بە واتای دامەزرانەوەی سەرمایەدارییە و بۆ جووتیارەکانیش بە واتای چاوپۆشی کردن لە جێگیر بوونی ئازادی بازرگانی و دەسەڵاتی سەربەستانەی بەرهەمی زیادەیە ".

www.perawipepwle.com

دەوڵەت هەوڵ دەدا تا لە ڕێگای داهێنانی تایبەتی و دنەدانی بەرژەوەندی تاکە کەسی؛ هۆگری بەبەرهەم هێنان پێکبێنێ. خاوەندارێتی تایبەتی، پیشەسازی چکۆلە و مامناوەند، دامەزراوە تایبەتیەکانی بواری کشتوکاڵیش جارێکی تر بیووژێنەوە. بازرگانی و کارو کاسبی تایبەتی ئازاد بکرێن، بازاڕ کە شوێنی بەیەک گەیشتنی داواو ئاراستە (عرض و طلب) بۆ دیاریکردنی نرخە، جارێکی تر بێتە کایەوە. لە ئاکامدا بەرهەم دەچێتە سەرەوە. لە ساڵی ١٩٢٦دا، بەرهەم گەیشتەوە ئاستی ساڵی ١٩١٣، بەڵام سیستەمی هاوبەشی خستە مەترسیەوە.

قۆناغی سێهەم:قۆناغی بەرنامەی پێنج ساڵەیە (١٩٢٨)، بەرنامە پێنج ساڵەکان لە ١٩٢٨دا، گەڕانەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی (ئۆرتۆدۆکس) بوو، بەڵام جێبەجێکردنی بەرنامەکان بە پێی پێداویستیەکانی سەردەم، بایەخیان پێدەدرا.

کۆمۆنیزمی زانستی — *Scientific Communism*

ئەم زاراوە لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە لایەن میخائیل سوسلۆف، تیۆری دارێژی بەناوبانگی سۆڤیەت لە کۆنگرەیەکی گەورەی ئایدۆلۆژیدا هاتە گۆڕێ. بە پێی بۆچوونی کۆمۆنیستەکان: " کۆمۆنیزمی زانستی بریتیە لە، زانستی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار و شۆڕش سۆسیالیستی و یاسایی بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی بینای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. کۆمۆنیزمی زانستی، باس لەزانستی پەڕینەوە لە سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم لە ئاستێکی جیهانی و پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی دەکا کە "سۆسیالیزم"، یەکەمین قۆناغەکەیەتی". کەواتە ڕوانگەی " کۆمۆنیزمی زانستی " بەرهەمی ئەو ئایدۆلۆژیەیە کە بە مەتریالیزمی دیالکتیک دەست پێدەکا و پاشان " مەتریالیزمی مێژوویی" و " ئابووری سیاسی" بە دوا دادێ.

کۆمۆنیزم، جەمسەرەکانی

جەمسەرەکانی کۆمۆنیزم لە جیهاندا بریتین لە :

١ــ کۆمۆنیزمی سۆڤیەت کە کەرەملینیزمیشی پێ دەڵێن و ناوەندەکەی مۆسکۆ؛ پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەتە.

٢ــ مائۆئیزم یان کۆمۆنیزمی چینی (کۆمونیزمی مائۆستەدۆن، ڕێبەری چین)

٣_ كاسترۆیزم (كۆمۆنیزمی تایبەتی داهێنراوی فیدێل كاسترۆ)

٤_ تیتۆئیزم (كۆمۆنیزمی مارشال تیتۆ، ڕێبەری یۆگسلاڤیا)

٥_ كۆمۆنیزمی ریفۆرمیزم (كە زۆربەی حیزبە كۆمونیستیەكانی ئەوروپای رۆژئاوا روویان تێكرد).

كۆمۆنیزمی نەتەوەیی National Communism

ئەم زاراوە بەرێبازی ئەو كۆمۆنیستانە دەگوترێ كە لەگەڵ سۆڤیەت یان لەگەڵ جەمسەرەكانی دیكەی كۆمۆنیستی لە جیهاندا، جیاوازیان هەیە و پێیانوایە كە دەسەڵات لە نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم زاراوە هاو واتای تیتۆئیزمە كە بۆ یەكەمجار لە دوای جیابوونەوەی تیتۆ، ڕێبەری یۆگسلاڤیا لە ساڵی (١٩٤٨) هاتە ئاراوە، بەڵام لە دواییدا واتایەكی بەربڵاوتری گرتەوە.

كۆمیتەی كۆتایی كۆلۆنیالیزم

The Special Committee [Of ٢٤] On Decolonization

لە ٢٤ ی ئەیلوولی ١٩٦٠دا، كۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان، ڕاگەیەنراوی بە خشینی سەربەخۆیی بەو وڵاتانە و خەڵكی ژێردەسەڵاتی كۆلۆنیالیزمی (ڕاگەیەنراوی كۆتایی كۆلۆنیالیزم) لە سەر پێشنیاری ٤٣ وڵاتی ئەفریقی و ئاسیایی بە ٩٠ دەنگی ئەرێ و ٩٩ دەنگی بێلایەن و بێ هیچ دەنگێكی نەیار پەسند كرد. لەم ڕاگەیەنراوەدا كۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاند كە: ژێردەستەبوون، چەوسانەوە، یان بەستراوەبوونی خەڵكێك لە لایەن حكومەتێكی بیانیەوە، پێشێلی بنەماكانی پێرەوپرۆگرامی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئازادی ومافە بنەڕەتیەكانە و كۆسپێك لە بەردەم پەرەپێدانی ئاشتی و هاوكاری نێودەوڵەتیە. بۆ لەناوبردنی ئەم ڕەوشە، كۆمەڵەی گشتی خوازیاری " كۆتاییهێنانی خێرا و بێ شەرت و مەرجی هەموو شێوەكانی كۆلۆنیالیزم و سەربە خۆیی دەستبەجێی هەموو وڵاتە ناخودموختارەكان، چ وڵاتانی ژێرسەرپەرەستیاری، كۆلۆنیەكان و چ ئەو هەرێمانەی دیكەش كە لە مافی خودموختاری بێبەشن "، بوو.

ماددەی پێنجی ڕاگەیەنراوی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتەکان و خەڵکی ژێردەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، دیاری کردووە کە بۆ ئەسپاردنی دەسەڵات بە خەڵکی وڵاتانی ژێرسەرپەرستیاری و ناخودموختارو هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئیستاکەش نەگەیشتوونەتە سەربەخۆیی، بە بێ هیچ کۆت و بەندێک و بە پێی حەزو ویستی ئازادنەی خۆیان دەبێ هەوڵی خێرابدەن تا بتوانن بە سەربەخۆیی و ئازادی تەواوەتی بگەن.

هەروەها ئەم ڕاگەیەنراوە کە لە سەر ئەم خاڵەش پێیدا دەگرت کە نەبوونی ئامادەیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کولتووری نابێ ببێتە بیانوویەک بۆ وەدواخستنی سەر بەخۆیی ئەم وڵاتانە.

کۆمیسیۆنی برانت (١٩٧٧) Brandt Commission

ئەم کۆمیسیۆنە لە تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٧٧ لە ژنێڤدا پێکهات و لە ڕێکەوتی ٩ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، بۆ لێکدانەوەی گیروگرفتەکان لە چوارچێوەی " کۆمیسیۆنی سەربەخۆی لێکدانەوەی مەسەلەکانی گەشە کردن و پەرەسەندنی جیهان" و ئاراستە کردنی چارەسەری شیاو و بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاریدا، دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. پێشنیاری پێکهێنانی ئەم کۆمیسیۆنە لە لایەن ڕۆبێرت مەک نامارا، وەزیری پیشووی بەرگری ئەمریکا و سەرۆکی بانکی جیهانی " هاتە گۆڕ (١٥ کانوونی دووهەمی ١٩٧٧) و لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئەیلوولدا ڤیلی برانت، ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئامادەیی خۆی بۆ وەگەڕخستنی ئەم گەلاڵە دەربڕی. کۆمیسیۆن لە شوباتی ساڵی ١٩٨٠دا، ڕاپۆرتی سەرەکیی خۆی لە ژێر ناوی "باکوور — باشوور : گەلاڵەیەک بۆ مانەوە" و ڕاپۆرتی تەواو کەری خۆی پاش سێ ساڵی تر بلاوکردەوە. ئەم ڕاپۆرتە بە " ڕاپۆرتەکانی برانت"یش بە ناوبانگە.

کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە
International Commission Of Investigation

کەڵک وەرگرتن لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە، یەکێک لە ڕێگاکانی ئاشتیانەی چارەسەری کێشەی نێودەوڵەتیەکانە. ئەم ڕێگا چارە بریتیە لەوەی کە لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەیەکدا، کێشەکە

دەسپێرنە چەند کۆمیسێرێکی تایبەتی لێکۆڵینەوە. ئەرکی ئەم چەند کۆمیسێرە" دیاریکردنی نێوەڕۆک و چۆنێتی کێشە" کەیە و بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نیە سەبارەت بە بەرپرسیارەتی کەسەکان لە کێشەکەدا هیچ شتێک بڵێن. چونکە ئەگەر ڕاپۆرتە کە بە شێوەی عەینی و ڕاست ئامادە کرابێ، بەرپرسیارەتی هەرکەسێک بۆ خۆی دەردەکەوێ. تەنیا وڵاتانی پێوەندیدار مافی ئەوەیان هەیە لەو ڕاپۆرتەدا دەرئەنجام وەرگرن و کێشەکە لە نێوان خۆیاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ چارەسەربکەن یان ئەوەی بینرێنە لای نێوبژیوانێک کە چارەسەری کێشەکە بکا.

ئەم شێوە بەرهەمی کۆنفرانسەکانی ئاشتی لاهەیە. ماددەکانی نۆ تا سی و شەشی ڕێککەوتننامەی ژمارەیەکی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٧ سەبارەت بەم حاڵەتەیە. بە پێی سیستەمی لاهە کەڵک وەرگرتن لە کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی بەم ڕێسایانەوە بەستراوەتەوە:

الف_ ئەرکی ئەم کۆمیسیونە دیاریکردنی چۆنیەتی ڕووداوی کێشە کەیە.

ب_ لایەنەکان لە جێبەجێکردن یا جێبەجێ نەکردنی ئەم شێوەدا سەربەستن.

ج_ ئەم کۆمیسیۆنە بە گرێدانی ڕێککەوتننامەیەکی تایبەتی دادەمەزرێ.

د_ لایەنەکان لە ڕاپۆرتی کۆمیسیوندا سەربەستن و هەر چونێک کە پێیان باش بوو، جێ بەجێی دەکەن.

Palme Commission

کۆمیسیۆنی پاڵمە

ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە بۆ لێکۆڵینەوەی چەک داماڵین و ئاسایش بە سەرۆکایەتیی ئولاف پاڵمە، سەرۆک وەزیری سوید کە هەتا کۆچی دوایی لە ساڵی(١٩٨٥)دا، سەرۆکایەتی ئەم کۆمیسیۆنەی لە ئەستۆدا بوو. ئەم کۆمیسیۆنە ڕاپۆرتی سەرەکی خۆی لە ژێر ناوی " ئاسایشی گشتی: پلانێک بۆ مانەوە" لە ساڵی ١٩٨٢دا، بڵاو کردەوە و بەراپۆرتێکی کورت لە ژێر ناوی " جیهانێک لە ئاشتیدا: ئاسایشی گشتی لە سەدەی بیست و یەکەم"دا (لە ساڵی ١٩٨٩) کۆتایی بەکاری خۆی هێنا.

ئەم ڕاپۆرتانە پێشنیارگەلێکی پتەو ڕێک و پێکیان سەبارەت بە " پێکهێنانی ناوچەیەکی بێ چەکی ناوەکی " لە ئەورووپای ناوەڕاستدا لە خۆ گرتبوو. ئەم پێشنیارانە زۆر بە پارێزەوە

داریژرابوون و دەربری مەبەست و ئامانجی لایەنە ناکۆکەکان لەسەر" جێگربوونی ئاشتی دوولایەن"ەیە.

کۆمیسیۆنی پالمە بە هۆی پاریزگار بوونیەوە، لە لایەن بالە رادیکالەکانەوە کەوتۆتە بەر رەخنە.

کۆنترۆڵی چەک و چۆلەکان — *Arms Control*

پرۆسەیەکە کە ئامانجەکەی دانانی کۆمەلێک یاسایە بۆ کەلک وەرگرتنی بەجێ لە چەک و چۆلەکان. لە حالێکدا کە ئامانجی چەک دامالین گەیشتن بە ریگای ئاشتیانە بە هۆی لە ناوبردنی چەک و چۆلەکانە. کۆنترۆلی چەک و چۆلەکان بە ستراتیژیی جۆراجۆر و گریدانی ریککەوتننامەی جیاواز جێبەجێ دەبێ وەکوو:

١ــ کەمکردنەوەی ریژەو و جۆری ئەو چەک و چۆلانەی لە شەردا کەلکیان لێ وەردەگیردرێ.

٢ــ کەمکردنەوەی ریژەی توانایی لێکدانی چەک و چۆلەکان بە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی جبەخانەکان.

٣ــ کەمکردنەوەی ریژەی چەک و چۆلەکان.

٤ــ قەدەغەکردنی کەلک وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایەی کە رەنگە کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان لە سەرهاوسەنگی هێزەکان هەبێ.

٥ــ پەرەپێدانی چارەسەرییە دلنیاکەرەوەکان.

ریککەوتننامەی کۆنترۆلی چەک و چۆلەکان دەبێتە هۆی پەرەنەگرتنی برێک لە چەک و چۆلەکان و سیستەمەکانیان و کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم بەرهەمهێنان و کەلک وەرگرتن لەم چەک و چۆلانە دادەنێ کە رەنگە ببنە هۆی زۆرتربوونی ئەگەری شەر. لە سالی ١٩٤٥ەوە، هێندێک لە ریککەوتننامەکانی کۆنترۆلی چەک و چۆلەکان، زیاترلایەنی پەرەنەگرتنی چەکە ناوەکی، کیمیایی وبایۆلۆجیەکان، مەسەلەکانی پێوەندیدار بە سیستەمی مووشەکە دژە بالیستیکیەکان و کەمکردنەوەی تاقیکاریە ناوەکیەکانی لەخۆ گرتووە. هێندێک لە گرنگترین ریککەوتننامە کانی کۆنترۆلی چەک وچۆلەکان بریتین لە:

www.perawipepwle.com

- پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ ی ژنێف سەبارەت بە کەڵک وەرنەگرتن لە گازە ژەهراوییەکان و چەکە باکتریۆلۆجیەکان
- ڕێککەوتنی ١٩٥٩ی جەمسەری بەستەڵەکی باشوور، سەبارەت بە دامەزراندنی بنکە سەربازییەکان لەم ناوچەدا.
- کۆمیسیۆنی ١٩٧٢ی چەکە بایۆلۆجیەکان سەبارەت بە بەرهەم نەهێنان و خاوەنداریێ چەکە بایۆلۆجیەکان
- ڕێککەوتنی ١٩٦٨ پەرەپێنەدانی چەکە ناوەکیەکان (NPT).
- وتووێژەکانی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژییەکان، ناسراو بە سالتی ــ١ (SALT.١) ١٩٧٢.
- ڕێککەوتنی ١٩٨٩ی کەمکردنەوەی هێزە ئاساییەکان لە ئەورووپادا (CAFÉ)
- وتووێژەکانی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژییەکان (٢ــ١٩٩١) ناسراو بە ستارتی ــ١ (START)
- کۆنڤانسیۆنی ١٩٩٣ ی چەکە کیمیاییەکان (CWC) کە خوازیاری فەوتاندنی کۆگای پاراستنی چەکە کیمیاییەکانی ئەو دەوڵەتانەیە کە ماوەی یەک دەیەیە ئەم کۆنڤانسیۆنەیان مۆر کردووە.

یەکێک لە و ئاستەنگانەی کە لەبەردەم کۆنترۆلی چەک و چۆڵەکان دایە؛ مەسەلەی هەڵە نەکردنی تاقیکردنەوەکانی (verification) پرۆسەی کۆنترۆڵە کە سەرەڕای بوونی سەتەلایتە زۆر پیشکەوتووەکان، ناتوانرێ بڕوا بە جموجۆڵی دەوڵەتەکان بهێنرێ. ئەگەرچی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆخۆی یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ئەم کۆنڤانسیۆنەی مۆر کردووە. بەڵام برێکی زۆر چەک و چۆڵی کیمیایی بەرهەم هێناوە و لە کۆگاکاندا دەپارێزێ. لە لایەکی دیکەوە سەپاندنی گەمارۆی دیپلۆماتیک و ئابووری تەنیا پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر وڵاتەبێ هێزو لاوازەکان و لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چین و رووسیا کاریگەری نابێ. ئەورەخنەی هاتۆتە سەر ڕێککەوتنی ١٩٦٨ی پەرەپێ نەدانی چەکە ناوەکیەکان ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتننامە تەنیا وەکوو" شمشێری دامۆکلێس" بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم وایە و زیاتر پەرە بە هەژموونی دەسەڵاتە گەورەکان دەدا تائەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان کەم بکاتەوە.

کۆنسێرتی ئەورووپی — *Europcan Concert*

کۆنسێرتی ئەورووپی لە پێنج دەسەڵاتی گەورەی دیراکتۆری (هەڵبژاردە) ئەورووپا پێکهاتبوو کە لە ساڵی ١٨٥٦ دا ساردنیش بووە ئەندامی ئەم کۆنسێرتە. کۆنسێرتی ئەورووپی لە سەردەمی سەربەخۆیی بەلجیکا لە ساڵی ١٨٣٠دا پێکهات و تا شەڕی یەکەمی جیهانیشی خایاند. بەپێی ئەو کۆنفرانسانەی کە پێوەندییان بە کۆنسێرتی ئەورووپییەوە هەبوو، وڵاتە گەورەکان ئەورووپا بوونە خاوەن مافی بڕیاردان سەبارەت بە چارەنووسی وڵاتانی دیکە، بێ ئەوەی نوێنەری ئەم وڵاتانە لەو کۆنفرانسانەدا بەشداربن. ئامانجی کۆنسێرتی ئەورووپی، راوێژی هاوبەش سەبارەت بە هێندێک مەسەلە و پاراستنی هاوسەنگی لە ئەورووپا بە تایبەتی بەسەرنجدان بە بارودۆخی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو. بەگشتی ئەم بیرۆکەیە زاڵ بوو کە دەسەڵاتە گەورەکان بۆ هەوڵی هاوشێوە لە بابەت ئەورووپادا، لە پێناوی دابینکردنی ئاسایش و هێنمایەتی بەردەوامی ئەورووپا، بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. سەرەڕای ئەمە کاتێک لە نێوان خۆیاندا، کێشەیەک سەری هەڵدەدا؛ کۆنسێرتی ئەورووپی هیچ دەورێکی نەبوو و هەرئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لە ساڵەکانی ١٨٧٠ و ١٩٤٠ دا.

کۆنسێرتی لایڤ — ٨ — *Live -٨*

بەگەورەترین رووداوی موزیک و تەلەفیزیۆنی مێژووی مرۆڤ دەگوترێ کە بە ئامانجی ناچارکردنی سەرۆکانی وڵاتە پیشەسازییەکانی رۆژئاوا لە کۆبوونەوەکانی گرووپی ٨ (سکۆتلەند ـ ٦ی تەمموزی ٢٠٠٥) بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئەفریقیا، لە پایتەختی وڵاتە گەورەکانی جیهاندا (بەرلین، پاریس، تۆکیۆ، رۆما، فیلادلفیا، باری لە کانادا، لەندەن، مۆسکۆ، ژۆهاسنبۆرگ) بەڕێوەچوو (٢ی تەمموزی ٢٠٠٥). پەیامی کۆبوونەوەی لایڤی_٨ ئەوە بوو:

"خێرمان پێ مەکەن، ئێمە بەدوای دادپەروەری و یەکسانیدا دەگەڕێین؛ هەژاری بە مێژوو بسپێرن و بۆ خۆتان مێژوو ساز بکەن".

ڕێکخەری ئەم هەوڵە، سێربۆب گوڵدۆف؛ گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئایرلەندا بوو کە لە ساڵی ١٩٨٥ شدا ڕێوورەسمێکی بەو شێوەی بەناوی Live Aid بەڕێوە بردبوو. داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە زمانی موزیک دەدوا بریتی بوون لە :

١_ هەڵوەشانەوەی تەواوەتیی قەرزی وڵاتانی ئەفریقیا

٢_ دووهێندەکردنی یارمەتی وڵاتانی دەوڵەمەند بۆ ئەفەریقیا

٣_ پەسندکردنی یاسای بازرگانی دادپەروەرانە لە ئەفریقیادا.

Consul

کۆنسول

زاراوەیەکی لاتینیە و لە بنەڕەتدا بە واتای هاوبەش (شەریک)ە.

کۆنسولْ ناوی یەکێک لە دوو حاکمەکەی ڕۆما لە دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ساڵی ٥٠٩دا بوو کە بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردران، بەو مەرجەی زۆرینەی دەنگەکانیان مسۆگەر کردبا، هەموو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و سەربازیان جێبەجێ دەکرد و دەشیان توانی پەسندکراوەکانی سەنای ڕۆما ڤیتۆ بکەن. لە سەدەکانی ناوەراستدا، لە فەرەنسادا بە دادوەرە هەڵبژێردرادەکانی هێندێک لە شارەکانی باشووری ئەم وڵاتە دەگوترا. هەروەها لە ساڵی هەشتەمی شۆڕشی فەرەنسا تا کاتی دامەزرانی ئیمپراتۆریا (١٨٠٤_ ١٧٩٩) بەو سێ کەسانە دەگوترا کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵاتیان لە ئەستۆدابوو و ناپلیۆن بوناپارت کۆنسولی یەکەم بوو.

بەڵام لە سەدەی ١٩ بەملاوە؛ کۆنسول واتایەکی نوێی پەیدا کردووە. بە پێی ئەم واتا نوێیە، کۆنسول بە چینێک لە ڕاسپێردراوەکانی دەوڵەت دەگوترێ کە لە وڵاتێکی بیانیدا، ئەرکی پاراستن و پشتیوانیکردن لە بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی وڵاتی خۆیان و هەروەها گواستنەوەی زانیاری بازرگانی و سیاسیان بۆ وڵاتی خۆیان لە ئەستۆ دایە.

سەرەتای دامەزرانی کۆنسول دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریای ڕۆما. لەو کاتەوە بەرەبەرە کۆمەڵێک ڕێسا بۆ مافی بیانیەکان دیاریکراون کە بوونە بنەمای هێندێک لە یاسا نێودەوڵەتیە کانی تایبەتیەکانی سەردەمی ئێستا. بازرگانی و ئاڵوگۆر لە نێوان هێندێک لە شارە خودموختارەکاندا دەبووە هۆی ئەوەی کە هەمیشە هێندێک کەس لە شارێکە و بۆ شارێکی دیکە بەمەبەستی سات و سەودا لە هات و چۆدابن کە ئەمانە لەو شارانەدا بێگانە بوون. پاشان لە نێوان

هێندێک لە شارو ولاتەکانی ئەو کاتدا سات و سەودای بازرگانی پەرەی گرت (کەزیاتر لە دەریاوە دەکرا) کە ئەمە بوو بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی بیانیەکان و کەرەسە بیانیەکان لە بەندرەکان و پێکهاتنی گیرو گرفت و کۆسپ لەبەردەم کارو بەرژەوەندی بیانیەکاندا. بەم هۆیە ئەم بێگانانە بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانیان لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و لە هەرگەڕەکێکدا کەسێکی بەتوانایان لە ناو خۆیاندا (هاولاتی خۆیان) هەڵدەبژارد کە کێشەو گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکا.

ئەمە بوو بە بنەماو بناغەی کۆنسولی لە کاتی ئێستادا، و چوونکە لە سەرەتادا لە شارەکان و بەندرەکانی ئیتالیادا سەریهەڵدا و بە نوێنەری هەڵبژێراوی ولاتێکی بیانیان دەگووت کۆنسول.

هێندێکی دیکە دامەزرانی کۆنسول دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن. بەو جیاوازییەی کە ئەو کەسەی کە بۆ پشتیوانی و پاراستنی هاولاتیانی بیانی دیاری دەکرا، لەناو خەلکی ولاتی خانە خوێدا هەڵدەبژاردراو بەو کەسەش کە هەڵدەبژێردرا: " پرۆکزنۆس"یان پێ دەگووت. کە واتە ئەگەر تەنیا لە روانگەی بەڕێوبردنی ئەرکەوە چاو لەم بابەتە بکەین، دەتوانین دامەزرانی کۆنسولی بگەڕێنینەوە بۆ یۆنانی کۆن. بەلام ئەگەر لە روانگەی چۆنیەتی کەسایەتی کۆنسول و هاوولاتی بوون و ئەرکەکانەوە سەیری کۆنسول بکەین، رەنگە مێژووەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەولاوەتر نەڕوا. جیاوازی بنەڕەتیی نێوان کۆنسولی ئیتالی و یۆنانی ئەوەیە کە لە یۆناندا ئەو کەسەی کە پشتیوانی لە بیانیەکان دەکرد، هاوولاتی ئەوان نەبوو و وەکوو راسپێردراوێکی ئەو ولاتە بۆ چاوەدێریکردن بەسەر بارودۆخی بیانیەکاندا کاری دەکرد. بەلام لە ئیتالیادا کۆنسول هاوولاتی بیانیەکان بوو کە پشتیوانی لێدەکرا.

دامەزرانی کۆنسولی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەملاوە، ئالوگۆڕی بە سەرداهات کە ئاکامی گۆڕانکاری لە پێوەندییە نێودەولەتیەکاندا بوو. دەسەلاتی پاشاکانی ئەورووپا و ویستی ئەوان بۆ سەپاندنی کەسایەتی خۆیان و هەروەها سەرهەڵدانی چەمکی نوێی دەولەت و دەسەلاتدارەیتی بوونە هۆی ئەوەی کە دەولەتەکان زیاتر لە جاران بەرژەوەندی بازرگانی هاوولاتیەکانیان، بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن و هەولی زیاتر بۆ پشتیوانی کردنیان بدەن. لەلایەکی دیکەوە دەولەتەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسەلاتداریتی خۆیان، زۆرتر لە جاران جموجۆلی بیانیەکان بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە یان بەرتەسکی بکەنەوە. ئەم دوو ئاراستە ناکۆکە ــ کە دەولەتەکانی لە بەرامبەر یەکتردا رادەوەستاند ــ بوونە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەی کۆنسولی لە حالەتی تایبەتی و ئازاد

بێتەدەر و ببێتە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی. جگە لەمە هات و چۆی بازرگانەکان بۆ وڵاتانی دیکە زۆرتر دەبوو و بە تایبەتی پەرەگرتنی دەریاوانی و بوونی و پاپۆرە بیانیەکان لە بەندەرەکاندا، کێشەی زۆری بۆ هاووڵاتیە بیانیەکان و شتومەک و هەروەها سات و سەوداکانیان لەگەڵ هاووڵاتیانی نێوخۆیی کە لە لایەن یاسا نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتەوە پشتیوانیان لێدەکرا، پێکدێنا.

رەنگە بەریتانیا کە خاوەنی گەورەترین سیستەمی گواستنەوەی دەریایی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بوو، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیەکانی لە بەندەرە جیاوازەکانی ئەورووپا بوون و برێکی زۆر لە کەرەسەکانی ئەم وڵاتە لە شوێنە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا، یەکەم وڵات بووبێ کەرسەرەتا لە ڤێنیز و پاشان لە شارەکانی دیکەدا راسپێردراوی دەوڵەتی دامەزراند. ئەم راسپێردراوە دەبوایە لە لایەن دەوڵەتی بەرامبەر تەئیید بکرایە، هەتا بەتەنگ داواکارییەکانەوە بهاتایە و لەوڕێکەوتەوە دامەزراوەی کۆنسولی بوو بە ئەرکیکی دەوڵەتیی، بەڵام ئەو کۆنسولەی کە دیاری دەکرا، یەکێک لە بازرگانەکان یان هاووڵاتیەکی بەریتانی نیشتەجێی ئەو شوێنە بوو.

ئاڵوگۆڕێکی دیکەش بەسەر دامەزراوەی کۆنسولی داهات کە ئاکامی پەرەگرتنی بازرگانی و زۆربوونی سەردانی هاووڵاتیانی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنیکی و پەرەسەندنی ئامرازەکانی گواستنەوە بوو. پەرەگرتنی بەرژەوەندی بازرگانی وڵاتەکان بوو بە هۆی زۆرتربوونی گیروگرفت کە ئاکامەکەی، زۆرتروبوونی ڕێژەی هاووڵاتیان لە دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیاندابوو. هەر لەبەر ئەوە، بۆ نەهێشتنەوی کێشە جیاوازەکان ، گرووپێکی تایبەتی لە راسپێردراوە حکومەتیەکان بۆ بەرێوبردنی کاروباری کۆنسولی راهێنران کە ئەرکی ئەمانە لەگەڵ راسپێردراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا جیاوازی هەبوو.

چوونکە پێوەندییە دیپلۆماسیەکان، پێوەندیان بە کاروباری نێوان دەوڵەتەکان هەیە و پێوەندییە کۆنسولیەکان، پێوەندییان بە هاووڵاتیانەوە هەیە، پێوەندییە کۆنسولیەکان درەنگتر چوونە ژێر باری یاساورێساکانی هاوبەشی نێوان دەوڵەتەکان. بەو پێیەی کە ئەم یاسا و رێسایانە ئاکامی لێک تێگەیشتنی نێوان دەوڵەتەکان نین، بەڵکوو ئاکامی رێککەوتنی راشکاوانەی دەوڵەتەکانن، دەبوایە بە پێچەوانەی پێوەندییە دیپلۆماسیەکان لە رێککەوتننامە دوولایەنەکاندا، وردەکارییەکان دیاری بکرانایە. هەر لە بەر ئەمەش بوو کاتێک کە رێسای پێوەندییەکۆنسولیەکان لە رێککەوتننامەیەکی گشتیدا دارێژرا، لەو کۆمەڵە یاسایانە کەڵک وەرگیردرا کە لە رێککەوتننامە

www.perawipepwle.com

دوو لایەنە جیاوازەکاندا کەڵکیان لێ وەرگیرابوو. ئەرکەکانی کۆنسول لە ماددەی ٥ی ڕێککەوتننامەی ١٩٦٣ ی ڤیەننادا بە تێروتەسەلی باسکراوە.

کۆنسولخانە Consulate

کۆنسولخانە لە پێش بالوێزخانەدا پێکهاتووە و ئامانج لە دامەزرانی کۆنسولخانە، بەرێوەبردنی کاوبارەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتان لە دەوڵەتە بیانیەکان دایە. سەبارەت بە سەرچاوەی کۆنسولخانە بیرورای جیاواز هەن:

هێندێک پێیانوایە کە سەرچاوەی کونسولخانەکان" پرۆکزنۆس"، کانن. لە یۆنانی کۆندا وا باو بوو کە هەر وڵاتێک یەکێک لە هاوڵاتیانی خۆی دەناردە وڵاتێکی بیانی تا لە بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی نیشتەجێیێ خۆی لە ووڵاتەدا پشتیوانی بکا. بەم راسپێردراوەیان دەگووت: پرۆکزنۆس Proxenns. وشەی Proxenns لە پێشگیری PROبە واتای " پێش " و Xenos بە واتای " میوان "پێکهاتووە . لە لێکوڵینەوەی باری ئەم کۆنسولانەدا وا دەردەکەوێ کە هێندێک جار ئەرکی کۆنسول بە شێوەیەکی دەگمەن لە لایەن یەکێک لە هاووڵاتیانی وڵاتی خانەخوێوە جێبەجێ دەکرێ. واتە ئەگەرچی ئەم کەسە خەڵکی وڵاتی خانەخوێیە، کەلەم حاڵەتەدا پێی دەڵێن " کۆنسولی بازرگانی ". بەڵام دەبێ ئەومان لە بیر نەچێ کە ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە و کۆنسولە راستەقینەکان ئەو کەسانە بوون کە لە لایەن وڵاتی خۆیانەوە بەمەستی پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەنێردرانە وڵاتە بیانیەکان. هێندێکی دیکە لە لێکۆلەرەوەکان پێیانوایە سەرچاوەی کۆنسولخانەکانی ئەمرۆکە "کۆنسولی دەریا" یان " کۆنسولەکانی سەر دەریا"ی سەدەکانی ١٢یان ١٣ بوون. کۆنسولەکانی دەریا ئەرکێکی تایبەتیان لە بەندرەکاندا سەبارەت بە پاپۆرەکان هەبووە کە لە کاتی گەشتی سەردەریادا پارێزگاری لە سامانی بازرگانەکان بکەن. لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا ئەمرۆکە کۆنسولەکان بەم شێوەیە دابەش کراون:

١ــ سەرۆک کۆنسول	٢ــ کۆنسول
٣ــ جێگری کۆنسول	٤ــ نوێنەری کۆنسول

دیاریکردنی پلە کۆنسولیەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا بەو بایەخ و گرنگیەوە بەستراوەتەوە کە ئەو دەوڵەتەی کە کۆنسولەکەی ناردووە، بۆ کۆنسولە نەگۆڕەکانی خۆی دایدەنێ. سەرۆک کۆنسولەکان بۆ ناوەندە پیشەسازی و ئابووریە گەورە و بەندەرە گرنگەکان دیاری دەکرێن. نوێنەرە کۆنسولیەکان لە شار و بەندەرە چکۆلەکان و لە و شوێنانەی کە بازنەی تێکۆشانی کۆنسولی زۆر بەربلاو نیە، خەریکی بەرێوبردنی ئەرک دەبن. بەرێوەبەریە کۆنسولخانەکان بە پێی گرنگی سەرۆکەکانیان، سەرۆکی کۆنسولخانە، کۆنسولخانە، جێگری کۆنسول و نوێنەرایەتیی کۆنسولخانە (ئاژانسی کۆنسولخانە)یان پێ دەگوترێ.

Confederation

کۆنفیدراسیون

کۆنفیدرارسیۆن، یەکیەتیەکی رەسمیە لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە پێوەندیەکی لاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بە پێی رێککەوتنێک کە زیاتر بە هۆی ئەم رێککەوتنەوە؛ کۆڵەکەیەکی دەسەڵاتی ناوەندی کە خاوەنی دەسەڵاتی دیاریکراو لە کاروباری دەوڵەتانی ئەندام دایە، پێکدێ، بەڵام بە شێوەی راستەخۆ بە سەریاندا حکومەت ناکا. لە کۆنفیدراسیۆنێکدا دەوڵەتە بەشدارەکان دەسەڵاتی سەربەخۆیان هەیە و دەتوانن لەم یەکیەتیەش جیا ببنەوە. لە نێوان وڵاتی فیدراڵ و کۆنفیدراسیۆندا جیاوازی هەیە. وڵاتی فیدراڵ بابەتێکی یەکگرتووی یاسا نێودەوڵەتیەکانە کە بە شێوەی راستەوخۆ ئۆتۆریتەی خۆی بەسەر هاووڵاتیانی ناو یەکەکانی خۆیدا دەسەپێنێ. لە سەردەمی ئیستادا، ژمارەیەکی کەم کۆنفیدراسیۆنی راستەقینە لە ئارادان. ئەگەرچی لە زاراوەناسی (تەرمینولۆژیای) فەرەنسی، ئیتالی ولاتیندا، خەڵکی سویسرا، هەروا بە سیستەمی خۆیان دەڵێن کۆنفیدارسیۆن کە لە ساڵی ١٨٤٨دامەزراوە. بەلام سەرەڕای ئەمەش سویسرا هەر وڵاتێکی فیدراڵە.

سویسرا تا پێش ساڵی ١٨٤٨، لە نێوان ساڵەکانی (١٧٩٨ ـ ١٢٩١) و (١٨٤٨ ـ ١٨١٥)دا کۆنفیدراسیۆن بوو. بە پێی پێڕەوپڕۆگرامی کۆنفیدراسیۆن، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش لە ساڵی ١٧٨١ تا ١٧٨٩ کۆنفیدراسیۆنێکی پێکدێنا. ئەو کۆنفیدراسیۆنەی کە کۆماری ئەمەریکای پێ دەگوترا(هێندوراس، نیکاراگواو سان سالڤادۆر) لە ساڵی ١٨٩٥ تا ١٨٩٨ لە ئارادا بوو. کاتێک کە لە ساڵی ١٩٨١دا گامبیاو سێنێگال کۆنفیدراسیۆنی سینە ــ گامبیایان پێکهێنا، بە شێوەی رەسمی کۆنفیدراسیۆنێک پێکهات. یەکیەتیی نێوان لیبیاو مەراکیش کە بەپێی

ڕێککەوتننامەی نێوان ئەو دوو وڵاتە پێکهات و لە ساڵی ١٩٨٦دا، مەراکیش خۆی لە کێشایەوە لە کردەوەدا کۆنفیدراسیۆنێکی لاواز بوو کە زۆر لەو شەش یەکیەتیەی پێشووی لیبیا دەچوو کەلەگەڵ هێندێک لە وڵاتانی عەرەبیدا پێکی هێنابوو. هەموو ئەو یەکیەتیانەی کە لیبیا تێیاندا بەشدار بوو لە دوای ماوەیەکی کورت هەڵوەشانەوە.

کۆنفرانس — Conference

ئەم زاراوە ئەم واتایانە لە خۆ دەگرێ:

١ ـ بە کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی سیاسی دوو یان چەند دەوڵەتێک دەگوترێ کە هەرکامیان دەسەڵاتی تەواویان هەیە، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری و گەیشتن بە دەرئەنجامێک لە بوارێک یا چەند بوارێکی سیاسی نێودەوڵەتیدا. چارەسەرییەکان و دەرئەنجامە وەرگیراوەکان دەبێ لە بەڵگەنامەیەکی سیاسیدا دابڕێژرێن. وەکوو کۆنفرانسی ئاشتی شەڕی یەکەمی جیهانیی. بابەتی ئەم کۆنفرانسە ڕەنگە ڕێکخستنی مەسەلە سیاسییەکان یان مەسەلە تەکنیکی و بەڕێوبەرییەکان، یان مەسەلە یاساییەکان بێ. (وەکوو کۆنفرانسی نەیارانی کۆیلەداری برۆکسێل لە ١٨٩٠دا). لەم حاڵەتەدا، کۆنفرانس لە باری یاساییەوە لەگەڵ کۆنگرەدا جیاوازی نیە. لەم حاڵەتەدا جیاوازی نێوان کۆنفرانس و کۆنگرە تەنیا بە هۆی ژمارەی زۆری بەشداران و ڕێورەسمی تایبەتی کۆنگرەیە، کە کۆنفرانس ئەم حاڵەتەی نیە.

٢ ـ بە کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی وڵاتێک لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی بیانی دەگوترێ، کە لە وڵاتی ئەودا خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرکن، بۆ تاوتوێکردنی شتێک یان بابەتێک، وەکوو کۆنفرانسی لەندەن سەبارەت بە بەلجیکا ١٨٣٩ ـ ١٨٠٣.

٣ ـ بە کۆبوونەوەی نوێنەری دەوڵەتەکان دەگوترێ کە دەسەڵاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیان نیە و تەنیا بەرپرسیاری توێژینەوەیەکی دیار و دارشتنی گەڵاڵەیەکن و دەبێ ئاکامی هەوڵەکانیان لە لایەن دەوڵەتەکانیانەوە تاقی بکرێنەوە: وەکوو کۆنفرانسی یاسای نێودەوڵەتیی تایبەتی لاهە.

٤ ـ بە کۆبوونەوەی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵبژێردراوی دوویان چەند دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەگوترێ کە ڕاسپێردراون، لێکۆڵینەوەیەک ئاراستە بکەن و ڕاپۆرتی (ڕەنگە پێشنیاری) پێویستیش ئامادە بکەن.

٥_ لە چەمکەکانی ئیستادا بەریکخراوی راویژکاری ریکخراویکی نیودەوڵەتیی دەگوترێ کە لە یاساو ریووشوینەکانی ئەم ریکخراوەدا، پیکهاتە، شیوە، ئەرک و تواناییەکانی لە بەرچاو گیراون. وەکوو کۆنفرانسی نیودەوڵەتیی کار و کۆنفرانسی گشتی یۆنسکۆ.

٦_ بە کۆبوونەوەی نوینەرانی ریکخراوە تایبەتیەکان دەگوترێ کە نوینەری دەوڵەتەکان بەردەوام لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکەن: وەکوو مانگی سوور، جاری وایە بەم کۆبوونەوەش دەگوترێ، کۆنفرانسی نیودەوڵەتیی، بەڵام ئەم خویندنەوە لە دەرەوەی چەمکە نیودەوڵەتیە گشتیەکان دایە.

واتاکانی دیکەی کۆنفرانس (لە دەرەوەی بازنەی چەمکە نیودەوڵەتیەکان) بریتین لە:

١_ وتوویژو باسکردنی بەرپرسە نارەسمیەکان، بەرپرسە پایەبەرزەکانی دەوڵەت و نوینەرانی خاوەنداره بەرژەوەندییە تایبەتیەکان لە بوارە گرنگەکاندا. ئەم باس و ووتوویژانە زۆربەی جارەکان دەبنە هۆی سەرەتایەک بۆ ریکخستنی کۆنفرانسیکی نیودەوڵەتیی (کۆنگرە).

٢_ بە واتای کۆبوونەوە بە مەبەستی راویژکردن (سمینار) سەبارەت بە بابەتە زانستی یان تەکنیکیەکانە، وەکوو سمیناری خویندکاریک لە بواری شوینەوارناسی، ماف، ئەدەب، پزیشکی و ...هتد. جیاوازی کۆنفرانس لەم حاڵەتەدا لەگەل دواندەریدا ئەوەیە کە دواندەر هەوڵدەدا بیسەری قسەکانی خۆی بە قەناعەت بگەیەنێ. ئەمە ئەرکی دواندەرە. بەڵام ئەو کەسەی سیمینار پیشکەش دەکا تەنیا تویژینەوەی خۆی دەخاتە بەردەم بیسەران و بەتەماش نیە کە قەناعەت بە بیسەرانی قسەکانی بینێ. بەڵکوو بە لۆژیک و بە بەڵگە، تویژینەوەی خۆی ئاراستە دەکا.

کۆنفرانسی "٢+٤" Conference "٢+٤"

بە کۆبوونەوەی یەک رۆژەی وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا، سۆڤیەت، فەرەنسا و بەریتانیا لەگەڵ وەزیرانی ئەڵمانیای رۆژهەلات و رۆژئاوادا دەگوترێ کە لە ریکەوتی ٥ی ئایاری ١٩٩٠ لە بۆندا بەریوە چوو. لەم کۆنفرانسەدا مەسەلەی ریکخستنەوەی دوو ئەڵمانەکان و بە تایبەتی بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەم وڵاتە خرایە بەرباس وراویژدەوە. سەرەکی ترین بابەتی ئەو

کۆنفرانسە مەسەلەی ئەندامەیتی یان ئەندام نەبوونی ئەڵمانیای یەکگرتوو لە ڕێککەوتننامەی ناتۆ یان ئەندامەتیی ئەم وڵاتە لە هەر دوو ڕێککەوتننامەی ڤەرشۆ و ناتۆدا بوو. هۆی سەرەکی دژایەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئەندامەتیی ئەڵمانیای یەکگرتوو لە ناتۆدا ئەوە بوو کە ئەم وڵاتە ئەندام بوونی ئەڵمانیای یەکگرتووی لە ڕێککەوتننامەیەکی سەربازیدا بە هەڕەشەیەک بۆ سەقامگرتوویی ئەورووپا دادەنا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا پێیوابوو کە لەسەر ئەوەی کە ئەڵمان ببێتە ئەندامی ناتو یان نا، دەبێ لەم پێوەندییەدا، وڵاتانی رۆژئاواوە بڕیاری لە سەربدەن .

کۆنفرانسی ئاڵمائاتا (کانوونی یەکەمی ١٩٩١)
Alma –Ata Conference

ئەم کۆنفرانسە کە لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ لە ئاڵمائاتا، ناوەندی قەزاقستانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بە بەشداری دوازدە کۆماری یەکیەتیی سۆڤیەت پێکهات، کۆتایی تەمەنی سۆڤیەتی ڕاگەیاند و بناغەی ڕێکخستنێکی نوێی بە ناوی "وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەژەوەند" دارشت. بڕیارنامەی ئەم کۆنفرانسە لە لایەن هەموو کۆمارەکانی سۆڤیەت جگە لە گورجستان مۆر کرا، کۆمارە بەشدارەکانی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوون لە:

ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ئوزبەکستان، ئۆکراینا، تاجیکستان، تورکەمەنستان، ڕووسیا، بیلارۆس، قەزاقستان، قرقیزستان، گورجستان و مولداڤیا.

کۆنفرانسی ئەلجەزایر(١٩٠٦) *Algerian Conference*

بە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئەورووپا لە نێوان مانگەکانی کانوونی یەکەم تا ئازاری ١٩٠٦ دەگوترێ کە لەو کۆنفرانسەدا لەسەر یەکپارچەیی مەراکیش و هەروەها مافی هەموو دەوڵەتەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی بێ کۆت و بەند لە بازرگانی پێداگری کرا. ئەم کۆنفرانسە ڕێگای بە ئیسپانیا و فەڕەنسادا هەتا بۆ کونترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر نفووزی خۆیان لە هێزی سەربازی کەڵک وەرگرن.

www.perawipepwle.com

کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری لە ئاسیادا
Conference for Security And Cooperation In Asia (CSCA)

ڕێکخراوێکی هاوشێوەی " ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا"یە کە لە پێناو پاراستنی ئاشتی و سەقامگرتوویی لە ئاسیادا پێکهاتووە. لە دوای کۆبوونەوەی سەرۆک کۆمارەکانی ئێران، تورکیاو ولاّتانی ئاسیای ناوەڕاست لە عیشق ئابادا (١٩٩٢) لە سەر پێویستی پێکهێنانی چارەسەری نوێ لە بواری ئاسایشدا، سەرۆک کۆماری قەزاقستان پێشنیارێکی سەبارەت بە پێکهێنانی کۆنفرانسێکی ئاسایش و هاوکاری لە ئاسیادا هێنایە گۆڕێ. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتین لە :

١ــ مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەقامگرتوویی لە ناوچەکەدا بەپێی سنووری ناسراوەکانی ئێستا.

٢ــ هەنگاونان بۆ دامەزران و پەرەپێدانی هاوکاریە ئابوورییەکان لە نێوان ولاّتانی ناوچەکەدا.

٣ــ دیاریکردن و کەڵک وەرگرتن لە پێوەرە ئەخلاقیەکان و پێکهاتە یەکسانەکانی هەلسووکەوتە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکان. کۆنفرانس خاوەنی سێ کۆمەلّە ڕێککەوتن و ڕێککەوتننامەیە؛ تۆری ئاسایش، تۆری ئابووری و ڕێککەوتننامە مرۆییەکان.

کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپادا
Conference On Security And Cooperation In Earope (CSCE)

یەکیەتیەکە کە لە ٥٣ ولاّت پێکهاتووە و بناغەکەی لە دوای بلاّو کردنەوەو مۆرکردنی "ڕاگەیەنراوی هێلسینکی" دامەزرا. ئامانجی ئەم "کۆنفرانس"ە لە " ڕاگەیەنراوی پاریس"دا کە لە ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی دووهەمی ١٩٩٠ەوە لەلایەن ئەندامەکانیەوە مۆرکرا، بریتین لە :

١ــچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان

٢ــ ڕێزدانان بۆ بەها دیموکراتیەکان، مافە مرۆیی و ئازادیە بنەڕەتیەکان.

وەزیرانی دەرەوەی ئەم ڕێکخستنە هەموو ساڵێک لەگەڵ یەکتر دادەنیشن. بەپێی پێرەوپرۆگرام، ئەم دامەزراوانە بۆ بەرەپێش بردنی هەرچی باشتری ئەم ڕێکخراوە پێکهاتوون:

١ــ سکرتاریای کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا کە ناوەندەکەی لە پراگ دایە .

٢ــ " ناوەندی پێشگیری لە شەڕ کە ناوەندەکەی لە ڤیەننایە.

٣ــ " نووسینگەی هەڵبژاردنی ئازاد" لە ڤەرشۆ (پۆلۆنیا).

ئەندامانی ئەم ڕێکخستنە بریتین لە:

ئەڵبانیا، ئەرمەنستان، نەمسا، ئازەربایجان، بەلجیکا، بۆسنەهیرزەگۆڤین، بەریتانیا، بولگاریا، بیلارۆس، کانادا، کرۆڤاتیا، قیبریس، چیک، دانیمارک، ستونیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئێشتاین، لتیڤانیا، لۆکزامبۆرگ، مالت، مۆلداڤیا، مۆناکۆ، هۆڵەندا، نەرویج، پۆلۆنیا، پورتوگاڵ، ڕۆمانیا، فیدراسیۆنی رووسیا، سەنمارنیۆ، سلۆڤانیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، تاجیکستان، تورکیا، تورکەمەنستان، ئۆکراینا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئوزبەکەستان، ڤاتیکان، یۆگسلاڤیا (سەربستان و مونتینەگرۆ) و یۆنان.

لە کۆبوونەوەی بوداپێستدا (٥و٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) ناوی ئەم ڕێکخستنە گۆڕا بۆ " ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا"دا.

کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی دابینکردنی کار

International Conference Of Eployment

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دابینکردنی کار بەدەسپێشخەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان لە ٤ تا ١٧ی حوزیرانی ١٩٧٦ لە ژنێڤدا بە ڕێوەچوو. لەم کۆنفرانسەدا ١٣٠٠ پسپۆڕ لە لایەن دەوڵەتەکان، کرێکارانی یەکیەتیە کرێکاریەکان و خاوەن کارانی ١٢١ ی وڵاتی جیهان لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (کە لە دامەزراوە پرۆفیشناڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانە) بەشدار بوون.

ئامانجی سەرەکیی کۆنفرانس، تاوتوێ کردن و ئاراستەکردنی ڕێگاچارەی شیاو سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەپێدانی ئاستی کاری ڕاستەقینە لە شارەکان بەسەرنجدان بە کێشە جیاوازەکانی شارەکان و گوندەکان و پلانەکانی پەرەپێدان بوو. ئەم کۆنفرانسە لە ڕاستیدا سەرەتایەک بوو بۆ تێکۆشانی شێلگیرانەی نێودەوڵەتی، لە پێناوی نەهێشتنی ڕێژەی بێکاری لە جیهاندا. بەڕای زۆربەی شارەزایانی نێودەوڵەتی، ئەگەر کێشەی بێکاری لە ناونەچێ، ڕۆژبەڕۆژ مەترسیدارتر دەبێ. کۆرت ڤالدهایم لە پەیامێکدا کە لە لایەن سکرتێری نووسینگەی کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤدا خوێندراوە، ئاماژەی بەم حاڵە کرد کە: "ئەگەرچی کێشەی سەرەکی ئێمە پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانین حاشا لەوە نەکەین کە زاڵبوون بە سەر هەژاریدا، گرنگیەتی هاوشێوەی ئاشتی نێودەوڵەتیی هەیە. دەبێ گۆڕانکاری پێوەندییە ئابوورییەکان لە ڕێگای چاکسازی کۆمەڵایەتیی و ئابووری وڵاتانی لە حاڵی پەرەگرتندا و بە هۆی شێوازە نوێکانی بەرەنگاریکردن لەگەڵ بێکاریدا بە هێز بکرێن".

کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی دابینکردنی کار لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە زۆربوونی ڕێژەی کاری بەرهەمهێن، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ وەکوو، خۆراک، خانوو، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیی. کۆنفرانس خوازیاری هاوکاری نێودەوڵەتیی لە پێناوی وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیە و پشتیوانی لە هەوڵەکانی کۆمەڵەی گشتی UN بۆ چاکسازی لە سیستەمی بازرگانی و ئابووری جیهان لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن و نزیک بوونەوە بە سیستەمێکی نوێی ئابووری نێودەوڵەتیدا کرد. هەروەها ئەو پێشنیارەش هاتە گۆڕ کە بەشێک لە بوودجەی تەرخانکراوی سندووقی یەک میلیارد دۆلاری پەرەپێدانی کشتوکاڵ، بۆ دابینکردنی کار لە گوندەکان کە شوێنی نیشتەجێ بوونی زۆربەی هەرە زۆری حەشیمەتی هەژاری جیهانە، تەرخان بکرێ. بەگشتی ئەو بابەتە بنەڕەتیانەی کە لە کۆنفرانسدا دێنە گۆڕ ئەمانەن: هەڵبژاردن و گواستنەوەی تەکنەلۆجیا، کێشەی کۆچ و کێشەی هەلومەرجی نوێی کار و خۆگونجاندنی کرێکاران لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا.

کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی یاسای دەریاکان
International Conference On Low Of The Sea.

دەریاکان ئامرازی گواستنەوە، سەرچاوەی خۆراک، خەزێنەی گەورەی سەرچاوەکان و جیهانێکی پڕ لە ژیانی دەریایین. زۆربوونی دانیشتوان و چوونەسەری ئاستی ژیان، رادەی داواکاری خۆراک، وزە و سەرچاوەکانی دیکەی بە شێوەیەکی بێ وێنە زۆرتر کردووە. مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا رووی لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی دەریاکان کردەووە. بەڵام دەریاکان سنوورێکی دیاریکراویان نیە. ئایا دەریاکان مافی هەموو نەتەوەکانن یان هیی هیچیان ؟ دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەیی بە سەر دەریاکاندا تا کوێیە؟ هەر وڵاتێک تا چ مەودایەک دەتوانێ لە دەریاکان بۆ کەڵک وەرگرتنی خۆی تەرخان بکا؟ هاتوچۆی پاپۆڕە بازرگانی و شەڕکەرەکان بە چ یاسایەک دەبەسترێنەوە؟ پێداویستی ئەو وڵاتانەی کە رێگای دەریاییان نیە، بەچ شێوەیەک دابین دەبێ؟ ئەگەر تەنیا وڵاتانی پیشکەوتوو، خاوەنی تەکنەلۆجیا و سەرمایەی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتنی بنکی ئاوەکانن، وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا چۆن دەتوانن ببنە هاوبەشی داهاتەکانی دەریاکان؟ راوەماسی و توێژینەوە زانستیەکان لە ناو دەریاکاندا دەبێ بەچ شێوەیەک بێ؟

ئەو پرسیارانەی کە هاتنە گۆڕێ، بەشێک لە کیشەی دەریاکانن کە هەر ئێستاکە وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم کێشانەدا بەرەوڕوون. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی پێڕەوپرۆگرامی خۆی، وەکوو ناوەندێک بۆ رێکخستنی کێشەکان، رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدان و پتەوبوونی یاسا دارشتن و چارەسەرکردنی کێشەکاندا گێراوە. هەوڵەکانی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتیی رێکخراوی UN، بۆتە هۆی پێکهینانی چەند کۆنفرانس سەبارەت بە یاسای دەریاکان. یەکەمین کۆنفرانسی یاسا دەریاکان لە ساڵی ١٩٥٨دا (ژنێڤ) بەرێوەچوو و چوار کۆنڤانسیۆنی سەبارەت بە ئاوی لێوارەکان، دەریا ئازادەکان، راوەماسی و پاراستنی بوونەوەرەکانی ناو دەریا و قەلپەزەکان پەسند کرد. بەڵام لەم کۆنفرانسەدا زۆر کێشە بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، کە کۆنفرانسی دووهەمی یاسای دەریاکانیش لە ساڵی١٩٦٠دا نەیتوانی چارەسەریان بکا. پەرەگرتنی خێرای تەکنەلۆجیا، سەربەخۆیی وەرگرتنی نەتەوە جیاوازکان و بایەخ دانی زیاتری وڵاتان بەگرنگی و

بایەخی ئابووری سەرچاوەکانی لێواری دەریا وقەڵپەزەکان، قووڵایی دەریاکان بوون بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی دواتردا بیروکەی پێکهێنانی کۆنفرانسێکی دیکە بێتە گۆڕێ. لە ساڵی ١٩٧٠دا، کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێوەچوونی سێهەمین کۆنفرانسی یاسای دەریاکانی پەسند کرد. کۆنفرانسی سیهەمی دەریاکان لە راستیدا کومیتەی بواری دەریا بوو کە لە ساڵی ١٩٦٧دا لە لایەن کۆمەڵەی گشتی UN بەمەبەستی مەسەلە قووڵایی دەریاکان لەو دیوی دەسەڵاتی نێوخۆی وڵاتەکان بەسەر قەڵپەزەکان و لەسەر دوای دوکتۆر پاردۆ، باڵوێزی ماڵت، پێکهات.

کۆنفرانسی ١٩٥٨ی یاسای دەریاکان یاسایەکی تایبەتی بۆ سیستەمی یاسایی بواری دەریاکان دیاری نەکردبوو. چوونکە لەو کاتەدا سەرچاوەزۆرەکانی بنکی دەریاکان نەدۆزرابوونەوە و لە هەمان کاتدا زانیاری تەکنیکی بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ناو قووڵایی دەریاکان گەشەیان نەکردبوو. پیشنیاری دوکتور پاردۆ و خواستی زۆربەی وڵاتەکانیش ئەوە بوو کە بواری دەریاکان "میراتی هاوبەشی مرۆڤایەت" ین. وەدیهێنانی ئەم شتەش پێویستی بە دیاریکردنی رادەی دەسەڵاتی نێوخۆیی وڵاتەکان لە دەریاکان و پێدا چوونەوە بەسەر هێندێک لە ماددەکانی ١٩٥٨ سەبارەت بە قەڵپەزەکان و دەریای ئازاد هەبوو. بەشداری وڵاتە تازەدامەزراوەکان و هەروەها نیگەرانیی وڵاتانی جیهان سەبارەت بە راوەماسی و پیس بوونی دەریاکان کە هیچیان لە رێگای یاسا نێوخۆییەکانەوە چارەسەر نەدەکران، پێویستی گۆرانکاری زیاتری لەم بوارەدا، زۆرتر کرد. یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنفرانسی سێهەمی یاسای دەریاکان لە ساڵی ١٩٧٣دا پێکهات و لەئاکامدا لە ساڵی ١٩٨٢دا کۆنڤانسیۆنی نۆی ئامادەکرا و، لە ١٠ی کانوونی دووهەم بۆ مۆرکردن ئاراستەی وڵاتان کرا.

کۆنفرانسی پوستدام (١٩٤٥) Potsdam Conference

ئەم کۆنفرانسە لە رێکەوتی ١٧ ی تەمووز تا رێکەوتی ٢ی ئابی ١٩٤٥ بە بەشداری وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕی دووهەمی جیهانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و سۆڤیەت) و بە مەبەستی وەدیهێنانی بڕیارەکانی کۆنفرانسی یالتا پێکهات. کۆنفرانسی پوستدام

www.perawipepwle.com

ئەڵمانیای بەسەر چوار ناوچەدا دابەش کرد و هەرکام لە وڵاتانی ئەمەریکا، سۆڤیەت، بەریتانیا و فەرەنسا بەشێکیان بۆ خۆیان داگیر کرد.

کۆنفرانسی تاران (١٩٤٣) Tehran Conference

ئەم کۆنفرانسە بە بەشداری سەرۆکی سێ وڵاتی ئەمریکا، سۆڤیەت، بەریتانیا لە تاران پێکهات (یەکەمی کانوونی ١٩٤٣) و لە کۆتاییدا، راگەیەنراوێک سەبارەت بە پاراستنی سەربەخۆیی، سەروەری و یەکپارچەیی وڵاتی ئێران بلاّو کرایەوە.

کۆنفرانسی جیهانی دژی ئاپارتاید International Conference Againat Apartheid

ئەم کۆنفرانسە لە ٢٢ تا ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٧٧ لە لائۆس، ناوەندی وڵاتی نیجریا بەرێوە چوو، و ئەم راگەیەنراوەی پەسند کرد کە داوای لە هەموو وڵاتانی جیهان کردبوو، لە فرۆشتنی چەک و چۆڵ بە وڵاتی ئەفریقیای باشوور، کە سیاسەتی ئاپارتاید بەرێوە دەبا، خۆ بپوێرن و هیچ یارمەتی و هاوکارییەکی ئەم وڵاتە لە بواری وزەی ناوەکیدا نەکەن .

کۆنفرانسی ئاشتیی لاهە (١٨٩٩) Hague Peace Conference OF ١٨٩٩

ئەم کۆنفرانسە لەسەر داوای نیکۆلای دووهەم، ئیمپراتۆری رووسیا پێکهات. بەشدارانی کۆنفرانسەکە لەسەر سێ بابەتی سەرەکی رێککەوتن :

١ـ دامەزراندنی دیوانێکی هەمیشەیی نێوبژیوانی (دادوەری) وەکوو سەرچاوەیەکی دەسەڵاتدار لەم بوارەدا.

٢ـ ئامادەکردن و دارشتنی یاساکانی شەری زەمینی

٣ـ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی ژنێڤ لەرێکەوتی ١٨٦٤ لە بواری شەری دەریایی دا.

کۆنفرانسی دووهەمی لاهەش لە رێکەوتی ١٥ ی حوزیرانی ١٩٠٧دا پێکهات و جگە لە تەواوکردنی کارەکانی کۆنفرانسی یەکەم؛ سێزدە رێککەوتننامەی نوێشی سەبارەت بە یاساکانی بێلایەنی و شەری دەریایی مۆر کرد.

کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ (١٩٤٥)
Sanfrancisco Conference

کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ لە نێوان ٢٥ی نیسان تا ٢٦ی حوزیرانی ١٩٤٥ بە بەشداری نوێنەرانی ٥٠ ولآت پێکهات و، بەرنامەوپێڕەوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسند کرد. ولآتانی بەشداری ئەم کۆنفرانسە، ئەندامە سەرەکیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکدێنن. لەسەر داوای یەکیەتیی سۆڤیەت، پۆلۆنیاش کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار نەبوو، بوو بە ئەندامی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. بەم شێوە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بە بەشداری ٥١ ولآتی ئەندام پێکهێنا.

دەبێ سەرنج بدەینە ئەم بابەتە کە کۆنفرانسی ١٩١٩ی پاریس کە ڕێککەوتننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی ئامادە کردبوو، لە دوای کۆتای شەڕدا (شەڕی دووهەمی جیهانی) پێکهات و کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ لەگەرمەی شەڕدا (شەڕی دووهەمی جیهانی) پێکهات. ڕۆزفەڵت پێیوابوو کە شەڕ هاوکاری و لێک تێگەیشتنی نێوان هاوپەیمانەکانی گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی و باشترین دەرفەت بۆ پێکهێنانی کۆنفرانس بەمەبەستی هێنانەگۆڕ و پەسندکردنی پێڕەوپرۆگرام لە نێوان هاوپەیمانەکان دایە. هەروەها لە حاڵێکدا کە ڕێککەوتننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەشێک لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی پێکدێنا، کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ تەنیا بۆ هێنانەگۆڕ و پەسندکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهات و تەنیا پێڕەوپرۆگرام وەکوو ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی بۆ مۆرکردن و پەسندکردنی ولآتانی بەشدار لە کۆنفرانسدا خرایە بەر باس. پێکهێنانی کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سەن فرەنسیسکۆدا نیشانەیەکی دیکەی گۆڕینی بیروڕای ئەمەریکا لە سیاسەتی خۆتەریک کردنەوەدا بوو.

بە پێی گەڵاڵەی دامبارتۆن ئۆکس و ڕێککەوتننامەی یالتا؛ ئەنجوومەنی ئاسایش؛ بەشی سەرەکی بناغەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێکدێنا و دەبوایە پەسندکراوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە هەڕەشە لە سەر ئاشتی یان پێشێل کردنی ئاشتی لەلایەن هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە جێبەجێ بکرایە. ئەنجوومەنی ئاسایش ١١ ئەندامی هەبوو: پێنج

ئەندامی هەمیشەیی (ئەمەریکا، بەریتانیا، چین، فەرەنسا، یەکیەتیی سۆڤیەت) وپێنج ئەندامی کاتی کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی و بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردران. ئەندامەیتی سێ ئەندامی کاتی هەمووساڵێک تەواو دەبوو و کۆمەڵەی گشتی ولاتی دیکە هەڵدەبژاردن. ئەم رادەیە دوای گۆرانی بەسەر داهات، مەسەلەی دەسەلاتی بەربلاوی ئەنجوومەنی ئاسایش و مافی ڤیتۆ بۆ ٥ ولاتی گەورە، لەلایەن زۆربەی ولاتە چکۆلەکانەوە کەوتە بەر رەخنە. بەلام بە هۆی نایەکگرتوویی ئەم ولاتانەوە کە سەرچاوەکەی سیاسەتە تاکرەوانەکانیان بوو و هەروەها پێداگری ولاتە گەورەکان لەسەر مافی ڤیتۆ، دژایەتیەکەیان هیچ ئاکامێکی نەبوو.

یەکیەتیی سۆڤیەت رایگەیاند ئەگەر گەلاڵەی یالتا سەبارەت بە مافی ڤیتۆ و رادەی دەسەلاتی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەتایبەتی سەبارەت بەوەرگرتنی ئەندامی نوێ و چاکسازی پێرەو پرۆگرام گۆرانکاری تێدا بکرێ، ئەم ولاتە واز لە ئەندامەیتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دێنێ. ئەمەریکا زۆری پێ خۆش بوو کە دامەزرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شکست نەهێنێ. چوونکە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە لە سەرەتادا لە لایەن ئەمەریکاوە هاتۆتە گۆرێ و شکستهێنانی ئەم رێکخراوەش، شکستێک بۆ ئەو دەولەتە لە گۆرەپانی سیاسەتی نێودەولەتیدا بوو. هۆکاری دیکەی پێخۆش بوونی دەولەتی ئەوکاتی ئەمەریکا و سەرکەوتنی کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ ترسێک بوو لە بەهێزبوونی ئەو کەسانەی کە بروایان بە خۆتەریک کردنەوەی ئەمەریکا (لەگۆرەپانی سیاسەتی جیهانی دا) بوو کە ژمارەکەیان لە کۆنگرەدا زۆر بوو. هەڵبەت دەولەتی ئەمەریکا سەرەرای ئەو تاسە زۆرەی کە سەبارەت بە دامەزرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیبوو، بە پێی سیاسەتی لەمێژینەی خۆی پێی خۆش نەبوو سەرەوەری ئەو ولاتە بە هۆی ئەم رێکخراوە زیانێکی لێ بکەوێ و هەرلەبەر ئەمەش لە دڵەوە خوازیاری پەسندکردنی گەلاڵەی یالتا بوو. ئەمە سەبارەت بە سۆڤیەت و بەریتانیاش وەراست دەگەرێ. سەرەرای ئەوەش هەوڵی ولاتە چکۆلەکان بۆ گۆرینی گەلاڵەی دامبارتۆن ئۆکس لەم بوارانەدا بەکەڵک بوو:

١ـ زۆرتربوونی رادەی دەسەلاتی کۆمەڵەی گشتی (ماددەکانی ١٠ تا ١٧ی پێرەوی نەتەوەیەکگرتووەکان)

٢ـ خستنەسەری ماددەکانی ٧٣ و ٧٤ بۆسەر پێرەوپرۆگرام سەبارەت بە ولاتە ناخودموختارەکان

٣_ خستنەسەری ئەو ماددانەی کە پێوەندییان بە سیستەمی سەرپەرستیاری نێودەوڵەتیی و ئەنجوومەنی سەرپەرستیاری هەبوو، بۆسەر پێڕەوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (ماددەکانی ٧٥تا ٩١)

٤_ زۆر ترکردنی ئەو ماددانەی کە پێوەندییان بە هاوکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە و هەروەها زۆرترکردنی ڕادەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی (ماددەکانی ٧٥ تا ٩١).

٥_ گوێنجاندنی مافی سروشتی داکۆکیکردنی ڕەوای تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ تا ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ هەوڵێکی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەداوە. (ماددەی ٥١).

٦_ ئەو ماددانەی دیکە کە لە سەن فرەنسیسکۆ و لە سەر داوای دامبارتۆن ئۆکس خرانە سەر پێڕەو یان تەواوتر کران، پێوەندییان بە ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوە ناوچەییەکان (ماددەکانی ٥٢ تا ٥٤ پێڕەو) و مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان (ماددەکانی ١ و١٣و ٥٥و ٥٦و ٦٢و ٧٦و ٨٧) هەبوو .

٧_ سەرەڕای ئەوەی کە لە پێشنیارەکانی دامبارتۆن ئوکس تەنیا ئاماژەبە پێخۆش بوونی، هەبوونی دادگای نێودەوڵەتیی داد کرابوو و لە سەر ئەوەی کە ئایا دەبێ دیوانی پێشوو هەروا بمێنێتەوە یان دیوانێکی نوێ جێگاکەی بگرێتەوە، هیچ باسێک نەکرا بوو. کۆنفرانسی یاڵتا لە شوباتی ١٩٤٥دا، داوای لە هاوپەیمانەکان کرد کە نوێنەرەکانیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکدا کە مەبەستی ڕێکخستنی پێڕەوپرۆگرامی دیوانی نێودەوڵەتی داد لە واشینگتۆندا پێک دێ، بنێرن. ئەم کۆنفرانسە کومیتەیەکی لە یاسا ناسەکانی وڵاتە جیاوازەکانی ڕاسپارد کە گەڵاڵەی پێڕەوپرۆگرامی نێوخۆیی دیوانی نێودەوڵەتی داد دارێژن هەتا لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆدا، بەمەبەستی پەسندکردن بخرێنە بەرباس و ڕاوێژەوە. کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ پێڕەوپرۆگرامی دادگای نوێی کە پاشماوەی دیوانی هەمیشەیی نیودەوڵەتیی دادبوو پەسند کرد و خستیە سەر پێڕەوپرۆگرامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

پێڕەووپرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان لەرێکەوتی ٢٤ ی تشرینی ١٩٤٥ لە لایەن ژمارەی ئەو ولاّتانەی کە پێویست بوو، دەنگی پێ بدەن، پەسندکرا.

کۆنفرانسی باکوور و باشوور *North –Souch conference*

لە رێکەوتی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥دا نوێنەرانی نەتەوەکانی جیهانی لە پاریس دا کۆبوونەوە تا ئەرکێکی گەورە بە جێ بگەیەنن. ئەم ئەرکەش بریتی بوو لە گۆڕینی ئەو سیستەمەی کە لەمێژبوو بەسەر پێوەندییە ئابوورییەکانی جیهاندا زاڵببوو.

ئەو ولاّتانەی کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی پاریسدا بانگهێشت کرا بوون، بریتی بوون لە ١٢ ولاّتی لە حاڵی پەرەسەندندا بە نوێنەرایەتیی لە زیاتر لە سەد ولاّت، ٢ میلیارد کەس لە خەڵکی جیهان، ٧ ولاّت لە دەوڵەتەکانی بەرهەمهێنی نەوت و نوێنەرانی ولاّتە پیشەسازییەکان (جگە لە سۆڤیەت و ولاّتانی ئەورووپای رۆژهەلاّت).

چوار کۆمیسیون بۆ بەدواداچوونی کێشەی وزە، کەرەسەخاوەکان، بواری دراو ومادی و پەرەگرتنی ئابووری پێکهاتن و هەر کۆمیسیۆنەی بە سەرۆکایەتیی هاوبەشی دوو کەس بەڕێوە دەچوو، یەکیان لە لایەن ولاّتانی پیشەسازی و ئەوی دیکەشیان لە لایەن ولاّتانی لە حاڵی پەرەسەندندا. هەروەها کۆمیتەیەکی رێکخەریش پێکهات کە لە سەرۆکی کۆنفرانسەکان و سەرۆکی چوار کۆمیسیۆنەکە پێکهاتبوو کە ئامانجی ئەم کومیتەیە ئەوە بوو کە بەرنامەی کاری کۆمیسیۆنەکانی دیاری دەکرد. ئەرکی کومیتەی رێکخەر ئەوە بوو کە چواچێوەی سیاسی ئەو وتووێژانە دیاری بکا کە لە قۆناغەکانی دواتردا دەچنە نێو باسە تەواو تەکنیکیەکان. چوار کۆمیسیۆنەکە لە شوباتی ١٩٧٦ دا دەستبەکار بوون، یانی چوونە نێو ئەو باس و تووێژانەوە کە رەنگە چەندمانگ و ساڵیان پێ بچێ تا بگەنە ئاکام و دەرئەنجامێک. هەر چۆنێک بێ ئەم سەرەتایانە بوونە یەکەمین هەنگاو بۆ وەدیهێنانی ئەو بیرۆکەی کەلەم ساڵانەی دواییدا سەریان هەڵداوە و ئەمرۆکە بە "سیستەمی ئابووری نوێی جیهانی" ناسراوە.

مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیستەمی ئابووری جیهانی:

www.perawipepwle.com

الف_ زۆربەی ولاّتانی جیهان کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، بە سەربەخۆیی گەیشتن، بەرەبەرە لەناو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بوونە زۆرینە، بەلاّم هەوڵی گرنگی "ئۆپێک" لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو بە هۆی ئەوەی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم ولاّتانە پێکەوە گرێ بدرێ و شێوەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو پەیدا بکا. ولاّتانی هەناردەی نەوت، ئەو کاتە زەبری ئابووری خۆیان وەشاند کە نیشانەی دابەزینی ئابووری تازە لە ولاّتە پیشەسازییەکاندا خۆی دەنواند و ئەم ولاّتانە بۆیان دەرکەوت کە شتەکە ئاوەژوو بۆتەوە. چوونکە چوار هێندە بوونی نرخی نەوت، هاوسەنگی هێزی لە بازرگانی نێو دەوڵەتیی نەوتدا بە تەواوەتی تووشی گۆڕان کرد و بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵێکدا نزیکەی ١٠٠ میلیارد دۆلاّر بچێتە گیرفانی هێندێک لە ولاّتانی لە حاڵی پەرەگرتندا. بەمجۆرە گۆڕانکاری کت وپڕ لە پرۆسەی دەسەلاّتدا، ئەویش لە بوارێکدا کە بۆ ئابووری ولاّتانی پیشەسازی گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەبوو، ئەم ولاّتانەی تووشی کێشەیەک کرد کە بۆ ماوەی چەند ساڵ ولاّتانی جیهانی سێهەم پێیەوە گیرۆدە بوون. واتە لە بڕیارە گرنگە ئابوورییەکاندا خاوەن دەسەلاّت نەبوون. پێکەوە بەستراوەبوونی ئابووری هەرچی زیاتر جیهانیش مەودای قەیرانەکەی قووڵتر کردەوە و بوو بە هۆی کەمترکردنەوەی زیاتری ماددە خۆراکیەکان کە هەر لەو کاتەدا سەریهەڵدا. ئەگەرچی کەمبوونی ڕێژەی بەرهەمهێنانی ماددە خۆراکیەکان لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٧٢دا کەمتر لە ١/٣ بوو، بەلاّم میکانیزمی بازاڕ بوو بە هۆی چوونەسەری نرخی ماددە خۆراکیەکان و زۆرتربوونی برسیەتی لە هێندێک شوێنی جیهانی سێهەمدا. هەڵبەت ئەمە لە کەس شاراوە نیە کە ئەم کێشانە تەنیا بە جموجۆڵ و میکانیزمی بازاڕ چارەسەر ناکرێن.

بەم پێیە پێویستیی گۆڕینی یاسا کۆنەکان بە ڕوونی دەردەکەوت، بەلاّم لە داڕشتنی یاسا نوێکاندا، نەوت و ماددە خۆراکیەکان،کێشەی سەرەکی نین. کێشەی سەرەکی تەنیا هەلاّوسان و بێکاریش نیە، بەلکوو دامەزراندنی یاسا و سیستەمێکی نوێ لە جیهان دایە کە ڕەنگە ئەمە بەدڵی هێندێک لە ولاّتان نەبێ.

بەگشتی وابێدەچێ کە جیهانی دوو جەمسەریی بیست ساڵە (دەیەکانی ٥٠و ٦٠) گۆڕابێ بۆ جیهانێکی دووجەمسەری دیکە لە دەیەی (٨٠ _١٩٧٠)دا. بەو جیاوازییەی کە باشوور و باکوور جێگەی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایان گرتەوە کە دووجەمسەری دیاری ئەو سەردەمە بوون.

ب_ ڕیبەرانی وڵاتە بێلایەنەکان لە چوارەمین کۆنفرانسی خۆیاندا کە لە ئەیلوولی ۱۹۷۳ لە ئەلجەزایردا پێکهاتبوو، بڕیاریاندا کە داوا بکەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەمەبەستی هەنگاونانی بنەرەتیی بۆ لەناوبردنی " هۆکارەکانی گەشە سەندنی ئەسپایی و دوا کەوتوویی " پێک بێنێ. ئەمەریکا و زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان گوێیان نەدایە قسەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا. تەنانەت چەند حەوتوو دواتریش کە " ئۆپێک " بڕیاری گرنگی خۆی سەبارەت بە نرخی نەوت ڕاگەیاند، وڵاتانی پیشەسازی بەو شێوەی کە پێویست بوو، بایەخیان بەم بڕیارە نەدا. کاتێک کە کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمەڵەی گشتی لە نیسانی ۱۹۷٤دا پێکهات، ئەمەریکا و وڵاتە پیشەسازییەکانی دیکە گوێیان نەبزوا و ئەوکاتەش کە ئەو کۆبوونەوە بەبێ دەنگدان، دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ئابووری نێودەوڵەتیی هێنایە گۆڕێ و بەرنامەی بەڕێوە بردنەکەشی دیاری کرد، وڵاتە پێشکەوتووەکان شتەکەیان بە هێند وەرنەگرت و پێشنیاری وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندنیشیان بە نازانستی و فەنتازیا لەقەڵەم دا، لە ڕاستیدا هێندێک لەو پێشنیارانەش وەکوو قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا کە بە هۆی کۆلۆنیالیزم لەو وڵاتانە کەوتبوون، نازانستی و فەنتازی بوو. بەڵام زۆربەی خاڵەکانی دیکە کە هاتنە گۆڕێ بەجێ بوون و دەکرا قسەیان لە سەر بکرێ: چاکسازیکردن لە پێوەندی سات و سەودای بازرگانی، چاکسازی لە سیستەمی دراو، خێراترکردن و باشترکردنی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا، پێکهێنانی ڕێکخراوی جیاواز لە وڵاتانی بەرهەمهێنی کەرەسە خاوەکان و...هتد. کۆنفرانسی باشوور و باکوور کە بە پێی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێکرا، پێکهاتبوو، نەگەیشتە ئاکامێکی بەر چاوی ئەوتۆ.

کۆنفرانسی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (مەدرید_تشرینی یەکەمی ۱۹۹۱)
Middel –Eastpeace Conference

ئەم کۆنفرانسە بە دەستپێشخەری ئەمەریکا لە شاری مەدرید، ناوەندی ئیسپانیا و بە بەشداری عەرەبەکان و ئیسرائیل، جۆرج بۆش، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا و گۆرباچۆف، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی یەکیەتیی سۆڤیەت پێکهات و لە دوای چەندین کۆبوونەوە و وتووێژ، ڕێکخراوی ڕزگایدەری فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل لە ڕێکەوتی ۱۲ی کانوونی یەکەمی

١٩٩٣دا، له كۆشكی سپی ئەمەریكا و بەبەشداری بیل كلینتۆن و وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریكا و رووسیا ریككەوتننامەیەكی ئاشتیان بە ناوی " راگەیەنراوی بنەماكان" مۆر كرد. ریككەوتننامەیەكی ئاشتیانەش لە نێوان ئۆردون و ئیسراییل لە رێكەوتی ٢٥ ی تەمووزی ١٩٩٤ لە كۆشكی سپیدا بە بەشداری بیل كلینتۆن مۆر كرا. لە دوای مۆركردنی ئەم رێككەوتننامانەدا، وتووێژگەلێك لە نێوان ئەمەریكا، ئیسراییل و سووریا بۆ مۆركردنی رێككەوتننامەیەكی هاوشێوە لە بەرامبەر چۆلكردنی بەرزاییەكانی جۆلان (گولان) پێكهات كە هیچ ئاكامێكی نەبوو. مۆركردنی رێككەوتننامەكانی ئاشتی، بۆتە هۆی دژایەتیی گرووپە فەلەستینەكانی وەكوو بزووتنەوەی ئیسلامی حەماس و حیزبوڵلا.

كۆنفرانسی كازابلانكا (١٩٤٣) Casablanka Conference

ئەم كۆنفرانسە بەو كۆبوونەوە دەگوترێ كە لە مانگی كانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٤٣ لە نێوان رۆزڤەڵت و چەرچیلدا پێكهات. بە پێی ئەم كۆنفرانسە دوولایەن لە سەر گەڵاڵەی هێرش كردنە سەر سیسل و ئیتالیا، بۆمباران كردنی ئەڵمانیای نازی، خۆبەدەستەوەدانی بێ ئەملاولای هێزەكانی بەرەی یەكگرتووەكان و گواستنەوەی هێزەكانی بەریتانیا بۆ بەرەی رۆژهەڵاتی دوور لە دوای گەمارۆی ئەڵمانیا، رێككەوتن.

كۆنكۆردا Concordat

ئەم زاراوە بەو بەڵگەنامەیە دەگوترێ كە لە نێوان پاپ، رێبەری كاتۆلیكەكانی جیهان و سەرۆكی وڵاتێكدا مۆردەكرێ و ئامانجی ئەم رێككەوتنە، پاراستنی بەرژەوەندییەكانی كلیسای كاتولیكی رۆما لەو وڵاتە دایە.

هێندێك كەس پێیانوایە كە كۆنكۆردا رێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی نیە و هیچ ئاماژەیەك بە بوارە ئابووری و سیاسییەكانی تێدانیە و تەنیا رێككەوتننامەیەكی ئایینیە. لەبەرامبەردا، هێندێك كەسی دیكە پێیانوایە كە كۆنكۆردا رێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتیە. چوونكە ئەو رێووشوێنانەی كە لە رێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتیدا لەبەرچاو دەگیردرێن، سەبارەت بە كۆنكوورداش رەچاو دەكرێن.

كۆنفرانسی وڵاتانی ئەفریقی ـ ئاسیایی

Afro – Asian Conference

ئەم كۆنفرانسە لە نیسانی ساڵی ١٩٩٥ لە شاری باندۆنگی ئەندەنۆسیادا بەڕێوەچوو و یەكەمین كۆنفرانسی نێوان كیشوەری نەتەوەكانی ئاسیا و ئەفریقیا بوو. وڵاتە بەشدارەكان بریتی بوون لە : ئەفغانستان كامبۆج، سریلانكا، ئوردۆن، لائۆس، لوبنان، لیبریا، نیپاڵ، پاكستان، ئێران، فیلیپین، عەرەبستانی سعوودیا، سوودان، سووریا، تایلەند، توركیا، ڤێتنامی باكوور، ڤێتنامی باشوور و یەمەن. شارەزایانی مەسەلە سیاسییەكان، نوێنەرانی قیبریس (قەشە ماركایۆس، كەلەو كاتەدا ڕێبەری بزوتنەوەی ئونۆسیس بوو)، ئەمەریكا (یەكێك لە ئەندامانی ڕەش پێستی كۆنگرە) و كۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیاش بە بەشدارانی ئەم كۆنفرانسەوە زیاد دەكەن.

كێشەیەكی قووڵ لە نێوان وڵاتانی لایەنگری ڕۆژئاوا و دەوڵەتە لایەنگرەكانی كۆمۆنیزم ووڵاتە بێلایەنەكان لە ئارادا بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، كۆنفرانسی باندۆنگ كۆمەڵە ڕاگەیەنراوێكی سەبارەت بە پشتیوانی لە هاوكاریكردنی ئابووری، كولتووری خودموختاری و دژایەتیی لەگەڵ كۆلۆنیالیزم دا مۆر كرد، هەروەها كۆنفرانس پشتیوانی خۆی بۆ ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ، سەرەڕای دژایەتیی چینەكان ڕاگەیاند.

كۆنفرانسی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ بازرگانی و پەرەپێدان (یوئێن كتاد)

United Nations Conference On Trade And Development (UNCTAD)

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، بازرگانی بە شێوەیەكی بەرچاو پەرەی گرتووە، بەڵام نەتەنیا هەناردەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن لە چاو ڕێژەی هەناردەی وڵاتانی پەرەگرتوو، كەمتر بەرز بۆتەوە، بەڵكوو بەشی وڵاتانی لە حاڵی پەرەگرتن لە هەناردەی جیهانیشدا كە لە ساڵی ١٩٥٠، نزیكەی ١/٣ بوو، بەرەبەرە دابەزی و لە ساڵی ١٩٦٢دا گەیشتە نزیكە ١/٥ .

جگە لەمەش، كێشەكانی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندناندا لەم ماوەدا زۆرتر بوون و هۆكارەكەش دابەزینی نرخی بەرهەمە كشتوكاڵیەكان بەتایبەتی بەرهەمە سەرەكیە هەناردەییەكانی ئەم وڵاتانە لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی هاوردەكانیان (كەرەسە پیشە سازییەكان) دایە، بۆ

زاڵبوون بەسەر ئەم کێشانەدا، وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن، پەنایان بردۆتە بەر پلان دارشتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی. بەڵام جێبەجێکردن و وەدیهاتنی ئەم گەڵاڵەنە تووشی کۆسپ و ئاستەنگ بۆتەوە.

گرنگترین ئاستەنگەکان بریتین لە :

الف_ نەبوونی جێگری بازاڕە نێودەوڵەتیەکانی بەرهەمە سەرەتاییەکان.

ب_دەسترانەگەیشتن بە کەرەسەی (شتومەکەکانی) وڵاتە پیشەسازییەکان.

چوونکە هەوڵە تاکەکەسیەکانی وڵاتەکان ناتوانن چارەسەری ئەم کێشانە بکەن و پێویستیان بە هەوڵی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوی هەموو وڵاتانی جیهانی هەیە ـ چ پەرەگەرتوو و چ لە حاڵی پەرە سەندان ـ بۆیە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شازدەهەمین خولچی کۆبوونەوەکانی خۆیدا، لەگەڵ بڕیارنامەی ژمارە١٧٠٧ ی پەسندکراوی ١٦ کانوونی یەکەمی ١٩٦١، بڕیاریشی داوە کە کۆنفرانسێک بەبەشداری هەموو وڵاتانی ئەندامی UN بەرێوەبچێ و مەسەلەی بازرگانی نێودەوڵەتیی و بەتایبەتی ئەو شتانەی کە پێوەندیان بە بەرهەمە سەرەتاییەکانەوە هەیە، بخاتە بەر باس و تاوتوێیان بکا.

دوای ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٩٦٢دا هێندێک لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا کە لە قاهیرەبۆ باس و تاوتوێکردنی پەرەگرتوویی ئابووری کۆبیوونەوە، پێشوازیان لە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و دوابەدوای ئەمە هەر لەو ساڵەدا، UN بڕیارنامەیەکی نوێی بە ژمارەی ١٧٨٥، لە ڕێکەوتی ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢دا پەسند کرد و لە سەر ئەوەش پێی داگرت کە هەرچی زووتر کۆنفرانسێک پێک بێ و لە بواری بازرگانی و پەرەپێدان دا هەوڵ بدا. کۆنفرانسەکە لە ڕێکەوتی ٢٣ ئازاری ١٩٦٤ لە ژنێف بە بەشداری ١٢٠ وڵات و بۆ وێنە ٧٧ وڵاتی لە حاڵی پەرەسەندندا پێکهات و ماوەی ١٢ حەوتووی خایاند.

کونفرانس هەوڵی دا کە:

١_ لە پێناو هاندانی هەناردەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا، هەوڵی شێلگیرانە و پوزەتیف بدا.

٢_ لەناوبردنی ئەو جیاوازییە روو لە زیادانەی کە لە نێوان نرخی هەناردەکان و پێداویستیە هاوردەییەکانی وڵاتانی لە حاڵی پەرە سەندن دا هەیە، بە گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێی بازرگانیی.

www.perawipepwle.com

کۆنفرانس لە کۆتایی کۆبوونەوەکانی خۆیدا، راگەیەنراوێکی دەرکردو چەند بڕیاریشی دەرکردن کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتبوون: بە شی یەکەم ئەو یاسا و ڕێوشوێنانەی دەگرتەوە کە دەبێ لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا رەچاو بکرێن. بەشی دووهەمیش داوای لە کۆمەڵەی گشتیِ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە کۆنفرانس ببێتە لقێکی هەمیشەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بناغەکانی کۆنفرانس لە ئەنجوومەنێک و چەند کۆمیسیۆن و سکرتارییەکی هەمیشەیی پێک بێن. ئەم داواکاریە لە ڕێکەوتی ۳۰ی ئەیلوولی ۱۹٦٤ بەپێی بڕیارنامەی ژمارە ۱۹۹۵ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیِ un ەوە پەسند کرا.

ئەرکەکانی یوئێن کتاد (UNCTACT) بریتین لە :

الفـ هاوکاریکردن لە بواری پەرەپێدانی بازرگانیی نێودەوڵەتیی بە مەبەستی خێراترکردنی پەرەپێدانی ئابووری و تایبەتی، بەرفراوان کردنی بازرگانی لەو ولاتانەدا کە گەیشتونەتە پلەی جیاوازی پەرەپێدان.

بـ دارشتنی بنەما و سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتی.

جـ تاوتۆیکردنی تێکۆشان و چالاکیی دامەزراوەکانی دیکەی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری بازرگانیی نێو دەوڵەتیدا.

دـ ڕێکخستنی سیاسەتی دەوڵەتەکان و گرووپە ئابوورییە ناوچەییەکان لە بواری بازرگانی و پەرەپێداندا.

UNCTAD چوار بناغەیان کۆڵەکەی هەیە: کۆنفرانسی گشتی، ئەنجوومەنی بازرگانیی و پەرەپێدان، کۆمیسیۆنەکان و سکرتاریا.

کۆنفرانسی گشتی رۆڵی کۆمەڵەی گشتی و پەرلەمانی UNCTAD دەگێڕێ کە لە هەموو دەوڵەتەکانی ئەندامی UNCTAD پێکهاتووە و هەرسێ ساڵ جارێک پێک دێ.

کۆنفرانسی یاڵتا (۱۹٤٥) *Yalta Conference*

ئەم کۆنفرانسە لە ڕێکەوتی ٤ تا ۱۱ی شوباتی ۱۹٤٥ بەبەشداری سەرۆکی ئەمەریکا، سۆڤیەت و بەریتانیا لە یاڵتادا (باشووری نیمچە دوورگەی کریمە) بەڕێوەچوو و چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکردن:

١_ له دوای بەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، وڵاته بەشدارەکانی کۆنفرانس و هەروەها فەڕەنسا، ئەڵمانیا داگیر دەکەن

٢_ کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک دێ و شێوەی دەنگدانی "ڤیتۆ " تاووتوێ دەکرێ.

٣_ سۆڤیەت بەڵێنیدا له ماوەی سێ مانگ دژی ژاپۆن شەڕ بکا.

٤_ گەڕانەوەی دووڕگەکانی " ساخالین " و " کوریل" بۆ سۆڤیەت و گەڕانەوەی هەلومەرجی ساڵی ١٩٠٤ بۆ "پۆرت ئارتور" و "دارێن". زاراوەی یاڵتا له عورفی سیاسیدا هاوواتای دابەشکردنی جیهان له پشت دەرگا داخراوەکانه.

کۆنفرانسەکانی ژنێڤ — *Geneva Conference*

١_ کۆنفرانسی ئایار :تەمموزی ساڵی ١٩٥٤. ئەم کۆنفرانسه به ئامانجی چارەسەرکردنی شەڕی نێوان کۆریا و هیندوچین بوو. که له قۆناغی یەکەمدا به ئاکامێکی ئەو تۆ نەگەیی، بەڵام له قۆناغی دووهەمدا بوو به هۆی له دەست دانی کۆلۆنیەکانی فەڕەنسه له باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و له کۆتاییشدا بوو به هۆی سەربەخۆیی وڵاتانی ڤێتنامی باکوور، ڤێتنامی باشوور، لائۆس و کامبۆجیا.

٢_ کۆنفرانسی تەمموزی ١٩٥٥: کۆنفرانسی سەرۆکەکان به بەشداری ئایزینهاڤێر، خرۆشچۆف، ئیدێن و ئیدگارفۆر (سەرۆک وەزیری فەڕەنسه) بەمەبەستی سڕینەوەی گرژی و ئالۆزییەکانی شەڕی سارد .

٣_ کۆنفرانسی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ : کۆنفرانسی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست له ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان که شکستی هێنا.

٤_ کۆنفرانسی تشرینی یەکەم ـــ تشرینی دووهەمی ١٩٧٦. ئەم کۆنفرانسه بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ زیمبابووە (ڕودزیا)پێکهات.

کۆنگرە Congress

کۆنگرە لە زاراوەی یونانی Congress وەرگیراوە. بە واتای کۆبوونەوە بۆ لێک تێگەیشتن و باس و راوێژکردنە. لە زاراوەی نێودەوڵەتیدا، بە واتای کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتەکان یان نوێنەرەکانیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەیە. ئەگەرچی کۆنفرانسیش هەر بۆ ئەو مەبەستانە پێکدێ، بەڵام هێندێک لە سۆنگەی جۆری بەشداران و ئەو بابەتانەی کەدەخرێتە بەرباس و تاوتوێ دەکرێن، بە هێندێک لە کۆبوونەوەکان دەڵێن کۆنفرانس و بە هێندێکیش دەڵێن کۆنگرە. زۆربەی شارەزایانی بواری یاسا نێودەوڵەتیەکان جیاوازی نێوان کۆنفرانس و کۆنگرە دەگێڕنەوە بۆ پلە وپایەی بەشداران و گرنگی ئەو مەسەلانەی کە باسیان لەسەر دەکرێ. لە روانگەی هێندێک کەسەوە، ئەگەر لە کۆبوونەوەکاندا سەرۆکی وڵاتان یان وەزیرەکان بەشداربن یان بابەتی بەرباس و لێکۆڵینەوە گرنگیەکی نێودەوڵەتیی هەبێ، ئەوە کۆنگرەیە و هەرکاتێکیش بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە بەرپرسانی خوارەوە بن و بابەتەکانی بەرباس و لێکۆڵینەوەش گرنگیەکی کەمتریان هەبێ، ئەوە کۆنفرانسە. لە روانگەی هێندێک کەسی دیکەوە، کۆنگرە بۆ چارەسەری مەسەلە سیاسییەکان و کۆنفرانسیش بۆ دارشتنی بنەما یاساییەکان پێکدێ. واپێدەچی کە لە سەدەی بیست و یەکدا بایەخێک بەم جیاوازییە نادرێ.

کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیا Africa National Congress

ئەم زاراوە بە بزووتنەوەیەکی سیاسی لە ئەفریقیای باشووردا دەگوترێ کە بەمەبەستی بردنەسەری ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای رەش پیستەکان لە ساڵی ١٩١٢دا دامەزرا. ئەم بزووتنەوە لەگەڵ هیندییەکانی ئەم وڵاتە یەکیان گرت، تاکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن(١٩٢٦). ئەم کۆنگرە بەرێبەرایەتیی لتیۆلی (٦٧ــ ١٩٥٢) و بەکەڵک وەرگرتن لە شێوە هێمنانەکان، گرتیێ بە خەباتی خۆی لە دژی ئاپارتایددا، بەڵام رژێمی دەسەڵاتدار بە توندوتیژی بەرەنگاریان بۆوە و ئەم رێکخستنەی بە نایاسایی راگەیاند (١٩٦١). باڵی سەربازی کۆنگرە بە ناوی " شمشێری گەل" لە لایەن نێلسۆن ماندێللاوە دامەزرا، تا جێبەجێکردنی کردەوەی تێکدەرانە و تۆڵەئەستێنانە وەئەستۆ بگرێ.ئەم رێکخستنە چەند نووسینگەشی لە دەرەوی وڵاتدا هەبوو تا

پشتیوانی وڵاتانی دیکەی جیهان بۆ کۆتایی هێنان بە ڕژێمی ئاپارتاید بۆلای خۆیان ڕابکێشن و بتوانن حکوومەتی ڕەش پێستەکان لە ئەفریقیای باشوور دامەزرێنن. لە ساڵی ۱۹۹۰دا و بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا ڕوویاندا، دەوڵەتی ئەفەریقای باشووریش چەند هەوڵی بۆ هەڵوەشانەوەی یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی دا.

گرنگترینی ئەو هەوڵانە کە لە و تاری (شوباتی ۱۹۹۰) دوکلێرک، سەرۆک کۆماری ئەفریقیای باشوور ئاماژەیان پێکرا بریتی بوون لە :

ـ یاسایی کردنی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیا.

ـ ئازادکردنی دەستبەجێی نێلسۆن ماندێلا، ڕێبەری کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیا.

نزیکە ساڵ و نیوێک دوای ئەمە، دۆکلێرک بە شێوەی ڕەسمیی هەڵوەشانەوەی هەموو یاساو ڕێوشوێنەکانی ڕژێمی ئاپارتایدی ڕاگەیاند (حوزیرانی ۱۹۹۱). لەم وتارەدا ڕایگەیاند: " ئێستا کە هەموو لایەک [لە هەڵاواردنی ڕەگەزی] ڕزگار بوون، ڕەگەزی سپی، ڕەگەزی هیندی ورەگەزی دوورەگە. ئاپارتاید بۆ هەمیشە چووە ناو مێژووەوە". سەرەڕای ئەمە شارەزایان پێیانوایە کە قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی ڕژێمی ئاپارتاید پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە.

کۆنگرەی ڤیەننا (۱۸۱٤ ـ ۱۵) *Congress Of Vienna*

کۆنگرەیەکی نێودەولەتیێ بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەورووپا لە دوای " شەڕەکانی ناپلیۆن"، کە لە ئەیلوولی ۱۸۱٤ تا حوزیرانی ۱۸۱۵ی خایاند. وڵاتانی بەشداری ئەم کۆنگرە بریتی بوون لە: نەمسا، بەریتانیا، ڕووسیا، پرۆس و فەرەنسا. بەشی زۆری بڕیارەکانی ئەم کۆنگرە لە لایەن نەمسا و بەریتانیاوە دەدران. چارەسەری کێشەی خاک لە بەندی کۆتایی ۹ی حوزیرانی ۱۸۱۵دا کە " بەرێککەوتننامەی ڤیەننا" بە ناوبانگە، گونجێنرا. سێ هەرێمی نوێی پێکهات: پاشایەتیی یەکگرتووی هوڵەندا کە لە بەلجیکا، هۆڵەندا و لۆکزامبۆرگ پێکهاتبوو. کۆنفیدراسیۆنێکی ئەڵمانی کە لە ۳۰ یەکەی سەربەخۆ پێکهاتبوو بەبێ حکومەتی ناوەندی ئەم یەکانە پێوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو و شاری ئازادی کراکۆ. دوو پاشایەتیی ژێر سەرپەرەستیاریش دامەزران: یەکیان لۆمباردی ــ ڤێنیز کە سەر بە پاشایەتی نەمسا بوون و پاشایەتی پۆلۆنیاش سپێردرایە تیزاری ڕووسیا. پاشایەتیە یاساییەکان لە ئیسپانیا، ناپێل، پیەمۆنت، تووسکانی و

مووددناشدا دامەزران. گۆنگرە هەروەها جارێکی تر کۆنفیدراسیۆنی سویسرای پێکهێناوە و گەرەنتی بێلایەنی هەمیشەیی ئەم کۆنفیدراسیۆنەی کرد. نەمسا نە تەنیا لۆمباری ـ ڤێنیز، بەڵکوو دالماسی، کارنیۆلا، سالزبۆرگ گالیشیی وەدەستهێنا. پرۆسیش، پوزێن، دانزیک بەشی زۆری ساکسۆنی، بەشێکی زۆر لە ڤێستفالیا و ناوچەکانی پێشووی ژێردەسەلاتی سویدی کردە هیی خۆی. نەرویجیەکان لەگەڵ سویدیەکاندا یەکیان گرت. بەریتانیا، ماڵت، هلیگۆلند، کلکەی ئومیدنیک، سەریلانکا، توباگۆ، سانتالۆسیا و مۆریسی بۆ خۆی راگرت و سەرپەرستیاری دورگەکانی یونیشی (تا ساڵی ١٨٦٢) وەدەستهێنا. جگە لە گۆرانکارییەکانی ناو بەڵگەی کۆتایی کۆنگرەکەدا؛ کۆنگرە بریاری گرنگی دیکەیشی دەرکردن: مافی هاتوچۆی ئازادی پاپۆرەکان لە راین و مۆیسدا، مەحکووم کردنی رەسمیی بازرگانیی کۆیلەکان، پێشنیاری درێژکردنەوەی بەخشینی ماف بە جوولەکەکان بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و دامەزراندنی سیستەمێکی دیپلۆماسی کە بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم و دوای ئەو ماوەیەش بەردەوام بوو.

کۆنڤانسیۆن *Convention*

کۆنڤانسیۆن ئەم واتایانە لە خۆ دەگرێ:

١ـ کۆنڤانسیۆن یان کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیی. ناوی کۆمەڵەیەکی گرنگ بوو کە لە دوای ئەنجوومەنی یاسادارشتن لە لایەن خەڵکی فەرەنساوە لە٢١ی ئەیلوولی ، ١٧٩٢دا دامەزرا. کۆنڤامسیۆن، کۆماری فەرەنسای راگەیاند و حوکمی لە سێدارە دانی لۆئیی شازدەهەمی پەسندکردو کۆمیتەی رزگاری نەتەوەیی پێکهێنا و چەند کەسی نارده شارەکان کە بنەماکانی شۆرش و بنەماکانی راگەیەنراوی مافی مرۆڤ و بناغەکانی نیشتمانپەروەرری بەهێز بکەن. نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن لە دوو حیزبی گەورەی ژیرۆندین و مونتانیارەکان (ژاکوبینەکان) هەڵبژێردرا بوون. کۆنڤانسیۆن لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتیی لە ویلایەتەکانی ڤاندە و باشووری فەرەنسا تێکشکاند و ئەو یەکیەتیە ئەوروپییەی کە لە لایەن پاشاکانی ئەورووپا لە دژی شۆرش پێکهاتبوو، لە ناو برد.

www.perawipepwle.com

کۆنڤانسیۆن چەند دامەزراوە و بنیاتی لە فەرەنسادا پێکهێنا وەکوو: پەیمانگەی بەرز، قەتابخانەی پۆلی ـ تەکنیک، بەرێوەبەریی جۆگرافی، بەرێوەبەریی پیشەسازییەکان و پیشەکان، قوتابخانە سەرەتایی، ناوەندی و تایبەتیەکان، مووزەی مێژووی سروشتی، کۆنسێرڤاتۆر، سیستەمێکی متریک، ئاکادیمی زانستە سیاسی، ئەخلاقی یەکان و ئەدەبیات و هونەرە جوانەکان و دامەزراوەی هاوشێوەی دیکە. کۆنڤانسیۆنی فەرەنسە لە ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٧٩٥ دا هەلوەشایەوە.

٢ـ بە کۆبوونەوەیەک دەگوترێ، کە لە ناو دەنگدەرانی حیزبێکدا لە شارێک یان لە بەشێکدا و نوێنەرانی شارەکانی ویلایەتێکدا کە پالێوراوی حیزبیان بۆ هەلبژاردن دیاری کردووە، بەرنامە و ئامانجەکانی حیزب و چۆنیەتی رێکخستنی حیزب دادە رێژێ.

تێبینی: کۆرو کۆبوونەوە نێودەولەتیەکان کۆنڤانسیۆن نین و بەم کۆبوونەوانە دەلێن کۆنفرانس.

٣ـ ناوی ئەنجوومەنێکە کە ناوە بە ناوە بۆ پێداچوونەوەی دەستوور و پێشنیارکردنی دەستوور بەو کەسانەی کە هەلدەبژێرن، پێک دێ.

٤ـ کۆنڤاسیۆن لە زاراوەی یاسای نێودەولەتیدا بەو " بەلگەنامە چەند لایەنە نێودەولەتی " یانە دەگوترێ کە لە باری فۆرمەوە لە " رێککەوتننامە " دەچن.

کۆنڤاسیۆن بوارەکانی وەکوو: پێوەندییە پۆستی، کۆنسولی، گومرکی و سەربازییەکان لە خۆدەگرێ و زۆربەی دەولەتەکان پەسندیان کردووە. وەکوو کۆنڤاسیۆنەکانی شەرو یاساکانی شەر کە لە نێوان چەند دەولەتی تایبەتیدا گرێ دراون، کەولاتەکانی دیکەش دەتوانن ببنە ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنانە. وەکوو کۆنڤانسیۆنەکانی گواستنەوەی بریندارانی شەر لە گۆرەپانەکانی شەردا و کۆنڤاسیۆنەکانی لێکدانە دەریاییەکان، رزگارکردنی نوقم بووەکان، پشتیوانی لە خاوەندارێتی تەکنیکی و ئەدەبی و فرۆکەوانی و پاپۆروانی و پێوەندییە دوورەکان.

لە کۆنڤانسیۆنە بەناوبانگەکان دەتوانین ئاماژە بە رێککەوتننامەی نێودەولەتیی ئاشتی لاهە (١٨٩٩و١٩٠٧) و ئەو رێککەوتننامانە بکەین کە لە ژێر چاوەدێری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مۆرکراون، وەکوو: کۆنڤانسیۆنی ١٩٣٦ ی قەدەغەکردنی بازرگانی کۆیلەکان یان

کۆنفانسیۆنەکانی ڤیەننا سەبارەت بە پێوەندییە دیپلۆماسیەکان (١٩٦١) و پێوەندییە کۆنسولیەکان (١٩٦٣).

هەروەها کۆنفانسیۆن بەو بەڵگەنامەنەش دەگوترێ کە پێوەندییان بە یەکیەتیە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە یان دەبنە هۆی پێکهێنانی ئەمجۆرە یەکیەتیانە؛ وەکوو کۆنفانسیۆنی پۆستیّ و هەروەها کۆنفانسیۆنی مۆنترۆ (١٩٣٦) کە بوو بە هۆی سیستەمێکی هەمیشەیی لە سەر گەروەکانی بۆسفۆرو داردانێل.

کۆنفانسیۆنی ئەمەریکیی مافی مرۆڤ (١٩٦٩)

American Convantion On Humn Rights (١٩٦٩)

رێککەوتننامەی رێکخراوی ولاَتانی ئەمەریکی (OAS)ە کە لە کۆبوونەوەی ١٩٦٩ی ئەم رێکخراوە لە کۆستاریکادا پەسندکراو پێوەندی بە پشتیوانی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە نیوەگۆی رۆژئاوادا هەیە. کۆنفانسیۆنی ئەمەریکی مافی مرۆڤ، بەڵگەیەکی هەمەلایەنەیە کە لە کۆنفانسیۆنی ئەورووپی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان (١٩٥٠) وەرگیراوە. ئەم کۆنفانسیۆنە نزیکەی ٢٢ مافی بنەرەتیی سیاسی و شارستانی مسۆگەر دەکا وەکوو:مافی ژیان، مافی هەڵسووکەوتی مرۆڤانە، مافی ئازادی تاکە کەسیی. مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی کەڵک وەرگرتن لە ژیانی تایبەتی، مافی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، مافی وەلاّم دانەوە، مافی کۆڕ کۆبوونەوە، مافی پێکهینانی خێزان، مافی هەبوونی ناو، مافی هەبوونی سامان و دارایی، مافی بەشداریکردن لە دەوڵەتدا. مافی پشتیوانی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا، مافی کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانی داد، مافی منالاّن، مافی رزگاربوون لە کۆیلایەتی و ئەو یاسایانەی پێوەندییان بەرابردووەوە هەیە، مافی ئازادی ئایین، بیر، رادەربرین، پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە، گواستنەوە و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون. ئەم کۆنفانسیۆنە هەروەها بریاری پێکهێنانی دادگای مافی مرۆڤی ئەمەریکی و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ولاّتانی ئەمەریکی (لەراستیدا کۆمیسیۆنی OASە)دەرکرد. دەبوایە بریارەکانی کۆنفانسیۆن لە ساڵی ١٩٧٨ەوە جێبەجێ بکرانایە.

کۆنڤانسیۆنالیزم Conventionalism

بەسەرنجدان بە واتاکانی کۆنڤانسیۆن، کۆنڤاسیۆنالیزم بەواتای زیادەڕۆیی لە پێڕەوی کردن لە ڕێووشوێنەکانی ڕێککەوتننامە و کۆنڤانسیۆنەکانە.

کۆنڤانسیۆنی دانووب (۱۹٤۸) Danube Convention

کۆنڤانسیۆنی دانووب لە ساڵی ۱۹٤۸ لە شاری بێلگراد، لە نێوان وڵاتانی بولگاریا، چیکسلۆڤاکیا، هەنگاریا، ڕۆمانیا، سۆڤیەت، ئوکراینا، ویۆگسلاڤیادا مۆرکرا. ئەم کۆنڤانسیۆنە درێژەو دان پێدانان بە ڕێککەوتننامەی ۱۹۲۱ بوو کە کۆمیسیۆنی ئەورووپی دانووب (۱۸٥٦ ـ ۱۹٤۸) بە پێی ئەورێککەوتننامە دامەزرا بوو. کۆنڤانسیۆنی دانووب ئازادی هات و چۆی پاپۆڕەکانی لە چۆمی دانووبدا بۆ هەموو پاپۆڕە بازرگانیەکان و بازرگانی گشتی وڵاتان مسۆگەر دەکرد.

کۆنڤانسیۆنی ئەورووپیی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان
Europen Convention For The Proteection Of Humn Rights And Fundamental Freedoms

ڕێککەوتننامەیەکە کە باس لەو ماف و ئازادییانە دەکا کە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ هاوڵاتیەکانیان مسۆگەر کردووە. ماف و ئازادییەکانی کۆنڤانسیۆن بریتین لە: مافی ژیان و ئازادی، قەدەغەکردنی کۆیلایەتی و ژێردەستە بوون، ڕزگاربوون لەدەستبەسەرکردن، زیندانی کردن و دوورخستنەوەی لە خۆڕایی، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئازادی کۆڕو کۆبوونەوە (پێکهێنانی یەکیەتیەکان) و ئازادی ئایین. کۆنڤانسیۆن ئەم خاڵانە ناگرێتەوە:

دابینکردنی کۆمەڵایەتی، دامەزراندن (تعین بوون) یان ستانداردە بەرزەکانی ژیان (ئەم بوارانە لە ڕێککەوتننامەی ڕاگەیەنراوی کۆمەڵایەتیی ئەورووپا (۱۹٦۰)دا باسکراون). ئەم کۆنڤانسیۆنە بۆ وەرگرتن و تاوتوێکردنی سکاڵاکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کە بە هۆی سکاڵای وڵاتانی ئەندام یان کەسەکانەوە تۆمار دەکرێ، کۆمیسیۆنی ئەورووپی مافی مرۆڤی دامەزراندووە. ئەم کۆنڤانسیۆنە هەروەها دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپای دامەزراند. ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆن بەقەد

رادەی ئەو وڵاتانەیە کە کۆنڤانسیۆنیان مۆر کردووە. ئەندامەکانی بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە لایەن کومیتەی وەزیرەکانی ئەنجوومەنی ئەوروپا و بەپێی ئەو پیشنیارانەی کە دەستەکانی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی دەیخەنە بەردەم کۆمەڵەی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئەروپا، هەڵدەبژێردرێن. کۆنڤانسیۆن لە شێوەیەکی تایبەتی کەڵک وەردەگرێ، چوونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کۆنڤانسیۆنیان مۆر کردووە، رێگایان بە کۆمەڵە تایبەتی و کەسەکان و وڵاتەکانێش داوە کە سکاڵاکانی خۆیان ئاراستە بکەن. کۆمیسیۆن لە پێراگەیشتن بە سکاڵاکان سەربەستە. واتە وڵاتێک نەک تەنیا دەبێ کۆنڤاسیۆنەکەی لە ناو خۆدا پەسند کردبێ، بەڵکوو دەبێ مافی کۆنڤانسیۆنیشی سەبارەت بە گوێ راگرتن لەو سکاڵایانەی کە لەدژی ئەو وڵاتە کراون پەسند بکا. بەو مەرجەی کە سکاڵاکە پێوەندی بە کۆمیسیۆنەوە هەبێ، کۆمیسیۆن لەم بارەوە لێکۆڵینەوە دەکا، بەو مەرجەی ئەو کەسە سکاڵاکەی بردبێتە دادگا نێوخۆییەکانی [بەڵام لەوێ چارەسەر نەکرابێ یان چارەسەریان نەکردبێ.] لە حاڵێکدا کە کۆمیسیۆن نەتوانێ چارەسەری دوستانە بدۆزێتەوە، راپۆرت و پێشنیارەکان بۆ بریاری کۆتایی دەنێردرێتە کومیتەی وەزیرانی ئەنجوومەنیی ئەوروپا. وڵاتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆن لەوەدا سەربەستن کە دەسەڵاتی زۆرەملێی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپی لەسەر ئەو مەسەلانەی کە پێوەندیان بە راڤە کردن و کردەوەکانی کۆنڤاسیۆن هەیە، پەسند بکەن. کۆنڤاسیۆنی مافی مرۆڤی ئەورووپی لە ساڵی ١٩٥٠ و بەشداری ١٥ وەزیری دەرەوەی (ئەندامانی کۆمەڵگای ئەورووپا) ئەورووپا پەسند کراو لە ساڵی ١٩٥٣ەوە بریارەکانی جێبەجێ دەکرێن. ئیستاکە ٢١ وڵات ئەندامی کۆنڤانسیۆنن و چەند پرۆتوکۆلی دیکەش خراوەتە سەر کۆنڤانسیۆنەکە.

کۆنڤاسیۆنی لۆما (١٩٧٥) *Lome Convention*

بەو رێککەوتننامە دەگوترێ کە لە رێکەوتی ٢٨ی شوباتی ١٩٧٥ لە نێوان کۆمەڵگای ئابووری ئەوروپا (EEC)و ٤٦ وڵاتی لە حاڵی پەرەسەندن لە لۆما ناوەندی وڵاتی توگۆدا پێکهات. بە پێی ئەم کۆنڤاسیۆنە کۆمەڵگای ئابووری ئەوروپا بەڵێنیدا تا یارمەتی و سەرمایەگوزارییەکانی خۆی بداتە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا تاکوو ئەوانیش دەستیان بە بازارەکانی کۆمەڵگای ئابووری ئەورووپا رابگا.

كۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی چەک و چۆڵە کیمیاوییەکان

Convention On The Prohibition Of Chemiecal Weapons

ئەم کۆنڤاسیۆنە پێشەکیەک، ٢٤ ماددە و ٣ دەقی نووسراوی هەیە کە پاشکۆکانی ئەم کۆنڤانسیۆنەش، بە دەقی سەرەکیی کۆنڤانسیۆن دێنە ئەژمار. سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆنڤانسیۆنە. ئامادەکردن و دارشتنی ئەم کۆنڤانسیۆنە نزیکەی ٢٤ساڵی خایاند و وتوویژەکانی دارشتنی ئەم کۆنڤاسیۆنە لە مانگی حوزیرانی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی چەک داماڵیندا کۆتاییان پێهات و پاشان لە بریارنامەیەکدا لە کۆبوونەوەی چل وحەوتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە تێکرای دەنگەکان پەسند کرا.

١ـ ئامانجی ئەم کۆنڤاسیۆنە پێش گرتن بە بەرهەمهێنان، کەڵەکەکردن، کەڵک وەرگرتن و پەرەپێدانی چەک و چۆڵە کیمیاییەکانە. لە ناوبردنی هەموو چەک و چۆڵە کیمیاییەکان و دامەزراوەکانی بەرهەمهێنی ئەم چەک چۆڵانە لە ماوەی دە ساڵدا و چاوەدێری کردن بەسەر چالاکیە کیمیاییەکانی ولاتان بە بێ ئەوەی زیان بەپەرە پێدانی تەکنیکی و تەکنەلۆجیای ولاتان بگەیەنێ ورێنوێنی کردنی هەوڵەکانی ئەم ولاتانە بە ئاراستەیەکی ئاشتیخوازانەدا، لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم کۆنڤانسیۆنەیە.

پرۆتۆکولی ١٩٢٥ی ژنێف تەنیا کەڵک وەرگرتن لە چەک و چۆڵە کیمیاییەکانی قەدەغە دەکرد و کۆنڤانسیۆنی میکرۆبی ١٩٧٢ش، سیستەمێکی چاوەدێری کردن، و پشکنینی نەبوو.

٢ـ بە پێی ماددەی یەکی کۆنڤانسیۆن، ولاتەکان بەڵێن دەدەن لە ژێر کاریگەری هیچ بارودۆخێکدا لە پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کەڵەکەکردن و کەڵک وەرگرتنی چەک و چۆڵە کیمیاییەکان (چ لە ناخۆ و دەرەوەی ولاتی خۆیان دا) خۆببوێرن. جگە لەمە هەر بە پێی ئەم ماددەیە، کەڵک وەرگرتن لە ماددە کیمیاییەکانی دژەشۆرشیش قەدەغە کرا.

٣ـ بە پێی ماددەی سێ، هەموو ولاتانی ئەندام، بەڵێن دەدەن لە ماوەی کەمتر لەو ٣٠ رۆژەی کە دەبێ بریارەکانی کۆنڤانسیۆن جێبەجێ بکرێن، چەک و چۆڵە کیمیایی یان دامەزراوەکانی بەرهەمهێنی ئەم ماددانە لە ناوەوەو لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی خۆیان، نیوەرۆکی هەوڵ و

www.perawipepwle.com

مەودای چالاکی پیشەسازییە کیمیایی و دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و گەڵاڵەی رووخاندنی ئەم دامەزراوانە بدەنە ڕێکخراوی کۆنڤانسیۆن. ئاشکرایە کە وەڵامی ئەرێ یان نا، بەم پرسیارانە لە لایەن هەر وڵاتیکەوە پێویستی بە بانکێکی زانیاری دەوڵەمەند هەیە کە بەپێی ماددەی حەوت سپێردراوەتە بەرپرسانی هەروڵاتێک.

٤ـ ئەم کۆنڤانسیۆنە خاوەنی بنچینەگەلی توندوتۆڵی پشکنینە. پشکنینی دیاریکراو و پشکنینی لەناکاو بە شێوەی جیاواز جێبەجێ دەبن. پشکنینی لەناکاو (Challenge Inspection) گرنگترین جۆری پشکنینە کە لەم کۆنڤانسیۆنەدا باسی لێکراوە. کە لە ماوەیەکی کەم و لەهەر شوێنێکی وڵاتی تاوانبار بە بێ ئەوەی ئەم وڵاتە مافی نارەزایەتیی دەربڕینی هەبێ، جێبەجێ دەبێ. بەپێی یاساکانی پشکنینی لەناکاو، هەرکاتێک وڵاتی "الف" وڵاتی "ب"ی بەوە تاوانبار کرد کە چەک و چۆڵی کیمیایی هەیە یان کەڵکی لێ وەرگرتووە، پشکێنەرانی کۆنڤانسیۆن لە ماوەی ١٢ کاتژمێردا لە شوێنی هاتنە ناوەوە کە ئەو وڵاتە لەو بەپێش بە ئاگاداری سکرتاریای کۆنڤانسیۆنی گەیاندوە، دەچنە شوێنی پشکنینەکە. ئەم پشکنینانە لە جۆری خۆیاندا بێ وێنەن و بۆ یەکەمجار تەنیا لەم کۆنڤانسیۆنەدا گونجێنراون.

٥ـ سەرەرای ئەم پشکنین و بەڵێنە روونانە، جێبەجێکردنی کۆنڤانسیۆکە نابێ زیان بە هەوڵە ئاشتیخوازنەکانی وڵاتان و پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا و ئاڵوگۆڕی سەربەستانەی مادده کیمیاییەکان بگەیەنێ. بە پێی ماددەی ٦ و پاشکۆکان، وڵاتان دەبێ بە شێوەی شیاو و پێویست هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی خۆیان لەم پێوەندییەدا بسەلمێنن کە بەسەردانە دیاریکراوەکان راستی هەوڵە ئاشتی خوازانەکان دەسەلمێنرێ.

٦ـ فرۆشتنی زیاتر لە نۆ مادده کە بە پێی سێ خشتە دیاریکراون، لەگەڵ ٤٥ ماددەی کیمیایی دیکەدا لە لایەن " گرووپی ئوسترالیا" وە بە وڵاتانی جیهانی سێهەم قەدەغە کراوە. سەرەرای هەوڵی زۆری وڵاتانی جیهانی سیهەم لە ماوەی وتوویژەکاندا، ماددەی ١١ی کۆنڤانسیۆن کە باس لە پەرەپێدانی ئابووری و تەکنیککی دەکا، لە دوای جێبەجێکردنی کۆنڤانسیۆنیش، وڵاتانی گرووپی ئوسترالیا ناچار ناکات کە گەمارۆ بازرگانیە بێ بنەماکانی خۆیان لە سەر وڵاتانی جیهانی سێهەم هەڵگرن. ئەگەر چی ئەم گرووپە لە مانگی ئابی ١٩٩٢دا راگەیەنراوێکی دەرکرد

که له دوای جێبەجیکردنی کۆنڤانسیۆن، گەمارۆ بازرگانیەکان هەڵ دەگیرێن. بەواتایەکی روونتر، گەمارۆ بازرگانیەکان زیاتر زیان بە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەگەیەنن کە ئەم ماددانە لەو وڵاتانی گرووپی ئوسترالیا دەکرن. بۆیە ئەگەر پیشەسازیەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم ببنە ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە، کەمتر تووشی پاڵە پەستۆو ئاستەنگ دەبنەو گەشەش دەکەن. بەڵام دەبێ پیشەسازیەکانی خۆیان لەگەڵ پشکنینەکانی کۆنڤانسیۆندا بگونجێنن.

٧_ بە پێی ماددەی ١٢ی کۆنڤانسیۆن بۆ ئەو وڵاتە لادەروسەربزێوانەی کە گوێ نادەنە پێشنیارەکانی ئەنجوومەنی بەرێوەبەری بۆ چاکسازی، ئەو رەوشەی کە دەبێتە هۆی پێشێل کردنی کۆنڤانسیۆنەکە، سێ قۆناغی سزادان پێش بینی کراوە کە بریتین لە:

١_بەرتەسککردنەوە وراگرتنی ئەو ماف وئیمتیازانەی کە کۆنڤانسیۆن بە وڵاتانی ئەندامی داوە.

٢_ هەوڵی بەکۆمەڵ بە پێی رێوو شوێنەکانی یاسای نێودەوڵەتیی لە دژی وڵاتی تاوانبار .

٣_ ناردنی کێشەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش لە هەلومەرجی قەیراناویدا.

بەخشینی دەسەڵاتی سزادان بە رێکخراوی کۆنڤانسیۆن، شتێکی نوێیە لە یاسا نێودەوڵەتیەکانی رێکەوتننامەکاندا، کە تەنیا بەم شێوە لەم کۆنڤانسیۆنەدا لەبەرچاو گیراون و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکەی وەکوو: رێکخراوی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، ئەم دەسەڵاتەیان نیە و ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بەم مەسەلە بریاردەدا.

کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە پێوەندییە دیپلۆماسیەکان (١٩٦١)

Vienna Convention On Diphomatic Relations (١٩٦١)

کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا، لە پاش کۆنفرانسێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦١دا، پێکهات. لەو کۆنفرانسەدا، ٨١ وڵات بەشدار بوون هەتا سەبارەت بە پێوەندییە دیپلۆماسیەکان واتە، ئەرکە دیپلۆماسیەکان، دەستنیشانکردن، قبووڵ کردن و پلەی سەرۆکی بەرێوبەری ئەرکەکان، دەست پێشخەری، پچرانی پێوەندییە دیپلۆماسیەکان....و هتد، رێووشوێن و یاسا دابرێژن. ئەم کۆنڤانسیۆنە بە پێی رەشنووسی ئامادەکراوی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتیی

دارێژرا بوو. هەوڵەکانی کۆمیسیۆن بۆ دارشتنی کۆنڤانسیۆن سەرکەوتوون بوون، چوونکە دەرئەنجامەکان رەنگدانەوەی یاسا عورفی و رەوتە جێگیرەکانی وڵاتان بوون، ئەگەرچی لە هێندێک بواردا کۆنڤانسیۆن یاسای نوێ و بەرتەسک تری سەبارەت بە پارێزراوییە دیپلۆماتیەکان دارشت. سەرەرای ئەوەی کە دیپلۆماتەکان و خێزانەکانیان پارێزراوی سزایی و شارستانی وڵاتی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو پارێزراوییە ئەو بوارە بازرگانیی و پیشەییانە ناگرێتەوە کە پێوەندییان بە ئەرکی رەسمیی دیپلۆماتەوە نیە. هەروەها فەرمانبەرە ئیداری و تەکنیکیەکان پارێزراوی تەواو هاوشێوەی دیپلۆماتیان نیە، و یاسای سزاو شارستانی وڵاتی خانەخۆی تەنیا لە بوارانەدا پشتیوانیان لێدەکا کە رەسمین. ئەم کۆنڤانسیۆنە هەروەها بوارەکانی: بەخشراو بوون لە جۆرەجیاوازەکانی باج، گواستنەوە سەفەرکردن، پێوەندییەکان (نووسراوەو...هتد)، گومرک، کەرەسەکانی ناومال و پەرنەوەو ترانزیتی دیپلۆمات لە وڵاتانی سێهەم و هەڵنەکوتانەسەر شوێنی بەرێوەبردنی ئەرکی دیپلۆمات (کەرەسەکانی ناومالْ، سامان، سەیارەو بەڵگەنامەکان) لە خۆدەگرێ. ئەم کۆنڤانسیۆنە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە جێبەجێ دەبێ.

کوکتێل مولۆتۆف — *Molotov Cocktail*

ئەم زاراوە لە نێوی ڤیاچیسلاو مولوتۆف (١٩٨٦_ ١٨٩٠)، وەزیری بە ناوبانگی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە سەردەمی شەری دووهەمی جیهانی، وەرگیراوە و بەو بۆمبە ساکارە بەنزینیە دەگوترا کە پارتیزانەکان لە دژی هێزەکانی ئەڵمانیای نازی لە بەرەکانی رووسیا و بالکاندا، کەڵکیان لێوەردەگرت.

کۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە پێوەندییە کۆنسولیەکان (١٩٦٣)

Vienna Convention On Consular Relations (١٩٥٣)

ئاکامی یەکێک لە کۆنفرانسەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ساڵی ١٩٦٣ و بەشداری ٩٢ وڵات لە ڤیەننا، بەمەبەستی دارشتنی یاسا سەبارەت بە ئەرکەکان، ماف و ئیمتیاز و پارێزراوییە کۆنسۆلیەکان پێکهات. بنەمای کاری ئەم کۆنفرانسە، بەپێی رەشنووسی

ئامادەكراوی كۆنسولی بوو. وەكوو: پارێزراوی لە دەستبەسەركردن، تاكاتی دادگاییكردن (جگەلە تاوانە قورسەكان)؛ پارێزراوی لە قۆڵبەست كردن تا كاتی دەرچوونی بڕیاری كۆتایی، ئازادی سەفەركردن و نامەناردن (هەرنووسراوەیەكی دیكە)، ئازادی بینین و سەردانی ئەوهاوولاتیانەی كە خەڵكی ولاتی كۆنسولن و لە بەندیخانەی ولاتی خانەخوێدا گیراون و پارێزراوی لە سەلاحییەتی ئەو كێشانەی بە هۆی ئەركە كۆنسولیەكان دێنە ئاراوە، جگە لەمە نابێ هێرش بكرێتە سەر كۆنسولخانەكان و (ئەو شوێنانەش كە سەربە كونسۆلخانەن) و بەڵگەنامەكانیان. ئەم كۆنڤانسیۆنە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە جێبەجێ دەبێ.

كۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە نوێنەرایەتیی ولاتان، لە پێوەندییەكانیان لەگەڵ ئەو ڕێكخراوە نێودەوڵەتیانەی كە تایبەتمەندیی جیهانیان هەیە(١٩٧٥).

Vienna Convention On The Representation Of States In Their Relations With International Organiziation Of a Universal Characte r(١٩٧٥)

نموونەكانی پێكهاتنی ئەم كۆنڤانسیۆنە، كۆنڤانسیۆنی ڤیەننا سەبارەت بە پێوەندییە دیپلۆماسیەكان (١٩٦١) وكۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی (I LC) بوون. ئەو نوێنەرایەتی، ڕاسپاردە و بەڕێوەبەرانە دەگرێتەوە كە ولاتان دەیانێرنە ڕێكخراوە كۆنفرانسە نێودەوڵەتی و جیهانیەكان. ئەم كەسانەش وەكوو دیپلۆماتەكان مافی پارێزراوبوونی سیاسیان هەیە كە بە پێی كۆنڤانسیۆنی ١٩٦١ پێیان بەخشراوە. لە ڕاستیدا ئەم پارێزراوییانە لەو حالانە كە لە كۆنڤانسیۆنی ١٩٦١ دا ئاماژەیان پێكراوە بەربلاوترن. چوونكە پارێزراوییەكی زۆرتر بۆ فەرمانبەران پێك دێنن.

كۆنڤانسیۆنی فڕۆكە ڕفاندنی لاهە (١٩٧٠)

The Hague Air Hijacking Convention (١٩٦٥)

كۆنڤانسیۆنێكی چەندلایەنەیە كە لە لایەن ڕێكخراوی ئیكائۆ (ڕێكخراوی فڕۆكەوانی نێودەوڵەتیی) بەمەبەستی كۆتاییهێنان بە دەستبەسەرداگرتنی فڕۆكە مەدەنیەكان دارێژراوە و ١٣٠ ولات مۆریان كردووە. كۆنڤانسیۆنی فڕۆكەرفاندنی لاهە ڕێككەوتننامەیەكی گرنگی نێودەوڵتیە كە

چوارچێوەی یاسایی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەی لە حاڵی فڕیندا دیاری دەکا. کۆنڤانسیۆن بەبێ ئاماژەکردن بە" فڕۆکە ڕفاندن "؛ ئەم تاوانەی پێناسە کردووەو هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەم ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە، ناچار دەکا بە توندترین شێوە، سزا بۆ ئەم تاوانە ببڕنەوە و هەر وڵاتێکی ئەندامی کۆنڤانسیۆنیش دەبێ بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی خۆی لەسەر تاوانی فڕۆکە ڕفاندن، ئەم تاوانە بخاتە ناو یاسای سزاکانی خۆیەوە. دەوڵەتەکان لەم حاڵەتانەدا دەتوانن کەسی ڕفێنەر سزا بدەن:

١ــ ئەگەر تاوانەکە لە ناو فڕۆکەی تۆماری کراوی ئەووڵاتەدا کرابێ کە کۆنڤانسیۆنەکەی مۆر کردووە.

٢ــ نیشتنەوەی فڕۆکە لەیەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەم کۆنڤانسیۆنەیان مۆر کردووە.(بەپێی یەکێک لە بەندەکانی کۆنڤانسیۆن کە ڕێگا بە گرتنی فڕۆکە ڕفێن دەدا)

٣ــ ئەگەر تاوانەکە لە فڕۆکەی بە کرێدراوی ئەو وڵاتەدا کرا و ئەو کەسەی فڕۆکەکەشی بە کرێ گرتووە شوێنی سەرەکی بازرگانی و نیشتەجێ بوونی بەردەوامیشی لەو وڵاتەدا بێ. هەموو ئەو وڵاتانەی کە کۆنڤانسیۆن مۆر کردووە، دەبێ فڕۆکەرفێنەکان بگرن، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا فڕۆکە ڕفاندنەکە لەو وڵاتەدا کراوە یان نا و، لەبنەڕەتدا دەبێ بەبێ سەرنجدانە ئەوەی کە بۆچی فڕۆکەکە ڕفێنراوە، فڕۆکەرفێنەکان بگیرێن.

کو ــ کلۆکس ــ کلان — *Ku – Klux – Klan (K.K.K)*

کۆمەڵێکی نهێنیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە بە تایبەتی لە دژی ڕەش پێستەکان، ودوایە کاتۆلیک جوولەکە و بیانیەکان لەو وڵاتەدا، ڕادەوستا. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا لە باشووری ئەمەریکا و لە دوای شەڕێنوخۆییەکانی ئەم وڵاتە بەمەبەستی پێشگرتن بە پێشکەوتنی کۆیلە ڕزگار بووەکان پێکهات .

ئەگەرچی ڕێکخراوی Ku – Klux – Klan لە ساڵی ١٨٦٩دا بەرەسمیی قەدەغە کراو هەڵوەشایەوە، بەڵام کۆنگرە دوایە ناچار بوو یاسای تایبەتی لە دژی ئەم ڕێکخراوە پەسند بکا.

www.perawipepwle.com

ئەندامانی ئەم ڕێکخستنە تێدەکۆشان هەوڵەکانیان زیاتر توندوتیژانە بێ و نەیارەکانیان زیاتر بترسێنن، تەنانەت لە دوای شەڕی یەکەمیی جهانیشدا هەروا بەردەوام خەریکی تێکۆشان بوون.

نیشانەکەیان " خاچی ئاورین " بوو کە لەسەر زۆربەی شوێنەکانی ئەمەریکا دا بەرچاو دەکەوت. دەزگای F.B.I بە ڕێبەرایەتیی ئێدگار هوور ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرتەسک کردنەوەی تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوەدا هەبوو.

لە دوای پەسندکردنی یاسای نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە قوتابخانەکانی ئەمەریکادا (١٩٥٤)، کو ـ کلۆکس ـ کلانەکان هەروا درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیاندا و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٥دا ناوی " ئەنجوومەنی هاوڵاتیە سپیەکان" ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو. لە دەیەی ١٩٦٠دا، ڕادەی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ڕەش پێستەکان زۆرتر کرد وتەنانەت هەڕەشەشیان لەو سپی پیستانە دەکرد کە لەگەڵ بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکاندا هاوکاریان دەکرد و هێندێکیشیان لێ تیرۆر کردن. لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای تەشەنەکردنی زیاتری کو ـ کلۆکس ـ کلانەکان لەناو کۆڕوکۆمەڵەکانی ئەمەریکا و بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا، گرووپ گەلێکیان بە نێوی " ڕاستی نوێ" پێکهێناوە، بەڵام وەکوو جاران ناتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆلەگەڵ هێزی "ڕەش پێستەکان "دا دژایەتیی بکەن.

Komsomol

کۆم سۆمۆل

زاراوەیەکی ڕووسیە کورتکراوەی Komunisticheski Soyuz Molodezkiیە.

کۆم سۆمۆڵ " یەکیەتیی لاوانی کۆمۆنیست" ە. ئەم ڕێکخستنە لە ڕاستیدا ڕێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی سوسیالیستی بوو.

Kibboutz

کیبۆتس

وشەیەکی عیبریە بە واتای "کۆ"یە. کیبۆتس یەکەمین گوندەکانی ئیسرائیل بوون کە کۆچبەرە بێکارە جووەکان لەم گوندانەدا نیشتەجێ دەکران و زەوی زارە بێ کەڵکەکانیان ئاوەدان دەکردەوە و دەیان کێڵان. لە ساڵی ١٩٢٧دا پێڕەوی ئەم گوندە هاوبەشانە دارێژرا. کیبۆتسەکان، کۆمەڵگا کشتوکاڵیە تایبەتیەکانن کە لەسەر بنەمای دێموکراسی ڕێکخراون. ژیانی ماددی ئەم

کۆمەڵگایانە بە شێوەی رەها بەکۆمەڵ و بەهاوبەشی بەرێوەدەچن. هەموو کەسێکی ساغ و پێگەیشتوو(گەورە) دەبێ کاربکا. ئەم کۆمەڵگایانە ئاگاداری لە منالّ و پیر و نەقوستانەکان دەکەن. خۆراک، پێویستیە سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی ژیان دەبێ بە شێوەی هاوبەش بێ. کەرەسە بەکاربەریەکان بە پێی پێویستی دابەش بکرێن، حەقدەستێک.لە ئارادانە بێ. منالّەکان بەکۆمەڵ و بەپێی شێوازە پەروەردەییە نوێکان و لە شوێنیکدا گەورە بکرێن. هەموو کیبۆتسەکان بەپێی بیروبڕواکانیان لە ناو ٥ یەکیەتیی یان فیدراسیۆندا رێکخراون (کرێکاری، لیبرال، ئایینی، و دووبۆچوونی مارکسیش). ئەم سیستەمە لە سیستەمی کەلخووزی یەکیەتیی سۆڤیەت وەرگیراوە.

کۆنکۆرد *Condcorde*

دەتوانین کۆنکۆرد بە ئیرادە و ویستی گرووپێک سەبارەت بەئامانجێکی هاوبەش یان سەبارەت بە روانگەو بیروبۆچوونێک پێناسە بکەین. یان دەتوانین بڵێین کۆنکۆرد کۆک بوون لە سەر ئامانجێکی هاوبەشی گشتیە (ئاشتی، دادپەروەری و هەماهەنگیی). لە ولاّتێکدا کە ئامانجێکی دیاریکراو بە سەر خەڵک دا دەسەپێ، کۆنکۆرد ساناتر پێکدێ و، ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە بزانین نێوەرۆکی ئەو ئامانجە چیە. ئاشتی و ئارامی ناو ولاّتێک لە رێگای هاوسەنگی رێکخراوەیی و هەماهەنگیی کۆمەڵگا وەدەست دێ کە هەرکەس (ئاغاو رەشایی و فەرماندە و...هتد) لەو کومەڵگایەدا لە شوێنی خویدا بێ، بە جۆرێک کە ببێتە هۆی بەردەوامی و مانەوەی حکومەت. لەو کاتانەدا کە شەڕی نێوخۆیی و شەڕی ئایینی زیاتر لە شەڕی دەرەوە، دەبێتە هۆی لێکترازان و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا ، لەم حاڵەتانەدا نابێ چاوەڕوانی یەکگرتوویی لە تاکەکانی کۆمەڵگا بکەین. لەم حاڵەتانەدا ئایین یان رێبازێکی ئەخلاقی، زیاتر تاکەکان رێک دەخا و ئاسایشی دەروونی تاکەکان دابین دەکا.

کۆنترۆڵ
Containment

یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ پێشگرتن لە تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم لە جیهان و داگیرکاری یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. تیۆری "کۆنترۆڵ" لە دوو قۆناغی بەرنامەی هاوکاریکردنی تورکیا ویۆناندا جێبەجێ کرا(١٩٤٧). قۆناغی یەکەم لە تیۆری ترۆمێندا دەرکەوت کە پێشی بە بەبلاوتر بوونی سنووری جوگرافی سۆڤیەت دەگرت . لە قۆناغی دووهەمدا ئەمەریکا ئەو مافەی بە خۆی دەدا کە لە هەر شوێن و ساتێکدا کە بیهەوێ، پێش بە تەشە نەکردنی کۆمۆنیزم بگرێ.

کۆنترۆڵی دوو لایەنە — *Dnal Containment*

یەکێک لە ستراتیژیەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر ئێران و عێراقدا بوو. ئەمەریکا دەیهەویست لە ڕێگای ئەم ستراتیژییەوە، ئەم دوو وڵاتە کۆنترۆڵ بکا و تەریکیان بکاتەوە. دژایەتی ئێران لەگەڵ پرۆسەی وتووێژی عەرەبەکان و ئیسرائیل لە کۆنفرانسی مەدرید لە دەیەی ٩٠دا و قووڵبوونەی دوژمنایەتیی ئەمەریکا [بە هۆی فشارەکانی ئیسرائیل] و هەروەها هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت و کەوتنە مەترسی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە لایەن عێراقەوە لە کۆتاییەکانی ئایاری ١٩٩٣، بوونە هۆی هاتنە ئارای سیاسەتی کۆنترۆڵی دوولایەنە. بەڵام بە بڕوای ئەمەریکیەکان ئەم سیاسەتە تەنیا لە سەر عێراق جێبەجێ دەکرا بۆیە سیاسەتێکی هاوسەنگ لە بەرامبەر ئەم دوو وڵاتەدا جێبەجێ نەدەبوو. لاسەنگیەکە بەلای ئێران دا، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٥دا بە تەواوەتیی ئەم سیاسەتە جێبەجێ بکا. بۆیە کلینتۆن لە بەرنامەی کاری ژمارە١٢٩٥٧، سەرۆک کۆماری لە ڕێکەوتی ١٨ ئازاری ١٩٩٥دا، هۆکاری گەمارۆدانی ئێرانی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: "ئێران هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، سیاسەتی دەرەوە و ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە" . لەم ئاراستەدا، کلینتۆن ئاماژەی بەسێ هۆکار کرد:

١ــ کردەوە تیرۆریستەکانی ئێران کە هەڕەشەن لە ئاسایش و ئاشتیی گەلانی جیهان دەکەن.

٢ــ ستراتیژیی پشتیوانیکردنی ئێران لە "تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی" بۆوێنە پشتیوانیکردن لەو کردەوانەی کە ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخەنە مەترسیەوە.

٣ــ هەوڵی ئێران بۆ دەستراگەیشتن بە چەک و چۆلە کۆمەڵکوژەکان.

مارتین ئیندیک، وێرای دووپاتکردنەوەی ئەو خاڵانە، ئاماژەی بە چەند هۆکاری دیکەش کرد:

١ـهەوڵی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە توانایی هێرش بردن لە بواری چەک و چۆڵە ئاساییەکان بە مەبەستی ترساندنی دراوسێکانی خۆی

٢ـمافی مرۆڤ و دیموکراسی.

بەرپرسانی ئەمەریکا پێیانوابوو کە هەوڵەکانی ئێران بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەدا دەخاتە مەترسیەوە. بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بریتین لە :

١ـ سەرکەوتن لە پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە گرنگترین مەبەستی دەوڵەتیی کلینتۆنە.

٢ـ ئاسایشی دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمەریکا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

٣ـ پەرەپێدانی دیموکراسی و بازاڕە ئازادەکان، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئارام، سەقامگرتوو و خوازیاری پاراستنی بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس دا.

بەگشتی چوار ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە سیاسەتی کۆنترۆڵی دوو لایەنە لە ئارادایە:

ڕوانگەی یەکەم : سیاسەتی کۆنترۆڵ بە "سەرکەوتوو" دەزانێ.

ڕوانگەی دووهەم: سیاسەتی کۆنترۆڵ بە "دۆڕاو" دەزانێ.

ڕوانگەی سێهەم: بە "هەڵە"ی دەزانێ. وچوارەمین ڕوانگەش : باسی دۆڕان و سەرکەوتن ناکا، و سیاسەتی کۆنترۆڵ بە " سیاسەتێکی شێلگیر" دادەنێ.

کۆنڤانسیۆنی مافی سیاسیی ژنان

Convention On Political Rights of Women

کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (un) لە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢دا، کۆنڤانسیۆنی مافی سیاسی ژنانی پەسند کرد. بەپێی ئەم کۆنڤانسیۆنە دەوڵەتانی ئەندامیی un بۆ پشتیوانیکردن لە ماددەکانی پێڕەوپرۆگرامی un و ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ، بەڵێن دەدەن کە بڕوایان بە مافی یەکسانیی سیاسی ژنان لەگەڵ پیاواندا هەبێ. بەپێی

نیوەرۆکی ئەم کۆنڤانسیۆنە، ژنان بەبێ جیاوازیدانان، وەکوو پیاوان مافی یەکسانیی هەڵبژاردن، هەڵبژێردران، گەیشتن بە پۆستە گشتیەکان و بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتیەکان دەبێ.

کۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی هەڵاواردن لە پەروەردەدا
Convention Against Discrimination In Edacntion

لە ساڵی ١٩٦٠دا کۆنفرانسی گشتیی یۆنسکۆ ئەم کۆنڤانسیۆنەی پەسند کرد. دەوڵەتانی ئەندامیی ئەم کۆنڤانسیۆنە بەڵێنیان داوە هەموو ئەو و ڕێوشوێنانە هەڵوەشێنیتەوە کە دەبنە هۆی جیاوازی دانان لە پەروەردەدا.

کێشەی کشمیر — Kashmir Question

هەرێمی جامۆوکشمیر لە باکووری پەنجاب دا هەڵکەوتووە و لەگەڵ هیند، پاکستان و تەبەت لە ڕۆژهەڵات و ئەفغانستان لە ڕۆژئاوا و ویلایەتی سینگ کیانگی چین و تاجیکستاندا هاوسنوورە. پانتایی ئەم وڵاتە٢٢٢/٢٣٦ کیلۆمەتری دوو جایە.

لە دوای دابەشبوونی هیند لە ساڵی ١٩٤٧دا، هەرێمی، کشمیر سەرپشک کرا لەوەی کە بچێتە پاڵ هیند یان بچێتە پاڵ پاکستانەوە. مەهاراجای کشمیر (میرنشین) کە بۆخۆی هیندوو بوو، ڕایگەیاند کە کشمیر دەچێتە پاڵ هیندستانەوە. دەوڵەتی پاکستان دژی ئەم هەڵوێستەی مهاراجای کشمیر ڕاوەستا، چوونکە زۆرینەی خەڵکی کشمیر موسڵمان بوون. بۆیە ئەمە بوو بە هۆی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هیندووەکان و موسڵمانەکاندا. لەپاش ئەوەدا ماهاراجای کشمیر لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا، بەرەسمیی داوای لە هیندوستان کرد کە ئەم ویلایەتە ببێتە ویلایەتێکی هیندوستان. هیندوستان بەتەنگ داواکەی ماهاراجاوە هات بەومەرجە دوای هێور بوونەوەی بارودۆخی کشمیر، مەسەلەی چارەنووسی ئەم هەرێمە بخرێتە بەر ریفراندۆمەوە. هێزە سەربازییەکانی هیندوستان وێڕای سەرکوتکردنی ئەوکەسانەی کە دژایەتیان لەگەڵ ئەوەدا دەکرد کە کشمیر ببێتە بەشێک لە هیندوستان، بەشی گەورەی ناوچەی ناوەڕاست و باکووریی ئەم هەرێمەیان خستە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە. لەلایەکی دیکەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا،

www.perawipepwle.com

حکومەتێک بە نێوی حکوومەتیی ئازادیی کشمیر بە پشتیوانی پاکستان لە کشمیردا پێکهات و بەشێک لە ناوچەکانی رۆژئاواو باشووری رۆژئاوای خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لەسەرەتاکانی ١٩٤٨دا، دەوڵەتی هیند ئەنجوومەنیی ئاسایشی UNی ئاگادار کردەوە کە ئاسایش و ئارامیی کشمیر بە هۆی هێرشی هۆزەکانی سەر سنوورەوە کەوتۆتە مەترسیەوە و پاکستانی بەم کارە تاوانبار کرد. پاکستان وێرای رەتکردنەوەی ئەم تاوانە، چوونە پاڵی کشمیری بە هیندوستان، بە نایاسایی دانا و لە دژی هیندوستان، سکاڵانامەیەکی ئاراستەی UN کرد. ئەنجوومەنیی ئاسایش لە دوای تاوتوێکردنی کێشەکە، کۆمیسیۆنێکی بە نێوی کۆمیسیۆنی UN بۆ هیندو پاکستان پێکهێنا. ئەندامانی ئەم کۆمیسیۆنە لە نوێنەرانی چیلسلۆڤاکیا، ئەرژەنتین، ئەمەریکا و بەلجیکا پێکهاتبوون. کۆمیسیۆن داوای لە دوو دوەڵەتەکە کرد بریاری ئاگربەس بە هێزەکانی خۆیان بدەن. ئەومەرجانەی کە کۆمیسیۆن دیاری کردبوون، لەلایەن پاکستان و هیندوستانەوە پەسند کران و هەوڵەکانی کۆمیسیۆن هیچیان لێ شین نەبۆوە.

لەو کاتەوە کێشەی کشمیر چەند جار لە unدا هاتۆتە گۆرێ و چەند بریارنامەش سەبارەت بە کێشەی کشمیر دەرچوون، بەڵام کێشەکە هەروا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. لەم نێوەدا شێخ.عەبدوڵلا، سەرۆک وەزیری پێشووی کشمیر کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە هیندوستاندا بەند کرابوو، ئازاد کرا. شێخ عەبدوڵلا لە دوای ئازاد بوونی، جارێکی دیکە داوای لە هیندوستان کرد کە رێگا بە خەڵکی کشمیر بدا لە رێگای راپرسیەکی گشتیەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بە تەشەنەکردنی کێشەی نێوان پاکستان و هیندوستان لەسەر کشمیر، لە ئابی ١٩٦٥دا لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا شەرهەڵایسا. بەنێو بژیوانی UN لە دوای سێ حەوتوو شەرکردن، ئاگربەس راگەیەنرا. بەدوای ئەم شەرەدا رێبەرانی دوو وڵات لەسەر بانگهێشتنی سەرۆک وەزیری سۆڤیەت لە تاشکەند(ناوەندی کۆماری تاجیکستان) کۆبوونەوە و لە راگەیەنراوێکدا بەڵێنیان دا. کە هێزەکانی خۆیان بکشێننەوە بۆ هێڵەکانی پێش کاتی شەر. دوو لایەن بەشێوەی نارەسمی، بارودۆخی کشمیریان پەسند کرد.

لەو کاتەوە تا کاتی دەسپێکردنی شەری سێهەمی هیند و پاکستان کە بوو بە هۆی لەت بوونی پاکستان و سەربەخۆیی بەنگلادیش، بە شێوەیی کردەیی هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری ئەم کێشە نەدراوە. هیندوستان کشمیر بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانی و ئەو بەشەی کە پاکستانیش

پێی دەڵێ؛ کشمیری ئازاد بە کشمیری داگیرکراوی دەزانێ. هیندوستان پێیوایە کە شتێک بەناوی خودموختاری یان پرس کردن بەرای گشتی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کشمیر لە ئارادانیە و کشمیر بەشێکی دانەبڕاوەی هیندوستانە. هێڵی ئاگربەسی کشمیر جارێکی دیکە لە ڕێککەوتننامەی "سمیلا" کە لە نێوان ئیندیراگاندی و بوتۆ لە دوای شەڕی سێهەمی هیند و پاکستان لە ساڵی ۱۹۷۲دا مۆر کرا، دانی پێدا نرا.

لەلایەکی دیکەوە پاکستان پێیوایە کە سەبارەت بە کێشەی کشمیر دەبێ پرس بە رای گشتی بکرێ و مافی دیاری کردنی چارەنووس بدرێتە خەڵکی کشمیر. بۆیە ئەوبەشەی کەلە ژێر دەسەڵاتی پاکستان دایە، نەیخستۆتە سەرخاکی خۆی و پێی دەڵێ کشمیری ئازاد. پاکستان بەردەوام هەوڵ دەدا بە هێنانە گۆڕی کێشەی کشمیر لە UNدا، بیکاتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیی، لە حاڵێکدا هیندوستان پێیوایە بە پێی ڕێککەوتننامەی سمیلا دوو وڵات دەبێ کێشەکانی خۆیان لە ڕێگای وتوویژی دوو لایەنەوە چارەسەر بکەن.

لە دوای ڕووداوی ۱۱ی ئەیلوول و تاوانبارکردنی پاکستان لە لایەن هیندەوە سەبارەت بەوەی کە پاکستان پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکا، چەند سەد هەزار کەس لە هێزە سەربازییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەبەریەک راوەستان و خەریک بوو تووشی شەڕێکی سەربازی بن و دەست بۆ چەکی ناوەکی ببەن.(حوزیرانی ۲۰۰۲).

کۆنسەرڤاتیڤ (کۆنەپارێزی) Conservatism

کۆمەڵێک بیروبۆچوونی سیاسییە کە داکۆکی لە داموو دەزگا کۆن و لە مێژینەکان دەکا و دژی دامودەزگا نوێکان رادەوەستێ و هەروەها دژی ئەو شتانەشە کە نوێن و تاقی نەکراونەوە. پارێزگارەکان لە سەر گرنگی یاسا و ڕێکخستن، یەکگرتوویی، نەریت، پارێزکردن لە داهێنانی شتی نوێ ورێککەوتننامە کۆمەڵایەتیەکان پێداگری دەکەن و حاشا لەوە دەکەن کە خراپە بە شێوەیەکی ڕەها لە سەر جیهان دا خاشەبڕ ببێ، چوونکە پێیانوایە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتی خاوەنی کەم و کوورییە.

کۆنەپارێزی لە نەریتیی سیاسی بەریتانیادا پێگەیەکی بەهێزو دیاری هەیە. مێژووی کۆنەپارێزی لە بەریتانیادا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵەکانی ۱۸۴۰_۱۸۳۵ و لەو کاتەوە ئەم

نازناوە شوێنی نازناوی "تۆری" گرتەوە، ئەگەرچی بەتەواوەیی نەسرایەوە. لە سیستەمی سیاسی بەریتانیادا، حیزبی پارێزگاران بەردەوام یەکێک لە حیزبە هەرەگەورەکان بووە و کەسایەتیەکانی وەکوو: ئێدمۆند برێک، کالریج، پیل و دیزرائیلی رۆڵێکی گەورەیان لە گەشە پێدانی نەریتی کۆنە پارێزی سیاسی بەریتانیادا هەبووە. کۆنەپارێزی هیچ کاتێک سیستەمێکی پتەوی فەلسەفیی نەبووە؛ بەڵام دەتوانین بەم شێوە باسی بنەما گشتیەکانی بکەین:

کۆنە پارێزی دژی رادیکالیزم و شۆڕشە، ئەمە گرنگترین و بنەڕەتیی ترین تایبەتمەندیی کۆنەپارێزییە. بە بڕوای پارێزگارەکان؛ شۆڕشگێڕەکان و رادیکاڵەکان تەنیا بەپێی کۆمەڵێک ئامانجی تیۆری و ئایدۆلۆژی دەیانهەوێ زۆربەی دامو دەزگا سیاسییەکان لە سەر بنەمای تیۆری دامەزرێنن، و پەلە دەکەن و ناهێڵن ئەم داموو دەزگایانە بۆ خۆیان لە ناو رەوتی رووداوەکاندا سەر هەڵدەن و بە شێوەیەکی خۆڕسک و بەپێی پێویستی کۆمەڵگا بێنە ئاراوە". "نموونەی رەهای یۆتۆپیایی، لە هەمووو ئەم بنەما تیۆرە ئابستراکتانە مەترسیدارترە، چوونکە هیچ شتێک بەرادەی دەمەنی سەرنجراکێشی یۆتۆپیا، بۆ پێشکەوتنی راستەقینە زیانبارتر نیە، سیاسەت لە کردەوەدا لاوازە، و هیچ شتێکیش لەوە مەترسیدارتر نیە کە لە هێزو زۆر بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان کەڵک وەرگیردرێ ". لە پاڵ تیۆری بەرتەسک بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، چەمکی کۆمەڵگا وەک گشتێکی پێکهاتوو؛ لە بەشە سەربەخۆکان، راوەستاوە. بە پێی ئەم تیۆرە کۆمەڵگا زیاتر لە ئۆرگانیزم دەچێ تا وەکوو لە مەکینە بچێ. کۆمەڵگا تان و پۆیەکی ئالۆزی پێوەندییە مرۆییەکانە کە بەرنامە چاکسازییە گەورە و بە پەلەکان، بە سانایی رێکخستنی ئەم تان و پۆیانە هەڵ دەوەشێننەوە. جگە لەمەش، کۆمەڵگا ئۆرگانیزمێکە کە تێپەڕینی زەمان و قۆناغە مێژوویەکان؛ پێوەری سەرهەڵدان و گەشە سەندنیەتی و بە کات هەڵدەسەنگێنرێ و پێوەرەکەشی، بەردەوام بوونیەتی. بۆیە پارێزگارەکان بایەخێکی تایبەتی بە " لە مێژینە بوون" دەدەن و هەرچەندە داموودەزگا کۆمەڵایەتیەکان کۆن تربن، ئەوانە پتر داکۆکیان لێ دەکەن. پارێزگارەکان بەردەوام چاو دەبڕنە ئەزموونە چرو پڕەکانی جیلەکان و هەوڵ دەدەن بە خوێندنەوەی رۆحی ئەو ئەزموونانە، چاکسازی لە شتێکدا پێک بێنن. ئێدمۆند برێک دەڵێ: " من بڕوام بە چاکسازی هەیە ...... بەڵام تەنانەت کاتێک کەشتێکیش دەگۆڕم، دەبێ ئەو گۆڕانە بپارێزم ...... کە دەمانەوێ شتێکی نوێ بکەین، دەبێ چاو لە رابردووەکانمان بکەین. من تا بۆم بکرێ ، دەبێ لە رووی شێوازی وەستاوە، بیناکەم نوێ بکەمەوە".

کۆنەپارێزی، تەنیا خوێندنەوەیەکی ڕەهای ڕووناکبیرانە سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکان نیە. بنەما گشتیەکانی سیاسی و ئابووری پارێزگاری لە بەریتانیادا بریتین لە: پاراستنی پاشماوەی لیبرالیزم، ڕێزدانان بۆ خاوەندارێتی تایبەتیی، و بڕوا بە پلەیەک لە نایەکسانی لە نێوان خەڵکدا، و کەمترین ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە پرۆسەی ئابووریدا، پاراستنی ئازادیە تاکەکەسیەکان، نەریتەکان، پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان، پاراستنی دامودزگا سیاسی و کۆنەکان.

کۆمەڵگای پیشەسازی ـ سەربازی
Military – Industrial Complex

ژەنەراڵ ئایزینهاوێر، سی و چوارەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە وتاری ماڵئاوایی خۆی لە پۆستی سەرۆک کۆماری، باسی لە کۆمەڵگای پیشەسازی ـــ سەربازی کرد. (کانوونی دووهەمیی ١٩٦١) ئایزینهاوێر لە وتارەکەی خۆیدا خەڵکی ئەمەریکای ئاگادار کردووە کە پێش بە میلیتاریزەبوونی وڵات بگرن. مەبەست لە کۆمەڵگای پیشەسازی ـ سەربازی ، یەکیەتیەکی نارەسمیی لە نێوان سیاسەت دارێژانی کۆمەڵگادایە کە بە سەررەوتە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی وڵاتێک دا زاڵبوون.

کارگێڕیی قەیران
Crisis Magnagement

ئەم زاراوە لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی موشەکیی کوبا لە لایەن ڕۆبێرت مەک نامارا، وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئەمەریکا هەتا ئاراوە. بەبڕوای نامارا کێشەیەک بە ناوی ستراتیژی لە گۆڕێدا نیە. کێشە تەنیا قەیرانەو هیچی تر. بە بڕوای نامارا پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان دەبێ بە شێوەیەک بێ کە ئەندامانی سەرەکیی بەرێوەی ببەن، و ڕێگا نەدەن لە پێوەندییەکانیاندا قەیران سەرهەڵبدا کە لە ئاکامدا، هەر دوولایەنەکە تێداچن.

کوشتاری ئەرمەنیەکان(١٨٩٦-١٨٩٤)

Armenion Masscres

کوشتاری ئەرمنیەکان ئەو کوشتارانەیە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٤ تا ١٨٩٦ سووڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، سووڵتانی عوسمانی وەڕێی خستن. بە هۆی ئەم کوشتارانە ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنیەکان کووژران. هەروەها سوپا کردەوەی سەر کووتکەرانەی دیکەشی لە دژی ئەرمەنیەکان جێبەجێ کرد. نزیکی دوو میلیۆن ئەرمەنی رایان کردە سووریا و نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەسیشیان لە بەرەبەرەکانیدا کوژران یان گیانیان لە دەست دا.

www.perawipepwle.com

ق

ق

ڤیزه *Visa*

ڤیزه لەسەر چاوەی لاتینیی Visum بە واتای دیتن وەرگیراوە. بریتیە لەوەرگرتنی مۆڵەتی رەسمیی لە بەرپرسانی ولاتێک بۆ هاتنە ناو یا چوونە دەر لەو ولاتێک. ڤیزه لە سەرلاپەرەکانی پاسپۆرت و بەڵگەکانی ناسنامە دەدرێ.

جۆری ڤیزەکان پێوەندییان بە جۆری سەفەر و جۆرەکانی پاسپۆرتەوە هەیە.

ڤیزەکان بریتین لە:

- ڤیزەی توریستی یان گەشتیاری: ئەم ڤیزەیە بۆ ئەو کەسانە دەردەچێ کە بۆ گەشت و سەیران دەچنە ولاتێکی دیکەوە.
- ڤیزەی پەڕینەوە: تایبەت بەوکەسانەیە کە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەستی خۆیان بەناو ولاتێکی دیکەش دا تیدەپەڕن
- ڤیزەی سەفەرکردن: تایبەتە بەو کەسانەی کە لە ساڵێکدا چەند جار دەچنە ولاتێک، وەکوو بازرگانەکان

ئەو ڤیزانە دەخرێنە سەر پاسپۆرتی ئاسایی :

ڤیزەی خزمەت(Servise): بەو کەسانە دەدرێ کە پاسپۆرتی خزمەتیان هەیە و تایبەت بە راسپێردراوە ناسیاسییەکانی دەوڵەتە.

ڤیزەی سیاسی: ئەم ڤیزەیە تایبەت بە راسپێردراوانی سیاسی و خاوەنی پاسپۆرتە سیاسییەکانە.

ڤیتۆ Veto

ڤیتۆ بەواتای رەتکردنەوەیە. ئەم وشە لاتینیە و بەواتای " من قەدەغە دەکەم"ە. ئەو واتایانەی کە ئەمرۆکە بۆ ئەم زاراوە لە ئارادان بە شێوەیەکی تێروتەسەل بریتین لە :

١ــ رەتکردنەوە، دان پێدانەیان یا قەدەغەکردنی بەرپرسێکی رەسمیی.

٢ــ ماف و دەسەڵات و توانایی: ماف و دەسەڵاتیی ئۆرگانێکی دەوڵەتی بۆ قەدەغەکردن یان پووچەڵ کردنەوەی بریاری ئۆرگانێکی دیکە. ئەم واتایە زیاتر سەبارەت بە توانایی دەسەڵاتی بەرێوەبەریی بۆ پێشگرتن لە جێبەجێ کردنی بریارە یاساییەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان وەراست دەگەرێ. ئەگەر ئەم توانایی و دەسەڵاتە ئەوەندە بێ کە ببێتە هۆی سرینەوەی هەمیشەیی و گشتی بریاری دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی بەرێوەبەرییەوە؛ ڤیتۆی پێ دەڵێن. دەستووری ئەمەریکا ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆک کۆماری داوە کە دەتوانێ پەسندکراوەکانی کۆنگرە تەنیا جارێک " ڤیتۆ " بکا و لە حاڵێکدا کە کۆنگرە هەر ئەو بابەتە بۆ جاری دووهەم بەزۆرینەی ٢/٣ی ئەندامانی کۆنگرە پەسند بکاتەوە، سەرۆک کۆماریمافی ڤیتۆی نامێنێ. ئەم مافە بە پاشای بەریتانیاش دراوە کە دەتوانێ پەسند کراوەکانی پەرلەمان "ڤیتۆ" بکا، بەلاّم لە ساڵی ١٧٥٧ەوە کەلکی لێ وەرنەگیردراوە.

٣ــ مافێکە کە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی UN بۆ هەڵوەشانەوەی بریارەکان هەیانە. لە ئەنجوومەنی ئاسایشی UN دا بریارەکانی سەبارەت بە پێرەوپرۆگرام و شێوەی کار بە زۆرینەی ٩دەنگ، دەردەچن. ئەم بابەتانە بریتین لە بانگهێشتنی ئەنجوومەن،بەرنامەی کۆبوونەوە، هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆبوونەوە، ناساندنی دەوڵەتانی ئەندام بە ئەنجوومەن، هەڵبژاردنی دادوەرانی دیوانی نێو دەوڵەتیی داد و...هتد. لە حاڵەتەکانی دیکەدا ئەنجوومەنی ئاسایش بە زۆرینەی ٩ دەنگ لە بەرامبەر ١٥ دەنگدا بریار

دەدا، بەو مەرجەی کە ٥ کەس لە ئەندامانی هەمیشەیی دەنگی "نا" بدەن، کارەکانی ئەنجوومەن رادەوەستێ کە لەراستیدا بە پێشگرتن بە دەرکردنی هەر بڕیارێک، چواردە دەنگەکەی دیکە هەرچەندە "ئەرێ"ش بن پووچەڵ دەبنەوە. ئەم شێوازە یان بەواتایەکی روونتر کەڵک وەرگرتن لەم دەنگە "نا" یە " مافی ڤیتۆ"ی پێ دەگوترێ.

مافی ڤیتۆ دەسەڵاتێکە کە تەنانەت لە پێرەوپرۆگرامدا نەگونجێنراوە، بەڵام لە کۆنفرانسی یاڵتادا لەسەر داوای ئەمەریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بەرەسمی ناسراوە. لەلایەکی دیکەوە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانن بەکەڵک وەرگرتن لەمافی ڤیتۆ، نەهێڵن و تووێژەکان بەرێوە بچن، ئەگەر نوێنەرێک (ئەندامی ئەنجوومەن) پێشنیارێکی ئاراستەی ئەنجوومەن کرد، لە پلەی یەکەمدا دەبێ ئەنجوومەن لەسەر ئەوە بڕیاربدا کە ئایا ئەم پێشنیارە پێوەندی بە پێرەوپرۆگرامی ئەنجوومەنەوە هەیە یان نا و پاشان سەبارەت بە بابەتەکە بڕیاریدا.

مافی ڤیتۆ یەکێک لەو بابەتانە بووە کە بەردەوام کەوتۆتە بەر رەخنە. دەوڵەتە چکۆلەکان هەر لە سەرەتاوە لە کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆدا لەگەڵ بەرەسمی ناسینی ئەم مافە بۆ دەوڵەتە گەورەکان، دژایەتیان کردو بە پێچەوانەی رۆحی پێرو پرۆگرامی UN یان دانا. چوونکە رەنگە زلهێزەکان بەکەڵک وەرگرتن لەم مافە هەموو هەوڵە ئاشتیخوازیانەکانی UN راوەستێنن. لە بەرامبەردا دەوڵەتە گەورەکانیش دەڵێن کە قورسایی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی لەسەرشانی ئەوانە. ئەوە ئەم وڵاتانەن کە لەکاتی مەترسیدا، دێنە مەیدان و پێش بە هەڵایسانی شەڕدەگرن یان ئەگەر شەڕێکیش هەڵایسا دەیکووژێننەوە. ئەگەر ئەم دەوڵەتانە ئەو مافەیان نەبێ، رەنگە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێک دەربکا کە دژی بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە بێ کە رۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی ئاشتی جیهانیدا دەگێرن. ٥ وڵاتە گەورەکە لە کۆتایی کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ لە بەرامبەر ئەو رەخنانەی کە لە سەرمافی ڤیتۆ دەگیردران، رایان گەیاند کە ئەگەر ئەو مافە بەرەسمی نەناسرێ، بیرۆکەی دامەزراندنی رێکخراوی نەتەو یەکگرتووەکان بە گشتی هەڵدەوەشێتەوە. بۆیە وڵاتانی دیکە لە رووی ناچارییەوە ملیان بۆ داواکانی ئەو ٥ زلهێزە دانەواند، چوونکە ئەو وڵاتانە ئەو مافەیان لە دامەزراندنی un بەلاوە

گرنگتر بوو. هەڵبەت بە هۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە تارادەیەک لە کاریگەری ڤیتۆ کەم بوتەوە:

- بریارنامەی یەکیەتیی ئاشتی: ئەگەر هات و ئەنجوومەنی ئاسایش بە هۆی مافی "ڤیتۆ"وە نەیتوانی بریاری پێویست دەربکا، سکرتیری گشتیUN یان بە گشتی ئەندامانی UN یان تەنانەت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانن (بەدەنگی "ئەرێی" ٩ ئەندام بە بێ مافی ڤیتۆ) داوا لە کۆمەڵەی گشتی بکەن کە بە جێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش بریاربدا. لەم حاڵەتەدا بریاری کۆمەڵەی گشتی وەکوو بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش وادە بێ.
- دەوڵەتێک کە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشە و بۆخۆشی لایەنێکی کێشەکەیە، ناتوانێ لە ئەنجوومەندا دەنگ بدا. لەم حاڵەتانەدا دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن لە مافی ڤیتۆ کەڵک وەرگرن.
- بەشداری نەکردنی بەئەنقەست لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا و خۆبواردن لە دەنگدان، بە ڤیتۆ ناژمێردرێ.

ڤاتیرگیت *Watergate*

رووداوێکی سیاسی، مێژووی هاوچەرخی ئەمەریکایە کە بوو بە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی نیکسۆن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ماوەی ململانێی هەڵبژاردنەکانی نێوان دوو حیزبی کۆماریخواز و دێموکرات لە ساڵی ١٩٧٢دا، بەرێوەبەرانی حیزبی کۆماریخوازنە ــــ کە نیکسۆنیش ئەندامی ئەم حیزبە بوو ــــ لە پێشەوەدا هێرشیان کردە سەر نووسینگەی هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی لە ڤاتێرگیتی واشینگتۆن و بەڵگەو فایل و سەماعە هێنیەکانی ئەم حیزبەیان دزی کە لە راستیدا جۆرێک گوێ گرتن و سیخوری لە دژی حیزبی کۆماریخواز بوو. ئەو هەرا گەورەیەی کە لەم رووداوە کەوتەوە بوو بە هۆی گیرانی چەند کەس کە هێندێکیان فەرمانبەری کۆشکی سپی بوون، لە رۆژی ١٠ی

www.perawipepwle.com

کانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا ٥ کەس بەم تاوانە، دادگایی کران. گیراوەکان دانیان بەوەدانا کە لە شەوی ١٧ی تەمموزی ١٩٧٢ هێرشیان کردۆتە سەر نووسینگەی هەڵبژاردنی دیموکراتەکان و دزیان لێکردووە. گیراوەکان ئەندامی "کومیتەی هەڵبژاردنەوەی نیکسۆن" بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بوون. لە سەرەتادا وا هەست دەکرا کە تەنیا دزییەکی ئاسایی بووە، بەڵام دوو پەیامنێری رۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست" بەگەرمی دوای کێشەکە کەوتن و هێندێک بەڵگەیان دەست کەوت کە دەرکەوت ئەم رووداوە گەندەڵیەکی گەورە و سەرشۆڕانە بووە. بەدوای ئەمەدا کاربەدەستانی کۆشکی سپی و نیکسۆنیش لە کێشەکەوە گلان و هێندێک لە چاوەدێرانی سیاسی داوای "لێپرسینەوە "یان لە نیکسۆن هێنایە گۆڕێ. لە رۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٤دا نیکسۆن یەکەمین سەرۆک کۆماری مێژووی ئەمەریکا بوو کە ناچار کرا دەست لە کاربکێشێتەوە و رۆژی دواتر "جراڵدفۆرد"، جێگری نیکسۆن رێوەرەسمی سوێند خواردنی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری بەجێ هێنا.

ف

ف

Fabianism

فابیانیزم

بیروبۆچوونی سیاسی ڕێکخراوێکی سۆسیالیستی لە بەریتانیادا بوو، کە لە لایەن ڕووناکبیرە سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٨٨٤دا دامەزرا و ئەم گرووپە هەوڵیاندا کە بیروبۆچوونە سۆسیالیستیەکانیان بەرەبەرە لە ناو چینی ناوەڕاستدا پەرەپێبدەن.

دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە فرانک پودۆمۆر و ئیدوارد پیز بوون و پاشانیش بێرناردشاو، سیدنی و بیئاتریس ڤێب و تاقمێکی دیکەی وەکوو مەک دۆنالد، کلێمێنت ئەتلیش چوونە پاڵیان و ئەم کۆمەڵە بوو بە بنەمای پێکهێنانی حیزبی کرێکاری بەریتانیا. بەڵام لە دوای دامەزرانی حیزبی کرێکار، ئەم کۆمەڵە وەکوو کۆمەڵێکی پڕوپاگەندەیی و لێکوڵینەوەیی بە ناوی" کۆمەڵەی فابیان" درێژەی بە چالاکی خۆی دەدا. وتارگەلێکیان بە دژی فەلسەفەی مارکس بڵاو کردەوە. بنەماکانی بیری ئەم کۆمەڵە بریتی بوون لە :

١ـ چاکسازی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری کرێکار بۆ خۆی بەرەو باشی دەڕوا و پێویستیەک بە توندو تیژی و وەرێخستنی شۆرش نیە.

٢ـ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی پێویستی بە ململانێی چینایەتی نیە.

فاشیزم Fascism

ئەم زاراوەیە لە وشەی فاشیسمۆ Fascimo وەرگیراوە و بریتیە لە کۆمەڵە دارێکی کورتی پێکەوە بەستراوە لەگەڵ تەورێکدا کەلە رۆمای کۆندا، وەکوو رەمزی هێز لەلایەن کەسانی ریزەکانی پێشەوەی شەڕ هەڵدەگیرا.

فاشیزم وەکوو چەمکێکی مێژوویی؛ سیستەمێکی حکومەتیە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٢ تا ١٩٤٣ لە ئیتالیا و لە لایەن موسۆلینیەوە رێبەرایەتیی دەکرا. لە دواییدا ئەم زاراوە واتایەکی بەربلاوتری پەیداکرد و بەو رژێمە دەستەراستیانەش دەگوترا کە تایبەتمەندی هاوشێوەی ئەم رژێمەیان هەبوو.

بە ڕای موسۆلینی " فاشیزم چەمکێکی ئائینیە کە بە پێی ئەم چەمکە مرۆڤ بە یاسایەکی بەرزترو ئیرادەیەکی راستەقینەوە بەستراوەتەوە کە لەتاک بەرزترە و بۆ کۆمەڵگایەکی رۆحانی بەرز دەبێتەوە. پێدەچێ ئەوانەی کە پێیانوایە، سیاسەتە ئائینیەکانی فاشیزم، تەنیا هەڵپەرەستین، لەم چەمکە نەگەیشتبن، کە فاشیزم جگە لەوەی سیستەمێکی حکومەتیە، زیاتر سیستەمێکی هزریشە. فاشیزم لەگەڵ هەموو ئەزموونە تاک گەرییەکانی مەتریالی دا ـ وەکوو ئەوەی لە سەدەی ١٨ دا بەرەوی هەبوو ـ دژایەتیی دەکا. فاشیزم دژی سەربەخۆی تاکە و لایەنگری لە دەوڵەت دەکاو تا ئەو جێگایە رێز بۆ تاک دادەنێ کە لەگەڵ دەوڵەت، واتە ویژدان و ئیرادەی گشتی مرۆڤ لە بوونە مێژوویەکەیدا بگونجێ. بنەمای ئازادییەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر بەرژەوەندی تاکدا رەت دەکاتەوە، بەڵام فاشیزم دەوڵەت وەکوو واقعییەتێکی راستەقینە بەبناغەی کۆمەڵگا دادەنێ.

بنەما گشتیەکانی فاشیزم کە موسۆلینی لە ئینسکلۆپیدیای ئیتالیا لە ساڵی ١٩٣٢دا رایگەیاند بوون، بریتین لە:

١ـ ئاشتی هیچ کەڵکێکی نیە.

٢ـ دژایەتیکردن لەگەڵ بیروبۆچوونی سۆسیالیستیدا.

٣ـ دژایەتیکردن لەگەڵ لیبرالیزمدا.

٤ـ پێڕەوی کردنی هەموو گرووپەکان لە دەوڵەت (توتالیتێر بوونی دەوڵەت).

٥ـ پیرۆزکردنی رێبەر(پێشەوا، کاریزما) تا ئەو پەڕی خۆی.

٦ــ سیستەمی تاک حیزبی.
٧ــ دژایەتیکردن لەگەڵ دیموکراسیدا.(فاشیستەکان بە دیموکراسی دەڵێن هەوانتەیان خۆپەرەستی)
٨ــ برِوای قووڵ بە قارەمان پەرستن.
٩ــ بەرەودان بە رۆحی شەرِخوازانە.

کورتە مێژووی فاشیزم:

لە دوای شەرِی یەکەمیی جیهانیەوە، ئیتالیاش وەکوو ولأتانی دیکەی ئەورووپا، گیرۆدەی کێشەی کۆمەلأیەتی و ئابووری بوو، مانگرتنەکان، راپەرِینەکان و داگیرکردنی زەوی و زار لەلایەن خەڵکی دێهاتەوە لە ناوچە کشتووکاڵیەکان، لەو کێشانە بوون کە ئەم ولأتە تەنیبۆوە. چینەکانی ناوەراست وەکوو چینەکانی هاوشێوەی خۆیان لە ولأتانی دیکەی سەرمایەداریدا لە بۆ لشڤیزم دەترسان. لە ولأتێکدا کە سیستەمی حکومەتەکەی دیموکراتیک بوو، بەلأم بە پێچەوانەی بەریتانیا و ئەمەریکا نەریتێکی بە هێزی سیاسییان بۆ پشتیوانیکردن لە دیموکراسی نەبوو، هەموو ئەم کێشانە بە چارەسەرنەکراوی مانەوەو پەرەیان بە بشێوی و ئاڵۆزی دەدا.

لە وەها رەوشێکی گرژوئالۆزدا، خۆشەویستی حیزبی فاشیستی موسۆلینی پەرەی گرت. فاشیزم رایگەیاند کە ئیتالیا لە بۆلشڤیزم رزگار دەکا و بەڵێنی ئەوەشیدا کە گەورەیی وریزی ئیمپراتۆرییای رۆمی کۆن دەگەرِێنیتەوە بۆ ئیتالیا کە ئیستاکە ئالۆزو شێواوە.

فاشیزم هەموو کەسە نارِازییەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا: سەربازەکانی پێشوو کە بێکار بوون، چینەکانی ناوەراست کە بێ هیوا بووون، لاوەنیشتمانپەروەرەکان و دێهاتیە رەش و رووتەکان. فاشیستەکان کراسی رەشیان لە بەردەکرد، چەکمەیان لە پێ دەکرد و بۆ ئامانجێکی گەورەی نیشتمانی دروشمیان دەدا کە هەموو شتێکی پێشکەش بە هەموو کەس دەکرد: کار، بەختەوەری و شانازی نەتەوەیی. فاشیستەکان لە تیروریزم و شەرِی سەرشەقام کەڵکیان وەردەگرت و دەوڵەت بێ هێزتر لەوە بوو کە پێشیان پێ بگرێ. لە ئاکامدا کاتێک کە ئەنجوومەن و کۆمەڵە پیشەسازییە بە هێزەکان پشتیوانیان لە فاشیزم کرد، موسۆلینی(ئیل دوچە/ پێشەوا) بە دوای رێپێوانێکی گەورەدا کە لە ١٩٢٢دا وەرێخرا، دەسەلأتی ولأتی بە دەستەوە گرت. موسۆلینی دەستبەجێ دیکتاتۆرییەکی سەربازی دامەزراند و ئابووریشی بە شێوەی تایبەتی خۆی رێکخست.

www.perawipepwle.com

دەوڵەت هێندێک لە کاروبارە گشتیەکانی وڵاتی وەئەستۆ گرت و سوپای بەهێز کرد و بە داگیر کردنی ئەتیوپی لە ساڵی ٣٦_١٩٣٥دا، ڕێگابۆ پەرەگرتنی ئیمپراتوریای ئیتالیا لە ئەفریقیای باکووردا خۆش بوو. فاشیزم سەرکەوتوو بوو، چونکە ئاسایش و هێمنایەتی لە وڵاتێکی ئاڵۆزو شێواودا دابینکرد بوو.خەڵکی ئیتالیا دانیان بە موسۆلینی دادەنا، چونکە توانیویەتی لە کاتێکی لەباردا شەمەندە فەرەکە وەڕێ بخا".

موسۆلینی بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە فاشیزم فەلسەفەیە ، هەوڵی دا پێگە و متمانەیەک بۆ ڕژێمەکەی دەستەبەربکا. موسۆلینی گریمانەیەکی بە ڕەستەگەلی سەرنجڕاکیش بەڵام بێ واتای وەکوو " وڵات ویژدان و ئیرادەی گشتی مرۆڤایەتیە"، دەڕازاندەوە. دروشمە بەناوبانگەکانی بۆ جەماوەر روون بوون: " هەمیشە حەق بە موسۆلینیە" ،"باس و ڕاوێژ، نەتەنیا پێڕەوی کردن"، " بڕوا بێنن، پێرەوی بکەن، شەڕ بکەن".

دیکتاتۆرەکانی دیکەی باڵی ڕاستی دەیەی ١٩٣٠یش لاساییان لە شێوە سیاسیەکانی ئیتالیای فاشیست دەکردەوە و لەگەڵ هەلو مەرج و دابونەریتەکانی وڵاتی خۆیاندا، دەیانگونجاند. بۆ وێنە لە ئیسپانیادا ژەنەراڵ فرەنکۆ سوپای لەگەڵ ئاریستۆکراسی و کلیسای کاتۆلیکی پێکەوە بەستەوە.

ڕژێمی فاشیستی موسۆلینی تادەیەی ١٩٧٥ی خایاند. بەڵام ڕژێمەکانی هاوشێوەی ئەم ڕژێمە وەکوو ئەڵمانیای نازی و چەند ڕژێمێک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا (تەنانەت خوودی ئیتالیای فاشیست)لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا تووشی شکست بوون. سەرکەوتووترین و دزێوترین وڵاتی فاشیستی، ئەڵمانیای نازی بوو. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەڵمانیاش وەکوو ئیتالیا تووشی گێروگرفت بوو. ئەم وڵاتە ناچار بوو خۆی بۆ سەرشۆڕی و سزاکانی دۆڕانی خۆی ڕابگرێ. ئەو نیمچە دێموکراسیەی کە لە ساڵی ١٩١٩ لەم وڵاتەدا دامەزرا، هێچ کاتێک جێگەی پەسندی چینی ناوەراست نەبوو کە بە تاسەوە سەیری ڕابردووی پڕ لە شانازی ئەڵمانیای ئیمپراتۆریان دەکرد. ئەوان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەڵمانیا پێشوازیان لە بیروبڕوای نازیسمی هیتلەر دەکرد چونکە پێوەندی بە نەریتە پەسندکراوەکانی مێژووی ئەڵمانیا، واتە پێڕەویکردن لە کەسی سەرەوەتر، ڕۆحی سەربازی وشەڕخوازانە و پێداهەڵگوتنی ڕۆمانسیانە لە "نەتەوە" هەبوو. جگە لەمە ئەم بیروبڕوایە لەگەڵ هەستی دژەسامی لە ئەڵمانیادا دەگونجا. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە

بکەین کە هیتلەر، داهێنەری هەستی دژەسامی نەبوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی باش لەم هەستە کەڵکی وەرگرت. لە ئەڵمانیا تیۆری فاشیستی بەرزبوونی نەتەوەیی لە ژێر ناوی تیۆری "رەگەزی بەرزتر" هاتە ئاراوە و بانگەشەی بۆدەکرا. ئەم تیۆرە سەرچاوەی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ بیری فەیلەسووفەکانی سەدەی نۆزدەهەم. بەم پێیە چونکە ئەڵمانەکان رەگەزی بەرزتر بوون، کەواتە شکستی ئەڵمانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بە هۆی کەمتەرخەمی سوپای ئەڵمانیاوەنە بووە. بۆیە پێویست بوو ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستوی کەسانی تر. ئەم کەسانەش بریتی بوون لە: بۆلشفیکەکان، جوولەکەکان و ئەو سۆسیال دیموکراتانەی کە" لە پشتەوەڕا شیریان لە سوپای ئەڵمانیا راکێشا بوو" و ئیستاش ئەم کەسانە هۆکاری تەواوی کێشەکانی دوای شەڕ بوون.

لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٣٥دا کە بارودۆخی ئەڵمانیا بە دوای دابەزینێکی گەورەی ئابووری بەرەو خراپی رۆیشت، بە میلیۆن کەس لە خەڵکی ئەڵمانیا بە تاسەوە پشتیوانیان لە لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی هیتلەر سەبارەت بە بارودۆخی وڵاتی خۆیان کرد. لە ١٩٣٣دا نازییەکان گەورەترین حیزبی ئەڵمانیایان، پێکهێنا و هیتلەر بووبە راوێژکاری ئەڵمانیا. ئەو هەر دەستبەجی دوای گەیشتن بە دەسەڵات، دەوڵەتێکی تاک حیزبی پێکهێنا.

تایبەتمەندییەکانی دیکەی حیزبی نازی لە حیزبی فاشیستی ئیتالیا دەچوون، ئەو شێوازانەی کە هیتلەر بۆ سەپاندنی بیروڕاکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرتن، هەر ئەو شێوازانە بوون کە موسۆلینی کەڵکی لێ وەردەگرتن: کەڵک وەرگرتن لە گۆپاڵ یان قامچی چەرمی و کوتانی لاق بە ران. نازییەکانیش ــ وەکوو فاشیستەکانی دیکە ــ لە لایەن سەرمایەدارو خاوەن کارەگەورەکان پشتیوانیان لێدەکرا. هیتلەریش پلانی گەورەی دەوڵەتیی وەکوو رێگاوبان و لە هەموانیش گرنگتر بەرنامەی گەورەی بووژانەوەی چەک و چۆڵەکانی وەگەڕخست کە کاری بۆ شەش میلیۆن کەسی بێکاری ئەم وڵاتە دابینکرد.

هەوڵەکانی حکومەتە فاشیستیەکان بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری، پێوەندییەک لە نێوان بۆچوونی سۆسیالیستی فاشیستیدا پێک دێنن (لە راستی ناوی تەواوەتیی حیزبی نازی ئەڵمانیا،حیزبی ناسیۆنال سوسیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیایە). خاڵی هاوبەشی ئەم دوو شێوە حکوومەتانە بریتیە لە: دەوڵەتی بە هێز و دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو کاروبارەکاندا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییدا. هیتلەر و موسۆلینی لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتندا، بە شێوەیەکی

لێلاوی بەڵێنیاندا هەڵسووکەوتێکی باشتریان لەگەڵ کرێکاران دا دەبێ. ڕەنگە وێستبێتیان بەم شێوەیە دەنگی کرێکارەکان لە ژێر دەستی حیزبە چەپەکان دەرکێشن. بەڵام بەڵێنیەکانیان پراکتیزە نەکران، چونکە ڕژێمەکانیان ئاڵوگۆڕێکیان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا پێک نەهێنا و هەر ئەو چینە دەسەڵاتدارە لە سەردەسەڵات مایەوە. لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا جگە لە چەند کەس، ئەندامانی دیکەی چینی سەرەوە پشتیوانیان لە حکومەتی فاشیستی دەکرد و لەلایەن ئەو حکومەتەشەوە، پشتیوانیان لێدەکرا.

زۆری نەخایاند کە بە میلیۆن ئەڵمانی، ئامادەیی خۆیان بۆ پێرەویکردن لە پێشەوا (ڕێبەر) ڕاگەیاند. هەرکەسێکیش کە سەبارەت بە ئایدولۆژی نوێ بە گومان بوو ، یان لە وڵات ڕای کرد یان بێدەنگیەکی قووڵی گرتەبەر. ئەوانەی کە دژی ئایدولۆژی نوێ قسەیان دەکرد، نێردرانە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان تا بچەنە پاڵ جوولەکەکان، قەرەجەکان و نەقوستان و پەککەوتەکانی مرۆڤایەتی. نازییەکان لە ڕێکخستنی خۆپێشاندان و مانۆرە گشتییە هەست بزوێنەکاندا، توانایەکی تایبەتیان هەبوو و زۆریشی پێنەچوو کە هەموو نەتەوە دروشمێکیان دەگوتەوە "وڵاتێک، خەڵکێک، پێشەوایەک".

بەم شێوە هەموو گەل پشتیوانیان لە فەلسەفەی هیتلەر کرد کە دەیگووت "شەڕ نەمرە، شەڕ ژیانە".

تیۆرە بەناوبانگەکانی هیتلەر هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی یان کردەییان نەبوو؛ بەڵام ئەو سیاسەتانەی کەئەو بە پێی ئەم تیۆرانە جێبەجێ دەکردن لە قۆناغی یەکەمدا زۆر سەرکەوتوو بوون. چارەسەری کۆتایی هیتلەر بۆ کێشەی جوولەکە، شەش میلیۆن جوولەکەی کردە قوربانیی. ئارەزووی لە مێژینەی هیتلەر بۆ داگیرکردنی جیهان، ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵایساند و لە ئاکامدا بۆ وڵات و خەڵکەکەی بووبە هۆی کارەسات.

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئیتالیا و بەشی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا وەکوو دیموکراسیە لیبراڵیەکان خۆیان ڕێک خستەوە و فاشیزم و نازیسم پێگەی خۆیان لە دەستدا. بەڵام ترس لە ژیانەوەی فاشیزم لە جیهان لە دوای شەڕ و بەتایبەتی لە وڵاتانی وەکوو سۆڤیەت کە زیاتر لە هەمووان لە لایەن ئەڵمانیاوە زەبری وێ کەوتبوو، هەروامایەوە. ئەم ترسە کاریگەرییەکی قووڵی لە سیاسەتی سۆڤیەت لە بەرامبەر ئەڵمانیادا بەجێهێشت.

بە گشتی فاشیزم؛ لە کار و کردەوەی هێندێک لە دەوڵەتەکانی باڵی راستی توندڕۆ بۆ وێنە لە دیکتاتۆری سەربازی "عەقیدەکانی " یۆنان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧_٧٤ و ئەو سەرەبجراکێشەیەی کە فاشیزم بۆ هێندێک لە خەڵک هەیەتی، وەبەر چاو دەکەوێ. هێندێک لە گرووپە سیاسییەکانی رۆژئاوا وەکوو بەرەی نیشتمانی بەریتانیا؛ رەنگدانەوەی تیۆرە فاشیستیەکانی بەر لە شەڕن.

Factionalism

فاکسیۆنالیزم /حیزبایەتی

فاکسیۆن بە واتای حیزبە و بۆیەکەمجار جۆرج ڤاشینگتۆن لە سەرەتای سەر بە خۆیی ئەمەریکادا بە جێگەی پارتی (Party)، کەڵکی لێوەرگرت. فاکسیۆنالیزم بە واتای حیزبایەتی و بڕوا بە بە پێویستی حیزبە سیاسییەکان و پشت بەستنی دەوڵەت و حکومەت بە حیزبە گشتیەکانە، کە سیستەمی حیزبیشی پێ دەگوترێ.

Phalange

فالانژ

زاراوەیەکە لە وشەی لاتینی Phalangen و Phalanx وەرگیراوە. زاراوەی فالانژ(Phalanx(es لە درێژایی مێژوودا، واتای جیاوازی هەبووە:

١_ لە یۆنانی کۆندا، " فالانژی ساکار" بەشێک لە رێکخستنی سوپای یۆنانی پێکدێنا (٦ب.ز) کە لەم هێزانە پێکهاتبوو و بەم شێوەیە رێکخرابوو:

الف)_ هێزی پیادە بە چەکی سووکەوە: لە ریزی پێشەوەی شەڕدایە و خاوەنی چەک و چۆڵی سووک و تیروکەوان؛ قۆچەقانی (شتێکە کە بەردی پێ دەهاوێژن)، ژاولو و نێزەی سووکن.

ب)_ هێزی پیادە بە چەکی قوورسەوە: بریتیە لە کەسەکانی ریزی پێشەوە کە بە کۆمەڵ و بە چڕی هێرش دەبەن و لە ناو لاوانی چینە دەستڕۆیشتووەکاندا هەڵ دەبژێردرێن.

ج)_ هێزی پیادەی تێکەڵاو: بەبێ قەڵغان کە لە بواری رێکخستن و چەکوچۆڵەوە لە نێوان ئەم دوو هێزانەدان.

د)_ هێزی سوارە قەڵغاندار بە چەکوچۆڵی قورسەوە: خاوەنی نێزە و شمشێرن

هـ)_ هێزی سوارە بە چەکوچۆڵی سووکەوە: خاوەنی تیروکەوان و نێزەی کورت و سووکن.

زاراوەی " فالانژی تێکەڵاو" بە یەکەیەکی تەکتیکی گەورەی سوپای یۆنان دەگوترێ. فالانژی گەورە لە چوار فالانژی چکۆلە پێکهاتبوو و هێزی سوارەش ئەملاو وئەولای ئەم یەکەی گرتبوو.

٢ـ لە ساڵی ١٦٠٠ەوە بەو کەسانە دەگوترا کە بۆ ئامانجێکی هاوبەش لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکدێنا.

٣ـ لە ساڵی ١٧٧٣دا بە ڕێکخراوێکی ڕێک وپێک و بەیەکەوە بەستراوە دەگوترا کە کۆمەڵێک کەس بە شێوەیەکی ڕێک وپێک لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و خۆیان بۆ هێرش یان بۆ بەرگریکردن ئامادە دەکرد.

٤ـ لە ساڵی ١٨١٤دا بە گرووپە ڕێک وپێک و چڕەکانی سوپا و هەروها بە پارتیزانەکانیش دەگوترا.

٥ـ کاکڵەی سەرەکی کۆمەڵگای خەیاڵی، شارلزفوریە، سوسیالیستی بە ناوبانگی یۆتۆپیایی، فالاّنژی پێ دەگوترا.

٦ـ زاراوەی فالاّنژی ئیسپانیا کە لەم سەدانەی دواییدا بۆتە باو؛ ناوی ڕێکخراوێکی فاشیستی و نیمچە سەربازییە کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٣ لەمەدریددا دامەزرا.

دامەزرێنەری بزووتنەوەی فالاّنژی لە ئیسپانیادا، خۆزێ پریمۆ دۆریێرا، کوڕی پریمۆ دۆریێرا دیکتاتووری پێشووی ئەم وڵاتە لە ساڵەکانی ١٩٢٣ـ١٩٣١دا بوو. "حیزبی فالاّنژی ئیسپانیا " لە ساڵی ١٩٣٤دا پێکهات و خوزێ ئانتۆنیۆ بوو بەرێبەری ئەم حیزبە. بەرنامەی ئەم حیزبە بریتی بوو لە: خۆماڵیکردنی سەرمایەکان، چاکسازی لەزەوی و زاردا، ڕێکخستنەوەی سوپاو...هتد.

حیزبی فالاّنژی ئیسپانیا لە ماوەی شەڕە نێوخۆییەکاندا (١٩٣٦ـ١٩٣٨) لە شەڕکردن لەگەڵ کەسە چەپی و ڕاستیەکاندا(کومونیستەکان، ئانارشیستەکان و کۆنەپارێزان) ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەستۆدا بووە. دامەزرێنەری حیزبی" فالانژی یەکگرتووی ئیسپانیا " لە ساڵی ١٩٣٦دا دەستبەسەر کراو بەدەستی کۆماریخوازەکان کوژرا. زاراوەی فالاّنژ ئەمرۆکە بە گرووپە دەستەڕاستییە توندڕۆکانی وەکوو" فالاّنژی لوبنان "یش دەگوترێ.

www.perawipepwle.com

فیۆدالیزم/ دەرەبەگایەتی Feudalism

فیۆدالیزم یان دەرەبەگایەتیی لە بنەڕەتدا ئاماژە بە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی وڵاتانی ئەورووپی (سەدەی ٩ تا ١٣) دەکا. دەرەبەگایەتیی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە کە لەو سیستەمەدا دەسەڵات لە نێوان خاوەن زەوییەگەورەکاندا دابەش بووە و هەر خاوەن زەوی یان ئاغایەک هێندێک رەعیەتی هەیە کە لە بەرامبەر سەربازی کردن یان خزمەتی دیکەدا، مافی خاوەندارێتی یان کەڵک وەرگرتن لە پارچە زەوییەک کە ئاغا پێیداون وەدەست دێنن. بەم زەوییە دەڵێن سیورسات.

فیۆدالیزم لە ئەوروپادا لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری شارلمانی (٨١١_٧٤٢) سەریهەڵداو دەسەڵاتی میرنشینەکان گەشەی کرد.خەڵکی شار ودێکان کە خۆیان لە ژێر هەڕەشەی هێرشی بێگانەکان دا دەبینی، هیچ چارەیەکی دیکەیان جگە لە پەنابردنە بەر میرنشینەکان نەبوو.

بەم پێیە ئاغای ناوچەکە تەنیا کەسێک بوو کە پارێزگاری لێدەکردن و ئەمە سەرەتای دامەزرانی سیستەمی فیۆدالی لە ئەورووپای رۆژئاوادا بوو. لە ماوەی سێ سەدەدا ئەم سیستەمە رێک وپێکتر بوو و زۆربەی زاناکان پێیانوایە کە ئەم سیستەمە تایبەت بەو قۆناغە تایبەتەی مێژووی ئەورووپایە و کۆمەڵگاکانی دیکە بەم قۆناغەدا تێنەپەڕیون. بەڵام هێندێک بە هۆی هێندێک لێکچوونەوە (بە تایبەتی مەسەلەی ناناوەندی بوونی دەسەڵات و سەرهەڵدانی ئاغاکان لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات) زاراوەی فیۆدالیزمیان بۆ وڵات و شوێنەکانی دیکەش بەکارهێناوە. مێژووی فیۆدالیزم دەریخستووە کە هەرکاتێک ئەم هەلومەرجانە لە کۆمەڵگایەکدا هەبوون؛ فیۆدالیزم لەو شوێنەدا بە سانایی گەشەدەکا:

١) شێوازی سەرەکی بەرهەمهێنان، کشتوکاڵی بێ.

٢) کۆمەڵگا بەسەر هۆزو عەشیرەی جیاوازدا دابەش بوو بێ کە پێوەندییەکی لاوازی ئابووری، کولتووری و مێژوویان لەگەڵ یەکتردا هەبێ.

٣) پێوەندی نیوان ناوچە جیاوازەکانی وڵات بە هۆی جوگرافی یان هۆیەکانی دیکە ئەستەم بێ یان هەر پێوەندییان نەبێ.

٤) یەکیەتیی ئابووری وڵات هەڵوەشابێتەوە و یان بە هۆی نەبوونی یەکیەتیی ئابووری، وڵات خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێ.

٥) حکوومەتی ناوەندی نەتوانێ هاوڵاتیەکانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی زۆردارەکانی ناوخۆو داگیر کەرانی دەرەوەدا بپارێزێ.

فیدراسیۆن Federation

فیدراسیۆن لە چەندولاتێک پێکهاتووە کە هەر کامیان خاوەنی حکومەت وبناغەی تایبەتی خۆیانن و بۆخۆیان ولاتی خۆیان بەرێوە دەبەن. ولاتی فیدراڵ کە لە کۆی ولاتانی ئەندامی فیدراسیۆن پێکهاتووە، خاوەنی ماف و ئیمتیاز گەلێکە کە هەموو ولاتانی ئەندام ودانیشتوانەکانیان دەگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەستی ولاتانی ئەندام لە کاروباری نێوخۆییدا دەپارێزێ.

لە سیستەمی فیدراسیوندا، هێندێک بنەما لە ئارادان، وەکوو ئەوەی کە یاساکانی فیدراڵ لە سەرەوەی یاسا نێوخۆییەکانی ولاتانی ئەندامی فیدراسێون دان. هەروەها پێوەندییەکانی دەرەوە تەنیا لە ئەستۆی ولاتی فێدراڵ دایە و ولاتی فێدراڵ لە چوارچێوەی دیاریکراوی دەستووردا، خاوەنی کۆلەکەی تایبەتیە و دەسەلاتی راستەخۆی بەسەر تەواوی خاکی ولاتانی ئەندامدا هەیە.

سیستەمی فیدراسێون لە کوتاییەکانی سەدەی ١٨ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکووردا پێکهات و سەرکەوتووش بوو وبوو بە نموونە بۆ زۆر ولاتی دیکەش، بە جۆرێک کە بەشی زۆری ولاتە تازە سەرخۆکانی کیشوەری ئەفریقیا و زۆربەی ولاتانی هاوبەرژەوەندی روویان لەم سیستەمە سیاسییە کرد.

فیدراسیۆنی باڵکان Balkan federation

فیدراسیۆنی باڵکان پلانێک بوو بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنێک لە ولاتانی باڵکان و دانووب کە لە ساڵی ١٩٤٧دا، لە لایەن تیتۆ، سەرۆک کۆماری یۆگسلاڤیا و گیئۆرکی دمیترۆف، سەرۆک وەزیرانی بولگاریاوە ئامادە کرا. بەڵام ستالین دژی پێکهاتنی ئەم فیدراسیۆنە بوو.

فراکسیۆن Fraction

فراکسیۆن لە وشەی لاتینی Fractio و Fractum و لە سەرچاوەی لاتینی Frangere بەواتای شکان وەرگیراوە.

فراکسیۆن بەمانای بە شێک لە یەکەیەک یان لە گشتێک و زیاتریش بە واتای لەتکردن ودابەشکردن و ئاکام و دەرئەنجامی ئەم لەتکردن و دابەشکردنەش کەڵکی لێوەردەگیردرێ.

فراکسیون لە بواری سیاسییەوە بە گرووپێک دەگوترێ کە لە ناو حیزبێک یان لە ناو ڕێکخراوێکی سیاسییدا سەر هەڵدەدا و ئەندامەکانی لەسەر چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بەرنامە وریبازە گشتیەکانی ئەو ڕێکخراوە بیروڕای جیاوازیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەکەدا هەیە. لە پەرلەمانەکانیشدا، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە گرووپی نۆێنەرانی حیزبەکان دەگوترێ. فارکسیۆنێر Fractionnairc بە کەسێک دەگوترێ کە لە بەرامبەر ڕێبازی گشتی ڕێکخراوێکدا، خاوەنی بیروبۆچوونێکی روون و نووسراو بێ.

Freemasonary

فراماسیۆنێری

فراماسیۆنێری لە زمانی فەرەنسیدا بە واتای " وەستای سەربەست و ئازاد"ە و ناوی ئەنجوومەنێکی نهێنیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێووشوێنی تایبەتی خۆیان، لە پیناوی گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و ئابووریدا تێدەکۆشن. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بە کۆڕو کۆمەڵەکانی خۆیان دەڵێن "لۆژ" و بە خۆشیان دەڵێن " ماسۆن". فراماسۆنەکان پێیانوایە کە گرووپەکەیان زۆر کۆنە و سەرچاوەکەی بۆ ئەو وەستایانە دەگەڕێتەوە کە پەرستگەی سولەیمانیان لە ئورشەلیمدا دروست کردووە. هەرچۆنێک بێ، مێژووی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی فراماسونێری دیارنیە و واپێدەچی ئەم کۆمەڵە لە دوای سەدەکانی ١٧ و١٨ەوە پەرەیان سەندبێ. سەبارەت بە سەرچاوەی لۆژە کانیش، دەڵێن کە لە ڕۆمی کۆندا؛ وەستاکان، وەکوو خاوەن پیشەکانی دیکە، ڕێکخراوێکی تایبەتیان هەبووە کە زۆر گرنگ بووە.

ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە، نهێنیەکانی کاروباری خۆیان دەپاراست و لەلای کەس هیچیان نەدەدرکاند بۆ ئەوەی هەمیشە خەڵک کاریان بەم وەستایانە بێ. دەوڵەتیش هەرکاتێک بڕیاری دەدا شتێک بروخێنێ یان شتێک درووست بکا، دەچووە لای ئەم وەستایانە. ئەم وەستایانەش بەر لەوەی دەسبەکاربن، لە شوێنێکی نزیک ئەو شۆێنەی کە بڕیاربوو شتەکەی لێ سازبکەن، بینایەکیان سازدەکرد و لەوێ کۆدەبوونەوە و ڕاوێژیان دەکرد، ئەم شوێنە ناوەندی بڕیاردانی ئەوان بوو. بەم بینایەیان دەگووت"لۆژ" و فراماسۆنە نوێکانیش بە شوێنی کۆبوونەوەی خۆیانیان دەگووت " لۆژ". ڕێکخستنی وەستاکان بەرەبەرە لە پاوانی وەستاکان هاتەدەرو سیاسەتمەدارەکان ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکهێنا. سیاسەتمەدارەکان بە کەڵک وەرگرتن لە بنەمای ڕێکخستی هەموو ڕێکخراوە نهێنیەکانی

جیهان، خۆیان ڕێک دەخست. فراماسۆنەکان تەنانەت لە بنەمای گرووپەکانی، وەکوو ئیسماعیلیەکان، باتینیەکان، بەکتاشیەکان و ڕێکخراوەی شۆڕلاو و جوامێرەکان و کۆمەڵە نهێنیەکانی ئەورووپی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و وەرگرتنی ئەندام کەڵکیان وەردەگرت. فراماسۆنەکانی ئەم سەدانەی دوایی بەدروشمی ئازادی، یەکسانیی، برایەتیی لە زۆربەی ڕەوتە گەورە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی جیهاندا وەکوو، شۆڕشی مەزنی فەڕەنسە (زۆربەی ئەوانەی نەیاری ڕژێمی پاشایەتی بوون و چاکسازی خواز بوون، ئەندامی لۆژەکانی فەڕەنسە بوون)، شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا، شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیا و شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا بەشداربوون. بە تایبەتی لەڕەوتی سەربەخۆیی ئەمریکادا، فراماسۆنەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو و هاوکارییەکی باشی سەربەخۆخوازەکانی ئەمریکایان کرد. زۆربەی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا ولەوانە جۆرج واشینگتۆن، یەکەم سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە " ماسۆن" بووە و نشیانەی سەرەکی فراماسیۆنێری کە بە " چاوی خوا" بەناوبانگ بووە، لەسەر دراوی ئەمریکا هەڵکەندراوە.

فراماسۆنە ئەمریکیەکان ڕێپێوان یان خۆپیشاندانی سەرشەقامەکانیش وەرێدەخەن. لە ئەمەریکادا، ڕێکخراوە جیاوازەکانی وەکوو نادی ڕۆتاری، نادی لانیز، کۆمەڵەی خۆئامادە کردنی ئەخلاقی و کۆمەڵەی برایانی جیهانی، ئامانجگەلی ماسۆنیان هەیە.

لە فەڕەنسەشدا، کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، کۆمەڵەی ڕێتوێنینە گشتییەکان و کۆمەڵەی ئۆنینۆنی ڕەگەزپەرست فراماسۆنین.

مێژووی تێکوشانی فراماسۆنی لە ڕۆژهەڵاتدا بە پێچەوانەی ئەورووپا و ئەمریکایەو رابردوویەکی گەشی نیە. بەریتانیەکان کە یەکەم کەس بوون ئەم ڕێبازەیان لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاو کردەوە، کەڵکی نابەجێیان لە دروشمەکانی فراماسۆنی وەرگرت.

لە سەدەی هەژدەهەمدا لەم لۆژانە وەکوو گرنگترین ئامرازی کۆلۆنیالکردن و چەوسانەوەی وڵاتانی بە وتەی خۆیان (ئەو دیوی ئاوەکان) کەڵکیان وەرگرت. ڕاسپێردراوە بەریتانیەکان ماسۆنیکردنی کەسایەتیەکانی شوێنی ئەرکی خۆیان بە گرنگترین خۆیان دادەناو پاشانیش هەر لەم کەسایەتیانە بۆ کۆنترۆڵی سیاسەت و ئابووری ئەو وڵاتانە لە پیناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەڵکیان وەرگرت.

Franchise فرانشیز

لە وشەی Franc بە واتای راشکاوە و بە کەسێک دەگوترێ کە بیروراکانی خۆی ناشاریتەوە؛ زاراوەی فرانشیز بە واتای مافی ئیمتیاز، مافی رزگارکردن و مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

فرانشیز لە سەدەکانی ناوەراستدا بە جارنامەیەک دەگوترا کە بە پێی ئەم جارنامە رێگا بە رەعیەتەکان دەدرا لە زەوی دەرەبەگ و کلیساکان بچنە دەرو هەروەها بەو راگەیانراوەش دەگوترا کە بە پێی ئەو راگەیەنراوە، ئەو مافە بە رەعیەتەکان دەدرا کە کەلوپەلە بازرگانیەکانی خۆیان لە شوێنی ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە. نامەی فرانشیز کە وەکوو دەستنووسێکی ئازادی رەعیەتەکان وا بوو، لە سەدەی یازدە لە ئیتالیای باکوور، ئەڵمانیا و باکووری فەرەنسادا بەرەوی پەیدا کرد و لە ئاکامدا پێوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری شارەکان لە سەدەی ۱۱ و ۱۲دا پەیدا کرد.

لەو کاتەدا خەڵکی شارەکان خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەو ئاستەنگانە بوون کە دەرەبەگەکان لە بواری بازرگانیی، خاوەندارێتی و هاتووچۆدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بۆ خەڵکی شارەکانیان پێکدێنا.

هەروەها فرانشیز بەو دارستانانەش دەگوترا، کە دەرەبەگە گەورەکان (سینیۆرەکان) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەیانرواندن. ئامانجی دەرەبەگە گەورەکان، بریتی بوو لە ئاوەدانکردنەوەی دارستان و پێکهێنانی شاری تازە یان شاری ئازاد (فرانش) تا خەڵک بۆ ئەم شارانە راکێشن. سینیۆرکان چونکە پێویستیان بەهێزی کار بوو و لە دەرەبەگە رکابەرەکانیش دەترسان، جارنامەی ئازادیان (فرانشیز) لە ناو خەڵکی ژێردەسەڵاتی خۆیاندا بڵاو دەکردەوە.

لە سەدەکانی ناوەراستدا، بەریتانیەکان لە دارشتنی یاساکانی خۆیاندا، کەڵکیان لە چەمکی فرانشیز وەرگرت. کە بریتی بوو لە ئیمتیازێک کە پاشا دەیبەخشیە هاوولاتیەکانی خۆی. زاراوەی فرانشیز لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ ئەو پارێزراوییە جیاوازانە کەڵکی لێوەر دەگیردرێ کە دەدرێتە دیپلۆماتە سیاسیەکانی وڵاتان: وەکوو: فرانشیزی شوێنی نیشتەجێ بوون یا فرانشیزی باج.

www.perawipepwle.com

فەلەستین Palestine

ناوچەیەکە بە پانتایی ١٠٤٢٩ کیلۆمەتری دووجا، کە لەقەراغی مەدیتەرانەی رۆژهەڵاتدا هەڵکەوتووە و تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان بەشێک لە ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، بەڵام ئیسرائیل ئێستا بەشێکی ئەم وڵاتەی داگیر کردووە. لە دوای ساڵی ١٩١٨ەوە فەلەستین لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە چووە ژێر سەرپەرستی بەریتانیاوە. بەریتانیا بەڵێنی دابوو کە بە پێی مەرجەکانی سەرپەرستیاری فەلەستین، بە شێوەیەک ئەم ناوچە بەڕێوە ببا کە بواربۆ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بێنێ و پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستینی بکا. بەریتانیا لە ژێر پاڵەپەستوی کۆڕوکۆمەڵە جووەکان، رێگای بە ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکاندا کە بێنە ناو فەلەستینەوە. لە ساڵی ١٩١٩ دا زۆربەی دانیشتوانی فەلەستین عەرەب بوون. عەرەبەکانی فەلەستینی لە چاو عەرەبی شوێنەکانی دیکە، پێشکەوتووتر بوون.(چونکەفەلەستین یەکەم ناوەندی پێوەندی کولتووری ئیسلام و ئەورووپا بوو.) لە ساڵەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٩دا فەلەستینەکان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی راپەڕین، بەڵام هێزەکانی بەریتانیا راپەڕینەکەیان سەرکووت کرد.

ئەشکەنجە و ئازاری و جوولەکەکان لە لایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە بوو بە هۆی ئەوەی کۆچی یاسایی جوولەکەکان بۆ فەلەستین پەرە بستێنێ. بزوتنەوەی نوێی سەهیۆنیزم بە دوای پێکهینانی وڵاتێکی جوولە لە فەلەستین (نیشتمانیی بەڵین پێدراو) دابوو. دواتر بەریتانیا رایگەیاند کە ئامانجەکەی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ لە فەلەستینە کە جوولەکەکان و عەرەبەکان بەسەرێکەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێ. بە پێی بەڵێنی بەریتانیا بریار وابوو کە لە ماوەی ١٠ ساڵ دا وڵاتی فەلەستین پێک بێ.

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهان لە نێوان عەرەبەکان و جوولەکەکاندا کێشە و ئاژاوەی زۆر دروست بوو و بەریتانیا کێشەکەی نارده رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. کومیتەی تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فەلەستین پێشنیاری کرد کەئەم وڵاتە دابەش بکرێ و ئەم پێشنیارە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکانەوە پەسند کرا. لە ١٤ ی ئایاری ١٩٤٨ دا، کۆمێسێری بەرزی بەریتانیا لە فەلەستین ، ناوچەکەی بەجێهیشت و ئیسرائیل بوونی خۆی راگەیاند. سوپای وڵاتانی عەرەب وەکوو، میسر، عێراق ئۆردن، لوبنان، سووریا و عەرەبستانی سعوودیا هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل کەدانیان پێدانەدێنا، بە لام هێرشەکەیان شکستی

خوارد و لە کۆتاییشدا لە شوباتی ١٩٤٩دا ئاگربەست راگەیەنرا. ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەدا کەدانی بە دابەشبوونی ئەم وڵاتە داهێنابوو، بەڵام زۆربەی ناوچەکانی بەشی عەرەبی فەلەستینی داگیر کرد و نزیکەی ٤٠% زیاتر لەو بەشەی کە بۆی دانرا بوو، داگیری کرد. بەشی رۆژئاوای چۆمی ئۆردنیش کە عەرەب بوو، بوو بە بەشێک لە ئۆردن، و میسریش هێڵی غەززەی داگیر کرد. لە دوای شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا، ئیسرائیل هەموو ناوچەکانی فەلەستین و تەنانەت بەشێکیش لە خاکی دراوسێکانی داگیر کرد راشەی گەیاند کە هەتا عەرەبەکان دان بە ئیسرائیل دانەنێن، ئەو شوێنانە چۆڵ ناکا.

لە دوای زیاتر لە نێو سەدە خەباتی فەلەستینیەکان لە دژی ئیسرائیل و ٥ شەڕ وگرێدانی رێککەوتننامەی جۆراوجۆر، ئاگربەس و ئاشتی کە لە ئاکام دا بوو بە هۆی ئەسپاردنی بەشێکی کەم لە خاکی فەلەستین بە حکوومەتی خودموختاری فەلەستین بەرێبەرایەتیی یاسرعەرەفات، خەباتی نەپساوەی فەلەستینیەکان لە چوارچێوەی "ئینتیفازە"ی یەکەم و دووهەم دا بۆ چۆلکردنی ئەم شوێنانە و دان پێدانانی ئیسرائیل بەوەی کەئەم شوێنانە بە شێک لە خاکی فەلەستین، هەروا درێژەی هەیە.

فێمینیزم/ بزوتنەوەی ئازادیی ژنان **Feminism**

سەرچاوەی فێمینیزم بۆ شارستانیەتە کۆنەکانی یۆنان و چین دەگەڕێتەوە و لە زۆربەی کولتوورەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە. ئاکار و کردەوەی ژنانی بە ناوبانگی پێشوو و پشتیوانی لە مافی ژنان بۆ کەڵک وەرگرتن لە پەروەردە و فێرکردن و نفووزی سیاسی، وەکوو بوونە پاڵپشت بۆ بزووتنەوە هاچەرخەکانی ژنان. سەرەڕای ئەمە تەنیا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٩دا دابوو کە بزوتنەوەیەکی رێکخراوی ژنان پێکهات. خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان کە لە ئاکامی پەرەگرتنی بەرەبەرەی مافی دەنگدانی پیاوانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە تایبەتمەندی ئەو قۆناغەیە کە پێی دەڵێن شەپۆلی یەکەمی بزوتنەوەی ئازدی ژنان و تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە ژنان دەبێ مافی یاسایی و سیاسی وەکوو پیاوانیان هەبێ. مافی دەنگدان بۆ ژنان، ئامانجی سەرەکی ئەم قۆناغەی خەباتی ژنان بوو. چوونکە ئەم بیروڕایە زاڵ بوو کە ئەگەر ژنان بتوانن دەنگ بدەن، شێوەکانی تر جیاوازی و هەڵاواردنی رەگەزیش لە ناو دەچێ.

هەلومەرجی سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەمی ئازادی ژنان، تارادەیەکی زۆر لە هەلومەرجەکانی شەپۆلی یەکەم دەچێ. ئاڵوگۆڕەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ چوونەسەری

ڕادەی پێویستی بە هێزی کار بە تایبەتی لە قۆناغەکانی گەشەی ئابووری و شەڕدا، ڕاکێشانی ژنان بۆ لای Secondary Market لە قۆناغەکانی دابەزینی ئابووری و گەشە کردنی بەشی خزمەتگووزارییەکان (لە چاوبەشی بەرهەمهێنان دا) و پێویستی بە هێزی کاریش لەم بەشەی ئابووریدا، چوونەسەر و زۆر بوونی ئاستی بەشداری هێزی کاری ژنانی لێکەوتەوە. پەرەگرتنی خوێندەواری بە تایبەتی لە ئاستە بەرزەکاندا بوو بە هۆی خوێندەواری زیاتری ژنان و توانایە شاراوەکەیان بۆ گەیشتن بە ئاستە بەرزەکانی پیشەوکار، لە هەمان کاتدا ژنان لەرەوشێکی نایەکسان و نابەرامبەر لەگەڵ پیاوان دا دەژیان.

دوو ڕەوتی سەرەکیی بزووتنەوەی ئازادی ژنان لە شەپۆلی دووهەمدا، واتە ڕەوتی لیبراڵ و ڕادیکاڵ لە بواری بنەما بنەڕەتیەکان، لێکدانەوەی ئەستەم، دیاریکردنی دوژمن، ئەو ئامرازانەی کەڵکیان لێوەردەگرتن، ناوەندی سەرەکی خەبات لە دژی ڕێکخستن، جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. بزووتنەوەی ئازادی ژنانی لیبراڵ کە پاشماوەی یەکسانیی شەپۆلی یەکەمە، هەروا لەسەر یەکسانیی ماف و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی پێدادەگرێ و بزووتنەوەی ئازادی ڕێکخستنی ڕادیکاڵی لە پێناو ڕزگاری ژنان لە ژێر هەر دەسەڵاتێکی پیاواندا تێدەکۆشێ و بڕوای بە بنەمای دژایەتیی ژن و پیاو هەیە.

بزووتنەوەی ڕادیکاڵ پێویستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لە هەموو بوارەکانی ژیانی تایبەتی و گشتیدا دێنێتە گۆڕێ و هێندێک لە ڕاڤەو لێکدانەوەکانیان، کە لە بنەڕەتدا لە سەر خۆڕسک بوونی دژایەتیی نێوان ژن و پیاو ڕاوەستاون، لەسەر جیابوونی ژنان و پیاوان لەکۆمەڵگادا پێداگری دەکەن.

شەپۆلی دووهەمی ئازادی ژنان لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە دامەزراوەکان و یاساکاندا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو و تەنانەت توانی لە هێندێک بواردا لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەستێنە کولتووری و زارەکیەکاندا سەرکەوتنیش وەدەست بێنێ.

شەپۆلی سێهەمی ئازادی ژنان کە لە دەیەی ٨٠دا سەریهەڵدا و ئیستاش هەروا بەردەوامە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕە پێکهاتەییە ئابوریە_ سیاسی و کولتوورییەی ئەم دواییانەیە. کۆمەڵە ئاڵوگۆڕە پێکهاتەییەکانی دەیەی حەفتا تا نەوەدی ئەمەریکا هاوکات بووە لەگەڵ درێژەکێشانی هەڵاواردنی

ڕەگەزی بەنیسبەت ئەو ژنانەی کە بوونی خۆیان لە بە ستێنی گشتیدا سەلماندووە. لە هەمان کاتدا ئەم ئاڵوگۆڕانە بوونە هۆی زۆرتربوونی جیاوازییەکان لە نێوان ژناندا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شەپۆلی سێهەمی بزووتنەوەی ئازادی ژنان بەرەسمیی ناسینی فرەیی، و فرەچەشنی لەم بزوتنەوەدا بوو و هەروەها ئەوەی کە ژنان بەشێک لەچالاکی خۆیان بۆ بوارە هاوبەشەکان لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا تەرخان بکەن و لە بواری تیۆریشەوە خۆیان پێ بگەیەنن.

Ferralists

فێورالیستەکان

لە کۆمەڵگا کۆمۆنیستەکاندا بە گرووپێک لە لایەنگرانی ڕۆژئاوا دەگوترێ کە خۆیان بە لایەنگری " شۆڕشی فێوریە" (شوبات) دەزانن و " شۆڕشی سۆسیالیستی" و دەستکەوتەکانی ڕەت دەکەنەوە. لە ساڵی ١٩١٧دا، دوو ئاڵوگۆڕ لە ڕووسیادا ڕوویاندا کەیەکیان "شۆڕشی فێوریە" و ئەوی دیکەیان " شۆڕشی ئۆکتۆبەر" بوو. کۆمۆنیستەکان شۆڕشی فێوریەیان بە شۆڕشی " بۆرژوا دیموکراتیک" دادەنا و بە شۆڕشی ئوکتۆبەریان دەگووت " شورشی سۆسیالیستی".

Forcemajeure

فۆرس ماژۆر

زاراوەیەکی فەرەنسیە، کە وێدەچێ یەکەمجار لە یاسای شارستانی (مدنی) (یاسای ناپلیۆن) فەرەنسەدا کەڵکی لێوەرگیرا بێ و پاشانیش لە وڵاتانی دیکەدا هەرئەم زاراوە ویان وەرگێردراوەکەی بۆتە باو. وڵاتانی ئینگلیزی زمان تەنانەت لە یاسای نێو دەوڵەتیەکانیشدا، هەر لەم زاراوە کەڵک وەردەگرن.

لە یاسای فەرەنسادا، فۆرس ماژۆر واتای تایبەتی و گشتی هەیە. فۆرس ماژۆر بەواتا گشتییەکەی بریتیە لە هەر کارەساتێکی دەرەکی (لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەڵێندار) و پێشبینی نەکراو و کە پێشی پێ ناگیردرێ ودەبێتە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێ کردنی بەڵێنی لایەنێکی ڕێککەوتننامە یان گرێبەستێک. فۆرس ماژۆر لەم واتایەدا کردەوەی کەسێکی سێهەم و کردەوەی بەڵێنداریش دەگرێتەوە، کە خاوەنی ئەم دوو تایبەتمەندییە بن. بەڵام فۆرس ماژۆر لە واتا تایبەتیەکەیدا، کارەساتێکە کە لە هێزە سروشتیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، پێش بینی ناکری و ناتوانین پێش بە ڕوودانەکەی بگرین.

هێندێک لە یاساناسە فەرەنسیەکان لە نێوان فۆرس ماژۆر و کارەساتی پێشبینی نەکراودا(Fortuitons Event)، جیاوازی دادەنێن و دەڵێن کە کارەساتی پێشبینی نەکراو کارەساتێکی نێوخۆییەو پێوەندی بە بنکە یان بە بەڵێندەرەوە هەیە . وەکوو ئاگرتێ بەربوون، شتومەکی نەقوستان، لادانی شەمەندەفەر لە سەرێ و مانگرتن لە هێندێک حاڵەتدا. لە حاڵێکدا کە فۆرس ماژۆر، کارەساتێکی دەرەکیە وەکوو لافاو، گەردەلوول و....هتد.

لە قامووسی چەمکە یاساییەکاندا کە لەژێر چاوەدێری دوو مامۆستای بەناوبانگی یاسادا نووسراوە، ئاوا پێناسەی فۆرس ماژۆر کراوە:

لە یاسای شارستانیدا بە مانای گشتیەکەی، فۆرس ماژۆر هەموو ئەو کارەساتانە دەگرێتەوە، کە پێش بینی ناکرێن و پێش بە روودانەکەشیان ناگیرێ، و دەبنە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنی بەڵێنی بە لێندەر. فۆرس ماژۆر روونی دەکاتەوە کە ئەو لایەنە هیچ رۆڵێکی لەو کێشەدا نیە. فۆرس ماژۆر بە مانای تایبەتیەکەی بە پێچەوانەی کارەساتی پێشبینی نەکراوەو بریتیە لە کارەساتێکی دەرەکی، واتە کەسی بەڵێندەر هیچ رۆڵێکی لە روودانی کارەساتەکەدا نیە. (کارەساتی سروشتی. دەوڵەت، کردەوەی کەسی سێهەم).

روسۆ، مۆستای یاسای نێودەوڵەتیی سەبارەت بە فۆرس ماژۆر دەڵێ: فۆرس ماژۆر بریتیە لە کۆسپێک کە پێش بە روودانەکەی ناگیردرێ و بە هۆی کارەساتێکی دەرەکی هاتۆتە ئاراوە کە پێش بە جێبەجێکردنی بەڵێنێک یان جێبەجێکردنی یاسایەکی نێودەوڵەتیی دەگرێ. هەموو سیستەمە یاساییە نێوخۆییەکان، بەرپرسیارەتیی جێبەجێکردنی بەڵێنێک بەهۆی هاتنەئارای هێزێکی دەرەکی کە پێوەندی بە لایەنی بەڵێندەر نیە، ناخەنە ئەستۆی کەسی بەڵێندەر. لە یاسا نێودەوڵەتیەکانیشدا، فۆرس ماژۆر دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان بەرپرسیاری جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکان نەبن.

نموونەکانی فۆرس ماژۆر :شۆرش، مانگرتن و قەدەغەکردنی یاسایی لەو هۆکارانەن کە زیاترلە گرێبەستە ئابوورییە نێودەوڵەتیەکاندا وەکوو فۆرس ماژۆر ئاماژەیان پێدەکرێ.

الف_ شۆرشە جەماوەرییەکان: لە هەڵسووکەوتی دەوڵەتەکان و سەربەستی دادی نێو دەوڵەتیدا، زۆرجاران شۆرش وەکوو فۆرس ماژۆر چاوی لێکراوەو دەوڵەتێش لەم حاڵەتانەدا سەبارەت بەو زیانانەی کە لە هاوولاتیانی بیانی کەوتوون بەرپرسیارنیە. لە راپۆرتی سکرتاریای نەتەوە

www.perawipepwle.com

یەکگرتووەکان سەبارەت بە فۆرس ماژۆر، بەشێک بەناوی " شەڕە نێوخۆییەکان، شۆڕشەکان، توندوتیژی جەماوەری، ڕاپەڕین و بشێوی و ئاڵۆزی" بەرچاو دەکەوێ. لەم بەشەدا ئاماژە بەو نووسراوە و بەڵگە جیاوازانە کراوە کە بە پێی ئەم بەڵگە ونووسراوانە، شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان وەکوو فۆرس ماژۆر، دەوڵەتەکان بە بەرپرسیاری زیانە گیانی و ماددییەکانی هاوڵاتیە بیانیەکان دانانێن. و لە هەمان ڕاپۆرتیشدا لە بەشی " بڕیارە نێو دەوڵەتیەکاندا" باس لە بیروڕای دادگاکانی هەڵسەنگاندن و کۆمیسیۆنە تێکەڵاوەکان کراوە کە هێندێکیان پێوەندییان بەو مەسەلەوە هەیە کە دەوڵەتەکان بە بەرپرسیاری قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانە دانانێن کە لە ئاکامی شۆڕش وراپەڕینە جەماوەرییەکان دێتە ئاراوە.

پرۆفسێور رۆسۆ بە پشت بستن بە بیروبۆچوونە نێودەوڵەتیەکان و بە تایبەتی ئەم دوو بۆچوونەی دواییان، سێ جۆرە زیانی دیاری کردەوە کە لە ئاکامی شەڕی نێوخۆیی و شۆڕش دێتە ئاراوە:

١)ـ ئەو زیانەی کە لە ئاکامی خوودی شەڕەکەدا دێتە ئاراوە:

بەگشتی ڕەوتی دادی نێودەوڵەتیی لەم حاڵەتەدا دەوڵەت بەبەرپرسیار نازانێ و بە تێوری فۆرس ماژۆر یان حاڵەتی نائاسایی پاساو بۆ بێ تاوانی دەوڵەت دەهێنێتەوە.

٢)ـ ئەو زیانانەی بە هۆی هەوڵەکانی دەوڵەتەوە دێتە ئاراوە: بە پێی وتەی روسۆ، ئەگەر کردەوەکانی دەوڵەت لە هێندێک بواری تایبەتیدا لە دژی بیانیەکان لە حاڵەتێکدا کە لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی کە بۆ دەوڵەت دیاریکراون، تێپەڕێ، دەوڵەت بەرپرسیارە. و هەروها کەمتەرخەمی و چاوەدێری نەکردنی دەوڵەت بۆ پێشگرتن لە کردەوە زیانبارەکان یان دەستبەسەرکردنی تاوانباران، دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت بە بەرپرسیار دابنرێ.

٣)ـ ئەو زیانەی لە ئاکامی هەوڵی شۆڕشگێڕەکان دێتە ئاراوە:

لەم حاڵەتەدا، ڕەوتی دادی نێودەوڵەتیی لە نێوان ئەو شۆڕشگێڕانەی کە سەرنەکەوتوون و ئەوانەی کەسەرکەوتوون، جیاوازی دادەنێ. لەو حاڵەتانەدا کە شۆڕشگێڕەکان سەرنەکەوتبێتن، دەوڵەت بەرپرسیاری کردەوەکانیان نابێ. بەڵام هەر ئەوەندەی کە شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتبن و بە دەسەڵات گەیشتبن، ڕەوتی نێودەوڵەتی داد، دەوڵەتی نوێ بە بەرپرسیار دادەنێ.

ب: مانگرتن

لە یاساکانی فەرەنسادا، بە پێی بڕیاری دەسەلاتی دادی ئەو ولاتە، مانگرتن لە حاڵەتەکانی فۆرس ماژۆرە. بەو مەرجەی کە تارادەیەک گشتی وبەربلاو بێ و هەروەها لە ناکاو وکتوپڕبێ و هەروەها بە هۆی کەمتەرخەمی خاوەنی دامەزراوەکە رووی نەدابێ.

فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتی- ئابووری

Socio_ Economic Formation

فۆرماسیۆن یان پێکهاتەی کۆمەلایەتی_ ئابووری بریتیە لە سیستەمێکی ئابووری لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا کە سەرخان و ژێرخانی ئەم سیستەمە لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن. بە پێی لێکدانەوەی مارکیسەکان، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێنج فۆرماسیۆنی کومەلایەتی _ ئابووری هەن کە بریتیین لە کۆمۆنی سەرەتایی، کوێلەداری، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم.

هەرکام لە فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتی_ ئابوورییانە، بەپێی یاسای تایبەتی خۆیان سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن. بەلام لە کۆمەڵێک یاسای گشتیشدا هاوبەشن کە لە ناو هەموو فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتی _ ئابوورییەکاندا بەرچاو دەکەون.

فۆرمالیزم **Formalism**

فۆرمالیزم بەمانای ڕۆاڵەتگەری و بایەخدانی لە رادەبەدەر بە رواڵەت و فۆرمی دیاردەکانە. هەروەها بەبڕوایەکی قووڵ بە پاراستنی رواڵەت لە کاروباری ئایینی، سیاسی، کۆمەلایەتی یان لە کاروبارە ئیدارییەکانیشدا دەگوترێ. فۆرمالیزم زیاتر بۆ ڕێوشوێنە ئاینیەکان و ژیانی کۆمەلایەتی کەڵکی لێوەدەگیردرێ.

فیزیۆکرات **Phisiocrate**

ئەم ڕێبازە لە لایەن هێندێک لە زانایان و نووسەرانی سەدەی ١٨ لە فەرەنسادا، دامەزرا. ئەم زانایانە لایەنگری ڕێبازی سروشتی بوون و پێیانوابوو کە سیستەمێکی سروشتی و هەمیشەیی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری مرۆڤدا هەیە و کەسە وردبین و تێگەیشتووەکان دەتوانن لە ڕێگای تۆژینەوە، ئەم یاسا سروشتییانە بدۆزنەوە و لە کاتی خۆی دا جێبەجێیان بکەن و بەم شێوە گەورەترین خزمەت بە کۆمەڵگای خۆیان بکەن. فیزیۆکراتەکان پێیانوابوو کە نابێ دەست

له سیستەمی سروشتی کۆمەڵگا و یاساکانی وەربدەین و دەیانگووت دەوڵەتەکان نابێ بە دەستیوەردان لە کاروباری ئابووریدا، ببنە کۆسپ لە بەرامبەر ئەم سیستەمە سروشتیەدا؛ چوونکە ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەوڵەتەکان سەبارەت بە ئابووری دایدەڕێژن، ڕەنگە ببتە هۆی ئەوەی کە یاسا سروشتیە بەردەوامەکان لە ڕێچکەی بێ هەڵەی خۆیان لابدەن و ئەمە بەزیانی کۆمەڵگادا بشکێتەوە. فیزیۆکراتەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە دەوڵەتەکان نابێ بە هیچ شێوەیەک بە پێچەوانەی سیستەمی سروشتی، دەست لە کاروباری ئابووری و سات و سەودای نێو دەوڵەتی وەربدەن.

Air Hijacking

فڕۆکە رفێنی

فڕۆکەرفێنی بە دەستبەسەر داگرتنی نایاسایی فڕۆکەی لە حاڵی فڕیندا دەگوترێ، کە کەس یان کەسانێک لە بەر هۆکارێکی شەخسی یان سیاسی دەست دەدەنە ئەم کارە. یەکەمین هەنگاو بۆ بەرەنگاری کردنەوە لەگەڵ تاوانەکانی فرۆکەرفێنی، کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٣ی تورکیا سەبارەت بەتاوانەکان و هێندێک کاری لادەرانەی دیکە لە ناو فرۆکەدا بوو. ئەم کۆنڤانسیۆنە بە شێوەیەکی سانا دەپرژێتە سەر فرۆکەرفێنەکان و و لەگەڵ فرۆکەرفێنەکاندا وەکوو تاوانبارەکانی دیکە دەجووڵێتەوە. لەساڵی ١٩٧٠دا، کۆنڤانسیۆنی فرۆکە رفێنی لاهە، دەستبەسەر داگرتنی فرۆکەی بە تاوانێکی جیاواز لە تاوانەکانی دیکە دانا. لە ساڵی ١٩٧١دا کۆنڤانسیۆنی مۆنترال لە دژی کاری تێکدەرانەی ئاسمانی، کردەوەکانی وەک دانانەوەی ماددە تەقینەوەییەکان لە ناو فرۆکە و کاری تێکدەرانەی هاوشێوە، لە کارخستنی فرۆکەی لە حاڵی فرین، زیان گەیاندن بەدامودەزگاکانی فرۆکەوانی، کردەوەی توندتیژانە لە دژی ئەوانەی لە ناو فرۆکەدان، یان بە زۆری شت لێ ئەستاندن لە کەسەکانی ناو فرۆکە لەخۆ دەگرێ.

کاتێک کە لە دەیەی ١٩٦٠دا، کۆمەڵێک کردەوەی فرۆکەرفێنی کەلەساڵی ١٩٦١دا بە رفاندنی فرۆکەیەکی ئەمەریکا بۆ کووبا دەستی پێکرد و حکومەتەکانی ناچار کرد کە لەمبارەوە کۆمەڵێک بریار دەربکەن، فرۆکەرفێنی بۆتە کێشەیەکی گەورە. دەوڵەتەکانیش زیاتر لەوە تێگەیشتوون کە مەترسیەکانی فرۆکەرفێنی و تاوانە هاوشێوەکانی نابێ بکەونە ژێر کاریگەری ئەو بەرژەوەندیە سیاسیە، ڕاست یان چەوتانەی کە دەبنە هاندەرێک بۆ ئەم ئەم کارە. نە تەنیا وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵکوو یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە کۆمۆنیستیەکانی دیکەش، دوای ئەوەی لەو ئاگادار

بوون کە بۆخۆشیان مەترسی ئەم کردەوانەیان لە سەرە، دانیان بەم راستیە دانا. بەڵام هەر خێرا دەرکەوت کە ڕێککەوتننامە نێوەوڵەتیەکان بەتەنیایی و بەبێ هاوکاری تەواوەتیی وڵاتان لە بەرامبەر ئەم کردەوانەدا چەکێکی کاریگەر نین. بە تایبەتی ئەوەی کە هێندێک لە وڵاتان داڵدی فڕۆکەرفێنیەکان بدەن یان بە شێوازی دیکە بەڵێنە نێودەوڵەتیەکان پێشێل بکەن. ئەو پێشنیارانەی کە بەمەبەستی بە هێزکردنی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی دژی فڕۆکەرفێنی لە چوارەچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە فڕۆکەوانیە ناسەربازیەکان (ئیکائۆ) و دامەزرە نێودەوڵەتیەکانی دیکە هاتوونە گۆڕێ، تا ئێستا نەکراونە ڕێسای جێبەجێکاری ڕەها و ڕێک و پێک بۆ بەرەنگاری کردنەوە لەگەڵ تاوانەکانی فڕۆکەرفێنیدا. لە ئاستی نێوخۆییدا یاسا پتەوەکانی دژی فڕۆکەرفێنی و چارەسەرییە ئاسایشیەکان بوونە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی فڕۆکە رفێنی هەتا دەیەی ١٩٧٠. هەروەها چەند حاڵەتی یەک لایەنانەی وڵاتان لە دژی فڕۆکەرفێنەکان لە ئارادا بووە وەکوو هێرشی ئەنتەبە لە ساڵی ١٩٧٦دا، کە مارینزەکانی ئیسرائیل موسافیرەکانی فڕۆکەی ئێرفرانسیان لە ئۆگاندا، سەرەڕای نارەزایەتیی ئەم وڵاتە رزگار کرد یان هێرشی موگادیشۆ لە ساڵی ١٩٧٧دا کە سەربازەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە پشتیوانی حکومەتی سووماڵی، دەستیان بە سەر فڕۆکەیەکی رفێنراوی لۆفت هانزادا گرت. لە ئاستی وڵاتانیشدا چەند ڕێککەوتننامە گرێ دراون کەفڕۆکەرفێنەکان ناچار دەکرێن بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی فڕۆکەکەی لێ هەڵساوە یان فڕۆکەرفێنەکان لە وڵاتەی کە داڵدادە دراون، دادگایی بکرێن. ڕێککەوتننامەی ئەمەریکا و کوبا لە ساڵی ١٩٧٣ دا کە دوایە کوبا خۆی لە کێشایەوە نموونەیەکی ئەم حاڵەتەیە. (چوونکە کوبا پێیوابوو ئەمەریکا لە دژی فڕۆکەیەکی کوبا کاری تێکدەرانەی ئەنجام داوە). لە ئاستی ناوچەییشدا، وڵاتانی گەورەی پیشەسازی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٧٨دا لە هەوڵێکی یەکگرتوودا، لەسەر ڕاگرتنی فڕین بۆ ئەو وڵاتانەی کە ناتوانن فڕۆکەرفێنەکان و فڕۆکە رفێنراوەکە دەستبەجێ بگەیەننەوە ئەو شوێنەی فڕۆکەکەی لێ تۆمار کراوە ڕێککەوتن. (هەروەها فڕۆکەی ئەم وڵاتانەش نەیدەیتوانی لەو وڵاتە ئەورووپیەکان بنیشێتەوە). جگە لەم ڕێککەوتننامە ئاشکرایانە، وا پێ ناچێ یاسا نێودەوڵەتیە عورفیەکان یاسا و ڕێسایەکیان هێنابێتە ئاراوە کە وڵاتەکان ناچار بکا لە دژی فڕۆکەرفێنەکان شتێک بکەن. بەڵام سەرەڕای ئەمەش یاسا نێودەوڵەتیە عورفیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبێ هەم فڕۆکەی رفێنراو و هەم کەسەکانیش بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە فڕۆکەکەی لێ هەڵساوە. لە

مێژووی فرۆکەوانیدا، هیچ ڕووداوێک ئەوەندی ڕووداوی فرۆکەرفێنی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی ئەمەریکا کارەساتبار نەبووە. لەم کارەساتەدا دوو فرۆکەی نەفەرهەڵگری ئەمەریکا خۆیان بە تاوەرە جمکەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانیدا دا، کە نەتەنیا متمانەی خەڵکیان بە هەبوونی ئاسایشی فرۆکەوانی کەم کردەوە، بەڵکوو لە بواری ئابووریشەوە زەبرێکی کاریگەر لە بازرگانی ئاسمانی کەوت.

Fanctionalism

فۆنکسیۆنالیزم

بە پێی ئەم تیۆرە، یەکەی ڕێکخراوی زاڵ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، واتە دەوڵەتی نەتەوەیی_(دەوڵەت _ نەتەوە) بە شێوەیەکی ڕوولە زیاد ڕۆڵی خۆی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە دەست دەدا. چوونکە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بەرتەسک کراوەتەوە، لە کاتێکدا کە پێداویستیە مرۆییەکان سنوورەکان دەبەزێنن. فۆنکسیۆنالیزم بە دوو شێوە ناکۆکی و گرژییە زاتیەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و لەوانە شەڕ لە ناودەبا: یەکیان بە پشت بستن بە خۆشگووزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵک بەزاندنی سنوورەکان وئەوەی دیکەشیان دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە کە بە هەوڵ و ڕۆڵی جیاوازی خۆیان پێداویستیە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکانی مرۆڤ دابین دەکەن. فۆنکسیۆنالیزم تەنیا تیۆری نەبوو و دەرئەنجامی گەشەی خێرای ڕێکخراوە نێودەوڵەیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا بوو.

Multipolarity

فرەجەمسەری

بە پێکهاتەی سیستەمێکی نێونەتەوەیی (جیهانی، ناوچەیی یان نیمچە ناوچەیی) دەگوترێ کە لەودا ڕێککەوتن و بەڵێنیەکانی نێوان دەوڵەتەکان لە دەوری سێ جەمسەر (بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی یەک جەمسەری یان دووجەمسەری)دا دەخولێتەوە.

بە هۆی ئەوی کە سیستەمە دووجەمسەرییەکان دەبنە هۆی پەرەگرتنی سیستماتیکی کێشە و ناکۆکیەکان لە هەموو دنیادا، بیرمەندان لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیستەمێکی فرەجەمسەری لە سیستەمێکی دووجەمسەری سەقامگرتووترە، بەو مەرجەکە لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ پێکهاتەی "هێژمۆنیی بەرگریی بەرامبەرانە" لە نێوان لایەنەکاندا پێک بێ.

www.perawipepwle.com

ق

ق

Abdication Crisis

قەیرانی دەست لە کارکێشانەوە

لە مێژووی هاوچەرخی بەریتانیادا ئەم زاراوەیە بە وازهێنانی دڵخوازانەی ئیدواردی هەشتەم لە تەختی پاشایەتیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٣٦دا دەگوترێ. پاشای بەریتانیا کە دەیویست لەگەڵ ژنێکی تەڵاقدراو بەناوی ڤالیس سیسمپسۆن دا ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، دەبوایە پەرلەمانی ئەو وڵاتە و نوێنەرانی کۆلۆنیەکان مۆڵەتی مارەکردنیان بە پاشا بدایە. دەوڵەتی بەریتانیا و نوێنەرانی پەرلەمان بە توندی دژی ئیرادەی پاشا وەستانەوەو، ناوبراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی دەستی لەکار کێشایەوە و، وازی لە پاشایەتی هێنا. ئیدواردی هەشتەم لە وتارێکی رادیۆییداماڵئاوایی لە خەڵکی وڵاتەکەی کردو، بەم شێوەیە براکەی واتا دووک یۆرک، ناسراو بە جۆرجی شەشەم (باوکی ئەلیزابێتی دووهەمی شاژنی بەریتانیا) بەجیگای ناوبراو بوو بە پاشا.

ل

ل

Annexation

لکاندن

به لکاندنی ناوچەیەک، بە خاکی ولاّتێک کە هی ولاّتێکی ترە، یان خاوەنێکی تایبەتی نیە دەگوترێ. ئەم کارە زیاتر یەک لایەنەیەو، بە بێ رازیبوونی دڵخوازانەی خاوەنداری پێشووی ناوچەکە جێبەجێ دەبێ. ئەم دەوڵەتەی ئەوکارە دەکا، دەستبەجێ ماف و خاوەنداریێتی و سەروەریی رەهای خۆی بەسەر ناوچەکەدا پیادە دەکا.

Deviationism

لادان

بەو بیروبۆچوونانە لەناو حیزبە کۆمۆنیستیەکاندا دەگوترێ کە ئامانجیان جیا بوونە لە رێبازی سەرەکی و رەسەنی حیزبە. ئەو بیروبۆچوونانە،بەپێی داکۆکی و لایەنگری کردن لە سیاسەتی توندتر یان نەرمتر، بە لادەری چەپ یان راست ناودەبرێن.

لادەری زیاتر نیشانەی دۆگماتیزمی (باوەڕێکی توند بە بەرهەمەکانی مارکسیزم) یان پێدا چوونەخوازی (پێشێلکردنی رۆحی تیۆری شۆرشگێری)یە.

لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان — Separation Of Powers

لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتە لە نێوان هێزەکانی یاسادارێژی، بەڕێوەبەری و داد دایە. بەپێی تیۆری لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هیچ کام لەوسێ دەسەڵاتانە ناتوانن دەست لە کاروباری ئەویتر وەربدەن و ئەرکەکانی ئەویتر بەڕێوە ببەن. ئەم تیۆرە بۆ یەکەمین جار لە لایەن مۆنتسکیۆ، بیرمەندی فەرەنسی کە پێیوابوو سەقامگرتوویی دەوڵەتی بەریتانیا لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هاتە ئاراوە. لە چاخی نوێدا ئەو سێ دەسەڵاتە بەتەواوەتی لێک جیا ناکرێتەوە، بەڵام بەپێی توانا هەوڵ دراوە کە ئەم سێ دەسەڵاتە لێک جیا بکرێتەوە. لە بواری یاساییەوە، لێک جیاکردنەوەی هێزەکان بە دووشێوە بەڕێوە دەچێ: ڕەها و ڕێژەیی. لە سیستەمی ڕەهادا (وەک ئەمەریکا) هیچ کام لەو سێ دەسەڵاتە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری یەکتر وەرنادەن لە سیستەمی ڕێژەییدا، جۆرێک لە هاوکاری نێوان ئەوسێ دەسەڵاتە لە ئارادایە (وەک دەستووری زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا) و هێندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لۆبینگ — *Lobbying*

زاراوەیەکی باوی ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە تەشەنەی کردۆتەوە دەرەوەی ئەمریکاش. بەواتا دنەدان و هاندانی نوێنەرانی پارلەمانە بۆ پشتیوانیکردن یان پشتیوانی نەکردن لەگەڵاڵەیەک لە ڕێگای پێوەندییە تاکەکەسیەکان و بەتایبەتی لەو شوێنە گشتیانەی پەرلەماندا کەخەڵکی ئاسایی دەتوانن بچنە ئەو شوێنانە. ئەم زاراوە زیاتر بۆ ئاماژەکردن بە باڵەپەستۆی گرووپەکانی فشار و هاوبەرژەوەندییەکان بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

لێگاسیۆن — *Legations*

بەهەرێمەکانی بۆلۆنیا، فرارا و ڕۆمانیا دەگوترێ کە پاپ داوای ئەم هەرێمانەی دەکرد و لە کۆتاییشدا بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٧٩٧ بەخشرانە فەرەنسا.

www.perawipepwle.com

Latifundiste

لاتیفۆندیست

لەسەرچاوەی لاتینی Latus بە واتای پان و بەرین و Fundns بەواتای زەوی وزار وەرگیراوە و لاتیفۆندیست بە کەسێک دەگوترێ کە خاوەنی زەوی و زاری گەورەو پان و بەرینە. لاتیفۆند یەکەمجار لە سەردەمی کۆیلەداریدا هاتە ئاراوە. لاتیفۆندەکانی سەردەمی کۆیلەداری، یەکەمجار لە رۆمی کۆندا سەریان هەڵدا. هۆی سەرهەڵدانی لاتیفۆندەکان داگیرکردنی زەی وزاری جووتیارەکان و هەروەها داگیرکردنی زەی وزاری دەوڵەت لە لایەن هێندێک لە خاوەن کۆیلەکانەوە بوو. لاتیفۆندەکان لە زەی وزارە پان و بەرینانەدا، کۆیلەکانیان دەچەوساندەوە و بەرەبەرە جووتیارەکانی دیکەشیان لە گۆرەپان وەدەرنا وزەی وزارەکانیان لێ داگیرکردن. لە پاش هەرەسهێنانی سیستەمی کۆیلەداری، جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە لاتیفوندەکان لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا سەریان هەڵدایەوەو تائیستاش لە هێندێک لە وڵاتانی سەرمایەداری هەروا ماون.

لاتیفۆندەکان ئیستاکەش لە بەشێک لە ویلایەتەکانی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئیتالیا، و بە تایبەتی لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەمەریکای لاتیندا هەر ماون. لاتیفۆندەکان لە حاڵێکدا کە پاشماوەی سیستەمی فیئودالی لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا دەپارێزن، بە جێگای ئەوەی لە جووتیارەکان وەکوو کرێکار کەڵک وەرگرن؛ دەیانکەنە خاوەن بەش (وەکوو بە ئیجارە کردن سێ بەیەکی و ئەمانە بە کەمی لە تەکنەلۆژیا کەڵک وەرگرن و درێژە بە شێوەی ئاغاورەعیەتی و شێوەکۆنەکانی بەرهەمهێنانی کشتووکاڵی دەدەن. کە واتە تایبەتمەندی زەق و بەرچاوی لاتیفۆندیستەکان، نیودەرەبەگیی، پاراستنی ئامرازە دواکەوتووەکانی بەرهەمهێنان، پشت بستن بە هێزی کاری مرۆیی و چەوسانەوەی نیمچە ئاغایانەی جووتیارانە؛ ئەگەرچی لە کرێکاریش کەڵک وەردەگرن. شایانی باسە کە هێندێک لە کۆمپانیا گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە خاوەنی زەی وزاری گەورە لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەمەریکای لاتین دان، ئەم بەشە لە هەوڵە ئابوورییەکانی خۆیان لە سەر بنەمای لاتیفۆندی دامەزراندووە. لەبنەڕەتدا لاتیفۆندیستەکان کۆنەپەرست ترین توێژی کۆلۆنیالیستەکانن.

لەبنرزۆم / شوێنی ژیان *Lebensruam*

لەبنررۆم یان شوێنی ژیان، زاراوەیەکە کە لە بنەڕەتدا لە بایۆلۆجیدا کەڵکی لێ وەردەگرن و مەبەست لە لەبنرزیۆم شوێنێکە کە گیانلەبەری (مرۆڤ، حەیوان، رووەک) تێدادژی.

ئەم زاراوە یەکەمجار لە سیاسەتدا لە ئەڵمانیا لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧١ -١٨٧٠دا لە لایەن هێندێک لە رۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتەوە بۆ پاساوهێنانەوەی شەڕە داگیرکەرەکانی "رایخی سێهەم" کەڵکی لێ وەرگیردرا. لە نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا؛ بۆ ئەڵمانیا و ژاپۆن شوێنی ژیان وەکوو پەرەپێدانی " توانایە بنەڕەتیەکان" بەمەبەستی وەدەستهێنانی شوێنی ژیانێکی نوێ بوو کە بتوانێ وەڵامی زۆربی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم دوو وڵاتە بداتەوە. دەوڵەتی ژاپۆن داگیرکردنی مەنچووری و دورگەکانی دیکەی ئۆقیانووسی ئارامی بەجۆرێک لە گەورەترکردنی شوێنی ژیان دەزانی و بەم بیانووەوە، سیاسەتی ئەمپریالیستی خۆی جێبەجێ دەکرد. هەروەها هیتلەر و نازییەکانی ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٩٣٣- ١٩٤٥ داگیرکردنی رۆژهەڵاتی ئەورووپایان کردە بیانوویەک بۆ پەرەپێدانی شوێنی ژیان و، لەم ڕێگایەوە هەوڵیاندا سیاسەتی داگیرکارانەی خۆیان جێبەجێ بکەن.

لێواری هەڵدێر *Brinkmanship*

ستراتیژیی بە ئاراستەدابردنی قەیران، بۆ لێواری هەلدێری شەڕە هەتا لەم ئاراستەوە لایەنی بەرامبەر پاشەکشە بکا. سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە لەوەدایە کە ئەو وڵاتەی کە پەنادەباتە بەر ئەم ستراتیژییە، بەبێ ئەوەی تووشی شەڕکردن بێ؛ بە ئامانجەکانی دەگا. قەیرانی مووشەکی کوبا (١٩٦٢) لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتەیە. سێ ئامانجی سەرەکیی دەبنە هۆی کەڵک وەرگرتن لەم ستراتیژییە:

١ـ گێرانەوەی دوژمن لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی.

٢ـ ناچار کردنی دوژمن بەوەی کە هێندێک ئیمتیاز بدا.

٣ـ سەرشۆڕکردنی دوژمن.

Legion D'Honneur

لۆژیۆن دۆنۆر

زاراوەیەکی فەرەنسیە و بە میدالیای شوالیەکانی فەرەنسە دەگوترێ کە لە سالی ١٨٠٢دا لە لایەن ناپلیۆن بوناپارت؛ ئیمپراتۆریای فەرەنسەوە داهێنرا. ئەگەرچی ئەم میدالیایە لە بنەڕەتدا بە کەسە سەربازییەکانی ئەم ولاتە دەبەخشرا، بەلاّم ئێستاکە بەکەسە مەدەنیەکانیش دەبەخشرێ.

Arab Legion

لۆژیۆنی عەرەب

ئەم زاراوە سەبارەت بە هێزە تایبەتیەکانی ولاتی ئۆردون کەلکی لێ وەردەگیردرێ. لۆژیۆنی عەرەب لە نێوان سالەکانی ١٩٢١ و ١٩٤٠ تەنیا هێزێکی پاسەوان لە ناوچەی بیابانی ئۆردۆندا بوو کە ئەرکی ئەم هێزە پێش گرتن لە هێرشی هۆزەکان و سەرکوتکردنی سەرهەلّدان و راپەرینی دانیشتووانی بیابان بوو. بەلاّم لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئەرکی پاراستنی دامەزراوەکانی بەریتانیای لە ناوچەکەدا وەئەستۆ گرت. لۆژیۆنی عەرەب کە لە لایەن ئەفسەرانی بەریتانیاوە راهێنرابوو، لە شەڕی ٤١ -١٩٤٨ ی عەرەبەکان لەگەلّ ئیسرائیلدا وەکوو یەکەیەکی لێهاتووی سوپا بەشداری کرد.

لە دوای شکستی عەرەبەکان لە ئیسرایێل لە شەڕی فەلەستیندا (١٩٤٨)، لۆژیۆنی عەرەب گەورەتر بوو. ئۆردۆن بەشی رۆژئاوای لێواری چۆمی ئۆردۆنی داگیر کرد و ناچار بوو لە سنوورە دوورو درێژەکانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی ئیسرایێل، بەرگری بکا. لە دوای ئەوەی ژەنەرالّ گلۆپ، لەسەر داوای دەولەتی ئۆردۆن ئەم ولاتەی بەجێهێشت، سەرۆکی فەرماندەیی لۆژیۆن کەوتە دەست ئەفسەرە عەرەبەکان. لێهاتوویی ئەم یەکە لە شەڕی سالی ١٩٦٧ی عەرەبەکان و ئیسرایێل ـ کە بوو بە هۆی شکستی قەرە بوونەکراوەی عەرەبەکان ـ بۆ ئاستێکی زۆر نزم دا بەزی.

Condor Legion

لۆژیۆنی دالّ

یەکە تایبەتیەکانی ئەلمانیای نازی کە لە ٥٠ بۆمب هاوێژ، ٥٠ فڕۆکەی راوکەر و بە تالیۆنێکی بەرگری ئاسمانیی ویەکەی دژە زرێپۆش (دەبابە) و دوو دەستەی زرێپۆش پێکهاتبوون و بە پێی بڕیاری هیتلەر لە شەڕی نێوخۆیی ئیسپانیادا (١٩٣٩ -١٩٣٦) یارمەتی ناسیۆنالیستەکانی ئەم

ولاتەیان کرد. (١٩٣٦). ژمارەی ئەم هێزانە ٦٥٠٠ کەس بوو. سەرجەم ١٦٠٠٠ هەزار کەس لە هێزەکانی ئەڵمانیا بە هانای ناسیونالیستەکانی ئسپانیاوە چوون. رێژەی ئەڵمانیەکان لە ئیتالیەکان کەمتر بوو کەنزیکەی سوپایەکی کراس رەشیان ناردە ئیسپانیا و نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس لە هێزەکانی ئیسپانیان راهێنا. هێزەکانی ئەڵمانیا لە مانگی ئایاری ١٩٣٩دا، کاتێک ئەم ولاتەیان بە جێهێشت کە تەکتیکەکانی نوێی شەڕیان لەم ولاتەدا تاقی کردبۆوە.

لەسێز-فەیر **Laissez -Faire**

زاراوەیەکی فەڕەنسیە بە واتای دەستێوەرنەدان و ئازادی رەهای ئابووریی کەڵکی وەرگیراوە. لە سێزفەیر ناوێکی دیکەی گریمانە" ئابووری کلاسێک"ە کە پێیوایە ئەگەر دەوڵەت یان هەر دەسەلاتێکی دیکە دەست لە کاروباری ئابووری وەرنەدەن، کێشەکان بۆ خۆیان چارەسەر دەبێ. ئەم گریمانە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا دارێژرا و گرووپێک لە ئابووریناسانی فەڕەنسا بە ناوی فیزیۆکراتەکان پەرەیان پێدا.

لیگالیزم **Legalism**

بە واتای گرنگی و بایەخدان بە یاسا و بنەما یاسایەکانە. ئەم روانگەیە کە دەبێ پێوەندیی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکدا و خەڵک لەگەڵ یەکتردا بە پێی رێوشوێنەکانی داد بێ، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی رۆمی کۆن و لەو سەردەمەوە بۆتە بەشێک لە فەلسەفەی سیاسی. ئەمرۆکەش لە سیاسەت و عورفی نێودەوڵەتیدا، هەر ئەم لایەنە یاسایی و هەلومەرجەکەی لەبەرچاو دەگیردرێ نەک لایەن و هەلومەرجە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکەی (بەو شێوەی کە لە یۆنانی کۆندا باو بوو).

لیگالیزم هەموو پێوەندییە مرۆییەکان بە پێوەری یاسا و داد و ماف هەڵدەسەنگێنێ ئەمە بەو واتایەیە کە دەوڵەت بەرهەمی یاسایە و نابێ بەچەمکە ئەخلاقی و کۆمەڵناسانە، دەوڵەت، کۆمەڵگا و ولات شی بکەینەوە، بەلکوو دەبێ سەلاحییەتی یاسایی (لیگال)ی دەوڵەت لەبەرچاوبگرین و روونیشی بکەینەوە کە ئایا دەوڵەت لەمبارەوە، دەوڵەتێکی شیاوە یان نەشیاوە.

Länder

لەندێر

به پێی دەستووری ساڵی ١٩١٩ی ئەڵمانیا، به هەرێمەکانی ئەم وڵاتەیان دەگووت لەندێر. کۆماری ڤەیمەر، کۆماری هەرێمە ئازادەکان (فری ئیشتاین) بوو، بۆئەوەی دەستووری ئەم کۆمارە روون بکاتەوە. ئەم زاراوە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە به هەرێمەکانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ دەگوترێ.

Leninism

لنینیزم

لنین، ڕێبەری شۆڕشی ڕووسیا و دامەزرێنەری فەلسەفەی لنینیزمە کە شێوازێکی تایبەتیی فەلسەفەی مارکسیسزمە کە لە ڕووسیادا جێبەجێ کرا. ئەم ڕێبازە لە حاڵەتی پێویستدا بڕوای بە چاکسازی لە فەلسەفەی مارکسدا هەیە، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا سەبارەت بە لادان و هەڵگەڕانەوە لە مارکسیزم دەمارگرژە.

بنەماکانی لنینیزم بریتین لە:

١ـ گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ هەلومەرجی زۆر جیاوازی ڕووسیادا.

٢ـ پەرەپێدانی مارکسیزم لە سەربنەمای نێودەوڵەتی، هەرچەندە بەپێی خوێندنەوەیەکی یەک لایەنانەش بێ.

٣ـ پەرەپێدانی تیۆری ئەزموونەکانی شۆڕش ١٩١٧ی ڕووسیا (گشتاندنی ئەم تیۆرانە).

لایەنە هاوبەشەکانی مارکسیزم و لنینیزم بریتین لە:

هەوڵدان لە پێناوی وەدیهێنانی بزووتنەوەی کرێکاری، دژایەتیکردن لەگەڵ سەرمایەداری وزاڵبوون بەسەر ئەم سیستەمەدا لە ڕێگای وەرێخستنی شۆڕش، وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی. سەبارەت بە حیزب؛ لنین پێیوایە کە:" کرێکاران بەتەنیایی ناتوانن و شیاری سیاسییان هەبێ، چ بگا بەوەی وشیاری مارکسییان هەبێ. هەروەها دەبێ حیزب پێکهاتەنەکی سانترالیستی هەبێ و هەموو ڕۆل و ئەرکەکانی حیزب لە بەردەست ژمارەیەکی زۆر کەم لە شۆڕشگێرە شارەزاو لێهاتووەکان دابن". سەبارەت بە بەئەمپریالیزمیش لنین پێیوایە کە: " سەرمایەداری لە چواردەیەی

www.perawipepwle.com

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەرەبەرە بۆتە سەرمایەداری پاوانخوازانە یان ئەمپریالیستی. ئەم وەرسوورانە لە بواری ئابووریدا ٥ تایبەتمەندی هەیە:

یەکەم ئەوەی کە کێبەرکێی سەربەستانە جێگای خۆی ئەسپاردۆتە مۆنوپۆلەکان. دووهەم ئەوەیە کە سەرمایەی پیشەسازی و بانکی کە هەرکامیان لە سەرمایەداری پێش[قۆناغی] ئەمپریالیزمدا سەربەخۆ بوون، بە شێوەی سەرمایەی ماددی لە یەکتردا دەتوێنەوە. تایبەتمەندی سێهەم ئەوەیە کە هەناردنی شتوومەکەکان بۆ وڵاتە دواکەوتووەکان لە بواری ئابوورییەوە؛ جێگای خۆی ئەسپاردۆتە هەناردەی سەرمایەکان. چوارەم تایبەتمەندی ئەوەیە کە لە قۆناغی پەڕینەوە بۆ ئەمپریالیزم، یەکیەتیەک لە مۆنۆپۆلەکان دێتە ئاراوە کە جیهان لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن. پێنجەم ئەوەیە کە دابەشکردنی جیهان لە لایەن دەسەڵاتە گەورەکانی سەرمایەدارییەوە بە شێوازی کۆلۆنیەکان کۆتایی پێهاتووە.

ئاکام و دەرئەنجامی ئەم شتە ئەوەیە کە ئەگەر دژایەتیەک یان پارادۆکسێک لە شوێنێکی جیهاندا سەرهەڵبدا، لەسەر شوێنەکانی دیکە جیهانیشدا کاریگەری دادەنێ. " لە بواری سیاسییەوە لنین پێیوایەکە: " لە قۆناغی ئەمپریالیستیدا، سەرمایەداری وەکوو خۆرکەیەکی رزیوی لێ دێ ". لە پێوەندی لەگەڵ شەڕیشدا دەڵێ: " لە سەردەمی ئەمپریالیزمدا هێزە ئەمپریالیستەکان لەگەڵ یەکتردا تووشی ناکۆکی دەبن، بۆیە لە نێوانیاندا شەڕ هەڵ دەگیرسێ، جگە لەمە ئەمپریالیزم بە هۆی پەت کردنی نەتەوەکانی دیکە، دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕی رزگایدەری نەتەوەیی. هەروەها ململانێ و ناکۆکیە نێوخۆییە رووڵە زیاد بووەکانیش بە شێوەی حەتمی دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕە نێوخۆییەکان".

بە بڕوای لنین" هەلومەرجی شۆرشگێڕانە" بریتیە لە: " قەیران لە نێو توێژەکانی سەرەوەدا، زۆر بوونی لە رادەبەدەری ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و جەماوەری ژێر دەستەو چوونەسەری خێرای ئامادەیی چینە شۆڕشگێڕەکان بۆ خەبات و تین دانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە". لنین بەردەوام ئاماژە بەوە دەکا کە بۆ سەرهەڵدانی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە ئەم سێ تایبەتمەندییە پێویستن.

سەبارەت بە دیکتاتوری پرۆلتاریاش پێیوایە کە دیکتاتۆری پرۆلتاریا بەگشتی کاکڵەی مارکسیزمە. بەڕای لنین؛ مارکس دیکتاتۆری پرۆلتاریا پەسند دەکا. چوونکە دیکتاتۆری پرۆلتاریا

سیستەمێکی سیاسی- سەربازییە کە پەڕینەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم مسۆگەردەکا. سەبارەت بە "کۆمەڵگای بێ چینی کۆمۆنیستی داهاتوو"ش لە حاڵێکدا کە مارکس و ئەنگێلز بەردەوام لەسەر "هاوکاری بەرهەم هێنە ئازادەکان"، " نەمانی بەرەبەرەی دەوڵەت" و "رزگاری کەسایەتیی مرۆڤ "پێیان دادەگرت، لنین لە نێوان قۆناغی یەکەم واتە سۆسیالیزم و قۆناغی بەرزتر، واتە کۆمۆنیزم جیاوازی دادەنێ و پێیوابوو دەوڵەت دەبێ بەرەبەرە بفەوتێ.

Luftwffe

لۆفت ڤافە / هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا

زاراوەیەکی ئەڵمانیە بە " هێزە ئاسمانیەکانی رایخی سێهەم" دەگوترێ. لۆفت ڤافە، ئامرازی سەرەکیی رایخی سێهەم لە شەرە بەدەست و بردەکانی هیتلەر لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بوو. گەرچی ئەڵمانیا بە پێی رێککەوتننامەی ڤێرسای (١٩١٩) نەیدەتوانی فڕۆکەی سەربازی دروست بکا، بەڵام کۆماری ڤەیمەر لە دەرفەتە چکۆلەکان بۆ راهێنانی فڕۆکەوان لە ئاستێکی بەربڵاودا کەڵکی وەرگرت و بەشێوەی نهێنی خەریکی تاقیکردنەوەی فڕۆکە راوکەرەکان بوو. لۆفت ڤافە کە پاشای بێ هاوتای ئاسمانەکان بوو، رۆڵێکی زۆر کاریگەری لە شەڕە برووسک ئاساکان، بۆمبارانکردنی شوێنەکانی دوژمن و دابەزاندنی هێزی پەرەشووتڤان لە بەرەی دوژمن دا؛ گێڕا.

لۆفت ڤافە لە شەڕی هەڵۆدا، زەبرێکی کاریگەری لە هێزەکانی بەریتانیا وەشاند. بەڵام دەزگاکانی راداری بەریتانیا کاریگەری ئەم فڕۆکانەی پووچەڵ کردەوە و ئەڵمانەکان ناچار چەند ناوچەیەکی شاری لەندەنیان بۆمباران کرد. لەم قۆناغەی شەڕدا بوو کە هێزە ئاسمانیەکانی شانشینی بەریتانیاش شارەکانی ئەڵمانی بۆمباران کرد. لەم کاتە ناسکەدا فەرماندەیی ئەڵمانیا بە هۆکارێکی نادیار بڕیاری راگرتنی کردەوەی هەڵۆی راگەیاند.

لۆفت ڤافە لە بەرەی شەڕی رووسیادا هەم لە بواری رادی فڕۆکە و هەم لە بواری ژمارەی فڕۆکەوان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو. زۆربەی قارەمانەکانی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا وەکوو ئێریش هارتمان بە ٣٥٣ سەرکەوتنەوە، قارەمانی شەڕەکانی بەرەی روسیا بوون. ئەگەرچی لە دوایدا رووسەکان هێزی بەرگری زەمینی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی هێرشە ئاسمانیەکان بەهێز کرد، بەڵام لۆفت ڤافە تاساڵی ١٩٤٥ هەروا تا دوایین رۆژەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمیی جیهانی بە

گروتین بوو. ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا وەکوو هێزی زەمینی رکابەریکی وەکوو هێزەکانی S.S یان لەبەردەم دا نەبوو بێ.

لۆمپەن پرۆڵتاریا Lumpen Proletariat

زاراوەیەکی ئەڵمانیە بە واتای کرێکاری چڵکنە. بەڵام کارڵ مارکس بە "خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەوار" دەڵێ لۆمپەن پرۆڵتاریا. لە ئەدەبی مارکسیدا، لۆمپەن پرۆڵتاریا بەگشتی بەو توێژە بێزارانە دەگوترێ کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و بەزۆری لە شارەکاندا دەژین، ئەمانە تووشی دارمان بوون و سەر بە هیچ چینێکی کۆمەڵگا نین. لە رەوتی ئاسایی ژیان دوور کەوتنەوە،کارێکی تایبەتی و بەکەڵکیان نیە و لە هەلومەرجێکی زۆر نالەباردا دەژین و خەرێکی زۆر کاری نەشیاو و نامرۆڤانە دەبن. دزەکان، بەرەڵاکان، چەقۆوەشێنەکان، لە شفرۆشەکان و تاوانبارانی تاوانە چکۆلەکان بە لۆمپەن پرۆڵتاریا دەژمێردرێن.

مێریتۆکراسی MeritoCracy

مایکڵ یانگ.ئەم زاراوەی داهێناوە (لەکتێبی سەبارەت بە مێریتۆکراسی ١٩٠٨) بە حکومەتی ئەو.کەسانە دەگوترێ کە بۆ بەرێوەبردن و راپەراندنی حکومەت لێهاتوو و لێوەشاوەن. [بەگشتی بە ئەسپاردنی ئەرک بەو کەسانە دەگوترێ کە لێهاتوو و شارەزا بن و بتوانن ئەرکەکان بەرێوە ببەن(شایستەسالاری)].

لیبرالیزم Liberalism

لە سەرچاوی لاتینیی Liber بە واتای ئازادی وەرگیراوە. لە قامووسی سیاسییدا تیۆرێکە کە داکۆکی لە پارستنی ئازادی لە بەرامبەر هەردامودەزگایەک دادەکا، کە هەرەشە لە ئازادی مرۆڤ دەکەن. لیبرالیزم لە بواری ئابووریدا، بە واتای بەرەنگاریکردن لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی ئابووری کۆمەڵگا لە لایەن دەوڵەت و بەرەنگاریکردن لەگەڵ هەرجۆرە پاوانکردن و دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە کەرتی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سامان دایە.

زاراوەیەکی دیکە هەرلەم پێوەندییەدا؛ لیبرالیزمی ئایینیە کە واتای بڕوا هەبوون بە مافی هەر کەسێک، لە هەڵبژاردنی خواپەرستن یان خوانەپەرستن دایە.

لیبرالیزم لە لایەکەوە بەرەوتێکی سیاسی بۆرژوایی دەگوترێ کە لە سەردەمی پێشکەوتووبوونی بورژوازیدا ، واتە ئەو کاتەی کە سەرمایەداری پیشەسازی لە دژی ئاریستۆکراتی دەرەبەگایەتییدا شەڕی دەکرد و بەتەمای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بوو، سەری هەڵداو گەشەی کرد. لیبراڵەکان لەو سەردەمەدا نوێنەری بەرژەوەندی ولایەنگری چینێکی لە حاڵی گەشەکردن و بەهێز بوون. داوای رزگاربوون لە کۆت و بەندە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتیان دەکرد، دەیانەویست دەسەڵاتی رەهای پاشایەتیی بەرتەسک بکرێتەوە ، کەسە لیبراڵەکان بچنە ناو پەرلەمانەوە و مافی دەنگدانی سەربەستانە و مافەسیاسییەکانی دیکە بە پێی چوارچێوەی ئەو سەردەمەو و بە واتا بۆرژواییەکەی بەرەسمیی بناسرێن. لە قامووسی مارکسیزمدا واتای سیاسی لیبراڵیزم بە شێوازێکی بەمن چیەو دوورەپەرێزانەای ناو حیزبی چینی کرێکار سەبارەت بە دوژمنی چینایەتیی دەگوترێ. لەم واتایەدا لیبرالیزم یانی: پێکهاتنی ناعەقڵانی بە زیانی بنەماکانی بیروڕای مارکسیزم ــ لنینیزم، هەڵوێستی نابەجێ لە بەرامبەر هەڵەکان و پشتگوێ خستنی بنەماکان لەبەر هۆکاری روون و تایبەتی. لیبراڵیزم بەم واتایە لە دیاردەکانی ئۆپۆرتۆرتینیزم و تاکایەتیە (Individualism).

نیۆ ـ لیبرالیزم *Neo – Liberalism*

نیۆلیبراڵیزم کۆمەڵێک بیروبۆچوونی نوێ لە بیری سیاسی و ئابووریی رۆژئاوادایە کە لە بنەڕەتدا لە بەرامبەر سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی رۆژئاوا و لە دوای قەیرانی قووڵی نێوان دووشەڕی گەورەی جیهانی (یەکەم و دووهەم) و بەتایبەتیی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە هاتۆتە ئاراوە. نیۆلیبراڵیزم بواری هزری بۆ سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی هێندێک لە وڵاتانی رۆژئاوای لە دژی پێکهاتەی دەوڵەتیی خۆشگووزەرانی و دەستێوردانەکانی دەوڵەت لە ئابووری و سۆسیالیزمی حیزب کرێکارییەکان و بۆچوونی کیتری لە سەرمایەداری رۆژئاوادا خۆش کردووە. ئەگەرچی لیبراڵیزم لە بواری هزرو بیروبۆچوونەوە دەچێتە ناوخانەی بزووتنەی هزری لیبراڵیزمی کلاسیکەوە، بەڵام لە هێندێک لایەن و بواردا، هزروبیرێکی هاوچەرخ و سەربەخۆیە کەبەرهەمی

هەلومەرجی ئابووری و سیاسی رۆژئاوای پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەزموونی دەوڵەتی خۆشگووزەرانی وەکوو دژکردەوەیەک سەبارەت بە قەیرانی سەرمایەدارییە.

نیۆلیبرالیزم لە گۆرەپانی بیری سیاسیدا هێرشی کردۆتە سەر پەرەگرتنی دەزگای حکومەتی و هێندێک لە ویستە یۆتۆپیاییەکانی لیبرالیزمی کلاسیکی سەبارەت بە بەرتەسک کردنەوەی هەوڵەکانی دەوڵەت زیندوو کردۆتەوە. تیۆری ئابووری نیۆلیبرالیزم تێکەڵاوێکە لە تیۆریی دراو و تیۆری نیۆ کلاسیک. ئەوانەی بڕوایان بەم تیۆرە هەیە، پێیانوایە دەبێ رێژەی نرخی دەوڵەت و Government Expenditure و Volume Of Moneyکەم بێتەوە، بۆ ئەوەی رادەی هەڵاوسان کەم بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی بێکاریش. لە روانگەی ئەمانەوە هەڵاوسان، دوژمنی سەرەکیە.

بیروبۆچوونە نیۆلیبراڵیەکان لە رۆژئاوادا هێرشیان کردۆتە سەر دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و کۆمەڵگادا و لەگەڵ ئەوەی کە لە سەر هێندێک لە لایەنەکانی لیبرالیزمی کلاسیک پێداگری دەکەن، بیری نوێشیان سەبارەت بە گۆڕینی رێکخراوی دەوڵەت ئاراستە کردووە. نیۆلیبراڵیەکان لەسەر ئازادی تاکەکەسی، کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت تا ئەوپەڕی خۆی و تەنانەت پێداچوونە لە رۆڵ و ئەرکەکانی حکوومەتیشدا پێدا گری دەکەن. بە بڕوای ئەوان کەرتی گشتی لە بنەڕەتدا کەرتێکی تایبەتیە و خێرو قازانجی گشتی لە بەرچاو ناگرێ. لە ناو بیرۆکراتی دەوڵەتیشدا وەکوو بازاڕ، کەسەکان بەدوای قازانج و بەرژەوەندی خۆیانەوەن. لە پاش شەڕی دووهەمیی جیهانی و بە دەسپێکردنی سەردەمی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا و خۆماڵیکردنی ئابووری، ئەو گریمانە هاتە ئاراوە کە بەرپرسانی کەرتی دەوڵەتی (گشتی) گۆڕاون و خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکەن. بەڵام بەپێی ئەم گریمانە، بورۆکراتی لە بەرامبەر سەرمایەداریدا رادەوەستا. بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، داوای چوونەسەری ئاستی Public Expenditureدەکەن. سەرجەم، دەوڵەت کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتیەو هیچی دیکە. ئەگەربیرۆکراتەکانیش بە جوانی بجووڵێنەوە، پاڵنەری تایبەتیی تاکەکەسیان هەیە و بەدوای زۆرترکردنی ئیمتیازە تایبەتیەکانی خۆیانەوەن، بەبڕوای نیۆلیبراڵەکان؛ کەرتی تایبەتیی خەرجێکی زیاتر لە کەرتی تایبەتی کە لەسەر بنەمای رکابەری راوەستاوە، دەخاتە سەرشانی حکومەت و لە هەمان کاتیشدا، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی چۆنیەتی شتوومەک و

www.perawipepwle.com

کەرەسە بەرهەم هاتووەکان. بۆیە ئەوان لایەنگری لە تایبەتی کردنی کەرتی دەوڵەتی (گشتی) یان لانیکەم لایەنگری لە کێبەرکێ لە کەرتی دەوڵەتیدادەکەن.

ئەگەر بازاڕ لە هێندێک بواردا وەلامدەرنیە، پێویست بەوە ناکا دەوڵەت جێگەی بازاڕ بگرێتەوە، رەنگە دەوڵەت بۆ خۆشی کەم و کووڕی هەبێ کە ئابووریناسەکانی لایەنگری دەلەتی خوشگوزەرانی بایەخیان پێ نەداوە. بە بڕوای زۆربەی نیۆلیبراڵەکان لانیکەم دەبێ چوارچێوەی دەستێوەردانی دەوڵەت دیاری بکرێ و بەتایبەتیی دەبێ هەوڵێکی وا بدرێ کەرەوتی کەمیی بوودجە قەرەبوو بکرێتەوە و یاسای بوودجەی هاوسەنگ دابمەزرێ. کاتێک کە دەوڵەت دەست لە بوارەکانی دابەشکردنی سامان و دیاریکردنی بەرنامە ئابوورییەکان وەردەدا، گرووپە تایبەتیەکان دەسەڵاتی خۆیان لە دەست نادەن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن کە دەوڵەت کۆنترۆڵ بکەن. لە ماوەی دەیەی هەشتادا بیروبۆچوونە نیو-لیبراڵیەکان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هێندێک لە وڵاتانی رۆژئاوادا کاریگەریان هەبوو.

لیتێل بۆی / کوڕە چکۆڵەکە — *Littele Boy*

ناوی رەمزیی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمیی ئەمەریکایە کە لە رێکەوتی ٦ ئابی ١٩٤٥، فڕێ درایە ناوشاری هیرۆشیما لە ژاپۆن. بە هۆی تەقینەوەی ئەم بۆمبە ٧٨/٠٠٠ کەس کوژران و ٩٠/٠٠٠ کەسی یکەش بریندار بوون.

لیدێر — *Leader*

لیدێر لە سەرچاوەی Leadی ئینگلیزی وەرگیراوە و ئاماژە بە رێبەرو رێنوێنیکەر دەکا و بە واتای رێبەر، پێشەوا، سەرۆک، فەرماندە، رێنوێن، سەرکردە، سەرپەل و وەستا کەڵکی لێوەرگیراوە. لیدێر بە کەسایەتیەک دەگوترێ کە بە هۆی توانایی و لێهاتوویی و تایبەتیی خۆیەوە پلەی رێبەری و رێنوێنیکەر وەردەگرێ و رۆڵێکی گرنگ، ناسک و هەستیار لە رێنوێنی کردنی شوێنکەوتووانی خۆیدا دەگێڕێ.

لیدێر هەست بەرێکخستنی گشتی و ئاسۆیی گرووپ، تاقم یان کۆمەڵگای ژێردەستی خۆی دەکا و بە تێکەڵاوکردن و لێکدانی شارەزایی و توانایە تیۆری و کردەییەکانی ئەندامانی

شوێنکەوتووی خۆی، هەڵسووکەوتێکی نوێ دێنێتە ئاراوە و پێکهاتەیەکی هاوسەنگ لە ئاڵو گۆڕی بیروڕاکان لە پێناو ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی دا پێک دێنێ. لە چوار قۆناغ دا بڕیاردەدا:

١ـ گەلاڵە دارشتن ٢ـ ڕێکخستن

٣ـ ڕێبەرایەتی ٤ـ چاوەدێریکردن

هەرچەندە کە ڕێگاکانی ئەنجام دانی کارێک زیاتر بن، بڕیاردان ئەستەمتر دەبێ. بڕیاردانی بەردەوام و شێلگیرانە، کەڵک وەرگرتنی بە جێ لە ئەندامەکان، سەپاندنی هێزی خێرخوازانە لە کاتە پێویستەکان دا لە تایبەتمەندیکانی لیدێرن.

ژـ فرانسوا سیمۆن (١٨٩٦ـ ١٨١٤) ناسراو بە ژۆل، (وەزیری پەروەردەی گشتی بەرگری نیشتمانیی و پاشانیش سەرۆکی حکومەتی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٧٦دا)، شارەزای بواری بەڕێوەبەری و کارگێری، لیدێر بە هاوواتای بەڕێوەبەر (کارگێڕ) دادەنێ و بۆ هەردووکیان، بڕیاردان، دیاریکردنی ڕێگاکانی جێبەجێکردن و هەڵبژاردنی ڕێگا باشترەکان بە پێویست دەزانی.

لایەنگرانی لیدێر دەبێ لە بواری هەست و سۆزیشەوە دان بە لیدێردا بنێن. لیدێر یان ڕێبەر بە دڵ ئاوەڵاییەوە دەڕوانێتە هەڵسەنگاندن و بیروڕای ئەندامەکانی. لە ڕابردوودا هێزی جەستەیی، توانایی ڕاکێشانی خەڵک، زیرەکیی و نبوێری و نەترسی لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی لیدێر بوون. ئەمڕۆکە تایبەتمەندییەکانی شارەزایی و زانستی، لێهاتوویی کارگێری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەندامان و کەڵک وەرگرتنی بەجێ و شیاو لە تواناییەکان، لەو تایبەتمەندییە کۆنانە، گرنگترن.

لێبوردنی گشتی — *Gfeneral Amnesty*

لێبوردنی گشتی کردەویەکە کە دەوڵەت لە کاتی بەخشێنی هەموو تاوانبارە سیاسی یان گشتییەکاندا بەڕێوەی دەبا. لەم حاڵەتەدا سزا دیاریکراوەکان بۆ ئەم کەسانەی کە ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە، هەڵدەوەشێنەوە و، ئەوکەسانەی کە لە بەندیخانە دان، ئازاد دەکرێن. لێبوردنی گشتی یەکێک لە ڕێگا باوەکان بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانەوە، زیاتر لە دوای گۆڕانی ڕژێم، لەلایەن پاشا یان سەرۆک کۆماری دەردەچێ. لێبوردنی گشتی ڕەنگە سەرهەڵداوان و تیرۆریستەکان یان باج و کاروباری دارایی بگرێتەوە.

م

م

The Right Of Self – Defence
مافی بەرگریی ڕەوا

مافی بەرگریی ڕەوا، مافێکە کە تاکەکەس بەپێی ئەو مافە دەتوانێ بەرگری لە خۆیی و ئەندامانی خیزانەکەی و لە هێندێک بواریشدا لە سامانەکەی خۆی بکا، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا بشکوژرێ. بەرگری، دەبێ لە بەرامبەر کردەویەکی ئەوتۆدا بکرێ کە ئەگەر ئەم کردەوە بە ئاکام بگا، تاوانێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە؛ دیارە دەبێ پێشتر بیر لە هەموو ڕێگاچارە عەقلانیەکان بۆ پێشگیریکردن لە کوژران کرابێتەوە. قاموسی یاسایی بلاک Black، بەم شێوە باس لە مافی بەرگریی ڕەوا دەکا: " بەرگری لە خۆت و لە سامانی خۆت لە بەرامبەر زەبرێک کە لە لایەن کەسێکی ترەوە پێت دەکەوێ. ئەم مۆڵەت پێدانە، کەڵک وەرگرتن لەزۆر بەمەبەستی بەرگریکردن لە بەرامبەر هێرش، کوشتن، ولاّمدانەوەی زۆر بە زۆر – تەنانەت ئەگەر کوشتنی بەدواوەبێ– لە خۆ، سامان و شوێنی نیشتەجێ بوون یان یەکێک لە ئەندامانی خێزان دادەنرێ".

لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا" مافی بەرگریی ڕەوا بە مافێک دەژمێردرێ کە دەوڵەتەکان بەپێی ئەم مافە دەتوانن لە بەرامبەر هێرشی چەکدارانەدا بەرگری لە خۆیان و لەو ولاّتانەش بکەن کە پێوەندی سیاسی و ئاسایشیان لە گەڵیاندا هەیە.

بەپێی ڕای زانایانی یاسای سروشتی، مافی بەرگریی ڕەوا نێوەڕۆکێکی بەتەواوەتی سروشتیانەی هەیە. بە ڕای گرۆسیۆس، سروشت، بەرگریی هەرکەسێکی بە خوودی خۆی

سپاردووه. هەروەها سووئاریز مافی بەرگریی رەوا بە دەرەنجامی غەریزەی پاراستنی گیان ومان دەزانێ. ئەگەرچی مافی بەرگریی رەوا سەرچاوەیەکی سروشتی هەیە، بەڵام عورفی نەتەوەکانیش بەڕەسمی ناسیوەو، بەپێی تێپەربوونی کات سەبارەت بە سنوور و چوارچێوەکەی چەندین رێوشوێنی دارشتووه.

مافی بەرگریی رەوا جۆرێک لە رەوایی بە ئازادیی کردەوەی دەوڵەتان دەبەخشێ؛ واتە کردەوەیەک کە نایاسایی بێ، ئەگەر بۆ بەرگری لە مافی تایبەتیی پێویست ئەنجام درابێ ــ لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ــ بەڕەوا دەژمێردرێ؛ هەروەها، بەپێی رێوشوێنی یاسا نێونەتەوەییە عورفیەکان، بۆ بەرگری لەهەر مافێک، رێگا بە کەڵک وەرگرتن لە مافی بەرگریی ڕەوا نادرێ، بەڵکوو تەنیا لەو کاتەدا کە پێوەندی بە ئاسایشی دەوڵەتەکانەوە هەبێ، پەنابردن بۆ ئەم مافە بە رەوا دادەنرێ.

مافەکانی وەک بەرگریی رەوا بریتین لە:

١ ــ خوود هاوکاری(Self –help)

٢ ــ مافی پاراستنی کیان (self –preservation)

٣ ــ پێویستی یان ناچاری (Necessity and force majeure)

کەڵک وەرگرتن لە مافی خوودهاوکاری (بەمەبەستی نەهێشتنی کێشە نێونەتەوەییەکان) هەتا ئەو جێگایەی کە لە هێز کەڵک وەرنەگیردرێ، و لەگەڵ شێوازە ئاشتیخوازانەکاندا یەک بگرێتەوە، بەپێی رێوشوێنەکان، هیچ گرفتێک نیە.

مافی پاراستنی کیان : بەپێی ئەو پێناسەی کە مامۆستایانی یاسا نێونەتەوەییەکان لە مافی پاراستنی کیان کردوویانە، ئەو مافە لەگەڵ تیۆری پێویستی (Necessity)دا واتایەکی وەک یەکیان هەیەو، لە بواری نێوەرۆک و سرشتەوە جۆرێک لە ئازادیی رەهایە کە رێگا بە دەوڵەتەکان دەدا تاکوو بە پێچەوانەی رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان بجوولێنەوە و، بەم شێوە مافی وڵاتانی دیکە پێشێل بکەن؛ بەڵام بەو مەرجە کە ئەو کارە بۆ پاراستنی کیانی ئەو دەوڵەتەی کە لەو مافە کەڵک وەردەگرێ، پێویست بێ. هەربۆیە بەپێی ئەو شیکردنەوەی کە لە مافی پاراستنی کیان دەکرێ، دەوڵەتەکان بە پشت بەستن بەو مافە دەتوانن بۆ پاراستنی خۆیان کەڵک لە هێز وەرگرن. هەروەها

www.perawipepwle.com

دەوڵەتەکان بۆ نەهێشتنی خەسارێکی چاوەڕواننەکراو کە ڕەنگە زەربە لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بدا، دەتوانن بە پشت بەستن بە مافی پاراستنی کیان، هەموو ڕێوشوێنەکانی یاسا نێونەتەوەییەکان پێشێل بکەن و، بەم شێوە مافی دەوڵەتانی تر و بۆوێنە دەوڵەتە بێ تاوانەکان ـ تەنانەت ئەگەر مەترسیی هێرشێکی نایاسایی یان مەترسیی هێرشێکی چاوەڕواننەکراویش لە ئارادا نەبێ ـ پێشێل بکەن.

دەبێ سەرچاوەی مافی پاراستنی کیان لە تیۆرەکانی ماکیاڤێلیدا بدۆزینەوە. بە بڕوای ماکیاڤێلی شەڕێک بە ڕەوا دادەنرێ کە بۆ وڵات پێویست بێ.

هەربۆیە مافی پاراستنی کیان لە بواری کارەکانەوە بەرفراوانتر لە چوارچێوەی کاری مافی بەرگریی ڕەوا و تەنانەت مافی خوود هاوکارییەو؛ نەک تەنیا لە ڕوانگەی ڕێوشوێنەکانی جاڕنامەوە پەسند نیە، بەڵکوو یاسا نێونەتەوەییە گشتیەکانیش داکۆکی لێ ناکەن.

زانایانی یاسا نێونەتەوەییەکان گوتوویانە و پێیانوایە کە مافی پاراستنی کیان، تێکدەری هەرجۆرە نەزمێکی یاساییەو، لەگەڵ ئەوەی کە لەرابردوودا زۆرجار وەک چەکێک کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ناکرێ بەکارێکی پەسند سەیر بکرێ.

"پێویستی یان ناچاری " لەگەڵ مافی پاراستنی کیاندا هاوواتان، دەبێ سەرچاوەکەیان لە تیۆرەکانی ماکیاڤێلیدا بدۆزرێتەوە. بە بڕوای ماکیاڤێلی کاتێک ئاسایشی وڵاتێک دەکەوێتە مەترسیەوە، دەبێ هەموو تێبینیەکانی تر وەلابنرێن و، دەبێ کارێک بکرێ و بڕیارێک بدرێ کە سەربەخۆیی وڵات بپارێزێ.

پێویستی یان ناچاری لەگەڵ مافی بەرگریی ڕەوادا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. چوونکە پێویستی بە پێچەوانەی مافی بەرگریی ڕەوا کە لە بەرامبەر هێرشی چەکدارانەدا گرنگی هەیە، هەکاتێک کە پاراستنی ئاسایشی وڵات بخوازێ، پەنای بۆ دەبرێ. جیاوازی پێویستی و مافی پاراستنی کیان لەوەدایە کە لە پێویستیدا پەنابردن بۆ هێز و هەڕەشەی کەڵک وەرگرتن لە هێز، وەک حاڵەتێکی ناچاری هەست پێ دەکرێ، هەر بۆیە لە هێندێک بواردا لەلایەن هێندێک زاناوە ئەم مافە بەڕەوا زانراوە. بۆ وێنە باڤۆت کەڵک وەرگرتن لەم مافە کاتێک بەڕەوا دەزانێ کە دەوڵەتێک لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتێکی تردا، لە مافی بەرگریی ڕەوا کەڵک وەردەگرێ و، لە کەڵک وەرگرتن لە مافی بەرگریی ڕەوادا، ناچار دەبێ مافی دەوڵەتی سێهەم کە لەو ڕووداوەدا، بێ تاوان بووە، پێشێل

بکا. بەو مەرجە کە ئەو زەربەی کە لەو حاڵەتەدا بەر دەوڵەتی سێهەم دەکەوێ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو زەربەی کەهەڕەشە لە دەوڵەتی بەکارهێنەری مافی بەرگریی دەکرد، کەمتر بێ.

بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە قەیرانی مووشەکیی کوبادا بەپێی گریمانەی پێویستی، بەڕێوە چوون. لە بارەی کردەوەکانی دەوڵەتی ناوبراو لە کاتی قەیرانی موشەکیی کوبادا، راگەیەنرا کە ئەگەر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جموجۆڵەکانی سۆڤیەتدا، ئەم کارانە نەکرابایە، زەربە لە ئازادیی ئەمەریکا ــ کە یەکسانە بەسەربەخۆیی ئەو وڵاتەــ دەدرا. بەپێی ئەم پاساوە، ئەمەریکا ناچار بووە بۆ وەدەرنانی موشەکان، هەڕەشە بکا کە لە هێز و زۆر کەڵک وەردەگرێ.

بە سەرنجدان بەوەی کە هەڕەشەو پەنابردن بۆ هێز لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا جگە لەکاتی بەرگریی رەوادا نەبێ لە، لایەن جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە قەدەغە کراوە، هەربۆیە پێویستی وفۆڕس ماژۆر بەهەر شێوەیەک بێ، لەگەڵ رێوشوێنەکانی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا یەک ناگرێتەوە. بە هۆی ئەوی کە هەڕەشەی ویلایەتەیەکگرتووەکان سەبارەت بە قەیرانی موشەکیی کوبا مەترسیی کەوتنەوەی شەڕێکی گەورەی پێکهێنا کە لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە پێشگرتن بە هەڵایسانی شەڕە، یەک ناگرێتەوە.

مەگەر ئەوەی کە بگوترێ کە کارەکەی سۆڤیەت و سەقامگیرکردنی چەندین موشەک لەکوبادا سەرەتا و دەسپێکی هێرشێکی چەکدارانە بە دژی ئەمەریکا بووە و، ئەم وڵاتە بەمەبەستی پێشگیری و بۆ بەرگریکردن لە هێرشێکی لەم چەشنە، ئەم هەڕەشەی کردووە. بەڵام ئەوەش لە حاڵێکدایە کە گوتراوە سەقامگیرکردنی موشەکەکانی سۆڤیەت لە کوبا لایەنی هێرشکارانەی نەبووە. (ناکرێ ئەمەش پاساوێکی گونجاوبێ.و.).

مافی سیاسی — Political Rights

مافی سیاسی بەمافێک دەگوترێ کە لە یاسا گشتیە نێوخۆییەکاندا، تایبەت بە هاووڵاتیانی وڵاتێکە، بۆ ئەوەی ئەم مافە بە کەسێک ببرێ،دەبێ ئەوکەسە مافی هاووڵاتیی ئەو وڵاتەی هەبێ. بەم پێیە، خەڵکی دەرەکی لەم مافە بێ بەشن، تاکوو نەتوانن دەست لە کاروباری نێوخۆیی وسیاسیی وڵاتێک وەربدەن یان نفووزێک پەیدا بکەن. تەنانەت هێندێک کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە کەڵک

وەرگرتنی خەڵکی بیانی لەو مافانە، بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان دەژمێردرێ. چوونکە ڕەنگە لە هێندێک بواردا بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئەو کەسە لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە پێی ئەسپێردراوە، لە وڵاتی دووهەمدا لە دژایەتی دابێ. هەربۆیە بۆ پاراستنی ڕێزی یاسا نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتەکان دەبێ بەر بەهاتنەپێشی ئەمجۆرە حاڵەتانە بگرن.

میلیتاریزم ***Militarism***بیروبۆچوونێکە

کە پێیوایە شەڕو ئامادە بوون بۆ شەڕ، گرنگترین ئەرکی زاتی نەتەوەیەک و بەرزترین شێوەی خزمەتگوزاریی گشتییە. میلیتاریزم بە زاڵبوون و کاریگەری هێزە سەربازییەکان بە سەر هەموو کەلێن و قوژبنەکانی وڵاتیشدا دەگوترێ

میلیتاریستەکان خزمەتی سەربازی بە پلەیەکی بەرز دەزانن و، بوێری و ئازایەتیی تاکەکەسی، وەفاداری بە کەسی سەرەوەتر، ڕاهێنانی جەستەیی ودسپلینێکی توندوتۆڵ بە بەرزترین تایبەتمەندییەکانی ئەم بوارە دەژمێرن و، ڕێز لە خزمەت و داب و نەریت و لایەنە باشەکانی سەربازی دەنێن. میلیتاریزم بە واتای چاوەدێرییەکی توند و بەرفراوانی سوپا بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا دێ و، هەروەها میلیتاریزم بەوە دەگوترێ کە هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لە خزمەتی سوپا دابن.

لە قامووسی مارکسیزمدا، ڕۆزا لۆکزامبۆرگ پێیوایە کە میلیتاریزم لە ڕوانگەی چینە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان لە سێ بواری پێوەندی حاشاهەڵنەگر کە دەبێ بێ ئەملاوئەولا جێبەجێ بکرێن، خۆی دەنوێنێ:

"١ـ وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوندیی و ویستی سەرمایەدارانی نێوخۆیی کە لەگەڵ لەگەڵ گرووپە نەتەوەییەکانی وڵاتانی بیانیدا ڕکابەری دەکەن .

٢ـ وەک جۆرێک سەرمایەگوزاریی پێویست و سوودبەخش هەم بۆ سەرمایەی بانکی و هەم بۆ سەرمایەی پیشەسازی.

٣ـوەک ئامرازێک بۆ چینە داگیرکەرە دەسەڵاتدارەکان لە پێناوی سەرکوتی کۆمەڵە زەحمەتکێشەکان لە نێوخۆی وڵات دا."

لنین بەم شێوەیە میلیتاریزم پێناسە دەکا:

" سیاسەتی کۆنەپەرستانەی بەهێزکردنی بناغەی هێزی سەربازی لە لایەن چینی دەسەڵاتداری داگیرکەر، کەبە دوو مەبەست بەڕێوە دەچێ:

١ــ بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنە دژە ئەمپریالیستیەکان و، سەرکوتکردنی زیاتری کۆمەڵانی چەوساوە؛

٢ــ بەمەبەستی بەرگری لە سیستەمی سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدارە نێوخۆییەکان لە ڕێگای سازدانی و ئامادەکردنی شەڕە داگیرکارییەکان.

بەبڕوای ناوبراو هەروەها میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگا بە واتای " چەکدارکردنی بورژوازی بە دژی پرۆلیتاریا"یە.

بە گشتیی میلیتاریزم:

الف: شەڕنگێزی و شەڕخوازییە، کە لەو حاڵەتەدا دەوڵەت بە گرتنەبەری سیاسەتێکی داگیرکارانەی دەرەوە، بوار بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی هاوسێ یان وڵاتانی دوور دەڕەخسێنێ.

ب: چەکدارکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا (ئەڵمانیا لە سەردەمی شەڕەکانی یەکەم ودووهەمی جیهانی)

ج: بەواتای هەژمۆنیی سوپا و ڕێکخراوی دەوڵەت و دەزگاکانی پێوەندیدار بە سوپا، کە لەو حاڵەتەدا هیچ سنوور و جیاوازییەک لە نێوان دەسەڵاتی سەربازی و ڕێکخراو و ئۆرگانە ناسەربازییەکاندا نیە.

د: پێڕەوی لەکەسی سەرەوەتر، دسیپلینێکی توندوتۆڵ ، کەڵک وەرگرتن لە ڕەمزە سەربازییەکانی وەک ئاڵا، میداڵیا، بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی سەربازی و پێکهێنانی ئەنجومەنە نیمچە سەربازییەکان.

هـ: بەبڕوای زینگهاس (Senghas) وا باشترە کە بە جێگای میلیتاریزم کەڵک لە زاراوەی کۆمەڵگەی سەربازی ــ پیشەسازی وەربگیرێ کە بریتیە لە پێوەندییەکی بەردەوام و بەرژەوەندیخوازانە لە نێوان هەڵبژاردەکانی بەشەکانی سیاسەت، ئابووری ، سوپا، زانستەکان و

تەکنەلۆژیا، کە بە هاوکاری و پشتیوانی یەکتر، پێگەی خۆیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە دەوڵەت و کۆمەڵگادا بەردەوام بە هێز و سەقامگرتوو کردووە.

بەرچاوترین نموونەی میلیتاریزم لە مێژوودا، ڕایخی ئەڵمانیایە کە لە ساڵی ١٨٧١دا لە ئەنجامی یەکیەتیی پاشایەتیی پرۆس لەگەڵ وڵاتە ئەڵمانی زمانەکانی تر پێک هات. ئەم میلیتاریزمە بواری بۆ سەرهەڵدانی نازیسمی هیتلەری خۆش کرد.

Strike
مانگرتن

بە دەست لە کارکێشانەوەی کرێکاران، فەرمانبەران و گرووپەکانی تر دەگوترێ کە دەکرێ بەبڵاو و بەرتەسک، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان نادیار بێ و، بەمەبەستی پەک خستنی کاروبارەکان جێبەجێ دەکرێ. مانگرتن یەکێک لە ئامرازەکانی خەبات لە دژی خاوەن کارەکان و سیستەمی دەسەڵاتدارەو و ئامانجیشی گەیشتن بە داخوازییە سیاسی، ئابووری و سینفیەکانە.

Micro Politics
میکرۆپۆلۆتیک

بەشێک لە سیاسەتە کە لە پێوەندی نێوان تاکەکان کە لە سەر بنەمای پێوەندی تاکەسیی راوەستاوە، دەدوێ. ئەم زاراوەیە لە بەرامبەر ماکرۆ پۆلۆتیکدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

Macro Politics
ماکرۆپۆلۆتیک

ماکرۆ پۆلۆتیک سیاسەتێکە کە زیاتر لەسەر لێکۆڵینەوەی ژینگەی دەوروبەر یان ژینگە پێدادەگرێ و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی سووژە یان ئەکتەرێکی تایبەتی نادا. بەم شێوە ماکرۆپۆلۆتیک لەگەڵ سیاسەتی جیهانیش دا کۆمەڵێک شتی هاوبەشی هەیە. بە پێچەوانەی سیاسەتی نێو دەوڵەتیی یان سیاسەتی جیهانیی، ماکرۆپۆلۆتیک زۆر خۆی بەوەوە نابەستێتەوە کە ئایا ئێستاش دەوڵەت گەورەترین ئەکتەری سیتەمی جیهانیە یان نا.

Calvo Clanse
مەرجی کالڤۆ

ئەم چەمکە لە ناوی کالڤۆ (Calvo) یاساناس و سیاسەتوانی ئەرژەنتینی(١٩٠٦-١٨٢٤) وەرگیراوە. لە هێندێک لەو ڕێککەوتننامە و گرێبەستانەی کە لە نێوان وڵاتانی ئەمەریکای

www.perawipepwle.com

ناوەڕاست و باشوور لەگەڵ هاولاتیانی بیانیدا مۆر دەکرێن، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامانە، ئەم وڵاتانە ئیمتیاز بەو هاوولاتیە بیانیانە دەدەن، مەرجێک دەگونجێنن کە بە پێی ئەو مەرجە، ئەگەر هات و کێشەیەک هاتە ئاراوە، ئەو هاولاتیانە لە پشتیوانی سیاسی ولاتەکانی خۆیان، خۆدەبوێرن. بەپێی بنەما گشتیەکانی یاسای نێودەولەتی، مەرجی کالڤۆ هیچ پێگەیەکی یاسایی نیە، چوونکە پشتیوانی سیاسی بە پێی سەلاحیەتی شەخسی وڵاتەو هاولاتیان ئەو مافەیان نیە کە خۆ لەم پشتیوانیە سیاسییە ببوێرن.

مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران

Anglo _ Iranianoil Co.Case

کۆمپانیای بەریتانی بریتیش پیترۆلیۆم بە پێی ڕێککەوتننامەی ۱۹۰۹، ئیمتیازی هەڵێجنان و کەڵک وەرگرتن لە بەشێکی زۆری سەرچاوە نەوتیەکانی ئێرانی وەدەستهێنا. ئەم کۆمپانیایە بۆ ماوەیەکی زۆر، سەرچاوە دەوڵەمەندە ژێرزەوییەکانی ئێرانی هەڵدەهێنجا و لەبەرامبەریشدا شتێکی زۆری کەمی بە ئێران دەدا. جگە لەمە بەرێوەبەرانی کۆمپانیاکە بۆبەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان هەوڵیاندا دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە وەربدەن.

دوای ماوەیەکی زۆر و دوای ئەوەی هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەکات بۆ پاراستنی بەرژەوندییەکانی ئێران بێ ئاکام مایەوە، بە پێی یاسای خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران(۱۷ی ئازاری ۱۹٤۰)، پیشەسازی نەوتی ئێران خۆماڵیکرا و دەوڵەتی ئێران هەربە پێی ئەم یاسایە ناچار کرا کە زیانەکانی خۆماڵیکردنی نەوت بۆ کۆمپانیا بەریتانیەکە قەرە بوو بکاتەوە.

لە دوای ئەم هەوڵە، دەوڵەتی بەریتانیا بۆ پشتیوانی لە کۆمپانیای بریتیش پیترۆلیۆم، سکالانامەیەکی ئاراستەی دیوانی دادی لاهە کرد و وێنەیەکیشی درایە دەوڵەتی ئێران. چوونکە ئێران خۆماڵیکردنی نەوتی بەشێکی نیوخۆیی دادەنا کە پێوەندی بە خوودی دەسەلاتی ئێرانەوە هەیە، و ئێران حاشای لە سەلاحییەتی دیوانی لاهە بۆ بەدەواداچوونی سکالاکەی بەریتانیا کرد ولە نامەیەکدا بۆ دیوانی لاهە، ڕایگەیاند کە ئەم دادگایە ناتوانێ لەمبارەوە هیچ بریارێک بدا.

مەسەلەی دوورگەی ئەبوموسا

ئەبوموسا دوورگەیەکی کەنداوی فارسە وەکوو هێلکەیەک وایە کە.... گەورەکەی ٥ کیلۆمەتر و .....چکۆلەکەشی ٤/٥ کیلۆمەترە. ئەبوموسا لەوپەڕی رۆژئاوای کەوانێک دایە کە دوایین ئاڵقەی زنجیری بەرگری ئێران پێکدێنێ.

بەندەری لەنگە و قەراغەکانی شارجەش ٦٧ کیلۆمەتر لەم دوورگەیە دوورن. ئەبوموسا لە سەر هێڵی ناوەڕاستی کەنداوی فارس بە نیسبەت هەر دوو لێوارەکە هەڵکەوتووە. سەرچاوەکانی ئۆکسیدی سووری ئاسنی ئەم دوورگەیە گرنگن و سەد ساڵ پێش، یەکەمین ئیمتیازی هەڵێجنانی ئەم سەرچاوانە لەلایەن شای ئەوکاتی قاجارەکان، درایە حاجی موعینەلتوجحاری بووشێهری. سەرچاوەی نەوتی موبارەکیش لە بەشی رۆژهەڵاتی دوورگەکەدا هەڵکەوتووە و مافی هەڵێنجانی لە لایەن شارجەوە دراوەتە کۆمپانیایەکی بیانی. بە پێی رێککەوتننامەی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ دەبێ، داهاتی نەوتی ئەم دوورگەیە لە نێوان ئێران و شارجەدا دابەش بکرێ.

بە دوای لاواز بوونی دەسەلاتی سەفەویەکان لە ئێراندا، بشێوی و ئالۆزی ولاتی تەنیەوە، بەلام دوای هاتنە سەردەسەلاتی نادرشای ئەفشار و پەرەگرتنی دەسەلاتەکەی، ولات ئارام بۆوە و جارێکی تر دوورگەکان و لێوارەکانی باکوورو باشووری کەنداوی فارس گەڕانەوە ژێر دەسەلاتی ئێران. لە دوای کۆشتنی نادرشای ئەفشار، جارێکی تر بشێوی و ئالۆزی ئێرانی تەنیەوە و میرنشینەکان لەم دەرفەتە کەلکیان وەرگرت. یەکێک لەم کەسانە مەلاعەلی شابوو کە توانی وەکوو دەسەلاتداری هورمۆز، ئالای خوودموختاری هەڵبدا و لە ساڵی ١٧٤٧دا باجی بە حکوومەتی ناوەندی نەدا، ئەو لە رێگەی ژن و ژنخوازیەوە لە شێخەکانی قاسمی لە رەئسولخەیمە(جلفار) نزیک بۆوە. لە ساڵی ١٨٨٤دا، دەوڵەتی ئێران دابەشبوونێکی نوێی جوگرافی لە ولاتدا کرد. بە پێی ئەو دابەشبوونە، ولات بەسەر ٢٧ پارێزگادا دابەش ببوو.بیست و شەشەمین پارێزگا یان ویلایەت،لێوارەکان و دوورگەکانی کەنداوی فارسیان دەگرتەوە. لەم ساڵەدا، شێخ یووسفەلقاسمی بەدەستی قوزەیب بن راشید کوژرا کە بۆ ماوەی شەش ساڵ بەسەر بەندەری لەنگەدا حوکمرانی دەکرد. شێخ قووزەیب بەبێ ئاگاداری حکومەتی ئێران، حکوومەتی قاسمیەکانی بەندەری لەنگەی کردە هیی خۆی و ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئێران کۆتایی بە خودموختاری قاسمیەکان لە بەندەری لەنگەدا بێنێ.

دەوڵەتی ئێران بڕیاریدا بە کۆتاییهێنان بە خۆدموختاری قاسمیەکان، بەندەری لەنگەو شوێنەکانی سەر بەم بەندەرەش، بێجگە لە بەندەرەکانی کەنداوی فارس.

گرنگترین ڕووداوەکان تاساڵی ۱۹۷۱

۱ـ لە ساڵی ۱۸۸۷ دا شێخ قوزەیب بە تاوانی کوشتنی شێخ.یووسف دەستبەسەر کرا وزیندانی کرا و لە تاراندا مرد، بەم شێوە کۆتایی بە خودموختاری قاسمیەکان لە بەندەری لەنگەدا هات.

۲ـ لە ساڵی ۱۹۰۲دا، بەریتانیا دورگەکانی سیری، تونب و ئەبوموسای دایە قاسمیەکانی شارجە. ئەم شێخانە لە ڕاپەرینە نێوخۆییەکانی ئێران کەڵکیان وەرگرت و ئاڵای خۆیان لە دورگەکانی تونبی چکۆلەو گەورەو ئەبوموسادا هەڵدا.

۳ـ لە ساڵی ۱۹۰٤ دا میسیۆودامبرین، سەرۆکی گومرکی ئێران بڕیاریدا، ئاڵای شارجە لەو دورگانە بێتە خوار و ئاڵای ئێران هەڵبدرێ. ئەمە بوو بە هۆی تووڕەیی شێخی قاسمی و بەهەڕەشەی بەریتانیا، دەوڵەتی ئێران ناچار کرا ئاڵای خۆیان بێنێتە خوار و بڕیاری گەڕانەوەی بەڕێوەبەرە ئێرانیەکانی گومرک بدا. لەم ماوەدا، بەریتانیا بەرەسمی ئەم دوو دورگەی دایە شارجەو ڕەئسولخەیمە.

٤ـ لە شوباتی ۱۹۳۵دا، چەند یەکەی هێزی دەریایی ئێران لە دورگەی تونب، دابەزین.

٥ـ لە ساڵی ۱۹۳۰ دا ئێرانیەکان سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای بەریتانیا لە دوورگەکانی تونب و ئەبوموسا نارەزایەتیان دەڕبری، بەریتانیەکان لەگەڵ ئەوەدا کە حاشایان لەم مەسەلە کرد، بەڵێنیشیاندا تا دیاریکردنی مافی دەسەڵاتدارەتیی ئەم دوورگانە؛ نەهێڵن هیچ ئاڵایەک لەم دوورگانەدا هەڵبدرێ.

٦ـ لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤۸دا، ئێران داوای گەڕانەوەی بەڕێوەبەریەکی لە تونبی گەورە و ئەبومووسادا کرد.

۷ـ لە ساڵی ۱۹٥۳ و لە کاتی سەرۆک وەزیری موسەددیق دا، دەنگۆی ئەوە بڵاو بووە کە وەفدێکی ئێرانی خەریکی خۆئامادە کردنن کە بچنە دوورگەی ئەبومووسا.

بلاوبوونەوەی ئەم دەنگۆیانە بوو بە هۆی هەڵستانی فرۆکە پشکێنەرەکانی پاشایەتی بەریتانیا.

٨_ لە ٨ی ئایاری ١٩٦١دا کۆپتەرێکی ئێرانی لە دوڕگەی تونبی گەورەدا نیشتەوە. هاتو چۆی زۆری [ئێرانیەکان] بووە هۆی نارەزایەتیی بەریتانیەکان و رۆژی ٥ ی ئەیلوولی ١٩٦١، باڵوێزخانەی بەریتانیا نووسراوەیەکی دایە وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە بەریتانیا لەو نووسراوەدا بە نوێنەرایەتی لە شێخی رەئسولخەیمە، سەبارەت بە هەوڵەکانی ئێران نارەزایەتی دەربڕیبوو. رۆژی ٢١ی ئەیلوول، دەوڵەتی ئێران بەم شێوە وەڵامی نووسراوەکەی بەریتانیای دایەوە:

" دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران هیچ کاتێک دانی بەوەدانەهێناوە کە دووڕگەی تونب بەشێک لە رەئسولخەیمەیە یان ئەوەی حکوومەتێکی دیکە مافی دەسەڵاتدارەتیی بە سەر ئەم دوڕگەدا هەبێ. هەروەکوو چەندجار بەرەسمیی راگەیەنراوە کە دەوڵەتی پاشایەتی ئێران، دووڕگەی تونب بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ، کە مافی دەسەڵاتدارەتیی بەسەر ئەو شوێنەدا هەیە. دەسەڵاتدارەیتی ئێران بەسەر دووڕگەی تونب بە پێی بنەمای یاسا نێودەوڵەتیەکانە و دەوڵەتی ئێران هیچ کاتێک وازی لە مافی خۆی نەهێناوە".

٩_ بە دوای مەسەلەی بەحرەین لە ساڵی ١٩٦٠دا، دەنگۆیەکی دیکە بڵاوبووە کە گوایە ئێران وازی لە داواکارییەکانی خۆی لە بەحرەیندا هێناوە، چونکە لە گەرووی هورمز و دووڕگەکانی زارکی کەنداوی فارسدا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ.

١٠_ لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩١٧ دا، شارجە گەیشتن بەرێککەوتنێکی لەگەڵ ئێراندا بەم شێوە راگەیاند:

دەقی رێککەوتننامەی ئێران و میرنیشینی شارجە:

سەرەتا : نە ئێران و نە شارجەش واز لە داواکاری خۆیان لە سەر ئەبوموسا ناهێنن.

الف_ هێزەکانی ئێران بە پێی نەخشە لە ئەبوموسادا دادەبەزن و بەشێکی داگیردەکەن .

ب‌ـ ئێران لەو بەشەی کە داگیری کردووە، هەموو مافێکی هەیە و ئاڵاکەی لەم بەشەدا هەڵدەدرێ.

ج‌ـ میرنیشینی شارجەش لە بەشەکەی دیکەدا خاوەن ماف دەبێ و ئاڵاکەش لە سەربنکەی پۆلیس هەڵدەدرێ.

دـ دوولایەن لە سەر دیاریکردنی بەشە ئاویش بە رادەی ١٢ میلی دەریایی بۆهەر لایەنێک رێککەوتوون.

هـ‌ـ کۆمپانیای " بۆتس گێس ئەند ئۆیل" بە پێی رێککەوتننامە، نەوتی ئەبوموسا هەڵدێنجێ. ئەم کۆمپانیایە نیوەی داهاتەکە دەداتە ئێران و نیوەکەی تریش دەداتە شارجە.

وـ رێککەوتنێکی ئابووری لە نێوان ئێران و شارجەدا گرێ دەدرێ. جێگەی باسە ئەم رێککەوتننامە نهێنی بوو و، بەریتانیا گەرەنتی دەکرد.

١١ـ لە ٣٠ تشرینی دووهەمی ١٩٧١دا، هێزەکانی ئێران لە دوورگەکانی تونبی چکۆلە، تونبی گەورەو ئەبوموسا دابەزین.

ماویزم *Maoism*

بە بیروبۆچوون و تیۆرە سیاسییەکان ماوتسێ دۆنگ دامەزرێنەر و رێبەری پێشووی چین دەگوترێ. ماویزم کە لە چیندا بەرەسمیی " مارکسیزم ـ لێنینیزمی بیرۆکەکانی ماو "ی پێ دەڵێن، مارکسیزم ـــ لێنینیزم لەگەڵ نەریتەکانی چیندا، پێکەوە گرێ دەدا. ماویزم هەڵگری بیری گشتاندنی ئایدۆلۆژیای ئەزموونەکانی شۆڕشی چین و هەروەها کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی سیاسی بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ئەو وڵاتە لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشە. بە بڕوای ماو ئەرکی سەرەکیی شۆڕشی چین ئەوە بوو کە رێبەرایەتیی شەڕی رزگاریدەری نیشتمانیی لە دژی داگیرکەرانی ژاپۆنی و ئەمپریالیستەبیانیەکان بکا و ئەم شەڕە لەگەڵ، شۆڕشێکی دێموکراتیانە لە دژی دەرەبەگە گەورەکان گرێ بدا. ماو بڕوای بە پێوەندییەکی نەپچڕاوە لە نێوان شێوازە سیاسی و سەربازییەکانی شۆڕشی چیندا هەبوو و هێزی لە زاری چەکدا دەبینی. ئەو گوندەکانی بەبنکەو خەڵکی گوندیشی بە بناغەکانی شۆڕشی دادەنا. یەکەمین دەسکەوتی گرنگی ماو، تیۆرەکەی ئەو سەبارەت بە "

www.perawipepwle.com

ناکۆکیەکان لە سوسیالیزم" دایە. ئەو لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٦دا ڕایگەیاند کە " بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای سۆڤیەت کەباس لە " یەکیەتیی ئەخلاقی ــ سیاسی" لە ناو سوسیالیزم دادەکا، دژایەتیی یاسایەکی گشتی گۆڕانەو و لە قۆناغی سۆسیالیتیشدا بەردەوام دەبێ". لەم نێوەدا دوو دژایەتیی لەیەکتر جیاوازن: یەکیان دژایەتیی لە بن نەهاتووی نێوان گەل و دوژمنەکانیەتی کە تەنیا بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی زۆر چارەسەر دەبێ و ئەوی دیکەشیان دژایەتیی ئاشتیانە و گۆڕانە سۆسیالیستیەکانە". بەبڕوای ماو دژایەتیەکانی ناو سۆسیالیزم دەبێ بە وتارو باس وراوێژ چارەسەربکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش ماو دروشمی " لێگەڕێن با بەجارێک سەد گوڵ بپشکوێ"ی بە ڕێگایەکی شیاو بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان دادەنا و هەروەها دەیگووت ئەوانەش کە بیروڕای چەوت و هەڵەیان هەیە دەبێ بە بەڵگەوە بە قەناعەت بگەیەنرێن. بنەمای " سیاسەتی سەدگوڵ" لە ئایدۆلۆژی ماودا، گرنگیەکی تایبەتیی هەیە.

ماویزم بروای بە سەربەخۆیی و بەستراوە نەبوونی حیزبەکان هەیە. بە بروای ماو هیچ حیزبێک هەرچەندە بەدەسەڵاتیش بێ، بۆی نیە خۆی بەسەر حیزبەکانی دیکەدا زاڵ بکا. ماویزم بروای بە هاوکاری نزیکی " بەرەی سۆسیالیستی " بە شێوەی کە لخووزی کرەملین نیە و خوازیاری یەکسانی مافەکان لە پێوەندییەکاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیەکپارچەیی وڵات، سەروەری و سەربەخۆیی و دەست وەرنەدان لە کاروباری یەکتردا، لەناوهەموو وڵاتانی سۆسیالیستی دا هەیە.

بیروراکانی دیکەی ماو بریتین لە :

ــ تیۆری شەڕی پارتیزانی لە وڵاتانی ژێردەستی کۆلۆنیالیزم بە پشتیوانی جەماوەری جووتیارەکان.

ــ بروا بە " ڕێکخستنی سۆسیالیستی " لە چین، بە سەرنجدان بە ئازادی بەرتەسکی خەڵک

ــ ماو بە دیکتاتۆری پرۆلتاریا دەڵێ دیکتاتۆری دیموکراتیانەی گەل کە بە ڕێبەرایەتیی چینی کرێکار و پشتیوانیکردن لە یەکیەتیی نێوان کرێکاران و جووتیاران بەرەو پێشەوە دەڕوا.

ــ ڕەتکردنەوەی تیۆری رووسەکان سەبارەت بە " پێکەوە ژیانی ئاشتیانە" و شۆڕشی بەردەوام لە هەموو جیهاندا لە دژی بنکەکانی کاپیتالیزم.

ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ماویزم لە چیندا، بریتین لە خەباتی لەمێژینەی ئەو وڵاتە کە لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بەو رووداوانە بکەین: شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان ساڵەکانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٤، رێپێوانی مێژوویی ٣٥ ـ ١٩٣٤، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی شەڕی نێوخۆیی لە ساڵی ١٩٤٦ و سەرکەوتنی کۆمۆنیستیەکان لە ساڵی ١٩٤٩ دا.

لە گۆرانکارییە سیاسییەکانی ماویزم لە دوای ساڵی ١٩٤٩ دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانە بکەین :

١ـ بزاڤی سەدگوول (١٩٥٠)

٢ـ گەڵاڵەی پێشکەوتنی گەورەو دامەزرانی کۆمۆنەکان (١٩٥٨)

٣ـ شەڕی دەسەڵات لەگەڵ سۆڤیەتدا بۆ رێبەرایەتیکردنی جیهانی کۆمۆنیزم

٤ـ شۆڕشی کولتووری (١٩٦٧)، و شەرو کێشەی نێوان تەکنوکراتەکان لە لایەک و ئایدۆلۆگەکان (بەرێبەرایەتیی ماو) لەلایەکی دیکەوە.

مەتریالیزمی سەرەتایی — *Primative Materialism*

مەتریالیزمی سەەتایی، تیۆرێکە کە سەرچاوەی جیهان لەیەک یان چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی ماددەدا دەبینێ. لە چینی کۆندا، تیۆری ٥ توخمەکانیان (مێشک، دار، ئاو، ئاگر و خاک)بە پێنج ماددەی بنەڕەیتی دادەنا کە جیهانیان پێکهیناوە. لە یۆنانی کۆنیشدا، توخمی سەرەتایی جیهانیان بە ئاو، ئاگر، ئەتوم و هەوا دادەنا. لە هیندی کۆنیشدا دونیایان بە پێکهاتەیەک لە ئاو، خاک، ئاگرو با دەزانی. ئەم تیۆرانە و تیۆرە هاشیۆەکانیان، دەچنە ناو بازنەی مەتریالیزمی سەرەتاییەوە.

مەتریالیزمی مێژوویی — *Historical Materialism*

دوکتورینێکی (تیۆری) مارکسیەکە کارڵ مارکس و فرێدرێک ئەنگێلز دایان مەزراندووە. ئەم تیۆرە لە قامووسی مارکسیدا وەکوو تیۆری زانستی یاسا گشتیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی پێناسەدەکرێ. بەم پێیە کە مەتریالیزمی مێژوویی، بە پێچەوانەی مەتریالیزمی دیالکتیک، تەنیا باسی رەوتی مێژوو دەکا. نێوەرۆکی مەتریالیزمی مێژوویی، یاساکانی کۆمەڵناسیە. مەتریالیزمی مێژوویی کاریگەری دوو لایەنەی ژێرخان و سەرخان تاوتوێ دەکا و لەم خاڵەوە دەست پێدەکا کە هیچ هێزێکی بان ـ

سروشتی (میتافیزیکی) له کۆمەڵگادا له ئارادا نیه و مرۆڤەکان بۆ خۆیان، مێژووی خۆیان ساز دەکەن. مارکسیەکان پێیانوایە کە مەتریالیزمی مێژوویی ٤ ڕێکخستنی کۆمەلایەتی لێک دەداتەوە کە جارجارە فۆرماسیۆنی ئابووری _ کۆمەڵایەتیش پێ دەگوترێ. ئەم تیۆرە بڕوای بەوە هەیە کە گۆرانکارییە مێژووییەکان خاوەن یاسا و ڕێسان.

مەتریالیزمی دیالکتیک **Dialectical Materialism**

مەتریالیزمی دیالتیک ڕێبازێکە کە پشتی بە بنەمای تیۆری مێژوویی دیالکتیکی هیگڵ بەستووە. کارڵ مارکس و ئەنگێلز بناغەکەیان داناوە و زۆربەی بیریارەکانی جیهان بەربەرە شتی دیکەیان پێوە زیاد کردووەو ڕاڤەیان کردووە. لە قامووسی مارکسیسەکاندا، مەتریالیزمی دیالکتیک، زانستی یاسا گشتیەکانی گەشەسەندنی سروشتی، کۆمەڵگا و هزرو بیری مرۆڤە. ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەوەدا کە هەبوونی هێزە بان _ سروشتییەکان رەت دەکاتەوە، پێیوایە کە لە سەر بنەمای جیهانی ماددی و واقعییەت (هەڵکەوت)دا راوەستاوە. بە پێی بیروبڕوای ئەوان لە روانگەی کۆسمۆلۆجیەوە، مەتریالیزم بەم مانایەیە کە ماددە، سردشت و جیهانی هەست پێکراوی دەرەوە لە خۆیدا راستیەکی سەربەخۆیە و هەبوون و راستیەکەشی پێوەندی بە هیچ هێزێکی بان_ سروشتیەوە نیە و هەروەها پێوەندیشی بە هزروبیرو زەینی مرۆڤەکانەوە نیە. بە بڕوای ئەوان لە رووی زانستیەوە، ماددە بناغەی هزرە، چ لە بواری ماددەی سروشتیەوە و چ لە بواری لۆژیکیشەوە. وشەی دیالکتیک ئاماژە بەوەدەکا کە شتەکان دەگۆڕێن و هەموو شتێکیش ئاکامی گۆڕانیکە.

مەتریالیزمی میکانیکی **Mechanical Materialism**

– بەرلەوەی فەلسەفەی زانستی سەرهەڵدا، مەتریالیزم زیاتر لایەنی میکانیکی هەبوو.

مەتریالیزمی میکانیکی لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژی و ئامرازی پاساوهێنانەوەی تیۆریی سەرمایەداری لە حاڵی گەشەکردندا بوو. ئەم ئایدۆلۆژییە لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتیدا سەری هەڵدا و گەشەی کرد. بە بڕوای ئەم مەتریالیستانە جیهان تەنیا لە کۆمەڵێک شتی وردیلە کە لەگەڵ یەکتردا پێوەندییەکی دوو لایەنەیان هەیە، پێک نەهاتووە و هەرشتیکی وردیش بۆ خۆی بوونێکی سەربەخۆو

جیاوازی لەگەڵ شتە وردەکانی دیکەدا هەیە. ئەم شتە وردانە جیهان پێکدێنن. تەواوەتیی هەموو رووداوەکانی جیهان لە تەواوەتیی پێوەندییەکانی شتەوردەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەم پێوەندییە دوولایەنانە، پێوەندییەکی میکانیکین کە لە کاریگەری دەرەکیی وردیلەکانی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ. لەم روانگەیەوە هەر پرسیارێک کە سەبارەت بە شتێک لە سروشت دێتە گۆڕێ، وەکوو پرسیارێک وایە کە سەبارەت بە ماشین دەکرێ. ئەم ئایدۆلۆژیایە کەمەتریالیزمی میتافیزیکیشی پێ دەڵێن، یەکێک لە سێ قۆناغەکانی فەلسەفەی مەتریالیزمە. لە نوێنەرانی مەتریالیزمی میکانیکی دەتوانین ئاماژە بە هۆبزی بەریتانی و دلباکی فەڕەنسی بکەین.

بەو تیۆرە فەلسەفی، ئابووری، مێژوویی ، کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دەگوترێ کە لە لایەن مارکس و ئەنگلیلزەوە داڕێژراون. ئەم دوو کەسە پێیانوایە مێژوو هەمووی خەباتی چینایەتیە و بڕوایان بە سەرکەوتنی کۆتایی پرۆلتاریا هەیە. مارکس مەتریالیزمی دیالکتیکی، لەبەرامبەر ئایدیالیزمی دیالکتیکی هیگلدا داڕشت. جیاوازی مەتریالیزمی دیالکتیک و ئایدیالیزمی دیالکتیک ئەوەیە کە مەتریالیزمی دیالکتیکی مارکس، هێزی ئابووری بە بناغەو بنەمای رووداوە مێژووییەکانی مرۆڤ دادەنێ. مارکس جگە لە فەلسەفەی هیگڵ، لە تیۆرە سۆسیالیستەکانی فەرەنسا و شۆرشی مەزنی ئەو وڵاتە و هەروەها لە تیۆرە ئابوورییەکانی ریکاردۆش کەڵکی وەرگرتووە، مارکس جگە لە بیرۆکە بنەڕەتیەکانی خۆی، لە تیۆرە جیاوازەکانی وەکوو مەتریالیزمی مێژوویی، مەتریالیزمی دیالکتیک و سۆسیالیزمی زانستیشدا خۆی دەنوێنێ. مارکسیزم دەوڵەت بە ئامرازی خەباتی چینایەتی دادەنێ و بڕوای بە فەوتانی کاپیتالیزم هەیە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو، شورشی چینی کرێکار، شۆڕشێکە کە ناتوانین لێی دەربازبین و سۆسیالیزم لە ژێر ئاڵای دیکتاتۆری پرۆلتاریادا دادەمەزرێ و دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بە بێ چین.

بە بڕوای لنین؛ مارکسیزم سیستەمی پەروەردە و تیۆرەکانی مارکسە". ئەو مارکسیزم بە سۆسیالیزمی زانستی دادەنێ، چوونکە پێیوایە کە:" حەتمی بوونی گۆڕانی کۆمەڵگا لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم، بە شێوەی گشتی ورەها بە هۆی یاسای ئابووری بزووتنەوەی نوێی کۆمەڵایەتی روودەدا".

سەبارەت بە مارکسیزم ئاندرێ پێی تێر پێیوایە کە: "قوتابخانەی مارکس لە بوارە فەلسەفی سیاسی و ئابوورییەکانەوە وەکوو گەورەترین شۆرشی جیهانی مودێرن وابوو. ئەم رێبازە هاوچەرخە کوفراویی لە ماوەی کەمتر لە سێ دەیەدا، سێ یەکی جیهانی داگیر کرد و لە شوێنەکانی دیکەشدا حەزو خولیایەکی نیمچە عیرفانی پێکهێنا".

بەلأم لایەکی دیکەی دراوەکە ئەوە دەردەخا کە ئەزموون، تێزەکانی ئەم رێبازەی رەت کردۆتەوە. بە جێگەی ئەوەی سەرمایەداری، تێزەکانی مارکس رەت بکاتەوە، تاقیکردنەوە، تێزەکانی مارکسی رەت کردەوە. نە سەرمایەداری بەپێی پێش بینیەکان پەرەی گرت نە کۆمۆنیزمیش بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ کردن. لە یەکسانی نێوان حەقدەستە کانەوە بگرە تا لە ناوچوونی دەوڵەت، لە هەڵوەشانەوەی دابەشبوونی کارەوە بگرە تا سەر هەڵدانی مرۆڤی هاوچەرخ .

زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین مارکس بۆ خۆشی گیرۆدەی ئەو چارەنووسە بوو کە گیرۆدەی مامۆستاکانی خۆی ببوو. بەو واتایە کە مارکسیزم تووشی سەفسەتە بوو و رێبازی مارکس بەرەتکردنەوەی خۆی گەشەی سەند".

مارکسیزمی دۆگم و مارکسیزمی داهێنەر
Dogmatic and Creative Marxism

ستالین مارکسیزمی بە سەر دوو شێوەدا دابەش کرد:

١ـ مارکسیزمی دۆگم : مەبەست لە مارکسیزمی دۆگم، مارکسیزمی سەرەتایی و دارێژراوی مارکسە کە دەبێ ئەو وردەکارییانەی مارکس ئاماژەی پێ کردوون، رەچاو بکرێن و (بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێویستی سەردەم) نابێ گۆرانکاری تێدا بکرێ.

٢ـ مارکسیزمی کریێاتیف (راهێنەر)، بەهۆی چاکسازی کردنی پێویست لە مارکسیزمدا بەپێی پێویستییەکانی سەردەم و ئەو گۆرانکارییانەی کە دێتە ئاراوە، مارکسیزم هێزی داهێنەرانەی خۆی دەپارێزێ و پێش دەکەوێ و کۆن نابێ.

Marxism - Leninism
مارکسیزم- لنینیزم

مارکسیزم ـ لنینیزم بریتیە لە خوێندنەوەو شیکردنەوەکانی لنین لە مارکسیزم بۆ گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ بارودۆخی رووسیادا. ئەم روانگەیە بروای بە دامەزراندنی دیکتاتۆری

www.perawipepwle.com

پرۆلتاریا بۆ پەڕینەوە لە کاپیتالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم هەیە. لە روانگەی ستالینەوە:" مارکسیزم ـ لنینیزم دەربڕی زانستیانەی بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی چینی کرێکارە. مارکسیزم تەنیا تیۆری سۆسیالیزم نیە، بەڵکوو تیۆرێکی گشتی پاراو و سیستەمێکی فەلسەفیە کە سۆسیالیزمی پرۆلتاریای مارکس لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم سیستەمە فەلسەفیە، مەتریالیزمی دیالکتیکە". پێناسەی رەسمی مارکسیزم ـ لنینیزم لە سۆڤیەت بریتیە لەوەی کە ئەم روانگە "گرنگترین بەشەکانی پەروەردەی مارکس، ئەنگێلز و لنین لە سیستەمێکی رێکخراو لە روانگەکان پێکدێنێ و لەگەڵ سیستەمی روانگەکانی دیکە جیاوازییەکی متافیزیکی هەیە. ئەم روانگەیە بڕوای بە هیچ هێزێکی میتافیزیکی نیە و پێیوایە نەتەنیا سروشت، بەڵکوو گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بە پێی یاسا عەینیەکان و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئیرادەی مرۆڤەکان روودەدا، بەم پێیە ئەم روانگەیە یاسایی بوونی بنەماکانی سروشت و کۆمەڵگا دەدۆزێتەوە". تومەکانی مارکسیزم ـ لنینیزم بەپێی لێکدانەوەکانی تیۆری داڕێژانی سۆڤیەت بریتیە لە : مەتریالیزمی دیالکتیک، مەتریالیزمی مێژوویی، ئابووریی سیاسی و کۆمۆنیزمی زانستی. هەر بەپێی ئەم لێکدانەوە مارکسیزم ـ لنینیزم، سیستەمێکی رێکخراوی روانگە فەلسەفی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە کە هەموو تومەکانی پێکەوە پێوەندییەکی ئۆرگانیان هەیە و تەنیا بەشە پێکهێنەرەکانی، بوار بۆ گۆڕانی شۆڕشگێرانە دەرەخسێنن.

مارکسیزمی هاو چەرخ
New Marxis

"ژۆژ سورێل"ی فەرەنسی ئەم رێبازەی داهێنا کە بە زۆری پشت بە دنەدانی بیروڕای زەحمەتکێشان دەبەستێ، بەڵام لە بواری فۆرمەوە زیاتر بەرەو سەندیکالیزم دەڕوا تا بۆلای مارکسیزم بچێ.

مافیا
Mafia

رێکخراوەیکە کە لە تاوانباران و قاچاغیچیە نێو دەوڵەتیەکان پێکهاتووە. پاڵنەری پێکهێنانی مافیا کە لە سەرەتادا لە سیسل (ئیتالیا)دا پێکهات، مەسەلە سیاسییەکان بوون، بەڵام لە دواییدا گۆڕانی بەسەرداهات.

یەکەمجار لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەدا، ئەوکاتەی کە دوورگەی سیسیل لە لایەن هێزەکانی فەرەنسەوە، داگیرکرابوو، هێندێک لە خەڵکی نیشتمانپەروەری دوورگەی سیسیل، ڕێکخستنی چکۆلەی بەرەنگاریان لە دژی داگیرکەرانی فەرەنسی پێکهێنا. بە دوای دامەزراندنی ئەم ڕێکخستنە چکۆلە، ڕاپەڕینی بەربلاو و جیاجیا ئەم دوورگەیان تەنیوە، لەم کاتەدا بوو کە گرووپێکی نهێنی لەم ڕێکخستنە چکۆلانە پێکهات و " ئیتالیا هاواردەکا؛ نەمان بۆ فەرەنسیەکان" یان کردە دروشمی خۆیان. ئەم گرووپە نفووزێکی زۆری کردە ناو دانیشتوانی دوورگەی سیسیل و بە دروشمی " داکۆکی لە زۆرلێکراو و بەرەنگاری لەگەڵ زۆردار " بوو بە هۆی ئەوەی لە لایەن جەماوەرەوە پشتیوانی لێ بکرێ. لە دوای وەدەرنانی هێزە بیانیەکانیش، بە هۆی ئەو نفووزەی کە ئەندامانی گرووپ لە ناو خەڵکدا هەیانبوو، هەموو پۆستە گرنگەکانی دوورگەی سیسیل و شارەوانیان وەدست هێنا. بەرەبەرە لە دوای وەدەرنانی هێزە بیانیەکان، ئەم گرووپە لە هەموو ئیتالیادا ڕێکخستی پێکهێنا و بەوەرگرتنی پۆستە گرنگ و هەستیارەکان، نیورۆکی ئەم گرووپە گۆڕا، خاوەن زەوی و زارە گەورەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆیان، ئەندامانی ئەم گرووپانەیان لە لای خۆیان دادەمەزراندن و خستیانە گیان وماڵی خەڵکی سیسیل و ئیتالیاوە. پاشان ئەم گرووپانە خەریکی قاچاغی کردن و گواستنەوەی مادده سڕکەرەکان، کڕین و فرۆشتنی چەک و چۆڵ، بەڕێوەبردنی قومارخانەگەورەکان، دزی و تالان کردن و ڕارووتکردن بوون و تۆڕێکی گەورەی لەم شێوەیان پێکهێنا. ژمارەیەکی زۆر لەم گرووپانە کۆچیان کرد بۆ ئەمەریکاو لەوێ خەریکی ڕێکخستنی ئیتالی وبە تایبەتیی سیسیلیەکان کۆچبەرەکان بوون و بەرەبەرە کۆنترۆڵی زۆربەی بازاڕەکانی قاچاغی، فرۆشتنی چەک وچۆڵی نایاسایی، بەڕێوە بردنی قومارخانەکان، باندەکانی دزی و تیرۆریان بەدەستەوە گرت. کۆچبەرەکان لە هەر ویلایەتێکی ئەمریکادا ڕێکخستنێکیان لە نزیکان و هاوکارانی خۆیان پێکدێنا کە بە "بنەماڵە" بەناوبانگ بوون. بە پەرەگرتنی "بنەماڵەکان" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، کێبەرکێ ورکابەری کەوتە نێوانیانەوە و بەرەبەرە کۆچبەرانی هاووڵاتی یەکتر، بوونە دوژمنانی بێ بەزەیی یەکتر لە پانتایی کیشوەری ئەمەریکادا. ئەمرۆکە دەستەودارەی مافیا زیاتر لە ئەمەریکادا خەریکی چالاکین تا لە ئیتالیا و شوێنەکانی دیکەدا.

مافیا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا:

لە ئیتالیادا، ناوەندی سەرەکیی مافیا، باند و دەستەودارەکان هەر لە سەرەتای پێکهاتنیانەوە کەوتنە دژایەتیکردن لەگەڵ حکومەتدا و دورگەی سیسیلیان خستە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە.

پاش ئەوەی موسۆلینی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، خەریکی سەرکوتکردنی ئەم گرووپانە بوو و ژمارەیەکی زۆری لێگرتن و ژمارەیەکیشی لێ کوشتن، بەڵام نەیتوانی بەتەواوەتیی لە ناویان ببا. بەهۆی سەرکوتی موسولینی لە ئیتالیا و ئازادی تێکۆشانی ئەم گرووپانە لە ئەمەریکا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، مافیا چووە پاڵ هاوپەیمانەکانەوە و زۆریان یارمەتیی کردن. لە ساڵی ١٩٤٣دا " دۆن کارلۆ"، ڕێبەری بە ناوبانگی مافیا و سەرۆکی گرووپە تاوانبارەکان لە دورگەی سیسیل و ئیتالیادا، بە هۆی پشتیوانیکردن لە هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان، دورگەی سیسیلی لە دەست ئەڵمانی و ئیتالیەکان رزگار کرد. پاشان چوو بۆ ئەمەریکا و بوو بە ڕێبەری گەورەی تاوانبارەکان و "زڕباوکی" مافیا. بەپێی ڕاپۆرتەکان و دان پێدانانەکانی ئەندامانی مافیا، ئەم ڕێکخراوە ڕێکخستنێکی زۆر بەربلاوی لە هەموو ئەمەریکا و شوێنەکانی دیکەی جیهان و بە تایبەتی لە ئیتالیادا هەیە و خاوەنی یاساو ڕێسایەکی پتەو توندوتۆڵە. لە ئەمەریکاشدا، ئەندامانی مافیا ئیتالین. کەواتە ئیتالی بوون یەکێک لە مەرجەکانی بە ئەندامبوون لە مافیا دایە. چۆنیەتی بە ئەندام بوونیش خاوەنی یاسا و ڕێسای تایبەتیە. ئەندامانی نوێ لە دوای ناسین و لێکۆڵینەوەی وردو روون، لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا دەبێ سوێند بخۆن کە هەتاسەر بە مافیا وەفادار دەبن و نهێنیەکان نادرکێنن. هەرکەسێک خیانەت بە ئامانجەکانی گرووپ بکا و نهێنیەکان بدرکێنێ یان چیتر بەکەڵکی کارکردن نەیا، لە لایەن کەسەکانی دیکەوە و بە بڕیاری سەرۆکی خۆی دەکوژرێ.

مافیا لە ئەمەریکادا خاوەنی چەند بنەماڵەی جیاوازە. لە ئەمریکادا، ١٢ بنەماڵەی گەورە هەن کە هەرکامیان لە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەم ولاتەدان و لە نیۆیۆرکدا تەنیا ٥ بنەماڵەی بە ناوبانگ خەریکی چالاکین. ئەو بنەماڵانە نفوزێکی زۆریان لە ئەمەریکا و لە ناو سیاسەتمەدارەکاندا هەیە و هەرکامیان لە ناوچەی خۆیاندا خەریکی چالاکین. بنەماڵەکان پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام هێندێک جار بە هۆی کێشەو دوژمنیەوە، شەڕ و کوشتاری گەورە لە ناویاندا روودەدا، بەناوبانگترین بنەماڵەکان لە نیویۆرک ، فلۆریدا،

نیۆئۆرلێئان، لۆس ئانجلێس، کانزاس سیتی، لاس ڤێگاس، شیکاگۆ، کلیولەند، فیلادلفیا، نیوئینگلەند و...هتد. دادەنیشن. "دۆن کارلۆگامینتۆ"، بەناوبانگترین ڕێبەری مافیا و زڕباوکی بنەماڵەکانی نیویۆرک بوو کە لە ساڵی ۱۹۷٦دا مرد. گامینتۆ چەندجار لە چنگی یاسا ڕای کرد و هەر لەو ساڵەدا فیلمێک لە سەر ژیانی ئەو بەناوی "زڕباوک" دروستکرا.

مافیا لە ئەمریکادا کاری زۆر جیاواز دەکەن و لە چالاکیە گەورەکاندا بەشداری دەکەن. قاچاغی مادده سڕکەرەکان لە هەموو جیهاندا لە پاوانی ئەم ڕێکخراوە دایە. هەرئێستاکە هەواڵی گواستنەوەو کڕین و فرۆشتن و قاچاغی مادده سڕکەرەکان لەهەموو ئەوروپا و بەتایبەتی لە ئەمەریکا و ئیتالیادا بڵاو دەبێتەوە. بنەماڵەکان، ئەندامان و بەکرێگیراوانی مافیا، دەستیان لە دزی و تالانە گەورە نێودەوڵەتیەکاندا هەیەو زۆربەی قومارخانە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا لەلایەن ئەندامانی ئەم گرووپەوە هەڵدەسووڕێن. مافیا لەگەڵ گەورەترین سیاسەتمەدارەکاندا لە پێوەندی دایە. لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی ئەمەریکادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە و بە پارەی زۆر نوێنەرانی دڵخوازی خۆیان دەنێرنە پەرلەمان. لە بازارەکانی بورسدا دەستیان هەیە. لە ڤالسێتریتی ئەمەریکادا نفوزێکی زۆریان هەیە. کەسی دەسترۆیشتوویان لە فرۆکەخانە گرنگەکانی ئەمەریکا، لە بانکەکان، لە کۆمپانیاکان و کارتێلە گەورە ئابوورییەکان و لە ناو پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکادا هەیە و لە کاتی خۆیدا بۆ ناردنە دەرەوەی قاچاغ و گۆڕینەی دراو (دراوی بیانی)، بەشداریکردن لە بۆرس، ڕزگاربوون لە چنگی یاسا و کەوتنە زیندانەوە، لەم کەسانە کەڵک وەردەگرن. ڕۆڵی مافیا لە پشت زۆر لە ڕەوتە سیاسییەکانی ئەمەریکادا_ لە وانە وا تێرگیت _ ئاشکرا بووە بەسەرهاتی بەخشینی بەرتیلی زۆر بە سیاسەتمەدارە گەورەکانی ئەمەریکا دەنگی دایەوە. مافیا لە دەرەوەی ئەمەریکاشدا کۆنترۆلی قاچاغی مادده سڕکەرەکانی لە بەردەست دایە و لە هێندێک لە کایە سیاسییەکانی جیهانیشدا بەشداری دەکا. لە ساڵی ۱۹٦۹دا، ڕەوتی چالاکیەکانی مافیا لە هائیتی و ڕکابەرییەکانی لەگەڵ C.I.Aدا ئاشکرا بوو. مافیا چەک و چۆڵی زۆری بە سەرۆک کۆماری ئەم دوورگە چکۆلەیەی دەریای کارائیب دا و لە نێوان ساڵەکانی ۱۹٦۳و۱۹٦۹دا کە C.I.A دەیهەویست "فرانسوادووالیە"، سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە لەسەرکار لادا، مافیا یارمەتیی سەرۆک کۆماری هائیتیدا کە لە لەگەڵ C.I.A دا شەڕ بکا.

ماکیاڤێلیزم Machiavellism

بە بیروبۆچوونە سیاسی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتیەکانی نیکۆلۆ ماکیاڤێلی، سکرتێری حکومەتی کۆماری فلۆرانس دەگوترێ.

ماکیاڤێلیزم بۆ ماوەی چوار سەدە لە لای خەڵکی جیهان هاوواتای چەمکەکانی دزێوی و ستەم و خیانەت بووە. خاوەنی ئەم ڕێبازە، ڕەمزی سیاسەتمەدارێکی وردبین و فێڵ بازە کە فەلسەفەکەی بریتیە لە: " ئامانج، پاساو دەری ئامرازە". بەردی بناغە و سریوەی هرزی ئەم ڕێبازە یەکەمجار لە کتێبی "میر"دا لە لایەن ماکیاڤێلەوە دارێژرا. ئەم کتێبە کە نیشانەی بەتوانابوونی نووسەرەکەیەتیی، لە نیوەی دووهەمیی ساڵی ١٥١٣دا، تەواو بوو و پاش ماوەیەکی کەم نێردرایە دەرباری لۆرێنتسۆ. نووسەر سەبارەت بە هۆکاری پێشکەشکردنی ئەم کتێبە دەنووسێ:" دیارییەکی لەوە جوانترم پێ شک نەهات کە هەموو ئەو شتانەی کە لە ماوەیەکی دوورو درێژ و بە کوێرەوەری و مەترسی زۆرەوە فێریان بووم و تاقیم کردوونەوە، پێشکەشتانی بکەم تا لە ماوەیەکی کورتدا کەڵکی لێ وەرگرن". دەستنووسەکانی کتێبی "میر" لە ماوەی ژیانی ماکیاڤێلی و دوایی مەرگیشی لە ناو خەڵکدا بڵاوبۆوە. بڵاوبوونەوەی "میر" لە لایەن پاپ کلێمێنتی حەوتەم؛ واتە خزمی نزیکی ئەو میرەی کە کتێبەکەی پێشکەش کرابوو، پەسند کرا. ئەم کتێبە لە ماوەی ٢٥ ساڵدا ، ٢٥ جار چاپ کرا و گەردەلوولێکی وەرێخست". ئەنجوومەنیی ترێنت " بریاریدا بەرهەمەکانی ماکیاڤێل بفەوتێنێ، لە ڕۆمدا بە کوفر تاوانباریان کرد. و نووسراوەکانی ماکیاڤێلیان لێرەولەوێ قەدەغە کرد؛ ژێزۆئیتەکان (گرووپێکی مەسیحی) لە ئەڵمانیادا وێنەی لە کاگیراوی ئەویان دەسووتاند و کاتولیکەکان و پرۆتستانەکان ڕێککەوتن و ماکیاڤێلیان بەهەڵگەراوە لەقەڵەم دا. لە ساڵی ١٥٥٠دا، هەموو بەرهەمەکانی ماکیاڤێلی چوونە ناو خشتەی کتێبە قەدەغە کراوەکانەوە و تا سەدەی نۆزدەهەم لەم قەیرانە رزگاریان نەبوو. بزووتنە شۆرشگێرانەکانی ئەمەریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە بوونە هۆی ئەوەی کە خەڵک، گرنگی و بایەخ بە جیاکردنەوەی حکومەت و کلیسا بدەن و دەوڵەت بخەنە ژێرر کێفی یاسا دنیاییەکانەوە . خەباتی رزگاریدەری ئیتالیا کە لە ساڵی ١٨٧٠دا گەیشتە ترۆپکەی خۆی، لە نیشتمانپەروەری گەورەی خۆی، واتە ماکیاڤێلی ئیلهامی وەرگردەگرت.

www.perawipepwle.com

دۆگلاس گرینکۆری لە وتارێکی چڕوپڕدا، باس لەوە دەکا کە ڕێبەری نەتەوەی ئیتالیا واتە کۆنت کافێر، بە پێڕەویکردن لە دەستوورەکانی ماکیاڤێل، توانی ئیتالیا یەکبخا و داگیرکەرەکان وەدەرنێ. ئەگەر کافێر ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژاردایە، جگە لە شکست و ڕۆژرەشی هیچی دیکەی وەچنگ نەدەکەوت. هەڵبەت ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە دەسەڵاتدار و زۆردارەکان لە هەر قۆناغێکی مێژوودا، ئەو شتانەی کە بۆخۆیان پێیان خۆش بووە لەم کتێبەدا دۆزیویانەتەوە. خشتەی نێوی ئەو کەسانەی کەئەم کتێبەیان بەتاسەوەخوێندۆتەوە؛ سەرنجڕاکێشە:

ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم و کاترین دۆمدیچی، بەم بەرهەمەیان هەڵدەگووت. ئۆلیڤێر کرامۆل، بەرگێکی ئەم کتێبەی پەیدا کرد و لە بنەماکانی ئەم کتێبە بۆ بەهێزکردنی حکومەتی هاوبەرژەوەندی بەریتانیا کەڵکی وەرگرت. هانری سێهەم و هانری چوارەم، پاشای فەرەنسا، کاتێک کە کوژران، بەرگێکی ئەم کتێبەیان لە ناودەست دا بوو. ئەم کتێبە یارمەتیەکی زۆری شازادە فریدریشی گەورەی بۆ پرژانە سەر سیاسەتەکانی پرۆس کرد، لوئیی چواردەهەم وەکوو کڵاوی خەوتن کەڵکی وەردەگرت. بەرگێکی ئەم کتێبە کە پڕ لە نووسراوە و بیروبۆچوون بوو، لە کەژاوەی ناپلیۆن بوناپارت لە ئەو کاتەی لە ڤاتێرلۆ بوو دۆزرایەوە. بۆچوونەکانی ناپلیۆنی سێهەم سەبارەت بە حکومەت بە تەواوەتیی لەم کتێبە وەرگیراون؛ بیسمارک قوتابی بە ئەمەکی ڕێبازی ماکیاڤێلی بوو و لە سەدەی بیستەمیشدا، هیتلەر بەوتەی خۆی هەمیشە کتێبی "میری" لە تەنیشت جێگا خەوەکەی دادەنا تا بەردەوام بۆی ببێتە سەرچاوەی ئیلهام. بنیتۆ موسۆلینی دەڵێ: "بە بڕوای من کتێبەکەی ماکیاڤێلی باشترین ڕێنوێنە بۆ هەموو سیاسەتمەدارێک. ڕێبازەکەی ئەو ئیستاش هەرزیندووە، چونکە لە ماوەی چوارسەد ساڵدا، هیچ گۆڕانێکی قووڵ لە مێشکی نەتەوەکان یان لە ئاکاریاندا پێک نەهاتووە". (دوایی موسۆلینی بیروڕاکەی گۆڕی چوونکە لە ساڵی ١٩٣٩دا لە خشتەی ناوی ئەونووسەرانەی کە بە پێی بڕیاری حیزبی فاشیست نەدەبوایە بەرهەمەکانیان بڵاو بکرایەوە، ئاماژە بە "میر"ی ماکیاڤێلیش کرابوو).

لەلایەکی دیکەوە هێندێک لە شیکەرەوە وردبینەکانی ڕووداوە مێژووییەکان دەریانخستووە کە زۆر دارانێکی وەکوو هیتلەر و موسۆلینی بۆیە تووشی ئەوچارەنووسە نگریسە بوون کە یان بایەخیان بە هێندێک لە بنەما بنەڕەتیەکانی ماکیاڤێلی نەدا یان بە هەڵە لە بۆچوونەکانی ئەو گەیشتوون. ئەوانەی کە سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ماکیاڤێلی

لێکۆڵینەوەیان کردووە، پێیانوایە کە بۆ تێگەیشتن لە هەموو بیروبۆچوونەکانی ماکیاڤێل، پێویستە هەردوو بەرهەمەکەی ئەو بخوێنرێنەوە واتە "نامەکان" و "میر". "نامەکان" کە لە ماوەی ٥ساڵدا نووسراوەو مێژووی بڵاو کردنەوەکەشی هەر لەکاتی بڵاو بوونەوەی " میر" دایە، بەرهەمێکی دوورودرێژە. جیاوازی بنەڕەتیی "نامەکان" لەوەدایە کە ماکیاڤێلی لەم کتێبەدا باس لە "لەوەی کە دەبێ ببێ" دەکاو لە "میر"دا باس لە "ئەوەی کەهەیە"دەکا. "میر"باس لەو میرنیشینانە دەکا کە هەرکامەیان ویلایەتێکیان بەدەستەوەیە. "نامەکان" باس لەو بنەمایانە دەکا کە کۆمارەکان دەبێ بیانکەنە نموونەی خۆیان .

لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو کتێبە لەگەڵ یەکتردا دەگەینە ئەم ئاکامە سەرسووڕ هێنەرە کە ماکیاڤێلی کۆماریخوازێکی بڕوادار بووە، حەزی لە سەرە ڕۆیی نەکردووە، شێوازی تێکەڵاوی حکومەتی پاشایەتیی و جەماوەری بە باشترین جۆری حکوومەت زانیوە و پێیوابووە کە هیچ دەسەڵاتدارێک بەبێ پشتیوانی گەلی خۆی لە ئاسایشدا نابێ. بە بڕوای ئەو جێگیرترین دەوڵەتەکان، ئەو دەوڵەتانەن کە لە لایەن ئەو دەسەڵاتدارانەوە بەڕێوە دەچن کە بەپێی دەستوور، دەسەڵاتەکەیان بەرتەسک کراوەتەوە. حکوومەتی نموونەیی ماکیاڤێل ؛ کۆماری ڕۆمی کۆن بوو کە لە "نامەکان"دا بەردەوام ئاماژەی پێدەکا.

کەواتە چۆن بوو ماکیاڤێلی کە حکومەتی کۆماری بۆ هەر گەلێکی سەربەست لە سەرەوەی هەمووشتەکان دادەنا: "میر"ی نووسی؟ ئەم کتێبە بۆ هەلومەرجێکی تایبەتیی نووسراوە. بێ گومان ماکیاڤێلی بۆی روون بێوە کە دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆماری سەرکەوتوو لە ئیتالیای سەدەی شانزدەهەمدا سەرناگرێ. " میر" تەنیا بەو مەبەستە نووسرا کە بە یارمەتیی کەسێکی بەتوانا، نەتەوەی ئیتالیا لەو بارودۆخە بێ هیواو گەندەڵە رزگار بکا. ئیتالیا تووشی قەیرانێکی وا قووڵ بێوە کە دەرفەتی ئەوەی نەبوو چارەسەرێک بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە بدۆزێتەوە.

تەوەری سەرەکیی "میر" ئەوەیە کە هەر کردەوەیەک کە بۆ باشترکردنی بارودۆخی وڵات بەڕێوە دەچێ؛ ڕەوایە و ڕێووشوێنە ئەخلاقیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ژیانی تایبەتی لەگەڵ یەکتردا جیاوازن. کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە، سیاسەتمەدارەکان و ئەوانەی وڵات بەڕێوە دەبەن، دەتوانن لە پێناو بەرژەوەندییەگشتیەکاندا دەست بدەنە هەر هەوڵێکی توندوتیژو نادادپەروەرانە

و پەنابەرنە هەر فێل و تەڵەکەیەک کە لە ژیانی تایبەتیدا نەتەنیا قێزەونە، بەڵکوو بەتەواوەتیی تاوانیشە. لەراستیدا ماکیاڤێلی سیاسەتی لە ئەخلاق جیا دەکردەوە.

"میر" ڕێنوێنێکی میرەکانە (یان هێندێک دەڵێن دەستوورێکە بۆ زۆرداران) کە فێریان دەکا چۆن دەسەڵات بگرنەدەست و چۆن بیشی پارێزن(دەسەڵاتێک کە بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدار نیە، بەڵکوو لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵک دایە) کە دەوڵەتێکی سەقامگرتوو و جێگرتوو پێک بێ کە لە بەرامبەر شۆڕش و هێرشدا پارێزراو بێ. ئێستا دەبێ بزانین سەقامگرتوویی و ئاسایش چۆن مسۆگەردەبێ؟

ماکیاڤێلی بە کورتی لەسەر پاشایەتی پشتاوپەشتی دەدوێ، چوونکە وادانراوە کە سوڵتان یان پاشا خاوەنی وشیاری و زیرەکیەکی ئاساییە و دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێ. لە لایەکی دیکەوە کێشەکانی حکوومەتی پاشایەتیی ئالۆزترن. ئەگەر ئەو شوێنانەی کە تازە داگیر کراون، خاوەنی هەمان نەتەوە و زمانی وڵاتی داگیرکەر بکەن، حکومەتکردن بەسەر ئەمانەدا تارادەیەک سانایە. بە تایبەتیی ئەگەر ئەم دوو بنەمایە رەچاو بکرێن: یەکیان ئەوەی کە " رەگەزنامەی پاشا کۆنەکان لە ناوبچێ" و دووهەمیان ئەوەی کە " گۆڕانکارییەک لە یاساکان و لە باجدا پێک نەیا". بەڵام کاتێک کەوڵاتە داگیرکراوەکان لە بواری زمان و داب و نەریت و یاساکان جیاوازییان لەگەڵ وڵاتی داگیرکەر هەبێ، " کێشەی پاراستنی دەسەڵات چەند هێندە دەبێتەوە و تەنیا بەخت و شانسی لەرادەبەدەر و لێهاتوویی دەتوانێ ئەم کێشانە چارەسەر بکا." ماکیاڤێلی پیشنیار دەکا کە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەسەڵاتدار یان پاشا بۆ خۆی بچێتە ئەو شوێنەو لەو نیشتەجێ بێ و هێندێک لە هاوڵاتیان بنێرێتە وڵاتانی لاوازی دراوسێ و لەوێ نیشتەجێیان بکا (کە زۆر لە هێشتنەوەی سوپا لەو وڵاتەدا باشترە) و لەگەڵ دراوسێ بێ هێزەکاندا بناغەی دۆستایەتیی دامەزرێنێ و لەهەمان کاتیشدا، هەوڵ بدا دراوسێ بەهێزەکان، لاوازبکا. لوئیی دوازدەهەم بایەخێکی بەم ڕێنوێنییانە نەدا کە لە ئاکام دا داگیرکراوەکانی لە دەست دا و زیانی زۆریشی لێ کەوت.

سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانرێ بەسەر داگیرکراوەکاندا حکومەت بکرێ، ماکیاڤێلی سێ شێواز پێشنیار دەکا کە بە هۆی ئەم سێ شێوازەوە دەتوانن پارێزگاری لەو وڵاتانە بکەن کە فێربوون لە ژێر [سێبەری] یاساکانی خۆیاندا بە سەربەستانە بژین. یەکەم شێواز ئەوەیە

کە حکومەتەکەیان بروخێنرێ، دووهەم شێواز ئەوەیە کە پاشا بۆ خۆی لەو ولاّتەدا نیشتەجێ بێ و سێهەم شێوازیش ئەوەیە، ئازادی بەو ولاّتانە بدا کە لە ژێر [سیبەری] یاساکانی خۆیاندا بژین، بەلاّم دەبێ باج بە حکومەت بدەن و حکوومەت بسپێردرێتە چەند کەس لە دانیشتوانی ئەو ولاّتە هەتا بتوانن ئەوانەی دیکەش بکەنە دۆست و هاوپەیمان". لە نێوان ئەم سێ هەلّبژاردەدا ، ماکیاڤێلی دوو هەلبژاردەی یەکەم بە باشتردادەنێ.

لە باسێکی دیکەی ماکیاڤێلی لە "میرنشینە نوێکان"دا، دەسەلاّتدار لەوە دەگێرێتەوە و دەلّێ: "دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە خووخدەی خەلّک بگۆڕە، هەرەکوو چۆن هاندانی خەلّک سانایە، راگرتنیان بەم پالّنەرانە ئەستەمە، بۆیە ئەگەر گەلێک بڕوای بە حکومەتی خۆی نەبوو، دەبێ بە زۆری بڕوای پێ بهێنرێ". بە بڕوای ماکیاڤێلی ئەو داگیرکەرەی کە ولاّتێک داگیر دەکا، دەبێ دەستبەجێ زەبرەێکی وا بوەشێنێ کە پێویست بەوە نەکا، هەموو رۆژێک زەبرەکان دووپات بنەوە، بەلّکوو بەکۆتایی هێنان بە زەبرەکان، خەلّکەکە دلّنیا بکەی و پاشان بیانکەیە دۆست. قازانج گەیاندن دەبێ بەرەبەرە بێ، تا چاکتر هەست بەچێژەکەی بکرێ".

ترساندنی خەلّک لە رێگای سزاوە، تەنیا یەکێک لەو ئامرازانەیە کە دەسەلاّتدار دەبێ بۆ کۆنترۆلکردنی هاولاّتیەکانی خوی کەلّکی لێ وەرگرێ. پێویستە میر یان پاشا دۆستایەتیی خۆی لەگەلّ گەلی خۆیدا بپارێزێ، دەنا لەرۆژی تەنگانەدا کەسی بەدەورەوە نابێ. سەبارەت بە مێرنیشینەکانی کلیسا، واتە ئەوانەی کە راستەوخۆ لە ژێر دەسەلاّتدارەیتی کلیسادان، ماکیاڤێلی گالّتەیان پێدەکا:.

" حکومەتیی ئەم میرنیشینانە ئاکامی شانس یان ئاکامی لێهاتوویی میرە، بەلاّم ئەو حکومەتە بە بێ ئەوانەش خۆی رادەگرێ ؛ چوونکە دەسەلاّتداری سەرەکیی، یاسا پیرۆزە ئایینیەکانن کە ئەوەندە کاریگەرن کە هەموو کردەکانی میر کۆنترۆل دەکەن و دەسەلاّتی خۆیان بە سەر میردا دەسەپێنن. ئەم میرانە ولاّتێکیان هەیە کە ناپارێزن و خەلّکێکیشان هەیە کە حکومەتیان بەسەردا ناکەن". هێرشە توندەکانی ماکیاڤێلی لێرەو لە شوێنەکانی دیکەشدا بۆ سەر کلیسای رۆما لە بەرئەوە بوو کە کلیسا، ئیتالیای لەبەرامبەر دوژمنە بیانیەکاندا یەکگرتوو نەکردبوو. پێشنیاری ماکیاڤێلی ئەوەیە کە دەبێ کلیسا و حکومەت لەیەکتر جیا بکرێنەوە.

چوونکە حکومەتێکی بەهێز، پێویستی بە سوپایەکی بەهێزە، ماکیاڤێلی کاروباری سەربازی لە پلەی یەکەم دادەنێ و بەشێکی زۆر لە باسەکەی خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. لە سەردەمی ماکیاڤێلیدا، زۆربەی ویلایەتەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، سەربازی بیانیان بەکرێ دەگرت.

ماکیاڤێلی دەڵێ ئەم سوپایە " بێ کەڵک و مەترسیدار"ە و سوپایەک کە کەسەکانی لە هاوولاّتیانی خۆی بێ دڵنیاترو کاریگەرترە. چونکە مانەوەی حکومەت بە هێزی سەربازییەوە بەستراوەتەوە، دەبێ میر بایەخێکی زۆر بەکاروباری سەربازی بدا. ماکیاڤێلی چەند بەش لە کتێبەکەی خۆی بۆ هەڵسووکەوتی میرەکان تەرخانکردووە. بە بڕوای ماکیاڤێلی میر نابێ گوێ بداتە ئەوەی کە بە بەرچاوتەنگی ناوبانگ دەرکا، چوونکە ئەو" ئەوشتەی کە دەیخوا یان هیی خۆیەتی یان هیی هاولاّتیەکانیەتی یان هیی کەسانی دیکەیە... زێدەرۆیی کردن لە خواردنی ماڵی کەسانی دیکەدا رەوایە. چوونکە دەست ئاوەڵاّ بوون لە خواردنی ماڵی خەڵکی دیکەدا (کە بە هۆی داگیر کردنی سەربازییەوە وەدەست هاتووە) لە ناوبانگی میر کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتریشی دەکا. بەلاّم ئەوەی دەبێتە هۆی زیان لێ کەوتن، ئەوەیە کە ماڵی خۆی بە خۆڕایی بە فیڕۆ بدا هیچ شتێک لە زێدەرۆیی کردن زیانبارتر نیە، چوونکە لە کردەوەدا ئەو ئامرازەی کە زێدەرۆیی پێ جێبەجێ دەکرێ، بەرەبەرە لە ناو دەچێ و ئەوکەسەی زێدەرۆیی دەکا هەژار و بێزراو دەبێ، یان بۆ پێشگرتن لە هەژاری چاوچنۆک دەبێ و دەبێزرێ".

میر دەبێ بێ بەزەیی بوون بەیەکێک لەو ئامرازانە بزانێ کە هاولاّتیەکانی خۆی پێ ڕێک بخاو ملکە چیان بکا، "چوونکە ئەوکەسەی بێ سەرەوبەرەیی بە توندی لەنێو دەبا، لە کۆتاییدا دادپەروەرتر و بەبەزەییتر دەبێ لەو کەسەی کە بە هۆی کەمتەرخەمیەوە، شتەکان هەروابە جێ دێڵێ کە دەبێتە هۆی راورووت و خوێن ڕشتن، چوونکە زیانەکەی ولاّت و دەوڵەت دەگرێتەوە، بەلاّم زەبروزەنگی میر تەنیا زیان بەکەسەکان دەگەیەنێ".

ماکیاڤێلی لە بەشێکی بەناوبانگی کتێبەکەیدا دەڵێ: " لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا دڵی خەڵک ڕاگرتن باشترە یان ترس خستنە ناو دڵی خەڵک. رەنگە ئەم پرسیارە وا وەلاّم بدرێتەوە کە رەنگە بتوانین بە نازێک هەردوکیان جێبەجێ بکەین. بەلاّم بەو پێیەی کە خۆشەویستی و ترس لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، ئەگەر پێویست بێ یەکیان هەڵبژێرین، باشتروایە

www.perawipepwle.com

کە خەڵک سەبارەت بە ئیمە هیچ خۆشەویستیەکیان نەبێ و لێمان بترسن. چوونکە بە گشتی خەڵک بەبێ ئەمەگ، لەرزۆک، دووڕوو، دەست بەکڵاوگر، چاوچنۆک و قازانج ویستن و "گیانفیدای ئەو کەسەن کەشتێکیان لێی دەست دەکەوێ" و ئەو کاتەی کە هەڕەشەو مەترسیەک لە ئارادا نیە، ئامادەن گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان پێشکەش بکەن و کاتی پێویستیشدا پشتمان تێدەکەن و ڕوو وەردەگێڕن.

هیچ کام لەبەشەکانی کتێبی"میر" بەقەد بەشی هەژدەهەم کە سەبارەت بە ئایینە، نەکەووتوونەتە بەر هێرش. ئەو خراپ تێگەیشتن و خوێندنەوە نابەجێیانەش کە سەبارەت بە ماکیاڤێلی لە ئارادان، زیاتر لە هەموو بە شەکانی نێو ئەم کتێبە، لەم بەشە سەرچاوەدەگرن. لێرەدا ماکیاڤێلی دان بەوەدا دەنێ کە بیروبڕوا شتێکی پیرۆزوبەجێیە، بەڵام فیل و تەڵەکە و دووڕوویی و شایەتی دانی بە درۆ و درۆ کردن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی پێویست و رەوان. ماکیاڤێلی پێیوایە مەرجی سەرەکیی ئەوەیە کە میر نەهێڵێ بکەوێتەوە بەر رق و تووڕەیی خەڵکەوە. ئەو باسی دوو هۆکار دەکا کە دەبیتە هۆی ئەوەی میر بکەوێتە بەر ڕق و بێزاری:

" یەکیان ئەوەی کە چاوچنۆک بێ، و ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە دەست درێژی بکاتە سەر گیانی و شەرەفی رەعیەتەکان... مێرێک کە واز وازی و ناپیاو و بێ ورە و لەرزۆک بێ، دەبێزرێ". روانگەی ماکیاڤێلیزم کە رێگایەکی نوێی لە فەلسەفەی زانستیدا کردۆتەوە، ئێستاش لە پاش تێپەرینی چەندە سەدە، بەلای شارەزایانی دونیای سیاسەتەوە، سەرنجڕاکێشە.

مالتۆسیانیزم *Maltusianism*

مالتۆسیانیزم یان تیۆری دانیشتوانی مالتۆس، لە نێوی کەسایەتیەکی ئایینی مەسیحی بەریتانی بە نێوی مالتۆس وەرگیراوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ و سەرەتاکانی سەدەی ١٩دا دەژیا. تۆماس رۆبێرت مالتۆس تیۆرەکەی خۆی لەوتارێکدا (کە ناوی نووسەری لە سەرنەبوو) لە ساڵی ١٧٨٩دا بلاو کردەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٠٢دا بە پێدا چوونەوەیەک بە نیورۆکی کتێبەکەدا، بە نێوی خۆی بلاوی کردەوە. تیۆری مالتۆس لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە: رێژەی دانیشتوانی مرۆڤ لەچاو پێداویستیەکانی ژیان خێراتر بەرز دەبێتەوە؛ ژمارەی دانیشتوان بە شیوەی دوو هێندە (دوو بەرامبەر) بەرز دەبێتەوە. (١و٢و٤و٨و١٦و٣٢و٩٦.........) لە حاڵێکدا کە پێداویستیەکانی ژیان بە

شێوەی یەک لە دوای یەک بەرزدەبنە (١و٢و٣و٤و٥و٦و٧)، بۆیە ئەگەر پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان نەگرین، مرۆڤ تووشی ڕۆژڕەشی و بەش مەینەتی دەبێ. ئەگەر بە شێوەی سروشتی پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان نەگرین، هۆکارەکانی برسیەتی، شەڕ و نەخۆشی دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان. ڕەخنەی سەرەکی تیۆری مالتۆس ڕوانگە ڕەش بینانەکەی ئەم تیۆرەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی پێش بە ئاستی خۆشگوزەرانی تاکەکەسیی لە جیهانی سێهەمدا بگرێ. هەروەها تیۆری مالتۆس یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕ سەبارەت بە شەڕ ناسیە.

Manifest

مانیفێست

مانیفێست لە زاراوەی لاتینی ManiFestus وەرگیراوە. مانیفێست لە واتا سیاسییەکەیدا، ڕاگەیەنراوێکە کە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و هەڵوێستی سیاسی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. ڕاگەیەنراوی سەرۆکی وڵاتان یان کاربەدەستە پایە بەرزەکانی وڵات کە سەبارەت بە ڕووداوە گرنگە سیاسییەکانی وڵات و جیهان بێ و یان پێوەندی بە چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە بێ، مانیفێستی پێ دەگوترێ. یەکەمین بەرنامەی کۆمۆنیستیەکان کە لە لایەن کارڵ مارکس و ئەنگێلزەوە نووسراوە و لە ساڵی ١٨٤٨دا بڵاو بۆوە، مانیفێستی کۆمۆنیستیەکانی پێ دەگوترێ.

Golden Crescent

مانگی ئاڵتوونیی

بە ناوچەیەکی ئاسیا دەگوترێ کە بۆ ئاودیوکردنی مادده سڕکەرەکان کەڵکی لێ وەردەگرن.

ناوچەی مانگی ئاڵتوونی بەشێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان و باکووری ڕۆژئاوای پاکستان دەگرێتەوە. ئەم ناوچەیە جێگەی " سێ کوچکەی ئاڵتوونی " گرتەوە.

مووساد Mossad

دەزگای هەواڵگری حکومەتی ئیسرائیلە. کورتکراوەی ئەم رستە ئینگلیزییە:

Ha Mossad Le Modeinve Tafkidim Meyuhadim

کە بە واتای دەزگای سیخوڕی و ئەرکە تایبەتیەکانە. ئەم دەزگایە وەکوو دەزگایەکی سیخوری چالاک و کاریگەر لە دونیادا بەناوبانگە و ئەم ناوبانگەش زیاتر رەنگدانەوەی کردەوە توندوتیژەکانی مووسادە. بە بەروارد لەگەڵ دەزگا سیخورییەکانی دیکەی رۆژئاوا، مووساد بە هۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی کە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل هەیەتی، جیاوازە. لە دوای دامەزرانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ و تەریک کەوتنەوەی هەرچی زیاتری ئەم حکومەتە، هەست بە هەبوونی رێکخراوێکی نهێنی دەکرا، بۆ ئەوەی حکومەتی ئیسرائیل بتوانێ پێوەندییە سیاسی و بازرگانیەکان، جولەکانی راهێنان و کاروباری سەربازی کۆنترۆل بکا. و رێبەرایەتیی کردەوەی بۆمب دانانەوە و تیرۆری نەیاران لەدەرەوەی وڵات بکا و سەبارت بە نەیارانیش زانیاری کۆ بکاتەوە. مووساد، تاپێش شەڕی دووهەمی جیهانی ـ ئەوکاتەی کە فەلەستین لە ژێر سەرپەرەستیاری بەریتانیادا بوو ــــ بەدزیەوە جولەکەکانی بۆ فەلەستین دەهینان. ئەو تۆڕانەی کەئەم رێکخراوە بۆ ئاسانکاری کۆچی جوولەکان لە سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵاتدا پێکیهێنابوون، رژێمی ئیسرائیلیان خستەناو هەلومەرجێکی لە بار. مووساد تەنیا لەبەرامبەر سەرۆک وەزیر (دەیڤید بین گۆریون) وەڵامدەر بوو، ئامان (رێکخراوی هەواڵگری سوپا) شین بێت (رێکخراوی دژە هەواڵگری کە ئیستا بە شاباک ناسراوە) لەم ماوەدا سەر بە مووساد بوون.

مووساد لە راکێشانی کەسە بە ئەزموونەکانی رێکخراوە زایۆنیستیەکان و تێرۆریستیەکانی ئیرگۆن و ئیشترێن و هەروەها لە باڵی هەواڵگری شای لە هاگانادا سەرکەوتوو بوو و خێرا بوو بە رێکخراوێکی تۆقێنەر وزۆری پێ نەچوو کە لەلایەن رێکخراوی دژە تیرۆریستی فەڕەنسا و C.I.A ئەمەریکاوە یارمەتی درا.

لە سەرەتای شەڕی سارد لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠وە، مووساد پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ C.I.Aدا هەبوو. هەرچەندە لەو کاتەدا ئەمەریکا وەکوو "یەکێک لە پشتیوانانی رۆژئاوا لە نێو عەرەبەکان دا" چاوی لە جەمال عەبدوالناسر دەکرد. سیا و مووساد لە زۆر پیلانی

هاوبەشدا بەشداریان کرد. بۆ وێنە دامەزراندن و ڕاهێنانی پۆلیسیی نهێنی شای ئێران بە ناوی ساواک. ئەم دوو ڕێکخراوە لە سەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە ئەو زانیاریانەی دەگەنە موساد، بگەیەنرێتە سیادا. ئەمەریکا بۆیە لەگەڵ موساد پێکهات، چوونکە ئەم ڕێکخراوە تۆڕێکی بەربڵاوی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا هەبوو. ئەمەریکا بەتەمای سیاسەتی " ئاستەنگ نانەنەوە" لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەت دابوو و سەرۆکەکانی ڕێکخستنە دژە زانیارییەکان، بە تایبەتی جیمز ئینگلتن دەیانەویست لەم تۆڕانە کەڵک وەرگرن.

ئینگلتن دیارترین کەسایەتیی موساد لە ناو سیادا بوو و لە دوای نەمانی ئەو لە ساڵی ١٩٤٧دا، پێوەندی موساد و سیا سارد بۆوە. بەڵام هاوکارییە هەواڵگرییەکان لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا، بە قازانجی دوولایەن نەبوو. ڕووداوەکانی وەکوو هێرشکردنە سەرکارخانەکانی ئەمەریکا لە خاکی میسر و داگیرکردنی بیابانی سینا و هێڵی غەززە لە ماوەی شەڕەکانی ١٩٥٦دا، تارادەیەک نیشانەی سەربەخۆیی کردەوەکانی ئیسرائیل بوون. بێ گومان ئەگەر سیا بەم بەرنامانەی مووسادی زانیبا، پێشی بەم بەرنامانە دەگرت. بەڵام پێوەندی نێوان سیا و مووساد هەروا بەردەوام بوو و ئیسرائیل لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا، نزیکەی ٨٠ میلیۆن دۆلاری لە سیا بۆ پیلان گێران لە ئەفریقیادا وەرگرت، چوونکە دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ خۆی نەیدەتوانی بە شێوەی ڕاستەو خۆ یارمەتی ماددی بە ئیسرائیل بدا.

لە ساڵی ١٩٦٣دا، ئیترهارێل ـ دارێژەری پیلانی ڕفاندنی ئایشمەن لە ئەمەریکای باشوورـ دەستی لە کار کێشاوە و میر ئامێت بوو بە جێگری. هرێل لەگەڵ بۆن گۆریۆن سەبارەت بە تیرۆری زانا ئەڵمانیەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە کە لە دروستکردنی مووشەکە دوورهاوێژەکانی میسردا کاریان دەکرد، لێی بوو بە کێشە. تا ئەو کاتە ئامێت سەرۆکی "ئامان" بوو و لە کاتی سەرۆکایەتیی ئەودا بەرنامەی مووساد گۆڕانی بە سەرداهات و زیاتر لە سەر تەکنەلۆژیا و هاوکاری پتەوتر لەگەڵ ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی دیکەدا پێداگری دەکرا. بەرپرسیارەتیەکی زیاتر بە ڕێکخراوی "ئامان" ئەسپێردرا و ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە سوپای میسر و بەرپرسانی هێزی ئەڵمانیا و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بنکە سەربازییەکان لە شەڕەکانی ١٩٦٧دا بە هاوکاری مووساد خرایە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوە. ئامیت چوو بۆ واشینگتۆن و پشتیوانی دەوڵەتی ئەمەریکای بۆ هێرشێکی لە ناکاو بوسەر میسر لە ساڵی ١٩٦٧دا ڕاکێشا. سیا هاوکاری ئیسرائیلی کرد و پێشی

بە نارەزایەتیی دەوڵەتی ئەمریکاش سەبارەت بە داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە خاکی ئوردون و سوریا گرت. ئامیتە ماوەیەکی کەم دوایی ئەم رووداوە دەستی لە کار کێشایەوەو بەرێوبردنی کۆمپانیایەکی گەورەی پیشەسازی و نێوەدوڵەتی بە نێوی "کور"ی لە ئەستۆ گرت کە بە نهێنی لە کردەوەکانی مووساددا بەشداری دەکرد. زێڤی زامیر، جێگری ئامیت بوو.

بە هۆی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٧ەوە، ئیسرائیل پێوەندییەکانی خۆی لە ئەفریقادا لە دەست دا. زامیر پێوەندییەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ ئەفەریقیای باشووردا دامەزراندو موساد خەریکی کردەوەی نهێنی سیاسی لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەفریقیادا بوو. هاوکاریکردنی جیایی خوازانی باشوری سوودان لە لایەن مووسادەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا، بوو بە هۆی رووخاندنی سەرۆک کۆماری ئانگۆلا، میلتۆن ئۆبوتە لەلایەن عەیدی ئەمنیە. سیاو دەزگای هەواڵگری بەریتانیا پشتیوانیان لەم پیلانە کرد. بەڵام لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگدا ئەمنی پشتی لە پشتیوانەکانی کردو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا پێوەندی دامەزراند. ئەم هەنگاوەی ئەمنی بووە هۆی ئەوەی کە پێوەندی ئیسرائیل و ئەفریقیای باشوور گەرم و گوڕتر بێ.بڕیاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر پەرپێدانی تەکنەلۆژیای ناوەکی، مووسادی زیاتر چالاکتر کرد. راسپێردراوەکانی مووساد لە ساڵی ١٩٦٨، فرۆکەیەکی بارهەڵگری یورانیۆمیان بۆ سووتەمەنیی رئاکتۆرەکانی ئیسرائیل لە دێمونا لە بیابانی "نفۆ"دا، رفاند. ئیسرائیل تەنانەت هەوڵی دا بەرنامەی ناوەکیی عەرەبەکان تێک بدا بۆ ئەوەی هیچ کام لە وڵاتانی عەرەبی . چەند ساڵ لەومەوپێش گرووپێکی مووساد هێرشیان کردە سەر کۆمپانیای T.N.A.M لە باشووری فەرەنسا و زیانیان بەو دوو رئاکتۆرە گەیاند کە کە خەریک بوو بۆ عێراق بەرێ بکرێن، کە بوو بە هۆی وەداوکەوتنی ناردنی ئەم دوو رئاکتورە بۆ عێراق.

مووساد لە بەرامبەر دوژمناندا، لە تیۆری "دوژمنی من، دۆستی منە" پێرەوی دەکرد. بۆ وێنە هەر لە دوای ئەوەی رژێمی پاشایەتیی عێراق بە هۆی کودەتای سەربازی ١٩٥٨ەوە رووخا، مووساد بە ناردنی راوێژکارە پایەبەرزەکان و ناردنی کەرەسە، هاوکاریی کوردەکانی عێراقی کرد و هێندێک لە کوردەکان لە فەلەستیندا مەشقیان پێ دەکرا. کوردەکان لە لایەن سیاو ساواکیشەوە یارمەتی دران، بەڵام کاتێک کە لە شوباتی ١٩٧٥دا، ئێران و عێراق لە سەر کێشەی سنووری لەگەڵ یەک رێککەوتن، مووساد و رێکخراوە سیخوڕییەکانی دیکە پشتیان لە کوردەکان کرد و شورشی کوردەکان زەبرێکی کاریگەری لێکەوت.

www.perawipepwle.com

ئەگەرچی کڕین و فرۆشتنی چەک و چۆڵ لە ئاستی بەرفراواندا بە نهێنی نامێنێتەوە، بەڵام ئیسرائیل قازانجێکی بەرچاو لەم وتووێژە نهێنیانە وەدەست دێنێ. مووساد بەشێکی تایبەتیی لەم بوارەدا هەیە و پێشنیاری فرۆشی چەک وچۆڵ بە دەوڵەتەکان دەکا. ئەم ڕێکخراوە هەروەها کۆمەڵێک کەسیی لە ئاستی سەرەوەو لە پیشەسازییە فرۆکەوانی و سەربازییەکانی ئیسرائیلدا هەیە. نیۆیۆرک، لەندەن و برۆکسێل، کۆمپانیا یاریدەرەکانی پیشەسازی کور (تاتاریران، ئیسکوو تامکۆر) بنکەی "هەواڵگر"یان هەیە و بەشێکی زۆر لە چەک وچۆڵەکان ئاراستە دەکەن. بەڵام لە ناو هەموو کردەوە نهێنیەکانی مووساددا، بەناوبانگترینیان بەرەنگاریکردنەوە لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریدەری فەلەستین لە کۆتایی ساڵەکانی ۱۹۷۰ دایە.

تیرۆری فەلەستینەیەکان یەکێک لە کردەوەکانی مووسادە بە تایبەتی لە دوای کوشتنی وەرزشکارەکانی رژێمی ئیسرائیل لە ئۆلەمپیکی ۱۹۷۲، کە دوازدە کەس لە ڕیبەرانی فەلەستین بە گەڵاڵە دارێژی ئەم کردەوە ناسران و ناویان چووە ناولیستی ڕەشی مەرگەوە. ئەگەر ئامانجەکە لە ئەورووپادا بوو، مووساد کۆمەڵێک کەسی بە شێوەی گرووپی ٥ کەسی ڕێکدەخست و ئەگەر ئامانجەکەش لە لوبناندا بوایە، هێندێک گرووپی تایبەتی دەناردن کە لەژێر چاوەدێری مووسادا، ئەرکەکانیان بەرێوە دەبردن.

چەندین کەس لە بەرپرسانی بزووتنەوەی رزگاریدەری فەلەستین بوونە قووربانیی و چەند کەسی دیکەش بە خۆیان و ترۆمبیلەکانیانەوە تەقانەوە. نووسینگەی بەرەی جەماوەری بۆ رزگاری فەلەستین لە بەیروتدا بەمەبەستی چەواشەکردنی بیروڕای گشتی درایە بەر هێرشی مووشەکەکانی رووسیا تا بێ متمانەی بکەن. دوازدەهەمین ئامانج، عەلی سەلامە لە ساڵی ۱۹۷۹دا، لە دوای ئەوەی لەچەند پەلامار رزگاری بوو، کوژرا. مووساد جگە لە پووچەڵکردنەوەی چالاکی و تێکوشانی فەلەستینیەکان ،ئەو دیپلۆماتە نێودەوڵەتیانەش ئازار دەدا کەمافی خودموختاریی فەلەستینییەکان بەرەسمیی دەناسن بۆ وێنە لە ساڵی ۱۹۷۹دا، مووساد لە دژی ئەندرۆ یانگ، باڵوێزی ئەمەریکا لە un ، پیلانی دارشت، چوونکە یانگ بە نوێنەری رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستینی گوتبوو کە حەزدەکا بە نهێنی لە میوانیەکدا کە لایەنێکی سێهەم وەرێی خستبێ، بەشداری بکا.

قسەکانی تەلەفۆنی نوێنەرانی رزگاریدەری فەلەستین و ئەندرۆ یانگ گەیشتنە گۆڤاری نیوزڤیک. یانگ لە سەرکارلادرا و وتووێژکردن لەگەڵ بەرەی رزگاریدەری فەلەستین لە بیرکرا. یەکێکی دیکە لە تاکتیکەکانی بەرەنگاری مووساد لە دژی فەلەستینیەکان، رۆڵی ئەم رێکخراوە لە چەکدارکردنی میلیشیاکانی مەسیحی لوبنان لە لایەن ئیسرائیلدا بوو. لەو کاتەوە کەرێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا مۆر کراوە، هاوکاری نێوان دەزگای موخابەراتی میسر و مووساد گەرم بووە، بە تایبەت لە دژی فەلەستینیەکان. پێگەی مووساد لە ناو فەلەستیندا لە ساڵی ١٩٧٣ کە بە هۆی کێبەرکێکردن لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی دیکە نەیتوانی شەڕی تشرینی یەکەم پێش بینی بکا، زۆر دابەزیوە. هەموو دەزگا سیخوڕییەکانی ئیسرائیل چوونکە نەیانتوانیبوو راپۆرتی بێ هەڵە سەبارەت بە گەلاڵەکانی شەڕی میسر و سوریا بدەن، کەوتنە بەر رەخنە.

مەک کارتیزم *Mc Carthyism*

لە ناوی ژوزێف مەک کارتی، سیناتۆری ئەمەریکی وەرگیراوە کە لە گەرمەی شەڕی سارددا، سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی لقی لێکۆڵینەوەی دامەزراوە دەوڵەتیەکانی ئەمەریکای کە لە ساڵی ١٩٥١ دا دامەزرا بوو، لە ئەستۆدا بوو. مەک کارتی بە بیانووی دژایەتیکردن لەگەڵ کۆمۆنیزمدا، بە شێوەیەکی توندو تیژانە لایەنگرانی کۆمۆنیزم و رێکخراوە چەپەکانی سەرکوت دەکرد. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠دا کە شەڕی سارد نیشتەوە وبواری بۆ خۆش بوونی پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت رەخسا، سیاسەتەکانی مەک کارتیزمیش بەرەو نەمان رۆیشتین.

نەتەوە *Nation*

دەوڵەتیی نەتەوەیی گرنگترین یەکەی ژیانی سیاسی لە جیهان دایە. لە رابردوودا، ئیمپراتۆرییەکان، هۆزەکان و دەوڵەت ـ شارەکان یەکە بنەڕەتیەکانی ژیانی سیاسی بوون. بەڵام نەتەوە لە چاو چەمکەکانی شار و هۆزدا وەکوو یەکەیەکی سیاسی، چەمکێکی ئاڵۆزترەو سەبارەت بە توخمە پێکهێنەرەکانی جیاوازی بیروبۆچوون هەیە. بە رای تیۆری داڕێژان، توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە لەو فاکتەرانەپێکهاتوون: هەبوونی رێکخراوێکی سیاسی، کولتوور و زمانی

هاوبەش، رابردووی مێژوویی هاوبەش و...هتد. شۆڕشی فەڕەنسا، سەرچاوەی یەکێک لە ڕوانگەکان سەبارەت بە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیە. بەپێی نەریتی هزریی شۆڕشی فەڕەنسا، تایبەتمەندی سەرەکی نەتەوە یەکیەتیی کولتووری، زمانی یان ئەتنی نیە، بەڵکوو تایبەتمەندیی سەرەکی، یەکیەتیی ڕێکخراوی سیاسییە. یەکێک لە شۆڕشگێرەکانی فەڕەنسا دەڵێ: " نەتەوە کۆمەڵێک کەسن کە لە ژێر دەسەڵاتی یاسایەکدا دەژین". کەواتە سەرهەڵدانی نەتەوە پێویستی بە سەرهەڵدانی دەوڵەت هەیە و چەمکی دەوڵەت و ڕێکخراوی سیاسی (دەوڵەت) هەم لە بواری لۆژیکی و هەم لە بواری مێژووییەوە، لە نەتەوە گرنگترن.

بەم پێیە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناو ڕێکخستنێکی سیاسی بانتر لە هۆز و ئەتنۆسدا دەژین، یەک نەتەوەن. بە هۆی ئەم ڕێکخستنەوە بەرژەوەندییەکی هاوبەش دێتە ئاراوە و، هەست کردن بە ئەرک و بەرپرسیاریەتیە نەتەوەییەکان (دەوڵەت _نەتەوەکان) ڕاستیی ئەم لێکدانەوە سیاسییە دەسەلمێنن. لانیکەم ڕێکخستنی سیاسی بەو ڕادەیە لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەییدا کاریگەرە کە ئەتنۆسیتە لە پێکهێنانی دەوڵەتدا هەیەتی. لێکدانەوەی دووهەم؛ خوێندنەوەیەکی کولتوورییە. هێندێک لە نووسەرانی ئەڵمانیا وەکوو نۆڤالیس و فیخته فاکتەری کولتوور و زمان بە هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوە دادەنێن . بە ڕای ئەوان مرۆڤایەتیی بە پێی سروشت لە نێوان نەتەوەکاندا، دابەش بووە.

تایبەتمەندی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی، زمانە کە نەریت، ڕەمز، ئەفسانە، مێژوو و کلتووری هاوبەشی ئەتنۆسەکان لە خۆ دەگرێ. بە واتایەکی دیکە بەپێی ئەم لێکدانەوە شوناسی نەتەوەیی، سروشتی، زاتی و بەردەوامە. دیارە لێرەدا "نەتەوە" لەگەڵ "ئەتنۆس"دا تێکەڵاو بووە ورەنگە لە ناو دەوڵەتێکدا، چەند "نەتەوە" هەبن.

لێکدانەوەی سێهەم، خوێندنەوەیەکی تێر و تەسەلتری ئەم چەمکەیە. کە لە ئاستی دوو تیۆری سیاسی و کولتووریی تێدەپەڕێ و لە هەمان حاڵدا تایبەتمەندیی هەردووکیشیان پێکەوە دەپارێزی. بە پێی لێکدانەوەی سێهەم تایبەتمەندی نەتەوە لە شوناسی ئەتنی و کولتوورییەکەیدا نیە، بۆ گەشەکردنی شوناسی ئەتنی، تایبەتمەندییە کولتوورییەکان پێویستن، بەڵام شوناسی نەتەوەیی شتێکی زیاتر لە شوناسی ئەتنی ـــــ کولتوورییە و هەبوونی چەند ئەتنۆسیتەی جیاواز لە ناو دەوڵەتێکدا نابێ ببێتە ئاستەنگ لە بەرامبەر پێکهێنانی شوناسی نەتەوەییدا. لە لێکدانەوەی کولتووریی

نەتەوەکاندا زۆر لە فاکتەرە کاریگەرە مێژووییەکان لە پێکهێنانی نەتەوەکاندا لە بەر چاو ناگیردرێن. ئەرنێست رۆنان، نووسەری فەرەنسی لەم روانگەوە؛ لێکدانەوەی ئەتنی ـ کولتووریی دەداتە بەر رەخنە. بەرای ئەو هۆکاری پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی، مێژوویەکی هاوبەشی ژان و ئازارە گشتیەکان و بیرەوەرییە هاوبەشە مێژووییەکانە. کەواتە شوناسی نەتەوەیی تەنیا بە پێی، ئەتنۆسیتە، زمان، ولاتی هاوبەش و دەولەت پێک نایا. لە لایەکی دیکەوە مەرجی بنەرەتیی پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی سەرهەلدانی ئیرادەی پێکەوە ژیان کردنە. ئەگەر مێژوو و بیرەوەرییە گشتیەکان و ئیرادەی هاوبەشی خەلک لە ئارادا بێ، سەرەرای جیاوازییە کولتوورییی، ئەتنی و زمانیەکان، نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک دێ.

مودێرنیزم ***Modernism***

بە پرۆسەی رێکخستن و گونجاندنی دامودەزگا نەریتیەکان لەگەل پێشکەوتنی زانست و شاستانیەتدا دەگوترێ، بە بروای ژاک برێک، توێژەرێکی، فەرەنسی "نەمودێرنیزمێکی بێ بنەما و بنچینە و نە نەریت و پاراستنی نەریتێک کە بەکەلکی داهاتوو نایا".

مودێرنیتە ***Modernity (Modernité)***

دژایەتیی نێوان کۆن و نوێیە کە لە دوای سەدەکانی ناوەراست یان لە رێنێسانسەوە دەستی پێکردووە و لە بنەرەتدا چەمکێکە کە لە زانست، تەکنەلۆجیا، فەلسەفە، هونەر، بیناسازی و بابەتی هاوشێوەی ئەمانەدا دەردەکەوێ. مودێرنیزم و مودێرنیتە جیاوازن. مودێرنیزم ئاسەواری دەرەوەی شارستانیەتی رۆژئاوایە، مودێرنیتە؛ توخمە دەروونیە هزری و فەلسەفیەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایە و خاوەنی کۆمەلێک چەمکی بنەرەتیە کە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆوێنە عەقل کە یاسا و دەولەتی مودێرنی پێ داڕێژراوە.

میترۆپۆل ***Métropole***

میترۆپۆل لە زاراوەی یۆنانی Meter بە واتای دایک و Polis بە واتای شار وەرگیراوە. لە یۆنانی کۆندا، لە بەرامبەر شارە کۆلۆنیەکاندا، بەو شارانەی کە لە بنەرەتدا، یۆنانی بوون، میترۆپۆل یان شاری دایکیان (دایکی شار) پێ دەگوترا. بۆ وێنە شاری ئەسینا لە بەرامبەر شارە کۆلۆنی نشینەکانی لێواری دەریای رەش، میترۆپۆل بوو. ئەم زاراوە هەروەها بە شارێک

دەگوترێ کە ناوەندی چالاکیەکی تایەتی بێ یان ناوەندی قەشەی گەورە و دامودەزگا ئیدارییەکەی قەشە بێ. ئەمرۆکە لە زانستە کۆمەلأیەتیەکاندا، میترۆپۆل بەو شارانە دەگوترێ کە رێژەی دانیشتوانەکانیان دەگاتە زیاتر لە ٧ میلیۆن کەس. لە قامووسی سیاسیدا میترۆپۆل بە ولأتێکی ئەمپریالیستی دەگوترێ کە خاوەنی کۆلۆنیە. ئەم مۆنۆپۆلانە بە یارمەتیی هێزە دەولەمەندە ماددی و پیشەسازییەکان، قازانجێکی زۆر لە راورووت و چەوسانەوەی کۆلۆنیەکان وەدەست دێنن. سەرمایە گوزاری میترۆپۆلەکان لە کۆلۆنیەکاندا بەهۆی هێزی کاری هەرزان، دەولەمەندیی سەرچاوە سروشتیەکان و هەرزان بوونی کەرەسە خاوەکان، قازانجێکی زۆر پاشەکەوت دەکا. بە هۆی تالأنکردنی ئاشکرای ئەم ولأتانە و سامانە نیشتمانیەکان، ولأتانی کۆلۆنی دەبنە بەرهەمهێنی کەرەسە خاوەکانی میترۆپۆل.

www.perawipepwle.com

ن

ن

Quasi - Dem'cracies

نیمچە دێموکراسی

نیمچەدێموکراسیەکان لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا پێکهاتوون. لەم سیستەمانەدا ژیانی سیاسی نە بە تەواوەتیی دێموکراتیک و نەبە تەواوەتیی

تۆتالیتێرە. ئەم وڵاتانە گیرۆدەی پرۆسەی مودێرنیزاسیۆن و پەرە پێدان و تێپەرین لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیتەن و دەرئەنجامەکانی کێشەی نێوان نەریت و مودێرنیتم پێشگیری لە دامەزراندنی دێموکراسی و تۆتالیتاریزم دەکا. هەروەها پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵگا و کولتووری نەریتی هەڵوەشاوە و پرش وبلاوبوو ناهێڵێ سیستەمێکی سیاسی تەواو مۆدێرن_ چ دێموکراسی و چ توتالیتێر_ دامەزرێ. ئەم وڵاتانە سێ شۆرشی مێژوویان کردۆتە نموونە بۆ رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکانیان: شۆرشی فەرەنسە، شۆرشی پیشەسازی بەریتانیا و شۆرشی رووسیا یان رژێمی یەکیەتیی سۆڤیەت. لە نموونەی سیاسی فەرەنسادا، بیرۆکەی وەکوو: مەشرووتەخوازی، دەستوور، سەرەوەی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و دێموکراسی وەرگیراوە. هەمووی ئەم چەمکانە لەگەڵ سیستەمە سیاسیە خۆجەیەکان (لۆکالی) لە دژایەتیدا بوون هەرچەندە هەرکام لەم سیستەمانە لە رووی ناچارییەوە هێندێک لەم بیرۆکانەیان وەرگرتن و لێکدانێکی سەیروسەمەرەی هزری و سیاسییان هێنایە ئاراوە.

شۆرشی پیشەسازی بۆتە نموونە بۆ رێکخستنی ئابووری زۆربەی وڵاتان بۆ بە پیشەسازی بوون، گەشەی ئابووری و مودێرنیزاسیۆن. ئاشکرایە کە لێکدانی بارودۆخ و هەلومەرجی ئابووری

شۆرشی پیشەسازی و هەلومەرجی سیاسی شۆرشی فەرەنسا، لە بارودۆخی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا زۆر ئەستەمە. شۆرشی رووسیا بە پێداگرتن لەسەر دەوڵەتی بەهێزو قەبەو سانترالیست، بەپێچەوانەی شۆرشی فەرەنسا بوو. کێشەی سەرەکی زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا، پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن (رەها، بورۆکراتی ونوێخواز) بووە. هەرلەبەر ئەمەش نموونەی شۆرشی رووسیا لەم وڵاتانەدا دانەدەمەزرا.

بە گشتی دامەزراندنی دیموکراسی لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا، تووشی کۆسپ و ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە. هێندێک لەو ئاستەنگانە بریتین لە: زاڵبوونی گرووپە ئاریستۆکرات و کۆنەکان کە دیموکراسی بە دژی بەرژەوەندیەکان خۆیان دەزانن، زاڵبوونی بەها رەها کۆنەکان و پتەو بوونی نەریتەکان، درێژەی دەسەڵاتی دامەزراوە کۆنەکان کە دژی دیموکراسین وەکوو دەربارەکان، دامەزراوە ئایینیە بە هێزەکان و سوپاکان، سەرهەڵنەدانی چینی ناوەراستی بازرگانی و پیشەسازی کە ئەمانە زیاتر حەز لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و دیموکراسی دەکەن. قووڵتر بوونی کەلێنە ئەتنی، ئایینی و کولتوورییەکان کە پیش بەریککەوتن و لیک تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی دەگرن، بەپیشەسازی بوون و ئەو پاڵەپەستۆیانەی بەهۆی مۆدێرنیزاسیۆن هاتوونە ئاراوە. لە لایەکی دیکەوە بوار بۆ دامەزراندنی حکوومەتە دەسەڵاتخوازەکانیش رەخساوە. لە ئاکامی تێکەڵاوبوونی ئەم هۆکارانەدا، نیمچە دیموکراسی گەلێکی ناجێگیرتوو لە وڵاتانی لە حاڵی پەرە سەندن دا سەریان هەڵداوە کە لە نێوان ئوتوکراسی، ئۆرلیگاریشی، پۆپۆلیزم، دیموکراسی فۆرمالیتە یان نیمچە دیموکراسی دا لە هەڵبەزدابەز دان.

نیمچە دەوڵەتەکان — *Quasi States*

بۆل (Boll) ئاتسۆن لە کتێبی " پەرەسەندنی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیی، (The Expansion International Society، ١٩٨٤) لەم چەمکە کەڵکی وەرگرت و پاشان روبێرت ئێچ.جەکسۆن(Robert.H.Jack Son ١٩٩٠) پەرەی بەم چەمکەدا. ئەم زاراوەیە ئاماژە بەو دەوڵەتانەی ئاسیا، ئەفەریقیاو ئۆقیانوسیە دەکا کە لەەو بەپێش لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا بوون و بەهۆی پرۆسەی دەرکردنی (سرینەوەی) کۆلۆنیالیزم، سەربەخۆییەکی یاساییان

وەرگرتووە، بەڵام زۆر لە تایبەتمەندییەکانی سەربەخۆیی تاقیکراوەی دەوڵەتێکیان نیە. ئەم دەوڵەتانە خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریین. بەتایبەت لە بواری ئەو ماف و بەرپرسیارەتیەی کە بەهۆی ئەندامەتیی لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییدا هەیانە، بەڵام ئەم دەوڵەتانە خاوەنی ئیرادەی سیاسی، ئۆتۆریتەی ڕێکخراو و دەسەڵاتی ڕێکخراو بۆ پشتیوانیکردن لە مافی مرۆڤ یان بۆ پێکهێنانی خوشگوزەرانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی.(Socio- Economic Welfare) نین. لە ڕاستی دا نیمچەدەوڵەتەکان، تەنیا بە ناو دەوڵەتن. ئەم دەوڵەتانە سەرەڕای ئەوەی بە پێی یاساورێساکانی "تەکووزی"ی نوێی نێودەوڵەتی کە لە دوای ١٩٤٥ەوە دامەزراوەن، نالێهاتوو، ناجێگیرو نامەشرووعن، دەتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. ئەم دەوڵەتانە بە هۆی یاسا نێودەوڵەتیە نوێکانی وەکوو: یاساکانی دژە کۆلۆنیالیستی، مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەوڵەتەکانی ژێردەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی پێشوو و سەروەری ڕەگەزی، تووشی چارەنووسی هەمیشەیی دەوڵەتە بێهێزە هەڵوەشاوەکان نابنەوە.

Protest

نارەزایەتی ڕەسمی

ڕاگەیانراوێکی ڕەسمی حکوومەتێک بە حکوومەتێکی دیکەیە کە ئەو دەوڵەتە لە ڕێگای ئەو ڕاگەیەنراوەوە، نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە کردەوەیەک کە دەوڵەتی بەرامبەر ئەنجامی داوە یان دەیهەوێ ئەنجامی بدا، دەردەبڕێ و، مل نەدانی خۆی لە بەرامبەر ئەو کردەوەو هەروەها ئامادەبوونی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەو کردەوە ڕادەگەیەنێ، هەرجۆرە ئەگەری پێشێلکارییەکی مافەکانی خۆی لە لایەن دەوڵەتی بەرامبەرەوە بە نایاسایی دەزانێ.

ئامانجی نارەزایەتی ڕەسمی بەرەنگاربوونەوەی سیاسی لەگەڵ کردەویەک دایە کە لە لایەن دەوڵەتی هێرشبەرەوە ئەنجام دراوەو، مافەکانی ئەو دەوڵەتەی کە نارەزایەتی دەربڕیوە، پێشێل کردووە.

New Deal

نیۆدیل

زاراوەیەکە کە ئاماژە بە سیاسەتی فرانکلین ڕۆزڤەڵت (سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ١٩٣٣ـ ١٩٤٥) دەکا. ڕۆزڤەڵت ئەم سیاسەتەی لە ساڵی ١٩٣٣دا بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی وڵات داڕشت. ئەو چارەسەرەییە ئابوورییانە تارادەیەک کاریگەری ئەو دابەزینە ئابوورییەی کە لە ساڵی ١٩٢٩ەوە دەستی پێکردبوو، کەمکردەوە، بەڵام بە

تەواوەتیی سەرکەوتوو نەبوو. بۆیە لە ئاکامدا لە ساڵی ۱۹٤۰دا، ئابووری ئەمەریکا جارێکی دیکە وەکوو ئابووری سەردەمی شەڕی لێهاتەوە. ئەم چارەسەرییانە بووژانەوەی بواری پیشەسازی، یارمەتیدانی بواری کشتوکاڵ، نەهێشتنی ترس و نیگەرانی لە بێکاری راستەوخۆ، کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیا گەورەکانی قازانجی گشتی، خانەنشین کردنی پیرەکان و بیمەی بێکاری لە خۆدەگرت.

نەهیلیزم — *Nihilism*

نەهیلیزم لە وشەی لاتینی Nihil بە واتای هیچ وەرگیراوە. ئەم وشە هاوواتای وشەی Rien لە زمانی فەرەنسی و Nothing لە زمانی ئینگلیزی دایە. نەهیلیزم بیروباوەڕێکە کە ئەوشتانەی بەسەر بیرو هزری مرۆڤدا دەسەپێن رەت دەکاتەوە. ئەم رەتکردنەوە هەم لە بواری فەلسەفی واتە بۆ چیەکان و چۆنیەتەکان دانی پێدانراوە و هەم لەروانگە کۆمەڵایەتیەکانەوە وئەو رێککەوتننامە داسەپاوانە دەگرێتەوە کەلە بنەڕەت دا نەهیلیزم رەتیان دەکاتەوە.

فەلسەفەی نەهیلیزم لە یۆنانی کۆن و لە سەردەمی پێش لە سوقراتیشدا هەبووە و رەتکردنەوەی بوون و رۆح و سامان و یاسا و ماف و هەموو شتەکانی تری دەگرتەوە. بەڵام لە سەدە هاوچەرخەکاندا لە رووسیای تیزاریدا بوو بە نیوی رێبازێکی کۆمەڵایەتیی کە دەسەڵاتی دەوڵەت و نادەوڵەتیی رەت دەکردەوە و پاشان بوو بە بیرێکی شۆڕشگێڕانە کە ئامانجەکەی دارماندنی هەموو دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانی وڵات بە دەوڵەت وشتەکانی دیکەشەوە بوو. نەهیلیزم بە واتا بەرفراوانەکەی هەموو ئەو کردەوە یان پروپاگەندانە دەگرێتەوە کە تێکەڵاوی تۆڕەیی و سەرهەڵدان و توندوتیژین. لە رووسیای پاش ساڵی ۱۸۷۸ ئەم زاراوە سەبارەت بە ئانارشی و تیرۆریستەکان کەڵکی لێ وەردەگیردراو هێندێک جاریش بەواتای لە خۆ بوردووی و بایەخ دان بە جیهانی ماددیش کەڵکی لێ وەردەگیردرێ . باکونین دامەزرێنەری نەهیلیزم لە رووسیادایە (۱۸۷٦_۱۸۱٤).

نیپۆتیزم / خزم خزمێنە — *Nepotism*

لە وشەی ئیتاڵیNepotismo بە واتای "لایەنگری کردن لە ئامۆزاکان" وەرگیراوە. سەرچاوە کۆنترەکانی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی Népos یانNepotis بەواتای "نەوە".

www.perawipepwle.com

لە سیاسەتدا نیپۆتیزم بە واتای ئەوەیە کە خزم و نزیکانی خۆت دامەزرێنی و کاریان پێ بسپێری. یان ئیمتیازیان پێ بدەی یان پشتیوانی لە خزم و کەسەکانت بکەی بۆ وەرگرتنی پۆستێکی سیاسی.

Nasserism

ناسریزم

ناسریزم، ئاماژە بە رێبازە حکومەتیەکانی جەمال عەبدولناسر، سەرۆک کۆماری پێشووی میسر دەکا. ناسریزم لایەنی جیاوازی هەن. بە لای دەوڵەتانی رۆژئاواوە، ناسریزم بریتیە لە رێبازێکی دژە چەوسانەوەی رادیکاڵ، شۆرشێکی داگیرکارانە لە جیهانی عەرەب و ئەفریقیا و هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی عەرەبیە. بەلای هێزە کۆنەپەرستەکانی وڵاتە عەرەبیەکان، ناسریزم پیلانێکە بۆ رووخاندنی رژێمە عەرەبەکان و بۆ دامەزراندنی رژێمێکی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی. بەلای هێزە عەربە شۆرشگێرەکان، ناسریزم سەرچاوەی هیوایە، چوونکە ئەم هێزانە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم رێبازە یەکێک لەو رێبازە دەگمەنانەیە کە رەسەنایەتیەکی شۆرشگێرانەی هەیە و لە هێندێک بواردا سەرچاوەی سەرلێشواویشە، چوونکە پێیان وایە وەڵامی بەجێ بە داواکارییەکانیان ناداتەوە. هێندێک لە شارەزایانی رۆژهەڵاتی نێوەراست، ناسریزم بە ئاراستەیەکی سەربازی و تەنانەت میلیتارسیتیشی دادەنێن.

لە بەرامبەردا، نەیارانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کە لە ساڵی ١٩٥٢ دا، رێکخراوێکی سیاسی بە نێوی کومیتەی ئەفسەرە ئازادەکان دەسەڵاتی گرتەدەست نەک سوپا. ئامانجی سەرەتایی ئەم کومیتەش بریتی بوو لە دامەزراندنی حکومەتێکی جەماوەری لە شێوەی کۆماری بەکەڵک وەرگرتن لە هێزی شورشگێرانە و لە هەمان حاڵدا سرینەوەی دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەرەبەگەکان و وەدەرنانی بەریتانیەکان لە خاکی میسر ئامانجی دوایی ئەم کومیتە بوو. ئەم دوو بەڵگە ئەو رەوتە دەردەخەن کە ناسریزم لە قۆناغی کردەوە هەتا قۆناغی ئایدۆلۆژی پێیاندا تێپەریوە:

١ــ نامیلکەی "فەلسەفەی شۆرش " کە لە سەرەتاکانی شۆرش لە لایەن ناسرەوە نووسراوە .

٢ــ بەڵێننامەی نیشتمانی کە لە ٣٠ حوزیرانی ١٩٦٢ بەپێی گەڵاڵەی پێشنیاری ناسر، لە لایەن کۆنگرەی نیشتمانیی هێزە جەماوەرییەکانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی پەسند کراو راگەیەنرا. ناسریزم لە بەرەنگاری کردنەوە لەگەڵ حیزبی بەعسدا، چەند قۆناغی جیاوازی لە هاوکاری سیاسییەوە بگرە هەتا مشتومری گرژو ئاڵۆزی تێپەراندووە:

بەعسی سووریا لە وتووێژەکانی ١٤ی ئازار تا ١٧ی نیسانی ١٩٦٣، لایەنگری ئەم بیروبۆچوونە بوو کە: " شۆڕشی میسر دەسکەوتی تاقمێکی هەڵبژاردە (ئیلیت)یە کە بیروبۆچوونەکانی خۆی سەپاندووە ولەسەرەتاشدا لە لایەن جەماوەرەوە پشتیوانی لێ نەکراوە و جگە لە کۆنەپەرستان، هیچ هێزێکی دیکە لە دژیان ڕانەوەستاوە. لە حاڵێکدا کە لە سووریادا هەموو شتێک لەگەڵەوە سەرچاوە دەگرێ و هەر ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو بزووتنەوەیە کەیەکیان لە سەرەوەڕا و ئەوی دیکەشیان لە خوارەوەڕا ڕێبەرایەتی دەکرێ کە بۆتە هۆی لێک تێ نەگەیشتن لە یەکتر، لە ڕاستیدا بەعس لەوە دەترسا کە شۆڕشی عەرەب بچێتە ژێر کاریگەری ئیداری میسرەوە. لە بەرامبەردا ناسریزمیش پێیوابوو کە بەعس هیچ بنەمایەکی تیۆری گشتیی نیە کە ئایدۆلۆژی بەعس ڕوون بکاتەوە و لە ڕاستیدا بەعس شتێکی زیاتر لە دروشمێک نیە: یەکیەتیی، ئازادی و سۆسیالیزم.

نازیسم *Nazism*

زاراوەیەکە کە زیاتر بۆ تیۆرەکان و شێوازی حکوومەتیی ئەڵمانیا لە سەردەمی ئادۆلف هیتلەر کەڵکی لێ وەدەگیردرێ و، هێندێک جاریش بە هاوواتای فاشیزم و تیۆرە هاوشێوەکانی لە وڵاتانی دیکەی جیهان کەڵکی لێ وەردەگرن. زاراوەی نازی کورتکراوەی National (Sozialialistische"Deutsche Arbeiter Partie) (حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیا)یە. ئەم حیزبە کە لە دوای شەڕی یەکەمیی جیهانی دامەزرا، لە ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ دەسەڵاتی ئەڵمانیای بەدەستەوە بوو.

فەلسەفەی نازیسم:

بنەما تیۆرییەکانی ئەم حیزبە تێکەڵاوێک لە فاشیزمی ئیتالیا، بیروڕای ناسیۆنالیستی کۆنی ئەڵمانیا و تیۆرییە ڕەگەزەییەکان و نەریتەکانی سەربازی پرۆس بوو. بەرنامەی ئەم بزاڤە پێکهێنانی ئەڵمانێکی بەهێزی میلیتاریستی بوو کە سنوورەکانی پەرە پێبدا و یەکیەتیی نیشتمانی ناوچە ئەڵمانی نشینەکان دابین بکا. شێوازی حکومەتی نازیسم دیکتاتۆری تۆتالیتاریزم و کەڵک وەرگرتن لە پروپاگەندە و

سەپاندنی زۆر بوو. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٢٠ لە میونیخدا دامەزرا. ئەم حیزبە لە ٢٥ شوباتی ١٩٢٥دا، بەرنامە ٢٥ ماددەییەکەی خۆی بەم شێوە راگەیاند:

١ــ ئێمە خوازیاری یەکێتیی هەموو خەڵکی ئەڵمانیاین، بەمەبەستی پێکهێنانی ئەڵمانێکی مەزن لەسەر بنەمای خودموختاری نەتەوەکان.

٢ــ ئێمە خوازیاری مافی یەکسان بۆ نەتەوەی ئەڵمان و نەتەوەکانی دیکە لە بواری پێوەندی و سات و سەودای دوولایەنە و هەروەها هەڵوەشانەوەی رێککەوتننامەکانی ڤێرسای وسەن ژێرمەنین.

٣ــ ئیمە خوازیاری خاک و وڵاتێک لە پێناوی بەرێوە چوون و راهێنانی خەڵکی خۆمان و هەروەها شوێنێکیش بۆ نیشتەجێ کردنی دانیشتوانی نەتەوەی ئەڵمانیاین.

٤ــ هیچ کەسێک، جگە لەوانەی کە نەتەوەی ئەڵمانن، جگەلەوانەی کە خوێنی ئەڵمانی لە دەمارەکانیان دایە، بێ گوێدانە بیروبۆچوونەکانیان، هاووڵاتی ئەم وڵاتە نین. کەواتە هیچ جوولەکەیەک ناتوانێ ئەندامێکی ئەم نەتەوە بێ.

٥ــ هەموو ئەو کەسانەی کە بە هاووڵاتی ئەڵمانیا دانانرێن، دەتوانن وەکوو میوان لەم وڵاتەدا بژینەوە. یاسای تایبەت بە بیانیەکان، سەبارەت بە مانە بەرێوە دەچێ.

٦ــ مافی دەنگدان بە یاساکان یان هەڵبژاردنی رێبەران، تەنیا بە هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە دەدرێ. بۆیە لەم رێگایەوە داوا دەکەین هەموو ئەو کەسانەی کە لە شوێنە جیاوازەکان کاریان پێ دەسپێردرێ، چ لەرایخ و چ لە شوێنە چکۆلەکانی دیکەشدا، هاووڵاتی ئەڵمانیا بن، ئێمە لەگەڵ شێوازی هەڵەو گەندەڵیی پەرلەمان سەبارەت بە ئەسپاردنی پۆستەکان بە هەموو کەسەکان کە تەنیا لە روانگەی بەرژەوەندییە حیزبیەکان و بێ گوێدانە کەسایەتی و لێهاتوویی کەسەکانە، دژایەتی دەکەین .

٧ــ داوا دەکەین کە دەسەڵاتداران، خەریکی گرنگترین ئەرکی خۆیان کە بەهێزکردن و باشترکردنی پێشەسازییەکان و دابینکردنی بژێوی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەیە،بن. لە حاڵێکدا کە بژیوی ژیانی دانیشتوانی ئەم وڵاتە دابین نەکرێ، هاووڵاتیانی بیانی وەدەر دەنرێن.

٨ــ لەمە بەدواوە دەبێ پێش بە کۆچی هەموو کەسانی بیانی بۆ ناو خاکی ئەڵمانیا بگیردرێ. داوا دەکەین کە هەموو ئەوانەی خەڵکی ئەڵمانیا نین و لە رێکەوتی ٢ی مانگی ئابی ١٩١٤ەوە

هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، دەستبەجێ لەرایخی ئەڵمانیا وەدەربنرێن و خاکی ئەم وڵاتە بە جێ بێڵن.

٩ـ داوا دەکەین کە هەموو هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە لە بواری ماف و ئەرکەوە، مافی یەکسانیان هەبێ.

١٠ـ کارکردن و تێکوشانی فیکری و جەستەیی، دەبێ یەکەمین ئەرکی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەبێ و دەبێ کار و تێکۆشانی کەسەکانیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیادا بگونجێ و لە پێناوی باشترکردن و خۆشگوزەرانی ژیانی ئەم نەتەوەدابێ.

١١ـ هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو داهاتانەی کە لە ڕێگای کارو تێکۆشانەوە وەدەست نەهاتوون.

١٢ـ بەسەرنجدان بەوەی کە لە هەمووشەڕێکدا، ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکانی نەتەوە دەبنە قوربانی شەڕ، پێش بە دەوڵەمەندبوونی کەسەکان لەکاتی شەڕدا دەگرین و ئەم کارە بە جینایەتێک لە دژی نەتەوە دادەنێین. داوادەکەین هەموو ئەو سامانانەی لەم ڕێگایەوە وەدەست هاتوون، بەبێ کەمترین بەزەیی پێداهاتنەوە، دەستیان بەسەردابگیردرێ.

١٣ـ ئیمە خوازیاری خۆماڵیکردنی هەموو ئەو شتانەین کە تائیستاش بە شێوەی تراست بەرێوە دەچن.

١٤ـ ئێمە خوازیاری دابەشکردنی قازانجی بازرگانیی لە ناو خەڵک داین.

١٥ـ ئێمە خوازیاری بەرنامەیەکی چروپڕ بۆ قۆناغی پیری هاووڵاتیانی ئەڵمانیانن.

١٦ـ ئێمە خوازیاری پێکهێنان و مانەوەی چینێکی خۆشگوزەران و تەندروست، بە سۆسیالیستی کردنی دەستبەجێی فرۆشگا گەورەکان و بە ئیجارەدانی ئەم فرۆشگایانە بەنرخێکی کەم بە بازرگانە مامناوەندییەکان و بە داواداچوون بە دوای ئەوکەسە مامناوەندییانە داین کە خۆراک بڵاو دەکەنەوە.

١٧ـ ئێمە خوازیاری چاکسازی لە زەوی وزار داین کە لەگەڵ پێویستیەکانی نەتەوەدا بگونجێ و هەروەها داوای پەسندکردنی یاسایەک سەبارەت بەدەستبەسەرداگرتنی خێرای ئەو زەوی و زارانە دەکەین، لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا. خوازیاری هەڵوەشانەوەی قازانجی قەرزی زەوی وزار و خۆبواردن لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لەسەر ئەو خاڵانەین.

١٨_ ئیمە خوازیاری بەرەنگارییەکی شێلگیرانە لە دژی ئەو کەسانەین کە بە کردەوەکانیان زیان لە بەرژەوەندی گشتی دەدەن، هەموو ئەوانەی کە بە کردەوەکانیان بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەخەنە مەترسیەوە، رباخۆرەکان و هەلپەرەستەکان، ئەمانە دەبێ بەبێ سەرنجدانە رەگەز و هاوولاتی بوون، بە مەرگ مەحکووم بکرین.

١٩_ ئێمە خوازیاری دامەزراندنی سیستەمێکی یاسای ئەلمانی لەولات داین و دەبێ یاساکانی رۆم و ئایینی کاتولیکی هەلوەشێنەوە.

٢٠_ بەمەبەستی گەشەکردنی توانایی و هەولەکانی هەر هاوولاتیەکی ئەلمانیا، دەبێ دەرفەت و بوار بۆ خوێندن لە ئاستی بالادا برەخسێ. لە سەر دەولەتە کە نوێکردنەوەی تەواوەتیی سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی رەچاو بکا و قۆناغەکانی خوێندن لە هەموو دامەزراوە پەروەروەییەکان بەپێی پێداویستیەکان و ژیانی رۆژانەی خەلک دیاری بکا. داوا دەکەین کە منالە بەهرەدارەکانی بنەمالە هەژارەکان —— بێ سەرنجدانە چینی کۆمەلایەتی _ لەسەر خەرجی دەولەت خەریکی خوێندن بن.

٢١_ دەولەت دەبێ لە رێگای چاوەدێریکردنی دایکان و منالەکانیان، بە قەدەغەکردنی کار بۆ منالان، بە سەپاندنی بەزۆری ژیمناستیک و وەرزەشەکانی دیکە و پشتیوانی کردن لەو یانانەی کە لە بواری راهێنانی هێزی فکروجەستەی لاواندا تێدەکۆشن، رادەی سلامەتیی نەتەوە بباتە سەر.

٢٢_ئێمەخوازیاری هەلوەشانەوەی سوپای بەکرێگیراووپێکهێنانی سوپایەکی نەتەوەیین.

٢٣_ئێمە خوازیاری بەرەنگاریکردنەوەی یاسایی لەدژی بلاوکردنەوەی بە بەرنامەی سیاسی شتی درۆ و وتەشەنەکردنی لە ناو چاپەمەنیەکان داین. داوا دەکەین بە مەبەستی پێکهێنانی چاپەمەنیی نەتەوەیی،ئەم هەنگاوانە بنرێن:

الف_هەموو سەرنووسەران و هاوکارەکانیان لە رۆژنامە ئەلمانی زمانەکاندا، دەبێ هاوولاتی ئەم ولاتە بن.

ب_ هەر رۆژنامەیەک کە ئەلمانی نیە پێویستە، لە دەولەت داوای مۆلەتی بلاوکردنەوە بکا. ئەم رۆژنامانە نابێ بە زمانی ئەلمانی بلاو بکرێنەوە .

www.perawipepwle.com

ج_یاسا دەبێ پێش بە دەستێوەردان و نفووزی ماددی ئەو کەسانەی کە ئەڵمانی نین، لە چاپەمەنیە ئەڵمانی زمانیەکاندا بگرێ. بە مەبەستی سزادانی سەرپێچی کەران، ئەم رۆژنامانە سەرکوت بکاو ئەوانەش کە ئەڵمانی نین وەدەریان نێ. دەبێ پێش بە بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانە بگیرێ کە خزمەت بە ئارامیی نیشتیمانی ناکەن. ئێمە خوازیاری بەداواداچوونی یاسایی بەدوای هەموو ئەو رێبازە هونەری و ئەدەبیانەین کە دەبنە هۆی دارمانی ژیانی ئەم نەتەوەو هەروەها ئەو دامودەزگایانەی کە لە دژی ئەم داواکارییانەی ئێمە رادەوەستن.

٢٤_ئێمە خوازیاری ئازادیی هەموو گرووپە ئایینەکانی وڵاتین _ بە مەرجێک کە نەبنە هەڕەشەو راپەرین لە دژی ئەخلاقی رەگەزی ئەڵمانی _ حیزب پشتیوانی لە مەسیحییەتی راستەقینە دەکا. حیزب و نەتەوەی ئەڵمانیا، لەگەڵ رۆحی مەتریالیستی جوولەکەکاندا دژایەتی دەکەن.

٢٥_بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەویاسایانەی کە لەم بەرنامەدا ئاماژەمان پێکردن، ئێمە خوازیاری پێکهێنانی بنکەیەکی بەهێز لە پەرلەمان و هەموو دامودەزگاکانی سەر بە رایخی ئەڵمانیاو هەروەها پێکهینانی ئەنجوومەن بۆ چین و پیشە جیاوازەکانین.

رێبەرانی حیزب سوێند دەخۆن کە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەدا، هەموو هەوڵ و توانایێەکانیان وەگەڕ بخەن و ئەگەر پێویستیش بێ گیانی خۆیان بەخت بکەن ".

ئادۆلف هیتلەر کە رێبەری حیزبی نازی بوو، لە ساڵی ١٩٢٣دا لە دوای کودەتایەکی بێ ئەنجام کە بوو بە هۆی زیندانی کردنی هیتلەر، کتێبی "خەباتی من "ی لە بەندیخانەدا نووسی کە پاشان بوو بە کتێبی پیرۆزی نازییەکان. نازیسم کە بزوتنەوەیەک بوو بۆ ژیاندنەوەی گەورەیی ئەڵمانیاو سرینەوەی ئاکامەکانی دۆڕانی ئەڵمانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە خەباتی خۆی لە دژی کۆماری ڤەیمەر، سەربازەکانی پێشوو، ئەفسەرەکانی سوپا، چینە ناوەڕاستە زیان لێ کەووتوکانی هەڵاوسانی ئابووری ئەڵمانیاو ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەدارو خاوەن بانکەکانی بۆ لای خۆی راکێشا. دروشمە ناسیۆنالیستیەکانی نازییەکان، هێزە بیانیەکان، کۆمونیستەکان، لیبراڵ دیموکراتەکان، کاتۆلیکەکان و بە تایبەتی جوولەکەکانی بە هۆکاری دۆڕانی ئەڵمانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانی دادەناو رێککەوتننامەی "سووکایەتی پێکەری "ڤێرساوی و نەهامەتیەکانی ساڵەکانی ١٩٢٠_١٩٢٩ دادەنا.

حیزبی نازی تا هەڵبژاردنەکانی ١٩٣٠ گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری گەشەی کردو بوو بە گەورەترین، گەش بین ترین و دەمارگرژترین هێزی سیاسی ئەڵمانیا. لە دوای ئەوەی هیندێنبۆرگ، سەرۆک کوماری ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٣دا، هیتلەری بە راوێژکاری ئەڵمانیا هەڵبژارد، هیتلەر لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆماری ڤەیمەرو حیزبەکانی تری هەڵوەشاندەوەو حیزبی نازی بوو بە تاقانە حیزبی سیاسی ئەڵمانیا. رەخنەگرتن بە توندی قەدەغە کراو، نەیارەکان یان نێردرانە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ یان دوورخرانەوەو بەم شێوەیە تیۆرەکانی نازییەکان جێبەجێ کران.

سیاسەتی فرەخوازانەی نازییەکان بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی دووهەمی جیهانی. حکومەتی نازی لە ساڵی ١٩٤٥ بە داگیرکردنی خاکی ئەڵمانیا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە رووخا و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەم حیزبە لە دادگای نۆرێنبرگ بە تاوانی جینایەتی جەنگی و جینایەت لە دژی مرۆڤایەتیی دادگایی کران.

بنەما فەلسەفیەکانی نازیسم تێکەڵاوێک لەو تیۆرە جیاوازانەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا پێکەوە گرێ دراون. گەورەترین بنەما کە نازیسم خستیە سەر فاشیزمی ئیتالیا، تیۆری زاڵبوونی رەگەزییە کە بەپێی ئەم تیۆرە رەگەزی ژێرمەن، رەگەزێکی بەرزەترەو دەبێ بە سەر رەگەزەکانی دیکەدا حکومەت بکاو هیتلەر بەمەی دەگووت "سیستەمی نوێی جیهانی". حیزبی سۆسیالیستی ئەڵمان لە راستیدا نە ناسیونالیست ونە سۆسیالیستیش بوو. چونکە لە روانگەی یەکەمدا بڕوای بە بەرزتربوونی رەگەزێک هەبوو، نەک بە بەرزتربوونی نەتەوەیەک و لە روانگەی دووهەمیشدا هیچ کات دەستی نەدایە خۆماڵیکردنی پیشەسازییەکان و تەنیا بە هۆی پێویستی سەربازی و شەڕەوە دەستی لەکاروباری ئابووری وەردەدا. ئایدۆلۆژی نازی، دەوڵەت بە دیاردەی سەربەخۆیی بەرزی دەسەڵاتی نیشتیمانی دەزانێ کە جیاوازە لە چاوەدێری و ئیرادەی تاکەکەسان . هیتلەر ئیرادەی بەرزی نەتەوەیی لە بڕیارەکانی "پێشەوا " دادەبینێتەوە کە خاوەنی دەسەڵاتی ئیرادە وبڕیاردان ولێهاتوویەکی بێ وێنەیە. بەم پێیە دیموکراسی لیبراڵیزم رەت دەکاتەوە و ئیرادەی تاک بە ئیرادەی دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە. پەرە بە قارەمان پەروەری و پێداهەڵگوتن بە دەسەڵات و شەڕ و زاڵبوون دەدا و پێوەندی هەمەلایەنەی مرۆڤایەتی بە "شەڕی مانەوە" و "هەڵبژاردنی باشترینەکان" دەبەستێتەوە و ئاشتیی درێژخایەن بە هۆی گەندەڵیی دادەنێ. نازیسم بڕوای بە ناکۆکی جینایەتی نیە و نەتەوە بە

ئورگانیزمێکی یەکگرتوو دادەنێ کە لەگەڵ نەتەوە و ئەتنۆسەکانی دیکەدا لە شەڕ دایە. نازیسم کۆمۆنیزم بە دوژمنی پلە یەکی خۆی دادەنێ.

ناسیۆنالیزمی عەرەب — *Arab Nationalizm*

بە پێی ئەو لێکدانەوەی کە ئیسلام سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هەیەتی،دەبێ بڵێین کە ئەم چەمکە سیاسییە لەم یەک یان دوو سەدەی دواییدا هاتۆتە ناو وڵاتانی عەرەبیەوە. پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، عەرەبەکان بە شێوەی هۆزە پەرتەوازەکان دەژیان و دوژمنی یەکتر بوون و خاوەن ڕۆحی یەکیەتیی وهەوڵی هاوبەش نەبوون وتەنیا سەرهەڵدانی ئیسلام بوو بە هۆی یەکیەتیی مەعنەوی ،ماددی وهزری لە ناو عەرەبەکاندا. لە ئیسلامدا نەتەوە لە سەر بنەمای هاوئایینییە، بۆیە شتێک بە نێوی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو"امە"ی ئیسلامی هەبوو. هەڵبەت جارجارە هێندێک ئەتنۆسی سەر بەم ئایینە مەسەلەی نەتەوایەتیان هێناوەتە گورێ، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبووەو لە چوارچێوەی ئایین نەترازاوە. بە هۆی لاوازی دەوڵەتی عوسمانیەوە (کە بە شێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی سەر بەم ئیمپراتۆریە بوون) ڕێگای دزەکردن و تەشەنە کردنی ئەورووپیەکان بۆ وڵاتانی عەرەبی خۆشتر بوو. یەکەمجار ناپلیۆن بوناپارت میسری داگیر کردو پاشانیش بەرەبەرە ناوچەی عەرەب نشینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چووە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیاو فەرەنسا. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە ئەم وڵاتانە لە نێوان بەریتانیاو فەرەنسادا دابەش بوون. خەباتی سەربەخۆیی خوازانی عەرەب لەگەڵ داگیرکەرە بیانیەکان بۆ دامەزراندنی وڵاتە عەربیە سەربەخۆکان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ناسیۆنالیزمی عەرەب، ناوی (سەرپەرستیاری عەرەبی) لە سەر دانرا.

جەمال عەبدولناسر، سەرۆک کۆماری میسر، دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی نوێی عەرەبیە. ناسر خوازیاری یەکیەتیی و ڕێککەوتنی هەموو وڵاتانی عەرەبی بۆ بەرەنگاریکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل و پشتیوانەکانی دابوو. هەوڵەکانی ناسر سەریان نەگرت، چوونکە یەکیەتیی دەوڵەتە عەرەبیەکان بەپێی ناسیۆنالیزم، چارەسەرێکی گونجاو نەبوو و لەم پێناوەدا یەکیەتی میسر و سوریا (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو) دوو جار پێکهات و هەر دوو جارەکەش بە ئاکامێک نەگەیشت. هەوەها یەکیەتیی عەرەبەکان بە پێی ئایدۆلۆژی ئابووری و سیاسیش (حیزبی بەعس لە سووریا و لە عێراق دا)، هێچی لێ شین نەبۆوە.

Mediation

نێوبژیوانی

شێوەی چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەیەکی نێودەوڵەتیی بە هۆی لایەنێکی سێهەمە کە بە تەئییدی لایەنەکانی کێشەکە، بە شێوەیەکی زیندوو و چالاک لە پرۆسەی وتووێژەکاندا بەشداری دەکا و سەبارەت بە مەرجەکانی چارەسەری کێشەکە، پێشنیار ئاراستە دەکا و بەگشتی هەوڵ دەدا کە کێشەی لایەنەکان چارەسەر بکا و دڵیان بداتەوە. نێوبژیوانی لەگەڵ" کەیخوایەتی"دا جیاوازی هەیە نێوبژیوانی نەک تەنیا دەبێتە هۆی پێوەندی لە نێوان لایەنەکاندا، بەڵکوو بە ئاراستەکردنی پێشنیاری راستەقینە ، چ لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا و چ لە کۆبوونەو جیاجیاکاندا، راستەوخۆ هاوکاریان دەکا. لایەنەکان لە رووی یاساییەوە ناچار نین کە بڕیارەکانی نێوبژیوان جێبەجێ بکەن. نێوبژیوانی وەکوو کەیخوایەتی کردن نابێ بە هەوڵێکی نادۆستانە یان بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی دیکە دابنرێ. نێوبژیوانی یاسایەکە کە لە کۆنفانسیۆنەکانی لاهە سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان لە ساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧دا هاتە گۆڕێ. نێوبژیوانی دەکرێ وڵاتێکی سێهەم، کۆمەڵێک لە وڵاتان، ئۆرگان یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان تەنانەت کەسێک بێ.

پەنابردنە بەر نێوبژیوانی وەکوو چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان، کۆنفانسیۆنەکانی لاهە لە ساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ دارێژرا و یاساکانی نێوبژیوانی کۆمەڵێک رێککەوتننامەی دیکەشی بەدواوە بووە، وەکوو: رێککەوتننامەی وڵاتانی ئەمەریکا سەبارەت بە کەیخوایەتی و نێوبژیوانی (١٩٣٦) و جاڕنامەی رێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکی (رێککەوتننامەی بوگۆتا ١٩٤٨). پێڕەوپرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان، راشکاوانە ئاماژە بەنێوبژیوانی دەکا و وەکوو چارەسەرێکی ئاشتیانەی ئەوکێشانە سەیری نێوبژیوانی دەکا کە رەنگە تەنیا ئاشتی و ئاسایش نێودەوڵەتیی بخەنە مەترسیەوە. لە هێندێک حاڵەتدا نێوبژیوانی کۆتایی بەکێشەیەکی نێودەوڵەتیی هێناوە. لەم ساڵانەی دواییدا نێوبژیوانی تاشکەند لە کێشەی هیندوستان و پاکستاندا (١٩٦٦) و نێوبژیوانی کەمپ دەیڤید بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان میسر و ئیسرائیل (١٩٧٩) لەو حاڵەتە سەرکەوتووانەی نێوبژیوانی لەلایەن وڵاتیکەوە بوون.

بەڵام نێوبژیوانیش وەکوو کەیخوایەتی لە ژێر سەرنج و چاوەدێری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان رێکخراوە بان ــ ناوچەییەکاندا بەرێوە چووە. کاریگەریی نێوبژیوانی

تارادەیەک نادیارە: ئەگەرچی لە هێندێک حاڵەتدا کێشەکەی چارەسەر کردووە، بەڵام لە هێندێک حاڵەتی دیکەدا ناسەرکەوتوو بووە. ئەم شکستانە هێندێک حاڵەتی هەستیاری وەکوو نێوبژیوانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شەڕی ڤێتنامدا دەگرێتەوە. ڕاستە کە نێوبژیوانی بە دانی دەسەڵاتی ئاراستە کردنی پێشنیار؛ لە کەیخوایەتیکی ڕووت و تەنیا لە سەرەوەترە، بەڵام ئێستاش لە کێشە نێودەوڵەتیەکاندا، هەروەکوو دەستێوەردانی لایەنی سێهەم چاوی لیدە کرێ.

ناوچەی بێ چەک و چۆڵی ناوەکی

Nuclear –Weapens –Free Zone (NWFZ)

بەو کۆمەڵە هەوڵە سیاسییانەدەگوترێ کەوڵاتانی دراوسێ بەمەبەستی پێکهێنانی ناوچەیەکی جوگرافی بێ چەک و چۆڵی ناوەکی دەیدەن. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم ناوچانە پێشگرتن لە پێشبڕکێی چەک و چۆڵ لە نێوان وڵاتان و دامەزراندنی سەقامگرتوویی لەو وڵاتانە دایە. یەکیەتیی سۆڤیەت بە پێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، بەردەوام پشتیوانی لە پێکهێنانی ئەم ناوچانە دەکرد. بۆ پێکهێنانی ئەم ناوچانە دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

١ــ بەڵێنی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی چەک وچۆڵی ناوەکین سەبارەت بە دانەمەزراندن و تاقی نەکردنەوەی چەک و چۆڵە ناوەکیەکان یان فەوتاندنی ئەم چەک و چۆڵانە و، هەروەها ڕێگا بەو وڵاتانی دیکە نەدەن کە (ئەلبەت ئەو وڵاتانە بەمە ناچار نەکراون) کە ئەم چەک و چۆڵانە لە ناو خاکی ئەواندا، دامەزرێنن.

٢ــ "مسۆگەرکردنی ئاسایشی سەربەخۆ " لەلایەن هەرکام لە دەسەڵاتە ناوەکیەکانەوە سەبارەت بە کەڵک وەرنەگرتن لە چەک و چۆڵە ناوەکیەکان لەم ناوچانەدا لە هەر بارودۆخێک دا.

٣ــ سەپاندنی "چوارچێوە دەرەکی"ە جیاوازەکان لەلایەن دەسەڵاتە گەورەکانەوە کە ئەم وڵاتانە نابنە ئامانجی موشەکە ئەتۆمیەکانی ئەوان.

٤ــ پێکهێنانی بواری پێویست بۆ کونترۆلکردنی ئەو مەرجانە.

www.perawipepwle.com

له پێناو وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە لە ئەورووپای ناوەڕاستدا، چەندین گەڵاڵە هاتوونە ئاراوە: گەڵاڵەکانی ئەڵمانیا، گەڵاڵەی کۆمۆلگا، پێشنیاری کۆمیسیۆنی پاڵمە، گەڵاڵەی یارۆزلێسکی.

ناوچەی ئازادی بازرگانیی دەرەوەی ئاتلانتیک (تەفتا)

Trans-Atlantic Free Trade Area (TAFTA)

بە دوای ئەو هەوڵە بەربڵاوانەی کە بۆ پێکهێنانی یەکیەتیەکی ئابووریی لە ئەورووپادا هاتنە ئاراوە، لە رۆژی ۳۰ی کانوونی یەکەمی ۱۹۹۵، بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە لایەن بێل کلینتۆن، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، فیلیپ گۆنزالێس، سەرۆک وەزیری ئیسپانیا و سەرۆکی ئەوکاتی یەکیەتیی ئەورووپا و ژاک سانتێ، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەورووپا، لە کۆشکی سەرۆک وەزیری ئیسپانیادا بڕیاردار کە ناوچەی ئازادی دەرەوەی ئاتلانتیک پێک بێ. ئەم ڕێککەوتننامەبە ۱۲۰ گەڵاڵەی بەڕێوەبەری و لە چوارچێوەی ٤٠ ئامانجی سەرەکیدا تێدە کۆشێ: ئەم ئامانجانە بریتین لە :

١ــ بەرە و پێش بردنی ئاشتی و پەرەپێدانی دێموکراسی لە پانتایی جیهان دا

٢ــ بە هێزکردنی هاوکاریی بۆ بەرنگاری کردنەوە لەگەڵ تاوانە ڕێکخراوەکانی وەکوو قاچاغی ماددە سڕکەرەکان و تیرۆریزم.

٣ــ یارمەتیدانی پەرەپێدانی بازرگانی جیهانیی و هاوکاریی ئابووری.

٤ــ بە هێزکردنی هاوکاری لە نێوان کۆمەڵگا مەدنیەکاندا لە بوارەکانی زانست، پەروەردەو کولتووردا.

هەروەها لە سەر سووربوونی ئەندامانی ئەم ڕێککەوتننامە لە بوارەکانی پێکهێنانی بازاڕێکی گەورەی نێوان ئاتلانتیک بە مەبەستی پەرەپێدانی بازرگانی، سەرمایەگوزاری و دابینکردنی کار پێداگری کراوە.

هـ

هاوپەیمانەتی بچووک Little Entente

بەو یەکیەتیە سیاسی، ئابووری و سەربازییانە دەگوترێ کە لە ساڵەکانی ۱۹۲۰ هەتا ۱۹۲۱ لە نێوان یوگوسلاڤیا، چیکسلۆڤاکیا و رۆمانیا گریدارن و فەرەنساش پشتیوانی لێ دەکردن.

هاوپەیمانەتی بچووک لە دەیەی ۱۹۳۰دا بەرەو لاوازی چوو و، پاشان بە لکانی چیکسلۆڤاکیا بە ئەڵمانیای نازییەوە (۱۹۳۸)، بە تەواوەتی لە بەریەک هەڵوەشایەوە.

هاوپەیمانەتی سێ کوچکە Tripl Entente

رێککەوتنێکی دیپلۆماتیک (سیاسی)ی نارەسمی بوو کە لە نێوان بەریتانیا، فەرەنسا و رووسیادا لە دژی یەکیەتیی سێ کوچکەی پێکهاتوو لە ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و ئیتاڵیا(۱۸۸۲)، پێکهات. ئەم " رهاوپەیمانەتیە"ە لە ساڵی ۱۹۰۷ هەتا ۱۹۱۷ بەردەوام بوو. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ناوی ئەو هاوپەیمانەتیە گۆرا بۆ " یەکیەتیی *سەربازی*" .

هاوپەیمانی

بەرێککەوتنی کاتیی حیزبەکان و گرووپە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەڵبژاردنەکان و پەرلەمان دەگوترێ. لەو سیستەمە پەرلەمانیە فرە حیزبیانەدا کە هیچکام لە حیزبەکان بە تەنیا دەنگی پێویست بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّت بەدەست ناهێنن، دوو یان چەند

حیزبێک بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، هاوپەیمانەتیەک پێکدێنن. هاوپەیمانەتیی پەرلەمانی زیاتر بۆ هێشتنەوە یان هێنانە سەرکاری حکومەتێکی تایبەتی پێکدێ و، لەم بارەوە حیزبی گەورەتر لەگەڵ یەک یان چەند حیزبێکی بچووکتردا، هاوپەیمانەتی پێک دێنێ و، ئەو حیزبانە بەرادەی دەسەڵات و قەبارەیان، لە حکومەتدا بەشداری دەکەن. ڕەنگە هاوپەیمانەتیی، لایەنی "نێگەتیڤ"یشی هەبێ، واتە بەمەبەستی روخاندنی حکومەتێک پێک بێ.

هەواڵگری — *Intelligence*

کۆمەڵێک باتەتی نهێنیە کە دەوڵەتێک لەسەر رادەی توانایی، ئامانج و مەبەستەکانی دەوڵەتەکانی دیکە کۆیان دەکاتەوە. کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی سەربازی یان ستراتیژی لە پێوەندی لەگەڵ هێزە زەمینی، ئاسمانی و دەریاوانیەکان، چەل وچۆلە نوێکان، ورەی هێزە چەکدارەکان و ئامانجە ستراتیژی و تەکتیکیەکان، ڕێککەوتننامە و یەکیەتیە نهێنیەکان و ورەی تاکەکەسان لە نموونەی ئەو کۆمەڵە زانیاریانەن کە دەوڵەتەکان بە دوایانەوەن. یەکە دژە هەواڵگرییەکانیش لەگەڵ هەواڵگرە بێگانەکان و دەست و پێوەندە نێوخۆییەکان بۆ پێشگیریکردن لە دزەکردنی زانیاری نهێنی سەربازی و ناسەربازی و ناردنیان بۆ دەرەوە و گەیاندنی بە دەزگا سیخوڕییەکانی بێگانە هەوڵ دەدەن. لەم سەردەمەدا بەدەستهێنانی زانیاریی نهێنی لەسەر دەوڵەتە دۆست و هاوپەیمانەکان، بەقەد وڵاتە دوژمنەکان بەبایەخ و گرنگە.

هەوڵی فەڕەنسا(١٨٩٨) — *Action Francaise*

ئەم زاراوەیە بە بزووتنەوەیەکی دەستەراستیی توندڕوی فەڕەنسا دەگوترێ کە لە ساڵی ١٨٩٨ دا لە لایەن شارڵ مۆرا دامەزرا. ئەو بزووتنەوە بیروبۆچوونێکی ناسیۆنالیستی و دژە سامی هەبوو و لایەنگری لە رژێمی پاشایەتی دەکرد. ئەو بزووتنەوەی ئەگەرچی بە ڕەسمی لە لایان کلیسای کاتۆلیکی ڕۆمەوە پشتیوانی لێدەکرا، بەڵام سیاسەتەکانی دوایی ئەو بزووتنەوە بوو بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٦دا، پاپ گەرمارۆی بخاتە سەرو، پشتی تێ بکا. ئەم بزووتنەوەیە بە درێژایی شەڕی دووهەمی جیهانی بە شێوەیەکی زۆر چالاک پشتیوانی لە رژێمی بەکرێگیراوی ڤیشی

دەکردو، ئەم کارەش بووە بە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو بزووتنەوە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا.

هەوڵ وکردەوەی تۆڵە ئەستێنانە Reprisals

بە کردەوەیەکی توونددوتیژانە بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە وڵاتێکی دیکە دەگوترێ، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە ناچار بکا کە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لەو دەوڵەتە کەوتووە یان ئەو بەڵێنەی کە بەو دەوڵەتەی داوە، جێبەجێ بکا. کردەوەی تۆڵەستێنانە لە شەڕ کەمترە. کردەوەی تۆڵەئەستێنانە لەگەڵ کردەوەی بەرامبەرانەدا جیاوازەو، لە بوارەوە کە کردەی بەرامبەرانە قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان لە ڕێگای یاسایەوەیە، کەچی کردەوەی تۆڵەئەستێنانە کردەوەیەکی نایاساییە.دەبێ لە نێوان کردەوەی تۆڵەئەستێنانە وەک کردەویەکی کەمتر لە شەڕ و کردەوەی تۆڵەئەستێنانە لە کاتی شەڕدا بەمەبەستی ناچار کردنی لایەنی بەرامبەر بە ڕەچاوکردنی یاساکانی شەڕ، جیاوازی دابنرێ. کردەوەی تۆڵەئەستێنانە دەکرێ بە شێوەی کردەویەکی ناسەربازییانە، یان بە شێوەیەی کردەویەکی سەربازییانە لەدژی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەرێوە بچێ. لە حاڵێکدا کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیە کۆنەکان، هەردوو شکڵ و شێوازی کردەی تۆڵە ئەستێنانە، لە هێندێک هەلومەرجدا یاسایی بوو، بەڵام کردەوەی تۆڵە ئەستێنانەی سەربازییانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان، بە پێشێلکردنی بنەمای قەدەغەبوونی کەڵک وەرگرتن لە زۆر و هێزی نایاسایی، کە لە جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا گونجێنراوە، دەژمێردرێ. ڕاگەیەنراوی ساڵی ١٩٧٠ سەبارەت بە پرەنسیپەکانی یاسا نێودەوڵەتیەکان لەبارەی پێوەندییە دۆستانەکان و هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکان بەپێی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کەڵک وەرگرتن لە کردەوەی تۆڵەئەستێنانەی سەربازی بە ئاشکرا قەدەغە کردووە. ئێستاش ڕێگا بە کردەوەی تۆڵەئەستێنانەوە بەبێ کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی دراوەو، دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ. (بۆوێنە جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی ڕێککەوتننامە، دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەی وڵاتی لادەر یان دەستبەسەرکردنی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە). لە ڕابردوودا، لە کردەوەی تری وەک دەسبەسەرداگرتنی پاپۆڕەکانی وڵاتی لادەر لە ئاوەکانی ئەو وڵاتەی کەزیانی پێگەیشتووە، کەڵک وەردگیرا. دەستبەسەرداگرتنی پاپۆڕەکانی وڵاتی لادەر یان سامانەکانی لە دەریایی ئازاد داو، گەمارۆدانی دەریایی ئاشتیخوازانەش لە وێنەی ئەو کردەوە تۆڵە ئەستێنانەوە بوون کە لە ڕابردوودا کەڵکیان لێ

www.perawipepwle.com

وەردەگیرا. هەروەها، لە رەوتێک کە بە " تۆڵەئەستێنانەوە تایبەتی" ناودەبرا، کەڵک وەردەگیرا. بەپێی تۆڵەئەستێنانەی تایبەتی، وڵاتێک مۆڵەتی بە کەسێک دەدا تاکوو لە رێگای کردەوەی تۆڵەئەستێنانەوە لە دژی وڵاتی لادەر یان هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە، زیانەکە قەرەبوو بکاتەوە. ئەو شێوازە هەتا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم باو بوو. بەر لەوی کە جارنامەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەڵک وەرگرتن لە هێز قەدەغەبکا، کۆنڤانسیۆنی ژمارەی دووی لاهە(کۆنڤانسیۆنی پۆرتێر) تەنیا بەڵگەیەک بوو کە کەڵک وەرگرتن لە کردەوەی تۆڵەئەستێنانەی سەربازی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان قەدەغە دەکرد، مەگەر ئەوی کە وڵاتی قەرزدار دادوەرییەکەی رەد دەکردەوە یان ملکەچی بڕیار دادوەر نەدەبوو. کردەوەی تۆڵەئەستێنانەی یاسایی پێویستی بەو سێ مەرجە هەیە:

١ــ دەبێ کردەویەکی نایاسایی لە لایەن وڵاتی لادەرەوە رووی دا بێ.

٢ــ دەبێ داواکاریی قەربووکردنەوەکە بێ وەڵام مابێتەوە.

٣ــ کردەوەی تۆڵەئەستێنانەوە دەبێ بە شێوەیەکی لۆژیکی لەگەڵ زیانەکەدا، بگونجێ.

هەڵبژاردنەکان — *Electoral System*

سیستەمی هەڵبژاردنەکان بریتیە لە شێوازێک کە لەوڵاتێک بەپێی یاسا و رێوشوێنی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئۆرگانانەی وڵات کە دەبێ بە دەنگدان دیاری بکرین و، هەروەها بۆ دیاریکردن و راگەیاندنی ئەنجامەکانی دەنگدانەکان دیاری کراوە.

هەڵبژاردنە تەکمیلیەکان — *By- Election*

ئەم زاراوەیە بەو هەڵبژاردنە دەگوترێ کە دوای وازهێنان یان مردنی یەک یان چەند کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و بۆ پڕکردنەوەی کورسیی بەتاڵی پەرلەمان لە ماوەی خولی ئاسایی پەرلەماندا بەڕێوە دەچێ.

هەڵاواردن /جیاوازی دانان — **Discrimination**

بەگشتی، هەڵاواردن بەدانانی ئەو بەربەستانە دەگوترێ کە لە رێگای یاسا، داب و نەریت یان گرێبەستێکی نارەسمی لە دژ یان لەبەردەم گرووپێکی تایبەتی یان گرووپێکی ئاینی یان رەگەزی دادەنرێن.

Aggression
هێرشکردن

هەر کاتێک وڵاتێک بە کەڵک وەرگرتن لە هێزە چەکدارەکانی خۆی هەڵبوکێتە سەر وڵاتێکی تر و سەروەریی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی سیاسی ئەو وڵاتە پێشێل بکا، یان بەهەر شێوەیەکی کە لەگەڵ پێرەوپرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەگونجێ (ماددەی یەکی بڕیارنامەی پێناسەی هێرش کردنی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان)، بە هێرشکردن دادەنرێ. لەم پێناسەدا، وشەی وڵات، الف) بەبێ سەرنجدان بەوەی ئەو وڵاتە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دان پێدا نرابێ، یان ئەوەی ئەو وڵاتە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە یان نا، کەڵکی لێ وەرگیراوە. ب) ئەگەر پێویست بکا بە واتای "کۆمەڵێک لە وڵاتان"ە.

Indirect Aggression
هێرشکردنی ناڕاستەوخۆ

کردەوەیەکی دوژمنکارانەیە کە وڵاتی هێرشبەر بە بێ ئەوەی کە خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕەکەوە بگلێ، لە ڕێگای :

١ـ پێکهاتنی هێزە میلیشیا یان تاقمە چەکدارەکان (بۆ وێنە بەکرێگیراوان) هێرش بۆ نێو وڵاتێکی تر ڕێک دەخا، یان لایەنی تر هان دەدا کە هێرش بکەن.

٢ـ جموجۆڵە تێکدەر، تیرۆریستی یان چەکدارییەکان لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی وڵاتێکی تر ڕێک دەخا، یان هاوکاری و دابینیان دەکا، یان هانیان دەداو پاڵپشتیان دەکا، یان دەست لە کێشەی نێوخۆیی وڵاتێکی تر وەردەدا. بەپێی بۆچوونی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، جۆری یەکەمی ئەم جموجۆڵانە، بە کەڵکی نایاسایی لە هێزی چەکداری و هێرش کردن دادەنرێن و، بەبێ ئەوەی کە باس لە "هێرش کردنی ناڕاستەو خۆ" بکا، بەپێی پێناسەی پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٤، بە کردەوەی هێرشکارانە دادەنرێ.

جموجۆڵی لە جۆری دووهەم، بەگشتی بە بنەمای قەدەغەبوونی دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتێکدا بەستراوەتەوە، بەڵام بە ئاماژەکردن بە هێرشکردنی ناڕاستەوخۆ"، (واتایەک کە بەڕای هێندێک لە وڵاتان و یاساناسان دەبێ کردەوەی لە جۆری پروپاگەندەو هێرشی دوژمنکارانە یان ئایدۆلۆژیانەش لەخۆ بگرێ)، پێناسە کراوە. ئەوەکە ئایا دەکرێ پاڵەپەستۆی ئابووری بۆ بێ بەش کردنی وڵاتێک لە توانایی ئابووری یان لە مەترسی خستنی بنەمای ئابووریی ئەم وڵاتە لە

چوارچێوەی ئەو پێناسەی هێرشکردندا بگونجێندرێ یان نا، باسێکی زۆر هەڵدەگرێ و، بەوە بەستراوەتەوە کە قەدەغە بوونی هێز لە جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا تەنیا وەک هێزی چەکدارانە لێک بدرێتەوە، یان بەگشتی دەبێ شێوەکانی تری وەک فشار، بۆوێنە فشاری ئابووریش لەخۆ بگرێ.

هێڵی ئۆدیرنیسە Oder – Neisse Line

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان ئەڵمانیای رۆژهەڵات و پۆڵەندا کەڵک لە رووباری ئۆدیر کە دەڕژێتە نێو دەریای باڵتیک و، لقەکەی واتە نیسە کە لە چیکسلۆڤاکیا سەرچاوە دەگرێ، وەرگیرا بوو. ئەم سنوورە لە رێککەوتننامەی پۆتسدام (یەکەمی مانگی ئابی ١٩٤٥) دا لە لایەن ئەمەریکاو بەریتانیاو سۆڤیەتیشەوە پەسند کرا. ئەو ناوچە ئەڵمانیانەی کە لە رۆژهەڵاتی هێڵەکە دابوون بە شێوەیەکی کاتی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پۆڵەنداو، لە ژێر کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەریی ئەنجوومەنی کۆنترۆڵی هاوپەیمانان لە بەرلیندا هاتە دەر. ئەو ناوچانە نزیک بە یەک لە پێنجی ئەڵمانیایان لە ساڵی ١٩٣٨دا پێکدێناو، هەروەها نزیک بەیەک لە چواری ناوچە بە پیتەکان و لە نێوان یەک لە شەش هەتا یەک لە حەوتی حەشیمەتی ئەڵمانیای لەخۆ دەگرت. باشترین ناوچەکانی چاندنی پەتاتە، گەنم و..... هتد کە لە سەردەمێکدا ئەڵمانیای رۆژئاوا لەبواری پەتاتەوە پشتی بەم ناوچە دەبەست، لەم بەشەدا هەڵەوتبوو. ئەگەرچی زلهێزەکان بڕیاری کۆتاییان سەبارەت بە سنوورەکانی رۆژئاوای پۆڵەنداوە بۆ دواتر هێشتبۆوە، بەڵام وڵاتی پۆڵەندا هێڵی ئۆدیرنیسەی بە سنووری رۆژئاوای وڵات لەقەڵەم داو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەڵمانیەکانی کە نزیک بەیەک لە چواری دانیشتوانەکەی ئەڵمانی بوون، وەدەرنا. لە شەشی تەمموزی ١٩٥٠دا رێککەوتننامەیەک لە نێوان کۆماری دیمۆکراتیکی ئەڵمانیا و پۆڵەندا مۆرکرا کە هێڵی ئۆدیرنیسەی بە سنووری رۆژئاوای پۆڵەندا دادەنا. کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم رێککەوتننامەیان رەت کردەوە. لە شەشی تەمووزی ١٩٥٥دا ئەڵمانیای رۆژهەڵات و دەوڵەتی پۆڵەندا رایانگەیاند کە هێڵی ئۆدیرنیسە سنووری کۆتایی و هەمیشەیی ئەو دوو وڵاتەیە. بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیان لەسەر ئەوەدا دەگرتەوە کە بەپێی رێککەوتننامەی پۆتسدام، دیاریکردنی سنووری نوێی ئەو وڵاتە بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد لە پۆڵەندا بەستراوەتەوە. رێککەوتننامەی کۆتایی کاتێک ڕەوایە کە لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیا بە شێوەی

یەکپارچە (حکومەتی یەکگرتووی هەموو ئەڵمان)دا ببەستریّ. دوای ساڵی ١٩٦٧، کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، هەوڵێکی نوێی بۆ باشترکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا دەست پێکردو، لەم پێناوەشدا هێڵی ئۆدێرنیسەی وەک سنووری پۆڵەندا پەسند کرد.

Maginot Line

هێڵی ماژینۆ

بە کۆمەڵە بنکەو دامەزراوەی سەربازی دەگوتریّ کە لە لانگۆی (لەنزیک لۆکزامبۆرگ) هەتا سنووری سویسرا لە رۆژهەڵاتی فەرەنسا، دامەزرا، ئەم دامەزراوانە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٩ هەتا ١٩٣٤ دامەزران، ناوی ئاندیریّ ماژینۆ (١٩٣٢-١٨٧٧)، وەزیری شەڕی ئەوکاتی دەوڵەتی فەرەنسا لەسەر دانرا. بە هۆی دژایەتیکردنی دەوڵەتی بەلژیکا، ئەو دامەزراوانە نەگەیشتوونەتە سنوورەکانی ئەو وڵاتە. بۆیە دەوڵەتی فەرەنسا لە کاتی قەیرانەکان بە ئەرکی خۆی نەدەزانی بەرگری لەو وڵاتە بکات.

لە مانگی مایسی ١٩٤٠دا شەڕی بروسک ئاسای ئەڵمانیا لە دژی بەلژیکا، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەفسەرانی فەرەنسای تێک و پێکداو، بە چوونە نێو خاکی بەلژیکا توانیان بە ئاسانی بەدەوری هێڵی ماژینۆدا بسوورێنەوە. گرنگتر لەمەش، فەرەنسا لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤٠دا بە کردەوە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەڵمانیای نازیدا خۆی بەدەستەوەدا.

Mc. Mahon Line

هێڵی مەک ماهۆن

سنووری نێوان هیندوستان و چین کە لە ساڵی ١٩١٤دا بە رێککەوتنی چین، تەبەت وبەریتانیا دیاری کرا. مەک ماهۆن ئەو کەسە بوو کە سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتیی بەریتانیای لە رێککەوتننامەکانی سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو سنوورانەی لەئەستۆدا بوو. هێڵی مەک ماهۆن و رێککەوتننامەکەی، دواتر لەلایەن وڵاتی چینەوە کە دەیگووت سی هەزار کیلۆمەتری دووجای لە خاکەکەی کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی ئەم هێڵەوە، رەت کرایەوە. سنووری نێوان دوو وڵاتی بێرمە وچین درێژەی هێڵی "مەک ماهۆن"ە و، چین لە ساڵی ١٩٦٠دا دانی پێدا ناوە.

هۆکاری شەڕ Cause Belli

بریتین لەو هۆکارانەی کە دەوڵەتێک ئاماژەیان پێدەکا کە بۆچی لە دژی دەوڵەتێکی دیکە شەڕی ڕاگەیاندووە یان لە شەڕدا بەشداری کردووە.

هێزی پشتیوان Protecting Power

هێزی پشتیوان بە وڵاتێکی بێلایەن دەگوترێ کە لە شەڕدا بەشدار نیە، بەڵام لە لایەن، لایەنێکی شەرەکەوە دیاری دەکرێ و لایەنی بەرامبەریش لەسەری کۆکە. ئەم وڵاتە بێلایەنە ئەرکی دیاریکردنی رەچاوکردن یان رەچاونەکردنی ڕێوشوێنەکانی کۆنفانسیۆنەکانی ساڵی ١٩٤٩ ی ژنیف، پرۆتۆ کۆلەکانی ژمارەیەک و ژمارە دووی ساڵی ١٩٧٧ و یاسا نێودەوڵەتیەکانی دیکەش لە ئەستۆ دەگرێ. ڕێکخراوێکی بێلایەنیش وەکوو کومیتەی نێودەوڵەتی مانگی سوور، دەتوانێ ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ.

هێزی رەش Black power

بە بزوتنەوەیەکی رەش پێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەیەی ١٩٦٠ دەگوترێ کە بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی رەش پێست، سەبارەت بە جیاوازیدانان لە کۆمەڵگای سپی پێستدا هاتە ئاراوە. ئەم بزووتنەوە لە سەر یەکسانی مافی رەش پێستەکان و سپی پێستەکان پێداگری دەکردو لە لە کوتاییەکانی دەیەی ٦٠ دا هەوڵەکانی خۆی بەرفراوانتر کرد. کۆمەڵگای سپی پێست بە هۆی ترس لە ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزی رەگەزی، تارادەیەکی زۆر داواکارییەکانی رەش پێستەکانی جێبەجێ کرد.

هەژموونی Hegemony

لە زاراوەی یۆنانی hegemonia بە واتای ڕێبەرایەتیکردن و زێدەخوازی وەرگیراوە. هەژموونی زاراوەیەکە کە بۆ زۆرترکردنی نفووز یان کۆنترۆڵی توندوتۆڵی دەزگایەکی ڕێبەری یان دەوڵەتێک بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدا و یان بەسەر ناوچەیەکی دیکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی پێکهێنانی ناوچەی ژێر دەسەڵات و دامەزراندنی پێوەندیی نایەکسان لە نێوان وڵاتی سەرەکی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتدا. هەژموونی هێندێک جار لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ

www.perawipepwle.com

ئاماژەکردن بە سیاسەتە زێدەخوازانەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکە (لە بەرامبەردا زاراوەی ئەمپریالیزم بۆ ئاماژەکردن بە سیاسەتەکانی رۆژئاوا لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە) کەڵکی لێ وەردەگیردرا.

زاڵبوونی چینێک تەنیا بە پەنابردنە بەر زۆر و هێز مسۆگەر نابێ. هەر چینێک دەبێ لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا، لەو رەوشە تایبەتی و قەیرانە بەردەوامانەدا کە کومەڵگا گیرۆدەی خۆیان دەکەن، لێهاتوویی خۆی بۆ رێبەرایەتیکردن نیشان بدا و ببێتە جەمسەرێک کەرای گشتی خەڵک بۆ لای خۆی راکێشێ و بەقەناعەتیان بگەیەنێ کە بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی رابردوو و ئیستاکە، دەتوانێ رێبەرایەتیی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستوو ـ نەتەنیا ئەوەی هەر حکومەت بکا و بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بێ، بەڵکوو دەبێ لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا، لە زمانەوە بگرە هەتا کولتووری نەتەوەیی (نیشتمانی) وەڵامی پێداویستی و داواکاریەکانی کۆمەڵگا بداتەوە.

ئەم چەمکە گرنگە، بەلای تیۆری دارێژی بەناوبانگی ئیتالی "ئانتۆنیۆ گرامێشی"، بەرێبەرایێتی چینایەتی بە ناوبانگە. ئەم چەمکە کە پرۆسەی راستەقینەی وەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی شی دەکاتەوە، لەم سێ قۆناغە دا کورت دەکرێتەوە:

١ـ سەرهەڵدانی هێزە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکان (بە پێی ئاستی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەکان) و سەرهەڵدانی بارودۆخی گۆرانکاری لە کۆمەڵگادا.

٢ـ سەرهەڵدانی ئاڵوگۆری گرنگ لە عەقڵ و هەست و ئایدۆلۆژی تاکەکاندا. عەقڵی تاکە کەسەکان کە لە سەرەتادا بە شێوەی تاکە کەسیە (رکابەری لە نێوان تاکەکان دا)، بەرەبەرە دەگۆرێ بۆ حاڵەتی رێکخراوەیی و گرووپی و پاشان دەگۆرێ بۆ حاڵەتی چینایەتی و ئەمجارە مەسەلەی دەوڵەت دێنێتە گۆرێ و لە قۆناغی بە سیاسی بوونی دیاردەکاندا (کێشەکانی کۆمەڵگا حاڵەتی سیاسی بە خۆوە دەگرن) دەوڵەت وەکوو ئامرازی دەسەڵاتی چینێکی تایبەتی ـ کە لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگادا نیە ـ دەردەکەوێ و بوار بۆ یەکیەتیی ئەم چینە کە زیاتر لە لایەنەکانی دیکە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی و کۆمەڵگادا هەوڵ دەدا، لەگەڵ چینە ژێر دەسەڵاتەکانی تردا دەرەخسێنێ.

٣ـ ئاشکرابوونی خەبات و بەرەنگاری سەربازی: ئەم قۆناغە، قۆناغێکی چارەنووس سازە.

ئەم پرۆسە لە زۆربەی شۆڕشەکان و بەتایبەتی لە شۆڕشەکانی ئەورووپادا دەبینرێ (کە لە سەردەمی ڕێنێسانسەوە دارێژراوە) و بوارە هزری و کومەڵایەتیەکانی دیکە بۆ وێنە لە بواری خەباتی کۆمەڵایەتی جوتیارەکان لە ئەڵمانیا لە سەدەی دوازدەهەم بەملاوە، بە ناوی ئایینی پرۆستتان و دژایەتیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی پاپدا دەرکەوێ و وەکوو دەیان بزووتنەوەی ئایینی دیکە (بزووتنە یەکسانیخوازەکانی ڕۆژهەڵات) داوای گەڕانەوە بۆ مەسیحیەتی سەرەتایی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەکا، یان بۆتە هۆی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و عەقڵانی لە ناو فەیلەسووفەکانی وەکوو دیکارت، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، دیدرۆ،دالامبێر و لامتری کە هەموو ئەمانە بنەما هزری و فکریەکانی شۆڕشی بۆرژوایی لە ڕۆژئاوا دان. ئاشکرایە کەلەم پرۆسە کۆمەڵایەتیانەدا، ڕووناکبیرەکان، ڕۆلی سەرەکیی دەگێڕن.

گرامێشی دەڵێ: " ڕووناکبیرەکان ڕۆڵی لاولاوەیەک دەگێڕن کە ژێرخانی کۆمەڵگا بەسەرخانی ئایدولۆژی کۆمەڵگاوە دەبەستنەوە".

جێگۆرکێی ڕووناکبیران لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر لەو بابەتە گرنگانەیە کە لەم بوارەدا دێتە گۆڕێ و زۆر جاران ڕووناکبیرەکان بەپێی سەرچاوەو هەڵوێستی چینایەتیی خۆیان دەچنە خزمەت ئەم یان ئەو چین. ڕوونیشە کە هەرچەندە چینی دەسەڵاتدار یاسایی تر بێ و ڕەواییشی زۆرتر بێ، ڕووناکبیراەکان زیاتر بۆ لای دەچن و پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش دروستە. بەم پێیە چ لە قۆناغی پێش لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و چ لە قۆناغی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا، لەلایەن یەک یان چەند چینێک، خەباتی ئایدۆلۆژی گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەم گرنگیە بەتایبەت لە قۆناغە قەیراناوییە کاتیەکان یان قەیرانە ئۆرگانیکیەکاندا کە کێشەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر دێنە ئاراوە و چینی دەسەڵاتدار ڕاشکاوانە ناتوانن کۆمەڵگا بەرێوە ببەن و ڕووناکبیرانی ئەو چینە ناتوانن لەگەڵ ئایدۆلۆژی تازە بنیات و ڕووناکبیرەکانی لایەنگری ئەم ئایدۆلۆژییەدا بەرەنگاری بکەن، دوو هێندە دەبێتەوە.

Heaet Land

هارتلەند/ دڵی زەوی

ئەم زاراوەیە لە لایەن هارفۆرد مەکیندێر، زانای ئینگلیزی (١٨٦١-١٩٤٧) داهێنراوە. لەراستیدا تیۆرێک بوو لەبەرامبەر تیۆری زانای ئەمەریکی ئالفرێد ماهان (١٨٤٠ - ١٩١٤). ماهان پێیوابوو کە بۆ زاڵبوون بەسەر وڵاتێکدا، هەبوونی هێزی دەریایی وزاڵبوون بە سەردەریاکاندا پێویستە. مەکیندێر بە پێچەوانەوە پێیوابوو کە لە پێناو بەدەست هێنانی هێزی جیهانی، ئەو کەسانە دەبیەنەوە کەبەسەر وشکاییەکانی زەویدا زاڵن. مەکیندێر لە ساڵی ١٩٠٤دا، لە وتارێکدا تیۆرە بەناوبانگەکەی خۆی بە نێوی هارتلەند شیکردەوە.

ئەم تیۆرە نەک تەنیا لەو سەردەمەدا، بەڵکوو پاش چەندین ساڵیش سەرنج و بیروڕای جوگرافی زان و سیاسەتمەدارەکانی بە خۆیەوە خەریک کردبوو و لێکیان دەدایەوە و رەخنەیان لێدەگرت. لەم ساڵانەی دواییشدا هێندێک لە جوگرافی زانەکان، جارێکی تر تیۆری مەکیندێریان بە هێندێک گۆڕانکارییەوە هێناوەتە گۆڕ و هەوڵیان داوە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ بارودۆخی نوێی ئێستای جیهاندا بیگونجێنن. بیروڕاکانی مەکیندێر ناراستەوخۆ لەسەر سیاسەتی سەربازی ئەڵمانیاشدا کاریگەرییان هەبووە و هێندێک لە سیاسەتمەدارەکان، پێیانوایە ئەڵمانیا بە هۆی پێڕەویکردن لە بیروبۆچوونەکانی مەکیندێر لە شەڕی ساڵی ١٩٤٠دا، سەرکەوت. پوختەیەک لە بیروڕاکانی مەکیندێر:

" کیشوەرەکانی ئەورووپا، ئاسیا، ئەفریقیا سەرجەم وشکاییەکی گەورە پێک دێنن کە بەشێکی زۆری ئەم وشکاییە بەئاو تەنراوە. لە ئەفریقیادا بیابانی گەورە بۆتە هۆی جیاکردنەوەی باکوور لەگەڵ باشووردا. دەتوانین بەو وشکاییە بڵێین "دورگەی جیهانی". پانتایی ئەم دورگە رێک بەقەد دوو لە سێی هەموو وەیشکاییەکانی جیهانە. لە حاڵێکدا کە هەموو وشکاییەکانی جیهان کە ئەمەریکای باشوورو باکوور، ئەفریقیای باشووری بیابان و ئوسترالیا دەگرێتەوە، سەرجەم دەکاتە یەک لە سێی. ناو جەرگەو ناوەندی گەورەی دورگەی جیهانی کە مەکیندێر " ناوچەی تەوەریان Pivot Areaی پێ دەڵی، ناوچەیەکی پان و بەرینە کە لە باکوورەوە دەگاتە ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوورو لە رۆژئاواوە دەگاتە چۆمی ڤۆلگا، لە باشوورەوە دەگاتە کێوەکانی هیمالایا و

لە رۆژهەڵاتیشەوە دەگاتە سیبریا. بەم پێیە ناوچەی تەوەر بریتیە لە بەشێکی زۆر لە رووسیا، بەشی رۆژئاوای چین، بەشێک لە مەغولستان و ئێران.

لەروانگەی مەکیندێرەوە گرنگی ناوچەی تەوەر لەوەدایە کە هێزی دەریایی هیچ وڵاتێک ناتوانێ، بیخاتە مەترسیەوە، چوونکە ئاراستەی چۆمەکانی ئەم ناوچە بەرەو دەریا ئازادەکان نیە، هیچ پاپۆرێک ناتوانێ بچێتە ئەم ناوچەوە. ناوچەی تەوەر بەردەوام لە رەوتی مێژوودا رەوشێکی جیاوازی هەبووە و ئەو خەڵکەی لەم ناوچەدا ژیاون هێز و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا سەپاندووە. لە نێوان سەدەکانی پێنجەم و شازدەهەمدا ناوچەی تەوەر، شوێنی سەرهەڵدانی هۆزەکۆچەر و سوارچاکە جیهانگرەکان بووە. ئەمانە زیاتر هێرشیان کردۆتە سەرلای رۆژئاوا بەکەڵک وەرگرتن لە دەروازەی نێوان کێوەکانی ئۆراڵ و دەریای خەزەر (کاسپی، قەزوین) چوونەت ە ئەوروپا و مێژووی ئەوێیان گۆریوە. رووسیا، ئێران، هیندوستان و چینیش بەش بەحاڵی خۆیان کەوتوونە بەر پەلاماری ئەم هۆزە کۆچەرانەوە.مەکیندێر وای دانا بوو کە ئەگەر تورک و تاتارەکان بە ئەسپ و وشتر توانیویانە ببنە ئەو هێزو دەسەڵاتە، بە دڵنیاییەوە خەڵکی ناوچەی تەوەریش بەکەڵک وەرگرتن لە هێڵە ئاسنەکان دەسەڵاتێکی زۆریان دەبێ. مەکیندێر پێیوابوو ئەگەر ئەڵمانەکان و رووسەکان یەک کەون یان چینیەکان بەرێبەرایەتیی ژاپۆنیەکان، رووسەکان لە ناوبەن و ناوچە تورک نشینەکان داگیر بکەن، هێزی گەورە پێک دێ.

لە کتێبێکدا کە مەکیندێر لەساڵی ١٩١٩دا نووسی ناوی ناوچەی تەوەری گۆڕی و کردیە هارتلەند. هەڵبەت ئەمجارە مەکیندێر هێندێ شوێنی دیکەشی خستەسەر ئەو ناوچەی کە مەبەستی بوو کە بەشی ئەوروپای، رووسیا، تا دەریای باڵتیک، ئەو بەشانەی چۆمی دانوبی ناوەڕاست و خواروو کە بەکەڵکی هات و چۆی پاپۆرەکان دەهات، دەریای رەش، ئاسیای چکۆلە، ئەرمەنستان، ئێران، تەبەت و مەغولستانی دەگرتەوە. لە ساڵی ١٩٤٣دا مەکیندێر جارێکی دیکەش بەپێی هەلومەرج، گۆڕانکاری لە تیۆرەکانی خۆیدا پێکهێنا و ئەمجارە پانتایی هارتلەندی کەمتر کردەووە و لە بەرامبەر هارتلەندی رووسیادا، ناچەیەکی گرنگی سەربازیی دیکەی خستە سەر هاتلەند کە ئەقیانووسی ئەتلەسی باکوور، رۆژهەڵاتی ئەتازۆنی و ئەوروپای رۆژئاوای دەگرتەوە. زۆربەی پێش بینیەکانی مەکیندێر وەدی نەهاتن، چوونکە ئەو تیۆرەکانی خۆی بەپێی

رووداوه مێژوویی و بنەما جوگرافیەکان دارشتبوو، بەبێ ئەوەی بایەخ بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستەکان، لە داهاتوودا بدا.

هەبیتات / کۆنفرانسی نیشتەجێکردنی دانیشتوان

هەبیتاتی (١) یان یەکەمین کۆنفرانسی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ٣١ی ئایار هەتا ١١ی حوزیرانی ١٩٧٦ لە ڤەنکۆڤێری کەنەدا بەڕێوەچوو. یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم کۆنفرانسە دان پێدانان بەم بابەتە بوو کە کێشەی نیشتەجێکردنی دانیشتوان، کێشەیەکی جیددییە و بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەکوو ڕێگایەکی نێوانبڕ وایە. کۆنفرانس توانی بەرنامەی کار و ڕاگەیەنراوێکی کۆتایی دارێژێ. لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا، ٦٤ پێشنیار سەبارەت بە گەڵاڵەکانی نیشتەجێکردن بەناوی "گەڵاڵەی هەنگاوی ڤەنکۆڤێر" ئامادەکرا.

هەبیتاتی (٢) یان دووهەمین کۆنفرانسی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٣ هەتا ١٤ی حوزەیرانی ١٩٩٦ لە ئەستانبولی تورکیا و بە بەشداری ١٧٠ وڵاتی جیهان و ٥٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەڕێوە چوو. ئەم کۆنفرانسە لەراستیدا بەمەبەستی هاوکاری نێودەوڵەتیی بۆ دارشتنی پلانەکانی پەرەپێدانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە بواری شارنشیی، پەرەپێدانی شارنشینی، ئاوەدان کردنەوە، چاکترکردنی ڕەوشی نیشتەجێکردن و ژینگەی مرۆڤ و دیاریکردنی پێداویستیەکان، سەرمایە نانەوە لە بوارە بناغەیی و خزمەتگوزارییەکاندا، بەڕێوە چوو. چۆنیەتی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هەمووان لە دونیای شارستانیدا، لە بابەتەسەرەکیەکانی ئەو کۆنفرانسە بوون.

هاوسەنگیی هێزەکان **Balance Of Power**

تیۆری هاوسەنگیی هێزەکان پێیوایە کە هێزی هەر کۆمەڵێک لە وڵاتانی کیشوەری ئەورووپا، نابێ لە هێزی کۆمەڵەکانی دیکە زۆرتر بێ، تابەسەر یەکتردا زاڵ نەبن و ئاشتی مسۆگەر بێ. پاراستنی ئەم هاوسەنگیە بۆ ماوەیەکی زۆر بابەتیی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بوو و قۆناغێکی درێژخایەنی ئاشتی لە ١٨٧١ تا ١٩١٤ بە هۆی ئەم سیاسەتەوە لە نێوان وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، ئیتالیا (یەکیەتیی سێ کوچکە) و وڵاتانی بەریتانیا، فەڕەنسا و رووسیا (هاوپەیمانەتی سێ

www.perawipepwle.com

کوچکه)دامەزرا. له دوای شەڕی یەکەمیی جیهانیەوه ، تیۆری هاوسەنگیی هێزەکان چووه ناو مێژووی دیپلۆماسیەوه (له بیرکرا) و بەریتانیا هەتا ساڵی ١٩٣٩ له بەرامبەر گەورەترین هێزی ئەوروپا، واته له بەرامبەر ئەڵمانیادا، سیاسەتی هێمنانەی گرتەبەر. له دوای ساڵی ١٩٤٥ەوه بەریتانیا هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکان نەداوه، بەڵام له بەرامبەردا هەوڵ دراوه که هێزی رۆژئاوا له بەرامبەر هێزی رۆژهەڵاتدا زۆرتر بێ.

هێڵی °٣٨ — *Thirty –Eight Parallel*

ئەم زاراوه به هێڵی °٣٨ی نیوەگۆی باکووری دەگوترێ که کۆریای باکوور له کۆریای باشوور جیادەکاتەوه.

و

و

Country / State

وڵات

وڵات بە شوێنێکی جوگرافی دەگوترێ کە خەڵکی تێدا نیشتەجێیە، کە لە بواری سیاسیدا سنووری دیاریکراوی نێودەوڵەتی هەیە و لە لایەن دەستەیەک دەسەڵاتدارەوە بەڕێوە دەچێ. بوونی سێ فاکتەری " خاک" ، " دانیشتوان" و" ڕێکخراوی حکومەتی" بۆ پێکهێنانی وڵاتێک پێویستن. ئەگەر دەستەی دەسەڵاتداری وڵات لە بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان و داڕشتنی سیاسەت و بڕیاردا ئازاد بن و سەربەستانە و بەبێ دەستێوەردانی ڕەسمی وڵاتێکی بیانی، وڵات بەڕێوە ببەن، و سەربەخۆیی ئەو وڵاتەش لە لایەن چەند وڵاتی سەربەخۆی دیکەوە بەرەسمی ناسرا بێ، ئەو وڵاتە سەربەخۆیە و دەنا وەکوو یەکێک لە شێوەکانی کۆلۆنی، لە ژێر سەرپەرەستیاری، وڵاتی کاتیی و ...هتد دەبێ.

Neutralized State

وڵاتی بێلایەن (هەمیشەیی)

وڵاتێکە چ لە کاتی ئاشتی و چ لە کاتی شەڕدا بێلایەن بێ و، ئەم بێلایەنیەش لە لایەن وڵاتانی دیکەوە بەرەسمیی ناسرا بێ. بە پێچەوانەی ئەو بێلایەنەی کە تەنیا لە کاتی شەڕی نێوان دوو وڵاتدا، لە لایەن وڵاتی سێهەمەوە ڕادەگەیەنرێ، ڕاگەیاندنی " بێلانەی هەمیشەیی" یان بێلانەن بوون"، ئەو وڵاتە ناچار دەکا کە لە هەموو کاتەکاندا هەڵسوکەوتێکی بێلایەنانەی هەبێ.

دەسەلاّتە گەورەکان دەتوانن لە بەرامبەر بەڵێنی. لایەنگری نەکردن لە لایەنێک، بە شداری نەکردن لە هەر یەکیەتیەکدا لە لایەن ولاّتی بێلایەنی هەمیشەییەوە، داکۆکی لە بێلایەن بوونی ئەو ولاّتە بکەن و یەکپارچەیی ولاّت و سەربەخۆییەکەی بپارێزن. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ولاّتانەی کە لایەنی رێککەوتننامەی بێلایەنی ولاّتێک نین، لە کاتێکدا کە هێرش کرابێتە سەرئەم ولاّتە، ناچار نین کە داکۆکی لە ولاّتی بێلایەن بکەن. ئەوەش روون نیە کە ئایا ئەو ولاّتەی رێککەوتننامەی بێلایەنی مۆر کردووە، لە حالێکدا کە نێوەرۆکی رێککەوتننامەکە لە لایەن ولاّتانی دیکەوە رەچاو نەکرێ، ئەو ولاّتە هەروا لەسەر بەڵێنەکەی سوور دەبێ یان نا؟

بەلاّم بێلایەنی هەمیشەیی سویسرا ورەنگە بێلایەنی نەمساش بوون بە بە شێک لە یاسای نێودەوڵەتی و عورفی گشتی. دەبێ لە نێوان بارۆدوخی ولاّتێکی بێلایەنبوو و بێلایەنی هەمیشەیی و ئەو ولاّتانەش کە بە شێوەی دوو فاکتۆ(بە بێ هیچ بەڵێنێکی یاسایی) بێلایەنن وەکوو سوید و فینلەندا و زۆربەی ولاّتانی جیهانی سێهەمیش کە لە سیاسەتی بێلایەن بوون پێرەوی دەکەن، جیاوازی دابنێین. بە پێچەوانەی هەلومەرجی یاسایی بێلایەن (بێلایەنی هەمیشەیی)، بارودۆخی بێلایەن بوون هیچ بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتی نیە.

ولاّتی نێوان — *Buffer State*

هێندێک ولاّت لە بواری کیان و جێگیری سیاسییەوە، قەرزداری بارودۆخی جوگرافی خۆیانن کە کەوتۆتە نێوان دوو ولاّتی بەهێزەوە. ئەم ولاّتانە بە ولاّتانی نێوان بە باوبانگن. ولاّتانی نێوان، بەزۆری لاواز و بێ هێزن کە بە زۆری بەمەبەستی پێشگرتن لە پێکهەلّپرژانی دوو ولاّتی بە هێز پێکهاتوون و یەکپارچەیی ولاّت و سەربەخۆییەکەشیان لە لایەن دەسەلاّتە نێودەوڵەتیەکانەوە دەپارێزرێ.

ولاّتانی ئێران، ئەفغانستان و تایلەند لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ولاّتە نێوانەکان بوون. هەر سێ ولاّتە کە سەربەخۆیی خۆیان زیاتر بە پشتیوانی بەریتانیا و روو سیا دەزانی، تا ئەوەی بە هێز و توانایی خۆیان بزانن. ولاّتی ئەتیۆپیش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ولاّتە نێوانەکان بوو و بە پێی ئەو رێککەوتننامەی کە لە نێوان ولاّتانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیادا مۆر کرا، ولاّتی ئەتیۆپی گەیشتە سەربەخۆیی. بە لاّم لە دواییدا کە ولاّتانی بەریتانیا، فەرەنسا

و ئیتالیا چیدی ئاماده نەبوون بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئەتیوپیی شەڕ بکەن و ئیتالیاش پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا هەروا ڕاگرت، ئەتیوپی لە لایەن ئیتالیاوە داگیرکرا. ئەگەر وڵاتێکی نێوان ئەوەندە بەهێز بێ کە بۆ خۆی بە تەنیا بتوانێ پاریزگاری لە سنوورەکانی بکا، ئەو وڵاتە ئیدی وڵاتی نێوان نیە. بۆ وێنە سۆیسرا ئەمڕۆکە بە هۆی بوونی هەلومەرجی باشی جوگرافی و بەرگری سروشتی و خەڵکێک کە بڕوایان بە نەریتی ئازادی هەیە و ئابوورییەکی پێشکەوتوویان هەیە، ناتوانێ ناوی وڵاتی نێوان لە سەرخۆیدا بنێ. لە لایەکی دیکەوە باری جوگرافی ئەم وڵاتە لەورووەوە باشە کە چوار دراوسێی هەیە کە بەردەوام لەگەڵ یەکتردا ڕکابەری دەکەن. لە ساڵی ۱۹۳۸دا کاتێک کە ئەڵمانیا خاکی یەکێک لە دراوسێکانی خۆی (نەمسا) داگیر کرد و دوو ساڵ دواتریش هێرشی کردە سەر فەڕەنسا، سویسرا ناچار بوو بێلایەنی خۆی ڕابگەیەنێ تابەم شێوە بتوانێ، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خۆی بپارێزێ. شتێک کە نابێ لەبیرمان بچێ ئەوەیە وڵاتێک کە دەبێتە نێوان، تەنیا بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیەکەیەوە نیە، بەڵکوو ویستی ئەو وڵاتەش بۆ سەربەخۆمانەوە لە تەنیشت دراوسێ بە هێزەکاندا زۆر گرنگە. فینلەندا کە سەرەڕای هەڵکەوتی تایبەتی خۆی لە نێوان دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا توانیویەتی سەربەخۆی خۆی بپارێزێ؛ باشترین وێنەیە بۆئەم حاڵەتە.

وڵاتی دواکەوتوو **Backward Country**

ناوێکی دیکەیە بۆ وڵاتە پەرەنەگرتووەکان. نیشانەکانی وڵاتە دوا کەوتووەکان بریتین لە:

نزمی ئاستی تەندروستی و خۆراک، نەخوێندەواری، وەڕەزبوون و بێزاربوون، کەمبوونی سەرمایە، جیاوازی قووڵی چینایەتی، دووفاقە بوون یا چەند فاقەبوونی ئابووری، زاڵبوونی کەرتی کشتوکاڵ بە سەرکەرتی پیشەسازیدا، لاوازی سیستەمی دراوی، ڕوونەکردنە بەشی سەرمایەگوزاری، کەمی ژمارەی خاوەن کارە ئابوورییەکان، نەبوونی شێوازی تەکنیکی پێشکەوتوو و نەبوونی ڕۆحی پەرەپێدان و گەشە سەندن.

زاراوەی وڵاتانی دواکەوتوو لە بەرامبەر وڵاتانی پێشکەوتوو دایە. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە وڵاتە تازە سەربەخۆکانی جیهانی سێهەم و ئەو وڵاتانەی پێک دێن کە جاران بە شێوەی

www.perawipepwle.com

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، سەربازی و کولتووری کۆلۆنیا لیستەکاندا بوون.

ولاّتی فیدراڵ Federal State

فیدراڵ بە تێکەڵاوبوون یان یەکیەتیی نێوان ئەو کیانە سیاسیانە لەناو ولاّتێکدا دەگوترێ کە لە رابردوودا سەربەخۆ یان خودموختار بوون.

ولاّتی فیدراڵ بە ئوتۆریتە و دەسەڵاتی راستەخۆ بە سەر هاولاّتیەکانیدا، شوناسێکی یاسایی نێودەوڵەتی یەکگرتوو و تێکەڵاو دێنیتە ئاراوە کە ئەندامەکانی ئەو شوناسە نێودەوڵەتیە تاکەکەسیەی کە جاران هەیانبوو، لە دەستی دەدەن. (ئەگەرچی شوناسی خۆیان لە یاسا نێو خۆییەکاندا دەپارێزن).

دەوڵەتی ناوەندیی ولاّتی فیدراڵ، نوێنەری ولاّتانی ئەندام لە بواری کاروباری دەرەوەدایە، سەرەڕای ئەمە ولاّتی فیدراڵ دەتوانێ رێگابە ولاّتانی ئەندام بدا، رۆلێکی بەرتەسکیان لە کاروباری دەرەوەدا هەبێ. (نموونەی ئەم حاڵەتە لە سویسرا و کۆماری فیدراڵی ئەڵمان دادەبینرێ). زەقترین و زۆرترین رادەی ئەم حاڵەتە، ئەندامەیتی دوو ولاّتی (واتە کۆمارەکانی بیلارۆس و ئوکراینا) یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو. ئەندامەتیی ئەم دوو ولاّتە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هۆکاری سیاسیی هەبوو.

ولاّتی بەستراوە (ناسەربەخۆ) Depen dent State

ئەندامێک لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە خاوەنی رەوش و هەلومەرجێکی بەرتەسک یان مەرجدارە. پێوەندی نێوان ولاّتی بەستراوە لەگەڵ ولاّتێکی دیکەدا بە شێوەیەکە کە دەسەڵاتدارەتی یان ئازادی کردەوەی سەربەخۆی ئەوان بە شێوەیەکی رەسمیی(بۆوێنە بە پێی رێککەوتننامە) بەرادەیەک بەرتەسک بۆتەوە کە جۆرە بەسترانەوەیەک بە لایەنێکی دیکە هەیە و پانتاییەکەی لە هاوکاریکردن لە کاروباری دەرەوە هەتا دامەزراندنی هەلومەرجێکی کۆلۆنیالیستی بەربلاّوە. هەلومەرجی بەستراوەبوون نابێ لەگەڵ واقعیەتی سیاسی ئەو ولاّتانەی کە لە ژێر پاڵەپەستۆی

دەرەکی و بەسترانەوەی دوولایەنەی جیهانیدان، تێکەڵاو بکرێ. بە وڵاتانی بەستراوە، وڵاتانی بەکرێگیراو، نیمچەسەربەخۆ و ژێرسەرپەرەستیاریش دەگوترێ.

وڵاتانی کەمتر پەرەگرتوو

Less Developed Countries

وڵاتانی کەمترپەرەگرتوو، وڵاتە هەژارەکانی جیهانی سێهەم لە ئەفریقیا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین لە خۆ دەگرێ. هێندێک لە خاوەنرایان پێیانوایە کە هەژارترین وڵاتەکان بە ناوی جیهانی چوارەم جیابکەنەوە. بۆ دیاریکردنی وڵاتێکی کەمترپەرەگرتوو، دەتوانین لەم پێوەرە ئابوورییانە کەڵک وەرگرین : رێژەی بەرهەمهێنانی نەپاڵاوتووی نێوخۆیی، رێژەی بەرهەمهێنانی سەرانەی نێوخۆیی، زۆرتربوونی بەشی تاک لە داهاتی گشتی وڵات. ئەم وڵاتانە یارمەتی ورگرن و یارمەتی نابەخشن و رۆڵێکی کەمیان لە بازرگانی جیهانیدا هەیە .

وڵاتە سەر بەخۆ هاوبەرژەوەندەکان

Commonwealth Of Independent States (CIS)

ئەم زاراوەیە بە یەکیەتیی ژمارەیەک لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو دەگوترا کە بناغەی رێکخستنەکەی لە سەردەمی هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و لە کۆبوونەوەی ئاڵماتا، ناوەندی قەزاقستان لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا دامەزرا. ئەو دوازدە کۆمارەی کە لەم دانیشتنەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە:

ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ئوزبەکستان، ئۆکراینا، تاجیکستان، تورکەمەنستان، رووسیا، بیلارووس، قرقیزستان، قەزاقستان، گورجستان و مولداڤیا.

گورجستان بریارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەی مۆر نەکرد. جێگای باسە کەسێ کۆماری دەریای باڵتیک واتە ئیستۆنی، لیتۆنی و لیتڤانیا لە پێش ئەم وڵاتانەدا بەتەواوەتیی سەربەخۆیی خۆیان لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەت راگەیاند بوو(٦ی ئەیلوولە ١٩٩١).

Ministry of Foreign Affairs ***وەزارەتی کاروباری دەرەوە***

وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئۆرگانێکی دەوڵەتیە کە بەرپرسی بەرێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ وڵاتانی دیکەیە. لە هێندێک وڵات بەم ئۆرگانە دەڵێن

وەزارەتی پێوەندییەکانی دەرەوە. ئەرکەکانی وەزارەتی دەرەوە بریتین لە: وتووێژ، گرێدانی ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکاندا، پشتیوانی لەو هاوولاّتیانەی کە لە ولاّتانی دەرەوەدا دەژین، ئالوگۆڕی نووسراوە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا، ناردن و وەرگرتنی دیپلۆماتەکان، پاراستنی بەڵگەی دیپلۆماتیک، پاراستنی بەرژەوندییەکانی ولاّت لە دەرەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە.

Minister of Foreign Affairs *وەزیری کاروباری دەرەوە*

یەکێک لە وەزیرەکانی دەوڵەتە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەی ولاّتی لە ئەستۆدایەو و لەژێر چاوەدێری سەرۆکی ولاّت [سەرۆکی دەوڵەت] یان لە ژێر چاوەدێری پەرلەماندا ئەرکەکەی بەڕێوە دەبا. وەزیری دەرەوە، سەرۆکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیە. وەزارەتی کاروباری دەرەوەش وەکوو وەزارەتەکانی دیکە خاوەن داموودەزگای ڕێک وپێک لە پایەختی ولاّت دایە. بەلاّم جیاوازییەک کەلەگەڵ وەزارەتخانەکانی دیکەدا هەیەتی ئەوەیە کەئەم وەزارەتخانەیە، جیا لە دامووده‌زگای ناوەندی، نوێنەرایەتی سیاسی و کۆنسۆلیشی لە ولاّتانی دیکەدا هەیە.

ئەمڕۆکە بە پەرەگرتنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ئەو بایەخەی کە ولاّتان بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیان و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ولاّتانی دیکەدا دەدەن، ڕۆڵی وەزارەتی کاروباری دەرەوە زیاتر بووە. بۆیە پلەو پایەیەکی تایبەتی لە حکومەت دا هەیە. و لە ئاکامیشدا وەزیری دەرەوە بەرزترین کاربەدەست لە هیرەمی دیپلۆماتی دایە. ئەرک و دەسەلاّتەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە بەپێی یاساکانی هەر ولاّتێک دیاری دەکرێن کە بە گشتی بریتین:

١ــ بەڕێوەبردنی وەزارەتخانەکەی خۆی (وەکوو وەزیرەکانی دیکە)

٢ــ ناردن و وەرگرتنی دیپلۆماتەکان

٣ــ وتووێژو گرێدانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان

٤ــ دەرکردنی بریاری پێویست بۆ ڕاسپاردە سیاسی و کۆنسولیەکان و فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیە سیاسی و کۆنسولیەکانی دەرەوەی ولاّت

٥ــ پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ ڕاسپاردە سیاسییەکانی دەوڵەتە بیانیەکانی نیشتەجێی ولاّت

٦_ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنفرانس و کۆنگرە گرنگە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان

Minister Counsellor

وەزیری موختار

پلەی وەزیری موختار لە پلەی باڵوێز نزمترە. وەزیری موختار لە رابردوودا دەنێردرایە وڵاتانی چکۆلە و کەم بایەخ، بەڵام ئەمرۆکە ئەم پۆستە ئاسەوارێکی نەماوە. لە هێندێک وڵاتدا وەزیری موختار وەکوو کەسی دووهەم و لە دوای باڵوێز یان لەو کاتانەدا کە باڵوێز لەوێ نەبێ، ئەرکەکانی باڵوێز بەرێوەدەبا. و لە حاڵەتێکدا کە وەزیری موختار نازناوی "سەرۆکی راسپێردراو"ی هەبێ، دەبێ وەکوو باڵوێز رێورەسمەکانی ناساندن و پێشکەش کردنی بروانامە جێبەجێ بکا.

Negotiation

وتووێژ

شێوازێکی دیپلۆماسیە کە نوێنەرانی وڵاتەکان، راستەوخۆ یان لە رێگای نووسینەوە سەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆتە نیگەرانیی بۆ هەر دوولایەن، باس و راوێژ دەکەن و بۆ چارەسەری ئەوکێشانەی کە هاتوونەتە بەردەم پێوەندییەکانیان هەوڵ دەدەن. وتووێژە دیپلۆماتیەکان، چ دوولایەنە بن و چ فرەلایەنە بن ، کۆنترین و باوترین شێوەکانی چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکانن. لەمێژە کە وڵاتان بەرلەوەی پەنابەر بەر زۆر و هێز، ناچار کراون کە لەگەڵ یەکتردا وتووێژ بکەن و وتووێژ بۆتە یاسایەکی گشتی لە یاسا عورفیە نێودەوڵەتیەکاندا . ئەمرۆکە ئەم یاسایە لە زۆربەی ئەورێککەوتننامانەدا گونجێنراوە کە لەژێر چاوەدێری UN گرێ دەدرێن. بەندی ١ی ماددەی ٣٣ی پێرەوپرۆگرامی UN دیاریکردووە کە هەر کاتێک لە نێوان دوولایەندا، کێشە سەریهەڵدا (کە درێژە خایاندنی ئەم کێشانە رەنگە ببێتە مەترسیی بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتیی)، لایەنەکانی کێشەکە، دەبێ لە پلەی یەکەمدا، بەشێوەیەکی ئاشتیانە، کێشەکانیان چارەسەر بکەن. هەروەها لە زۆربەی ئەو رێککەوتننامانەی کە سەبارەت بە چارەسەری کێشەکان هاتوونە ئاراوە، بە شێوەی نارەسمی باس لەوە کراوە کە وڵاتان بۆ چارەسەری کێشەکانیان، ناچارن کە لەگەڵ یەکتردا وتووێژ بکەن .

وتوویژی دامبارتۆن ئۆکس (١٩٤٤) **Dumbarton Oaks**

وتوویژەکانی دامبارتۆن ئۆکس کە لە ٢١ی مانگی ئاب تا ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ لە شاری واشینگتۆن لە نێوان نوێنەرانی ولاّتانی ئەمەریکا، بەریتانیا، یەکیەتیی سۆڤیەت و چیندا بەرێوە چوون، گەلاّلەیەک بوو لە ژێر ناوی پێشنیارەکانی دامبارتۆن ئۆکس بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی گشتی نێودەوڵەتی. ئەم گەلاّلە نێردرایە هەموو ولاّتانی هاوپەیمان تاکوو سەبارەت بە نێوڕۆکی ئەم گەلاّلە، بیروبۆچوونی خۆیان دەربرن. ئەم وتوویژانە لە کۆنفراسی ئیتالیا و پاشان لە کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆشدا هاتنە بەرباس و بوونە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN.

وتوویژی شارستانیەکان

Dialogue Among Ciriliziation

گەلاّلەیەک بوو لە بەرامبەر تیۆری " پێکدادانی شارستانیەتەکان". ئەم تیۆرە پێیوابوو بە جێگەی پێکدادان، دەوڵەتەکان دەتوانن لە ڕێگای دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. پێشنیاری وتوویژی شارستانیەتەکان سەرەتا لە کۆبوونەوەی سەرۆکانی ولاّتانی ئەندامی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لە تاران (١٣٧٦) لە لایەن سەیدمحەممەدی خاتەمی، سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران و پاشانیش لە دوازدەهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکانی ولاّتانی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە دوربانی ئەفریقیای باشوور (١٩٩٨) و لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا لە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکدا هاتە گۆڕێ. کومیتەی گشتی UN لە کۆبوونەوەی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ بە تێکڕای دەنگەکان، پێشنیاری ئێرانی خستنە ناو بەرنامەی کۆبوونەوەکە و لە ئاکامیش دا لە ٤ی تشرینی دووهەم و بەتێکڕایی دەنگەکان ، ساڵی ٢٠٠١ یان بە ناوی ساڵی وتوویژی شارستانیەتەکان ناونا.

ولاّتی ناخودموختار

Non - Self - Gorerning Territoy

زاراوەیەکە کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە ولاّتێک کەڵکی لێ وەردەگیردرێ کە بەبێ لەبەرچاو گرتنی ناوەکەی(ولاّتی بیانی، ولاّتی ئەودیوی ئاوەکان، ویلایەتی ئەودیوی ئاوەکان، بەستراوە، ولاّتی خودموختار، ناوچە یان تەنیا کۆلۆنی) لە ژێر

www.perawipepwle.com

چاوەدێری دەسەلاتێکی کولۆنیالسیتی دایە. ماددەی ٧٣ ی جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ولاتانی ئەندام بەبەرپرسی بەڕێوبردن و چاوەدێریکردنی ئەم ولاتانە بەمەبەستی بردنە سەری ئاستی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی دانیشتوانی ئەم ولاتانە دادەنێ (لەوانە گەرەنتی کردنی پێشکەوتن لە بوارە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری ، زانستیەکاندا)دا. کە بە شێوەیەک پارەمەتیان بدرێ کە بۆ خۆیان بتوانن پەرە بە دامەزراوەکانی خۆیان بدەن.

Sub Cultural

وردە کولتوور

بریتیە لەچوارچێوەیەک لە بیروبۆچوون، بەها، بڕوا و هەڵسوکەوتی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گرووپ یان توێژێکی تایبەتی لە نێوکۆمەڵگایەک دا کە ئەم چوارچێوە کولتووریە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ئەندامانی خۆی دادەنێ. وردە کولتوور، کولتووری کەمایەتیە.

ی

Alliance

یەکیەتی

بریتیە لە بەڵێنی دوو یان چەند دەوڵەت لە بەرامبەر یەکتردا بۆ دابینکردنی پێداویستی و هاوکاریە سیاسی و سەربازیەکانی یەکتر لەکاتی شەڕ هەڵایساندا.

Balkan Entente

یەکیەتیی باڵکان (۱۹۳٤)

یەکیەتی نێوان یۆگۆسلاڤیا، یۆنان رۆمانیا و تورکیا بوو، کە لە ساڵی ۱۹۳٤دا لە دژی داواکاریەکانی بولگاریا پێک هات. بولگاریا داوای بەشێکی گەورە لەو ناوچانەی دەکرد کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ببوون بەبەشێک لە خاکی ئەو وڵاتانەی ناو ئەو یەکیەتیە .

Unity For Freedom

یەکیەتی بۆ ئازادی

رێکخراوێکی سیاسی بوو کە لە ساڵەکانی ۱۹۰٤ و ۱۹۰٥دا لە رووسیا چالاکی دەکرد و لە شارە گەورەکانی وەک پترزبۆرگ و خارکیفیشدا چەندین لقی هەبوو. ئەندامانی ئەو رێکخراوە خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی گشتیی سەربەخۆ و ئازاد، جێبەجێکردنی دەستوور،

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و پێکهێنانی فیدراسیۆنی سەربەخۆ بوون.

یەکیەتیی سۆڤیەت *The Soviet Union*

ئەم زاراوەیە کە ناوە تەواوەکەی " یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی "یە، بە وڵاتێک دەگوترێ کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ لە سەر دەستی لنین دامەزراو، لە ڕێکەوتی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ بەڕەسمی هەڵوەشایەوەو، کۆمارەکانی بە سەر پازدە وڵاتی سەربەخۆدا دابەش بوون، یەکیەتیی سۆڤیەت کە بە سیستەمێکی کۆمۆنیستی ئیدارە دەکرا، جگە لە پازدە کۆماری یەکگرتوو، خاوەنی ٢٠ کۆماری؛ ٨ ناوچە و ١٠ بەشی خودموختاریش بوو. ئەو کۆمارانەی کە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆ بوون و، بوون بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتین لە:

١_ ئازەربایجان	٢_ ئەرمەنستان	٣_ ئوزبەکستان
٤_ ستۆنیا	٥_ئۆکراینا	٦-تاجیکستان
٧_ تورکمەنستان	٨_ [فیدراسیۆنی] رووسیا	٩_ بیلا رووس
١٠_ قرقیزستان	١١_ قەزاقستان	١٢_ گورجستان
١٣_ قەزاقستان	١٤- لیتوانیا	١٥ _ لیتۆنی
١٦_مۆلداڤی		

سەرۆکەکانی سۆڤیەت لە کاتی دامەزرانی سۆڤیەت بریتین لە :

١_ ڤلادیمیر لنین (١٩٢٤_ ١٩١٧)	٢ _ ژۆزێف ستالین (١٩٥٣_ ١٩٢٤)
٣_ نیکیتا خرۆشچۆف (١٩٦٤_ ١٩٥٢)	٤_ لێۆنید برژنێف (١٩٨٢_ ١٩٦٤)
٥_یۆری ئاندرۆ پۆف (١٩٨٤_ ١٩٥٢)	٦_کنستانتین چرنیکۆف (١٩٨٥_ ١٩٨)
٧_میخائیل گۆرباچۆف (١٩٩١_ ١٩٨٥)	

یەکیەتیی سێ کوچکە *Triple Alliance*

ئەم زاراوە سەبارەت بەو ڕێککەوتننامانە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ:

١_ یەکیەتیی نێوان بەریتانیا، سوید و هۆڵەندا لە دژی فەرەنسا (١٦٦٨).

٢_ یەکیەتیی نێوان بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا (١٧١٧).
٣_ یەکیەتیی نێوان ئەڵمانیا، نەمسا _ هەنگاریا و ئیتاڵیا (١٨٨٢)

یەکیەتیی دوولایەنە Dual Alliance

بە یەکیەتی یان ڕێککەوتنی دوولایەنەی نێوان رووسیای تیزاری و دەوڵەتی فەرەنسا دەگوترێ. ئەم یەکیەتیە لە ساڵی ١٨٩٣ هەتا شۆڕشی کۆمۆنیستی رووسیا لە تشرینی یەکەمی١٩١٧دا، درێژەی هەبوو.

یەکیەتیی پیرۆز (١٨١٥) Holy Alliance

لە کانوونی یەکەمی ١٨١٥دا، تیزار ئەلکساندەری یەکەمی شای رووسیا، فرانسیسی یەکەمی ئیمپراتۆریی نەمسا و فریدریک ویلهێڵمی سێهەمی شای پرووس پەیماننامەیەکیان مۆر کردو، بەپێی ئەوە، بناغەی "یەکیەتیی پیرۆز"یان داڕشت و، دواتر زۆربەی شاکانی ئەورووپا چوونە نێو ئەم یەکیەتیەوە. یەکیەتیی پیرۆز یەکیەتیی شاکانی ئەورووپا بۆ سەرکوتی جووڵانەوە رزگاریدەرە نەتەوەیی و بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان بوو. ئەم یەکیەتیە، کۆنەپەرسترین رێکخراوی نێونەتەوەیی بوو کە تاکوو ئەوکات لە جیهاندا دروست ببوو، تەنیا ئامانجیشی پێشگیریکردن، خاشەبڕکردن و تێکشکاندنی شۆڕشە شۆڕشگێرییەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بوو.

هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانی ئەورووپا پشتیوانیان لە یەکیەتیی پیرۆز دەکرد و، لەویەکیەتیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرجۆرە " جیابیرییەک" کەڵک وەردەگیرا. لە کلیسا، بەتایبەتی کلیسای کاتۆلیک بە هەموو لق و پۆپەکان و دەست و پێوەندە شاراوەکانی، سیخووڕی، راپۆرتچی، نامەی بەناو نیشان و لێکۆڵینەوە نهێنیەکان لە هەموو شوێنێک، بۆ خاشەبڕکردنی "داهێنانی شۆڕشگێڕی " کەڵک وەردەگیرا.

ئامانجی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی پاشا فئودالەکان لە پلەی یەکەمدا بۆ دواوە گەڕاندنەوەی ئاراستەی مێژوو بوو، چوونکە بە بڕوای ئەوان، ئەوەی کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا رووی دا بوو هیچکات لە مێژوودا نەبووە و، لە پلەی دووهەمیشدا دووبارە گەڕانەوە بۆ سیستەمی کۆنی بەر لە رووخانی باستیل بوو. بیرمەندانی کۆنەپەرست بە چاوی سووکەوە سەیری

www.perawipepwle.com

ئەدەبیاتی سەردەمی رۆشنگەریان دەکرد و، هەوڵیان دەدا " بڕوای ئایینی رزگاریدەر"ی لە بەرامبەر دابنێن و، پروپاگەندە بۆ پیرەوی ملکەچانە لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان بکەن. گابریەل بۆناڵد لە کتێبەکانیدا پێویستیی گەڕانەوەی سیستەمی چینایەتی کۆن و دەسەڵاتی کەنیسەی دەسەلماند. لۆدڤێک هالەر بەتووندی خوازیاری پیرەوی بێ ئەملاوئەولا لە دەسەڵاتی رەهای پاشاکان بوو. ژۆزێف دوو میستەر، ستایشی رێکخراوی پشکنینی بیروڕاکانی وەک سەنگەری بەرگریی کۆمەڵگا دەکردو، زانستە سروشتیەکانی پرۆتستۆ دەکردو، پێشنیاری دەکرد کە بۆ پێشگیریکردن لە بڵاوبوونەوەی زانست لە نێو خەڵکی رەش و ڕووتدا چارەیەک بدۆزیتەوە.

بەڵام چالاکیی ئەوانە تەنیا لە زمان و نووسیندا کورت نەدەبۆوە. بزربۆنەکان زۆر بێ بەزەییانە بەدوای کەسانی لێهاتوو و ناسراوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی سەردەمی ناپلیۆنەوە بوون. زۆر لەو کەسانە بەبێ دادگایکردن لە سێدارە دران و، دادگا تایبەتیەکانیان هەزار کەسی دیکەیان بە زیندانیی درێژماوە مەحکووم کرد. لە ساڵی ١٨٢٥دا، لە سەردەمی پاشایەتیی شارڵی دەیەم (١٨٣٥-١٨٢٤) بەپێی یاسایەک، بڕیاردرا کە بڕێکی بەرچاو پارە بە کۆچەرانی پێشوو وەک قەرەبووکردنەوەی ئەو زەوی و زارانەی کە لە سەردەمی حکومەتی شۆڕشگێڕدا دەستیان بە سەردا گیرابوو، بدرێ. هەر لەو ساڵەدا یاسایەکی تر پەسند کرا، کە بڕیاردرا سزای توند بە سەر ئەو کەسانەدا بسەپێ کە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی کلیسا دەکەن یان کاری پێچەوانەی رێ و شوێنی کلیسا ئەنجام دەدەن: لە هێندێک حاڵەتدا سزادان بە شێوەیەک بوو کە دوای بڕینی دەستی راستی تاوانبار، مەحکووم بە کوشتن بە گیوتین دەبوو. فرێدنیاندی حەوتەم (١٨٣٣-١٨١٤) لە ئیسپانیا دەستووری ساڵی ١٨١٢ی هەڵوەشاندو، سەرلەنوێ رژێمی ترسناکی سەرەڕۆی دامەزراند. جارێکی تر ئیسپانیا کەوتە دەستی ئاریستۆکراتە فیۆداڵەکان و گەورەکان کلیساوە، لەسەر بڕیاری دادگا، لەو کاتەوە سووتاندنی خەڵک ، بووبە کارێکی رۆژانە. لە هەرێمە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیاش گۆڕانکارییەکی لەم شێوەیە ڕووی دا. تەنانەت لە بەریتانیاش کە رێککەوتنامەی " یەکیەتیی پیرۆز"ی مۆر نەکردبوو و، بە پێشکەوتووترین وڵاتی ئەورووپا بەناوبانگ بوو، کۆنەپەرستی بەلوتکەی دەسەڵاتی خۆی گەیشت.

ئەم کۆنەپەرستیە بە هەموو دڕندایەتیەکەیەوە نەیدەتوانی ئاراستەی مێژوو بۆ پاشەوە بگێڕیتەوە. ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی کە پێکهاتەی کۆمەلایەتیی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکای

گۆڕی، بوو بە هۆی بەهێزبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی و سەرهەڵدانی چینێکی گەورەتر و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی جیهاندا. تۆڵە ئەستاندنەوەی دڕندانەی کۆنەپەرستی فیۆدالی ـ کلیسا بوو بە هۆی ئەوەی ئەو هەستە خۆی بنوێنێ. ئەوکاتە کۆمەڵێک بزووتنە و راپەڕین لە نێوان ساڵەکانی ٢٩-١٨٢٠و ٣٩-١٨٣٠ روویاندا. دەرئەنجامی ئەو بزوتنەوە و راپەڕینانە زۆر جیاواز بوو و، زۆریشیان سەرکوت کران بەلاّم بەوحاڵەش کاریگەری خۆیان لەسەر چارەنووسی ئەو خەڵکەی کە بۆ بەرگری لە ئازادیی خۆی راپەڕیبوون، جێهێشت.

یەکیەتیی هاشمی — *Hashemite Union*

لایەنگرانی " جمال عەبدوالناسر" بە رێککەوتننامەی "یەکیەتیی عەرەب"یان دەگووت، چوونکە ئەو رێککەوتننامە، دووکەس لە ئەندامانی بنەماڵەی هاشمی واتە مەلەک فەیسەڵ و مەلەک حوسێنی سەرەڕای رکابەری سیاسی و کێشەی خێزانی، لە ژێر گوشاری لە رادەبەدەری ناسر، یەکگرتوو کرد و لە پاڵ یەکی دانان. دامەزرێنەرانی ئەو رێککەوتنە، پێیان ناخۆش بوو کەبەو رێککەوتنە بگوترێ، یەکیەتیی هاشمی. بەلاّم ئەو ناوە زۆر بە خێراییی زیاتر لە ناوە راستەقینەکەی خۆی لە هەموو شوێنێکدا بلاّو بۆوە. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو رێککەوتننامە " نوری ئەلسەعید" سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو و جێبەجێکارانیشی "برهان ئەلدین باش اعیان" (وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق)، "سمیر ئەلرەفاعی" (وەزیری کاروباری دەرەوەی ئۆردۆن) و هیتر، (جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا) بوون. دامەزرانی یەکیەتیی عەرەبی لە رێکەوتی ١٤ ی شوباتی ١٩٥٨دا راگەیەنرا. گرێدانی رێککەوتنەکە هۆکاری جۆراوجۆری هەبوو. لەو سەردەمەدا نفووزی مەعنەویی " عبدولناسر" هەموو ناوچەی رۆژهەلاّتی نێوەڕاستی ـ بە تایبەتی وڵاتانی عەرەب_ خستبووە ژێر کاریگەریی خۆی. لە رێکەوتی یەکی شوباتی هەمان ساڵدا، پاش دووساڵ وتووێژ، بەڵگەنامەی یەکیەتیی میسر و سووریا لە نێوان "شوکری ئەلقوتلی " و "عبدولناسر "مۆر کراو، وڵاتێکی تازەی بە ناوی " کۆماری یەکگرتووی عەرەبی" لێکەوتەوە. لەو بەڵگەناویەدا بە ئاشکرا داوا لە هەموو نەتەوەکانی عەرەب کرابوو کە مەبەستی وەدیهێنانی ئایدیا نەتەوەییەکانی عەرەب، شەڕ لە گەڵ کۆلۆنیالیزم و سەهیۆنیزم و خاوێن کردنەوەی ناوچەکانی ژێر نفووزی ئەمپریالیزم، لەدەوری ئەو کۆمارە نۆییە کۆببنەوە و، دەوڵەتەکانی خۆیان ناچار بکەن، بێنە نێو ریزی

ئەم کۆمارە. لە ولاّتانی تونس، لوبنان، عێراق، ئۆردۆن و یەمەن خۆپیشاندانی بەرین بۆ پیشتیوانیکردن لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی وەڕێ خرا و، خەڵکی ئەم ولاّتانە خوازیاری چوونە نێو ئەم کۆمارە بوون.

لە لایەکی تر، هەتا ئەوکاتە هەوڵێکی زۆر بۆ بە ئەندامبوونی ئۆردۆن لە پەیمانی بەغدا درابوو کە هەموویان لەگەڵ ناکامی دا بەرەوڕوو ببوون. "عبدالناصر" زۆر بە توندی هەوڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغدا، یان لانی کەم دەرهێنانی عێراق لەو پەیمانە، دەدا.

هەر ئەو رۆژە کە بەڵگەنامەی دامەزرانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی مۆر کرا، مەلەک حوسێنیش سەرکردەکانی عێراقی بۆ نێو یەکیەتیەکە بانگهێشت کرد. لە ڕێکەوتی ١١ی شوبات، مەلەکە فەیسەڵ لەگەڵ وەزیرانی کاروباری دەرەوە، دارایی، داد و راوێژکارانی ئابووری و سەربازی چووە پایتەختی ئۆردۆن و، سێ رۆژ دواتر، یەکیەتیی ئۆردۆن و عێراق لە لایەن مەلەک حوسێن و فەیسەڵ راگەیەنرا. بەشێک لە خاڵەکانی پێڕەوی یەکیەتیەکە بە کورتی بەم شێوەیە بوو:

عێراق و ئۆردۆن بەپێی سیستەمی پەروەردەی هاوبەش و پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو بە ناوی " سوپای عەرەبی"، یەک دەگرن و، بیرۆکراتیەتی ڤیزە و گومرگی نێوان ئەم دوو ولاّتە هەڵدەوەشێتەوە.

هەردوو ولاّت کەسایەتیی نێونەتەوەیی، سیستەمی هەنووکەیی وسەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و، دەبن بە یەکیەتیەک؛ بەلاّم لە داهاتوودا هەوڵ دەدەن لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا، سیاسەتێکی هاوبەشیان هەبێ و، هەروەها هەوڵ دەدەن ئابووری دوو ولاّتیش تێکەڵ بەیەکتر بکەن.

سەرۆکی یەکیەتیەکە، پاشای عێراق و، لە نەبوونی ئەویشدا پاشای ئوردۆن، دەبێ بە سەرۆک. فیدراسیۆن خاوەنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدراڵە. پەرلەمانی فیدراڵ ٤٠ نۆینەری هەیە کە بە شێوەیەکی یەکسان لەهەر ولاّتێک، ٢٠ کەس هەڵدەبژێردرێن. پایتەختی یەکیەتیەکە ٦ مانگ لە عێراق و ٦ مانگیش لە ئۆردۆن دەبوو.

یەکیەتیی حەوتەوانەی موجاهدینی ئەفغان

ڕێککەوتنێکی نێوان ئەو حیزبە ئەفغانیانەیە کە لە ساڵی ١٩٨٦دا پێکهات:

١ــ حیزبی ئیسلامی ــ گولبەدین حیکمەتیار

٢ــ حیزبی ئیسلامی ــ یۆنس خالس

٣_ کۆمەڵی ئیسلامی _ بورهانەدین رەببانی
٤_ بزوتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی _ مەولەوی محەمەد نەبی
٥_ یەکیەتیی ئیسلامیی ئەفغانستان _ عەبدولڕەسوڵ سەییاف
٦_ بەرەی رزگاریی نەتەوەیی _ سبغەتوڵلا مجددی ٧_ برایەتی نەتەوەیی ئیسلامیی ئەفغانستان _ پیرسەید ئەحمەد گەیلانی.

European Union (EU) یەکیەتیی ئەوروپا

ڕێکخستنێکی نێوان وڵاتانی ئەوروپایە کە لە : کۆمەڵەی ئابووریی (بازاڕی هاوبەش)؛ کۆمەڵەی خەڵووز و پۆڵای ئەوروپاو؛ کۆمیسیۆنی وزەی ئەتۆمیی ئەوروپا پێکهاتووە. پێکهاتەی هەمیشەیی یەکیەتیی ئەوروپا، ئەنجوومەنی وەزیران، یەک کۆمیسیۆن، پەرلەمانی ئەوروپا و دیوانی داد لە خۆ دەگرێ. مەبەست لە پێکهێنانی یەکیەتیی ئەوروپا دەستەبەرکردنی یەکیەتیی ئابووری، گەشەی کۆمەڵایەتی و لە دەرئەنجامیشدا یەکیەتیی سیاسی لە نێوان وڵاتە دیمۆکراتیکەکانی ئەوروپا دایە. یاسا و ڕێساکانی ئەم یەکیەتیە لە ٣١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ وە جێبەجێ دەکرێن.

بەپێی، پێرەوپرۆگرامی یەکیەتیی ئەوروپا، هیچ بەربەستێک ناخرێتە بەردەم ئاڵ وگۆڕی شتومەک، خزمەتگوزاری، سەرمایە، کرێکار و گەشتیاران. وڵاتانی ئەندام لە ماستریخت (هۆڵەندا)، چاویان پێک کەوت. ئەندامانی یەکیەتیی ئەوروپا، چەندین ڕێککەوتننامەیان لە سەر یەکەی پارە و یەکیەتیی سیاسی گرێ دراو، لە سەر ئەو پرۆتۆکۆلانەی خوارەوە ڕێک کەوتن:

_ پێکهێنانی دراوێکی یەکگرتوو (ئەم دراوە لە ژێر ناوی " یۆرۆ" لە کانوونی دووهەمی ٢٠٠٢ وە وەگەڕ کەوت)
_ پێکهێنانی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکگرتوو بۆ ئەندامان.
_ پێکهێنانی ڕێبازێکی بەرگریی هاوبەش لە ژێر فەرماندەیی یەکیەتیی ئەوروپا.
_ یەکیەتیی ناوبراو پێشەنگی ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو دەبێ.
_ بردنەسەری ئاستی یارمەتیەکان بە هەژارترین ئەندامانی یەکیەتیەکە.
_ زیاد کردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی ئەوروپا.

سەرۆکەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەورووپا لە کۆبوونەوەی ٢٠ی حوزیرانی ٢٠٠٣دا، رەشنووسی دەستووری ئەم یەکیەتیەیان کە لە لایەن دەستەیەک بە سەرۆکایەتی ڤالیری ژیسکاردیستێن دارێژرابوو، وەک بنەمای دەستووری داهاتووی ئەم یەکیەتیە ، پەسند کرد.

ژمارەی ئەندامانی یەکیەتیی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لە ١٥ ئەندام بۆ ٢٥ ئەندام زیادی کرد کە بریتین لە :

ئەڵمانیا، نەمسا، ئیسپانیا، ستۆنیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤانیا، ئیتاڵیا، ئیرلەندا بەریتانیا، بەلژیکا، پۆرتوگال، چیک، دانیمارک، سوید، فەرەنسا، فینلەند، قوبروس، لیتۆنی، لۆکزامبۆرگ، لیتوانیا، پۆلەندا، مالت، هەنگاریا، هۆلەندا و یۆنان.

یەکیەتیی ئەورووپای رۆژئاوا(١٩٥٥)
Western European Union (WEU)

ئەم زاراوەیە بە پێشنیارێک دەگوترێ کە لە رێکەوتی ٥ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥٥ لە لایەن بەریتانیاوە ئاراستە کرا، تاکوو ئەڵمانیای رۆژئاوا بتوانێ لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێریی ئەم رێکخراوەدا جارێکی تر چەکدار بێتەوە. ئەم رێکخستنە لە راستیدا ئەو رێکخراوەیە کە بەپێی رێککەوتنامەی ١٩٨٤ ی برۆکسێل دامەزرا بوو، کە سەرلە نوێ ژیایەوە وە بەرهەمهێنانی چەکە ئەتۆمی، بایۆلۆجی و کیمیاییەکانی لەم وڵاتەدا قەدەغە کرد.

یەکیەتیی دیمۆکرات مەسیحیەکان
Christlisch – Democratisch Union

ئەم ناوە بە حیزبێکی سیاسیی ئەڵمانیا دەگوترێ کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەن کۆنراد ئادنائێر و لۆدڤیگ ئەرهارد دامەزرا. حیزبی دێموکرات مەسیحی خاوەنی بیروبۆچوونی راستی میانەڕۆ بوو، لە هێندێک بواریشدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی حیزبی میانڕەوی کاتۆلیکی بە میرات وەرگرتبوو.

www.perawipepwle.com

یەکیەتیی هاو پێوەندیی ئەمریکای لاتین (١٩٨٠)
The Latin American Integration Association

ئەم یەکیەتیە کە بە " ئالادی"
ALADI (Association Latinoamericana de Integracion) یش بەناوبانگە، لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠دا بوو بە جێنیشنی ناوچەی ئازادی بازرگانی ئەمەریکای لاتین ـ لافتا. Latin American Free Trade Aream(LAFTA) کە لە ڕێکەوتی ٢ی حوزەیرانی ١٩٦١دا پێک هاتبوو تاکوو بە کەمکردنەوەی کۆت وبەندی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، خزمەت بە باشترکردنی بارۆدۆخی ئابووری بکا. ئەندامانی یەکیەتیەکە بریتی بوون لە: ئەرژەنتین، بۆلیڤیا، بەرازیل، شیلی، کۆلۆمبیا، ئیکڤادۆر، مەکسیکۆ، پاراگوا، پیرۆ، ئۆرۆگووا و ڤەنزۆئێلا. ناوەندی ڕێکخستنی ئەم یەکیەتیە لە مونتەڤیدیۆی ئۆرۆگووایە.

یاسای کۆنسۆلی — Consular Law

یاسای کۆنسۆلی هەروەک یاسای دیپلۆماتیک بە کۆی ئەو ڕێوشوێنانە دەگوترێ کە چاوەدێری بەسەر بەشێک لە پێوەندیەکانی دەرەوەی دەوڵەتێکدا دەکا، بەڵام تارادەیەک لەگەڵ یاسای دیپلۆماتیکدا جیاوازی هەیە. یاسای دیپلۆماتیک لایەنی سیاسی هەیەو، بە واتایەکی تر، چاوەدێری بەسەر پێوەندیە سیاسیەکانی وڵاتێک لەگەڵ وڵاتانی تردا دەکا. یاسای کۆنسۆلی لایەنی ئیداری هەیەو، ئەرکەکەشی، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هاووڵاتیانی دەوڵەتەکەی لە دەرەوەو؛ هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری ئەوانە کە بە ئەرکێکی ئیداری دەژمێردرێ. هەر بۆیە جیاوازیەکە ئەوەیە کە فەرمانبەری دیپلۆماتیک، فەرمانبەری سیاسیی دەوڵەتێکی ترە. کێشە لە سەر سەلاحییەت و ئیمتیازەکانی فەرمانبەرێکی دیپلۆماتیک لەگەڵ فەرمانبەرێکی کۆنسوڵ لەوە سەرچاوە دەگرێ کە یەکەمیان تایبەتمەندی نوێنەرایەتیی سیاسیی دەوڵەتێکی هەیە، بەڵام فەرمانبەری کۆنسۆل ئەم تایبەتمەندیەی نیە.

یاداشتی لێک تێ گەیشتن — Agreed Minutes

پوختەی وتووێژی ڕێککەوتنی دوولایەنە. مەبەست لە یاداشتی لێک تێ گەیشتن، پوختەیەکە کە لە وتووێژی دوولایەنەکان ئامادە کراوە و سەردێرەکانی تێدا دەگونجێنرین و ڕەنگە

لە دوای گرێدانی ڕێککەوتننامەیەک وێڕای وتووێژە زارەکیەکان، پوختەیەک لە وتووێژەکان بخەنە سەر ڕێککەوتننامەی پێشوو و بەم شێوەیە ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەکەدا پێک بێنن.

یاداشتی زارەکی Verbal Note

یادشتی زارەکی، نامەیەکە کە دەدرێتە نوێنەری سیاسی یان وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی بەرامبەری یاداشت، بەڵام هەر پێی دەڵێن "زارەکی". ئەم یاداشتە بە مۆری دەوڵەت مۆر ناکرێ و لەراستیدا " یاداشتی زارەکی " ئامرازێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتانە کە بەزار دەگوترێن و بە جێگەی وتووێژی زارەکیانە یان لەپاڵ ئەو وتووێژانەدا کەڵکیان لێ وەرگیردرێ. ئەم یاداشتە بە زۆری لە بوارە سیاسییە ناسەرەکی و ئاساییەکاندا و یان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هێندێک وردە خاڵ دادەرێژرێ، بەڵام هێندێک جاریش چوونکە بە ئاسانی دادەرێژرێ، بۆ ئامادەکردنی پوختەیەک لە وتووێژە گرنگەکان و ئەو بەڵێنانەی کە بە پێی ڕێککەوتننامەکە پێکدێن، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. ئەمرۆکە یاداشتی زارەکیی بۆتە ئامرازێک لە پێوەندییە سیاسییەکاندا و زۆر کەڵکی لێ وەردەگرن.

یاداشتە هاوشێوەکان Identic Notes

مەبەست لەو یاداشتانەیە کە نێوەرۆکێکی وەکوو یەکتریان هەیە و لە لایەن چەند دەوڵەتەوە، دەدرێ بە دەوڵەتێکی دیکە. چوونکە هەرکام لەم یاداشتانە بە جیاواز دەدرێتە ئەو وڵاتە، کاری هەر دەوڵەتێک بەرواڵەت سەر بەخۆیانە دێتە بەرچاو. ئەم جۆرە یاداشتانە بە " هەنگاوێکی نادۆستانە" دادەنرێن. لە دیپلۆماسی بەریتانیادا لێکچوونی ناو بۆ ئەم یاداشتانە گرنگ نیە، بەڵکوو لێکچوونی نێوەرۆک و بابەت گرنگە. دەرکردنی " یاداشتی هاوشێوە " پشتیوانی کردنی سیاسی دەوڵەتەکان لە یەکترە، بەڵام کاریگەریان لە " ڕاگەیەنراوای بەکۆمەڵ" زیاترە.

یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ٢٠٠١/٦/١١

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەو ڕووداوە دەگوترێ کە لە ئاکامی هێرشی دوو فڕۆکەی نەفەر هەڵگر بۆ سەر تاوەرە جمکەکانی ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی، بوو بە هۆی کوژرانی سێ هەزار کەس لەوانەی لە ناو ئەم تاوەرانەدا کاریان دەکرد. فڕۆکەیەکی دیکەش خۆی بە پێنتاگۆندا داو

چەند سەد کەسی کوشت. لە دوای ئەم رووداوە دەوڵەتی ئەمەریکا رایگەیاند: " یان لەگەڵ ئێمەن یان دوژمنی ئێمەن". ئەم رووداوە خاڵی وەرچەرخانێک لە مێژوو ئەمەریکادا بوو. ئەم وڵاتە بە بیانووی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و پاشانیش لە ٢٠ی مارس ٢٠٠٣دا هێرشی کردە سەر عێراق . ئەم رووداوە لە سەرهەڵدانی دۆکترینی بۆشدا، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

Unliateralism — یەک لایەنەگەری

بریتیە لە سیاسەتی پشت بەستن بەسەر سەرچاوە خۆییەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە. یەک لایەنەگەری وەکوو دەرئەنجامێکی گرنگی سیستەمی ڤێستفالی، سەردەمێک لە بواری پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، زۆرترین لایەنگری هەبوو. چوونکە لە بواری رێکخستنی کاروبارەکاندا ئازادیەکی تەواوی بە دەوڵەتەکان دەدا و بە هیچ بەڵێن و رێککەوتن و یەکگرتنێک نەدەبەسرایەوە.

یەک لایەنەگەری چەند شێوازی هەیە، خۆتەریک کردنەوە، سیاسەتی بێلایەنی وسیاسەتی بێ بەڵێنی کە هەرکام لەم حاڵەتانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە مانای بەشداری نەکردن لە سیاسەتی جیهانیدایە. بەپێی نەریت، دەوڵەتە دوورگەییەکان (بەریتانیا و ژاپۆن) یان ئەو دەوڵەتانەی لە بواری لۆجستیکیەوە لە گۆرەپانی سیاسەتی جیهانی دوورن (ئەمەریکا و چین) لەو دەوڵەتانەن کە گەورەترین قازانجیان لەم سیاسەتە وەرگرتوە. بەڵام گۆڕانکاریە تەکنەلۆژییەکان لە سەدەکانی ١٩و ٢٠دا، ئەم سیاسەتەیان تەواو ئەستەم کردووە ئێستا کە زۆربەی دەوڵەتەکان کێشەو مەسەلە ئاسایش و سەربازییەکانی خۆیان لە رێگای یەکیەتیە ناوچەییە دوولایەنە یان چەند لایەنەکان چارەسەر دەکەن. ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخدا لە پێوەندی لەگەڵ چەک داماڵین و بەتایبەتی سەبارەت بە چەک وچۆڵە ناوەکیەکان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە ساڵی ٢٣-١٩٢٢دا، ئەفریقیای باشوور ئەم رێچکەیەی گرتەبەر. ئەم سیاسەتە سەرنجی زۆر کەسی بۆلای خۆی راکێشاوە. تێکوشەرانی بزووتنەوەی ئاشتی بایەخێکی تایبەتی بەم سیاسەتە دەدەن.

بەڵگەی لایەنگرانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئەخلاقیە. ئەم سیاسەتە جگە لە چاوپۆشی کردن لە چەک و چۆڵە ناوەکیەکان لە لایەن دەوڵەتێکی تایبەتیەوە، دەبێتە نموونەی ئەخلاقی بۆ وڵاتانی دیکە تا ئەوانیش چاو لەم وڵاتە بکەن. جگە لەمە چوونکە هێندێک لە دەوڵەتەکان خانەخوێی بنکە و جبەخانەکانی دەوڵەتە بیانیەکان، بڕیاری هەڵگرتنەوەی ئەم چەک و چۆڵانەلە لایەن ئەوانەوە، جارێکی تر سەر بە خوێی بۆ ئەم وڵاتانە دەگەڕێنێتەوە.

یوتۆپیا *Utopia*

زاراوەیەکی یۆنانیە، تۆماس مۆر کەڵکی لێ وەرگرتووە. سەر چاوەی ئەم زاراوە لە OU بە واتای "هیچ" و Topos بەمانای "جیگا" وەرگیراوە. بە کوردی کەسنەزانی پێ دەڵێن. یۆتۆپیا بە هۆی کتێبی "یۆتۆپیا"وە ناوبانگی دەرکرد و لە سەدەکانی دواییدا بووە پاڵنەری نووسینی کۆمەڵێک بەرهەم سەبارەت بە کۆمەڵگای نموونەیی.

هەلومەرجی سەرهەڵدانی یۆتۆپیا

لە سەدەکانی پازدەو شازدەدا دوو بزووتنەوەی ڕێنێسانس و ریفۆرماسیۆن (بزووتنەی چاکسازی) ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستیان هەڵتەکاند، بەتایبەتی کلیسا بە دامودەزگا ئیداری و رۆحانیە بەربلاو وبەرفراوانەکەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دامەزراوەیەکی سەرەکی ئەورووپا بوو، بە هۆی بزووتنەوەی چاکسازی دارما و هیچ کاتێکیش خۆی نەگرتەوە و ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەر ژیانی عەقڵی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەورووپادا هەیبوو، تێک شکا. بە دوای ئەمەدا کۆمەڵێک بیروبۆچوونی نوێ هاتنە ئاراوە و هێزو توانای شاراوەیان ئازاد کرا. گرنگترین دەسکەوتی ئەم گۆڕانکارییە، ژیانەوەی هزری عەقڵانی و رەخنەگرانەی یۆنانی و هیوادار بوون بە توانایی ودەسکەوتەکانی عەقڵی مرۆڤ و بێ هیوا بوون لە بەهەشتی ئاسمانیی و چاوی هیوا بڕینە بەهشتی دونیایی و ژیانەوەی هرزی دەوڵەتی نموونەیی و باس و راوێژ سەبارەت بەم دەوڵەتە بوو. لەو سەردەمەدا نەریتی کلاسیکی دەوڵەت شارەکانی یۆنان بە لاساییکردنەوە لە دەوڵەت شارەکانی ئیتالیا ژیایەوە. یۆتۆپیای تۆماس مور و شاری هەتاوی کامپانلا لێکدانەوە و باسکردنی ئەم ئایدیانەن.

کامپانلا (نوسەری ئیتالی ١٥٦٨-١٦٣٩) بۆ پێکهێنانی "کۆمەڵگای هاوبەرژەوەند" Common Wealth ی ئەوروپی پێکهاتەیەکی سیاسی ـ ئایینی نوێی هێنایە گۆڕێ کە دەبوایە جێگای حکومەتی مەسیحی و ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمی بگرتایەوە. زیندووکردنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکان (بەرهەمەکانی رۆم و یوونان) یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی رێنێسانس بوو کە ئاسەوارێکی ئاشکرای لە سەر کولتووری ئەو سەردەمەدا بەجێ هێشتبوو. بۆ خەڵکی سەدەکانی ١٥ و ١٦، بەرهەمە کلاسیکەکان نیشانەی شارستانیەتێکی دیکە بوون کە بە هۆی ئەم شارستانیەتیەوە دەیانتوانی چارەسەرێک بۆ کێشەکانی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست بدۆزنەوە کە لاسەنگ ببوو و خەرێکی دارمان بوو. شەڕی مەسیحیەکان و موسڵمانەکان لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەوروپا نەتەوەکانی دیکە و داب و نەریت و کولتووری ئەوانیش بناسن. لە سەدەی پازدەشدا پەرەگرتنی پیشەسازی پاپۆر دروست کردن، بواری بۆ ئەو گەشتانە خۆش کرد کە ئامانجیان دۆزینەوە و گەڕان بە دوای شتدا بوو و هەروەها بوو بە هۆی پەرەگرتنی بازرگانی.

دۆزینەوەی وڵاتە نوێکان وێنەی جیهانیان لە بەر چاوی خەڵکدا گۆڕێ. بۆ وێنە ئەگەرچی بەرهەمەکانی جوگرافی زانە کۆنەکانی وەکوو بەتلیمووس لە کتێبخانەکاندا هەرما بوون، نەخشەی سەدەکانی ناوەڕاست، نەخشەیەکی رەمزی بوون کە لەبەر هۆکاری ئایینی، ئورشەلیم بە ناوەڕاستی جیهان دانرا بوو. لە روانگەی نەخشەکێشی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لێکدانەوەی فیزیای راستەقینەی نێوان شوێنەکان و یان وێنەی راستەقینەی جیهان لە پلەی دووهەمی گرنگیدا بوو.

لە سەدەی چواردەهەمدا پەتایەک ئەوروپای گرتەوە وزەبرێکی کاریگەری لە هێزی کاری کشتووکاڵیدا، بەرەبەرە بارودۆخی شارەکان و هاووڵاتیە "ئازاد"ەکان لە هەمبەر ئاریستۆکراتیی فیئۆدالدا باشتر بوو و کاری حەقدەستی (کرێکاری) سەری هەڵدا و گۆڕانکاری بەسەر پێوەندیی کاری فیئۆدالیدا هات.

زانایانی قوستەنتەنیە (ئیستانبولی ئیستا) ـ کەلە ساڵی ١٤٥٦ ەوە کەوتبووە ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە ـ گرووپ گرووپ بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کرد کە زۆربەی ئەم زانایانە یۆنانی بوون. ئەم زانایانە کۆمەڵێک فێرگە یان قوتابخانەیان کردەووە کە قوتابیەکانیان ئایینی و رۆحانی نەبوون. ئەم مامۆستایانە، بە بەرهەمە لاتینی و یۆنانیەکانیان دەگووت " هۆمانیستیکا" و هەر بۆیەش

www.perawipepwle.com

بە قوتابیەکانیان کە پێشەنگی ڕێنێسانسیش بوون دەگووت "ئۆمانسیت"، واتە مامۆستایانی بەرهەمە کلاسیکەکان. بەڵام ئۆمانیست بەرەبەرە پەرەی گرت و تاک و تاکەگەریی، داهێنان و لێکۆڵینەوەی ئازاد و بایەخدانی زیاتر بە جیهانی هەست پێکراوی ماددی و ڕوو وەرگێران لە جیهانی ڕۆحانی سەدەکانی ناوەڕاستی ــــ کە پشتی بەدین و کلیسا بەستبوو ــــ لە خۆ دەگرت. ئۆمانیستیەکان ڕیبەرانێکی نوێی هزری بوون کە هیچ پێوەندییەکیان بە کلیساوە نەبوو و بازرگانە دەوڵەمەندەکان پشتیوانیان لێدەکردن و لە بواری هرزی و ئابوورییەوە پێویستیان بە کلیسا نەبوو. هاتنە گۆرەپانی چاپ و کاغەزیش کارەساتێکی گەورە بوو و، زەبرێکی کاریگەری لە کلیسا وەشاند. ڕەخنەگرتن لە کلیسا بە هۆی گەندەڵی و سامان و زەی وزارە و پاوان کردنی تیۆری (زانستی) و بەرتەسک کردنەوەی ئینجیل تەنیا بەزمانی لاتینی و فێرکردنی بە تاقمێکی زۆر کەم، بەرز بۆوە. پیشەسازی چاپ بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕەخنانە چوارچێوە نەتەوەییەکان ببەزێنن و مقۆمقۆی ناوچەیی ببێتە ڕاپەرینێکی نێودەوڵەتیی. لەم بارودۆخ و ڕەوشەدا، بیرۆکەی دەوڵەتی نموونەیی ژیایەوە. بە تایبەتیی تۆماس مۆر کتێبی یۆتۆپیای هەر لەم سەردەمەدا نووسی کە هەموو ئەم ڕێبازە بەم ناوە، ناوبانگی دەرکردووە.

فەلسەفەی یۆتۆپیا:

فەلسەفەی سیاسیی یۆتۆپیا لە لەو کاتەوە لە فەرەنسا بڵاو بۆتەوە، مقۆمقۆیەکی زۆری ناوەتەوە. لە ماوەی دوو ساڵدا، سێ جاری دیکە بە زمانی لاتینی (کە هەر بەو زمانەش نووسرا بوو) کە زمانی جیهانیی زانایان و کلیساش بوو، چاپ کرایەوە. ئاشکراش بوو کە ئەم کتێبە بۆ خەڵکی ئاسایی نەنووسرابوو، بۆیە مۆر هیچ هەوڵێکی نەدا کە ئەم کتێبە وەرگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی یان لە بەریتانیادا بڵاو بکرێتەوە. ئەم کتێبە ١٥ساڵ پاش مەرگی مۆر و لەساڵی ١٥٥١دا بڵاو کرایەوە. مۆر لەم کتێبەدا هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ تا وێنەیەکی تایبەتی بکاتەبەر ئەو کۆمەڵگا خەیاڵیەی خۆی. مۆر بۆ ئەم مەبەستە باسی وردەکاریەکان و تەنانەت باسی نموونەی ڕێنووسی یۆتۆپیاشی کرد و نموونەیەک لە شێعری یۆتۆپیاشی لە کتێبەکەیدا چاپ کرد. یوتۆپیای مۆر بەهەشتی دنیایی نیە، بەڵکوو بیانوویەکە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا.

لە بەرگی یەکەمی یۆتۆپیادا، مۆر باس لە کۆمەڵگای ڕۆژگاری خۆی و سیستەمی دادپەروەری (و نایەکسانیە بنەڕتیەکانی)دەکا و، لەبەرگی دووهەمیشدا، مۆر باس لە کۆمەڵگای

نموونەیی خۆی دەکا کە : " شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە نەتەنیا بە خۆشترین بناغە بۆ کۆمەڵگای شارستانی دادەمەزرێنێ، بەڵکوو کۆمەڵگایەکیشە کە تا ئەو رۆژەی مرۆڤ هەیە، بەردەوام دەبێ".

ئەم کۆمەڵگایە لە دوورگەیەکدا هەڵکەوتووە کە دامەزرێنەرەکەی لە بنەڕەتدا لە کیشوەرێکی جیا کردۆتەوە، سیستەم و یاسا و رێسایەکی تەواو عەقڵانی و وردبینانەی هەیە، بۆیە لەگەندەڵی و شەڕی کۆمەڵگاکانی دیکە پارێزراوە. مۆر بەوردی سیستەمی سیاسی و چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی خۆراک و جل و بەرگ و ژن و مێردایەتی و ئابووری و شەڕ کردنشیان شی دەکاتەوە. گرنگترین تایبەتمەندیی کۆمەڵگای یۆتۆپیا، کۆمۆنیزمە، واتە تووڕهەڵدانی خاوەنداریێ تایبەتی. بۆیە کارڵ کائۆتێسکی، مۆر بە پێشەنگی بیرۆکەی کۆمۆنیزم دادەنێ. بەڵام کۆمەڵگای کۆمۆ نیستی مۆر سیمایەکی ئایینی هەیە و بە پێچەوانەی زۆر لە یۆتۆپیا کۆمونیستیەکانی پێش خۆی، خێزان بە بناغەی کومەڵگا دادەنێ. خێزانی تاک هاوسەری، باوکسالارانە، بەربڵاو و بەرهەمهێن، بناغەی هیرەمی کۆمەڵایەتیی یۆتۆپیایە. مۆر هەر خێزانێک بە یەکەیەکەی ئابووری و بایۆلۆژی دادەنێ. یۆتۆپیاش پێش لەوەی ئامانجێکی پراکتیکی بێ، وەکوو کۆماری ئەفلاتوون، فەنتازیایەکی جێگەی تێڕامانە. واتە شوێنێکە بۆ تۆوی هزر و عەقڵ کە دەبێ هەڵبژێری و تاقی بکەیەوە. یۆتۆپیا زۆر لەو قسانەی لە خۆدا حەشارداوە کە پاشان لە شارستانیەتی ئەورووپیدا هاتنە گۆڕ، وەکوو: دابینکردنی ئامرازی مەرگی ئاسان بۆ ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەر نابن، تاوان ناسی، رەگەزی بەرزتر، تەڵاق، ئاڵتوون وەکوو بناغە و پشتیوانی دراو، مافی ژنان، پەروەردەی دەوڵەتی، تلۆرانسی ئایینی، ژینگە و ...هتد. هەمووی ئەمانەی لەبەر چاو بووە و لێیان دواوە.

لێکدانەوەی جیاواز لەسەر یۆتۆپیا کراون. کائۆتێسکی، تیۆری دارێژی سۆسیالیستی ئەڵمانی، کۆمۆنیزمی تۆماس مۆری ئەوەندە بە جیددی گرتبوو کە بە مۆری دەگووت باوکی شۆرش رووسیا. مێژووناسەکان یۆتۆپیایان بە چوارچێوەیەک بۆ ئەمپریالیزمی بەریتانیا داناوە و ئۆمانیستەکانیش بە مانیفیستێک بۆ چاکسازی گشتی لە رێنسانسی مەسیحیان داناوە.

یو ـــ ۲ *U-۲ Incident*

یو-۲ نێوی فرۆکەی سیخوڕی ئەمەریکایە کە لە دەیەی ۱۹۵۰دا دروستکرا و کۆمەڵێک کێشەی سیاسی نایەوە. ئامانج لە دروستکردنی فرۆکەی یو-۲ ئەوە بوو کە ئەمەریکا بتوانێ لە دامەزراوە سەربازی و نهێنیەکانی سۆڤیەت وێنە هەڵ بگرێتەوە. ئەم فرۆکەیە دەزگایەکی

ئەلەکترۆنی تایبەتی هەبوو کە دەیتوانی لەبەرزاییەکی دوورەوە، خۆی لە مەودای رادارەکان و ئاگری دژە ئاسمانیەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بپارێزێ. لە ساڵی ١٩٥٤دا، هەشت کەس لە فرۆکەوانانی ئەمەریکی لە بنکەکانی تورکیا و پاکستانەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەرەو ئاسمانی سۆڤیەت فرین و ئەرکی سیخوڕیان بەرێوە دەبرد. لە رۆژی ١ی ئایاری ساڵی ١٩٦٠دا، فرۆکەیەکی U-٢ کە خەریکی سیخوڕی کردن بوو، کەوتە بەر هێرشی موشەکەکانی سۆڤیەت، ئەم رووداوە لە رۆژئاوای مۆسکۆدا روویدا. کاپیتان گاری، فرۆکەوانی فرۆکەکە بە پەرەشووت خۆی رزگار کرد و لە خاکی سۆڤیەتدا نیشتەوە و دەستبەجێ لە لایەن پۆلیسەوە گیرا. دەوڵەتی سۆڤیەت ئەمەریکای تاوانبار کرد. بەڵام ئەمەریکا حاشای لەوە دەکرد کە سیخوڕی کرد بێ و سۆڤیەتی بەدرۆ خستەوە، بەڵام بە هۆی گیرانی پاورێز، ناچار بوو دان بە کارەکەی خۆیدا بنێ. ئەم رووداوە بووە هۆی داخستنی کۆنفرانسی رێبەران لە پاریس (مانگی ئایاری ١٩٦٠) و، تێ گەیشتنی نێوان ئایزینهاڤێر و خرۆشچۆف، سەرۆک وەزیری سۆڤیەت کە بەهۆی وتووێژەکانی پێشووتر، وەدست هاتبوو، شۆرایەوە.

یۆرۆ *Euro*

ناوی دراوی هاوبەشی یەکیەتیی ئەوروپایە کە لە رۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی ئەم یەکیەتیەوە پەسند کرا. ئەم یەکەی دراوە لە یەکەمی کانوونی دووهەمی ساڵی ٢٠٠٢ەوە لە ئەورووپادا کەوتۆتە گەڕ.

یۆنسکۆ(رێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و کولتووری نەتەوەیەکگرتووەکان)

And ، Scientific، UNESCO(United Nations Educational Cultural Organiziation)

پێکهێنانی رێکخراوێکی پەروەردەیی، زانستی و کولتووری لە کۆنفرانسی وەزیرانی پەروەردەی هاوپەیمانان کە لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بەرێوە چوو، لە سەر پێشنیاری دەوڵەتی بەریتانیا دامەزرا. پاشان رێکخستنی ئەم رێکخراوە لە کۆنفرانسی سەن فرەنسیسکۆ کە

پێرەوپرۆگرامی UNی دادەڕشت، پێشنیارکرا. لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ٢تا ١٦ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٥ کۆنفرانسێک بۆ ئەم مەبەستە لە لەندەن پێکهات.

گەڵاڵەی پێروپرۆگرامی یۆنسکۆ لە لایەن وەزیرانی پەروەردەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە بنەمای وتووێژەکانی کۆنفرانس بوو، داڕێژرا. ئەم کۆنفرانسە کە بە بەشداری ٤٣ دەوڵەتی ئەندامی UN بەڕێوەچوو، پێرەوپرۆگرامی ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و کولتووری نەتەوەیەکگرتووەکانیان (یۆنسکۆ)ی ئامادەکردو پەسندی کرد، ئەم پێرەوپرۆگرامە لە ڕێکەوتی ٤ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٦ەوە بە ئاراستەکردنی بیستەمین بەڵگەی پەسندکردن، جێبەجێ دەکرێ. یۆنسکۆ لە ١٤ی کانوونی یەکەمەوە بە هۆی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ UNدا بۆتە دامەزراوەیەکی پسپۆڕی UN. بە پێی ماددەی ١ی پێرەوپرۆگرامی یۆنسکۆ، ئامانجی یۆنسکۆ پەرەپێدانی ئاشتی لە جیهاندایە، لە ڕێگای پەرەپێدانی هەوڵە هاوبەشەکان لە نێوان نەتەوەکان، لە بواری فێر کردن و پەروەردە و زانست و کولتوور بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕێزدانانی جیهانی بۆ یەکسانی، سەرەوەری یاسا، مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕتیەکان کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ خەڵکی جیهان بە بێ جیاوازی لە بوار ڕەگەز، ژن و پیاو، زمان و ئایینەوە دانیان پێدانراوە. بەمەبەستی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە، یۆنسکۆ بەپێی بەندی ٢ی ١٢ی ماددەی ١ی پێرەوپرۆگرام ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆدایە:

الف– هەوڵی هاوبەش لە پێناوی بەرەوپێش بردنی وشیاری دوولایەنە و لێک تێ گەیشتنی خەڵک لەیەکتر بەهۆی ڕاگەیەنە گشتییەکان. یۆنسکۆ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێشنیار دەکا کە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ پەرەپێدانی ڕەوتی ئازادانەی بیرو هزر لە ڕیگای ئاخافتن و وێنە پێک بێ.

ب– پێکهێنانی جموجۆڵێکی نوێ لە بواری فێرکردن و پەروەردەی گشتی و بڵاوکردنەوەی کولتوور:

١ــ لە ڕێگای هەوڵی هاوبەش لەگەڵ ئەندامەکاندا لە سەر داوای ئەوان بۆ چالاکیە فێرکاری و پەروەردییەکان.

٢_ لە ڕێگای پێکهێنانی هەوڵی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکاندا بۆ بەرەپێش بردنی بیرۆکەی یەکسانی دەرفەتی خوێندن بە بێ سەرنجدانە ڕەگەز، نێرومێ بوون یان هەر جیاوازییەکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی.

٣_ لە ڕێگای پێشنیارکردنی گونجاوترین شێوازەکانی پەروەردەکردن بۆ ئامادەکردنی منداڵانی جیهان، لە پێناو وەئەستۆ گرتنی سەربەستانەی بەرپرسیارەتیەکان.

چ_پاراستن، بردنەسەر و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان:

١_ لە ڕێگای گەرنتی کردن، پاراستن و پشتیوانیکردن لە میراتی جیهانیی کتێبەکان، بەرهەمە هونەرییەکان، و بیرەوەرییە مێژوویی و زانستیەکان و پێشنیاری کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتیی پێویست بە نەتەوەکان بە هۆی هاندانی هاوکاری لە نێوان نەتەوەکاندا لە هەموو بوارە مەعنەوەییەکاندا: وەکوو گۆڕینەوەی نێودەوڵەتیی هەڵسوڕان و تێکۆشەرانی بوارەکانی پەروەردە، زانست، کولتوور و گۆڕینەوەی بڵاوکراوەکان، بابەتە هونەری و زانستیەکان.

٢_ لە ڕێگای داهێنانی شێوازەکانی هاوکاری نێودەوڵەتیی لە پێناوی دەستڕاگەیشتنی خەڵکی هەموو وڵاتانی جیهان بە بابەتە چاپکراو و بڵاوکراوەکانی هەرکام لەم وڵاتانە.

یۆنسکۆ سێ بناغەی هەیە:

١_کۆنفرانسی گشتی

٢_ ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری

٣_ سکرتاریا

کۆنفرانسی گشتی لە نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندامی یۆنسکۆ پێک دێ کە هەر دووساڵ جارێک بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ڕێبازو بەرنامەو بوودجەی یۆنسکۆ پێکدێ. کۆنفرانس بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانی یۆنسکۆیە. ناوەندی یۆنسکۆ لە پاریسە.

یانەی پاریس **Paris Club**

www.perawipepwle.com

ئەم زاراوە بە تاقمێک لە ولاّتانی وەک ئەمەریکا، بەریتانیا، کەنەدا، فەڕەنسا، سوید، هۆلەندا، بەلژیکا، ئیتالیا وژاپۆن دەگوترێ. ئەندامانی ئەم یانەیە بەلێنیان داوە کە ئەگەر سندووقی نێونەتەوەیی دراو، داوایان لێ بکا، قەرز بە سندووق دەدەن.

The Low Of Ebb and Flow

یاسای هەستان ونیشتنەوە

بە بڕوای ستالین؛" کێشەی نێوان بۆرژواو پرۆلتاریا بە شێوەیەکی رێک و پێک و هاوسەنگ بەرەو زۆربوون ناروا، بەلکوو وەکوو هەستان و نیشتنەوەی ئاوی دەریا وایە. کاتێک کێشەکە دەگاتە ئەو پەڕی خۆی، سیستەمی کۆمەلاّیەتیی، دەگاتە قۆناغی وەرێخستنی شۆرش. شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی رووسیا، شۆرشی سەرەتا و سەرەکی بووە و لە ولاّتەکانی دیکەشدا پەیتاپەیتا زنجیری کاپیتالیزم (سەرمایەداری) دەپسێ و شۆرش سەرهەلدەدا و دەگاتە سۆسیالیزمێکی جیهانی. شۆرشی ١٩١٧، سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤەیەتی دایە و ئەوە شۆرشی پرۆلتاریا یان قۆناغی شۆرشی جیهانیە". بە بڕوای ستالین، بزوتنەوەی شۆرشگێرانە راستەڕێ نیەو بە شێوەی هەستان و نیشتنەوەی ئاو یان بە شێوەی هەلکشان و داکشانە.

Nopoleonic Code

یاسای ناپلیۆن

ئاماژە بە کۆمەلێک رێوشوێن و یاسایە کە لایەن ناپلیۆن ئیمپراتۆریای فەڕەنسە دارێژراون.

کۆی ئەو یاسایانەی کە لە ئازاری ١٨٠٣ تا ئازاری ١٨٠٤ دارێژران، لەگەلّ ٦٣ یاسای پەسند کراوی دیکەدا، بە پێی یاسای ٢١ی ئازاری ١٨٠٤، کە سەرجەم ٢٢٨١ مادده بوون، یاسای شارستانی فەڕەنسایان پێکهێنا. ناوی رەسمیی ئەم یاسایە لە سەرەتادا یاسای شارستانی (مەدەنی) فەڕەنسیەکان بوو. یاسای سێهەمی ئەیلوولی ١٨٠٧، ئەم یاسایانەی ناونا، یاسای ناپلیۆن. لە دوای رووخانی ناپلیۆن ناوە سەرەتاییەکە کەلکی لێ وەرگیردرا. بڕیاری ٢٧ی ئازاری ١٨٥٢، دیسانەوە ناوە دووهەمەکەی داناوە. بەلاّم لە دوای سالّی ١٨٧٠ەوە(لەگەلّ ئەوەی ناوە پێشووەکە نەگۆڕا) بڕیاردرا کە تەنیا پێی بلێن یاسای شارستانی.

ئامادەکردنی ئەم یاسایە کە بنەماکانی لە یاساکانی رۆم و عورفی ژێرمەن وەرگیراون، چەند سالّی خایاند. پەسندکردنی یاسای شارستانی فەڕەنسا تارادەیەکی زۆر قەرزداری ئیرادەی ناپلیۆن

بوناپارتە. بوناپارت لە دارشتنی یاسای شارستانی فەڕەنسادا کە لە لایەن مافناسەکانی ئەم وڵاتەوە هاتە ئاراوە؛ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو و وەکوو کۆنسولی یەکەم، سەرۆکایەتیی ٥٧ دانیشتنی لە کۆی ١٠٢ دانیشتنی ئەنجوومەنی دەوڵەتی بۆباس وراوێژ لە سەر یاسای شارستانی وەئەستۆ گرت.

ناپلیۆن سەبارەت بە گشتی بوونی یاسا دەڵێ : " لێرەدا دەبێ هەموو کۆمەڵگا بەشداربن، بەشداری نەکردن، ئاکامی خراپی بەدواوە دەبێ".

ناپلیۆن دارشتنی یاسای ئەسپاردە مافناسە میانڕۆکان و نەیهێشت مافناسە شۆڕشگێڕکان لە دارشتنی یاساکاندا بەشداری بکەن . ناپلیۆن تەنیا لەم خاڵانەدا، دەستی لە دارشتنی یاساکان وەردا:

١ـ ماددەکانی ٩٣تا ٩٨ی یاسای شارستانی فەڕەنسا کە تایبەت بە هێزە سەربازییەکانە.

٢ـ بە هۆی دوژمنایەتی ناپلیۆن لەگەڵ بیانیەکاندا، یاسای شارستانی، بیانیەکان ناگرێتەوە. ناپلیۆن، میرات(ماددەی ٧٢٦) و یان مافی کەڵک وەرگرتن لە وەسیەت و ماڵی بەخشراوی لە بیانیەکان سەندەووە.

٣ـ ناپلیۆن هەروەها تەڵاق و (لەسەر پێخۆشبوونی هەردوولا) و زڕمنالیشی بە هۆی هەڵەرجیتاکەکەسی خۆیەوە، لە یاسای شارستانیدا گونجاند.

ناپلیۆن لە دوورگەی سێنت هێلێن وتبووی :

"شانازی ڕاستەقینەی من ئەوە نیە کە لە ٤٠ شەڕدا سەرکەوتووم، ڤاتێرلو هەموو ئەم شانازیانە دەشواتەوە، ئەو شتەی کە هیچ شتێک ناتوانێ بیشواتەوە و بۆ هەمیشە دەمێنیتەوە؛ یاسای شارستانی منە".

یەکەم باڵوێز — *Dean Of The Diplomatic*

یەکەم باڵوێز، کۆنترین باڵوێزی وڵاتێکە، کە بڕوانامەکە خۆی داوەتە بەرپرسان و لە ڕێوورەسمە ڕەسمیەکاندا یان ئەوکاتەی بەرژەوەندیی هاوبەشی دیپلۆماتەکان لەمەترسیدایە، باڵوێزی یەکەم سەرۆکایەتیی نوێنەرایەتیە سیاسییەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەی لە ئەستۆ دایە. سەرۆکی باڵوێزەکانیشی پێ دەڵێن.

Nuremberg Laws

یاساکانی نۆرێنبێرگ

یاساکانی نورێنبێرگ، کۆمەڵە یاسایەکی دژە جوولەکەیە کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبی نازی ئەڵمانیا لە شەڕی نورێنبێرگدا(ئەیلوولی ١٩٣٥) دارێژران. ئەم یاسایانە دیاری دەکەن کە چ کەسانێک لە بواری یاساییەوە جوولەکەن. بە پێی یاسای" پشتیوانی لە خوێن و شەرەفی ئەڵمانیا"، پێوەندی سێکسی یان زەماوەندکردنی ئەڵمانیەک لەگەڵ جوولەکەیەکدا بە تاوان دادەنرا.